ئاوەندی ئاشتی

■ بیرەوەری

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى اقرأ الثقافي

باریکەڕێیەکانی ژیان

بیرەوەرییەکانی موکەڕەم تاڵەبانی

■ ئامادەکردن و پێشەکی:
د. سیف عدنان القیسی

■ لە عەرەبییەوە:
لوقمان باپیر


باریکەڕێیەکانی ژیان
بیرەوەرییەکانی موکەڕەم تاڵەبانی

ناوەندی ڕۆشنبیری
ئاشتی
ASHTI

بەڕێوەبەری گشتی ناوەند: ئاشتی شێرکۆ

بەڕێوەپەری چاپ و بڵاوکردنەوە: کەریم شێرکۆ

داونتاون - ڕێگای شیراتۆن - نهۆمی دووەم
سەرەوەی ساردەمەنی جیلاتۆ - دووکانی F78
0750 386 6000 - 0750 447 8312

باریکەڕێیەکانی ژیان

بیرەوەرییەکانی موکەڕەم تاڵەبانی
نووسەر: موکەڕەم تاڵەبانی
ئامادەکردن و پێشەکی: د. سیف عدنان القیسی
لە عەرەبییەوە: لوقمان باپیر
بەرگ و ناوەڕۆک: ئیبراهیم ساڵح
بڵاوکار: ناوەندی ئاشتی
نرخ : ١٢٠٠٠
نۆبەی چاپ: یەکەم
تیراژ: ١٠٠٠
ساڵی چاپ: ٢٠٢٣

ژمارەی سپاردن ٤٧٢ ی ساڵی ٢٠٢٣
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

مافی چاپ و وەرگێڕانی ئەم کتێبە لە لایەن (دار السطور)ەوە دراوەتە ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاشتی و ئەم مافەش بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاشتی پارێزراوە.

پێرست

پێشدەستی.......... 11

پێشەکی.......... 14

خانەوادەی تاڵەبانی:.......... 18

خێزانەکەم و لەدایکبوونم:.......... 22

شارەکەم کەرکووک:.......... 24

باوکم بۆ ویستی بچێتە گوندی زەرداو؟.......... 26

گواستنەوە بۆ گوندی زەرداو:.......... 28

لە سەفەرێ، ڕێگر ڕێیان لێ گرتین:.......... 32

کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان:.......... 35

قەزای کفری:.......... 37

شۆڕشی ئیبراهیم خان:.......... 40

خوێندنی سەرەتایی:.......... 41

دوا شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید:.......... 44

کوڕانی جەعفەر سوڵتانی ڕاپەڕیوی کورد پەنا بۆ باوکم دێنن:.......... 49

مەحمود خانی دزڵی، ئەو پیاوە ئوستوورییە:.......... 52

فەریق بەکر سدقی لە کەرکووک:.......... 56

شەڕی دووەمی جیهانی ١٩٣٩:.......... 59

ڕەشید عالی گەیلانی و هاتنەوەی بەریتانییان:.......... 63

سوپای بەریتانی لە کوردستان:.......... 66

کوردەکان لە قوتابخانە خەڵاتی یەکەمی وەردەگرن:.......... 68

سەرەتای هۆشیاریی نەتەوەیی:.......... 70

لەگۆڕنانی فیتنەی نێوان کورد و تورکمان:.......... 74

مردنی باوکم ڕێچکەی ژیانی گۆڕیم:.......... 76

هەندێ ڕووداوی کۆلێژی ماف:.......... 78

حیزبی هیوا لەبەردەم ئەنجوومەنی عورفیی عەسکەری لە ١٩٤٥:.......... 86

چۆن چوومە ڕیزی حیزبی شیوعیی عێراقی؟:.......... 89

عەریف حوسێن محەممەد ڕەحیم و موفەوەز سەفا:.. 94
مانگرتنی کرێکارانی نەوت لە کەرکووک "گاورباغی":.. 97
شیوعییەکان، لە دادگای سزای کەرکووک، بەرگری لە کرێکاران دەکەن:........................ 101
ڕابوونی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ و بزووتنەوەی نیشتمانیش هێرش دەکاتەوە:.................. 104
دیدارێک لەگەڵ محەممەد سەدری سەرۆکوەزیران و جەمیل مەدفەعیی وەزیری ناوخۆ:............ 106
دادگاییکردنی خۆپیشاندەران لەبەردەم ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی:........................ 108
گواستنەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی:.. 113
دادگاییکردنی ئەوانەی بە سووتاندنی ئەنجوومەنی ڕۆشنبیریی بەریتانی تۆمەتبار کرابوون:....... 114
دوو جوو لەبەردەم ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی:.. 119
ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی دەبێتە هاوسۆزی نیشتمان پەروەران:........................... 123
دادگاییکردنی ئەو خۆپیشاندەرانەی گوایە جنێویان بە نوری سەعیدی سەرۆکوەزیران داوە:...... 128
کێشەیەکی سیاسی لەبەردەم دادگای سزای هەولێر:.. 130
وازهێنان لە بەرگریکردن لە عەونی یوسف و جووەکان:.. 132
سەرکردەکانی حیزبی شیوعیی عێراق، فەهد – حازم – صارم، لەبەردەم دادگا لە بەغدا:........... 135
گوتەکانی هەردوو هاوڕێ فەهد و زەکی محەممەد بەسیم:.. 138
دانیشتنی دووەم و دەستگیرکردنی کامل قەزانچی:.. 140
پەیوەستبوونی حیزبیم دوای گرتنی سەرکردەکانی حیزب:.. 143
سەرکردایەتیی یەهودا- مالک و دانپێدانانی عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق:.......................... 145
لەبن چەنگی لێکۆڵینەوەکانی تاوان:.. 148
لە بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەکانی تاوان:.. 150
لە گرتووخانەی ئەبو غرێب:.. 151
جارێکی دیکەش لە لێکۆڵینەوەکانی تاوان:... 153
ڕووداوێکی سەیری سالح جەبر:.. 156
دادگاییکردنی لقی کوردستان و لیژنەی ناوخۆی کەرکووک:..................................... 157
لە بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا:... 160
مشتومڕێکی توند لەگەڵ ماجید مستەفای وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی:......................... 163
دادگاییکردنی عەبدولڕەحیم شەریفی سەرکردە لە حیزبی شەعب:................................ 165

حەمید عوسمان، لە نوگرەسەلمان، بزووتنەوەیەکی کودەتایی دەکا: 167
فیکری ڕاسڕەو و چەپڕەوی سەرکردایەتیی بەهادین نوری: 169
قەسابخانەیەک لە بەندیخانەی بەغدا: 171
لە بەندیخانەی باقووبە: 179
هێرشی پێچەوانە بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی بەندییان: 182
هەوڵی ڕاکردن لە بەندیخانەی باقووبە: 184
سەربردەی ڕاکردنی حەمید عوسمانی سکرتێری حیزب: 186
جارێکی دیش بەندیخانەی نوگرە سەلمان کرایەوە: 188
لە بەندیخانە دەرچوونم و بەپۆلیس ڕەوانەکردنم بۆ بەدرە: 190
نیشتەجێی زۆرەملێ و چاودێریی پۆلیس لە کفری: 195
یاسای چاودێریکردنی قوتابیان لەلایەن بەڕیوەبردنەکانی قوتابخانان: 198
گفتوگۆیەک لەگەڵ موتەسەڕیفی لیوای کەرکووک: 200
ڕووداوێک لەگەڵ قایمقامی کفری: 205
حەمید عوسمان و هەوڵی پاکسازیی حیزبی شیوعیی عێراقی: 208
چۆنم بە وادەی شۆڕشی ١٤ی تومموزی ١٩٥٨ زانی؟ 210
گەڕانەوە کەرکووک: 213
پێشوازی لە گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی: 215
یەکەم دیدارم لەگەڵ عەبدولکەریمی سەرکردەی شۆڕش: 218
مەلا مستەفا و سەردانی کەرکووک و بارگرژیی نەتەوەیی: 220
حیزبی شیوعی چۆنی دەڕوانییە دۆخی کەرکووک؟: 223
شایەدێکی بەردەم دادگای گەل: 228
جێبەجێ نەکردنی بڕیارێکی عەبدولکەریم قاسم: 232
پشکنەریم لە وەزاەتی چاکسازیی کشتوکاڵ و کۆسپەکانی سەر ڕێی یاسا: 234
هەڵوێستی دەرەبەگان بەرانبەر یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی: 238
هەڵگەڕانەوەی حکوومەت لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و چالاکیی کۆمەڵەکانی جووتیاران: 239
شیوعییەکان لای شێخ ئەحمەد بارزانی سکاڵا لە مەلا مستەفا دەکەن: 242
عەبدولکەریم داوام لێدەکا ببمە موتەسەڕیفی لیوای کەرکووک: 244

ڕووداوە ئازاربەخشەکانی ۱۹٥۹ی کەرکووک:........................ 247
ڕاسپاردنم بۆ وەزارەتی شارەوانی:........................ 251
حیزبی شیوعی وشیاریی ڕوودانی کودەتا دەدا:........................ 258
کودەتای هەشتی شوباتی ۱۹٦۳ و بەرگریی حیزبی شیوعی:........................ 261
سەربڕدەی گرتنی قاسم، وەک سەعدون غێدان بۆی گێڕامەوە:........................ 264
پەیوەندیی کودەتاچییەکان و هەواڵگریی ئەمریکا:........................ 266
لەبەر چنگی کودەتاچییان:........................ 269
لە گرتووخانەی سەربازگەی ڕەشید:........................ 271
تۆمەتی تەقاندنەوەی فڕۆکەیەکی جەنی لەسەردەمی قاسمدا:........................ 275
ڕاپەڕینەکەی سەربازگەی ڕەشید"بزاوتی حەسەن سریع":........................ 277
شەمەندەفەری مەرگ بەرەو بەندیخانەی نوگرە سەلمان:........................ 279
هەڵوێستی مەلا مستەفا بەرانبەر شیوعییان:........................ 282
کودەتای ۱۸یتشرینی دووەمی ۱۹٦۳:........................ 284
لێکۆڵینەوە لەسەر تێکدانی سیستەمی دەسەلات:........................ 285
ڕووداوێکی سەیری بەندیخانەی بەغدا:........................ 288
لەبەردەم دادگای شۆڕش:........................ 289
بەرگرییەکەم لەبەبەردەم دادگای شۆڕش:........................ 295
بڕیاری حوکم:........................ 303
جارێکی دیکەش لە بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا:........................ 304
دیسان لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان:........................ 306
وەزیری ناوخۆ لەبەندیخانە بەرمدەدا:........................ 310
سەرۆک عارف و کۆبوونەوەی نهێنی ماڵی فوئاد عارف:........................ 313
بزووتنەوەی کوردی و شەڕی شیوعییەکان لە چیای هندرێن:........................ 315
ئیحسانی برام تۆمەتبار کرا و سەرۆک عارف هاتە ناو کارەکە:........................ 318
حیزبی سشوعی وەک هێزێکی سەرکردە دێتەوە گۆڕەپانەکە:........................ 320
دیدارێکی نهێنی لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکرد:........................ 323
کودەتای ۱۹٦۸ و دیداری بەکر لە کۆشکی کۆماری:........................ 330

بۆ نایف – داود لە دەسەڵات دورخرانەوە؟........ 332
حیزبی سیوعی سەبارەت بە کودەتا چیی گوت:........ 335
بەعسی سوریا لە لایەنگران دەگەڕێ تا بەعسی عێراق برووخێنێ:........ 338
چەند دیدارێک لە دیمەشق:........ 340
ڕێپێوانێکی "جەیشی شەعبی" لە دیمەشق:........ 343
دیدارێکی گەرم لەگەڵ سەرۆکی سوریا:........ 345
بەکر بەدوای چارەسەری کێشەی کورددا دەگەڕێ:........ 350
حیزبی شیوعی پیلانی "ڕاوی" ئاشکرا دەکا:........ 352
پیلانەکەی ڕاوی وەک سەدام گێڕایەوە:........ 354
یەڤگینی بریماکۆڤی نێردراوی سیڤیەتی و بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠:........ 356
بەڕێوەبەری ئاسایش هەوڵی کودەتا دەدا:........ 359
بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی ١٩٧٣:........ 364
چەندوچوونی ڕەوا چییە؟:........ 369
قەیرانی ئاو و شکستی دانوستانی دووقۆڵی:........ 371
دیدارێک لەگەڵ حافز ئەسەد:........ 373
دیدارێک لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی سوریا:........ 375
سەرلەنوێ دانوستان لەگەڵسەرکردە سورياييەکان:........ 377
دیدار لەگەڵ سێ سەرۆکوەزارانی تورک:........ 379
بوڵەند ئەجاوید:........ 379
پرۆفیسۆر سەعدی ئێرماک:........ 383
دیدارێکی دیکە لەگەڵ بوڵەند ئەجاوید و سەرکردەکانی حیزبەکەی:........ 386
کردنەوەی بەنداوی کیبان و سێیەم دیدار لەگەڵ ئەجاوید:........ 387
لەگەڵ سلێمان دیمیریل:........ 391
پرۆژەی نۆکەندی سەرسار:........ 394
لەگەڵ باباجان غەفورۆڤی ئەکادیمی و بەدەستهێنانی دکتۆرا:........ 397
دیدارێک لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت و مشتومڕێکی گرنگ:........ 401
شەڕی حکوومەت- کورد – شیوعی:........ 404

دیداریک لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی کۆماری هەنگاریای میللی:....................................406
نامەی گەرم لەگەڵ بەکر:....................................409
داوای لەسێدارەنەدانی کەسێک لای سەرۆک بەکر:....................................413
عیزەت دووری بووەهۆی گواستنەوەم بۆ وەزارەتی گواستنەوە:....................................415
سەردانەکەی وەزیری گواستنەوەی بەریتانیا:....................................417
دیداریک لەگەڵ سەرۆکی ئەڵمانیای دیموکراتی:....................................419
دیداریک لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئوردونی:....................................421
هێزەکانی ئاسایش دەوری بارەگاکانی حیزبی شیوعی دەگرن:....................................424
لە وەلامی رۆژنامەی بەرە:....................................426
دەستلەکارکێشانەوەم لە وەزارەت:....................................429
هاتنەسەردەسەلاتی سەدام و هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران:....................................433
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ هێرشی کردە سەر حیزبی شیوعی؟:....................................436
یەکەم دیداری دوای دەستلەکارکێشانەوەم، لەگەڵ سەدام حوسێن:....................................439
بەعس بیرۆکەی ئاشتەوایی دەخاتەڕوو:....................................442
بۆ گفتوگۆ لەنێوان حکوومەت و بەرەی کوردستانیدا نەکرا؟:....................................449
ئەرکی مۆسکۆم:....................................451
گفیوگۆی حکوومەت لەگەڵ بەرەی کوردستانی:....................................455
شێخ عەتای برا و برادەر و هاوڕێم:....................................458
دوا دیدارم لەگەڵ سەدام حوسێن:....................................461
پێشنیاریک بۆ سەرۆک سەدام سەبارەت بە یاسای یەکگرتن:....................................472
پێشنیاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ئیئتیلافی :....................................477
نامەکەم بۆ سەدام سەبارەت بە هەڵویستی ئۆپۆزسیۆن:....................................481
یاسای ڕزگارکردنی عێراق یان داگیرکردنی عێراق:....................................484
ڕزگارکردن یان داگیرکردنی ئیستیعماری؟:....................................488
لەدایکبوونی حیزب و گەشە و مردنی حیزب:....................................492
وانەیەک لە مێژووەوە:....................................498
ئەلبوومی وێنەکان....................................501

پێشدەستی

سەربردەی خۆ نووسین، تەنێ بیرۆکەی سیاسییەکان نەبووە، بەڵکو توێژێکی فراوانی ئەدیب و نووسەر و هونەرمەند و خەڵکی دیکەیشی گرتووەتەوە. ڕاستییەکەی، ئەو کتێب و یادداشتنامانەی هەندێ کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبیی عێراقی زۆری کەمەندکێش کردووم، ئەوان تیشکیان خستووەتە سەر هەندێ قۆناغی گرنگی ڕێوانی پیشەیی خۆیان، سەرباری ئەوەی ئاماژەیان بۆ هەندێ ڕاستیی پشتی پەردەش کردووە کە نە بەڵگە فەرمییەکان و نە کتێبە مێژووییەکانیش سەروبەریان نەکردووە و، ئەو سەر و سەربردانە وێنەیەکی ڕوونتری ئەو ڕووداوانەی پشت پەردەمان دەدەنێ کە لێکۆڵەران نەیانتوانیوە بگەنە هەندێ ڕاستیی ئەو ڕووداوانە.

لەو سەربردە و یادەوەرییانەی تا ڕادەیەک کارم لەسەر وێناکردنەوەی وێنە سادەکانیان کردووە، ئەو کۆمەڵە دیدارانەن کە لەگەڵ بەڕێز عەزیز محەمەدی سکرتێری پێشتری حیزبی شیوعیی عێراقیدا کردوومن، کە زۆری خۆ لەوەی دەبوارد بە یادەوەری و یادداشتنامەیان دابنێ و، بەردەوام دووبارەی دەکردەوە: "من کێم، تا یادەوەریم هەبێ"بەڵام من، کە هێشتا قوتابیی دکتۆرابووم، توانیم هەندێ قسەی لێ وەدەنگ بێنم سەبارەت بەو شاراوەیی و نهێنییانەی ئەو، چونکە لە ساڵی ١٩٦٤ تا ١٩٩٣ سکرتێری حیزبی شیوعی

بووە، ئیدی بەشـێک بووە لەو شـتە شـاراوە و نهێنییانە و، توانیم لەژێر ناوی "عەزیز محەمەد دەدوێ" بڵاوی بکەمەوە و، هەوڵەکانیشـم هەر بەوەندەی کۆتاییان نەهات، بەڵکو توانیم کۆڵکاری لە هەندێ یادەوەریی دیکەش بکەم کە گرنگییان لە یادەوەرییەکانی عەزیز محەمەد کەمتر نییە و، ئەوانیش یادەوەرییەکانی مامۆستا مستەفا عەلییە، سیاسی و ئەدیب ، کە لە سـەروبەندی شـۆڕشـی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسـم وەزیری داد بووە. کە ئەو یادەوەرییانەش کەرەستەیەکی زانستیی گرنگە بۆ ئەو توێژەرانەی بەدوای ڕاستییەکانی سـەردەمی پاشـایەتی و کۆماریدا دەگەڕێن و، ناویشـم لێناوە "بیرەوەرییەکانی مستەفا عەلی، لە نەیارییەوە بۆ وەزیری".
بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی یادەوەرییەکانی هەندێ سـیاسـی یەخەی خەیاڵی بەرنەدەدام؛ نەخاسـمە، کە دەسـتنووسـەکەی بەڕێز موکەڕەم تاڵەبانیم خوێندەوە، تێیدا ڕۆژانەی ژیانی تـایبەتی خۆی لە بەرابیەکـانی ژیـانیرا تۆمـارکردووە تـا دەگـاتە ئەو نزیکـانەی لەکـاتی ئامادەکردنی نامەی دکتۆراکەم سەردانم کرد و، ئەویش بە سوپاسەوە دەقە ئەسڵییەکەی دامێ کە بە خەتێکی جوان ناونیشانەکەی نووسیوە و دەڵێ "ژیان هەمیشە بە ورشەیەکی ناسـکەوە ڕانابوورێ". ئەو دیدارە لە سـاڵی ٢٠١١ بوو و بیرۆکەی سـەروبەرکردن و بڵاوکردنەوەشی هەر لە خەیاڵدانی توێژینەوەمدا مابوو، نەخاسمە دوای ئەوەی پێشنیاری کەسـایەتیی بەڕێز موکەڕەمم وەک بابەتی نامەی ماسـتەر بۆ "ئەحمەد عەلی سـەبع"ی توێژەر کرد، کە نـامەکەش لە کۆلێژی ئـادابی زانکۆی بەغـدا گفتوگۆی لەسـەر کرا و، دوایەش کرایە کتێب و لە خانەی کاروباری ڕۆشنبیری چاپ کرا.
بەڵام لاپەڕە و یـادەوەرییەکـانی ڕۆژانە بەهـای خۆیـان هەر دەمێنێ، بەتـایبەتییش ئەو شـتانەی توێژەرەکان و ئەوانەی لەسـەر کەسـایەتیی موکەڕەم تاڵەبانییان نووسـیوە، نەیاندیتووە و ئێسـتا دەتوانن هەموو ئەو شـتانەی تێدا هەڵێنجن کە موکەڕەم تاڵەبانی بە دەسـت و خەتی خۆی، لە ڕێوانێکی حەفتا سـاڵ پتری خایاندووە، نووسـیویەتی و، تێیدا بیرەوەریی منداڵی و سـەرەتای نەشـونمای سیاسـی و فیکریی خۆی و چوونە ناو کاری سیاسـی و پیشـەیی خۆی تۆمار کردووە و، دوایەش دێتە سـەر ساڵانی زیندانیکردنی کە بەسەر ئەو هاواڵە سیاسییانەشی ڕاگەیشت بیرۆکەی چەپ و شیوعییان هەبوو، تا دەگاتە ئەوەی، وەک نوێنەری حیزبی شـیوعیی عێراقی و لە سـەروبەندی هاوپەیمانیی بەرەیی "حیزبی شـیوعی _ حیزبی بەعس"دا لە ١٩٧٣ پۆسـتی وەزارەتی ئاودێری و دواتریش پۆسـتی گواسـتنەوە و گەیاندن وەرگرێ. دواتریش دەبێتە گەواهیدەری سـەر مەوادایەکی هەرە گرنگ و ئاڵۆزی مێژوویی کە مێژووی ئەو سـەردەمەی عێراقی پێدا تێپەڕیوە و لە بەرابیی ١٩٧٩ بە شکستی هاوپەیمانیی بەرەیی و لێکترازانی کۆتاییهات.

راســـــتییەکەی، دوای لێکترازانی هاوپەیمانیی بەرەییش، ڕۆڵی موکەڕەم تاڵەبانی کۆتایی نەهات. ئەو زۆرجاران پێناوی نێوان ڕژێمی بەعس و حیزبە نەیارەکان بوو. چونکە، بەهۆی نیازپاکی و خستنەڕووی بابەت و پەنجە خستنەسەر کێشەکان ودوور لە ئاسۆی حیزبی و ئایدیۆلۆژیی خۆی، کەسایەتییەک بوو لای هەمووان جێی ڕەزامەندی بوو.

دوای خوێندنەوەیەکی تێروتەســـەلی ئەو شـــتانەی تاڵەبانی تۆماری کردبوون، دیتم کاری بلاوکردنەوەی ئەو شـــتانەی تاڵەبانی تۆماری کردوون ئەرکێکی زانســـتییە و ئیدی لەڕێی ئاشـــتی عەتا تاڵەبانیی برازایەوە، کە جێی ســــوپاســــە، توانیم ڕەزامەندیی تاڵەبانی بۆ بلاوکردنەوەی ئەو دەســـتنووســـە وەربگرم ، ئەویش دوای ئەوەی شـــەن و کەوم کرد و ڕێکم خســـت و ئەوەی دووبارەبوون لامبرد و ئەو زانیارییانەیشـــم لادا کە ڕەنگە، هەندێ کـات لەبەر بەرفراوانییەکەی، بۆ خوێنەر گران بێ و بەڕێز ئـاشـــتییش ڕۆڵی لە وەدەســـتهێنانی ئەو ڕەزامەندییە زۆربوو. لەکۆتاییدا، هیوادارم ئەو لاپەڕە و بیرەوەرییە ڕۆژانانە جێیەکی گرنگ لە کتێبخانەی مێژوویی عێراق بگرن، چونکە، هەر گەواهیدەرێکی ســـەر ژیانی تایبەتی و حیزبیی خۆی نەبووە، بەڵکو شـــایەدێکی ڕاســـتگۆی ڕووداو و گۆرانکارییە ســـیاســـییەکانی چەندین ســـاڵی دووروودرێژی عێراق بووە کە لە دووتوێیدا زۆری ئالۆزی و گۆڕانکاریی ســـیاســـی و کودەتای ســـەربازی و حیزبی هەڵگرتووە و شوێنەوارەکانیشیان تا ڕۆژی ئەوڕۆمان هەر ماوە.

سەیف عەدنان ئەلقەیسی

پێشەکی

ژیانی من، هەموودەمێ ژیانێکی خۆش و ڕووالەتی نەبووە، بەڵکو پڕی ڕووداوی هەمەجۆر بووە، ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ناو جەرگەی ململانێی نەتەوەیی و چینایەتیی توندوتیژ. من لەو ڕووداوانە دوور نەبوویمە، بەڵکو بەشێکی ئەو ڕووداوانە بوویمە و، ڕووداوەکانیش بێ ویستی خۆی بەسەر بنیادەمیدا دێ و، ئەو قەتی ئەندازە بۆ دانەناون. بەلام، دەبێ بە دروستی لە ڕووداوەکان تێبگا و بابەتییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکا.

ئەو ڕووداوانەی لەو یادەوەرییانەدا دەیانگێڕمەوە، ئەو ڕووداوانەن کە مێژووی وڵات و گەلی ئێمەیان پێکهێناوە، هەرچییش بکرێ مێژوو هەر بە ئاڕاستەی خۆیدا دەڕوا، بەڵام هەمیشە بە ورشەیەکی ناسکەوە ناڕوا، بەڵکو زۆری کۆسپ و تەگەرە دینەپێشێ.

ڕێی مێژووش تەنیا بە هەوڵی جەماوەری والادەبی و، ئەگەر بشڵێین بێ کار و کردار و تێکۆشانی ئێمە و بێ قوربانی و ئازار و کارەسات ئەو کارە فەراهەم دەبێ، ئەوە قسەیەکی پووچە. ئاخر خەڵکێک هەیە هەوڵدەدا ڕەوڕەوەی مێژوو لەوجێی خۆی ڕاگرێ، چونکە بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی دەیخوازێ.هیی واش هەیە، کە بەرژەوەندییەکانی دەبوێرێ، هەوڵدەدا بیباتەوە دواوە. ململانێی ڕاگرتن و گێڕانەوەپاشی مێژوو لەلایەک و بەرەوپێش پاڵنانی لەلایەکی دیکەوە ، ئێمە دروستمان نەکردووە و دامانەهێناوە بەڵکو ئەوە سوننەتی ژیانە ئەوکارەی دەکا و لێناگەڕێ ژیان هەر لەجێی خۆی پێیان لە عاردی بکوتێ و کاری وەستاندنی مێژووش مەحاڵە.

نازانم داخوا، ئەو ڕووداوە سەیرانە بوون ڕاپێچیان کردم تا لەگەڵ ڕێوانی مێژوودا بڕۆم، یان وشیاری وایلێکردم، لەگەڵ خەڵکێکی دەزانن چ دەکەن و بەرەو کوێ دەچن، بە ئاڕاستەی ڕێوانی مێژوو خۆ باوێمە ناو ئەو ڕووداوە توندانە. ڕەنگە هەردووکیشیان بێ؛ توندیی ململانێیەکان و وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتییش.

مرۆ لە ڕێوانی ژیانیدا سەریش دەکەوێ و شکستیش دەخوا، جا شانازی بە سەرکەوتنەکانییەوە دەکا و لەوەش ناترسێ دان بە شکستەکانیدا بنێ و، ڕەنگە هەڵسەنگاندنەکانیش ئەرێنی یان نەرێنی بن، بەلام دەبێ لەو هەموو کارەیدا دڵسۆز و ڕاشکاوبێ، هەتا، هەرچەندجارێ لە ڕێیە ڕاستەکەی کەلی بوو، بتوانێ بێتەوە سەر ڕێیە دروستەکە.

لەسەردەمی منداڵی و گەنجی و پیریم، ڕێکەوتی گەلێ ڕووداوم کرد و نرخی بەشداریکردنی ئەو ڕووداوانەیشم بە سالانی بەندی و دوورخستنەوە و بێبەشی دا و، چونکە باوەڕیشم بە دروستیی کارەکانم هەبوو ئیدی گوێم بە لۆمەی لۆمەکاران نەدا.

که گەیشتمە ئەو قۆناغەی، بە پۆست و بەرپرسیاریی وەزارەتان، شان بدەمە بەر بەرپرسیاریی بەشداریکردن لە بنیاتنانی وڵاتدا، ئەرکی خۆم بەو شێوەیە جێبەجێکرد کە باوەڕم، وەک شیوعییەک، لێیدەخواستم و دەبێ بەرژەوەندیی گەل لەسەر هەموو بەرژەوەندییەکەوە بێ.
لە هەندێ قۆناغی ژیانمدا، وەک پارێزەر، لەبەردەم دادگا سەربازی و مەدەنییەکان داکۆکیم لە تێکۆشەران کرد، تا ناچارکرام خۆیشم لەناو شیشەبەندی ئەو دادگایانە راوەستم و، بێ ئەوەی لەوە بترسێم دووبارە بمگرنەوە بەرگری لە بیروباوەڕەکەم بکەم.
پێویستە لێرە باسی ئەفسەری نیشتمانی، عەمیدی ڕوکن "ڕەمزی عەبدولقادر" بکەم کە بێ ئەوەی سڵ لە سزای حکوومەت بکاتەوە لایەنگیریی ئەو نیشتمان پەروەرانەی دەکرد ڕاپێچی ئەنجوومەنی عورفیی سەربازیی کەرکووک کرابوون. ئەو کارەشی وایکرد لە سەرۆکایەتیی دادگای لادەن و ئەفسەرێکی دیکەی لەجێ دانێن تا دەستە دەستە نیشتمان پەروەران ڕەوانەی بەندیخانە بکا. بەشێکی تایبەتم بۆ گێڕانەوەی ئەو دادگاییانە تەرخان کردووە تا ببێتە نموونەیەکی ئازایەتیی خۆڕاگریی تێکۆشەران دژی دەسەڵاتی پاشایەتیی کۆنەپەرستی دژەگەل. حەزم دەکرد پتر و پتر باسی تێکۆشانی ناو بەندیخانەی تێکۆشەران بکەم، بەڵام کتێبێکم، سەبارەت بە قوربانی و خۆڕاگریی ئەو پاڵەوانانە، بەناوی "خوێنی پشت شیشەبەندان" بڵاوکردووەتەوە و بۆ هەر ڕووداوێکی دیاریش نووسینێکی تایبەتم بە بەڵگەنامەوە تەرخان کردووە، لەوانەش کتێبێک بەناوی "تاقیکردنەوەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی نێوان حیزبی بەعسی عارەبیی سۆسیالیست و حیزبی شیوعیی عێراق"، وەکچۆن کتێبیکی تایبەتیشم بە ناوی"نامەکانی سەدام حوسێن لەپێناو ئاشتی و دیموکراسی و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە عێراق" نووسیوە و، کتێبێکیش سەبارەت بە کێشەی تورکمانان و، کتێبێکی دی دەربارەی مافە نەتەوەییەکانیان و هەندێ کتێبی دیکەی بڵاوکراونەتەوە و هەندێکی وا لەڕێی بڵاوکردنەوەدان و، هەموو ئەوانەشم بۆ ئەوەیە کە هاکەزایی بەسەر هەندێ مەسەلەی گرنگ و ڕووداوی وروووژێنەردا ڕانەبوورم، کە بە بەشێکی گرنگی ئەو مێژووە دادەندرێن بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراق ڕوونووسی کردوون. ئەو ڕووداوانە لەمن دوور نەبوون و بگرە بەشێک بوون لە ژیانی من و ژیانی دەستە دوای دەستەی ئەو تێکۆشەرانەی بەنرخترین شتی خۆیان بەخشییە گەلەکەیان، لەپێناو ژیانی میللەتیشدا سڵیان لە مردن نەکردەوە تا نەبەردییان ببێتە نموونەیەک بۆ نەوەکانی دادێن.
لە ژیانی ئەرک و فەرمانمدا، چاوم بە ژمارەیەکی زۆری سەرکردەی بیروڕا جیاوازی دنیا کەوتووە، دەبووایە ڕاستیی بیرکردنەوەی ئەوانەش بخەمەڕوو. بەرانبەر بەرپرسیارێتیی

دەوڵەتیش، بە پشـــتبەســـتن بەو باوەڕ و ئەو هێزانەی مامەڵەم لەگەڵدا دەکردن یان لەڕیزەکانیاندا کارم دەکرد، هەڵوێستی چەسپاو و جێگیرم هەبووە و، ئەو بیروبڕوایەشم ئەو چرایەی ژیانم بووە کە لەچاوی بزووتنەوەی سۆڕشگێڕیی عێراق و دنیاش شاراوە نەبووە.

هەرچی ژیانی تایبەتیمە، سەرباری ئەوەی شانازی بە پاکییەکەیەوە دەکەم، بەڵام بەرانبەر بەو کارانەی لەگەڵ تێکۆشـــەرە نەتەوەیی و دیموکرات و شـــیوعییەکاندا تێیاندا بەشـــدار بووم، ئەوا شتێکی زۆر چکۆلەیە.

پێویستە وەبیر خوێنەرانی بەڕێزی بهێنمەوە، کە من، بە ڕێنوێنی و چاوڕوونیی ئەو باوەڕە ڕۆشـنانەی پەیوەسـتیان بوویمە، سـەبارەت بە کێشـەی کورد چەندین کتێبم نووسـیوە و گەلێ وتـارم بڵاوکردووەتەوە و چەنـدین دیـداریشـــم کردووە. لەوانە، کتێبێـک بە ناوی"کوردســتان، یەکێتییەکی ســەرپشـکانە نەک پێبەندییەکی بە تۆبزی" و، کتێبێکی دیکە بەناوی "پەرەســـەندنی فیکری و ســـیاســـیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی" و "بەرەو چارەسـەرێکی دروستی کێشـەی نەتەوەیی کوردی لە عێراق". لە خستنەرووی کێشـەکانی پەیوەست بە گەلی کوردیش، ڕاشکاو و ڕاستگۆ بوویمە.

هەروا بەڕاگوزەری بەسـەر هەندێ ڕووداوی مەترسیداری بەسەر عێراقدا هاتووە گوزەرم نەکردووە، بۆ نموونە، داگیرکردنی کوێت، بە هـاوکـاریی هەنـدێ ســـەرکردەی یەکێتیی سۆڤیەت هەوڵمداوە سـەدام رازیکەم بێ شـەڕ لە کوێت بکشـێتەوە و شـەرعییەتی بداتەوە. کتێبێکم بە ناونیشـانی "شـەڕ.... ئەرێ یەکەمین بژاردەی چارەسـەری قەیرانی کوێت بوو؟" نووسی، هیوادارم بەو زووانە بکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

لەجیاتیی ئەوەی نەوت و زۆریی نەوت لە کوردســـتان ببێتە هۆکارێکی پێشـــکەوتن و بەختەوەریی گەلی کورد، بووەتە بەڵای ســـەری و، چونکە وڵاتانیش چاویان بڕیوەتە ئەو خێروبێرە، ئەوا لەجیاتیی ئەوەی سـوودی لێ ببینێ باجێکی زۆریشـی بۆ داوە. جا کتێبێکم بەناوی"نەوت و کێشـــەی کورد" نووسـیوە و هیوادارم ئەویش لەو زووانە بگاتە دەســـتی خوێنەران.

من، سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە لەکاتی لەسـەر ڕاستیبوون لەگەڵمدابوون و، هەموو ئەوانەشـــی لەکاتی هەڵەڕێبوونمدا ڕاســـتیانکردوومەوە، خۆ مرۆ هەڵەش هەر دەکا، ئاخر ئەوەی هیچ نەکا هەڵە ناکا، هەڵەیش شـوورەیی نییە، بەڵام سـووربوون لەسـەری، لۆمەی لێ دەکەوێتەوە.

دەبێ ئاماژە بەو فەرموودە پیرۆزەش بکەم کە پێغەمبەر "د. خ" دەفەرموێ: " بنیـادەم لە ژیانیدا کار بۆ سێ شتان دەکا، کۆکردنەوەی سامان و، وەدەستهێنانی خزم و برادەر و ،

کرداری چاک. ئەو دوانەی بەرایی دەیگەیەننە دوا مەنزڵگای و دەگەڕێنەوە، بەڵام کرداری چاک هەر دەمێنێ".

کرداری چاکیش تەنێ جێبەجێکردنی فەرزە ئایینییەکان نییە، بەڵکو ئەو کردارانەیە سوودی بۆ کەسانی دی هەبێ و، کەسانی دیکەش واتە گەل. ئەوەی خێری بۆ گەل هەبێ ناوی بە چاکە دەهێنرێ و ئەوەی خراپەیشی بۆ گەل هەبێ بە نەفرەتەوە باسی دەکرێ، دادوەری نێوان خێر و خراپەش هەر گەلە.

خانەوادەی تاڵەبانی:

خانەوادەی تاڵەبانی سەر بە هۆزی "زەنگەنە"یە[1]، کوردن و نیشتەجێی دۆڵی زێی "ئاوەسپی"ی ناحیەی قادرکەرەمی قەزای دووزی[2] سەر بە کەرکووکن، کە دواتری حکوومەتی سەدام حوسێن، بۆ بچووککردنەوەی پارێزگای کەرکووک و ئاسان بەعەرەبکردنی، خستییە سەر پارێزگای سەلاحەدین.

ئەو خانەوادەیە، بە یوسف ئاغای کوڕی ڕۆستەم ئاغا دەستپێدەکا، کە میر ئیسماعیلی مام و خەزووری دەیکاتە قایمقامی "قەرەداغ" و، ئەمارەتەکەی میر ئیسماعیلیش هەتا قەرەداغ وکفری و دووز درێژ دەبووەوە. کە بەرەی یەکەمی خانەوادەی بابانەکانیش لە هەندێ ناوچەی ئێران دەرکەوتن، ئەو لەترسی فراوانبوونی دەسەڵاتی ئێران لەسەر سنووری نێوان ئەو دوو دەوڵەتە، پشتی عوسمانلییەکانی گرت و، دەسەڵاتی میر ئیسماعیل تخووبی میرنشینییەکەی تێپەڕاندبوو و بگرە ساڵح بەگی زەنگەنەی موتەسەڕیفی کەرکووکێش، کە لەبەر ئەوەی یەکەم ئیمتیازی نەوتی ناوچەکەیان وەرگرت بە خانەوادەی "نەفتچی" دەناسران، عوسمانلییەکان بە ڕاوێژکردن لەگەڵ میر ئیسماعیل کردیانە موتەسەڕیف.

زستانان، بنکەی ئەو میرنشینییە شارۆچکەی "نەوجوول" بوو و، هاوینانیش هاوینەهەواری "خۆرنەوەزان". دوای مردنی میر ئیسماعیل، میرنشینەکە لەنێوان هەرسێ کوڕەکەی

---

[1] _ هۆزی زەنگەنە، بەرلەوەی داکشێنە کوردستانی باشوور، نیشتەجێی ناوچەی کرماشانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوون .(ئامادەکاری ئەو بیرەوەرییانە، وەک هەر غەیرە کوردێکی سەر بە نەتەوەی باڵادەست، لەژێرکاریگەریی ئەو بیروبۆچوونە باوانەی نەتەوەی سەردەستە و پێپانوایە ئەو پارچەپارچەکردنەی کوردستان شتێکی ئاساییە، بۆیە دەڵێ کوردستانی خۆرهەڵات و کوردستانی باشوور، لەکاتێکدا کوردستان یەک کوردستانە و وەک هەر وڵاتێکی دیکە هەرچوار لای هەیە، باکوور و باشوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوا. ل- ب) لەوێ میرنشینیی خۆیان هەبوو و، بە "میرنشینی عەلی خانی زەنگەنە" دەناسرا، بەڵام میرنشینەکە کەوتە بەر هێرشی دەوڵەتی سەفەویی ئێران و لە ئەنجامدا بەشی هەرە زۆری ئەو هۆزە داکشانە ناوچەی گەرمیانی سەر بە عێراق و بەدیاریکراویش هاتنە گوندی "قەیتوول" و لەوێ دووەمین میرنشینیی خۆیان بە ناوی "میرنشینیی زەنگەنە لەقەیتوول" دامەزراند و دامەزرێنەرەکەی "میر نەوشیروان بەگی کوڕی عەلی خان بەگی زەنگەنە"بوو و، عەلی خان بەگ لە سەردەمی شاعەباسی دووەمی سەفەوی لەئێران وەزیری دارایی بووە. ململانێیەک دەکەوێتە نێوان "موحەمەد بەگی کوڕی نەوشیروان بەگ" ی سەرکردەی هێزە سەربازییەکانی میرنشینییەکە و برازایەکەی"میر ئەحمەدی کوڕی میر ئیسماعیل"، چونکە دوای مردنی میرئیسماعیل برایەکەی دەیەوێ سەرۆکایەتیی ئیمارەتەکە وەرگرێ چونکە ئەو سەرکردەی هێزە چەکدارەکان بووە، بەڵام "میر ئەحمەدی کوڕی میر ئیسماعیل دەسەڵات وەردەگرێ و دەبێتە میری میرنشینیی زەنگەنە. هۆزی زەنگەنە نیشتەجێی کەرکووک و موسڵ و خانەقین و بۆ زانیاریی پتریش، بڕوانە موحەممەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە، مێژووی هۆزی زەنگەنە،"بەکوردی"، چاپخانەی ئەندەلووس، بەغدا، ١٩٨٠.

[2] _ تووز بە تورکییە و واتە خوێ. بەلاسم ناوی ڕاستەقینەی ئەو شارۆچکەیە "خوورماتووە" واتە پایتەختی خوورییەکان. کە سەرەڕێی باروبارخانەی بەرەو ئاسیای گچکە بووە تورکەکان بەوێدا خوێیان بردووەتە ناوجەکانی خۆیان و تووزەکەیان بۆ ناوەکەی زیادکردووە.

دابەشبوو، چونکە کێشەیان کەوتە نێوان، کە خانەوادەی بابانیش بوونە هاوکاری دەوڵەتی عوسمانلی و میرنشینیی بابانیان دامەزراند و، سەرەتا بنکەکەی لە قەڵاچوالان بوو و دوایەش سولەیمانی، کوڕەکانی میر ئیسماعیل پەنایان بۆ بابانەکان برد ومیرنشینییەکەیان درایە پاڵ میرنشینیی بابانی لە باشووڕرا هەتا کفری درێژ دەبووەوە.

مەحمودی کوڕی یوسف ئاغای، ئەودەمای باوکی قایمقامی قەرەداغ بووە ئەو لەوێ لەدایکبووە و، کە دەشگاتە تەمەنی مێردمنداڵی باوکی دەینێرێتە قوتابخانەیەکی ئاینی ئەوێ تا قورئانی پیرۆز بخوێنێ. دوای مردنی باوکیشی، بۆ فێربوونی زانستەکانی شەریعەتی ئیسلام لەو قوتابخانەی دەچێتە ئەو قوتابخانە و، دوای ئەوەی بڕوانامەی زانستیش وەردەگرێ دەگەڕێتەوە گوندی 'ڕەمەزان مامکە'ی ناوچەی زەنگەنە، تا لەسەر مەزەبی شافیعی دەست بە ئیرشادی ئایینی ئیسلام بکا.

تەسەوف لە بەشی هەرەزۆری ناوچەکانی کوردستان بڵاببووەوە، تەریقەتی بەربڵاویش تەریقەتی قادری بوو، کە بەناوی شێخی شکۆدار عەبدولقادری گەیلانییەوە ناونراوە و، تەریقەتەکەیشی گەیشتبووە هیندستان و پاکستان و عێراق و کوردستان و باکووری ئەفریقیا و، یەک لە نەوەکانیشی کە 'شێخ ئەحمەد لاهوریی کوڕی شێخ عەبدولڕەزاق'ە، لاهور بەجێدێڵێ و ڕوو لە کوردستان دەکا. لە گوندی'سورداش'ی نزیک سولەیمانی دەگیرسێتەوە. لەوێ دەگاتە دیداری مەلا مەحمودی زەنگەنە تا زانستی تەسەوفی لەسەردەستی بخوێنێ، کە ڕێوشوێنەکانی تەریقەتی قادرییش تەواودەکا، شێخ ئەحمەد داوای لێدەکا تەریقەت بدا نەک تەریقەت بگرێ، واتە ئیرشادی سۆفیگەری بکا و ئەویش ئەو کارەی دەکا. شێخ ئەحمەدی لاهووری لە بارودۆخێکی مژاوی دەکوژرێ و مەلا مەحمود لە گوندی سورداش دەیشارێتەوە و مەرقەدەکەی بووەتە مەزاری پەیڕەوانی تەریقەت. تەریقەتی قادری بە ئیرشادی مەلا مەحمود بەرفراوان دەبێ و، ئەوەش ترسێک لای شێخانی دیکەی تەریقەت دروستدەکا، کە مەلا مەحمودیش دەمرێ شێخ ئەحمەدی ئیرشاددەری کوڕی لە کەرکووک دەینێژێ و ئیدی مەرقەدەکەی دەبێتە سەرەتایەک بۆ بنیاتنانی تەکییەی قادریی تاڵەبانی.

لەژێر فشاری ئیرشاددەرانی تەریقەتەکانی دیکە، شێخ ئەحمەد ناچاردەبێ گوندی سوورداش بەجێبێڵێ و بچێتە گوندی تاڵەبانی نزیک چەمچەماڵ، تا لە مەرقەدی باوکی لە کەرکووک نزیک بێ و، لێرەوە، شێخ ئەحمەد نازناوی تاڵەبانی وەردەگرێ و نازناوی ئەو خانەوادەیەش لەو نیشتەجێبوونەی شێخ ئەحمەد هاتووە لە گوندی تاڵەبان، بەڵام بنەچەی ئەو خانەوادەیە دەچێتەوە سەر هۆزی ناسراوی زەنگەنە.

شێخ ئەحمەد یازدە کوڕی هەبووە و ئەوانیش: شێخ عەبدولڕەحمان و شێخ عەبدولغەفور و شێخ عەبدولعەزیز و شێخ عەبدولفەتاح و شێخ عەبدولکەریم و شێخ محێدین و شێخ حوسێن وشێخ موحەممەد سالّح و شێخ موحەممەد عارف و شێخ عەبدولقادرن. هەریەکەیان لە ناوچەیەکی کوردستان ئیرشادیان کردووە، لە "کۆیە"ڕا هەتا قەزای خانەقین و، زۆربەی تالّەبانییەکانیش لە قەزای ناوەندی کەرکووک نیشتەجێ دەبن ، منداڵەکانی شێخ عەبدولڕەحمانیش لە شاری کەرکووک نیشتەجێ دەبن و لەوێ مزگەوت و تەکییەی تالّەبانی دروستدەکەن کە هەتا ئێستاش هەر ماون.

ئەوانەی لە گوندی قادری سەروکاری ئیرشادیان کردووە، بریتین لە هەر یەک لە مەلا مەحمودی زەنگەنەی لەلایەن شێخ ئەحمەدی لاهووری ڕێی ئیرشادی دەدرێتێ و شێخ ئەحمەد تالّەبانیی کوڕی و شێخ عەبدولڕەحمان و شێخ عەبدولغەفور و شێخ عەبدولعەزیز وشێخ عەبدولفەتاح و شێخ عەبدولکەریم و شێخ محێدین و شێخ حوسێن و شێخ موحەممەد سالّح و شێخ عەبدولقادر و شێخ موحەممەد عارف و، دوای ئەوانیش کور و نەوەکانیان ئیرشادیان کردووە.

ئەوخانەوادەیە تەنیا بە ئیرشادی ئایینی نەناسراون، بەڵکو زۆر ڕێچکەی دیکەی ژیانیان گرتووە. شێخ حەمیدی کوڕی شێخ عەبدولعەزیز و منداڵەکانی و شێخ مەجیدی شێخ ڕەزا و شێخ لەتیف و شێخ موحەممەد نان کەور و شێخ فەیزوڵڵا و شێخ جەماڵ و شێخ تالیب و شێخ عەتا وەک پیاوی عەشیرەت لەناو شێخەکاندا دیار و دەرکەوتوون.

ئەو خانەوادەیە پیاوی دەوڵەت و سیاسەتیشیان تێدا هەڵکەوتووە، جەلال تالّەبانیی "مام جەلال" سکرتێری گشتیی حیزبی یەکێتیی نیشتمانی، بووەتە سەرۆکی کۆماری عێراق. حەسەن تالّەبانی و منیش پۆستی وەزارەتمان وەرگرتووە. شێخ حەبیب تالّەبانی ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزرێنەری دەوڵەتی عێراقی بووە و دوایەش بووە ئەندامی پەرلەمان. شێخ عەبدولوەهاب و شێخ فایەقی شێخ محەممەد ڕەئووف و شێخ قادر مەنسور و شێخ حەبیبی کوڕی و شێخ فازڵی شێخ فەیزوڵڵا و خاتوو ئاڵا تەحسین تالّەبانی بوونە ئەندامی ئەنجوومەنی عێراقی و، دکتۆر نووری تالّەبانییش بووە ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

هەر لەو خانەوادەیەش، هەریەک لە حەسەن تالّەبانی[3] و سوعاد حەبیب تالّەبانی وعارف تالّەبانی بوونەتە موتەسەڕیف"پارێزگار"، وەکچۆن هەریەک لەشێخ محەممەد ڕەئووف و

---

[3] _ حەسەنی کوڕی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ ڕەزای تالّەبانی سیاسییەکی عێراقیی کوردە، لە ١٩١٣ لە بەغدا لەدایکبووە. لە عێراق و لە هەردوو سەردەمی پاشایەتی و کۆمارییش گەلێ پۆستی وەرگرتووە. لە ١٩٣٤ کۆلێژی مافی تەواوکردووە. پارێزەریی کردووە. ساڵی ١٩٤٦ لەجێی مەعروف جیاووک بووەتە موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی.

شێخ حەبیب و شێخ فازڵ فەیزوڵڵا بوونەتە سەرۆکی شارەوانیی کەرکووک و، بەڕێز نەجم عەبدولواحید تاڵەبانی بووەتە سەرۆکی دادگا و، چەندین کەسیشیان پۆستی بەڕێوەبەری و زانستییان وەرگرتووە و، لەوانەی پێگەیەکی زانستییان لە زانکۆکان بەدەستهێناوە خاتوو لامیعەی شێخ جەماڵ تاڵەبانی و خاتوو ناهیدە و دکتۆر گێلاس موکەڕەم تاڵەبانی لە زانکۆکانی عێراق و کوردستان بوونەتە مامۆستای زانکۆ.

دواتریش موتەسەڕیفی هەشت ویلایەت بووە. لە ١٩٥٨ بووەتە بەڕێوەبەری گشتیی ڕێنوێنی و رادیۆی عێراقی، کە چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانییشی رەگەڵ درابوو. دوای دووەم هەموارکردنەوەی وەزاریی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم لە ٧ی شوباتی ١٩٥٩بووەتە وەزیری گەیاندن و کار و جێی بەڕێز باباعەلیی شێخ مەحمودی گرتووەتەوە و، تا ١٣ی تەمموزی ١٩٥٩لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە. لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ لەجێی عەبدولوەهاب ئەلئەمین دەبێتە وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی و، لە ١٩٦١ بەوەکالەت دەبێتە وەزیری گەیاندن. حەسەن تاڵەبانی تا کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی دەکا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: جەمال بابان، اعلام کرد العراق، مطبعة شڤان، السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص ٢٣٥.

خێزانەکەم و لەدایکبوونم:

من لە بەهاری ١٩٢٣ لە شاری کەرکووک لە دایک و باوکێکی کورد لەدایکبوویمە، باوکم شێخ جەماڵی شێخ محەممەد عەلیی کوڕی شێخ عەلیی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانیی کوڕی شێخ مەلا مەحمودی زەنگەنەی کوڕی یوسف ئاغای زەنگەنەیە و، دایکیشم حاجی شوکرییە خانمی کچی جەلال ئەفەندیی کوڕی مەلا مەعروفی کوڕی مەلا عەبدوڵلا خدریی کوڕی مەلا سلێمان خدرییە، کە نازناوی خدریی لە گوندی خدر ڕێحانی ناوچەی زەنگەنەی سەر هەردوو بەری زێی ئاوەسپیی سەر بە قەزای دووز خوورماتوو وەرگرتووە. خوشکێکم هەبوو دووساڵ لەمن گەورەتربوو و ناوی عادیلە بوو و دواتر بووە خێزانی شێخ عەبدوڵلای تاڵەبانیی ئەفسەر، خوا لێیخۆشبێ، کە یەک لە یاوەرانی مەلیک غازی بوو.

دانیشتووانی شاری کەرکووک کورد و تورکمانن وهەر هێندەی ژمارەی پەنجەی دەستان عارەبی تێدابوو و، ئەوانیش، بەژن و ژنخوازی، یان بوونە کورد یان بوونە تورکمان.

باوکم، برایەکی لەخۆی گەورەتری هەبوو و ناوی شێخ محەممەد جەمیل بوو، کە لە ئیرشادی ئاینیی تەریقەتی قادریی تەکیەی تاڵەبانیی کەرکووکێ هاریکاریی شێخ محەممەد عەلیی باوکیی کردووە ودوایەش، پاش مردنی باوکی تا ساڵی ١٩٦١ خۆی ئیرشادی کردووە، لەو ساڵەدا ئەمری خوا دەکا و دەچێتەوە بەر دلۆڤانیی خودا. باوکم لە بەڕێوەبردنی موڵک و ماڵدا هاوکاریی باوکی دەکرد کە داهاتەکەی بۆ خانەوادە و نانداني هەژارانی تەکیەکە خەرج دەکرا.

گرنگترین ڕووداوی کەرکووک هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو کە سوپای ئینگلیزان لە ١٩١٨ گەیشتنە دەوروبەری کەرکووک و کورد و تورکمان تا ساڵی ١٩٢٥ چوونە بن ڕکێفی داگیرکەری بەریتانی، کاتێکی کە بە کاریگەریی بەریتانیا کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیارێکی دەرکرد و بێ ویست و ئارەزووی خەڵکی کوردستان و، لەوانەش کەرکووک، درانە پاڵ حکوومەتی بەغدا

هەڵوێستی خەڵکی کەرکووکیش، هێ لە ژمارەیەکی کەمی کەسایەتییەکان، ئەگەر دژی ئینگلیز و هاریکارانیشیان نەبووبێ، ئەوا هەڵوێستێکی نەرێنی بوو.

ئەودەمای یەکەیەکی سەربازیی هاریکار لە کەرکووک هەبوو، ئەویش هێزەکانی 'لیڤی'[4] بوو و زۆربەی خەڵکەکەی لە ئاشوورییەکان بوون. خەڵکەکە مامەڵەیان لەگەڵ نەدەکردن

---

[4] _ هێزەکانی لیڤی: لەسەردەمی کوێخایەتیی بەریتانی لە عێراق ١٩٢١- ١٩٣٢ پێکهێنرا و، دوای کۆنگرەی قاهیرەش لە ١٩٢١ هێزی ناوخۆیان لێ دروستکرا وەک جێگرەوەی سوپای بەریتانیا کە لە عێراق کشابووەوە و، ئەوانی بۆ

و له چێشتخانه و قاوەخانان نان و ئاویان نەدەدانێ. ئەوەش وایکرد له ساڵی ١٩٢٤ لەگەڵ خەڵکی کەرکووکێ تێکبگیرێن و شەڕەتەقە دروستبێ که پازدەکەس له خەڵکی شاری بوونه قوربانی.

خاتوو ڕەفیعەی کچی شەفیق بەگ، که بەکالۆریۆسی له ئاداب هەبوو، له ١٩٧٢[5] خواستم و بووه هاوسەرم و دوو کوڕ و کچێکمان بوو، ئەوانیش هەریەک له دکتۆر ئاراس، که پزیشکی تایبەتمەنده له نەشتەرگەریی گشتی و دکتۆر ڕینار ی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی چاو و نەشتەرگەریی چاو و دکتۆر گێلاسی کچم که مامۆستای زانکۆیه.

کاره سەربازییەکانی دژی بزووتنەوەی نیشتمانی بەکاردەهێنا، که بریتی بوو له بزووتنەوەکانی کوردی نێوان ساڵانی ١٩٢٢- ١٩٣١. هەر لەو ماوەیەشدا و له ساڵی ١٩٢٦ ڕا بەریتانیا لەبەر هۆی ئابووری ئەو هێزانەی کەمکردەوە، ئەو هێزەش تا بەستنی پەیمانی ١٩٣٠ ی نێوان عێراق و بەریتانیا بەردەوام بوو و، ئیدی ئەو یەکانە وەک یەکەی جەنگاوەر ڕۆڵیان نەما و ئەرکیان ئەوەبوو پاسەوانیی فرۆکەخانەکانی بەریتانیایان له عێراقدا دەکرد. دواترێ ئەوانه له حکوومەتی عێراقی ڕاستبوونەوه و بەرِوویدا وەستان، نەخاسمه دوای یاخیبوونەکەی ١٩٣٣ی ئەو هێزه، که سوپای عیراق توانی بەسەریاندا زاڵبێ و ڕێیدا ئەوانەی دەیانەوی وڵات بەجێبێڵن بڕۆن و زۆربەیشیان ڕوویان له سووریا کرد. بۆ وردەکاریی پتر بنۆڕه ریاض رشید ناجي الحيدري، الاثوريون فی العراق ١٩١٨-١٩٣٦ ط١ القاهرة، مطبعة الجيلاوی،ص ١٩٧. ياسين طه ياسين: قوات الليفي عهد الانتداب البريطاني علی العراق بين عامی ١٩٢١- ١٩٣٢، مجلة دراسات تاريخية- جامعة البصرة، العدد ١٥، ٢٠١٥.

[5] - موکەڕەم تاڵەبانی، چونکه له نیوەی دووەمی سییەکانی "سەدەی ڕابردووەوه" سەرقاڵیی کاری نهێنی بووه تا له ١٩٧٢ بووه وەزیری ئاودێری، ئەوا له بەرایی گەنجییدا ژنی نەهێناوه، که دواتر خانەوادەی خاتوو ڕەفیعه دەناسێ و دەیبینێ و دەچێته خوازبێنیی، که سەرباری ئەوەی هیچ ڕێچکەیەکی سیاسییان نەبووه، خانەوادەیەکی ناسراو بوون و، شەکراو و مارەبڕینەکەش له ٢٣ی ئابی ١٩٧٢ له سلێمانی بەڕێوەچووه و، ژمارەیەک کەسایەتیی دەوڵەتی عێراق و هاوڕێیانی موکەڕەم له حیزبی شیوعیی عێراقی ئامادەی ئاهەنگەکه دەبن، سەرباری ژمارەیەک له ئەفسەرانی سوپاش. ئاهەنگەکەش له سلێمانی له ماڵەکەی خۆیاندا بەڕێوەچوو و، ئێستا سێ منداڵیان هەیه، لەوانەش جمکەیەکی که هەریەک له ئاراس و گێلاسن.

شارەکەم کەرکووک:

کەرکووک شارێکی کۆنە، لەسەر بانێکی بڵندی فراوان بنیاتنراوە و شوورایەکی گەورەی لەدەورەیە و چەندین دەروازەی هەیە. ئەوەش وەک قەڵایەکی قایم بووە تا لە داگیرکاریی هێرشی بێگانان بیپارێزێ. ئاو لە کەرکووک لە بیری قوول دەردەهێندرا کە دەرهێنانی کارێکی گران و ناخۆش بوو و، شارەکەش لەسەر لێواری "خاسە"یە، کە بێستانەکانی دەوری قەڵای ئاودەدا، ئەوەش سەرباری ئەو کاندیاوانەی پێیدەڵێن "بۆلاغ" و دەکەونە خۆرهەڵاتی شارەکە. زۆربەی خانووەکانی شارەکە لە قایە "بەرد" و گەچ دروستکراون کە لەو زنجیرە چیایەی لە خۆرهەڵاتی شارەکەدا درێژدەبێتەوە دەردەهێنرێن. جاران ئەو غازە سروشتییەی لە ناوچەی بابەگوڕگوڕ دەردەهێنرا گڕی دەگرت، ئیدی خەڵکەکە ئوستوورە و باوەڕێکی زۆریان لەبارەوە چنی. ئەو ژنانەی داوایان دەکرد کوڕیان ببێ ڕووی خۆڵەکەیان دەڕنی و دەیانگوت" بابەگوڕگور بەگوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم". نەوت لە "دۆڵی نەوت" بەشێوەیەکی سروشتی دێتەدەرێ و لەبەری دەڕوا، خەڵکەکە دەریاندەهێنا و بە شێوەیەکی سەرەتایی دەیانپاڵاوت و بۆ خۆگەرمکردنەوە و چرافانۆسان بەکاریان دەهێنا. خۆرهەڵاتی شارەکەش جیوە و چەندین کانزای دیکەی لێیە و باکووریشی قیر و......تاد. زەوییەکانی دەوروبەری شارەکە زەویی بەپیتن و دانەوێڵە و سەوزە و داری میوەیان لێ دەچێندرێ و، بەهاران گیا و گوڵە کێویلە دەوروبەری شارەکەی دادەپۆشن. بەشێوەیەکی ئاساییش، خەڵکەکە بۆ سەیران و کات بەسەربردن دەچنە ئەو جێیانە و خەریکی بازبازێن و غاردانێ دەبن و، ژنان خواردن و چا بۆ بەسەربردنی ڕۆژێکی تەواوی ئەو جێیە جوانە ئامادەدەکەن. عوسمانلییەکان پردێکیان لەسەر ئاوەکەی خاسە دروستکردبوو و زۆرجارانیش لە وەرزی لافاوی زستان و بەهاران مەترسیی رووخانی لێ دەکرا.

ناوە دیرینەکانی وەک "خاسە، باوەگوڕگوڕ، باوە قەتال،بلاغ" ئاماژە بەوەی دەکەن کە ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی کوردییە و، تووشی داگیرکاری و نیشتەجێبوون و گۆرانی دیمۆگرافی بووە. ئەوەی جێی گومان نییە ئەوەیە، دانیشتووانی ڕەسەنی ناوچەکە کورد و کلدانن و بەدرێژایی مێژوو قەومی دیکەی بۆ هاتووە و بوونەتە بەشێک لە ئاکنجییانی ئەو شارە، بەڵام زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانی گوندەکانی دەوروبەری شارەکە کوردن.

گۆڕی دانیال پێغەمبەر و ئەبرەشییەی گاورە کلدانەکان و چەند مزگەوت و تەکیە لەسەر قەڵای شارەکەن. لە سەردەمەکانی دواتریش، کورد و تورکمان و جوو لە ناوچەکانی دەوروبەری قەڵا نیشتەجێ بووینە، لەو جێیانەش "بەرتەکیە" و"بۆلاغ" و ئیمام قاسم و گەڕەکی جوولەکان و موسەڵلا و قۆریە و.....تاد. کۆنترین جێی سۆفیگەرییش تەکییەی

تاڵەبانییە، کە دووسەد ساڵ دەبێ دروستکراوە و گۆڕی ئەو شێخە تاڵەبانییانەی تێدایە کە ئیرشادیان لەسەر تەریقەتی قادریی تاڵەبانی کردووە و، تەکییەی کۆنی دیکەش لەوشارە هەن وەک تەکییەی بەرزنجی و تەکییەی شێخ حوسامەدین و تەکییەی شێخ عەبدولخالق. زۆربەی موریدانی تەکیەی تاڵەبانیی کەرکووک تورکمانن و، موریدە کوردەکانی زۆربەیان خەڵکی کوردستانی خۆرهەلاتن"خۆرهەلاتی کوردستان- ل . ب" وەک مهاباد و موکریان و هەورامان. لە سەردەمانی دواتریش هەندێ شاعیر لەوێ دەرکەوتوون، وەک شێخ عەبدولڕەحمان و هەردوو کورەکەی، شێخ ڕەزا و شێخ عەبدولقادر"فائیز" و مەلا سادق سەنەوی.

لە دەیەکانی ، قەلای سەربازی"قشلە" و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەولەت "سەرا" و بەڕێوەبەریتیی شارەوانی و نەخۆشخانە و قوتابخانە دروستکران.

هۆزەکانی تاڵەبانی و جەباری و شوان و زەنگەنە و .... تاد دەوری شارەکەیان داوە، کە هۆزی کوردن و لە چەند خێزانێکیش بترازێ شارەکە هیچ عارەبێکی تێدا نەبووە و، ئەوانیش بۆ قەسابیی مەڕومالات لە موسڵێرا هاتبوون و لەدەرەوەی شاری چەند ماڵێکیان هەبوو کە لە دەماڵ تێنەدەپەڕی و لە هۆزی حەدیدی بوون، هەرچیی زۆرینەیە، کورد و تورکمان و کەمینەکانی کلدان و ئاشوری و ئەرمەنی و جوو بوون.

لەگەڵ باوکم، لە یەکەم بەهاری تەمەنم شارەکەم بەجێهێشت و، ساڵی ۱۹۳۲ هاتمەوە شاری تا لە خوێندنی سەرەتایی و لەژێر چاودێریی شێخ محەممەد عەلیی باپیرم درێژە بە خوێندن بدەم.

باوکم بۆ ویستیی بچێته گوندی زەرداو؟:

باپیرم براگەورەی برایانی بوو و پیاوێکی ئایین پەروەر و بەخشـــندەبوو و، تەکیەی تاڵەبانییش سـەرباری جێبەجێکردنی ڕێوشـوێنە ئایینییەکان و سـۆفیگەری، پێشـوازیی لە کەسـایەتییە کوردییە ناسـراوەکان دەکرد و، هەژار و نەداریشـی دەحەواندەوە و خواردنی دەدانێ. باپیرم ، بە سەخاوەتەوە پارەی بۆ میوان و ناسیاوان خەرج دەکرد و، بە پارە و شتومەکیش هاوکاریی خەڵکی نەدار و دەستکورتی گەڕەکی بەرتەکیەی دەکرد.
چونکە باپیرم کارەکانی بەڕێوەدەبرد، شـێخ جەمیلی مامم خەریکی ئیرشـادی ئایینی دەبێ و گەلێ چێژ و خۆشـیی دنیای لەخۆی حەرامکردبوو و لە کونجێکی تەکییە پەرگیر ببوو و ڕازی نەبوو بچێتە ناو شـارەکەش. ئیدی دەروێش و مورید و پیاوانی ئایین دەوریاندابوو، کەچی هەرچی کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستییەکان بوون، ئەوا سەریان لە دیوەخانەکەی باپیرم دەدا و، باوکم کاروبارەکانی میوانداری و بەڕێوەبردنی موڵک و ماڵی کردبووە پیشـە. بەڵام ئەو موڵکانە زەویی کشـتوکاڵیی دەوروبەری کەرکووک بوون، وەک ناوچەی 'چوارباخ' و 'یاروەلی' و 'سـۆنەکولی' و ' گوندی 'قەرەدەرە'ی نزیک ناحیەی دووبزی باکووری کەرکووک. داهاتی ئەو زەوییانەیش بە حاڵ بەشـی ژیانی باپیرم و خانەوادەکەی و ئەرکەکانی میوانداریی میوانانی دەکرد.
ئێسـتا باوکم خاوەن ژن و خاوەن دوو منداڵ بوو و، ئەرکی سـەرداری خێزانییش هەر خواردن و جلوبەرگ نەبوو، کە ئەویش هەر بەخێری باپیرم دەسـتدەکەوت. بۆیە، دەبوایە بەهەر جۆرێک بێ کـاروبـارەکـانی خێزانەکە ڕێکبخـا. نـاوچەی زەرداو وەقفی تەکیەی تاڵەبانی بوو، یەک لە ئەندامانی خانەوادەی گەیلانی، لە بەرانبەر ئەو خانووەی هی شـێخ عەبدولڕەحمانی باپیرە گەورەمان بوو و، هێشـتا لەبەردەم دەرگای سـەرەکیی مەرقەدی شـێخ عەبدولقادری گەیلانی بەپێوەبوو، ئەو زەوییانەی وەقفی تەکیەی تاڵەبانی کردبوو. باپیرەم، کە خۆی و موریدەکانی سـەردانی مەرقەدی شـێخی گەیلانییان کردبوو، ئەو خانووەی کڕیبوو و وەک وەقفیش پێشـکەشـی حەزرەتی گەیلانیی کردبوو تا ببێتە دیوانی نەقیبی ئەشرافەکانی شار و، ماڵێک بۆ نیشتەجێبوونی خانەوادەکەی.
عەبدولکەریم وادی ئاغای وەکیلی باپیرم ئەو ناوچەیەی بەڕێوەدەبرد، بەڵام کە ئینگلیزەکان عێراقیان داگیرکرد، عەبدولکەریم ئاغا لە بەرایی ئەوکەسـانەبوو کە هاوکارییان کردن و، ئەوانیش کردییانە بەڕێوەبەری ناحیەی زەنگەنە و ئیدی بە بەریتانییەکانەوە لەخۆی بایی بوو و هیچ گوێی بە باپیرم نەدەدا و، بگرە کە باپیرم سـەردانی گوندەکەی کردبوو ئەو ڕووی گرژ کردبوو و بەڕەقی قسەی لەگەڵ کردبوو.

جا باوکم شـوێندی خواردبوو، بەهەر نرخێک بێ، دەبێ لە گوندیی دەربکا، ئیدی ناوە ناوە بەخۆ و بە چەند پیاوێکی کەرکووکەوە ســـەریان لە گوندەکە دەدا و، پەیوەندیی لەگەڵ هەندێ جووتیاری گوندەکە پەیداکرد و، ئیدی بێ ئەوەی پرس بە عەبدولکەریم ئاغا بکا کرێی زەوییەکانی لە جووتیارەکان وەردرگرت.

جووتیـارەکـانی گونـدەکە ســـەربە چەنـدین هۆزی جودابوون، زەنگەنەی لایەنگری عەبدولکەریم ئاغا و ســـتووری و ئۆمەربل و داودە و.....تاد، یەکەمین جووتیارەکانی لای باوکمیان گرت ئەوانەبوون کە زەنگەنە نەبوون. جووتیارەکان لەدەسـت سـەرانە و زوڵمی عەبدولکەریم ئاغا و برا و کورەکانی تالآویان چەشـــتبوو، بۆیە ئەوەندە بۆ باوکم گران نەبوو جووتیارەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشـــێ و عەبدولکەریم ئاغای پەرگیر بکا. ئیدی ئەو کابرایە ناچاربوو ڕەو بکا و بچێتەوە ناوچەی زەنگەنە و گوندەکە بەجێبێڵێ.

گواستنەوە بۆ گوندی زەرداو:

گوندی زەرداو دەکەوێتە باشـــووری کفری و ٢٣ کیلۆمەتری لێ دووره و، ئەو ڕێیەی پێیدەڵێن "سوڵتان- شاری" بەناو زەوییەکانی ئەو گوندەیدا دەڕوا و ڕووبەری زەوییەکانی گوندەکەش ١٣ هەزار دۆنمە، جۆگە ئاوێکی شـــۆری تێدایە چونکە لە دۆڵێکی خوێیاوی هەڵدەقوڵێ، هەر ئەو ئاوە ســـەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و ئاودانی ئاژەڵ و داچاندنی ڕووبەرێکی کەمی ســـەوزەی هاوینان و گەنم و جۆی زســـتانانە. گوندەکەش، بۆیە ناوی لێنراوە زەرداو چونکە جۆگەکەی سەرواڵە و با قرشوقاڵی پەرێز و کۆدەران بۆناو ئاوەکە ڕادەماڵێ و ئاوەکە ڕەنگی زەرد دەبێ. هەرچی ئەو زەوییانەشن کە بەنۆرە گەنم و جۆیان لێ دەچێنن، ئەوا پشـت بە باران و ســەرکردنی ئاوی دۆڵەکان دەبەســتێ کە دوای ئەوەی کۆدەبنەوە بەکفریدا ڕەتدەبن و دەڕژێنە ناو ڕووباری عوزێم. گوندییەکان بەنداوی خۆڵ دروست دەکەن تا ئاوەکە گلدەنەوە و دوایەش بەو جۆگانەی ئامادەیان کردوون کێڵگەکانی گەنم و جۆیان پێ ئاوبدەن، بەڵام ناوچەکە ســاڵانی بێ بارانیی یەک لە دوای یەک بەخۆوە دەبینی کە هەژاری بەڵا بۆ خەڵکی گوندەکە دێنێ، بەڵام کە ســاڵانی دواتری بارانێکی باش دەباری ئیدی دەبووژێنەوە و ژیان و خۆشی دەگەڕێتەوە گوندەکە.

ساڵانی بێ بارانی بارودۆخی گوندەکە زۆر ئەستەم دەبێ، سەرەتای پاییزێ جووتیارەکان دەســـت بە کێڵانی زەوی دەکەن ودانەوێڵە تۆ دەدەن و، تەنێ برێکی کەمی بۆ خواردن هەڵدەگرنەوە و چاوەڕێی بارانێ دەکەن تا تۆوەکان ســـەوز بن. لە ســـاڵانی بێ بارانی ئەگەر ســـەرەتا باران بەدرەنگ بکەوێ و تۆوەکان شـــین نەبن یان ئەگەر باران ببارێ و کێڵگە ســەوزبن و دواتری باران ببڕێ، ئەوا بنەتۆ و ماندووبوون و زەوی کێڵانیان دەبێتە زەرەر و لە ڕزقی ســاڵێکیان بێبەش دەبن. ڕەنگە وشـکەساڵییش چەندین ســاڵ بخایەنێ و جووتیار هەرچیی هەیەتی لەدەســتی بچێ. هەرکە تۆوەکان شـین دەبن و لاسـکی گەنم و جۆ بـاڵا دەکەن و، دواتری کە پەژموردە دەبن، ڕوخســـاری جووتیـارەکـانیش لەگەڵ پەژموردەبوونییان پەژموردە دەبن و لەگەڵ زەردهەڵگەرانی گەڵای گەنمیش ڕوخســاریان زەردهەڵدەگەڕێ. ئاخر بە تاقیکردنەوەی پێشتری دەزانن چ ژیانێکی تەنگ چاوەڕێیان دەکا و، چۆن قەرزی ســووخۆرانیان لەســەر کەڵەکە دەبێ ودەبنە نێچیری هەشـتپێیەکی، مەگەر ســـاڵی هات و بەبارانی بەدوادابێ، دەنا ناتوانن لەدەســـتی دەرباز بن. ئیدی ئاوا لە بارنەیەکی بەتاڵدا خول دەخۆن.

باوکم گوندەکەی بەڕێوەدەبرد، گوزەرانی ئێمە لە خەڵکەکەی دیکە باشـــتربوو، بەڵام کە وشـکەســاڵی ڕیزیان دەبەســت، ئەواهەر ســاڵێک بەرگەمان دەگرت، دواتری گوزەرانمان

لەگەڵ جووتیـارەکـان بەرەو خراپی دەچوو و قەرزی خـاوەن دووکـان و ســـووخۆرە عەللافەکانمان لەسەر کەڵەکە دەبوو.
ئەو جووتیارانەی بە سـەلامەتی لە بەڵای وشـکەسـاڵی دەردەچوون ئەوانەبوون کە هەندێ دانەوێڵەیان هەڵگرتبوو و ڕانەمەڕێکیشـــیان هەبوو و کە باراشـــیان تەواو دەبوو هەندێ ســـەرمەڕیان دەفرۆشـــت تا باراشـــی پێ بکڕن. هەرچی هەژارەکان بوون، بۆ ماوەیەک گوندیان بەجێدەهێشـــت و لە ڕێگەکێشـــان و هێڵی شـــەمەندەفەر یان ناوچە بەراوەکانی "زەنگاباد" کاریان دەکرد.
گوندی زەرداو قوتابخانەی نەبوو تا منداڵانی جووتیارەکان تێیدا بخوێنن و، ســـەرباری بڵاوبوونەوەی نەخۆشـــی و پەتای وەک تیفۆ و مەلاریا و کۆکەڕەشـــە و نەخۆشـــییەکانی چاوێشـەش، کەچی نەخۆشخانەی تێدا نەبوو، تاکە نەخۆشـخانەی هەشبوو نەخۆشـخانەی کفری بوو، بەڵام دەرمـانی کەم بوو. دکتۆر فەکت، کە تـاکە پزیشـــکی قەزایەکەبوو، لە وەڵامی پرســـیاری پشـــکنەری وەزارەتی تەندروســـتی، داخوا کە دەرمان نامێنێ چ دەکا؛ وەڵامەکەی ئەوەبوو کە گوتی: "نووشتە بۆ نەخۆشەکان دەنووسم".
مزگەوتێک لە گونـدەکە هەبوو و وەک خـانووەکـانی گونـدیش هەر لە خشـــت و قوڕ دروسـتکرابوو و نوێژکەر نوێژیان تێدا دەکرد و "مەلا"یەک ، بەرانبەر زەکات و سـەرفیترە و یـارمەتیی جووتیـاران، پێشـــنوێژیی بۆ دەکردن، بە بەرانبەرێکی کەمیش منـداڵی جووتیارەکانیشـی فێرە قورئان دەکرد، جا چ پارە بووایە یان هەر پێداویستییەک. زۆربەی کاتیش، لە گوندەکانی کوردستان، مەلا تاکە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ئایینی و نەتەوەیی بووە.
جووتیـاران ئـازووخە لە کەنـدووی لەقوڕ دروســـتکراو هەڵـدەگرن و ڕۆنیش لە "هیزە" هەڵـدەگرن، کە لە کەنـدوویکی قوڕدا هەڵـدەگیرێ و پێیـدەڵێن هیزەدان، ئەو خـانەوادانەی دەستیان بڕۆیشتبا سەندووقی داریان هەبوو و شەکر و چا و شتی دیکەی تێدا هەڵدەگیرا و، ڕووەکەی بە ئاوێنەیەک دەڕازێندرێتەوە و زاوا، لە مارەیی، لەگەڵ هەندێ ڕایەخ و لێفەی خوری پێشکەشی بووکێ دەکا.
ناوەندی ژووری هەر خانەوادەیەکیش چاڵێکی لێیە و ســێ پێچکەی ڕوو لەســـەرەوە یان ســـێ بەردی ڕێکی لەســـــەر لێواری داندرایە و پێیدەڵێن کوانوو"ئاگردان، کوانووش بۆ خۆگەرکردنەوە و چێشتلێنان و ئاو گەرمکردن و شیر و چایە .
ئەو کوانووە مانا و داتاشـراوی زۆری لای کوردان هەیە و وشـەی "وەجاغ"یشـی لەجیاتی بەکاردێ کە وشـــەیەکی تورکمانییە. ئەو وشـــەیە لە زۆر پەندی کوردی بەکارهاتووە، بۆ نموونە بۆ پیاوی ڕژد و چنۆک دەڵێن: "مریشک دەتوانێ هێلکەی لە وەجاغیدا بکا"، ئەوەش

مانای وایە چێشت لێنانێ و نانی ناداتە کەس. بۆ ئەو کەسەی کوڕی نەبێ یان کوڕێکی خراپ و نابەڵەدی هەبێ، دەڵێن : "وەجاغی کوێرە" ئەگەر وەسفی کەسێکی لێوەشاوە و شکۆدار و بە جێ و ڕێ بکەن، دەڵێن: "خاوەن ئاگردانە" ئەگەر بشیانەوێ تەشەر لەیەکێک بدەن، دەڵێن: "وەجاغت کوێربیتەوە" ئەوەش نزا و تووکی مردنە و کەسیشی لەپاش بەجێ نەمێنێ. زۆر جارانیش شوێند بە وەجاغ دەخۆن و دەڵێن :"بە هەقی ئەو وەجاغەی"ڕەنگە ئەوەش پاشماوەی بڕوای مەجووسییان بێ.

باوکم، زۆربەی کات لەگەڵ پیاوە بە وێڵەکانی گوندی لە دیوەخان دادەنیشت. دیوەخان هۆڵێکی درێژە و لە خشت و قوڕ دروستکراوە و سەری بە دار و قامیش گیراوە و ئاگردانێکی گەورەی لە لای پێشەوەی هەیە کە زستانان بۆ خۆگەرمکردنەوە و قاوەلێنان بەکاردێ و ئەوەندەیشی ئاگر لێ کراوەتەوە لەبەر دووکەل میچ ودیواری هەموو ڕەشبووە. ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە شێخی گوندی جێگە و پێگەیەکی هەیە و بەخشندەیە. ئیدی جووتیارەکانی لێ کۆدەبوونەوە و بەزۆرییش ئەوانە دەهاتنە دیوەخان کە زۆریان کار نەدەکرد و شەوانە باسی کاروبارەکانی ژیان و کشتوکاڵ و بابەتی دیکەیان دەکرد و چا و قاوەیان لەلای شێخ دەخواردەوە.

پەیوەندییەکانی باوکم لەگەڵ جووتیاران لە هیی ئاغاکانی دیکەی ناوچەکە جودابوو. ئاخر باوکم لە تەکییەی تاڵەبانی و لەسەر ڕەوشتی دروست و مامەڵەی باش و سادەیی و ڕووخۆشی و بەخشندەیی پەروەردە ببوو. جووتیارەکان ئێمەیان وەک نموونە دەهێنایەوە و دەیانگوت : "ماڵی جووتیارەکانیان پێنازانن"ئەوەشیان وەک ڕەوشت پاکیی ئێمە دەگوت و، کە یەکێکیشیان نەخۆش بکەوتایە هانایان بۆ باوکم دەهێنا، باوکیشم، ئەگەرچی زانیارییەکی کەمی لەو بابەتانەدا هەبوو، بەڵام بەدەمیانەوە دەچوو و سەرپەرشتیی نەخۆشەکانی دەکردن و لەو دەرمانانەی دەدانێ کە لە نەخۆشخانەی کفری دەیهێنان. زۆربەی نەخۆشەکانیش ئەوانەبوون کە تووشی مەلاریا و تەراخۆما ببوون و چارەسەریشیان دیار و دیاریکراوبوو. جاری وا هەبوو جووتیارێک لە قسەیەکی کاتی تووڕەیی باوکم زویر دەبوو، ئیدی پەشیمان دەبووەوە و بەخۆی دەچووە ماڵەکەی تا ئاشتی بکاتەوە و دڵنەوایی بکا و، ئەگەر یەکێکیشیان تووڕەبووایە و بۆ گوندێکی دی باری بکردبایە، خۆی دەچوو و دەبووە میوانی و داوای لێبووردنی لێ دەکرد و دەیهێنایەوە گوندی.

گوندەکە نزیکەی سەد ماڵ دەبوو، هەندێ جووتیاری دەوڵەمەند لە گوندی هەبوون و گوزەرانیان لەخەڵکی دی باشتربوو. جووتە ئێستریان بۆ جووتی هەبوو، کە بەهێزترین ولاغی جووتییە لە کوردستان. ئی واش هەبوو چەند سەد سەر مەڕ و بزنی هەبوو و

چەند مانگایەک و ئەسپێکی سواری و چەندین مریشک و چەکێکی باشیش ٘چ دەمانچە و چ تفەنگ ٘.
هەرچی جووتیارەکانی دیکە بوون، دوو کەریان بۆ جووتی هەبوو و چەند سـەر مەڕ و مانگا و هەندێکیان تفەنگیشـیان هەبوو، چەک لای خەڵکی گوندەکان وەک پاشـەکەوتە، کە پارەی هەبوو چەکێک دەکڕێ تا خۆی و سـەروماڵی پێ بپارێزێ و، کە تەنگدەسـتیش بوو دەیفرۆشێتەوە و کە باری داراییشی باشبووەوە دەیکڕێتەوە. جا کە دەڵێن کورد کە پارەی هەبوو یـان ژنێ دێنێ یـان چەکی دەکڕێ، ئەوە ئەو قسـەیە لەوەیڕا هـاتووە. هەرچی نەدارەکانیش بوون، بەپێی ئەو دۆخەی باوبوو، بەرانبەر هەندێ بەروبووم، لای خەڵکی دی کاریان دەکرد.
خۆراکی جووتیاران، دەوڵەمەندەکانی لێ دەرچێ، بەحاڵ تێری دەکردن. خواردنی باویش نان و چا یان نان و ماست بوو، زۆر بەکەمی گۆشتیان دەخوارد، مەگەر لەبۆنەکانی وەک جەژن یان کە خێرۆمەند خێریان بکردایە، جا ڕۆنی ئاژەڵ و کەرە و هێلکە جێی گۆشـتیان دەگرتەوە.

له سه‌فه‌رێ، ڕێگر ڕییان لێ گرتین:

له‌و ڕووداوه سه‌یرانه‌ی له‌و ساڵانه‌دا به‌سه‌رمان هات، ئه‌وه‌بوو که له سه‌فه‌رێکی له زه‌رداوه‌وه بۆ که‌رکووک ده‌چووین، ڕێگر به چه‌که‌وه له نزیک که‌رکووک ڕێیان لێ گرتین .

ئه‌وزاره‌کانی گواستنه‌وه له بیسته‌کان"سه‌ده‌ی رابه‌دوو"ژماره‌یه‌کی که‌می ئۆتۆمۆبیل بوو، که ئه‌وده‌مای هه‌بوون و له‌ناو خه‌ڵکه‌که پێیان ده‌گوترا "ئوم لۆکه" ئۆتۆمۆبیلی جۆری فۆرد بوو ، سه‌رمیچه‌که‌ی قوماشبوو و له دوولاوه ده‌کرایه‌وه، چه‌رخه‌کانی له دار و ئاسن دروستکرابوو و دو گێڕی هه‌بوو یه‌ک بۆ پێشه‌وه و یه‌کیش بۆ دواوه، به‌گوڕترین خێراییشی ٢٥ کیلۆمه‌تربوو له سه‌عاتێکدا، زۆرجاران تێکده‌چوو و تایه‌ی ده‌رده‌چوو و ده‌یانخسته‌وه جێی خۆی، ئه‌وه‌ش کاتێکی زۆری ده‌برد. سه‌فه‌ری نێوان گونده‌که‌مان و که‌رکووک ڕۆژێکی ته‌واوی ده‌برد. جا ده‌بووایه زوو به‌ڕێکه‌وین و خۆ له سه‌رما و گه‌رمای ڕێ بپارێزین و، ده‌بووایه بایی ڕۆژێکیش خواردن و ئاو له‌گه‌ڵ خۆمان ببه‌ین و، سه‌رباریش ده‌بووایه خۆ له ڕێگران بپارێزین.
ڕووداوه‌که‌مان ئه‌وده‌می به‌سه‌رهات که دایکم له‌به‌ر له‌دایکبوونی عه‌تای خوالێخۆشبووی برام نه‌خۆشکه‌وت، جا قه‌زای کفرییش له پزیشکێک و برینپێچێک و سسته‌ریکی نه‌شاره‌زا پتری لێ نه‌بوو، ئیدی نه پزیشکی پسپۆڕی نه‌خۆشیی ژنان و نه ئیی دیکه‌ی لێبوو. تاکه خه‌سته‌خانه‌ی کفرییش ئه‌و خانووه‌بوو که هیی سه‌ید سه‌لمانی باوکی سه‌ید یاسین ئه‌لهاشمی بوو و دیوه‌خانه‌که‌ی بۆ پزیشکه‌که کردبووه عه‌یاده‌ی ده‌ره‌کی و له حه‌ره‌مسه‌راش ته‌نیا چوار قه‌ره‌وێڵه‌ی دانابوو، زۆرجارانیش ده‌رمانیان لێ ده‌بڕا و جۆری ده‌رمانه‌کانیش زۆر دیاریکراوبوون. ئیدی خه‌سته‌خانه‌که بێ ده‌رمان ده‌بوو و شارۆچکه‌که‌ش هیچ ده‌رمانخانه‌یه‌کی لێ نه‌بوو ده‌رمان بفرۆشێ.
باوکم ئۆتۆمۆبیلێکی فۆرد" ئومولوکه"ی به‌کرێ گرت، کاره‌کانی سه‌فه‌ری ئاماده‌کرد و له‌گه‌ڵ گه‌ردی به‌یانی له‌گوندی چووینه‌ده‌رێ، ئه‌وده‌می ته‌مه‌نم دوو ساڵ بوو و، منداڵ له‌و ته‌مه‌نه ڕووداوه‌کانی به ته‌واوی به‌بیرنایه‌ته‌وه ، به‌ڵکو ئه‌و ڕووداوانه‌ی به‌بیردێته‌وه که دڵخۆشیان کردووه یان تۆقاندوویانه و، ره‌نگه دواترێ هه‌ندێ برگه‌ی دیکه‌ی ڕووداوه‌کانی گوێ لێبێ و پێیوابێ دیتوویه‌تی.
دایکم هیلاک و نه‌خۆش بوو و عه‌تای ساوای برامی له باوه‌ش بوو،عادیله‌ی خوشکیشم له‌ته‌نیشتی بوو که ته‌مه‌نی چوار ساڵ بوو. باوکم له‌سه‌ر کورسیی پێشه‌وه و له‌ته‌نیشت شوفێره‌که دانیشتبوو وتفه‌نگێکی له‌و تفه‌نگانه به‌ده‌سته‌وه‌بوو که سوپای تورکان به‌کاریان ده‌هێنا و، منیش له باوه‌شی بووم.

ڕێی نێوان کفری و کەرکووک قیرتاو نەکرابوو، زۆرجاران لەبەر باران و ئاوەڕۆی زستان سەفەر نەدەکرا و سەر دۆل و رووبارەکانیش پردیان نەبوو، دەبوایە ئۆتۆمۆبیل بەیارمەتیی ئەو پیاوانە لە دۆڵ و ڕووبارەکان بپەڕێتەوە کە بەرانبەر برەپارەیەک پاڵیان بە ئۆتۆمۆبیلەکانەوە دەنا.

سەفەرەکە ڕۆژێکی تەواوی خایاند، درەنگی ئێواری گەیشتینە سەر رووباری خاسەی باشووری کەرکووک، دنیا تاریک داهاتبوو. بنکەیەکی پۆلیس لەسەر گردێکی نزیک جێی پەڕینەوە بۆ پاراستنی ڕێبواران داندرابوو، بەشی هەرەزۆریی ڕێیەکەش لەباوەشی باوکم نووستبووم، بەدەنگی تەقە و نەڕاندنی باوکم بەئاگاهاتم'کوڕە کێن'. تفەنگەکەی بەدەستەوەبوو و دوو فیشەکی تەقاند، ئەوجا ئۆتۆمۆبیلەکە لایدا تەنیشت ڕێیەکە و ڕاوەستا. ئەو دیمەنەم لەبیرە چونکە لە تاریکی و لە بلاچەی ئەو تەقانەش دەترسام کە لێیان دەکردین و بەرگریی باوکیشم. لە سەروبەندی ئەو ڕووداوەی دایکم گوتی منداڵەکەی لەباوەشی بەربووەتەوە و کەوتووەتە دەرێی ئۆتۆمۆبیلەکە.

پێدەچوو ڕێگرەکان باوکمیان بە دەنگی ناسیبێتەوە، ئیدی تەقەیان ڕاگرت و دوور ڕاوەستان وچاودێرییان دەکرد. باوکم و شوفێرەکەی گاورێکی کلدانی کەرکووک بوو و ناوی 'بەسراوی' بوو، لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزین و خەریکبوون لەبەر ڕووناکیی تەڵە شقارتان لە منداڵە ساوایە ونبووەکەی دەگەڕان، واتە عەتای برام. کە ئەشقیایەکانیش بەوەیان زانی، ئەوانیش لێی دەگەڕان، ئیدی عەتای برامیان دیتەوە و کە تەمەنی چەند ڕۆژێک بوو و خوێنیش لە سەری و لە دەموچاوی دەهاتەخواری. بەڵام ئیستا چ بکەین؟ ئۆتۆمۆبیلەکە چەند گوللەیەکی پێکەوتبوو و پەکی کەوتبوو، وەک زانیشم 'عەزیز بەرقی' ڕێپێدراوی پۆلیس کە ڕۆلەی خانەوادەیەکی تورکمانی کەرکووک بوو، لەگەڵ چەند پۆلیسێک گەیشتبووە جێیەکە و ئەوجا لە مەخفەری پۆلیسەوە بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کەرکووکەوە کرد، ئۆتۆمۆبیلێکیان بۆ ناردین و ئێمەی گەیاندە نەخۆشخانەی کەرکووک تا چارەسەری دایکم و عەتای برام بکەن. دیمەنێکی دیکەشم لەبیرە و دێتەوە بەرچاوم، من وعادیلەی خوشکم چەند ترسابووین ئیدی عەزیز باقیی موفەوەز ئێمەی بردە لای شەکەرات فرۆشێک و هەندێ نوقڵی بۆ کڕین و هێوری دەکردینەوە و ترسی دەڕەواندینەوە دەیگوت هەموو شتێک باشە و دایک و باوکتان دێنەوە.

دوایە دەرکەوت شەقاوە ڕێگرەکان سەر بە یەک لە تاڵەبانییەکانی گوندێکی نزیک کەرکووک بوون. ئیدی دەنگی باوکمیان ناسیبووەوە و دەستیان لە تەقە هەڵگرتبوو و ئەو

تاڵەبانییەش برادەرایەتییەکی بەهێزی لەگەڵ باوکم هەبوو"خوا عەفووی بکا و لە گوناهانی ببووریّ".
ژنانی خۆشــگوزەران هەندێ خشــڵی زێڕیان هەڵدەبژارد و وەک پێشــەکیی مارەیی پێشکەشیان دەکرا، دایکیشم بڕە خشڵێکی باشی هەبوو و لەناو کیسەیەکی قوماشی دانابوو و لەگەڵ خۆی هێنابوویە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە، بەڵام لە هەرای ئەو ڕووداوە و لەبەر نەخۆشــییەکەی و لەترســی ئەوەی نەکا ســاوایەکەی لیّ ونبیّ، زێڕەکەی لەبیرکردبوو. ڕۆژی دواتریّ، کە شوفێرەکە ئۆتۆمۆبیلەکەی چاککردبووەوە و دایکیشم لە نەخۆشخانە دەرچوو، شوفێرەکە کیسەکەی هێنایەوە و گوتی: "دەزانم ئەو کیسەیە زێڕی تێدایە، بەڵام خوا ئاگادارە نەمکردووەتەوە و نازانم چەندی تێدایە. چۆن بووە ئاوام بۆ هێناونەتەوە". باوکم ویستی لەپای دەستپاکییەکەی خەڵاتی بکا، بەڵام ڕەتیکردەوە و گوتی: "ئەگەر ئێوە نەبوونایە شــەویّ دینیّ ڕێگرەکان دەیانکوشــتم، خوا لەســایەی ئێوە ڕزگاری کردم و ئەوەندەشم بەسە".

کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان:

کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان[6] لە سلێمانی دامەزرا و، گەیشتە بەشی هەرەزۆری شارەکانی کوردستان و، کەسایەتییە دیارەکانی لە سلێمانی دایانمەزراند بریتیبوون لە بەڕێزان جەمال بابان و محەممەد عەبدولڕەحمان و شێخ محەممەد کولانی و عەلی باپیر ئاغا و باوکیشم یەک لە موڵکدارە ڕۆشنبیرەکانی قەزای کفری بوو و، هەندێ ڕۆشنبیریی لای مەلاکانی کەرکووک وەرگرتبوو و، لەسایەی باوک مامەکانیشیدا ژیابوو و تەکیەی تاڵەبانیی کەرکووکیش، سەرباری ئەوەی جێی خواپەرستی و زیکر و سۆفیگەری بوو، پێگەیەکی زانا و شاعیر و ئەدیبانیش بوو و، هەر ئەو خانەوادەیەش شاعیری دیاری لێ هەڵکەوتووە، وەک زانا و سۆفی و شاعیر شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی و شێخ عەبدولقادری کوڕی "فائیز" و شێخ محەممەد خاڵسی.

باوکم، کە گواستییەوە بۆ زەرداوی قەزای کفری، پەیوەندیی لەگەڵ پیاوە دیارەکانی ئەو قەزایە دروستکرد. محەممەد جافی کرابووە نائیبی کفری، لە دۆستە هەرە نزیکەکانی بوو و، محەممە بەگیش، چونکە پەیوەندیی بە زۆربەی نائیبە کوردەکانی پەرلەمانی بەغدا هەبوو، ئیدی ئاگای لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە هەبوو، ئیدی لەگەڵ باوکم و شێخ جەمال تاڵەبانی ڕێککەوت لقێک لە ناوچەی کفری بکەنەوە و هەستی نەتەوایەتی لە ناوچەکەدا بڵاوبکەنەوە. سەرەڕای ئەو دووەیشیان، دیارترین ئەندامەکانی لقەکەی کفری بریتیبوون لە سەعیدەفەندیی موفتیی زانای ناسراوی ئایین و سەعید وەنداوی و وەستا ساڵحی بەرگدروو.

ئەو کۆمەڵەیە، لە ساڵی ١٩٢٩ڕا و دوای ئەوەی کوردستان بەیەکجاری بەعێراقەوە لکێندرا و عێراق بووە ئەندامی کۆمەڵەی نەتەوەکان ، دەستی بە چالاکییەکانی کرد. ئیدی ئۆتۆنۆمی بووە ئامانجی سەرەکیی ئەو کۆمەڵەیە و، بۆ ئەو ئامانجەش شەش نائیبی ئەنجوومەنی نیشتمانی نووسراوێکیان دایە حکوومەتی عێراق و تێیدا داوای ئەوەیان کردبوو یەکە بەڕێوەبەرییەکانی زۆربەی دانیشتووانی کوردن یەکبخرێن، لیوایەکانیش بریتیبوون لە سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و قەزا کوردەکانی لیوای موسڵ و قەزای خانەقینی لیوای دیالە و، یان ئۆتۆنۆمییان بدرێتێ یانیش بەڕێوەبردنی لامەرکەزی. ئەو

---

6 _ کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان : لە ١٩٢٩ دامەزرا و بنکەی سەرەکیی لە سلێمانی بوو جەمال بابان بە سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە هەڵبژێردرا. ئامانجی سەرەکیی سەربەخۆیی کوردستان بوو، هەر خێراش کەسایەتییە ڕۆشنبیرەکان و ئەفسەرانی بەلای خۆیدا راکێشا، بەڵام دوای ئەوەی حکوومەتی عێراقی داواکارییەکانی ڕەتکردەوە و پەیمانی ١٩٣٠ی مۆرکرد، کۆمەڵەکە شکستی هێنا. بۆ زانیاریی پتریش بڕوانە : لازاریێف و کەسانی دی، مێژووی کوردستان، وەرگێڕانی لە ڕووسیڕا ، عەبدی حاجی، چاپی ١ ٢٠٠٦ ، دهۆک، ل ٢١٧-٢٢٥.

شــەش نائیبەش ئەندامی کۆمەڵەی ئازادیی کوردســتان بوون و بریتیبوون لە هەریەک لە: "جەماڵ بابان، محەممەد جاف، ئیسـماعیل ڕواندزی، سـەبغەتوڵلا موفتی و، حازم شـەمدین ئـاغـا". کەچی حکوومەت داوایەکەی ڕەتکردەوە و ڕووی لەوەی بوو ئەو کۆمەڵەیە هەلوەشـێنێتەوە و ئەوەیشـی بە هەوڵی پۆست بەخشـینە ئەندامەکانی کرد و بەرژەوەندیی تایبەت و فەرمانبەریی حکوومەتی بە ئەندامەکانی نیشـــاندا. دواتری جەماڵ بابان کرایە وەزیر و زۆربەی ئەندامەکانیشـــی پۆســـت و فەرمانبەریی حکوومەتیان درایە و، کە گەورەش بووم، باوکم بەجەخارەوە قســـەی بۆ دەکردین و زانییشـــی من و ژمارەیەک قوتابی کۆمەڵەیەکمان بەناوی "دارکەر" دامەزراندووە و، ئەو کۆمەڵەیەش دواترێ و پاش ساڵێک تەمەنی، بووە حیزبی هیوا.

ئەندامە دیارەکانی کۆمەڵەی ئازادی لە شـــارەکانی دیکە بریتیبوون لە ئیســـماعیل بەگی ڕواندزی و حـازم شـــەمدین ئـاغـای زاخۆیی و ڕەئووف بەگی جەلالیی کەرکووک و محەممەد جەودەت و سەبغەتوڵلا موفتیی هەولێر.

قەزای کفری:

کفری ناوەندی قەزایەکی فراوان بوو، لەلای باکووررا لەنزیک شـــارۆچکەی دووزەوە درێژدەبووەوە و ناحیەکانی قەرەتەپە و ســـەرقەڵا و پێبازی دەگرتەوە. ئەو قەزایە لەلای خۆرهەلات دەگەیشـــتە ســـەر تخووبەکانی چیای قەرەداغ و لە باشـــووریش تا گولالە"قەرەخـان" و لە خۆرئـاواشـــرا تـا زنجیرە چیـای حەمرین دەچوو.. زۆربەی دانیشتووانی ئەو قەزایەی کوردبوون و هۆزەکانیشی جاف و تاڵەبانی و دەلۆ و هۆرمزیار و زەنگەنە و هۆزی دیکەی بچووک بوون. تورکمان لە ناحیەی قەرەتەپە دەژیان و هۆزی جبوور و لهێبیش لە هەندێ گوندی نزیک حەمرین هەبوون.
کفری گەلێ خانەوادەی دیاری لێبوو، وەک خانەوادەی بابان و دیارترین کەســایەتییشــی جەمیل بەگی کوڕی مەجید پاشــای بابان بوو و لەســەردەمی عوســمانلییان کە ناوچەکە بەشــێ بووە لە میرنشــینیی بابان، مەجید پاشــا قایمقامی شــارۆچکەکە بووە. خانەوادەی ســەیدیش لە شــارۆچکەکە هەن و پێدەچێ لە خانەوادەی بەرزنجەی ناســراوبن و ئەوانە نەوەی شــێخ موحســینن کە لە قەزای دووز شــاردراوەتەوە و پێشــترێ لەســەر مەزەبی ئەهلی هەق بووینە و، سەید سەلمانی باوکی سەید یاسینی هاشمییش لە دانیشتووانی ئەو شــارە بووە و ئێســتاش خانووەکەی ماوە و ســەید یاســین هاشــمییش وەک پیرۆزییەکی خانەوادەی هاشــمیی"مەلیک فەیســەڵی یەکەم" کە کراوەتە پاشــای عێراق و ســەید یاســینی کوڕی سەید سەلمان و سەید تەهای برا، کە ئەفسەری سوپای عوسمانلی بووینە، لەگەڵیدا دەبن، ئیدی نازناوی هاشمیی دەدرێتێ.
خانەوادەی وەنداوییش لە خانەوادە دیارەکانی کفرین، وەک دیاریشــە جێی دروســتبوونی ئەو خانەوادەیە گوندی "قەڵاوەندای"ە لەســەر تخووبەکانی قەرەداغ. دیارترین کەســایەتیی ئەو خانەوادەیەش بەڕێز عومەر نەزمیی کوڕی حاجی حوسێن و محەمەد حاجی عوسمان و ســەعید وەنداوین لەگەڵ خانەوادەی مووســابەگ و عەزوابەگ و عەبدولکەریم وەنداوی. عومەر نەزمی زۆر پۆســـتی بەڕیوەبردنی وەرگرتووە، لەوانەش، پێش ئەوەی لە زۆربەی وەزارەتەکـانی عێراق ببێتە وەزیری نـاوخۆ، بووەتە موتەســـەڕیفی لیوای کەرکووک و پاشـان بووەتە جێگری ســەرۆکوەزیران و جەماڵ نەزمیی کوڕیشــی هەر بووەتە وەزیر و، هەندێ لە ئەندامانی خانەوادەکە پێیانوایە بنەچەیان تورکمانە.
لەســەردەمی عوســمانلیدا، زۆربەی تورکمانەکانیش خاوەنی ڕۆشــنبیری بوون، ئاخر ئەوان زمانەکەیان دەزانی و عوســمانلییەکانیش پشــتیان بە تورکمانەکان دەبەســتا، بۆیە زۆربەی ڕۆشـــنبیرەکانی شـــارۆچکەکە تورکمان بوون یان ئەوانە بوون کە تورکمانییان دەزانی و ژمارەیەکی زۆری خانەوادەکانیش لە بنەچەڕا کوردن.

ئەو شـــارۆچکەیە پشـــت بە بازرگانی دەبەســـتێ، بەتایبەتیش بازرگانیی دانەوێڵە و مەڕومالآت و بەرهەمەکانی مەڕومالآت و، زۆربەی دانیشتووانی هەردوو ناحیەی سەرقەڵا و پێباز لە هۆزی جاف و زەنگەنەن و ئەوانە زۆریان مەڕومالآت هەیە و دەشـــتەکانیش دانەوێڵەیان لێ دەچێندرێ، بەتایبەت گەنم و جۆ، بازاڕێکی گەورەش لە شـارۆچکەکە هەیە و گوندییەکان چ کاڵایەکیان بوێ لەوێ دەســـتیان دەکەوێ، بڕێکی زۆری گەنم و جۆ و خوری و پەنیر و هێلکە و مریشک ڕەوانی بەغدا دەکران و لەوێشەوە بۆ دەرەوەی عێراق.
ئەو قەزایە تاڕادەیەک جێی کینەی حکوومەت بوو، لە ١٩٢٠ بە ســـەرکردایەتیی ئیبراهیم خان دژی ئینگلیزان ڕاپەڕین و، جێگری حاکمی سەربازیی سیاسیی بەریتانیی تێدا کوژرا، دواترێ کەوتە بەر هەڵمەتێکی ســـەربازیی زۆری ئازاری خەڵکەکە دا و، حکوومەتیش هەمیشە کەسایەتییە بەهێزەکانی دەکردە قایمقامی ئەو قەزایە، وەک بەڕێز ماجید مستەفا[7] و سەعید قەزاز[8] و جەمیل ڕەوحی و ناجی هورمزی.
ئەو ڕێیەی پێیدەڵێن"ســولتانی- شــاری"، بە نزیک شــاری کفریدا دەڕوا. ئەوەش ڕێیەکی ســـتراتیژیی ناســـراوە و عێراق بە تورکیاوە دەبەســـتێتەوە و ئێســـتا پێیدەڵێن" ڕێی نێودەوڵەتی" و بەزاخۆدا دەڕوا و دوو لقی لێدەبێتەوە، یەکیان دەچێتەوە موســـڵ و ئەوجا بۆ بەغدا و ئەویدییان هەولێر و پردێ و کەرکووک و تازە و دووز و کفری و قەرەتەپە و گوڵاڵە و قزرابات "ســـعدیة" وشـــارەبان و باقووبە و ئەوجا بەغدا. بۆ پاراســـتن و

---

[7] _ کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازیی کوردی عێراقە، ساڵی ١٨٩٦ لە سلێمانی لەدایکبووە، لە ماوەی نێوان ١٩٣٩ _ ١٩٤٢ دا ئەندامێکی ســەرەکیی حیزبی هیوا بووە. خوێندنی لە قوتابخانەی ڕوشـدییەی سـلێمانی تەواوکردووە و پاشـــان بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە ئەســـتەمبوڵ و دەچێتە قوتابخانەی حەربییە، خوێندن تەواو دەکا و دەبێتە ئەفســـەر لە ســوپای عوسـمانلی. وازی لە پێگەکەی ســوپای عوسـمانلی هێناوە و چووەتەپاڵ شـۆڕشـەکەی شـێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانی. لە ناوچەی مەرگەی نزیک بنگردی سەر بە قەزای دووکان ٢٠٠ چەکداری لەبن دەستیدا بووە. لە زۆر نزیکەکانی شـێخ مەحمودی حەفید بووە و لە ١٩٢٧ بۆ دیداری مەلیک فەیسـەڵی یەکەم لەگەڵی چووەتە بەغدا، لەسەر ڕاسپاردەی شێخ مەحمودیش، مەلیک فەیسەڵ هەر ئەو ساڵە دەیکاتە بەڕێوەبەری ناحیەی عەزیزییەی لیوای کووت. لەسـەردەمی پاشـایەتیدا زۆر پۆسـتی وەرگرتووە، لە ٢ی ئابی ١٩٧٤ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕسـتانی غەزالییە شاردراوەتەوە. نقلا عن میر بصـری، علام السیاسـة فی العراق الحدیث، ٢٠ جزءا، دار الحکمة، لندن، ٢٠٠٥، ج١، ص ٢٠٠-٢٠١.

[8] _ سەعید قەزاز: لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٠٤ لە سلێمانی لەدایک بووە. لەسەردەمی پاشایەتی دا چەندین پۆستی وەزاریی وەرگرتووە. دوای شـــۆڕشـــی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ گیراوە و ڕەوانەی دادگای ســـەربازیی باڵا کراوە "دادگای گەل" زۆری تۆمەت دراوەتە پاڵ، لەوانەش سەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە ژمارەیەک عێراقی و فەرمانی تەقەکردن لە خۆیشـاندەرانی کە دژی سـاختەکاریی هەڵبژاردن خۆپیشـاندانیان کردووە، لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٥٩ لە سـێدارە دراوە. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: خالد احمد الجوال، موسـوعة اعلام کبار سـاسـة العراق الملکی (١٩٢٠- ١٩٥٨) دار الشءوون الثقافیة العامة، بغداد ، ٢٠١٣، ص٢٩٣.

دوورەهەڕەشەیی ئەو ڕێیەش گەلێ دەستە تورکمان لە زۆر سەردەمی جودا لەو ناوچانە نیشتەجێ کراون و باوەڕ وایە ئەوکارەش لە سەردەمی دەسەڵاتی سەلجووقییەکانڕا دەستی پێ کردبێ و دواتریش سەردەمی دەوڵەتی عوسمانلی. بۆ هەڕەشەلێکردنی ئەو ڕێیەش، سەفەوییەکانی ئێران ژمارەیەک هۆزی تورکمانیان بەرانبەر ئەو ڕێیە نیشتەجێ کرد.

لە خانەوادەی بەڕێز سەلمان و منداڵەکانی بترازێ، واتە هەردوو بەڕێزان یاسین ئەلهاشمی و تەها ئەلهاشمی، کە هەردووکیان لە سەردەمی پاشایەتی بوونەتە سەرۆکوەزیران، مەگەر خوا، دەنا هیچ خانەوادەیەکی عارەب لەو شارەی نییە. خانەوادەیەک هەیە کە هەندێکیان بوونەتە کورد و هەندێکیش تورکمان، ئەویش خانەوادەی سەید ماڵەڵلای کوڕی سەید خەلەفە، پێشتری لە باشووری کفری ژیاون و دوایە لەسەردەمی عوسمانلییان هاتوونەتە کفری، ئیدی سەید مستەفای بە "ڕیخەری" ناسرابوو خۆی و منداڵەکانی بوونە تورکمان و موبارەکی برایشی بەخۆ و بە منداڵەکانییەوە بوونە کورد.

هەرچی خانەوادەی سەید موحسین ئاغا و عومەر ئاغاشن، ئەوان دەچوونەوە سەر ساداتی بەرزنجە. پێدەچێ لەسەر مەزەبی ئەهلی هەق بووبن کە ئایینی تایەفەی کاکەییە و، ئەو خانەوادەیە ڕێوڕەسمی تازیەبارییان لە عاشوورا پەیڕەو دەکرد"ڕۆژی دەی موحەڕڕەم".

شۆڕشی ئیبراهیم خان:

گرنگترین ڕووداوی سەدەی بیستەمی ئەو شارۆچکەیە ودەوروبەری ڕاپەڕینەکەی ئیبراهیم خان بوو.ئیبراهیم خانی کوڕی ساڵح خان بەوەی دەناسرێ کە سەر بە هۆزی دەلۆی کوردە و، ئیی واش هەیە پێیوایە سەر بە هۆزی هۆرمزیاری لوورە. بەشێکی ئەو هۆزە لەناوچەکانی سەر تخووبی هەردوو هۆزی دەلۆ و داودەی باکوور و خۆرهەڵاتی کفری نیشتەجێن و، بەشی هەرەزۆریشیان لە گوندەکانی باکووری شاری کەرکووک دەژین و، بەتایبەتیش میللیی کوردی. بەڵام نازانم چ پەیوەندییەکیان بەو هۆزانەوە هەیە و، یەک لە کەسایەتییەکانی ئەو هۆزەش، کە لیوا تاهیر یەحیایە، لەسەردەمی سەرۆکایەتیی کۆماری هەردوو برا، عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان عارف، پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرتووە.ڕاپەڕینەکەی ئیبراهیم خانیش سەرەداوەکانی دەچێتەوە سەر شۆڕشی بیستی دژی بەریتانییەکان و، بەڵگەنامەکانیش ئاماژە بەوەی دەکەن کە پەیوەندیی بە ڕاپەڕینی خەڵکی تەلەعفەر و مووسڵەوە هەبووە و ، ئیبراهیم خانیش پەیوەندیی بە سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوە دژە بەریتانیانەوە هەبووە. ئاخر کە لە کفری هۆزەکانی دەلۆ و فەرفەتی ڕوغزایی هۆزی جاف هێرشیان کردە سەر شارۆچکەکە توانییان داگیری بکەن و "سیلمەن"ی ئەفسەری سیاسی بکوژن و بۆ ماوەی ٢٣ ڕۆژیش فەرمانڕەوایی شارۆچکەکە بکەن، بەڵام بەریتانییەکان، بەیارمەتیی شێخ حەمید تاڵەبانی، توانییان جارێکی دی کفری و دەوروبەری داگیرکەنەوە و شێخ محەممەدی شێخ ڕەزای تاڵەبانیی تێدا بکەنە قایمقام.

شێخ محەممەد پیاوێکی ڕۆشنبیر و شاعیر و ئەدیب بوو، یەکەم کاری لە کفریی کرد دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی بوو لە شارۆچکەکە. ئەوە یەکەم قوتابخانەی ئەو قەزایە بوو و ترووسکاییەکانی بەرایی هۆشیاریی نەتەوەیی بوو لەو شارۆچکەیە. ساڵی ١٩٢٩، کە لقی کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان لە لایەن شێخ جەماڵی باوکم ومحەممەد بەگی جاف دامەزرا و پاشانیش لقی حیزبی هیوا، لەلایەن من و محەممەد قەرەداغیی خوالێخۆشبوو کرایەوە و دوایەش لقی ئەو حیزبە لە هەریەک لە کەلار و زەرداو و، یەکەم بوونە ئەندامی ئەو حیزبەش شێخ ئەحمەدی شاکەلی بوو کە شاعیر و ئەدیب بوو. دوایەش مستەفا بەگی کەریم جاف، دواتریش ئەو لقەی حیزب کەریم بەگ و داود بەگ و محەممەدئەمین کەریم بەگ و ئەحمەد بەراحمەی گرتەخۆ.هەرچی لقی زەرداو بوو، شێخ عەتا تاڵەبانیی برام یەکەم کەس بوو پەیوەندیی پێوەکرد، دواتر حەبیب حاجی محەممەد و ئەوجا شێخ محەممەد نەجیب تاڵەبانی و لە گوندی "دوازدەئیمام"یش عەبدولڕەحمان و محەممەد عەلی ئاغای زەنگەنە و فارس عەبدولڕەحمان هاتنە ناو حیزب.

خوێندنی سەرەتایی:

باوکم، بە پێوەرەکانی ئەوسەردەمی، ڕۆشنبیر بوو. ئەو، لە تەکیەی تاڵەبانیی کەرکووک ژیابوو و پەروەردە ببوو حەزیشی لێبووە هاودەمیی ڕۆشنبیران بکا و بیروڕای ڕۆشنبیری و سیاسییان لەگەڵ شەن و کەو بکا.

ژمارەیەک ڕۆشنبیر لە کفری هەبوون و زۆربەیشیان تورکمان و کوردی بووە تورکمان بوون و، یەک قوتابخانەی سەرەتاییشی لێبوو. لە ساڵی ١٩٣٠، دوای کۆتاییهاتنی وەرزی کێڵان و تۆدان، خانوێکی لە کفری بەکرێ گرت تا زستانەکە لەوێ بەسەرببەین، ئەودەمی پێنج ساڵان بووم و ئەو تەمەنەش بۆ وەرگرتن لە قوتابخانە دەست نادا. بەڵام وەک ڕێزێک بۆ باوکم، بەڕێوەبەریی قوتابخانە ڕازیبوو وەک قوتابیی گوێگر وەرمگرێ و منیش حەزم لە قوتابخانەبوو تا لەجیاتیی ئەوەی لەماڵەوە بمێنمەوە لەوێ لەگەڵ منداڵەکان یاری بکەم، ئیدی چەند مانگێکم لە قوتابخانە بەسەربرد، بەڵام وەرگرتنم وەک قوتابییەکی بەڕێوجێ کەوتە ساڵی ١٩٣١. چوومە پۆلی یەک و بەبیریشم دێ برادەرەکانی ئەودەمیم مستەفا کەریم بەگ جاف بوو، کە پاشان لە سەرۆکایەتیی هۆزی جاف جێی باوکی گرتەوە و، حەسەن محەممەد ئەمین بوو، کە دواترێ بووە بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندەکەمان لە زەرداو.... تاد، منیش یەکەمی پۆلەکەبووم.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستای بەڕێز ڕەشید عاکف هورمزی بوو، کە خەڵکی کەرکووک بوو و لە مامۆستایەکانیش حەکیم مستەفا و عەبدوڵڵا موسا بەگی وەنداوی و مەلاحوسێن و خلووسی بەگ ، کە ڕاکردوویێکی دەستی کەماڵییەکان بوو و عەسکەر مەحمود بوو کە دواترێ بووە ئامر لیوا بە پلەی عەمید و پاشان بووە وەکیل وەزیری وەزارەتی کاروباری باکوور، لەگەڵ مامۆستایەکی عارەبیش.

قوتابخانەکە، بینایەکی کۆن بوو کە شێخ محەممەد تاڵەبانی، ئەودەمی لە١٩٢٠ قایمقامی کفری بوو دروستی کردبوو و، لە کاتی کردنەوەی گوتبووی:

برباشدە دماگ ئۆلمدیە باش بلەبوو..... قەدەر ئەگەر سەر بەرنگارییەکی تێدا نەبێ سەر نییە بر دیلدە مەعارف ئۆلمەدەنە بنجە کوتو کەدەر..... ئەگەر زمان ماریفەتێکی پێ نەبوو ئەندامێکی پەککەوتەیە کفری کەبەن بەریردە بو مەکەببەت نە بیۆ کەدەر..... چونکە ئەو قوتابخانەیە بۆ جێیەکی وەک کفرییە، ئای چەند مەزنە

ساڵی ١٩٣١ چوومە قوتابخانە و تا کۆتایی ساڵی خوێندنیش لەوێ مامەوە، پاشان چوومەوە کەرکووک و کەوتمە ژێر چاودێریی شێخ محەممەد عەلیی باپیرم و، باوک و دایکیشم لە گوندی زەرداو دەژیان، ئیدی لە پشووەکانی بەهار و هاوین دەچوومەوە لایان.

باپیرم پیاوێکی پیربوو و گوێی گران بوو و لە گەنجی گوللەیەکی بە قولەپێی کەوتبوو و دەشەلی وگۆچانی بەدەستەوەبوو. ئەو پیاوێکی بەخشندە و ڕووخۆش بوو و کەیفی بە ڕۆشنبیری دەهات و زۆرجاران پێیدەگوتم: "بخوێنە، کە خوێندنیشت لێرە تەواوکرد، ڕەوانەی ئەستەمبۆلت دەکەم تا وەک منداڵەکانی محەممەد پاشا داغستانی بچییە کۆلێژ". محەممەد پاشای داغستانی سەرکردەیەکی سوپای عوسمانلییان بوو، کە ئینگلیزەکان هاتنە شوعەیبەی بەسرا، کرایە سەرکردەی ئەو هێزە عاشایەرییانەی دژی بەریتانییەکان جەنگان و، پێش ئەوەی بچێتە بەرەی جەنگیش ماڵ و منداڵەکانی ، واتە ژنەکەی و هەرچوار کچەکەی و کوڕەکەی ڕەوانی کەرکووک کرد تا لەژێر چاودێریی برادەری هەرەنزیکی بن کە ئەویش شێخ محەممەد تاڵەبانی بوو، بەڵام محەممەد پاشا لەوێ شەهید بوو و ماڵ و منداڵەکەی چوونە تورکیا و دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش هاتنەوە عێراق.
ڕێکەوتی سەیر ئەوەیە کە ساڵی ١٩٥٦، کاتێ حەوت ساڵی بەندیم تەواوکرد و ڕەوانەی شارۆچکەی بەدرەی سەر سنووری ئێران کرام و دواتریش بۆ نیشتەجێی زۆرەملێ گواسترامەوە کفری، ویستیان بە پۆلیس ڕەوانەی ئەوێم بکەن، بەڵام ملم نەدا؛ چونکە ئەوە پێچەوانەی یاسابوو و ئەوەی پێویست بوو دەبووایە وەک کارێکی یاسایی بچمە ئەوێ و لە تۆماری پۆلیسیش ڕێکەوتی گەیشتنەجێم تۆمار بکەم. لیوا وەجیە یونس داوای کردم تا ڕازیم بکا بەوەی ئەوکارە شکۆ شکاندن نییە و پیادەکردنی ڕێوشوێنی یاساش ڕووشکێنی نییە. دیتم ئەفسەرێکی بە پلەی عەمید ڕوکنی لەلایە، کە لە وەجیە یوونسیشییەوە زانی ناوم موکەڕەم جەماڵ محەممەد عەلی تاڵەبانییە، بەبیری هاتەوە باپیرم پێش چل ساڵ چۆن دڵی پێیان سووتابوو، هەستا و هاتە تەنیشتم دانیشت و گوتی: "دەزانی ئێمە ئامۆزاین، بەڵام یەکدیمان نەناسیوە؟ گوتم: جەنابت کێی؟ گوتی من غازی داغستانیی کوڕی محەممەد پاشا داغستانیم" ئەوجا لە ئەندامانی خێزانی شێخ محەممەد عەلیی پرسی و هەمووانی دەناسی، مامم و باوکم و میمکەکانم، ئەوجا ڕووی قسەی لە بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس کرد: "بەڕێز موکەڕەم ئامۆزامە، ئەگەر بە بەڵێنی من ڕازیین ئەوا من بەڵێن دەدەم بەئازادی بچێتە کفری و ناوی خۆی لە تۆماری پۆلیس لەوێ تۆمار بکا و من کەفالەتیی دەکەم". جا بەڕێوەبەری گشتی گوتی: "ئەگەر ئەوە ئارەزووی جەنابتانە ئەوا تۆ ئەمردەکەی و لە ئیستاوە ئەو ئازادە لە چوونە کفری. ئەوجا بانگی ئەفسەری پۆلیسی کرد و فەرمانی پێکرد کەلوپەلەکانم لە ڕاگیرخانە وەرگرمەوە و یەکسەریش بەرمبدەن. خوالێخۆشبوو شێخ عەتای برام بە ئۆتۆمۆبیلەوە چاوەڕێی دەکردم، ئیدی گەیاندمیە لای ئۆتۆمۆبیلەکە و بۆ ماڵئاوایی دەستی کردە ملم، بەڵام بەڕێوەبەری گشتی داوای لێکردم

بەلای بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووکدا بڕۆم، کە موقەدەم حوسێن فەرید بوو، تا یەکدی بناسین و سەبارەت بە چاودێریی پۆلیسیش ڕێوشوێنەکانم بداتێ.
هەتا سالّی ١٩٢٣ لەژێر چاودێریی باپیرم لە قوتابخانەی "ناوەندی" سەرەتایی مامەوە و لەو سالّیدا باپیرم، کە تەمەنی لە نەوەت سالّ بەسەرەوە بوو و، کەچی چاپووک بوو و نیشانەی پیریی پێوەدیارنەبوو، بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. باپیرم سواری ئەسپ دەبوو و دەچووە ڕاوێ و ڕقی لە سواری ئۆتۆمۆبیل دەبووەوە. بۆ کۆچی باپیرم زۆر خەمبار بووم، دوای ئەویش، شێخ محەممەد جەمیلی کوڕی بۆ ئیرشادی ئایینی جێیگرتەوە، ئەگەرچی میانەیان لەگەلّ باوکم خراپ بوو، کەچی باوکم ئامۆژگاریی دەکردم تا لەژێر سەرپەرەشتیی مامدا بم، چونکە لەپێگەی باوکمە و، ئەویش خۆشیدەویستم، بەلاّم حەزی لێبوو واز لە قوتابخانە بێنم و شەریعەتی ئیسلامی بخوێنم تا ببمە پیاوی ئایین"مەلا" ئیدی لە لەوێ لە تەکییەی تالّەبانیی کەرکووک لەژێر چاودێریی مامم مامەوە. لەوێبوونیشم کاریگەرییەکی دیاری لەسەر هەلّسوکەوتم هەبوو و، خوێندنی ناوەندی و ئامادەییم تەواوکرد و لە کاری خراپ و شتی خراپیش دووربووم. من، سوپاس بۆ خوا، بەدرێژایی ژیانم ئارەقم نەخواردووەتەوە و جگەرەم نەکێشاوە و قومارم نەکردووە و زینام نەکردووە.
خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتایی لە کەرکووک و لە کفری بە زمانی تورکمانی بوو، بەلاّم بەپێی یاسای زمانە ناوچەییەکان دەبووایە بە کوردی بێ، کەچی لەبەر ئەوەی زۆربەی مامۆستایەکان تورکمان بوون و ئەو کەسانەبوون کە لە سەردەمی عوسمانلییان چکێ خوێندنیان بە زمانی تورکی خوێندبوو، ئیدی خوێندن کرابووە ئەو زمانە، بۆیە دەبووایە لەگەلّ زمانە کوردییەکەی خۆمان فێری تورکی و عارەبییش ببین، جا ئێستا دەزانم کە لە مندالّی فێری زمانی دیکە ببی، ئەگەرچی گرانیش بوو، چ سوودێکی هەیە.
ڕووداوێکی خۆشم لەبیرە، ڕەشید عاکف هورمزیی بەڕێوەبەری قوتابخانە زمانی تورکیی پێدەگوتین و، لە وانەی ئیملا قوتابییەکی تورکمان پەڕەکەی خۆی وەرگرتەوە و دە نمرەی وەرگرتبوو، ئەوجا من چووم پەڕەکەی خۆم وەرگرتەوە، جا بەڕێوەبەر گوتی ڕەوا نییە قوتابییەکی تورکمان دەنمرە وەرگرێ و موکەڕەمی کوردیش ئیملای تەواوبێ و هەر دە نمرە وەرگرێ، بۆیە شایانی یازدە نمرەیە و چونکە خەتیشی زۆرجوانە ئەوا دەبێ دوازدە نمرە وەرگرێ و لەبەر پاکی و ڕێکیی دەفتەرەکەیشی دەبێتە سێزدە نمرە.

دوا شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید:

لە سـاڵی ١٩٣١ کە قوتابیی پۆلی یەکی سـەرەتایی بووم، هەسـتم لە شـۆڕشـی شـێخ مەحمودی حەفید ڕاگرتبوو[9] چونکە شـارۆچکەی کفری چاوەڕێبوو، ئەوشـەو نا شـەوی دادێ هێزەکانی دێنە ناو شـارۆچکەکە، هێزی سـەرەکیی شـێخیش لەو ناوچەیەیدا هیی عاشیرەتی جاف بوو، کە شێخ کەریم فەتاح بەگی جاف دابوویە پاڵ بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود و، مستەفا جافی کوڕیشی لەگەڵ ئێمە و لە هەمان پۆل قوتابی بوو.

ویلایەتی موسڵ ناوی لێندرا کوردستانی باشوور، کە لیوای موسڵ و کەرکووک و هەولێر و سـلێمانیی دەگرتەوە و لیوای دهۆکی ئێسـتایش بە قەزا و ناحییەکانییەوە سـەر بە ویلایەتی موسـڵ بوو و، ناوچە کوردییەکانی دیکەیش، وەک خانەقین و مەندەلی و بەدرە و ئەو جێیانەی سـەر بەو شـارۆچکانەبوون لەدەرەوەی ویلایەتی مووسڵی عوسـمانلییان بوون و، ناوی مێژوویی ئەو ویلایەتەش "ویلایەتی شـارەزوور" بوو و ناوەندەکەشـی شـاری کەرکووک بوو و، ئەدەمای پێیدەگوترا "موتەسـەللیمیە" ، شـێخ ڕەزای شـاعیری بەناوبانگ لە سـەفەرێکی بۆ ئەسـتەمبوڵ لە قەسیدەیەک باسـی مەرقەدی شـێخ نورەدینی بریفکانی دەکا، کە پێیدا تێپەڕیوە و، دەڵێ:

عزم دیار روم جو کردم ز شهرزور   افتاد در دیار بریفکان مرا عبور

واتە: کە لە شارەزوور ڕا سەفەری وڵاتی ڕۆمم کرد، لەڕێگا گەیشتمە وڵاتی بریفکان.

دیارە کە شـێخ ڕەزا خەڵکی کەرکووکە و، لە کەرکووکڕا و لە شـارەزوور دەسـتی بەو سـەفەرەی وڵاتی ڕۆم کردووە، بەڵام عوسـمانلییەکان لەوەی دەترسـان دەسـەڵاتی میرنشـینیی بابان لە ویلایەتی موسـڵ فراوان بێ، ئیدی لیوای کەرکووکیان دایەپاڵ والیی موسڵ و میرنشینیی بابانی سلێمانییشیان دایە پاڵ والیی بەغدا.

دوای شـەڕی یەکەمی جیهانی"١٩١٤- ١٩١٨" بەریتانیا دەوڵەتی کوێخای سـەر عێراق بوو، عێراقیش دوو ویلایەت بوو، بەسـرا و بەغدا، تخووبەکانی باکووری شـارۆچکەی بێجیی

---

[9] _ شێخ مەحمودی حەفید: ڕێبەرێکی سیاسیی کوردە، لە ١٨٨١ لە سلێمانی ، لە خانەوادەیەکی خاوەن دەسەڵاتی ئایینی و عەشـایەری لەدایکبووە. حەفید بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەری ئینگلیزی لە عێراق و هێزەکانی ڕووسیای قەیسەرییش، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی چەکداریی کوردی کردووە و لە ١٩١٩ سەربەخۆیی ڕاگەیاند، کەچی هەوڵەکانی بۆ سـەربەخۆیی کوردەکان لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئینگلیزان یەکانگیر بوونەوە، نەخاسـمە دوای پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی عێراق. ئیدی چەند جاران بەندکراوە و دوورخراوەتەوە. لە ٩ی تشـرینی دووەمی ١٩٥٦ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاریی تر، بڕوانە: عبالرحمن صـالح ادریس البیاتی، الشـیخ محمود الحفید هگفرزنجی و النفوذ البریطانی فی کردستان العراق حتی عام ١٩٢٥، دار الحکمة، لندن، ٢٠٠٥، ص٩.

بەری خۆرئاوای زێی دیجلە بوو، بەڵام بەریتانییەکان دەیانویست ویلایەتی مووسڵیش بە عێراقەوە گرێدەن کە هەشت لە دەی دانیشتووانەکەی کوردبوون.
دوای دامەزراندنی مەملەکەتی عێراق لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١، بەپێی دوا بڕگەی ماددەی سێی پەیمانی لۆزانی لە ١٩٢٠ جێی پەیمانی سیڤەری[10] گرتەوە، کێشەی کوردستانی باشووریان "ویلایەتی مووسڵ" هەناردە کۆمەڵەی نەتەوەکان، ئیدی کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاریدا لیژنەیەک لە سێ کەس پێکبهێنرێ و ڕێنماییەکانی خۆیان بدەنەوە کۆمەڵەی نەتەوەکان[11].
تورکیا پێشنیاری ڕاپرسییەکی کرد تا ڕای دانیشتووان بزانرێ، تورکیا پشتی بەوەی خۆشبوو کوردەکان ڕقیان لە بەریتانییەکانە، ئەوانەی لێنەگەڕان بەپێی ڕێککەوتنی سیڤەری ١٩٢٠ دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ دامەزرێ، بەریتانیا ئەو پێشنیارەی بەو هەنجەتەی ڕەتکردەوە کە کارەکە پەیوەندیی بە کێشانی سنووری نێوان عێراق و تورکیاوە هەیە نەک زانینی ویست و ئارەزووی دانیشتووانی ناوچەکە. هەریەک لە عێراق و تورکیا و بەریتانیا هەندێ ژمارەیان سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتووانی هەرێمەکە خستەڕوو کە هەموویان دووپاتیان دەکردەوە کورد زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتووانی ئەو ویلایەتە پێکدێنن. ئەو کارەش وای لە کۆمەڵەی نەتەوەکان کرد لیژنەیەکی سێ قۆڵی بۆ زانینی ڕای دانیشتووان و لێکۆڵینەوەی ناوچەکە لەڕووی ئابوورییەوە پێکبێنن، بەڵام بابەتەکە، بەپێی ئارەزووی بەریتانیای سووربوو کوردستانی دەوڵەمەندی نەوت بە دەوڵەتی عێراقی نوێوە بلکێنی، هەر لەدەوری هێڵی سنووریی نێوان عێراق و تورکیا دەخولایەوە.
لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا هاتووە: "نابێ ئەو ناوچە کێشە لەسەرە بە بەشێکی عێراق دابندرێ و ناکرێ بشگوترێ بەشێکی ئەو ناوچەیە بەشێکی ئەو وڵاتەیە" بەڵام پێشنیاری ئەوەی کردووە لەڕووی ئابوورییەوە بە عێراقەوە بلکێندرێ، بەو مەرجەی بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەژێر کوێخایەتیی بەریتانیا بێ و خوێندن لە قوتابخانە و زمان لە دادگاکان کوردی بێ،

---

[10] _ ئاواتەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی، لەڕاستیدا لە وەیدا بوو کە سەربەخۆیی ناوچە کوردییەکان خرابوونە ناو پەیمانی سیڤەری ١٠ی ئابی ١٩٢٠، کە لەنێوان تورکیا و وڵاتانی هاوپەیمان مۆر کرابوو و بە دەق تێیدا هاتووە: "پرۆژەی سەربەخۆیی سەنترالیی ناوچە کوردییەکان کە خۆرهەڵاتی فورات و باشووری خۆرئاوای ئەرمینیا و باکووری سنوورەکانی تورکیای هاوتخووبی سوریا و عێراق، دادەندرێ" ئەو پەیماننامەیە مۆر کرا و پێش دروستکردنی حکوومەتی عێراقیش وادەی سەربەخۆیی درا کوردەکان، بەڵام ئەوە لەسایەی ئەو بەڵێنانەی هاوپەیمانانەوە بوو تا لە تورکیا جیاببنەوە و، دواترێ بە دروستکردنی مەملەکەتی عێراق کارەکە گۆڕا و ڕەهەندێکی دیکەی وەرگرت، ئەویش پاراستنی ئەو ناوچانەبوون کە لە دەوڵەتی عوسمانلی دابڕێندرابوون. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، العراق فی دوری الاحتلال و الانتداب، دار الرافدین ، بغداد، ٢٠١٣، ص٢٦٩.

[11] _ بۆ زانیاریی پتری سەبارەت کێشەی مووسڵ بڕوانە: فاضل حسین، مشکلة الموصل (دراسة فی الدبلوماسیة العراقیة- الانکلیزیة- الترکیة و فی الرآی العام)مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٦٧.

بەڵام لیژنە فەتوای ئەو کێشـانەیان نەدا کە لەو بەزۆر پێوەلکاندنە پەیدا دەبێ، گوتی: "ئەو کەڵک و سـوودانەی لە بەعێراقەوە گرێدانی ئەو ناوچە کێشـە لەسـەرانە سـەرهەڵدەدەن، کێشـەی سـیاسـیی مەترسـیداریان لێ دەکەوێتەوە" لیژنە دووپاتیشـی کردەوە ئەوانە نە عارەبن و نە تورکن و نە فارسـن. دەڵێ: "ئەگەر وەک بنچینەیەکی دەرەنجامان پشـت بە لایەنی ڕەگەزی و نەتەوەیی ببەسـترێ، ئەوا دەبێ دەوڵەتێکی کوردیی سـەربەخۆ دابمەزرێندرێ، چونکە کورد حەوت لە هەشـتی دانیشـتووان پێکدێنن"، بۆ ڕیشـەکەندنی ناڕەزایی دەوڵەتە ئیسـتیعمارییەکانی دیکەش، بەریتانیا چەندوچوونی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییە ئەمریکی و فەرانسی و هۆڵەندییەکان کرد تا لە دەستکەوتەکەدا پشکداریان بکا، کە نەوتی کەرکووک بوو و، لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٥یش کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ناوچەکەدا پەردەی لەسـەر کێشـەی کورد دادایەوە و، بڕیاریدا کوردسـتانی باشـوور بە عێراقەوە بلکێنێ. ئەگەر کوردەکانیش ئارەزووی سـەربەخۆیی بکەن، کە هێشـتا عێراق لەژێر کوێخایەتیی بەریتانیایە، ئیدی بەریتانیا دەتوانێ لەبەر ئەو ئارەزووە حکوومەتێکی سـەربەخۆ لە بەڕێوەبردن لە ناوچە کوردییەکان دامەزرێنێ، وەک جارجار دەسـتی پێ هەڵدەشەقاند. بەریتانییەکان ئامادەبوون، لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانن، ئۆتۆنۆمی بدەنە کوردەکان، بەڵام بەو مەرجەی دەستبەرداری ئەو ناوچانەبن کە زۆریان نەوت تێدایە وەک کەرکووک و خانەقین و زوممار.

سـەرباری ئەوەی شـێخ مەحمود لە سـلێمانی کرایە "حوکمدار"و، ئەوان حوکمداریان بە موتەسـەڕیف لێکدەدایەوە، بەڵام شـێخ مەحمود داوای یەکخسـتنی لیوایە کوردییەکانی کەرکووک و سـلێمانی و هەولێری دەکرد و، لیوایەکیش لە قەزا کوردییەکانی موسـڵ لە دهۆک دروسـتبکرێ و، مافی چارەی خۆ نووسـینیش بدرێتە کوردان. بەریتانییەکان، سەرۆک هۆزەکانی لایەنگری خۆیانیان هاندەدا تا سەرکردایەتیی شێخ مەحمود ڕەتکەنەوە، ئەو کارەش وایکرد چەند جاران شـۆڕش لەدژی بەریتانیا و حکوومەتی عێراقی ڕاگەیەنێ، کە دواجاریان لە ١٩٣١ بوو و بۆ ئەوە بوو دەست بەسەر کەرکووکدا بگرێ.

شـێخ مەحمود کەرکووکی بە دڵی کوردسـتان دادەنا، ئاواتیشـی ئەوەبوو بیکاتە پایتەختی کوردسـتانێکی سـەربەخۆ، بەڵام شـێخ پشـتی بە پشـتیوانیی عەشـیرەتە لایەنگرەکانی دەبەسـتا و زۆربەی سـەرۆکەکانیان پەیوەندییان لەگەڵ بەریتانیا دروسـتکردبوو، ئەو بەریتانیایەی نەیدەویست کەرکووک لەناو سنووری کوردستان بێ چونکە نەوتی تێدابوو.

کە نییەتی ئەوەی هێنا دەسـت بەسـەر کەرکووکدا بگرێ، عەشـرەتی تاڵەبانی، لەبەر دوژمنایەتییەکی عەشـایەریی نێوانیان، کە یەک لە پیاوانی دیاری تاڵەبانییانی تێدا کوژرابوو، بوونە کۆسپی بەردەمی، دوو کوژراوەکەش شێخ عەبدولسەمەدی کوڕی شێخ

عەبدولعەزیزی کوڕی شێخ ئەحمەد و شێخ حوسێنی قەرەچێواری بەرزنجی بوون. شێخ جەلالی حەفید و شێخ بابەعەلیی کوڕی بۆ سولْح ناردە لای تاڵەبانییان، بەڵام کارەکە سەری نەگرت، ئەگەرچی هەندێکیشیان دایانە پاڵ شێخ مەحمود، لەوانەش شێخ مەجید تاڵەبانیی گوندی ئاوباریک.

ئەو هێزە عاشایەرییانەی لە ناوچەکەدا هیوای پێیان هەبوو، عەشیرەتی هەمەوەندی ناوچەی چەمچەماڵ و عەشیرەتی جافی هەردوو ناوچەی هەڵەبجە و کفری و عەشیرەتی جەباریی قەزای ناوەندی کەرکووک بوون. بەڵام بزواندنی ئەو عەشیرەتانە دژی ویستی بەریتانییان هەروا ئاسان نەبوو، ئیدی، بۆ دەستەبەرکردنی هاریکارییان تا بەسەر کەرکووکدا بدەن، قسەی ئەوەی لەناویاندا بڵاوکرایەوە گوایە بەریتانیا لاریی لەو کارە نییە.

هەڵویستی ڕۆشنبیرانی کورد لەگەڵ شێخ مەحمود جودابوو، زۆربەیان پێیانوابوو تەنێ بەریتانیا[12] دەتوانێ یارمەتیی کوردان بدا تا مافە نەتەوەییەکانیان وەدەست بێنن، جا لەدەرەوەی دەوڵەتی عێراق بێ یان لەناو دەوڵەتەکەدا و، ئەو کێشانەیشیان لەگەڵ شێخ نەدەشاردەوە، بۆیە شێخ ڕێوشوێنی توندی بەرانبەریان دەگرتەبەر، وایلێهات ئەوانە بیر لە دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بکەنەوە تا لەناو جەماوەری کورددا بۆ فراوانکردنی دەسەلاتیان پشتیان بگرێ. ئیدی بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵەیەکی سیاسییان لە سلێمانی بەناوی "کۆمەڵەی ڕزگاریی کوردستان" دامەزراند و جەماڵ بابانیان وەک سەرۆک هەڵبژارد.

هەڵویستی بەریتانییەکان، کاتێ توانییان جوولەی عەشیرەتە لایەنگرەکانی شێخ مەحمود پەک بخەن، یەکلاکەرەوە بوو، کە ئەوانیش هەردوو عەشیرەتی هەمەوەند و جەباری بوون و، سووسەیان بۆ سەردارانی جافیش نارد لە شۆڕشەکە بکشێنەوە. ئیدی هێزەکانی شێخ هەر چەند سەد کەسێک مانەوە و ئەوانیش پێویستیان بە چەک و زەخیرە بوو. کە

---

[12] _ بەڕێوەبەرایەتیی سەربازیی بەریتانی لە ئارەزووی سەربەخۆیی سیاسیی کوردان تێگەیشتبوو، کاتی بڕیاریان دا شێخ مەحمودی حەفید بکەنە فەرمانڕەوای سلێمانی، شێخ لە ئارەزووەکانی خۆی تێپەڕاند و بەوەی وەلامیدانەوە کە خۆی وەک مەلیکی کوردستان ڕاگەیاند و، ئەوانیش بەو کارە رازی نەبوون و ئەویش دژیان دەستی بە شۆڕش کرد. ئەوکارەش کاردانەوەی نەرێنیی لای بەریتانییەکان دروستکرد و ئیدی دوژمنایەتییان کرد و کاریان بۆ خامۆشکردنی شۆڕشەکەی دەکرد. نوئێلی ئەفسەری سیاسیی بەریتانی لە سلێمانی، کە لە تشرینی دووەمی ١٩١٨ دایانمەزراند و بگرە دوای دامەزراندنی شێخ مەحموودیش بە حوکمدار هەر کاری بۆ پتەوکردنی دەسەلاتی دەوڵەتەکەی دەکرد. لەراستیدا ئەو کردنە حوکمدارییە وەک ئەوە نەبوو کە باسی دەکرێ و لە یەک لە ڕاپۆرتەکانی باسی ئەوەی دەکا: "خەریکم دەسەلاتی بەریتانی ببەمەوە ناو عەشیرەتە کوردەکان و نیزام و شەرعییەت بسەپێنم، ئەوەی گومانیشی تێدا نییە ئەوەیە کە بەریتانییەکان سەرەتا هەندێ سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، ئاخر دروشمی کوردستان بۆ کورد بڵاوبووەتەوە ومەبەستیش لێی ئەوەیە لەژێر چاودێریی بەریتانیا بێ"

حکوومەتیش فەوجێکی پیادەی وەڕێخست لەگەڵ چوار تۆپی چیایی لەپشتی ئێستران بارکرابوون و فڕۆکەکانیش چەند بۆمبێکیان بەسەر دیوەخانەکەی شێخ مەجیدی گوندی ئاوباریکدا بەردایەوە، هێزەکەی شێخ مەحمود پەرتوبڵاوبوون و، ئەویش خۆی ڕادەستی دەسەڵاتی عێراق کرد و ئیدی بۆ ناسرییە دوورخرایەوە تا لەوێ لەژێر نیشتەجێی زۆرەملێ بێ و، دوایەش بۆ بەغدا تا دەساڵ لەوێ لە دوورخراوەیی بەسەربربا(١٩٣١-١٩٤١) و ئەوجا لە بەغداوە بۆ گوندەکەی، داریکەلیی لیوای سلێمانی، لەو کاتەی ئەو حکوومەتی بەرگریی نیشتمانییە ی ڕەشید عالی گەیلانی دایمەزراندبوو ڕایکرد و بەریتانییەکان لە ١٩٤١ دیسان عێراقیان داگیرکردەوە.

کوڕانی جەعفەر سوڵتانی ڕاپەڕیوی کورد پەنا بۆ باوکم دێنن:

سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی شایە قاجارییەکان لەئێران هاوشێوەی سیستەمە دەرەبەگییە سەربازییەکەی دەوڵەتی عوسمانلی بوو، هەر سەرۆک عەشیرەتێک میری ناوچەکەی خۆی بوو و شا نازناو و خەڵاتی دەدانێ، بەتایبەتیش ئەو ناوچانەی دەکەوتنە سەرسنووری ئێران و دەوڵەتی عوسمانلی.

جەعفەر سوڵتان"کوردەکان پێیدەڵێن سان" میری ناوچەی هەورامانی لهۆن بوو و، دەسەڵاتیشی دەگەیشتە شاری هەمەدانی کوردستان. بەڵام کە سەرمایەداری گەشەی کرد، بەتایبەتی هیی دەوڵەتانی خۆرئاوا، وا پێویستی دەکرد بازاڕ یەکبخرێ و ئەو سنوورە دەرەبەگییە باوە بڕووخێندرێ تا جوولەی کاڵا و وەبەرهێنان ئاسان بێ.

وەزیری بەرگریی حکوومەتەکەی ئەحمەد شای قاجارئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ، کاتێ شا لە ولات نابێ و سەردانی فەرانسە دەکا، ئەو کودەتایەکی سەربازی دەکا و دەست بەسەر دەسەڵاتدا دەگرێ. ڕەزاشا باوەڕی بە دیموکراسی نەبوو، بەڵام هەوڵیدا بە لەناوبردنی سیستەمی دەرەبەگایەتی هەندێ چاکسازیی کۆمەڵایەتی بکا و هەندێ پێشکەوتنی سەپاند تا ولات بگەیەنێتە کاروانی ئەو سیستەمەی لە خۆرئاوا باوبوو و ئەو گۆڕانکارییانەشی لەگەڵ واقیعی ولاتەکەدا نەدەگونجان. بەڵام ئەو سەپاندنە لەڕێی شێوازەکانی زوڵم و زۆر و سەرکوتکردنەوە دەکران کە هیچ توێژێکی گەلی لێ دەرباز نەدەبوو، چ جای ئەوەی کە لە نەتەوەیەکی دیکەی غەیری نەتەوەی فارسیش بن. جا بۆ لەناوبردنی میرنشینییەکان سوپای بەکارهێنا، لەوانەش میرنشینە کوردەکانی لووڕستان و کەڵهوڕ و ئەردەڵان و لەوانەشدا هەورامانی جەعفەر سوڵتان و کوڕەکانی فەرمانڕەوای بوون.

جەعفەرسوڵتان لە چیا سەختەکانی هەورامان بەری لە هێزەکانی ئێران گرت، بەڵام هەر زوو دەستی لە بەرەنگاری هەڵگرت و داوای پەناهەندەیی سیاسیی لە عێراق کرد و، کە پرسیاری شکستهێنانەکەیشی لێ کرا، کە ئەو لە چیا سەختەکانی هەورامان خۆی دامەزراندبوو، وەڵامیداوە: "حکوومەتەکان گوتیان بەرگری مەکە" گوتیان: "سان کە تۆ شەڕت لەگەڵ حکوومەت بوو ئەرێ گوێت لە حکوومەت گرت؟" گوتی: "پێتانوایە ئەو حکوومەتە کامەیە؟" گوتیان :" ئەدی ئێران نییە؟" گوتی: "ئەرێ عەجەم حکوومەتن؟" گوتیان : " ئەدی کێیە؟ ئەرێ عێراق داوای لێ کردی؟" گوتی: " بۆ عارەب حکوومەتن؟" گوتیان : "ئەدی ئەو حکوومەتە کێیە؟" گوتی: "بەریتانییەکان داوایان لێکردم بەرگری نەکەم و پەنام بۆ عێراق هێنا".

حکوومەتی عێراق پەناهەندەیی "حافر شان"ی قبووڵ کرد، وەک کوردەکان ناویان لێناوە و، خانوێکیان لە گەرەکی بەرتەکیەی نزیک تەکیەی تاڵەبانی لە کەرکووک بۆ بە کرێ گرت

تا لەوێ بژی. هەرچی کوڕەکانی جەعفەر سـولتان بوون کە ملیان بۆ فەرمانەکانی ئەو حکوومەتە نەدا، ئەوا ڕەزا شـا توانیی بەسـەر بەرگریکردنیاندا زاڵ بێ، چونکە خەڵکی عەشـیرەتەکە لە بەرگری کردن لە سـیسـتەمە پڕ زوڵم و زۆرەکەیان ئەوەندە گەرموگوڕ نەبوون کە دژی ڕۆڵەکـانی عەشـیرەتەکەیـان بوو. دەگێڕنەوە ئەگەر لە کەسـێکی عەشـیرەتەکەیان توورەببوونایە دەیانخسـتە ناو حەوزی ئاوەوە و فەرمانیان پێ دەکرد بەداران لەخۆی بدا، ئەگەر ڕازییش نەبووایە ئەوا تەقەیان لێ دەکرد و لەناو حەوزەکە دەیانکوشت.

کە ئەوانە ناوچەی هەورامانیان بەجێهێشـت، حکوومەتی عێراق داوای پەناهەندەیی ڕەتکردنەوە، دڵنیاشـبوون ڕەزاشـا وەک ئەو کارەی لەگەڵ سـەرۆکانی دیکە کردبووی ، ئەوانیشـی لە سـێدارە دەدا. ئاخر حوسـێن قولی خان لە لووڕسـتان و حاجی عەلی خان ئەکبەری لە کەڵهوڕ و سمکۆ و خەڵکانی دییش ڕاپەڕیبوون.

جەماوەری جووتیاران لەنێوان دوو ئاگران بوون، سـتەم و چەوسـاندنەوەی میرە کوردەکان و شـەڕو داگیرکارییەکانیان، کە تەنێ بەڵا و ئازاری بۆ ئەوان هەبوو و، ئاگری ئەو سـەرکوتکردن و تەمبێ کردنانەی حکوومەتی تاران دەیانکا و ئەو تاڵان و بڕۆ و کوشـتارەی سـوپای ئێرانی دەیانکا. بۆیە، جەماوەری جووتیارانی عەشـیرەت لە بەرگرییەکی جەربەزەیی گەرموگوڕ نەبوون و تـا دەسـەڵاتی میرەکـان بپـارێزن و لایەنگیریی حکوومەتیشـیان نەدەکرد، ئیدی خۆیان دابووە دەسـت خودا و ئەو شـتەی دواڕۆژ بۆی هەڵگرتوون.

ئیدی کوڕەکانی جەعفەر سـولتان ناچاربوون ناوچەکە بەجێبێڵن و دوو ڕێیشـیان لە پێش بوو؛ یان خۆیان بدەنە دەسـت دەسـەڵاتی ئێران، کە یان مردن چاوەڕێی دەکردن یان دەبووایە چەندین سـاڵ لە بەندیخانەی قاجاری تۆقێنەر بەسـەر ببەن، کە ئەوکارەیان بەرانبەر حاجی عەلی خان ئەکبەریی سـەرۆکی کەڵهوڕ کرد. یانیش بەرەو عێراق هەڵبێن، کەچی حکوومەتی عێراق ڕازی نەبوو مافی پەناهەندەییان بداتێ.

شـێخە تاڵەبانییەکان، لە ئێران، پەیوەندیی ڕۆحییان لەگەڵ بەشـێکی زۆری ناوچە کانی کوردستانی خۆرهەڵات هەیە و، تەکیەی قادریی تاڵەبانیش لقی لە هەورامان و کرماشان و پاوە و موکریان و سـابلاغ و جێی دیکە هەیە، مامە شـێخم، مورشـیدی تەریقەتی قادریی تـاڵەبـانی ژنێکی هێنـابوو، کە لە خـانەوادەیەکی ئـایینیی هەورامـان بوو، ئیدی شـتێکی ئاسـاییبوو کە نێوانگیری لای حکوومەتی عێراقی بکا تا پەناهەندەیی خانەوادەی جەعفەر سولتان قبووڵ بکەن و لە کەرکووکیان نیشتەجێ بکەن. هەرچی کوڕەکانینە، کە لە چیا و دۆڵەکانی هەورامان بەرگرییان دەکرد و ناچاربوون بە نهێنی لە ناوچەی هەڵەبجە بێنە

ناو خاکی عێراق، ئیدی باوکمیان لە گوندی زەرداو دەســــتنیشـــان کردبوو کە تا مافی پەنابەرییان دەدرێتی دەیانحەوێنێتەوە و دەیانپارێزی، ئەو کوڕانەش هەریەک لە مســـتەفا بەگ و محەممەدئەمین و سالار و ئەفراسیاب بوون.
لە ڕۆژێکی پشـــووی بەهاری چوومەوە لای کەســـوکارەکەم بۆ گوندی زەرداو، تا چەند ڕۆژێکی پشوویان لەگەڵ بەسەر ببەم. دیتم چەند کەسێک میوانی باوکمن و جلی کوردیی ناوچەی هەورامانیان لەبەردایە و لەنێوان خۆیان بە دیالێکتی گۆرانی"هەورامانی" قســـان دەکەن. باوکم نەیدەهێشـــت بکەونە بەرچاوان و نەدەبوا، لە کەســێکی جێی متمانە بترازێ کە ناوی حەمادی سمایل بوو، کەسیان بەسەروەبچێ و، هاتنیشیان لەگەڵ چەندین ساڵی بێ بارانی ڕێکهاتبۆوە و هەموو خەڵکی گوندەکە و باوکیشـــم پێوە تووشـــی تەنگدەســـتیی گوزەران ببوون، بەڵام باوکم هەندێ مافووری ئێرانی و هەندێ تفەنگی فرۆشـــت تا بە ئەرکی خانەخوێیی هەســـتێ، ئیدی ئەوانە ماوەیەک مانەوە و هەندێکیان لە ســـاڵێکیشـــیان تێپەراند تا مافی پەنابەریی ســـیاســـییان بۆ دەســـتەبەر بوو و، ئەوجا چوونە کەرکووک تا لەوێ لەژێر چاودێریی پۆلیســـی عێراقی بژین. دەســـەڵاتە حکوومییەکانی کفری هەســـتیان بەوەی کردبوو چەند کەسی غەوارە لای باوکمن لە گوندی زەرداو. کە لێیشیان پرسیبوو گوتبووی هەندێ لە خاڵەکانی لە مەهابادرا بۆ ســـەردانی هاتبوون و پاشـــان جووبوونەوە جێی خۆیان، ئەو وەڵامە دەســـەڵاتی ڕازی نەدەکرد، بەڵام دەســـەڵاتی باوکم و پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ بەرپرسانی ناوچەکە هاریکار بوون تا لێیان بێدەنگبن.
کە لە کەرکووک بووم، جەعفەر ســـــوڵتانم دەدیت زۆرجاران بۆ نوێژی جەماعەت دەهاتە تەکیە، پیاوێکی ســـادە و ســـاکار و بە ڕەوشـــت و دیندار بوو، هەرچەند جاری لە تەکیە بیدیتبام قسەی لەگەڵ دەکردم، مەنسووری کوڕیشی لە قوتابخانە لەگەڵ ئێمە قوتابی بوو، بەڵام کێشەی لەگەڵ عارەبی هەبوو و نەیدەزانی. ئەفراسیاب بەگی ئامۆزای ساڵ و نیویک میوانی باوکم بوو، ئەو لە هەڵســـوکەوتی بە جەعفەر ســـــوڵتانی دەچوو، کاتی خۆی بە نوێژکردنێ بەســـەردەبرد و جارجارەش لەگەڵ"حەمادی سـمایل"ی دەچووە ڕاوێ. هەرچی کورەکانی جەعفەر سوڵتانی بوون لە گوندی زەرداو، جانتای بە پشتوێنەوە بەستراوی پڕ لیرەی زێڕیان هەڵگرتبوو و کاتیان بە یاریی پۆکەر بەســــەردەبرد. حکوومەتی عێراقی، دوای چەند مانگێک بە داوای پەناهەندەیی کوڕەکانی جەعفەر ســـــوڵتانی ڕازیبوو، ئیدی چوونە کەرکووک تا لەوێ بژین. هەرچی ئەفراســـیاب بەگە، ماوەیەکی درێژ لای باوکم مایەوە و ئەوجا گەڕایەوە یەک لە گوندەکانی خۆی لە قەزای هەڵەبجەی نزیک ســـنووری ئێران.

مەحمود خانی دزڵی، ئەو پیاوە ئوستوورییە:

کە شێخ مەحمودی حەفید لە لیوای سلێمانی کرایە "حوکمدار"، بەریتانییەکان، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، ژمارەیەک ڕاوێژکاریان بۆ دامەزراند. بەڵام، ویستی شێخ مەحمود و ئەو دەستە ڕۆشنبیر و بازرگانانەی لە دەوری بوون، لە حوکمداری ئەولاتر بوو. ئەو ئاواتی یەکخستنی هەموو کوردستانی باشوور بوو(ویلایەتی موسڵ) لەژێر پێشەوایەتیی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی تێیدا، لە کاتێکدا بەریتانییەکان ئامانجیان ئەوەبوو تەنیا بیکەنە موتەسەڕیفێک لە لیوای سلێمانی و لەژێر فەرمانی ئەوانیشدا بێ. ئەوان سەرۆک عەشیرەتەکانی هەولێر و قەزایە کوردەکانی لیوای موسڵیان دنەدەدا پێشەوایەتیی شێخ مەحمود ڕەتکەنەوە و، سەرباریش قەزای هەڵەبجە ڕاستەوخۆ لەلایەن بەریتانییەکانەوە بەڕێوە ببردرێ.[13]

بەریتانییەکان هەر لە بەراییرا بڕیاریان دابوو کوردستانی باشوور بە عێراقەوە بلکێنن. ئەوەش لەو گفتوگۆیەیرا ئاشکرا دیارە کە لەنێوان لوید جۆرجی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا و جۆرج کلیمەنسۆی سەرۆکوەزیرانی ئەودەمای فەرەنسا کراوە و، تێیدا داوا لە فەرەنسا دەکا دەست لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرێ و بیداتە بەریتانییەکان تا بە عێراقیەوە بلکێنن. هەندێ کەس لۆمەی شێخ مەحمود دەکەن گوایە لەگەڵ بەریتانییەکان نەرم نەبووە و پەیوەندیی بەتورکانەوە هەبووە، لەکاتێکدا بەریتانییەکان سەرقاڵی ئەوەی بووینە حکوومەتێکی بۆ دروست بکەن. بەڵام شێخ مەحمود لە ئامانجە شاراوەکانی بەریتانییەکان تێدەگەیشت، ئیدی پەیوەندەیی بە یەکێتیی سۆڤیەتەوە کرد و داوای یارمەتیی لێ کردن، بەڵام سۆڤیەت خۆی تووشی دەستتێوەردانی چواردە دەوڵەت ببوو تا شۆڕشی سۆشیالیستی هەر لەناو بێشکەرا بخنکێنن، لە دۆخێکدا نەبوو بیر لەوەی بکاتەوە یارمەتیی کوردان بدا، ئەو کارەش وای لە شێخ مەحمود کرد هەوڵ بدا هاوکاریی هەر لایەنێک بکا

---

[13] _ بەریتانییەکان لە گرنگیی ئابووریی ناوچە کوردییەکان تێگەیشتبوون و دەیانزانی چ ڕۆڵێکی لە سەقامگیرییەکەیدا هەیە. ئەوان بەو چاوەس تەماشای کوردەکانیان دەکرد کە هێزێکن وازیان لەوەی نییە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی عێراقیی یەککگرتوو بەشداربن. پێدەچێ بەریتانییەکانیش هەر چاویان لەوەی بووبێ تا ئەو کارتە لەکاتی پێویستدا بەکار بهێنن، ڕاستیی کارەکە ئەوەیە کە بەریتانیا لەبەر ئەوە گرنگیی بە ناوچە کوردییەکان دابوو چونکە ئامانجی وەبەرهێنان نەوت بوو و تا پاشانیش بیکاتە بنکەیەک بۆ فراوانخوازیی دادێ ە بەرەکانی باکوور و خۆرئاوا و خۆرهەڵات و ، کاریس بۆ ئەوە بکا چۆن بە بزووتنەوەی عارەبیی، کە لە عێراق خۆی تەواو گرتبوو، ڕووبەڕووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ببێتەوە کە تازە خەریکبوو دروست دەبوو و دواتریش پتەوکردنی دەسەڵاتی بەریتانیا لە هەموو ولاتدا. ئەو پلانانەس لە قۆناغی جودادا هەر هەموویان جێبەجێ کران.سیف عدنان ارحیم. الادارة العسکریة البریطانیة و موقفها من القومیات و الاقلیات الدینیة فی العراق"١٩١٤-١٩٢١"مجلة کلیة التربیة للبنات- جامعة بغداد، المجلد ٢٨، العدد ١، آذار ٢٠١٧.

که دژی بەریتانییەکان بێ و، شـێخ مەحمودیش لەو جۆرە کەسـانە نەبوو بە هاسـانی دەستەمۆ بکرێ، ئیدی بەریتانییەکان حاکمێکی سیاسییان ڕەوانەکرد، ئەویش مێجەر سۆن بوو.

سۆن، لە کاتی دەسەڵاتی عوسمانلییان، بارێکی ژیانی بە شاراوەیی لە کوردستان بەسەر برد و کاری بۆ هەواڵگریی بەریتانیا دەکرد. ئیدی هەندێ پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ کۆمەڵێ سەرۆک عەشیرەت دروستکردبوو، لەوانەش سەرۆک عەشیرەتی جافان لە هەڵەبجە و سەرۆک عەشـیرەتەکانی پشـدەر و هەمەوەند و هیی دیکەش و، چەقاوەسـوویی و لەخۆباییبوونەکەی بەسـبوون تا شـێخ مەحمود تووڕەکەن و کارێکی تەمێکردن بەرانبەر بەریتانییەکان بکا.

که مێجەر سـۆن گەیشـتە دەوروبەری شـاری سـلێمانی، دەسـەڵاتی خۆجێیی تاسـلوجە پێشوازییان لێکرد و لەبەرایی هەموویشیانەوە خودی شێخ مەحمود، کەچی مێجەرسۆن هەر لەگەڵ یەکەم سـاتی گەیشـتنەجێی دژاتەتیی خۆی بەرانبەر شـێخ مەحمود ڕاگەیاند، شێخ مەحمودی تەواو پشتگوێ خست و تەوقەی لەگەڵ پێشـوازیکەرەکانی دیکەی کرد و، هەر یەکسـەریش دەسـتی بە بەڕێوەبردنە فەرمییەکـان کرد و پەیوەنـدیی بە هاریکارەکانییەوە دەکرد لە قەزا و ناحیەکان. ئەوەش وای لە شـێخ مەحمود کرد بیر لە پەرچەکردارێک بکاتەوە، جا دەرەنجامەکەی چ دەبێ با ببێ.

لە هەورامان عەشـیرەت دووبەشـن، دزڵی و لەهۆن، سـەرۆکی دزلی "مەحمود خان" بووکەسایەتییەکی بەهێز و دۆستێکی دڵسۆزی شێخ مەحمود بوو. شێخ نامەیەکی نهێنیی بۆ هەنارد و داوای لێکرد بەخۆ و بە گەورەترین هێزی چەکدارەوە بێتە سـلێمانی و وای نیشـاندا هاتووە زیارەتی مەرقەدی کاکەحمەدی شـێخ بکا، بەڵام ئامانجی ڕاسـتەقینەی ئەوەبوو بەهێز سـلێمانی داگیر بکا و، هەموو بەریتانییەکانیش دەسـگیر بکا و لەوانەش مێجەر سۆنی حاکمی سیاسی.

مەحمود خان بەخۆ و بە سێسەد سوارە و سێسەد پیادەوە و بە جۆرەها چەکەوە هاتبوو و ئۆردوویان لە چیای گۆیژە خست. مێجەر سـۆن هەسـتی بە کارەکە کرد و پرسـیی بۆ هاتووە، پێیڕاگەیاند کە هاتوون سـەردانی مەرقەدی کاکەحمەدی شـێخ بکەن، ئیدی مێجەر سـۆن داوای لێکردن دەسـتە دەسـتە بێنە زیارەت و چەکەکانیان لای هاوەڵەکانیان دابنێن، بەڵام ڕەتیـانکردەوە گوێی بـدەنێ، ئیـدی فەرمـانی بە هێزەکـانی "لیڤی" دا کە لە کورد و ئاثوورییان پێکهاتبوون، ئەگەر هەوڵی هاتنەناوشار بدەن ڕێیان لێ بگرن، خۆیشی، لەحاڵێکدا ئەگەر مەحمود خـان ملەی بکـا، خۆی بۆ هەڵاتن ئامـادەکردبوو. ئیدی پێکدادان لەنێوان هێزەکانی مەحمود خان و هێزە خۆجێیەکانی بەریتانیا ڕوویدا و لە نیوسـەعات پتریان خۆ

نەگرت و هێزەکانی مەحمود خانی هاتنەخوارێ و بەشـــاری وەربوون. ئیدی هەموو راوێژکارە بەریتانییەکان دەستگیر کران مێجەرسۆنی لێ دەرچێ، کە شەوێ بەدزییەوە. و بە هاوکاریی هەندێ کوردی لایەنگری ڕایکردبوو. شـــێخ مەحمود رایگەیاند مەلیکی کوردســـتانە و ئاگادارکردنەوەیەکیشـــی دایە بەریتانییان کە دەبێ هەموو ناوچەکانی کوردســـتان بەجێبێڵن"ویلاتەتی موســـڵ"، تا بەپێی بەندەکانی تایبەت بە کوردســـتانی ناو پەیماننامەی ســـیڤەری ١٩٢٠ دەوڵەتێکی کوردیی ســـەربەخۆی تێدا دابمەزرێندرێ و، ئاگادارییەکیشی بۆ حاکمی پاشایی گشتیی بەغدا هەنارد.

بەریتانییەکان هەڵمەتێکی ســـەربازیی گەورەی چەند لیوادیان ئامادەکرد و تۆپخانە و زرێپۆش و فڕۆکەش هـاریکاریـان بوو و هەنـدێ میری کوردیش هـاوکـارییـان کردن وەک"مشـیر مام سـلێمان" ی دکتۆر کەماڵ مەزهەر ئەسـتۆپاکیی دەداتێ چونکە ناوی لە بەڵگەنامەکانی ئەودەمای بەریتانیا نەهاتووە، لەکاتێکدا کوردەکان و لەوانەش خودی شـێخ مەحمود کە لەپشت بەردە قارەمانی بریندار ببوو دیتبوویان، شێخی نیشانیدان و گرتیان و مەحمود خان و خەڵکی دیکەیشـــیان گرت و، ئەودوانەیان ڕەوانەی بەندیخانەی بەغدا کرد و، دواترێ شێخ مەحمود ڕەوانەی هیندستان کرا تا لەوێ فەرمانی لەداردانی دەرکەن و پاشـــان فەرمانەکەی گۆڕا و کرایە بەندیی تا هەتا و ســـەربردەی چۆنیەتیی هێنانەوەی شـــێخ مەحمودیش درێژە، ئەو کاتەی بەریتـانییەکـان نەیـانتووانی بەبێ ئەو نـاوچەکەی بەڕێوە ببەن.

بۆیەش ئەو ســـەربردەیەم وەک پێشـــەکییەک گێڕایەوە تا خوێنەری بەڕێز کەســـایەتیی مەحمود خان بناسێ و بزانێ بۆ گیراوە و پەیوەندیم پێیەوە چ بووە.

لەســـاڵی ١٩٣٧ڕا یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی "داربڕ" بووم، کە دواترێ لە ١٩٣٨ گۆڕا و لە یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی لە کەرکووک لە ١٩٣٨ گیرا بووە حیزبی هیوا. مەحمود خان چەند ساڵ بوو لە بەندیخانەی کەرکووک بوو و، ئەو خزمەتکارێکی دڵسۆزی هەبوو و ناوی محەممەد ســـەعید بوو. ئەو کابرایە کرێکاریی دەکرد و لە تەکیەی تاڵەبانی دەژیا تا دەسـهەقەکانی پاشـەکەوت بکا و جلوبەرگ و پێداویسـتی و خواردن و تووتنی بۆ مەحمود خـانی گەورەی پێ بکڕێ. وەک گوتیشـــم، خـانەوادەی تـاڵەبـانی پەیوەنـدییەکی ڕۆحییان لەگەڵ ناوچەی هەورامان هەبوو و، مامە شـــێخ محەممەد جەمیلم، وەک پێشـــتر باسـم کرد، کچێکی لەوان خواسـتبوو. سـەرباری ئەو شـتانەش مامم سـۆزی بۆ مەحمود خـان هەبوو چونکە دژی ئینگلیزان خەبـاتی کردبوو، زۆرجـاران دەمـدیت کە محەممەد ســـەعیدی خزمەتچیی مەحمود خانی دەدیت پرسـیاری خانی لێدەکرد و، ئەویش بەڕێزەوە بەرانبەر شێخی ڕادەوەستا و جا شێخ دەیپرسی:"حەمەسەعید، خان حاڵوباڵی چۆنە؟" جا

وەڵامی دەداوە:"یاشـێخ مادام نزای تۆی هەیە ئەو باشــە"جا مامم ڕووی لە قیبلە دەکرد و دەیگوت: " بۆخاتری جاهی پێغەمبەری نازدار و قیبلەی پیرۆز خوایە لە بەندیی ڕزگارکەی" مامۆژنیشم لەڕێی محەممەد سەعیدیڕا هەندێ یارمەتیی بۆ دەنارد.
کاتێ بە ڕاستیی ئەو پیاوە ئوستوورییەمان زانی و زانیمان چەندین ساڵی دوورودرێژە لە بەندیخانەیە، ئیدی یارمەتیدانی ئەوم گرتە ئەســـتۆ و هەندێ باروبوومان لەڕێی حیزبی هیواوە بۆ کۆدەکردەوە، جا من و کاکەحەمەی خانەقا و مارف بەرزنجی ئەو کارەمان بە نهێنی دەکرد نەکا حکوومەت پێی بزانێ و باروبووەکەیشمان بە حەمەسەعیدیدا دەنارد. لە یەک لە دیدارە مانگانەکان کە هەندێ پارە و خواردن و میوەم پێبوو، حەمەســەعیدم دیت، ئەویش پێیناســـاندم و ئەودەمی گەنجێکی بەگوڕ بووم، ئیدی چاوەکانی بۆ چارەنووســـی خێزانەکەی لە هەوارامانی ژێر دەســـەڵاتی ڕەزاشـــای دیکتاتۆری دڵڕەق پڕ ئاوبوو. ئەو یارمەتییانەی ئەو پیاوە هەر بەردەوام بوو تا ڕۆژێک گوێمان لێبوو، مەحمود خانی چەندین ساڵی لە بەندیخانە بەسەر بردبوو، بەردەبێ. ئیدی مامم دەستەجلێک و عابایەکی بۆ هەنارد و بەربوو، بووە میوانی تەکیەی تاڵەبانی، لەبیرمە مامم بەخۆ و بە کۆمەڵێ مورىدەوە لەبەردەرگای تەکیە پێشـــوازیی لێ کرد و ژوورێکی تایبەتی بۆ تەرخان کرد تا لەوێ نان بخوا و ، بەشـێکی زۆری کاتی خۆی بە نێرگەلەکێشـان لە دیوەخانی شـێخی بەسـەردەبرد. پیاوێکی سـەنگین و کەمدوو بووبە دیالێکتی هەورامانی دەدوا. دوای ئەوەی ســاڵێک میوانی تەکیە بوو وەک پەناهەندەی سـیاسـی وەرگیرا و حکوومەت خانوێکی لە گەڕەکی ئیمام قاسمی نزیک تەکیە بۆ بەکرێ گرت و توانیی ژنەکەی و هەندێ منداڵی بێنێ و کوڕە گەورەکەی هەر لە هەورامان بوو و ناوەناوە ســـەری لێ دەدا. کە لەشـــەڕی دووەمی جیهانییش هاوپەیمانان ئێرانیان داگیرکرد ئیدی بەندییە سیاسییەکان بەردران و، مەحمود خان گەڕایەوە هەورامان تا لەوێ بچێتەوە بەر دیوانی خودا و یادی ئەو مرۆڤە ئوستوورییە هەر لە یادەوەری و ویژدانی مندا بمێنێ.

فەریق بەکر سدقی لە کەرکووک:

بەکر سدقی، خەڵکی گوندی عەسکەری سەر بە ناحیەی ئاغجەلەرە "قەڵاسێوکە"، لەوێرا نازناوی عەسکەریی وەرگرتووە. پێچەوانەی جەعفەر پاشای عەسکەری، کە خەڵکی هەمان گوند بوو، بەڵام نکووڵیی لە کوردبوونی خۆیشی دەکرد، بەکر سدقی سەردانی گوندەکەی دەکرد و سەری لە خزمەکانی دەدا.

بەکر سدقیی عەسکەری، کە ئەودەمی پلەی لیوای هەبوو، کرایە قائید فیرقەی دووەم و بنکەکەیشی لە کەرکووک بوو و، ناوچەی کارکردنیشی هەموو کوردستانی دەگرتەوە"ویلایەتی مووسڵی جاران". بەکر سدقی ئەفسەری سوپای عوسمانلی بووە و لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دێتە ڕیزی سوپای عێراق، چونکە ئەفسەرێکی باشیش بووە پلە بەپلە بەرزبووەتەوە تا گەیشتووەتە پلەی لیوا ڕوکن و، دواتریێ کراوەتە فەرماندەی فیرقەی دووەمی زۆربەی کارمەندەکانی کوردبوون. بەکر سدقی زۆردەهاتە سەردانی شێخ حەبیب تاڵەبانیی مامم، کە ئەودەمی سەرۆکی شارەوانی بوو و، دیوەخانێکی هەبوو بەرپرسانی دەچوونێ و ئەو لەبەر پێگە خێزانییەکەی و کاسایەتییەکەی بەدەسەڵاتترین بەرپرسی دەوڵەت بوو. وادیارە بەکر سدقی، لەبەر ئاواتە تایبەتەکانی و پەیوەندیی بە کەسایەتییە کوردەکانی ناوچەکەوە، نموونەیەکی نیگەرانیی حکوومەت بووبێ. هەر ئەوەش وایکرد حکوومەتماڵەکەی مامە شێخ حەبیبم بخاتە ژێر چاودێریی پۆلیس. پۆلیسێکیان هەر لە گەڕەکەکە ڕاسپارد تا ئەو کارە بکا و ئەویش ناوی"عەتا خەلیفە ئەحمەد" بوو و، کە بەکر سدقی سەردانی مامی بکردایە ئەو قاوەی دەهێنا.

کە لەماڵی مامم بوومایە، تێبینیم دەکرد بەکر بە تورکمانی قسەیان لەگەڵ دەکا، ئەوەی لە ماڵی مامیشم دەچووە دیداری، شێخ قادر تاڵەبانی بوو "شێخ قادرسی مەنسور". بەکر ژمارەیەک پلەداری سوپای ڕەوانەی خولێک کرد کە هەموویان کوردبوون و بە پلەی مولازم دەرچوون و لە فیرقەی دوو خزمەتیان کرد.

لەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستن، وا دەردەکەوێ کە "جەماعەتی ئەهالی" پلانیان هەبووبێ کودەتایەک لەسەر حکوومەتەکەی یاسین ئەلهاشمی بکەن و بەکر سدقییشیان دیاری کردبوو ئەو کارە بکا، ئیدی لەڕێی حیکمەت سلێمانەوە پەیوەندییان پێوەکرد. حیکمەت سلێمانیش زڕبرای ژەنەراڵ مەحمود شەوکەت بوو، کە لە تورکیا، دژی سوڵتان عەبدولحەمید، سەرکردایەتیی کودەتای ئیتیحادییەکانی کرد. حیکمەت پەیوەندییە تایبەتییەکانی خۆی لەگەڵ بەکر سدقی قۆستەوە و پلانێکیان دانا تا کودەتایەک لەسەر حکوومەتەکەی یاسین ئەلهاشمی بکەن و حکوومەتێکی ئیئتیلافی دامەزرێنن کە ئازادییە دیموکسییەکان بداتە گەل و هەڵبژاردنێکی ئازادی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش بکا. حیزبی

شـــیوعیی عێراقییش، هەر بۆ ئەو مەبەســـتە، لە ســـەرەتای دامەزراندنیدا پشـــتگیریی ئەو حکوومەتەی کرد و بە دوو کەســـایەتیی نیشـــتمانیش بەشـــداریی کرد، ئەوانیش محەممەد جەعفەر ئەبو تمەن و کامل چادرچی بوون، بەڵام رووداوەکان بە ئاراســـــتەی ئاواتەکانی گەل بەردەوام نەبوون. ســـەرەتای کودەتا هەندێ ســـەندیکا و رێکخراوی میللی و پیشـــەیی دامەزران و، رێگە بە کۆبوونەوە و خۆپیشـــاندانان درا، بەڵام پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی دوو کەســـایەتیی هەرە دیاری حکوومەتی کودەتا، بەکر ســـدقیی پێگەی ســـەرۆکی ئەرکانی سوپای بۆ خۆی دانا و حیکمەت سلێمانی بە بنەچە تورک بوو و، بووە ســەرۆکوەزیران، تایبەت بوو و، ئەو دووە هەڵگری بیرۆکەی بیرۆکەی چاکســـازیی وەک بیرۆکەی مســـتەفا کەماڵ ئەتاتورک و رەزاشـــای ئێران بوون، تا لەرێی یاسا و مەرسوومان پەرە بە کۆمەڵگە بدەن نەک لەرێی خودی گەلەوە. ئیدی، دوای ماوەیەک نیەتی خۆیان ئاشـــکرا کرد و دەســـتیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، ئەوەش وایکرد جەعفەر ئەبو تمەن و کامل چادرچی لە حکوومەت بکشێنەوە.

لەســاڵی ١٩٣٦، کە قوتابیی پۆلی شـــەشـــی ســـەرەتایی بووم، بۆ پێشـــوازیی شـــێخ جەمیل تاڵەبانیی مامم، کە لەحەج دەهاتەوە، لەگەڵ باوکم چووومە بەغدا و، بە حوکمی خزمایەتییش چاوم بە شـــێخ حەســــەن تاڵەبانی کەوت. ئەودەمی ئەو لە 'جەمەعاتی ئەهالی' نزیک بوو، ئیدی حکوومەتی کودەتا کردبوویانە فەرمانبەر لە وەزارەتی ناوخۆ. چاوم بە شـــێخ عەبدولقادر تاڵەبانییش کەوت، کە ئەودەمی لە کەرکووک بوو و برادەری بەکر سدقی بوو، ئیدی لە پەرلەمانی نوێدا وەک نوێنەری کەرکووک کرابووە نوێنەر. دەشگوترا، کودەتایەکە بە رێککەوتنی بەکر سدقی و مەلیک غازی لەدژی حکوومەتەکەی یاسین ئەلهاشمی کراوە، چونکە ویســـتبووی دەســــەڵاتەکانی مەلیک کەمکاتەوە و بیکاتە مەلیکێکی دەســــتووریی پارێزراوی نا بەرپرس و، دەشـــــگوترا بەکر پەیوەندیی بە بەریتانییەکانەوە هەبووە و گوتراش پەیوەندیی بە ئەڵمانەکانەوە کردووە.

جا بیروڕایەکان دەربارەی بەکر ســــدقی هەرچییەک بن، بە جوداکردنەوەی بزاوتەکانی 'جەماعەتی ئەهالی'ی ئەوێ دەمی و، ئەو کێشانەی لە ١٩٣٥ لە باکوور و باشوور تووشی حکوومەتەکەی یاسین ئەلهاشمی ببوون و ئەو گۆرانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی لە تورکیا و ئێران دەکران ، ناکرێ بگەینە راســتیی ئامانجەکانی هەریەک لە بەکر ســدقی و حیکمەت سلێمان.

بەڵام، ڕێچکەی تاکەکەسیی هەریەک لە فەریق بەکر سدقی و حیکمەت سلێمان، کارێکی کرد لە گەل و هێزە سیاسییەکان داببڕێن، ئەوەش، ئەو کاتەی لە ١٩٣٧[14] لە موسڵ کاری غافڵکوژکردنی بەکر سدقیی سەرکردەی کودەتا ڕێکخرا، وایکرد لەناوبردنی ئاسان کردن. چەندین دەستەی بەریتانی و نەتەوەیی ناو سوپا لەو کارەدا بەشداربوون و دوو ئەفسەری کورد جێبەجێیان کرد ئەوانیش هەریەک لە محەممەد خورشید داودی و عەبدولعەزیز یامولکی بوون. بە کوژرانی بەکر سدقییش، حیکمەت سلێمان دەست لەکار کێشسانەوەی حکومەتەکەی لە ١٧ی ئابی ١٩٣٧ پێشکەش کرد و، دواتریش، لە سەردەمی حکوومەتەکەی نووری سەعید[15]، بە وەی تاوانبار کرا گوایە پیلانی غافڵکوژ کردنی مەلیک غازیی دارشتووە، کە دەیویست تۆڵە لە حکوومەتی کودەتا بکاتەوە چونکە دەستیان لە کوشتنی جەعفەر عەسکەریی ژن خوشکیدا هەبووە کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی کودەتا کوژرابوو و، ئیدی تۆمەتی کودەتا ئاراستەی کۆمەڵێک لەو کەسانە کرا کە بەشداریی کودەتای ١٩٣٦یان کردبوو، لەوانەش شێخ عەبدولقادر تاڵەبانیی مامم، کە دوای ئەوەی حوکمی بەندکردنی درا چەندین ساڵی لەو خێوەتگەیەی لە حەویجە دروستکرابوو بەسەربرد و، لەوێ لە هەڵکەندنی ئەو نۆکەندە کاریان پێ دەکردن کە بۆ نیشتەجێکردنی عەشیرەتی ئەلعوبێدی عارەب لەو ناوچەیە هەڵیان دەکەند و، ئەو ناوچەیەش سەدان ساڵ بوو پاوانی عەشیرەتە کوردەکان بوو، زەکی خەیریی سەرکردەی شیوعییش، ساڵێکی بەندیی لەو خێوەتگا زۆرەملێیە نامرۆڤانەیە بەسەر برد کە لەژێر قورسایی کاری زۆرەملێ بەشێکی زۆری بەندییەکان مردن و ژمارەیەکی زۆریشیان، کە هەوڵی ڕاکردنیان دەدا تا لەو مامەڵە نامرۆییانەی لەگەڵیان دەکرا دەربازبن، کوژران.

---

[14] _ غافلکوژکردنی بەکردسدقی و محەممەد عەلی جەواد لە بنکەی سەربازیی مووسڵ، لەو کاتەی دەچوون ئامادەی مانۆڕی سەربازی بن لە تورکیا، ڕێکخرا و ، لە ١١ی ئابی ١٩٣٧ هەردووکیان لەناوبردران. دوای بەکر سدقی، مەلیک غازی، جەمیل مەدفەعیی راسپارد لە ١٧ی ئاب وەزارەتی چوارەم پێکبێنێ، کە بەرانبەر ئەو ڕووداوانەی لەگەڵ کودەتای بەکر سدقی هاتنەپێش سیاسەتی "پەردە دادانەوەی" پەیڕەو کرد و، ئەو ڕق و کینانەی ئەو سەردەمیی لەبیر کرد. بۆ زیاتر بنواڕە: جعفر عباس حمیدی. تاريخ العراق المعاصر "١٩١٤- ١٩٦٨" ، مكتبة عدنان، بغداد، ٢٠١٥، ص ١٥٣.

[15] _ نووری سەعید، دوای دەست لەکارکێشانەوەی وەزارەتی چوارەمی جەمیل مەدفەعی، لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٨وەزارەتەکەی خۆی دامەزراند. جعفر عباس حمیدی. سەرچاوی پێشوو ص ٥٧.

شەڕی دووەمی جیهانی ١٩٣٩:

هەوری شـەڕی دووەمی جیهانی لە ئاسمانی دنیایە پێکدادەهاتن. ڕاستییەکەی، ئەودەمەی ئیتاڵیا حەبەشـــەی داگیرکرد و دەســـتی بەســـەر لیبیادا گرت و، ئەڵمانیای هیتلەری چیکســـلۆڤاکیای داگیرکرد، ئەو شـــەڕە پێش هەڵگیرســـانی بەرپاببوو. بەڵام دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانی دی خۆیان لە بەرەوڕووبوونەوەی هێزی سـەربازیی ئەڵمانیای نازی و ئیتاڵیای فاشیستی و ژاپۆن لادەدا. کە ئامانجیان دروستکردنی بەرەیەکی دیکەبوو لەدژی دەوڵەتە ســـەرمـایەدارەکانی پێشـــترێ و، وڵاتانی تەوەر دەیانویســـت کۆلۆنییەکان دابەشبکرێنەوە.

لەو بوارەیدا، پێشـــبینییەکانی لینین[16] ســـەبارەت بە ئیمپریالیزم گرنگیە مەزنەکەی دەردەکەوێ، کاتێ لە کتێبەکەیدا بەناوی "ئیمپریالیزم، دوا قۆناغی سەرمایەداری" سەرنجت بۆ دەربڕینێک رادەکێشـــێ کە لە ســـایەی ئەو ماجەرایانەی ئەوڕۆ لە دنیادا ڕوودەدەن، دەلالەتێکی گەورەی هەیە، مەبەســـتیشـــم کۆتاییەکانی ســـەدەی بیســـتەم و بەراییەکانی ســـەدەی بیســـت و یەکە و، دەربڕینەکەش دەڵێ: "ململانێیەکان لەســـەر وڵاتانی نیمچە کۆلۆنیالی دەکرێن، چونکە وڵاتە کۆلۆنیالەکان دەمێکە دابەشـــکراون" جا دەکرێ پیاو بپرسێ، ئەرێ ئەو قسەیەی لینین ئێستا ئەو وڵاتانە ناگرێتەوە کە دوای شەڕی دووەمی جیهانی سەربەخۆییان وەرگرتووە؟ بەتایبەتیش ئەوەی ئێستا پێیدەگوترێ "جیهانگەرایی"؟. دەربڕینێکی لە کتێبی ناوبراودا هەیە و وەڵامدانەوەی کارل کاوتســـکیی مارکســـیســـتی پێشـــترییە کە گوتبووی: "کارتێلە جیهانییەکان، کە ڕواڵەتێکە لە ڕواڵەتە هەرە دیارەکانی ســـەرمـایەداری، ڕەنگێکی جیهـانیی پێ دەگرێ ونـامەیەکە بۆ دنیـا ســـەبـارەت بە بەرقەراربوونی ئاشتیی نێوان گەلان".

لینین ئەو قســـەیەی بە پووچ وەســـف کردووە، چونکە مۆنۆپۆلە جیهانییەکان دەریدەخەن مۆنۆپۆلە سەرمایەدارییەکان ئێستا لە چ ئاستێکدان و، دیاریشە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بۆ چ مەبەستێک ململانێیانە. کارە هەرە گرنگەکەش لە لایەنی کۆتاییدایە؛ چونکە هەر ئەوە

---

[16] _ ڤلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانۆڤ "لینین" لە ٢٢ی نیســـانی ١٨٧٠لە ســـمبرســـک لەدایکبووە، کە ئەوڕۆ پێیدەڵێن ئۆلیانۆفسکی. باوکی پشکنەری قوتابخانەی سەرەتایی بووە. لینین توانیی ئاڵقەیەکی سۆسیالیستی لە دەوری خۆی کۆکاتەوە و ڕۆژنامەی "ئالاسکیرا"ی دەردەکرد و، توانیی سـەرکردایەتیی ئەو شۆڕشـە بکا کە لە شـەشـی تشـرینی دووەمی ١٩١٧ دەست بەسـەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەتدا بگرێ و، بووە سـەرۆکی حکوومەتی نوێ لە ڕووسیا. لە گۆرکیی نزیک مۆســـکۆ و لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کرد. بڕوانە جاد بروها تاريخ الاتحاد السـوفييتي. ترجمة وليم خوری، موءسســة النوری للتوزيع والنشـردمشـق، د ت ص١١؛ ابراهيم حداد .الشـيوعية و الديمقراطية فی الشـــرق و الغرب، دار الثقافة، بيروت، ١٩٥٨ ، ص٨١؛ الان پالمر، موســـوعة التاريخ الحديث ١٧٨٩-١٩٤٥، جزءان، ترجمة: سوسن فيصل السامر، يوسف احمد امين، دار المامونللترجمة و النشر، بغداد، ١٩٩٢، ص ٤٣.

واتای ڕووداوه مێژووییه ئابوورییەکانمان بۆ دەردەخا، چونکه شــــکڵ دەکرێ بگۆڕێ و هەمیشـەش بەپێی هەندێ هۆکاری جیاوازی، که شـێوازیان تایبەته و تا ڕادەیەک کاتین، له گۆڕاندایه. لەکاتێکدا ململانێ و شــــێوازه چینایەتییەکەی تا چینەکان مابن ناگۆڕێن، چونکه شێوەی ململانێ و شێوازه کاتییەکەی گۆڕان ئەو دوو خاڵەن که سەرنج ڕادەکێشن.

لەکاتی هەڵگیرســــانی شــــەڕدا لەو تێبینییانه نەدەگەیشــــتم. ئەودەمی قوتابیی دوا پۆلی خوێندنی ناوەندی بووم، نەتەوەییەکی بۆرژوازی بووم، واته ئەندامێکی ســــەرکردایەتیی حیزبی هیوای نەتەوەیی بووم وکەسێکی بەسەرخۆدا داخراوی شارەزای بیروڕای زانستی نەبوو تـا ڕووداوەکـانی پێ لێکداتەوە. هەر بۆ مێژووش دەڵێم: یـاســــین تەلەعفەریی مامۆســــتای مێژوو تاکەکەس بوو که ئیحای ئەوەی دەداینێ شــــەڕ له ئەنجامی دژبەرییه ئامبازی یەکدی بووەکانی نێوان وڵاتانی ســــەرمایەدار ڕوویداوە. بەڵام ئەو بیروڕایانه لەســــەرەوەی توانای تێگەیشــــتنی ئێمه بوو، چونکه خوێندن شــــێوەیەکی مژاویی دوور له ڕاســتیی هەبوو، هەر بۆ نموونه، له کتێبی مێژوو دەمانخوێندەوه که شــەڕی نێوان ئەڵمانیا و فەرانســــه ی ســــاڵی ۱۸۷۰ لەبەر ئەوەی ڕوویداوه چونکه برووســــکەیەکی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا گەیشــتووته دەســت لویس پۆناپارتی پاشـای فەرەنسـا دوای ئەوەی له گەرماوی هاتۆته دەری و ئەودەمی تووڕەبووه، ئیدی شەڕ هەڵگیرساوه، واته ئەگەر لویس پۆناپارت تووڕه نەبوایه شــــەڕ هەڵنەدەگیرســــا. مامۆســــتا یاســــین تەلەعفەری دەیتوانی ڕاســــتیی ڕووداوەکـــانمـــان تێبگەیەنێ، بەڵام ئەوه قەدەغه بوو، چونکه بەریتـــانییەکـــان دوای بزووتنەوەی مایسی ۱۹٤۱عێراقیان داگیرکردبووەوه و ئەفسەر حوکمی وڵاتیان دەکرد و ســــەرپەرشــــتیی خوێندنیشــــیان دەکرد. یەک لەو مامۆســــتایانەی ئەودەمی درکیان به ڕاستییەکان دەکرد، مامۆســتا مەتتی زەکۆ بوو، ئەو له پێشــکەوتنخوازه دێرینەکان بوو و، ڕۆژێکیان ده دانەی ڕۆمانی "دایک"ی[17] ماکسیم گۆرگیی تەرجەمەی عەرەبی کراوی دامێ

[17] _ ڕۆمانی "دایک"ی گۆرگی ، بەڕاستی لەو دەقانەیه که ڕێیان بۆ بەرپابوونی شۆڕشی ڕووسیا خۆشکرد. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ لێرەدا باسی ئەوەی بکەین که ئەلیکسی بشکۆف "۱۸٦۸- ۱۹۳٦" که ئەوه ناوی ڕاستەقینەی ماکسیم گۆرگییه، هەرهێندەی پێشبینییەکەی بەڕاست گەڕا و شۆڕشی بۆلشەویی ڕووسی له ساڵی ۱۹۱۷ هەڵگیرسا، ئیدی ئەو هەڵوێستێکی نەرێنیی بەرانبەری هەبوو، چونکه دیتیی زیاد له پێویست میللەی و دیماگۆجییه، هەندەشی پێنەچوو له ۱۹۲۱ ڕووسیای بەجێهێشت. هەتا ۱۹۲۸ نەگەرایەوه ، که گەڕانەوەکەیشی لەسەر داوای خودی ستالین بوو، که زۆری چاو لێبوو و ساڵی ۱۹۳٤ گەیاندییه پۆستی سەرۆکی نووسەران. لەگەڵ ئەوەشدا،سەرباری ئەو شکۆیه دەسەلاتییەش، هەندەی نەبرد و هەر دوای دووساڵ گۆرگی لەهیکڕا ئەو دنیایەی ئێمەی بەجێهێشت. هەتا ئەوڕۆش کۆمەڵێ گومان دەوری مردنەکەیان داوه، داخوا هەر بەڕاستی بەو دەردەی سییەکانی مرد که تووشی ببوو، یان دەیانگوت تووشی بووه، یان به فەرمانی ستالین ژەهرخوارد کراوه؟ بۆ زیاتر: بڕوانه ttp://www.terezia.org/section.php.

تا بیفرۆشم و، منیش خوێندمەوە ، بەڵام لێی حاڵی نەبووم هێندە نەبێ سەرسامی دایکە بەجەرگەکە بووم و، ئێمەش ئەوەدەمای پێویستمان بە دایکانی ئاوەها هەبوو.

شەڕ لە بارودۆخی بێ هەرمێنیی ئابووری و قەیرانی خنکێنەری وڵاتانی سەرمایەداری و وڵاتانی پاشکۆیان هەڵگیرسا، لەوانەش عێراق. عێراق وڵاتێکی کشتوکاڵییە و نزیکەی ٨٠٪ی خەڵکەکەی لەو بوارەدا کاردەکەن، ئیدی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان داڕووخان و، وایلێهات نرخی فەردەیەک گەنمی پەنجا کیلۆیی بووە سەد و پەنجا فلس و جۆ بووە سەد فلس. ئەگەرچی عێراق نەشبووە گۆڕەپانی شەڕ، بەڵام قورسایی جەنگ خەڵکی ماندوو کرد. زۆربەی کاڵاکان لە بازاڕدا نەمان، شەکر و چا و سابوون و قوماش لەبازاڕدا شوێنەواریکیان نەما. ئیدی حکوومەت ناچاربوو هەندێ شتومەک بە پسووڵەی خۆراک دابەش بکا. بەڵام زۆربەی ئەو شتومەکانە بە دەستی فەرمانبەرە گەندەڵەکان بەقاچاخ دەبردرایە ئێران. گوتیشیان ژمارەی دانیشتووانی عێراق بەپێی پسووڵەی خۆراک گەیشتە ٢٠ ملیۆن کەس، لەکاتێکدا تەنیا سێ ملیۆن کەس دەبوو. دەتدیت زۆربەی جووتیاران جلێکی لە کیسەی "جنفاس" دروستکراویان لەبەربوو، خەڵکی شاریش ناچاربوون چادرەکۆنەکان خم و ڕەنگ بکەن و چاکەت و پانتۆڵی لێ بدروون. پەرداخی ئاو و پیاڵەی چای لە بازاڕدا نەمان، ئیدی خەڵکەکە بوتڵیان دەبڕییەوە و دەیانکردە پەرداخ و ئیستیکانی چایان لە قوڕی سوورکراوە دروست دەکرد. ئەفسەر و سەربازە بەریتانییەکان هەندێ کاڵایان لە کۆگاکانی سوپای بەریتانی دەدزی "نافی" و لە بازاڕی ڕەش دەیانفرۆشتەوە، لەوانەش تایەی ئۆتۆمۆبیل ، کە نرخی یەک تایە گەیشتبووە سێ سەد دینار.

دەبووایە حکوومەتی عێراق تێچووی بژێویی سوپای دەیەمی بەریتانی بدا کە ئۆردوویان لە عێراق بوو و، ئەو سوپایە دووڕیانی ستراتیژیی کفریی کردبووە بنکەی سەرەکیی خۆی و، حکوومەت جووتیار و موڵکدارەکانی ناچار دەکرد نیوەی بەرهەمی گەنمی خۆیان بە نرخی فەرمی بفرۆشنە ئەو سوپایە تا نانی سوپای بەریتانی دابین بێ. بەڵام ئەو نرخە لە نرخی بازاڕ بەرزتر بوو، بۆیە بازرگانانی شەڕ ئەو بابەتەیان قۆستەوە تا بەروبوومی جووتیاران بە نرخێکی کەم بکڕن و هەر بەناوی ئەوانیش بە نرخی فەرمی بیفرۆشن، چونکە دەبووایە جووتیار چەندین ڕۆژ چاوەڕێ بکا تا حکوومەت بەروبوومەکەی لێ وەردەگرێ و، بۆ کورتکردنەوەی کاتەکەش ناچاربوو بەرتیلێکی زۆر بداتە فەرمانبەرانی بژێوداری "اعاشە" تا بەرهەمەکەی لێ وەرگرن. بۆیە پێی باشتربوو بە نرخێکی کەمتر بیفرۆشێتە بازرگانێک و لەو دۆخە دەربازبێ.

هەرچی بازرگانە بچووکەکان بوون، سەرقاڵی بەقاچاخ بردنی شتومەک بوون بۆ ئێران. لەو شتومەکانەش هەردوو کانزای مس و ئەلەمنیۆم و شەکر و چای دزراوی دەستی

موڵکدارەکانی سەدان ناوی وەهمی یان مردوویان دەنووسی تا بەشی ئەو شتومەکانەیان وەرگرن و، فەرمانبەرانی بەڕێوەبەری و تفاق و ئازووخەش لەو فێڵەدا بەشداربوون.
ڕاوێژکارە سیاسییە بەریتانییەکان خۆیان لە هەموو کاروبارێکی وڵات هەڵدەقورتاند، بۆ نموونە، عەقید "کۆرنێڵ" لاین دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی هەموو کوردستان بوو، ئەو ئەفسەرێکی هەواڵگریی بەریتانیا بوو و پێش ئەوەی شەڕ دەستپێبکا کرابووە سەرۆکی دەستەی یەکلاکردنەوەی مافەکانی موڵکداری لە ناوچەکە و، لەو ڕێیەوە پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکان دروستکردبوو و زمانی کوردییشی دەزانی. لە مەودای کارکردنیدا زۆری زەویی جووتیار و چووکەڵە موڵکدار دابووە موڵکدارە گەورەکانی سەرۆک عاشیرەت بوون. جووتیارەکانیش، ئەو کاتەی زەوییەکانی لەدەست دەردەهێنان تا بیانداتە موڵکدارە گەورەکانی وەک سەرۆک عاشیرەتەکان، دەورەیان لێ دەدا و نەیشییان دەزانی ئەو "برادەرە" کوردی دەزانێ، ئیدی جووتیارێک گوتبووی: " ئای ئێستا بەرچیغێکی لە تەپڵی سەری نەدەی! مێشکی بکەویتە ناو دەمی"، جا لاین سەری بەرزکردبووەوە و زۆر بە هێمنییەوە گوتبووی: "بۆ، باوەکوشتەتم؟".
یاریدەدەرەکەی لە کەرکووک ناوی "مێژەر کینگ" بوو، مێژەر کینگ سەری لە قوتابخانە و مزگەوت و پەرستگا و دیوەخانی کەسایەتییە گەورەکان دەدا تا هەندێ دیارییان بداتێ، بەبیریشم دێ، دوو سەعاتی زێڕینی دایە دوو قوتابیی یەکەمی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی، ئەو دووەی خەڵاتەکەیشیان وەرگرتبوو دوو قوتابیی کورد بوون و ئەوانیش "وەحیدەدین کەتانە"ی خەڵکی دهۆک بوو و لە کەرکووک دەیخوێند و"من" بووم لە خوێندنی ئامادەیی، چونکە یەکەمی ناوەندی و ئامادەیی بووین، تائێستاش ناومان، لە لیسی قوتابییە زیرەکەکان، لەخوێندنی ئامادەیی "ناوەندی" کەرکووک هەڵواسراوە.
هەر بۆ مێژووش دەڵێم: هەریەک لە مورشیدی تەکیەی تاڵەبانی، مامە شێخ محەممەد جەمیل تاڵەبانیم و ئەحمەدی خانەقا هیچ پارەیەکیان بە ناوی هاریکاریی هەژاران لە تەکیە و خانەقایەکەیان وەرنەگرت. بەڵام سێینە ناسراوەکەی کەرکووک، مەلا ڕەزای واعیز و مەلا مەجیدی قوتب و مەلا ئەحمەدی حەکیم، بەردەوام سەریان لە کۆرنێڵ لاین دەدا.
مەلا محەممەدی جەلیزادەی لە کۆیەڕا بۆ سەردانی ڕاوێژکاری سیاسی هاتبووە کەرکووک و، میوانی سەید ئەحمەدی خانەقابوو، دەگێڕێتەوە کە خۆی بۆ دیدەنیی ئامادەدەکا، سەید ئەحمەد بەگاڵتەوە پێیدەڵێ "ئێمەت لەبیربێ"، پێش ئەوەی قسەکەیشی تەواو بکا مەلا محەممەد وەڵامیدەداتەوە و دەڵێ: "لای خواکەت". ئەو قسەیەش لەو ئایەتە پیرۆزە وەرگیراوە کە دەفەرموێ: "اذکرنی عند ربک"، واتە لای خواکەت منت لەبیربێ و باسم بکە.

ڕەشید عالی گەیلانی و هاتنەوەی بەریتانییان:

ڕەشــید عالی گەیلانیی خوالێخۆشــبوو، لە خانەوادەی گەیلانییە کە لە عێراق و دەرەوەش ناســراون. ئەو خانەوادەیە پێگەیەکی شــکۆداریان هەبووە و ســەرۆکەکیشــیان بە نەقیبی ئەشــرافی شــار هەڵدەبژێردرا، کە بەریتانییەکانیش لە شــەڕی یەکەمی جیهانی عێراقیان داگیرکرد، پەنایان بۆ ســەید عەبدولڕەحمانی نەقیب برد تا لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هاریکارییان بکا، ئیدی کردیانە یەکەم ســەرۆکوەزیرانی عێراق و کوڕەکەی، ســەید مەحمودی نەقیب، لە نەقیبیی خانەوادەدا جێی گرتەوە و پاش ئەویش سەید عاصم گەیلانی بووە نەقیب.

سەید ڕەشید عالی گەیلانی لە هەڵکشانی پۆستە فەرمییەکاندا کەسێکی چەلەنگ بوو و ماوەیەک وەک وانەبێژ لە کۆلێژی مافی بەغدا کاری کرد و، لە چەندین وەزارەتیش کاری کرد بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی ســیاســەت و پێکهاتەی ئەو وەزارەتانە چییە. و کاتێ فەریق بەکر سدقی ٢٩ی تشرینی یەکەم کودەتای کرد و حکوومەتەکەی یاسین ئەلهاشمیی ڕووخاند، ڕەشید عالی لەو دووەم حکوومەتەی یاسین ئەلهاشمیی بووە وەزیری ناوخۆ و، نووری سەعیدیش وەزیری دەرەوە بوو.

لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا، سەید ڕەشید عالی گەیلانی، لەڕێی ، دکتۆر فریتز گرووبای باڵیۆزی بەغدایانەوە ، پەیوەندیی لەگەڵ ئەڵمانیا پەیداکرد. ئیدی لە دەســتەی ئەفسەرە نەتەوەییەکان نزیکبووەوە، کە عەبدولئیلاهی "وەسی"ش لەسەر کورسی ڕایکرد تا خۆ لەبن باڵی بەریتانییەکان بنێ، ڕەشــید عالی گەیلانی دامەزراندنی حکوومەتێکی ڕاگەیاند کە بە "حکوومەتی بەرگریی نیشــتمانی" ناســراوە و، لە ٣٠ی نیســانی ١٩٤١ دایمەزراند.[18] ئەو حکوومەتە یەک لە ئەندامانی خانەوادەی هاشــمیی کردە "وەســی" و ئەویش "الشــریف شــرف" بوو و جێی عەبدولئیلاهی گرتەوە.بەڵام ئەو حکوومەتە زۆری نەخایاند، لە ٢ی مایســی ١٩٤١ هێزەکانی بەریتانیا بە هاوکاریی هێزە ئوردونییەکان لە بنکەی ســەربازیی حەبانییەوە داکشــان تا عێراق داگیرکەنەوە و وەســی بێننەوە ســەر تەخت، ئیدی حکوومەتێک بە سەرۆکایەتیی جەمیل مەدفەعی دامەزرا.[19]

---

[18] ـ بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، الاسرار الخفية لحركة سنة ١٩٤١ التحررية، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٠، ص١١٤.

[19] ـ جەمیل مەدفەعی ئەو وەزارەتە نوێیەی، پێنجەم وەزارەت، لە دووی حوزەیرانی ١٩٤١ پێکهێنا، ئەویش دوای گەڕانەوە بەغدای وەســی و کۆڵەکەکانی دەســەڵات و دوای پێکهێنانی وەزارەتەکەش حوکمی عورفییش ڕاگەیەندرا. عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات، ج٦، ص٩-١٠.

سـەرباری ئەوەی بەریتانییەکان، وەک مەودای شـەڕی یەکەمی جیهانییان نەکرد و ڕاستەوخۆ فەرمانڕەوای سیاسییان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری عێراق دانەمەزراند، بەڵام لە زۆربەی لیوایەکانی عێراق "ڕاوێژکار"ی هێزەکانی بەریتانیایان دامەزراند، کە ئەفسەری هەواڵگری بوون و فەرمانڕەوای راستەقینەی عێراقیش بوون و، زۆربەی خەڵکەکەش پێیاندەگوتن حاکمی سیاسی.

لە کوردستان، ڕاوێژکاری سیاسیی هێزەکانی بەریتانیا عەقید "کۆرنێل لاین"بوو و، هاوولاتییە بەڕێوەبەرییەکان بە ئاماژەی ئەو دادەمەزران و دەگواسترانەوە و، لە هەموو کارێکی بەڕێوەبردنیش دەچوونەوە لای ئەو. چەند ئەفسەرێکی بەریتانییش لە کەرکووک و هەولێر و موسڵ و سلێمانی هاریکارییان دەکرد. هەرچی سوپای عێراقیش بوو، ئەوا ژەنەراڵ "ڕنتن" بەناوی پشکنەری گشتی تێیدا بالادەست بوو، ئەگەر ئەڵمانیا هێرشی بکردبا سەر ناوچەکە، ئەو سوپایەکەی ئامادە دەکرد.

کاپتن شووتەر، لە سلێمانی دامەزرا و ئەو کاپتنە سەر بە هەواڵگریی بەریتانیا بوو و پێش بزووتنەوەی ڕەشید عالی، لە کەرکووک مامۆستای ئینگلیزی بوو، کە ئەو بزووتنەوەیەش شکستی خوارد، شووتەر بە سەرکرداتەیتیی کەتیبەیەکی زرێپۆش بەشداریی داگیرکردنەوەی ناوچەکەی کرد و ئەوجا کرایە ڕاوێژکار لە سلێمانی.

کە بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی ڕوویدا، حکوومەت خەڵکەکەی ناچارکرد بۆ پشتیوانیی بزووتنەوەکە بێنە دەرێ و خۆپیشاندان بکەن، ئەوەندەی لە کەرکووک بووم تەنێ یەک جارم خۆپیشاندان دیت، ئەویش ئەو کاتەبوو کە بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١ ڕوویدابوو.سەید ڕەشید عالی گەیلانی، دوای هەڵاتنی عەبولئیلای وەسی، حکوومەتی یەکێتیی نیشتمانیی پێکهێنا. لە یەک لە خۆپێشاندانەکانیش خۆپیشاندانێکی ئایینی بوو و پیاوانی ئایین و دەروێش و کەشیش و جوو تێیدا بەشداربوون و، زۆربەیشیان بە ناچاری هاتبوون، لەو خۆپیشاندانە هێمنەشدا لەگەڵ قوتابییان بەشداریم کرد، کەژاوەی جوولەکان کەژاوەیەکی بچووک بوو و حاخام بەپێشیان کەوتبوو و دروشمی دەگوتەوە و دەیگوت: "هذا الگاع ما ننطینو رشید عالی حاکم بینو" واتە ئەو خاکە نادەینە کەس، ڕەشید عالی تێیدا فەرمانڕەوایە، بەڵام هەرهێندەی گەرموگوڕی کەوتە ناو خۆپیشاندەرە موسڵمانەکان، ئیدی جووەکان بزربوون.

حیزبی هیوا، لە کوردستان ڕێکخستنێکی فراوانی هەبوو. سەرباری ئەوەی گەلی کورد زۆری ڕق لە بەریتانییەکان دەبووەوە چونکە بە بەرپرسی ئەو بەڵایانەی دادەنان بەسەری هاتبوو و ئەوان لێنەگەڕابوون مافە نەتەوەییەکانیان دەستکەوێ. بەڵام حیزبی هیوا لەگەڵ بزووتنەوەی ڕەشید عالی نەبوو و هاوکارییشی نەکرد، لە سلێمانی، ئەودەمەی ڕەفیق

حیلمیی سەرۆکی حیزبی هیوا پشکنەری لیوایەکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر بوو، پەیوەندیی لەگەڵ "شـۆتەر"ی ئەفسـەری بەریتانی پەیداکردبوو و ئەو پەیوەندییەش کاریگەریی لەسـەر دوارۆژی حیزب و دوارۆژی سـەرۆکایەتیی حیزبی بەڕێز ڕەفیق حیلمییش هەبوو.

سوپای بەریتانی لە کوردستان:

دوای لەناوبردنی بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١ی ڕەشید عالی گەیلانی، بەریتانییەکان دیسان عێراقیان گرتەوە. بەریتانییەکان بەپێی پەیمانی عێراق- بەریتانیای ساڵی ١٩٣٠، هێزێکی زۆریان لە عێراق دانابوو، نەوەکا هێزەکانی ئەڵمانیا بگەنە قەفقاس و تورکیاش بەلای ئەڵمانیادا کێلیکاتەوە. جا شارۆچکەی کفری جێگەی ستراتیژیی مۆڵبوونی ئەو هێزانە بوو. زۆربەی یەکەکانی سوپای دەی بەریتانیی لە گەلانی کۆلۆنیالەکانی بەریتانیا پێکهاتبوون، لە شارۆچکەی کفری لە هەردوو گوندی "کاریز و کنگریان"مۆڵیان خواردبوو. هەر ئەو جێیە بوو کە سوپای بەریتانیا لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لەوێ بوو و هێڵی شەمەندەفەریشیان لە بەغداڕا ڕاکێشابوو.

وەک پێشتری باسم کرد، بەریتانییەکان چەند ئەفسەرێکیان بە ناوی" ڕاوێژکاری سیاسیی هێزەکانی بەریتانیا" دامەزراندبوو و، ئەو ئەفسەرانەش پەیوەندیی پتەویان لەگەڵ زۆربەی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان و کەسایەتییە کوردە دیارەکانی ئۆروستوکراتی شاری و پیاوانی ئایین و بازرگانان دروستکردبوو. هەر بۆ نموونە، "کۆرنێل لاین" ببووە مەرجەعی ئەو شێخ و ئاغایانە و خۆی فەرمانڕەوای کوردستان بوو.

لە بەزمی ئەو پەیوەندییانەش، کە لە ١٩٤٦ بوومە پارێزەر، عەباسی مامەنداغای ئاکۆ هاتە نووسینگەکەم و، لەسەر جۆگە ئاوێک کێشەی لەگەڵ هەندێ ئاغەی دیکە هەبوو، ئیدی داوای لێکردم برووسکەیەکی درێژی سەبارەت بە شکاتکردنەکەی بۆ ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ بۆ بنووسم، کە مستەر "ئەدمۆنز" بوو و بەریتانی بوو. بێهوودە هەوڵمدا تێیگەیەنم کە "ئەدمۆنز تەنیا ڕاوێژکارێکی وەزارەتە و، واباشترە برووسکەکە بۆ خودی وەزیر بنووسرێ، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی "ئەدمۆنز"ی ڕاوێژکار فەرمانڕەوای ڕاستەقینەیە و هەموو شتێکی بەدەستە!!

لە خۆ تێهەڵقورتاندنەکانی ئەفسەرە بەریتانییەکان لە کاروباری وڵاتدا وەک پێشتر باسم کرد، مێژەر "کینگ" لە کەرکووک دوو سەعاتی زێڕینی بۆ یەکەمەکانی ئامادەیی و ناوەندی تەرخان کرد.

لەبیرمە سوپای دەی بەریتانی بە بەشداریی سوپای ئوردونی، مانۆڕێکی لە ناوچەی کفری کرد، سوپای ئوردونیش پتر بە سوپایەکی غەیرە نیزامی دەچوو، ئەوان هەموویان بەدوو بوون و جلی عارەبییان لەبەردابوو، واتە کاکی و یەشماغی سووری سەرسەریان. مانۆڕەکەیشیان ڕووبەرێکی زۆری داچێندراوی گوندەکانی دەوروبەری وێران کرد و، لیژنەیەکیان بۆ تێنۆڕینی سکاڵای خاوەن مولکەکان پێکهێنا تا قەرەبووی زیانەکانیان بکەنەوە، هاتنە گوندەکەی ئێمەش، کە شێخ عەتای بەهەشتیی برام بەڕێوەی دەبرد، داوای

قەرەبوومـان نەکردەوە، هەر بەوەنـدەی دەســــتبەرداربووین قەرەبووی جووتیـارە زیـان لێکەوتووەکان بکەنەوە. ئەگەرچی بە گوندەکەی ئێمەیان دەگوت "گوندە شیوعییەکە"، بەڵام لەوانەیان پتر ڕێز لێدەنایین کە هەمیشــــە بۆ بەرژەوەندی بەدوایانەوەبوون. بۆیەش ناویان لە گوندەکەمان نابوو شـیوعی چونکە عەتای خوالێخۆشـبوو لە دیوەخانەکدا کتێبخانەیەکی چکۆلەی هەبوو و هەنـدێ کتێبی مـارکســـــی تێدابوو و پەیکەرێکی لینینیش لەســــەر کتێبخانەکە داندرابوو، جا هەرچەند جاری بۆ کارێک بهاتبانا لای ئەو دیمەنەیان دەدیت.

کوردەکان لە قوتابخانە خەڵاتی یەکەمی وەردەگرن:

کە لە پۆلی پێنجی ئامادەیی بووم"دواپۆلی ئامادەیی بوو"، بەڕێوەبەریی قوتابخانە دوو خەڵاتی بۆ یەکەمەکانی دواپۆلی ناوەندی و ئامادەیی تەرخان کردبوو. خەڵاتەکەی دواپۆلی ئامادەیی "کە سەعاتێکی زێڕین بوو" بەبەر من کەوت، چونکە من یەکەمی پۆلەکە بووم و، خەڵاتی دووەمیشـــیان بووە هیی وەحیدەدین کەتانی، کە کوردێکی دهۆک بوو و لەگەڵ حوســـین عەونی کەتـــانیی مـــامی لە کەرکووک دەژیـا. بەڕێوەبەری قوتـابخـانە، لە کۆبوونەوەیەکی ئاهەنگ ئامێزدا هەردوو خەڵاتەکەی پێشـکەش کردین و ئەوەش هەسـتی هەندێ تورکمانی ڕەگەزپەرستی وررووژاند.

پێش پێشکەشکردنی خەڵاتەکەش، مامۆسـتا فاتیح مسـتەفا هاتە پۆلەکەمان و پرسـیی کێ یەکەمی پۆلە، پێیانگوت موکەڕەم یەکەمی پۆلە، جا لەجیاتیی ئەوەی پیرۆزبـاییم لێ بکا دەستی بە سەرزەنشتی قوتابییە توکمانەکان کرد و گوتی: "ئێوە کاتی خۆتان لە قاوەخانان بەسـەردەبەن و کوردێک لە گوندیرا دێ و دەبێتە یەکەمی سـەرتان" ئیدی دەسـتی لێ بە جنێوان کردن. منیش ناڕەزاییم دەربڕی و گوتم: "ئەرێ باوکت پێش باوکم لە کەرکووک بووە؟ ئەو قسـانە چییە دەیکەی؟ لەجیاتیی ئەوەی لەسـەر مکوڕیی خوێندنم پیرۆزباییم لێ بکەی، دێی ئەو قســانەم پێدەڵێی؟" گوتی: "من مەبەســتم تۆ نییە و پیرۆزباییت لێ دەکەم" گوتم: "جا بەوشێوازە پیرۆزباییم لێ دەکەی؟"

لە کۆبوونەوەی بەیادیانی هەموو پێنجشـــەممەیەک لە گۆڕەپانی قوتابخانە، بەڕێوەبەر ناوی ئەو قوتابییانەی دەخوێندەوە کە خەڵاتکرابوون و ئەوانەشـــی کە ســـزادرابوون. دووبـارەی دەکردەوە، ئەوانەی خەڵاتکراون موکەڕەم جەمـاڵ تـاڵەبـانی و وەحیـدەدین کەتانین، سـزادراوەکانیش فلان و فلان و فلانن، جا لیسـتێکی درێژی ئەوانەی دەخوێندەوە کە سزادرابوون.

ڕووداوێکی خۆشـــی هەڵبژاردنە ئازادەکـانی قوتـابخـانە هەیە و دەبێ بـاســـی بکەم. بەڕێوەبەری قوتابخانە کردمیە چاودێری گشـــتیی قوتابخانە و چاودێری پۆلەکەشـــمان. ڕۆژێکیان، مامۆســـتایەک داوای کرد هەڵبژاردنێک بۆ چاودێری پۆل بکرێ. جا بەشـــی هەرەزۆری قوتابییەکان تورکمان بوون و تورکمانێکیان هەڵبژارد کە بە شـــەڕانگێزی و تەمبەڵی بەناوبانگ بوو، ناڕەزاییم دەرنەبڕی، ڕۆژێکیان بەڕێوەبەر ســـەبارەت بە کارێکی پۆلەکە بەدوویـدا هەنـاردم، منیش گوتم من چـاودێر نیم و فلان چـاودێرە. گوتی: کێ کردوویەتیە چاودێر؟ گوتم؛ مامۆستا فلان. چووە پۆلەکە و ئەودەمی مامۆستایەکە وانەی مێژووی دەگوتەوە. بەڕێوەبەر لێی چووە ژووری و پێیگوت: ئەوە چۆن ئەوکـارەت کردووە؟ گوتی : قوتـابییەکـان ئەو قوتـابییەیـان بۆ تـاقیکردنەوە هەڵبژاردووە. بەڕێوەبەر

گوتی: جا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران ئازادە، تا ئەو هەڵبژاردنەش ئازادبێ؟ جا فەرمانی پێکردم، لەگەڵ چاودێریی قوتابخانە چاودێریی پۆلەکەش وەرگرم. کاری چاودێری گشتییش هەر ئەوەندەبوو بەیانیان بە قوتابییەکانی دەگوت بڕۆنە پۆلەکانتان و کێشەی نێوان قوتابیانی چارەسەر دەکرد و، ئەگەر چارەسەریش نەبووبا دەیبردنە بەڕێوەبەری تا چارەسەر بکرێ و دەبووایە بەخۆی دواکەس بێ بچێتە پۆل تا دڵنیابێ هەموو قوتابییەکان چوونەتە پۆلەکانیان و، ئەگەر مامۆستایەکیش دوابکەوتایە دەبوایە ئاگاداری بکاتەوە.

حکوومەت خووی پێوەگرتبوو، دوای گواستنەوەی ڕەفیق حیلمیی بەڕێوەبەی کورد، بەردەوام بەڕێوەبەری عارەبی بۆ ئامادەیی "ناوەند"ی کەرکووک دادەمەزراند و، زۆربەیشییان خەڵکی موسڵ بوون. جا مامۆستا نەجمەدین چلمێرانی دامەزراند کە بەبنەجە کوردبوو و لە موسڵ ببووە عارەب و پاشان بەهجەت نەقیب و ئەوجا کەماڵ سدقی.

سەرەتای هۆشیاریی نەتەوەیی:

بارگەکانی بەرایی هۆشـیاریی نەتەوەییم لە باوکم وەرگرت، کە بە چەمکە باوەکەی ئەودەمی باسی مەسەلەی نەتەوایەتیی دەکرد و، خاڵەکانی لە خانەوادەی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی بوون، کە لە سەدەی نۆزدە شۆڕشی دژی هەردوو ڕژێمی ئێرانی و عوسمانلی کردبوو، بەڵام لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشەکەدا شکستی خواردبوو، ئیدی بۆ مەککە دوورخرابووەوە تا ئەو ژیانەی ماویەتی لە ماڵی خودایدا بەسەرببا. هەرچی شێخ عەبدولقادری شەمزینیی کوڕیەتی، بەشدارییەکی کاریگەری لە بڵاوکردنەوەی وشیاریی نەتەوەیی لە کوردستان هەبوو و، لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی"تەعالی و تەرەقیی کوردستان" و ڕێکخراوی دیکەیش بووە کە داوای مافی چارەی خۆ نووسینی کوردانی ناو ئیمپراتۆریای عوسمانلییان دەکرد و، دەسەڵاتداریی تورکیی ئیتیحاد و تەرەقیی تورکی دەستی بەسەردا گرتبوو، لە سێدارەی دا.

دوای گواستنەوەی باوکم بۆ گوندی زەرداوی قەزای کفری، بە هاوکاریی محەممەد فەتاح بەگئ جافی هاوڕێی، لقێکی کۆمەڵەی ئازادیی کوردستانیان دامەزراند کە لە ١٩٢٩لە سلێمانی دامەزرابوو. کە بەڕێز ماجد مستەفاش کرایە قایمقامی کفری و برادەری باوکم بوو، زۆرجاران دەهاتە گوندەکەمان و کاتێکی لەگەڵ باوکم بەسەردەبرد، باسی کاروبارەکانی کوردیان دەکرد.

لە ڕۆژەکانی کۆتایی ژیانیدا باوکم خەمی لەوەی دەخوارد کە زۆربەی ڕۆشنبیر و کەسایەتییە کوردەکان کێشەی نەتەوەیی کوردیان کردبووە کەرەستەیەک و پۆست و پایەی حکومییان پێ پەیدادەکرد. مەحمود جەودەتی ئەفسەری نەتەوەیی، هاوبەشی ئەو خەم و ئازارەی بوو، ئەگەرچی ئەودەمی تەمەنم بچووک و بیرکردنەوەیش بایی ئەوەندە نەبوو، بەڵام ئەو قسانەی لە ئاخاوتنەکانی سەبارەت بە کێشەی نەتەوەیی کورد دەکران هەستێکی وەهایان لا دروستکردبووم بزانم کە کورد نەتەوەیەکی چەوساوەن.

کە خوێندنی سەرەتاییم تەواوکرد و چوومە قۆنناغی ناوەندی، چوومە قوتابخانەی دواناوەندیی کەرکوک و ئەوێ تاکە قوتابخانەی دواناوەندیی کوردستان بوو، ئیدی ببووە جێی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری قوتابییانی ناوچەکانی کوردستان. کە ساڵی ١٩٣٧ چوومە ئەو قوتابخانەیە ژمارەیەکی زۆری نەتەوەپەروەرانی کوردم لەوێ ناسی، لەوانەش یونس ڕەئووف"دڵدار" و بورهانی حامیدبەگی جاف وجەلال جافی برای و کاکەحەمەی خانەقا و دواتریش مستەفا عومەر"دەبابە" و کەریم قەرەنی و مارف بەرزنجی و حوسێن بەرزنجی.

دوای هەرەسی بزووتنەوەکەی شێخ مەحمودی حەفید، کوردستان بە سستییەکی سیاسیدا تێدەپەڕی، شــێخ بۆ باشــوور دوورخرابووەوە، لە ١٩٣٢ بارزانییەکان بەســەرکردایەتیی شێخ ئەحمەدی بارزانی بزووتنەوەکەیان شکستی هێنابوو و، پێش ئەوانیش شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشی ئیحسان نووریی ئارارات و جەعفەر سوڵتانی هەورامان ســەرکەوتوو نەبیوون و، کۆمەڵە و حیزبە ســیاســییەکانی باشــووری کوردســتان لەبەین چووبوون و باشــووری کوردســــتان بێ ویســــت و ئارەزووی کوردی، کە داوای مافی چارەی خۆ نووســــینی دەکرد، بەیەکجاری درابووە پاڵ دەوڵەتی عێراق. لەو کودەتایەی بەکر سدقی کردی هەندێک هەستی کوردی بووژایەوە ، کە تاپۆی شەڕی دووەمی جیهانی لە دنیا دەرکەوت هێشــتا شــوێنەواری بەڵا و پەژارەی شــەڕی یەکەمی جیهانی لە زەینی خەڵکدا مابوو.

لە بەرانبەر ئەو بارودۆخەدا، ژمارەیەک قوتابیی کوردی دواناوەندیی "ناوەند"ی کەرکووک بیریــان لە دامەزرانــدنی کۆمەڵەیەکی نهێنی بەنــاوی "داربڕ" کردەوە و ئەوەش وەک لاساییەکی "کۆمەڵەی ڕەژیکەرییان"ی ئیتاڵیا کە ڕۆڵێکی گەورەی لە یەکخستنەوەی هەرێمە ئیتاڵییە پارچەپارچەبووەکاندا هەبوو و، دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیەش کاردانەوەی ئەو چالاکییەی نەتەوەپەرستانی عارەبان بوو کە لە سەردەمی مەلیک غازی داڕژابوونە عێراق و هەموویان ســــووریایی و لوبنانی و فەلەســــتینی بوون و ســــەر بە کۆمەڵەی "یانەی موثەننــا"ی نەتەوەیی ڕاســــتڕەو بوون کە قێزیــان لە نەتەوە و کەمەنەتەوەکــانی دیکە دەبووەوە. بە هاوکاریی یوونس ڕەئووف، یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی داربڕ، کە ئەو، لەگەڵ کاکە حەمەی خانەقا و بورهان جاف، بزوێنەری سەرەکیی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە بوون. دواتریش ئەو کۆمەڵە بچووکەی قوتابیان بووە حیزبێکی ســیاســیی گەورە، بە سەرۆکایەتیی ڕەفیق حیلمیی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان و ئەو حیزبە ڕۆڵێکی مەزنی لە هەردوو ڕاپەڕینی بارزانییەکانی هەردوو ساڵی ١٩٤٣ و ١٩٤٥دا هەبوو.

پەیوەندییە کوردییە- تورکمانییەکانی کەرکووک:

بەدرێژایی مێژوو، نەتەوە و کەمە نەتەوەکانی کەرکووک بە تەبایی و خۆشــەویســتییەوە ژیاون و، هیچ شــتێک ڕوونیی ئەو پەیوەندییانەی شــلوێ نەکردووە و، زۆربەی خانەوادە تورکمانییەکان دەروێش و موریدی تەکیەی تاڵەبانی بووینە و ئەوان مەرقەدی شێخەکانی تاڵەبانییان بە پیرۆز دەزانن و خۆشــــیاندەوێن و هەردەم دێنە کۆڕی زیکری تەکیە و، کەســایەتیی دووەمی تەریقەتی تاڵەبانی کە شــێخ حوســام عومەرە، تورکمانە و، کتێبێکی بەناوی"الانفاس الرحمانية فى الســلســلة القادرية الطالبانية" نووســیوە، پەیوەندیی ژن و

ژنخوازییش لەنێوان کورد و تورکماندا هەر هەبووە و وایکردووە زۆر ئاسایی هەندێ خانەوادەی کورد ببنە تورکمان و هەندێ خانەوادەی تورکمانیش ببنە کورد.
ئەو پەیوەندییە باشە تەنێ لەنێوان کورد و تورکمان نەبووە و، هەندێ خانەوادەی کلدانیی ناو قەڵای کەرکووک پەیوەندیی دۆستایەتیی گەرمیان لەگەڵ کورد و تورکمانان هەبووە. کە شێخ مەحمودی حەفیدیش پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردیی لە باشووری کوردستان ڕاگەیاند، شێخەکانی ئەلعوبێدی عارەبی "شێخ عاصی الحسین و شێخ عاصی العلي"سەردانیان کرد و ڕاپانگەیاند عەشیرەتەکەیان، ئەگەرچی عارەبە، بەڵام لە خاکی کوردستان دەژی و چارەنووسیان بە چارەنووسی کوردانەوە بەستراوەتەوە.
بەڵام تورکیا، ڕۆڵی لەوەیدا هەبوو لێنەگەڕێ کورد، بەپێی ماددەی ٦٤ی پەیماننامەی سیڤەر، لەتورکیا جودا ببنەوە و بگەنە مافەکانیان. ئەو کارەش بووە هۆی ئەوەی چەندین شۆڕشی کوردی لە کوردستانی باکوور "تورکیا" لە دژی حکوومەتی مستەفا کەماڵ ئەتاتورک هەڵبگیرسێ و، کاریگەرییەکانیشی لەسەر پەیوەندیی نێوان کورد و تورکمان ڕەنگیدایەوە، ئەوەی قورەکەیشی خەستتر کرد ئەوەبوو، تۆفیق ڕوشدی ئاراسی وەزیری دەرەوە گەشتێکی بە ناوچەکەدا کرد بۆ ئامادەکاریی پەیمانی سەعدابادی برگەیەکی هاوکاریی تیدابوو بۆ سەرکوتکردنی هەر بزووتنەوەیەکی کوردەکان دژی هەر دەوڵەتێکی ناوچەکە و گەشتەکەی عێراقیشی گرتەوە . کە وەزیرە تورکییەکەش، بە ڕاسپاردەی حکوومەتی بەغدا، بە کەرکووکدا تێپەڕی، تورکمانەکان پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکرد و ئاواتی ئەوەیان پێوە دیاربوو دەیانەوێ ناوچەکە بدرێتەوە تورکیا. ئەوەش وایکرد کوردەکان ئەوەندە هەڵبچن بیریان لەوەی کردەوە کارێکی تیرۆر ئاسا دژی وەزیرە تورکەکە بکەن. لەوەشدا کوردەکان ڕێکخراوێکیان بەناوی"داربڕ" هەبوو کە لە کەرکووک دامەزرابوو و لەپێناو مافی چارەی خۆ نووسینی گەلی کورد کاری دەکرد.
کە بەریتانییەکان، دوای ئەوەی لە حوزێرانی ١٩٤١ بەسەر بزووتنەوەکەی ڕەشید عالی گەیلانیدا زاڵبوون و، دیسان عێراقیان داگیرکردەوە، دوورکەوتنەوە و هەستیاریی نێوان کورد و تورکمانیش زیادی کرد. ئاخر ئەوان کلکەلەقێیان بۆ تورکیا دەکرد نەوەکا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بچێتە پاڵ ئەڵمانیای نازی و، ئەو کلکەلەقێیەش چالاکیی تورکمانەکانی کەرکووکیشی گرتبووەوە.
لەبیرمە، جارێک لەو جارانەی قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندییان بۆ دیتنی فیلمی پروپاگەندەیی بنکەی ڕۆشنبیریی بەریتانی دەبرد، کە فیلمێکیان سەبارەت بە مانۆڕی سوپای تورکی نیشاندا و لەوێ مانۆڕی زستانەیان لە چیاکانی کوردستانی باکوور دەکرد، تورکمانەکان زۆریان چەپڵە لێدا و کورد و ئەرمەنەکانیش ناڕەزاییان دەربڕی، کەماڵ

ژنخاوازییش لەنێوان کورد و تورکماندا هەر هەبووە و وایکردووە زۆر ئاسـایی هەندێ خانەوادەی کورد ببنە تورکمان و هەندێ خانەوادەی تورکمانیش ببنە کورد.
ئەو پەیوەندییە باشە تەنێ لەنێوان کورد و تورکمان نەبووە و، هەندێ خانەوادەی کلدانیی ناو قەڵای کەرکووک پەیوەندیی دۆسـتایەتیی گەرمیان لەگەڵ کورد و تورکمانان هەبووە. کە شێخ مەحمودی حەفیدیش پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردیی لە باشووری کوردستان ڕاگەیاند، شێخەکانی ئەلعوبێدی عارەبی "شێخ عاصی الحسین و شێخ عاصی العلی" سەردانیان کرد و ڕایانگەیاند عەشیرەتەکەیان، ئەگەرچی عارەبە، بەڵام لە خاکی کوردستان دەژی و چارەنووسیان بە چارەنووسی کوردانەوە بەستراوەتەوە.
بەڵام تورکیا، ڕۆڵی لەوەیدا هەبوو لێنەگەڕێ کورد، بەپێی ماددەی ٦٤ی پەیماننامەی سیڤەر، لەتورکیا جودا ببنەوە و بگەنە مافەکانیان. ئەو کارەش بووە هۆی ئەوەی چەندین شۆڕشی کوردی لە کوردستانی باکوور "تورکیا" لە دژی حکوومەتی مستەفا کەماڵ ئەتاتورک هەڵبگیرسێ و، کاریگەرییەکانیشی لەسەر پەیوەندیی نێوان کورد و تورکمان ڕەنگیدایەوە، ئەوەی قورەکەیشی خەستتر کرد ئەوەبوو، تۆفیق ڕوشدی ئاراسی وەزیری دەرەوە گەشتێکی بە ناوچەکەدا کرد بۆ ئامادەکاریی پەیمانی سەعدابادی برگەیەکی هاوکاریی تێدابوو بۆ سەرکوتکردنی هەر بزووتنەوەیەکی کوردەکان دژی هەر دەوڵەتێکی ناوچەکە و گەشتەکەی عێراقیشی گرتەوە . کە وەزیرە تورکییەکەش، بە ڕاسپاردەی حکوومەتی بەغدا، بە کەرکووکدا تێپەڕی، تورکمانەکان پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکرد و ئاواتی ئەوەیان پێوە دیاربوو دەیانەوێ ناوچەکە بدرێتەوە تورکیا. ئەوەش وایکرد کوردەکان ئەوەندە هەڵبچن بیریان لەوەی کردەوە کارێکی تیرۆر ئاسا دژی وەزیرە تورکەکە بکەن. لەوەشدا کوردەکان ڕێکخراوێکیان بەناوی "داربڕ" هەبوو کە لە کەرکووک دامەزرابوو و لەپێناو مافی چارەی خۆ نووسینی گەلی کورد کاری دەکرد.
کە بەریتانییەکان، دوای ئەوەی لە حوزێرانی ١٩٤١ بەسەر بزووتنەوەکەی ڕەشید عالی گەیلانیدا زاڵبوون و، دیسان عێراقیان داگیرکردەوە، دوورکەوتنەوە و هەستیاریی نێوان کورد و تورکمانیش زیادی کرد. ئاخر ئەوان کلکەلەقێیان بۆ تورکیا دەکرد نەوەکا لە جەنگی جیهانیی دووەمدا بچێتە پاڵ ئەڵمانیای نازی و، ئەو کلکەلەقێیەش چالاکیی تورکمانەکانی کەرکووکیشی گرتبووەوە.
لەبیرمە، جارێک لەو جارانەی قوتابیانی ناوەندی و دواناوەندییان بۆ دیتنی فیلمی پڕوپاگەندەیی بنکەی ڕۆشنبیریی بەریتانی دەبرد، کە فیلمێکیان سەبارەت بە مانۆڕی سوپای تورکی نیشاندا و لەوێ مانۆڕی زستانەیان لە چیاکانی کوردستانی باکوور دەکرد، تورکمانەکان زۆریان چەپڵە لێدا و کورد و ئەرمەنەکانیش ناڕەزاییان دەربڕی، کەماڵ

ســـــدقیی بەڕێوەبەری قوتـابخـانەی لایەنگری بەریتـانییـان لە هەموو بۆنەیەک لای تورکمـانەکـانی دەگرت، لەکـاتیکدا کەس لە بەڕێوەبەریی قوتـابخـانە هەوڵی ئەوەی نەدا ناوبژی بکا یان هەوڵدا پەیوەندیی دۆسـتانەی نێوان کورد و تورکمانەکان دروسـتکاتەوە و، کەسیش لە کورد و تورکمانەکان ئەو کارەیان نەکرد.

ڕۆژێکیان دەمەقاڵەیەکی توند لەنێوان قوتابییەکی کوردی سلێمانیی لە دواناوەندیی"ناوەند" دەیخوێند و نـاوی کەریم قەرەنی بوو لەگەڵ چەند قوتابییەکی تورکمـانی شـــەڕفرۆش دروسـتبوو، ئێمەی لاوی هەڵەشـەش، بڕیارماندا شـەڕ بە قوتابییە تورکمانە شەڕفرۆش و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەش بفرۆشـــین. شـــەوێکیان من و شـــەهید مارف بەرزنجی و عومەر دەبابەی خوالێخۆشـــبوو، ماڵی ئەو قوتابییەمان دا بەر گوللە کە شـــەڕی بە کەریم قەرەنی فرۆشتبوو، ئەوەش دەسەڵاتی حکوومی و بەریتانیی نیگەران کردبوو و، کۆمەڵێک قـوتـابـیـی کـوردیـش چـووبـوون بەڕێـوەبەری قـوتـابـخـانـە تەمـبـێ بـکەن، بەڵام لە دەستنیشانکردنەکەیان سەرچیغ چوبوون و لە جەلال سدقیی ئەفسەری برایان دابوو بێ ئەوەی هیچ گوناهێکی هەبێ.

پێش ئەو ڕووداوانەش، واتە لە ســـاڵی ١٩٣٧، کە یاریی وەرزشـــی لەنێوان قوتابخانەکانی شـــارە کوردســـتانییەکان لە کەرکووک بەڕێوەچوو و، بەڕێز عەزیز ســـامی بەڕێوەبەری مەعـــارف بوو و بە بنەچە عـــارەب بوو و ببووە تورکمـــان و، بەڕێز ڕەفیق حیلمیش بەڕێوەبەری دواناوەندیی"ناوەند"ی کەرکووک بوو، لە گۆڕەپانی یاریدا ببووە دەمەقاڵەیان و حکوومەت گواسـتنیەوە باشـووری عێراق، ئیدی کوردەکان ناڕەزاییان دەربڕی و داوان کرد ڕەفیق حیلمی بگەڕێنـدرێتەوە کەرکووک و، تورکمـانەکـانیش لای خۆیـانەوە داوای هێنانەوەی عەزیز سامییان دەکرد.

تێبینییش دەکرێ، ئەوکاتە کێشـــە لەنێوان کورد و تورکمانەکان دروســـتبوو کە ڕێکخراوی نەتەوەیی کـورد و تورکمــان پەیـدابوون و، ئـایـدیۆلۆژیـای نەتەوەیی بۆرژوازیی دژی یەکدییان هەڵگرتبوو.

لەگۆڕنانی فیتنەی نێوان کورد و تورکمان:

حیزبی هیوا لە ١٩٤٢ لە قەزای کفری چالاکییەکی فراوانی هەبوو و زۆربەی ڕۆشنبیران و کاسبکاران و سەرۆک عەشیرەتەکان هاتبوونە ڕیزی حیزب، لەبەر سستیی بازرگانیی هۆیەکەی شەڕی دووەمی جیهانی بوو و چرانی ڕێیە جیهانییەکان، بازرگانیی نێوان عێراق و ئێران هەرە بە هەرمێنەکە بوو و قاچاغیش بەشی هەرەزۆریی ئەو بازرگانییەبوو.زۆربەی بازرگان و کاسبکاران خەریکی قاچاغچیەتی بوون و، کالای هەرە بە هەرمێنیش لە ئێران شەکر و چا و ئەلەمنیۆم و تەلی مس و پێداویستییەکانی کارەبا بوو. بازرگانەکان، ئەو کەلوپەلانەیان لە بەغدا دەستدەکەوت و بە نهێنی و لەڕێی چاوساغیی فەرمانبەرانی شەمەندەفەر لە کفری و کەلارەوە دەچووە سنووری ئێران و، چونکە سەر بە حیزبی هیواش بوون بۆیە ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی سەر بە حیزب بوون بازرگانییەکەیان بۆ دەپاراستن.

ئەندامانی حیزبی هیوا خەڵکێکی نەتەوەپەرست بوون و بیرکردنەوەیان بەرانبەر تورکمانەکانی کفری شۆڤێنییانەبوو، چونکە ئەودەمی وشیارییەکی پێشکەوتنخوازیی ئەوتۆ لە ناوچەکەدا نەبوو و، لەبەرانبەریشدا شۆڤێنییەتی تورکمان هیچی لە شۆڤێنییەتی کوردان کەمتر نەبوو.

لالووتییەکی سیاسی و فیکرییان لەبەینێدا بوو. بازرگانیی تورکمانەکانیش هەر سست بوو، جا تورکمانەکانیش، وەک چاولێکەریی کوردەکان، کۆمپانیایەکیان بۆ قاچاغی ئێران دامەزراند و ناویان لێنا "بازرگانیی یەکگرتوو"، بەلام بازرگانییەکەیان، کە بە ناوچە کوردییەکاندا دەڕۆیی، کوردەکان تالانیان دەکرد. ئەوەش وایکرد ململانێی سیاسیی نابابەتییانەیان بکەوێتە بەینێ، کە لەبنچرا هۆکارەکەی ئابووری بوو.

ئەو ڕۆشنبیرانەی لەژێر کاریگەریی بیری پێشکەوتنخوازیدا بوون، بەو کارەی دژی تورکمانەکان رازی نەبوون، بەلام کارەکە بەهاوکاریی بازرگانەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان دەکرا و، ئەوانیش دەسەلاتیان لەو ڕۆشنبیرانە پتر بوو کە ژمارەیان لە قەزای کفری دیاریکراو بوو و لە هەندێ مامۆستا و مەلا تێپەڕی نەدەکرد.

زۆر پێویست بوو دۆخەکە چارەسەر بکرێ و فیتنەکە لە کەرکووک زیندەبەچاڵ بکرێ، ئیدی بڕیاردرا کۆبوونەوەیەکی گەورە لە قاوەخانەیەکی کفری بکرێ و ڕیش سپییەک قسەی تێدا بکا و ئەو کەسەش کەریم بەگی جاف بوو، چونکە هەرە بەدەسەلات و هەرە بەتەمەن بوو و هەموو دەستەبەرییەک دەداتە تورکمانەکان و دەریدەخا کورد و تورکمان بران و پێویستە هۆیەکانی دابڕانیان وەلانێن.

بڕیاردرا شێخ قادر تاڵەبانی چەند کەسایەتیی دیکەش ئامادەبن، ئەوانیش شێخ محەممەد نەجیب و شێخ عەبدولوەهاب تاڵەبانی و ئەحمەد بەگی بابان و محەممەد عەلی ئاغای زەنگەنە و حەمید عەبدولعەزیز ئاغای زەنگەنە و شێخ ئەحمەد شاکەلی و مستەفا کەریم بەگی جافبوون و، سەرباریش کاسبکار و بازرگان و ڕۆشنبیران.

ئەو ڕۆژی هەینییەی، بڕیاربوو کورد و تورکمان لە چەند قاوەخانەیەکی نزیک یەکدیی دەروازەی بازاڕی کفریی سەرگیراو کۆببنەوە، ژمارەیەکی زۆری کورد و تورکمان کۆبوونەوە و تورکمانەکان نەیاندەزانی ئەوەندە کوردە بۆ لە نزیک ئەوان کۆبوونەتەوە.

کۆبوونەوەکە بە هوتافکێشانی برایەتیی نێوان کورد و تورکمان دەستپێکرد و ئیدی تورکمانەکان سەریان سوڕمابوو چونکە لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی کوردان ڕانەهاتبوون.ئیدی کەریم بەگ لەناو چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان هەستایەوە تا هەموو دەستەبەرییەک بداتە تورکمانەکان و هەموو کارێکی دەبێتە هۆی دابران و دوورکەوتنەوەش، وەک لەگەڵی پێکهاتبوون، ڕووزەرد بکا. بەڵام ئامادەبووان چاویان زەق بووەوە، دیتیان کەریم بەگ چووە سەر کەرەوێتێک و گوتی: "هێی تورکمانەکانی کفری، شوێند بە فەخری عالەم درووودی خوای لەسەربێ و بە قەبری فەتاح بەگی باوکم هەرچی لەو شارەی بە نان بڵێ ئەکمەک وەکو کار سەری دەبڕم". ئیدی بە پێکەنینەوە لە کەرەوێتەکە هاتەخوارێ. ئەگەرچی شێخ عەبدولقادری تاڵەبانی و شێخ عەتای تاڵەبانی و مامۆستا محەممەد قەرەداغی دڵنیاییان دایە تورکمانەکان و گوتیان سوورن لەسەر پاراستنی برایەتیی نێوان کورد و تورکمان، بەڵام تورکمانەکان هەڵوێستی خۆیان لەسەر قسەکانی کەریم بەگی جاف هەڵنا و، پتریان ترس و گومان لا دروست بوو.

مردنی باوکم ڕێچکەی ژیانی گۆڕیم:

لە ١٩٤٣، ئامادەییم بە پلەیەکی بەرز تەواوکرد، باوکم ئارەزووی لەوەی بوو پزیشکی لە ئەستەمبوڵ بخوێنم. ئەو کۆلێژی پزیشکیی ئەوێی لە هیی عێراق بەباشتر دەزانی. ئیدی داوای لێکردم کاروباری سەفەری تورکیا جێبەجێ بکەم و، ئەوەش پێویستی بە پشتڕاستکردنەوەی بڕوانامە و دەرهێنانی پاسەپۆرت و ڕەزامەندیی وەرگیرانی زانکۆی ئەستانبۆڵ هەبوو.لوتفی قەردار، والیی ئەودەمی ئەستانبۆڵ بوو و برازای حاجی جەمیل قەرداری کەرکووکێ بوو. ئەو خانەوادەیەش حەزیان لە چاکەبوو، لەگەڵ خەڵک بە گشتی و لەگەڵ برادەران بە تایبەتی، کە گوێیان لێبوو بە نییەتم لەوێ بخوێنم، نامەیەکیان بۆ بەڕێز لوتفی قەردار هەناردبوو و داوایان کردبوو ڕەزامەندییەکی بەرایی کۆلێژی پزیشکیی ئەوێم بۆ وەرگرێ. ئیدی ئەویش بەدڵخۆشییەوە کارەکەی کردبوو و هەواڵیشی دابوونێ کە تا جێگیر دەبم لەماڵەکەی خۆیدا میوانداریم دەکا.

خزمەتی سەربازی و نەگەیشتنە تەمەنی یاسایی کۆسپی بەردەم سەفەرم بوون و، ئەوساش، جەودەت محەممەد عەلی یەعقووبی قایمقامی کفری بوو و، لە خانەوادەیەکی ناسراوی هەولێرێ بوو. کە بۆ ئەو کارەش سەردانیم کرد، رایسپارد هەواڵدارییەکی "اخبارية" بۆ بنووسرێ گوایە موکەڕەم ئێستا لە تەمەنی خزمەتی سەربازیدایە و بانگێشت نەکراوە. کە هەواڵدارییەکەم بۆ نووسی بانگی ئەفسەری سەربازگریی کرد "تجنيد" و داوای لێکرد ڕێکەوتی لەدایکبوونم کە لە شوناسەکەم نووسرابوو لە ١٩٢٥ بکاتە ١٩٢٣. ئەفسەرەکە پێیگوت ئەوە لەگەڵ یاسا ناگونجێ، گوتی "بۆ هەموو کارەکان بەپێی یاسان؟ بەپێی یاسابێ یان نا بڕۆ ئەو کارە جێبەجێکە"ئەوەیشی بۆ ئەوە کرد تا پاسەپۆرتم بدرێتێ.

چوومە بەغدا تا پاسەپۆرت دەربێنم، کە سەرقاڵی ئەو کارەبووم، تەلەفۆنێکم لە کفریرا بۆ کرا کە باوکم ئەمری خوای کردووە و دەبێ یەکڕاست بگەڕێمەوە. بە شەمەندەفەر هاتمەوە کفری تا بچمەوە زەرداو، لە وێستگەی شەمەندەفەر پێیانگوتم تەرمی باوکم بردراوەتە کەرکووک تا لە گۆڕستانی خانەوادە لە تەکیەی تاڵەبانی بنێژرێ. ئەودەمای گەنجێکی هەڵشە بووم و سووربووم کە دەبێ باوکم لەتەک باپیرانی، شێخانی تەریقەتی قادریی تاڵەبانی بنێژرێ، بەڵام شێخ جەمیلی مامم بەوەی ڕازی نەبوو، گوایە باوکم ئارەقی دەخواردەوە و لەوەشدا لەسەر هەق بوو، بەڵام من هەڵوێستەکەیم بەهەند وەرنەدەگرت، کە ئێستا بەڕاستی دەزانم و ڕازی نەبووم لە جێیەکی دیکەی جودا لە مەرقەدی باپیرانی بنێژرێ، تەرمەکەم هێنایەوە زەرداوی کە بەشی هەرە زۆری ژیانی لەوێ بەسەربردبوو. ئیدی لە گۆڕستانی گوندەکە شاردمانەوە و هەر لەوێش تازیەمان بۆ

دانا، له کاتێکدا مامم تازیەی له تەکیەی تاڵەبانیی کەرکووک دانابوو. پەیوەندیی نێوان ئێمە و مامم تێکچوو چوکە دەیویست گوندی زەرداو، وەک زەویوزارێکی وەقفی تەکیەی تاڵەبانی، وەرگرێتەوە. ئەوەش وایکرد چاو له سەفەری دەرەوەی عێراق بپۆشم و بڕیارم دا قانوون و سیاسەی کۆلێژی مافی بەغدا بخوێنم. ئیدی ئەوەش ڕێچکەی ژیانی له پزیشکییەوە گۆڕیم بۆ پارێزەری و دواتریش سیاسی.

هەندێ ڕووداوی کۆلێژی ماف:

کە چوومە بەغدا تا لە کۆلێژی ماف بخوێنم، لە یانەی "پێشکەوتن"ی کوردی وەک ئەندامی دەستەی کارگێڕی و وەک نوێنەری حیزبی هیوا لەگەڵ شێخ مەسعودی بامەڕنی، لە چالاکیی ئاشکرای نەتەویی بەردەوام بووم. چوونە بەغداشم ڕێکەوتی هەندێ کێشەی ڕێکخراوەیی ناو حیزبی کرد و کێشەکان لە نێوان دەستەی سەرکردایەتیی حیزب و، کە زۆربەیان قوتابیی کۆلێژێ ماف بوون، مامۆستا ڕەفیق حیلمیی سەرۆکی حیزبدا بوو، جا سەرکردنی ئەندامێتیی ڕەئووف دڵدار و کاکەحەمەی خانەقا و بورهان جافی لێ کەوتبووەوە و، سەرۆکی حیزبیش وەک پشکنەر گواسترابووەوە ناوچەی باکوور و بنکەکەی لە شاری سلێمانی بوو. ئیدی دەستەی سەرۆکایەتی تەنیا هەندێ بەرپرسیارێتیی ڕێکخراوەیی سنوورداریان هەبوو و. بڕیار و فەرمانەکان لە سەرۆکی حیزبەوە و لە سلێمانی دەردەچوو.

لەو ماوەیەی لە بەغدا بووم هەندێ کەسایەتیی کوردم ناسی، لەوانەش سەرکردەی سەربازی و مێژوونوس محەمەد ئەمین زەکی بەگ، کە سەرۆکی کۆمەڵەکە بوو و، مەعرووف جیاووکی یاساناس، کە سەرپەرشتیاری گشتیی کۆمەڵەکەبوو و لە ماوەی جوداش هەریەک لە بەڕێزان تۆفیق وەهبی و جەماڵ بابان و عەلی کەماڵ و میرزا فەرەجی بازرگان و عەبدوڵڵا لوتفیی پیشەساز و عەبدولڕەحیم فەیزی و ماجد مستەفا و حازم شەمدین و من بووینە سەرپەرشتیار.

سەرباری ئەوانەی ناویان هات، خەڵکی چالاکی دیکەی حیزبی هیوا هەبوون، لەوانەش، جەوهەر دزەیی و کانەبیی برای و فوئاد عارف و ئەوجا فازڵ فەیزوڵڵا تاڵەبانی و کەریم زەند و مستەفا نەریمان و فایەق هۆشیارو ڕەشید باجەلان و جەلیل هۆشیار و ڕەشید عەبدولقادر و نافیع یونس و میرحاج ئەحمەد.

حیزبی هیوا جێی ململانێی فیکری و سیاسی بوو و شێخی دەرەبەگ و مەلا و گەورە ئەفسەر و فەرمانبەر و قوتابیی لە ڕیزەکانیدا کۆکردبووەوە. هەندێکیان هەڵگری بیری نەتەوەیی ڕاسترەو بوون، هیی دیکەیان هەبوو هەڵگری بیری دیموکراتیی پێشکەوتنخواز بوو و، هەندێکیشیان فیکری مارکسییان هەبوو. بۆیە، دژبەری کەوتە ناو ڕیزەکانی حیزب وئەوەش لە ١٩٤٥ بووە هۆی پەرتەوازەیی، چونکە حیزب نەیتوانی پشتگیرێکی کاریگەری شۆڕشی کوردبێ کە سەرەتا لە ناوچەی بارزان هەڵگیرسا و دوایە ناوچەکانی دیکەی کوردستانی داگرت، کەچی شۆڕشیش، چونکە سەرکردایەتییەکی بەدەست و مستی نەبوو تا فراوانتری بکا و پشتیوانیی بۆ پەیداکا، شکستیَ هێنا.

سەرباری ئەو چالاکییەی لە حیزبی هیوا هەمبوو، پڕ بیرۆکەی نەتەوەییش بووم، بەڵام لە ڕووی فیکرییەوە ئامادەیی ئەوەم تێدابوو بیرۆکە شۆڕشگێڕییە نوێیەکان وەرگرم. حیزبیش جێی ململانێی فیکری و سیاسی بوو و، تۆوی لێکهەڵوەشان و جودابوونەوە تێیدا چەکەرەی دەکرد.

لەوەتەی هاتبوومە بەغدا، لە نزیکەوە چاودێریی ڕووداوەکانم دەکرد، بەتایبەتیش چالاکییە ڕاگەیاندنییەکان و سیاسییەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی.

چونکە یەکێتیی سۆڤیەتیش لە شەڕی دووەمی جیهانیدا چووبووە بەرەی هاوپەیمانان، ئیدی ڕێ دەدرا کتێبی مارکسی-لینینی بێتە عێراق و کتێبخانە و شۆستەکان پڕی کتێب بوو و جا ئەوەی لەتوانامدا بووایە دەمکڕی و دەمخوێندەوە. ئەوەندەی لەگەڵ بابەتەکانیشی هاوسۆزبووم ئەوەندە تێیان نەدەگەیشتم. زۆربەی گەنجە کوردەکانی حیزبی هیوا هەمان ڕێچکەی منیان گرت و، دیارترینیان ساڵح حەیدەری و نافیع یونس و جەماڵ حەیدەری و عومەر عەلی شێخ و ڕەشید عەبدولقادر و جەلیل هوشیار بوون.

من، لە دەرەوە و ناوەوەی حیزب، لە ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازەکان نزیکتربووم و، هەندێ بڵاوکراوەی نهێنیی شیوعیم دەگەیشتە دەستێ. بەڵام هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراوەییم لەگەڵ هیچ باڵێکی شیوعی نەبوو و بەوردیش بیرۆکەی باڵەکانم لێکنەدەکردەوە.

گوێم لێدەبوو حیزبێکی نهێنی بەناوی "حیزبی شیوعیی عێراقی" هەیە و ڕۆژنامەیەکی نهێنییش بەناوی"القاعدة" دەردەکا و چالاکییەکی فراوانی لەناو کرێکاران و قوتابیان هەیە. زانیشم دەستە و خەڵکی وا هەن بیرۆکەی مارکسییان هەیە، وەک کۆمەڵی"وحدة النضال"[20] و کۆمەڵەیەکی لە دەوری داود السائیغ کۆبووینەوە، کە پارێزەرێکی دەورووبەر موسڵ بوو و لەگەڵ خەڵکێکی دیکەی لەگەڵ مامۆستا عەبدولفەتاح ئیبراهیم و عەبدوڵلا مەحمود قەرینیی پارێزەر و زەنون ئەیوب بوون و، دەستەیەکی دیکەی لەدەوری مامۆستا عەزیز شەریف بوون. حیزبی شیوعیی کە هاوڕێ یوسف سەلمان یوسف "فەهد" دایمەزراند، لەگەڵ ئەوانەدا لە ململانێیەکی فیکریدا بوو. ئێستا، پێموایە ئەو دەستە و کۆمەڵانە لەسەر مارکسیزم دادەنیشتن و وەک گەلێ حیزبی بۆرژوایی بچووکی دوای شەڕی دووەمی

---

[20] ـ ڕێکخراوی"وحدة النضال" لە پاشماوەی باڵی ئەمامییەکان و شەرارەی نوێ دروستبوون، ڕێکخراوێکی جیابووەوەی دیکە بوون کە عەبدوڵلا مەسعود قەرینی لە ١٩٤٢ سەرکردایەتیی دەکردن و، ئەوانە لەگەڵ جووە مارکسییەکان بە "مؤتمرین" ناسرابوون و، سەرکردەکانیان یوسف زەللوف و ساڵح حەیدەری و سەلیم یەعقووب و ئیبراهیم شمێل و نەعیم بەدەوی و عەبدولجەبار وەهبی و ساسۆن دەلال بوون و، بڵاوکراوەیەکیان، بە هەردوو زمانی عارەبی و کوردی بەناوی "وحدة النضال" دەردەکرد. دوای گەڕانەوەی فەهدی سکرتێری حیزب لە دەرەوە، ئەو کۆمەڵەیە بڕیاریدا بێتەوە ناو ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی. بۆ زیاتر ، هەمان سەرچاوە، ص١١٣-١١٤.

جیهانی ئەو دەربڕینەیان خستبووە بەرنامەی کاریانەوە گوایە "حیزب سوود لە مارکسیزم دەبینێ" بەڵام پەیڕەوی مارکسیزمیان نەدەکرد. ئاخر بیرۆکەی سۆشیالیستی دەسەڵاتێکی فراوانی لەناو ئەو توێژ و کۆمەڵانە پەیداکردبوو.

ئەودەمی بۆمن گران بوو لە کێشە فیکری و سیاسییەکانی ئەو دەستە و کۆمەڵانە تێبگەم، بۆیە پەیوەندییەکی ئاساییم بە هەموویانەوە هەبوو و، لە پەیوەندیی کەسی و خوێندنەوەی ئەو بڵاوکراوانە تێنەدەپەڕی کە بڵاویان دەکردنەوە.

ئەو ململانێ فیکری و سیاسییانە لەو کۆلیژی مافیش ڕەنگیدابووەوە کە تێیدا دەمخوێند، ئاخر کەماڵ نەزمی عومەری قوتابیی سەربە دەستەی مامۆستا عەزیز شەریف بوو و ڕەخنەی لە ڕێچکەی ئەوانیدی دەگرت و، مۆریس یەعقوبی قوتابیی جوولەکە، کە لە شەقامی ڕەشید کتێبخانەیەکی هەبوو و کتێبی مارکسیی دەفرۆشت، هاورای دەستەکەی داود ئەلسائیغ بوو، نافیع یونس و ڕەشید عەبدولقادر و جەماڵ حەیدەرییش لە دەستەی "وحدة النضال" بوون. دوای ململانێی فیکری و سیاسی، زۆربەی دەستەی " وحدة النضال" چوونە ناو حیزبی شیوعیی عێراقی.

لە کۆلێژ،هەریەک لەو دەستە و کۆمەڵانە، بڵاوکراوەی نهێنیی تایبەتی خۆیان دابەش دەکرد.جیا لەوانەش حیزبی دیکەش هەبوون و چالاکبوون، لەوانەش حیزبی ئیستیقلال کە کەسی دیاری محەممەد مشحن حەردان بوو و کوڕی سەرۆک عەشیرەتێکی دلێم بوو و دەستە یان کۆمەڵەی ئەهالیی کامل چادرچی سەرۆکایەتیی دەکرد، کۆمەڵەیەکی دیکەی چالاکیش هەبوو و پشتیوانیی باڵی نەتەوەیی دەکرد و سەرۆکەکەی سامی شەوکەتی بەڕێوەبەری ماعاریف بوو و، تورکێکی بەبنەچە مەماڵیک بوو و، ڕۆژنامەی بەعسی قەومییش دەردەچوو کە لەژێر دروشمی"ئەوەی باوەڕمان پێ دەکا لەئێمەیە" بانگەشەی بۆ یەکێتیی عەرەب و تواندنەوەی ئەو نەتەوە و کەمە نەتەوانە دەکرد کەوتبوونە ناو وڵاتە عارەبییەکان. زۆرجاران، شەڕەقسە لەنێوان ئەو دەستە و کۆمەڵانە دروستدەبوو و، هەندێ جاریش بۆ چالاکییەکی سیاسیی هاوبەش لە هەندێ بۆنەی گشتیدا ڕێکدەکەوتن، وەک بەڵێنی بەلفۆڕ و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی عێراق- بەریتانیا.

زۆربەی مامۆستایەکانی کۆلێژ میسری بوون. عەمیدی کۆلێژ دکتۆر حامد زەکی بوو " لە ١٩٤٢-١٩٤٣" بووە عەمید و میسری بوو و دوایە لە میسر بووە وەزیر، پاشان دکتۆر عەبدولحەکیم ڕوفاعی هات و ئەو لە ئابووریناسە بەناوبانگەکانی میسر بوو و، مامۆستا میسرییەکان بیروڕای جیاوازیان هەبوو، لەکاتێکدا دکتۆر جابر جادعەبدولڕەحمان لە بواری ئابووریدا دژی بیروڕایەکانی کارل مارکس بوو، دکتۆر عەلی گرێتلی لە گوتنەوەی ئەو ماددەیەدا هاوڕای مارکس بوو، بەڵام گفتوگۆ تا ڕادەیەکی زۆر ئازاد بوو.

لەبیرمە، لە وانەیەکی ئابووریی سـیاسـی، دکتۆر نیزامەدین زەکیی مامۆسـتای دارایی قوتابییەکی ڕاسپارد وانەیەک لە پۆلدا بڵێتەوە و، قوتابییەکانیش لەسەر بابەتەکە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن و، قوتابییەکەش محەممەد جەوادعەببووسـی بوو و، دواتریش بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت و پاشان لە سەردەمی عەبدولسەلام عارف بووە وەزیری ئابووری و، لە چەمکی سۆشیالیستیدا هەڵگری بیروڕای نازییەکان بوو. ئیدی هێرشی کردە سەر هەموو بیروڕا سۆشیالیستییەکان و لایەنگری"سۆشیالیستیی نیشتمانی" بوو کە ئەودەمی هیتلەر بانگەشەی بۆ دەکرد. من و کەماڵ عومەر نەزمی و محەممەد ساڵح بابان ڕەدمان دایەوە و بیروڕایەکانیمان ڕەتکردەوە، ئێمە ئاگامان لە بیروڕا مارکسییەکانی پەیوەستی سۆشیالیزم هەبوو و، ڕۆژی دواتریش کەماڵ نەزمی نووسینێکی لە ڕۆژنامەی "الشعب" بڵاوکردەوە، کە حیزبی "الشعب" دەریدەکرد و، ناونیشانی نووسینەکەشی "گۆبلز لە کۆلێژی ماف"بوو. گۆبلز وەزیری پڕوپاگەندەی ڕژێمی نازیی ئەلمانیابوو، عەمادەی کۆلێژ منیان بە بڵاوکردنەوەی ئەو نووسینە تۆمەتبار کرد و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم. پاشان وەزیری مەعارف داوای کردم، کە ئەودەمی ئیبراهیم عاکف ئالوسی بوو و، لێپرسیم لە کۆلێژی ماف چ ڕوویداوە. ئیدی بۆم ڕوونکردەوە ئەوەی ڕوویدابوو هەر لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندن بووە و، گفتوگۆی لەو شێوەیەش دەکرێ بێ ئەوەی بارودۆخی کۆلێژ شلوێ بکا و، ئیدی بابەتەکە بەوەندەی کۆتاییهات.

لەو لێکۆڵینەوەیەی لە کۆلێژیش کرا و، حوسێن عەلی ئەعزەمیی جێگری عەمیدی کۆلێژ، کە خوێندنی شەریعەتی ئیسلامیی تەواوکردبوو و وانەی فیقهی ئیسلامی و باری شارستانیی دەگوتەوە "ژنهێنان و وەسیەت و میرات"، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردم و، هەردوو مامۆستای میسری جابر جاد عەبدولڕەحمان و حەسەن جاد ئامادەی بوون. تۆمەتەکەیش شیوعیبوون بوو، نکوڵیم لەوەی کرد شیوعی بم، کەچی گوتی: "ئێوەی شیوعی هەر بە ڕوخسارتانڕا دەناسرێنەوە". وەڵاممان دایەوە: "بۆ وێنەی چەکوچ و داسمان لەسەر ڕوخسارییە؟"ئەوجا جابر جاد خۆی تێهەڵکرد و گوتی ئێوە چ لە سۆشیالیزم و دیموکراسی دەزانن هەتا ئەوەندە پابەندی بن؟ گوتم ئێمەی کورد کە زۆربەمان قورئان دەخوێنینەوە و لە مانای ئایەتەکان ناگەین، بەڵام کوردەکان باوەڕدارن و پابەندی شتێکی دروستن، ئێمەش هەروا. بۆشم دووپاتکردنەوە هیچ پەیوەندیم بە ڕۆژنامەی "الشعب"ەوە نییە و، ئاگام لەو نووسینەس نییە تێیدا بڵاوکراوەتەوە. ئیدی لێپرسینەوەکە، بێ ئەوەی هیچ سزایەکم بدەن، کۆتاییهات.

لە کاتی وانەی ئابووریی سیاسی، دکتۆر جابر جاد چاوی لێ دەگێڕاین تا گەرموگوڕییەک بدەینە گفتوگۆیەکە و، دەیگوت: "شیوعییەکان لەکوێن؟ بۆ بێدەنگن؟" دەمانگوت: "کە

تاوتویّی بیروڕایەکانتان دەکەین ئیّوە تەنگەتاو دەبن و لیّپرسینەوەمان لەگەڵ دەکەن و دەڵیّی تاوانمان کردووە" جا دەیگوت: "ئیّوە ، هەندیّ جار بە بیروڕایەکانتان بیّزارم دەکەن، بەڵام گفتوگۆ بیّ ئیّوە گەرم نابیّ". ئیدی بەو جۆرە ئیّمە، من و کەماڵ عومەر نەزمی و محەممەد ساڵح بابان، لای بەڕیّوەبەریی کۆلیّژ و قوتابییانیش وا ناسرابووین کە شیوعیین، لەکاتیّکدا هیچ پەیوەندییەکمان بە حزبی شیوعییەوە نەبوو.

قوتابییان لە کۆلیّژی ماف، کۆبوونەوە تا خۆپیشاندانیّک لە دژی تەقەلیّکردنی قوتابییانی زانکۆی قاهیرەی میسر بکەن، کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ناڕەزایەتییان بەرانبەر نویّکردنەوەی پەیمانی میسری- بەریتانی دەربڕیبوو، کە بە پەیمانی (سدقی-بیڤن) ناسرابوو، ئەوکاتەی ئیسماعیل سدقی پاشا سەرۆکوەزیرانی میسر بوو و، مستەر بیڤنیش وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو. ئەودەمای شتیّک لە ئازادیی دیموکراتی لە عیّراقدا هەبوو و چەند حیزبیّک مۆڵەتیان درابوو و ڕیّگە بە دەرچوونی هەندیّ ڕۆژنامە درابوو. لەبەر داواکارییە میللییەکانی لە وڵاتانی عارەبی داوای هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئیستیعماری مۆرکرابوون دەکرا، ئیدی حکوومەتە عارەبییەکان و بەریتانیاش ویستیان بە جیّبەجیّکردنی ئەو داوا میللییانە و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکانی پیّشتریّ لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستەم سەپیّندرابوون، نویّی بکەنەوە، واتە ئەو پەیماننامانەی ئەو کاتەی بەریتانیا لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە کرابووە کویّخای هەندیّ وڵاتی عارەبی و، شیّوازی کویّخاییش شیّوازیّکی بەئەدەبانەی جیّگرەوەی ئیستیعمارە. کە قوتابییەکانیش ویستیان خۆپیشاندانی ناڕەزایی بکەن، قوتابییە کوردەکان ڕازی نەبوون بەشداری بکەن و لە پۆلەکانیان مانەوە، چونکە نەیاندەزانی چ پەیوەندییەک لەنیّوان بزووتنەوەکانی ڕزگاریی نیشتمانی و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا هەیە.

ساڵح حەیدەری[21]، کە قوتابیی کۆلیّژی ماف بوو و پەیوەندییەکی لەگەڵ حیزبی شیوعیدا پەیدا کردبوو، داوای لیّکردم کوردەکان هانبدەم بەشداری بکەن، کە زۆربەیان ئەندامی حیزبی هیوای نەتەوەیی کوردی بوون و، منیش پەیوەندییەکی پتەوم بە گەنجە کوردەکانەوە هەبوو. نایشارمەوە کە منیش، لەبەر ئەوکردارە سەرکوتکەرییانەی حکوومەت لە کوردستان لە دژی بارزانییەکان پیادەی دەکرد، هەڵویّستم نەریّنی بوو. ئاخر

[21] _ ساڵح حەیدەری: لە ١٩٢٣ لە هەولیّر لەدایکبووە ، بڕوانامەی مافی وەرگرتووە، لە ١٩٤٣ چووەتە ناو حیزبی شیوعی. لە سەرەتای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦ ڕازی نەبوو بچیّتە ڕیزەکانی ئەو حیزبە و لە ١٩٥٧ چووەپاڵ ئەو حیزبە و کرایە بەرپرسی ناوخۆی هەولیّر و لە ١٩٥٩ بووە ئەندامی لیژنەی مەرکەزیی حیزب. بەڵام لە کۆنگرەی چواری حیزب لە ٤-٧ ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ لە حیزب دەرکرا. لە ساڵی ٢٠٠١ لە هەولیّر کۆچی دوایی کرد. نقلا عن حنا بطاطو الشيوعيون و االبعثيون و الضباط الاحرار. ترجمة عفيف الرزاز، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت ،١٩٩٢،ج٣،ص١٣، حسن لطيف الزبيدي، المصدر السابق، ص ٣٣٤- ٣٣٥.

قەزایەکان دابندرێ و ئۆتۆنۆمی یان شـتێکی هاوشـێوەی ئۆتۆنۆمییان بدرێتێ، ویستی هەندێ ڕێوشـوێنی بەڕێوەبردن لە کوردسـتان بگرێتەبەر. نوری سـەعید لەوەی دەترسـا بیرۆکەی دیموکراتی و سۆشیالیستی لە کوردستانی ئێرانڕا دزە بکەن، کە سوپای سوور ناوچەی ئازەربایجان و بەشـێکی کوردسـتانی داگیرکردبوو و، کورد و ئازەربایجانی ئەوەیـان قۆسـتەوە و ڕێکخراوی میللییـان دامەزراند و گەیشـتە ئەوەی هەریەکە و کۆمارێکیان لێ دامەزرێنن. بەڵام عەبدولئیلای وەسـی و زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی لە گەورە دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەتان پێکهاتبوون، لەگەڵ ئەو کارەی نوری سـەعیدی نەبوون نەوەکا گەل لە بەشـەکانی دیکەی عێراق داوای ئەو چاکسـازییانەی باسکران بکا. لەو ڕاپۆرتەی نوری سەعید لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەکەی بەرزیکردەوە، ترسی خۆی لەوەی بەدیاردەخا ئەو بیرۆکە پێشـەوتنخوازییانە دزەبکەنە ناو کوردستانی عێراق. ڕیزەکانی حیزبی هیوا ململانێی فیکری و سیاسیی تێدابوو، سەعید لەوەی دەترسا چەپڕەوەکان باڵ بەسـەر سیاسـەتی حیزبدا بکێشـن و بیرۆکە و باوەڕیان دزە بکاتە لای ئەو ئەفسەرە کوردانەی ئەندامی حیزب بوون و زۆریشیان هەڵگری بیرو باوەڕی مارکسی بوون و، ئەوان بەدزییەوە سـەریان لە مهاباد دەدا کە سـەرکردایەتیی سـوپای سـۆڤیەتی لەوێ مۆڵ ببوو. لەبەر ملنەدانی وەسـی و پەرلەمان بۆ پێشـنیارەکانی نوری سـەعید، کە تێیدا هاتبوو مەلا مسـتەفای بارزانی لە ناوچەکە دووربخرێتەوە و ئەو ئەفسـەرانەی داویانەتە پاڵ بزووتنەوەی کوردی بهێندرێنەوە یەکەکانیان و لە سـوپا دوور بخرێنەوە و، کەسـە میانڕەوەکانی ناو حیزبی هیوا لە پۆستی بەڕێوەبردن دابمەزریندرێن و دەسـەڵاتی سـەرۆک عەشـیرەتە کوردەکان لە ناوچەکەدا کەمبکرێتەوە، کە بەوکارەش دەکرێ کەسـە چەپەکانی حیزب تەریک بکرێن و کەسایەتییە ڕاسـتڕەوەکانی زۆربەیان ڕۆڵەی موڵکدار و سەرۆک عەشیرەتەکانن بەدەولەتەوە ببەسترێنەوە و، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لەبار ببردرێ.

پەیوەندیم لەگەڵ بەڕێز سـاڵح حەیدەری پتەوبوو، بەتایبەت دوای ئەوەی لە حیزبی هیوا دەرکرام و، ئەو حیزبەش، لە بارودۆخی هەڵگیرسـانی شـۆڕشـی نیشـتمانیی کوردی بە سـەرۆکایەتیی "لیژنەی ئازادیی کوردان" بە سـەرکردایەتیی مەلا مسـتەفای بارزانی و دەستەیەک لە ئەفسەرە پێشکەوتنخوازەکان، نەیتوانی ببێتە پێشڕەوی گەلی کورد.

حیزبی شـیوعی، داوای دەکرد دەسـتوور بە دەق و ناوەرۆکەوە جێبەجێ بکرێ، داوای ئازادییە دیموکراسـییەکانی دەکرد، هەندێ حزب مۆڵەتیان لە وەزارەتی ناوخۆ درابوێ، ئەوانەش حیزبی ئیسـتیقلال و وەتەنیی دیموکراتی و حیزبی شـەعب و ئیتیحدی وەتەنی بوون و ئەو حیزبانە ڕۆژنامەیان بە ئاشـکرا دەردەکرد، بەڵام "ماددەی ٨٩ آ" چالاکیی

شیوعیی قەدەغە کردبوو. ئەو ماددەیە برگەی ئەوتۆی تێدایە شیوعییەکان بە سێدارە سزا دەدا. بۆ ئەوەی فشـــاریش بخاتە ســـەر حکوومەت تا ڕێ بە حیزب و بە ســـەندیکا کرێکارییەکان بدا بەئاشـــکرا کاربکەن، حیزبی ناوبراو شـــەپۆلێک مانگرتنی کرێکاری و خۆپیشـــاندانی جەماوەریی کرد. ڕۆژێک، ســـاڵح حەیدەری، داوای لێکردم بەشـــداری لە خۆپیشـــاندانێک بکەم کە حیزبی ڕزگاریخوازی ئیشـــتمانیی بێ مۆڵەت بیادەی دەکا' وەک ڕواڵەتێکی دەرەوەی حیزبی شـــیوعیی قەدەغەکراو بەکاردەهات' کە حســـین محەممەد شبیبی سەرۆکی بوو. ئیدی لە خۆپیشاندانەکەدا بەشداربووم و لەگەڵ دەیان سەرکردەی حیزبی ڕزگاریخوازی نیشـتمانی و سـەرۆکی سـەندیکاکانی کرێکاران دەسـتگیر کرام، لە بەندیخانە چاوم بە حوسێن محەممەد شبیبی و سالم عوبێد نوعمان و عەبدولئەمیر بەهییە و چەندانی دی کەوت. کە بردراینە بەردەم دادگای ســـزای بەغداش، بڕیاری بەندکردنی ژمارەیەک ســـەرکردەی حیزبی ناوبراو و ســـەرکردەی ســـەندیکاکانی دا و چەندین پارێزەریش خۆبەخشـــانە هاتبوون بەرگریمان لێ بکەن، ئیدی دادگا ژمارەیەکی زۆری دەسـتگیرکراوانی بەردا و منیش یەک لە بەردراوەکان بووم، بەڵام پەیوەندیم بە شـیوعییە دیارەکان پتەو بوو.

لەو ماوەیەی لە کۆلێژی ماف بووم و لە گەرمەی ڕووداوەکان، چەند جارێک و لەگەڵ چەندین کورد دەسـتگیر کرام و ئەوانیش کاکە حەمەی خانەقا و جەلیل هۆشـیار و کانەبی و جەوهەر دزەیی و شێخ عەلائەدین سەجادی و عەبدولقادر قەزاز بوون.

حیزبی هیوا لەبەردەم ئەنجوومەنی عورفیی عەسکەری لە ١٩٤٥:

سالی ١٩٤٣، بە یارمەتیی شێخ مەحمودی حەفید، مەلا مستەفای بارزانی لە نیشتەجێی زۆرەملێ لە سلێمانی، بە ئێراندا رایکردەوە ناوچەی بارزان و، لەژێر پەردەی چلەکێشیش، ٧٠٠ بارزانی پێش ئەو چووبوونە چیا و ئەو چەکە کۆنانەیان دەرهێنا کە لە ئەشکەوتەکاندا شاردبوویانەوە. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کێشەیەکی چەکداری لە ناوچەکەدا دروست ببێ.حکوومەت ماجد مستەفای کردە ناوبژیوان و بزاوتە چەکدارییەکان کۆتاییان هات و مەلا مستەفا بۆ دیداری بەرپرسان هاتە بەغدا، لەوانەش عەبدولئیلای وەسی. بڕیاری لێبووردنی گشتیی بارزانییەکان درا و، پەیمانی ئەوەیشیان دانێ گرنگی بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەیان بدرێ و کێشەکانیان چارەسەر بکرێن.

وەک پێشتر باسم کرد، سالی ١٩٤١ شێخ مەحمود سوودی لە شلەژانی دۆخەکە و هەلاتنی حکوومەتەکەی ڕەشید عالی گەیلانی وەرگرت. تاقیکردنەوە تالەکەی بەریتانییان لەگەل شێخ مەحمود ولە مەودای ئەو سالە دوورودرێژانەش، بۆی سەلماندبوون شێخ ئەو کەسایەتییە نییە بەپێی بەرژەوەندیی ستراتیژیی بەریتانیا لە ناوچەکەدا دەستەمۆ بکرێ. بەلام بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی هەیە و دەیان هەزار ڕۆشنبیر و ئەفسەر و سەرۆک عەشیرەت و مەلا و کاسبکاری تێدایە و، ئەویش حیزبی هیوایە. بەراییەکانی ڕزگاری لێرەولەوێ لە سەرکردایەتییە تاکڕەوییە لاوازەکەی ئەو حیزبە دەرکەوت، دەبووایە سەرکردایەتی پتر گوێڕایەلی بەریتانییان بێ و پتریش کەمەندکێشی هەلچوونی گەنجان بێ، بۆ بزووتنەوەکە پەیدانکرێ. لە بواری عەشایەری کەس لە مەلا مستەفای بارزانی شایانتر نەبوو و، لە بواری ڕۆشنبیرانیش ماجد مستەفا دەستنیشان کرا.

گەنجە گەرموگوڕەکانی ناو ڕیزەکانی حیزبی هیوا، ماجد مستەفا سەرسامی نەدەکردن، بەلام سەرسامی ئەو قوربانییانەبوون ، لە شۆڕش و گیران و ئاوارەیی، کە بارزانییەکان لە سالی ١٩٣١ڕا تا ئێستا پێشکەشیان کردبوو. لەلایەک ئەو بێنەوبەردەیەی نێوان حیزبی هیوا لە عێراق و قازی محەممەد لە مهاباد و، بێنەوبەردەی بەریتانییەکان و حکوومەتی عێراقی و ماجد مستەفای نوێنەریان لەلایەکی دیکە، وایکرد مەلا مستەفا لە یارییەکەی بەریتانییان دوور بخرێتەوە. ئەوەش وای لە ژەنەرال ڕنتنی پشکنەری گشتیی سوپای عێراق کرد هەڕەشە بکا و بلێ: "من دەستی چەپم لە شەڕەکانی باکووری ئەفریقیا لە دژی ڕۆمێل لەدەستداوە، پێموایە دەستی ڕاستیشم لە کوردستان لەدەست دەدەم".

لە ١٩٤٥، کە دیسان تەق و تۆق کەوتە نێوان بارزانییەکان و هێزە حکوومییەکان، حیزبی هیوا دەسەلاتێکی فراوانی لەناو فەرماندە و ئەفسەر و سەربازانی فیرقەی دوو هەبوو کە لەبنجڕا بۆ شەڕی کودستان ئامادەکرابوو. ئیدی حیزبی هیوا ڕێنمایی بۆ فیرقەکە دەرکرد

له کوردان نەدەن و، حیزب بەیاننامەیەکی بەناوی سەرکردەکەی دەرکرد کە خۆبەزل زانی و شایی بەخۆبوونیکی زۆری پێوە دیاربوو و، داوای لە سوپا دەکرد لە حکوومەت یاخی بێ و شەڕی کوردان نەکا. بەیاننامەکەیش زۆر بە فراوانی بڵاوکرایەوە و لەوانەش بەغدای پایتەخت. ئیدی حکوومەت لێی ڕوون بوو کە شکستی سوپا لەشەڕەکاندا لەبەر ئەو ئاڵۆزییانەیە کە لە هەستی نەتەوەیی بەربڵاوی ناو یەکەکانی سوپاوە دێ. جا هەندێ ڕێوشوێنی سەرکوتکردنی گرتەبەر، لەوانەش دەستگیرکردنی کۆمەڵێک ڕۆشنبیر، ئەوانیش: کاکەحەمەی خانەقا و جەوهەر عەزیز دزەیی و کانەبی عەزیز دزەیی و جەلیل هۆشیار و عەبدولقادر قەزاز و شێخ عەلائەدین سەجادی و من.

ڕەشنووسی بەیانی ناوبراو لە ماڵەکەی کاکە حەمەی خانەقا دۆزرایەوە، هەندێ نامەش دۆزرانەوە، کە سەرۆک میرحاج و سەرۆک مستەفا خۆشناو، کاتێ وەک دوو نوێنەری حیزبی هیوا بەنهێنی سەریان لە ناوچەکە دابوو، لە مهابادرا، ئەوکاتەی کۆماری مهاباد هێشتا مابوو، نامەکانیان ڕەوانە کردبوو. ئەوەش وایکرد مستەفا خۆشناو ڕابکا و میرحاج و کۆمەڵێ ئەفسەری دیکەی کوردیش گیران.

کە هەریەک لە جەوهەر و کانەبی دزەیی گیران، چەندین دانەی بەیاننامەکەیان بە چاپکراوی لا دۆزرایەوە کە دەیانویست لە ناوچەی ئەعزەمییە بڵاوی بکەنەوە.

تا نەتوانین پەیوەندی بەیەکدییەوە بکەین، هەریەکە و لە بنکەیەکی پۆلیس بەندیان کردین و، لە بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەکانی تاوان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین و، بایی ئەوەندەیان بەڵگە کۆکردەوە تا بتوانن ڕەوانەی ئەنجوومەنی عورفیی سەربازیمان بکەن، کە لە سایەی بڕیارە عورفییەکانی ئەودەمی لە عێراق باوبوو، دادگایی خەڵکی سیاسیی دەکرد.

تۆمەتی ئەوەمان درابووەپاڵێ کە"سوپامان هانداوە یاخیبێ و هەڵگەڕێتەوە" و سزایەکەیشی سێدارەبوو، بەڵگەی تەواوی تاوانبارکردنی هەموومان یان لانیکەم زۆربەمان لەبەردەستدابوو. لە سەربازگەی وەشاش لە ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی دانیشتنێکی بەرایی کرا تا تۆمەتمان ئاڕاستە بکرێ، بەڵام زۆربەمان سەر بە خانەوادەی ئەوتۆ بووین کە دەسەڵات و پێگەیەکی لە کۆمەڵگا و دەوڵەتدا هەبوو، ئیدی خدر ئەحمەد پاشای دزەیی، کە ئەودەمی لە ئەنجوومەنی نوێنەران ئەندام بوو وشێخ عەبدولوەهاب تاڵەبانی، کە ئەویش هەر نوێنەر بوو و سەید ئەحمەدی خانەقا، کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ شێخ جەعفەر ئەبو تمەن هەبوو، هەر خێرا هاتن تا فشار بخەنە سەر حکوومەت و دادگاییەکە ڕاگرێ و لێخۆشبوونمان بۆ دەرکا و داوایەکەش دابخا و، ئەوانیش لە بەرانبەردا بەڵێننامە و کەفالەتێک بدەنە حکوومەت تا بەرمان بدەن.

دوای کۆتـاییهـاتنی لێکۆڵینەوە، هەمووومـانیـان لە بەنـدیخـانەی گشـــتیی ڕاگیراوانی بابولموعەززەم کۆکردەوە، ڕۆژێکیان پێش دەسـتپێکردنی دانیشـتنی دووەمی ئەنجوومەنی عورفیی ســـەربازی، داوایان لێکردین ئامادەبین تا چاومان بە جەلال بابانی وەزیری داد بکەوێ. کە چووینە نووسـینگەکەی، هەسـتایەوە و بەرەوڕوومان هات و لە ناو و پیشـەی یەکەبەیەکەمانی پرسـی، شـێخ عەلائەدین سـوجادی نەبێ کە پێشـنوێژی مزگەوت بوو و عەبدولقادر قەزاز کە فەرمانبەر بوو، دەنا ئەوانیدی هەموومـان قوتـابیی کۆلێژی مـاف بووین . ئیدی ڕووی قســـەی تێکردین و گوتی: "کوڕەکـانم، ئێوە قوتـابیی کۆلێژن و ماوەیەکی کەمتان ماوە و دەردەچن، تکام وایە خەریکی خوێندنی خۆتان بن و سـیاسـەت بۆ ئێمە لێگەڕێن، کە خوێندن تەواودەکەن و بڕوانامەی بەرز وەردەگرن، ئەودەم بواری سـیاســـەت و ژیان بەڕووتاندا دەکرێتەوە. ئێســـتا کە ژوورەکەم بەجێدێڵن هەمووتان دەچنەوە لای کەســوکارتان، نامەوێ جارێکی دیکە بەو شـــێوەیە بتانبینمەوە، فەرموون بڕۆنەوە ماڵەکانتان" ئەوجا بەریاندایـن و کێشەکەش داخرا.

چۆن چوومە ڕیزی حیزبی شیوعیی عێراقی؟:

لە ١٩٤٥ حیزبە خاوەن مۆڵەتەکان و بێ مۆڵەتەکان زۆریان هاریکاریی یەکدی دەکرد بۆ داوای ئازادیی دیموکراسیی پتر و، هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی عێراق- بەریتانیا و، دەرچوونی هێزەکا نی بەریتانیا لە بنکە سەربازییەکانی عێراق و، هاتنەدەرەوەی عێراق لەناو دەستەی ئیستەرلینی و چارەسەرکردنی کێشەی گوزەرانی هاووڵاتیان. جا هەر حیزبە و لە کاری سیاسیدا شێوازی خۆی هەبوو. حیزبی وەتەنیی دیموکراسی لە چوارچێوەی ئەو ئازادییانە کاری دەکرد کە لە دەقی یاسا باوەکاندا هاتبوون. کەچی حیزبی ئیتیحادی وەتەنیی عەبدولفەتاح ئیبراهیم سەرۆکی بوو و حیزبی "شەعب"ی عەزیز شەریف سەرۆکی بوو خەریکی فشار بوون تا ئەو یاسایانە بگۆڕن کە ئازادییەکان کۆت و بەند دەکا. هەرچی هەردوو حیزبی شیوعی عێراقیی یوسف سەلمان یوسف"فەهد" سەرۆکی بوو و حیزبی"التحرر الوطني"ی حوسێن محەممەد شەبیبی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی سەرۆکی بوو، خەریکی کاری جەماوەی بوون، وەک مانگرتن و خۆپیشاندان و ملەیان لەگەڵ ئەو یاسایانە دەکرد کە ئازادییەکانی کۆتکردبوو و دەیانویست داواکارییەکان بەسەر حکوومەتدا بسەپێنن و، کاریان بۆ ڕووخاندنی حکوومەت دەکرد تا حکوومەتێکی نیشتمانیی دیموکراسی دامەزرێ و بەدەم دواکارییەکانی گەلەوە بێ.

لەبیریشمە حیزبەکان، بەبۆنەی بەڵێنی بەلفوڕ، لەسەر ئەوەی ڕێککەوتن مانگرتنێکی سیاسیی گشتی بکەن تا توانای هێزە نیشتمانییەکان دەرخەن. ئیدی بەیاننامەیان دەرکرد ومانگرتنەکە هەموولایەکی گرتەوە. سەرباری ئەوەش، حیزبی شیوعیی عێراقی و ڕزگاریی نیشتمانی خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان کرد و لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس لێکیاندا، کە ئەوەش، بەهەنجەتی پاراستنی پیرۆزیی مانگرتنەکە، ناڕەزایی حیزبەکانی دیکەی لێ کەوتەوە. هەر لەو سەروبەندیشدا سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی عێراقی "فەهد" نامیلکەکەی خۆی بەناوی"پێداویستییەکانی تێکۆشانی نیشتمانیمان"ی بڵاوکردبووەوە و، تێیدا، لە شەڕی نیشتمانیدا، بەرگریی لە ڕەوایی بەکارهێنانی هەمووشێوازێکی تێکۆشان دەکرد و، ڕوونیکردبووەوە کە هەر حیزبێک و شێوازی خۆی هەیە و ئەو شێوازانەش دژی یەکدی نینە، بەڵکو هەرشێوازێکیان تەواوکەری ئەویدییە. لە ڕاستیشدا، حیزبە ئاشکرایەکان لە دوو شت دەترسان، یەکەمیان بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی حیزبی شیوعی لەناو جەماوەردا، بەتایبەتیش کرێکاران و قوتابیان، دوەمیشیان، نەکا حکوومەت پەنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکانیان ببا و ئیدی چالاکیی سیاسییان نەمێنێ و گۆڕپانەکە بۆ حیزبی شیوعیی عێراقی چۆڵ ببێ، کە بەنهێنی کاری لە ڕێکخستنەکانیدا دەکرد، بەڵام بە

ئاشکرا ڕووبەڕووی ئەو یاسایانە دەبووەوە کە لە کاری سیاسی و ڕاگەیاندنی مانیفێستیدا ئازادییەکانی لێ کۆتوبەند دەکرد.

لە ١٩٤٦دا، ئەرشەد ئەلعومەری[22] سەرۆکایەتیی حکوومەتی وەرگرت، کە پیاوێکی نیمچە شێت بوو، تا بەر بە بزووتنەوەی نیشتمانی بگرێ و چالاکیی سەندیکاکان بەرتەسک بکاتەوە، ئیدی شەپۆلێکی مانگرتن و خۆپیشاندان وڵاتی گرتەوە. لە حوزەیرانی ١٩٤٦ خۆپیشاندانێکی جەمارەریی گەورە کرا و لەگەڵ پۆلیس تێکگیران و و تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد و کەسێک شەهیدبوو[23]، پاشان، لە ئەیلوولی هەمان ساڵدا، خۆپیشاندانێکی گەورەی دیکەی بەدواداهات و لەگەڵ پۆلیس تێکگیران و پۆلیس محەممەد حوسێن شبیبی و سالم عوبێد ئەلنوعمان و سەرۆک سەندیکاکان و ژمارەیەک کرێکار و قوتابیی گرت، منیش لەناو گیراوەکان بووم، ئەگەرچی من ئەندامی حیزبی شیوعی نەبووم و لە حیزبی هیوای نەتەوەیی کوردییش هاتبوومە دەرێ، ئەگەرچی بڕیارێک بە بێگوناهی و بەشداری نەکردنیشم لەو خۆپیشاندانە دەرچوو، کەچی ئیبراهیم عاتف ئالوسیی وەزیری مەعارف فەرمانێکی دەرکرد تا لە هەردوو خولی تاقیکردنەوەی کۆتایی بێبەشم بکا و، ئەوەش مانای دەرنەچوونم بوو و دەوامی ساڵێکی دیکەی خوێندن.

لەبیرمە، چوومە لای شێخ بابەعەلیی شێخ مەحمودی حەفیدی وەزیری ئابووری و، بابەتەکەم بۆ باسکرد، ئیدی بۆ دیداری ئەرشەد ئەلعومەریی سەرۆکوەزیران لەگەڵم هات و زۆر بە نامەردی پێشوازیی کردین و گوتی: "ئەگەر دەستیشم ببڕن لێناگەڕێم تاقیکردنەوە بکا".

---

[22] _ ئەرشەد ئەلعومەری: ساڵی ١٨٨٨ لەدایکبووە و لە قوتابخانەی ئەندازیارانی مەلەکیی باڵا لە ئەستەمبۆل لە ١٩١٢ خوێندنی تەواوکردووە. لە دەوڵەتی عوسمانلیدا زۆری پێگەی ئەندازیاری وەرگرتووە، لە ١٩١٩گەڕایەوە مووسڵ و چەندین پۆستی وەرگرت، یەکەم جاریش لە وەزارەتەکەی عەلی جەودەت ئەیووبی لە ٢٥ی ئابی ١٩٣٤ بووە وەزیری ئابووری و گەیاندن و، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی مانگی سووری عێراقی، چەند جاران بووەتە وەزیر و یەکەمجاریش لە حوزێرانی ١٩٤٦ وەزارەتی پێکێنا و دووەم جاریش لە ٢٩ی ئابی ١٩٥٤. بڕوانە: باقر امین الورد. اعلام العراق الحديث. منشورات دار التربية. بغداد ١٩٨٤. ص١١٥- ١١٦.

[23] _ لە ئەنجامی بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ لەسەر داخستنی کۆمەڵەی نەهێشتنی زایۆنیزم، کە پێیانوابوو پێویستە ئاستی هێزی جەماوەرییان بۆ ڕای گشتی وەدەرخەن، ئیدی کۆمەڵەکە بە پشتیوانیی حیزبی شیوعی، لە ٢٨ی حوزێرانی ١٩٤٨ بۆ ڕووزەردکردنی ئەوکارەی ناویان نابوو"تیرۆری وەزارەتی ئەرشەد عومەری" داوای خۆپیشاندانی کرد. خۆپیشاندانەکە لە شەقامی ڕەشید دەستپێکرد و لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس تێکهاڵان و لە ئەنجامدا پتر لە ٤٥ شیوعی گیران و لەو خۆپیشاندانەش شائوول تەویقی ئەندامی حیزبی شیوعی لەنزیک باڵیۆزخانەی بەریتانی بەگوللەی پۆلیسی مەلیکی کوژرا. ئەو پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو وهەر دەیگوت : " نە ڕێککەوتن و نە سەرشۆڕی، عێراقێکی سەربەخۆ و ئازادمان دەوێ". بۆ زیاتر بڕوانە:الحزب الشيوعي العراقي، شهداء الحزب، شهداء الوطن، ١٩٣٤-١٩٦٣، مطبعة الرواد المزدهرة، بغداد، ٢٠٠٨، ص١٤.

ڕاستییەکەی، کۆلێژی ماف جۆرە سەربەخۆیی و شکۆیەکی هەبوو و، کە ئیبراهیم عاتف ئالووسیی وەزیری مەعارف فەرمانی دابوو لە تاقیکردنەوە بێبەش بکرێم و لە قۆناغی چوار بە دەرنەچوو دابندرێم، دەبوایە بۆ سالّی پێنجەم دەوام بکەم و، هەر بەڕاستییش دوو مانگم دەوام کرد و سەرم لە بەڕێوەبەریی کۆلێژ دەدا تا بڕیارەکەی وەزیری مەعارف هەڵوەشێتەوە، عەمیدی ئەوسای کۆلێژیش مامۆستا مونیر ئەلقازی بوو ومەلا بوو و، بابەتی گۆڤاری ئەحکامی دەگوتەوە کە لە سەردەمی عاسمانلی وەک یاسای شارستانی دەردەچوو، لەبەرئەوەی لە توێژی دەسەڵاتدار نزیکبوو کردبوویانە عەمیدی کۆلێژ.

مامۆستا مونیر ئەلقازی ڕازی نەبوو کێشەکەم بخاتە بەردەمی ئەنجوومەنی کۆلێژ. بەڵام من داوایەکەم بە ١٣ کۆپی بە ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆلێژ پێشکەش کردبوو و، هەر ئەندامێک ڕاستەوخۆ داوایەکەم دابوێ. ئەوەش وایکرد هاوڕابن لەوەی دەبێ ئەنجوومەنی کۆلێژ کۆببێتەوە و کێشەکە تاوتوێ بکا. عەمید ملی بۆ داوای ئەندامانی ئەنجوومەن دا و، لە یەکەم کۆبوونەوەش ئەو بڕیارەی خوارەوەیان دا: "چونکە بڕیارەکەی وەزیری مەعارف لە پێش دەستپێکردنی پشوو و لەکاتی دەوامدا دەرچووە، کەواتە تێنۆڕیی چارەنووسی قوتابییەکە تەنیا کاری ئەنجوومەنی کۆلێژە. چونکە قوتابی، موکەڕەم جەماڵ تاڵەبانی، بە بەشداریی خۆپیشاندانی دژە حکوومەت تۆمەتبار کراوە و دادگای تایبەت ئەستۆپاکی کردووە، ئەوا ناکرێ دووجار لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ، لەبەر ئەوەی پشت بە بڕیاری دادگاش دەبەسترێ، بۆیە دەبێ وایدانێین بڕیاری وەزیری مەعاریف تێپەڕاندنی دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی کۆلێژە و ئەنجوومەن بڕیاریداوە پابەندی ئەو بڕیارە نەبێ و ڕێگە بە قوتابیی ناوبراو بدرێ بەشداریی تاقیکردنەوەکان بکا، چونکە تاقیکردنەوەکانیش بە هەردوو خولییەوە کۆتاییان هاتووە، ئەوا ئەنجوومەنی کۆلێژ پێشنیاردەکا تاقیکردنەوەیەکی تایبەتی لە هەموو وانەکاندا بۆ بکرێ" تەنیا مونیر ئەلقازیی عەمیدی کۆلێژ بەو بڕیارە ناڕازی بوو و، تاقیکردنەوەکەم کرد و لە هەموو وانەکاندا دەرچووم.

دوای ئەو خۆپیشاندانە، ئێوارەیەکیان سالّح حەیدەری بردمی و گوتی لەگەڵم دێیتە جێیەکی کەسایەتییەکی گرنگی حیزبی شیوعیی عێراقی دەبینم، ئیدی بردمییە ماڵێکی تۆزێک لاچەپی کەڕادەی خۆرهەڵات، تا لەگەڵ کەسێک یەکدی بناسین کە دواتر زانیم زەکی محەممەد بەسیمی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبە، لە حەوشەی ماڵەکە دانیشتین و، گڵۆپەکان کوژابوونەوە، کە خەریکی قسان بووین دیتم کەسێکی بەژن کورتی تێکسمڕای بەسەر دیواری کەوت و ئاودیو بوو و هات لەگەڵمان دانیشت، لە هەڵسوکەوتی زەکی

بەسیمیرا ئەوەم خەملاند کابرا کەسایەتییەکی لەوی گەورەترە و بە "هاوڕێ" بانگی دەکرد. دوای کەمێک زانیم ئەوە"فەهد"ی سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی عێراقییە. لێپرسیم داخوا ئارەزووی ئەوەی دەکەم بێمە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی! ڕەزامەندیم دەربڕی، ئەودەم فەهد ئاماژەی قبووڵکردنی منی دا و پیرۆزبایی ئەوەی لێکردم کە شکۆی ئەندامێتیی حیزبم پێ براوە و، گوتی: "من بۆ ئەندامیی حیزب دەستنیشانی دەکەم" ڕەنگە من لەو ژمارە کەمەی ئەندامانی حیزب بووبم کە سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی عێراقی دەستنیشانی کردوون. لەو سالانەی دواییش، بەهادین نووری بیرەوەرییەکانی نووسیوەتەوە و وەهای وەسفکردووم کە"وەک هاوڕێ فەهد دەڵێ، لە شیوعییەکانی سالۆنانە" ئیدی لە وەلامیدا نووسیومە من بارتەقای تەمەنی حیزبیی ئەوم لە سالۆنەکانی زیندانی بەغدا و باقووبە و نوگرە سەلمان بەسەربردووە، بە دڵنیاییشەوە "هاوڕێ"ش لە شیوعییەکانی سالۆنان مەبەستی من بووە، چونکە خۆی بۆ ئەندامێتیی حیزب دەستنیشانی کردم و لەسەر قسەی ئەویش کرامە ئەندامی حیزب.
هاوڕێ فەهد پێشنیاری کرد لەبوارە ئاشکرایەکە کاربکەم و لەجێی یەک لە ئەندامەکانی ، کە نەخۆشی لێنەدەگەڕا چالاکییەکانی وەک پێویست جێبەجێکا، بچمە دەستەی دامەزرێنەری حیزبی ڕزگاریی ئیشتمانی. داوایشی لێکردم هەوڵدەم مۆڵەتی دەرکردنی ڕۆژنامەیەک وەرگرم و گوتی: "ئەگەر سوود لە دەسەلاتی مامەکانیشت وەرگری قەیدی نییە و، بگرە ئەگەر بەرتیلیش بدەی هەر قەیدی نییە". بەلام من کە خوێندنم تەواوکرد بەلایەکیدیدا چووم و کەوتمە ناو چالاکیی سیاسیی ئاشکراو نهێنی.
شیوعییەت بۆ من نەنامۆ نەبوو، کە لە کەرکووک قوتابیی ئامادەیی بووم لەبارەیەوە گوێم لە هەندێ شت ببوو و ئەو کتێبی مارکسیی دەستیشم بکەوتایە، کە لە کتێبخانەکان دەفرۆشران، دەمخوێندنەوە. جا ژمارەیەک کتێبم کۆکردبووەوە. ئەو گۆڤارانەی هەندێ حیزبی شیوعیی وڵاتە عارەبییەکان دەریاندەکرد دەگەیشتە عێراق، لەوانەش "الغد"ی حیزبی شیوعیی فەلەستینی دەریدەکرد و، ڕێکخراوە مارکسییەکان و حیزبی شیوعیی عێراقیش هەندێ بلاوکراوە و ڕۆژنامەی نهێنییان دەردەکرد و بە شێوەیەکی فراوان بلاودەکرایەوە، ئیدی مرۆ دەیتوانی بۆخۆی خۆی بە ڕۆشنبیریی مارکسی ڕۆشنبیر بکا و، منیش هەر ئەو کارەم دەکرد.
کە لە بەغدابووم، نەچوومە ناو هیچ بازنەیەکی نهێنیی حیزب، چونکە بڕیاربوو لە ڕووکاری دەرەوەی حیزب کار بکەم. ئیدی پەیوەندیم بە محەممەد حوسێن شبیبییەوە بوو

که سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری"تەحەڕوری وەتەنی"[24] بوو، ئەو حیزبە جەماوەرییەی حیزبی شـیوعی پێکیهێنابوو تا ببێتە حیزبی ئاشـکرای ڕێگەپێدراو، بەڵام حکوومەت، بەو هەنجەتەی ئەو حیزبە ڕووی دیاری حیزبی شـیوعییە، مۆڵەتی نەدایە. جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ڕووی ئاشـکرای حیزبی شـیوعی و حیزبی "تەحەڕوری وەتەنی"ی شـیوعییەکان سـەروکاریان دەکرد هەیە. حیزبی "تەحەڕور" ئەگەرچی حکوومەت ڕاویدەنان، بەڵام لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و ڕێکخستنی خۆپیشاندانی جەماوەری، بەیاننامەی بەناوی خۆی بڵاودەکردەوە.

دوای ئەوەی حیزبی"تەحەڕوری وەتەنی" نەیتوانی مۆڵەتی کـارکردنی دەسـتکەوێ و هەریەک لە حوسـێن شـبیبی و محەممەد حوسـێن ئەبولعیس و سـالم عوبێد نوعمان و گەلێکی دیکە لە سـەرۆک سـەندیکا گیران، وازم لەو بیرۆکەیە هێنا و بڕیارم دا دوای دەرچوونم لە کۆلێژی ماف بچمەوە کەرکووک.

---

[24] _ تۆفیق سـوەیدی لە ٢٨ی شـوباتی ١٩٤٦ وەزارەتی پێکهێنا و نەوەیەکی نوێی سیاسـییەکانی تێدابوو، ئەوانەی حیزبە سـیاسـییەکان چاویان لێبوو سـەردەمێکی نوێ دروسـتکەن جودابێ لەوەی لە سـیاسـییە دووسـەردەمییەکانی دیتبوو. تۆفیق سـوەیدی ڕەنگوڕواژای سـیاسـەتی ناوخۆی خۆی بە کۆتایی هاتنی بارودۆخە نابەڵەدەکەی وڵات و هەڵوەشـاندنەوەی حوکمی عورفی و داخسـتنی بەندیخانەکان و بواردانی حیزبە سـیاسـییەکان، دەسـتپێکرد. حیزبی شـیوعیی عێراقییش پێشـوازیی لەو کارە کرد ئیدی خەریکی ڕێکخسـتنی پێکهاتەیەکی حیزبی بووتا حیزبێکی ئاشـکرا دامەزرێنێ وپێکهاتەکەش بریتیبوون لە هەریەک لە "حوسێن محەممەد شبیبی و مەحمود ساڵح ئالسەعید و محەممەد حوسێن ئەبولعیس و یوسف عەبود و عەبدولجەبار حەسون جارەڵلا و محەممەد عەلی یوسف ومحەممەد خەلەف و محەممەد عەلی زەرقا و سالم عوبێد نوعمان". داوای مۆڵەتەکە پێشکەشکرا، بەڵام حکوومەت مۆڵەتی حیزبی ئەحرار و ئیستیقلال و وەتەنیی دیموکراتی و ئیتیحادی وەتەنی و شەعب و کۆمەڵەی لەناوبردنی زایۆنیی دا کە شیوعییەکان تێیدا بالادەسـت بوون، مۆڵەتی حیزبی تەحەرروری وەتەنی ، کە ناوی ئاشـکرای حیزبی شـیوعیی عێراقی بوو، ڕەتکرایەوە، ئیدی دەستەی دامەزرێنەر پەنایان بۆدەرکردنی نامەی سالانە برد بەناوی نامەکانی ڕزگاری و، هەوڵیدا ئامانجەکانی حیزبیان تێدا ڕوونکاتەوە، وەک "سـەربەخۆیی و سـیادەی نیشـتمانی" و" بەرەی نیشـتمانی".بۆ زیاتر بڕوانە: سیف عدنان آرحيم القيسى، الحزب الشيوعى العراقئ من اعدام فهد حتى ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، دار الحصاد، دمشق، ٢٠١٢.

عەریف حوسێن محەممەد ڕەحیم و موفەوەز سەفا:

سالّی ١٩٤٥ هێشتا قوتابیی کۆلێژی ماف بووم و، ئەودەمی وازم لە حیزبی هیوا هێنابوو، بەلاّم هەرچەند جاری لە کوردســـتان شـــەڕ لەگەلّ ئەندامانی ئەو حیزبە ڕوویدابا من ڕاوەدوو دەندرام. کەچی ســـووربووم لایەنە ئەمنییەکان نەزانن پەیوەندیم بەو حیزبەوە نەماوە و، بگرە هەر لەو ســالّە لەگەلّ ســەرکردەکانی ئەو حیزبە تا نزیک پەتی سـێدارەش چووم.

هاوینی١٩٤٥، دوای ئەوەی "فەهد"ی سکرتێری گشتیی حیزبم دیت، چوومە ڕیزی حیزبی شـــیوعیی عێراقی و، چەندین کتێبی مارکســـیم پەیداکردبوو و چەندین ژمارەی ڕۆنامەی "القاعدة" ڕۆژنامەی نهێنیی حیزبی شـــیوعیی عێراقی. بنکەی پۆلیســـی عیوازییە لەپشـــت مالّمان بوو و عەریفی بنکەکەش حوســـێن محەممەد ڕەحیم بوو و کوردێکی عاشـــیرەتی "کیز" بوو کە لە ناوچەی نارینی باشووری شارۆچکەی کفری دادەنیشن. هەرچی عەریف حوســـێن و عەلیی برای بوون لەگوندی زەرداوی ئێمە دادەنیشـــتن و برایەکەی خەریکی کشتوکالّ بوو. عەریف حوسێن هەستێکی نەتەوایەتیی هەبوو و هاوسۆزی ئێمەبوو چونکە ئێمە شێخی گوندەکەی بووین و زۆرجاران سەری لێدەداین و هەندێ جاریش نانی لەگەلّ دەخواردین. لێکۆلّینەوەکانی تاوان، لە پشـــکنینی مالاّن و گرتنی گومانلێکراوان، پەنایان بۆ پۆلیس دەبرد، عەریفیش، لەو لێکۆلّینەوانەی بەنیـازبوون لەدژم بیکەن، هەوالّی دەداینێ. ڕۆژێکیان هەوالّی دامێ کە لێکۆلّینەوەی تاوانەکان بەنیازن مالّەکەمان لە گەڕەکی عیوازییە بپشـکنن و، داوای لێکردم چاپکراوە قەدەغەکان بشـارمەوە یان لەناویان ببەم. چونکە ئەو چاپکراوانەش خۆشـــەویســـتبوون لەلام داوام لێکرد ڕێیەک بۆ پاراســـتنیان بدۆزێتەوە. کۆمەلّێک بەیاننامە و ڕۆژنامەی نهێنیی حیزبی شـیوعیم دایە، ئەویش بردی و لە دۆلاّبێکی بنکەی پۆلیس شـاردنیەوە تا دۆخەکە کۆتاییهات و بۆی هێنامەوە و دەیشیزانی چاپکراوی شیوعین.

هەرچی کتێبە مارکســییەکان بوون، دامنە دەســت برادەرێکم، ئەویش مامە عەبدولکەریمی تووتنچی بوو و لە گەڕەکی حەیدەرخانەی دوکانێکی تووتن و جگەرە فرۆشـــتنی هەبوو و بردبوویەوە مالّەکەی، کە زانیبووشـــی کتێبی شـــیوعییانە هاویشـــتبوونیە ناو تەنوور و سووتاندبوونی.

موفەوەزێکی پۆلیس لە بەغدا هەبوو ناوی ســەفا بوو، ئەو ئەرکەی پێیدەسپێردرا ئەوەبوو هێرش بکاتە ســـەرخۆپیشـــاندانەکان و بە زەبری هێز بلاّوەیان پێ بکا. ئیدی ئەو کارەی زۆر بە دلّسـۆزییەوە بۆ حکوومەت دەکرد. ســەفا ســەری لە کتێبخانەی دارولحیکمە دەدا، کە لەبنجڕا هیی حیزبی شـــیوعیی عێراقی بوو و، شـــیوعییەکان بەزۆری لەوێ یەکدییان

دەدیت، وەک حوسـێن محەممەد شـبیبی و سـالم عوبێد ئەلنوعمان و عەزیز عەبدولهادی وحەمزە سـەلمان و ئیی دیکەش. ئەوانە هەڕەشـەی ئەوەیان لە سـەفای دەکرد لەبەر دژایەتیکردنی شـیوعییەکان ڕۆژێک دێ دەیکوژن. سـەفاش دەیگوت من دژایەتیی کەس ناکەم، بەلام من فەرمانبەرم و ئەو فەرمانانە جێبەجێ دەکەم کە دەردەچن و لێیشـیان تێناپەڕێنم. هەر بۆ نموونە ، دوێنێ داوایان لێکردم کەسـێکی شـیوعی بگرم، منیش مالێکم پشـکنی کە پێموابوو لەوێیە، لەوێ هەندێ کاغەزم دیت ئامادەکرابوون تا ڕۆژنامەی "القاعدة"ی لەسـەر چاپ بکەن، بەلام حکوومەت داوای لێنەکردبووم بەدوای چاپخانەی "القاعدة"دا بگەڕێم، بەلکو گوتیان کابرای ناوبراو بگرم. ئیدی نە بە حکوومەتم گوت چیم دیوە و نە مالەکەم مۆر لێدا. ئامادەبووان بەدرۆیان دەخستەوە و قسەکەیان ڕەتدەکردەوە. کە موفەوەز سـەفاش لەوێ ڕۆیی حوسـێن محەممەد شـبیبی گوتی ڕاسـتدەکا، ئیدی بە هەندێ هاوڕێی گوت یەکسەر چاپخانە و کاغەزەکان بگوازنەوە جێیەکی دی.

تەواوکردنی خوێندنی کۆلێژی ماف و نیشتەجێبوون لە کەرکووک:

دوای سـالانی خوێندنی کۆلێژی ماف، کاتی دەرچوونم هاتبوو و بەلگەنامەی دەرچوونم بردە لای مونیر ئەلقازیی عەمیدی کۆلێژ و ئیمزای کرد و ئەوجا پێیگوتم: "ئێسـتا تۆ خوێندنت تەواوکردووە و هیچ پەیوەندییەکت بە کۆلێژەوە نەماوە، بەلام بە شـەرەفت پرسـیارت لێ دەکەم، بەشـداریی خۆپیشـاندانەکانت نەدەکرد؟". گوتم: " مادام شـوێندی شـەرەفت دام، بەلێ بەشـداریی خۆپیشـاندانەکانم دەکرد و، ئەوەش کارێکی ڕەوایە و، پێشتریش قوتابییەکان بەکۆمەل چوونەتە خۆپیشاندان و بۆنەکان و، ئەوە لادان نەبووە لە یاسـا". گوتی: "ئێسـتا کارەکە پەیوەندیی بەخۆتەوە هەیە، تۆ ئازادی دەتەوێ ببیە شـیوعی، ئەرمەنی، ئاشووری، تۆ ئازادی".

کە لە دوادواییەکانی سـالی ١٩٤٦ کۆلێژی مافم تەواوکرد، بڕیارم دا لە کەرکوک بژیم؛ ئەو شـارەی تێیدا لەدایکبوویمە و جێی خانەوادەی تالەبانییەکانە و خوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییشـم لەوێ تەواوکرد. کە بەجێمهێشـت ئەندامێکی سـەرکردەیی حیزبی هیوای نەتەوەیی بووم ودەچمەوە ئەوێ و من ئەندامێکی حیزبی شیوعیی عێراقیم.

ئەودەمی، سەعید قەزاز موتەسەڕیفی کەرکووک بوو.

دواترێ بووە وەزیری ناوخۆ و، لەوێ لیژنەیەک بەسـەرۆکایەتیی ئەو هەبوو و گەنمی لە مولکدارەکان دەکڕی و دەیدایە فڕنی و نانەواخانەکان. بەلام لیژنەکە لە گەورە مولکداران پێکهاتبوو، وەک حوسـێنی خانەقا و عەبدوللا ئاوچی و ئیبراهیم نەفتچی و، ئەوانەش گرنگییان بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدا.

ڕۆژێک سەعید قەزاز داوای کردم و، داوای لێکردم بەرپرسیاریی ئەو کارە بگرمە ئەستۆ و گوتی: "ئەدی داوای نان ناکەن بۆ میللەت؟ من ئەرکی دەستەبەرکردنی ئەو ماددەیە بەتۆ دەسپێرم و، بۆت هەیە کێت بوێ بۆ کار ڕێکخستنی کڕین و دابەشکردنی گەنم بەسەر فڕنی و نانەواخانانددا دایمەزرێنی" داواشی لێکردم سەردانی کۆگایەکانی گەنم بکەم تا لەنزیکەوە ئاگام لە دۆخەکە بێ. کە سەردانی کۆگاکانم کرد دیتم پڕ تۆزوخۆڵە و کەمی گەنم تێدایە. ئاخر بەرپرسانی کۆگا گەنمەکەیان دەدزی و خۆڵیان لەگەڵ گەمەکەی دەمایەوە تێکەڵ دەکرد. ئەوەی دیتبووم بە موتەسەرڕیفم ڕاگەیاند و، مەرجی ئەوەم دانا ئەوانە لابدرێن و کۆگایەکانیش پاککرێنەوە تا گەنمی خاوێنیان لێ وەرگرین و شایانی ئەوەی بێ دابەشی سەر فڕنی و نانەواخانەکانی بکەین. بەڵام بەوەی ڕازی نەبوو چونکە پێیوابوو ئەوەی لە کۆگاکان هەیە ئەنجامی دەست تێکەڵکردنی ئەندامانی لیژنەی باڵایە". ئەو موڵکدارانەی گەنمیان دەفرۆشتە حکوومەت و فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەریی ئازووخە"، جورئەتی ئەوەی نەکرد هەموویان لادا و، بنکەی کۆمەڵایەتیی حکوومەتیش ئەو موڵکدارانەبوون، لەبەر ئەو بڕیارەش قەناعەتم بەوەی هات لە بارودۆخێکی ئاوادا ئەو بەرپرسیارییە وەرنەگرم.

حکوومەت، بەڕێوەبەرایەتییەکی دامەزراند تا لە سالانی شەڕ و دوای شەڕیش کاڵاهێنان لە دەرەوەرا ڕێکبخا و هەندێ کاڵاش بەسەر هاووڵاتییاندا دابەش بکا. لەو بەڕێوەبەرایەتییانەش، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هێنان و ئازووخە بوو، گەندەڵیش لەو بەڕێوەبەرایەتییانە وەها تەشەنەی کردبوو بەرگەی نەدەگیرا، شکۆ و ناوبانگی شیوعی و مارکسییەکان سووسەی ئەوەی دابووە حکوومەت لەو بەڕێوەبەرایەتییانەیان دامەزرێنێ تا ڕەگی گەندەڵی ببڕێ. بە ئاماژەی خودی نووری سەعید، مامۆستا نازم زەهاوی کرایە بەڕێوەبەری گشتیی ئەو بەڕێوەبەرییە و، شەریف ئەلشێخی پارێزەریش، کرایە پشکنەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتییەکە و، کار و دەستپاکییان جێی شانازیی خەڵکەکەبوو.

لە لیژنەی ناوخۆی کەرکووکی حیزبی شیوعیی عێراقی، نافیع یونس، سکرتێری لیژنە بوو و دەرچووی کۆلێژی ماف بوو و، یوسف حەننا و فوئاد بەهجەت و مەجید ڕەئووف، کە لە کرێکارانی کۆمپانیای نەوت بوون و منیش، ئەندام بووین. بەڵام بارودۆخی کاری نهێنی و منێکی ڕوخسارێکی ئاشکرای ناسراوی شیوعی، بۆیە پەیوەندیکردن بەمنەوە تایبەت بوو و تەنیا لە نێوان من و نافیع یونسیش دەکرا.

مانگرتنی کرێکارانی نەوت لە کەرکووک "گاورباغی":

لە کەرکووک و لە ســالّی ١٩٣٦ و لە بارودۆخێکی ، دوای کودەتایەکەی بەکرســدقیی ئەو ســالە، کە بزووتنەوەی نیشــتمانی و کرێکاریی تێدا لە بالاکردندابوو، یەکەم مانگرتنی کۆمپانیای نەوتم دیت " L .P G". ئەودەمی پۆلی شەشی سەرەتایی بووم.
بە دروســتی نازانم کێ ســەرکردایەتیی مانگرتنەکەی دەکرد و ڕێنوێنیی دەکرد، بەلام مانگرتنەکە ڕەمەکی نەبوو و بگرە ڕێکخراویش بوو، ڕەنگدانەوەی داواکاریی کرێکاران بوو. ئەوەندەی منیش بیزانم زیادکردنی کرێ و گواســتنەوەی کرێکاران بوو بە هێنان و بردنیشەوە و، سەعاتەکانی کاریش بکرێتە هەشت سەعات و سووتەمەنییشیان بدرێتێ و لێگەڕێن سەندیکایەک دامەزێنن بەرگری لە مافەکانیان بکا.
کۆمپانیای نەوت، بە هاوکاریی دەزگا ئەمنییەکانی حکوومەت، هەوڵی دەدا کۆتایی بە مانگرتنەکە بهێنێ. کە دەزگا ئەمنییەکانی ئەوکاتیش هاریکاریی پۆلیســی نەوتیان نەدەکرد، ئیدی کۆمپانیا، لە هەوڵی شکاندنی مانگرتنەکە پەنای بۆ دەستە چەتە تیرۆریستەکان برد تا کرێکاران بتۆقێنێ و هەڕەشــەی ئەوەیان لێ بکا کە پێویســتە بچنەوە ســەر کارەکانیان. بەلام لەوەیان ســەرکەوتوو نەبوو، هێ لەوەی ســەندیکایەکی بۆ دامەزراندن، ناچار بوو بەدەم زۆربەی داوایەکانی کرێکارانەوە بێ. پۆلیســی نەوتیش، بۆ شــکاندنی مانگرتنەکە، زۆری پشت بەو سەرباز و ئەفسەرانەی لیڤی دەبەستا کە ئاسووری بوون.
هەرچی مانگرتنێکی دیکەی کۆمپانیاکانی نەوت بوو، دەساڵ دوای ئەوەی یەکەم کرا، واتە لە ســەرەتای تەمموزی ١٩٤٦، ئەو کاتەی بزووتنەوەی ســیاســی بەگشــتی و کرێکاری بەتایبەتی، لە عێراق چالاک ببوو. کرێکارانی بەندەر و هێڵی ئاســن و جێی دیکەش مانیان لە کارکردن گرت و داواکاریی ئابووری و ســیاســییان هەبوو و حیزبی شــیوعیی عێراقی پێشــڕەویی دەکردن، کە کرێکارانیش ئامادەی خەبات بوون، ئیدی حیزبی شــیوعی ئەو خەباتەی ڕێکخست و سەرکردایەتییەکی ئاشکرای لە خودی کرێکاران بۆ دانا، لەکاتێکدا لە حیزبی شیوعی بترازێ هیچ ڕێکخراوێکی دیکە لەناو کرێکاراندا نەبوو، لەناویشیاندا حەننا ئەلیاس و حەننا جوبرائیل و حەکمان فارس ڕوبەیعیم دەناسین و، سەرکردایەتیی نهێنیی حیزبی شیوعی هاوڕێیەکی لە بەغداڕا ڕەوانە کردبوو و ناوی"حامد" بوو و ئەوەش ناوی ڕاســتەقینەی نەبوو وناوی حیزبییشــی نەبوو، بەڵکو ناوێک بوو خەڵک بۆخۆیان بەکاریان دەهێنا. ئاڵقەی گەیاندنیش لەنێوان ئەو و سەرکردایەتییە کرێکارییەکە هاوڕێ یوسف حەننا بوو، کە کادیرێکی حیزبیی نیمچە شاراوەبوو.

وەک لەبیرم بێ، مانگرتنەکان لە سەرەتای مانگی تەممووزێ و دوای ئەوەی کۆمانیاکانی نەوت داواکارییەکانی کرێکارانیان ڕەتکردەوە، کە درێژکراوە و پەرەسەندنی داواکارییەکانی١٩٣٦ بوون، مانگرتنەکان دەستیان پێ کرد. داواکارییەکان، بریتیبوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیی کرێکاران بۆ کاتی نەخۆشی و پیری و و خانوویشیان بۆ دراستبکرێ.
کرێکارەکان هەمووئێواران لە بێستانێکی چۆلی لای خۆرئاوای شار کۆدەبوونەوە تا گوێیان لە ئەنجامی گفتوگۆیەکانی نێوان نوێنەرەکانی خۆیان وبەرپرسە حکوومییەکان و کۆمپانیا بێ. حکوومەت و کۆمپانیا بەوەی ڕازیبوون زۆربەی داواکارییەکان جێبەجێکەن و هەوڵیان دەدا لە دوو داوادا بەرتەنگیان بکەنەوە کە زیادکردنێکی کەمی کرێ و گێڕانەوەی ئەوانەبوو بۆ سەر کار کە لەبەر هۆی سیاسی یان چالاکیی کرێکاری دەرکرابوون. وەک هەموو جارێکیش، کۆمپانیا چەلاوخۆرەکانی خۆی بۆ شکاندنی مانگرتن بەکاردەهێنا و، سووسەی ئەوەی دەدانێ لە کارکردن بەردەوام بن و، چەتەکانی پاسەوانی کۆمپانیایشی بۆ تۆقاندنی کرێکاران بەکاردەهێنا و، کرێکارە چالاکەکانیشیی دەردەکرد. جا حکوومەت زۆربەی سەرکردە کرێکارییەکانی گرت و لە بەندیخانەی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پەستان.
دستبەسەرەکانی بەندیخانە، داوایەکیان پێشکەشی دادوەری سزا کرد تا بەریان بدا. کەچی دادوەری سزا داوایەکەی ڕەتکردەوە، ئیدی دوایەکەیان لای سەرۆکی دادگای تەمیز کردەوە و، ئەودەمی دادوەرەکە عەبدولکەریم جەمیل بوو، کە بە ڕاستگۆیی پاکی و دادپەرستی ناسرابوو. هەر یەکسەر بریاری بەردانی دەستبەسەرەکانی دەرکرد، کەچی پۆلیس نەهاتەڕاێی و بەرینەدان. کرێکاران سەردانی سەرۆکی دادگایان کردەوە تا پێیراگەیەنن پۆلیس بریارەکەی دادگای جێبەجێ نەکردووە، پێیگوتن:"ڕۆڵەکانم، پۆلیس تەنیا دەزگای جێبەجێکردنی بریاری دادگاکانە ، جا ئەگەر ڕێزی بریار و یاسایەکان نەگرێ، ئەوا ئێوەن کە بریاری دادگا جێبەجێ دەکەن، دەتوانن بچن بەریاندەن".
ئەوەش، دەستکردنەوەی کرێکاران بوو تا بریاری دادگا جێبەجێکەن و، بگرە ئەگەر پێویستی بە بەکارهێنانی هێزیش بێ. کە ئەو قسەیە گەیشتە ئەو کرێکارانەی لە ناوچەی گاورباغی کۆببوونەوە، بە خۆپیشاندانێکەوە هاتن کە نزیکەی شەش هەزار کرێکار بەشدارییان تێیدا کردبوو و ڕوویان لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس کرد، کە هاوڵەکانیان لەوێ بەندکرابوون و پاسەوانەکانیان ناچارکرد دەرگای گرتووخانەکە بکەنەوە و هاوڵەکانیان لەسەر ملان هێنادەرێ و هاواریان دەکرد: "هەق و ناهەق، سەرکردەکانی خۆمان گەرەکە".

که حکوومەت بەو کارەی زانی، فەرمانی دا بەڕێز عەبدولقادر جەمیل بگوازرێتەوە بەسرا، دوایەش دەرکەوت بڕیاری دابوو لە کرێکارەکانیش بدا و خۆپیشاندانەکەیان بشکێنێ.
ڕۆژی دووەم، واتە لە ١٣ی تەمووزی ١٩٤٦، کە کرێکارەکان لە شـــوێنی ئاســـایی"واتە گاورباغی" کۆببوونەوە تا گوێ لە ڕێوشـــوێنەکانی ڕێکخســـتنی مانگرتنەکە بگرن، خەڵکە کۆبووەوەکە ژمارەیەکی زۆری پۆلیســـی ســـوارە و پیادەیان دیت بۆلای ئەوان دەهاتن و، دیاریش بوو پۆلیس لەپشـــت جۆگە و چۆمەکان خۆیان دامەزراندبوو بەتەمای تەقەکردن بوون.
ئەو کاتەی پۆلیسی سوارە هێرشیان کردە سەر کرێکارەکان و بە تۆبز و دەستەندووان لێیاندان و، کە کرێکارەکانیش بە شـــەقام و کۆڵاناندا پەرتبوون، پۆلیس تەقەی لێکردن و وەک من بزانم ١٣ کەســـی لێ کوشـــتن و گەلێکیشـــی بریندار کردن، ئەوجا ســـەرکردە دیارەکانی مانگرتنەکەی گرت و لە بەندیخانەی پەســـتان، یەک لە گیراوەکانیش هاوڕێ یوسف حەننا "ئەبو حیکمەت" بوو.
ڕۆژی دواتریێ، بۆ شـاردنەوەی شـەهیدەکانیان و ڕووزەردکردنی ئەو تاوانەی حکوومەت دەربارەیان کردبووی، خۆپیشـــاندانێکی گەورەیان کرد و، حیزبە نیشـــتمانییەکانیش تاوانەکەیان ڕووزەرد کرد و داوایان کرد بەرپرسـانی تاوانەکە ڕاکێشـرێنە دادگا و سزای خۆیان وەرگرن.
ئەو تاوانە دڕندانەیە، تووڕەییەکی گشتیی لە عێراق دروستکرد، ئیدی جەماوەر و ڕۆژنامە و حیزبەکان و ســـەندیکاکان داوای ســـزادانی بەرپرســـیارانی ئەو تاوانەیان کرد و، حکوومەتیش بەیـاننـامەیەکی تژی درۆی دەرکرد: "کـاتێ کرێکـاران لە گـاورباغی لە کۆبوونەوەیەکی بێ مۆڵەت کۆببوونەوە و، پۆلیس بەناوی یاســـاوە داوای لێکردن پەرت بن، کەچی ئەوان ملیان بۆ یاسـا نەدا و دەسـتدرێژییان کردە سـەر پۆلیس و، ئیدی پۆلیس ناچاربوو بۆ بەرگری لەخۆ کردن تەقە بە ئاســـماندا بکا و، هەندێ ڕووداوی کە جێیداخن ڕوویـانـدا. بۆیە، حکوومەت بڕیـاریـدا لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بکرێ و خراپەکـارانیش ڕاکێشرێنە دادگا".
حکوومەت، داوای لە ئەشرافی شـاری کەرکووکیش کرد بەیاننامەیەک دەرکەن و "پشێوی نانەوە"ی کرێکاران شەرمەزارکەن و، بشڵێن دەبێ حکوومەت پابەندی یاسا بێ! تەنیا چەند کەسـێک بەسـەرڕووی خۆیاندا بازدا و بەیاننامەکەیان مۆر کرد و تا تاوانەکانی دەسـەڵات بشـــارنەوە ئابڕووی خۆیان برد. دەبێ شـــانازییەکیش بۆ بنەماڵەی نەفتچی لە مێژوودا تۆمـاربکەم، چونکە ڕەتیـانکردەوە بەیـاننـامەکە مۆربکەن و، زۆر بەتونـدیش تـاوانەکـانی حکوومەتیان دژی خەڵکە بێ وەیەکە شەرمەزار کرد.

ئیدی کۆمپانیای نەوت، لە بەیاننامەیەکیدا، وادەی ئەوەی دا بەدەم زۆربەی داواکارییەکانی کرێکارانەوە بێ، لە زیادکردنی کرێ و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و نیشتەجێ و گواستەنەوە و، بابەتی پێکهێنانی سەندیکایەکیشی بۆ کرێکارانی نەوت خستە بەردەستی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی عێراق و، جا مانگرتنەکە کۆتاییهات.

موتەسەڕیفی ئەودەمی کەرکووکێ حەسەن فەهمی مەدفەعی بوو، کە بەبنەچە کورد بوو و ببووە عارەب، ئەو ئەفسەری پۆلیسەی فەرمانەکانی دژی کرێکاران جێبەجێ کرد، نەقیب حەسەن عەونی بوو و لەگەڵ قادر چاوەشی سەروانی"رەئیس عورەفا" پۆلیسی سوارە، کە تورکمانێکی خەڵکی کەرکووک بوو.

شیوعییەکان، لە دادگای سزای کەرکووک، بەرگری لە کرێکاران دەکەن:

ساڵی ١٩٤٧، کە حکوومەت هێرشی کردە سەر هەموو لایەکی بزووتنەوەی نیشتمانی و دیموکراسیی ولات، دوای ئەوەی بە کەفالەت بەریدان، بڕیاری دا سەرکردەکانی مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراق بداتە دادگای سزای کەرکووک و، لەوانەش، هەموو ئەوانەی پێشتریش ناوم هێنابوون. ئەودەمی پارێزەر بووم و لە کەرکووک کاری پارێزەریم دەکرد و لە خانوێکدا دەژیام لە گەڕەکی بەگلەری لای قۆریە بوو، ئەو کرێکارانەی درابوونە دادگا لە کۆمپانیا دەرکرابوون. جا هەریەکە و لە بوارێکی دیکە کاریان دەکرد و لە شارێکی دیکەی عێراق هاتبوونە کەرکووک. ئیدی هاتنە ماڵەکەی من و هەریەک لەپارێزەران شەریف ئەلشێخ و کامیل قەزانچی وعەبدولجەباری عوبەیدیش هاتبوون تا بەرگری لە کرێکاران بکەن کە منیشیان لەگەڵدابووم و، ئەوانیش هەر هاتنە ماڵەکەی من.
مامۆستا جیهاد وەنداوی، دادوەری سزای دادگای کەرکووک بوو، کە لە ساڵانی کۆتایی ژیانی بووە ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراقی.
وەزیری داد ساڵح جەبر[25] بوو و لە دووشت دەترسا؛ یەکەمیان دادگا کرێکارەکان تۆمەتبار نەکا و ئیدی لە سزا دەربازبن، دووەمیان دادگایی و بەرگرییەکان ببنە خۆپیشاندانێکی سیاسی و پشێوییەکانی کۆمپانیای نەوت نوێببنەوە. پێش دادگاییەکە، پەیوەندیی بە جیهاد وەنداویی دادوەرەوە کردبوو و، پێیگوتبوو ئەگەر نەتوانێ کرێکارەکان تۆمەتبار بکا و حوکمیان بدا، ئەوا نییەتی ئەوەی هەیە دادگاییەکە بگوازێتەوە دادگای سزای باقووبە. بەلام، دادوەر بەڵێنی بە وەزیری داد دابوو یاسا و دادپەروەری جێبەجێ بکا. وەزیریش ئەو قسەیەی وا لێکدابۆوە گوایە دادوەر ئامادەیە حوکم بۆ کرێکارەکان ببڕێتەوە.
لە وادەی دادگا و بەرگریدا، خەڵکێکی زۆری کرێکارانی نەوت لە گۆڕەپانی سەرای کۆبوونەوە، لە ترسی سەرهەڵدانەوەی پشێوییەکانیش، حکوومەتیش ژمارەیەکی زۆری پۆلیسی لە سەرای و لەو شەقامانەی دەچوونەوە سەر سەرای کۆکردبووەوە. کرێکارەکان

---

[25] _ ساڵح جەبر، لە ١٨٩٦ لە لیوای مونتەفیق لەدایکبووە، زۆری پۆستی بەڕێوەبردن و وەزیری وەرگرتووە. گرنگترین ڕووداوی کەوتە کاتی پێکهێنانی وەزارەتەکەی لە ١٩٤٧ مۆرکردنی ڕێککەوتنی بەریتانیا بوو، کە بە پەیماننامەی پۆتسمۆث ناسراوە و بووە هۆی پشێوییەکی گشتی لە هەموولایەکی عێراق و، ئەوەش بووە هۆی ڕووخانی حکوومەتەکەی لە ٢٩ی کانوونی دووەمی١٩٤٨ و لە ١٩٥٧ لە بەغدا کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: فاطمة صادق عباس السعدی، صالح جبر و دوره السیاسی فی العراق حتی عام ١٩٥٧. دار الشؤن الثقافیة ، بغداد ، ٢٠٠٨.

خرانە ناو شیشەبەندی تاوانباری و، و پارێزەرەکانیش چوونە جێی خۆیان. سەرەتا دادگا گوێی لە گەواهیدانی بەرپرسان ڕاگرت، بەڵام سالێکی نەبرد موتەسەریف بە نۆرەی دڵ مرد و، قادر چاوەشی سەروانیش لە ئەسپەکەی گلا و مرد، ئیدی دادگا تەنێ گوێی لە پۆلیسەکان و خوێندنەوەی گەواهیی مردووەکان ڕاگرت و هەردووکیشیان دووپاتیان دەکردەوە ئەوان گوێڕایەڵی ڕێوشوێنە یاساییەکان بووینە و سێ جاران داوایان لە کرێکاران کردووە پەرتەی لێ بکەن، ئەوجا کرێکارەکان دەستدرێژییان کردووەتە سەر پۆلیسەکان و، ئیدی پۆلیس ناچاربووە بەرگری لەخۆی بکا.
دادوەر لە پۆلیسەکانی دەپرسی داخوا "بورزەن"یان پێبووە یان نا. دەستەواژەی "بۆرزەن"یش لە بڕبڕەی یاسای کۆبوونەوەکاندا هاتووە، کە حکوومەتی عێراق لە سەردەمی عوسمانلیرا بە میرات بۆی مابووەوە. "بۆرزەن"یش کەرەنایەکی گەورەکردنی دەنگ بوو، چونکە ئەودەمای مایکرۆفۆن نەبوو تا ئەوانەی کۆبوونەتەوە گوێیان لە ئاگادارکردنەوەی پەرتەکردنێ ببی و، ئیدی پۆلیسەکان سەریان لەو پرسیارەی دادوەری سوڕدەما و دەیانگوت"بۆرزەن"یان پێ نەبووە.
دوایەش دادگا گوێی لە گەواهیی شایەدی دیکە گرت کە لە جێی ڕووداوەکە بوون؛ لەوانەش،موقەددەم ئەحمەد فەخریی بەڕێوەبەری تەجنیدی کەرکووک، کە کوردێکی خەڵکی سلێمانی بوو و بە ڕاستگۆیی و پاکی و بێ خەوشی ناسرابوو، ئیدی گەواهیدانەکەی یەکلاکەرەوەبوو، چونکە ڕووداوەکانی لەسەربانی ماڵەکەیدا دیتبوو کە بەسەر گۆرەپانی گاورباغیدا دەڕوانی[26]. گێڕایەوە کە پۆلیس چۆن خۆیان قایم کرد، ئەوەش نیشانەی ئەوەبوو نیازیان وایە تەقە بکەن. دووپاتیشیکردەوە کرێکارەکان پەرتەیان کرد، بەڵام پۆلیس هێرشی کردە سەریان و شەلم کوێرم تەقەی لێ کردن، ئیدی، سەرباری ژمارە زۆرەکەی کرێکارانی کەوتنە شەقام و کۆڵانان و هیچ چەکێکیان پێ نەبوو، چەندین کەسی تەماشاکەربوون، گوللەیان بەرکەوت.
ڕاپۆرتە پزیشکییەکانیش هاورای قسەکانی موقەددەم ئەحمەد فەخری بوون و گوتیان زۆربەی ئەوانەی گوللەیان بەرکەوتووە لە پشتەوەڕا لێیاندراوە، ئەوەش بەڵگەی ئەوەی بوو کە کرێکارەکان بێ ئەوەی ئاساییش شلوێ بکەن پەرتەیان لێ کردووە.

---

26 _ گاورباغی:مەبەستمان مانگرتنی کرێکارانی نەوتی کەرکووکە لە ١٢ی تەمموزی ١٩٤٦، کە دوای ئەوەی پۆلیس بەگژ خۆپیشاندانە هێمنەکەدا چوو، ژمارەیەک خەڵکی لێ بووە قوربانی و، لەبەر ئەوجێیەی لێی ڕوودابوو ناوی لێنرا قەسابخانەکەی گاورباغی و، وەک نموونەیەکی سەرشۆڕیی ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی ولاتانی خاوەن نەوتی پاشکۆی مۆنۆپۆلە بیانییەکانە. بۆ زانیاریی پتر، بڕوانەض: كمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق، مكتبة البدليسي، بغداد، ١٩٨٧، ج١٣١- ١٣٤.

بەرگریی پارێزەران، پتر لەسەر مافی دامەزراندنی سەندیکای کرێکاران چڕ دەبووەوە، ئەگەر داوا ڕەواکانیشیان لەڕێی دانوستانەوە جێبەجێ نەکرێ، ئەوا مافی خۆیانە مان بگرن تا داواکانیان جێبەجێ دەکرێ. بەڵام حکوومەت، لەجیاتیی ئەوەی پشتگیری مافە ڕەوا و یاساییەکانی کرێکاران بێ، بۆ بەرگری لە بەرژەوەندیی کۆمپانیا نەوتییە ئیستیعمارییەکان ئەو قەسابخانەیەی بەرپاکردووە، لە یاساشکێنی و نادادپەروەرییشدا حکوومەت ملهوڕیی کردووە. جا پارێزەرەکان پۆلیس و بەرپرسانی لیوایان تۆمەتبار کرد و داوای بێتاوانیی کرێکارانیان کرد و، داواشیان کرد بەرپرسانی لیوا لەپای تۆمەتی کوشتنی کرێکارە بێ گوناهەکان ڕاکێشرێنە بەردەم دادگا.
دادگاییەکە دوو سەعات دواخرا، ئەوجا بۆ خوێندنەوەی حوکم و بڕیارەکە، کەوتەوەکار. لەهەمووی نازدارتر ئەوەبوو مانگرتنەکەی بە کارێکی یاسایی دانا و، گوتی مافی کرێکارانیشە بۆ دەستکەوتنی مافی ڕەوای خۆیان پەنای بۆ ببەن و، ڕوونیشی کردەوە کە مانگرتن و کۆبوونەوەکە بەجۆرێک کراوە کە ئاسایشی شلوێ نەکردووە و، پۆلیسیش ، بێ ئاگادارکردنەوەیان، فەرمانی تەقەلێکردنیانی دراوەتێ و، زۆربەی ئەنگاوتنەکانیش لە پشتەوەڕابووە. ئەوەش بەڵگەیە کریکارەکان بێ ئەوەی ئاسایش شلۆق بکەن پەرتەیان لێ کردووە . سەرباری ئەوەی کرێکارەکان هاتوونەتە بن باری بانگەشەی پۆلیس و پەرتەیان لێ کردووە، سەرباری ئەوەی کۆبوونەوەکە ئاشتییانە و هێمنانە بووە وبۆ تاوتوێی گوڕانکارییەکانی مانگرتن بووە و، جێی کۆبوونەوەکە دوورەشاربووە و، ترسی پشێویی ئاسایش و ئارامیی هاووڵاتییانی لێ نەکراوە، کەچی پۆلیس، بۆ کوشتن و تۆقاندنیان، سووربووە تەقە لە کرێکارەکان بکا.
لەبەر ئەوە، دادگا بڕیاری بێتاوانیی کریکارانی دا و، داوایشی کرد بەرپرسانی بەڕیوەبردن و پۆلیسی بەرپرسیاریی ئەو ڕووداوەیان لە ئەستۆیە بدرێنە دادگا تا سزای کارە تاوانکارییە دوور لە یاساکانیان وەرگرن. لێرەدا، کرێکارەکانی کۆبوونەوە هاواریان کرد: "بژی دادپەروەری.... مردن بۆ بکوژان". هاوڕێ تۆمەتبارکراوەکانیشیان لەسەرشان هەڵگرت و لە خۆپیشاندانێکی ئاشتییانە لە باڵەخانەی سەرای چوونەدەرێ.

ڕابوونی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ و بزووتنەوەی نیشتمانیش هێرش دەکاتەوە:

ڕۆژنامەیەکی پێشکەوتنخواز "ڕێککەوتنی "پۆرتسمۆث"ی ١٩٤٨ بەو پووشەی دادەنێ کە پشتی وشترێی شکاند. خراپەکارییەکانی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکان و ئەوخیانەتە ئاشکرایانەی لە گەلیان دەکرد لەسەریەک کەلەکەبوون و، کار گەیشتە ئەوەی جەماوەر، لەگەڵ ڕاگەیاندنی مۆرکردنی پەیماننامەی نێوان عێراق و بەریتانیای لە پۆرتسمۆثی بەریتانیا مۆرکرا، بتەقێتەوە. ئیدی گەلی عێراق لە باکوورییەوە تا باشووری، دژی پەیماننامەکە و دژی ئەو حکوومەتەی ئامادەی کردبوو و مۆری کردبوو، ڕاپەڕی. ئەو کارەش، حکوومەتەکەی ساڵح جەبری ناچارکرد دەست لە کار بکێشێتەوە و، عەبدولئیلای وەسی ڕایگەیاند ئەگەر پەیماننامەکە بەرژەوەندیی عێراق دەستەبەر نەکا ئەوا پێپرازی نابێ و، بانگێشتی سەید محەممەد سەدری[27] سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەعیانی کرد، تا بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە حکوومەت پێکبێنێ.

بزووتنەوەی نیشتمانیی ئەودەمی، سەرکردایەتییەکی لێزان و بەدەستی نەبوو، سەرکردەکانی حیزبی شیوعی لە بەندیخانەی کووت بوون و، سەرکردەکانی سەندیکاکان چەندین ساڵیان لە بەندیخانە بەڕێدەکرد و سەرکردایەتیی حیزبە بۆرژوازییەکانیش، بە هەموو باڵە ناجێگیرەکانیانەوە، " تێکۆشانێکی وەرزییان دەکرد، واتە کاتێ شتێک لە دیموکراسی هەبووایە. هەر جووڵانەوەیەکیش ئەگەر لەجێی خۆی لنگەکوتێ بکا ئەوا دەتوێتەوە و دەمرێ، بزووتنەوەی نیشتمانییش، دوای ئەوەی بە کارە جەماوەرییەکانی لە ڕاپەڕینی کانوونی ١٩٤٨ حکوومەتی بەزاند، لە جێی خۆی لنگەکوتێی دەکرد و، هەلێکی دایە دوژمن تا خۆی لەپشت پیاوانی ئایینی وەک محەممەد سەدر قایم بکا و، پاشان هێرشێکی دیکە بکاتە سەر نەیارەکانی.

لە ١٩٤٨، کاتێ حکوومەتە عارەبییەکان لەژێر فشاری ڕای گشتیی عارەبی هێزەکانیان هەناردە فەلەستین، حکوومەتی عێراق دۆخەکەی قۆستەوە تا بە ئەنجەتی پاراستنی هێڵی

---

[27] _ محەممەد ئەلسەدر: لە پیاوانی ئایین و سیاسەت بوو و، باوکی سەید حەسەن ئەلسەدرە "١٨٥٦ – ١٩٣٥"مەرجەعێکی ئایینی سەردەمی خۆی بوو. محەممەد سەدر لە سەرکردەکانی هەستانەوە دادەندرێ و یەک لەوانەیە کە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانیان بۆ سەربەخۆیی دەکرد. لە دیالە چەکی هەڵگرت و دوایەش لە فورات، دوای لەناوبردنی شۆڕشی بیست چووە سووریا و لەوێشرا چووە قاهیرە و ئەوجا بۆ حیجاز، دوای ڕاگەیاندنی لێبووردنی گشتی لە ١٩٢١، لەگەڵ ئەمیر فەیسەڵی یەکەم گەڕایەوە و محەممەد سەدر ئەندامی ئەنجوومەنی ئەعیان بوو و چەندین ساڵیش سەرۆکی ئەنجوومەنەکە بووە. یەکجار وەزارەتی پێکهێناوە و، لە ١٩٥٦ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: خالد احمد الجوال، المصدر السابق، ص ١٠٦- ١٠٩.

دواوەی سوپا حوکمی عورفی دەرکا، بەڵام پاراستنی هێڵی دواوەی سوپا لە کێ؟! ئەری لە بزووتنەوەی نیشتمانی بپارێزێ، کە داوای پشتگیری و پشتیوانیی بۆ بەرگریی گەلی فەلەستین دەکرد دژی زایۆنیزم و ئیستیعمار؟
حکوومەت، دادگای سەربازیی لە هەریەک لە کەرکووک و بەغدا و بەسرا دامەزراند، تا دەستی بەسەر هەموو عێراقدا ڕابگا. ئیدی دەستە دەستە کرێکار و جووتیار و قوتابی و کاسبکار و ڕۆشنبیرانی ڕاپێچی بەردەم ئەنجوومەنە عورفییەکان دەکرد، تا لەوێرا کۆمەڵ کۆمەڵ ڕەوانەی بەندیخانانیان بکا، بەڵام بەئاشکرا دەستی لەگەڵ ئیستیعمار تێکەل دەکرد و خیانەتی لە کێشەی فەلەستین دەکرد. ئەنجوومەنی عورفیی کەرکووک دەینۆڕییە ئەو کێشە سیاسییانەی لە ناوچەی کوردستانەوە بۆی دەنێردران"لیوای موسڵ و هەولێر و سلێمانی و کەرکووک".

دیدارێک لەگەڵ محەممەد سەدری سەرۆکوەزیران و جەمیل مەدفەعیی وەزیری ناوخۆ:

ئەو پەیماننامەیە نوێیەی حکوومەتی ساڵح جەبر ئیمزای کرد، دۆخە گشتییەکەی تەقاندەوە. بۆ هێورکردنەوەیەکی کـاتیی دۆخەکە و خۆ ئـامـادەکردن بۆ هێرشـێکی نوێی سـەربزووتنەوەی نیشتمانی، وەسی، سـەید محەممەد سـەدری راسپارد ، کە خانەوادەی مەلەکی کردبوویانە بزماری ئەمانی کاتە شـلۆقەکان، تا حکوومەتێک، دوای ئەوەی سـاڵح جەبر، پێکبهێنێ.

سـەرکردایەتیی حیزبی شیوعی لە بەندیخانەی کووت بوون و، بزووتنەوەی نیشتمانییش بەهەموو دەسـتە و باڵەکانییەوە، سـەرکردایەتییەکی لێوەشـاوە و بەدەسـتی نەبوو تا پێشـڕەویی جەماوەرە هەڵسـاوەکە بکا و، بەرەو سـەپاندنی حکوومەتێکی نیشـتمانیی ئەوتۆیان ببا پشـت بە گەل ببەسـتێ و، داواکارییەکانی لە ئازادی و سـەربەخۆیی و چارەسەری کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ دەستەبەر بکا. ئەودەم، سەرکردایەتیی ماڵک سـەیف – یەهوودا سـدیق لە سـەری سـەرەوەی حیزب بوو. هەرچی حیزبە بۆرژوازییە نیشـتمانییەکانیشـە، وەک هەردوو حیزبی ئیسـتیقلال و حیزبی نیشـتمانیی دیموکراسـی، حکوومەت "وەزارەتی ئازووخە"ی دایە محەممەد مەهدی کوببەی سـەرۆکی حیزبی ئیسـتیقلال و ئەو حیزبەی خەڵەتاند. ئیدی ئەو حیزبە چووە ڕیزی ئەوانەی ئەو جەمـاوەرەیـان تووڕەدەکرد کە داوای نـان و ئـازادییـان دەکرد. حیزبی نیشـتمـانیی دیموکراسـییش، ئەوەندە بەدەسـت و بەخۆدا راپەرموو نەبوو، ئیدی ئەوەی جەماوەر چـاوەڕێی بوو ئەوە رووی نەدا، هەموو چـالاکییەکەی لەو کەژاوانەدا کورتکرایەوە کە سەردانی گۆڕی شەهیدانی دەکرد و، داوای لە حکوومەتی سەدر دەکرد هەندێ داواکاری جێبەجێکا.

محەممەد مەهدی جەواهیریی شـاعیر سـەروتارێکی لە ڕۆژنامەکەی خۆی"الرآی العام" لەژێر ناونیشـانی "سـونگییەکانی ئینگلیزان لەژێر ڕدێنی سـەدرڕا سـەردەردێنن" نووسـیبوو و، لەوێ پەردەی لەسەر ئامانجی راستەقینەی هێنانی سەدر لەو بارودۆخەدا هەڵدابووەوە و، داوای کردبوو پێی هەڵنەخەڵەتێن و بۆ هێنانی حکوومەتێکی نیشـتمانیی ئاواتەکانی گەل دێنێتە دی، هەنگاو بەرەو پێشـەوە بنێن، بەڵام ئەوە ڕوونەدا. نوری سـەعید و عەبدولئیلا پیلانێکی نوێیان دادەنا تا بزووتنەوەی ئیشـتمانی سـەرکوت بکەن و، لەپای تۆڵەی راپەڕینەکە سەرکردەکانی ڕەوانەی بەندیخانە و بەر سێدارە بکەن.

ئەودەمی، لە کەرکووک پارێزەربووم . جەماوەری کفری برووسکەیەکیان بۆ سەرۆکوەزیران هەناردبوو و شێخ عەتای برام ئیمزای لەسەر کردبوو و، برووسکەکە باسی نالەباریی دۆخی گوزەرانی ناوچەکەی دەکرد، بەو دەربڕینە کۆتاییم پێهێنا " دەوڵەتی سەرۆکوەزیران، برسییەتی کافرە، ناچارمان مەکە بەهێز پارووەنانەکە دەستەبەر بکەین" لەو بارودۆخەش، وەفدێکی لیوای کەرکووکی لە محەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی و سامی ئەسعەد ئەلنائیب و من پێکهاتبوون، هاتنە دیداری بەڕێز محەممەد سەدر تا کێشەکانی گوزەرانی لیوایەکەی بخەنە بەردەم.

دوای چاوەڕوانییەکی کورت لە ژووری یاوەری هەرەلەپێشی سەرۆکوەزیران، سەرۆکوەزیران پێشوازیی لێ کردین. ئەو پیاوێکی قۆزی دەموچاو پانی چاوڕەشی چاو گەورەیە و ڕیشێکی درێژی پەرداخت. خەتی پیریی لە هەردوولاچەناگەیدا دیارە و کە دیتم حەزێری ئەبو عەزیزی گۆرانیبێژم بیرکەوتەوە: " بۆ هەدارمان هێنابووی، لەسەرمان بوویە فەرعۆن---- ئەتۆ چیت بەسەرهێناین، بڵێ دەی ڕدێن نایلۆن"، کە لەسەر ئەو گۆرانییە ڕەوانەی بەندیخانە کرا. کێشە مەترسیدارەکانی گوزەرانمان خستە بەردەمی و ئەویش بە ئەدەب و خاکەڕاییەوە پێشوازیی کردین و گوتی گرنگی بەو بابەتە دەدا و حکوومەتەکەی لە خەمی چارەسەری کێشەکانی گوزەرانە و سووسەی ئەوەی دایە وەزیری ناوخۆ خێرا کێشەکە چارەسەر بکا.

پێمگوت: "شکۆداریی سەید، با ئەو پۆستە پێت لەبەرخۆ نەبا، پێگە ئایینی و سیاسییەکەت لەوەی بالاترە. لێرەبوونت لەو پێگە فەرمییە بۆ خزمەتی گەل بقۆزەوە و، بۆ دەستەبەرکردنی داواکارییەکانی و چارەسەری کێشەکانی." ئەویش وادەی ئەوەی دا و ئەودەمی هۆشیاریی سیاسیمان لە خەڵکەکەی دیکە باشتر نەبوو و، پێمانوابوو بەو شێوازە دەتوانین هەندێ داواکاری بەسەر حکوومەتدا بسەپێنین.

لەسەر داوای سەرۆکوەزیران، چووینە دیداری جەمیل مەدفەعیی وەزیری ناوخۆ لە نووسینگەکەیدا. دیتمان کابرایەکی بێڕیزە و ئەوەندەی شایستەیی نییە و گەل بەکەم دەزانێ وبۆنی تۆڵەی لێ هەڵدەستی. دۆخە خراپەکەی گوزەرانی لیوایەکەمان خستە بەردەمی و، گوتمان نان و ئازووخەی پێویستی ژیان لە ناوچەکانی لیوایەکەدا نەماوە.

وەلامیداوە کە هەندێ جۆ و خورما بۆ ناوچە بەلاگیر و برسییەکان دەنێرێ، گوتمان ئەو دوو شتە بۆ ئالیکی ئاژەلان بەکاردێن نەک خواردنی بنیادەم، بەتووڕەیی گوتی: "چیتان دەوێ؟ لەو دوو شتە بترازێ هیچی دیکەمان نییە"

کە لای ئەو هاتینەدەرێ نەفرەتمان لەو جۆرە حکوومەتە دەکرد و لەو جۆرە کەسایەتییانەش کە بەو جۆرە تەماشای گەل دەکەن و بە ئاژەڵیان دادەنێن.

دادگاییکردنی خۆپیشاندەران لەبەردەم ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی:

حکوومەت تاقمەکرێکارێکی دیکەی گرت تا لەبەردەم ئەنجوومەنی حوکمی عورفیی سەربازی[28] دادگاییان بکا. عەرەب و کورد و تورکمان و ئاسووری و موسڵمان و مەسیحی و سابیئەبوون، ئەگەرچی تۆمەتبارەکان لەو پێکهاتە فراوانەی نەتەوە و ئایینەکان بوون، کەچی ئاسایش بە پشێوی نانەوە و کێشەی دووبەرەکیی نێوان هاووڵاتیان تاوانباری کردبوون.
لە ڕۆژی دادگاییدا قسەی تۆمەتباران تۆمارکرا، یوسف حەننای بەرپرسی لیژنەی ناوچەیی حیزبی شیوعیی عێراقییشیان لەگەڵدابوو، ئەوجا بەیاننامەی تۆمەتبارکردن خوێندرایەوە کە داواکاری گشتیی سەربازی پێشکەشی کرد. پوختەکەیشی ئەوەبوو تۆمەتبارەکان لەو شیوعییانەن کە بیرۆکەی شیوعی بڵاودەکەنەوە و، هەوڵدەدەن سیستەمی فەرمانڕەوایی بگۆڕن و بەهێز سیستەمی کۆمەڵایەتی بگۆڕن.
ئیدی گوتی ئەوانە دووبەرەکی دەخەنە ناو هاووڵاتییان و خۆپیشاندانیان کردووە و مانیان گرتووە. جا داوای کرد دادگایی بکرین و بەپێی بڕگەکانی ماددەی "٨٩آ"ی یاسای سزادان حوکم بدرێن.
ئەوجا، یەک لەدوای یەک بانگی شایەدەکانیان کرد و ئەوانیش قسەکانیان پیت بە پیت وەک یەک بوو، ئەوەش بەڵگەی ئەوەی بوو کە پێیانگوتراوەتەوە و. قسەکانیان

---

[28] _ پێکهێنانی حکوومەتی کاتی دوای شۆڕشی ١٩٢١بوو و، ئیدی، لەڕێی ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی لەو ناوچانەی تووشی پشێوی و کاری لەوجۆرە دەبوون، خەریکی چارەسەری حاڵەتە هەڵاوێردەکان بوو. وەک ئەوەی لە ١٩٢٤ لە هەردوو قەزای زاخۆ و ئامێدی ڕوویدا، کە دوای ئەو ڕووداوانەی لەو دوو ناوچەیە ڕوویاندا، ئیرادەی مەلەکی ، دوای ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران، حوکمی عورفیی ڕاگەیاند. لەبەر گرنگیی حوکمی عورفی و بوونەهۆی گەرووگرتنی ئازادییەکان و شکۆشکاندنی مافی مرۆڤ، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دوای دامەزراندنی حاڵەتی ڕاگەیاندنی حوکمی عورفیی لەیاسای بنەڕەتیی عێراقی، واتە لە یەکەم دەستووری لە ١٩٢٥ دەرچوو، تاوتوێ کرد. حوکمی عورفی لە بڕگەی هەشتی ماددەی ٢٦ی بەندی دووەمدا هاتووە پەیوەندیی بە مەلیک و ئەو مافانەوە هەیە کە دەستکراوەیی ئەوەی داوەتە مەلیک دوای ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیران حوکمی عورفی ڕاگەیەنێ. لە بەندی دەیەمی ماددەی گشتیی لەخۆگرتووە ماددەی "١٢٠" ئەو لایەنانەی ڕوونکردووەتەوە کە دەکرێ حوکمی عورفیی تێدا ڕابگەیەندرێ و هۆیەکانیشی داناوە. ئەو ماددەیەی سەرەوەش ڕێیداوە ئەو یاسایانەی لە وڵات کاریان پێ دەکرێ لەکاتی ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی ڕابگیرێن و ئەوانەی دەبێ حوکمە عورفییەکان جێبەجێکەن دەکەونە بن ئەو بارە یاساییانەی پەیوەستی کارەکانیانە تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی گەل یاسایەک بۆ لەسەر کار لادانیان دەردەکا. بەڕیوەبەرایەتیی ئەو ناوچانەی حوکمی عورفییشیان تێدا ڕادەگەیەندرێ بەپێی ئیرادەی مەلەکی دادەمەزرێندرێن. بۆ زانیاریی پتر: صلاح عبدالهادی حلیحلالاحکام العرفیه فی العراق، دراسة تاریخیة لمرحلن النشوء و موجبات الاصدار ١٩٢٥ – ١٩٣١، مجلة لارک للفلسفة و اللسانیات. جامعة واسط، المجلد٨، ٢٠١٢، ص١٠٢.

بەوجۆرەبوو کە تاوانبارەکان هەڵگری بیروباوەڕی ڕووخێنەرن و ئەوانەن کە بیرۆکەی ڕووخێنەری شـــیوعییـانە بڵاودەکەنەوە و هەوڵـدەدەن بە زەبری هێز ســیســــتەمی فەرمانڕەوایی بگۆڕن. کە قســەی شـایەدەکان دووبارەبووەوە و ڕێک وەک یەکدی بوون، بە ســەرۆکی دانیشـتنەکەم گوت داخوا دەبینن گەواهیدانەکانی شـایەدەکان ڕێک پێکدەچن! ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە پێیانگوتراوەتەوە. کە شــــایەدێکی دیکەیش هات و هەمان گەواهیی شـایەدەکانی پێشـتریی دووبارەکردەوە، ســەرۆکی دادگای عورفی لێی هاتەقسـان و گوتی: "دەڵێی ئایەتەلکورسییە و ڕێک ئەزبەرییان کردووە".
یەک لە شایەدەکانی موفەوەزی لێکۆڵینەوەی تاوان بوو لە کەرکووک، سەبارەت بە یوسف حەننا گوتی: "ئەو لە شیوعییە مەترسیدارەکانە، چونکە پەیوەندیی بە موکەڕەم تاڵەبانییەوە هەیە، ســــەرۆکی دادگا". ســــەرۆکی دادگا بە پێکەنینەوە ئاوڕێکی لێ دامەوە و گوتی: "بێگومان مەبەستی تۆ نییە، ڕەنگە کەسێکی دی بەو ناوەی هەبێ".
نارەزاییم بەرانبەر گەواهیی شـــــایەدەکان دەربڕی و، گوتم: ســــەرۆکی بەڕێز، هەموو شـایەدەکان گوزارشـــتی "تۆمەتبارەکان بیروڕای ڕووخێنەری شـیوعییانە بڵاودەکەنەوە" دووبارەدەکەنەوە، بۆ ئەو دانیشـــتنە بەڕێزەیشــی ڕوون ناکەنەوە ئەو بیروڕایانەی ئەوان ناوی شیوعییانەی لێدەنێن چین. لەڕووی شەرع و یاساوە، یەک لە کۆڵەگەکانی گەواهیدان ئەوەیە کە شــایەد گەواهیدانەکەی لەســـەر یەک لە هەســـتەکانی بخاتەڕوو، وەک ئەوەی بڵێ"دیتم" یان "گوێم لێبوو" یان "دەســـــتم لێدا" تاد.... "کە دەڵێ دیتم یان گوێم لێبوو فڵان بیروڕای شــیوعیی بڵاودەکردەوە، دەبێ بزانێ ماهیەتی شــیوعی چییە تا گەواهیدانەکەی یاسـایی بێ، بۆ نموونە کەسـێک بڕە پارەیەک دەداتە کەسـێکی دی، جا شـایەدێک گەواهیی ئەوەی دەدا و دەڵێ فڵانم دیت پارەی فڵانی دزی، ئەوا ئەگەر شـــــایەد نەزانێ دزی واتە بردنی پارەی خەڵک بێ ئەوەی ڕوخســــەتی لێ وەربگرێ مانـای وایە گەواهیـدانەکەی دروســـــت نییە، بۆیە لەو حالەتەدا دەبێ بە تەواوی مانای گەواهیدانەکە بزانێ، واتە دەبێ بزانێ تۆمەتبـار چ بیروبـاوەڕێکی بڵاودەکردەوە. ئەدی دادپەروەرانە نییە کە بەڕێزتـان پرسیارێکی ئاوا بکەن یان ڕێگە بدەن من پرسیارێک لەو بارەیەوە بکەم؟
ســــەرۆکی دادگا گوتی: چۆن ئەو پرســـیارە بکەین کە ئێمە نازانین ماهیەتی بیروباوەڕی شــــیوعی چییە؟ گوتم: ئەدی دادوەر چۆن حوکمێکی دادپەروەرانە دەدا ئەگەر ماهیەتی تاوانەکە نەزانێ؟ گوتی: جا لەکوێوە بزانین؟ گوتم: ئەگەر ئارەزوو بکەن ئامادەم هەندێ کتێبی ســــادەتان بدەمێ تا بنەما ســــەرەتاییەکانی ئەو بیروباوەڕانە بزانن و تا لە حوکمدانەکانتان بە هەڵەدا نەچن". ئیدی هەمووان پێکەنین و سەرۆکی دانیشتنەکەش گوتی: "هەر ئەوەندە ماوە ئەندامانی ئەنجوومەنی عورفیی عەســـکەرییش بکەنە شــــیوعی. گوتم:

"ســـــەرۆکی بەڕێز ئەگەر ئەو بیروباوەڕانە تـاوان بن ، ئەوا بێگومـان پـارێزبەنـدییەکی فیکریتان بەرانبەر تاوانان هەیە، چونکە مرۆڤی مافناس، لە کۆلێژی ماف بە دوورودرێژی دەربارەی تاوانەکانی کوشـــتن و دزی و ئازاردان لەگەڵ بنەمایەکانی تاوان دەخوێنێ، تا ببێتە پارێزەر یان دادوەر و نەبێتە بکوژ یان دز.

ســەرۆک ئاوڕێکی وەســەر ئەندامەکاندا دایەوە و بە گاڵتەوە گوتی: "چ دەڵێن ، ئامادەییتان تێدایە ببنە شیوعی؟"

ئەوجا ســـــەرۆک داوای لێکردم بەرگرییەکەم زارگۆیی و بەکورتی پێشـــکەش بکەم و، ئەوکاتەی داوای لێکردم بەرگرییەکەم بە کورتی پێشـــکەش بکەم قەناعەتێکی لا دروســـت بووو و، چونکە قەناعەتی بەوەی هێنابوو تۆمەتبارەکان بێ گوناهن و، بڕیاری بێتاوانییان دەردەکا، ئیدی بەرگرییەکی کورتم پێشکەش کرد و گەواهیدانی شـایەدەکانم ڕەتکردەوە و بەرگریم لەو کارە جەماوەرییانە کرد کە جەماوەری هەموو شـــارەکانی عێراق پیادەیان کردووە و، داوای ئـازادی و دیموکراســـــی پتریـان کردووە و دەیـانەوێ ولات تەواو سەربەخۆبێ.

دوای پرسوڕایەکی کورت، دانیشتنەکە کرایەوە، بڕیاری بێتاوانیی تۆمەتبارەکانیان دەرکرد و، پاســاویشــیان ئەوەبوو کە ئەو خۆپیشـــاندانانەی کرابوون ئاســـایشـــیان تێکنەدابوو و، هەموو جـارێکیش بێ هیچ ڕووداوێـک پەرتەیـان لێ کردبوو، وەکچۆن داواکـارییش بڵاوکردنەوەوی بیروبـاوەڕی شـــیوعیی بەدرۆخســـتەوە، چونکە ئەو دروشـــمـانەی هەڵکرابوون هیچ ئاماژەیەکی بیروباوەڕی شـــیوعییان پێوە نەبوو، ئیدی ئەوە نەســـەلمێنرا کە تۆمەتبارەکان بیروباوەڕی شیوعییان بۆ هیچ کەسێک باسکردبێ، لەبەر ئەوە دانیشتنی دادگا بڕیاری بەردانی دان.

دوای ئەو دانیشـتنە بەهادر عەبدولمەجیدی موقەدەم روکن پەیوەندیی پێوەکردم و، داوای هەندێ کتێبی مارکسیی لێکردم و بۆ ئەوەی زانیاریی زیاتربێ، چیی ویست دامێ.

دادگاییکردنی کاندیدی حیزبی "تەحەڕور وەتەنی" بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران:

سـاڵی ١٩٤٨، حکوومەت رایگەیاند هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاکی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکا. ئەگەرچی هێزە نیشـــتمانییەکان گومانیان لە درۆی حکوومەت و ڕاگەیاندنە ڕیابازییەکانی نەبوو، بەلام ویســـتی پروپـاگەنـدەی هەڵبژاردن بکـاتە ئەوزار و کەرەســـتەیەک بۆ ئامادەکردنی جەماوەر تا لەپێناو ئازادییە دیموکراســـییەکان تێبکۆشـــێ، لەوانەش ئازادیی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران. حکوومەت، دەســـەڵاتی بەســـەر زۆربەی ناوچەکانی عێراقەوە نەمابوو، بۆیە نووری ســـەعید پێش هەڵبژاردنەکان بە ڕۆژنامەکانی ڕاگەیاند

پێشبینی دەکا پێنج لە سەدی ئەنجوومەن بگۆڕێ. واتە ئۆپۆزسیۆن لە چەند کورسییەک پتر ناباتەوە.
هەڵبژاردنەکان بە دوو پلە و بە شێوەیەکی ئاڵۆز بوو. لەهەر گەڕەکێک موختارەکانی گەڕەک و دەستەی پیاوماقووڵان پێنج کەسیان هەڵدەبژارد. یان دەستەی پشکنینەکان یان دەستەی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان ئەو پێنج کەسەیان هەڵدەبژارد. ئەو دەستانەش لەناوخۆیان دەستەیەکی باڵایان هەڵدەبژارد کە لە قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنەکان قسەی یەکلاکەرەوە هیی ئەو دەستەیەبوو. لە قۆناغی یەکەم پاڵێوراوە لاوەکییەکان هەڵدەبژێردران و، بەشێوەیەکی ئاساییش ئەوانە سەوک عەشیرەتە بەدەسەڵاتەکانی گوندەکان و فەرمانبەران و هەندێ بازرگانی شارەکان بوون. ئیدی دەنگدەران هیچ کارێک یان پەیوەندییەکیان بە کارەکانەوە نەبوو و فەرمانبەرەکان کارتەکانی هەڵبژاردنیان لە بنکەکانی هەڵبژاردن پڕدەکردەوە. لە قۆناغی دووەمدا، دەنگدەرە لاوەکییەکان لە بنکەکانی هەڵبژاردنی شارەکان کۆدەبوونەوە تا دەنگ بدەنە پاڵێوراوەکانی حکوومەت، زۆرجاران حکوومەت بە هەڕەشە و گوڕەشە پاڵێوراوە ناحکوومییەکانی ناچاردەکرد لە هەڵبژاردن بکشێنەوە، ئیدی زۆربەی پاڵێوراوەکان، چونکە ڕکابەریان نەبوو، هەر بە پەسنی دان سەردەکەوتن. لە هەندێ ناوچەش، بەتایبەت لە شارە گەورەکان ڕکابەری دەکەوتە نێوان هەندێ پاڵێوراوی لایەنگیری ئەم وەزیر یان ئەو وەزیربوون، بەڵام لایەنگریی ڕاستەقینەیان هەر بۆ حکوومەت بوو.
لە سلێمانی، حیزبی شیوعی و حیزبی'تەحەڕوری وەتەنی' پشتیان بەو پشتگیرییە جەماوەرییە بەستابوو کە لەو شارەدا هەیانە. جا بڕیاردەر گوتی با لەو دوو ناوچەیەی هەڵبژاردن دووپاڵێوراوەکە من و مەحمود هەمەوەند بین، بەڵام دیاربوو مەرجەکانی خۆپاڵاوتن لەمندا نەبوو، چونکە بەپێی یاسا سێ ساڵی تەمەنم تەواو نەکردبوو، ئیدی شەریف ئەلشێخی پارێزەر کرایە پاڵێوراو، کە خەڵکی 'ڕاوە'ی بوو و لە سلێمانی بوو ئەگەر چی ئەو پاڵاوتنە بێ خەوش نەبوو بەڵام خەڵکی سلێمانی ڕازیبوون بکرێتە پاڵێوراو.
یەک لە حیزبە نیشتمانییەکانی دی، پارتی دیموکراتیی کوردستان بوو لەژێر دەسەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەد و، کە هاوسۆز و هاوکاری حیزبی شیوعی نەبوو و، پاڵێوراوێکی بەردەوامیش هەمیشە هەر شێخ ڕەئووفی شێخ مەحمودی حەفید بوو، شێخ ڕەئووف دەرچووی کۆلێژی ماف بوو، بەڵام هیچی لە ماف و لە سیاسەت نەدەزانی . بنکەیەکی بەهێزی دیکەش شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید بوو کە دەسەڵاتە ئایینی و سیاسییەکەی لە شێخ مەحمودی باوکییەوە بۆ مابووەوە کە سەرکردەی شۆڕشەکانی کورد بووە، ئیدی خانەوادەی حەفید و حیزبی دیموکراسیی کوردی بوونە هاوپەیمان تا

هەریەک لە شـــێخ لەتیف و ئیبراهیم ئەحمەد وەک دوو ڕکابەری شــــەریف ئەلشـــێخ و مەحمود هەمەوەند بیانپاڵێون، ئیدی حکوومەت هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە لایەنگیریی شێخ لەتیف و ئیبراهیم ئەحمەد بکا تا لێنەگەڕێ هەردوو پاڵێوراوە شیوعییەکان دەربچن.
هەڵبژاردنی ئەو پێنج پاڵێوراوە کرا، شـــیوعییەکان ســـەرکەوتنێکی بێ وێنەیان هێنا. ئەوجا دەنگدانی دەســـتەی ســـەرپەرشـــتیاری هەڵبژاردنیش بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوە لاوەکییەکان کرا کە "١٣٠" پاڵێوراوی لاوەکی بوون.
شـــیوعییەکان "١٠٥" دەنگیان هێنا و هاوپەیمانیی شـــێخەکانی حەفید و پارتی دیموکراتیی کوردســـــتانیش "٢٥" دەنگەکەی دیکەیان بردەوە. ئیدی حکوومەت لێی ڕوونبوو هەردوو پاڵێوراو، شەریف ئەلشێخ و مەحمود هەمەوەنە هەردوو کورسییەکەی سلێمانی دەبەنەوە، بۆیە حوکمی عورفی راگەیەندرا و بۆ ڕزگارکردنی هەڵوێستەکەش هەردوو پاڵێوراوەکەی حیزبی شـــیوعی گیران و، هەموو ڕێوشـــوێنەکانیش هەڵوەشـــێندرانەوە تا هەڵبژاردنەکان وەک جاری جاران بکرێ و نە پاڵێوراوەکانی پارتی دیموکراتیی کوردی ســـــەرکەون و نە پاڵێوراوە ئاساییەکانی حکوومەتیش.
شەریف ئەلشێخ بە بەندکراوی ڕەوانەی بەغدا کرا و مەحمود هەمەوەندیش بە بەندکراوی ڕەوانەی کەرکووک کرا تا بە تۆمەتی پشێوی نانەوە و هەرا دروستکردن و بڵاوکردنەوەی بیری شیوعی، لەبەردەم ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی دادگایی بکرێن.
ســـەرۆکی ئەنجوومەن ئاگای لەو تۆمەتە هەڵبەســـتراوانە هەبوو، ئیدی هەموو گومانەکانی لە بەرژەوەندیی تۆمەتبارەکان لێکدەدایەوە، هەموو ئەو کێشانەش بەرانبەر ئەمین ڕەشیدی مامی، کە ماوەیەکی زۆر نوێنەری قەزای چەمچەماڵ بوو پڕ گومانی یاســـــایی بوون و دوای دادگایەکی هاکەزایی ئەنجوومەن بڕیاری بێ تاوانیی دا و بەردرا.

گواستنەوەی سەرۆکی ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی:

حکوومەت دڵنیابوو، عەقید روکن، ڕەمزی عەبدولقادری سـەرۆکی ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی تەواو لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانی هاوسۆزە، ئیدی بۆ حوکمدانی تاوانباران، لە گۆڕینی پێکهاتەی ئەنجوومەن بترازێ، چارەیەکی دیی نییە. ئیدی سەرۆکەکە و هەردوو ئەندامە مەدەنییەکە، واتە هەردوو دادوەر محەممەد حەسـەن و ڕەشـاد عـارفی بە سەرڕاستی و پاکی ناسرابوون، گواسترانەوە و لەجێی ئەو عەمید حەسیب ڕوبەیعی کرایە سەرۆکی ئەنجوومەن و دوو دادوەری دیکەی خەڵکی ناوچەکە نەبوون کرانە ئەندام.

سـەرۆکی نوێ پیاوێکی پاک بوو، بەڵام هەمیشـە دووبارەی دەکردەوە" هەموو کەسـێک خۆی و ئەو بەڵگانەی لەسـەریەتی". ئاشـکراش دیاربوو ڕێچکەی ئەنجوومەن گۆڕاوە چونکە حکوومەت خۆپیشـاندانە نیشـتمانییەکانی دژە ئیسـتیعماری دەخسـتە قاڵبی "کاری تێکدەر و پشـێوی و تێکدانی باری ئاسـایشـی گشـتی" و لە سـاختەکاریی ڕاستەکان و تۆمەت هەڵبەستن و بەڵگەی درۆ دەستی کورت نەبوو.

ئەو خۆپیشاندانانەی پێشترێ ئەنجوومەن بە کاری نیشتمانیی دادەنان، حەسیب ڕوبەیعی پرسـیاری ئەوەی لەسـەر دەکردن داخوا خۆپیشـاندەران مۆڵەتیان وەرگرتووە تا کۆبوونەوەیەکی گشتی بکەن و، ئەو دروشمە نیشتمانییانەی پێشترێ کە دەخرانە بەردەم ئەنجوومەن ئێستا بۆ خۆپیشاندەران دەبێتە بەڵگەی تاوان و گەواهیدانی پیاوانی ئاسایش ببووە بەڵگەی فەرمیی ئەوتۆی ڕەتنەدەکرایەوە. جا ئێسـتا بەرگریکردن لە نیشـتمان پەروەران لەبەردەم ئەنجوومەن ئەرکێکی سـەخت و گران بوو. بەڵام گیراوە نیشـتمانپەروەرەکان بە خۆڕاگرییەوە ڕووبەرووی ئەو دۆخە بوونەوە و ڕازیبوون بچنە بەندیخانە، بەڵام سەر بۆ شمشێری تۆقاندن و سەرکوتکردن دانەنوێنن.

دادگاییکردنی ئەوانەی بە سووتاندنی ئەنجوومەنی ڕۆشنبیریی بەریتانی تۆمەتبار کرابوون:

دوای نوشوستی بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١ی دژی بەریتانییان، بەریتانییەکان، بەهێزی سوپا و بە هاریکاریی سوپای ئوردنیی، کلۆب پاشا"ئەبو حنیک"، سەرکردایەتیی دەکرد، دیسان عێراقیان داگیرکردەوە و، حاکمە سیاسییەکانیان لە لیوا و ناوچەکان دامەزراندەوە، بەڵام لەژێر ناوێکی دیکە، ئەویش ڕاوێژکاری سیاسیی هێزەکانی بەریتانیا بوو، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوان فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی وڵات بوون. ئەلمیر کینگ، کرایە ڕاوێژکاری کەرکووک و کاپتن شووتەر ، کە چەندین ساڵ لە کەرکووک مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو، لە سلێمانی بووە ڕاوێژکار. کۆرنێل لاینیش، کە بە ناوی سەرۆکی لیژنەی یەکلاکردنەوەی مافداریی زەویوزار لە ناوچەکەدا کاری دەکرد، ئێستا ببووە ڕاوێژکاری هەموو ناوچەی باکوور و بنکەکەی لە کەرکووک بوو. جا لەو داگیرکارییەدا بەریتانیا کونسوڵخانەی لە هەموو شارە گرنگەکان دانا و، بنکەی ڕۆشنبیریی لە زۆربەی لیوایەکان دامەزراند، لەوانەش سلێمانی.

ئەو بنکانە لەژێر پەردەی فێربوونی زمانی ئینگلیزی کاریان دەکرد و، تا گەلی عێراق ئاشنای ڕۆشنبیریی گەلی بەریتانیابن، فیکری ژاراویی خۆیان بڵاودەکردەوە و دەستەی فراوانی ڕۆشنبیرانیان دەکردە پاشکۆی ڕەوڕەوەی ئیستیعماری بەریتانی. ئیدی، کارەکە گەیشتبووە ئەوەی نیشانەی پرسیار بخرێتە سەر هەر کەسێکی سەری لەو بنکانە بدابووایە و، زۆربەی ئەوانەی دەچوونە ئەو بنکانەش داوایان لێ دەکرا ڕاپۆرت لەسەر چالاکییە نیشتمانییەکان و نیشتمان پەروەران بنووسن.

خەڵک لە چالاکییە سیخوڕی و تێکدەرەکانی ئەو بنکانە بێزار ببوون. خۆیان بۆ هەلێک دانووساندبوو تا بەسەریاندادەن و لایاندەن. لە سلێمانی، کە نیشتمان پەروەران دڵنیابوون ئەو بنکانە لەپشت بڵاوکردنەوەی دووبەرەکیی ناو هاووڵاتییانن و، ئەو بەیاننامە دوژمنکارانانەی بڵاو دەکرانەوە سەرچاوەکەی بنکەی ڕۆشنبیریی بەریتانی بوو، ئیدی هەلەکە هەڵکەوتبوو. لە یەک لە خۆپیشاندانەکانی دوای ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ کە هەموو وڵاتی گرتبووەوە، خۆپیشاندانێک لەخۆوە بەرەو بنکەی ڕۆشنبیریی بەریتانی ملی نا، جەماوەر لێی چوونەژوورێ و ئاگریان تێبەردا و ئەوانەی بەڕێوەیان دەبرد دەرکران.

ئەودەمای، حکوومەت هیچ دەستەوەکەرییەکی پاراستن و تۆڵەکردنەوەی لەدەست نەهات. پێدەچێ پیاوانی ئاسایش و بەرپرسانی بەریتانیی بنکەکان وێنەی فۆتۆگرافیی

خۆپیشـــاندانەکان و ئەو خەڵکانەیان گرتبێ کە بەســـەر ئەو بنکانەیان دادابوو، تا دواترێ وەک بەڵگەی تاوانبارکردن دژی خەڵکە خۆپیشـــاندەرەکە بەکاری بهێنن و، ڕەنگە ئاگایان لەوەش بووبی وڵات چیی تێدا دەگوزەرێ و، ڕەنگە هەر خۆیشـــیان، دوای ئەوەی کاری پەیماننامەی ١٩٣٠ کۆتاییهات و لە تێپەراندنی پەیماننامەیەکی نوێدا شـــکســـتیان خوارد، پلانی هێرشکردنە سەر بزووتنەوەی نیشتمانییان دانابێ.

دوای ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی، کۆمەڵێک نیشـــتمانپەروەر بە تۆمەتی ئاگر تێبەردانی بنکەی ڕۆشـــنبیریی بەریتـانی دەســـتگیر کران و زۆربەیـان گەنج و قوتـابی بوون. ڕاســـتییەکەی ئەوانە پلانیان بۆ دەســـتبەســـەرداگرتن و ســـووتاندنی ئەو بنکەیە دانەنابوو، بەڵام تووڕەیی جەمـاوەر پاڵی پێوەنـان و، بێ پلانێکی پێشـــتر داندرابێ، ئەو کـارە کرا. پێدەچێ لایەنە حکوومییەکان و لە پشـــتیشـــیانەوە بەریتانییەکان، نەیانویســـتبێ ئەو تۆمەتبارانە، بە هەمان پێکهاتەی پێشـــتریێ لەگەڵ نیشـــتمانپەروەران هاوســـۆزبوو، بدەنە ئەنجوومەنی دادگای عورفی، بەڵام دیتییان ئێشتا کارەکان لە پێشترێ ڕێکترن، بۆیە ئێستا ئەوانە دایە دادگا.

لە ڕۆژی دادگاییکردندا، پاســـەوانییەکی توندیان بۆ قشـــڵە دانا، کە ئەنجوومەن لەوێ دانیشتنەکانی دەبەستا و، ڕێیەکانی دەچوونەوە سەر قشڵە چاودێرییەکی توند دەکران و، خەڵکێکی زۆری سـلێمانی، کە زۆربەیان خزم وکەس و برادەری تۆمەتبارەکان بوون، لەو جێیە ئامادەببوون.

تۆمەتبارەکانیان بە کەلەپچەکراوی هێنایە هۆڵی دادگا و، لێنەگەران لەوان زیاتر کەسی دی بێتە ناو باڵەخانەکە. من کە بۆ پاســـەوانەکان ناســـراوبووم و عابای پارێزەریم لەبەربوو، ڕێیاندام بچمە ژوورێ و، دواترێ شـــوناســـی تۆمەتبارەکانیان تۆمارکرد کەمن زۆربەیانم دەناسی و لەوانەش ڕوشدی ئەحمەد سەعید و کەماڵ میرزا غەفوور.

بانگی شایەدەکان کرا، کە زۆربەیان ئاسایش و پۆلیس بوون و، هەموو گەواهیدانەکانایان بەو جۆرە بوو کە "ئێمە ئەو تۆمەتبارانە دەناســـین و ئەوانە شـــیوعین، لەو مانگانەی پێشـــترێ پشـێوییان ناوەتەوە و تێکدەرن و خەڵکیان هانداوە دژی حکوومەت بجوولێنەوە و، بەزۆر خەڵکیان ناچارکردووە خۆپیشـــاندان بکەن و دروشـــمی دژە حکوومەتیان بەرزکردووەتەوە و هوتافی برووخێ حکوومەتیان دەگوتەوە و، یەک لە کردەوەکانیشـــیان ئەوەبوو بەزۆر دەستیان بەسەر بنکەی ڕۆشنبیریی بەریتانیدا گرت و دەستدرێژییان کردە سەر کارمەندەکانی و دواتر ئاگریان لە کەلوپەلەکانی بەردا".

شـایەدەکان دووپاتیشـیان دەکردەوە ئەوان هەموو تاوانبارەکانیان بەو جلوبەرگەی ڕۆژی خۆپیشاندانەکە لەبەریان بووە و، بە ڕوخساریانەوە دەستنیشان کردووە.

ئێستا کەڵکی ئەوەی نەبوو داوا لە ئەنجوومەن بکرێ سەیری دروشمەکان بکەن، چونکە لەتێڕوانینی ئەنجوومەوە خۆپیشاندانەکە لەرووی یاساییەوە مۆڵەتی نەبووە، ئیدی نیشتمان پەروەریی دروشمەکان شتێک لە بارە یاساییەکەی ناگۆڕێ، وەکچۆن پێکچوونی گەواهیدانەکانیش گومانی ڕاستی و دروستیان لەسەر دروست ناکا، چونکە ئەوە قسەی هەندێ فەرانبەری فەرمییە کە ئەرکە وەزیفییەکەی خۆیان دەکەن. ئیدی هیچی دیم بۆ نەمابووە وە ئەوندە نەبێ بچمە ڕیزی تۆمەتبارەکان و هێرش بکەمە سەر سیاسەتی دژەگەلی حکوومەت و سەرشۆڕکردنی تەواویان بۆ ئیستیعماری بەریتانی.
یەکەم شایەدیان ئەفسەرێکی ئاسایشی سلێمانی بوو و، دوای ئەویش موفەوەزێکی ئاسایش هات و، هەردووکیان وەسفی بەرگوباری تۆمەتبارەکانیان دەکرد لەو کاتەی لەناو خۆپیشاندانەکەی بەردەم بنکەکە بووینە و خەڵکیان هانداوە لێیان وەڕژوورکەون. دوای مۆڵەت وەرگرتن لە سەرۆکی ئەنجوومەن، ئەو پسیارەم لە موفەوەزەکە کرد: "تۆ لە سلێمانییەوە لەگەڵ ئەفسەرەکەی ئاسایش چوویە کەرکووک و لەوێ لەبەردەم دەرگای ئەنجوومەن لەگەڵی ڕاوەستای و قسەشتان کرد، داخوا ئێستا دەتوانی بۆ ئەنجوومەن باسی بەرگوباری ئەفسەرەکە بکەی، ڕەنگی جلەکەی و کراسەکەی و بۆینباخ و پێڵاوەکەی؟"
موفەوەزەکە گەرووی گیرا، ئەوجا دەستی بە باسی ڕەنگ و شێوەکان کرد. داوام کرد قسەکانی بنووسنەوە و ئەوجا بانگی ئەفسەرەکە بکەن بزانن داخوا وەسفەکانی ڕێکدێنەوە. جا کە ئەفسەرەکەیان هێنا ئەو وەسفانەی موفەوەزەکە کردبوونی لەگەڵی ڕێک نەدەهاتنەوە، ئەوجا ڕووی قسەم لە سەرۆکی ئەنجوومەنەکە کرد و گوتم: بەڕێزی سەرۆک، پیاوانی ئاسایش لەو بارودۆخانە هەمیشە دەشڵەژێن، زۆریش ئەستەمە کەسەکان و ڕەنگی جل بەو وردەکارییە دەستنیشان بکرێ کە لە گەواهیدانی ئەواندا هاتووە، لەکاتێکدا نەیتووانی ئەو کارە لەگەڵ ئەو برادەرەی بکا کە لە سلێمانیڕا لەگەڵی هاتبوو و لە بارودۆخێکی ئاساییشدابووینە، ویستم ئەو ڕاستییە بخەمە بەردەمی ئەنجوومەنی بەڕێز تا ئەو گەواهیدانانە هەڵسەنگێنن و ئیدی سوپاس.
تۆمەتبارەکان ، دژی حکوومەت و دژی ئیستیعماری بەریتانی پتر و پتر گەرم دەبوون و، کە قسەیشیان لێ وەرگرتن هەموویان دووپاتیانکردەوە لێناگەڕێن بنکەیەکی ڕۆشنبیریی بەریتانی لەشارەکەیاندا بکرێتەوە، چونکە بنکەیەکە بۆ سیخوڕی و تێکدان و بڵاوکردنەوەی بیری ئیستیعماری.
کە سەرۆکی ئەنجوومەنەکەیش پرسیاری ئەوەی لێکردم داخوا بەرگرییەکەم ئامادەیە! گوتم زارگۆیی بە نووسەری دادگای دەڵێمەوە . هەوڵیدا بە نووسراوی و بێ خوێندنەوە

پێشـــکەشـــی بکەم، بەڵام من ڕازی نەبووم و گوتم مافی ئەوانەیە کە بریکاریانم بزانن ناوەڕۆکی بەرگری لێکردنیان ناوەڕۆکەکەی چییە، ئەوەش لەگەڵ یاســـای پارێزەری ڕێکدێتەوە. ئیدی ناچاربوو بەوەی ڕازیبێ.
بەرگرییەکەشم ئاوابوو:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی سەنگین، ئەندامانی قەدرگران
من، لە دواناوەندیی کەرکووک قوتابی بوویمە و، لە مایســـی ١٩٤١ لە ڕیزی لاواندا بووم، ئێوارەیەکیان دوو فڕۆکەی بەریتانی هێرشـیان کردە سـەر کەرکووک، دیتم خەڵکەکە، بێ ئەوەی کەس داوایان لێ بکا، چوونە ســـەربانەکانیان و تفەنگە تورکییە کۆنەکانیان پێبوو. هەر هەمووان تەقەیان لە فڕۆکە هێرشـهێنەکان دەکرد. ئێمەی لاویش بەرپرسـی پاراستنی ئاسایشی کووچە و کۆڵانەکان بووین، زۆرمان هەوڵدا نەهێڵین تەقەبکەن، چونکە بەرانبەر فڕۆکەی جەنگیی"ویلینگتن"ی زرێدار ســـوودێکی نەبوو، بەڵام ئەوان ســـووربوون و دەیانگوت ئێمە ماڵێک لە بەهەشـــتێ بۆخۆمان دروســـت دەکەین، بیروباوەڕی خەڵکی کەرکووک ئاوابوو، شاری سلێمانیش پتر پابەستی ڕێوشوێنەکانی ئایینە و، پتریشیان ڕق لە بەریتـانییـانە، چونکە لەســـەردەمی شـــێخ مەحمود کەوتەبەر بۆردومـانی فڕۆکە بەریتانییەکان، زۆربەی خەڵکی ســـلێمانیش پێیانوایە کاتێ بەریتانییەکان ئەو بنکەیەیان کردەوە ئامانجیان ئەوە نەبوو ڕۆڵەکانیان فێری ڕۆشـــنبیری و زانســـت بکەن، بەڵکو ئامانجیان بڵاوکردنەوەی بیری دژە باوەڕی ئایینی و نیشـــتمانی و نەتەوەیی ئەوانە و، دەیانەوێ، بە گێڕانی ئاهەنگی ســەما و ســەرخۆشــی، بەدکاری و ترازانی ڕەوشــت لەناو گەنجان بڵاوکەنەوە.
خەڵکەکەش، هەرهەمووی و بێ هەڵاوێردن، چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیان دەکرد دەرگای ئەو بنکەیە بۆ تاهەتا دابخرێ و، هەر خۆیشـــیان و بێ دنەدانی کەس ئەگەر بۆیان بڕەخســـێ ئامادەن ئەو کارە بکەن.
بوونی بنکەی ڕۆشنبیریی بەریتانی لە شـارێکی وەک سلێمانیش، وررووژاندنی بیروباوەڕە ئـایینی و نەتەوەیی و نەریتە ڕەگـاژۆیەکـانی خەڵکەکەیە، جەمـاوەرەکە خۆی لەوە پتری بەرگە نەگرتووە، ئەوانەی بەرگرییـان لێ دەکەم دنەیـان نەداون و ئەوان هەر لەبنجڕا پێویستیان بە دنەدان نییە، هەریەک لەو خەڵکە، کە ئەو بڵاوکراوە ژاراوییانەیان هەڵداوەتە ناو ئاگر، ویســـتوویەتی ماڵێک بۆخۆی لە بەهەشـــت دروســـت بکا و، ئیدێ هاوکاریی یەکدیان کردووە تا ئەو شـــوورەیی و شـــەرمەزارییەی شـــارەکەیان بســـڕنەوە و، بەدڵنیاییشـــەوە ڕازی نابن ئەو ئابڕووچوونە بە شـــارێکەوە بلکێندرێ کە "کاکەحمەدی شێخ"ی تێدا شاردراوەتەوە و نەوە دوای نەوەش کەڵە ئەدیب و زانا و شـاعیری هێناوەتە

دنیا. ئیدی داوا دەکەم گەواهیی شایەدەکان ڕەتکرێتەوە و فەرمانی بێگوناهیی ئەوانە بدرێ کە بریکاریانم.

بەهیچ کلۆجێک پێشبینیم نەدەکرد ئەنجوومەن بڕیاری بێتاوانییان بدا و، وەک گوتیشم هیچ چارەیەکم نەمابوو ئەوە نەبێ لە گەرموگوڕییە نیشـــتمانییەکەیان بچمە پاڵیان. ئەنجوومەن بڕیاری دووســـــاڵ بەندیی بۆ هەندێ تۆمەتبار بڕییەوە و بۆقوتابییە بچووکەکانیش یازدەمانگ بەندیی بێ جێبەجێکردن. کە پۆلیس حوکمدراوەکانی بە زنجیرکراوی لە باڵەخانەی قشـــڵە بردە باڵەخانەی ســـەرای، کە بەندیخانەی لێبوو، دەنگی ســـروودی لێ بەرزبووەوە:

ئازادیخوای کوردین ئێمە شوورەی پۆلا و بەردین ئێمە

جەماوەرەکەی کۆبووەوە هاواران دەکرد و چەپڵەیان بۆ ئەو ئازادیخوازانە لێدەدا.

دوو جوو لەبەردەم ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی:

وەک وەڵامێکی ئەو شمشێری تۆقاندنەی لەسەر گەردنی گەلی عێراق بوو و، ڕاگەیاندنی حوکمی عورفی بۆ ئەوەی هەزاران نیشتمانپەروەر ڕاپێچی بەندیخانان بکەن، جەماوەری سلێمانی خۆپیشاندانێکی گەورەیان کرد و خەڵکێکی زۆری هەموو چین و توێژەکانی گەل بە جیاوازیی بیروباوەڕی سیاسی و ئایینی تێیدا بەشداربوون، وەک هەموو جارێکیش، پۆلیس دەیان کەسی لێ گرتن تا بیانباتە بەردەم ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی و لەوێ دادگایی بکرێن و دوایەش ڕەوانەی بەندیخانە بکرێن. لەناو ئەو کەسانەی گیرابوون دوو جوویان تێدابوو، ئەوانیش قەسابێک و شاگردەکەی بوون و ناویان "سیمان" و "ئاولی" بوو. وەک خۆپیشاندەران گوتیان ئەو دووە هەر لە خۆپیشاندانەکەش نەبوون، لەناو دووکانەکەی خۆیان گیرابوون و، پێشدەچێ کرابنە ئامانج تا تۆمەتی هەڵبەستراو بدرێتە پاڵ ئامانج و دروشمەکانی خۆپیشاندانەکە. دروشمەکان داوای بەردانی دەستبەسەرکراوانی دەکرد و هەڵوەشاندنەوەی حوکمە عورفییەکان و بەگەڕخستنی ئازادییە دیموکراسییەکانیش. پێشتریش لە بەغدا جوویێکی دەوڵەمەندی ناوی "شەفیق عەدس"[29] بوو حوکمدرابوو و، بەوەی تۆمەتبار کرابوو گوایە خەرجیی ڕێکخستن و بزووتنەوە زایۆنییەکانی بەغدا دەدا و، حوکمی لەداردانی درا و دواتریش حوکمەکەی جێبەجێکرا.

کە تاوانبارەکان هێندرانە ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی، داواکاری گشتی تۆمەتێکی فیشاڵی دانەپاڵ، گوایە ئەو خۆپیشاندانە بۆ ئەوەبووە داوای بەردانی "عەدس" بکەن و، بەڵگەی ئەوەش بەشداریی "سیمانە و ئاولی"یە لەو خۆپیشاندانەیدا، جا داواکاری گشتیی داوای ئەوەی کرد توندترین سزا بدرێن. وەک هەموو جارانیش، کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس گەواهییان دا و گوایە ئەو دووە هوتافیان بۆ گیانی "عەدس" لێداوە و، ئەوەی

---

[29] _ شەفیق عەدس: بازرگانێکی جووی ناسراو کە زۆری گومان و پرسیار دەربارەی چالاکییە بازرگانییەکانی لەسەربوو، ئەو بە بنەچە سووری بوو و لە ١٩٠٠ لە حەلەب لەدایک ببووئەوجا هاتبووە عیراق و لە بەسرا گیرسابووەوە. ئەو لە گەورە بازرگانانی بەسرابوو و نمایندەی کۆمپانیای فۆردی ئۆتۆمۆبیلی ئەمەریکا بوو و بنکەی کاریشی لە کەناری عەشـشار بوو.هاوبەشە بازرگانەکەشی، بازرگانی ناسراوی عێراق "ناجی خضری" بوو. ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی تۆمەتی ئەوەی ئاراستەکرد گوایە پشماوەی ئامێرەکانی سوپای بەریتانی لە شوعەیبە دەکڕێ و دەیاننێرێتە ئیتاڵیا، تا دواتریش لەوێڕا ڕەوانەی ئیسرائیل بکرێن. لە ١٩٤٨ شەفیق عەدس دەستگیر کرا بێ ئەوەی هاوبەشە کارەکەی "ناجی ئەلخضری" بگیرێ. هەردوو باڵیۆزخانەی بەریتانی و ئەمریکی لە بەغدا زۆریان هەوڵدا بەربدرێ، بەڵام لەژێر فشاری شەقامی عیراقی لەبەردەم ماڵەکەی خۆی و لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٤٨ لەدار درا. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: صادق حسن السوداني، مختصر تاريخ يهود العراق ١٩١٤ ١٩٥٢، مؤسسة ثائر العصامي، بغداد، ٢٠١٥، ص٧٤- ٧٥.

سەیریش بوو ئەوەبوو ئەو دوو جووە ئاگایان لە مەسەلەی حوکمدانی شەفیق عەدسی نەبوو و، پێیانوابوو مەبەست لە عەدس ئەو نیسکەیە کە شۆرباى لێ دەکرێ و هەر زۆر سادە و بێ ئاگابوون.

لە گفتوگۆیەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی عورفیی سەربازیی لەگەڵ تۆمەتبارەکانی دەکرد، بەتایبەت دوو جووەکە، دیاربوو ئاراستەی کارەکە بۆ ناردنە بەندیخانەیانە و، دووریش نییە ئەنجوومەن سووسەیەکی لە دەسەڵاتە باڵایەکانرا بۆ کرابێ، بۆئەوەی رێ لە خۆپیشاندانەکانی داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی عورفییان دەکرد بگرن و، زۆرترین خۆپیشاندەر رەوانەی بەندیخانە بکا. زۆربەی پرسیار و داوای روونکردنەوەکان سەبارەت بە مەسەلەی شەفیق عەدسی جوو بوو کە هیچ پەیوەندییەکی بە سلێمانی و بە حیزبە نیشتمانییەکانەوە نەبوو، ئەگەرچی لەداردانی عەدس هەر بۆتوندکردنی تیرۆر و ترساندنی حیزبە نەیارەکان بوو.

کە سەرۆکی ئەنجوومەنیش داوای لێکردم نووسراوی بەرگریکردن لە تۆمەتباران بە نووسراوی و بێ خوێندنەوە پێشکەش بکەم، بەو ئەنجەتەی بەرگریکردنەکان رۆژانە بەدوای یەکدا دێن و ئەوەندەم کات بۆ نایەڵنەوە تا نووسراوەکانی بەرگری ئامادەکەم، نەخاسمە کە کێشەکان هەر لەو رۆژیدا یەکلادەکرێنەوە ، ئیدی سەرپێیی بەرگرییەکەم پێشکەش کرد.

تێیدا گوتم: بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی قەدر گران ... بەڕێزان ئەندامانی قەدرگران لە هۆیەکانی، راگەیاندنی حوکمی عورفیی پێویست کردووە، حکوومەت رایگەیاندووە گوایە ئەو حوکمەی بۆ پاراستنی بەرەی دواوەی سوپای عێراق راگەیاندووە کە بۆ پشتیوانیی گەلی عارەبیی فەلەستین چووەتە فەلەستین، بەڵام ئێمە پێمانوایە تەواو پێچەوانەیە، ئەوانەی هەموو رۆژێ لەبەردەم ئەنجوومەنی بەڕێزی ئێوە دادگایی دەکرێن دوژمنی هەرە سەرسەختی ئیستیعمار و زایۆنیزمن، ئەوەش پرسیارێک دەوروژێنێ، ئەرێ کێ هەڕەشە لە بەرەی دواوەی سوپای عێراق دەکا؟ بڵێی ئەو نیشتمانپەروەرانە هەڕەشەکە بن کە ژیانی خۆیان بۆ بەرگریی سەربەخۆیی وڵات و شکاندنی کۆتوبەندی پەیمانە کۆیلەکەرەکان تەرخان کردووە و ئەوانەی داوای بەرهەڵدانی وزەی جەماوەر دەکەن تا بەڕاستی بتوانین بەشدارییەکی کاریگەر لە شەڕی دژە ئیستیعماری بەریتانیدا بکەین، کە

به ئاشـکرا دەسـت لەگەڵ چەتەکانی "هاگانا"[30] و "شـتیرن"[31] ی زایۆنی تیکەڵ دەکا، یان ئەوانە مەترسـیی سـەر بەرەی دواوەی سـوپای عێراقن کە خیانەت لە بەرژەوەندییەکانی گەل دەکەن و بۆ کەلەپچەکردنی گەل دەستیان لەگەڵ ئیستیعمار تێکەل کردووە؟

لەو بەڵگانەی بەرێز داواکاری گشتی خستنیەروو و شایەدەکانی پیاوانی ئاسایشبوون و دووپاتیان کردەوە، ئەوەبوو کە گوایە ئەو خۆپیشـاندانانە دەسـتی زایۆنی دەیانجووڵێنێ و ئەوەتا دوو جووش لەناو تۆمەتبارەکانن، باشــە با بەگریمانە بڵێین لەناو خۆپیشـــاندانەکە بوون، من زۆرم خۆپیشـــاندانی پشـتیوانی دیتووە کە حکوومەت لە زۆر بۆنەدا هێناویەتە ســـەرشـــەقام، بانگێشـــتی هەموو تایەفە ئایینییەکانی دەکرد تا لەگەڵ کۆمەڵەکانی دیکە بەشـــداری لە کەژاوەکاندا بکەن و، لەوانەش تایەفەی جووەکانی کەرکووک، ئیدی مالمی جووان و پیاوانی ئایینی جوو بەپێش کەژاوەکە دەکەوتن و ئەو دروشـمانەیان دەگوتەوە کە پێیان ئەزبەرکرابوو.

ئەو خۆپیشـــاندان و کەژاوانە چ بوون؟ هەر لەبەر ئەو ژمارە زۆرەی جووەکانی ئەو کەژاوانە، ئەرێ بەڕاسـتی زایۆنییانە بوو. هیچ کەسـێک وای نەگوتووە، جووە عێراقییەکان هێشتا هەر عێراقین و هەموو مافێکیان هەیە کە دەستوور و یاساکان بۆیان دابین کردوون و، ئەو ئەرکانەشیان لەسەرە کە لەئەستۆی هەموو عێراقییەکانە.

---

[30] _ هاگانات: وشـەیەکی عیبرییە و مانای بەرگری دەدا، ڕێکخراوێکی سـەربازیی زایۆنیی نیشتەجێکردن بوو، دوای ئەوەی لیژنەی گشـــتیی هیســـتدروت ئیمزای دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نهێنیی کرد لەژێر ناوی "بەرگری و کار" لە ١٩٢٠ لە قودس دامەزرا، دواترێ وشـــەی کاری لێکرایەوە، چونکە گرنگییە ســـەرەکییەکەی لە پیادەکاریی کاری ســـەربازی بوو و، ڕاپەڕینی ١٩٣٦ - ١٩٣٩ی فەلەســـتین هاوکارییەکی گەورەی نێوان هاگانات و هێزەکانی داگیرکەری بەریتانیی لێکەوتەوە، بۆیە بەریتانیا هاریکاری دامەزراندن و ڕاهێنانی هێزی دەسـتوەشـێنی هاگانات بوو بە ناوی"بالماخ". پێش ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیســـرائیلیش ژمارەی هاگانات نزیکەی ٣٦هەزار کەس بوو و ســـی هەزار کەسی بالماخیش سەربار. کە بنیاتە ڕێکخراوەییەکەیشی تەواوبوو کردییە سوپایەکی یەکگرتووی پیشەگەر. داود بن گوریۆنی یەکەم سـەرۆکوەزیران لە ٣١ی ئایاری ١٩٤٨ ڕایگەیاند هاگانات هەڵوەشـێنرایەوە و کرایە سوپای بەرگریی ئیسرائیل. بۆ زیاتر بڕوانە: عبدالوهاب المسیری و سوسن حسین. موسوعة المفاهیم و المصطلحات الصهیونیة، مرکز الدراسات السیاسیة و الاستراتیجیة بالاهرام، القاهرة، ١٩٧٤،ج٧،ص١٤٢-١٤٣.

[31] _ ڕێکخراوی شـتیرن:ڕێکخراوێکی زایۆنییە و ئەبراهام شـتیرن لە ١٩٤٠ دایمەزراندووە و ناوی ئەوی هەڵگرتووە. ئەبراهام یەک لە دامەزرینەرانی ڕێکخراوی ئەرگون بوو و دوایە لەبەر ڕەتکردنەوەی بڕیاردانی ڕێکخراوەکە، گوایە، مادام شـــەڕ لەگەل نازیزم بەردەوامە، پێویســـتە ڕێککەوتنێکی دۆســـتانە و شـــەڕراگرتن لەگەل بەریتانیا مۆر بکرێ. مەرجی شتیرن بۆ قبوولکردنی ئاگربەست ئەوەبوو بەریتانیا بەدرێژایی شەڕ و بێ قەید و مەرج، دەرگای فەلەستین بۆ کۆچی جووان بکاتەوە، بەڵام سـەرکردەکانی ئەرگون ئەو مەرجەیان ڕەتکردەوە، ئیدی ئەویش لێیان جودا بووەوە تا تیرۆر بکاتە ئامراز و ئەوزارێک بۆدامەزراندنی دەوڵەتی جووی، بۆ گەیشـــتنە ئامانجی خوازراو باوەڕی بە توندوتیژی هەبێ. بۆ زیاتر بڕوانە: هیثم لکیلني، المذهب العسکری الاسرائیلي، مرکز الابحاث، بیروت، ١٩٦٥، ص٨٨.

ئەو دوو تۆمەتبارەش دووپاتیان کردەوە بەشـداریی خۆپیشـاندانەکەیان نەکردووە، بگرە ئەگەر بەشـدارییشـیان کردبێ ئەوا سـیفەتی خۆپیشـاندانەکە ناگۆڕێ، چونکە ئامانج و ناوەرۆکی خۆپیشـاندانەکە بەو دروشـمانە دیاری دەکرێ کە تێیدا بەرز دەکرێنەوە. لەسـەرەتای خۆپیشـاندانەکەیڕا و هەتا پەرتەکردنیشـی کارێکی وا نەکراوە ئاسـایش تێکدا، حکوومەتیش لە هەوڵی پەرتەپێکردنیـان ئەو هەنگـاوانەی نەگرتۆتەبەر کە لە یـاسـای گردبوونەوەکاندا هاتووە، ئەگەرچی یاسـایەکە هیی پاشـماوەی سـەردەمی عوسـمانلییە و، لەگەڵ گیانی سەردەم ناگونجێ.

بۆیە، داوادەکەم بڕیاری بەردانی هەموو ئەو خەڵکە بدەن کە من نمایندەیانم و بەرگرییان لێ دەکەم و سوپاستان دەکەم.

ئەنجوومەن بڕیاریدا تۆمەتباران بۆ ماوەیەک بەند بکرێن کە لەنێوان دوو سـاڵ و شـەش مانگدابوو و ڕەوانەی بەندیخانە کران.

ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی دەبێتە هاوسۆزی نیشتمان پەروەران:

ئەنجوومەنی عورفیی سەربازیی کەرکووک لە سێ ئەفسەری پلە بەرزی سوپا و دوو دادوەری مەدەنی پێکهاتبوون. سەرۆکی ئەنجوومەن زەعیم ڕوکن "ڕەمزی عەبدولقادر" بوو کە تورکمانی کەرکووک بوو، بەڵام ژیانی لەکاتی خزمەتی سوپادا لە ناوچە عارەبییەکان بەسەر بردبوو. لەڕووی سیاسی و ڕەوشتەوە ئەفسەرێکی پاک بوو، لە پەیوەندیی بە خەڵکەوە بەڕێزبوو، هاوسۆزی نیشتمان پەروەران بوو، ڕێزی خۆی دەگرت. ئەندامەکەی دیکەیان بەهادرعەبدولمەجیدی موقەدەم ڕوکن بوو، بە بنەچە کورد و دایکی تورکمان بوو وبەشی هەرەزۆری ژیانی لە کەرکووک بەسەربردبوو، ئەو هاوسۆزی بەهاییەکان بوو، ئەو دەستە ئایینیە سیاسییەی لەڕێی هیندستان و ئێرانەوە داخزابوونە عێراق. ئەندامەکەی دیکەش پلەی موقەدەم بوو و هاوسۆزی نیشتمان پەروەران نەبوو، بەڵام دژایەتییشی نەدەکردن، ئەو لەگەڵ ڕاستی و دادپەروەری بوو. هەرچی دوو ئەندامە مەدەنییەکە بوون، یەکیان محەممەد حەسەنی دادوەر بوو، دادوەرێکی خەڵکی بەغدا بوو، هاوسەردەمی بزووتنەوەی نیشتمانی و ئەو خۆپیشاندانانەبوو کە لە چلەکان لە کۆلێژی مافەوە دەردەچوون و، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ زەعیم ڕوکن ڕەمزی عەبدولقادری سەرۆکی ئەنجومەن هەبوو و، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر خۆی و لەسەر بەڕێوەچوونی دادگاییەکانی ئەنجومەن هەبوو، منیش پەوەندیی برادەری و هاوسۆزیی نیشتمانیم لەگەڵیدا هەبوو.

حکوومەت، سەدان سیاسیی ڕێچکە جیاوازی دایە ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی و، لە هەموولایەکی ناوچەکانی باکووری هێنابوون. بگرە بەندیخانەکان جێی نەدەبووەوە و قوتابخانەی قۆریەی سەرەتایی بۆ کردنە بەندیخانە و دەوری بە تەلدڕک گرت و پۆلەکان پڕ دەستگیرکراو بوون و، ئیدی دەستە دەستە دەیناردنە بەردەم ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی تا دادگایی بکرێن و ڕەوانەی بەندیخانان بکرێن.

ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی، هەموو ڕۆژێ لەو هۆڵەی لە نهۆمی دووەمی کۆنە ئۆردووی سەربازی"قشلە"، کە لەسەردەمی عوسمانلییان بنیاتنرابوو، بۆی تەرخان کرابوو، کۆدەبووەوە. لێشنەدەگەران لە ئەندامانی ئاسایش و تۆمەتباران و پارێزەران بترازێ کەسی دی بچێتە ژوورێ.

دادگاییکردنی ئەوانەی لە هەولێر جەژنی نەورۆزیان کردبوو:

هەردوو حیزبی شـــیوعیی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردســـتان" پارتی" ڕێککەوتن، بەبۆنەی نەورۆزەوە، کە جەژنێکی نەتەوەیی کوردانە، ئـاهەنگێکی هـاوبەش لە هەولێر بگێڕن. ویستیان بۆنەکەش بکەنە ئامرازێکی وشیارکردنەوەی جەماوەر و ڕۆشنبیرکردنیان ســەبارەت بە مەســەلە نەتەوەیی و نیشـــتمانییەکان. بەڵام ئەوە بەدڵی کۆنەپەرســتانی ناوچەکە نەبوو، ئیدی پیاوانی ئایین بەرەنگاریان بوونەوە و لە بەرایی هەمووشـــیانەوە شـــێخ محێدینی بەرزنجی، ئەو شـــێخی تەریقەتی قادری بوو و لە گەورە موڵکدارەکانی زەویوزار بوو و، پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ چینە دەســـەڵاتدارەکەش هەبوو. ئیدی دەرویێشـی بۆ ئەو مەبەسـتە کۆکردەوە و دەفیان لێدەدا و ئاڵایان هەلکردبوو و لەسـەری نووسرابوو"کوشتنی کافران" و بە شەقامەکانی هەولێردا دەسوورانەوە.
شـــێخ محێدین، نامە و برووســـکەی بۆ هەموو لایەکی کوردســـتان هەنارد و، داوای لە پیاوانی ئایین دەکرد لە ڕووی ئەوانەدا بوەســـتن کە ناوی لێنابوون" ئاگرپەرســـتانی مەجووس" و بەرگری لە ئایینی ئیسلام بکەن.
روون و ئاشـــکرا دیاربوو، ئەو دوو حیزبە، وەک ئەوە نەبوون کۆنەپەرســـتان بۆی چووبوون و، ئەوان لە دژی ئایینی ئیســـلام نەبوون و، بەڵکو هەڵوێســـتیان پەیوەســـتی کەلتووری نەتەوەیی بوو. حیزبی شـــیوعیی عێراقیی، لەو چـالاکییەی دژی جەژنی نەورۆزەدا بە پلەی یەکەم ئەو کرابووە ئامانج، دژی ئایین نەبوو و هەرگیز مارکســـیزمی لەجێی ئایین دانەدەنا، بەڵام چاوی لەوەش نەدەنووقاند کە کۆنەپەرســـتی ڕەنگە هەموو هەستێکی ئایینی دژی هەر پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی سیستەمی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی بەکاربێنێ.
حەســەن تاڵەبانیی موتەســەڕیفی هەولێرێ، کەوتبووە نێوان چەکوچ و زندانێ، لە لایەکەوە حکوومەت و هەموو کۆنەپەرستان داوایان دەکرد سنوورێک بۆ چالاکیی سیاسیی حیزبە نەیـارەکـان دابنێ و، لە لایەکی دیکەشـــەوە نەیـدەتوانی لەرووی ڕەوتە نەتەوەییەکەی بزووتنەوەی جەماوەریی کوردیدا بوەستێ. ئیدی، خۆی لەوەی لادا لەگەڵ شوێنکەوتەکانی شێخ محێدین تێکبگیرێ کە هەموویان خەنجەر و شمشێریان پێبوو و، سووسەی ئەوەی دا ئـاهەنگەکە لە گۆڕەپـانی فرۆکەخـانە بگێڕدرێ و، دەســـتەی پۆلیس لێنەگەڕێن شوێنکەوتووانی شێخ محێدین لە شوێنی ئاهەنگەکە نزیک ببنەوە.
ئاهەنگەکە، بۆ ناراســـتیی قســـەکانی شـــێخ محێدین گوایە ئەو جەژنە هیی مەجووســـییانە، بەخوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەســـتی پێکرد و، وتاردەرانیش بەڵگەی بنەبڕیان هێنایەوە کە ســـەرکردە موســـڵمانەکان و لەوانەش عەلیی کوڕی ئەبو تاڵب، ئاهەنگی بەو بۆنەیەوە گێڕاوە و، ئیدی ئاهەنگەکە بێ هیچ ڕووداوێک کۆتاییهات.

که حوکمی عورفی ڕاگەیەنـدرا، ئەگەرچی ئـاهەنگەکە بەڕەزامەنـدیی دەسـەڵاتە نـاوخۆییەکـانیش بەڕێوەچووبوو، کۆمەڵێـک لەوانەی بەبۆنەی نەورۆزەوە ئـاهەنگیـان گێڕابوو، گیران. تۆمەتبارەکانی بەتۆمەتی"دووبەرەکی و پشێوی نانەوە" دەستگیر کرابوون سەر بە هەردوو حیزبی شیوعی و پارتی بوون و هەندێکیشیان بێلایەن بوون و، لەوانەش مەلا عەبدولواحیدی ئاهەنگەکەی بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز کردبووەوە و، ئەودەمی پیاوانی ئاسایش هەندێ دروشمی لەسەر قوماش نووسراویان لێکردبۆوە و وەک بەڵگەی تۆمەتبارکردنی گیراوان خستانە بەردەم داگا.

لە ڕۆژی دادگـاییکردنـدا تۆمەتبـارەکـانیـان هێنـایە هۆڵی دادگـا و، منیش خۆم وەک بەرگریکاریان پیشکەش کرد و سـەرۆکی ئەنجوومەن نمایندەییەکەمی پشتڕاسـت کردەوە و، ئەوجا دەسـتی بە تۆمارکردنی شـوناسـی تۆمەتباران کرد و پرسـیاری ئەوەی لێکردن داخوا تۆمەتبارن یان نا. دانیان بەوەیدا نا کە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز ئاهەنگیان گێڕاوە، بەڵام تاوانبار نین. ئەوجا بانگی شـــایەدەکان کرا کە زۆربەیان پیاوانی ئاســـایش و دەروێشەکانی شێخ محێدین و ئاغاکانی دزەیی بوون، ئاغاکان کە بەقورئانیان سوێند دان نکوڵییان لەوەی کرد ئاگایان لە هیچ شتێک بووبێ، کەچی پیاوانی ئاسایش و دەروێشەکان هەموو لەسەر ئەو ڕایەی بوون ئەوانە دوژمنی ئایینن و، ئەو جەژنەش هیی مەجووسییانە و، ئەو شیوعییانەش پشێوی و دووبەرەکی لەناو ڕۆڵەکانی گەل بڵاودەکەنەوە.

داوام لە ســـەرۆکی ئەنجوومەن کرد دروشــــمە لوولدراوەکانی هێنرابوونە دادگا بکاتەوە. یەکەمیانی کردەوە، نووسرابوو"ئیستیعمار و پیلانەکانی لەسـەر تاوێری یەکێتیی عارەبی-کوردی وردوخاش دەبێ". لێرەدا ســـەرۆکی ئەنجوومەن لە شـــایەدەکانی پرســـی داخوا یەکێتیی کورد و عەرەبیان لە دژی ئیســـتیعمار دەوێ یان نا، ئەرێ ئێوە چیتان دەوێ، بۆ بەرژەوەندیی ئیســـتیعمار یەکدی کوشـــتنی کورد و عارەبتان دەوێ؟ ئەوجا دروشـــمی دووەمی کردەوە، نووســـرابوو"بژی عێراقی ســـەربەخۆ و دیموکراســـی"، ئەوجا دادوەر لێپرسین ئەدی ئێوە چیتان دەوێ؟ عێراقێکی کۆیلە و داگیرکراوتان دەوێ؟

سەرۆکی ئەنجوومەن لەوەندەی ڕاوەستا و گوتی " ئێستا دیارە و پێویست ناکا دروشمی دی بکەنەوە"ئەوجا بە زمانی تورکی لە مەلا عەبدولواحیدی پرســـی: مەلا تۆ لە ئاهەنگەکە چیت کرد؟ مەلا گوتی: لە دەســـتپێکی ئاهەنگەکە دە ئایەتی قورئانم خوێندەوە، ئەگەر بشـمزانیبایە قورئان خوێندنەوە لای حکوومەت قەدەغەیە و قورئان خوێن ئەوەندە ئازاری جەسـتەیی ودەروونی دەچێژێ و دەگیرێ و زەلیل دەکرێ، ئەوا بە درێژایی ژیانم قورئانم نەدەخوێندەوە، ئەوجا بە تورکی گوتی "جامرە باتســـایدی بو قرآن" واتە قورئان خوێن ئازاردەدرێ و تۆڵەی ناکرێتەوە".

ئەوجا سـەرۆکی ئەنجوومەن داوای لەمن کرد بەرگرییەکەم پێشـکەش بکەم، منیش سـەرپێیی پێشـکەشـم کرد، گرنگترین شـتی گوتبم: "سـەرۆکی بەڕێز، بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی قەدرگران، ئەو تۆمەتبـارانەی لە بەردەمتـانن بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئاهەنگیان گێڕاوە، کە کورد لە دێرزەمانەوە ئەو ئاهەنگە دەگێڕێ و، ئەوەش جەژنی بەهار و خۆشـەویسـتییە ، لە جەژندا خەڵک لە کینە پاک دەبنەوە و دۆسـتایەتی و برایەتییان دەکەوێتە نێوان. ئاهەنگەکە، لە هەولێر بە ڕەزامەندیی دەسەڵاتەکان و لە جێیەکی بۆ بۆنەی ئاوەها دەسـتنادا، کراوە، مەبەسـتم گۆڕەپانی فڕۆکەخانەیە. بەڕێز موتەسـەڕیف وای پێ باشـبووە ئاهەنگەکە لەوجێیەدا بکرێ تا لە دەمارگیریی کوێرانەی شـوێنکەوتووانی شـێخ محێدین بیانپارێزی کە خەنجەر و شمشـێریان بەدەستەوە بووە و، بەبەرچاوی پۆلیس و ئاسایشانەوە تەپڵی کینە و دووبەرەکییان لێدەدا و بە شەقامەکانی شاردا دەسوورانەوە.

ئەوانە، توێژە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگان و، دەمارگیرییش تا ئەو رادەیە کوێری کردوون کە کینەی خۆیان بەسـەر ئەو کەسـەشـدا دەڕێژن لە ئاهەنگەکەدا قورئان بخوێنێ، چونکە وشـیاریی خەڵک وادەکا لەدەوریان نەمێنن، لەکاتێکدا ئەوان لەسـەر چەوسـاندنەوەیان دەژین.

هەرچی پیاوانی ئاسایشن، ئەوان بەخۆیان پاسەوانیی ئەو ڕێیانەیان دەکرد کە دەچووەوە جێی ئاهەنگەکەی، نەوەکا شـوێنکەوتووانی شـێخ محێدین بەسـەریاندادەن و دەسـتدرێژی بکەنە سەر خەڵکەکە، بەڵام ئێستا ئایەتەکە پێچەوانە بووەتەوە.

سـەرۆکی بەڕێز...بەڕێزان ئەنـدامـانی ئەنجوومەنی قەردگران، بنیـادەم پێویسـتی بە زیرەکییەکی ئەوەنـدە زۆر نییە تـا درک بەو مەغزایەی بکـا بۆچی گرتووخـانەکـان بە نیشتمان پەروەران پڕ دەکەنەوە، ئەو نیشتمانپەروەرانەی بەرەوڕووی ئەوانە ڕاوەستانەوە کە دەیانەوێ، بە پێی پەیمانی پۆرتسـمۆثی بەدناو، نیو سـەدەی دیکەش وڵات کۆتوبەند بکەن. هەر ئەوانەن بەڕووی سـیاسـەتی "پەرتکە و زاڵبە"دا وەسـتانەوە، ئەوانەن کە بەرگرییان لە سـەربەخۆیی وڵات و شـکۆمەندییەکەی کرد، باشـە ئەو تۆمەتبارکردنەیان ئاڵقەیەکی کاری تۆڵەکردنەوە نییە لەدژیان دەکرێ؟

کردەوەکانی ئەوانەی منیان کردووەتە نمایندەیان، دژی یاسـا و سـیسـتەمەکان نییە و، ئامانجیان پتەوکردنی یەکێتیی وڵات وگەل و بڵاوکردنەوەی دۆسـتایەتی و هاوکاریی نێوانیان بووە، ناکەونە بن باری هیچ ماددەیەکی سـزادانیش، بۆیە داوادەکەم فەرمانی بێتاوانییان بدرێ و هەر هەموویان بەربدرێن، ئیدی سوپاس.

دوای مـاوەیەکی کورتی راوێژی نێوان ئەنـدامـانی ئەنجوومەن، ســـــەرۆکی ئەنجوومەن بەردانی هەموو تۆمەتبـارەکـانی ڕاگەیـانـد. چونکە ئەنجوومەن بۆی دەرکەوت ئەوانە ئاسایشیان نەشێواندووە ودووبەرەکییان لەناو هاوولاتیان بڵاونەکردووەتەوە.

دادگاییکردنی ئەو خۆپیشاندەرانەی گوایە جنێویان بە نوری سەعیدی سەرۆکوەزیران داوە:

لەو دادگاییکردنە سەیرانەی هێنرایە بەردەم ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی لە کەرکووک، کە سەرۆکەکەی عەمیدی روکن ڕەمزی عەبدولقادر بوو، دادگاییکردنی کۆمەڵە گەنجێکی خەڵکی سلێمانی بوو و زۆربەیان قوتابی بوون و خۆپیشاندانێکیان کردبوو و هوتافیان دژی نوری سەعید لێدابوو. نوری سەعید، دوای وەزارەتەکەی محەممەد سەدر هات، تا دەست بەسەر ئازادییە دیموکراسییەکاندا بگرێ و بەندیخانەکان بە ئازادیخوازان سیخناخ بکا.

ڕۆژێک پێش دادگاییکردنەکە، چاوم بە دەستگیرکراوەکان کەوت تا بزانم داخوا تۆمەتی هوتاف لێدانی دژی نوری سەعید ڕەتدەکەنەوە یان نا، تا لەسەر ڕۆشنایی ئەو شتە منیش بەرگرییەکەم بنیات بنێم. ئەوان گوتیان نکۆڵیی لێ ناکەن و ئامادەشن لە هۆڵی دادگای ئەنجوومەنی عورفیی سەربازییش ئەو هوتافانەی لە دژی لێدەن. بۆیە، مێژووی ژیانی نوری سەعیدم لەو کتێب و بڵاوکراوانە کورتکردەوە کە لەبەردەستم بوون، ئیدی پێشوەختە بەرگرییەکەمم نووسی تا ڕۆژی دواترێ، لەبەردەم ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی بیخوێنمەوە.

چووینە هۆڵی دادگا، ئەوجا سەرۆک دەستی بە تۆمارکردنی شوناسی تۆمەتبارەکان کرد، پاشان داواکاری گشتی تۆمەتەکانی خوێندەوە و گوتی تۆمەتباران خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەتیان کردووە، دروشمی دژە حکوومەتیان بەرزکردووەتەوە و، بەئاشکرا جنێویان بە شکۆمەندیی نوری سەعیدی سەرۆکوەزیران داوە، کە ئەو کارەشیان ماددەی سزادانی لە یاسای سزاکان لەسەرە، ئەوجا داوای کرد دادگایی بکرێن و حوکم بدرێن.

هەموو تۆمەتبارەکان، دانیان بەوەیدا نا خۆپیشاندانیان بۆ پشتیوانیی یەکڕایی گەلی عێراق لە ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی پۆرتسمۆث و دەستەبەر کردنی داوا ڕەوایەکانی بەرهەڵداکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان کردووە و، ئەوان دژی نوری سەعید هوتافیان لێداوە.

شایەدەکان، هاوڕای ئەو تۆمەتانەبوون کە لە بەڵگەنامەی داواکاری گشتیدا هاتبوو و ، تۆمەتبارەکانیان دیاریکرد. ئەوجا سەرۆکی ئەنجوومەن داوای کرد بەرگرییەکە پێشکەش بکرێ و، ئیدی بەرگرییە نووسراوەکەم خوێندەوە و، کورتەکەی ئەوەبوو کە ژیانی نوری سەعید پڕتاوانی دژە بەرژەوەندیی گەلی عێراق و سەربەخۆیی وڵاتە. ئاخر ئەو هەموو توانای خۆی خستبووە بەردەستی ئیستیعماری بەریتانی و، خۆی بۆ ئەوە تەرخان

کردبوو عێراقییەکان بخاتە بن دەســــتی ئیســــتیعمار. بۆ ئەوەش پووچترین ئەوزاری بەکارهێنـا، لەوانەش لەداردان و کوشـــتن و بەنـدکردن و تۆمەتی درۆ هەڵبەســـتن و ساختەکردنی رووداوەکان و، ڕێکخستنی پیلان و دەهۆ. کەسێکی ئەوە سەربردەی ژیانی بێ، تەنیا شـــایانی ئەوەیە گەل جنێوی پێبدا و نەفرەتی لێ بکا. بۆیە، کردارەکانی ئەوانەی بەرگرییان لێ دەکەم ناچنە خانەی تاوانەوە و، داوادەکەم ئازاد بکرێن.
ئەوەی ســـەیربوو ســـەرۆکی ئەنجوومەن دەیویســـت بەرگرییەکەم نەخوێنمەوە و چونکە نووســـرابووەوە هەر بە نووسـراوی بیاندەمێ، ئاماژەم بۆ ماددەیەکی دەســتوور کرد" کە لەبەرەتـدا هەر نییە" کە نـاکرێ ڕێ لە بەرگری بگیرێ، چونکە ئەوە لە چوارچێوەی بەرگرییە، ئیدی ســــەرۆکی ئەنجوومەنی عورفی بێدەنگ بوو و ڕێیدام خوێندنەوەکەم تەواوکەم.
پاشترێ، ڕەشاد عارفی دادوەر پرسیاری ئەو ماددەیەی لێکردم کە ئاماژەم پێ کردبوو و، گوتی من هەموو دەســــتوورم خوێندووەتەوە، ماددەیەکی لەوجۆرەم نەدیوە. گوتم گرنگ ئەوەیە من بەرگرییەکەمم بە ئـاشــــکرا خوێندەوە. دوای پرســــوڕای نێوان ئەنـدامـانی ئەنجوومەن، دانیشـــتنەوە تا ڕایگەیەنن بڕیاری بێتاوانی تۆمەتباران بدەن و بڕیارەکەیش لەسەر ئەو بنەمایانە هەڵچنرابوو:
دوای وردبینی، دەرکەوت ئەو خۆپیشـاندانەی شـەقامەکانی سـلێمانی پێش ڕاسـپاردنی نوری سـەعید بووە بۆ پێکهێنانی وەزارەت و، کردارەکانی تۆمەتبارەکانیش زێدەڕۆیی نییە بۆ ســـەر مافی گشـــتی، ئیدی ئەو ماددە یاســـاییەی بەســـەردا ناســـەپێندرێ، لەبەر ئەوە ئەنجوومەن بڕیاریدا بەریان بدا و، ئەگەر لەسەر کێشەیەکی دیکە دەستگیرنەکرابن و بەند نەکرابن ئازاد بکرێن و، شـــکۆداریی نوری ســـەعیدیش، دەتوانێ داوایەکی تایبەتیان لە دادگای تایبەتمەند لەسەر تۆمار بکا و داوای قەرەبوویان لێ بکا.
هەر بۆ زانین کاتی دادگاییکردنەکە نوری سەعید سەرۆکوەزیران بوو.

کێشەیەکی سیاسی لەبەردەم دادگای سزای هەولێر:

شــوێنکەوتەکانی شــێخ محێدین بەرزنجی، بە ژێربەژێر لەگەڵ ئاســایش، تۆمەتێکی هەڵبەســتراویان دژی ژمارەیەک نیشــتمان پەروەر ورووژاند کە ناوەرۆکەکەی ئەوەبوو: "ڕۆژێکیان لە هەولێر، کە لە گەرماوێکی گشتی خۆیان دەشووشت، گوێیان لێبوو کەسێک لەبەردەم حەوزی ئاوەکە بنەماکانی شــیوعیەتی بۆ هەندێ کەس باســدەکرد و ئەوانیش سەریان بۆ دەلەقاند!!".

ئەو شایەدانەی دەروێشی شێخ محێدینی بوون، لەبەر ئەو دەمارگیرییە کوێرانەیەی شێخە سەنگینەکەیان مێشکی پێ ئاخنیبوون، لەوەی نەدەپرینگانەوە سەیرترین درۆهەڵبەستن. ئەرێ ئەو نیشتمان پەروەرانە لە گەرماوی گشتی بترازێ جێیەکی دیکەیان نەدۆزییەوە تا کۆبوونەوە شــیوعیانەکەی خۆیانی بە ڕووتی تێدا بکەن تا بنەماکانی شــیوعییەتی تێدا بەخەڵک بڵێن؟! ئەوە مایەی پێکەنین و گاڵتەجاڕی بوو، بەڵام کێشەیەکی سزادانی بەردەم دادگای سزای هەولێریش بوو. دادوەری سزاش مامۆستا عومەر میران بوو، هاوسۆزی شیوعییەکان نەبوو، بەڵام نەیشیدەگوت دژیانە.

لە ڕۆژی دادگایی، سەفەری هەولێرم کرد تا لەبەردەم دادگای سزا بەرگری لە تۆمەتباران بکەم. پێش دەســتپێکردنی دادگاییەکە ســەردانی دادوەرم کرد و پێمگوت بۆچی هاتووم، چونکە لەمێژ بوو پەیوەنـدییەکی برادەرایەتی لەنێوان هەردوو خـانەوادەکەمـانـدا هەبوو. ئیدی زۆری بەخێرهێنام و بانگی سەرۆکی نووسەرانی کرد کە ناوی میرزا بوو و خەڵکی کۆیە بوو و زۆر شارەزای یاسا و ڕێوشوێنی دادگاییکردنان بوو.

دادوەر پێیگوت؛ شــێخ موکەڕەم هاتووە تایبێتە نمایندەی تۆمەتبارە شــیوعییەکان و، تۆش دەزانێ پێگەی خۆی و خـانەوادەکەی لای ئێمە چۆنە، جا بەو خوایە ئەگەر ئەوانە نوری سەعیدیشیان سەربڕیبێ حوکمی بێتاوانییان دەدەم.

بەرانبەر ئەو بەدەمەوە هـاتنەی دادوەر، شــتێکم نەدۆزییەوە پـاســاوی ئەوەبێ بە بەرگرییەکی ســیاســی لەبەرچاوی ئاســایش دادوەر وەگیربێنم. دادوەر لە هەموو شــایەدەکانی دەپرســی داخوا ئەو بنەمایانە چ بوون کە تۆمەتبار بۆ خەڵکەکەی باس دەکرد، کە دەشیانگوت هیچ لە بنەمای شیوعی نازانین، بەڕوویاندا هەڵدەشاخا و بەکوردی دەیگوت: "سەگباب ئەدی کوو زانیت ئەمە دەرسی شیوعییەتیان پێدەڵێ؟".

لە بەرگریکردنم لە تۆمەتبارەکان، باسی ئەو دەمارگیرییە کوێرانەیەی ئەو شایەدانەم کرد، کە تەنیا بۆ ڕازیکردنی شێخ محێدینی شێخیان، سوێندی بە درۆیان بە قورئان خواردووە و پێیانوایە ئەوە ئەرکێکی ئایینیە. جا داوام کرد گەواهیدانەکانیان ڕتکرێتەوە و حوکمی بێتاوانیی تۆمەتبارەکان بدرێ.

جا دادوەر، حوکمی بێتاوانیی تۆمەتبارەکانی دا و فەرمانی دا بەریان بدەن.

وازهێنان لە بەرگریکردن لە عەونی یوسف و جووەکان:

مامۆستا عەونی یوسفم لە ڕێی جەلال هۆشیاری برایەوە ناسی، کە لە کۆلێژی ماف برادەرم بوو و پێکەوە لە حیزبی هیوای کوردی کارمان دەکرد. عەونی یوسف لە موسڵ حاکم بوو، حکوومەتیش لە هەموو جێیەک بارزانییەکان و خانەوادەکانیانی راودەنا. سەدان پیاویان، لەوانەش سەرۆکەکانیان، لە بەندیخانە و دوورخراوەیی بوون و، خێزانەکان لێرەولەوێ پەرتەوازە ببوون، پۆلیس بەدوایانەوەبوو نەوەکا لە جێیەکی جیا لە واری خۆیان بڵاوببنەوە. عەونی یوسف دادوەری لێکۆڵینەوە بوو، ئەودەمی ئەو لە نەتەوەییە دیارەکان بوو. ئیدی دەبوایە تووشیان ببێ و مەودایەکی گەورەش بکەوێتە نێوان دادوەرێکی نەتەوەیی کوردی لایەنگری کوردانی چەوساوەیە و حکوومەتێکی ڕقێکی تیژی بەرانبەر ئەو بارزانییانە هەیە.

مامۆستا عەونی یوسف، وەک دادوەر گواسترایەوە هەولێر و ڕاپۆرتگەلێکی نهێنیی زۆری بەدواوەبوو کە لەمووسڵ لێی نووسرابوو، چونکە لە خانەوادەیەکی ئایینی و قەزایی ناسراوی هەولێریش بوو، باوکی قازی بوو، ئیدی لێرە، پەیوەندییەکی لەوەی موسڵ فراوانتری لەگەڵ کوردەکان هەبوو. موتەسەڕیفی هەولێریش مستەفا یەعقوبیی برای مەجید یەعقوبیی موتەسەڕیفی موسڵ بوو و، دووریش نییە راسپاردەیەکی سەبارەت بە عەونی یوسف بۆ هاتبێ.

موتەسەڕیفەکانیش، دەسەڵاتێکی هەلاوێردەیان هەبوو تا لەبەر هۆی سیاسی خەڵکێک بگرن و دووریان بخەنەوە. ئیدی فەرمانی دا بیگرن و ڕەوانەی بەندیخانەی عیمارەی بکەن. لە گرتووخانەی قوتابخانەی پۆلیس کە بەرەو ئەوێ بەڕێوەبوو بۆ چەند دەقیقەیەک چاوم پێیکەوت. پاشان دوای بەربوونی لە بەغدا دیتم. ئەو نەتەوەییەکی توندڕەو بوو، بەڵام لە گرتووخانە چاوی بە کەسایەتیی کوردی ناسراو، مەلا سەید عەبدولحەکیم، دەکەوێ و ئەو وایلێدەکا تۆزێک نەرمیی سیاسی وەرگرێ.

لە ١٩٤٨، کە حکوومەت بڕیاری دا هەڵبژاردنێک بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بکا و ، دەیشیگوت هەڵبژاردنەکە ئازاد دەبێ، عەونی یوسف وەک نوێنەری لیوای هەولێر خۆی پاڵاوت، بەڵام حکوومەت حوکمی عورفیی ڕاگەیاند، تا هەڵبژاردن لەسایەی ئەو حوکمە بکرێ و فەرمانی دەستگیرکردنی هەندێ پاڵێوراویشی دا کە بە پشتیوانیی هێزە نیشتمان پەروەرەکان خۆیان پاڵاوتبوو. تا لە دەستگیرکردنیش دووربێ، عەونی خۆی لەبەرچاوی ئاسایش و پۆلیس ونکرد. پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ عومەر نەزمیی وەزیری ناوخۆ هەبوو، ویستی سەفەری بەغدا بکا تا هانا بۆ ئەو بەرێ، پێیشیوابوو تاکە ڕێگای دەربازبوون لەدەست ئاسایش و پۆلیس خۆ شاردنەوەیە لە جلوبەرگی ژنانەدا و تا

بەوجۆرە لە هەولێر دەرچێ. هەر لەگەڵ دەرچوونی لە دەروازەی قەڵای هەولێری ئاسایش چاودێرییان دەکرد و داوایان لە ژنە پەچەدارەکان دەکرد پەچەکانیان لادەن تا بزانن ژنن، ئیدی داوایان لەویش کردبوو و هەر خێرا خۆی ئاشـــکرا دەکا، ئاســـایش ئەوەی بۆ ئـابڕووبردنی قۆســـتەوە، ئیـدی هەنـدێ وێنەیـان بە جلی ژنـانەوە بۆ گرت و لەنـاو بەرپرســەکاندا بڵاویان کردەوە و، دانەیەکیشـیان خسـتە ناو دۆسـییەی کێشـەکەی لە ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی لە کەرکووک.
لە ئەنجامی ئەو بڕیـارە دوای یەکانەی بێتـاوانیی لە ئەنجوومەنی عورفیی ســـەربازی دەردەچوون، خەڵـک بـاوەڕیـان بەوەی هێنـابوو هەر داوایەکی من بەرگریی تێدا بکەم بە بێتاوانیی تۆمەتباران کۆتایی دێ. حکوومەتیش، ئەودەمای ئەو جووانەی ئاشـــکرا دەبوو پەیوەندییان بە ڕێکخراوەکانی زایۆنییەوە هەیە، دەیهێنانە بەردەم دادگا تا حوکمیان لەسەر بدا. زۆریان هاتنە لام و پارەیەکی زۆریان خســـتە بەردەمم تا لە ئەنجوومەنی عورفی بەرگرییـان لێ بکەم، بەڵام من ئەوەم ڕەتکردەوە، چونکە لەگەڵ بیروبـاوەڕی دژ بە زایۆنیی من ڕێکنەدەهاتەوە و دەبوایە ناوبانگی سیاسیشم بپارێزم.
لەبەر ئەو برادەرایەتییەی چەندین ســاڵبوو لەنێوانماندابوو، نیەتم وابوو بەرگری لە عەونی یوســـف بکەم، بەڵام عەمید ڕوکن، ڕەمزی عەبدولقادر، ڕۆژێک پێش دادگاییکردنەکەی بانگی کردم و بە ئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی عورفی قسەی لەگەڵ کردم و، گوتی: "مامۆســـتا موکەڕەم ، من و ئەندامانی ئەنجوومەن ڕێز و قەدرێکی زۆرمان بۆ تۆ هەیە، چونکە دەزانین تۆ، بە خۆبەخش و لەبەر باوەڕە نیشـــتمانییەکەت، بەرگری لە کێشـــەکانی بەردەم ئەنجوومەن دەکەی و بێ ئەوەی هیچ بەرژەوەندییەکی مـادیت هەبێ. بۆیە، ئێوە ناوبانگێکی باشـــتان هەیە و دووبارەبوونەوەی ســـەرکەوتنەکانیشـــتان لەو داوایانە هیچ خراپییەکی بۆ ناوبانگی ئێمە نەبووە. ئێمەش، سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەن هەموومان، تکایەکمان لێتان هەیە و تکایە بەرگری لە جووان مەکەن، لەبەر ئەوەی نا کە جوونە، بەڵکو لەبەر ئەوەی خەڵکەکە هەموو دەزانن ئێوە هاوســـۆزی زایۆنییان نینە، ئیدی بەرگریتان لەوان بە ســـوودی ماددی لێکدەدرێتەوە و، ئێمەش دەزانین ئەگەر بەرگرییان لێ بکەی ئەوان ئـامـادەن هەزاران دینـارت بـدەنێ و، ئەگەر ئەنجامی دادگاییەکەیش بێتـاونیی هەر یەکێکیان بێ ئەوا بڕیارەکانمان و ڕێزمان بۆ تۆش بە ســـوودی ماددی لێکدەدرێتەوە و هەڵدەســـەنگێندرێ، ئێمەش ئەوەمـان نە بۆ تۆ و نە بۆخۆمـان نـاوێ. ئیـدی ئەودەمی ناچاردەبین وەک هەر پارێزەرێکی دی مامەڵەت لەگەڵدا بکەین، بە دڵنیاییشـــەوە وەک پارێزەرێکی لە پێناوی دەستکەوتنی پارە گوێ بە ناوبانگە نیشتمانییەکەی نادا.

بـابەتی دووەمیشـــمـان تکـایەکە تـا بەرگری لە عەونی یوســـف نەکەی، ئێمە هیچ دوژمنکارییەکمان لەگەڵیدا نییە و دژی بیروباوەڕە سیاسییەکانی نین. بەڵام ئەو مرۆڤەی بە تەواوی ئیرادەیەوە بڕیاردەدا خەبات لەپێناو بیروباوەڕەکانی و گەلەکەی بکا، دەبێ ئامادەیی تەواوی تێدابێ ئەو قوربانییەی پێویسـتە بیدا. عەونی، وەک نەیارێکی حکوومەت، خۆی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران پاڵاوتووە و پشـتی بە پشـتگیریی خەڵک بەسـتووە، باشـە ئەگەر حکوومەت ڕێ نەدا هەڵبژێردرێ یان فەرمانی گرتنی بدا چ دەبێ؟! کە خەڵک متمانە دەدەنە کەســـێک، لەبەر ناوەکەی نییە بەڵکو لەبەر ئەو ســـیفەتانەیە کە هەڵیگرتوون و گرنگترینیشیان پیاوەتییە، بنیادەمێکی بانگەشەی نیشتمان پەروەری بکا و، دوایەش لەوەی بترسێ چەند ڕۆژێک بگیرێ و دەستبەرداری پیاوەتیی خۆی بێ و بە جلی ژنانەوە بگیرێ، ئیدی چ بەهایەکی دەمێنێ؟! ئەوجا لە دۆسییەی دادیەکەی وێنەیەکی ئەوی دەرهێنا بە جلی ژنانەوەبوو. گوتی: ئەو کەســـە بایی چەندە؟ هەر بۆ پاراســـتنی نیشـــتمان پەروەری و پیاوەتیی خۆتان تکایە بەرگریی لێ مەکەن.

بەڵێنم دایە بەرگری لەو جووانە نەکەم کە بە تۆمەتی چالاکیی زایۆنی تۆمەتبار کراون و، بەرگری لە کێشەی عەونی یوسفیش نەکەم، بەڵام ژمارەیەک جووی لەبەر بەشداریی ئەو خۆپیشـاندانانە گیراون کە وڵاتی تەنیوەتەوە وهیچ پەیوەندییەکیان بە زایۆنیزمەوە نییە و بگرە دژیشینە، بۆیە خۆبەخشانە بەرگری لەو تۆمەتبارانە دەکەم و لەناویشیاندا جووەکان.

دواتری عەونی یوسف درایە دادگا و فەرمانی بەندکردنی درا.

سەرکردەکانی حیزبی شیوعیی عێراق، فەهد - حازم - صارم، لەبەردەم دادگا لە بەغدا:

وەک پێشتریش ڕوونم کردەوە، هاوڕێ فەهدی سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی عێراقیم لە حوزێرانی ١٩٤٥ لەڕێی سالح حەیدەریی براوە ناسی و، حوسێن محەممەد شبیبیشم هەر لەڕێی ئەوەوە ناسی و، چەندین جاریش لە کتێبخانەی دارولحیکمەی ئەوشەقامەی دەچووەوە سەر دادگاکان چاوم پێی کەوتبوو.
لە گرتووخانەی گشتیشدا، کە لە خۆپیشاندانێکی دژی حکوومەتی ئەرسەد عومەری لە ١٩٤٦ گیراین، چاومان بە یەکدی کەوت. ئیدی هاوڕێ فەهد داوای لێکردم لەگەڵ دامەزرێنەری حیزبی تەحەڕوڕی وەتەنی کاربکەم و، هەوڵدەم، دوای تەواوکردنی کۆلێژ و بە دەستدانەبەری خزمە بە دەسەڵاتەکانم لە حکوومەتدا، ئیمتیازی دەرکردنی ڕۆژنامەیەک وەرگرم. بەڵام وەک پێشتر باسم کرد، لەهیکرا دیتموەزیری مەعاریف بڕیاری داوە لە تاقیکردنەوە بێبەش بکرێم.
لە ١٩٧٠ حکوومەت هەڵمەتێکی تۆڵەکردنەوەی دژی بزووتەوەی نیشتمانی دەستپێکرد. پێشتریش دادگای سزای بەغدا شەش مانگ بەندیی بۆ بەڕێز کامل چادەچیی سەرۆکی حیزبی نیشتمانیی دیموکراتی بڕیبۆوە و خرابووە بەندیخانەی بەغدا.حکوومەت هێرشێکیشی کردبووە سەر دەستەی دامەزرێنەری حیزبی تەحەڕوڕی وەتەنی و سەرکردەکانی خرابوونە بەندیخانە. سەرکردەکانی سەندیکاکانی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک و هێڵی ئاسن و بەندەر و چاپخانەکان گیران و، حکوومەت بە گرتنی هەردوو هاوڕێ، فەهد و حازم چەندانی دی ئەوکارانەی گەیاندە چڵەپۆپە، کە لە ماڵێکی گەڕەکی کەڕادەی مریەمی هیی دکتۆری دەرمانسازی شیوعی "ناجی شمیل" بوو و، لە ئەنجامی دانپێدانان و زمانلێدانی کەسێک بوو، ئاسایش لێنەگەڕا بزاندرێ کێیە.[32]
نافیع یونسی ئەودەمی بەرپرسی لیژنەی ناوخۆی کەرکووک بوو، پێیڕاگەیاندم بچمە بەغدا تا لەبەردەم دادگای سزای بەغدا بەرگری لە سەرکردەکانی حیزبی شیوعی بکەم، ئەوەش لە هاوینی ١٩٤٧ بوو و هەر ئەوکاتی سەرکردەکانی سەندیکای کرێکارانی نەوت لە کەرکووک ڕەوانەی بەردەم دادگای سزا کرابوون بە ڕووداوەکانی گاورباغی تۆمەتبار کرابوون.

---

[32] _ لە جەنگەی ئەو چالاکییە سیاسییانە حیزبی شیوعیی سەرگۆرەپانی نیشتمانی، یوسف سەلمان یوسف"فەهد"ی سکرتێری حیزب و هەردوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی حوسێن محەممەد شبیبی و زەکی محەممەد بەسیم لە ١٨ی کانوونی دووەم ی ١٩٤٧ کە لەماڵێکی گەڕەکی سالحییە بوون گیران. بۆ زیاتر:صالح الخرسان. صفحات من تاریخ الحرکة الشیوعیة فی العراق. دار الفرات.بیروت. ١٩٩٣.ص٥١.

چونکە تازە لە کۆلێژی ماف دەرچووبووم، ئیدی مافی یاســـاییم نەبوو بەرگریی داوای تاوانان بکەم. چوومە دیداری "نەجیب ڕاوی"ی نەقیبی پارێزەران و کارەکەم بۆ باســـکرد، نەقیبی پارێزەران ڕازیبوو لەگەڵ پارێزەرانی دیکە بچمە ناو دادگاییەوکەوە. پێیانڕاگەیاندم دادگاییکردنی هاوڕێ فەهد لە دادگای ســـزای بەغدا لەبەردەم دادوەری ئەودەمی دادگاکە "عەبدولعەزیز خەیات-ئەلئەعرەج"دەســـتپێدەکا، کە مرۆڤێکی دڕ و زمان پیس بووو دژی هەموو نەیارانی حکوومەت بوو، چەندین ســـاڵ دواتریش نوری ســـەعید کردییە نوێنەر لە پەرلەمان تا جنێو بەو کەســـانە بدا کە لەناو گتوگۆیەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران دژی خۆی وســـیاســـەتەکانی ڕادەەســـتان. ئەو دادوەرە بە دژایەتیکردنی شـــیوعییەت و دیموکراســـییەت ناســـرابوو. ئەو بەپێی ســـووســـەکردنی ئەفســـەری لێکۆڵینەوەکانی تاوان دەجوولایەوە کە زۆرجـاران دەچووەلای و ڕێنمـایی دەدایە. دادگـایەکەش لە نهۆمی خوارەوەی باڵەخانەی دادگایەکان بوو لە کۆتایی شـــەقامی موتەنەبی. تەواو لەبیرم نییە لەکاتی دادگاییەکە داواکاری گشـــتی کێ بوو، بەڵام ئەفســـەری لێکۆڵینەوەکانی تاوان عەبـدولڕەزاق عەبـدولغەفوور بوو، کە بەڕێوەچوونی دادگـاییەکەش هەر بەدەســـت ئەوەوەبوو. نۆ پارێزەر دەســـتەی بەرگری بوون و، وەک لەبیرم بێ هەریەک لە پاێزەران شەریف ئەلشێخ و کامل قەزانچی و عەزیز شەریف و عەبدولمەجید بەهییە و عەبدولجەبار عوبەیدی و تۆفیق مونیر و من و هەندێ پارێزەری دیکەبووین و هەموو خۆبەخشـــانە بەرگرییان لە تۆمەباران دەکرد و، نەجیب ڕاویی ئەودەمی نەقیبی پارێزەران بوو بەرگریی لە ئیبراهیم ناجی شمێلی دەرمانساز دەکرد کە یەک لە کادیرانی حیزب بوو.

تۆزێک پێش وادەی دادگـاییەکە ســـەرکردەکـانی حیزبی شـــیوعی و ســـەرکردەکـانی ســـەندیکاکـانی کرێکـاران و ژمـارەیەکی زۆری کـادیرانی حیزبیـان هێنا، کە ژمـارەیەک ژنیشـــیان تێدابوو و، هەرهەموویشـــیان کەلەچەکرابوون. هاوڕێ فەهد و زەکی محەممەد بەسین"صارم" کە ببەبنەچە تورکمان و لە عاشیرەتی بەیات بوو، لەپێشەوەبوون و هاوڕێ حوســێن محەممەد شـــبیبیش "حازم" و ســـالم عوبێد نوعمان لەدوایانەوە بوون و ئەوان لەســـەر کێشـەیەکی دیکەی سیاسی گیرابوون و، لەدوای ئەوانیشـەوە تۆمەتبارەکانی دیکە هاتن. چەند ژنێک لەناو تۆمەتبارەکاندا هەبوون و لەوانەش ژنەکەی ئیبراهیم ناجی شـــمێل و سەعیدە مشعل"سوعاد خەیری" و عموومە میر مەسری و، لە حەوشی دادگا کۆکرانەوە و دوایە خرانە شـیشـبەندی تۆمەتباریی دادگای سزای بەغدا و ئەوجا بانگی پارێزەرەکان کرا.

دادگا دەستی بە تۆمارکردنی شەناسی تۆمەتباران کرد و ئەوان لە "٥٠" کەس تربوون و، دوایەش هاتنەســـەر ئەوەی داخوا ارێزەرەکان بۆ بەرگری گونجاون. من، کە هەر ســـاڵێک

دەبوو خوێندنم تەواوکردبوو هێشـــتا ماوەی یاســـایی ئەوەم تەواونەکردبوو بچمە ناو داوایەکانی تاوان، بەڵام عەبدولعەزیز خەیاتی دادوەر ێشتری لە کەرکووک دادوەر بوو و ێگەی خانەوادەکەی ئێمەی دەزانی، ئیدی کارەکەی بوارد و دروستیی مافی بەرگریی منی پشتڕاست کردەوە و، دەربارە رسیاری تۆمەتبارانیش داخوا تۆمەتبارن یان نا، هەموویان نکوڵییان کرد تاوانبارین و گوتیان یاسا ستەمکارەکان ناتوانن تۆمەتی تۆمەتبار بسەلمێنن. دوای کۆتـاییهـاتنی دانیشـــتنی یەکەم، داوامـان لە دادوەر کرد ڕێمـان بـدا هیوەندی بە تۆمەتبارانەوە بکەین تا ســـەبارەت بە بنەمای بەرگریلێکردنیان پرســـوڕایەکیان لەگەڵ بکەین و، ئەویش ڕێی داینێ. ئیدی فەهد و زەکی محەممەد بەسـیم و حوسـێن شـبیبی و ســـاڵم عوبێد نوعمان و محەممەد حوسـێن ئەبولعیس و ســـەرکردەکانی ســـەندیکاکانی کرێکاران و ژن و کچەکانیشمان دیت و، پرسوڕامان لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو دانپێدانانانە کرد کە بە ئەشـــکەنجە لە هەندێ تۆمەتباریان دەرکێشـــابوو و، هەندێکیان ماوەی بەندیی کێشـــەیەکی دیکەی بەســـەردەبرد و، لە بەندیخاڕا هێنابوویانن تا لەگەڵ ئەوانیدی دادگایی بکرێن، لەوانەش محەممەد حوسـین شـبیبی و ســاڵم عوبێد نوعمان و محەممەد حوسـێن ئەبولعیس و کەسانی دیکەش.
لە دانیشـــتنی دووەمی دادگا گوێمان لە نووســـراوی داواکاری گشـــتی گرت کە جێگری داواکاری گشـــتی خوێندییەوە و، لەو بازنەیە دەخولایەوە گوایە تۆمەتباران، پێچەوانەی یاســـا عێراقییەکان، بەبی مۆڵەت حیزبی شـــیوعییان دامەزراندووە و، ئەو حیزبەش کاری تێکدانی ئاساشیان کردووە تا بەهێز سیستەمی دەسەڵات و سیستەمی کۆمەڵایەتی بگۆڕن. ئەوجا دەستی بە گێڕانەوەی ئەو کارانە کرد کە تۆمەتبارا کردوویانە لە مانگرتنی کارگە و دامەزراوەکان و ئەو خۆپیشاندانانەی لە شەقامەکان کران و ئەو بەیاننامانەی بڵاوکرانەوە و کە ئەو بە کاری ئاژاوەغێڕیی ناوبردن و، لە کۆتایی نووســـراوەکەیدا داواکاری گشـــتی داوای کردبوو تۆمەتباران بەپێی بڕگەی "٣"ی ماددەی "٨٩آ"ی ســـاڵی ١٩٣٨ ی یاســـای سزادانی بەغدایی سزا بدرێن، کە سزای سێدارە دەداتە ئەوکەسانەی بانگەشە بۆ بیروڕای شـــیوعی و ســـۆشـــیالیســـتی دەکا. لەو بەڵگانەی لەبەردەســـتی داواکاری گشـــتی بوون، پەیماننامەی نیشـتمانی و سـیسـتەمی ناوخۆیحیزبی شـیوعیی عێراقی بوون کە کۆنگرەی یەکەم لە ١٩٤٥ بڕیاری لەســـەردابوو و، کۆمەڵێک بەیاننامە و بڵاوکراوەی نهێنیی حیزبی شـــیوعی و حیزبی تەحەڕوڕ وەتەنی و کۆمەڵەی نەهێشـــتنی زایۆنیزم لە بۆنەی تایبەت دەریکردبوون. داوامان لە لێکۆڵینەوەکانی تاوان کرد هەریەکە و دانەیەکیانمان بداتێ تا لە بەرگریکردن لە تۆمەتباران ئاماژەیان پێ بکەین. دادوەر بەو مەرجە ڕازی بوو کە دوای ئەو دانیشتنەی دادگا سەر لە لێکۆڵینەوەکانی تاوان بدەین.

گوتەکانی هەردوو هاوڕێ فەهد و زەکی محەممەد بەسیم:

ئەوجا دادگا گوتەکانی تۆمەتبارانی تۆمارکرد، لە گوتەکانی سکرتێری گشتی حیزبیشیوعییەوە"فەهد" کە سەری قسانی بەوەی دەستپێکرد: "من ڕەوتێکی تایبەتم لە بزوتنەوەی نیشتمانیدا هەیە وبە شیوعییەت ناسراوە. من پێش ئەوەی ببمە شیوعی نیشتمان پەروەر بووم. پێش بوونە شیوعیم پاس بوونە شیوعییشم شتێکی جیاوازم لە باوەڕە نیشتمانییەکەم نەدیت، ئەوەندە نەبێ دوای ئەوەی بوومە شیوعی هەستم کرد بەرپرسیارییەکەم بەرانبەر نیشتمان و گەلەکەم گەورەتر بووە"[33].

دادوەر دەیویست قسەکانی پێ ببڕێ و داوای دەکرد گوتەکانی لەو تۆمەتەدا کۆکاتەوە کە بەرەوڕووی کراوەتەوە نەک بانگەشە بۆ شیوعییەت بکا. بەڵام فەهد وەک وەڵامی داوایەکەی دادوەر لەسەر قسەکانی ڕۆیی بەوەی پێویستە ڕوونیکەمەوە بۆچی بوومە شیوعی تا ڕاستییەکانی شیوعی بخرێتە ڕوو.

ئەوجا دادوەر لێپرسی: دروشمتان چییە؟. هاوڕێ فەهد گوتی: نە ئێستا و نە پێشتریش، لە ئاڵای عێراق بترازێ، هیچ دروشمێکی دیکەمان نەبووە". دادوەر پێیوابوو دەڵێ دروشممان چەکوچ و داس و ئاڵای سوورە.

ئەوجا دادوەر لێپرسی: "کێ خەرجیتان دەدا؟"ئامانجیشی ئەوەبوو تانە لە نیشتمان پەروەریی حیزب بدا و ئەوەی بباتە مێشکی خەڵکی یەکێتیی سۆڤیەت خەرجییان دابین دەکا. هاوڕێ فەهد گوتی: "گەلی عێراق و بەپلەی یەکەمیش چینی کرێکارانی عێراق خەرجیمان دابین دەکەن". دادوەر گوتی: "بە چ دەژیی؟" فەهد گوتی: "من خۆم بۆ کاری حیزبی تەرخانکردووە، حیزب بژێویم دابین دەکا". دادوەر پێیوابوو گوزەرانێکی خۆش دەژیا، لێیپرسی: "حیزب مانگی چەندت دەداتێ؟" فەهد گوتی: "دە دینار". دادوەر گوتی: "ئەو هەموو ماندووبوون و مەترسییە بۆ دە دینار؟"، هەمووومان لەبەر ئەقڵ تەنکیی دادوەر دەستمان بە پێکەنین کرد.

کە دادوەر تۆمەتی مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی دایەپاڵ حیزبی شیوعی، هاوڕێ فەهد گوتی: "جێی شانازیمانە کارە نیشتمانی و جەماوەرییەکان بدرێنە پاڵ حیزبەکەمان، بەڵام ێمە لە مەیدانی تێکۆشانی نیشتمانیدا تاک نیین و حیزبە نیشتمانییەکانیش ڕۆڵیان لە خەباتە نیشتمانییەکاندا هەیە و، ئێمە، بە حوکمی جەماوەریبوونی حیزبەکەمان ڕۆڵێکی ناوازەمان هەبووە".

---

33 ـ بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: وقائع محاكمة الرفيق فهد امام نحكمة بغداد، نقلا عن الفكر الجديد"جريدة بغداد"، العدد ١٩٧٦/٢/١٧٨،١٤.

هاوڕێزەکی بەسیم داوای دانەیەک لە پەیماننامەی نیشتمانیی حیزبی شیوعیی کرد تالەناو گوتەکانیدا لە بەرانبەر دادگا ئاماژە بە ماددەکانی بکا. دادوەر دانەیەکی دایە و، ئەویش دەســـتی بە شـــرۆڤەکردنی مـاددەکانی پەیمـاننـامەکە کرد و، دەتگوت لە کۆبوونەوەی سـانەکانی حیزبە و ئەوەی بۆکادیرەکانی حیزب شـرۆڤە دەکا، باسـی ئامانجەکانی حیزبی کرد لە تەواوکردنی سەربەخۆیی وڵات و هەڵوەشاندنەوەیپایماننامەی ۱۹۳۰ و ستەمکارانە و پەرەپێدانی ئابووریی نیشـــتمـانی. ئەوجا بـاســـی ئەوەی کرد پێویســـتە ئازادییە دیموکراســـییەکان دابین بکرێن وەک ئازادیی ڕۆژنامەگەر و بڵاوکردنەوە و کۆبوونەوە و مانگرتن و، پێکێنانی حیزب و سەندیکا و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئازاد و ڕاستەوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەران و، لە بەرانبەریشـــدا حکوومەت چ ئەرکێکی لەســـەرە. لەبواری پەیوەندییەکانی کشـــتوکاڵییش باســـی ئەو باجە نایاســـایی و نامرۆڤانانەی کرد ە دەرەبەگەکان لەسەر جووتیارانی دەسەپێنن. لێرە دادوەر داوای لێکرد قسەکانی ڕاگرێ و پێیگوت: "تۆ لەناو هۆڵی دادگادا شیوعییەت بڵاودەکەیەوە، بۆیە لێناگەڕێم قسە بکەی".

ئەوجا قســـەکانی تۆمەتبارەکانی دیکە تۆمار کران کە زۆربەیان نکۆڵییان لە تۆمەتەکەیان کرد. لەســـەر قســـەی داوای هاوڕێ محەممەد حوسـێن ئەبولعیس و هاتنە دەنگ لەســـەر قســـەکانی داواکاری گشـــتی گوایە تۆمەتبارەکان پێشـــتری بە تۆمەتێک حوکمدراون، لە داواکاری گشتیم پرسی: "ئەو ماددەیەی لە یاسای سزاکانی بەغدایی حوکم بڵاوکردنەوەی بنەماکانی شـــیوعییەت دەدا ماددەی "۸۹ آ"ە بە هەموو بڕگەکانییەوە، داخوا هیچ کام لە تۆمەتبارەکان پێشـــترێ بەپێی ئەو ماددەیە حوکم دراوە؟ ئەوتۆمەتبارانەی پێشـــترێ حوکمدراون بەپێی ماددەکانی یاســـای گردبوونەوەی عوســـمانلی حوکمدراون و هیچ پەیوەندییەکی بە شیوعیبوونەوە نییە.

دانیشتنی دووەم و دەستگیرکردنی کامل قەزانچی:

لەبەر تۆمارکردنی گوتەکانی تۆمەتباران، دادگاییەکە بۆ ڕۆژێکی دیکە دواخرا و، ئێمەی پارێزەرانیش سەردانی لێکۆڵینەوەکانی تاوانەکانمان کرد تا بڵاوکراوە و ئەدەبیاتی حیزبی شیوعیمان دەستکەوێ تا لە بەرگریی تۆمەتباران بەکاری بهێنین، کە ئەفسەری تاوانەکانیش ئەوەی داوامکردبوو دایمێ، داوای لێکرد واژوو لەسەر پسوولەیەک بکەم هەموو ئەو پەڕە و نووسینانەی تێدا تۆمارکرابوو. واژووم کرد و منیش داوام لێکرد مۆری لێکۆڵینەوەکانی تاوان لەسەر هەموو نووسین و بڵاوکراوەکان بدا و ئەویش کردی.

لە هۆڵی دادگا ئامادەی دانیشتنی دووەم بووین و، هەمیشەش لە نزیک تۆمەتبارەکان دادەنیشتین تا پرسوڕایان لەگەڵ بکەین و بابەتەکانیان لەگەڵ تاوتوێ بکەین. دادوەرەکە زۆری جوولەی مندالانە بەرانبەر تۆمەتبارەکان دەکرد، ئەو کارەش کامل قەزانچیی پارێزەری بە پێکەنین هێنا، ئیدی دادوەر لێی توورەبوو و گوتی: "مامۆستا کامل، هەمو پارێزەرەکان وەک فریشتە دانیشتوون تەنیا تۆ نەبی، تۆ جوولە دەکەی و پێدەکەنی". کامل گوتی: "تەنیا پرسورابوو لەگەڵ تۆمەتبارەکەم". لێرەدا، عەبدولڕەزاق عەبدولغەفووری ئەفسەری لێکۆڵینەوەی تاوانەکان هەستایەوە و چەند وسەیەکی چرپاندە گوێی دادوەرەکە. دادوەرەکە گوتی تۆش شیوعیی، جانتایەکەی بپشکنن بڵاوکراوەی شیوعیی تێدایە. عەبدولڕەزاق عەبدولغەفوور هێرشی کردە سەر کامل قەزانچی و جانتایەکەی پارێزەریی لێستاند و، بەستەیەک بڵاوکراوە و بەیا ننامەی لێ دەرهێنا کە وەک ئێمە لە لێکۆڵینەوەکانی تاوانی وەرگرتبوو، بەڵام داوای لێ نەکردبوون مۆری لێدەن و واژووی لەسەر بکەن و، ئەوانیش ئەوەیان دەزانی. کە قەزانچی گوتی بە فەرمانی دادوەر لە لێکۆڵینەوەکانی تاوانی وەرگرتووە، عەبدولڕەزاق عەبدولغەفوری ئەفسەری لێکۆڵینەوەکانی تاوان نکوڵیی لەوەی کرد و گوتی: "موکەڕەم تاڵەبانیی پارێزەر چەندین نووسین و بڵاوکراوەی شیوعییەکانی لە ئێمە وەرگرت ومۆرمان لێداوە و واژوومان لەسەر کردووە، بەڵام هیچ شتێکمان نەداوەتە کامل قەزانچی و، ئەولاپەرانەس هیی لێکۆڵینەوەکانی تاوان نییە چونکە مۆر و واژووی لەسەر نییە".

دادوەر بڕیاری دەستگیرکردنی کامل قەزانچیی پارێزەری دا و، لەبەر ئەوەی بڵاوکراوەکانی شیوعیی لەلابووە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ.

دەست لەکارکێشانەوەی پارێزەران و بڕیاری لەداردانی "فەهد – صارم"

بڕیاری دەستبەسەرکردنی کامل قەزانچیی پارێزەر بە ورووژاندنێکی ڕوونی پارێزەران دادەندرێ تا تۆمەتبارەکان لە بەرگریی پارێزەرەکانیان بێبەش بن و تەتیابمێننەوە و بەپێی ویستی دەسەلاتە باڵاکانی دەوڵەت مامەڵەیان لەگەڵ بکەن. دوای پرسورای پارێزەرانیش،

بڕیارمان دا وەک نارەزاییەک بەرانبەر لادانی دادوەر لە ڕێوشــوێنی دادگاییکردن و پێدرێژیی سەر مافی پارێزەری، هەر هەموومان دەست لەکار بکێشینەوە.
پێموایە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم پارێزەرەکان پەلەیان لەو کارەدا کرد، دەبوایە نارەزاییەکی دەستەجەمعی بەشێوەی نووسراوێکی بەکۆمەڵ پێشکەشی وەزارەتی داد و ســەندیکای پارێزەران بکەن، نەخاســمە کە نەقیبی پارێزەرانیشــیان لەگەڵ دا بوو و، دەبووایە لە ئەرکە یاســایی و نیشــتمانییەکانیان بەردەوام بوونایە تا بەرگری لە تۆمەتبارەکان بکەن.
کە ئەو تۆمەتەی هەواڵەی تۆمەتبارەکانیش کرابوو تاوانێکی دەرەوەی دەســەڵاتیدادگای سزا بوو و دادگایەکە تەنیا دەسەڵاتی هەواڵەکردنیی هەبوو بۆ دادگای سزای باڵا، ئیدی کێســەکەی بۆ هەواڵە کرد و، کە نارەزاییەکەی ئێمەش لە دەســتلەکارکێشــانەوەمان بۆ ئەوەبوو کامل قەزانچیی هاوەڵمان بەربدرێ، ئەاو لێکۆڵینەوەکانی تاوان بۆ ســاڵێک بۆشــارۆچکەی بەدرەی دوورخســتەوە. دوای دادگاییەکی کورتیش، دادگای ســزای باڵا حوکمی سێدارەی بەسەر هەریەک لە هاوڕێیان سەلمان یوسف سەلمان و زەکی محەممەد بەسیمدا دا و، کاری قورسیشی بۆ ئەوانیدی بڕییەوە کە لەنێوان بەندیی تا هەتا و چەندین ساڵدا بوو.[34]
دوایە هەندێ پارێزەر هاتنەوە ســەر بەرگری لێ کردنیان و من یەکێکیان بووم. نووســراوێکی تەمیزیان دایە دادگای تەمیزی عێراق، ســەرۆکەکەی "بریگار"ی حاکمی بەریتانی بوو و تێیدا ئەو تۆمەتانەیان بە درۆ خستبووەوە کە درابوونە پاڵ تۆمەتبارەکان، گوایە ویســتوویانە بە زەبری هێز سیســتەمی فەرمانڕەوایی و سیســتەمی کۆمەڵایەتی بگۆڕن و، داوامان کردبوو ئەو هێزە دیاری بکرێ کە گوایە دەیەوێ سیستەمی دەسەڵات بگۆڕێ. داخوا هیچ کامیان چەکێکی پێ گیراوە؟ گردبوونەوە و مانگرتنەکانیش یاسایین و ئەوانەی کردبووشــیان پێشــترێ دادگایی کرابوون. ئیدی داوادەکەین حوکمەکان هەڵوەشێنەوە و تۆمەتبارەکان بەربدرێن.
بۆ پرۆتستۆی پێدریژی کردنە سەر مافی مرۆڤ لەعێراق، خۆپیشاندان لە زۆر پایتەختی عارەبی و ئەورووپی کران و، "ویلیەم گلاشــێر"ی نوێنەری شــیوعیی پەرلەمانی بەریتانی

---

[34] _ لە ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٤٧، دادگا حوکمی سێدارەی بۆ هەریەک لە فەهد و زەکی محەممەد بەسیم و ئیبراهیم ناجیی دەرمانساز دەرکرد، کە فەهد لە ماڵەکەی ئەودا گیرابوو، سەرباری سێزدە شیوعیی دیکەی بە کاری قورس و بۆ ماوەی جیاجیا حوکمدرابوون، لەبەر فشاری نێودەوڵەتی و نەخاسمە حیزبە سۆسیالیستییەکانی حوکمەکەیان شەرمەزار کرد، لە سێزدەی تەمموزی ١٩٤٧ حوکمەکان هەموارکرانەوە. حوکمەکەی فەهد بووە کاری قورسی تاهەتا و زەکی محەممەد بەسیم کرایە ١٥ ساڵ کاری قورس و گواسترانەوە بەندیخانەی کووت.بۆ زیاتریش: حنا بطاطو، المصدر السابق، ج ٢، ص١٩٨-١٩٩.

بابەتەکەی لەبەردەم پەرلەمان ورووژاند و داوای لە حکوومەتی بەریتانی کرد دەســـت باوێتە ناو کارەکە و ئەو سزایانە هەڵوەشێنێتەوە. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا وەڵامیدایەوە و گوتی: "عێراق دوڵەتێکی ســـەربەخۆیە و ناکرێ دەســـت لە کاروبارە ناوخۆییەکانی وەردەین". گلاشـــێر وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئەدی عێراق دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا سوپای بەریتانی لە ١٩٤١ بە زەبری هێز داگیری کرد؟باشە ئەدی هەر بۆ نموونە ئەگەر کۆماری بولگارســـتانی میللی ڕۆژنامەیەکی نەیای دەوڵەت دابخا، ئەرێ حکوومەتی بەریتانی هەڵوێستی چ دەبێ؟ ئەرێ دنیای لێ پڕ ناکا؟، باشە ئەدی بولگارستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە؟".
لەبەرانبەر فشاری ناوخۆیی و عارەبی و جیهانیدا، حکوومەت ناچاربوو سووسەیەک بداتە دادای تەمیز تا ســـزای ســـێدارەی تۆمەتبارەکان بکاتە بەنیی تاهەتا و بەندکراوەکانیش ڕەوانەی بەندیخانەی کووت بکا.

پەیوەستبوونی حیزبیم دوای گرتنی سەرکردەکانی حیزب:

کە لە کەرکووک بووم و، لەبەر ئەوەی ڕوخسارێکی ئاشکرای حیزبی شیوعی بووم، وەیوەستی بازنە نهێنییەکانی کەرکووک نەبووم، بەڵکو هاوڕێ یوسف حەننا ئەلقەس پەیوەندیی پێوە دەکردم و، تا بەئاسانییش پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حیزبەوە بکەم، نووسینەیەکم لە نووسینگەی پارێزەریی خۆم بەناوی سکرتێر بۆ ڕێکخست. دۆخەکە بۆ شیوعییەکانی ئەودەمی وابوو ئەگەر هیچ چالاکییەکی جەماوەری یان حیزبیی وەک بڵاوکردنەوەی بەیاننامە یان بڵاوکراوەیەکی گومان لە کەسێک بکرێ بڵاویکردبێتەوە وەگەرنا حکوومەت کەسی نەدەگرت. منیش لە خانوێک دەژیام هیی پوورم بوو و لە گەڕەکی بەگلەری نزیک قۆریە بوو. هاوڕێیەک لە بەغداوە هەناردرابوو تا لە ڕاوەدونانی پۆلیس دوورکەوێتەوە و وابزانم جوو بوو، چونکە منیش لە ماڵەکەدا بەتەنیا دەژیام، ئیدی لای خۆم شاردمەوە. پۆلیس، لەبەر ئەو دیدارانەی لەگەڵ یوسف حەننا م هەبوون خەریکبوو چاودێریی ئەوانەی ئەو کەسانەی دەکرد کە دەهاتنە نووسینگەکەم چونکە یوسف لەبەر چالاکییەکانی لای ئەوان ناسراوبوو. کە ترسی ئەوە هەبوو بگیرێ وئیدی ناچاربوو خۆی بشارێتەوە و بە نهێنی پەیوەندیم پێوە بکا، دەشمزانی ماڵەکەی لەکوێیە و ئەگەر پێویستی بکردایە بەشەو سەرم لێدەدا.

لە کاری پارێزەریدا بەردەوام بووم، بەڵام زۆربەی ئەو کێشانەی بەرگریم تێدا دەکردن، کێشەی سیاسی بوون، لە یەکێک لەو کێشانە، کە دەستگیرکراوەکە شیوعی بوو، لەبەردەم دادگای سزای کەرکووک دادگایی کرا و دادوەرەکەش ڕەشاد عارف بوو و کوردێکی خەڵکی کۆیە بوو، دادوەر دەیزانی ئەوەندە نییە لەوکارەدام و بۆم نییە لە داوایەکی ئاوادا ببمە بەرگریکار، ئیدی شوناسی شارستانیمدایە"دەفتەر نفوس"، دادوەر سەیری لاپەڕەکانی دەکرد و زانی مەبستم چییە، ئیدی بە بەرگرییەکە ڕازیبوو، ئەوەش لەکەرکووک کرابووە قسەوقسەلۆک و دەیانگوت من پاسی چەک هەڵگرتنم داوەتە دادوەر.

دوای گرتنی هاوڕێ فەهد و ئاواڵەکانی، نەمدەزانی کێ لە بەغدا بووەتە بەرپرسی یەکەمی حیزب، دواترێ دەرکەوت یەهودا سدیق بۆماوەیەکی کورت ئەو بەرپرسیارییەی وەرگرتبوو و دواترێ بە ئاماژە و سووسەی سەرکردایەتیی بەندیخانەی کووت ئەسپاردەی ماڵک سەیفی کردبوو. ڕۆژێکیان ماڵک سەیف هاتە کەرکووک و دەیویست بەرپرسی کەرکووک ببینێ و، ئەودەمی نافع یونس بەرپرس بوو و جا چ پێویست بوو تا بیبینێ کردم.

نافیع یونس داوای لێکردبووم بچمە بەغدا تا لە دادگاییکردنی فەهد و ئاواڵەکانی ئامادەبم و، ئەو، تا بۆ دادگایی فەهد یان کاری حیزب، راســتەوخۆ لە ماڵەکەم یان لەڕێی یوســف حەنناوە پەیوەندیی پێوە دەکردم.
هەندێ وانەی ڕۆشنبیریم دەدایە حیزب کە.بۆ ڕۆشنبیرکردنی ڕێکخراوەکانم دەنووسین، یەکێکیان بەناوی"بەرەی میللی" بوو و ئەودەمی مشــــتومڕێکی دروســــتکرد، ئاخر بەرەی میللی پێشـــنیار دەکا بەرەکە بەســـەرکردایەتیی حیزبی شـــیوعی بێ. منیش پێموابوو، دانپێدانانی حیزبەکانی دیکە بە پێشـــڕەویی حیزبی شـــیوعی ئەگەر فەرمییش نەبێ ئەوا کارێکی ئاشکرا و دیارە و، ئەو حیزبانەش، کاتێ حیزبی شیوعی بەهێزە و ئازادییەکان لە شـــەقام دەســـەپێنێ، چالاکییەکانیان بە ئاشـــکرا دەکەن، بەڵام کە حیزبی شـــیوعی بەر دەکەوێتە بەر هەڵمەتی دەسەلات ئەوانیش چالاکیی دیموکراسییان نامێنێ، نموونەش دوای دەستگیرکردنی سەرکردەکانی شیوعییە لە ١٩٤٧.
یەک لەو نامیلکانە دەربارەی ئازادیی ژنان بوو و، من ئاڵقەی پەیوەندیی نێوان حیزب و ڕێکخراوی ژنان بووم کە زۆربەی ئەندامەکانی قوتابییانی دواناوەندی بوون، ســـەرباری ئەوەی گەنج بووم و زگورتیش بووم،بەلام پەروەردەی خێزانی و ناوبانگم ومانیان لە من و لەو کچەس دووردەخستەوە کە دەمدیت و، کچەکان باوەڕیان بە ڕەوشتم هەبوو و، کە حیزبیش داوای کەسێکی بۆ ئەو ئەرکە کرد لەناو خەڵکدا بە ڕەوشتی سەنگین و ناوبانگی باس ناسرابێ، تا هیچ گومانێکی غەیرە سیاسی دروست نەکا و ئەوەش بۆ کچەکان گرنگ بوو، ئیدی من دەستنیشان کرام.

سەرکردایەتیی یەهودا- ماڵک و دانپێدانانی عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق:

کە فەهد و ئاواڵەکانی گیران، ســـەرکردایەتیی لیژنەی مەرکەزی بەرپرســـیاریتیی یەکەمی بەشـــێوەیەکی کاتی دایە یەهودا ســـدیقی[35] ئەندامی لیژنەی مەرکەزی. دوای ماوەیەک هاوڕێ فەهد لە بەندیخانەی کووتەوە سووســە و ئاماژەی ئەوەی ناردبوو بەرپرسیاریی یەکەم بدرێتە"ماڵک سەیف" و، ماڵک سەیفیش، وەک پێشترێ گوتم، سەردانی کەرکووکی کرد تا لەگەڵ لیژنەی لقی کوردســـتان کۆببێتەوە و، دوای ماوەیک حیزب ژمارەیەک کادیری هەنارد، ئەوانەی فرمانی دەســـتگیرکردنیان بۆ دەرچووبوو، تا لە ناوچەی ئێمە بیانشـــارینەوە، لەوانەش"عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق"ی لەگەڵ یەهودا سدیق تێکهالابوو و دواترێ زمانی لە یەهودا دابوو.

عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق مامۆستا ئامادەییبوو و ڕۆشنبیرییەکی سیاسیی باڵای هەبوو، بەڵام بێ ســـەنگ و چەنەبــاز بوو. چونکە زۆربەی ئەو کــادیرە حیزبییــانەی خۆیــان شــاردبووەوە دەیناســین و پەناگەکانیشــی پێدەزانی، ئیدی حیزب پێی باشــبوو لە بەغدای دوور بخاتەوەز ســـەرەتا ڕەوانەی کەرکووک کرا و لە ماڵی یەک لە شـــیوعییەکان لە ویســتگەی شــەمەندەفەری کەرکووک خی شــاردبووەوە، تا ڕیشــەی چەنەبازییەکیشــی هەڵکێشرێ، بڕیار درا بنێردرێتە گوندی زەرداوی قەزای کفری، تا لەووی لەژێر چاودێریی شــێخ عتا تالەبانیی برام بێ، ئێوارەیەکیان لە ماڵێ، کرێکارە شــیوعییەکەی نازانم ناوی چ بوو و لە هێڵێ شـــەمەندەفەربوو، هەڵمگرت و بە ئۆتۆمۆبیلی برادەرێک، کە حاجی جەبار بو، بردمە گونــدەکەمــان. لەوێ ژمــارەیەک جوتیــار و ئــاشـــەوانێکی شـــیوعیی لێبوو، قوتابخانەیەکیش لە گوندەکە هەبوو چەند مامۆســـتایەکی لێبوو و مزگەوتێک و مەلایەک. بەڵام ئەو لە چەنەبازی و خۆدەرخســـتنەکانی هەر بەردەوام بوو و، ئەوەش وایکرد خۆی لای مامۆستایەکان و مەلا و زۆربەی خەڵکی گوند ئاشکرا بکا و خۆی بە کەسایەتییەکی شـــیوعیی گرنگ دانابوو و گوایە لەبەر ڕاوەدوونانی پۆلیس لە بەغدا رایکردووە و، ئیدی مشتومڕی سیاسیی لەگەڵ دا کردبوون، ئیدی دەنگۆ بڵاوبووەوە کە شیوعییەکی گەورە لە بن باڵی شـــێخ عەتایە، کەچی دەســـەلاتە خانەوادەیی وعەشـــایەرییەکەی شـــێخ عەتا لیناگەڕێ پۆلیسی ناوچەکە هێرس بکەنە سەر گوندەکە و ئەو شیوعییە مەترسیدارە بگرن،

---

35 _ یەهودا ســدیق: لە ١٩١٤ لە شــاری ســەماوە لەدایکبووە خوێندنی لە پەیمانگەی باڵای مامۆســتایان تەواوکرد، ســـاڵی ١٩٤١ هاتە ناو حیزبی شـــیوعی، لە ١٩٤٩ فەرمانی لەســـێدارەدانی درا و لەداردرا. لە حەننا بەطاطۆوە ڕاگوێزراوە. المصدر السابق، ج٢، ص١٧٦- ١٧٧.

بگره پۆلیسیش له عەتای برامی پرسیبوو داخوا کەس خۆی لای ئەو شاردووەتەوە؟ ئەویش نکۆڵیی لێ کردبوو، بەڵام دزەکردنی هەواڵەکە بۆ کەرکووک یان بەغدا بەس بوو تا گوندەکە لێکۆڵینەوەی تاوانی بچێتێ و عەبدولوەهاب و شێخ عەتا بگیرێن.
عەبولوەهاب نزیکەی ساڵێک لە زەرداو مایەو و هەمیشەش مەترسیی گرتنی هەبوو. دوای پرسوورا لەگەڵ سەرکردایەتیی حیزب لە بەغدا، زۆر پێویستبوو بۆ جێیەکی دیکە دووربخرێتەوە، ئیدی بڕیاردرا بنێردرێتە خانەقین و ناونیشانێکی ئەوێی درایە تا پەیوەندیی پێوە بکا، بەڵام لەجیاتیی ئەوەی بچێتە خانەقین چووبووەوە بەغدا و پەیوەندیی بە سەرکردایەتیی حیزبەوە کردبوو. دوای ئەوەی پەیوەندیی بە یەهودا سدیقەوە دە، کە جێی خۆشاردنەوەی پێدەزانی، جا لەجیاتیی ئەوەی بچێتە خانەقین و لەوێ داوا بکا حیزب ڕێی بدا بێتەوە بەغدا و چالاکییەکانی بکا، کەچی چووبووە لێکۆڵینەوەکانی تاوان تا چ زانیارییەکی حیزبی لایە بیانڵێ و حەسارگە و کادیرەکانیشی ئاشکرا بکا.
دواترێ عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق ونبوو و کەس نەیدیتەوە، گوتیان بە ناوێکی دیکە و لەسەر داوای خۆی ڕەوانەی ئێران کراوە گوتیشیان ماوەیەک لە لێکۆڵینەوەکانی تاوان ماوەتەوە تا سوود لە زانیارییەکانی وەرگرن و، دواترێ، تا سەرچاوەی ئەو هەڵمەتە بشارنەوە کە کرایە سەرحیزبی شیوعیی عێراقی، لەناویان برد.
ئیدی لێکۆڵینەواکانی تاوان ئەو حەسارگەیەی گەمارۆدا کە یەهودا سدیقی لێبوو و گیرا و بۆسەیەکیشیان بۆ ئەوانە داناباوە کە سەریان لەو جێیە دەدا و ژمارەیەکی زۆری سەرکردە شیوعییەکان کەوتنە ناو بۆسەکە و لەوانەش ماڵک سەیف و هادی عەدولڕەزا و کەسانی دییکەش.
لێکۆڵینەوەکانی تاوان نەیاندەزانی داخوا ماڵک سەیف[36] چ بەرپرسیارییەکی حیزبیی هەیە. بەڵام یەهوداسدیق لەژێر ئەشکەنجە داڕووخا و دانی بەوەدا نا کە ماڵک سیف بەرپرسی یەکەمی حیزبە و، دانپێدانانەکەیشی بەو نامەیە پشتڕاستکردەوە کە لە شەرواڵەکەیدا شاردبوویەوە وهیی هاوڕێ فەهد بوو و لەبەندیخانەڕا ناردبووی و فەرمانی ئەوەی تێدابوو بەرپرسیارییەکە بداتە ماڵک سەیف.
کە دانپێدانانەکانی یەهودای بەرەوڕووکرایەوە، ماڵک سەیف ئەوەندەی خۆڕانەگرت و ئەویش داڕووخا و ناوێ گەلێ بەرپرس و کادیری شیوعیی ئاشکراکرد، لەوانەش لیژنەی

[36] _ مالک سەیف: لە ١٩١٧ لە عیمارە لەدایکبووە، خوێندنی لە پەیمانگەی مامۆستایانی سەرەتایی تەواوکردووە. لە ١٩٤١ بووەتە شیوعی، لە ١٩٤٨ دوای ئەوەی لەبەردەم ێکولینەوەکانی تاوان داڕووخا و حەسارگە و ڕێکخستن و سەرکردەکانی حیزبی ئاشکراکرد، وازی لە حیزب هێنا. نقلا عن حنا بطاطو، المصدر السابق ج٢، ١٧٦- ١٧٧.

لقی کوردســـتان و لیژنەکانی ناوخۆی لیوایەکان. لێکۆڵینەوەکانی تاوان هەڵمەتێکی خێرا و یەکســەری و چڕی کرد تا کادیرەکان بگرێ و هەوایش بوو و گیران، ئیدی دانپێدانانەکانی فراون بوو و ژمارەیەکی زۆری ســــەرکردەکانی حیزب و لیژنە ناوخۆییەکانی لیوایەکانی گرتەوە، ئیدی ئەوانەی رووخان ژمارەیان زیادی کرد و لەوانەش فقئاد بەهجەت و مەجید رەئوف و جاسم تەعان و ئیدیکەیش .

مالک ســەیف، کە پێشــترێ ســەردانی کەرکووکی کردبوو، ئەو ماڵەی پێدەزانی کە هاوڕێ نافیع یونس خۆی تێدا شــاردبووەوە. دەبێ دان بەوەشــدا بنرێ وریایی کادیران لاوازبوو و لەجیاتیی ئەوەی جێی خۆشــــاردنەوەی کادیرەکان بگۆڕن هەر لەجێی خۆیان مانەوە. لەوەس واوەتر، کۆبوونەوەیەک لەنێوان نافیع یونســــی بەرپرســــی کەرکووک و جەماڵ حەیدەریی بەرپرســـی هەولێر و ئەحمەد غەفوری بەرپرســـی ســلێمانی لە ماڵەکەی نافیع یونس لە گەڕەکی ســــاترلووی کەرکووک کرا، لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەکانی تـاوان، دوای هەرەسی یەهودا سدیق و مالک سەیف، هەڵمەتی گرتنی شیوعییەکانی فراوان کردبوو.

لیژنەی لقی کوردســتان، کە نائیل حاجی عیســای ئەفســەری لێکۆڵنەوەکانی تاوان گەیشــتە ســــەریـان و دەســــتگیری کردن، لە کۆبوونەوەدا بوون. لیژنەی نـاوخۆی کەرکوکیش بریتیبوون لە یوســـف حەننا ئەلقەس و فوئاد بەهجەت و مەجید ڕەئوف و من. ئیدی جگە لەمن ئەوانیدی هەموو گیران و منیش ئاگام لێ نەبوو گیراون.

لەبن چەنگی لێکۆڵینەوەکانی تاوان:

ئاگام لە ڕووداوەکانی بەغدا نەبوو، نەشـــمدەزانی لە کەرکووک چ بووە، چونکە ئەوانیدی لەکاتی پێویستدا هیوەندییان پێوە دەکردم و، من نەمدەزانی ماڵیان لەکوێیە.
ئێوارەیەکیان لە شــــەقامی مەجیدییەی کەرکووک پیاســــەم دەکرد، ڕێکەوتی مامۆســــتا ئیسماعیل قیراداری دادوەری لێکۆڵینەوەم کرد، ئەو برادەرێکی خەڵکی کەرکووک بوو. ئەو سـلاوی لێکردم و بەناوە نهێنییە حیزبییەکەم بانگی کردم و گوتی: "ئەسـوەد چۆنی؟ ئەرێ ئێوە هەموو شـتێک بەرەواژ دەکەنەوە؟تۆ سـپیی و ناویان لێناوی ڕەش. وەڵاممدایەوەو گوتم : ئیی وەک تۆش نـاو لێدەنێی ئـازا. لێم نزیکبووەوە گوتی: پێتوایە گـاڵتەت لەگەڵ دەکەم؟ نافیع یونس و جەماڵ حەیدەری و ئەحمەد غەفوور لە ماڵێکی گەڕەکی شــــاترلوو گیراون و، لێکۆڵینەوەکانی تاوان ناوی تۆیشیان دەهێنا.
ئەو زانیارییانە بەسبوون تا لەدەست ئاسایش دەربازبم و دەشمتوانی ئەوەی بکەم. بەڵام نا وشـیاریی شـۆڕشـگێڕی چوارسـاڵ بەندیخانە و سـێ سـاڵ نیشـتەجێی زۆرەملێی لێ ئەستاندم.
نازانم بۆ خۆم لەبەرچاوان ون نەکرد، هەر وەکو خۆم خەریکی پارێزەری بووم وبە پان و درێژی لە شــــەقامەکانی کەرکووک دەســــووڕامەوە، بەیانییەکەی ڕۆژێکی ١٩٤٨، کە ســـەردەکەوتمە نووســـینگەکەم و وادەم لەگە کابرایەکی ئەرمەنیی "کارۆ" ناو هەبوو تا بۆ کارێکی پیشـــەیی ببمە پارێزەری، عەبدولڕەزاق عەبدولغەفوری ئەفســـەری لێکۆڵینەوەکانی تاوان، کە دووکارمەندی لێکۆڵینەوەکانی تاوانی لەگەڵدابوو، لای دەرگاکە بانگی کردم. ک پێشتریش، کاتێ قوتابیی کۆلێژی مافی بەغدا بووم، چەندجاران گیرابووم، ئیدی دەمناسی.
پێیگوتم: "مامۆســتا موکەڕەم تکایە دەققەیەک بوەســتە، ئەوجا ئاماژەی بۆ کەســێک کرد ، ئەویش ئۆتۆمۆبیلێکی هێنا و بردمیانە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کەرکووک.
ئەفسەرەکە داوای لە دادوەری لێکۆڵینەوە کرد نووسراوێکی دەستگیرکردنم بۆ دەربکا، تا بتوانێ بمباتە بەغدا. دادوەرەکە مامۆستا "نوری یەکتا"بوو و خەڵکی سلێمانی بوو. دادوەر ڕازی نەبوو بێ نووســــراوی لێکۆڵینەوە و زانینی مـاهیەتی تۆمەتەکە بمگرێ، ئیدی ئەفســــەرەکە، لە ژووری موفەوەزی لێکۆڵینەوەکانی تاوا، خســتمیە چاوەڕوانی، ڕێی نەدا هیچ کەسـێک بمبینێ، بەڵام هەرکەسـێکی بیویسـتبا بمبینێ دادوەر نووسـراوێکی دەدایە و لەســـەری نووســـرابوو"ڕێ بە فلان بدرێ موکەڕەم تاڵەبانیی پارێزەر ببینێ"، ئیدی پۆلیش ملی بۆ فەرمانەکە دەدا.
من ســێ کەســـم لەبیر ناچێ کە چوونە لای دادوەر و فەرمانی دیتنی منیان لێ وەرگرت، بورهان جەلالی خوالێخۆشـبوی خاڵم و عادل شـێخ نەجیبی ئامۆزام و کەسـێکی دیکەی

برادەرایەتییەکی ڕاستگۆی ئاساییمان لەبەینێ بوو وناوی"خەلیل"بوو. ئەوانە سەریان لێدام و هەرچیی پێویستم بوو بۆیان هێنام. خەلیل ئۆتۆمۆبیلێکی تایبەتی هەبوو، بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەوێ بووم دەرگای بنکەی پۆلیسـی بەرنەدا و، کە عەبدولڕەزاقی ئەفسەریش لەوەی نائومێد بووبڕیاری دەستگیرکردنی منی دەستکەوێ، پەنای بۆ مامۆستا سەلمان بەیاتی دادوەری لێکۆڵینەوەی بەغدا بردبوو. بە شـەمەندەفەربرمیانە بەغدا و خەلیل تا وێستگەی شـەمەندەفەر لەگەڵم هات و لەوێ بە خەمبارییەوەماڵئاوایی لێ کردم. من ئەو مرۆڤەم لەبیر ناچێ و کەمن ئەوانەی لەبەردەرگای بەندیخانەدا دەیانبێنێ. دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ کە خزمێکی خەلیل گیرابوو هانای بۆ من هێنا و، منیش بۆ ئەوەی هەندێ قەرزی بدەمەوە، ڕەزامەندیی بەردانی شـاکر شـوکریی خزمیم وەرگرت و بەسەربەرزییەوە چووەوە سەر فەرمانبەرییەکەی.

له بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەکانی تاوان:

بەهجەت عەتییە لە ســـەری ســـەرەوەی بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەکانی تاوان بوو و، دیارترین بەڕێوەبەریشـــی نائیل حاجی عیســـا بوو، بەوەش ناســـرابوو لەگەڵ گیراوە سـیاسـییەکان دڵڕەقە و ئەو کەسـەی لە لێکۆڵینەوەدا بەردەوام لە ئەشـکەنجەدان لەگەڵی بوو عەبدولڕەزاق عەبدولغەفوور بوو و ئەوەی گیراوەکانیشی ئەشکەنجە دەدا ئەفسەرێک بوو بە "محێ یەکچاو" ناسـرابوو.لێکۆڵینەوەکانیش لە باڵەخانەیەکی سێ نهۆمیی شـەقامی ڕەشـــید بوو، بەڵام دواترێ و دوای ئەو خۆپیشـــاندانانەی دوای ڕاپەڕینی ١٩٤٨ کران، نەوەکا جەماوەر هێرشـی بکاتەسـەرێ، بردیانە باڵەخانەیەکی دیکەی کۆڵانێکی ئەوسـەری دەرنەدەچوو و لە گەڕەکی مورەببەعە.

لەگەڵ گزنگی خۆرێ گەیشـتمە بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەکانی تاوان و، هێشـتا زۆربەی فەرمانبەرەکانی نەهاتبوون، گیراوێکم دیت بەزنجیر بە پەنجەرەیەکەوە بەســـترابووەوە، لەبەر ئەوەی لێیدرابوو و لێنەگەڕابوون بخەوێ لەهۆش خۆی چووبوو و، دوانی دیکەش دەسـتیان کەلەپچە کرابوولەسـەر دوو سـەکۆی ناو حەوشـەی فەرمانگەکە دانیشـتبوون، پێدەچوو لەو کەسـانە بووبن کە شـەوی پێشـترێ گیرابوون و هێشتا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دا نەکرابوو. هەرکە گەیشـتمەجێیش، دوو پۆلیسـەکەی لەکەرکووکێڕا لەگەڵم هاتبوون بە نووسـراوی بەڵگەییەوە ڕادەسـتی ئەفسـەری ئێشـکگریان کردم، ئیسـی لەتنیشـت دوو گیراوەکەی دیکە دەستیان بە ئاسنی سەکۆیەکەوە بەستامەوە و، پۆلیسە ئاسایشەکانیش، بێ هۆ، هەر جارێکی بەتەکماندا ڕەتببوونایە بە پۆستاڵە قورسەکانیان لە پێیان دەدایان.

ئەو ژوورەی گیراوەکەی لە پەنجەرەی بەســـترابووەوە ژمـارەیەک گیراوی تێدابوو و پێدەچوو بە قۆناغی لێکۆڵینەوەدا ڕۆیشـتبن و لەوەشـدا هاریکاریی ئاسـایشـیان کردبێ، چونکە ئەوان بە ئازادی دەهاتنەدەرێ و دەچوونەوە ژوورێ و، دەیان ژنیش، هەبوو دایکی گیراوەکان بوو، لەبەر دەرگای فەرمانگەکەدا ڕاوەســـتابوون وخواردن و جلوبەرگیان بۆ کوڕەکانیان هێنابوو.

تا دوای نیوەڕۆ لە لێکۆڵینەوەکانی تاوان مامەوە، بۆ نیوەڕۆ ژەمە خواردنێکیان دایێ"نان و کەباب" بوو، هیچم لێ نەخوارد. گیراوێکم لە تەنیشـت بوو بەڕوخســاریدا دیاربوو چل ســـاڵ پترە، کە دیتی هیچم نەخواردووە، گوتی ئەگەر نایخۆی بیدەرە من، منیش دامێ و پێچایەوە و لەگیرفانی چاکەتی خۆی نا.

له گرتووخانەی ئەبو غرێب:

بێ هیچ پرسـیار و لێکۆڵینەوەیەک، لەگەڵ دەسـتگیرکراوەکانی دیکە بە ئۆتۆمۆبیلی تایبەت بە گواسـتنەوەی گیراوان و سـەربازان ولەژێر پاسـەوانییەکی توندا ئێمەیان بەرەو ئەبوغرێب برد، کە لە ئەنتێنایەکانی ئێزگە ڕەتبووین ئۆتۆمۆبیلەکان بەلای راسـتدا بەرەو گرتووخانەیەک کێلیانکردەوە کە پێشـترێ لە لیوای پاسـەوانی مەلەکی بۆ سـەرکردەکانی بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١ دروستکرابوو.

کە گەیشـتینە گرتووخانەکەی دەوری بە تەلدڕوو گیرابوو و زرێپۆش بەخۆ و بەتۆ و ڕەشاشەوە پاسەوانییان دەکرد، ئێمەیان هێنا خوارێ و چونکە دەستیشیان بەستابووین زۆربەمان بەربووینەوە سـەرزەوی و سـەربازەکانیش پاڵیان پێوەدەناین و ئەوجا فەرماندەی گرتاانەکە لە ئەبوغرێب، نەقیب حەمدوون سـەعید ، کە ئەفسـەرێکی سوپای مەلەکی بوو، سەیری شوناسەکانی کردین و لە گرتووخانە ڕێوشوێنەکانی لێکۆڵینەوەکانی تاوانی لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵمـاندا جێبەجێ دەکرد. کە منیـان بردە بەردەمی، پشـکنیمی و هەموو کەلوپەلەکانی بردم، چاویلکە وقەڵەم و تەنیا بەتانییەک و سـەرینێک و پیجامەیەکی بۆ بەجێهێشـتم و ئەوجا بردمییە ڕاڕەوێکی هەردوو بەری کرابووە ژووری بەرانبەر یەکدی و خسـتمیە ژوورێکی تاریکی پەنجەرەی تێدا نەبوو و تەنیا دەلاقەیەکی بەرزی تێدابوو و دەرگایەکەی لەسـەر گاڵەدام.لە درێژی پانیی ژوورەکەی گەڕام و دەرکەوت زینـدانێکی دوو بە یەک ونیو مەترە و تەنەکەیەکی بۆ خۆبەتاڵکردن تیدایە و ئەوجا شەربەیەکی ئاویان بۆ هێنام، چونکە تەنیا نیوەڕوانیش ژەمێک نانیان دابەس دەکرد ئیدی لە شێو و نانی بەیانیی ئەو ڕۆژە بێبەش بووم.

ژوورەکەم لە ژوورەکەی حەمدوون سـەعیدی فەرماندەی گرتووخانەکە نزیک بوو و هەندێ جار گوێم لە تەلەفۆن کردنەکانی دەبوو و زۆرجاران گوێم لێدەبوو، سـەبارەت تاژییەکانی لەگەڵ وەسیی سەر کورسیی پاشایەتی قسەی دەکرد. پێدەچوو ئەو ئەفسەرە بەرپرسـی راهێنان و خزمەتکردنی تاژییەکانی ڕاوی عەبدولئیلا بووبێ. ڕۆژێکیان لە کونێکی بچووکی پەنجەرەوە هاوڕێ فەهد و چەند کەسێکی دیکەم دیت کە نەمتوانی بزانم کێن لە ئۆتۆمۆبیلێکیان هێنانەخوارێ.

گرتووخانەکە کارەبای نەبوو، کارەکان لەبەر ڕووناکیی فانۆسـان دەکران، چونکە تازەش هاتبوومە ئەوێ هێشتا فانۆسیان بۆ نەهێنابووم. ویستم گیاوەکانی ژوورەکانی تەنیشتم بناسم، بەڵام نەمتوانی. کە دوایەش فانۆشم بۆ هات دەسکی هەڵواسینەکەیم وەک هاندڵی ئیشـپێکردنی ئۆتۆمۆبیل لێکرد و بێ ئەوەی بهێڵم دەنگی لێوەبێ دەسـتم بە کونکردنی دیوارەکە کرد. کە دیوارەکەشم دوای چەند سەعاتێک کون کرد، دیتم دراوسێیەکەم ٭ زێڕۆ

ئاغا"یە و ئەو لەو گیراوە ئازەربایجانییانە بوو کە دوای ئەوەی حکوومەتی "شا"ی کۆماری کوردســـتان و ئازەربایجانی داگیرکردبووەوە و دوای ڕووخانی کۆماری مهابادیش قازی محەممەد و ئاواڵەکانی لەسیدارەدابوو. یەکترمان ناسی، بەڵام ئەوان وەک ئێمە نەبوون و ئازادبوون، بەڕۆژ دەچوونە حەوشـــەی گرتووخانەکە. هەرچی ئەوەی لای ڕاســـتم بوو دەرکەوت مەجیدی شێخ جەلال قەرەداغییە و لە گیراوەکانی کەرکووک بوو.

نیوەڕۆ دووەم ڕۆژی گیرانم، بۆ دابەسکردنی خواردن دەرگا کرایەوە و، خواردنەکە سێ کولێرەی بچووک و قاپێک شۆرباوی"بربین" بوو کە گیایەکی خۆڕسکە لەگەڵ بیست دنکە خورما، دەیان بۆ شێو و دەیان بۆ نانی بەیانی. ئەوەی سەیربوو، عومەر عەلی شێخی سەرکردەی شیوعی خۆی بە دابەسکردنی خواردنەکەوە ماندوو نەدەکرد و هەمووی بە ژەمێک دەخوارد و ٢٤ سەعات چاوەڕێی ژەمێکی دیکەی دەکرد.

دوای چەند ڕۆژێک بۆ لێکۆڵینەوە بردمیانە لێکۆلینەوەکانی تاوان. لێکۆلینەوەکە ئاســـایی بوو و ئەشکەنجە و جنێوی تێدا نەبوو. وەهام خەملاند کە مامەکانم شتێکیان کردووە و لێنەگەڕاون ئەشکەنجە بدرێم. قسەکانیشم، کە بە خەتی خۆم نووسیم، هەر دێڕ و نیویک دەبوو و تێیدا نکۆڵیم لەوەی کردبوو ئاگام لە هیچ هەبێ و پەیوەندیم بە حیزبی شـــیوعییەوە هەبێ. یەک لە ئەفســـەرە ئازەربایجانییەکانی ناوی"ئەســـەدۆڤ"بوو و بە ئازەربایجانی قســـەی دەکرد، ئامۆژگاریی کردم کە دەمبەنە لێکۆڵینەوە نکۆلی لە هەموو شتێک بکەم و، ئەوکارە بۆ خۆم و بۆ حیزبیش باشترە و منیش وامکرد. لە ئینسکلۆپیدیای تاوانەکانی تایبەتی حیزبی شیوعیی عێراقی کرابوو، قسەدانەکانی من هەر ئەو دێڕ و نیوە بوو"هیچ پەیوەندییەکم بە حیزبی شـــیوعییەوە نییە و نازانم بۆ گیراوم". ئەوجا هێنرامەوە گرتووخانەکە و لە زیندانە تاکەکەسییەکەوە بردرامە بینایەکی بەرانبەر کە کرابووە ژووری گەورەتر و پەنجەرەیەکی بڵندی تێدابوو و هەر ژوورێکیش هەشت گیراوی تێدابوو. لەوێ ژمارەیەک هاوڕێم ناسی، بەڵام کە نەمدەزانی لە لێکۆڵینەوەدا هەڵوێستیان چ بووە ئیدی خۆم لە قسە لەگەڵ کردنیان گرت.

جارێکی دیکەش لە لێکۆڵینەوەکانی تاوان:

ڕۆژێکیا داواکرام بجمە لێکۆڵینەوەکانی تاوان، وام دانا لێکۆڵەران بە قسەدانەکەی پێشترێم وازیان نەهێناوە و پێی رازی نەبووینە، ئدی پتریان دەوێ. کە گەیســـــتمە ئەوی بردمیانە ژووری دادوەری لێکۆڵینەوە ی "عەبـدولبـاقی متەوەلی" بوو و ژمـارەیەک گیراویش لەوێبوون، لەوانەش یەهودا سـدیق و یوسـف زەلوف و هادی عەبدولڕەزا. هاتنیسـیان بۆ پشتڕاسـکردنەوەی قسـەدانەکانیان بوو لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە. کە یوسـف زەلوف ویستیی بڵێ ئەو قسەدانانەیلەژێر ئەشکەنجە لێ وەرگیراوە، عەبدولڕزاق عەبدولغەفووری ئەفســــەرلەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە تێیەربوو و لێیدا، دادوەر نەیتوانی بەری بگرێ، ئیدی ناچاری کرد بە دانپێدانانەکانی ڕازیبی کە زۆر لێی وەرگیرابوو و پشــــتڕاســــتیان بکاتەوە.

کە سەرەش گەیستە من، دادوەر لێپرسیم داخوا بۆچییان هێناومەتە ئێرە، ئەو نووسینانە هیچ پەیوەنـدییـان بە منەوە نییە. ئیـدی ئەفســــەرەکە بەبیریهـاتەوە منیـان بۆ دیـداری کەســـوکارەکەم هێناوە و بەهەڵە لەگەڵ ئەوانەیان هێناومەتە ژووری. ئیدی بردمیانە دەرێ و بردمیانە ژوورێکی شـێخ عەبدولوەهاب تاڵەبانیی خزمم لەوێ کە لە ئەنجوومەنی نوێنەران نوێنەری کەرکووک بوو لەگەڵ عەتـای برام، دوای ئەوەی جوبوونە لای گەلێ کەس چاوەڕێیان دەکردم.

زانیشم جووبوونە لای لیوا عەلی حیجازیی بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس وداوای یارمەتییان لێ کردبوو تـا بمبینن و ئەویش گوتبووی: "بە زینـدوویی نـایبیننەوە"، شـــێخ عەتـاش گوتبووی: "ئەگەر ژیانی پەیوەستی ئیرادەی تۆ بێ، ئێمەس نامانەوێ بیبینین". بەڵام شێخ عەبدولوەهاب توانیبووی ڕەزامەندی لە وەزیری ناوخۆ وەرگرێ و هەندێ جلوبەرگ و خواردنیان بۆ هێنابووم، ئەوەش یەکەم و دوا دیداری پێش دادگاییکردن و حوکمدانم بوو.

لە لێکۆڵینەوەکانی تاوان، پێش ئەوەی بمانبەنەوە گرتووخانەکە، لەســـەر ســـەکۆیەک لە تەنیشت یەهودا سدیقیان دانام. لێمپرسی کە پێشترێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردووە ئێستا بۆ هێنـاویـانەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە. گوتی: "دەیـانەوی دانبەوەدا بنێم هـاوڕێ فەهـد لە بەندیخانەوە لەڕێی ماڵک ســـەیفەوە ســـەرکردایەتیی حیزبی کردووە و هەر ئەویش لە بەندیخانەوە سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی ١٩٤٨ی کردووە"، گوتم: "زمانی لێدەدەی و دانی پێدا دەنێی؟"، گوتی: " بۆ نکوڵیکردن سـوودی هەیە؟ ماڵک سـەیف دانی پێداناوە" گوتم: "پێتوایە بەو دانپێدانانە خۆت لە پەتی سـێدارە دەرباز دەکەی؟" گوتی: "نا...من دەزانم لە سـێدارەم دەدەن، من بەری لەداردان دەگرم، بەڵام بەری ئەشکەنجەی دیکە ناگرم، زۆرم بەرگەگرت، دەمەوی لەســە تەختەی لەداردانا بمرم نەک لەژێر ئەســـکەنجەدان"، پێیگوتم: "لەبەرچاوم

کەسێکیان هەتا مردنێ ئەشکەنجەدا، هەوڵمدا رازیی بکەم، بەڵام هەموو جارێ بەرەورووم دەبووەوە و دەیگوت خۆت ماندوو مەکە قسەکانت سوودیان نییە".
کە هێنامانیانەوە گرتووخانەکە، ئێوارەیەکیان لە کونی پەنجەرەوە دیتم هاورێ فەهد و حازم و صارمیان هێنا و دای دادگاییەکی هاکەزایی زانیمان حوکمی لەسێدارەدانیان داون و عەبدولئیلا ڕەزامەندیی لەســەر حوکمەکە داوە و ئیدی حوکمەکە جێبەجێ دەکرێ. لەبەر ئەو پەیوەنـدییـانەی بۆ مـانگرتن لە خواد کردم، بەڕێوەبەریی گرتووخـانەکە بە یەک لە هاندەرانیان دانام و جارێکی دی بردمیانەوە زیندانە تاکەکەسـییەکەی پێشـترێ، ئەگەرچی ئەو ژوورەشـم لە ژوورەکەی فەهد و هاوڕێیەکانی دووربوو، دەمزانی چ دڕندەییەکمان لە دأیدا دەکەن، تەنانەت هەر لەبەر ئەوەی ئاوی نەمابوو و داوای ئاوی کردبوو، زۆریان لە عەزیز ئەلحاج دا و، لەبەر پووچترین هۆکاریش بەندییەکانیان دێنا دەرێ و لێیاندەدان.
دەڵێن عەبدولئیلا خۆی هاتبوو گوێی لەو مشـتومڕە بێ کە لەنێوان فەهد و کەسـایەتییەکی دیی نایناســـم بەرپابوو، کابرا گوتبووی داوای بەزەیی بکە و ئەویش رازی نەببوو داوای بکا. خۆ ئەگەر داوایشـــی بکردبا هەر لە ســـێدارەی دەدا. عەبدولئیلا نموونەی کینە بوو بەرانبەر نەیارەکانی و، کە عەقید سەلاحەدین سەباغ لەبەردەم وەزارەتی بەرگری لەداردرا، پێچەوانەی نەریتی باو، تا ســەعات نۆ بە هەڵواســراوییان هێشــتەوە تا عەبدولئیلا بەوێدا تێپەڕێ و بە پەتەکەوە بیبینێ.
کە ڕۆژی یەکەم، ١٤ی شـــوباتی ١٩٤٩، هاوڕێ فەهد و صـــارمیان بۆ ســـێدارە بردە گۆڕەپانی مووزەخانە لە بەری کەرخ بە دەنگی بەرز ماڵئاواییان لە هاوڕێیانیان کرد و ئەوانیش بە ســـروودی نێونەتەوەیی وەڵامیاندانەوە، کەچی ســـەربازەکان لە گیراوەکان بەربوون و لێیاندان. ڕۆژی دواترێ، ١٥ی شـــوبات، حازم و یەهودایان برد. حازم لە گۆڕەپانی بابولموعەزەم لەداردرا. ئەوانەی لەکاتی لەداردانەکەی هاوڕێ فەهد لەوێبوون گوتیان کە فەهد بەســـەر ســـێدارە دەکەوت گوتی: "شـــیوعییەت لە ســـێدارە بەرزترە و لە مردن بەهێزترە"، صارمیش گوتی: "من بە شیوعیاتی ژیام و بە شیوعیاتی دەمرم و ئەگەر ژیانێکی دیکەشـم بدرێتێ هەر لەپێناوی شـیوعییەتدا دەمرم"، حازم گوتی: "جێی شـانازییە لە گۆڕەپانێک لەدار بدرێم کە لەوێ پێشڕەویی جەماوەرم کردووە".
کە هاوڕێیانیان لە بەندیخانەی کووت بر دە ئەبوغرێب، هەندێ هاوڕێ پێشـنیاریان کرد یـاخی بن و نەهێڵن بیـانبەن، بەڵام فەهـد ئەوەی ڕەتکردەوە و گوتی: "دادگـاییکردنی یەکەممـان لە ســـەرووی ئەو کێشـــانە بوو کە ڕاپەڕینی لێ کەوتەوە و دادگاییکردنی دووەممـان لەســـەرووی ئەو کێشـــانە دەبێ کە دەبێتە هۆی بەرپابوونی شـــۆڕش".
پێشـــبینییەکەی هاوڕێ فەهد هاتەدی و شـــۆڕش ڕوویدا و ئەوجا شـــۆڕشـــی پێچەوانە و

ئستیعمارییەکانیشرۆڵی خۆیان لە نانەوەی دووبەرەکیی نێوانئەو هێزە سیاسییانە دیت کە شۆڕشیان پێگەیاند و پشتیوانییان کرد و، ئاگری شۆڕشیش بەردەوام هێزمی خۆی دەخوا.
دەستگیراوەکان هەر هەموویان مانیان لە خواردن گرت و داوایان دەکرد وەک دەستگیرکراوی سیاسی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و، هەمووئەو مافانەیان هەبێ کە لە سیستەمی بەندیی سیاسیدا هاتووە. مانگرتنەکە پازدە ڕۆژی خایاند، فەرماندەی گرتووخانەکە بەهەموو جۆرێک هەوڵیدا مانگرتنەکە بشکێنێ و من، گوایە لە هاندەرانی مانگرتنەکەم، یەک لەوانەبووم بردرایەوە زیندانە تاکەکەسییەکان، چونکە ڕێککەوتنی نێوان بەندییەکان بە هەردوو زمانی کوردی و ئەرمەنی بوو و ۆلەدارەکانی پاسەوانی مەلەکی تێینەدەگەیشتن. دوای "پازدە ڕۆژ"حەمدوون سەعیدی فەرماندەی گرتووخانەکە ڕایگەیاند حکوومەت بەدەم داوای ڕاگیراوەکانەوە هاتووە و، دەرماڵەی دەستیرکراوانی سیاسییان بۆ خەرج دەکرێ و کەسوکاریان دەتوانن کەلوپەلی ڕێپێدراوی وەک خواردن و جلوبەرگیان بۆ بێننە لیکۆڵینەوەکانی تاوان و ئەوانیش دەینێرنە گرتووخانە تا بدرێتە دەستیان، ڕێیشیان داینێ ڕۆژی سەعاتێک بێینە گۆرەپانی گرتوخانەکە و خۆمان بدەینە بەر هەتاو. چونکە چوار مانگیش بوو لە زیندانی تاریکدابووین، کە ئێمەیان بردە دەرەوە بۆ بەر هەتاوەکە نەماندەتوانی خاومان بکەینەوە و، هەر بەڕاستییش خواردنی دەستبەسەری سیاسییان بۆ هێناین و میوە و چا و جگەرەش.
ئەوەی سەیربوو، ئەک لە عەریفەکانی ئاسایشی بەشەکەی ئێمە پیاوێکی بەتەمەن بوو و ناوی" ئەبو حمید"بوو، هەرجارێکی بۆ سەراوێیان ببردینایە ئەو پیاڵەیەک جای بۆ دەهێنام و دەپارایەوە لیی وەرگرم. زۆری ڕێز لێدەنام و تەنیا بە "چاوەکەم" و "ئاغام" و "تاجی سەرم" دەیدواندم. عەریفێکی دی لێپرسی: "ئەبو حەمید، تۆ زۆر شیرینکاری بۆ مامۆستا مەکەڕەم دەکەی". وەڵامیداوە و گوتی: "ئێوە باپیری ناناسن، شێخ عەلیی باپیری، خوای لێ خۆشبێ، سواری دیواری دەبوو و دەچووە حەجێ، بەڵام مامۆستا ڕێی باپیرانی بەرداوە و، ئەوەش پاکبوونەوەی گوناهانە و، خوایاربێ دەردەچێ و بە سەلامەتی دەچێتەوەتەکیەی باپیری لە کەرکووک". من پێگەی شێخ عەلی باپیرم دەزانم، ئەو لە گەورەزانایانی ئایین بوو و لە شەریعەت و سۆفیگەری زۆر زانابوو.بەڵام ئەوەش دەزانم کە چوو بۆ حەج، لێرەوە تا بەیرووت سواری ئۆتۆمۆبیل بوو و لەوێش بە کەشتی چووە جەددە و چووحەجی ماڵی خوای کرد. جا هاوڕێ نافیع لەسەر وەرگرتنی چایەکەی "ئەبوحەمید" سەرکۆنەی دەکردم.

ڕووداوێکی سەیری ساڵح جەبر:

ڕووداوێکی زۆر ســـەیر و تۆقێنەر لە گرتووخانەکە ڕوویدا و دەبێ باســـبکرێ، چونکە بەڵگەیەکی دڕندایەتیی ڕژێم بوو ئەویش: ژنەکەی ســـاڵح جەبری کچی شـــێخ عەددای ئەلجەریانی بوو و کابرا موڵک و ماڵێکی زۆری لە لیوای حیلله هەبوو. دوای مردنی ئەو موڵک و ماڵە بۆ غەزبان و هادی و مەهدی و جەواد و فەزیلەی ژنی ساڵح جەبری مایەوە. بەڵام غەزبان ئەلجەریان بەدەسەڵات بوو و ئەو سەرۆکی عەشیرەتەکەی بوو و، نەریتی عەشـــیرەتانیش وەهایە کوڕی گەورە و شـــێخی عەشـــیرەت زەوی و موڵک بەڕێوەدەبا و سەروبەری دەکا و هەندێ بەروبووم دەداتە خوشک و برایەکانی گچکەترێی.

ســاڵح جەبر ویستی غەزبا ئەلجەریانی لەکۆڵ ببێتەوە و، بەناوی ژنەکەی دەست بەسەر موڵک و ماڵ و زەویوزارەکەدا بگرێ، ئیدی دنەی هەردوو برایەکەی دا، هادی و مەهدی، تا غەزبانی بکوژن و بەڵێنی دابوونی لە حوکمی یاســـا بیانپارێزێ، ئەوانیش بەڕاســـتی غەزبانی برایان کوشـــت و، هێنایاننە گرتووخانەی ئەبوغرێب و خرانە دووزیندان لەو خیندانانەی ئێمەی تێدابووین. دوای ســـەعاتێک گوێمان لە هاوارهاواری ئەو دوو زیندانە بوو و فەرمـانـدەی گرتووخـانەکەش هێوری دەکردنەوە. یەکێکیـانی هێنـا و دەرگـای زیندانەکەی ئێمەی کردەوە و گوتی: "سەیرکە، ئەوە موکەڕەم تاڵەبانییە و پارێزەرە و یەک لە شێخەکانی تاڵەبانییە و، ئەوە چەند مانگە لێرەیە و ناشکریەت و هاوار ناکا، دەی وەک ئەو پیاوبن" .

تاوانبارەکە بێدەنگ بوو و دڵنیابووســـاڵح جەبر هەر لەو زیندانەی دەردێنێ و بەردەبێ. هەر بەڕاســـتییش ڕۆژێکیان بردنیان، بەڵام بۆ بەردان نا، بەڵکو بۆ دادگا و لە دادگاییەکی خێرادا فەرمانی لەســـێدارەدانیان درا و بردرانە بەغدا و هەرخێرا لەســـێدارەیاندان و گۆڕەپانەکە بۆ ســـاڵح جەبر و ژنەکەی چۆڵ بوو تا دەســـت بەســـەر ئەو هەموو زەوییە فراوانەدا بگرن کە عەددای ئەلجەریان دەســـتی بەســـەردا گرتبوو، چونکە ئەو کوڕەی مابووی، جەواد ئەلجەریان، هێشـــتا منداڵ بوو و نەیدەتوانی بەڕووی ســـاڵح جەبردا بوەستێتەوە و، ئەوەش لە"سەردەمی خۆشگوزەرانی"دا ڕوویدا کە ئەیاد گەیلانی لە ئێزگەی "دەنگی عێراقی ئازاد"ی پراگ باسی "پیاوچاکانی سەردەمی خۆشگوزەرانی" قسەی لەسەر دەکا.

دادگاییکردنی لقی کوردستان و لیژنەی ناوخۆی کەرکووک:

ڕۆژی پێش ڕۆژی دادگاییکردنمان، ئێمەیان لە ژوورێک کۆکردەوە، من و نافیع یونس و جەماڵ حەیدەری و یوسف حەننا و ئەحمەد غەفوور و سابیر قادر و تۆما شابا و مەجیدی شێخ جەلالی قەرەداغی.

ڕۆژی دادگاییەکەیش بە ئۆتۆمۆبیلێکی داخراو ئێمەیان بردە سەربازگەی وەشاش، کە ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی دانیشتنەکانی خۆی لەوێ گرێدەدا بۆ دادگاییکردنی سیاسییەکان.

عەقید عەبدوڵلا نەعسانی سەرۆکی ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی بوو و، بەوە ناسرابوو دوژمنی نیشتمانپەروەرانە بەگشتی و دوژمنی شیوعییەکانیشە بەتایبەتی. ئەو دڕندە و زمان پیس بوو، بە ئەرکی خۆی دەزانی نیشتمانپەروەران دەستەدەستە و پۆل پۆل بەرەو سێدارە و بەندیخانان بنێرێ. حوکمەکانیشی پێشتری لە لێکۆڵینەوەکانی تاوانڕا بۆ دیاری دەکرا. جا لە ڕۆژی دادگا تۆمەتبارەکان، پێش دادگاییکردنیان، بەپێی ئەو حوکمەی بۆیان داندرابوو ڕیز دەکران. بۆ نموونە، ئەوانەی بەرایی حوکمی سێدارەیان درابوو، ئەوانەی دواتری بەندیی تاهەتا و کاری قورس،ئەوانەی سێیەم پازدەساڵ بەندت و ئیتر ئاوا. یەک لە دادوەرە مەدەنییەکان"عەبدولباری" کە پتری سەر بۆ فەرمانەکانی ئاسایش دادەنەواند، بڕیارەکانی ئەنجوومەنی بەشێوەیەکی یاسایی دادەڕشت و، وەک ئەوەی دادگاییەکە زۆر بەڕێوەچوو کرابێ.

کە لەڕۆژی دادگایی بانگی شایەدەکانیان کرد، هەوت بووین: مەجید ڕەئوف فوئاد بەهجەت و ڕەفیق چالاک، تا دژی ئێمە گەواهی بدەن و، پێشدەچوو لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ڕووخابن و چووبنە بەرەی ئاسایش تا شایەدی لەسەر هاوڕێیەکانیان بدەن و بگرە لەگەڵ بەرپرسەکانی ئاسایش بچنە کوردستان تا لە گرتنیاندا هاریکاربن. هەر بۆ ڕازیکردنی بەرپرسەکانی ئاسایشیش فیشاڵیان پێوەدەنا و درۆیان دەخستە سەر گەواهدانەکانیان. بۆ نموونە، ڕەفیق چالاک لە ئەنجوومەنی عورفی شایەدیی ئەوەی دا کە بەریدی حیزبی لە سلێمانییەوە دەهێنا و لە کەرکووک رادەستی منی دەکرد، لەکاتێکدا من، لەبەردەم ئەنجوومەن نەبێ، دەنا پێشتری ئەو کابرایەم نەدیتبوو.

کە کاتی بەرگریش هات، سەرۆکی ئەنجوومەن پرسیی: پارێزەرتان هەیە بەرگریتان لێ بکا؟ دەشمانزانی بوون و نەبوونی پارێزەر هیچ لە ئەنجامی حوکمەکان ناگۆڕێ، بەڵام بە نەخێر وەڵامیان دایەوە، کەچی من گوتم من پارێزەرم و بەرگری لەخۆم دەکەم. بەڵگە تاوانییەکانی بۆ تۆمەتبارکردنم درابووە ئەنجوومەن ئەوەبوو حەفتا بریکاریی یاساییان هێنابوو کە لەبەردەم ئەنجوومەن کە لەبەردەم ئەنجوومەنە عورفییەکان و دادگاکانی سزا

بەرگریم لە تۆمەتبارانی کێشەی سیاسی کردبوو. ئەنجوومەن وای دانابوو گوایە منلەلایەن حیزبی شـیوعییەوە راسـپێردراوم تا لەبەردەم دادگا بەرگری لە شـیوعییەکان بکەم، لەو کێشـانەش بەرگریکردن لە هاوڕێ فەهدی سکرتێری حیزب و یاوالەکانی دیکەی لەبەردەم دادگای سزای بەغدا.
هەریەک لە نافیع یونس و جەمال حەیدەری و ئەحمەد غەفوور بەرگرییەکی سـیاسـییان سـەبارەت بە کێشـەی نیشـتمانی و ئەو جەماوەرە پێشـکەش کرد کە دژی پەیمانننامەی پۆرتسـمۆث راپەڕیبوون و، وایان دانا کە پەلکێشـکردنی نیشـتمان پەروەران بۆ بەردەمی ئەنجوومەنی سـەربازی و ئاوا بە توندی حوکمدانیان تۆلەکردنەوەیە لەو راپەڕینە، منیش بەرگریی خۆم پێشکەش کرد کە یاسایی و سیاسی بوو و گوتم:
بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی قەدرگران
دادگاییکردنی ئەوڕۆی ئێمە لەو دادگاییانە جودا نییە، کە لەوەتەی حوکمی عورفی لەهەموو عێراق ڕاگەیەندراوە، دژی کۆمەڵە نیشـتمان پەروەرەکان کراوە و دەکرێ. من کە لە لێکۆڵینەوەکانی تاوا بوویمە بەچاوی خۆم ئەشـکەنجەدانی تۆمەتبارانم دیوە تا بەزۆر دان بە ڕووداوگەلێکدا بنێن هیچ پەیوەندیی بەوانەوە نەبووە. سەبارەت بە شایەدەکانیش ئەوەم دیوە و بەبەرچـاو و لەبەر گوێی دادوەرەکـانی لێکۆڵینەوە وپێچەوانەی یـاسـا و ڕێوشـوێنەکان و ڕێوجێی دادگاییکردن ئەوە ڕوویداوە. لەو شـایەدانەی ئەوڕۆ گەواهیی درۆیان لە دژی ئێمە دا و گوتیان گوایە لە لیژنە حیزبییەکان لەگەڵ ئێمەدا بووینە، ئەری ئەوە پرسـیاری ئەوە دروسـتناکا ئەگەر ئەوان راسـتگۆبن بۆچی گەواهی لەسـەر هاوڕێیەکانیان دەدەن؟ ئەرێ ویژدانیان بەخەبەر هاتووە و پێیانوایە ئەو حکوومەتەی لە خۆپیشـاندانەکانداهاواریان دەکرد بڕووخێ و دەیانگوت دوژمنی گەلە، ئێسـتا بووەتە حکوومەتێکی نیشـتمانی و ئەوەی دژایەتییدەکا نیشـتمان پەروەر نییە و دەبێ‌لە بەندیخانە بپەسـترێ؟! ئەرێ ئەندامانی ئەنجوومەن نەیاندیت شـایەدەکان چاویان بەردابۆوە و تەماشـای چاوی ئێمەیان نەدەکرد و لە ناخی خۆیاندا بە بێدەنگی دەڵێن چ بکەین ناچارین درۆ هەڵبەسـتین و گەواهیتان لەسـەر بدەین. بۆیە، ئەو بەزۆر گەواهییدانە و خەڵکێکی هێشتا لە لێکۆڵینەوەکانی تاوان گیراون و بە پاسەوانیی ئەوان دەهێندرێن، گەواهیدانەکانیان یاسایی نییە و ناکرێ حوکمی یاسایی لەسەر بنیات بندرێ.
لەو بەڵگانەی دژی منتان هێنایەوە بەرگریکردنم بوو لە داوای سـیاسـیدا، بەڵی لەبەردەم ئەنجوومەنی حورفیی سەربازیی کەرکووک بەرگریم لە سیاسییەکان کردووە و، زۆربەی حوکمەکانی بە بێتاوانیی تۆمەتبارەکان دەرچووە دانی بەوەدا نـاوە کـارەکـانیـان کـاری نیشـتمانی بووە و لەهەردوو ڕووی سـیاسـی و یاسـایی تۆزی لەسـەر نییە. دەبێ من، کە

پارێزەرم و ئەو هەموو گاڵتەجاڕییەم لەپێشـــدا دەکرێ، چ بکەم. کە گەیشـــتمە ئەو جێیەنەعسـانی بە نووسـەرەکەی گوت قسـەکانی لە تۆمارەکەدا مەنووسـە، ئیدی خۆی بە هاواڵەنییەوە خەریک کرد و دەیگوت قسە بکە و بە نووسەرەکەیشی دەگوت مەنووسە و منیش لەســـەر قســـان بەردەوام بووم: دەبێ، منێکی ڕۆژی دەرچوونم شـــوێنـدم خواردووەگەڵ ڕاستی و دادپەروەریدابم و بەرگریی لێ بکەم، دەبێ لەکوێ بوەستم! وەک دڵسـۆزییەک بۆ ئەو شـوێندە، بەرگریم لە ڕاسـتی و دادپەروەری کردووە، ئەو ڕاسـتی و دادپەروەرییەی لە بن قوبیە و زیندانەکانی لێکۆڵینەوەکانی تاوان بێ بەها کرابوون. ئەوە ڕاســـتیی ئەو بریکارییانەن کە دراونەتە ئەنجوومەنە بەڕێزەکەتان، بۆیە، کە وەک هەر پارێزەرێکی ڕێز لە شـوێندەکەی دەگرێ کار بکەم، ئەوا هیچ تۆز و غوبارێکی بەسـەرەوە نییە، ئەوەش ئەرکێکە لە ئەرکە هەرە لەپێشـــەکانی پارێزەر، بۆیە داوای بێتاوانیی خۆم دەکەم.

کە تۆمەتبارەکان لە قسـەدانەکانیان بوونەوە، سـەرۆکی ئەنجوومەن بڕیاری حوکمەکەی خوێندەوە کە هەر پێشـــترێ ئامادەکرابوو و، ئەویش حوکمدانی ئەندامەکانی لیژنەی لقی کوردسـتان بوو و، ئەوانیش هەریەک لە نافیع یونس و جەماڵ حەیدەری و ئەحمەد غەفور بوون و حوکمەکەیان دەســـاڵ بەندی بە کاری گرانەوە بوو و، حەوت ســـاڵیش بۆمن و یوسف حەننا و سابیر قادر و، دوو ساڵیس بۆ تۆما شابا. هەرچی مەجید جەلال قەرەداغی بوو ناوی نە لە حوکمدراوان بوو و نە لە بەردراوانیش، کە لە هۆڵەکە دەچووینەدەرێ پرسـیی من ناوم لە بڕیاری حوکمەکە نەهاتبوو و، نەعسـانی بێ ئەوەی لە ناوی بپرسـێ، گوتی: "بڕۆ تۆش دوو ساڵ".

له بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا:

بەندیخانەی بەغدا" بەشە سیاسییەکەی" وێستگەی گواستنەوەی بەندکراوە سیاسییەکان بوو بۆ بەندیخانەی نوگرە سەلمانی بیابانی سەر سنووری سعودییە، یانیش بۆ بەندیخانەی کووت و، تەنیا بۆ چاوەڕوانیی کاتبوو تا خێزان و کەسوکار سەردانیان بکەن و پێداویستیی وەک جلوبەرگ و نوێن و پارەیان بۆ بهێنن.
هەرکە لە دەرگای بەندیخانە ناوەندیی بەغدا جووینە ژوورێ، بەندیوانەکان بەخۆ و بە تۆزەوە چاوەڕێیان دەکردین. جا چاوەڕێی ناڕەزاییەکی ئێمەبوون تا تێر لێدانمان بکەن، واتە "کەرەوان" کەرەوان دەربڕین دەربڕینێکی هیندییە و بەندیوانەکان بە دوو ڕیزی تەریب ڕادەوەستانو تۆبزی ئەستوور بەدەستەوە، جا بەندییەکەیان بەبەینی هەردوو ڕیزدا دەبرد و بێ بەزەییانە لێیان دەدا و کە لەوسەری دەردەچوو نیوەمردوو بووبوو. سەرەتای کارێ هەرچی جلوبەرگ و کەلوپەل بوو لەبەریانکردینەوە و لێیان ئەستاندین و تەنیا جلی بنەوەمان لەبەر ما، ئەوجا جلی پیس و زبری بەندیخانەیان داینێ، کە شەرواڵ و کراسێکی بێ قۆپچەبوو و هیچیان بەبەری بەندی ڕێک نەبوو. ئەوجا سەرتاش دەهات تا سەرمان سفر بکا و ئێستا پیاو دەبووە بنیادەمێکی دی.
هەندێ بەندکراوی ئاساییمان دیت جلی بەندیخانەیان لەبەربوو، بەڵام وەک چاکەت و پانتۆڵ هەڵبڕرابوو و دروابوو وڕێک بوو و قژیان داهاتبوو و ڕیشیان تاشرابوو. کە پرسیارمان کرد گوتیان ئەوانە فەرمانبەرن و پارەیەکی زۆریان دزیوە و حوکم دراون و بەند کراون!!!
جا لێرەش ئەرکی نووسین و هەژمار بەڕێوەدەبەن و ڕێزێکی زۆران لێ دەگیرێ، هەندێکیشیان ئەو شەقاوو و شەللاتییانەن کە کە بەڕێوەبەریی بەندیخانە دەیانهێنێ تابەندییەکان **ناچار** بکەن مل بۆ سیستەمی بەندیخانە بدەن کە میراتیی ئەو یاسایانەبوون بەریتانییەکان لە هیندستان جێبەجێیان دەکردن. جا بەڕێوەبەریی بەندیخانە پەنای بۆ بردبوون تا وا لەو بەندییە سیاسییانە بکەن ملیان بۆ بدەن کە ماوەی بەندییەکەیان کەمە.
لەو شەقاوانەش مەحمود قەرداش و هەدوو کوڕی خەببازەی "جەبار و ستار"، کە هەرسێکیان کوردبوون. بەندیخانە شەللاتییەکی دیکەشی تێدابوو، ئەویش خەلیل ئەبولهۆب بوو کە عەبدولکەری کننەی پارێزەر بۆ کوشتنی ڕکابەرەکەی هەڵبژاردنێی بەکاریهێنابوو، بەڵام بۆ بەرگری لە بەندییە شیوعییەکان بەرەوڕووی شەقاوەکانی دی ڕاوەستا و، دوایە بووە سیاسییەکی بەرگریی لە کێشە نیشتمانییەکان دەکرد.
مەحمود قەرداش کە لە بەندیخانە دەرچوو بۆ تۆڵەکردنەوە کوشتیان. هەرچی جەبار و ستار کوردی بوون، حکوومەتی بەعس، دوای ئەوەی لە تەقەلێکردنی گردبوونەوەیەکی

شـــیوعییانی گۆڕەپانی "ســـباع" ی ١٩٦٨ کە بۆ زیندوو ڕاگرتنی کۆبوونەوەی قوتابیانی ١٩٤٨ کردبوویان، بەکاریهێنان، دواتریش لە ١٩٦٩ هەر بەخۆی هەردووکی کوشتن. هەرچی خەلیل ئەبولهۆبیشـە، دادوەری گشـتیی سـەربازی لەسـەردەمی عەبدولکەریم قاسـم زۆر نامەردا فەرمانی غافلگوژیی دا.

پێش ئەوەی بچینە بەشـی سـیاسـی، ئێمەیان بردە لای ئاسـنگەر تا بە زنجیری ئسـن کۆتوبەندمان بکا، قۆناغی یەکەم کۆتکردنی قاچەکان بوو بە شـیشـێکی ئاسـنی "٣٠"سـانتیمەتر دەبوو و کۆتاییەکەی دوو ئاڵقەبوو دەوری قاچەکانی دەدا و بە بزمارێکی ئاسـن دەبەسـترا وئەگەر ئاسـنگەر نەیشـکاندبایە نەدەکرایەوە و ڕۆیشـتنی بەئێش بوو و خەو و ئامیی لەبەر دەبڕیی.

بەو دیمەنەوە چووینە بەشـی سـیاسـیی بەندیخانە، بەڵام ئەوە بۆ هاوڕێیانی پێشـتری لەوێبوون ئاسـایی بوو، هاوڕێیان بەخۆشـحاڵییەوە پێشـوازییان لێکردین و گەرماویان بۆ باخسـتین تا خۆمان بشـۆین و ژەمە خۆراکێکیان بۆ ئامادەکردین و ئەوجا ڕایەخ تا تۆزێ وچان بدەین.

ئەو بەندیخانەیە هەندێ کەسـی تێدابوو کە بەردەوام لەوێ دەمانەوە، ئەو کەسـانە خزم و ناسـیاوی نزیکی پیاوانی دەسـەڵاتان هەبوو و هەر لەسـەر لیسـتی گواسـتنەوە دەمانەوە، بەڵام بێ ئەوەی بیانگوازنەوە. دوای چەند ڕۆژێک هـاوڕێیـان نـافیع یونس و جەمـاڵ حەیدەری و ئەحمەد غەفور و چەندانی دی گواسترانەوە بەندیخانە نوگرە سەلمانی بیابان، کە دووبارە دەرگای بۆ وەرگرتنی ئەو بەندییە سیاسییانە کردبووەوە کە حوکمی گرانیان هەبوو. ئەوانەی بەبەردەوامی مانەوە منو شـــەریف ئەلشـــێخی پارێزەر و عەبدولڕەحیم شـــەریف و ســـەفوەت ئەمین زەکی و عەبدولجەبار شـــەوکەت ســـڕی حوســـێن ئەحمەد ئەلڕەزی"ســـەلام عادل" و عەلی حوســـین بەگی جاف و عەلی فەتاح دزەیی و ئیبراهیم ئەحمەد و جەلیل هۆشـــیار بووین و ئەو دووەی دواییـان لە حیزبی دیموکراســـیی کوردسـتانی بوون لە لیژنەی هاوکاریی نیشـتمانی و لەگەڵ سـوبحی محەممەد قەبانچی و ژمـارەیەکی دیکەی بەنـدکراوەکـان. کە منیش لە شـــیوعییەکـانی دیکەی بەنـدیخـانەکە کۆنتربووم و لەســـەر پێشـــنیاری هاوڕێیان جەماڵ حەیدەری و نافیع یونس و ئەحمەد غەفور و ئەوانیدیشلە بەندیخانەکە بوومە بەرپرسی یەکەم و عەبدولجەبار سەوکەتیشمان کردە نوێنەر بۆ هەرکارێکی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هەمان بێ.

چونکە حیزبیش لەدەرەوە لێدانی کوسندەی بەرکەوتبوو، ئیدی خۆمان لەوەی لادەدا لەگەڵ بەڕێوەبەریی بەندیخانە یەکانگیربین و، بارە کۆمەڵایەتی و خانەوادەییەکەمان لێنەدەگەرا بەڕێوەبەریی بەندیخانە دەســـتدرێژیمان بکاتە ســـەر. ئەنجوومەنی عورفیی ســـەربازییس

بەردەام کۆمەڵە بەندیی سیاسیی دیکەی ڕەوانەی بەندیخانەکە دەکرد و، لەوێڕا دەناردرانە نوگرە سەلمان و کووت.
بڕێکی باشی خواردنی لە قوتوونراوی هەمەجۆرمان لا کەڵەکە ببوو، کە لە کەسووکاریش نزیک بووین ئیدی ژەمەخۆراکیان بۆ دەهێناین و پێویستمان بەو خواردنە لە قوتوونراوە نەبوو. من، لەگەڵ هەموو کۆمەڵێکی ڕەوانە دەکران، بۆ بەندییەکانی نوگرە سەلمانم دەناردن.
گرنگترین کاری بێ ئاگاداریی بەندییەکان لە بەندیخانە کردم و، بۆم بووە سەرئێشە، ئەویش ئەوەبوو زانیمان چاپخانەیەک لە دەرەوە هەیە و هیی کەسێکە و دەیەوێ لەکۆڵ خۆی بکاتەوە و ڕێکدەکەون بە ٣٨ دینار بیکڕن. ئەو پارەیەی بۆ هاوڕێیان دەهات لای من کۆدەبووەوە تا هەندێ پێداویستیی پێبکڕین.ئیدی ئەو برە پارەیەم بۆ کڕینی چاپخانەکە هەنارد و درایە ڕێکخراوی حیزبیی لە بەغدا خۆی ڕێکخستبووەوە و، توانیی سەرلەنوێ ڕۆژنامە و بەیاننامە بڵاوبکاتەوە. لە بەندیخانە پێویستمان بە برەپارەیەک بوو بۆ کڕینی هەندێ پێداویستی، بەڵام پارەکە لەبەردەستدا نەبوو، لەسایەی گومانی هەندێ هاوڕێ و متمانەی هەندێکی دیداوای ئەو پارەیەم لە شێخ عەتای برام کرد و ئەویش دایمێ و پێویستمان بە ڕادیۆیەک بوو تا گویمان لە دەنگوباس بێ، شێخ ئەویشی لەژێر مەنجەڵێکی گورەی پەردەپڵاو هێنا و توانیمان بێ پشکنین بیهێنینە ژوورەوە،'سەعدون مەحمود ڕامز'ی مەئمووری بەندیخانە دەستی لە هینانی هەندێ کەلوپەل شل دەکرد.

مشتومڕێکی توند لەگەڵ ماجید مستەفای وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی:

بەڕێز ماجید مستەفا، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیبوو و بەڕێوەبەریی بەندیخانەکانیس سەر بەویێ بوو، کە پێشتر باسی ئەو پیاوەم کردووە، ڕۆژێکیان بە ئاواڵیی بەڕێوەبەری گشتیی بەندەخانەکان و ساڵح فەوزیی بەڕێوبەری بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا و چەندانی دی سەردانی بەندیخانەیان کرد، کە نوێنەریشمان بۆ سەردانیی بەرپرسان عەبدولجەبار شەوکەت بوو، ئیدی لە بەندیخانە پێشوازیی لێکردن و داواکارییەکانی پەیوەست بە بارودۆخی خۆمانی لە بەندیخانە خستە بەردەمیان و پەیوەندیم پێیەوە کرد تا داوای لێ بکەم مادام سەردانیکەر وەزیری دەوڵەتە ئەوا دەبێ کێشە سەرەکییەکانمانی بۆ باس بکا کە ئەو حوکمە گرانانەیە لە ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی بەسەرماندا سەپێنراوە، ئێمە بەندیی سیاسیین و دەبێ مافە یاساییەکانی بەندیی سیاسیمان هەبێ و نابێ وەک تاوانباری ئاسایی کۆتوبەند بکرێین. کە وەزیر دیتی قسە بۆ عەبدولجەبار شەوکەت دەکەم، داوای کرد قسە بۆ ئەو بکەم و ئەویش دەیناسیم و سڵاوم لێکرد و داواکارییە سەرەکییەکانم بۆ خستەڕوو، داوامکرد بەندیخانەی نوگرەسەلمان نەمێنێ و ئێمە بە بەندیی سیاسی دابنرێین و ئەو کۆتوبەندەمان بۆ لادەن و چاوێک بە حوکمە ناڕەوایانەدا بخشێننەوە کە ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی بەسەریدا سەپاندووین، کە گوتیشم : "وەزیری بەڕێز ئێمە بەندیی سیاسیین نەک تاوانبار"، بێ هۆ لە قسەکەم توورەبوو و گوتی: "ئەگەر تاوانبار نەبوونایە کۆتوبەندیان نەدەکردن".

هەر بەو بۆنەیەوە ئەوە دێنمەوە یاد کە ڕۆژنامەی قاعیدە لە ١٩٤٥ نووسینێکی بە ناونیشانی"گەلی کورد لەبەینی هانێ و مانێ"[37] نووسیبوو و ماجید مستەفای بە "سیخوڕی فێڵباز" وەسفکردبوو و، ماجیدیس وایدەزانی من وتارەکەم نووسیوە، لەکاتێکدا ئەودەمی هیچ پەیوەندییەکم بە حیزبی شیوعیی عێراقی و بە وتاری ناوبراوەوە نەبوو.

لەسەر مکوڕیی بەڕێز ماجید مستەفای لە نووسینگەکەی لە کۆمپانیای "ئوور" ی بازرگانی چوومە دیدەنیی، سەبارەت بەو بابەتە پێیگوتم: "من لە ١٩٣٨ شیوعی بووم" دەیویست بڵێ کاتێک من شیوعی بووم ئێوە هیچتان لە شیوعییەت نەدەزانی. کە ئەو گوزارە زبرەیشی لە بەندیخانە لەدەم هاتەدەرێ، لەبەرچاوی ئامادەبووان قسەکەی کۆمپانیای ئوورم

[37] ـ پەندەکە دەڵێ: لەبەینی هانێ و مانێ، بووینە دەسکی ڕحانێ. مەبەست ئەوەیە لەنێوان دوودڵیدا بێکەلک دەکەوین و نووسەری وتارەکەش دەبێ هی ناوچەی هەولێری بووبی چونکە ئەو پەندە بەو بنزارەی گوترایە. "ل .ب".

بەبیرهێنایەوە کە گوتبووی من شیوعی بووم و لێم پرسی: "ئەرێ ئێستا لەوکاتی خۆی بە تاوانبار دادەنێی؟"، ئیدی خێرا لە بەندیخانە جووەدەرێ و هەڕیشە و گوڕەشەی دەکرد.
ڕۆژی دواتری، سـالّح فەوزیی بەڕێوەبەری بەندیخانە بەدوایدا ناردم و گوتی: "پزیشـک دەڵێ تۆ نەخۆشـی و بەرگەی کۆتوبەند ناگری، جا پێشـنیاری ئەوەیە کۆتوبەندەکەت بشکێندرێ" گوتم: "من تەندروستی زۆر باشە و ئەگەر کۆتوبەندی هەمووان نەسکێنن، هیچ پاساوێک نییە تا بەتەنێ کۆتوبەندی من بشکێنن"، دوای چەند ڕۆژێک بڕیارێک لە لیژنەی پزیشکی دەرچوو و کۆتوبەندی هەمووانیان شکاند.

دادگاییکردنی عەبدولڕەحیم شەریفی سەرکردە لە حیزبی شەعب:

عەبدولڕەحیم شـــەریف یەک لە ســـەرکردە ســـەرەکییەکانی حیزبی شـــەعب بوو و ئەو حیزبەش دوای مۆڵەتی حیزبە سیاسییەکان لە٢ی نیسانی ١٩٤٦ بە ئاشکرا کاری دەکرد و ســـەرۆکەکەی عەزیز شـــەریف بوو. کە حکوومەتیش ئەو ئازادییە دیموکراســـییانەی سەندەوە، پێشتری، لەژێر فشاری کارە جەماوەرییەکانی ناوخۆ و دۆرانی نازیزم لە دنیا، ناچارکرابوو دانیان پێدا بنێ، ئەوا حیزبی شـــەعبش شـــەرعییەتەکەی لێســـەندرایەوە و ناچاربوو بە نهێنی کاربکا. حیزبی ســـەعب لە ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ بەشـدار بیوو و چەدین شەهیدی دابوو، ئیدی ڕوون و ئاشکرا دیاربوو ئەو حیزبەش بەشی خۆی لە ســـتەم و تۆقاندنی حکوومەت بەردەکەوێ و، عەبدولڕەحیم شـــەریفیش لە بەرایی ئەو کەسانە بوو کە حوکمێکی ستەمکارانەی بەسەردا درا.
عەبدولڕەحیم شـــەریف کەســـایەتییەکی نەرم وخاکەڕا و ڕووخۆش بوو و بگرە لە کاتە تەنگ و ناخۆشەکانیش هەر وابوو. هەندێ شیوعی لە کەمکردنەوەی ڕۆڵی حیزبی شەعب لە بزووتنەوەی نیشـــتمانیدا تێیاندەپەڕاند و هەندێ قســـەیان وەبەرگوێی عەبدولڕەحیمیدا دەداکە نیشانەی هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی حیزبە نیشتمانییەکانی دیکە بوو و، بەتایبەتییس لەو ماوەیەی حەمید عوســـمان دەســـتی بەســـەر ســـەرکردایەتیی حیزبدا گرتبوو و یەک لە ســـەندیکاییەکانی، کە عەبدولحەســـەن عەبدولجەبار بوو، کردبووە لێپرســـراوی ناوچەی بەندیخانەی بەغدا و، یەکەم کاری ئەو کابرایە کردی دەرکردنی عەبدولڕەحیم شـــەریفی حیزبی شەعب و ئیبراهیم ئەحمەد و ڕەشید عەبدولقادری حیزبی دیموکراسیی کوردستان و جەلیل هۆشیار و کامل قەزانچی و چەندانی دیکەی لە ڕێکخراوەکەی بەندیخانە دەرکرد کە ڕێکخراوێکی حیزبی نەبوو و شیوعییەکان بۆ ڕێکخستنی ژیانی بەندییەکان و پاراستنی مافەکانیان سەرکردایەتییان دەکرد.
عەبدولڕەحیم بەنهێنی پەیوەندیی بە حیزبەکەیەوە دەکرد و، ڕۆژێکیان چووە دیدەنیی کەســـوکار و برادەرەکانی، پشـــکنینە ئاســـاییەکانی بۆ کرا، بەڵام نامەیەکی حیزبییان لەلا دیتەوە کە دەیویســـــت بۆ هەڤاڵەکانی بەغدا بنێرێ. بەڕێوەبەریی بەندیخانە نامەکەی بە عەبدولڕەحیمەوە هەناردە لێکۆڵینەوەکانی تاوان تا لێکۆلینەوەی لەگەڵ دا بکرێ. دوای لێکۆڵینەوەیەکی خێراش هەواڵەی دادگای ســـزای بەغدا کرا و ســـەرباری حوکمەکەی پێشتریی دووساڵی دیکەیشیان بۆ بڕییەوە.

عەبدولڕەحیم بە پێکەنینەوە هاتەوە، لێمان پرســـی: چەند حوکمدرای؟ گوتی دادوەر دووســـاڵی بەندی دامێ، بەڵام حیلەیەکم لەگەڵ کرد و ماوەی بەندیەکەم لێ تێکدا. گوتمان چۆن؟ گوتی دادوەر پرسیاری تەمەنی کردم و گوتم ٤٠ ساڵم، لە ڕاستیدا ٤٢ ساڵم و لە بەرانبەر ئەو دووســـاڵە نوێیەی بەندیم دووســـاڵم لە تەمەنم کەمکردەوە. ئەو ئاوا بەگاڵتەجاڕی و نوکتەوە بەرەوڕووی حوکمەکانی بەندی دەبووەوە.
ماوەیەک لە ماوەکانی بەندیخانەی بەغداما ن، شـــەکر و چامان کەم ببوو ئەودەمی من لێپرســـراوی ڕێکخراوی حیزبیی بەندیخانەبووم، شـــیوعییەکانم بە نهێنی کۆکردەوە وتیمگەیاندن دۆخەکە چۆنە وبۆم ڕوونکردنەوە کە خەڵکی ناحیزبی و هیی حیزبە نیشـــتمانییەکانی دیکەشـــمان لەگەڵدا دەژین، پێشـــنیارم بۆ کردن وەک جاران چا لێبنێن، بەڵام پێشکەشی ەوانەسی بکەن کە شیوعی نین و شیوعییەکانیش ئەوەیان بە سنگێکی فراوانەوە قبووڵ کرد. ئیدی سووســەم بۆبەرپرســی دابەسکردنی چای کرد، کە هاوڕێ محەممەد ئەمین حەیدەری بوو،تا چا بداتە ئەوانەی شیوعییش نین هەتا ئەو تەنگدەستییە تەواودەبێ و ئەویش وایکرد. عەبدولڕەحیم شـــەریف تێبینیی ئەوەی کردبوو ئەوەی چا دابەشـــدەکا دەیداتە هەندێک و هەندێک نا، هات و پرســـیاری هۆیەکەی کرد و، منیش ڕاســـتییەکەم پێگوت. گوتی: بۆ بەچیم دادەنێن، ئەدی یەکێک نیمە لە ئێوە؟ ئەدی منیش قوربانی بەو ستانە نادەم کە ئێوە قوربانیی پێ دەدەن؟ هیوادارم بەو هاوڕێیەتا بڵێی وەک هاوڕێیەکی خۆتان مامەڵەم لەگەڵ بکا. ئیدی سوپاسی هەست و هاوکاری و هاوڕێیم کرد و لە ژیانی سەختی بەندیخانە بووینە هاوبەشی، لەکاتێکدا ئەوانیدی ئەو هەستەیان نەبوو، یانیش هەیانبوو بەڵام چاویان لێ دەنووقاند.

حەمید عوسمان، لە نوگرەسەلمان، بزووتنەوەیەکی کودەتایی دەکا:

حەمید عوسمان بەندیی هەتاهەتای بۆ بڕابووەوە و لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان بوو و، زۆربەی کادیرە سەرەکییەکانی حیزبیش هەر لەو بەندیخانەیەبوون. بەرپرسی یەکەمی ئەویش هاوڕێ سالم عوبێد نوعمان بوو، پێش ئەوەی بشگیرێ ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بوو، حەمید عوسمان بەندییەکانی لەدژی سەرکردایەتیی رێکخراوی حیزبیی ئەوێ دنەدا و بارودۆخە تەنگەکەی بەندییەکان و هەندێ کەمتەرخەمی و خەمساردیی کارەکانی لیژنەی ئەوێی قۆستەوە، ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی دووبەرەکیی رێکخراوی حیزبیی ئەوێ و هەبوونی دوو رێکخستنی حیزبی. بەڵام حەمید عوسمان لە کارە دووبەرەکییەکانی بەردەوام بوو تا دەست بەسەر رێکخراوە حیزبییەکانی بەندیخانەکانی دیکەشدا بگرێ. ئیدی "عەبدولحەسەن عەبدولجەبار"ی کرێکاری سەندیکایی بە هەنجەتی چارەسەری پزیشکی هەناردە بەندیخانەی بەغدا تا بەرپرسیارییەکە لە من وەرگرێ، منیش بۆ ئەوەی لە دووبەرەکییەکی حیزبی وەک ئەوەی نوگرەسەلمان دووربین ملم بۆ دا، بەڵام هەڵسوکەوتەکانی کاریان لە بارودۆخی بەندییەکانی بەغدا کردبوو.

وەک باسم کرد، نوێنەری حیزبی دیکەش لەبەندیخانەی بەغدا هەبوون. هەموو ئەندامانی لیژنەی بەندکراویشی جیاکردەوە و لەوانیدیی دابڕین و، لەوەش پتر بەبێڕێزییەوە مامەڵەی لەگەڵ خەڵکەکەی دی دەکرد. شەوێکیان کە کۆببووینەوە و گۆرانی سیاسیمان دەگوت، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەلاماندا تێپەڕی و عەبدولحەسەن رووی گۆرانیی لەوی کرد و گوتی: "هەلپەرستینە بەشتان مردنە". نارەزاییم بەرانبەری دەربڕی و گوتم: "هاوڕێ، ئەوانە نیشتمان پەروەرن و بە تۆمەتی هاوکاریی حیزبی شیوعیی رۆژانی راپەڕینی لیژنەی هاوکاریی نیشتمانی بەندکراون و هەلپەرست نینە، دابڕینیان لە ئێمە هەڵەیەکی گەورەبوو و ئەگەر لە بەندیخانەدا نەتوانین هاوکاریی یەکدی بکەین ئەی لەکوێ بیکەین؟". بەڵام لەسەر هەڵوێستە هەڵەکەی سووربوو و پەنای بۆ هەڵوێستی هاوڕێ فەهد برد کە لە بەندیخانەی کووت بەرانبەر داود ئەلسائیغ نواندبووی، بەڵام ئێستا ئەو دوو هەڵوێستە زۆر لەیەکدی جودان. داود سائیغ تا دوا هەناسەی ژیانی بەناوی شیوعیبوونەوە کاری دووبەرکی و هەلپەرستیی دەکرد و دژی حیزبی شیوعی بوو، لەکاتێکدا ئەوانە نیشتمان پەروەرن و، ئێستا چەندیش لۆمەی خۆم دەکەم چونکە بەتوندی رووبەرووی ئەو هەڵوێستە هەڵەیە نەوەستام و با بەهەر نرخێکیش بووایە، چوندیشم ئازار دەکێشا کە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلیل وشیاری برادەرم بدیتبا دەبووایە روو لەولای بکەم، لەبەر

هیچیش نا هەر لەبەر ئەوەی شـــیوعی نەبوون، لەکاتێکدا پێکەوە لەیەک ژووربووین و باســـی بابەتی هەمەجۆری شـــێوازی هاوکاریی نێوان هەردوو حیزبی شـــیوعی و دیموکراسیی کوردیمان دەکرد.

مامۆســـتا ئیبراهیم ئەحمەد چەندین نووســـراوی وەبیرهێنانەوەی دایە عەبدولحەســـەن عەبدولجەبار و گلەیی لە پەیوەنیی خراپهەڵوێستی هەڵەیان دەگرت، بەڵام عەبدولحەسـەن ئەوەی بە کاێکی دروســـتی بەرانبەر "هەلپەرســـتان" دادەنا و، عەبدولحەســـەن ئەندامێکی کرێکاریی کرێکارەکانی بەندەری بەسرا بوو و، لە مانگرتنەکانی کرێکاران بەشدار ببوو و ســـەندیکاییەکی باش بوو و بەندیی تاهەتای بۆ بڕابووەوە، بەڵام کەمترین زانیاریی مارکســـیزم-لینینیزمی نەبوو و وەک گوتم لاســـایی لێبڕاوییەکەی فەهدی دەکردەوە تا لەجێی نابەجێ و بە وشـکی لەبەرانبەر هەلپەرســتەکانی بزووتنەوەی شـیوعی بەکاریان بهێنێ.

فیکری ڕاسڕەو و چەپڕەوی سەرکردایەتیی بەهادین نوری:[38]

لە ئەنجامی ئەو خیانەتەی کمەڵێ شـــیوعی لە حیزبەکەیان و هاوڕێکانیان کرد، لەوانەش عەبدولوەهاب عەبدولڕەزاق و یەهوودا و مالک سیف و فوئاد بەهجەت و مەجید ڕەئوف و ڕەفیق چالاک و کەســـانی دیکەیش، ئیدی حیزبی شـــیوعی یەک لەدوای یەک لەســـەر سێدارەکانی بەغدا دەستی لێ وەشێندرا و سەدان سەرکردەی حیزب وئەندامانی بردرانە بەردەم دادگا ســـەربازییەکان و بە حوکمی کاری گرانەوە لەوێ هاتنەدەرێ و بەرەو بەندیخانەکان بردران.

ئەو ئەندامانەی ســـەرکردایەتیی لە گرتن دەرباز ببوون لەجیاتی ئەوەی پاشـــماوەی ئاڵقەکانی حیزب کۆکەنەوە و بەرێکی بۆ پاراســـتنیان بکشـــێنەوە، هەندێ ئەندامی لەو بارودۆخیدا سەرکردایەتیی حیزبیان دەکرد، لەسەر ڕێچکەی سەرچڵیی دوور لە مارکسیزم بەردەوامبوون. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە جەماوەر داببڕێن و ســـەرلەنوێ لەســـەریەک دەست لە حیزب بوەشێندرێتەوە. لەو سەرکردانەش هاوڕێ بەهادین نوری بوو کە دواترێ بووە سەرکردە.

یەک لە بیرۆکە چەپڕەوەکانی هاوڕێ بەها بانگەشەکەی بوو بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی میللی لەجیاتیی بەرەی نیشـــتمانی. ئەوەش مانای وابوو هێڵێکی ڕاســـت و چەپ بەســـەر ڕۆڵی بۆرژوازیای نیشـــتمانیی عێراقیدا بهێنرێ، وەک ئەوەی لەو قۆناغەدا هەرچی بارگەی شۆڕشگێڕییە نەیمابێ، لەکاتێکدا بۆرژوازیا نەگەیشتبووە دەسەڵات و ببەرژەوەندییەکانی خۆی دەســـتەبەر نەکردبوو تا خۆی لە بزووتنەوەی نیشـــتمانی بتەکێنێ. چەمکی بەرەی میللییش ئیحای ئەوەی دەدا حیزبی شـــیوعی ســـەرکردایەتیی بەرە و بزووتنەوە بکا، لەکاتێکدا حیزبی شـــیوعی لە دۆخێکدا نەبوو بتوانێ بەرەیەکیلەو جۆرە بەرپا بکا و ســـەرکردایەتییشـــی بکا. ئەو بیرۆکـانەس تەنیـا بەوەی لێکـدەدرێتەوە کە بیروڕای هەلپەرستانەی چەپڕەوین.

دووەم شـــتی لۆمەی هاوڕێ بەهادینی لەســـەر دەکرێ ئەوەیە کە ئەو باوەڕنامەکەی، دەربڕینی بیرۆکەیەک بوو ڕەخنەی لە هەڵوێســـتەکانی ســـاڵانی چلی ســـەدەی بیســـتەمی

---

[38] _ بەهادین نوری:لە ١٩٢٧ لە سـلێمانی لە خێزانێکی جووتیاری ئایینذۆسـتی گوزەران خۆش لەدایکبووە. ئامادەیی تەواوکردووە و، لە ١٩٤٤ چووەتە ڕیزی حیزبی شیوعی. لە ١٩٤٩- ١٩٥٣ سکرتێری لیژنەی مەرکەزیی حیزب بووە، لە نیســـانی ١٩٥٣ گیراوە و لە ١٩٥٥ ڕەگەزنامەی عێراقیی لێســـەندراوەتەوە. لە ١٩٥٨_ ١٩٦١ بە ئەندامی مەکتەبی ســـیاســـی هەڵبژێردراوە و، پاشـــانیش لە ١٩٦٤ هەتا نەوەدەکان ئەندامی لیژنەی مەرکەزی بووە . لە ١ی ١٢ی ٢٠٢٠ دوای ئەوەی دووچاری ڤایرۆســـی کۆرۆنا بوو کۆچی دوایی کرد. بۆ زیاتر: المصـــدر الســـابق، ص١٩؛ نقلا عن حنا بطاطو، المصدر السابق، ج٢، ص٣٢٣.

ســـكرتێری گشـــتیی حیزب دەگرت دەربارەی مـافی کوردان لەوەی خۆیـان بڕیـاری چارەنووســـی خۆیان بدەن، گوایە ئەوە "هەلپەرســـتی"یە. بەڵام با بچینەوە ســـەر ئەوەی هاوڕێ فەهد لە ڕۆژنامەی قاعیدەی زمانحاڵی حیزبی شیوعی لە ١٩٤٥ نووسیویەتی، کاتی داوا لە کوردان دەکـا خەبـات بۆ دیموکراســـییەت بکەن چونکە "تەنیـا لە ســـایەی دیموکراسییەت کورد دەتوانن ئەوەی بە ئاشکرا دەربڕن داخوا دەیانەوێ جودا ببنەوە یان لەناو دەوڵەتی عێراق بمێننەوە". باشـــە ئەوە دانپێدانانێکی ڕاشـــکاوانەی هاوڕێ فەهد نییە بەوەی کورد مافی خۆیانە جوداببنەوە و دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ دامەزرێنن یان بڕیاری مانەوە لەناو عێراق بدەن و شـــێوەیەکی دیکەی دەســـەڵات هەڵبژێرن؟ باشـــە دەبێ مافی چارەی خۆ نووســـین لەوەی زیاتر چ بێ ئەگەر گەلی باسـکراو بتوانێ مافی جودابوونەوە هەڵبژێرێ، ئەرێ هەڵوێستی هاوڕێ بەها، بە ڕەتکردنەوەی هەڵوێستی ڕاشکاو و ڕەگازۆی هاوڕێ فەهد ســـەبارەت بە مافی کوردان لە مافی چارەی خۆ نووســـین و تێیدا مافی جیابوونەوەش، بە هەڵوێستێکی ڕاستڕەو دانانرێ؟

قەسابخانەیەک لە بەندیخانەی بەغدا:

دوای ئەوەی مانگرتن لە خواردن لە بەندیخانە سیاسییەکان درێژەی کێشا، لەوانەش بەندیخانەی نوگرە سەلمان و کووت و بەغدا، کە داواکارییون داخستنی بەندیخانەی نوگرە سەلمسن و گواستنەوەی بەندییەکان بوو و بەپێی یاساش بەندییەکان مافی بەندیی سیاسییان بدرێتێ و چاویش بەو حوکمە ستەمکانەدا بخشێندرێتەوە کە لەسایەی حوکمە عورفییەکادا بەسەریاندا سەپاندبوون ، ئەوجا بەندییەکانیان لە هەردوو بەندیخانەی ەغدا و کووت کۆکردەوە.

بارودۆخی بەندیخانەکانی ئەو سەردەمی بێبارییەکی سیاسی و فیکری توندی بەخۆوە دیت، لە دۆخ و کەشێکی سیاسیی ئاوادا خۆپیشاندانەکان لە ڕاپەڕینی ١٩٥٢ لە بەغدا تەقینەوە و هەموو عێراقی گرتەوە، خەریکبوو دۆخەکە لەدەسەڵاتی حکوومەت دەربچێ، لە یەک لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی هەستابوو و ڕووی لە باولموعەززەمی نزیک بەندیخانەی بەغدا کردبوو، دەینەڕاند و داوای بەردانی بەندییە سیاسییەکانی دەکرد، بەندییەکان بە هوتافی دژەحکوومەت وەلامیاندانەوە و داوایان دەکرد بەربدرێن، جا ئەو کارە وای لە حکوومەت کرد داوا لە نورەدین مەحمودی سەرۆکی ئەرکانی سوپا بکا وەزارەتێکک بەناوی سوپای عێراقی پێکبێنێ کە ئەوان ڕۆژان هاوسۆزی خۆپیشاندەران بوو.

پێکهێنانی ئەو وەزارەتە گەلی نەخەڵەتاند، کە حکوومەتەکەی نورەدین مەحمود دەستی بە نرخ دادانی هەندێ جۆر ۆراک کرد، هاووڵاتییەک بە گەپجاڕییەوە برووسکەیەکی هەناردبوو: "کە نرخی شێلمتان دانا دڵمان ئاوی خواردەوە، بە ئومێدی خودا بەرەو پێش برۆن". ئەو کارەشی وای لە حکوومەت کرد بیباتە پێش دادگا و بە تۆمەتی گاڵتەکردن بە بەرپرسان شەش مانگیان بەندی بۆ بڕییەوە.

بەندییەکان لەسە ئەوەی مکوڕبوون چاوێک بەوحوکمانەدا بخشێنرێتەوە کە بەسەریاندا دراوە و، بەریان بدەن و مافی بەندیی سیاسییان بدرێتێ و بارودۆخیان لە بەندیخانە باشتر بکرێ.

دوای دوو مانگرتنی دوای یەکدیی لە بەندیخانەکان کران و هەریەکەیان نزیکەی مانگێکی خایاند و تێیدا نوعمان محەممەد ساڵحی کادری شیوعی مرد کە جەماوەری بەغدا بە خۆپیشاندانێکی گەورەوە بەخاکیان سپارد، حکوومەت ناچاربوو بەیانێک دەربکا و لە ئێستگەش بڵاوکرایەوە و گرنگترین شتێکی لە بەیاننامەکەی حکوومەتدا هاتبوولیژنەیەکی بە سەرۆکایەتیی مامۆستا حەبدولجەبار تەکەرلیی جێگری سەرۆکی دادگای تەمیز لە گەورە دادوەران پێکهێنا، تا جاوێک بەو حوکمانەدا بخشێننەوە کە لە ئەنجوومەنە

عورفییەکان دەرجووبوون؛ تێیدا داواش لە بەندییان کرابووهەریەکەیان داوایەک پێشکەشی لیژنەکە بکا تا سەیری کێشەکەی بکرێتەوە و، دانیشی بە زۆربەی ئەو مافانەدا نابوو کە لە سیستەمی حوکمدراوەکا سیاسییەکاندا هاتبوو، هەر بەڕاستیش کۆتوبەندی ئاسنینی بەندییەکانیانلادا و ڕێیاندا کەسوکاریان هەفتەی دوو جار بێنە سەردانیان و ڕێ درا کتێبیشیان بۆ خوێندنەوە بۆ بێنن.

حکوومەت، لەژێر فشاری جەماوەر، ناچاربوو دەستبەرداری هەندێ شت بێ، کەچی چاوی لە هەلێک بوو تا ئەو دەسکەوتانە بسەنێتەوە و، بەندییە سیاسییەکان لە بەندیخانەیەک دوورخاتەوە کە بکەوێتە جەرگەی بەغدای ڕەنگە جەماوەر لە دۆخێکی تایبەتدا بەسەر بەندیخانەکەدا بدا و بەندییەکان ئازاد بکەن. لە سەرەتای ١٩٥٣ دەبگۆیەک لە بەندیخانە بڵاوبووەوە گوایە حکوومەت بەنیازە ئەو بەندییانەی لە بەندیخانەی بەغدان کۆمەڵ کۆمەڵ بگوازێتەوە بۆ بەندیخانەی باقووبە، تا بتوانێ ئەو دەستکەوتانە بسەنێتەوە و دیسان کۆتوبەندیان بکاتەوە و ناچاریان بکا جلی بەندیخانە لەبەر بکەن.

هەر بەڕاستییش، بەرەبەیانی ١٧ی حوزەیرانی ١٩٥٣، قۆمیسەری بەندیخانە هاتە بەر دەرگای بەندیخانە و لیستێکی بەدەستەوەبوو ناوی بیست بەندیی تێدابوو، بۆی خوێندینەوە و پێیگوتین گواستنەوەکە سبەینێ سەعات یەک جێبەجێ دەکرێ.

ئەودەمی من، لەگەڵ یوسف حەننا ئەلقەس و گریگۆر بدرۆسیان و حاجی بەشیری بەبنەچە سەنیگالی بوو و لە حیلله ژیابوو و کاسانی دیکەش، لەدەرەوەی ڕێکخراوی حیزبیی بەندیخانەبووین. ڕێکخراوی حیزبی هەندێ نووسراوی داواکاریی پێشکەش دەکرد زێدەڕۆییەکی زۆری تێدابوو، لەکتێکدا من پێموابوو راپەڕین کۆتاییهاتووە و چەندین دەستەی نوێی تێکۆشەران بە خۆ و بە حوکمی گرانەوە ڕەوانەی بەندیخانان کراون و، نوگرە سەلمانی بیابانیش دیسان کراوەتەوە و چەندین دەستەی حوکمی گرانیان بەسەردا دراوە ڕەوانەی ئەوێ کراون. ئاخر چۆن فێری هێرش و بەسەردادانی پێگەکانی دوژمن بووبووین،دەبێ ئاواش فێربین چۆن بە ڕێکی بکشێینەوە تا دوژمن نەتوانێ بمانشکێنێ. دووربەدوور ڕەخنەم لە هەڵسوکەوتی ڕێکخراوی حیزبی دەگرت و داڕشتنینووسراوی داوایەکانم بە هەڵە دادەناکە پێشکەش دەکران و پێموابوو نەوت بە ئاگردا دەکەن. کە ئێستاش بەڕێوەبەرێکی تازەیان بۆ بەندیخانە هێنابوو و ئەویش"عەبدولجەبار ئەیوب" بوو و بەوە ناسرابوو کێشە و بیانگان دروستدەکا تا ئازاری بەندییان بدا.

ڕۆژێکیان سەلیم چەلەبیی بەرپرسی یەکەمی لیژنەی حیزبی سەردانی کردم و داخوا لەو دۆخە تەنگەدا چۆن هەڵسوکەوت بکرێ، دوای ئەوەی بارودۆخی دای ڕاپەڕین و هێرشە دڕندانەکەی حکوومەتی بۆ باسکردم، پێشنیارم بۆ کرد بەهێمنی و هاوئاهەنگیی دەرەوەی

بەندیخانە بجوولێتەوە و، شێوازی ئەو نووسینانەی داواکاری بگۆڕن کە داوای جێبەجێکردنی یاساو سیستەمەکانیان دەکرد و دەریشی بخەن کە لاریمان لەوەی نیی بمانگوازنەوە بەندیخانەی باقووبە، بەو مەرجەی حکوومەت ئەو شتانەی خوارەوە دەستەبەر بکا:

١_ بەندییەکان لەهەر دەستدرێژییەک پارێزراوبن.

٢_ ئەو دەستکەوتانەی لە ١٩٥٢ بەدەستیان هێناوە هەر بمێنن.

٣_ هەموو پێکەوە بگوازرێنەوە نەک دەستەدەستە.

٤_ گواستنەوەیان تا دوای دیداری کەسوکاریان دوابخرێ تا ئەو پێداویستییانەیان بۆ بێنن کە لەوێ پێویستیان پێی دەبێ.

سەلیم چەلەبی بە پێشنرەکانم ڕازیبوو و، داوای لێکردم نووسینێکی داواکاری بە زمانێکی ماقوول بنووسم و منیش نووسیم. بەام ئەو پاشەکشەیە درەنگ کەوتبوو و، بەڕێوەبەری بەندیخانە پێش پێشکەشکردنی داواکارییەکان هات و ناوی بیست بەندیی خوێندەوە، کە من یەکێکیان بووم، تا خۆیان بۆ گاستنەوە ئامادە بکەن.

ڕێکخراوی حیزبیی بەندیخانە بڕیاریدا بەدەم ئەو فەرمانەوە نەچێ و، نووسینی داواکارییەکەی پێشککەس کرد و ئەو داواکارییانەی تێدابوو کە لەسەرەوە باسم کرد و، کەشێکی گەرموگوڕی بەرگری لە بەندیخانە تەشەنەی کرد ئەگەر حکوومەت هێز بەکاربێنێ. ڕۆژی دواترێ کە داوای گواستنەوەی بەندییەکانیان کرد، نەچوونە بن بار و داوای ئەو شتانەیان کرد لە نووسینەکەدا هاتبوو، بەڵام حکوومەت بەنیازبوو دەستکەوتەکانیان لێ بسێنێتەوە و دووریان بخاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەوکارەی بە بەرپاکردنی قەسابخانەیەکیش بۆ بچێتەسەر.

سەعات یەکی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دواترێ عەدولجەبار ئەیوبی بەڕێوەبەری بەندیخانە، بەخۆ و بە کۆمەڵێ بەندیوان و پۆلیسەوە هاتن ڕاوەستان و بە کەلەپچە و چەکەوە داوایان لەو بەندییانە کرد، کە پێیانگوترابوو دەگوازرێنەوە، بێنە دەرەوە، کە من یەکێکیان بوم، کە ئەو مەرجانەی گواستنەوەشمان پێگوتەوە لە نووسینەکەدا نووسیبوومان، دەستی بە جنێو و هەڕیشان کرد. دوای نیو سەعات، واتە "١:٤٠" ، سەلمان بەیاتیی بریکاری موتەسەڕیفی بەغدا هات. لەدەرگای بەندیخانەوە خۆی و پۆستەکەی پێ ناساندین و بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی پێڕاگەیاندین، کە ئەودەمی حوسامەدین جومعەبوو، داوای لێکردین مل بۆ فەرمانەکە بدەین و یاخی نەبین و، ئەویش، لە سنووری لیوایەکەیدا دەستەبەری سەلامەتیی بەندییەکان دەکا، وەگەر نا ئەوا حکوومەت، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی، ڕێوشوێنە یاساییەکان دەگرێتەبەر. کە بەندییەکانیش سووربوون دەبی بەپێی ئەو مەرجانە

بگوازرریێنەوە کە لە نووسینەکەیان پێشکەشیان کردووە، گوتی: "کەواتە من بەرپرسیاری ئەوەی نیمە کە بەسەرتان دێ"، و لە بەندیخانە چووە دەرێ.
ئەوجا بریکاری موتەسەڕیفی هاتەوە و، دوای تۆزێکیش دیتمان ژمارەیەکی زۆری پۆلیس بەجەکەوە لەنێوان بەندیخانە و دیواری دەورەی کۆبوونەوە و هەریەکە و تۆبزێکی بەدەستەوە بوو و خوودەی پۆلاییان لەسەری نابوو.هەستیشمان کرد شەقامەکە لە مەیدانی بابولمەعەزەمرا لەوجێی دەچووەوە سەر ئەعزەمیەی داخرابوو و هاتوچۆی پێدا نەدەکرا و لەهەروزەنای پۆلیسان بترازێ دەنگی دیی لێوە نەدەهات.
ئەوجا عەبدولجەبار فەهمیی بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغدا هات وژمارەیەک پۆلیسی لەگەڵدابوو نەردیوانی داریان پێبوو لەگەڵ تفەنگی بۆمبی فرمێسک ڕێژ و چوونە سەربانی هۆڵەکانی بەندیخانە و لەێش هەمووشیانەوە بەڕێوەبەری پۆلیس.
هەوڵیان دا لە دەرگای بندیخانەوە بێنە ژوورێ، بەڵام بەندییەکان دایاننە بەر بەرد و گڕی نەوت و ئاوی گەرم و کشاندنیانەوەو، ئیبراهیم شەجەر لە بەرایی کۆەڵێک پۆلیس بوو و هانیدەدان لە دەرگاکەوە بچنە ژوورێ و دەیگوت:" ئەوانە جوونە و دەمانەوێ ڕەوانەی ئیسرائیلیان بکەین و ڕازی نین". دنەی دەدان تا لە دەرگا بێنە ژوورێ، کە لەبەردەم خۆراگریی بەندییەکانیش دەستەپاچەبوون، لوولە ئاوی ئۆتۆمۆبیلی ئاگرکوژێنەوەیان هێنا تا بەندییەکان لە دەرگاکە دوورخەنەوە و بە دوودەوان هەردوو سیپانی دەرگاکە برووخێنن. بەڵام ئاوەکەش سوودی نەبوو، ئیدی عەبدوجەبار فەهمیی بەڕێوەبەری پۆلیس فەرمانی بەکارهێنانی بۆمبی گازی فرمێسک ڕێژی دا و، دەیان بۆمبیان بەرەو گوڕەپانی بەندیخانە تەقاند، بەڵام بەندییەکان ڕێوشوێنی خۆپارێزییان گرتبووەبەر و، خاولییان بە تێکەڵەی ئاو و سرکە تەرکردبوو و دەست و دەموچاویان پێ سڕییەوە و بۆمبەکانیان دەگرتەوە و لەو پۆلیسانەیان دەگرتەوە کە لەنێوان هەردوو دیواری بەندیخانە کۆکرابوونەوە، ئیدی تا لە دووکەڵی گازەکە دەربازبن، ڕایانکرد.
بەڕێوەبەری بەندیخانە فەرمانیدا تەقە لە بەندییەکان بکەن، ئیدی لە دەرگا و لە سەربانێرا و لە دەلاقەی هۆڵەکانەوە فیشەک بەسەرژوورەوەی هۆڵەکاندا باری. عەبدولجەبار ئەیوب کونێکی بچووکی لە ژووری نەهستنی بەندیوانەکان کرد کە بەرانبەر ژووی جەمەعاتی ئالای کرێکاران بوو و لوولەی تفەنگی لەوێرا هێنایە ژوورێ ومووسا سلێمانی ئەندازیار لەبەردەم دەرگای ژوورەکە وەستابوو و فیشەکێکی لە سەری دا و کوشتی ونافیع یونسی بریندار کرد و چەندی دیکەیشی بەو دەستڕێژەی بەردایەوە لەوانەش حەسەن ڕەحیم کە سەربازێکی خەڵکی چەمچەماڵ بوو و موسا سلێمانی ئەندازیاری خەڵکی هەولێر بوو و ئیسماعیل قرتەی بەغدایی و ئەحمەد حەسوونی مامۆستای خەڵکی موسەیەب و چەندی

دیکەش. دوای رووخاندنی دەرگای بەندیخانە، پۆلیسی نهێنیی ئیبراهیم حەسەن شەجەری ئەفسەر سەرکردەیان بوو بە ژووری وەربوون و ئەوی تووسی بهاتبان تەقەیان لێ دەکرد، شەڕەکە ئاوکووف نەبوو، ئیدی بڕیاری پاشەکشە درا.بەندییەکان، دوای ئەوەی سروودی نێونەتەوەییان گوت:

هەستن ئەی هۆزی بەس مەینەتان.... دیلانی برسیەتیی دنیا

کشانەوە نا ڕاڕەوەکانی بەندیخانە و ئاماژە درایە بەندییەکان بریندارەکان هەڵگرن و بکشێنەوە ناو هۆڵەکان، ئەحمەد حەسوونی مامستا لە گۆڕەپانەکە و لە نزیک دەرگاکە لە گۆمی خوێن و ئاودا گەوزیبوو، یەکەم ڕحژی دینەیی بەندییانم بیرکەوتەوە کە ژنەگەنجە جوانەکەی و کیژۆڵە ساوایە وەک پەپوولەکەی هاتبوون و دەستی لە ملی باوکی دەکرد و لێنەدەبووەوە، ئێستا باوکی تەرمێکی ساردوسوڕە و لەخوێندا مەلەدەکا، تەنانەی کەس ناتوانێ ڕایشیکێشێتەوە و لە زەبری پێلەقە و قۆنداغە تفەنگانیش دووریخاتەوە، ئاجی بەشیری سەنیگالیم بیرکەوتەوە، ئەو پیاوە باشەی دەوڵەمەندێکی حیللە لەحەجێڕا هێنابووی و هەستی چەوسانەوە و رووشکێنی وایلێکردبوو پەیوەندی بە شۆڕشگێڕانەوە بکا و ببووەتێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕ، ئیدی گەورەکەی دەریدەکا، بەڵام ئەو ژنێکی عێراقیی ئەسمەر دەخوازێ و سێ کوڕی لێی دەبێ، جا هەڵیدەگرتن و

بە برادەرەکانی نیشاندەدان و دەیگوت: دەبینن ڕەنگیان دەڵێی ڕەنگی چوکلێتە. ئەو، گوللە بەر سینەی کەوتبوو، ئەگەر کەللەسەری بە قۆنداغە تفەنگ و پۆستاڵی پۆلیسان وردوخاش نەکرابا، ڕەنگە چاکببوایەوە. هەرچی مووسا سلێمان بوو، ئەو لاوە ئەندازیارەی خوشکەکەی لەکاتی دیدارەکاندا بەخۆ و بە کیسەی پڕ جلوبەرگ و خواردنەوە بۆ براکەی پێشی هەمووان دەهاتە ناو بەندیخانە. خوشکە ئاواتی ئەوەبوو برای بەربێ ولە پرۆژەیەکی ئەندازیاری لە هەولێرێ کاربکا. مووسام دیت لەدەرگای ژوورەکە کەوتبوو و گووللەیەکی بەر ناوچەوانی کەوتبوو کەللەسەری وردکردبوو، ئەو فیسەکە ڕاوچییەکی شارەزا تەقاندبووی، ئەو ڕاوچییە عەبدولجەبار ئەیوبی بەڕێوەبەری بەندیخانە بوو. قەتم ئەو ئەو پیاوە بەتەمەنە لاوازە سەرسپییە لەبیرناچێ، ئەو ئەدیب و شاعیرەی هەموو مرۆڤایەتیی خۆشدەویست؛ محەممەد شەرارە، دیتم لە دەرگای ڕاڕەوێک ڕاوەستابوو و دارێکی بەدەستەوەبوو ئەگەر لەچۆلەکەیەکت بگرتبا لێی نەدەترسا، دەیگوت: "فاشیستینە، غایەنینە، پیاوکوژینە، واز لە لاوەکان بێنن و وەرن من بکوژن"، دارەکەم لەدەست دەرهێنا و بردمە ناو ڕاڕەوەکە. جا ئەو درندانە ئاگایان لە چییە، ئەاون ئەدیب و شاعیریان ناوێ، ئەوان مرۆکوژ و درندەیان دەوێ.

کشاینەوە هۆڵەکان وناڵەی بریندارەکان جەرگی بنیادەمی دەبڕی و یەکەکانی فریاکەوتنی بەندییان خەریکبوون چارەســـەریان دەکردن تا لانیکەم خوێنبەربوونەکە ڕاگرن. گوێم لە عەبدولجەبار ئەیوب بوو فەرمانی بە بەندیوانەکان دەدا هاوڕێ"عەزیز ئەلشێخ" بکوژن، کە مامۆستای زانکۆبوو و ئەندا لیژنەی مەرکەزیی حیزبی شیوعیی عێراقی بوو.
لە دەرگــای هۆڵەکە نزیکبووم و دەرگــاکە داربوو و لە کونییــان داڕزابوو، ئەگەرچی بەندییەکانیش کشــابوونەوە نو هۆڵەکان، کەچی هێشــتا گوللەیان بەســەردا دەباری و لە هەندێ هۆڵدا پەنجەرەی هەوای بنمیچ هەبوو و پۆلیس لەوێرا تفەنگیان هێنا ژووری و چەند کەســی دیکەیان لە بەندییان کوشــت و بریندار کرد، گوێم لە چوار فیشــەک بوو لە دەرگاکە دران.
لە ڕاڕەوێک بووم کە زۆربەی بەرپرســـانی لیژنەی حیزبیی لێبوو و لەوانەش ســـەلیم چەلەبی و عەزیز ئەلشێخ، ئەو کاتەی ئیبراهیم حەسەن شەجەری ئەفسەر چوار فیشەکی بێ نیشانگرتن لە دەرگاکە دا، من لەپشتدەرگای ڕاڕەوەکە ڕاوەستابووم، ئەوجا دەرگاکەی بە پێلەقە شـــکـانـد و هـاتە نـاو ڕاڕەوەکە و دەمـانچەیەکی "برۆنینگی عەیـار ٧ملم"ی بەدەســتەوەبوو، هەر هێندەی هاتەژوورەوە فەرمانی پێکردم بەردەکەی دەســتم فڕێدەم ، گوتم ئێوە دەزانن ئێمە بێ چەکین و ئاوکوفی یەکدی نیین، دەمانچەکەت لەکیفەکەی بنێوە منیش بەردەکەم فڕێدەدەم، گوتی باشـــە ڕازیم، دەمانچەکەی لە کیفەکەی نایەوە و ئەوجا داوای لە بەرپرســی بەندیوانەکان کرد یەکیان لەگەڵی بچێ و تا پێیان بڵێ بەرگری مەکەن و ئاماژەیشــی دایە پۆلیســان تەقە ڕاگرن، بەرپرســەکان داوایان لە عەزیز ئەلشــێخ کرد ڕەگەڵی بکەوێ، بەڵام من گوێم لە دەنگی عەبدولجەبار ئەیوب بوو کە دەینەڕاند و جنێوی بە عەزیز ئەلشــێخ دەدا و بەتەمای کوشـــتنی بوو، لێنەگەڕام لەگەڵ ئەفســـەرەکە بچێتە دەرەوە و گوتم: تۆ لێرەبە دەنا دەتکوژن، من لەگەڵی دەچم. گوتی: تۆش دەکوژن. گوتم: گوێی مەدەرێ.
لەگەڵ ئەفســەرەکەی چوومە دەرێی ڕاڕەوەکەی چەند پۆلیسێک بە جەکەوە هێرشیان بۆ هێنام و ویســتیان تەقەم لێ بکەن، بەڵام ئەفســـەرەکە خســتمییە نێوان خۆی دیوارەکە و نەیهێشت پۆلیسەکان بمکوژن. چووینە ڕاڕەوەکەی دیکەی هێشتا پۆلیسەکان تەقەیان لە بەندییەکان دکرد، ئەفســـەرەکە فەرمانی بە پۆلیســـەکانی دا تەقە ڕاگرن. کە عەبدولجەبار فەهمیی بەڕێوەبەری پۆلیس گوتی بە پێلەقـان دەرتـان دێنین، لە وەڵامـدا گوتمـان ئێوە ئەوەنین بە پێلەقان دەرمانبێنن بەڵکو بە گوللە دەیکەن. ئەوەشـــتان ســـەلماند و چەند کەســتان کردە قوربانی. ئاخر شــەڕەکە بەرابەر نەبوو و بەردەوامیی قوربانیی دیکەی لێ دەکەوتەوە، ئێمە گەلێکمان هەیە تۆڵەی قوربانییەکانی دەکاتەوە. ئێمە دیلین و تکام وایە

ئەگەر ئەوان تەقەیان ڕاگرت ئێوەش بەرگری نەکەن، ئیدی بەندییەکان ڕازیبوون و، ئیدی ئاوا بەخۆ وبە بۆجامەیەکی بەخوێن و قوڕەوە لەگەڵ ئەفســـەرەکە چوومە دەرەوە و دابوومییە نێوان خۆی و دیوارەکەی تا لە هێرســـە دڕدانەکانی پۆلیســـان بمپارێزێ کە دەیانگوت:" گەورەم لێگەڕێ با تەواوی بکەین" وجا لوولەی تفەنگەکانیان دێنا پێش و ئەفســەرە لێیان نەدەگەڕا. چووینە هەموو ڕارەوەکان، ئەگەرچی من لە هەردوو دەســتەی حیزبیی "قاعیدە" و "ئاڵای کرێکاران" دووربووم، تکام لێکردن ئەو شـــەڕەی ڕاگرن و، بەردەوامیی قوربانیی پتری لێمان گەرەکە، ئێمە زۆر هاوڕێی ئازامان لەدەســتچووە، بەڵام شـــەرەف و بیروباوەڕمان لەدەســـت نەداوە، ئەو گوزارشـــتەم لە هەموو ڕارەوەکان دووبارەدەکردەوە و داوام لە ئەفســەرەکانی پۆلیس دەکرد لێنەگەڕێن پۆلیســەکان تەقەمان لێ بکەن و، تەقەش لە هەموو لایەکی دەهات.

دەســـت بە چۆڵکردنی هۆڵەکان کرا و بەندییەکانیش، کە زۆربەیان برینداربوون بە نێوان دوو ڕیز پۆلیس و بەندیواناندا بردران کە تۆبز و تفەنگیان بەدەستەوەبوو و کە ئێمە وەک ڕیزێک دیلی خوێنیان لێ دەچۆڕا بەبەینیاندا دەڕۆیشتین، بێ بەزەییانە لێیاندەدان. لە ڕێگا "ئیسماعیل ئەحمەد قرتە"ی بەندکراوم دیت لە دواساتەکانی ژیانیدابوو، ئاخر ئەوفیشەکێک لە ســینگی دابوو و هەناوی هەلاهەلاکردبوو و لە پشـــتی چووبووە دەرێ، دەیگوت: "من دەمرم، سڵاو لە کەسوکارم بکەن". عەبدوللەتیف سـەعیی پارێزەری خوێنی لەبەر دەڕیی، لەتەنیشت ئیسـماعیل ئەحمەدی بوو، لە بەنیوانەکا دەپارایەوە قومێک ئاو بدەنە ئەو بدەنە هاوڕێکەی کە گیانی دەدا، بەڵام تەنیا جوێنی پێ دەبڕا.

لە گۆڕەپانەکەی تەنیشت بەندیخانە"گۆڕەپانی کارگەکان" ژمارەیەک نووسـەر دانیشـتن تا ناوی بەندییە زیندووەکان تۆمار بکەن و ماجید مسـتەفای وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی لە سەریان ڕاوەستابوو دەستێ جلی ڕەشی زۆر کەشخەی لەبەردابوو و، دەتگوت دەچێتە ئاهەنگ و لیوا قاسم شوکریی بەڕێوەبەری گشتیی بەندیخانەکانی بە لووتبەرزییەوە لەتەک ڕاوەســتابوو، لووتبەرزییەکەیشــی هیی ئەوەی بوو کە ئەو بەندییە نیشـتمان پەروەرە بێ چەکانەی بەزاندبوو کە تاکە چەکیان بیروباوەڕ بوو، عەبدولجەبار ئەیوبی بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغداشیان لەگەڵ ڕاوەستابوو، کە مەستی سەرکەوتن بوو، بەڵام با بزانین ئەو مەستییە تا چەند بڕ دەکا.

کە بەپێش پایەداریی ماجید مستەفای وەزیردا تێپەڕیم، کە باشـی دەناسـیم، پرسـیی چەند گوللەت بەرکەوتووە، وەڵامم نەدایەوە. عەبدولجەبار دەستی بەرزکردەوە و ویستی لێمبدا و گوتی پایەداریی وەزیر قســـەت لەگەڵ دەکا، بەڵام "ســـەید ســـاڵح نعێمی"ی مەئمووری

بەندیخانە، ئەو مرۆڤە باشـــە، دەســـتی گرت و گوتی گەورەم تکایە، بەخۆی بریندارە و نەخۆشە، ئیدی لێنەگەڕا لێم بدا.

هەمووان خوێنیان لێ دەچۆڕا، ژمارەیەکی کەمیشـیان ڕەوانەی نەخۆشـخانەی بەندیخانە کران، تەرمی شـــەهیدەکـانیـان بەبەرچـاومـانەوە برد دوا ســـەرنجی مـاڵئـاوایی و خۆشەویستیمان دانێ. هەر بەندییەک دەچووە لای نووسەرەکە ناو و ماوەی بەندییەکەی دەگوت و، بە فەرمانی وەزیر و بەڕێوەبەری گشـتیی بەندیخانەکان دەبوایە ڕاسـپێرییەک لەبەرانبەر ناوەکەی بنووسرێ تا لە بەندیخانەی باقووبو چۆنی مامەڵە لەگەڵ بکرێ.

کۆی بەندییەکان نزیکەی (١٥٠) کەس دەبوون و هەشتیان شەهیدبوون و (٩٣)یان بریندار بوون و تەنیا ئەوانەیان گواســـتەوە نەخۆشـــخانە کە برینەکانیان ســـەخت بو. هەرچی ئەوانەش بوون یەک دوو گوللەیان بەرکەوتبوو جێی کارێی نەگرتبوو، لێگەڕان خوێنیان لەبەر بڕوا. مەدحەت ئیبراهیم جومعەی وەزیری نـاوخۆ و عەبـدولجەبـار فەهمیی بەڕێوەبەری پۆلیسـی بەغدا و لیوا قاسـم شـوکریی بەڕێوەبەری گشـتیی بەندیخانەکان و عەقید سـاڵح مەهدی سـامەڕایی نوێنەری سـەرکردایەتیی سـەربازی وئەفسـەر ئیبراهیم حەسەنی فەرماندەی ئەو هێزەی بەسەر بەندیخانەی دادابوو و عەزرە وەردەی فەرمانداری فەوجی هێزی سـوارە و عەبدولجەبار فەهمیی بەڕێوەبەری بەندیخانە، ڕاوەسـتابوون تا سەیری قوربانییەکانیان بکەن، ئەوان سەرکەوتوو و ئێمە دیلی ئەوان بووین. عەبدولجەبار فەهمی نازناوی بەســـەردا دابەس دەکردین، صـــائین، پووچ، ترســـنۆک. بەڵام با ببینین دواترێ ئەوانە چۆن بە زەلیلی لە بەرانبەر دادگای گەل لە ١٩٥٨ بەســـەری شـــۆڕەوە ڕاوەســتابوون و چۆن ســوالّی بەزەییان لەو کەســانە دەکرد کە پێشــترێ تا مردنێ بە پێڵاوەوە بەسەر سەریان دەکەوتن و چۆن دەپارانەوە و داوای بەزەییان دەکرد.

له بەندیخانەی باقووبە:

دوای ڕۆژێکی خوێناوی، هەر هەمان شەو ئەوانەی مابووین بە پاس ڕەوانەی بەندیخانەی باقووبەیان کردین و لەناو خوێن و قوراودا مەلەمان دەکرد. تەنیا بڕێک پەلاسی دڕاومان لەبەر مابوو و ئۆتۆمۆبیلی چەکداری پۆلیس پاسەوانیی دەکردین، لەبەر ئەوەی نا هێرشمان بکرێتە سەرێ بەڵکو بۆ ئەوەی ڕانەکەین و لەهیکرا بچینەوە باوەشی گەلی خۆمان. شەوێ گەیشتینە بەندیخانەی باقووبە و لە بەندیخانەی بەغداش چوار بەندییان کۆتوبەند کردبوو چونکە بە هاندەری یاخیبوونەکەیان دانابوون، ئەوانیش عەزیز ئەلشێخ و کازم جەواد و حیکمەت خەلیل و من بووین.

کە گەیشتینە باقووبە، "سالح فەوزی"ی بەڕێوەبەری بەندیخانەی باقووبە و دەستەیەک بەندیوان بەخۆ و بە تووڕەوە لە پێشوازیمان بوون، لە خۆشبەختییان جێیەکی ساغیان لە بەدەنمان نەدۆزییەوە بەرگەی تووڕان بگرێ، سالح فەوزی لەبەر شوێنەواری قەسابخانەکەی دیتبووی تۆقیبوو.

عەبدولجەبار فەهمی تا ئەوێ دوامان کەوت تا پرسورایەک بداتە سالح فەوزی، "ئەوەی بە زنجیری ژمارە سێ ببەستنەوە" کە زنجیرێکی قورسە و ئەوانەی پێ دەبەسترێنەوە کە فەرمانی لەداردانیان بۆ دەرچووە، " ئەوە بە زنجیری ژمارە دوو و ئەوەیان بە ژمارە یەک.....". عەزیز ئەلشێخ و مەکەڕەم تالەبانی بخەنە زیندانەکان چونکە ئەوان دنەی خەڵکەکە دەدەن؛ کە سالح فەوزی بەو زنجیرانەوە دیتمی کە تەنیا ئەوەی فەرمانی لە سێدارەدان یان بەندیی تاهەتای بە کاری قورسەوە هەبێ پێی دەبەسترێتەوە، پرسیاری ئەو کۆتوبەندانەی کرد کە نەمدەتوانی هەڵیان بگرم. عەبدولجەبار ئەیوب پێیگوت ئەوە فەرمانی بەڕێز وەزیرە، بەڵام ئەو فەرمانی شکاندنی دا و تا بە زنجیرێکی نیزامی ببەسترێمەوە و گوتی: "نیزامیێ بەندیخانە ڕێ بەوەی نادا.

بەندییەکانیان گواستەوە و بەسەر هەردوو قەڵای بەندیخانەکەدا دابەشیان کردن و ئێمەیشیا لە زیندانی تاکەکەسی دابڕی، بەڵام ئێمە ماندوو و هیلاک بووین، حەزمان دەکرد لەوێمان دانێن تا تۆزێک بحەسێینەوە. بە جلی خوێناوی و پێی لە کۆتوبەندیدا لەسەر قیرەکەی خەوتین. جلەکانمان دڕاو و بە قوربوو و سەرباری گەرمای هاوینیش لەرزمان گرتبوو. تۆزێکیان نان و شۆربا داینێ. نزیکەی دوو هەفتە لێنەگەڕان پەیوەندی بە بەندییەکانی دیکەوە بکەین، بەڵام گوێمان بەوەی نەدا، ئی خۆ هەزاران ڕۆڵەی ئەو وڵاتە هەیە زەوی ڕادەخا و ئاسمانی بەخۆیدا دەدا، ئەدی هەموو گەلی عێراق کۆتوبەند نەکراوە؟! دۆخەکە دوو هەفتە هەر ئاوا مایەوە تا توانییان بەندییەکان بەیدەست بکەن و

نیزامی ئاسـایی بەندیخانەیان بەسـەردا بسـەپێنن و، ئەو نیزامەش لەو نیزامانە بوو کە سوپای بەریتانیای داگیرکەر لە هیندرا هێنابوویە عێراق.
دوای دوو ڕۆژان بەندیوانێک هات و بەناو بانگی کردم، گوتم چونکە بە دنەدەریان داناوە دیـارە بۆ لێکۆڵینەوەم دەبەن. ڕۆژنـامەکـان نـاویـان لەگەڵ نـاوی کوژراوەکـان بڵاوکردبوومەوە، ئیدی مـامم داوای لە حەسـەن تاڵەبانی کردبوو بچێتە بەندیخانە و بەچاوی خۆی بمبینێ تا دڵنیابێ سەلامەتم.
بەندیوانەکە بردمیە ژووری بەڕێوەبەری بەندیخـانە، دیتم شـێخ حەسـەن تاڵەبانیی موتەسـەڕیفی لەلایە، کە موتەسـەڕیف بەو حالە خراپەوەی دیتم هەسـتا و دەسـتی لە ملی کردم، بە خەمەوە گوتی: "باشـە ئەوانە نەیارن.... شـیوعین... حوکمدراون.... بەڵام بۆ بەو دڵڕەقییە؟ لە بەڕێوەبەرەکەی پرسـی داخوا بۆ خراومەتە بەندیی تاکەکەسـی، وەڵامیداوە: "ئەوە بە فەرمانی ماجید مسـتەفای وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی کراوە" پێیگوت: "لەوێی دەربێنە، من پەیوەندی بە پایەداریی ماجید مسـتەفاوە دەکەم. ئیدی ڕەوانەی قەڵای کردم و لەژووری حوکمدراوانی سێدارەی دانام، بەڵام بێ ئەوەی دەرگام لەسەر داخەن
دوای دە ڕۆژان لەو زیندانەیـان دەرهێنـاین گێڕاینیـانەوە قەڵا. لە بەنـدیخـانەی کوتیش قەسـابخـانەیەکی دڕنـدانەتر بەرپـا کرابوو و، دە هـاوڕێ لەوی شـەهید ببوون. ئەو قەسـابخانەیە لەسـەر دەسـتی تاهیر زوبەیدیی بەڕێوەبەری گشتیی بەندیخانەکان و جیهاد جافی بەڕێوەبەری بەنـدیخـانەی کووت کرابوو، کە تـاهیر زوبەیدی دواترێ بەدەسـتی بەندییەک کوژرا. پاشـان بەندییەکانیان ڕەوانەی بەندیخانەی باقووبە کرد ولەوانەش حەمید عوسـمان و زەکی خەیری و عەزیز ئەلحاج و مەهدی حەمید و عومەر عەلی ئەلشـێخ و حەمزە سـەلمان ئەلجوری وکەسـانیدی بوون. جا هەر دەسـتەیەک بگەیشـتبانایە جێ بەندیوانەکان بەخۆ و بە تۆبزەوە بۆیان ڕیز دەبوون، بەبێ خوێن و برین نەدەهاتنە ناو قەڵا. لە یەکێک لەو ڕێوڕەسمانەی پێشوازی، ساڵح فەوزیی بەڕێوەبەری بەندیخانە پرسیی بۆ لێیاندەدەن؟ عەریف ڕەحیم، کە زەبەلاحێکی سـمێڵ فش بوو، وەڵامیداوە: دەسـتکاریی شـتێکیان کردووە پەیوەندیی بەوانەوە نییە. کەواتە بنیادەم نابێ بپرسـێ بۆ دەسـتدرێژیی دەکرێتە سەرێ، چونکە ئەوە پەیوەندیی بەوییەوە نییە!
کە ڕێیاندایـن چاومان بە کەسـوکارمان بکەوێ، دیتمان دیدارەکە لە هۆڵێک دەکری کە دوو بەربەسـتی تەلی تۆڕئاسـا لەنێوان بەندییەکان و کەسـوکاریاندا هەیە و بەندیوانەکان هـاتوچۆی تێدا دەکەن، زۆربەی بەنـدییەکـان ئەو جۆرە دیـدەنییەیـان ڕەتکردەوە. یەک لە شـتە خۆشـەکانی ئەودیدارە محەممەد گوبانچیی شـێخی گۆرانیی عێراقی هاتبووە دینەی

کوره بەندکراوەکەی کە ناوی سـوبحی بووکە دیتی ناتوانێ بە ئاسـانی قسـە لەگەڵ کوڕەکەی بکا، پێیگوت: "ئەگەر مەقامیشت بۆ بخوێنم هەر گوێت لێ نابێ؟"
نەسـرەت ئورفەلیی دادوەی لێکۆلینەوە هاتە بەندیخانە تا گوتەی هەندێ لە بەندییەکان سەبارەت قەسابخانەکەی بەندیخانەی بەغدا تۆمار بکا و، بەپێی ڕێوشوێنی دادگاییەکانی سزابێ. حکوومەی، لە بەرانبەر گەورەیی قەسابخانەکەی بەندیخانەی بەغدا، بەیاننامەیەکی دەرکردبوو و گرنگترین شتی تێیدا هاتبوو بریتیبوو لە: "لە کاتێکدا حکوومەت هەوڵی دەدا بەندییەکان بگوازێتەوە بەندیخانەی باقووبە، بەندییەکان یاخیبوونیان ڕاگەیاند و بەڕێوەبەریی بەندیخانەیان بەردباران کرد..... ئیدی هەندێ ڕووداوی جێی داخ ڕوویاندا و، لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوانە پێکهێنراوە و بەرپرسـانی ڕووداوەکە دەبردرێنە بەردەم دادگای تایبەتمەند" . ئەوە ئەو کلێشەیەیە کە حکوومەتەکان دەیانویست تاوانەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە، بەڵام حکوومەت، لەبەر قورسایی تاوانە ناشیرینەکانی و لە بەرانبەر توورەیی گشتیی ناوخۆ و دەرەوە، ناچاربوو دەست لەکار بکێشێتەوە، بڕیاریشی دا هەندێ کارمەندی پۆلیش هەواڵەی دادگا بکا وداوایان لە بەندییەکان کرد دەستنیشانیان بکەن و ئەو کارانەس دیاری بکەن کە هەر یەکەیان کردوویەتی. مەحاڵ بوو ئەو کەسانەی قەسـابخانەکەیان بەرپاکردبوو دیاری بکرێن و، بەندییەکان لەبەردەم دادگا دوپاتیان کردەوە بەرپرسـی قەسـابخانەکەوەزیری ناوخۆ و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەری پۆلیسـی بەغدا بەخۆی و بەڕێوەبەریی بەندیخانەن. جا ئەگەر حکوومەت بەڕاستیەتی و دەیەوێ بەرپرسانی قەسابخانەکە سزا بدا دەبێ ئەوانە بداتە دادگا. ئیدی حکوومەت پێیوابوو بەو شانۆگەرییە ئەو بابەتەی کۆتایی پێ هێناوە.
کە لیستەکەش ژمارەیەکی زۆری بەرپرسی گەورە گرتبۆوە و نووسراوی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووبوو، دەبوایە وەزیری داد ڕەزامەندی لەسەرئەوەی بدا تاوانبارانی قەسابخانەکە بدرێنە دادگا، بەڵام وەزیر ئەو کارەی ڕەتکردەوە و ئیدی کێشەکە داخرا.

هێرشی پێچەوانە بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی بەندییان:

ئێستا ئێمە لە ساڵی ١٩٥٤داینحکوومەتەکەی جەمیل مەدفەعی، لە ژێر قورسایی ئەو تاوانانەی بەرانبەر گەل کردبوونی و ئەو قەسابخانانەی، لە سایەی حوکمە عورفییەکان، دەرهەق بە زیندانییە سیاسییەکان بەرپای کردبوون، ناچاربوو دەست لە دەسەڵات بەردا. بەندییەکانیش بۆ ماوەیەک ناچار کران مل بۆ نیزامی بەندیخانان بدن و وەک بەندیی ناسیاسی حیساب بکرێن، ئەوەش بە دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلەکانیان و مافەکانیان و دیسان بە زنجیر کۆتوبەندیان کردنەوە. بەندیوانەکان بەندییەکانیان ناچاردەکرد لە هەژمارکردنی بەیانی و ئێوارە پێنج کەس پێنج کەس دانیشن، بەڵام خۆیان بە ژمارەی زۆر و بە تۆبزەوەدەهاتنە ژووریَ. زۆرجارانیش لەبەر چرووکترین هۆ بە تۆبزان بەردەبوونە گیانی بەندییەک و دەیانخستە زیندانی "وەرزشی"....

بە بۆچوونی ڕێکخراوی حیزبیی بەندیخانە، بۆ وەدەستهێنانەوەی هەندێ ماف، ئێستا کاتی ئەوەبوو هێرشێکی بەرانبەر بکرێ. دوای ئەوەی بەندییەکان لە بەندیخانەی باقووبە بە شێوەی ئاڵقەی گەورە کۆبوونەوە تا بۆنەیەکی تازیەباری بۆ یادی شەهیدبوونی هاوڕێکایان لە بەندیخانەی بەغدا و کووت بگێڕن، بە سروودی نێونەتەوەیی دەستمان پێکرد:

هەستن ئەی هۆزی بەش مەینەتان.......... دیلانی بریەتیی جیهان

ئەوجا هەندێک سروودی نیشتمانی بۆ نەمریی شەهیدان. بەندیوانەکان خێرا هاتن و دوای ئەوانیش پۆلیس، چەک بەدەستەوەسەرکەوتنە سەر بانی هۆڵەکان و هەڕەشەیان دەکرد و فەرمانیا دەکرد پەرتبین و واز لە خوێندنی سروودان بێنین، کەچی بەندییەکان گێیان بە هەڕەشەکانیان نەدا لە ئاهەنگەکەیان بەردەوامبوون.

ڕۆژی دواترێ، ژمارەیەکی زۆری بەندیوانان بە پێشڕەویی "ڕەحیم"ی ڕەئیس عورەفا بە خۆ و بە تۆبزی دەستیانەوە هاتنە ناو بەندیخانە و فەرمانیان بە بە بەندییەکان کرد بۆ هەژماری ڕۆژانە ڕیزبن"مەستەڕە" ، کەسیان هەڵنەستانەوە، کە ڕەئیس عورەفا ڕەحیمیش ویستی لە بەندییەک بدا و ناچاری بکا هەڵسیتەوە، پێشترێ بڕیار درابوو ژمارەیەک بەندی هێرسبکەنە سەر بەندیوانێک. ئیدی تۆبزەکانیان لیستاندن و بە لێدا تێیان بەربوون. ڕەئیس عورەفا ڕەحیم یەکەم کەس بوو ڕایکرد و خوێنی لەسەری دەچکا و بەسەر شواربەکانیدا دەهاتەخوارێ. بەڕێوەبەر و هاریکارەکانی خێرا هاتن و گوتیان: ئەوەچییە؟ ئەوەی لە بوندیخانەی بەغدا و کووت بەسەرتان هات بەستان نەبوو؟ یەک لە بەندییەکان وەڵامیدایەوە: دەستیان لە کارێک وەردا پەیوەندیی بەوانەوە نەبوو. ئەوە سەرەتای

بەدەســــتهێنانەوەی هەندێ لەو مـافـانە بوو کە دوای قەســـــابخـانەی بەگدا و کووت لێیانسەندبووین.
لەو ڕۆژیرا بەندییەکان ڕازی نەبوون ئەو هەژماردنە بکەن کە شـکۆی بنیادەمی دەسـکاند و داواکـاری لەدوای داواکـارییـان پێشـــکەش کرد، ڕادیۆمـان دەوێ.... ڕۆژنـامەمـان دەوێ...کتێبمـان دەوێ...دیـدەنییەکی بەڕێوجێمـان دەوێ. پـاشــــان ژیـانی بەکۆمەڵ و وەرزشمان ڕێکخست و ئاڵقەی گفتوگۆی سیاسیمان دەبەست و،ڕۆژێکیان داوای کوتکێکی ئاســـنیان کردبوو تا حەمامەکە جاککەنەوە، بەڵام ئەو زنجیرانەیان پێ شـــکاند کە پێی کۆتوبەند کرابووین و فرێماندایەوە بەڕێوەبەری و ، دیسـان بارودۆخەکان ئاسـاییبوونەوە و منیش ببوومە نوێنەری بەندییەکان و لەجیاتیی ئەوان دەجوومە بەڕێوەبەری و بەنەرمی و بە مکوڕییەوە کێشەکانم لەگەڵ چارەسەر دەکردن.

هەوڵی راکردن لە بەندیخانەی باقووبە:

لەبەر ئەو لێدانە یەک لەدوای یەکانەی لە سەرکردایەتی و کادیە کاراکانی بەر حیزب کەوتبوو، سەرکردایەتیی حیزب لەدەرەوەی بەندیخانە لاوازبوو. دووبەرەکییە بەربڵاوەکەی ناو بەندیخانەکانیش لە دەرەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر حیزب هەبوو، نەخاسمە دووبەرەکییەکەی ١٩٥٣، دوای راکردنی جەماڵ حەیدەری لە بەندیخانەی بەغدا، کاتی بردبوویانە نەخۆشخانەی مەلەکیی نزیک بەندیخانە، ڕێکخراوێکی لە حیزب جیابووەوە بەناوی "ئاڵای کرێکاران" "رایة الشغیلة" دروستبوو وئیدی حیزب کە دووچاری هەندێ هەڵویستی چەپڕەوی تەریک ببوو، جەماعەتی "ئاڵای کرێکاران"ی ڕەتیانکردبووەوە دروشمی رووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی هەڵگرن، بەوە تۆمەتبار دەکرد کە جەماعەتی "ئاڵای پاشایەتی"ن و ئەوانیش حیزبیان بەوە تۆماردەکرد کە چەپڕەوە و دروشمی "بەرەی میللی بەسەرۆکایەتییحیزبی شیوعی بۆ ڕووخابدنی ڕژێمی پاسایەتی و دامەزراندنی حکوومەتێکی میللی بەسەرۆکایەتیی حیزبی شیوعی"ی هەڵگرتووە.

کە بارودۆخی بەندییە سیاسییەکانی بەندیخانەی باقووبە جێگیر بوو و دەسەڵاتیان بەسەر بەڕێوەبەریی ناوخۆی بەندیخانە بەدەستهێنایەوە و، حکوومەتیش بەڵێنی چاوپێدا خشاندنەوەی ئەو حوکمانەی بەسەریاندا درابوو نەیبردەسەر، ئیدی بیریان لە لەوەی کردەوە کادیرە حیزبییەکانی سەرکردایەتیی حوکمی گرانیان بەسەردا درابوو ڕابکەن. چونکە حیزب لەدەرەوە زۆری پیویست پێیانبوو، نەخاسمە دوای دەستگیرکردنی هاوڕێ بەهادین نووری و بەندکردنی لە نوگرە سەلمان.

سەرباری ژمارەی زۆری بەندییان وبیروباوەڕی جیاوازیش، توانییان بابەتی لێدانی توونێلێک لە یەک لەژوورەکانی کرابووە کۆگای ئازووخە، بشاردرێتەوە . توونێلەکە سێ دیواری بڕیبوو کە قووڵاییی هەریەکێکیان سێ مەتر بوو و بەبن ئەو سەقامە گشتییەیدا دەڕۆیی کە بەندیخانە و نەخۆشخانەی جوداەکردەوە و لە باخچەی خەستەخانەکە دەچووەدەرێ و، ئەوەش بە هەماهەنگی لەگەڵ حیزب کرا لە دەرەوەی بەندیخانە.

بەڵام لە شەوی خشکەکردنی بەندییەکانی بڕیاربوو لە توونێلەکەوە ڕابکەن، لەبەرهەندێ هۆی پەیوەست بە نهێنگیریی چوونەدەرەوەیان، وادەی دەرچوونەکەیان گۆڕا.ئەوەش وایکرد، پێش هاتنی ئەو ماشێنەی حیزب بۆ ئامادەی کردبوو تا پێش ئەوەی بەڕێوەبەریی بەندیخانە پێ بزانێ بیانگوازیتەوە، بچنەدەرەوە و ناچاربوون دزابکەنە بێستانێکی نزیک جێیەکە. خاوەنی بێستانەکە وایزانیبوو چوونە و دەیانەوێ رابکەنە ئێران و هەندێ قاچاغچی دەیانبەنە ئێران و لەوێشڕا بۆ "ئیسرائیل". ئیدی هەواڵی دابووە دەسەڵات و توانییان بیانگرن و دیسان ڕەوانەی نوگرەسەلمانیان بکەنەوە. خاوەن بێستانەکەس

پەژیوان ببووەوە و گوتبووی ئەگەر بیانگوتبا گیراوی شیوعین یارمەتیی دەدان تا بگەنەوە بەغدا.

ڕۆژی دواتریێ دەستەیەکی لێکۆڵینەوە هاتنە بەندیخانە و لەگەڵ بەرپرسانی بەڕیوەبردن و نوێنەری بەندییەکان دووان، کە من نوێنەریان بووم، دەستەکە گەیشتە ئەو بڕوایەی ئەو کارەی بەندییەکان کردوویانە کارێکی مەزنە و زۆریش وردە. هیچ مرۆڤێکی ئاسایی ناتوانێ ئەو جۆرە کارانە ئاشکرا بکا، ئیدی لیژنەکە پێشنیاری ئەوەی کرد بەڕێوەبەریی بەندیخانە سووچبار نییە، بەڵام هەژمار و پشکنینی بۆ شتەکانی بەندیخانە کرد و دەستی بەسەر هەموو ئەو ستانەدا گرت کە دەکرێ هەڵکۆڵینیان پێ بکرێ. ڕەنگە بێ سوودیش نەبێ ئەگەر هێڵکارییەکی جێیەکە و توونێڵەکەی بۆ خوێنەران دانێم

هێڵکارییەکی بەندیخانەکە

سەربردەی ڕاکردنی حەمید عوسمانی سکرتێری حیزب:

ڕاکردنی دووەمی بەندیخانەکە ڕاکردنی حەمید عوسمانی بەرپرسی یەکەمی حیزب بوو لە بەندیخـانە و ئەوەیـان زۆر وردتربوو، چونکە حەمیـد عوســـمان لای بەڕێوەبەرایەتیی ئاسـایش ناسراوبوو، ئیدی هەموو ڕۆژێ و لە هەموو هەژمارێکی بەڕێوەبەریی بەندیخانە دەیکرد، داوایان دەکرد دڵنیابن کە لە بەندیخانەیە.

حەمید عوسـمان هەموو کاتی خۆی لەو سـووچە بەسـەردەبرد کە کرابووە جێی ئازووخە و جانتـای بەندییەکان. ســـووچەکە مێزێکی بچووکی لێبوو و چەند کتێبێک و گڵۆپێکی خوێندنەوەس"تێبڵ لامپ". جا حەمید عوســـمان لەوێ دادەنیشـــت و لەوێ پێشـــوازیی لە هاوڕێکانی دەکرد و کاروباری سیاسی و بابەتی دیکەیان شەن و کەو دەکرد.

دوای ئەوەی بەڕێوەبەریی بەندیخانە دڵنیابوو لەو ژوورەدایە و ئەودەمی دەسـتنیشـانیان کرد وا لەگەڵ بەندییەکی دیکە بە کوردی قسان دەکەن، حەمید عوسمان توانیی لە دەرگای سەرەکی لەگەڵ سەردانیکەران، واتە کەسوکاری بەندییان، لە ١٩٥٤ بچێتە دەرەوە.

بەندیوانەکان،مانگێک پتر بوو حەمید عوسمانیان لەگەڵ بەندیان دەژمارد و دەستنیشانیان دەکرد. ناوەناوەس ڕاپۆرت لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاســـایشـــی بەغدایرا دەهاتە بەڕێوەبەریی بەندیخانەی گوایە حەمید عوســــمان لە دەرەوەی بەندیخانەیە و ســــەرکردایەتیی حیزبی شیوعیی عێراقی دەکا و، بەڕێوەبەرریی بەندیخانەس ئەو پروپاگەندانەی بەدرۆ دەخستەوە و، دووپاتیدەکردەوە لەکاتی ژماردنی بەندییان حەمید عوســمان دتراوە لەگەڵ یەکی دیکە قسەی کردووە.

ڕاکردنی حەمید عوســـمان دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەســـەر بزووتنەوەی نیشـــتمانی و چالاککردنەوەی نیشـتمانی هەبوو و، حیزبی شـیوعی هەموو جارێک دوای لێدانەکان خۆی دەگرتەوە و وەک هێزێکی پێشی پێشەوەش دەچووە شەڕە نیشتمانییەکان.

حەمید عوســمان بەیاننامەیەکی بە ناوی ئاشـــکرای خۆی بڵاوکردەوە و تێیدا داوای لە هەموو هێزە نیشـــتمانییەکان کردبوو لە بەرەیەکی نیشـــتمانیدا هاوکاریی یەکدی بکەن تا گەل تەیار بکرێ بۆ ڕووخاندنی ڕژێم و دامەزراندنی ڕژێمێکی نیشـــتمانیی دیموکراتیی ئامانجەکانی گەل دەستەبەر بکا.

ئیدی **هیچ** گومانێک نەما کە حەمید عوســـمان لەدەرەوەیە، بەڵام ئەوەی بەندیوانەکان هەموو ڕۆژێ بە حەمید عوســمانی دادەنێن و دڵنیان لە بەندیخانەیە کییە و، چۆن ژمارەی بەندییەکانیش کەمینەکردووە، کارەکە ئەوڕۆژی ئاشـکرابوو کە بەیاننامەکە بەناوی حەمید عوســـمان بڵاوکرایەوە. کە مەئمووری بەندیخانە و چەند بەندیوانیک هاتن و پرســـیاری حەمید عوســـمانیان کرد و گوتیان دەمانەوێ قســـەی لەگەڵ بکەین، بەندییەکان بردنیانە

ژوورەکەی و گوتیان فەرموون ئەوەش حەمید عوسمان، چیتان لێی دەوێ؟ کە لێینزیکبوونەوە دیتییان پەیکەرێکی حەمید عوسمانە و لە قور دروستکراوە و ماکیاژێ بۆ کراوە تا لە حەمید عوسمان بچێ، لەو جێیەش داندراوە کە هەردەم لێی دادەنیشت. بەندیوانەکان پەیکەرەکەیان برد و مەئمووری بەندیخانەش بەدوایانەوە و لەسەری خۆی دەدا و بردیانە ژووری بەڕێوەبردن. دەستەی لێکۆڵینەوەس دووپاتیان دەکردەوە مرۆڤی ئاسایی ناتوانێ ئەو شێوازە وردانە ئاشکرا بکا، ئیدی تەنیا سزای"ئاگاداركردنەوە"یان دایە مەئموور و بەندیوانەکانی سەرپەرشتیی ژماردنی بەندییەکانیان دەکرد و کە پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەر ساڵێک دوادەخا. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز کاررایيم بۆ مەئمووری بەندیخانە کرد تا ئەو سزایەی لەسەر لادەن چونکە بەوەی ناسرابوو فەرمانبەرێکە لە سنووری ئەرکەکانی لانادا و ڕقیشی لە بەندیە سیاسییەکان نییە.

جارێکی دیش بەندیخانەی نوگرە سەلمان کرایەوە:

نوگرە سەلمان نزیک سنووری عێراق و سعوودییەیە و لە ناوچەیەکی دوورەدەستی بیابانە، ئەو بەندیخانەیە لە بنجرا قەڵایەکی سەربازی بووە و ئەفسەرێکی بەریتانیی ناوی کلۆب پاشا"ئەبو حەنیک" بووە،بنیاتیناوە تا لەسەر سنوور بەر بە هێرشەکانی وەهابییان بگرێ. ئەو بەندیخانەیە دوو قەلای دوونهۆمییە و نهۆمی زەویی دەرگای نییە و دەرگا لە نهۆمی دووەمە و دەبێ بە قاڵدرمەیەکی ئاسن بۆی بەسەرکەوی کە بەدەرگای قاسەی ئاسن دەچێ. پێش پەنجەرەکانیشی پەردەی پۆڵایان هەیە و گوللە نایانبڕێ. هەردوو قەڵایەکەش بە توونێلێک دەگەنە یەکدی و لە ناوەڕاستی توونێلەکە جێیەک بۆ دانانی ئاو و هەڵگرتنی ئازووخە هەیە تا ئەگەر گەمارۆدرا خۆی راگرێ. لەسەردەمی مەلەکی ئەو بەندیخانەیە فراوان کرا و دە هۆڵی گەورەی تێدا بنیاتنرا کە هەریەکەیان جێی (١٥٠) بەندیی تیدا دەبووەوە و بۆ شیوعییەکانیا دروستکرد و خرایە سەر بەندیخانە کۆنەکە. بەندیوان و پۆلیسەکانی بیابان، کە وشترسواربوون، پاسەوانیی ئەو بەندیخانەیەی دەکەن. بەندییەکانیش لەمێرگی دوورەوە ئاویان بە تانکەر بۆ دێ و، ئەوانەی سەرپەرشتیاری جێیەکەشن ئازووخەی وشک دەدەنە بەندییەکان تا خۆیان بەکۆمەڵ خواردن بۆ خۆیان لێبنێن.

کە ڕووداوی اکردنی بەندییان زۆربوو و بەتایبەتییش کادیرانی شیوعی و چالاکیی سیاسی لە دەرەوە بووژایەوە، حکوومەت بەندییەکانی تەنگەتاو دەکرد و بێژووانە و بەڕێی فێڵبازی دەستی بەسەر مافە یاساییەکانیان دادەگرت، کادیرە پێشکەوتووەکانی حیزب گواسترانەوە بەندیخانەی نوگرە سەلمان تا بۆی بڕەخسێ بەسەر بەندیخانەکانی دیدا زاڵ بێ. بەڵام بەندییەکان ملیان نەدەدا و بەرگرییان دەکرد، ئیدی ویستی دەست بەسەر ڕادیۆیەکاندا بگری و موکەبەرە لە بەندیخانە دانێ، تا بەندییەکان تەنیا گوێیان لە بەرنامەکانی ڕادیۆی بەغدا بێ، بەڵام بەندیەکان ڕادیۆیەکانیان ڕادەستی بەڕێبەری نەکرد، ئەوجا ویستیان دوو شیوعیی لیژنەی حیزبیی بەندیخانەی باقووبە بگوازنەوە نوگرە سەلمان کە ئەوانیش حەننا ئەلیاس و توعمە مەرداس بوون. بەڵام بەندییەکان ڕادەستیان نەکردن. ئیدی نەجمەدین سائیبی موتەسەڕیف هات کە خەڵکی کەرکووک بوو و برادەری کاری پارێزەریم بوو و لەگەڵ سوڵتان ئەمینی بەڕێوەبەری پۆلیس کە زاوای بەهجەت عەتییەی بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکانی تاوان بوو و دەستەیەک پۆلیسی ناوخۆیشان لەگەڵ خۆ هێنابوو، بەچەکەوە چوونە سەر بانی بەندیخانە و هەڕەشەیان دەکرد ئەگەر بەندییەکان مل نەدەن قەسابخانەیەکی دی دروستدەکەن.

که منیش نوێنەری دیداری بەرپرســـانی بەندییەکان بووم، بۆ دیداری موتەســـەڕیف و بەڕێوەبەری پۆلیس و بەڕێوەبەری بەندیخانە جوومەدەرێ. دوور لە دووەکەی دی بەتەنیا لەگەڵ موتەســـەڕیف دوام و ئـامۆژگـاریم کرد خۆ لەکـارێکی وەک ئەوەی هەردوو بەندیخانەی بەگدا و کووت نەگلێنێ و، ئەو کارە دڕندانانەش، چ زوو و چ درەنگ، بێ سزا تێناپەڕن، بڕوای بە قسەکانم هات و پرسیاری کرد چ بکەم؟ گوتم بڕۆ لەگەڵ یان دانیشە و منیش تکای ئەوەی دەکەم گواستنەوەیان تا وادەی مانگانەی سەردا دوابخەن تا چییان دەوێ کەســـوکاریان بۆیان بێنن و دوایەش کارەکە لەبیرخۆت ببەوە و دواترێ داوای گواســـتنەوەیان مەکەوە. پێشـــنیارەکەی قبووڵکردم و ئەو ســـێ مانگەی لەو بەندیخانەیە مامەوە ئەوانیان نەگواستەوە.

بەلام حکوومەت بەندیخانەیەکی دیی دروســـتکرد و کردییە بەش بەشـــی بچووک و هەر بەشـــێکیشـــی لەویدی دادەبڕی و بەڕێوەبەرێکی لە عەبدولجەبار ئەیوب دڕندەتری بۆ دانا، کە ئەویش عەلی زێنولعابدین بوو، ئیدی توندترین ئەشـــکەنجەی بەندییەکانی دەدا، بەڵام گەل ئەوەندەی مۆڵەت نەدایە و شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ روویدا.

له بەندیخانە دەرچوونم و بەپۆلیس ڕەوانەکردنم بۆ بەدرە:

کە نزیکبوو حەوت سـاڵی بەندییەکەم تەواوکەم، لە ١٩٥٤ یاسـایەک دەرچوو کە ڕەگەزنامەی عێراقیی لە حوکمدراوە شـیوعییەکان وەردەگرتەوە و لە ولاتی وەدەردەنان. هەریەک لە یەکێتیی سۆڤیەت و بولگارستان و ئەلمانیای دیموکراسی ڕازیبوون پەنابەری بدەنە ئەوانەی ڕەگەزنامەیان لێ دەسەندریتەوە و میوانداریيان بکەن.

نەجم سـائیبی موتەسـەڕفی کەرکووک، کە هاوڕێ و برادەرم بوو، هاتەلام تا لێم بپرسـێ داخوا دوای ئەوەی لە بەندیخانە دەردەچم و ڕەگەزنامەم لێ دەسـتێننەوە، چ ولاتێک هەڵدەبژێرم بمنێرنێ. وەڵامم ئەوەبوو کە: "من ڕەگەزنـامەم لە حکوومەت وەرنەگرتووە، بەڵکو بەوەم وەرگرتووە کە بـاب و بـاپیرانم نیشـتەجێی ئەو ولاتە بووینە. منیش بە ئـارەزووی خۆم نیشـتمـانەکەم بەجێ نـاهێڵم و نـاچمە ولاتێکی دی و، هەر لە عێراق دەمێنمەوە" گوتی مـانەوەم لە عێراق واتە دەبێ تـا هەتـا لە بەنـدیخـانەبم، وەڵامـمداوە: "هەمووشتێک کۆتایی هەیە، دەبێ ئەو بارودۆخەس کۆتاییەکی هەبێ".

کە کاتی ئەوەی هات لە بەندیخانە بەربم، بەندییەکان بەو بۆنەیەوە ئاهەنگێکیان سـاز کرد. گوتیشیان دەرچووبم لە بەندیخانە و چوونەوە ڕیزی بزووتنەوەی نیشتمانی دەسکەوتێکیە گەورەی بزووتنەوە و حیزبی شـیوعییە. ڕۆژی دەرجوونم ماڵئاواییم لە بەندییەکان کرد و ئەوجا ماڵئاواییم لە سـاڵح فەوزیی بەڕێوەبەری بەندیخانە کرد و هانمدا بۆ چارەسـەری هەر کێشـەیەک با لە هاوکاریی بەندییان بەردەوام بێ و چارەسـەری بکەن. شـێخ عەتای برام و کەسـێکی دیکەی کەرکووکی گەڕیکی بەر تەکیەی نـاوی قـادر حەمـامچی بوو لەدەرەوە، لەگەڵ ژمارەیەک پۆلیسـی هاتبوون تا بنکەی ڕاگواسـتنەکان لەگەڵمان بێن، چاوەڕێم بوون .

سـەرکەوتینە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە و بەرەو بنکەی پۆلیسـی ڕاگواسـتنەکان بەڕێکەوتین. لەوی پێیانگوتم دەبێ بچمە "بەدرە"ی سـەر بە لیوای کووت تا سێ سـاڵی نیشـتەجێی زۆرەملێ لەژێر چـاودێریی پۆلیس لەوێ بەسـەرببەم، ئەوەش تەواوکردنی حەو حوکمەبوو کە ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی بەسەریدا سەپاندبووم.

ڕۆژی دیاریکراوی ڕاگواسـتنێ، بە گیراوی و کەلەپچەکراوی و بە پاسـێکی دارین و چاودێریی دوو پۆلیسـەوە، کە پاسـەکە ژمـارەیەک هـاوولاتییشـی تێدابوو، دوای نیوەڕۆیەکەی بەرەو کووت بەڕێکەوتین. ڕێیەکە قیرتـاو نەکرابوو و پۆلیسـی بەریتـانیا "ومبی" ڕێیەکەی خۆشـکردبوو و پەسـتابوویەوە. کەشـەکە باران بوو و ڕێیەکە قوڕبوو و ڕووشـمان لە کووت بوو و لەوێشـەوە بەرەو بەدرە، کە لە شـارۆچکەی "عەزیزییە"ش دوورکەوتینەوە پاسەکە خلیسکا و لەڕێیە خۆڵەکە دەرچوو ووەرگەڕا، بەڵام تەنیا تۆزێک

پێستەمان رووشا، بەو باران و سەرمایە لە پاسەکە هاتینەدەرێ و سەرنشینەکان هانایان بۆ ئەمیری ئیمانداران، عەلیی کوڕی ئەبو تالیب دەبرد. لەودەمی ئۆتۆمۆبیلێکی جێبی ئەمریکی بەوێدا هات، شوفێرێکی چەکدار و کوڕێکی گەنجی تێدابوو گوتیان کوڕی محەممەد حەبیب ئەلمیری ڕەبیعەیە، پۆلیسەکە لێیپارایەوە و گوتی : "شیوعییەکی مەترسیدارم لەگەڵدایە و دەترسێم ڕابکا، تکایە هەتا کووت هەڵمانگرە"، کە گوێی لە شیوعییەکی مەترسیدار بوو گوتی: " من شیوعییەک هەڵگرم؟ هەی دەردی لێدا" ئیدی پێی لێنا و بەجێیهێشتین. بەڵام گوێمان لە دەنگی مەکینەیەکی دوور بوو، کە نزیک کەوتەوە دەرکەوت بلدۆزەری کۆمپانیای "ومبی"یە لە کووتڕا بەرەو عەزیزییەی دەچوو، هەموو هاواریان کرد "اللهم صلى على محمد و ال محمد" ئەمیری ئیمانداران هات ڕزگارمان بکا، هەر بەڕاستییش بلدۆزەرەکە بە هاوکاری خەڵکەکە پاسەکەیان هێنایەوە سەرڕێیەکە و بەرەو کووت بەڕێکەوتین. شەوێ گەیستینە کووت و، لەوێ لەجێی هێشتنەوەی بەندییانهەردوو هاوڕێ'عەلی شێخ حمود و عەتا دەباس'ل دیت کە حکوومەت دواترێ لە ڕاپەڕینەکە شاری "الحی" لە ١٩٥٦ لەسێدارەیدان.

لەو هەڵوێستە سەیرانەی دواترێ روویاندا، ئەحمەد ساکح ئەلعەبدی فەرمانڕەوای سەربازی دوای شۆڕشی ١٤ی تومموزی ١٩٥٨ ڕۆژێکیان پەیوەندیی پێوەکردم، کە ئەودەمی پشکنەری گشتیی چاکسازیی کشتوکاڵی بووم گوایە عەبدولکەریمی سەرۆکوەزیران پەیوەندیی پێوە کردووین و دەڵێ محەممەد ملحەبیب کارەبای جنێتەرەکەی ماڵەکەی لەسەرئەو کارگەی چاککردنەوەی ئامێران بڕیوە کە پێشترێ هیی خۆی بووە و بەپێی یاسا دەستی بەسەردا گیراوە، جا فەرمانڕەوای سەربازی داوای کردبوو لەگەڵ ئەفسەرێکی وەزارەتی بەرگری بچمە کووت و دەستکراوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای سەربازییشی کردبووین تا کارەبا بدەینەوە کارگەکە.

کە جووینە ئەوێش، عەقید عەبدوللەتیف دەڕاجی موتەسەڕیف بوو و شێخ عەلی تالەبانیش قایمقامی قەزای ناوەند بوو. داوامان لە کوڕی ئەمیر کرد کارەبا بداتەوە کارگەکە، جا ئەو کەسەی ئەوێ شەوێی باسم کرد ڕازی نەبوو بمگەیەنێتە کووت، ئێستا داوایەکەی ڕەتکردەوە، منیش فەرمانم دایە بەڕێوەبەری پۆلیس دەستگیری بکەن و بە کەلەپچەکراوی بینێرنە بەغدا تا دادوەری سەربازیی گشتی بڕیار بدا چارەنوسی چ دەبێ، کە بە کەلەپچەکراوی لە پشتەوەی پیکابی پۆلیسان دانیشتبوو و چەند پۆلیسی لەگەڵ بوو، عەلی تاڵەبانی هاتەلام و تکای لێکردم بەگیراوی ڕەوانەی نەکەم وبەڵێن دەدا خۆی بێتە بەڕێوەبەرایەتییەکەم و ئێستاش کارەبایەکە بداتەوە. داوام کرد بیهێنن، پێمگوت: "جوانم لێ وردبەوە، ڕەنگە ڕۆژێک منت دیتبێ". گوتی : شوێند بەخوا بەبیرم نایە تۆم دیتبێ. گوتم:

"شـــەوەکەت بەبیردێ کە ڕازی نەبووی بە ئۆتۆمۆبیلەکەت بمگەیەنییە کوێت؟ من لەتۆ بەخشـــندەترم، ڕازیبووم بە ئۆتۆمۆبیلی حکوومەت بتبەنە بەغدا. گوتی: "هەر شـــتەی بە کاتی خۆی، تکایە لەســـەر کارێکی تێپەڕیوە لێپرســـینەوەم لەگەڵ مەکە". ئیدی ئاماژەم بۆ پۆلیس کرد کەلەپچەکەی بکەنەوە و بەریدەن و داوام لێکرد سبەینێ بێتە پشکنینی گشتیی چاکســـازیی کشـــتوکاڵیی بەغدا، هەر بەڕاســـتییس ڕۆژی دواتر هات، ڕێزم گرت و پەیوەندیم بە فەرمانڕەوای ســەربازیی گشتی کرد و گوتم کێشـەکە کۆتاییهات و کارگەکە کارەبای درایەوە و بەڵێنیش دراوەجارێکی دیکە نەبڕدرێ، بە کوڕەکەی ئەمیریشـــم گوت: "ئێستا تۆ ئازادی، دەچییەوە لای کەسوکارت یان دەبییە میوانی من" جا سوپاسی کردم و چووەوە لای کەسوکاری.

کە گەیشتمە بنکەی پۆلیسی کووت، خستمیانە ژوورێکی هەردوو هاوڕێ عەلی شێخ حمود و عەتا دەباسی لێبوو و، لەمێژبوو دەستگیر کاربوون و هیچ تۆمەتێکیان ئاراستە نەکرابوو و، ئەوانیش مانیان لە خواردن گرتبوو، وەک هاوکاری منیش مانم لەگەڵ گرتن و ڕۆژی دواترێ سـەید تەقی تەباتەبایيسـەرۆکی شـارەوانیی عەمامەیەکی سـەوزی لەسـەری بوو هات دانوســتانیان لەگەڵ بکا تا مانگرتنەکە بشـکێنن و بەڵێنی دا لە مەســەلەی بەردانیان بکۆڵێتەوە. لێرە منیش قســـەم کرد و گوتم من پارێزەرم، نابێ کەســـی گیراو لە چل و هەشت سەعات پتر بهێڵرێتەوە ئەگەر هیچ تۆمەتێکی ئاراستە نەکرێ، جا لەجیاتیی ئەوەی داوای کۆتاییهێنانی مانگرتنەکەیان لێ بکەی، وا باشـتـرە بە بەرپرســـان بڵێی کێشـــەکەیان کۆتـایی پێ بهێنن ، یـان تۆمەتیکیـان بۆ دانێن یـان بەریـان بـدەن. پێدەچوو بە لایەنە بەرپرسـەکانی گوتبێ پارێزەرێکی لەوێ دەستبەسـەرە ڕێنوێنییان دەکا و پێیاندەڵێ مافیان چییە و چ نییە. ئەگەرچی باران دەباری و ڕێی بەدرەی خۆشنەکرابوو و مەترسیی ئەوەی هەبوو ئۆتۆمۆبیـل لە ڕێیە پەکی بکەوێ، کەچی هەر نـاردمیـانە بەدرەی و ئێوارەکەی گەیشتمەجێ.

سێزدە ڕۆژی دوورخراوەیی لە بەدرە:

بەدرە شـــارۆچکەیەکی بچووکە و دەکەوێتە ســـەر "کلال"، لە تخووبی فەیلییان نزیکە و لەســـەر ســـنووری ئێران و چیایەکانی "پشـــتکۆ"ی ســـەرکەشـــە کە شـــکۆیەک دەداتە شـارۆچکەکە و زۆربەی خەڵکی شـارەکەش کوردن و، زۆربەشـیان لە عەشیرەتی "مەلەک شـــایی"ن و فەیلین. نزیـک دۆڵەکەش بێســـتـانی دارخورمـا و مزرەمەنیی لێیە و. بەڕێوەبەرییەکانی حکوومەت تۆزێک لە شارۆچکەکەی دوورن و دۆڵێکیان لەبەینێیە.

چل و پێنج دورخراوە لە شـارۆچکەکەی هەبوون و زۆربەیان لە بینایەکی فراوان بوون و باخچە و یانەیەکی فەرمانبەران دەوریان دابوو. حکوومەت ئەو دوورخراوە سـیاسـییانەی

لەو بینایە نیشـــتەجێ کردبوو، بەڵام ئەوانەی خاوخێزانیان لەگەڵ خۆ هێنابوو لە هەندێ خانووی بەڕێوەبەریی ناوخۆیان دانابوون.
بۆ هەر دوورخراوەیەکیش پۆلیسێکیان دانابوو و بجووبایە کوێ وەک سێبەر لەگەڵی بوو و لەبەردەم یانەکەی بەرانبەر قایمقامییەت و بنکەی پۆلیس بوو، کۆدەبوونەوە. قایمقام داود سـەلمان بەیاتی بوو کە پێشـتر بریکاری موتەسـەڕیفی بەغدابوو، ئەو کاتەی قەسـابخانەکەی بەندیخانەی بەغداله ١٩٥٣ ڕوویدا. ئەویش لەو قەزایە دووره خۆی بە دوورخراوه دادەنا، مامۆستا کامل قەزانچییش لە دوورخراوەکان بوو و شتێکی خۆشـی سـەبارەت بە مامۆسـتا کامل قەزانچی هەیە و ئەویش ئەوەیە لە ١٩٥٤ خۆی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران پاڵاوتبوو و خۆیشـی نیشـتەجێی زۆرەملێی بەدرەبوو، لەکاتی دیاریکراوی دانانی دەستەبەری"تامینات" بەبەرچاوی پۆلیسەوە سواری ئۆتۆمۆبیلێک دەبێ و بەغدا هاتم، دەشڵێ مافی دەسـتووریی خۆی بەکاردێنێ، جا پۆلیش لێگەڕابون سـواری ئۆتۆمۆبیلەکە ببێ، بەڵام لە خاڵی پشـکنینی دەوروبەری شـار، بە تۆمەتی ئەوەی دەیەوی لە نیشتەجێی زۆرەملێ ڕابکا، دەیگرن و بە کەلەپچەکراوی هێنایانە جێی ڕاگرتنێ"تەوقیف".
ئەفسـەرێک لە شـارۆچکەکە هەبوو هاوسـۆزی بەندییە سیاسـییەکان بوو و ناویم لەبیر نەماوە، کە شـەوان بە سـەرخۆشـی لە نادی دەچووەوە جوێنی بە حکوومەتی دەدا.ئەو ئەفسەری تەجنیدی قەزایەکەی بوو.
لەوێبوونم، ڕێکەوتی گرێدانی پەیمانی عێراقی – تورکیی کرد لە ١٩٥٤وەک ڕێ خۆشـکردنێک بۆ پەیمانی بەغدا، ئیدی نووسـراوێکی ناڕەزاییمان دژی ئەو ڕێککەوتنە ئیستیعمارییە پێشکەش کرد.
تەنیا سـێزدە ڕۆژ لە بەدرە مامەوە، شـێخ حەبیب تالەبانیی مامم لای سـەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ ناوبژیی بۆ کردبووم تا نیشـتەجێی زۆرەملێیەکەم بگوازنەوە شـارۆچکەی کفریی نزیک گوندی زەرداوی شێخ عەتای برام لەووی دەژیا. جا لەگەڵ یەکەم ئۆتۆمۆبیلی جێبی پۆلیس ڕەوانەی بنکەی پۆلیسـی سـەرایان کردم تا لەوێرا ڕەوانەی کفریم بکەن، ڕازی نەبووم بە کەلەپچەکراوی بمبەنەوە کەرکووک و دوایەش بۆ کفری، جا بەڕێوەبەری پۆلیسـی گشـتیی ئەودەم وەجیه یونس بوو بەدوایدا ناردم تا لە ڕازی نەبوونم بپرسـێ و گوتی بۆ ئەوەی بە یاسایی ڕاگیراوە شەرم نییە. گوتم : من بۆیە ناڕازیم چونکە ڕاگرتنەکە نایاسـاییە، ئەوەی لەسـەرمە لەجێی دانیشـتنەکەم ئامادەبم و سـەردانی پۆلیس بکەم تا بارودۆخی خۆمیان پێبڵێم. ئەفسـەرێک بە پلەی عەمید ڕوکن لە نزیکییەوە دانیشـتبوو، کە گوێی لە ناوی من بوو هەسـتایەوە و، گوتی : "دەزانی ئێمە ئامۆزاین؟" گوتم: "نازانم جەنابت کێی؟" گوتی: "من غازی داغسـتانیم، ئەرێ دەزانی پەیوەندیی برایەتیی نێوان

محەممەد پاشا داغستانیی خوالێخۆشبووی باوکم و شێخ محەممەد عەلی تاڵەبانیی باپیرت چۆن بوو؟ من منداڵبووم کە باوکم ئێمەی ئەســـپاردەی باپیرت کرد و چووە شــــەڕی شوعێبە و لەوێ شەهید بوو. باپیرت ئەکی باوکایەتیی لەگەڵ ئێمە بەجێهێنا و، ماوەیەکی درێژ میوانداریی کردین و ئێمەس ئەو جاکەیەی قەت لەبیر ناکەین". ئەوجا پرســـیاری مـامەکـانم و میمکەکـانمی کردو نـاوی هەمووانی دەزانی، ئەوجـا ڕووی لە بەڕێوەبەری گشـــتیی پۆلیس کرد و، گوتی: "ئەگەر کەفالەتی من قبوڵ بکەم من دەبمە کەفیلی، ئەوە ئامۆزامە". بەڕێوەبەری گشـــتی ڕازیبوو بە ئۆتۆمۆبیلی عەتای برام بچمە کەرکووک و ئەوجا بۆ کفری. لە کەرکووک، حوســـێن فەریدی بەڕێوەبەری پۆلیس هەناردییە دوام و ڕێیدام سەردانی خزمەکانی کەرکووکم بکەم و ئەوجا ڕوو لە کفری بکەم.

نیشتەجێی زۆرەملێ و چاودێریی پۆلیس لە کفری:

دەبوایە سێ ساڵ لە نیشتەجێی زۆرەملێ بم لە کفری و لە ژێر چاودێریی پۆلیسدا. کفری پێشتر، کە ژمارەیەکی زۆری گەنج و ڕۆشنبیر و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی تا ساڵی ١٩٤٥چوونە ڕیزەکانی حیزبی هیوا و، دواتریش لە ١٩٤٦ چوونە ڕیزەکانی حیزبی ڕزگاری، بنکەیەکی گرنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی بوو. ئەگەر بمانەوێ لەو بوارەدا مافی هەموو کەسێک بدەین ئەوا شێخ جەمال تاڵەبانیی باوکم و محەممەد فەتاح بەگی جاف لە ١٩٢٩ ڕا کە لقێکی کۆمەڵەی "ئازادیی کوردستان"مان لە کفری کردەوە لەو ناوچەیە دەستی باڵایان لە بزواندنی هەستی نەتەوەیی هەبوو و، سەرباری ئەو دووەش سەعید ئەفەندیی موفتی و وەستا ساڵحی بەرگدروو و سەعید وەنداوی و کەسانی دیکەش ئەندامی کۆمەڵەکەبوون.

بەڵام بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دوای تێکشکانی بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود لە ١٩٢١ تووشی نوسوستی هات و دواشەڕی کردیشی شەڕی ئاوباریکیناحیەی "گڵ" بوو دواترێ خۆی رادەستی حکوومەت کرد تا دەساڵان لە نیشتەجێی زۆرەملی بێ لە باشوور، یەک لە هۆیەکانی کزبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کفری مردنی محەممەد بەگی جاف بوو و زۆربەی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵەش لە هەموو شارەکانی کوردستانڕوویا لەوەی بوو لەگەڵ حکوومەت ڕێککەون و پۆستی باڵایان لە دەوڵەتدا بدرێتێ، باوکم زۆری خەم لەو ئاراستەیە و لە کۆچی محەممەد بەگی جافی برادەری نزیکی دەخوارد.

ئەو نوشوستییە تا١٩٣٨، کە حیزبی هیوا لە کەرکووک دامەزرا، بەردەوام بوو، کۆمەڵێ ڕۆڵەی کفریش وەک قوتابی و مامۆستا لە کەرکووک بوون. دیارترین و چالاکترین کەسایەتیی حیزبی هیوای بیرۆکەکانی ئەو حیزبەی بردە کفری مامۆستا محەممەد قەرەداغی بوو. ئەو گەنجە نەرمونیان و سەنگینەی لە ڕازیکردنی ڕۆشنبیران و کاسبکاران ماندوو نەدەبوو تا بێنە ڕیزەکانی حیزب. لە مەودایەکی کورتدا ژمارەیەک کەسایەتیی شکۆمەند لەدەوری حیزب کۆبوونەوە لەوانە شێخ عەتا تاڵەبانی و شێخ محەممەد نەجیب وەهاب تالەبانی و کەریم بەگی سەرۆکی عەشیرەتی جاف و داود بەگ و مستەفا بەگی جاف و محەممەدەمین جاف و شێخ ئەحمەد شاکەلی و ئەحمەد بەگی بابان و حاجی قەرەداغی و حوسێنی برای و حاجی عەلیی حاجی محەممەد و مەلا عەزیز عەبدولڕەحمان و محەممەد عەلی ئاغای زەنگەنە و زۆری دیکەش. بەڵام کە لە ١٩٤٥ڕا کێشە لەناو ڕیزەکانی حیزب دروستبوو و، ماجید مستەفا وفوئاد عارفی برازای ڕۆڵێکی گەورەیان لە دروستکردنی ئەو قەیرانە و پارچە پارچەبوونی حیزبدا هەبوو، هەر لەبەر ئەوەشە فوئاد عارف دەترسێ ڕاستیی ڕۆڵی خۆی لە پارچەپارچەکردنی حیزبی هیوا باس بکا.

کەچی ڕێکخســـتنەکانی حیزبی هیوا لە کفری دوا ڕێکخســـتنی ئەو حیزبەبوو بەردەوام بووبێ، بەڵام کە حیزبێکی نەتەوەیی نوێی ڕێچکە پێشـــکەوتنخواز دروســـت بوو، ئەو ڕێکخراوانەی حیزبی هیوا خۆی هەڵوەشـــاندەوە و، ئەو حیزبەش حیزبی دیموکراتیی کوردی بوو بە ســـەرکردایەتیی مەلا مســـتەفای بارزانی. بەڵام ئەو حیزبەش، ئەودەمە تووشـی نشـوسـتی بوو کە بارزانییەکان کشـانەوە کوردسـتانی ئێران و دواتریش، کە کۆماری مەهـابـاد ڕووخـا و قـازی محەممەد و هـاوەڵەکـانی لەداردران، ئەوانیش چوونە یەکێتیی سۆڤیەت.

کە گواســـترامەوە کفری، بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕوو لە کزی بوو و، حیزبی شـــیوعی ڕێکخســـتنی لەوی نەبوودەســـەڵاتە حکوومییەکانیش هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنیا لە دژم بەرپا کردبوو، گوایە پۆلیس ناوی هەموو ئەو کەســانە دەنووســێ کە ســەردانم دەکەن، بەڵام خەڵکە بەڕێزەکەی کفریملەیان لەگەڵ ئەو هەڕەشـانە کرد و بۆ بەخێرهێنانم سـەردانیان دەکردم دیاریی وەک پێداویســتییەکانی ژیانیان بۆ دەهێنام و، شــێخ عەتای براســم لە گوندی زەرداوبوو کە تەنیا ٢٣ کم لە کفری دوورە.

دوای مـاوەیەکی کورتی جێگیربوونم لەوێ، حیزبی شـــیوعی لەڕێی هـاوڕێ عوبێد عەبدولڕەحمانەوە پەیوەندییان پێوە کردم و ئەو پەیوەندیی لەگەڵ دروســـتکردم و ئەو بڵاوکراوە سیاسییانەی بۆ دەهێنام کە دەردەچووندەبوایە هەموڕۆژێش لە بنکەی پۆلیس ئامادەبم تا تۆمارەکە واژوو بکەم و بیســەلمێنم لێرەم، پۆلیســیش کەسـێکی بۆ هاوڵی و چاودێریی جووڵانەوەکانم تەرخان کردبوو، بەڵام شارۆچکەکە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی لێ نەبووو چاودێرییەکە هەر هاکەزایی بوو.

دەبوایە بۆ جووڵاندنی چالاکیی سـیاسـی لە ناوچەکەدا بەجۆرێک پەیوەندی بە شـیوعییە کۆنەکان بکەم کە حکوومەت هەسـت پێ نەکا من پەیوەندیم پێیەوە هەیە. یەکەم شـیوعیی پەیوەنـدیم پێیەوە کرد عەلی شــێخ محێدین بوو، ئەو هـاوڕێیە قوتـابیی قوتـابخـانەی پیشـەسازیی سـەربازی بوو و،لەو هەڵمەتە چڕەی کرایە سـەر شیوعییەکان سێ قوتابیی کورد حوکمدران، ئەوانیش عەلی شێخ محێدینی خەڵکی کفری و محەممەد ئەحمەد سۆفیی خەڵکی کەرکووک و حەســـەن ڕەحیمی چەمچەماڵی بوون و، بەهاوکاریی عەلی شــێخ محێدینیش یەکەم شانەی شیوعیمان لە ناوچەکە ڕێکخست.

پەیوەندیم لەگەڵ فەرمانبەران ئاسایی بووبگرە قایمقام و دادوەر و ئەفسەری پۆلیسیشبۆ پارێزەری سەریان لە نووسینگەکەم دەدا، بۆیە چیدی بۆ واژووی ڕۆژانە نەچوومە بنکەی پۆلیس تا تۆمارەکە واژوو بکەم، بەڵکو عەریفی بنکەکەتۆمارەکەی دێنا نووســـینگەکەم تا واژووی بکەم..لە مــاوەی لە کفری بوونم ئۆتۆمۆبیلێکی تــایبەتم کڕی. دوای ئەوەی

پۆلیسەکەی بۆ چاودێریم داندرابوو دەڕۆیی، شەوەکەی دەچوومە گوندی زەرداو تا لەگەڵ حەتای برام بابەتە سیاسییەکان تاوتوێ بکەین و،پێش نیوەشەوێش دەگەڕامەوە، شارۆچکەکەس خاڵی پشکنینی لێ نەبوو.
ڕۆژێکیان شێخ عەتا پێیگوتم حەمید عوسمانی سکرتێری لیژنەی مەرکەزیی حیزبی شیوعی لە زەرداوە و، بە تایبەت بۆ دیتنی من هاتووە و لە کەرکووکێڕا بەپیاوەریی هاورێیەک بەپێ هاتووە. چوومە زەرداو و چاوم پێیکەوت هۆی هاتنیشی بۆ ڕازیکردنی من بوو تا پشتی بیرۆکە پاکتاوییەکەی بگرم تا لقی کوردیی حیزبی شیوعی بچنە ناو ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتیی کوردستانی تا ئەوەی دواییان بکرێتە حیزبێکی شۆڕشگێڕی کوردی، ئەو بیرۆکەیەس بۆنی ئەوەی لێدەهات کە سەرکردایەتیی حیزب دەستەپاچەیە و ناتوانێ حیزبی شیوعی بکاتە حیزبێکی جەماوەریی وەک پێشتری. بەڵام من تەواو دژی بیرۆکەکە بووم، گفتوگۆیەکی درێژمان کرد و جارجارەش توند دەبووین. من باوەڕم وابوو دەبێ حیزبی شیوعی لەرووی ئایدیۆلۆژیا و ڕێکخستنەوە سەربەخۆیی خۆی هەبێ وتا ئەوپەڕی رادەش هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی دیکە بکا و نەخزێتە ناو تەریکیە نەتەوەییەکان. ئەو بیرۆکەیە لای ڕێکخراوی سلێمانیی حیزبی شیوعی هەبوو، بەڵام زۆربەی ڕێکخستنەکان دژی بیرۆکەی ئاوێتەکردن بوون. لەو ماوەیەشدا هاوڕێیان کەماڵ فوئاد و لەتیف نانەوا و نەژاد ئەحمەد عەزیز چوونە ناو حیزبی دیموکراتیی کوردستان، حەمید عوسمانیش گەڕایەوە و لە هەڵوێستی من ڕازی نەبوو.

یاسای چاودێریکردنی قوتابیان لەلایەن بەڕیوەبردنەکانی قوتابخانان:

دوای ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییانەی لە هەردوو ساڵی ١٩٥٢ و ١٩٥٣ کران و قوتابییانی دواناوەندی و کۆلێژەکان ڕۆڵێکی دیاریان لە ڕێکخستن و هەڵگیرساندنیدا دیتحکوومەت یاسایەکی دەرکرد و بەڕێوەبردن و دەستەی وانەگوتنەوەی کردە پێکهاتەی سیخوری تا چاودێریی هەڵسوکەوتی قوتابیانی دژە حکوومەت بکەن. ئیدی ناچارکرابوون هەر جوولە و هەر چالاکییەکی قوتابیان دەیانکرد ئەوان بە دەسەڵاتە ئاسایشییەکانی ڕاگەیەنن.

من، دوای ئەوەی حەوت ساڵی حوکمدانەکەمم تەواوکرد، لەبەردەم ئەنجوومەنی عورفیی سەرازی و لە ١٩٤٩دا بە سێ ساڵی سزای پاشینە سزادرابووم، کە دەبوایە سێ ساڵ لەژێر چاودێریی پۆلیسدابم. دوای ئەوەی حوکمەکەمم تەواوکرد نیشتەجێی بەزۆرم لە شارۆچکەی بەدرەدا بەسەردا سەپێندرا و دوای چەندین داواکارییش جێیەکە کرایە شارۆچکەی کفری.

لەوی پەیوەندیم بە ڕێکخراوی حیزبییەوە کردەوە و، ئەو شیوحییانەشم کۆکردەوە کە وازیان لە کاری حیزبی هێنابوو، واپێدەچوو ڕێکخوارەکە چالاکتر بووبێ، چونکە دروشمی ئەوکاتیی حیزبیش ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی بوو و دامەزراندنی ڕژێمی کۆماری، ئیدی ڕێکخراوەکە بڵاوکراوەیەکی ناوخۆی بڵاوکردەوە دروشمی دژە حوکمی پاسایەتیی کۆنەپەرستی دژاگەلی تێدابوو و، دانەیەکی بڵاوکراوەکەش بە دیواری دواناوەندیی کفریی کوراندا هەلواسرابوو.

مۆفەق شەفیق وەنداوی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو و لەخانەوادەیەکی ناسراوی شارۆچکەکە بوو. منیش، چونکە لەژێر چاودێرییەکی وردداببووم، بەردەوام پۆلیسێکم لەگەڵ دابوو، گومان لەمن نەدەکرا، پۆلیس بەهاوکاریی بەڕێوەبەریی قوتابخانە و بەڕێوەبەرەکەی، لەگەڵ قوتابیان دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد. ئیدی گومان کەوتە سەر قوتابییەک، بەڕێوەبەر و برایەکەی کە لە قوتابخانەکە قوتابی بوو شایەدییان لەسەر قوتابییە بێگوناهەکە دا و، بە تۆمەتی سووکایەتیکردن بە خانەوادەی پاشایەتی و هاندانی گۆڕینی ڕژێمی فەرمانڕەواگیرا و دوای لێکۆلینەوە درایە دادگای سزای کفری.

قاسم داود یەعقووبی دادوەری دادگای سزای کفری بوو، ئەو لە خانەوادەیەکی ناسراوی هەولێریێ بوو و هیچ کەیفی بە شیوعییەکان و نیشتمان پەروەرەکان نەدەهات. بەڵام من برادەرایەتییەکی تایبەتم لەگەڵیدا هەبوو، کە لەژێر چاودێریی پۆلیش و نیشتەجێی زۆرەملی بووم، بۆم نەبوو بەرگری لەو جۆرە داوایانە بکەم ، بەڵام مەزهەر فەهمی عەزاویی

پارێزەر لەجیاتیی لیژنەی بەرگری لە دادپەروەریی ســـەندیکای پارێزەرانی کارەکانی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو تا لە دادگاکاندا بەرگری لە نیشـــتمان پەروەران بکا، خۆبەخشـــانە هاتبوو بەرگریی لێ بکا.

لە ڕۆژی دادگایی وەک بینەر ئامادەبووم مۆفەق شـــەفیقی بەڕێوەبەر و برایەکەی هاتن ودوای شـــوێنخواردن دژی قوتابییە تۆمەتبارەکە شـــایەدییان دا و گوتیان تۆمەتباریان دیتووە کە بڵاوکراوەکەی بە دیوارەوە هەڵواســـیوە. تۆمەتبارەکە بیگوناە بوو و ئاگای لە ڕووداوەکە نەبوودوای کۆتاییهاتنی دادگاییەکە و بەرگریی پارێزەر، دادوەر هۆڵەکەی بە گوێگران چۆڵکرد من نەبێ.

دادوەر قســـەکانی رو لەمن کرد و گوتی: ئێمە لە دادگاین و کە کارەکەس پەیوەندیی بە کاروباری بینا و باڵەخانان هەبێ پســـپۆڕێکی وەک بەننا و ئەندازیار بانگ دەکرێن. لە بابەتە پزیشـــکییەکانیش بانگی پزیشـــکێک دەکەین تا پرســـوڕای پێ بکەین. جونکە تۆیش پسپۆڕی ئەو جۆرە کارانەی و، بابەتەکە پەیوەستی دواڕۆژی قوتابییەکەیە، ئەوا پێویست بە راوێژی ئێوە دەکا، بە شـــێوەیەکی تایبەت نەک فەرمی، داخوا پێتان وایە ئەو قوتابییە ئەو کارەی کردبێ؟ گوتم: کە لە بابەتی ئاوا پســـوڕا دەکەن دیارە کارێکی باش دەکەن، ئەگەر دەتانەوێ بە ویژدانێکی ئارامەوە حوکمێک بدەن، ئەوا من بۆتان دووپاتدەکەمەوە قوتابییەکە بێ گەناهە، دوور و نزیکیش ئاگای لە بابەتەکە نییە، گەواهیدانی بەڕێوەبەر و برایەکەیشـــی درۆیە و لە ترســـی تۆڵەی حکوومەت و ســـزادانیان بەپێی یاســـای دەرکراو کردوویانە. گوتی: سوپاس ئێستا بابەتەکە لەبەرچاوم ڕوونە.

دوای تەنیاییەکی کورت لەگەڵ نووســـەرەکەی، بانگی تۆمەتبارەکە وپارێزەرەکەی کرد و گوێگرانیش هـاتنەوە هۆڵی دادگا و، لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو و پێویســـــت بڕیاری بەردانی تۆمەتبارەکەی دەرکرد.

گفتوگۆیەک لەگەڵ موتەسەڕیفی لیوای کەرکووک:

لەو ڕووداوانەی دەبێ باسیان بکرێ، لەو کاتەی لە کفری بووم یوسف زیای موتەسەڕیفی کەرکووک سەردانێکی بەسەرکردنەوەی کفریی کردوەک پێیشیان گوتم، پرسیاری بارودۆخی منی کردبوو و، پێیانگوتبوو پارێزەری دەکا و هیچ چالاکییەکی سیاسیی نییە. ئێوارەکەی هەندێ خەڵکی دیاری شارۆچکەکە و ئەندامانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و شارەوانیی کۆ کردبووەوە، کە بەلایەنگری حکوومەت دادەندران، تا پرسیاری پێداویستییەکانی شارۆچکەکەیان لێ بکا، لەسەر یارەزووی موتەسەڕیفیش، منیش لە کۆبوونەوەکە بەشدار ببووم. سەرباری ئەوەی هیچ خزمەتگوزارییەک نەبوو و حکوومەت کاروبارەکانی قەزایەکەی بەتەواوی پشتگوی خستبوو، وەڵامی هەمووان ئەوەبوو کە شارۆچکەکە لەسایەی حکوومەت و لە سایەیپاساوە پێویستی بە **هیچ** نییە، هەمیشەش کەوتووەتە بەر لوتفی حکوومەت و بەرپرسان. ئەوجا رووی قسانی لەمن کرد و گوتی: مامۆستا تۆ چ دەڵێی؟پێموابوو وەک ئەوەیە بڵێ ئەدی بۆ ئێوە نەیارن و لە حکوومەت رازی نین؟ گوتم: موتەسەڕیفی پایەبەرز، من لە ١٩٣١ لەو شارۆچکەیە قوتابیی پۆلی یەکی سەرەتایی بووم و،تاکە قوتابخانەی ئەو قەزایەش بینایەکی کۆن بوو و یەکەم قایمقامی دوای داگیرکەری بەریتانی، کە شێخ محەممەدی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بوو. بنیاتینابوو، جونکە ئەو پیاوێکی رۆشنبیری سەردەمی خۆی بو و کەیفی بە زانست و رۆشنبیری دەهات. بەڕێوەبەری قوتابخانەش لە سەردەمی ئێمەدا پەروەردەکاری پیاوچاک ڕەشید عاکف هورمزی بوو و، خەڵکی کەرکووک بوو. نەیدەوێرا لەبەر درزی میچ و دیوارەکانی لە ژووری بەڕێوەبردن دانیشێ نەکا بەسەریدا بڕووخێ. ئیدی بەشی هەرەزۆری دەوامەکەی لە گۆڕەپان و لەناو قوتابییان بەسەردەبرد. ئێستا چارەکە سەدەیەک و پتریش تیپەڕیوە و بۆ نیشتەجێی زۆرەملێ و چاودێریی پۆلیس هاتوومەتەوە ئێرە، دیتم بەڕێوەبەری قوتابخانە، مامۆستای بەڕێز "نەجم" لەوەی دەترسێ بینایەکەی بەسەردا بڕووخێ و ڕەشید عاکف هورمزیی پەروەردەکار و مامۆستایشی هەر دەترسا بەسەریدا بڕووخێ. قوتابخانەکە هەروەک جارانیەتی و حکوومەت دەستێکی چاککردنەوەیسی پێدا نەهێناوە تا لێنەگەڕێ بەسەر سەری قوتابی و مامۆستاکاندا بڕووخێ تیبینییشم کردووە حکوومەت لە مەودای ئەو چارەکە سەدەیەدا تەنیا جوار خانووی بچووکی بۆ فەرمانبەران بنیاتناوە، بەڵام لەو ماوەیەدا دەیان خانوو ڕووخاون و، حکوومەت ئەو شارۆچکەیە تەواو پشتگوێ دەخا.

موتەسەڕیف ئاوڕێکی لە قایمقام دایەوە و گوتی: "ها دەڵێی هیچی نییە؟" ئەوجا وەڵامی منی دایەوە و گوتی: "دەزانی ئەو شارۆچکەیە لە ١٩٢٠ لەدژی بەریتانییەکان ڕاپەڕی و

کاپیتان"سیلمەن"ی هاریکاری حاکمی سیاسیی کوشت، ئەوە شارێکی بێزراوە" پێیمگوت: "دڵیان بەوەندەی بەو سـارەیان کرد دانەکەوتووە؟ دوایەش دەڵێن بەریتانییەکان لەو وڵاتەی نەماون، ئەدی ئێستا کێ تۆڵەی کاپیتان "سلیمەن دەسێنێتەوە؟"
ئیدی کەشی کۆبوونەوەکە گۆڕا و وایلێهات ئامادەبووان پێشنیاری خۆیان بۆ پێشخستنی شارۆچکەکە خستەڕوو، هەر لە کردمەوەی ڕێگاوبان و بنیاتنانی خانوو بۆ فەرمانبەران تا قوتابخانە بۆ منداڵەکانیان...
یوسف زیای موتەسەڕیف بەڕەچەڵەک تورکمان بوو و لە عەشیرەتی بەیاتی تورکمان بوو کە نیشتەجێی ناوچەی نێوان "دوواخوورماتوو" و تخووبەکانی زنجیرە چیای حەمرینن و لە "ئیبخانە"، لە بەغدا ژیابوو و ببوە عارەب و لایەنگری بزووتنەوەکەی ڕەشـید عالی گەیلانی بوولە مایسـی ١٩٤١، چەند سـاڵێک گیرا و ئەوجا خەریکی پارێزەری بوو و وردەوردە لە حکوومەت نزیکبووەوە و، کردیانە موتەسـەڕیفی لیوای کەرکووک. ئەو موتەسـەڕیفە بەوەی بەناوبانگ بوو کە بەرتیل خۆرە و سـەروسـامانی دەوڵەتیش گلدەداتەوە.
ڕۆژی دووەم موتەسـەڕیف لە دیوانی قایمقامییەت داوای کردم و دۆسـییەیەکی دامێ تا پێیدا بچمەوە و رای خۆمی لەسـەر بدەم. پێموابوو تایبەتی مەسـەلەیەکی مافناسـی یان بەرنامەیەکی پەرەپێدانی شارۆچکەکەیە. کە لە نووسینگەکەم سەیرم کرددیتم قۆنتەراتێکە بۆ بنیاتنانی قوتتابخانەیەکی شەس پۆلی لە گوندی"کوڵەجۆ"ی نزیک جەلەولا"گولاڵە"، ئیدی جوومەوە لای تا بزانم پەیوەندیی من بەو دۆسـییەوە جییە، کە دۆسـییەکە پەیوەندیی بە قۆنتەراتەوە هەیە و منیش قۆنتەراتچی نیمە. گوتی: منیش ڕۆژێـک لە ڕۆژان وەک تۆ گیرابووم و ئێسـتا هارریکاریی تۆم گەرەکە. جا ڕازیبی و ئەگەر ئەو قۆنتەراتە وەرگری، قۆنتەراتچیی دیکە هەن و ئامادەن لە بەرانبەر ئەوەی ئەو قۆنتەراتەیان بدەیتی پارەیەکی باسـت بدەنێ و وەک قۆنتەراتچیی لاوەکی وەەیگرن. پێمگوت: داوای لێبووردن دەکەم و گوتم: منخەریکی پیشـەی خۆمم و پارێزەری پارەیەکی ئەوتۆم دەداتێ پێداویستیی ژیانی پێ دابین بکەم و نامەوی سەرقاڵی کاریک بم هیچ پەیوەندیی بە کارەکەمەوە نییە.
دوو جووتیاری هەرە دڕی گوندەکەمان دەبنە شیوعی:
دوو جووتیاری دڕ و شەرانگێزی عەشیرەتی زەنگەنە لە گوندەکەمان هەبوون، کە شریان بە خەڵکەکەی دی دەفرۆشـت، باوکم لێیان پەسـت دەبوو، یەکیان ناوی حەیدەر عەلی مەدحەت بوو و جووتیارەکان بە (   ) بانگیان دەکرد و هەمیشە لەگەڵ مامی ناتەبابوو جونکە کچەکەی خۆی نەدەدایە. هەر بۆئەوەی تۆڵە لە مامی بکاتەوە هەندێ سەروسامانی لێ دزی و شتە دزراوەکان دیترانەوە و ئەویش دانی بە کارەکەیدا نا و سێ

سـاڵ حوکم درا، بەند کرا و، کە بەریشـبوو دیتی کچە مامەکەی شـووی بە خزمێکیان کردووە ناوی 'کاکەحەمە'یە. ئیدی لەسـەر ڕێی زەرداو-کفری بۆی دانیشـت و کوشـتی و ڕایکرد و بە چەکەوە لەگوندێکەوە دەجووە ئەویدی و دەترسـا خزمەکانی دەسـتی لێ بوەشێنن، تا پۆلیسیک گرتی و رادەستی حکوومەتی کرد.

حەیدەر هەواڵەی دادگای سـزای گەورەی کەرکووک کرا و منیش پارێزەر بووم و دژی حەیـدەر بەرگریم لە خـانەوادەی کوژراوەکە دەکرد. ئیـدی بەنـدیی تـاهەتـای بۆ برایەوەهەناردرایە بەندیخانەی باقووبەی بەشێکی بۆ بەندییە شیوعییەکان تەرخان کرابوو و منیش پێشـترێ لەو بەندیخانەیە گیرابووم. بەڵام من حەوت سـاڵ بەندی لە بەندیخانە و سێ ساڵ چاودێریم لە کفری تەواوکرد.

حەیدەر بەنهێنی پەیوەندیی بە شـیوعییەکانەوە کرد و کەوتە بن کاریگەرییان و تێڕوانینی بۆ ژیان گۆڕا، لەو ماوەیەیدا خزمێکی "کاکەحەمە"ی لە تۆڵەدا برایەکی حەیدەری کوستبوو کە پیاوێکی بێ وەی بوو. بەڵام لە نەریتی عەشـیرەتدا دەبێ تۆڵە لە هەر کەسـێکی تـاوانبـارەکە بکرێتەوە ئەگەر بێ گونـاهیش بێ، ئەو کەسـەـ، کە نـاوی "خوبیـار" بوو، بە ناوبژیوانیی من تا دوژمنداری و تۆڵەسـەندنەوە پتر پەرە نەسـێنێ، خۆی دایە دەسـت حکوومەت، بومە ناوبژیکەری هەردوولا تا سـوڵحی عەشـایەری بکەن. چونکە پێشـبینیی ئەوەسـم دەکردحەیـدەر هەر لە یەکەم ڕۆژی بەربوونیـدا لە تۆڵەی برایەکەی خوبیـار دەکوژێ، ئیدی جوومە باقووبە بۆ دیدەنی حەیدەر تا کێشەکە چارەسەر ببێ.

سەید نەجم سـائیب موتەسەڕیفی باقووبەی بوو، ئەو خەڵکی کەرکوکە و لە خانەوادەی سـەیدەکانی"ئال بو علک"ە، پێشـتریش لە کەرکووک دادوەر"قازی" بووە و منیش پارێزەر، ئیدی پەیوەندییەکی برادەرایەتیمان دروسـتکردبوو. چوومە لای موتەسـەڕیف و داوای هـاریکـاریم لێکرد تـا ڕوو لە عەلی زێنولعـابدینی بەڕێوەبەری بەنـدیخـانە بنێ، کە بەوەی ناسرابوو دژی شیوعییەکانە و حەزدەکا لە بەندیخانە ئازاریان بدا. موتەسەڕیف پەیوەندیی پێوەکرد و داوای لێکرد ئەرکەکەم ئاسان بکا و پێیگوت: "وریابە نەتکاتە شیوعی".

چوومە بەندیخانەی باقووبە و داوای دیداری حەیدەری بەندکراوم کرد، بەڵام دیتم ئەو بنیادەمە توند و دڕەی جاران نییە. ئێستا ئەو مرۆڤێکی بی وەیە و لە هەموو ئەو کارانەس پەشـیمانە پێشـترێ کردوونی و ئازاری بە خۆی و خزمەکانیشـی گەیاندووە. هەر خێراا بەدەم داوایەکەمەوە هات و ڕازیبوو سـوڵح لەگەڵ خزمەکانی بکا، بەتایبەت "خوبیار"، گوتی: "هەموو کێشـەکان من لێیان بەرپرسـیارم، تکات لێدەکەم داوا بکەی بمبەنەوە کفری تا خوبیار ببینم و داوای لێبووردنی لێ بکەم و داوای لێبووردن لە منداڵەکانی "مایخان"ی براشـم بکەم. کە هێنایانەوە کفری ئەفسـەری پۆلیس دەترسـا حەیدەر و خوبیار بباتە لای

یەکدی چونکە دەیزانی حەیدەر چەند دڕ و توندە، بەڵام من هێورم کردەوەداوام لێکرد لە بەندیخانەی بنکەی پۆلیس دیداریان بۆ ڕێکبخا و، خوبیاریش لەوەی دەترســـا و، لەناو سـەرسـوڕماویی پۆلیس و گیراوەکاندا حەیدەر دەسـتی لە ملی خوبیار کرد و تکای لێکرد لەکارەکانی پێشـــترێی ببووریَ و، داوای لێکرد لاپەڕەیەکی نوێی دوور لە گیانی تۆڵەی عەشایەری بکەنەوە. خوبیاریش درایە دادگایسزاای کفری و لەبەر ئەوەی هیچ شایەدێکیش نەبوو تاوانەکەی بەچاوی خۆی دیتبێ، دادگا بڕیاری بەردانی دا.

حەیدەر، کە لەبەندیخامە دەرچوو و هاتەوە کفری، لە بنیادەمێکی خراپەوە ببووە مرۆڤێکی زۆر نەرمونیان وتێکۆشـەرێکی شـیوعیی کە لەگەڵ شـێخ عەتای برام، خوالێخۆشـبێ،لە خەبات بەردەوام بوو.

کەســەکەی دووەمیان جووتیارێکی گوزەران خۆشـــی گوندەکەمان بوو، بەڵام ســـەر بە گێچەڵ بوو و کاری ئەوەبوو گۆنگەڵان لە گوندی دروســـت بکا. پێشـــتریش کابرایەکی عەشـیرەتی زەنگەنەی ناوی "شـــەفیع ئاغا"بوودواتریَ بووە ســـەرکاری داودبەگی جافی خوالێخۆشبوو لەسەر ئەو زەوییانەی لە نێوان ئەو و شێخ عەبدولوەهاب تالەبانی کێشەیان لەسـەربوو. شـەفیع ئاغا بەدەسـتی شـێخ محەمەدی کوڕی شـێخ عەبدولوەهاب کوژرا و، زۆربەی جووتیارەکانی گوندەکەشـــمان زەنگەنەبوون ، ئیدی ئەو جووتیارە درِە "عەزیز ئیبراهیم ســـورونجی" دنەی عەشــیرەتی زەنگەنەی دەدا دژی ئەوانیدی و لای ئاغاکانی زەنگەنەی دەگرت و، باوکیشـــم بەتەواوی لەو کێشـــە و ململانێیانە بوونە هۆی کوشـــتنی شـــەفیع ئاغا دووربوو و ســـەرکۆنەی ئەو کارانەشـــی دەکرد. کە عەزیز زێدەڕۆیی لە فیتنەنانەوەی ناو گوندی کرد باوکم داوای لێکرد گوندەکەی بەجێبێڵێ و بارکا. ئەویش چووە گوندی دوازدەئیمام، گوندەکەش لەبەر شـاردنەوەی دوازدە موسـلمانی لە شـەڕی هێزە ئێرانییەکانی بەرەو دەشـــتی قەرەئۆغڵانی نزیک کفری پاشـــەکشـــەیان کردبوو، کوژرابوون، ئیدی هەردوازدەیان لەســـەر گردێک شـــاردراونەتەوە و ئەو گوندەش ناوی لێنراوە دوازدە ئیمام.

کە عەزیز ئیبراهیم ویســـتی زەوییە کێڵدراوەکان بۆوەرزی کشـــتوکاڵی دادیَ تۆ بکا وبەردەوام ســـەر لە گوندی بداتەوە، باوکم لێنەگەڕا و گوتی هە موو خەرجییەکانی کێڵانی دەداتەوە. بەڵام ئەو پشـــتی بە عەلی ئاغای زەنگەنە قایم بوو کە کوڕی حەســـەن ئاغای تابوور ئاغاسی بوو و، تابوور ئاغاسی فەرماندەی فەوجی هێزەکانی سوارەی حەمیدییەی بووە کەسولتان عەبدولحەمیدی دووەم لە کوردەکان دروستی کرد تا ڕێوبانەکان بپارێزن و هەر ســەرهەڵدان و یاخیبوونێکی کوردیی نا ئیمپراتۆریای عوسـمانیش سـەرکوت بکەن. ئەوەش وەک "ڕاویژکـاری فەوجی ســـەرایـای بەگریی نیشـــتمـانی" بوو" واتە فەوجی

جاشــەکانی ســـەردەمی بەعس کە کە حکوومەتی بەغدا بۆ شــەڕی شـۆڕشــی کوردی پێکیهێنابوون و دواتریش پێیاندەگوتن "جاش".
عەلی ئاغا و دارودەســـتە چەکدارەکەی هەڕەســـەی ئەوەیان دەکرد بە زەبری هێز زەوییەکانی عەزیز ئیبراهیمی دەهاژۆن. لە بەرانبەریشـــدا باوکم خزمە چەکدارەکانی کۆکردەوە و بەهێز دەستی بەسەر ئەو زەوییانەدا گرت، ئەودەمای من قوتابیی پۆلی یەکی ســـەرەتایی بووم کە عەزیز ئیبراهیمم دیت بەســـواری ئەســـپە ڕەشـــەکەیەوە هاتبوو ڕووداوەکە بە حکوومەت ڕاگەیەنێ. حـاجی عەلیی من لەگەڵ خـانەوادەکەی دەژیـام لێپرســـی مەســـەلە چییە؟ لە وەڵامدا گوتی: "ئەوڕۆ خوێن دەگاتە چۆکان". منیش لەوەی دەترســـام شـــەڕی چەکداری لە گوندەکەمان ڕووبدا و ببێتە قسـابخانە. بەڵام کارەکە بە ناوبژیی شـــێخ عەبدولوەهـاب تاڵەبـانی کۆتـایی هـات و بـاوکم وەک گوتی قەرەبووی خورجییەکـانی کێڵانی عەزیز ئیبراهیمی کردەوە و ئەویش وازی لە زەوییەکە هێنـا و نەهاتەوە گوندی.
من ڕقم لەو کابرایەی هەڵگرتبوو کە دەیویســـت فیتنەی لەنێوان باوکم و عەلی حەســـەن ئاغای برادەری دروست بکا. ئەوڕووداوە لە ١٩٣١ بوو و، لە ١٩٥٦ نیشـتەجێی زۆرەملێم لە کفری بەســـەردا ســـەپا و ئۆتۆمۆبیلێکی بچکۆلەی جۆری "فیات"ی ئیتاڵیم کڕی و چاوبەستەم لە پۆلیسـان دەکرد و بەسـەو دەجوومە گوندەکانی دەوروبەر تا پەیوەندی بە جووتیارانەوە بکەم ولە شـــانەی جووتیاریی شـــۆڕشـــگێڕانەدا ڕێکیان بخەم، ئەوەی جێی ســەرســوڕمانیشـم بوو ئەزیز ئیبراهیم لە بەرایی ئەو کەسـانەبوو بەدەم بانگێشـتی منەوە هات و، هەڵسوکەوتی تەواو گۆڕابوو و، ئیستا مرۆڤێکی بێ وەی و خۆشەویست بوو وتا ڕۆژی مردنیشـــی هەر تێکۆشـــەرێکی شـــیوعی بوو. بیروباوەڕە لینینییەکان ئاوا پەرجوو دروستدەکەن.

ڕووداوێک لەگەڵ قایمقامی کفری:

کە لە نیشـــتەجێی زۆرەملیی کفری بووم، هەوڵمدەدا کێشـــە لەگەڵ بەرپرســـانی قەزایەکە دروســـت نەکەم، بەتایبەتیش کە بەرپرســـە ســـەرەکییەکانی وەک ســـەید عومەر محەممەد ئاغای قایمقام و ســــەید قاســــم یەعقووبیی دادوەر و فازڵ حەمیدی ئەفســــەری پۆلیس هەموویان ناسیاوم بوون لە بەڕێوەبەرایەتی سەردانم دەکردن و لە یانەی فەرمانبەرانیش یەکدیمان دەدیت.

ڕۆژێکیـــان ڕووداوێکی نـــاخۆش لە گونـــدە چکۆلەکەی زەرداو ڕوویـــدا کە زۆربەی دانیشـتووانەکەی لە عەشـیرەتی "کیژ"ی کوردن. ڕووداوەکەش ئەوەبوو دوو خێزان ببووە شـەڕیان و بەدار لەسـەری یەکێکیان دابوو و تووسـی خوێنبەربوونی ناوەوە ببوو مرد و، سێ تاوانبارەکەس ڕایانکردبووە سەر سنووری ئێران.

قایمقام تکای لێکردم تاوانبارەکان بدەمە دادگا و ئەویش نووســـراوەکان دەکێشـــێتەوە تا بێپیاســـــای داوای عەشــــایەریی عێراقی بەڕیوە بچێ و، منیش ئارەزووم لەوەی بوو تا کێشەی نێوان دوو خێزانەکە فراوان نەبێ و ڕەنگە تۆڵەی کوژراوەکە بکرێتەوە و کێشەکە گەورە ببێ.

عەشیرەتەکانی سەر سنووری عێراق و ئێران جمور و کاکەیی و باجەلان و شەرەفبەیانی و هیی دیکەبوون. منیش برادەرایەتیم لەگەڵ ســــەرۆکەکانیان هەبوو و نامەم بۆ ناردن و داوام لێکردن بەدوای تاوانبارەکاندا بگەڕێن و بیانگرن و بیانێرنەوە کفری، یەکێکیان، کە هیدایەت خان بوو، لەناو سنووری ئێران گرتنی و بە برایەکەیدا ڕەوانەی کفریی کردنەوە، منیش لای خۆمەوە ڕادەســـتی قایمقامم کردن و داوام لێکرد بەپێی یاســـا لێرســـینەوەیان لەگەڵدا بکا و کارێک بکا بەپێی داوای عەشـــایەری ســـوڵح لەنێوان هەردوو خێزانەکە بکا. ئیدی قایمقام بەوە زۆر دڵخۆش بوو و فەرامانیدا نووسـراوەکان بکێشـرێنەوە تا لەڕووی بەڕێوەبەرییەوە کاریان تێدا بکا. منیش وەک چاودێر ئامادەی هەندێ دانیشتنی دادگاییەکە دەبووم. قایمقام هەموو جارێک بە تاوانبارەکانی دەگوت: "وانەزانن لەبەر لەبەر خاتری شێخ موکەڕەم یارمەتیتان دەدەم ، بە توندترین شێوە سزاتان دەدەم"، داوام لێکرد قاز لەو قســـانە بێنێ، چونکە من داوام لێ نەکردبوو یارمەتیی تاوانبارەکان بدا و، لە ئەنجامیشـــدا هەریەکە و حەوت ساڵ بەندییان بۆ بڕایەوە.

کە دادوەر بەو حوکمەی زانیبە قایمقامی گوت ئەو تاوانە تاوانی ئەنقەســـــت نییە، بەکو دەسوەساندنێکە و بووەتە هۆی مردن. حوکمی ئیداریی ئەو جۆرە کێشانە لە دوو ساڵ و سێ ساڵ تێناپەڕێ. ئیدی وەڵامی قایمقام بەبەرچاوی ژمارەیەک بەرپرسەوە ئەوەبوو کە:

"من بۆیە لەگەڵیان توند بووم چونکە ســـەر بە موکەڕەم تالەبانین". کە گوێم لەو قســـەیە بووەوە زۆرم خەم پێ خوارد.
کە ئێوارەکەی لە نووسینگەی پارێزەری بووم زەنگی تەلەفۆن لێیدا، دیتم عومەر محەممەد ئاغای قایمقامە و دەڵێ: "من تاوانبارەکانم بە حەوت ســـاڵ ســـزاداوە تۆ دەڵێی چ؟" منیش زۆر تووڕەبووم و گوتم: "خوا رووت ڕەشکا" و تەلەفۆنەکەم بەڕوویدا داخستەوە.
بەیانییەکەی بۆ هەندێ کاری پارێزەری چوومە لای ئەفسەری پۆلیس و، ئەدەم کەسێکی خەڵکی کەرکووک بوو و لە هاوڕییانی خانەوادەکەمان بوو و ناوی مەدحەت بەکتۆ بوو. دوو کەســـی دیاری شـــارۆچکەکەی لەلابوو و ئەاونیش حاجی ڕەئوف و مەلا مەدحەت بوون. ئەفســـەرەکە زۆری ڕێز لێدەنام و دەیگوت: "تۆ بارودۆخی خۆت دەزانی ومنیش حەزناکەم کەس ئازارت بدا، تکات لێدەکەم برۆ لای قـایمقـام"، ژوورەکەی قـایمقـام لە ژووری ئەفســـەرەکە نزیک بوو. گوتم: "باســـە بۆ بچمە لای؟" بارودۆخی من چاودێریی پۆلیســـە، دەبێبچمە بنکەی پۆلیس و ڕۆژانە تۆماری لێرەبوونی خۆم واژوو بکەم، ئەگەر قایمقامیش بیەوێ لەجیاتی جارێک ڕۆژی دووجار دەچم".
لەو کاتیدا زەنگی تەلەفۆن لێیدا، ئەوەی ئەوسەری قایمقام بوو قسەی دەکرد، نازانم داوای چیی لێکرد، بەڵام وەڵامیداوە و گوتی وا لەلامە و جا دەخواتەوە و دوایە دێتە لاتان، گوتم: "بڵێ نایەت". ئەفســـەرەکە تکای لێکردم بە تەلەفۆن قســـەی لەگەڵ بکەم، کە گوێدانی تەلەفۆنەکەم بەگویمەوە نا گوێم لێبوو قایمقام گوتی: "بەو ســـیفەتەی قایمقامم، پێت دەڵێم دەبی هەر ئێستا لە قایمقامییەت ئامادەبی"، گوتم : "هەی سەگی کوڕی سەگ بزانە تۆ کێی و بشزانە لەگەڵ کێ قسان دەکەی، ئەوەی تۆی کردووەتە قایمقام دیارە چ کەرێکە". ئیدی تەلەفۆنەکەم داخستەوە. ئەفسەرەکەی پۆلیس ڕەنگی لە ڕوودا نەما و زۆر شڵەژا، ئاخر لە بەڕێوەبەرایەتییەکەی و لە تەلەفۆنەکەی ئەویشـــەوە جوێن بە قایمقام درابوو. پێیمگوت: "مەترســـە، ئەگەر شـکاتی لێکردم یان هەر ڕێوشـوێنێکی دیی گرتەبەر، تۆ چیت لەمن گوێ لێبووە ئەوە بڵێ، چ دەکا با بیکا". لەودەمی فەڕاشـــی قایمقام دەرگای کردەوە و دوایە جووەوە لای قایمقام، دوای تۆزێک هاتەوە و داوای لە هەریەک لە حاجی ڕەئوف و مەلا مەدحەت کرد بچنە لای قایمقام، کە هاتنەوە گوتیان بەرووماندا هەڵشـاخا و گوتی: "ئێوەن نێوانی من و موکەڕەم تێکدەدەن" گوتیشیان ئاگایان لە مەسەلەکە نییە و سەریان سوڕما موکەڕەم لە تەلەفۆنی جنێو بە قایمقام دەدا.
دەمزانی قایمقام هیچم بەرانبەر ناکا، ئەو لە بەڕێوەبردنێ لاوازبوو و، ژنەکەی خوشـــکی هاوڕێیەکمان بوو، واتە شـەهیدی دکتۆر ڕوشـدی ئەحمەد، کە پاشـترێ هەواڵگریی عێراقی لە یەمەنی باشوور تیرۆریان کرد.

ئێوارەکەی، کە لە نووسینگەکەم بووم، قایمقام بەخۆ و بە فەڕاشەکەیەوە هاتن و هێشتا داخی ئەو هەڵسوکەوتانەیم لە دل بوو، جایەک و جگەرەیەکم دایە، ئەوجا لە نووسینگەکەم چوومە دەری و سواری ئۆتۆمۆبیلرکرم بووم تابچمەوە ماڵ و لەوی لە نووسینگەکەم بەجێی بێلم، ڕەنگە ئەو هەڵسوکەوتە جوان نەبێ، بەڵام هەڵسوکەوتەکانی و داوکردنی لە پۆلیس تا بمبەنە بەردەمی نەدەکرا بێدەنگەی لێ بکرێ، دەبوایە لەجێی دارەکی دووی لێدەمەوە.

حەمید عوسمان و هەوڵی پاکسازیی حیزبی شیوعیی عێراقی:

حەمید عوسمان، دوای راکردنی لە بەندیخانە، نەیتوانی بەتەواو بەسەر حیزبدا زاڵبێ ونەیتوانی حیزبیش بکاتە حیزبێکی جەماوەری، چونکە تێگەیشتنەکانی سنووردداربوون و چالاکییەکانی لە سنووری کوردستان تێنەدەپەڕی،لە کوردستانیس حیزبێکی دیموکراسی هەبوو، کە حیزبی دیمەکراسیی کوردی بوو، کە مەلامستەفای بارزانی و هاواڵەکانی لە مهاباد دایانمەزراندبوو، لە کوردستانی عێراقیش دوو کەسایەتیی دیار سەرکردایەتییان دەکرد و ئەوانیش ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵلا بوون و، لەناوەندە کوردییەکان تەواو ناسرابوون.

حەمید حومان بۆ مەبەستی گەیشتنە پلە و پایە دەیویست بچێتە پاڵ ئەو حیزبە، بەڵام چیی لە حیزبی شیوعی بکردایە کە تاکە حیزبی جەماوەریی چلەکانی ناوەندە کوردییەکان بوو؟ ئەی بۆ ئەو کەسە سەرکردانەی بەجێبێڵێ کە کودەتایەکی ناڕەوای بەسەردا کردبوون تا دەست بەسەر حیزبدا بگرێ؟ لە کۆتاییدا بیری لە پاکتاوی حیزب کردەوە بە هەنجەتی ئەوەی نابێتە حیزبێکی جەماوەی و، دەبێ بخرێتە ناو حیزبی دیموکراسی. چونکە ئەو حیزبەش نە حیزبێکی لە ناو حیزب قبووڵ دەکرد و نە باڵباڵێنی ناو حیزب. پێدەچوو بەدەنگەوەهاتن گوێپێدانێکی لای ئەو سەرکردە و کادیرحیزبییە هەڵەرستە پاکسازییانەی دەورەی نەدۆزیبێتەوە، جا بۆ ئەو بیرۆکانەی لێرەولەوێ لە پشتیوانان دەگەڕا و، نازانم جۆنیش منی بەبیرهاتبووەوە لەکاتێکدا لەژێ چاودیریی پۆلیسی کفریدابووم.

ئێوارەیەکیان شێخ عەتای برام هەواڵی دامێ کە حەمید عوسمان لە گوندی زەرداو لە ماڵەکەیەتی و، دەیەوی من ببینێ. توانیمان لەو پۆلیسە دەربازبین کە چاودێریی منی دەکرد و لەگەڵمدابوو. جا سواری ئۆتۆمۆبیلەکەم بووم و چوومە زەرداو. دیتم حەمید عوسمان شیوعییەکی دیکەی لەگەڵدایە و خەڵکی بەرتەکیەی کەرکووکە و دەیناسم. ئەویش ئەحمەد کەشیش بوو و هەردووکیان بەپێ بە گوندەکای تاڵەبانیاندا هاتبوون.

حەمید عوسمان بەڕاسکاوی بیروڕایەکانی خۆی خستە بەردەمم و داوای کرد رای خۆمی لەوبارەوە بدەمێ، ئەودەمی بەنهێنی پەیوەنیم بە لیژنەی ناوخۆی کەرکووکەوە هەبوو. بەرپرسەکەی ناوەناوە سەری لێدەدام تا نامەیەکی حیزبم بداتێ و هەندێ بڵاوکراوەی بزبییش. لە دانراوەکانی لینین و نووسینەکانی هاوڕێ فەهد زۆرم لەبارەی بیرۆکە پاکتاوییەکان خوێندبووەوە، ئیدی ئاسان نەبوو حەمید عوسمان بیرۆکە پاکتاوییەکانی بە ئاسانی بەسەرمدا تێپەڕێن. دوای گفتوگۆیەکی زۆرو هەندێجار توندیش، پێمگوت ئەو بیرۆکانە مانای پاکتاوکردنی حیزبی شیوعییە و بە ئارەزووی حیزبە بۆرژوازی و

بۆرژوای بچووکە. ئەوجا بە ئۆتۆمۆبیلەکەم گەیاندمنە دووڕیانی کفری و کاریز و لەوێڕا بەپێ ڕۆیشتن و بە ناوچەکاندا بەرەو کەرکووک بوونەوە. خەڵکێکی زۆریش دەزنن حەمید عوسـمان ڕیزەکانی حیزبی بەجێهێشـت تا ببێتە ئەندامی لیژنەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراسیی کوردی، کە نەگەیشتە ئامانجەکانیشی دواتریش وازی لە کاری سیاسی و حیزبی هێنا.

چۆنم بە وادەی شۆڕشی ١٤ای تەمموزی ١٩٥٨ زانی؟

کفری نیمچە تەریکی بارودۆخی ســـیاســـیی بەغدا و چالاکیی ســـیاســـیی حیزبەکان و ڕێکخراوی ئەفسەرانی ئازادیخواز بوو. هەندێ هەواڵی سەیری عەقید عەبدولکەریم قاسم لە ئەحمەد ســـاڵحی ئەفســـەری پۆلیس گوێ لێدەبوو کە خەڵکی ســـلێمانی بوو، گوایە دژی بەریتانییەکان و خانەوادەی پاسـایی قسـان دەکا و، وەهاش ناسـرابوو کە نهێنیی قایمە و نزیکترین کەسیشی هیچیان دەربارەی چالاکییە نهێنییەکانی نەدەزانی.

بڕیاربوو دوو لیوا لە ناوچەی دەربەندیخان مانۆڕێک بکەن و مەلیک فەیســـەڵی دووەم و ئەمیر عەبدولئیلای وەسی و نوری سەعیدی سەرۆکوەزیران و گەورە بەرپرسانی دیکەش ئامادەی بن، بەڵام ئەو مانۆرەی بە زەخیرەی ڕاســتی دەکرا بە هەنجەتی نەخۆشــکەوتنی مەلیک نەکرا.بەڵام ڕاســتیەکەی ئەوەبوو کە چینی دەســـەڵاتدار هەســتی دەکرد گەل زۆر دژیانە و چالاکییەکی سیاسی لەناو سوپاش هەیە و ئیدی خۆی دەپاراست. کە مانۆرەکە هەڵوەشایەوە، هەندێ لەو یەکانەی بڕیاربوو لە مانۆرەکەدا بەشداربن لەڕێی گەڕانەوەیان بە شـارۆچکەی کفریدا تێپەڕین. ئێوارەیەکیان لە یانەی فەرمانبەران بووم و لەو ژوورەی قایمقام و دادوەر و ئەفسەری پۆلیس و پزیشی قەزای تێدا کۆدەبوونەوە. کۆمەڵێ ئەفسەر هـاتنە ژوورەکە و لەوان عەقیـد عەبـدولحەکەمی فەرمـانـدەی فەوجیی کوردێکی خەڵکی ڕواندز و ئەفســـەرێکی مولازمم ناســـی کە لەکاتی قوتابییەتیی شـــیوعی بوو. رادیۆیەکە لەســـەر ئێزگەی بەغدابوو و بە ڕســت جنێوی بۆ ســـەرۆک جەماڵ عەبدولناســر دەنارد. ئەفســـەرەکان بانگی بەڵێندەری یانەکەیان کرد و داوایان لێکرد ئێزگەی "ئیســـرائیل" دابخا. بەڵێندەرەکە گوتی ئێزگەی بەغدایە، لەسەریان شیڕاند و گوتیان"ئیسرائیل"ە، ئەوجا تکایان لێکردم ئێزگەی "ســەوتولعەرەب"ی قاهیرەیان بۆ بکەمەوە، منیش کردمەوە. یەکەم کەســی لە ژوورەکە چووەدەرێ ئەحمەد ســاڵحی ئەفســـەری پۆلیس بوو، ئەوجا عومەر محەممەد ئاغای قایمقام و پاشـــان قاســـم یەعقووبیی دادوەر. ئیدی من ئەفســـەرەکان مانەوە. دەیانزانی من شیوعیم و نیشتەجێی زۆرەملێم بەسەردا سەپاوە. ئەوان داخی ئەوەیان بوو مانۆڕەکە نەکرابوو و بەرپرسەکان ئامادەنەبوون تا سەروبەرەکەیان لەگەڵدا یەکلاکەنەوە. ئەوجا ملی ڕێی کەرکووکیان گرت. دوای ماوەیەک شـێخ عەتای برام پێیگوتم کەسـێک لە بەغداوە هاتووە و دەیەوێ بۆ کارێکی گرنگ بمبینێ و ئێســـتا لە ماڵەکەیەتی لە گوندی زەرداو. دوای ئەوەی پۆلیســەکە چووەوە ماڵەکەی تا پشـوێک بدا منیش جوومەوە ماڵەوە و ســـواری ئۆتۆمۆبیلەکەم بووم و رووم لە گوندی کرد. دیتم هاوڕێ جۆرج حەننا تەللو لەلایەن هاوڕێ ســـەلام عادلی ســکرتێری حیزبی شـیوعییەوە نێردراوە تا هەواڵی ئەوەم بداتێ بەو نزیکانە شـۆڕشـێکی نیشـتمانی دەکرێ و نیزامی مەلەکی دەڕووخێنێ و کۆماری

ڕادەگەیەنێ. ڕوونیشـــیکردەوە ڕەنگە وادەکە لەنێوان ١١ تا ١٥ی تەمموز بێ، ئەو کاتەی لیوایەک دەجوولێ ئەفســـەرە ئازدیخوازەکانی پەیوەســـتی بزووتنەوەی نیشـــتمانی ســـەرکردایەتیی دەکەن و بەرەو ئوردن دەچێ. داوای لێکردین وریابین نەکا لایەنگرانی ڕژێم هەوڵدەن تۆڵەمان لێ بکەنەوە یان یاخیبوونێکی عەشایەری لە دژی شۆڕش بکرێ.
گەرامەوە کفری و دڵنیاسبووم هیچ یاخیبوونێک ڕوونادا، چونکە ئەو عەشیرەتەی دەتوانێ یاخیبێ عەشـیرەتی جافە و ئەوانیش پێیان ناکرێ چونکە ململانێ لەنێوان سـەرۆکەکان و خەڵکەکەی لەسـەر ئەو زەوییانە هەیە کە سـەرۆکەکان دەڵێن گوایە لەبەردەستی ئەوانە و لەناو ســـەنەدی تاپۆیەکەیانە، بەڵام تیرەکان بانگەشـــەی ئەوەی دەکەن ئەو زەوییانە دانەچێندراون و تەنیا بە داجاندنیشیان دەبنە موڵک و لە دێرزەمانیشەوە پاوانی عەشیرەت بووینە نەک ســـەرۆکەکان. ئیدی داوایەکیان لە دادگا تۆمارکرد و جیهاد وەنداوییان کردە بریکار تا بەرگری لە مافەکانیان بکا . کەواتە هیچ یاخیبوونیک دژی شۆڕش دروست نابێ.
لەو مەودایدا داوەتی ئاهەنگی شـووکردنی کچە میمکێکم بووم"نامق حەمەد دزەیی"نامق لە لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و ، ژنو ژنخوازییەکەش لەگەڵ خدر ئەحمەد پاسای مامی بوو و "ژن بە ژن" بوو. نامق کچی خدر ئاغای هێنابوو و کوڕی خدر ئاغاش کچی حەمەد ئاغای هێنابوو.
ئەوکاتەی لە حەوشـــەی ماڵەکە ڕاکشـــابووم و داوەتکراوەکانی ســـەرۆکەکانی دزەییان پۆکەریان دەکرد، خدر ئاغا هات و پرســـیاری منی کرد، داوای لێکردم لەگەڵ ی بچمە گوندەکەیان کە لەوێ ئاهەنگی ژنهێنانی کوڕەکەی دەگەڕا. خالید نەقشبەندیی موتەسەڕیفی لەمێژبوو یەکدیمان دەناسـی و عەونی یوسـفی کۆنە برادەرم داوایان کردبووم، بەڵام من داوای لێبووردنم کرد چونکە لەسەر داوەتی حەمەد ئاغای مێردی میمکم و ڕاشنەهاتووم شەوان درەنگ بخەوم.
ئێوارە کـاتی شـــێوکردن، عەلیی کوڕی عەزیزئـاغـای دزایی گـالتەی لەگەڵ دەکردم و نەیگوت بەڕاستی پێت بڵێم من تۆم خۆشناوێ جونکە شیوعیی. بەیانیی ١٤ی توممووزی ١٩٥٨ سـەعات شـەش بوو و نانی بەیانیمان دەخوارد، شـوفێرێک خۆی لە ژوورێ کوتا و ڕادیۆی کردەوە و خەریکبوو لە خۆشـییان دەفڕی و پێیگوتین شـۆڕش کراوە و مەلیک و جینشـــین"ڕەنگە وەســـی بێ.ل .ب"کوژراون. منو نووری تاڵەبانیی ئامۆزام پێکەوەبووین و باسی دروستیی شۆڕش و ئەو هێزانەم بۆ کرد کە لەپشتیەوەن و مامۆستایەکی عارەبیس لەوێ بوو ئەو هەواڵەم پێگوت و زۆر دڵخۆش بوو. بەڵام کپییەک ڕووی ئاغاکانی دزەیی داگرت، هەریەکەیان چەندین چەکداری هەبوو پاســەوانیان لێ دەکرد، هەر هەندەی گوێیان لە هەواڵەکە بوو جەکەکانیان برد و دوور ڕاوەستان.

سەرۆکەکان لە نیەتیان ترسان، نەریتی سەرۆکە دزەییەکانیش وابوو تفەنگیان بە دیاری دەدا زاوای و جەکەکان لە گۆشەیەکی ژوورەکە کۆکرابوونەوە. داوایان لە زاوا کرد چەکەکانیان بداتی تا بەرگری تا خۆیانی پێ لە پاسەوانەکانیان بپارێزن. تکایان لێ کردم داوا لەو پاسەوانانە بکەم دەستدرێژییان نەکەنە سەرێ. ئامۆژگاریی چەکدارەکانم کرد کە شۆڕش لە بەرژەوەندیی ئەوانە و دژی دەرەبەگانە و، با یاسا نەبەزێنن. بەڵام دەبێ وریابن وئەگەر یەکێک ویستی یاخی ببێ بەرگری لە شۆڕش بکەن. بەپەلە گەڕامەوە کەرکووک، ماوەیەکی کورت بوو لە گەڕانان ئازادبووم، چونکە ماوەی نیشتەجێبوونی بەزۆرم کۆتایی پێ هێنابوو. کە عەقید شێخ خالید نەقشبەندی کرایە ئەندامی ئەنجوومەنی دەسەڵاتداریی پێکهاتبوو لە هەریەک لە فەریق محەممەد نەجیب ڕوبەیعی و شێخ محەممەد مەهدی کوببە، خالید نەقشبەندی لەگەڵ ئەفسەرە ئازادیخوازەکان نەبوو، بەڵام لە هەڵویستی ئاوادا، پەیوەندیی تاکەکەسیی نێوان ئەفسەران ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ و، خالید نەقشبەندی بوچوونێکی ڕوونی دەربارەی شۆڕش نەبوو، بۆیە کەگوێی لە بڕیاری دامەزراندنی بوو دوودڵ بوو لەوەی پەیوەندی بە پێگەکەوە بکا یان نا، ئیدی چووە لای لیوا عەبدولوەهاب شاکری قائید فیرقە لە کەرکووک تا ڕاوێژی پێ بکا دەبێ چ بکا. وەڵامی عەبدولوەهاب شاکر ئەوەبوو: "خۆت لەو کارەوە مەگلێنە، چەند سەرسەرییەکن، وەسی و مەلیکیان کوشتووە، بەڵام نوری پاشا دەربازبووە وکارەکا دەگێڕێتەوە سەر باری خۆیان".
ئیدی ئامۆژگاریی ئەوەی کرد بچێتەوە سەر کارەکەی خۆی، موتەسەریفیی هەولێر، نەقشبەندی گەڕایەوە هەولێر و کە عەونی یوسف بەوەی زانیهانیدا خۆی بگەیەنێتە ئەو پۆستە نوێیەی جونکە ناوی لە ئێزگەکان خوێندراوەتەوە، جا ئەگەر شۆڕش سەرکەوت ئەو جێگری سەرۆککۆمارە و ئەگەر شکستیشی خوار هیچ شتێک دادی نادا. ئیدی نەقشبەندی، بێ ئەوەی بەلای عەبدولوەهاب شاکردا تێپەڕێ، چووە بەغدا، هەرچی ئەوەی دیکەیان بوو خانەنشین کرا و دواتریش کرایە موتەسەریفی لیوای حیللە.کە گەڕامەوە کەرکووک هیچ شتێکم دەربارەی شۆڕش نەدیت لە لافیتەیەکی بەخێرهێنانی قەڕالیچە "فازیلە"ی دەستگیرانی مەلیک فەیسەل نەبێ کە فڕێدرابووە سەر زەوی. هەر هەمان ڕۆژ چوومەوە کفری.

گەڕانەوە کەرکووک:

پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز ماوەی چاودێریی پۆلیسم تەواوکردبوو. بەڵام بە خەملاندنی من حکوومەت ڕێی نەدەدا لە کەرکووک دانیشم، ئیدی تا شۆڕش جەسپا لە کفری مامەوە. هەرکە گەڕامەوە کفریش لیژنەی بەرگریکردن لە شۆڕشم دامەزراند و هەموو لایەنگرانی شۆڕشی دەگرتەوە و یەک لە ئەندامەکانیشی عەلی حەمدیی ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. عەلی حەمدی بەڕێوەبەری تاپۆی کفری بووبەڵام پێش شۆڕس هیچ چالاکییەکی سیاسیی دیاری نەبوو، بەڵام پەیوەندیی بە حیزبی ناوبراوەوە هەبوو.
دوای ماوەیەک حیزب داوای لێکردم بەیەکجاری بچمەوە کەرکووک، ئیدی خانوویکم بە کرێ گرت و کەسوکارەکەم بردەوە کەرکووک. جەماوەرێکی زۆری کورد و تورکمان تا سەرتخووبی قەزایەکە بۆماڵئاواییم هاتن و خۆشەویستیی خۆیان بۆ دەربڕیم و هیوایان دەخواست هەر لەناویان بمێنمەوە. لە کەرکووک درامە پاڵ لیژنەی ناوخۆی لیوا و بەرپرسی لیژنەکەش هاوڕێیان نافیع یونس و عەزیز محەممەد بوون. نووسینگەیەکم بەناوی پارێزەری هەبوو و نوری تاڵەبانیی پارێزەر هاوبەشم بوو، بەڵام لەڕاستیدا نووسینگەیەکی ئاشکرای حیزب بوو و، خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکردم و، هاوڕێ عەزیزمحەممەدیش بۆ دیداری حیزبییەکان زۆر دەهاتە نووسینگەکە. کتێبخانەیەک بەناوی 'کتێبخانەی لاوان' کرایەوە وهاوڕێ'جەبار زوهێری' بەڕێوەی دەبرد، کە سابیئە مەندایی بوو، پاشان عەبدولڕەزاق عەبدولواحید بووە بەرپرسی کتێبخانەکە و کتێبی مارکسیی تدابوو و وەک بنکەیەکی لاوان و قوتابیان بوو.
لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی، بێ ئەوەی مامەشێخ جەمیلم بزانێ، لە تەکیەی تاڵەبانی کرا، چەند لیژنەیەک بۆ بەرگریکردن لە کۆمار پێکهێنران. یەکەمجاربوو ڕێکخراوێک لە موسڵمان و مەسیحی و کورد و تورکمان و ئاثووری و کلدان پێکبهێنرێ. بەڵام چالاکیەکانمان بەدڵی لایەنە 'کۆنەپەرست'ەکان نەبوو وهێشتا کونسوڵخانەی بەریتانی وئەمریکی و تورکی هەر لە کەرکووکێ مابوون و ، کۆمپانیای نەوتیش چالاکییەکی گەرموگوڕی دژی شۆڕش هەبوو و سەرپەرشتیی هەندێ کەسی'کۆنەپەرس'ی دژە شۆڕشی دەکرد. بۆ نموونە، عەبدولڕەزاق عەبدولغەفووری بەڕێوەبەری پۆلیس، کە ئەفسەری ئاسایشی کەرکووک بوو ڕۆڵێکی گەورەی لە دژایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیدا هەبوو و دوای شۆڕشیش گیرا، کۆمپانیای نەوت هەر بە ڕووالەت ئۆتۆمۆبیلە تایبەتییەکەیان بە کرێ گرتبوو و کرێیەکی جاکیان دەدایە خێزانەکەی و، گەلێ کاری دیکەی لەو جۆرەس کران.

گەڕانەوە کەرکووک:

پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموز ماوەی چاودێریی پۆلیسم تەواوکردبوو. بەڵام بە خەمڵاندنی من حکوومەت رێی نەدەدا لە کەرکووک دانیشم، ئیدی تا شۆڕش جەسپا لە کفری مامەوە. هەرکە گەڕامەوە کفریش لیژنەی بەرگریکردن لە شۆڕشم دامەزراند و هەموو لایەنگرانی شۆڕشی دەگرتەوە و یەک لە ئەندامەکانیشی عەلی حەمدیی ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. عەلی حەمدی بەڕێوەبەری تاپۆی کفری بووبەڵام پێش شۆڕس هیچ چالاکییەکی سیاسیی دیاری نەبوو، بەڵام پەیوەندیی بە حیزبی ناوبراوەوە هەبوو.

دوای ماوەیەک حیزب داوای لێکردم بەیەکجاری بچمەوە کەرکووک، ئیدی خانوویکم بە کرێ گرت و کەسوکارەکەم بردەوە کەرکووک. جەماوەرێکی زۆری کورد و تورکمان تا سەرتخووبی قەزایەکە بۆ ماڵئاوایییم هاتن و خۆشەویستیی خۆیان بۆ دەربڕیم و هیوایان دەخواست هەر لەناویان بمێنمەوە. لە کەرکووک درامە پاڵ لیژنەی ناوخۆی لیوا و بەرپرسی لیژنەکەش هاوڕێیان نافیع یونس و عەزیز محەممەد بوون. نووسینگەیەکم بەناوی پارێزەری هەبوو و نوری تاڵەبانیی پارێزەر هاوبەشم بوو، بەڵام لەڕاستیدا نووسینگەیەکی ئاشکرای حیزب بوو و، خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکردم و، هاوڕێ عەزیزمحەممەدیش بۆ دیداری حیزبییەکان زۆر دەهاتە نووسینگەکە. کتێبخانەیەک بەناوی "کتێبخانەی لاوان" کرایەوە وهاوڕێ"جەبار زوهێری" بەڕێوەی دەبرد، کە سابیئە مەندایی بوو، پاشان عەبدولڕەزاق عەبدولواحید بووە بەرپرسی کتێبخانەکە و کتێبی مارکسیی تێابوو و وەک بنکەیەکی لاوان و قوتابیان بوو.

لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی، بێ ئەوەی مامەشێخ جەمیلم بزانێ، لە تەکیەی تاڵەبانی کرا، چەند لیژنەیەک بۆ بەرگریکردن لە کۆمار پێکهێنران. یەکەمجاربوو رێکخراوێک لە موسڵمان و مەسیحی و کورد و تورکمان و ئاشووری و کلدان پێکبهێنرێ. بەڵام چالاکیەکانمان بەدڵی لایەنە "کۆنەپەرست"ەکان نەبوو وهێشتا کونسوڵخانەی بەریتانی وئەمریکی و تورکی هەر لە کەرکووکێ مابوون و ، کۆمپانیای نەوتیش چالاکییەکی گەرموگوڕی دژی شۆڕش هەبوو و سەرپەرشتیی هەندێ کەسی"کۆنەپەرس"ی دژە شۆڕشی دەکرد. بۆ نموونە، عەبدولڕەزاق عەبدولغەفووری بەڕێوەبەری پۆلیس، کە نەفسەری ئاسایشی کەرکووک بوو ڕۆڵێکی گەورەی لە دژایەتیی بزووتنەوەی نیشتمانیدا هەبوو و دوای شۆڕشیش گیرا، کۆمپانیای نەوت هەر بە ڕواڵەت ئۆتۆمۆبیلە تایبەتییەکەیان بە کرێ گرتبوو و کرێیەکی چاکیان دەدایە خێزانەکەی و، گەلێ کاری دیکەی لەو جۆرەس کران.

ڕۆژێکیان دەستەیەک کەسایەتیی ئاثووریی ئەفسەری سوای لیڤیی بەریتانی بوون و مووچەی خانەنشینییان لە باڵیۆزخانەی بەریتانی وەردەگرت، هاتنەلام و داوایان لیکردم بەدواداچوونیان بۆ بکەم تا خزمەتەکانیان لە سوپای عێراقیش هەر بە خزمەت دابندرێ. ئەوەی سەیریش بوو، هەموو خانەنشینە ئاثوورییەکانی سوپای لیڤی، بەپێی مۆڵەتێکی لە دەسەڵاتە بەریتانییەکان دەرچووبوو و ڕێی دەدان چەکیان هەبێ، چەکەکانیان بە سەد فیشەکەوە هەر لەلابوو 'بەڵام بەو مەرجەی تەنیا لە مەسەلە نیشتمانییەکاندا بەکاربهێنرێ'. جا منیش پێمگوتن خزمەتەکانی سوپای بریتانییان بە خزمەتی سوپای عێراق داناندرێ.

پێشوازی لە گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی:

لەگەڵ شـــاندێکی کەســـایەتییە کوردەکانی کەرکووک ئامادەی پێشـــوازیی بەڕێز مەلا مســـتەفای بارزانی بووم بەبۆنەی گەرانەوەی لە یەکێتیی ســـۆڤیەت. ئەو کاتەی جووینە "هۆتێل دجلە"ی بارانی لەوێ دابەزیبوو، چاومان بە هەردوو ئەندامی لیژنەی مەرکەزیی پارتی دیموکرات کوردســـتان، عومەر دەبابە و جەوهەر عەزیز دزەیی، کەوت. داوامان لێکردن دیدارێکمان لەگەڵ بەڕێز بارزانی بۆ ڕێکبخەن، بەڵام ئەوان بە هەنجەتی ئەوەی کات نییە داوای لێبووردنیان کرد.
موقەدەم میرحاج ڕووداوەکەی گەیاندبووە بارزانی و ئەویش داوای لێکردبوو پەیوەندیم پێوە بکا و هەر یەکســـەر داوەتی دیداری بارزانیمان بکا، لە دیداری شـــاندەکەش لەگەڵ بەڕێز بارزانی ، کە لە من و مارف بەرزنجی و نوری تاڵەبانی و مەجید کاکە و حاجی مەحمود پێکهاتبوو، ســـەبارەت بەوەی لەگەڵ هەردوو ئەندامەکەی لیژنەی مەرکەزیی حیزبەکە، ڕوویدابوو داوای لێبووردنی لە شاندەکە کرد و گوتی:ئەوانە ئەو هەڵسوکەوتانە بەناوی من و بێ ئیزنی من دەکەن و من پەیوەندیم پێیانەوە نییە. وەفدەکەش داوای لێبوودنەکەی بارزانیی قبووڵ کرد.
دوای قبووڵکردنی لێبووردنەکەی پێمگوت: " بەڕێزتان چ لەســـەرکردەیی پارتی دیموکراتی کوردستان بن و چ سەربەخۆ بن، لای هەمووان ڕێزتان هەیە و، ئێستا لە کوردستان دوو حیزبی ســیاســی هەن پێشــڕەویی جەماوەری کوردی دەکەن و، لە مەســەلە ئێســتاییە پێویستەکانیشدا لەگەڵ یەک کۆکن. هەندێ جیاوازیی فیکری و سیاسییان لە نێواندا هەیە و، بەڕێزتان دەتوانن لە نزیککردنەوەی بۆچوونی نێوانیاندا و، لەپێناو بەرژەوەندیی گەلی کورد، ڕۆڵتـان هەبێ". بـارزانی بە توورەییەوە گوتی: "حیزبی شـــیوعییس دۆدەکـا". وەڵامداوە: " بەڕێز بارزانی، دەتوانن لەسەر هەڵەیەکی ئەم هەڵوێست یان ئەو هەڵوێست ڕەخنەیەکی برایانە لە حیزبی شیوعی بگرن، بەڵام دروست نییە سیفەتی درۆزنی بدەیە پاڵ حیزبێکی تێکۆشاوە و گەورەترین قوربانیی لەپێناوی گەل داوە". بارزانی گوتی: "ئەگەر عەبدولکەریم ئامۆژگاریی من قبووڵ بکا، پەنجا سەرکردەی حیزبە عێراقییەکان لەسێدارە بەدا، ئەودەمی دەەتوانێحوکمی وڵات بکا". وەڵاممدایەوە: "ئەگەر ئەو ماوەیە لە"قەرەتەپە بوویتایە لەوەی پتر فێردەبو کە لە یەکێتیی ســۆڤیەت فێری بووی". هەســـتام تا دیدارەکە بەجێبێڵم، بەڵام بارزانی هێوری کردمەوە و دۆستانە داینیشاندمەوە.

گفتوگۆیەک لەگەڵ نازم تەبەقچەلی قائید فیرقەی دوو:

عەمید نازم تەبەقچەلی کرابووە قائید فیرقەی دوو، هەر لەگەڵ دەســـتبەکاربوونیشـــی هەڵوێستی بەرانبەر حیزبی شیوعیی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان نەرێنی بوو.

بەڵام ەفســەری رەکنی دووەمی فیرقەکە،ســەبیح عەلی غالبی موقەدەم ڕوکنی ســەر بە ڕێکخراوی ئەفســەرانی ئازادیخوازبوو، ئەو هەڵوێســتی بەرانبەرمان باش بوو و، ئەو ئەفســەرانەی لایەنگری شـۆڕشـیشـبوون لە کەرکووک ژمارەیان کەم بوو وهەریەک لە "ســەبیح عەلی غالبی موقەدەم ڕوکن و ســەباح ســائیبی ڕائید و زیاب عەلکاویی نەقیب بوون".

تا تەبەقچەلی هات، ســەبیح ســەرپەرســتیی فیرقەی کرد و تا زەکی خەتیبی بەڕێوەبەری نوێیش هات سەباح غالب سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کرد و ، بۆ چارەسەری ئەو کێشــانەی دروســتیش دەبوون زۆرم ســەر لە ســەبیح عەلی غالب دەدا و، دەزگا و دایەرەی بەڕێوەبردن و پۆلیس هێشــتا هەر ئەوەی جاران بوون و لیوا بەشــیر حەدیدی ملکەچی کۆمپانیاکانی نەوت و بەرتیل خۆر هێشتا موتەسەڕیف بوو و، موقەدەم هیدایەت ئەرســەلان و عەمید جەماڵ کەماڵ فەرماندەی ئینزیبات بوون و، ئەو ڕاییکەرانەی کارەکان هیچیان لایەنگری شـۆڕش نەبوون و کارەکان بە هەرەشـەی موقەدەم سەبیح عەلی غالب بەڕێوەدەچوون.

کە نازم تەبەقچەلی پەیوەندیی بە ســەرکردایەتیی فیرقەی دوو کرد، هەڵێســتی بەرانبەر حکوومەتی دامەزراو نەرێنی بوو و کاروبارەکانی وا ڕێکدەخســت پێدەچوو لە داهاتوودا بەنیازی بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی کودەتایی بێ. ســەبیح عەلی غالبی گواســتەوە و کردییە پاشــکۆی ســەربازی لە ئەنقەرە و نەقیب عەزیز ئەحمەد شــەهاب هاتە جێی کە دواترێ پاش شکستی کودەتایەکەی عەبولوەهاب شەواف لەمولٚ پێکەوە لەسێدارەدران.

نازم تەبەقچەلی لە بەرایی کارەکانیدا هەندێ ڕێوشوێنی دژی پارتی دیموکراتی کودستان گرتەبەر. فەرمانیدا هەرکەسێ پارە بۆ ئەو حیزبە کۆبکاتەوە بیگرن. ئیدی عومەر مستەفای پارێزەری بەرپرســی ئەو حیزبە، کە پێیاندەگوت عومەر دەبابە، هاتە ســەردانم تا داوا لە تەبەقچەلی بکەم بەریان بدا. چوومە بنکەی فیرقە و داوام لە موقەدەم ســەبیح عەلی غالب کرد بە قائید بڵێ دەمەوێ بیبینم و، هەر یەکسەر چوومەلای و بابەتەکەم خستە بەردەمی. لە چەکمەجەی نووســینگەکەی بیتاقەیەکی دەرهێنا کە نەخشــەی کوردســتانی لەســەر چاپکرابوو و، ئەو بیتاقەیەبوو کە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەخششەکانایێن بۆ حیزب پێ کۆدەکردەوە. قـائیـد گوتی: ئەرێ ئێســتـا کـاتی ئەوەیە ئەو نەخشــەیە بڵاوبکرێتەوە؟ گوتم: نا ئێســتا کاتێکی گونجاو نییە، بەڵام دەرســم داخوا ئەو هەڵمەتەی تۆس بۆ گرتنیان کاتێکی گونجاوە؟ تەماشــایەکی بیتاقەکەی کرد و گوتی ســەیرکە کەرکووکیشــیان خســتووەتە ســەر کوردســتان، گوتم: ئەدی کەرکووک چییە؟ شـارێکی

پاکســـتانە؟ گوتی: چیتان دەوێ؟ دەتانەوێ کەرکووکیش ببەن؟ گوتم: ئێســـتا ئێمە لە سەروبەندیدابەشکردنی وڵاتین یان یەکخستنی؟.

هەر لە هـاتنە کەرکووکیشـــیرا، تەبەقچەلی خۆی لە تورکمانەکـان نزیکـدەکردەوە، لە خۆشـــەویســـتیی ئەوان نەبوو بەڵکو بۆ ئەوەی بوو ســـوناســـی کوردی لە ناوچەکە ڕەشــکاتەوە، ئیدی تورکمانە کۆنەپەرســتەکان دەســتیان بە جووڵە کرد و لەژێر پەردەی ئایینیش کۆبوونەوەی فراوانیان دەکرد. واتە خوێندنەوەی مەولوودی بێ ئەوەی کاتی بێ و، ئەوەندە مەولوودەی لە یەک مانگدا کرا لە هەموو ســـاڵەکانی پێش شـــۆڕش نەکرابوو و،تەبەقچەلیش لە هەموو ئەو کۆبوونەوانە ئـامـادەدەبوو کە خەڵکـانێـک دەیـانکرد هیچ پەیوەندییاان بە دینداربیەوە نەبوو.

یەکەم دیدارم لەگەڵ عەبدولکەریمی سەرکردەی شۆڕش:

سەبیح عەلی غالب داوای لە من و لە هاوڕێ فاتیح داود جەباری کرد بۆ دیداری پێشەوا عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکوەزیران بچینە بەغدا. بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە عەقید ڕەفعەت ئەلحاج سرپیی بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی کرد تا دیدارەکە ڕێکبخا و، هەردووکمان چووینە بەغدا و چووینە وەزارەتی بەرگری، کە بەڕێوەبەری هەواڵگری و پێشەوا عەبدولکەریم قاسم لەوێبوون. زۆری نەخایاند و قاسم داوای کردین و پێشتریش فاتیح مەلا داودی دەناسی، کە ئەویش پێشتر ئەفسەر بوو. لە فاتیحی پرسی ئەگەر داوای ستێکی لێ بکا ئامادەیە بیکا؟بەڵام فاتیح گوتی ئەو تەنیا بۆ پیرۆزبایی هاتووە. عەبدولکەریم گوتی سەرۆکی شارەوانیتان، کە شێخ فازڵ فەیزوڵڵا بوو، دەرکراوە و، موتەسەڕیفیش کراوەتە پشکنەری بەڕێوەبەری. کەچی فاتیح داخی خۆی بۆ دەرکردنی فازڵ تاڵەبانی دەربڕی و گوتی سەرباری فیکرە ڕاسترەوەکانیشی ئەو فەرمانبەرێکی پاک بوو. هەرچی موتەسەڕیفە، کابرایەکی بەرتیل خۆر بوو، ئیدی جۆن کەسێکی پاک دەردەکرێ و بەرتیل خۆرەکەش دەهێڵدرێتەوە؟! عەبدولکەریم گوتی: ئەو کارانە لای عەبدولسەلام عارفە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانم بوو، فاتیح، بێ ئەوەی حیزب ڕێی ئەوەی دابێ، هاوکاریی ڕێکخراوە شیوعییەکانی خستە پێش عەبدولکەریم قاسم. ئاخر کەناڵی دیکەی پەیوەندیی حیزب و قاسم هەبوون، بەڵامقاسم گوێی بە کارەکە نەدا.

کە لای قاسم هاتینەدەرێ، چووینە لای بەڕێوەبەری هەواڵگری، تادیدارێکمان لەگەڵ عەقید عەبدولسەلامی جێگری سەرۆکوەزیرانیش بۆ ڕێکبخا. پرسیی لەو دیدارەمان لەگەڵ پێشەوا عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف هەستمان چۆن بووە. گوتمان هەرچی ئەوەی دووەمە"واتە دیداری عەبدولسەلام" پوولێکی نەهێنا و پێویستیش نەبوو!

کە گەڕاینەوە کەرکووک، سوبحی عەلی غالب پێیراگەیاندین گواستراوەتەوە بۆ "ملحق"هاوبەشتی سەربازیی ئەنقەرە ونەقیب عەزیز ئەحمەد شەهاب جێی دەگرێتەوە کە ئەفسەرێکی خەڵکی لیوای موسڵە . یەکەم شتی کە عەزیز ئەحمەد شەهاب پێشنیاری بۆ کردم ئەوەبوو کە تەبەقچەلی حەزدەدا پۆستی سەرۆکی شارەوانی وەرگرم، بەڵام من لەبەر هۆی خانەوادەیی داوای لێبووردنم کرد چونکە نامەوێ جێی خزمەکەم بگرمەوە کە لەو پۆستە دەرکراوە.

کە دەنگۆی ئەوەی بڵاوبووەوە گوایە تەبەقچەلی لەو پیلانە کوداتاییە تێوەگلاوە کە کە ڕەشید عالی گەیلانی ویستبووی بیکا و، ئەفسەرە ڕاسترەوەکان لە دەوری کۆببوونەوە تا حوکمەکەی قاسم بڕووخێنن. بەڵام قاسم کەتیبەیەکی تانکی بەفەرمادەیی نەقیب فازڵ

بەیاتیی ئەفسەری شیوعی ڕەوانەی کەرکووک کرد تا ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە منەوە هەبێ. لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی گرتنی ڕەشید عالی گەیلانی، فازڵ بەیاتی تانکەکانی لە ناوچە ستراتیژییەکانی شاردا بڵاوکردەوە. ئەوەش تەبەقچەلیی شڵەاند، بەڵام من، دەرحاڵ داوای دیداری تەبەقچەلیم کرد و، لە یانەی ئەفسەران دیتمی، گوتم برووسکە بۆ لایەنگریی ڕێوشوێنەکانی گرتنی ڕەشید عالی بکە پڕوپاگەندەکان لەخۆت دوورخەیەوە، سەرباری ئەوەی ڕازییبوو و برووسکەکەیشی هەنارد، بەڵام هێشتا گومانی لێ دەکرا و هیچ کارێکیشی بەرانبەر نەکرا.

حکوومەت بەڕێز عەبدولجەلیل حەدیسیی کردە موتەسەڕیفی کەرکووک تا جێی بەشیر حەداد بگرێتەوە. عەبدولجەلیل پێشتریش بە پاکی ناسرابوو و بە هەڵوێستە چاونەترسییەکانیشی بەرانبەر دەرەبەگەکانی ئال تاسینی قەزای "حەی". ئەو لە کەسە نیشتمان پەروەرەکانی نزیکی حیزبی"وەتەنیی دیموکراسی" بوو. لە نووسینگەکەی خۆی بەخێرهاتنم کرد و ئەویش بەخێریهێنام و داوای کرد بۆ پرسورا سەری لێ نەبڕم.

مەلا مستەفا و سەردانی کەرکووک و بارگرژیی نەتەوەیی:

مەلا مستەفای بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕانێکی بە شارەکانی باکووردا کرد، لەوانەش شاری کەرکووک.[39] لەدەرازەی ڕێگای هەولێر کەرکووک جەماوەرە کوردەکە پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد و ئەوەش ڕقی تورکمانەکانی هەڵساند و بەتایبەتییش ڕاسپەرەوەکانیان. تا کوردەکان زۆری دیدار لەگەڵ نەکەن نازم تەبەقچەلی بڕیاریدا لە یانەی ئەفسەران لەکەرکووک میوانداریی بکا، هەرچی خۆیشییەتی، سەفەری موسڵی کرد تا پێشوازیی لێ نەکا و ئەفسەری ڕوکنی یەکەمی فیرقە جێی گرتەوە.

بۆ ڕێزلێنانی بارزانی، قیادەی فیرقە ئێوارە خوانێکیان ئامادەکرد و ئەفسەر و ژمارەیەک سەرکردەکانی فیرقەیان بانگێشت کردبوو و، منیش یەک لە بانگێشتکراوەکان بووم. مەلا مستەفا ویستی سەردانی مەلا عومەر گومبەتیی زانای ئایین بکا لە ماڵەکەی خۆیدا، گوتیان ماڵەکەی لە کۆڵانێکی تەسکە و ئۆتۆمۆبیلی ناچێتێ و، ئەوان دەنێر و داوەتی دەکەن تا لە یانە سەردانی بارزانی بکا. بارزانی گوتی ئەو پیاوە ئیماندارە ڕیزی لای من هەیە چونکە کە لە ١٩٤٥ داوایان لە پیاوانی ئایین کرد بەیانێک دژی بارزانییان دەرکەن و بە کافریان دانێن، ئەو پیاوە ڕازی نەبوو و گوتی: "چۆن حوکمی کافربوونی خەڵکێک بدەم کە بڕوایان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی هەیە و هەموو فەرزەکانیش جێبەجێ دەکەن؟".

دوای شێوکردن، کوردێکی زۆر لەبەردەم یانەکە کۆبوونەوە و ئەوەش بەرپرسەکانی بێزارکرد. داوایان لە مەلا مستەفا کرد وتارێکی کورتیان بۆ بدا و سوپاسی ئەو هەستە جوانەیان بکا بەرانبەر بەو هەیانە و داوایان لێ بکا پەرتەی لێ بکەن و، ئەویش وایکرد.

ڕۆژی دواتریێ کە مەلا مستەفا بە فڕۆکە چووەوە بەغدا، خەڵکێکی زۆری کورد بۆ ماڵئاوایی لە فڕۆکەخانە بوون و، کە بەو شەقامەی دەچووەوە فڕۆکەخانە تێپەڕیمدیتە خەڵکێکی تورکمان کۆبوونەتەوە و بەرچیغیان لە دوو پیکابیان دەبردە ناو قاوەخانەی "یەڵدز" و لەبن کورسی و قەنەفایان دادەنان، ئیدی زانیم کە بەرێکەرەکان دێنەوە پێکدادانێک دروست دەبێ.

لە فڕۆکەخانەی داوام لە زەکی خەتیبی بەڕێوەبەری پۆلیس کرد یەکسەر بچێتەوە شاری و دەوری قاوەخانەکەی بدا و ڕێی ماڵاوابیکەران بگۆڕێ و بە شەقامێکی دیکەیاندا ببا تێ نەگەنە یەکدی. ئەوەش کارێکی دروست بوو. ئیدی بەڕێوەبەری پۆلیس ڕۆیشت

---

[39]_ بارزانی بڕیاریدا لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ لەڕێی گەڕانەوەی بۆ بەغدا، دوای ئەوەی سەردانی ناوچەی بارزانی کردبوو، سەرێک لە کەرکووکیش بدا و سەردانەکەیشی دوو ڕۆژی خایاند. للمزید، نوری عبدالحمید العانی و علاء جاسم محمد الحربی، تاریخ الوزارات العراقیة ١٩٥٨- ١٩٦٨، بیت الحکمة ٢٠٠٤، ص٢٨٦.

ڕێوشـــوێنی تەواوی نەگرتبێتە بەر هەر بە بڵاوکردنەوەی چەند پۆلیســـیک لە ناوچەکەدا دەســتبەردار بووبێ کە زۆربەیان تورکمان بوون. کە ماڵاواییکەران گەڕانەوە پێکدادانەکان ڕوویاندا و تورکمانەکان بە بەرچیغەوە هێرشـــیان کرد و لافیتەکانی بەخێرهێنانی مەلا مستەفا بارزانییان دڕاند.

لە فرۆکەخانەش فەرماندەی ئینزیباتی ســەربازی تووسـی نۆرەی دڵ بوو و گواسـترایەوە نەخۆشـــخـانە و لەوێ مرد، بەڵام تورکمـانەکـان پێیـانوابوو چونکە بەرگەی دیمەنی ماڵئاواییەکە و کۆبوونەوەی کوردانی بۆ مەلا مستەفا بارزانی نەگرتووە بۆیە مردووە.

ڕۆژی دواتری خۆپیشـــاندانێکی تورکمانان ڕووی لە ســـەرای حکوومەت کرد و، هوتافی وروووژێنەری دژی کوردیان لێدەدا و دەیانگوت " کەرکووک تورکمانییە" نووســـینگەکەی منیش بەرانبەر سەرای و سەرکردایەتیی فیرقەی بوو، هەندێ گەنج هەندێ هوتافیان دژی منیش لێـدا، گەنجێکی تورکمــان بەپێش نووســـینگەکەمـدا تێپەڕی و چەقۆیەکی لە نووســـینگەکەم گرت، ڕامگرت و پێمگوت ئەو کارە خزمەتی تورکمانان ناکا و کوردەکان دژی ئەوان نین و، نەمهێشت ئەوانەی نووسینگەکەم دەستی بدەنێ.

کوردەکانی بە خۆپیشاندان بەرەو ئیمام قاسم هاتن و ئەوانیش دەیانویست بەرەو سەرای و بنکەی فیرقەی بێن، بەڵام من و هـاوڕێ مـارف بەرزنجی وعومەر مســـتەفا "دەبابە"، تکامان لێکردن پەرتەی لێ بکەن و، دۆخەکە ئاڵۆزتر نەکەن وئەوانیش ملیان بۆ تکایەکەمان دا و پەرتەیان کرد.

ڕۆژی دواتری، تەبەقچەلی بانگی کردم و پرسیی داخوا هیچ دەستدرێژییەک کراوەتە سەر نووســـینگەکەم، منیش نکۆڵیم لێ کرد، بەڵام ئەو زانیی لە لیوایەکە چ ڕوودەدا و، یەکەم کاری کردی داخستنی بنکەی ڕۆشنبیریی ئەمریکی و تورکی بوو و هەردوو کونسوڵخانەی تورکی و بەریتانیی داخســـت و ئەوانەی ڕەگەزنامەی تورکییان هەبوو هێنانیە دەری و، لەوانەش نیزامەدین نەفتچی، ئەگەرچی لەهەموانکەمتری سۆز بۆ تورکیا هەبوو و، جوانی دەست لەسـەر دەردەکەی دانا، ئەو دامەزراوانە پەیوەندییان بە قووڵکردنەوەی کێشـەکانی نێوان کورد و تورکمان هەبوو و کێشەیان لەبەردەم شۆڕشیش دروست دەکرد.

ڕۆژی دواترێ، ئێوارەکەی، تەبەقچەلی ژمـــارەیەک پیـاوەمــاقووڵی کورد و تورکمـــانی شـــارەکەی بانگی کۆبوونەوەیەک کردلە بنکەی فیرقەدا و، پێشـــبینیم کرد داوای هاوکاریی هێورکردنەوەی دۆخی نێوان هەردوولا بکا، ئیدیی ڕەسـنووسـی بەیاننامەیەکی هاوبەشـم ئامادەکرد[40]، بانگێشـــتی کورد و تورکمانید دەکرد بۆ هاوکاری و برایەتی، تا ئەو هەڵە

---

[40] _ نـازم تەبەقچەلیی قـائیـد فیرقەی دوو لیژنەی هـاوکـاریی نیشـــتمـانی ی کۆکردەوە کە پێکهـاتبوو لە توێژە سـیاسـییەکان و ژمارەیەک پیاوماقوولی تورکمان و هەریەک لە موکەڕەم تاڵەبانی و حوسـین بەرزنجیی پارێزەر و

نەدەنە دەست دوژمنان و سەقامگیری لە شارەکە دابین بکەن. کە دامە دەست تەبەقچەلی پێی باشـــبوو و بۆ ئامادەبوانی خوێندەوە و داوای لیکردن واژووی لەســـەر بکەن تاچاپ بکرێ و لە کەرکووک و ئەو سارانە بڵاوبکرێتەوە کە کورد و تورکمانی تێدایە و، واشکرا. ئۆتۆمۆبیلەکانی ئینزیباتی ســـەربازی بەیاننامە هاوبەشـــەکەیان لە بازاڕەکانی شـــاری بڵاوکردەوە و فڕۆکە ســـەربازییەکانیش فڕێیاندایە ســـەر شـــارۆچکەکانی دیکە و ، بەوەش دۆخەکە هێور بووەوە. تەبەقچەلی لە بیرەوەرییەکانیدا، کە پڕی بوختانە بۆ من، دەڵێ من ڕەشنووسی بەیاننامەکەم نووسی، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕەشنووسەکە بەخەتی من نووســراوە و، هەر بە خەیاڵی تەبەقچەلیشـدا نەهاتووە بەیاننامەیەکی هاوبەشـی نێوان کورد و تورکمانەکان دەربکرێ، بەڵکو تەنیا دەیویســـت ئامۆژگارییان بکا و دۆخەکەهێمن بکاتەوە.

عەبدولقادر بەرزنجیی عەقیدی خانەنشین و عومەر مستەفای پارێزەر و محەممەد حاجی عیزەتی پارێزەر و تەحسین ڕەئفەتی پارێزەر و عەتا خەیروڵڵای ڕەئیس ئەوەلی خانەنشـین و مەجید حەســەنی دەرمانســـاز، گرنگترین شـتی لە بەیاننامەکەدا هاتبوو: "ئەی خەڵکی کەرکووک، بە عارەب و کورد و تورکمان و ئاشوری و ئەرمەنەوە، ئیسـتیعمارەکان و بەکرێگیراوەکانیان لە خائین و کۆنەپەرسـتان، ژەهری دووبەرەکی و دوژمندارییان لەنێوان نەتەوەکانی نیشـتمانە خۆشـەویسـتەکەمان دەرشـت ، بەتایبەتیش لە ناوچە هەسـتەوەرەکانی وەک شـاری کەرکووکی لە جەندین نەتەوە پێکدێ، ئامانجیان دابڕینی ئەو پەیوەندییە برایەتییەی نێوان نەتەوە و کەمینەکانە کە لە دێرزەمانەوە بە برایەتی و هاوکاری پێکەوە ژیاون. چەندی وریاییسـمان لاواز بێ دوژمن ئەوەندە باشـتر دەتوانێ دەسـتمان لێ بوەشـێنێ و فیتنەمان لە بەینێ دروستکا. بەڵام شۆڕشی ١٤ی تەممووز، بەسەرکردایەتیی عەبدولکەریم قاسمی پاڵەوان، کە هەموو گەلی ێراق پشتیوانیەتی، بووەتە گورزێکی کەمەرشکێنی ئیستیعمار و پیلانەکانیان......للمزید: نوری عبدالحمید العانی و علاء جاسم الحربی، تاریخ الوزارات العراقیة،ص٣٦٨.

حیزبی شیوعی چۆنی دەڕوانییە دۆخی کەرکووک؟:

دوای چاپکردنی بەیاننامەکە و دابەشکردنی، کە بەشێوەیەکی کاتی دۆخەکەی هێورکردەوە، بەڵام کەســـە کۆنەپەرســـتە کورد و تورکمانەکان، لەبەر ئەوەی شـــۆڕش گورزی لە بەرژەوەندییەکانیان وەشـــاندبوو، لە چالاکییە تێکدەرەکانیان بەردەوام بوون. ســـەرەتا تەبەقچەلی داوای لێکردم پۆســـتی ســـەرۆکی شـــارەوانیی کەرکووک وەرگرم، جا لەبەر هەندێ هۆی خانەوادەیی داوای لێبووردنم کرد، بەڵام نازم تەبەقچەلی رووی لە ئیسلامییە تورکمانەکان کرد، نورەدین واعیز، کە کوردێکی بە تورکمان بوو بوو، کردییە ســـەرۆکی شـــارەوانیی کەرکووک، لەکاتێکدا ئێمە داوامان دەکرد مارف بەرزنجی یان نوری شـــێخ جەمیل تاڵەبانی دامەزرێنێ تا یەکێکیان ببنە ســـەرۆکی شـــارەوانیی کەرکووک. کە نازم تەبەقچەلی بەلای ڕێی پیلانی داشـــکاندەوە تا کودەتایەکی ســـەربازی دژی عەبدولکەریم قاسم بکەن، لە خەڵکە دیموکراسی و لایەنگرەکەی شۆڕش و سەرکردایەتیی عەبدولکەریم قاسم دوورکەوتەوە و خەریکبوو دژایەتیی دەکردن و لە خەڵکە نەیارەکە نزیک دەبووەوە و تورکمانەکانیش زەوییەکی بەپیتی ئەو کارە بوون.

حیزبی شیوعی لەبەینی دوو ئاگران بوو، زێدەڕۆیە نەتەوەپەرستەکانی تورکمانەکانیان بە ژمارە و هێز زۆر لەســـەرەوەی ڕاســـتی دەخەمڵاند و هەوڵیان دەدا وا ببەنە مێشـــکی خەڵکەکەوە کە زۆربەی ئەو شـــارە کوردییانەی کەمە نەتەوەیەکی تورکمانیان تێدایە، بە شوناس شاری تورکمانین و لەو شارانەش شارۆچکەکانی کەرکووک، تازە و خوورماتوو و داقووق قدووز و کفری و قەرەتەپە و خانەقین ق مەندەلی، لەکاتێکدا ئامارە فەرمییەکانی زێدەڕۆییان لە ڕێژەی تورکمانان کردووە و هەندێکی بە بنەچەش کوردن بە تورکمانیان داناون، دەرکەوت لە کەرکووک، کە ئەو شارەیە گەورەترین کۆبوونەوەی تورکمانی تێدایە، ڕێژەیـــان ٢:١٠ە، واتە دوو کورد و تورکمـــانێـک، بە زۆرترین خەمڵانـدنیش، ژمـارەی تورکمانان لە ئێستا لە کوردســـتان لە ٦٠٠ هەزار تێناپەڕێ و، زۆربەیشـــیان لەو ناوچانەن کە لەبن دەستی حکوومەتدان و خەریکە دەکرێنە عارەب.

هەرچی لایەکەی دیکەیە، ئەو نەتەوە پەرســـتە کوردانەن کە دوژمنایەتیی نێوان خۆیان و تورکمانەکانیان لە سەردەمی عوسمانلیرا بەمیرات بۆ ماوەتەوە و، دواتریش لە مافی چارەی خۆ نووســـینی ویلایەتی موســـڵی ناوی لێندرا دانانی ســـنووری نێوان عێراق و تورکیا، دوژمنایەتییەکە توندتربوو، وەک ئەوەی نێوان عێراق و تورکیا بۆشـــاییەک بێ و گەلێکی لێ نەبێ ناوی گەلی کورد بێ و وەک گەلانی دیکەی دنیا چاوی لە ئازادی و ســـەربەخۆیی بێ. ئەگەرچی بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردســـتان ئاماژەی ڕوونی ســـەبارەت بە مافەکانی کەمینەی تورکمان تێدایە، کەچی ئەوان ئاسۆ تەنگیی نەتەوەپەرستیی تورکمانیان

به دوژمنداری وەڵامدەداوە، نەک بەو ئاراستەیەدا بچن لەگەڵیان ڕێککەون. حیزبی شیوعییش لەناوچەکە لەسەر بنەمای لقی کوردستان دامەزرابوو و،ڕێکخستنی تایبەتی تورکمانانی نەبوو، بەودواییانە نەبێ لە دووز و قەرەتەپە پەیدابوو و هاوڕێ تورکمانەکانیش پێویستیان بە تاقیکردنەوەی چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەل بابەتی وا ورد هەبوو و، لەبەر ئەو ڕێچکە راستڕەوییەی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکمانیش. بزووتنەوەکەیان بە بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستی دژە شۆڕش لە قەڵەم دەدرا، لەکاتێکدا بەچاوپۆشی لە سەرکردایەتییەکەی و ئەو دروشمانەی بەرزی دەکردەوە، جەوهەری ئەو بزووتنەوەیە دیموکراسییە و ئامانجی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کەمینەی تورکمانە. سووربوونی تورکیاش لەسەر ئەوە ویلایەتی موسڵ مافی ئەوە قورەکەی خەستتر کرد. گوتیشی گوایە ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورە بە پەیماننامەی لۆزان ڕازی نەبووە کە بەپێی ئەو پەیماننامەیە حکوومەتی تورکیا، پێچەوانەی بەندەکانی تایبەت بە کوردانی پەیماننامەی سیڤەر لە بەرانبەی ئەوەی کوردستانی باکووری خراوەتە سەر. دەسبەرداری ویلایەتی موسڵ بووە.

ئەو کێشەیە ورد و ئاڵۆز بوو، پێویستی بە هاوێرکردنی مافە ڕەوایەکانی کەمینەی تورکمانی و لە ئەستۆ گرتنی ڕەوایی ئەو مافە هەبوو، تا لە چاوتەنگییە فراوانخوازییەکانی بۆرژوای ڕاستڕەوی تورکیای جیاکاتەوە کە لەسەر حیسابی مافە نەتەوەییەکانی کوردان دەهاتە دی و لەو خەڵکە ڕاسڕەوانەشی جوداکاتەوە کە ئاواتیان ئەوەیە ئەو ناوچەیە بە تورکیاوە گرێدەن.

پێویستە ئەوەش بڵێم ئەو هاوڕێ تورکمانانەی بەو دواییە "دوای شۆڕش" هاتنە ناو حیزب شارەزاییان کەمبوو و مرۆڤ وروووژێنەر بوونزۆرشیان کاری هەرزەکارانە کرد، ئەوەش وایکرد جەماوەری تورکمانیان لێ دوورکەوێتەوە نەک ڕایانکێشن، شارۆچکەی قەرەتەپەی لێدەرچێ کە هاوڕێی تورکمانیی بەرپرس"عەلی یاغش" لەێبوو و، چونکە مرۆڤێکی ڕەوشت بەرز بیر قووڵ بوو متمانەی خەڵکەکەی بەدەستهێنا و، توانی بەرژەوەندیی جەماوەی تورکمان لەگەڵ مافەڕەواکانیان لێک گرێدا و ئەو ڕێکخستنانە هەمیشە توندوپوند بوون وجێگیربوون. بەڵام هاوڕێ "عەلی یاغش" بالاترین شتی کردە قوربانیی بیروباوەڕە شیوعییەکەی و گەلە تورکمانەکەی کە ژیانی بوو، دەسەڵاتە بەعسییەکان لە هەشتاکا هەر لەبەر ئەوەی شیوعی بوو و لەبەر هیچی دی نا، لەسێدارەیان دا.

کەسێکی دیکەی تورکمانی کەرکووک، "موسلیح جەلالی"بوو، ئەو بە بنەچە کورد بوو و خانەوادەکەی لە کەرکووک لەسەردەمی عوسمانلییان ببووە تورکمان. ئەو، بەرانبەر تورکمانان کەسێک بوو دەماری جاڕس بوو و، هەر خێراس بایدایەوە و وازی لە حیزبی

شـــیوعی هێنا و بووه بەعســـی و، لەو دەســـتەیەی لێکۆڵینەوەیە کاری دەکرد کە کورد و شـــیوعییەکانی دادگایی دەکرد و دوای دادگاییەکی هاکەزایی فەرمانی لەشـــێدارەدانی بۆ دەردەکردن.
مرۆڤ دەتوانێ دەســـتنیشـــانی بکا داخوا کێ حیزبە نەتەوەییە تورکمانییەکان ســـەر بە چ حیزبێکی تورکیی ناو تورکیان. لەو ماوەیەی عێراق لەناو پەیمانی بەغدا بوو، عەدنان مەندەریســـی ســـەرۆکوەزیرانی تورکیا ســـەردانی کەرکووکی کرد، بەلام بەهوتافی جیاجیا پێشـــوازیی لێ کرا، ئەوانەی ســـــەر بە حیزبی دیموکراتی بوون، کە عەدنـان یەک لە جەمســـــەرەکانی بوو، هوتافیان بە گیانی ئەو لێدەدا و ئەوانەی ســـــەر بە حیزبی گەلی کۆماری بوون هوتافیان لەدژی لێدەدا.
موتەســـــەڕیف داوای کرد لەگەل کەســـــە دیارەکانی تورکمانی کەرکووک کۆبێتەوە، کە لەگەڵیان کۆبووەوە بۆی ڕوونکردنەوە لەکاتی گەڕانی بەشـــــارەکەدا چ روویداوە و ، جا عەدنان مەندەریس پێیگوتن: "ئەگەر خۆتان بە هاوولاتیی تورکیا دادەنێن و ســـــەر بە حیزبەکانی ئەوێن، ئەدی بۆ لەو هەڵبژادنانەی ئەوێ بەشـــــدار نابن، ئەگەر خۆشـــــتان بە هاوولاتیی عێراق دەزانن چیتان لە ئێمە داوە لە تورکیا، جا چ گەلی تورکیا قبووڵم بکایان ڕتمکاتەوە "
قسەکانی مەندەرێس ئەو خلیسک و لێژاییەی ئاشکراکرد کە نەتەوەپەرستە تورکمانەکان تێکەوتوون و چ زیانێکیشـــیان لە مەســـەلە نەتەوەییەکەیان داوە. ئەوان بەشـــدارییان لەو خەباتە دیموکراتییە نەکردووە کە بۆ عێراقێکی دیموکراتیی ســـــەربەخۆ دەکرێ و تێیدا هەموو نەتەوە و کەمە نەتەوەکان مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانیان پارێزراوە. ئیدی نەتەوەپەرســـتە تورکمانەکان دەبێ چاوێک بە بەو هەلویســـتە هەلانەیاندا بخشـــێننەوە کە زیان بە کێشە ڕەوایەکەی گەلەکەیان دەگەیەنێ. تورکمان لە کوردستانی باسوور کەمینەن و ڕێژەیان بۆ کورد نزیکەی "١-٨"ە. لە هەموو عورف و دەســـتورەکانی دونیاش ناکرێ کەمینە بڕیاری چارەنووســـی زۆرینە بدا، بۆیە کێشـــەکەیان تەنیا بەوەی چارەســـەر دەبێ لەگەڵ هێزە دیموکراتییەکانی عێراق هاوخەبات بن و، بەتایبەتیش کورد، تا ســـیســـتەمێکی دیموکراتی دامەزرێ و دان بە هەموو مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکان و کەمینەکان دابنێ، تورکمانیش کەمینەیەکی خاوەن کێشێکی تایبەتن لە کوردستان.

چوونە بەغدا:

دوای شـــۆڕش، عەبدولجەلیل حەدیســـی موتەســـەڕیفی کەرکووک بوو، ئەو لە بەڕێوەبەرە پاک و لێوەشـــاوەکان بوو، زۆرجاران لە دیوانی موتەســـەڕیفی و لەدەرەوەش یەکدیمان دەدیت. ڕۆژێکیان پێیگوتم، مامۆســـتا ئیبراهیم کوببەی وەزیری ئابووری داوای کردووە

بچمه بەغـدا ببینم. ئیبراهیم کوببە یەک لەوانەبوو لە حیزبی شـــیوعی نزیکبوون و. ئەگەرچی حیزبی شـــیوعی بـانگێشــــت نەکرابوو تـا لەو حکوومەتە هەمەلایەنەی بە سـەرکردایەتیی پێشـەوا عەبدولکەریم قاسـم پێکهێنرابوو بەشـداربێ، بەڵام قاسـم ئیبراهیم کوببەی بە شیوعی دادەنا، لەڕێی ئەویشەوە حیزبی شیوعی نوێنەری لە حکوومەت هەیە. ئیبراهیم کوببە سـەر بە خانەوادەیەکی شـیعەیە و کۆلەگەکەیان شـێخ محەممەد مەهدی کوببەیە، سـەرۆکی "حیزبی ئیسـتیقلال" و ئەندامی ئەنجوومەنی حوکمە دوای شـۆڕش. ئیبراهیم کوببە کۆلێژی مافی تەواوکرد و ئەوجا بۆ خویندنی باڵای ئابووری چووە پاریس بخوێنێ. بەڵام لەبەر هۆی خێزانی خوێندنی تەواو نەکرد و گەڕایەوە عێراق. حکوومەت لە سـەردەمی مەلەکی گرتی و خسـتییە بەندیخانەی جەلەولای بۆ گرتنی ڕۆشـنبیران و بیریارانی دژەحکوومەتی ئامادەکردبوو. دوای شـۆڕش وەزارەتی ئابووریی وەرگرت و جێی ڕێزیسەرکردەکانی شۆڕش بوو.

چوومە بەغدا و لە وەزارەتی ئابووری چاوم بە مامۆسـتا ئیبراهیم کوببە کەوت، ئەو هاوڕێحافز توکمەچیی کردبووە بەڕێوەبەری گشـتیی ئابووری، جا ئیبراهیم کوببە داوای لێکردم ببمە جێگری بەڕێوەبەری گشـتیی "انحصـار"[41] وەرگرتنی تووتن و، پێیشـی گوتم بەڕێوەبەری گشـتی دەگوازرێتەوە ئەرکێکی دی ومن وەک بەڕێوەبەری گشـتی جێی دەگرمەوە. پێمگوت ئەو بەڕێوەبەرایەتیی هەرکاتێک پێویستی بە پرسـوڕا بوو من ئامادەم هاریکاریان بم، بەڵام هیچ وازم لە دامەزران نییە، بەتایبەتیش کە من ئەندامی لیژنەی لقی کوردسـتانی حیزبی شـیوعیم و، بێ ڕەزامەندیی حیزبیشـواز لە کارەکەی ئەوێم ناهێنم. گوتی ئەو ڕەزامەندیی حیزبی وەرگرتووە، کە زانیشـم سـەرکردایەتیی حیزبی شـیوعی بەوەی رازی بووە، منیش بە دامەزران ڕازیبووم، ئیـدی لە بەڕێوەبەراتیی نـاوبراو دامەزرام، بەڵام بەزۆری لە بەڕێوەبەرایرتیی گشـتی دەوامم دەکرد و لەگەڵ بەڕێز باقر ئەلحەسەنی و لەسەر داوای خۆیشی. دەیشیزانی من جێی دەگرمەوە و ئەو دەبێتە باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوە. جا هێندەی نەبرد و بوومە بەڕێوەبەری گشتیی وەرگرتنی تووتن.

---

[41] _ بەڕیوەبەرایەتیی"ئینحیسـاری تووتن" وەرگرتنی تووتن:بەڕیوەبەرایەتییەک بوو لە وەزارەتەکەی سـاڵح جەبر لە ١٩٤٧ دامەزرابوو و، ئەرکی چاککردنی چـاندنی تووتن و هێنـانی تووی چاککراو و بە کـارهێنـانی شـێوازی نوێیەلگرتنی و دامەزراندنی کۆگای سـەردەمییانە بوو و هێنانی پسـپۆڕانیش تا سـەرپەرشـتیی چاندنی بکەن لە ناوچەکانی باکووری عێراق. ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش بەسـای یاسـای ئینحیسـاری تووتنی ژمارە"٣٥"ی سـاڵی١٩٣٩ دامەزرا. للمزید:عبدالكريم الازريتاريخ فی ذكريات العراق ١٩٣٠-١٩٥٨. مركز الابجدية، بيروت، ١٩٨٢،ج١ خ١٣٨؛ احمد حميد محسـن، التجارة الخارجية فی محاضـر مناقشـة مجلس النواب العراقی ١٩٣٩-١٩٥٨. رسـالة ماجسـتير غير منشورة، كلية التربية ، الجامعة العراقية.٢٠٢١، ص١٥٣.

هەندێ گۆڕانکاریم لە بەڕوەبەرایەتیی ناوبراو کرد، هەندێ لە گەندەڵەکانم دەرکرد و هەندێکم خانەنشین کردن و هەندێکم گواستنەوە تا دزی و گزی و بەرتیل بنەبڕ بکەم کە لەو بەڕێوەبەرایەتییانە بەربڵاوبوون. هەندێ گۆڕانکارییشـــم لە کاری بەڕێوەبەرایەتییەکە کرد، بەتایبەت پەیوەندیی بە جووتیارانەوە دوای ئەوەی ڕۆڵی دەرەبەگەکان لە گوندەکان بەرتەسک ببووەوە.

لە بواری حیزبییشـدا، وەک ئەندامی لیژنەی پەیوەندییە نیشتمانییەکان دەستم بە کار کرد و ئەو لیژنەیە زۆری کەسـایەتیی کۆمەڵایەتیی ئاشـکرای حیزب تێدابوو وەک دکتۆر حافز توکمەچی و دکتۆر محەممەد سـەلمان حەسـەن و مامۆسـتا عەبدولڕەزاق زووبێر و مامۆستا نەعیم بەدەوی. هاوڕێ محەممەد حوسێن ئەبولعیسـیش سـرۆکایەتیی لیژنەکەی دەکرد، ئەو لیژنەیەش کەرەسـتەی پەیوەنـدیکردن بوو بە بە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە نیشتمانییەکانی ناو حیزبی شیوعیی عێراقی.

هەر چوارمانگم لە بەڕێوەبەرایەتیی وەرگرتنی تووتن پێچوو و ئیدی مامسـتا ئیبراهیم کوببە داوای کردم تا بگوازمەوە بۆ پشکنەری گشتی لە وەزارەتی چاکسـازیی کشـتوکاڵ، کە تـازە دانـدرابوو و مـامۆسـتـا ئیبراهیم کوببەش کرابووە وەزیری. وەزارەتەکە لە سـەرەتای دامەزراندنی بوو و، هاوڕێ عەبدولڕەزاق زوبێر بەڕێوەبەری گشـتی و ئەندامی لیژنەی باڵای ئەنجوومەنی کشـتوکاڵی بوو کە عەبدولکەریم قاسـمی سـەرۆکوەزیران سـەرۆکی بوو و، بەڕێز هەدیب ئالحاج حمودی وەزیری کشـتوکاڵ سـەروکاری لیژنەکەی دەکرد و، ئەو لە خانەوادەیەکی موڵکداری لیوای دیوانییە بوو و لە کەسـە دیارەکانی حیزبی"وەتەنیی دیموکراتی" بوو و، ئەندامێکی دەستکراوەی ئەنجوومەنی باڵای کستوکال بوو.

شایەدێکی بەردەم دادگای گەل:

"دادگای گەل"[42]، دادگای سەربازیی تایبەت، بۆ دادگاییکردنی لایەنگرانی سەردەمی مەلەکی دامەزرا. لە یەکشەممەی ١٥ی ئاداری ١٩٥٩، سەعات ٨:٣٠ی ئێواری پێیانڕاگەیاندم تا گەواهیی خۆم بەرانبەر تاوانباران عەبدولجەبار فەهمیی بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغدا و، عەبدولجەبار ئەیوبی بەڕێوەبەری بەندیخانەی سیاسی وئیبراهیم حەسەنی"ئیبراهیم شەجەر" فەرماندەی هێزی پۆلیسی نایاب وداود سەلمان بەیاتیی قایمقامی ناوەندی بەغدا و بریکاری موتەسەریف و عەزرە وەردەی فەرماندەی هێزی پۆلیسی گەرۆک بدەم. عەزرە وەردە دەفتەرێکی بەدەستەوە بووویێنەی زەعیم عەبدولکەریم قاسمی لەسەربوو و بەرانبەر عەقید فازڵ عەباس مەهداویی سەرۆکی دادگای راگرتبوو، کە بانگی بەندییەکانی پێشتریی کردبوو تا لەسەر تاوانبارەکان ببنە شایەد، بە تایبەتیش قەسابخانەکەی بەندیخانەی بەغدا.

لێرە وردەکارییەکانی گەواهیدان و ئامادەبوونی بەردەم دادگام دەگێڕمەوە. کە دادگاییەکە بەڕێوەدەچوو من لە کەرکووک بووم. جارێکیان کە لە پرسەی ژنێکی خزممان بووم لە ماڵی ئامۆزایەکم و"عەبدوڵلا سەعید"ی بەڕێوەبەری پێشتریی پۆلیسی لیوای موسڵ لە نزیکمەوە دانیشتبوو، "ئیبراهیم حەسەن"ی بەرگی بەڕێوەبەری پۆلیسی لەبەربوو بەخۆ و بە دووپۆلیسی چەکدارەوە هاتەژوورێ، لە شوێنێکی هۆڵەکە دانیشت، بەڵام چاوی بە لایەکدا دەگێڕا، عەبدوڵلا سەعیدی لە نزیکمەوە دانیشتبوو و تۆقیبوو لە گرتنێ دەترسا، گوتی ئەوە بۆ من هاتووە، گوتم: نا بۆمن هاتووە. سەری سوڕما، بەڵام کە کە ئیبراهیم

---

[42] _ دادگای سەربازیی باڵا بۆ ئەو مەبەستە دامەزرا و، بەناوی"دادگای گەل" ناسرابوو و بۆ دادگاییکردنی کەسایەتییەکانی سەردەمی مەلەکی داندرابوو، ئەرکی دیکەیشی پێ سپێردرابوو بۆ دادگاییکردنی ئەوانەی پیلان لە شۆڕش دەگێڕن. لیژنەیەک بۆ دانانی بەڕیوەچوونی دادگایەکە داندرا و منیش وەک وەزیری داد سەرۆکی ئەو لیژنەیە بووم و، دوای دانانی ڕێوشوێنەکانی ئەو دادگایەمەرسوومی کۆماریی ژمارە ١٨ی ٢٠ی تەممووزی ١٩٥٨ی بۆ دەرچووو، دادگایەکە دەستی بە بەدواداچونی ئەو کێشانە کرد کە دەیدرایە و لەوانەس سزادانی ئەوانەی پیلان لە سەلامەتیی نیشتمان دەگێڕن و گەندەڵی لە سیستەمی فەرامڕەواییدا دەکەن. مەرسوومەکە لە ١٥ی ئابی ١٩٥٨ هەموارکرایەوە و لەسەر راسپاردەی ئەو پێشنیارەی ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢٠ی تەممووزی ١٩٥٨ کردی دەستەیەک بۆ دادگا دامەزرێندران و، وەک خوارەوەبوون:

١_ عەقید فازل عەباس مەهداوی ،سەرۆکی دادگای سەربازی. ٢_ موقەدەم عەبدولهادی ئەلڕاوی- ئەندام-. ٣_ موقەدەم فەتاح شاڵی . ئەندام. ٤_موقەدەم شاکر مەحمود ئەلسەلام. ئەندام. ٥_ ڕەئی ئەوەل ئیبراهیم عەباس لامی . ئەندام. ٦_ ڕەئیس کامل حوسێن شەماع. ئەندامی یەدەگ و، دەستەی داواکاری گشتیش پێکهاتبوون لە ١_ عەقید روکن ماجد محەمەدەمین. ٢- سەیدغازی عەبدولهادیی دادوەر. ٣_ جێگری داواکاری گشتی بەڕێز عەبدولمەجید سەلام. للمزید. وزارة الدفاع، القیادة العامة للقوات المسلحة، محاکمات المحکمة العسکریة الخاصة(محکمة الشعب)، ٢٢ جزءا، ج١، خ١٤-١٥.

حەسەن بێ ئەوەی ،وەک داب وایە، فاتیحە دووبارەکاتەوە چووەدەرێ. ناسیاوێکم هات و گوتی: بەڕێوەبەری پۆلیسی موسڵ لەدەرەوە تۆ گەرەکە، چوومەدەرێ و دیتم ئیبراهیم حەسەن قایشی پانتۆڵەکەی گرتم و گوتی: دەخیلی تۆ و خودام، لە دادگای گەل داوایان کردووم، تۆ لە بەندیخانەی بەغدابووی و دەزانی من هیچ کارێکی تاوانم نەکردووە، خاوەن ماڵ و منداڵم تکایە شایەدیمبۆ بدە. گوتم: ئەدی حاجی بەشیریش ماڵ و منداڵی نەبوو؟، دوایەش من داوام نەکردووە دادگا گوێ لە گەواهیدانی من بگرێ، ئەگەر دادگا داوام بکا و شوێندم بدا ئەوا ڕاستی دەڵێم. گوتی: تۆ دەزانی کە هاتمە ناو بەندیخانە چەکم پێ نەبوو. گوتم: بەڵکو چەکداربووی و دەتوانم ناو و جۆری چەکەکەست بڵێم و بە دەمانچەکەشت چوار فیشەکت بەو ڕاڕەوەیەوە نا کە من لەپشت دەرگاکەی وەستابووم دوایە پێڵەقەیەکت لە دەرگاکە دا و هاتییە ژووری.

دەرکەوت ئەو بدوو پۆلیسەی لەگەڵیبوون، لەژێر فەرمانی ئەودا نەبوون، بەڵکو پاسەوانی بوون و دەبوایە بە بەندکراوی ڕەوانەی بکەن، کە لەوێ دادگاییکردن لە دادگای سەربازیی تایبەت"دادگای گەل" چاوەڕێی دەکرد، جا دوای چەند ڕۆژێک پێیانگوتم لە دادگا ئامادەبم.

هۆڵێکی ترسی دەنواند، سەکۆی قازییەکانی گەل و لەلای ڕاستیشداواکاری گشتیی سەربازی و لەلای چەپیش شیشەبەندی ئەو تاوانبارانەی تێ ئاخنرابوو کە پێشتر ناوم هێنان، بەلام پرسیم ئەدی تاوانبارە گەورەکان کوان؟ کوا حوسامەدین جومعەی فەرمانی کوشتنی بەندییەکانی دا، کوا ماجد مستەفای بەندییەکانی ڕەوانەی بەندیخانەی باقووبە کرد کە نزیکەی حەفتایان برینداریش بوون و فیشەکیان بەرکەوتبوو و لێنەگەڕا بیانبەنە خەستەخانەش؟ ئەدی عەبدولجەبار فەهمی کوا؟ ئەوەی فەرمانیدا لەسەربانی بەندیخانەڕا بەندییەکان بکوژن، ئەدی جەمیل جەمیل مەدفەعیی تاوانباری هەرە گەورە کوا، کە فەرمانیدا ئەو بەندییانە بە پەرجوو لە مردن دەرباز ببوون بدرێنە ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی، تا لەجیاتیی سزادانی تاوانبارە ڕاستەقینەکان، باری شانیان بە چەندساڵێکی دیکەی زیادە قورس بکەن.

سەیرێکی ڕووی تاوانبارەکانم کرد کە سەریان شۆڕکردبووەوە. ئەوان لەبەرەم مێژوودا لە چنگی دڕندان بترازێ هیچی دی نەبوون کە لە بەرپاکردنی ناشیرینترین تاوان هۆیان نەدەدایەوە، ئەو چنگانەی جەستەی ئەو تێکۆشەرە شۆڕشگێرانەیان هەلاهەلا دەکرد کە گەل و ئەوانیشیان خۆشدەویست، باشە بۆ ئەوانە نەکوژراوم؟

سەرۆکی ددگا پرسیاری ناو و تەمەن و جێی دانیشتنی لێکردم و دوایەش شوێندی دام. ئەو پرسیی ئەو تاوانبارانەی ناو شیشەبەند دەناسی و، هەریەکەیان لە قەسابخانەکەی بەغدا چیی گوت؟

ئاوڕێکم لە شیشەبەندەکە دایەوە،لەبەر ترس ولەبەر ئەوتاوانانەی بەرانبەر نیشتمان پەروەران کردبوویان، ڕەنگوڕواژایان ئەوەندە گۆڕابوو خەریکبوو نەیانناسمەوە. هەوڵمدا رابردوو بە هەموو ناخۆشییەکانیەوە لەبیر بکەم، بەڵام حاجی بەشیرم بەبیرهاتەوە، کە لە یەک لە دیدەنییەکان، یاریی لەگەڵ منداڵە ئەسمەرە جوانەکەی ناو باوەشی ژنەکەی دەکرد. ئەحمەد حەسنم بەبیرهاتەوە، هەرکە دەرگای بەندیخانە دەکرایەوە تا کەسوکار بێنە دیداری بەندییان، ئەو باوەشی بۆ کچۆلەکەی دەکردەوە کە دەتگوت پەپولەیە. موسا سلێمانم بەبیرهاتەوە ، خوسکەکەی یەکەم کەس بوو خێرا لە دەرگای بەندیخانە دەهاتەژووری و جلوبەرگ و خواردنی بۆ برایەکەی دەهێنا. پیرێژنەکەی دایکی ئیسماعیل فەرتەم بەبیرهاتەوە کە لەبەر قورسایی خواردنی"کوشر"ی بۆ کوڕەکەی دەهێنا کووڕدەبووەوە. هەموویان لەبیرکەم ئەو دوا وشانە لەبیرناکەم کە ئیسماعیل بەزەحمەت دەیتوانی بیانکا و خوێن لە سینگ و پشتی دەهاتەخوارێ و دەیگوت من دەمرم، سلاو لە دایکم بکەن. ئەو دایکە تەنیایەی کاری دەکرد و پارەی کدەکردەوە تا کورە بەندکراوەکەی بژی. ئیدی نەمتوانی بەسەر هەموو ئەوانەدا بازبدەم.

_ بەڵێ بەڕێزی سەرۆکی دادگاهەموو تاوانبارەکان دەناسم ئەوەی لێ دەرچێ کە دەفتەرەکەی بەدەستەوەیە و وێنەی پێشەوای لەسەرە، ئەوم نەدیتییە.ئەوانیدییان، بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغدام دیت کە بە نەردیوانە دارەکەدا هەڵگەڕا و جووە سەر بانی هۆڵەکە، ئەویش بوو سەرەتا فەرمانیدا بۆمبی فرمێس ڕێژ لە بەندییان بگرن و دواترێ فەرمانیدا تەقەیان لێ بکەن و یانکوژن، هەرچی عەبدولجەبار ئەیوبە ئەوا لای بەندییەکان ناسراوە، ئەگەر حکوومەت بیویستبا کێشە بۆ بەندییان بۆ دروستکا و دواتریش قەسابخانەیان بۆ دانێ، ئەوا ئەوەی دەناردکە جلی بنیادەمانی لەبەرە. هەرچی ئیبراهیم شەجەرە، ئەوبوو هانی کۆمپانیای دەدا بەندییەکان بکوژن و دەیگوت: ئەوانە جوونە و دەمانەوێ بیاننێرینە ئیسرائیل، بەلام ئەوان یاخیبوونیان ڕاگەیاندووە، ئیدی پۆلیس هۆسەیان لێدەدا"جوولەکە گوتمان خۆ بدە دەست"، ئەو دەمانچەیەکی جۆری برۆنینگی ٧ ملم ی بەدەستەوەبوو و هەر ئەویس بوو دوای قەسابخانەکە لەناو ڕارەوەکان و ژوورەکان لەگەلم دەگەرا. هەرچی ئەوکابرایەشە،داود سەلمان بەیاتی، تەنیا کە بڕیاری ئەوەیان پێگوتین دەمانگوازنەوە بەنیخانەی باقووبە ئەوم دیت و، دەیگوت: ئەگەر شتێکتان بەسەرهات من بەرپرسیار نیم، بەدڵنیاییشەوە دەیزانی حکوومەت نیەتی کوشتنی بەندییانی هەیە.

ئەوجا سەرۆک لێیپرسیم: ڕاستە جووتان لەگەڵدا بووە؟

_ پێموابی دووان بوون.

_ هەموو بەندییەکان چەند کەس دەبوون؟
_ نزیکەی "١٥٠" کەس.
_ دووان جووبوون و، ئەوانیدیس هەموو بوونە جوو؟
ئەوجا ســەرۆکی دادگا دایو دووقســان و بانگی شــایەدەکانی دیکەش کرا و دوای چەند رۆژێک گوێمان لێبوو لاشەی هەردوو تاوانبار عەبدولجەبار فەهمی و عەبدولجەبار ئەیوب بە پەتی سیدارەدا شۆڕبوونەتەوە و لە هەمان بەندیخانەی قەسابخانەکەیان تێدا بەرپا کرد و، ئەوانیدیش بە مەودای جودا بەندکرابوون و، دەیانگوت: ئێمە فەرمان پێکراو بووین ئێمە فەرمانمان جێبەجێ دەکرد، ئێمە تەنیا ئامێر بووین.

جێبەجێ نەکردنی بڕیارێکی عەبدولکەریم قاسم:

ئەوەی زانرابوو فەرمانەکانی عەبدولکەریم قاسمی ڕەتکردنەوەی نییە، بەلام شتێکم بەسەرهات کە نیشانەی ئەوەیە ئەو قسەیە ڕاست نییە و ڕوداوەکەش ئاوابوو:
بەڕێوەبەری گشتیی ئنحیساری توتن بووم، بۆ بەسەرکردنەوەی بەڕێوەبەرییەکان چوومە سلێمانی. کە لەوێ بووم بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوا بە شەڵەژاوی پەیوەندیی پێوەکردم و گوتی پێشەوا عەبدولکەریم قاسم داوای کردووی و دەبێ بچییەوە بەغدا.
لە ڕێی گەڕانەوەم بە کەرکووکدا چووم و دیتم بەڕێوەبەری پۆلیس چاوەڕێمە و، هەمان قسەی بۆ دووبارەکردمەوە و منیش نەمدەزانی بۆ داوای دیتنی کردووم. کە گەیشتمەوە بەغدا پەیوەندین بە ئیبراهیم کوببەی وەزیری ئابوورییەوە کردتا بزانم سەرۆکوەزیران بۆ داوای کردووم و، ئەویش نەیدەزانی و پەیوەندیی بە موقەدەم عەبدولغەنیی سەرۆکی یاوەرانەوە کرد و ئەویش داوای کرد بچمە وەزارەتی بەرگری بۆ دیتنی.
تۆزێک دەگەڕێمەوە دواوە، کابرایەک هاتە بەڕێوەبەری و بڕیارێکی لیژنەی بالای بازرگانیی پێبوو کە سەرۆکوەزیران بەخۆی سەرۆکی لیژنەکە بوو و، داوایسەکرد دە تۆن توتن بنێردرێتە دەرەوە بۆ ئیماراتی کەنداوی حارەبی و، عەبدولکەریم بۆ برادەرە کۆنەکانی وەفاداربوو و، ئەو کابرایەش دووکانێکی چکۆلەی لە "عەگد النصاری" هەبوو، هەمەجۆر جگەرەی دەفرۆشت لەوانەش ئەو جگەرانەی خاوەن دووکانەکن دروستیا دەکرد، وەک بافرە و تووتنی دەپێچرایەوە و جگەرەی قەمیشی دادەگیر. جا عەبدولکەریم کاتی کە ئەفسەرێکی بچووک بووە لەلای دانیشتووە.
کە ئەو بڕیارەی هێنا جێبەجێم نەکرد، چونکە لەبەر کەمیی تووتنێ کارگەکانی بەغدایە یەک دەوام کاریان دەکرد و، تووتم لە کۆگاکانی ئینحساری تووتنێ کەمبوو و، من داوام لە لیژنەی بالا کردبوو ڕەزامەندیمان بدەنێ هەندێ تووتن لەدەرەوە بهێنین تا ئەو کەمییەی پێ بگرین و کارگەکان بەگەڕ بخەین، ماقووڵ نبوو ڕێ بە کەسێک بدەم دە تۆن تووتن ڕەوانەی دەرێ بکا لەکاتێکدا کارگەکانمان لەبەر کەمیی تووتنی نیمچە وەستاو بوون.
ئەو کابرایە پێیگوتم سەر بە پێشەوایە. گوتم هەمووومان سەر بە پێشەواین، بەلام ئەو بڕیارە هەڵەیە و جێبەجێی ناکەم، کابرا زویر بوو و بە تووڕەیی لە بەڕێوەبەرایەتی چووە دەرێ.
کە چوومە وەزارەتی بەرگری، یاوەرەکە بردمییە هۆڵی پێشوازی، دوای تۆزێک عەبدولکەریم هات و بەخێری هێنام و پرسیاری کاروباری بەڕێوەبەرایەتییەکەی لێکردم. منیش پێمگوت داوام کردووە هەندێ تووتن لەدەرەوە بێنم، چونکە حکوومەت هێنانی

جگەرەی بیانیی قەدەغە کردووە، ئەوەش وایکردووە جگەرە لە بازاڕ کەمبێ. گوتی:ئێمە بە داوایەکەت ڕازیینبەڵامبیرۆکەیەکم هەیە، دەبێ ئێمە بازاڕەکانمان لە کەنداو بپارێزین و تووتنی عێراقییش لەوێ بە هەڕمێنە.
تێگەیشتم مەبەستی ئەو کابرایەیە بڕیارەکەی بۆ دابوو، گوتم: پێشەوای مەزن، لەبەر کەم تووتنی کارگەکان نیمچە وەستاون، ئێمەش لە مانگی مەحەڕەمین، ئەوانەی پرسەی مردنی ئیمام حوسێن بەڕێوەدەبەن سەردانیان کردووم تا هەندێ تووتنیان بدەمێ، بەڵام بەس توانیم برە توتنێکی کەمیان بدەمێ.
بەڵام ئەو لەسەر بڕیارەکە سووربوو چونکە لیژنی باڵای ڕێکخستنی بازرگانی دەریکردبوو، بەڵام وەڵامی من ئەوەبوو: پێشەوای بەڕێز ڕێم بدەن دەست لەو بەڕێوەبەرایەتییەی بکێشمەوە، خەڵکێکی زۆر هەن ئامادەن فەرمانتان جێبەجێکەن ئەگەرچی دژی بەرژەوەندیی ئێوە و دەوڵەتیش بێ.
تۆزێک بیریکردەوە، ئەوجا گوتی: نا.... بەپێی بەرژەوەندیی دەوڵەت و بەرژەوەنیی بەڕێوەبەرایەتییەکەت کار بکە، وای دانێ ئەو بڕیارە هەر نەبووە . منیش لەسەر ئەو برە تووتنەی دەتەوێ بیهێنی ڕازیم، خوا بتپارێزێ مادام لەسەر بەرژەوەندیی دەوڵەت و سەلامەتیی ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەت مکوڕی، ئەوجا بە ڕوویێکی خۆش بەگەرمی بەڕێیکردم.

پشکنەریم لە وەزاەتی چاکسازیی کشتوکاڵ و کۆسپەکانی سەر ڕێی یاسا:

سـەرباری ئەو دژبەرییەی لەنێوان گەل و ئیسـتیعمار لە عێراق هەبووە، بەڵام ئامرازی دەسـتی ئیسـتیعمار نیزامی مەلەکی بوو و، ئەو نیزامەش پشـتی بە بۆرژوای گەورە و فەرمانبەرە گەورەکان و گەورە سـەرکردەکانی سـوپای ناو شـارەکان و ، دەرەبەگ و خاوەن زەوییوزاری گوندەکان دەبەسـتا. ئیدی هەر شـۆرشـیکی بکرابایە دەبوایە شـۆرشـێکی دیموکراتی بووایە و دژی بۆرژوا و دەرەبەگی بەکرێگیراو بووایە.ڕێکخسـتنەکانی ئەفسـەرانی ئازادیخوازی شـۆرشـی ١٤ی تەمموزیان تەقاندەوە لەژێر کاریگەریی پرۆگرامی حیزبە نیشـتمانییەکاندا بوون، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەرنامەی پاکتاوکردن و گۆڕینی پەیوەندییە دەرەبەگییەکانی گوندیان هەبووە، یانیش سنووردانان بۆ موڵکداری بەو جۆرەی سەرۆک جەماڵ عەبدولناسر لە میسر جێبەجێی کرد.

ڕووبەری زەوییە کشـتوکاڵییەکانی عێراق بە "٤٠" ملیۆن دۆنم دەخەملێنران کە "١١" ملیۆن دێمیی پشتی بە بارانێ دەبەستی و "١٢،٥" ملیۆن دۆنمی بەراو و ئەوەی دیکەیان تەنیا بە هەبوونی ئامرازەکانی ئاودا دادەچێندرێن.

موڵکداریی کشـتوکاڵییش ئاوا دابەش ببوو: "٨٦٪"ی ئەوانەی لە بواری کشـتوکاڵ کاریان دەکرد خاوەن زەوییە بچووکەکان بوون و موڵکدارییەکەیان لە ٤ بۆ ١٠٠ دۆنم زەوی بوو وتەنیا "١٠،٥٪"ی زەوی هیی ئەوانبوو و نزیکەی ١٢٪ی خاوەن زەوییەکانیشـمامناوەند بوون و "٢١،٥"ی زەوی هیی ئەوان بوو، لە کـاتێکـدا ٢٪ی گەورە دەرەبەگـان و ئوروستوکراتەکانی شار"٨٦٪"ی زەوییەکان هیی ئەوان بوو.

ئەو کێشـەیەس وایدەکرد ملیۆن و نیوێک جووتیار لە گوندەکان هیچ زەوییەکیان نەبێ کە "٨٩٪" ی ئەوانەن لە بواری کشـتوکاڵدا کاردەکەن، ئەوانەی بە نیوەیی یان بە کرێ لە زەویی دەرەبەگ و خاوەن زەوییـان کاریـان دەکرد. نزیکەی ملیۆنێکی دیکەش کـاریـان وەرزییە و، بەردەوام لە گەڕانن بەدوای پاروە نانێکدا.

گۆڕانێکی وردەوردەی بەرەو سـەرمایەداریی کشـتوکاڵی هەبوو و ئەویش بە بەکارهێنانی کەرەسـتە و ئامیری کشـتوکاڵی و زەوی دەرهێنان لە جنگی جووتیاران. ئەوەی پێشـترێ وێنەیەکی بـارودۆخەکەمـان دەداتێ، بەڵام ڕەنگدانەوەی ڕاسـتییەکی تـاڵە و ئەویش دەوڵەمەندیی بێ سـنووری چنگە خەڵکێک و هەژارییەکی لەڕادەبەدەری ملیۆنان جووتیار،

دەستەی یەکەمیان ئەو دەرەبەگانە بوون کە لە لادێ بە کۆڵەگەی نیزامی مەلەکی دادەندرێن و زۆربەی ئەندامەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەوانن.
سەرباری ئەوەی هاوڕاییەکی گشتی لەنێوان حیزبە نیشتمانییەکان هەیە و بە پێویتی دەزانن هەر شۆڕشێکی نیشتمانی دەبێ چاکسازییەکی کشتوکاڵییشی لەگەل بێ، بەلام لەڕووی ناوەرۆک و قووڵیی ئەو چاکسازییە کشتوکاڵییەی دەبێ بکرێ بەرنامەی حیزبە نیشتمانییەکاندا جیاوازییان هەیە و، بەرنامەکانیشیان بەو جۆرەی خوارەوە بوو:
١ـ حیزبی شیوعیی عێراقی: دەبێ ئەو تالانییەی دەرەبەگ و موڵکدارە گەورەکان بەرانبەر زەویی جووتیاران دەیکەن ڕاگیرێ و دەست بەسەر زەویوزاری دەرەبەگ و خاوەن زەوییە گەورەکاندا بگیرێ و بێ قەرەبوو بەسەر جووتیاراندا دابەش بکرێ.
٢ـ حیزبی "وەتەنیی دیتوکراتی": دەبێ چاو بە موڵکداریی کشتوکاڵیدا بخشێندرێتەوە وئەو زەوییان مفت هیی میرین بە موڵکایەتیی بچووک بەسەر جووتیاراندا دابەش بکرێ و موڵکدارییە گەورەکانیش لە سنوورێکی ماقوول دیاری بکرێن.
٣ـ حیزبی"ئیستیقلال": دەبێ زەوی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێ و، کێشەکەس بەوەی چارەسەر بکرێئەو زەوییانەی زیندوو دەکرێنەوەبی بەرانبەر و تەنیا بدرێتە جووتیارە ڕاستەقینەکان، جۆرەکانی خاوەندارێتیی زەویش یەکبخرێ. ٤ـ حیزبی"شەعب": کێشەی زەوی و زیندووکردنەوەی زەوی، بە پرۆژەی ئاودێری و دابەشکردنی زەوییە ئەمیرییەکان بەسەر جووتیاراندا چارەسەر، بکرێ.
٥ـ حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی: موڵکداریی کشتوکاڵی و زەویوزار دیاری بکرێ.
٦ـ پارتی دیموکراتی کوردستان: دیاریکردنی موڵکداریی کشتوکاڵی و دابەشکردنی دەرەبەگییە گەورەکان بەسەر جووتیاراندا.
ئەوەی تێبینی دەکرێ تەنیا حیزبی شیوعی لە بەرنامەیدا بووە دەست بەسەر زەویی دەرەبەگەکاندا بگرێ و بێ بەرانبەر بەسەر جووتیارانیدا دابەش بکا.
حکوومەت پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ هەوڵیدا هەندێ یاسا دەربکا تا ململانێی چینایەتی لە گوندیدا تۆزێک سووک بکا. لەوانەش بەشکردنی بەرهەم لە نێوان جووتیار و خاوەن موڵک و، حکوومەت لە جیاتی ئەوەی یاسایەک بۆ ئەوکارە دەرکاپەنای بۆ مەرسوومێک برد چونکە زۆربەی نوێنەران پەرلەمان لەدەرەبەگ و موڵکدارەکانبوون و، ڕازی نەدەبوون ئەو جۆرە یاسایانە کە پەرلەمان تێپەڕێ. ئیدی هیچ جارەیەک نەبوو لەوەی زیاتر کە هاوگونجانییەک لەنێوان بەرنامەی حیزبەکانی لایەنگری شۆڕش بکرێ.
ئیدی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵ دوای شۆڕش دەرچوو کە بڕی هەرەزۆری موڵکداریی کشتوکاڵیی دیاری کردبوو و بۆ زەویی بەراو"١٠٠٠" دۆنم و بۆ زەویی دێمەکاریش

"٢٠٠٠" دۆنم بوو و ئەوەی لەوەندەش پتربوو لە بەرانبە قەرەبوویەک دەستی بەسەردا گیرا و بە موڵکی بچووک دابەشی سەر جووتیاران کرا، ئامانجیش لە قەرەبووەکە ئەوەبوو سەرمایەیەکی گەورەیان لەلا دروستبێ و ببنە بۆرژوای گوند یان بازگانی شاربەلام لەسەر حیسابی دادۆشینی وزەی دارایی جووتیارانی بیست ساڵی دادێ چونکە پارەیەک لەجیاتیی زەوی درایە خاوەن زەوییەکان، بەلام چ بکرێ؟ ئاخر شۆڕش بە سەرکردایەتیی بۆرژوا کرابوو و، شێوەی کودەتایەکی سەربازیی وەرگرتبوو کە حەتمەن سەرکردە سەربازییەکانی شۆڕشیان تەقاندەوە و سیستەمە نیمچە دەرەبەگییەکەیان ڕووخاند و سیستەمی کۆمارییان دامەزراند کە تۆزێ ئازادییە دیموکراتییەکانی تێدابوو، ئاراستەیان دەکرد. بەلام دیکتاتۆریی سەربازی بووە دیکتاتۆریی تاکەکەسی و دواترێ بە بە چەندین کودەتای سەربازیدا تێپەڕی.

لەسایەی ئەو شتانەی پێشترێ، لە گۆڕانی بونیادی ئابووریی گوند لەسایەی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی وەک پشکنەری گشتی لە وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵی خەریکی کاری خۆم بووم بۆ چاودێریی دروست جێبەجێکردنیاسا و پێشێل نەکردنی و چارەسەری ئەو کێشانەی دێنە پێش جێبەجێکردنی. عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکوەزیرانیش زۆرجاران بۆچارەسەری کێشە عەشایەرییەکان، یان ئەو کێشانەی لەنێوان جووتیار و خاوەن موڵکەکان ڕوویاندەدا، بەتەنیا پەنای بۆ دەهێنام یانیش لەناو لیژنەی تایبەتی لەوەزارەتی چاکسازی کشتوکاڵی و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی بەرگری پێکدەهێنران. لەو کێشانەی لە بەرژەوەندیی جووتیاران لە چارەسەرکردنیاندا بەشدار بووم، ئەو کێشە چەکدارییەی لەنێوان "ئال زبێرەج" و "ئەلبو محەممەد"ی لیوای عیمارە و ئەو کێشانەیلەناو میرەکانی ناوچەی غەڕاف ڕوویاندا و، ئەو ڕووداوانەی لەنێوان جووتیارەکان و بەڕێوەبەرییە حکوومییە ڕاسترەوەکانی لیوای دیوانییە و، کێشەانی جووتیارانی "ئەلبو متێوت وجحێش و تورکمانی تەلەعفەر و عەشیرەتی گەرگەڕیی کوردی لەگەڵ شێخەکانی شمەر".

لەو کێشەیەی لەنێوان هەردوو عەشیرەتی ئال زیرەج و ئەلبو محەممەد ڕوویدا کێشەکەم بەپێی ئەو دروشمەمان چارەسەر کرد کە دەڵێ: "جووتیار برای جووتیارە، دوژمنیان دەرەبەگ و ئیستیعمارە" ، جا ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی لە پشت کێشەکان بوون بۆ موسل دوورخرانەوە و سوڵح لەنێوان جووتیارەکانی هەردوو عەشیرەت کرا. کێشەی نێوان سەرۆکەکانی عەشیرەتی دزایی و جووتیارەکانیان بەوەی چارەسەر کرا کە داوایەکانی دەرەبەگەکانی دژی یاسابوون ڕەتکرانەوە و لایەنگیریی جووتیارەکان کە یاسایان لەگەڵدابوو.

لەو کاروبارانەی دەبێ باسیان بکرێ ئەوەیە کە هەندێ دەزگای چاکسازیی کشتوکاڵی و بەتایبەت لە لیوایەکانی ناوەڕاست و باشوور، زێدەڕۆییەکی چەپڕەوی زیانی بە بەرژەوەندیی هاوکاریی نیشتمانی دەگەیان باڵی بەسەر کارەکانیاندا کێشابوو. بۆ نموونە، گەرانێکی پشکنینم لە لیوایەکانی باشوور کرد، دەزگاکانی چاکسازیی کشتوکاڵی و کۆمەڵەی جووتیاران بە دروشمی چەپڕەوییەوە پێشوازییان لێکردم کە چەکوچ داسیان لەسەر کێشرابووچونکە من سیوحی بووم.بەلام ئەو دروشمانە ئەو دەزگایانەیان لە دەزگا حکوومییەکانی دی دادەبڕی و لە جێبەجێکردنی یاسادا بێ یارمەتیی دەزگا حکوومییە بوڕێوەبەرییەکان دەمایەوە. کە گەیستمە ئەوێ و ئەو دروشمانەم دیت کارمەندانی وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵیم کۆکردەوە و باسی ئەو قۆناغەم بۆ کردن کە شۆڕشی پێدا دەڕوا و گوتم ئەوە قۆناغی شۆڕشی نیشتمانیی دیموکراتییە و دژی ئیستیعمار و دەرەبەگە، ئەوە شۆڕشێکی سۆسیالیستی نییە و بە سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی نییە، بۆیە وا پێویست دەکا دروشمی ئەوتۆ بەرزکەنەوە لەگەڵ ئەو قۆناغەی بگونجێ، واتە دژی ئیستیعماری کە پێویستی بە یەکێتیی هێزە نیشتمانییەکانە و، دژی دەرەبەگە کە پێویستی بە یەکگرتنی هەمان ئەو هێزانە هەیە و بەپێی یاسای باو. ئەوەش کۆلکەی هاوبەشی نێوان بەرنامەی هەموو حیزبە نیشتمانییەکانە لە قۆناغی ئێستادا، وەگەر نا دەبێتە هۆی دووبەرەکیی دوژمنان چ بەکرێگیراوان و چ دەرەبەگان، دەیقۆزنەوە و دەبێتە هۆی نوشوستیی چاکسازیی کشتوکاڵی، ئیدی بەدەم رایەکانمەوە هاتن و وازیان لەو دروشمە چەپڕەوییانە هێنا کە زیانی بۆ حیزبی شیوعی و بزووتنەوەی نیشتمانیش هەبوو.
زۆرجاران دەرەبەگەکان دەگەتشتنە ئەو بروایەی کاتی کوومەت ڕامدەسپێری چارەسەری کێشەکانیان بکەم ودەسەلاتی حاکمی سەربازیم دەداتێ، نیشانەی ئەوەیە بەدەم سکاڵاکانیانەوە نایەت. جا یەک لە سەرۆکەکانی عەسیرەتی دزەیی کە مەعروفاگای پیرداودی بوو، ئەوەی ئەوکاتە دەربڕی کە داوایەکەیانم ڕەتکردەوە شیوعییەکانی گوندەکانیانم نەگرت تا چارەسەری کێشەکانی ئەو گوندانە بکەم وپێمگوتن: چەند کەسێکی ئاغەکان بگرم ئاسانترە لەوەی چەند سەد جووتیارێک بگرم. مەعروفاگا گوتی:هەرکە حکوومەت تۆی هەنارده ئێرە، ئێمە هەر لە بەراییرا زانیمان گوێ لە سکاڵای ئێمە ڕاناگرێ. کە سەرۆکوەزیران ڕایسپاردم گوێ لە سکالایەکانیان ڕاگم و هیچیشیان یاسایی نەبوون، هەندێ سەرۆک عەشیرەتی جافانیش لە هەڵەبجە هەمان قسەی مەعروفاگای دزەییان کردەوە. ئەوان دەیانویست ئەو زەوییانەی بۆیان داندراوە بیاندەمێ و جووتیارەکانیش ناچاربکەم بە پشکداری کاریان تێدا بکەن، بەشی یەکەمی داوایەکە یاسایی بوو و رازیبووم، بەلام بەسی دووەمیاننایاسایی بوو و رەتمکردەوە.

هەڵوێستی دەرەبەگان بەرانبەر یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی:

دەرەبەگە جارەب و کوردەکان خۆیان دەدا پەنای محەممەد نەجیب ڕوبەیعیی سەرۆکی ئەنجوومەنی دەسەڵاتداری و، دیوەخانی لەوان جمەی دەهات، جونکە پێیان وابوو نەیاری چاکسازیی کشتوکاڵییە. ڕوبەیعی خۆی لە پەنا دینداری نابوو لەکاتێکدا ئەو دیندار نەبوو. کە نەیارانی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمیش لە حیزبە نەتەوەییە عارەبەکان و کوردییەکان دەرکەوتن، دەرەبەگە دژە شۆڕشەکان لە دەوری حیزبی "ئیستیقلال" کۆبوونەوە کە شێخ محەممەد مەهدی کوببەی سەرۆکی حیزبەکە تازە دەستی لە ئەندامێتیی ئەنجوومەنی دەسەڵات کێشابووەوە. محەممەد سدیق شەنشەلیش دەستی لە وەزارەتی"ئیرشاد" کێشایەوە، باڵی ڕاستڕەوی حیزبی بەعس کە فوئاد ریکابیی ئەمینداری گشتییدەستی لە وەزارەتی پلام دانان کێشابووەوە، ببووە حیزبێکی نەیار. پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشەوایەکەی مەلا مستەفای بارزانی بوو، کاتی بووە حیزبێکی نەیار و یاخیبوونی دژی حکوومەتەکەی قاسم ڕاگەیاند، زۆربەی دەرەبەگە کوردەکان لە دەوری کۆبوونەوە. هەرچی دەرەبەگەکانی نەیاری مەلامستەفا بوون دایانە پاڵ حکوومەت تا دژی شۆڕشی کوردییە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵگیرسابوو، بەناوی "فورسانی سەلاحەدین" سەرکردایەتیی چەکدارەکانیان بکەن و، بەوەس دەسەڵاتی خۆیان بەسەر عەشیرەت و زەوییەکانیاندا سەپاندەوە.

لەو ماوەیەیدا، دەرەبەگەکان سەرۆکە چالاکەکانی کۆمەڵەی جووتیارانیان تیرۆر کرد، کە ئەوانیش جەماڵ جەلال تاڵەبانیی سەرۆکی یەکێتیی کۆمەڵەی جووتیارانی لیوای کەرکووک و عەبدولڕەحمان خدری سەرۆکی کۆمەڵەی جووتیارانی سلێمانی و، عەلی مەولودی سەرۆکی کۆمەڵەی جووتیارانی لیوای هەولێر بوون، بێ ئەوەی حیزبی شیوعی لەسەریان بێتە دەنگ و، من پێموایە بێدەنگیی حیزبی شیوعی و بێ وەڵامیی بەرانبەر تیرۆرکردنی کادیرە جووتیارییەکانی هەڵە بوو. ئەو دەرەبەگانەی تیرۆرکردنەکانیان ڕێکخست لەلایەن حیزبی شیوعییەوە هیچ سزایەکیان نەدرا، لەکاتێکدا حکوومەت ئەو کارەی هەر بەلاوە گرنگ نەبوو.

هەڵگەڕانەوەی حکوومەت لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و چالاکیی کۆمەڵەکانی جووتیاران:

حکوومەت دەستی بە تەنگ پێ هەڵچنین و دژایەتیی کۆمەڵەی جووتیارانی شۆڕشگێڕ کرد کە حیزبی شـیوعی پێشـڕەویی دەکردن. داوای لەو کۆمەڵانە کرد داواکاری پێشـکەشـی وەزارەتی نـاوخۆ بکەن تـا مۆڵەتی فەرمییان بـدرێتێ، بەڵام بەهەنجەتی بێ مـانـا مۆڵەتی نەدانێ، لەونەش، ئەو پوولەی لە داوایەکە دەدرێ دەبێ ڕێک لێبیدرێ، ئەوجا سـووسـەی بۆمۆڵکدارە مـامنـاوەنـدە لایەنگرەکـانی حکوومەت و حیزبی "وەتەنیی تەقەدومی" کرد کە محەممەد حەدید سەرۆکی بوو و تازە لە حیزبی"وەتەنیی دیموکراتی" جودا ببووەوە. ئیدی مۆڵەتی دایە ئەو کۆمەڵانە و "عیراک ئەلزوکوم"ی لەجیاتیی"کازم فەرهوود یاسـری"ی ئەندامی حیزبی شیوعیی عێراقی، وەک سەرۆکی کۆمەڵەکانی جووتیاران سەپاند.

ئەوجا دەزگا ئاسـایشـییەکان، بەفەرمانی دادوەی سـەربازیی گشـتی، لەسـەر بنەمای ئەو تۆمەتانەی مەلاکەکان بۆیان دروسـتدەکردن، دەسـتیان بە گرتنی کادیرە جووتیارییرکان کرد. ئیدی ئیبراهیم کوببەی وەزیری چاکسـازیی کشـتوکاڵی لەسـەر ئەو هەڵسـکەوتانە دەستی لە وەزارەت کێشـایەوە و، ئەحمەد محەممەد یەیای وەزیری ناوخۆ بەبریکای هاتە جێیەکەی.

ئـامـانجی هەڵبژاردنی ئەحمەد محەممەد یەحیـاس ئەوەبوو، بڕیـک هـاوکـاری لەنێوان هەردوودەزگای ناوخۆ و چاکسـازیی کشـتوکاڵیدا دروسـت بکرێ. عەبدولکەریم قاسـم کۆنگرایەکێ هاوبەشی بەسەرۆکایەتیی خۆی بۆ موتەسەڕیفەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرەکانی چاکسـازیی کشـتوکالی بەسـتا تا کێشـەی نێوان ئەو دوو دەزگایە چارەسـەر بکرێ و، ئیدی ئەو کۆندڕە گەورەیەی نێوان موتەسـەڕیفەکانی بۆ چاکسـازیی کسـتوکاڵی گەرموگوڕ نەبوون و بەڕێوەبەرەکانی چاکسـازیی بۆی گەرموگوڕ بوون ئاشکرابوو.

دەزگا قەزاییەکان بەلای پیاوانی بەڕێوەبەریدا کێلیان دەکردەوە و دژی چاکسـازیی کشـتوکـاڵی بوون. لێرە ڕووداوێکی بەدەنگەوە نەهـاتنی دەزگـا بەڕێوەبەرییەکـان و قەزاییەکان بۆ چاکسازیی کشتوکاڵی دەخەمەڕوو. سکرتێری یەکێتیی گشتیی کۆمەڵەکانی جووتیارانی لە پیـاوانی حکوومەت بوو و نـاوی بەڕێز حەمید بوو، لای عەبدولکەریمی سـەرۆکوەزیران سـکـاڵای لەوەی کردبوو دەزگا بەڕێوەبەرییەکان کردبوو دژایەتیی کۆمەڵەکانی جوتیاران دەکەن، ئەگەرچی ئەو کۆمەڵانە حکوومیشـن و سـەر بە حیزبی شـیوعی نینە. عەبدولکەریم قاسـم دەسـتەیەکی لێکۆڵینەوەی لە من و لە ئەفسـەرێکی

وەزارەتی بەرگری پێهێنا تا لە بابەتەکە بکۆڵینەوە. هەرهێندەی گەیشتینە لیوای دیوانیە و کەبە ئۆتۆمۆبیلەکەم ژمارەی چاکسازیی کشتوکاڵیی پێوەبوو، بەلای ئۆتۆمۆبیلی دادوەری لێکۆڵینەوەی لیوادا تێپەڕیین، دیتم شۆفێرەکەم کەلەپچەی لەدەستی کراوە و بەفەرمانی دادوەر و بە هەنجەتی ئەوەی کاتێ بەلایدا تێپەڕیوین 'هۆڕنی بەکارنەهێناوە بۆ ئاگاداربێ، خرابووە بەندیخانە . کە چووینە ناحیەیەکیش تا لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیە بکەین و بەڕێز حەمیدیشمان لەگەڵدابوو، بەڕێوەبەری ناحیە هەندێ کوێخای دەرەبەگانی هاندابوو تا سکالایەک دژی سکرتێری یەکێتیی گشتیی کۆمەڵەکانی جووتیاران بەرز بکەنەوە کە بەڕێز حەمید خۆی لایەنگری سەرۆکوەزیران بوو، ئیدی ئەفسەری پۆلیس بەڕێز حەمیدی کەلەپچەکرد تا بە کۆتەوە بینێرێتە بنکەی پۆلیس و بگیرێ. موتەسەڕیفی لیوای ئەکرەم ئەحمەد بوو، سەرباری ئەوەی بنیادەمێکی باس بوو و لە رووی سیاسی و داراییەوە پاک بوو، بەلام هیچی بەدەست نەبوو وەک دەڵێن 'بەنی دوو هەنبانەی بوو' و وەک والییە عوسمانلییەکان لە دیوانی موتەسەڕیفییەی دانیشتبوو و سەید ئەحمەدی کۆنەپەرستی جێگری ئیشوکارەکانی بەڕێوەبردنێی بەدەستەوەبوو و ئەویش بوەی ناسرابوو دژە شۆڕسەو هاوکاری نەیارو دەرەبەگانە، کە لەڕێی زەعیم ئەحمەد محەننەد یەحیایەوە هەواڵەکەم دایە عەبدولکەریمی سەرۆکوەزیران و پێمراگەیانس ج رووبداوە،نە هیچی گوت و نە هیچی کرد. ئیدی بەوجۆرەی دەزگا بەڕێوەبەرییەکان و ئاسایشییەکانی چەندین لیوای لە حکوومەتی مەرکەزی دابڕان.

نموونەیەکی دیکەی دژایەتیی دەزگا ئاسایشییەکان بەرانبەر حیزبی شیوعی، رووداوێکە و دەیگێڕمەوە لە نێوان من و مەجید خەلیلی بەڕێوەبەری ئاسایش روویدا؛ رۆژێکیان لەگەڵ یوسف ئەلمیعماری بریکاری وەزیری بووم، عەقیدێک بە جلی سەربازییەوە هاتەژووری. بریکاری وەزیری زۆری گرنگی پێدا و ئەوەش سەرنجی منی راکێشا، نەمدەزانی ئەوە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتییە و، ئەودەمی عەبدولکەریم قاسم فەرمانێکی لێبووردنی بەرانبەر تاوانە سیاسییەکان دەرکردبوو و کێشە ورووژێنراوەکانیان داخستبوو تا لاپەڕەیەکی نوێی هاوکاری بکرێتەوە. بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی دەستی بە قسان کرد و قسەکانیشی دژی حیزبی شیوعی بوون. ئەگەرچی بریکار منی بەوی ناساند بەلام ئەوی بەمن نەناساند. پێمگوت زەعیم عەبدولکەریم قاسم فەرمانی داوە لاپەڕەیەکی نوێی پەیوەندییە نیشتمانییەکان بکرێتەوە، بەلام خەڵکانێکی وەک مەجید جەلیل دەیانەوێ جارێکیدی ئەو لاپەڕەیە رەشکەن، خۆی نەگرت و هەستایەوە و گوتی من مەجید جەلیلم. گوتم لای من گرنگ نییە مەجید جەلیل بی، چونکە من باسی راستی دەکەم. ئەوجا دەستی بە هێرسکردنەسەر عەزیز ئەلحاج کرد، کە ئەودەمی ئەندامی حیزبی شحوعیی عێراق بوو

و، منیش بەتوندی وەڵامم دایەوە و بریکار تا کەشەکە هێورکاتەوە هاتە نێوانمان و، بریکار ئەوەی لەنێوان من و بەڕێوەبەری ئاســـایشـــی گشـــتی گوزەرابوو بە ئەحمەد محەممەد یەحیای وەزیری ناوخۆی راگەیاندبوو و، ئەویش لێیپرسیم: زانیومە لەگەڵ عەقید محەممەد جەلیلی گفتوگۆیەکی زۆشـــتان کردووە. گوتم: پێتوایە عەقید جەلیل شـــایانی گفتوگۆیەکی لەوەی خۆشتربێ کە کراوە؟ وەزیر دەخەنییەوە و مانای وابوو لە گفتەگۆیەکەی وڕازیبوو. ئەحمەد محەممەد یەحیا دژی شـیوعییەکان نەبوو، لەو سـالانەی قاسـم لە شـیوعییەکانی بادابووە زۆرجاران دەزگا ئاسـایشـییەکان و ئەحمەد سـالح عەبدیی دادوەری سـەربازیی گشـتی راپۆرتیان لەسـەر فەرمانبەرانی چاکسـازیی کشـتوکاڵی دەدا و دەیانگوت شـیۆعین، ئەحمەد محەممەد بەدوایدا دەناردم و دەیگوت: راپۆرتمان سـەبارەت بە فلان فەرمانبەر پێگەیشتووە، تکا دەکەم بڵێ با بیگوازنەوە و لەبەر چاوانی دووربخەوە.

شیوعییەکان لای شێخ ئەحمەد بارزانی سکاڵا لە مەلا مستەفا دەکەن:

دوای ئەوەی مەلامستەفا لە دووره‌وڵاتیی یەکێتیی سۆڤیەت هاتەوە، بردرایە خانویکی هیی هێلی سەمەندەفەربوو لە سالحییەو، شێخ ئەحمەدی براگەورەشی میوانی بوو. بارزانی زۆری ڕەخنە لە شیوعییەکان دەگرت، ئیدی حیزب داوای لە من و جەماڵ حەیدەری کرد بچینە سەردانی شێخ ئەحمەد و بەناوی حیزبی شیوعییش بەخێرهاتنی بکەین.
بۆ سلاوی شێخ ئەحمەدی جووینە ماڵەکە و زۆری بەخێرهێنانین، بەڵام مەلامستەفا لە دانیشتنەکەی نەبوو. ئیدی پێمانگوت چ لە نێوان ئێمە و مەلا مستەفادا دەگوزەرێ، شێخ ئەحمەد زۆر تووڕەبوو و گوتی: "بانگی "مستۆ"[43]ی بکەن، مەبەستی مستەفابوو، مەلا مستەفا هات و جەمەدانییەکی سووری بە دەستووری بارزانییان لەسەری نابوو، بەڕێزەوە لە بەرانبەر شێخ ئەحمەدی ڕاوەستا و گوتی: "بەر ئەمری جەنابتم. شێخ ئەحمەد گوتی: "مستەفا تۆ نابیتە پیاو"، مەلا مستەفا سەیرێکی کردین و زانیی ئێمە لای شێخ ئەحمەد سکاڵامان لێ کردووە، جا گوتی: بۆ کاکە؟ شێخ ئەحمەد گوتی: لەو بارودۆخە تەنگەی لە ١٩٤٦ بەسەرمان هات، ئەگەر تۆ برتەنیا بهاتیتایە ماڵەکەم نەمدەتوانی یەک ڕۆژ بتحەوێنمەوە ، ڕووسەکان، چەندین ساڵ ئێوە و هاوڕیکانتانیان حەواندەوە، کەچی دژیان دەدوێی. مەلا مستەفا گوتی: کاکە من دژی ڕووسان قسەم نەکردییە. شێخ ئەحمەد گوتی: جا جیاوازیی چییە ئەگەر دژی رووسە عێراقییەکان قسان بکەی، ئەدی ئەوانەش هەر برای ئەوانی وێندەر نینە؟
مەلا مستەفا، ئاماژەیەکی بۆ شێخ سادق بابۆی کرد بمانباتە ژوورە تایبەتەکەی و، شێخ سادق لەگەڵ شیوعییان هاوسۆز بوو، چووینە ژوورەکەی مەلا مستەفای، دوای کەمێک ئەویس بە پێکەنینەوە هات و گوتی: زانیم ئێوە لای شێخ ئەحمەدی سکالاتان لێ کردووم، ئەوجا دەستمان بە قسەی دۆستانە کرد. مەلا مستەفا دەیگوت: ێوە دەتانەوی چۆنتان گەرەکە ئاوا بجوولێمەوە، بەلام من لێرە سەر بۆ کەس دانانەوێنم. گوتم برای گەورەم بارزانی، ئێمە هەمیشە دەمانەوێ سەربەرز بی، پێیشت وا نەبێ حیزبی شیوعی بیەوی سەر بۆ ئەو یان یەکێکی دی دانەوێنی، ئەو دەخوازێ تۆ برادەرێکی شکۆمەند و بەڕێز بی و سەر بۆ خەلکی وەک ڕەشید عارف دانەنوینی کە لە هەمو جێیان دەڵێ مەلا مستەفا بەو

---

[43] _ ئەو جۆرە ناوهێنانە لەناو کوردان و بەتایبەت بادینان زۆر باوە و ناوەکان بچووک دەکرێنەوە و بۆ خۆشەویستییە و بگرە زۆرجاران ناوە ڕاستەقینەکان نانووسرین و ناوە بچووککراوەکە لە شوناس دەنووسرێ، جا عەلی دەبێتە عەلۆ و جەلال دەبێتە جەلۆ و سلیمان دەبێتە سلۆ و تاد...... جنێودانیش ، بەتایبەت باوک و مان و براگەورە، لەناو کورداندا زۆر بابووە و شانازییشی پێوەکراوە کە بچووک چەندە گوێڕایەڵی گەورەیە. "ل . ب"

یارمەتییانە دەژی کە ئەو دەتداتێ. بارزانی گوتی: باشـــە کاروباری ئەو دیوەخانە چۆن بەڕێوە ببەم کە ڕۆژی ســــەدان کەســــی دێتێ؟ لێرە گوتم: ڕێز و پێگەی بارزانیی برا بە خۆی بە خەباتی دوورودرێژیەتی لەپێناو گەلی کورد نەک بەو دیوەخانەی ڕەشـــید عارف و کەسانی وەک ڕەشید عارف خەرجیی بۆ دابین بکەن.

سەرۆک عشیرەتە کوردەکانی نەیاری ئێوەن، دیوەخانی زۆر لەو دیوەخانەیان گورەتریش هەبوو، بەلام ڕێزی گەلەکەیان بەدەست نەهێنا، خەڵک لەبەر هەڵویستە نیشتمانییەکانتان و قوربانیدانەکانتان ڕێزتان دەگرن. بارزانی گوتی: تۆ دەزانی لە مەجلیســـان قســـان بکەی و، دڵنیابن من برادەرێکی دڵسـۆزی ئێوەم، ئەگەر ڕەخنەیەکیشـم لە هەڵوێسـتتان گرتبێ لەبەر دڵســـۆزی و برایەتی بووە. گوتم: مەلا مســـتەفا، من بەرانبەر کەســـانی وەک تۆ بەڕێزەوە قســـان دەکەم، ڕەنگە لە دیوەخانی دی خراپ بدوێم. ئیدی کەشـی پەیوەندییەکانی نێوانمان گۆڕا، ئیدی دەستمان بە قسەی دۆستانە کرد و ئەوجا سوپاسی هەستی برایانەی ئەومان کرد و بەڵێنماندایە کە شیوعییەکان هەردەم جرادەری دڵسۆزی دەبن و دوایە ڕۆیشتین.

عەبدولکەریم داوام لێدەکا ببمە موتەسەڕیفی لیوای کەرکووک:

ئەنجوومەنی وەزیران، بەڕێز فواد عارفی وەزیری دەوڵەتی ڕاسپاردبوو گەشتێک بە کوردستانی عێراقدا بکا و بزانێ کێشەکانی جییە و پێشنیاری چارەسەری کێشەکان بخاتەڕوو. سەفەرەکەی بەهاوڕێی دوو ئەفسەری کورد کرد، یەکیان محەممەد عەلی شەریف بوو، لە چوونە کەرکووکیدا هەستی بە مەترسیی دۆخەکە کردبوو، هەستی بەوەی کردبوو هەستەوەرییەک لەنێوان کوردو تورکمانان ولە نێوان حیزبی شیوعی و توێژەکانی دیکەدا هەیە و کۆمپانیاکانی نەوتیش لەدژی شۆڕس بەگەرمی پاڵپشتی کۆنەپەرستان دەکەن، هەندێ هەڵسوکەوتی هەرزەکارانەی شیوعییەکانیش لەئارادایە.

فوئاد عارفیش نەتەوەییەکی کوردی ڕاستڕەو بوو و دڵی بە چالاکییەکانی حیزبی شیوعی خۆش نەدەبوو و، پەوەندیی بە کەسایەتییە ڕاستڕەوە کورد و تورکمانەکانی کەرکووکەوە هەبوو. ئیدی زۆری گوێ لەوان گرت و گوێی لە شیوعییەکان ڕانەگرت. کە هاتەوە بەغداش بە عەبدولکەریمی سەرۆکوەزیرانی ڕاگەیاند دۆخەکە چەند مەترسیدارە و. پێشنیاری ئەوەیشی بۆ کرد وەک موتەسەڕیف بمنێرێتە کەرکووک تا چارەسەری کێشەکان بکەم و بارەکە هێور بکەمەوە.

دۆخی کەرکووک بەو جۆرەبوو: ژمارەی کوردەکان دووهێندەی ژمارەی تورکمانەکان بوو، بەلام لە زۆربەی بەڕێوەبەرایەتییەکان تورکمان بالادەست بوون و، کۆمپانیاکانی نەوتیش پەیوەندییەکی پتەویان لەگەل کۆنەپەرستە کورد و تورکمانەکان هەبوو و، تورکیا و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاس چالاکییەکی گەرمیان هەبوو. ئاخر ئەوان کونسوڵخانە و بنکەی سیخوڕییان بەناوی "بنکەی ڕۆشنبیری" هەبوو و، خەڵکە ڕاستڕەوەکە جەماوەری تورکمانیان لەژێر پەردەی ئایین کۆدەکردەوە، " بێ بۆنە و بە بۆنە، مەولوودیان دەخوێندەوە" تا لە نازم تەبوقچەلیی قائید فیرقە نزیکببنەوە، جونکە هەستیان کردبوو دژی عەبدولکەریم قاسمیە و، دواتریش لە کە لە بزووتنەوەی شەوافی تێوەگلا لە پێگەکەی لادرا و گیرا و دواتریێ لەداردرا.

داود جەنابی، کە شیوعی بوو ڕەوانەی کەرکووک کرا و کرایە قائیدی فیرقەی دوو. ئیدی دەستی لە هەموو گەورە و گچکەیەکی وەردەداعەبدولجەلیل حەدیسیش موتەسەڕیف بوو و، ئەو لەڕووی سیاسی و دارایی و هەلسوکەوتەوە لە بەڕێوەبەرییە پاکەکان بوو، بەلام هاوڕێ شیوعییەکان و لەوانەش جەنابیی قائید فیرقە، مامەڵەیەکی شایانی ئەویان لەگەڵ نەکرد و بگرە دواترێ بە گیراوی ڕەوانەی بەغدایان کرد و بەڕێوەبەری اسایشیش ڕەزا گولانی بوو و کوردێکی سلێمانی بوو، بە هەق و ناهەق خەڵکی بەند دەکرد، ئیدی بووە هۆی دەستگیرکردنی گەلێک و دوورخستنەوەی زۆرکەسیس بۆ باشووری عێراق.

که عەبدولکەریمی ســـەرۆکوەیران بدو یدا ناردم، نەمدەزانی بۆ داوای کردووە بمبینێ،
چونکە فوئاد عارف پێی نەگوتبووم پێشـنیاری جیی بۆ کردووە. جومە هۆڵی پێشـوازی و
ئەوجا عەبدولکەریم قاســـمیش هات و بەخێریهێنام و وەک هەرجارێکیش جاوەڕێبووم
بزانم ج دەڵێ، گوتی: خۆت ئامادەکە، دەجییە کەرکوک، پێموابوو، وەک چۆن پێشــــتری
ڕەوانەی مووسڵی کردبووم تا کێشە عەشایەرییەکان چارەسەر بکەم، ئێستاش بۆ کارێکی
تایبەتم دەنێری، گوتم من لەژێر فەرمانتاندام، خێرە؟ شتێک بووە؟ گوتی: بە موتەسەڕیفی
ئەچییە ئەوێ. بابەتەکە تۆزێک سەیربوو، بەڵام ئاگام لەوەی نەبوو چ ڕوویداوە. گوتم: من
بەرفەرمانتانم، بەڵام هۆی چوونەکەم چییە؟ گوتی: کێشـەیەکی زۆر لەوێ هەیە، تۆ خەڵکی
شارەکەی و خەڵکەکەی ئەوێ دەناسی و دەشتناسن، دەتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن.
لیوای کەرکووک لیوایەکی هەستەوەرە، عەرەب و کورد و تورکمون و ئاثووری و سوننە
و شیعەی تێدایە، تۆ ماوەیکی زۆر لەوێ ژیاوی و بەوەش ناسراوی کێشـەکان بە هێمنی
و لەســەرەخۆیی چارەســەر دەکەی، خەبەرم هەیە تۆ گونجاترین کەســی بۆ ئەو جێیە.
پێمگوت: من لاریم نییە، بەڵام دووشــــتم لە جەنـابتـان دەوێ؛ لەوێ گرتن و
دوورخســتنەوەیەکی هەڕەمەکی کراوە، تا خەڵکەکە هەســت بکەن من شـێوازێکی نوێی
بەڕێوەبردنم هێناوە و، تـا هـاوکـاریم بکەن، تکام وایە لێگەڕێی گیراو و دوورخراوەکـان
لەگەڵ خۆم ببەمەوە و، لەوێ بەریان بدەم و ئامحژگارییان بکەم پێویســـتە هاوکاربن و
یاساکان نەبەزێنن و کاری پێچەوانەی سیاسـەتی حکوومەتی شۆڕش نەکەن. گوتی: خوا
دەست بە باڵەتەوە بگرێ، ئەو داوایەت قبووڵە. گوتم: داوای دووەمم ئەوەیە دەسەڵاتەکانمان
ســــنووریان هەبێ و، گەورەییتان دەزانێ داود جەنابیی قائید فیرقە برادەرمە و، پێموانییە
کێشــەمان بکەوێتە بەینێ، بەڵام وەک دەزانن بەپێی یاســای دەســەڵاتی جێبەجێکردن و
بەڕێوبردنی لیوایەکان، قائید فیرقە ســەر بە موتەســەڕیفە، چونکە موتەســەڕیف نوێنەری
دەســەڵاتی باڵای دەوڵەتە لەوێ نەک قائید فیرقە، لەو حاڵەتەشـدا دەزگاکانی ئاســایش و
پۆلیس لەبن دەستی موتەسـەڕیفی دەبن نەک کەسـیکی دیکە، ئیدی پێویستە بەپێی یاسا
دەسەڵاتەکانی هەرکەسێک دیاری بکرێ، تا من سنووری دەسەڵاتەکانی خۆم نەبەزێنم و
ڕێش بە کەس نەدەم ســـنووری دەســـەڵاتەکانی خۆی ببەزێنێ. گوتی: کەواتە برۆ و،
تەلەفۆنێکی تایبەتیشت هەیە، من هاوکاری داواکارییەکانت دەبم. گوتم: بەڕێزی زەعیم، من
پیاوی یاسام و دەشزانم جێی متمانەی بەڕێزتان دەبم، بەڵام دەمەوێ دەسەڵاتەکانی من و
دەسەڵاتەکانی خەلکی دی بە نووسین دیاری بکرێ، تا خەڵکەکەی دیکەش بزانن دەسەڵاتی
موتەســەڕیف تا کوێ بڕ دەکا. گوتی: لەو حاڵەتەدا دەبێ دەســـەڵاتی موتەســـەڕیفەکانی
دیکەش دیاری بکەم. گوتم : جا ئەوەیە کە دروستە. گوتی: بەڵام من پشـت بە هەموویان

نابەستم. گوتم: باشە چۆن کاروباری دەوڵەت و گەل دەدەیە کەسێکی هیی ئەوەی نییە پشتی پێ ببەستی؟! ئیدی لەسەر داوایەکەم هەر سووربووم، هەستایەوە و گوتی: ئەورۆ و بەیانی بیری لێ بکەوە، ئەگەر ڕازییووی وەرەوە لام تا فەرمانی دامەزراندنت دەرکەم بچییە سەر کارە نوێیەکەت.

ڕۆژی دواتریێ فوئاد عارف لەماڵەوە هاتە لام و، بۆی ڕوونکردمەوە سەرۆک وەزیران داوای لێکردووە ڕازیم بکا و بێ مەرجیش، منیش بیرۆکەی خۆمم بۆ ڕونکردەوە و هەر لەسەر مەرجەکەم سووربووم، ئیدی داوای دیداریم نەکردەوە و چاوەڕێی ڕزامەندیی بووم.

داود جەنابیی قائید فیرقە هەموو کاروبارەکانی لیوای بەدەستەوە بوو، هەر ئەویش فەرمانی دەستگیرکردنی عەبدولجەلیل حەدیسیی موتەسەڕیفی بە شێوەیەکی نایاسایی وناڕەوا دەرکردبوو و ڕەوانەی بەغدای کردبوو، ڕەنگە موتەسەڕیف دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆی جێبەجێ کردبێکە لەگەڵ ویست و ئارەزووی زەعیم داود جەنابی یەکانگیر بووبی، ئیدی لەسەر ڕێی خۆی لایدابێ. منیش تەواو پێموابوو لەبەر هەمان هۆ لەگەڵ هاوڕێ و برادەری خۆم زەعیمی قائید فیرقە یەکانگیر دەبین، ئاخر ئەو، دەزگای ئاسایش و پۆلیسی، کە سەر بە موتەسەڕیفن، بەخۆیەوە بەستابووەوە و فەرمانەکانی ئەویان جێبەجێ دەکرد نەک هیی موتەسەڕیف. بەڵام زۆر زێدەڕۆیی کرابووە سەر مافی هاووڵاتییان کە دەکرا بەجۆرێکی دی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ. گەرمبوون و کەم شارەزایی لە بەڕێوەبردن و هەڵپەی هاوڕێیانی حیزبی شیوعی بە پشت بەستن بەو دەسەڵاتە بێ سنوورانەی داود جەنابیی قائید فیرقە بوونە هۆی ئەو کارەی لەکەرکووک و لە یەکەمساڵیادی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ ڕوویاندا.

ڕووداوە ئازاربەخشەکانی ١٩٥٩ی کەرکووک:

کوردو تورکمان لە عێراق بەگشتی و لە شاری کەرکووک بەتایبەتی پەیوەندیی ڕۆحی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆنیان پێکەوە هەیە.
تەنیا بیرۆکە نەتەوەییە جوداخوازییەکانی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم توانیی ڕوونیی ئەو پەیوەندییانە شلوێ بکا، ئەویش کاتێ، بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکیی لە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیی تورکی و تەرەقیی کوردی بەرجەستە بوون و، هەرکە ئیتیحادییەکانیش گەیشتنە دەسەڵات دەستیان بە چەوساندنەوەی نەتەوە غەیرە تورکەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانلی کرد.
هەڵوێستی دووەمی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و تورکمانی لێڵ کرد ئەو کاتەبوو کە بەریتانییەکان لە ١٩١٤ عێراقیان داگیرکرد و چەندوچوونی نێوان دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانییان بردبووەوە و کاتێکی کە زۆربەی سیاسییە کوردەکان بەلای ئەوەیدابوون تورک نەگەڕێتەوە و کوردستانی باسوور'ویلایەتی موسڵ'ی کە بەریتانییەکان پلانی ئەوەیان بۆ دەکێشا بیخەنە سەر دەوڵەتی عێراق، کەچی کوردەکانداوایان دەکرد دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی لێ دامەزرێ و دەسەڵاتی هەردوو نەتەوەی تورک و عارەبیان ڕەتدەکردەوە، لە کاتێکدا تورکمانەکان بەلای ئەوەیدا بوون ویلایەتی موسڵ بخرێتە سەر تورکیا بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ مافێکی ئەو کوردانە بکەن کە هەشتا لە سەدی دانیشتووانی ویلایەتەکە بوون.
هەڵوێستی سێیەمی پتر و پتری هەستەوەری لەنێوان کورد و تورکمان دروستکرد، بەستنی پەیمانی سەعداباد بوولە ١٩٣٧لە هەندێ بەندیدا هاتووە دەبێ ئەو ولاتانەی لەو پەیمانەدان، هەر جوولانەوەیەکی دژی هەر یەکێکیان سەرکوتکەن و، ئەوەش یەکەم پەیمانی دژە دەولەتی سۆڤیەتی لاو بوو. ئەو لەناو تورکمانان پێشوازییەکی زۆری لێکرا و، بە پشتگرتنیحکوومەتی عێراقییش.ئەوەش وایکرد کوردەکان لێیان دوورکەونەوە. ئەو کێشانەی نێوان کورد و تورکمانان بەپلەی یەکەم دەکەوتە نێوان توێژە ڕۆشنبیرەکەی هەردوولایان، لەکاتێکدا پەیوەندییە بازرگانییەکان، بەتایبەت لەنێوان بازگانە بچووکەکان لەژێر کاریگەریی ئەو کێشە نەتەوەییانەدا نەبوون.
چوارەم هەڵوێستی ەریکبوو لە ئاسۆ وەدەردەکەوت، لە نیوەی دووەمی ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەم بوو، ئەوکاتەی حیزبی هیوا دامەزرا، ئەگەرچی بەرنامەیەکی نەتەوەیی بەرانبەر نەتەوەکانی دیکە نەبوو. سەبارەت بە پەیوەندییە دیموکراتییەکانی نەتەوەکانی کوردستان هەڵوێستێکی نەرێنیی هەبوو. حیزب، عارەب و تورکمانی بە دوژمنی خۆی دەزانی، نەک حکوومەتی عێاقی و حکوومەتی تورکیی. هەڵوێستی تورکمانەکانیش،

ســـــەبارەت بەو مافە نەتەوەییانەی حیزبی هیوا بۆ کوردانی داوا دەکرد، نەرێنی و بگرە دوژمنکارانەش بوو.
لە ساڵەکانی دوادوایی حوکمی مەلەکی لەو سەردەمەی عێراق لە ١٩٥٥ چووە ناو پەیمانی بەغدا، کە تورکیاشـــی تێدابوو، تورکیا چالاکییەکی فراوانی لەناو تورکمانەکان هەبوو و. حکوومەتی عێراق ڕێگەی پێدا بنکەیەکی ڕۆشنبیری و کونسـولخانە لە کەرکووک بکاتەوە و ئەرکی ئەوەبوو لاوەکان لە رووی فیکرییەوە وەها ئامادەبکا تا پەیوەسـتی تورکیابن و خۆریشـــیان خوێندنیان لەوێ تەواودەکرد و دوایە دەهاتنەوە عێراق بە فیکر نەتەوەیی شۆڤێنی ڕەباس کرابوون، بەتایبەت دژی کورد.
هەڵوێستی پێنجەمی کێشە توندەکەی پتر کرد، ئەو کاتە دەرکەوت کە مەلا مستەفا بارزانی سەردانی کەرکووکی کرد و پێشوازییەکی گەرمی لێکرا و لە میوانداریی **حکوومەتیش** بوو، پاشانیش ئەو ماڵئاواییە گەرمەی بۆی کرا.
لەکاتێکدا هەڵوێستی شەشەم کە لە هەمووانیش بەهێزتربوو ئەوەبوو کە کۆنەپەرستی، جا لەهەر نەتەوەیەک بێ، دژایەتیی چالاکیی دیموکراتی و چەپڕەوی و کوردیی دەکرد، چونکە چالاکیی کوردییش شێوازێکی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازیی هەبوو.
جا ئەو هەلانەیشی بخەسەر کە حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان کردیان و، پێموایە ئەوان نەیـانتوانی بگەنە جەمـاوەری تورکمـانی، کە زۆربەیـان لە رەنجـدەران و کاســـبکاران و ڕۆشــــنبیران بوون و، پێیانوابوو ئەوان زۆرینەی گەلن لەوێ. کە داود جەنابیی سـەرکردەی سـەربازیی شـیوعییش کرایە قائید فیرقەی دووی کەرکووک و جێی تەبەقچەلیی گرتەوە، تەبەقجەلیی هەوڵی دەدا تورکمانەکان لەدژی کوردەکان هاندا، بارەکە گۆڕا، نەخاســـمە کە هەندێ لە هاوڕێ تورکمانەکانی حیزبی شــــیوعیی عێراقی لەجیاتیی ئەوەی وەک تورکمـانێک کـار بکەن ئەاون لە غەیرە تورکمـانەکـان تونـدتر بوون و ئەو کارەش وایکرد تورکمانەکان پتریان ڕق لە حیزب بێ.
هەڵوێسـتی حەوتەم چالاکیی کۆمپانیا نەوتییە ئیسـتیعمارییەکان بوو، کە ڕۆڵێکی گەورەی لەو کارەدا هەبوو. ئەو کۆمپانیایانەهەرچی کۆنەۆەرســـتی کورد و تورکمان و عارەب هەبوون لوهامێزیان کردن و، دوای ئەوەی پاش شـــۆڕشــــی ١٤ی تەممووز پۆســـتی بەرژەوەندییەکانیان لەدەسچووبوو ئەو کۆمپانیایانە مووچەیەکی باشیان بۆ بڕیبوونەوە.
بەڵێ چالاکییەکی کۆنەپەرسـتانە لە لیوایەکە هەبوو، بەڵام شـێوزی چارەسـەکردنیشـی دروســـت نەبوو بووە هۆی ئەوەی کورد و تورکمان لێکتر ببێزرێن و ئەو توێژانەس لێک دوورکەونەوە کە دەکرا بە شـــێوازێکی دیکە مامەڵەیەن لەگەڵ بکرێ، پێویســـتبوو درک بەوەی بکرێ ککەرکووک لە ویلایوتەکانی دیکە جودا نییە، ئەویش پارچەیەکە لە دەوڵەتی

عێراقی بۆرژوای نیشتمانی فەرمانڕەوایی دەکا و توێژە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گەڵ پشتیوانیی لێدەکەن، کارێکی هەڵەبوو کەوەک هەرێمێکی حیزبی شیوعی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. لەیەکێک لە گەڕانە فەرمییەکانم و کاتێ بە کەرکوکدا تێپەڕیمئەو بابەتانەم دەستنیشان کرد و پێشبینیی ئەوەم کرد دۆخەکە لەنێوان کورد و تورکماندا بتەقێتەوە، جا راپۆرتێک دەربارەی ئەوە بۆ سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی لە بەغدا نووسی ، داوام لێ کردن چارەسەری دۆخەکە بکەن و هەندێ لەو هاوڕێیانەی هەڵسوکەوتی هەرزەکاارانەیان هەیە بیانکێشنەوە و هاوڕێی تێگەیسووتر بنێرن تا ئەو تەقینەوە چاوەڕوانکراوە ڕوونەدا.
لەسەرداوای حیزبی شیوعی و ئیبراهیم کوبەی وەزیری ئابووریی نزیک لە شیوعییەکان جوومە بەغدا تا پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی ئینحیساری تووتن وەرگرم و، دواتریش پشکنەری گشتیی وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵی، ئیدی پەیوەندیم بەو ڕووداوانەوە بڕا کەلەکەرکووک ڕوویاندا، هەر چەند مانگێک لە کەرکووک مامەوە تا ئەو ڕووداوانە ببینم کە باسم کردن، ناشزانم ئەگەر لە کەرکووک بمابامایەوە داخوا دەمتوانی ڕێ لەو ڕووداوانە بگرم کە دواترێ ڕوویاندا یان نا؟ ئاخر ئەو هاوڕێیانەی لەوێبوون ئەگەر لەمن لێهاتووتر نەبووبن لەمن کەمتر نەبوون، بەڵام زۆربەی بەرپرسە حیزبییەکان یان لە شارەکەی غەوارەبوون وخەڵکەکەیان نەدەناسی ونەیاندەزانی چۆن چارەسەری کێشەکانیان بکەن، یانیش خەلکی ناوچەکەبوون بەلام پێویستیان بە شارەزایی و بیرکردنەوە هەبوو تا چارەسەرێک بۆ کێشەی تورکمان کوردستان دانێن.
ڕاستییەکەی هەردوو حیزب، یوعی و دیموکراتی کوردستان گوزارەی "بەخشینی مافەکانی کەمە نەتەوەکانی وەک تورکمان و ئاثووری و ....تاد" یان لە بەرنامەی خۆیان دانابوو، بەلام ئەو دروشمەیان نەکردە کارێکی دیار و، نەشیانتووانی خۆگریی جەماوەری تورکمان لەو دروسمە لێکدەنەوە و، ئەوان هەموو چالاکییەکی تورکمانییان بە چالاکییەکی کۆنەپەرستی دژە دیموکراتی لەقەڵەم دەدا و، لەبیریان جووبوو کە تەنیا داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی تورکمان لە جەوهەردا بە چالاکییەکی دیموکراتی دادەندرێ.
بە دڵنیاییەوە چالاکیی کەسە سەرکردەییەکانی تورکمان لەناو جەماوەری تورکمانیدا قەتیس دەبوو، کەواتە ج شتێک ڕێ لەوەی دەگرێ لەڕێی ئەو کەسانەرا بگەیە ئەو جەماوەرە، جا هەر بیروڕا و هەڵوێستێکیان هەبێ، ئەوەش بە هاماهەنگی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرا. من ئێستا خۆم تا رادەیەک بە هەڵە دەزانم کاتێ مەرجم بۆ بوونە موتەسەڕیفیی کەرکووک دانا و، لە جونکە لە تێپەڕاندنی دەسەڵاتەکانی هاوڕێ عەمید داودجەنابی و لەپاخستنی تواناکانی کارکردنم دەترسام. بەڵام ئەگەر قبووڵم بکردایە و لەبەر پلە حیزبییەکەم لەوێ، کە ئەندامی لقی کوردستان بووم و بەرپرسی پەیوەندییەکانی

ناوخۆیشـــیوعییەکـان، لەوانەش داود جەنـابی، لەبەر پێگەی خـانەوادەکمـان لەنـاو تورکمـانەکـانی کە زۆربەیـان موریـدیتەکیەی تـاڵەبـانیی کەرکووک بوون وپەیوەنـدییە تایبەتییە باشەکانم لەگەڵ کەسە دیارەکانی تورکمان، پێموابێ هاریکارم دەبوون تا ئاشتی بخەمە نێوان کورد و تورکمانەکانی کەرکووک.

ئەگەر هەموو ئەوشتانەی لەسەرەوە سەبارەت بە سیمای کوردی و دیموکراتیی لیوایەکە باسکران کۆکەینەوە، لەگەڵ کورتبینیی هەردوو حیزبی شیوعی و دیموکراتی کوردستان لە یەکەم سـاڵیادی شـۆڕشـی ١٤ی تەمموز لە ١٩٥٩ و، ئارەزوویان لە بەڕێوەبردنی ڕێپێوانێکی سـەربەخۆ بۆدەرخسـتنی سـیمای تورکمانی نەک کوردی لە لیوایەکەدا. بەڵام دەسـەڵاتەکان ڕێیان نەدانێ و ئەوەش ڕقی تورکمانەکانی هەڵسـاند و دەسـتدرێژییان کردە سـەر ئەو ڕێپێوانەی ئاسـتییانەیەی حیزبی شـیوعی و پارتی دیموکراتی کوردسـتان ڕێکیانخسـتبوو و بەکارەسـاتێکی راسـتەقینە کۆتاییهات کە مارف بەرزنجی و حوسـێن بەرزنجی و عەبدولجەبار محەممەد پیرۆزخان و کەسـانی دیی تیدا بوونە قوربانی، کە لە کەسـە دیارە پێشـکەوتنخواز و نەتەوەییەکان بوون کە ئەوشـارە هێناونییەتە دنیا، کارەساتەکەش کێشـە و دوژمنداریی نەتەوەیی نێوان ئەو دوو نەتەوەیەی قووڵتر کردەوە کە لە دێرزەمانەوە بە ئاشتی و بێ کێشە پێکەوە ژیاون.

زۆربەی کـارە تـاوانکـارییەکـان کـاتێک ڕوویـاندا کە ئەو دوو حیزبە دەڵاتیـان بەسـەر دۆخەکەدا نەمـا و نەیـانتووانی بیوەسـتێنن. ئەوەی خراپتریش بوو ئەوەبوو کە ئەو تاوانانەیان شـەرمەزار نەکرد کە کرابوون و، هەموو بەرپرسـیارییەکەیان خستە ئەسـتۆی ئەسـتۆی تورکمانەکان و لەترسـی سزای دەسـەڵاتەکانی بەغداش ڕەخنەیان لە هەڵویستە هەڵەکانیان نەگرت.

کۆنەپەرسـتی وچالاکییە ئیسـتیعمارییەکان لەئارادابوون تا هەموو بەرپرسـیارییەکانیان بخەنە ئەوستۆ. ئاخر بەرپرسان، بەتایبەت هاوڕێ شیوعییەکانی باوەڕیان بە نێونەتەوەیی و هـاوکـاریی نەتەوەکـان هەبوو، بۆ پڕکردنەوەی ئەو خەرەنـدە گەورەیەی، لەئەنجـامی هەوڵی تورکمانان کە لەزۆر بۆنەدا دەیانویسـت کەرکووک بە شـوناسـێکی تورکمانییەوە دەرخەن، کەوتبووە نێوان کوردو تورکمانان دەبوایە ڕێگایەکی دی بگرن.

کۆنەپەرسـتان ئەو ڕووداوەیان دژی کورد و دیموکراتیەت قۆسـتەوە و ئەو کارانەیان بە هەردوو حیزبی شیوعی و دیموکراتی کوردستانەوە بەستەوە و، حکوومەتی بەغدایان لێ هەڵگەڕاندنەوە ، ئەو کارەسـاتەش، دوای کودەتای ٨ی سـوباتی ١٩٦٣، بە کوژرانی ژمارەیەک تورکمان و دواتریش بە لەداردانیچەندین کەسـایەتیی دیاری کورد و شـیوعی کۆتاییهات

ڕاسپاردنم بۆ وەزارەتی شارەوانی:

سێیەم ددار و گرنترین دیداری لەگەڵ زەعیم عەبدولکەریم قاسم لە کۆتاییەکانی ١٩٥٩ بوو، کە کاتێفوئاد ریکابی و محەممەد سدیق شینشەل، لەژێر کاریگەریی سەرۆک جەماڵ عەبدولناسر، پۆستە وەزارییەکانی خۆیان بەجێهێشت و چوونە بەرەی نەیاران، ویستی ڕێکخستنەوەیەک بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بکا و ژمارەیەک لە دیموکراتییەکان بخاتە ناو وەزارەت ، نەخاسمە کە شیوعییەکان لە ١ی ئایاری ١٩٥٩ "بژی کەریم حیزبی شیوعی لە ددەسەڵات داوایەکی گرنگە".

نازانم داخوا عەبدولکەریم قاسم دەیزانی شیوعیم یان نا، بەڵام جاسم عەزاویی سکرتێری ڕۆژێکیان داوای کردم تا بچمە دیتنی سەرۆکوەزیران، هەمووانیش پێیان دەگوت "زەعیم" . کە چوومە وەزارەتی بەرگریدیتم بەڕێز عەبدوڵلەتیف شەواف لای جاسم عەزاوییە و ئەویش نەیدەزانی بۆ داواکراوە.عەبدوڵلەتیف پێشەمن چووە هۆڵی پێشوازی تا زەعیم ببینێ، دوای ماوەیەک گەڕایەوە ، پرسیم دیدارەکە بۆ چی بوو؟ گوتی ڕایسپاردم وەزارەتی بازرگانی وەرگرم و قبووڵم کرد.

کەواتە مەسەلەکە ئەوەیە بمانخاتە ناو وەزارەت،دوای ماوەیەک زەعیم داوای کردم، دوای بەخێرهێنان پرسیاری ئەوەی لێکردم داخوا پێش شۆڕش چ کارێکم دەکرد و لەکوێبووم. بۆم ڕوونکردەوە کە من پارێزەرم و پێش شۆڕشیش لە بەندیخانە و دوورخراوەیی بوویمە. گتی شۆڕش هەمووتانی لە بەندیخانە و دوورخراوەیی ڕزگار کرد. گوتم : زەعیمی بەڕێز شۆڕش هەموو گەلی عێراقی لە مەینەتی دەرباز کرد، بەڵام من خۆم حەوت ساڵم بەندی کێشا سێ ساڵیش دوورخراوەیی، ئەوجا شۆڕش ڕوویدا. گوتی: لەبەرچی بەند کرابووی؟ گوتم بە تۆمەتی شیوعیبوون. گوتی: ئەوەی چوو چوو، دەمەوێ پۆستی وەزیری شارەوانی وەرگری، ئەوجا گوتی: ئەگەر کێشەیەک لەنێوان من و حیزبی شیوعی ڕوویدا و، حیزب داوات لێبکا دەست لەکار بکێشییەوە، لەگەڵ من دەمێنییەوە یان دەست لەکار دەکێشییەوە و دەڕۆی؟ گوتم ؛ پێموایە ئەو گریمانەیە لەئارادا نییە، چونکە تا ئێوە لەگەڵ گەلدابن حیزبی شیوعی لەگەڵتاندایە، ئەرێ ئەگەری ئەوە هەیە ڕۆژێک لە گەل دوورکەونەوە؟ دوایەش من ئەندامێکی کۆنی حیزبی شیوعیم، ئەگەر بۆ کورسییەکی وەزارەت پشت لە حیزب بکەم، باسە بەڕێزتان پێتان وانییە ئەگەر کەسێکی دی پۆستێکی دیکەم نیشان بدا پشت لە ئێوەش دەکەم؟

گەتی: ئەو قسەیەت جێی ڕەزایە، بەڵام لە هەموو حاڵێکدا دەمەوێ لەگەڵمدابن. گوتم : لە هەموو حاڵێکی کە گەلت لەگەڵدابێ ئێمە لەگەڵتداین و، منیش تاکێکی ئەو گەلەمتکام وایە ڕاسپاردنم بۆ ئەو بەرپرسیارییە بەو مەرجانەوە نەبەستییەوە، چونکە من نزیکەی چارەکە

ســـــەدەیەکە وابەســــــتەی حیزبێکم کە لەڕیزەکانیدا خەباتم کردووە و بەرگەی ئازار و ماندووبوونێکی زۆرم گرتووە و لەوکارەی کردووشــــمە پەشــــیمان نیم و لە دواڕۆژیش پەشیمان نابم.

گوتی: ڕەنگە نیشـتمان پەروەرەکان لەســـەر یەک ڕێ هاوڕانەبن وهەریەک بەپێی بۆچونی خۆی جودابن، م دەمەوێ هاوڕێ و وەزیرەکانم لەوانە هەڵبژێرم کە هەمیشــــە دەســـتبارم لەگەڵ دەگرنگوتم: زەعیمی بەڕێز من باوەڕم بەوەی هەیە ئەو ڕێیەی حیزبی شــــیوعی بۆ خزمەتی گەل گرتوویەتییە بەر ڕێیەکی بێ کێشـــــە و تـاقیکراوە و ڕوونە، بۆ گریمـانەی جوازی دانێین کە ئێمە جیاواز نیین و، ڕەنگە لە داهاتووش جیاواز نەبین، ئەگەر جیاوازیش بووین داخوا بۆ بەڕێزتـان گرانە وەزیرێکی دی هەڵبژێرێ؟ گوتی: ڕاســــتە هەڵبژاردنی جێگرەوەیەک کـارێکی قورس نییە، بەڵام هەڵبژاردنی وەزیرێکی قـاڵبووی تەواو کوڵاو و پوختەبوو کارێکی ئاســـــان نییە. ئەوجا گوتی: بەهەرحاڵ، باس بیر لە بابەتەکە بکەوە و. دیسان یەکتر دەبینینەوە.

ڕستەی کۆتایی ئاماژەی کۆتاییهاتنی دیدارەکەبوو و بە سوپاسەوە ماڵاواییم لێکرد.

پێموابی من پاڵێوراوی حیزبی شـیوعی نەبووم بۆ ئەو پۆســـتە و، گفتوگۆیەک لەنێوان ئەو و فوئاد عـارفی وەزیری دەوڵەت دەربارەی هەبوونی حەســــــەن تـالەبـانی لە وەزارەتدا کرابوو، کە وەزیری کـارەبـاری کۆمەڵایەتی بوو و، فوئـاد عـارف بوونی ئەوی لەنـاو وەزیرەکان بە نەشــاز دادەنا، ئیدی پرســـیاری کەســێکی دیی لێ کردبوو و ئەویش ناوی منی هێنابوو و، عەبدولکەریم قاسمیش ڕازی ببوو.

پێدەچوو ئەو قسانەمی بە ڕەتکردنەوە دانابێ، ئەگەر بەڕاشکاویش وای نەگوتبێ، جارێکی دی بەڕێز فوئـاد عـارفی هەنـاردەوە، کەدەیزانی ئێمە برادەری کۆنین، تـا ڕازیم بکـا مەرجەکەی قبووڵ بکەم و ئەگەر کێشەیەک کەوتە نێوان ئەو و حیزبی شیوعی دروستبوو واز لە حیزبی شـیوعی بێنم، بەڵام من باوەڕم بەوە نەهێنا و، کە هاوڕێ نەزیهە دلێمییش بووە وەزیری شـــــارەوانی و چووە ناو وەزارەت جێگرەوەی من نەبوو، چونکە بڕیاربوو پێکەوە لە وەزارەت بین، من لە وەزارەتی شـــــارەوانی و ئەویش بۆ ئەوەی ژن بێنە ناو وەزارەت بکرێتە وەزیری دەوڵەت، یان وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیی بدرێتێ و ئەویش لە هەبوونی دووتاڵەبانییان لەوەزارەت دوودڵ بوو، جونکە شێخ حەسـە تاڵەبانی وەزیری گەیاندن بوو. بەڵام پێیانگوتبوو ئەدی عەبدوڵڵا قەســـــاب و عەبدولعەزیز قەســـــابی کوڕی لەســــەردەمی مەلەکی لە یەک وەزارەت وەزیر نەبوون؟ باشـــە چ ڕێ لەوەی دەگرێ شـێخ حەسەن و موکەڕەم لە یەک وەزارەت بن.

من لەسەرهەڵوێستی خۆم سووربووم، ئیدی بابەتەکە هەروا بە هەواوە مایەوە تانەزیهە دلێمیی کردە وەزیری شارەوانی، پێموایە ئەو هەڵبژاردنەش لەسەر بنچینەی حکوومەتێکی هەمەلایەنیی حیزبی نەبوو و لەسەر بنەمای تایبەتمەندییش نەبوو، چونکە نەزیهە دلێمی پزیشک بوو، عەبدولکەریم بەس ویستی بۆ بابەتی پروپاگەندەیی کادرێکی ژن بخاتە ناو وەزارەتەکەی و نەزیهەش سەرۆکی کۆمەڵەی ژنانی عێراق بوو و ئیدی کردییە وەزیر.

لەبەر یادداشتی ئاشتیی کوردستان درامە لێکۆڵینەوە :

شـــۆڕشـــی ١٤ی تەمموز بە یەکڕیزیی هەموو نەتەوە کانی گەلی عێراق لە خەباتی دووروودرێژی دژی حوکمی مەلەکیی کۆنەپەرستی دوژمنی گەل هەڵگیرسا، لە کوردستان لە ١٩٤٣ شـــۆڕش لە ناوچەی بارزان هەڵگیرســـا، لە ١٩٤٥ بەیارمەتیی حیزبی هیوا بەشـێوەیەک فراوانتر هەڵگیرسـایەوە و، دوای سـەرکوتکردنی شـۆڕشـیش حکوومەت ڕێوشـوێنێکی توندی بەرانبەر کوردان گرتەبەر و هەزاران خانەوادەی بارزانیی بەندکردن و گواستنیەوە و، چەند سەد کەسێکیان بەسەرکردایەتیی مستەفا بارانی ناچاربوون پەنا بۆ یەکێتیی سـۆڤیەت ببەن و چوار ئەفسـەی چوبوونە پاڵ شـۆڕش لەداردران وئەوانیش بریتیبوون لە هەریەک عیزەت عەبدولعەزیزی ڕائید ڕوکن و مسـتەفا خۆشـناوی نەقیب و خەیروڵلا عەبدولکەریمی نەقیب و مولازم محەممەد مەحمود و سـەدان شـیوعییش خرانە بەندیخانە کە ژمارەیەکی زۆریان کوردبوون و ئەفســـەرە کوردەکانیش ڕاســـتەوخۆ بەشداریی شۆڕشیان کرد.

ڕووداوەکانی شـۆڕشـی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی مێردەزمەی حوکمی مەلەکیی ڕامالی و کۆماری ڕاگەیاند و کوردەکانی لە بەندیخانەکان بەردا و دوورخراوەکانی بردەوە زێدی خۆیان، ئەوا هەموو کێشـــە نەتەوەییەکانی دیکەی داپۆشـــی، لە ١٩٥٩ یەکەم دەســـتەی قوتـابیـانی کورد بۆ خوێنـدنی مێژوو و ئەدەبی کوردیڕەوانەی پەیمـانگا و زانکۆکـانی ڕۆژهەلاتنـاســـیی دەرەوە کران تـا دوای وەرگرتنی تـایبەتمەنـدی ببنە یەکەم تووی دامەزراندنی بەشی خوێندنی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا.

حکوومەتەکەی قاســم هەرخێرا پاشــەکشــەی لەو هەنگاوە پێشــکەوتنخوازانەی کرد کە لەمانگەکانی بەرایی شـۆڕش هەڵیهێنابوون. ئیدی کێشـەینەتەوەیی کورد دووبارە کەوتەوە ســەر ئاوێجا لەلایەک هێزە کۆنەپەرســتەکانی ناوخۆی دژی شــۆڕش بوون و کاریان بۆ ئەوەی دەکرد بیخەنە دەریایەکی کێشــەوە، ئەو بابەتەیان قۆســتەوە و، لە لایەکی دیکەش ئەو هێزەبێگانانەی دژی کۆمارە لاوەکەبوون پێیانوابوو ئەگەر حکوومەت لەشەڕی کوردان بئالێ هەلێکە بۆ لاوازکردنی و دوایەش لەناوبردنی.

عەبدولکەریم قاسم یاسای ژمارە"٨٠"ی ساڵی ٩٦٠ی دەرکرد، کە بەپێی ئەو یاسایە هەموو ئەو زەوییانەی وەبەرناهێنرێن لە کۆمپانیا نەوتییە ئیســتیعمارییەکان وەرگیرێتەوە. چوونە ناو شــەڕێکی ئاوا لەدژی کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکانی نەوت پێویســتی بە کۆکردنەوەی هەموو وزەیەکی گەل هەبوو تـا لەو ململانێیەیـدا لەدەوری حکوومەت کۆببنەوە، کەچی حکوومەتەکەی قاسـمبەو ڕێوشـوێنە نادیموکراتییانەی پیادەی دەکردن وردەوردەخۆی لە

گەل دووردەخستەوە، هێ لە حیزبی وەتەنیی تەقەدومی هیچ حیزبێکی دیکەی بۆ پاڵپشتی ـە دەورە نەما.
هەر هێندەی ســـاڵی ١٩٦١ هاتەبەرێ، ئیدی کۆمپانیاکانی نەوت لە بارودۆخێکدابوون ـەیانوانی ڕاستەوخۆ هەڕەسە لە عەبدولکەریم بکەن کە ئەگەر لەسەر داوایەانی بەردەوام بێ دەسەڵاتەکەی لەناو دەبەن.
گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانی وتارێکی ورووژێنەری نووسیبوو و، ناونیشانەکەی دەڵێ: "خەمی یەکەمی دەسەڵاتدری عێراق پاراستنی خۆیەتی". لەو وتارەدا هاتووە: "شەڕی قاسم بو مانەوە، وەک خۆی دەڵێ، بە زنجیرەیەک ڕووداو دەستیان پێ کردووە کە ناکرێ لێی پاسگەز ببیەوە. دۆخی کوێت و کوردستان و نەوت ڕەنە کاری بەردڵێ قاسم بن، بەلام کێشەکانی دەبێتە پاشماوەیەکی بۆ هەرکەسێکی دوای خۆی دەبێتە میرات".
قاسم لە شەڕی کوردستانەوە گلا و، بۆ بەردەوامیی شەڕیش دەسبەرداری کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی سەرکردایەتی و یەکەکانی سوپا بوو و هانای بۆ ئەفسەرە کونەپەرستە زێدەڕۆیەکان برد.
هەندەی پێنەچوو قاسمی تێمابوو نەیدەزانی چ بکا زانیی نوێنەری کۆمپانیای نەوتی عێراق ئاناژەی بۆ چ دەرەنجامێک دەکرد، هەر بەڕاستییش قاسم دەستی بە شەڕی مانەوە کردبوو، لە کوردستان لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ شەڕێکی توند لە کوردستان هەڵگیرسا.
حیزبی شیوعی ئەو هەڵمەتە سەرکوتکەرەی ڕەتکردەوە، کە حکوومەتەکەی قاسم لە بەیاننامەیەکی لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ دەریکردبوو، کردییە سەر کوردەکان و، داوای کرد ئەو هەڵمەتە سەربازییە ڕابگیرێ و بەدەم داوای کوردەکانەوە بێن کە مافی چارەی خۆنووسینیان دەویست" هەرچی حکوومەتە عێراقییەکانن بە هەموو جۆرەکانیانەوە، چ لە سەردەمی گۆڕبەگۆڕی پاسایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری، بەجۆیکی دیکە چارەسەری کێشەی کوردیان کرد،یان بەتەواوی پشتگوێیان خست و یانیش سەرکوتکردنی هەر تێکۆشانێکی نەتەوەیی کورد لەپێناو سادەترین مافە سەرەتاییە رەوایەکانیان لەناو یەکگرتوویی عێراق دەسپێشخەرییان لێ کردبێ، جا سەرکوتکردنەکانیش بە ئاگر و ئاسن و سێدارە و بەندیخانە و دوورخستنەوە و بێلانەکردن بوون و، هەوڵیشیان دا نەتەوەی کورد بە ئاگری تۆپان بتوێننەوە".
لەسەر ئەو بەیاننامەیە، هەڵمەتێکی فراوانی واژوو کۆکردنەوە لەسەر یادداشتێک کرا و پێشکەشی حکوومەتەکەی قاسم کرا و داوای دەکرد یکسەر شەڕ ڕاگیرێ و ئاشتی لە

کوردستان دابین بکرێ[44] وژمارەی واژووەکانی ڕۆژانی بەرایی گەیشتنە بیست هەزار واژووی کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە ناسراوەکان و کەسایەتییە ڕۆشنبیر و سەندیکاییەکان واژوویان کردبوو. ئەودەمی پشکنەری گشتیی وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵی بووم و. لەتەک مامۆستا ئەحمەد جەلالەدینی دەستەی چاکسازیی کشتوکاڵی وعەبدولڕەزاق زوبێری ئەندامی دەستەی ڕاوێژی دەستەی باڵای چاکسازیی کشتوکاڵی و فایەق هۆشیاری بەڕێوەبەر دەستبەسەرداگرتن لە وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵی واژووم کرد. عەبدولکەریم فەرمانی دا هەواڵەی دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتمن بکەن کە وابەستەی دادوەری سیاسیی گشتی بوو و، فەرمانیشی دابوو ماڵەکانمان بگەڕێن ئی بەڵکو شتێکی وەهای تێدا بدۆزیتەوە بەڵگەی ئەوەی بێئێمە دەسپێشخەریی هەڵمەتی ڕاگرتنی شەڕمان کردبێ.

بانگی وەزارەتی بەرگری کراین تا لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ بکرێ. چوومە بەردەم دەستەی لێکۆڵینەوەی لە سێ کەسایەتیی سەربازی پێکهاتبوون:

_ناوت: موکەڕەم جەماڵ تاڵەبانی.

_تەمەنت: ٤٧ ساڵ.

_ کارت: پشکنەری گشتیی وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵی.

_ واژووت لەسەر بەیاننامەی ئاشتی بۆ کوردستان کردووە؟ : بەڵێ واژووم کردووە.

_ بۆ واژووت لەسەر ئەو بەیاننامەیە کردووە لەکاتێکدا پێچەوانەی ئەرکە فەرمانبەرییەکانتە وەک فەرمانبەرێکی گەورەی دەوڵەت؟

_ ئامانجی بەیەیاننامەکە دنەدانی یاخیبوون نییە، بەڵکو کەمەرگرتنێکی حکوومەتە تا شەڕ لە کوردستان ڕاگرێ و کوشتاری برایان کۆتایی پێ بهێنێ و ئاشتی باڵکێش بێ و کێشەکە بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێ. بەردەوامیی شەڕ لە بەرژەوەندیی حکوومەت نییە و لە دوژمنانی وڵات بترازێ کەسیدی سوودی لێ نابینێ. ئێمە خەریکین دەچینە شەڕێکی

44 _ پەرەسەندنی قەیرانی باکووری عێراق لە نێوان حکوومەت و هێزە کوردییەکان و سووربوونی هەردوولا لەسەر یەکلاکردنەوەی هەڵوێستەکانیان بە زەبری چەک و بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی چارەسەری قەیرانەکە لە ئاسۆدا دیاربێ و لە گەرمەی تۆمەتبارکردنی یەکدی، سەرباری ئەوەش شیۆعییەکان چەند دەسپێشخەرییەکی چارەسەری قەیرانەکەیان خستەڕوو بێ ئەوەی لای هیچ لایەکیان بگرن. ئەوجارەیان شیوعییەکان دروسمێکی لە هیی جاران جودایان بەرزکردەوە، ئەویش دروشمی "ئاشتی بۆ کوردستان" بوو. شیوعییەکان ئەو دروشمەیان لە ئەنجامی هەلاوسانی دۆخی کوردستان خستەڕێ، ئەوان لە سەری نیسانێراهەڵمەتێکی سیاسییان بۆ کۆتاییهێنانی کارە سەربازییەکانی بەرانبەر کورد دەکران هێنابووە کایە، ئەویش لەڕێی ئەو هەڵمەتەی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی نووسینی دروشمی سەردیواران و ڕێکخستنی هەڵمەتیراگەیاندنی سەر شەقام و ناو پاسە حکوومییەکان" گرتبۆوە. للمزيد: سيف عدنان القيسي. الحزب الشيوعي و القضية الكرديةفي العراق، دراسة في أرشيف الوثائق السرية و العلنية للحزب (١٩٣٥-١٩٧٥)، دار سطور، بيروت، ٢٠٢١، ص١٤٠١٤١.

ـيکەوە کە گرنگییەکەی هیچی لە گرنگیی شۆڕشی ١٤ی تەمموز کەمتر نییە، پێویستی بە یەکگرتنی هەوڵەکانە و یەکخستنی هێزەکانی گەلیش تا لەو شەڕەنیشتمانییە گەورەیەدا پشتیوانیی حکوومەت بکەن، ئەویش شەڕی مۆنۆپۆلەکانی نەوتە.

واژووکردن لەسەر ئەو بەیاننامەیە بەپێی یاسا پێچەوانەی ئەرکە فەرمانبەرییەکانم نییە و قەتیش لاسەنگیان ناکا. تاکە کۆتێکی لەو یاشایەدا هاتبێ تەنیا دەربارەی چالاکیی حیزبییە، یاسا ئەوەی لە هێڵی سەربازی و هێڵی دەرەوە و قازییەکان قەدەغەکردووە و، بەیاننامەکەس چالاکییەکی حیزبی نییە، ئەگەر بە گریمانە وایدانێین حیزبییشە ئەوا من لە هیچ کام لەو کۆمەڵانە نیم کە یاسایەکە ناویان دێنێ، بۆیە، واژووکردن لەسەر هەر بەیاننامەیەکی سیاسی مافێکە لە مافەکانم و بەیاساش قەدەغە نییە.

پاشی لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ تەواوبوو، سەرۆکی دەستەکە داوای لێکردین بەڵێنی کەفالەتی ١٠٠ دینار بدەین کە دەبێ، هەرکاتێکی داوامان لێکرا، لەبەرانبەر دەستەکە یان دادگا ئامادەبین. ئیدی واژوومان کرد.

عەبدولکەریم قاسم لە هەڵمەتە سەرکوتکەرەکەی دژی کوردانی هەر بەردەوام بوو، بەلام ئیمە دەزانین ئەو میراتەی گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانی لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێ کردبوو، چون پاکوپیس کرا. ئاخر کوێت ناویکی دیکەی نەوت بوو و، چەند ڕۆژێک دوای کۆتایی قاسم وەک ئەندام لە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگیرا،خوێن ڕژانیش لە عیراق بێ پسانەوە هەر بەردەوام بوو و خوێن تێکەڵی خوێنی دەبوەوە.

حیزبی شیوعی وشیاریی ڕوودانی کودەتا دەدا:

حیزبی شـــیوعیی عێراقی دەیزانی، بۆ لەناوبردنی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاســـم، چ لەبەری نادیاریدا ڕوودەدا و، دەشـــیزانی ســـەرکەوتنی کودەتایەکە بەســـەر کەڵەکەیەک تەرمی شـــیوعییەکان و دیموکراتییەکاندا دەڕوا. ئەگەرچی بەیاننامەیەکی لە کانوونی دووەمی ١٩٦٣ دەرکرد، تێیدا حکوومەتی لە ئامادکاریی کودەتایەکی سەربازیی راستڕەوی ڕەنگە ئێستا نا ئێستا روویدا، ئاگادارکردەوە. تێیدا ئەو بزاوتە گومانبەرانەی دەستنیشان کردبوو کە لە هەندێ یەکەی سوپا لە بەغدا و حەبانییە دەکران. بەڵام عەبدولکەریم قاسم لە بەبەرداچوونی دەسەڵاتی شیوعییەکان پتر دەترسا نەک لەکودەتایەکی دەسەڵات و ژیانیشی کۆتایی پێ بهێنێ.

حیزب هەڕەشـەی ئەوەی کرد کە بەربە و بزووتنەوەیە دەگرێ و وردوخاشیشی دەکا و لەوەش پشت بە هێزە تایبەتەکانی ناو سوپای دەبەستێ. بەتایبەتیش هەدوو جەکی زرێ و ئاسمانی و، ئەو ئەو پشتیوانییە جەماوەرییەی لە زۆربەی شارەکانی عێراقدا هەیەتی و بەتایبەتییش بەغدا. حیزب پێیوابوو بە تەنیا و بێ هەماهەنگی لەگەڵ حیزبەکانی دی. ناتوانێ بەرانبەر کودەتاچییەکان بوەستێ، بەتایبەتیش هێزەکانی ناو سوپای پشتیوانیی عەبدولکەریم قاسم سەرۆکوەزیرانیان دەکرد، ەلام ئەوەی بەسەردا تێپەڕیبوو کە دەمێکە ڕاست و چەپ ئەو هێزانە بۆخۆیان رادەکێشن و عەبدولکەریم قاسمیش بە پاراستنی ئەو هاوسەنگییە شلۆقە درێژە بە دەسەڵاتەکانی دەدا.

باڵی ڕاستڕەو، ئەو کاتەی ترسەکانی قاسمی قۆستەوە و لەپشتیشییەوە ترسی بۆرژوای لایەنگیری، لە چەندانە بوونی دەسەڵاتی شیوعییەکان لەناوجەماوەری کرێکا ر و جووتیار و ســـەربازان و، ئیدی هەموو ڕۆژێ جێ پێیەکی نوێی بۆخۆی دەکردەوە. ئیدی پەلکێشی ئەوەیان کردگەورە ئەفسەرە شیوعی و پێشکەوتنخوازەکان لە شوێنە سەرکردایەتییەکانی ســـوپا دوورخاتەوە، وەک عەمیدی ڕوکن داود جەنابیی قائیدی فیرقەی دوو و، عەمیدی ڕوکن هاشم عەبدولجەباری فەرماندەی لیوایبیست و، عەقید سەلمان حیسانی فەرماندەی لیوای زرێپۆش و دەیانی دیکەش. تا ئەفسەرە نەتەوەپەرست و ڕاسڕەو و کۆنەپەرست و دژە دەســـەڵاتی ئەو و دژە شـــیوعی و دیموکراتی جێیان بگرنەوە. ئیبراهیم فەیســـەڵ ئەنســـاری کرایە ســـەرۆکیئەرکانی فیرقەی دوو، تا دوای کودەتا بکرێتە قائیدی فیرقە و دواتریش بکرێتە سەرۆکی ئەرکانی گشتی و، ساڵح مەهدی عەماشیش کرایە یاریدەدەری عەمید ڕوکنی فرۆکەوان جەلال ئەوقاتیی قائیدی هێزی ئاسمانی. تەها شەکەرچییش کرایە یـاریدەدەری لیوای نۆزدە و عەبدولڕەحمان عـامریش کرایە فەرمـاندەی لیوای بنکەی حەبانییە و قاســـیش پێویســـتی بەو کۆنەپەرســـت و شـــۆڤێنییانە هەبوو تا لە هەڵمەتە

ســەربازییەکەی دژی شـۆڕشـی کوردیی لە ئەیلوولی ۱۹٦۱ هەڵگیرسـابوو،سەرکردایەتیی یەکەکانی سوپای بۆ بکەن.
دوای ئەوەی حیزبی شـیوعی، بەو خۆپیشـاندانانەی بۆ ڕاگرتنی هەڵمەتە سـەربازییەکەی دژی شـۆڕشـی کوردان کرابوو و مانگرتنی کرێکاری بۆ باسـترکردنی بارودۆخی کار و گوزەران کران و پاشەکشەی حکوومەت لە زۆربەی ئەو ڕێوشوێنە شۆڕشگێڕییانەی دژی دەرەبەگ گیرابوونە بەر و، جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی لە بەرژەوەندیی جووتیارە دەوڵەمەندەکان و بۆرژوای گوندان، ئیدی مەحاڵبوو حیزب بتوانێ هەماهەنگی لەگەڵ قاسـمدا بکا و، بۆرژوای لایەنگری حوکمی قاسـم زۆر بێ شـەرمانە ددان جیڕکردنەوەیـان ئەوکـاتی دەرکەوت کە لە کوردسـتـان مـانگرتنی کرێکـاران و خۆپیشاندانەئاستییەکانیا بەر فیشەک دا و، بەهەنجەتی بێ چەندین کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی جووتیارانیان هەڵوەشاندەوە و، هەڵمەتێکیان دژی شیوعییەکان بەرپاکرد.
حکوومەتەکەی قاسم، بەو ڕێوشـوێنە نادیموکراتییانەی، وردەوردە خۆی لە گەل دابڕی و هی لە حیزبی"تەقەدومی وەتەنی" بەسـەرۆکایەتیی محەممەد هیچ حیزبێکی دیکەی لەپشت نەما تا لەو جەنگەی دەبوایە دژی کۆمپانیاکانی نەوت بیکا پشتیوانیبن.
هەر هێدەی سـالی ۱۹٦۱یش هاتەبەرێ، کۆمپانیاکانی نەوت لەدۆخێکدابوون دەیانتوای ڕاسـتەوخۆ هەڕەشـەی ئەوەی لە عەبدولکەریم قاسـمی بکەن کە ئەگەر لەسـەر داواکارییەکانی بەردەوام بێ ئەوا دەسـەلاتەکەی دەڕووخێنن و لەوەشـدا هیوایان بەو دەسەلاتەبوو کە جێی دەگرێتەوە.
ئێرەدا پیاو پرسـیارێکی ڕەوای بە مێشکیدا دێ، باشـە حیزبی شـیوعی چاوەڕوانیی چیی لە قاسـم هەبوو، ئەرێ قاسـم هیچ دەسـەلاتێکی لەناو جەماوەردا مابوو، ئەدی حیزب چاوەڕێی چیی دەکرد؟
کە قاسـم شـەڕی دژی هێزە دیموکراتییەکان و شـیوعییەکان وکوردان ڕاگەیاند، ئەرێ وا باشتر نەبوو دەسەلاتی قاسمی بڕووخاندبا و حکوومەتێکی دیموکراتیی نیشتمانیی بهێنابا سـەر کار؟ ئەدی دروسـتتر نەبوو دەسـتی خۆی بەپێش بخسـتبا و دژی ئەو کودەتایەی خەریکبوو ڕوویـبدا، بجوولابـا؟ ڕەنگە ئەودەمـای خەڵکێـک هەبوونـایە بەرگرییـان لە سـەرکردایەتیی بکردایە و بیگوتبا: ڕاپەڕینی دژە قاسـم هێشـتا کاتی نەهاتبوو، بەلام جەماوەرهەر لە یەکی ئایاری ۱۹۵۹ڕا داوای دەکرد حیزبی شـیوعی بێتە سـەر دەسـەلات، بەلام سـەرکردایەتیی حیزب سـوالی هێنانە سـەرکاری یەک وەزیری دەکرد بێتە ناو وەزارەتەکەی قاسـم تا ڕوویدەرەوەی حکوومەت ئارایشـت بکا و ئەو وەزارەتەش بە فەرمی ڕانەگەیاندرابا.

قاسمی، بە بەیەکدادانی ڕاست و چەپ و ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوانیان درێژەی بە تەمەنی حکوومەتەکەی خۆی دەدا، کە دەستی بە چەککردنی شیوعییەکان کرد و چەکەکەی دایە دەست ڕاستڕەوا تا کوردان لەناو ببەن، ئەو هاوسەنگییە لاسەنگ بوو و، سەرکردایەتیی حیزبیش دوول بوو و بگرە کلکایەتیی ئەو ئەو جەماوەرە بەرفراوانەی کرێکاران و جووتیاران و ڕۆشنبیران و کاسبکارانەشی نەکرد و، بەڵکو بووە هۆی پەکخستنی ئەو بزاوتە خۆکاوییەیشی کە لە گردبوونەوەکەی یەکی ئایاری ١٩٥٩ داوای دەکرد حیزبی شیوعی بێتە سەر دەسەڵات.

کودەتای هەشتی شوباتی ١٩٦٣ و بەرگریی حیزبی شیوعی:

ئەو کودەتایەی حیزبی شـیوعی پێشـبینیی کردبوو، کە یەکە سـەربازییەکانی حیزب لە بەیانەکەی مانگێک پێش کودەتا دەسـتنیشـانی کردبوون، جولان، لە ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ روویدا.

هەر لە یەکەم سـاتیش کودەتاچییەکان دوژمنایەتیی خۆیان بۆ شـیوعییەت و حیزبی شحوعی ئاشکراکرد و ڕایانگەیاند ئەوان لە شیوعییەت بترازێ دژایەتیی کەسیدی ناکەن، واتە دژایەتیی ئیسـتیعمار ناکەن. ئەوان هەر لە سـاتە بەراییەکانی بەرەنەیانیی ڕۆژی کودەتادا عەمید ڕوکن جەلال ئەوقاتیی سـەرکردەی هێزە ئاسـمانییەکانیان کوشـت، کە شـیوعی بوو ودەسـتیشـیان بە گرتنی سـەرکردە و ئەفسـەرە شـیوعییەکان کرد، بگرە ئەوانەشـی کە قاسـم لە سـوپای دوورخسـتبوونەوە، جا چ ئەوانەی ئازایانە بەرەنگاری کودەتا بوونەوە و ئەوانەشـی کە نەگەیشـتنە یەکەکانیان و ئەوانەشـی ترسـنۆکانە لە ماڵەکەی خۆیاندا مانەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە زۆربەی ئەفسـەرە شـیوعییەکان لە ڕۆژی کودەتاکەی ڕێکەوتی هەینیی مانگی ڕەمەزانی کردبوو، مۆڵەتیان درابوێ و، سـەرباری ئەوەی ڕۆژی پشـوش بووئەفسـەرانی لایەنگری کودەتا لە سـەربازگەکاندا ئێشـکگربوون و پێشـوەختە هەموو ستێکیان ڕێکخستبوو، بەلام ئەو کارە لەو کاتە تەنگەی حیزب دەستنیشانی ئەوەی کردبوو بەوزووانە کودەتایەکی ڕاسـتڕەوانە بەرپادەبێ، بەڵگەی بێسـەروبەری و ناوریایی ولاوازیی سەرکردایەتی نییە؟

حیزبی شـیوعی پشـتی بەو دەسـەڵاتە خۆشـبوو کە لەناو ئەفسـەران و پلەداران سـوپادا هەیبوون، ئەو پشـتی بە جێبەجێکردنی پلانی"کتوپڕی" دەبەسـتا کە ئەگەر هەوڵی کودەتا بدرێ. بەڵام ئەو پلانە، لەبەر دوو هۆ، جێبەجێ نەکرا؛ یەکەمیان نائامادەیی ئەو سـەرکردە سـەربازییانەی دەبووایە یەکسـەر بجووڵێن و، ئەو کەمە خەڵکەی بەرووی کودەتاسـدا وەستانەوە هەوڵەکانیان پەکخرا، ئیدی گیران و هەندێکیشیان کوژران، وەک ئەوەی لەگەڵ جەلال ئەوقاتیی سـەرکردەی هێزە ئاسـمانیەکان ڕوویدا.هۆی دووەمیان ئەوەبوو حیزب سـووسـەی دابووە ڕێکخراوەکانی وێنەی قاسـم بەرزکەنەوە و بەرگریی لێ بکەن، بەلام عەبدولکەریم قاسـم خۆی لە شـەڕی سـەرکوتکردنی کوردانەوە گلاندبوو، بۆیە بەرزکردنەوەی دروشـمی بەرگریکردن لە دەسـەڵاتەکەی وەک ئەوەبوو لەگەڵ حکوومەتێکدابی کە ئەو گەلی کوردەی سەرکوت دەکرد داوای مەفە نەتەوەییە ڕەوایەکانی خۆی دەکرد، جا هەڵوێسـتی سـەرکردایەتیی کورد هەرچییەک بێ. وەکچۆن دەسـەڵاتی

قاسم لەو جەماوەرەی تەریک ببوو کە بەدەست دەزگا ئاسایشییەکانییەوە تووشی چەوسانەوە و سەرکوتکردن ببوو.
حیزبی شیوعی پشتی بەو هێزانەی ناو سوپا دەبەستا کە تایبەتی خۆیبوون تا هێزە چەکدارەان بکاتە دوو بەس و پەرچەکردارێک بۆ پەکخستنی هەر هەوڵێکی کودەتایی بکا، وەک ئەوەی لە ١٩٥٩ ڕوویدا. بەلام ئێمە لە ١٩٦٣ بووین و بارودۆخ و تەازووی هێزەکانی ناوخۆ گۆرابوون و حیزبی شیوعییس هەوڵی نەدا هێزە دیموکراتییەکان لە دژی هێزە نەتەوەییە ڕاسترەوەکان و کۆنەپەرستەکان حوکمی قاسمیان رووخاند بکاتە یەک پارچە. ئەگەرچی جەماوەر لە هەندێ گەرەکی بەغدا هەستابوونەوە و بەرانگژی کودەتاچییەکان ببوونەوە، بەلام ئیدی لە گۆرەپانەکەدا بەتەنیا مایەوە، کەی عەبدولکەیم قاسم تا دوا هەناسەشی هەر دژی شیوعییەکان بوو و، سەرکردایەتیی حیزبی شیوعییش بەرەبەیانی کودەتا شڵەژا و لەجیاتیی ئەوەی لەگەڵ ئەو جەماوەرە دەرکەوی کە ئامادەی بەرگری بوون، کەچی لەجاوان ونوون نەوەکا بکەونە دەسی کودەاچییەکان و بەڵام هەر کەوتنە دەستیشیان.
بەرەبەیانی ڕۆژی کودەتا حیزبی شیوعی بەیاننامەیەکی دەرکرد و داوای لە گەل کرد بەر بە کودەتاچییەکان بگرن و لێنەگەڕێ وەبەری بێنن، وەک لەویدا هاتووە کودەتاچییەکان دەستەیەکی پێکدی نائاسنان و سەرباری حیزبی بەعسی ئیستیراکی چەند دەستەیەکی گەورە سەربازانی تیدایە کە سەر بە نەتەوەییەکانن و هەندێ ئەفسەری ڕاسترەو وکۆنەپەرستی گومانلێکراویشیان تێدایە کە دامزراوەکانی ئیمپریالیزم دەیانجووڵێنێ.
بەرەبەیانیی ڕۆژی کودەتایەکە خزمەکانم ئامۆژگارییان کردم ماڵەکەم بەجێبێڵم و بچمە لای خزمەکانم، بەلام هەر بەدوای ڕووداوەکاندا دەچووم .
هێشتا کودەتاچییەکان نەیانتوانبوو دەست بەسەر سەربازگەکانی بەغداد بگرن و، ئەو لیوایەی لە حەبانییەیرا جوولابوو هێشتا نەگەیشتبووەجێ. لەگەڵ ژنەکەم لەماڵ چووینەدەرێ و چووینە ماڵی دکتور حیکمەت ڕەئوفی خەزووم و داوام لە دکتۆر حیکمەت کرد بمگەیەنێتە هەر کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی بەرەنگاری کودەتا بوویێتەوە. ئەگەرچی من ڕۆڵێکی دیاریکراوم لە پلانە' کتوپڕ'ەکەدا نەبوو، کەچی چوومە شەقامی شێخ عومەر کە کرێکاران لەوی کۆبببوونەوە، دیتم کرێکارەکان شیشە و بەرچیغیان بەدەستەوەبوو و ئامادەی هەر کارێک بوون سەرکردایەتییان ئاراستەیان بکا، بەڵام کوا سەرکردایەتی؟ ئەوجا کوان سەرکردەکان؟.
هەربەڕاستییش کەسم لە سەرکردەکان نەدیت، لەجیاتیی ئەوەێ دەست بەسەر کەتیبەی تانکەکانی فەزیلییەدا بگرن، کەچی ئەو کەتیبەیە بێ جوولە مانەوە تا کودەتاچییەکان

ێوارەکەی دەستیان بەسەردا گرت و جوولاندیان تا دەستی پی بەسەر وەزارەتی بەرگریدا بگرن کە لە ئاسمانێرا بۆردومان دەکرا.
هەرچی حەبدولکەریم قاسم و هاوالەکانی بوون لله وەزارەتی بەرگری مابوونەوە، دوایە، ـەبەر گوڕی بۆمبابارانی تۆپ و سارووخی سەریان، چوونە هۆلی ئەمینداریی پایتەختی ـەوی نزیک بوو و، حەبدولکەریم قاسم ، یونس تائیبرۆژنەمەنووسی هەنارد، کە ـەگەلیدابوو تا پەیوەندی بە کودەتاچییەکانەوە بکا و بلێ ئەگەر ژیانی پارێزراوبێ و ڕێی ـەن لە عێراق بچێتە دەرێ، ئامادەیە خۆ بەدەستەوە بدا، بەلام ئەوان مکوڕبوون دەبێ بێ مەرج خۆ بەدەستەوە بدەن.
کە جەماوەر لەبەر دەرگای وەزارەت کۆبوونەوە و داوای چەکیان دەکرد تا بەر بە کودەتاچییەکان بگرن، عەبدولکەریم گوتی چەکیان نادەمێ چونکە نایەوێ ئەوەی لە کەرکووک و موسڵ ڕوویدا دووبارەببێتەوە، بەلام عەبدولکەریم قاسم ئاگای لەوەی نەبوو کودەتاچییەکان هەموو شتێکیا ڕێکخستبوو. ئەوان، پێش کودەتا بە پەلپ و بیانووی جوداجودا، ئەو تۆپە دژە ئاسمانییانەیا کێشابووەوە کە لە وەزارەتی بەرگری بوون و، برێکی زۆری چەکیشیان بردبوو، ئیدی موقەدەم سەعید مەتەری شیوعیی فەرماندەی هێزی بەرگریکار لە وەزارەتی بەرگری هاتە بەرانبەر خەلکەکە و پێیگوتن جەکی پێویست ـە وەزارەتی بەرگری نییە و سەدان سەرباز و پلەدار چەک نییە تا چەکداریان بکا، ناوایشی لە جەماوەری کۆبووەوە کرد لەجێیەکی دی جەک پەیاکەن.

سەربردەی گرتنی قاسم، وەک سەعدون غێدان بۆی گێڕامەوە:

دوای دانوســـتانی نێوان قاســـم و کودەتاچییەکانی ڕۆژێکی تەواوی برد و،دوای ئەوەی کودەتاچییەکان ڕەتیانکردەوە هیچ دەستەبەرییەکی بدەنێ، لە ٩ی شوباتی ١٩٦٣ بێ قەیدو شەرت خۆی بەدەستەوە دا.

لێرە گێڕانەکەی ســـەعدوون غێدان[45] دەگوازمەوە، کە دواترێ حەبدولکەریم قاســـم و هاواڵەکانی، دوای گیرانیان چیان بەســـەرهات. ســـەعدون غێدان گوتی: کە حەبدولکەریم قاســـم و عەقید فازڵ عەباس مەهداوی "ســـەرۆکی دادگای گەل" و عەقید تەها ئەلشـــێخ ئەحمەدی بەڕێوەبەری هەواڵگریی ســـەربازییان هێنان، من لەگەڵ عەبدولســـەلام عارف و هاوڕێکانی لە بینای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بووم و هەموویان کەلەپچەکرابوون و لەبەردەمی عەمید عەبدولغەنی راویی سەرۆکی دادگای تایبەت لەسەر کورسییان دانان.

حەبدولســـەلام ووی دەمی لە عەبدولکەریم قاســـم کرد و گوتی: عەبدولکەریم دیتت چۆن شـــۆڕشـــمان لەســـەر کردی؟ عەبدولکەریم وەلامیداوە: من شـــۆڕشـــم دژی ئیســـتیعمار و دەســـەڵاتی مەلەکیی بەکرێگیراو کرد، بەڵام تۆ شـــۆڕشـــت دژی دەســـەڵاتی نیشـــتمانیی دژە ئیستیعمار کرد. عەبدولسەلام گوتی: تۆ شۆڕشت بۆ بەرژەوەندیی خۆت کرد. عەبدولکەریم پێیگوت: کام بەرژەوەندیی خۆم، جا ســـێ دیناری دووســـەد و پەنجا فلســـی لە گیرفانی دەرهێنا و بە دەموچاوی عەبدولســـەلامی دادا و گوتی: ئەوە هەموو ســـامانەکەمە و هەر ئەوەندەســـم لە مووچەکەم ماوە. لێرە کودەتاچییوکان بەربوونە گیانی گیراوەکان و بەتایبەتیش عەقید مەهداوی و پەنجەیان لە دەمی نابوو تا دەمی هەڵزڕێنن و ئەوەی بەڕوویدا دەنەراندن"تاوانباری فاشستینە بەکرێگیراوانی ئیستیعمار"، ئەوانیش زۆریان لێدا و عەبدولغەنی ڕاوی فەرمانی لەداردانی بۆ دەرکردن.

کە ویســـتیان چاوی عەبدولکەریم قاســـم و هاواڵەکانی ببەســـتنەوە تا گوللەبارانیان بکەن. عەبدولکەریم بەروویاندا هەڵشاخا و گوتی: "ئەوە شوورەییە، سەرباز لە گوللە ناترسێ و ئەوە بێڕێزییە بۆ ســـوپای عێراق، بۆ کە لەفەلەســـتین دەجەنگاین چاوم‌ان دەبەســـتەوە؟". ئەوجا کودەتاچییەکان، عەبدولغەنی راویی سەرۆکی دادگا هاکەزاییەکەشیان لەگەڵ، دایاننە

---

[45] _ ســـەعدون غێدان: لە ١٩٣٠ لە بەغدا لەدایکبووە، لە ١٩٥٣ کۆلێژی ســـەربازیی تەواوکردووە، لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەشداربووە، لە کودەتای ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ بەشداربووە، لە ١٩٦٨-١٩٧٠ سەرکردەی اسەوانی کۆماری بووە، ئەوجا وەزیری ناوخۆ و گەیاندن، سەرباری ئەندامیەتیی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و، لە یەکەم حکوومەتی سەدام حوسێن لە ١٩٧٩ پێکیهێنا بووە جێگری سەرۆکوەزیران. لە ١٩٨٥کۆچی دوایی کرد. للمزید: حسن لطيف الزبيدي، المصدر السابق، ص٤٧٩.

بەر دەســـترپێژ و کوشـــتنیان و تەرمەکانیان لە تەلەفزیۆن پیشـــاندان و ڕۆژی دواتریش وێنەکانیان لە ڕۆژنامەکان بڵاوکردەوە.
ئیســـتا، دەکرێ درک بەوەی بکەین ئەو میراتەی گۆڤاری "ئیکۆنۆمیســـت"ی بەریتانی لە وتارەکەی پێشتریێ ئاماژەمان پێ کرد، چۆن بەکلاکرایەوە. نوێنەرێکی پۆلیس، کە قاسـم و هاوالەکانی تیرباران کران گوتی: "خوێنێکی زۆر لە عێراق ڕژا، بەڵام سوپاس بۆ خوا، یەک دڵۆپ پیترۆل نەڕژا".

پەیوەندیی کودەتاچییەکان و هەواڵگریی ئەمریکا:

گێڕانەوەکانی باسی پەیوەندیی کودەتای سەرکردە بەعسییەکان بە هەواڵگریی ئەمریکاوە دەکەن، جیاوازن. بەڵام ئاماژە و بەڵگە هەن دەیسەلمێنن سەرەداوێکی ڕۆڵی هەواڵگریی ئەمریکای تێدایە.

لێرەدا، ئەو ڕووداوانەی سەبارەت بە پەیوەندیی بەعس بە هەواڵگرییەوە یادگەم تۆماری کردووە، ڕایدەگوێزمە ئێرە. لە بینای سەرکردایەتیی قوتری و ڕێک لە ١٩٦٩ و بە ئامادەیی هەریەک لە حەماد شیهابی وەزیری بەرگری و عەبدولخالق سامەرایی و عەبدوڵلا سەلوم سامەرایی و عامر عەبدوڵلا و من، کە پرسیار لە عەماد شیهاب کرا داخوا من دەناسی؟!، گوتی: "من زۆرم گوێ لە باسی مامۆستا موکەڕەم بووە بەلام پێشتر ناسیاویمان نەبووە" گوتم: "هیوادارم قسەی خراپت دەربارەی من گوێ لێ نەبووبێ". گوتی: ""نا قسەی باشم دەربارەت گوی لێبووە، گوتیان نیشتمانپەروەرێکی تێکۆشەری کۆنە و، قسەی خراپیشم گوی لێبووە، گوتیان تۆ مەلا مستەفات خۆشدەوێ و ڕێزی لێ دەگری". گوتم: "تۆ بڵێی ڕێزگرتنی مەلا مستەفا سیفەتێکی خراپ بێ؟!" گوتی: "ڕووداوێکت بۆ دەگێڕمەوە کەمن ئاگام لێیەتی، ڕیژێکیان پێش- شۆڕشی ٨ی شوباتی ١٩٦٣- من و عەمید عەبدولجەباری قائید فیرقەی پێنجلە ١٩٦١ مۆڵەتمان وەرگرتبوو و لە بەیرووت بووین، باڵیۆزخانەی ئەمریکا مکوڕبوو دیداری لەگەل بکەن، بەلام ئەو داوای لێبووردنی دەکرد چونکە سەربازە و سیاسی نییە و، ئەو لە مۆلەتە و بۆ وچان هاتووە، بەلام من داوام لێکرد بیانبینێ تا بزانین چییان لە زەینێدایە. لە دیداری باڵیۆزی ئەمریکا، چونکە خزمی عەبدولکەریم قاسمە و مێردی خوشکیەتی، باڵیۆز ڕایسپارد بە عەبدولکەریم بڵێ یاسایەک بۆ گێڕانەوەی ئەو زەوییانە دەرنەکا کە بەرهەمهێنانیان تێدا ناکرێ و لە چوارچێوەی ئیمتیازی کۆمپانیا نەوتییەکانن و، با کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیش دانەمەزرێنێ، ویلایەتە یەکگرتووەکا ئامادەیە داواکارییەکانی جێبەجێکا. بەڵام ئەگەر ئەو دوو یاسایە دەرکا، ئەوا دەسەڵاتی ئەمریکا بەهەموو شیوەیەک هەوڵی ڕووخاندنی دەدا. کە عەبدولجەبار گەرایەوە بەگدا ئەو قسانەی لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا کرابوون هەمووی بە عەبدولکەریم قاسم ڕاگەیاند.

بەلام عەبدولکەریم ئەنجوومەنی دەسەڵات و ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆکردەوە و یاسای ژمارە ٨٠ی ساڵی ١٩٦١ی دەرکرد و، یاای کۆمپانیای نیستمانیی بۆ وەبەرهێنانی نەوت دەرکرد" گوتم : "جا چ ڕوویدا؟" گوتی: "دەستیان بە جوولاندنی مەلا مستەفای لە دژی قاسمی". گوتم: "ئەدی بارزانی توانیی حوکم قاسمی بڕووخێنی؟". گوتی : "نا، بەڵام ئەوە بەڵگەی بەکرێگیراویی بارزانییە". گوتم: "کە بارزانی نەیتوانی عەبدولکەریم قاسمی بڕووخێنی، بەعسی و قەومییەکانیان بەگژ وەنا". لێرە، عەبدولخالق سامەڕایی ڕووی دەمی

ـە حەماد شیهاب کرد و گوتی: "برای من تۆ دەڵێی من سەربازم وهیچ لە سیاسەت نازانم، بۆ دەچییە بابەتێکی ئاوا ئاڵۆز واز لە کەللەی سەرمان بێنە".
گێڕانەوەکانی پەیوەندیی هەواڵگریی ئەمریکی بە بەعســـەوە لێرە، بەوەندە گێڕانەوەیەی حەماد شــیهابی کۆتایی نەهات گوایە ئاگاداریان کردووەتەوە، بەڵکو ئەوجارەیان داوایان لە وەزیرەکانی قاســم کرد دەســت لە کار بکێشــنەوە تا حکوومەتەکەی لاواز بکەن و، ئەوەش حەســەن تاڵەبانیی وەزیری گەیاندنی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاســم بۆی دووپاتکردمەوە. باســی ئەوەی کرد کە فوئاد عارفی وەزیری دەوڵەت مۆڵەتی وەرگرتووە و لە بەیرووت بووە، باڵیۆزخانەی ئەمەریکی پەیوەندییان پێوە کردووەداوایان لێ کردین لە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسمی بکشێینەوە چونکە هەندەی نەمایە. کە گەڕاینەوە فوئاد عارف دەستکێشانەوەی خۆی پێشکەش کرد، بەڵام من لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمی مامەوە تا لە ٨ی شەباتی ١٩٦٣ حوکمەکەی ڕووخا.
قســەکەی عەلی ســاڵح ســەعیدی سکرتێری حیزبی بەعســی عەرەبیی ئیشــتیراکییش، کە گوتی: "بە شــەمەندەفەرێکی ئەمریکی هاتینە ســەر دەســەڵات"، ئەو قســانەی پێشــترێم دەسەلمێنێ.
ئەو هەموو بەڵگانە ئـامـاژەی ئەوەینە هەواڵگیی نـاوەنـدیی ئەمریکی ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕووخاندنی عەبدولکەریم قاســمدا هەبووە و، بارودۆخەکەش بۆ ئەوە گونجاوبوو، لە ســوپادا دەســتەی دژە قاســم هەبوون و، هەڵوێســتی عەبدولکەریم قاســمیش بەرانبەر شــیوعییەکان خراپ بوو کە هەتا کۆتاییش هەر لەگەڵیدا مانەوە. دابڕانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردســـتان، کە بەعســـی و قەومییەکان پەیوەندییان پێوەکرد تا لە کرداری لەناوبردنی قاسمدا بەشدار بێ.
نەیارەکانی عەبدولکەریم قاسمی لێرە یەکیان گرتەوە، بەعسییەکان هەنگاوی بەراییان نا و پەیوەندییان بە مەلا مســتەفاوە کرد، بە ڕاگواســتنی قســەی فوئاد عارفی وەزیری، وەک لەســەرەوە باســمکرد پێش کودەتا دەســتی لەکار کێشــایەوە، داوای لێکرابوو پەیوەندی بە کەســایەتییەکی ســەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردســتان بکا، ئیدی دیدارێک لە نێوان ســەوکەت ئاکرەیی و عەلی ســاڵح ســەعدی کرا، تا تاوتوێی ڕێگاکانی ڕووخاندنی حوکمی عەبدولکەریم قاســم بکەن و، فوئاد عارفیش پێشــترێ ئاگای لەوەی بوو کە ســەرۆکایەتیی ئەمەریکا گلۆپی سەوزی ئەو کارەی داگیرساندووە.
لە دیداری دووەمدا، ســـاڵح یوســـفیی ئەندامی مەکتەبی ســـیاســـیی پارتی دیموکراتی کوردســـتان ئامادەببوو، کە بەشـــاراوەیی لە بەغدا بوو و، لیوا تاهیر یەحیاش ئامادەی دیدارەکە ببوو. دوای شەن و کەو و پەیوەندی بە بارزانییەوە لەسەر ئەوەی ڕێککەوتن بۆ

لەناوبردنی عەبدولکەریم قاسم و هێنانی حکوومەتێکی دیکەی کەسێکی مەدەنیسەرۆکایەتیی بکا ڕێککەوتن و ئەو کەسەش حیکمەت سلێمانی سەرۆکوەزیرانی پێشتریٚ بوو و لەڕێی ماجید مستەفای برادەرییەوە "کە خاڵی فوئاد عارف بوو" قسەیان لەگەڵ کرد و ئەویش ڕازیبوو ببێتە سەرۆکی حکوومەت.

لە بەرەبەیانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کە بەعس حوکمی عەبدولکەریم قاسمی ڕووخاند، هەریەک لە فوئاد عارف و ساڵح یوسفی برووسکەی پشتیوانیی کودەتایان لێدا، بەلام بە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکە عەبدولسەلام عارف لەجێی حیکمەت سلێمانی بووە سەرۆکی کۆمار و، هەنجەتیشیان ئەوەبوو سەربازەکان

کودەتایان کردووە ئیدی بۆ کەسێکی غەیری وان ببێتە سەرۆکی حکوومەت.

لەبەر چنگی کودەتاچییان:

کە زانیم کودەتا سـەرکەوتووە و توانیویانە بەسـەر بەرگریی هەریەک لە کازمییە و باب ئەلشـێخی زاڵبن، خێزانەکەمم هەنارد تاخانوێکمان بۆ بەکرێ بگرێ بۆ ئەوەی هەتا لەبەغدا دەردەچین و دەچینەوە کوردســـتان تێیدا بمێنینەوە، کە ئەندامانی حیزبی شـــیوعی لە گونـدێکی نزیک کفری کۆببوونەوە و هوتبوونە نێوان دوو ئـاگران، ئـاگری حکوومەتی کودەتاچییەکانی ڕایگەیاندبوو لە شـــیوعییان بترازێ دوژمنی کەســـی دی نییە و ئاگری پارتی دیموکراتی کوردستانی پشتیوانی کودەتاچییەکان بوو و، بەلام مەلا مستەفاا بارزانی بەدەم داوای کودەتاچییەکانەوە نەچوو و ڕادەستی نەکردن. و پاراستنی.

ژنەکەم خانوێکی لە شەقامی فەلەستین بەکرێ گرت کە نزیکی شەقامی قەناتی سوپا بوو. جا لێفەیەک و ســـەرینێک و هەندێ خواردنمان لە ماڵی خوشـــکەکەم برد و لەژێر باڵی تاریکیدا چووینە ئەو خانووەی هیچی تێدا نەبوو لەو لێفە و ســـەرینە بترازێ، لە مانگی شوباتی ساردیشدا بووین، جا دراوسـێیەکمان ئێمەی بەو حالەوە دیت و لەترسـی ئەوەی نەکا زمانمان لێ بدا چووین ســـەردانمان کردن و بەخێریان هێناین و چایان بۆ داناین و دوایە چووینەوە ماڵەکە، بەیانییەکەی ژنەکەم چوو هەندێ خواردن پەیداکا و ســـەردانی ماڵەکەی وەزیرییەمان بکا و ئیدی کەسیک بە جێیەکی زانین.

پێدەچێ ئەوانەی گەڕەک بە موختاریان گوتبێ خێزانێک لەو ماڵەیدا خۆیان شـاردووەتەوە و ئیدی بە هاواڵگریی سوپایان گوتبێ، ئیدی خەریکبوون چاودێریی ماڵەکەیان دەکرد، ئێی ژنەکەمیان ناســـیبوو کە خوشـــکی موقەدەم ســـەعدوڵلا ڕاوییە، کە لە موســـڵ لەکاتی جووڵانەوەکەی شـەواف کوژرا و بەوەی ناسـرابوو لایەنگری عەبدولناسـری بوو. عەدنان ڕاوی لە هەواڵگری بوو و یەک لەهفســـەرە خانەنشـــینەکانی بەشـــداری کودەتا بوو و گەڕێندرابۆوە خزمەت. ئەو دەیناسـیم، هەسـتی کردبوو خۆ ئامادەدەکەن بەسـەر ماڵەکەم دادەن یان بمگرن یان بمکوژن. داوای لە محێی بەڕێوەبەری هەواڵگری کردبوو کارەکە بۆ ئەو جێبێڵن نەوەکا "حەرەس قەومی" بمکوژن، ئیدی ئەویس داواکەی قبول کردبوو، بەتەنیا لەماڵ بووم و خەریکی ســـاختەکردنی ســـوناســـەکەم بووم تا ناوەکەم بگۆڕم و لەهەوڵی ئەوەی بووم لە بەغدا دەرچم. ئیدی ناوی خۆم کردبووە ســـابیر ئەحمەد ڕاوی. گوێم لە تەقەی دەرگـابوو، پێموابوو ژنەکەمە، کە کردمەوە دیتم عەدنـان ڕاوییە و بەجلی ســـەربـازییەوە و هـاتە نـاو مـاڵەکە و ئۆتۆمۆبیلەکەی لەبەر دەرگـا ڕاگرتبوو. پێیگوتم دەســـەلات بە جـێیەکەی زانـیوم و ئەویش بەڵـێنـی داوە، بەو مەرجەی ژیـانـم پارێزراوبێ،ڕادەستم بکا و، ئەوانیش دەستیان داوەتە بەرێ. ئیدی هیچ چارەیەکم نەبوو و لەگەڵی جوومە وەزارەتی بەرگری و جووینە ژوورەکەی ڕائیـد محێی بەڕێوەبەری

هەواڵگری. بەخێری هێنام و گوتی: "ئێمە دەزانین تۆ خراپەت بۆ کەس نەبووە، خوا یاربێ خراپەســت لەگەڵ ناکەن، ەوجا داوای لە ئەفســەرێک کرد لەگەل کۆمەڵێ ســەرباز بمبەنە بەندیخانەی ناوەندیی سەربازگەی رەشید و ڕایسپارد بە ڕائید حازمسەباغی فەرماندەی گرتووخانە بڵێ ئاگای لێم بێ هەتا بڕیاری چارەنووسم دەدرێ.

لە گرتووخانەی سەربازگەی ڕەشید:

هەرکە گەیستینە سەربازگەی رەشید و ئەفسەرە مولازمەکەی لەگەلمان هاتبوو رادەستی حازم سەباغی بەڕێوەبەری بەندیخانەی کردین تا تا راسپاردەکەی بەڕێوەبەری هەوالگریی سەربازیی پێبلێ، وەلامی ئەوەبوو: "بۆ چاوەان لەوانیدی نەبووە؟!"، ئەوجا فەرمانیدا بمپشکنن و شتومەکەکانم لێ وەرگرن و ڕەوانەی ژووری وەزیرانم بکەن.

کە چوومە ژوورەوە، هەریەک لە وەزیران ئەحمەد محەممەد یەحیا و محەممەد حەدید ومحێ عەبدولحەمید و تەلعەت شەیبانی و ئیدیش هاتنە پێشوازیم و، عادل جەلالی وەزیری کشتوکالیشیان لەگەلدا بوو و لە سووچێکی ژوورەکە ڕاکشابوو. عادل جەلال کە کرایە وەزیر گوتی: "بۆیە وەزارەتی چاکسازیی کشتوکالییان داومەتێ تا هەریەک لە موکەرەم تالەبانی و فایەق هۆشیاری بگرم" ئاوڕێکم لێ دایەوە و پرسیم: "ئەوە کێیە، ئەبو سەفوانە؟باسە منو فایەق هۆشیارت جۆن کەلەپچە دەکرد؟ ". گوتی: "ئێستا کاتی ئەو قسەیەیە؟ ئێستا هەموومان کەلەپچەکراوین". گوتم: "هۆی کەلەپچەکردنی هەمووسمان هەلوێستی کەسانی وەک تۆیە".

وەزیرەکان ترسیان لەوەی نەبوو لێپرسینەوەیان لەسەر کارەکانی وەزارەت لەگەل بکرێ، چونکە ئەوان لە پاکیی خۆیان دلنیابوون، بەلام دەیانزانی ئەوانە لەبەرئەوەی لەگەل عەبدولکەریم قاسمی هاوکار بووینە لێیان لەشەڕن.

لە ژوورەکەی تەنیشت ژمارەیەک وەزیری دیکەی لیبوو و دووانیان کوردبوون و ئەوانیش حسەن ڕەفعەتی وەزیری بنیاتنان و نیشتەجێبوون بوو لەگەل شێخ حەسەن تالەبانیی وەزیری گەیاندن و، عەمید روکن ئەحمەد سالح عەبدیی دادوەری سەربازیی سەردەمی قاسمیشیان لەگەلدابوو. مامەلەی کودەتاچییەکان لەگەل پیاوانی حکوومەتەکەی قاسم زۆر خراپ نەبوو، بەلام ئەوان بە پەیامنێرەکانی ڕۆژنامە میسری و خۆرئاواییەکانیان نیشان دەدان.

ڕۆژێکیان، لیوا تاهیر یەحیای سەرۆکی ئەرکانی سوپا هاتە گرتووخانەکە و داوای کرد محەممەد حەدیدی وەزیری دایی سەردەمی قاسم بێننەلای و دەمانچەکەی هەلکێشابوو و داوای لە محەممەد حەدید دەکردسەروسامان و پارەکانی ئاشکرا بکا، بەلام محەممەد حەدید شسوێندی بۆ دەخواردن کە هیچ پارەیەکی نییە و، هەرچیی هەیەتی سامانی نەگواستراوەن، تاهیر یەحیاس جنێوی پیسی دەدا کە تەنێ هیی ئەوەی بوون دز و ڕێگر ئەو جوینانە بدەن.

حافز عەلوانی یاوەری عەبدولکەریم قاســـمیش لە ژوورەکە لەگەڵمان بوو. ڕۆژێکیان ئەفســـەرێک بانگی کرد، کە چووە بەر پەنجەرەکە، ڕیزە فیشـەکێکی کلاشـینکۆفی پێوەنا. سەری برینداربوو بەڵام جێی کاریی نەگرت و وەزیرەکان فریاگوزارییان بۆ کرد.
زۆر لە ژووری وەزیرەکان نەمامەوە، ئەفســـەرێک بانگی کردم و گوتی بەخۆ و بە کەلوپەلەوە بێمە دەرێ، کە هاتمەدەرێ خستمیە ژوورێکی سێ بە سێ مەتری هەشت گیراوی پتر تێدابوو، لەبەر بێ جێیی بێ کەلوپەل جوومە ژوورەوە، گیراوەکان بە نۆبەت چەند سەعات بەپێوە رادەوەستان و جێ نەبوو لێی دانیشن. لە سووچێکی بۆم داندرابوو دانیشـتم و پێموابوو ئەگەر چەند سـەعاتێک ئاوا بمێنمەوە پشـتم دەشـکێ بەڵام ٢٣ ڕۆژ لەوێ مامەوە و پشتم نەشکا.
لەو ژوورەی، داود جەنابیی عەقید ڕوکن و موقەدەم خزەیر دوریی "ئەندامی دادگای گەل" وعەقید مەجید جەلیلی بەڕێوەبەری ئاسایش و عەقید سـەلمان حیسانی فەرماندەی لیوای زرێپۆش و موقەدەم ڕوکن غەزبان ئەلسـەعد و کاسب ئەلسـەعدی برای و کەماڵ حومەر نەزمیی قازی وداود خەماس ئەلشـێخی قازیی لێبوو. ژوورەکە دوو ئەفسـەری دیکەیشـی لێبوویەکیانم ناســـی، ســـەلاح محەممەد جەمیل بووئەفســـەرێکی دیکەش لەگەل بر ئەندازیارەکەی بوو و، ٢٢ سـەربازیش کە لە سـەربازگەی خان بەنی سـەعدی باقووبوی بەرەنگاری کودەتاجییەکان ببوونەوە، بەڵام کە دوای ســـەرکەوتنی کودەتایەکە دەیانەوێ ڕاکەنە کوردسـتان، کودەتاچییەکان توانیبوویان دەسـتگیریان بکەن و کۆتوبەندی ئاسنیان لە دەست و پێیان بوو، بەندییەکانی ئەو بەشە دەیانزانی لەداردەدرێن بەڵام خۆگرییەکەیان جێی سەرسوڕمان بوو.
بەرەبەیانی ڕۆژی دواترێ ژمارەیەک گیراویان برد، لەوانەش عەمید ڕوکن داود جەنابیی قائید فیرقەی دوو و مەجید جەلیلی بەڕێوەبەری ئاســـایشـــی گشـــتی و عەقید ســـەلمان حیســـانی فەرماندەی لیوای زرێپۆش وموقەدەم حوســـێن خزر ئەلدوریی ئەندامی دادگای گەل ومولازمێکی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتیی ئینزیباتی وەزارەتی بەرگری بوو و ناوی ئەکرەم ســـەید ئەمین بوو و لەگەڵ هەندێکی دیکەی هەموویان بردران تا بێ دادگاییکردن لەسێدارەیان بدەن. دوای ماوەیەک عەقید سەلمان حیسان و دوای ئەویش مولازم ئەکرەم سـەید ئەمین هێنرانەوە گرتووخانە. سـەلمان پێیگوتین هەمووانیان لەسـەر خوانێکی درێژ دانایان و کاغەز و قەلەمیان داینێ تادوا وەسـیەتمان بنووسـین، کەسـیان نەیانتوانیبوو وەسیەت بنووسـن حوسێن خزر ئەلدووری نەبێ و، ئەوەی لەگیرفانی مابوو هێنایەدەرێ کە "٨٣"دینار بوولەسـەر وەسـیەتنامەکەی دانا تا ئەگەر ویسـتییان بیدەنە خانەوادەکەی.
دادگاییکردنەکەیشـیان پێلاقە و بۆکسـی سـەروگوێلاک بوو عەلی سـاڵح ئەلسـەعدیی

ـــكرتيرى حيزبى بەعس هات و مەجيد جەليلى بەرێوەبەرى ئاسـايشـى لە عاردى كوتا و گێكى بەدەستەوە بوو و چەند ددانێكى دەرهێنا و ئەويش لەبەر ئازار هاوارى دەكرد.
ـەو سـەروبەنديدا ليواى فڕۆكەوان حەردان عەبدولغەفار تكريتيى وەزيرى بەرگرى هات و چلوێكى بەوانەدا گێڕا كە فەرمانى لەســـێدارەدانيان درابوو، ئيدى ســـەلمان حيســـانى كونەبرادەريناســـيبۆوە و لێنەگەڕابوو رەوانەى گورەپان بكێ تا گوللەبارانى بكەن و بە ئۆتومۆبيلەكەى خۆى هێنابوويەوە گرتووخانە، ئەوجا مولازم ئەكرەم سـەيد ئەمينيشـيهەر هێنـابووەوەگرتووخـانە چونكە لاوێكى بچووك بووە، هەرچى ئەوانيـدى بوون بە كەلەپچەكراوى بردبوونيانە گورەپانى تيرباران و هەموويا بەرگوللەدابوون.
ـە دەسـتەى دووەم، دە ئەفسـەريان كەلەپچەكرد، لەوان موقەدەم عەدنان خەيال و مولازم ســەلاح ئەحمەدم ناسى و پێيانگوتبوون سەعات سێى بەيانى دەيانبەنە گورەپانى تيرباران كردن. گيراوەكان كەلەپچەكانيان بە ئامێرى ڕيش تاشــين لەدەســتيان كردەوە و، مولازم ســەلاح لە نوكتە و جەفەنگى خۆى نەدەكەوت، "ڕۆب"ەكەى لەبەركردبوو دەيگوت دەترسـم ـەرەبەيان لەسـەر ستوونى سێدارە سەرمام بێ، بەلام سپێدەكەى نەهاتن بيانبەن و سێ ـۆژان بەو حـالەوە مـانەوە، ئەوجـا مولازم تەهـاى ئەفســـەرى گرتووخـانەكە هـات و كەلەپچەكانى كردنەوە و پێيگوتن: ئەوەى فەرمانى لەداردانى دابوون عارف عەبدولڕەزاقى ـيواى فڕۆكەوانى بوو، بەلامشـەوێ بە تۆمەتى خۆئامادەكردن بۆ كودەتايەكى دى گيرابوو و. ئەوجا چاويان لە لەداردانيان پۆشيبوو.
ـە كەڕەتى ســێيەم ســەلاح محەمەد جەميل و هاوڕێكانيان بردن، لە دادگاييەكى هاكەزايى فەرمانى لەداردانيان دابوون، ئيدى هێنرانەوە گرتووخانەكە و چاوەڕێى ســـاتى ســـاتى لەداردانێ بوون. يەكيان تێدابوو ئەندازيارێكى گەنج بوو و برايمولازمەكەى ديكە بوو، برا ئەفسەرەكەى داواى لێ كردبوو بيگەيەنێتە سەبازگەى خان بەنى سەعدى باقووبەى، نە لە نزيك و نە لەدوور پەيوەنديى بەو ڕووداوانەوە نەبوو، لەوى گيردەبێ و ئيدى هەموويان بەرگوللەدران.
شـەوێكيان پێيانگوتين ئێمەش ئامادەبين، پاسـى خەلك گواسـتنەوەيان هێنا و دەسـتيان لە پستەوە بەستاينەوە و چەند زرێپۆشێك و ژمارەيەكى زۆر ئەفسـەر و سـەربازمان لەگەل هات.حازم ئەلسـەباغى فەرماندەى گرتووخانەكە پێيگوتن: لە بەغدايان دوورخەنەوە ئەوجا گوللەبـارانيـان بكەن. بەلام ســـەربازەكان هـاوســـۆزمـان بوون، پێيـانگوتين دەمـانبەنە بەنديخانەى باقووبە. هەر بەڕاســـتيش ئێمەيان بردە بەنديخانەى باقووبە و لە هۆڵێكى گەورە و ســـارديان كردين و ئێمەش ئەوى نوين بێ پێمان نەبوو و، لەبەر داهێزرانيش لەسەر زەوييە ساردەكە ڕاكشاين تابنووين هۆڵەكە پڕ كۆكە بكەينعەقيد ڕافد حامد بابانى

پزیشی نەشتەرگەریمان لەگەل بوو و داوای لێدەکردین بێین و بچین تا تووشی هەوکردنی سییەکان بین.

لە بەندیخانەی باقووبەی عەبدولئەمیر عگێلیی داواکاری گشـــتیمان لەگەڵدابوو، تۆقیبوو و نەیدەتوانی بخەوێ، دەیدیت لە ســـــەعات نۆی ئێوارێڕا دەنووســـــتم و بەرەبەیان لەخەو رادەبووم، ڕۆژێک لە نهێنیی بێ پەوایی پرسیم بەرانبەر بەوەی چاوەڕێم دەکا، گوتم ئەدی پەروایی ئێوە چیی لە واقیعەکە گۆڕیوە.

تۆمەتی تەقاندنەوەی فڕۆکەیەکی جەنی لەسەردەمی قاسمدا:

لەگەڵ ژمارەیەک لەوانەی فەرمانی سێدارەیان درابوو و دوایە کرابووە بەندیی تاهەتا، بەدوایاندا هەناردین تا بمانبەنە بەغدا و،گیراوەکان و بەڕێوەبەرانی بەندیخانەش سەریان لەوەی سوڕمابوو بۆ لەگەڵ ئەوانەم دەنێرن، چونکە ئەوانە لە کەرکووک لەدار دەدرێن و، هەمووان پێیانوابوو لەگەڵ ئەوانەدا لەدار دەدرێم. ئێمەیان بردە بەندیخانەی سەربازیی سەربازخانەی ڕەشید. بردمیانە ژووری حازم سەباغی بەڕێوەبەری بەندیخانە، نەخۆشبووم و بەتوندی دەکۆکیم. پێیگوتم: تۆ هانی خەڵکت داوە تا لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم فڕۆکەیەکی'ئیلیوشین' بتەقێننەوە و سزاکەیشی لەداردانە. بەاشە چپەیوەندییەک لەنێوان هاوکاریی عەبدولکەریم قاسم و تەقاندنەوەی ئەو فڕۆکەیە هەیە؟ ئێرە، مولازمێکی زانیم ناوی حوسام جەماسە و خەڵکی مووسڵە زللەیەکی لێدام و چاویلکەکەی شکاندم، بەڵام حازم سەباغ نەیهێشت پترم لێبرا و گوتی: نەخۆشە بیبەنە ژووری ژمارە ١٧، ئەوێ بەژووری کات بەسەربرد دادەندرا. دیتم عەبدولجەلیل پەرتۆی سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران و سێ برا لە کوڕەکانی ڕافاییل بەتتیی ڕۆژنامەنووس و ژمارەیەک ئەفسەر لەوێن.

ڕۆژێکیان داوایان لێکردم جلەکانم لەبەرکەم و منیش وامکرد، بردمیانە ژووری فەرمانەی گرتووخانەکە و، چوار پۆلیسم لەگەڵدابوو. حازم پرسیی بۆ کوێی دەبەن؟ یەکیان گوتی: بۆ کۆشک 'قەسر'. لەدڵی خۆمدا گوتم 'قەسری نیهائییە' و، ئەوەش کۆتاییمە، ئاخر دەیان سەرکردەی حیزبی شیوعی لەوێ لەژێر ئەشکەنجە کوژران، لەوانەش سەلام عادلی سکرتێری حیزب و محەممەد حوسێن ئەبولعیس ونافیع یونس و عەبدولڕەحیم شەریف و جۆرج حەننا تەللۆ و......تاد.

بەڵام بردمیانە کۆشکی کۆماری، کە بردمیانە هۆڵی لێکۆڵینەوە، دیتم ژمارەیەکی زۆری لێکۆڵەرانی لێیە و خۆی لە ١٣ ئەفسەری هێزی ئاسمانی و ئەفسەری پۆلیس و ئاسایش دەدا. پرسیاری ئەوەیان لێکردم داخوا چۆن لەگەڵ کەسانی دی فڕۆکەی ئیلیوشنمان تەقاندەوە؟ گوتم ئەو پرسیارە بۆ من لەهیکڕایە ، من پشکنەری گشتیی وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵ بووم و ئێستاش هەر هەوم، پەیوەندیم بەو کارەوە چییە؟گوتیان دانپێدانانی هەریەک لە مولازم عادل ئاکرەیی و کەریم ئەسەدیی بۆ بخوێننەوە. ئەوان بەوەیان تۆمەتبار کردبووم گوایە هانمداون ئەو فڕۆکەیە بتەقێننەوە و ئەوەشیان لەگەڵ پلەدارەکانی هێزی ئاسمانی کردووە. قسەکانمم بە دێڕ و نیوێک تەواوکرد کە من نە ئاگام لەو مەسەلەیەیە و نە پەیوەندیم پێیەوە هەیە. لێرەدا عەقید ڕوکنێک هاتەژوورەوە، گوترا فەرمانەی لیوای ٢٥ی کۆشکی کۆمارییە و ناوی حەمید سەعیدە. قسەکانی منیان پێ

نیشـــاندا، ڕووی قســـانی لەمن کرد: مامۆســـتا موکەڕەم ، ئێمە ڕێزت دەگرین و لای ئێمە بەسەنگی، دان بە ڕاستییەکەدا بنێ، ئەوانەی پێشەتووش نکوڵییان لێکرد، بەڵام کە دارمان بەگەڕ خستڕاستییەکەیان گوت، جا وامەکە لەو ڕێزگرتنە دەرچین و بە هەمان شێواز دانی پێدا بنێی. گوتم: ئەوانەی دارتان لێ بەگەڕ خســـتن بەناهەق دانیان پێداناوە و، بەوەش ڕاســـتییەکـان لەبەین چوون، ئیـدی منیش وەک ئەو هەموو خەڵکە بێتـاوانەی بەنـاهەق ئازاردراون.

ڕووی لە لێکۆڵەرەکان کرد و گوتی: بیبەنەوە گرتووخانە، کاتێکی دی بدوایدا دەنێرینەوە. ئیدی بردمیانەوە گرتووخانەی سەربازگەی ڕەشید.

ڕاپەڕینەکەی سەربازگەی ڕەشید "بزاوتی حەسەن سریع"[46]:

ئەو سەربازانەی پاسەوانیی بەندیخانەیان دەکرد، کە بەشێکی کەتیبەی زرێپۆش بوون و مونزیر مستەفا دلێمی سەرکردەیان بوو، بەزەییان بە بەندییەکاندا دەهاتەوە و ڕقیان لە کارە خوێنڕێژییەکانی کودەتاچییەکان دەبووەوە و، بە تایبەتیش "حەرەس قەومی". ڕۆژێکیان یەکێکیان لە زمانی دەرچوو و گوتی بەوزووانە ئازادتان دەکەین، دوای چەند ڕۆژێک یەک لە پلەدارەکان گوتی ئەوان بە گوللە قفلەکان دەسڕکێنن و بەندییەکان ئازاد دەکەن، تا هەر ئەفسەرێک ئەرکی خۆی لە کۆتاییپێهێنانی ئەو دەسەڵاتەدا ببینێ، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک ئەو کەتیبەیە گواسترایەوە خانەقین.
بەرەبەیانی ٣ی تەمموزی ١٩٦٣ بەدەنگی تەقەی لێرەولەوێ بەئاگاهاتین، ئەو حاڵەتانەش ئاسایی بوون، جا یان دەستەیەک لە نیشتمان پەروەران لەداردەدەن، یان دەسڕێژی

---

[46] _ ڕەنگە هەوڵەکەی حەسەن سریع ڕواڵەتێکی سەرچڵیی تاکەسیی شانەیەکی حیزبی شیوعیی ژمارە دیاریکراوی هەبێ. بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوەی دەردەبڕێ کە بەو هەموو شێوازی سەرکوتکردنەی لەگەڵ شیوعییەکان کرا، هێشتاش کۆتاییی پێ نەهێنان و، ڕەنگە ئەوەش بۆ ئەو شێوازی ڕێکخستنە نهێنییە بگەڕێتەوە، کە سەرکردەی شیوعی ناوی لێ دەنێ "سەرەداوی" واتە هەر سانەیەک شانەکانی دی ناناسێ لەڕێی بەرپرسەکەیەوە نەبێ، جا هاشم حەمدانی یەک لە بەشداربووانی بزاوتەکە بووئاماژە بەوەی دەکا لەبەر ئەو داڕووخانەی تووشی ڕیزەکانمان ببوو بەترسەوە بەشدارییان کرد. ئەو هەوڵەی کودەتا، وەک ئەو کودەتایانەی پێشتری لە عێراق هەوڵیان بۆ درابوو، لەنێوان ئەفسەران و کەسایەتییە مەزنەکان نەکرا. پەیوەندییەکان لەڕێی محەممەد حەبیب"ابی سەلام"ەوە کران کە یەک بەرپرسانی ئەو سانە حیزبییانەبوو پاشماوەی شیوعییەکانی لە بەرگدرووی حافز لەفتەی ناوچەی قوسابخانەی نزیک گۆڕستانی غازالی و دووکانی دیکە کۆکردەوە. ئەو کابرایە ، بە پشتگیریی هەندی ئەفسەری شیوعی، نەخاسمە ئەوانەی لە هێزی ئاسمانی بوون، گرەوی لەسەر جێبەجێکردنی پلانی کودەتا کرد. لەلایەکی دیکەشەوە، کە ئەوەیان گرنگەکەیە،دەستیان بە گەران کرد بەدوای ئەو سەرکردانەی حیزبدا کە نەگیرابوون تا شان بدەنە بەر بەرپرسیاریيە سەرکردایەتییەکەیان، ئیدی دووکانەکەی حافز لەفتە بووە بنکەی ڕێکخستنەوەی حیزبی و کودەتایی. تەنێ بیرکردنەوەی محەممەد حەبیب"ابی سلام" لە گەران بەدوای هێزێکی سەربازیدا نیشانەی باوەڕێکی قووڵە بەوەی سوپا دەتوانێ ڕژێمی سیاسی بگۆڕێ نەک گەل، کە ئەوەش قەناعەتی ئەوانە بوو کودەتای ٨ی شوباتیان کرد. لەبەر ئەوە محەممەد حەبیب ناسینی نائیب عەریف حەسەن سریعی لەڕێی چەند خانەنشینێکی سەربازییەوە بەڕێگای گەیستنە ئامانج دانا. ئەو پیاوەش بە بەرپرسی سەرەداوێکی حیزبیی سەربازیی دادەندرێ کە نەکەوتبووە دەست لێکۆڵینەوەکانی دەسەڵات ." ئەو ڕێکخستنە سەربازییە داوای لە حیزبی شیوعیی عیراقی کرد پشتی بگرێ و پاڵپشتیی بکا تا ڕژێمی دەسەڵات بگۆڕێ.بەڵام سەرکردایەتیی حیزبی سیوعیئەوکارەیان بە جۆرەسنوور بەزاندنێکی بنەمایەکان دانا و گوایە پێچەوانەی پابەستیی حیزبییە". بەڵام ڕێکخستنە سەربازییەکە لەکاری خۆی بەردەوام بوو و پتر لە دووهەزار سەربازی ئامادەکرد، بەڵام کێشە ئەوەبوو نەیدەزانی چۆن ڕێکیان بخا و نەیدەتوانی ئاراستەیان بکا. ئەوە هێ لە نەبوونی ڕێوشوێنەکانی ڕێکخستن و سەنترالی. بۆیە سەیر نییە کە دەسەڵات دوو سەربازی ئەو ڕێکخراوە بگرێ، کە ئەوەش وایکرد سەرکردایەتیی ڕێکخراوەکە لە ئاشکرابوونی بترسێ و پەلەی لە تەقاندنەوەی هەڵویستەکە کرد وکرایە ڕۆژی ٣ی تەمموزی ١٩٦٣. للمزید:سیف عدنان ارحیم، الحزب الشیوعی فی عهد البكر ١٩٦٨- ١٩٧٩، دارالحكمة، لندن، ٢٠١٤، ص١١١-١١٥.

گوللەیە و بۆترســـاندنی خەڵکە، بەڵام دەنگەکـان خەریکبوون لە بەنـدیخـانەکە نزیـک دەبوونەوە. وەگرە گێمان لە هەرەشــەی ئەوەی بوو کە بەندیخانەکەی دەشــکێنن. لەناو ئەو گوولـلەبارانەیدا خۆمان بۆ چوونەدەری ئامادەکرد و، حازم سـەباغ و هاریکارەکانیمان دیتن لەژێر دەســترێژی گوللەدا لە ژوورەکانی بەڕێوەبەریی نزیک دەرگا ئاســنینەکەی دەرەوە دووردەکەوتنەوە تا لەناو جۆگەکانی باخچەکە دریژبن و خۆیان بپارێزن. پێدەچوو گواســتنەوەی کەتیبە زرێپۆشــەکە پلانەکەی زۆر تیکدابێ، ئاخر بەندیخانەکە "٥٠٠" کەس پتری لە ئەفســـەر و پلەداران و تایبەتمەندا تێدابوو و، ڕاپەڕیوەکان ئامانجیان ئەوەبوو بەریان بدەن تا بەتەواوی دەست بەسـەر سـەربازگەی ڕەشیددا بگرن و لەوێشڕا دەست بەســە بەغدادا بگرن. وەک دواتریّ گێڕایانەوە،ڕێکخراوێکی شــیوعیی 'ســەلام ئەحمەد' سـەرکردەی بوو پەیوەندیی بە ژمارەیەکی زۆری "زوبات سـەفە شـیەعییەکان"ەوە هەبووە کە هێشـتا ئاشـکرا نەببوون و لە سـەربازگەی ڕەشـید سـەربازبوون و، ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو ســـەربازگەی ڕەشـــید و بەندیخانە بگرن، جا ئەگەر پلانەکە ســـەرکەوت و ئەفسـەرەکانیان ئازاد کرد کە ژمارەیەکی زۆی فڕۆکەوان و ئەفسـەری زرێیان تیدایە، ئەوا دەتوانن بەغدای پایتەخت داگیر بکەن و حکوومەتی کودەتا لەناو ببەن، نەخاســـمە کە لە ســـەربازگەکەدا بنکەیەکیئاســـمانیی گرنگ هەبو و ژمارەیەک فڕۆکەی جەنگیی لێبوو.ئەو دەســـتەیە بە کردارێکی لێزانانە و بیّ شـــەڕ دەســـتیان بســـەر بنکە ئاســـمانییەکەی وســـەربازگەی تانکەکان و بەشـــێکی فراوانی ســـەربازگەکەدا گرت، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ڕوو لە گرتووخانەکەی بکەن کەهەشـت سـەد پلەداری"ضـباط صـف" شـیوعیی تێدابوو و بەهاسـانییش دەسـتی بەسـەردا دەگیرا و بەندییەکان ئازاد دەکران، کە زۆربەیان شـوفێری ئۆتۆمۆبیل و پلەداری ۆپخانەی بوون، ڕوویا لە بەندیخانەی ئەفســـوران کردن چونکە سەرکردەی ئەفسەریان نەبوو. پەیوەندییان بە ئەفسەرەکانی بەندیخانەوە نەبوو تا پلانێک و لەناوەوەڕا دەســتبەســەر بەندیخانەکە داگرن، کە ئەوەش گران نەبوو.ئەوان دەســتیان بەسەر دەروازەی سەربازگەی ڕەشیددا گرت و لەویّ زۆریان سەرکردەی سوپا و وەزیر و بەرپرس دەستگیر کرد، کەڕایانکردبوو بینە ناو سەربازگەکە. بەڵام عەبدولسوام عارف بە خۆ و بە کەتیبەی تانکەوە لە ســـەربازگەی وەشـــاشـــەوە هات و دەســـتی بەســـەر دەرگایســـەربازگەکەدا گرت و لەویشـــەوە دەرگای گرتووخانەکە، ئیدی توانی ژمارەیەکی زۆری ڕاپەڕیوەکان بگریّ و لەوانەش "ڕەئیس عورەفا حەســەن سـریع"ی سـەرکردەیان، ئیدی ئەو هەوڵە جەربەزەیەی ئەو پلەدارە ئازایانە شکستی هێنا، دیتم کەلەپچەکرابوون و پاسەوان بە بەرچیغ و قونداغە تفەنگان لێیان دەدان و خوێنیان لەبەر دەڕۆیی، ئیدی دوای لێکۆڵینەوەیەکی خێرا هەموویان گوللەباران کردن، بەڵام سەلام ئەحمەد دەربازبوو.

شەمەندەفەری مەرگ[47] بەرەو بەندیخانەی نوگرە سەلمان:

کودەتاچییەکان، لەسەرووی هەمووشیانەوە عەبدولسولام عارف، لە تۆڵەی ئەو ڕاپەڕینە سەرنەگرتووەی سەرباز و پلەدارەکان و بۆ ئەوەی لەسەربازگەی رەشید روویدا دووبارە نەبیتەوە، بڕیاری لەداردان "٣٠٠" ئەفسەری بەرزیان دا لەو ئەفسەرانەی لە گرتووخانەی سەربازگەی ڕەشید بوون.

دەڵێن لیوا ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکی وەزیران بوو، بەتوندی ئەوەی رەتکردەوە و توانی عەبدولسەلام عارفی بەوەی رازیکا گیراوەکان لە سەربازگەی ڕەشیدی بۆ نوگرە سەلمانی بیابانی دووربخرێنەوە ، تا ئەو پاشماوە شیوعییانەی لێرەولەوێ ماون هیچ هیوایەکیان نەمێنێ. ڕۆژی دووەم بە بەندییەکانیان ڕاگەیاند خۆیان بۆ سەفەرێ ئامادەکەن، تەنیا وەزیرەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و مامۆستایانی زانکۆ نەبێ، جا ئێوارەکەی بردنیانە وێستگەی شەمەندەفەری بەسرا تا بە واگۆنە ئاسنینەکانی کەلوپەلانی هیچ هەواگۆڕییەکیان تێدا نەبوو بیانگوازنەوە شاری سەماوەی و لەوێسەوە بە پاس بیانبەنە بەندیخانەی نوگرە سەلمان.

سەرۆک عەبدولسەلام عارف و تاهیر یەحیای سەرۆکی ئەرکانی سوپا فەرمانیان ئەوەبوو ئاوڕ لە هانا و هاواری بەندییەکان نەدرێتەوە ودەرگا نەکرێتەوە و فریاکەوتنی سەرەتاییان بۆ نەکرێ، ئیدی سەفەر لەکاتی شەوێ باشتربوو بەڵام واگۆنە ئاسنەکان لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای بەیانی بوونە دۆزەخێکی بەرگەیان نەدەگیرا، واگۆنە بەتالەکانی هیچ کونێکی هەواگۆڕکێیان نەبوو گەرمداهاتن و، لەبەر ئەوەی بە ئارەقەکردن خوێ لە لەشی زۆربەی بەندییەکان دابەزی و، هاوار و ناڕەزاییەکانیان هەتا گەیشتنە شاری سەماوەی دادی نەدا و، کە دەرگاکانیان کردەوە ئیدی بەندییەکانیان بەڕاکێشان هێنا دەرێ، ڕافد ئەدیب بابانی پزیشکی عەقید لەناو گیراوەکان بوو، جەماوەرێکی زۆری خەڵکی سەماوە لە وێستگەی سەمەندەفەر کۆببوونەوە تا هاریکاریی گیراوەکان بکەن.

---

47 _ ئارەزیی کوشتنی شیوعییەکان لای سەرکردەکانی کودەتای ٨ی شوبات هێشتا بەهێزە و و دوای بزاوتەکەی حەسەن سریع لە هەموو کاتێک چالاکترە و، ڕژێم دەستی بە گواستنەوەی بەندییە سەربازەکان کردووە و لە بەندیخانەی سەربازگەی ڕەشید کە ژمارەیان خۆی لە ٤٥٠ ئەفسەر دەدا و هەندێکیان لایەنگری عەبدولکەریم قاسم بووینە و هەندێکیان شیوعی، سەرۆک عەبدولسەلام عارف و ئەحمەد حەسەن بەکریسەرۆکوەزیران بەوەیان تۆمەتبار دەکردن گوایە دەستیان لەگەڵ حەسەنسریع و هاوڕێیەکانی هەبووە، ئیدی، وەک هانی فەکیکی ئاماژەی پێدەکا، لەسەر لەداردانیان مکوڕبوون، ئەوەیا خەیاڵی ئەوەی مێشکی داگرتبوون ئەگەر ئەوانە بەزیندوویی بمێننەوە خەلکی دی هاندەدا پیلانان بگێڕن، ئیدی بە شەمەندەفەر رەوانەی نوگرە سەلمان کران و ئەو شەمەندەفەرە بە "شەمەندەفەری مەرگ" ناسرا. للمزید:هانی الفکیکی، اوکار الهزیمة(تجربتي في حزب البعث العراقي" مؤسسة المنارة، ١٩٩٢،ص٢٧٩.

دکتۆر داوای لێکردن ئاو و خوێی چێشــت بێنن تا فریای ئەوانە بکەون بووراونەتەوە، جـ بە هاریکاریی خەڵکەکە توانیی ڕزگاریان بکا و ژمارەیەکیشــیان بۆ چارەســـەر ڕەوانەی خەستەخانە کران.

من لەگەڵ وەزیر و بەڕێوەبەرەگشتییەکانی گیرابوون لە گرتووخانەی سەربازگەی ڕەشید ماینەو. ڕۆژێکیان حازم ســـەباغی فەرماندەی گرتووخانەکە دیتمی، پرســیبووی بۆ لەگەڵ بەندییەکانی دی ڕەوانەی نوگرە سەلمان نەکراوم، گوتبوویان چونکە بەڕێوەبەری گشتییە. گوتبووی دەبێ ڕەوانەی نوگرە سەلمان بکرێ.

لە گرتووخانەی ســـەربازگەی ڕەشـــید ماینەوە و ، ڕووداوێکی خۆش هەیە دەمەوێ بیگێڕمەوە:

ئەحمەد محەممەد یەحیای وەزیری ناوخۆدســـتە کاغەزێکی یاریی پۆکەری هەبوو و . وەزیرەکانی قاســم فلّیان پێ دەگرتەوە، ڕۆژێکیان بەیانییەکەی دەســتە کاغەزەکەم لەژێر ســـەرینەکەی ئەحمەد محەممەد یەحیای دەرهێنـا، ئیدی خەریکبوو وەک ئەوان فـاڵم دەگرتەوە و، ئەوانیدی خەوتبوون. ئەنجامی فالەکە باشـــبوو، ئیدی ئەحمەد محەممەد لە خەوەکەی هاواری کرد: کاک موکەڕەم ئەوڕۆ بەردەبێ!وەزیرەکان لەخەو هەســـتان و پرسیاری سەرچاوەی هەواڵەکەیان دەکرد، گوتی: فاڵەکە وای گوت.

ســـەعات دەی ئەو ڕۆژە، ئەفســـەرێکی بەڕێوەبەریی گرتووخانە هات و گوتی: موکەڕەم تاڵەبانی و، حەســـەن تاڵەبانی، جلەکانتان لەبەرکەن ئێوە بەردەدرێن. عەمید ئەحمەد محەممەد یەحیا و عەمید محێ عەبدولحەمید هەڕایان کرد تا جانتا و نوێنەکەم بۆ ئامادەبکەن، بەلام لەجێی خۆم نەجوولام و گوتم:تۆ بڵێی ئەوانە بەرمدەن؟! هێشـــتا نەجوولامەوە، ئەفســـەرەکە دیســـان هاتەوە و گوتی: ببوورن تەنیا موکەڕەم تاڵەبانی بەردەدرێ، من هێشـــتا ڕەقببوم. دوای تۆزیک هاتەوە و گوتی ببوورە بەردان نییە . موکەڕەم تالەبانی ڕەوانەی نوگرە ســـەلمان دەکرێ، ئەودەمی هەســـتام شـــتومەکەکانم کۆکەمەوە و گوتم: ئەوە ڕاستە، ئاخر ماقوول نییە ئەوانە بەرمدەن!گواسترامەوە پۆلیسی "تەسـفیرات" وڕۆژی دواترێ بەشـەمەندەفەر بردرامە سـەماوەی و لەوێرا بۆ بەندیخانەی نوگرە سەلمان.

لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان، حەرەس قەومییە بەعسییەکان سەرپەرشتیی بەندیخانەیان دەکرد و ڕەشـاشـیان لەسـەر بانەکانی بەندیخانە دانابوو و دەرگایان لەسـەر بەندییەکان دادەخست و، ژمارەی بەندییەکانیش لە ١٧٠٠ کەس پتربوو و، ژمارەیەکی زۆری ئەفسـەر و پلەداریان تێدابوو. کابرایەکی فەلەستینی لەگەڵ حەرەس قەومییەکان بوو و لە هەمووان دڕتربوو، داوای لە بەندییەکان دەکرد هەرکەس لەسەر نوێنی خۆی دانیشێ و کەس لەگەڵ

ئەوەی تەنیشتیشی قسان نەکا و بە دیالێکتە فەلەستینییەکەی دەیگوت: "کە دەرزی هەڵدەم نەبێ گوێن لە زرینگەکەی بێ"[48] ئیدی بەندییە سەربازەکان پیلانیان لێ دانا، کە ئەو قسەیەی دووبارەکردەوە دایانە بە نەعلان و دەیانگوت"تەنیا گویت لە نەعلان دەبێ"ئیدی کە لەدەستیان بەربوو و چووەدەرێ بە ڕەشاشەکەی دەسترێژێکی لێ کردن، بە لام ڕێکەوت وابوو بە کەس نەکەوت.

[48] _ بە بنەزمانە فەلەستینییەکەی ئاوایە: "من القي الابري لازم اسمع لها رني"

هەڵوێستی مەلا مستەفا بەرانبەر شیوعییان:

هەر لە ڕۆژی یەکەمڕا ســــەرکردەکانی کودەتا دەیانگوت لە شـــــیوعییان بترازێ ئەوان دوژمنی کەسی دی نین، بە دەربڕینێکی ڕاشکاوانە ش دەیانگوت ئەوان دژی ئیستیعمار و کۆنەپەرســــتی نین، بەڵکو نوێنەری ئەوانیان وەک پەیامنێری ڕۆژنامان دێنان تا بەچاوی خۆیان ببینن چییان بە دوژمنانی ئیســـتیعمار و کۆنەپەرســـتان کردووە و یاســـای ژمارە "٨٠"ی سالی ١٩٦٠ یان لەسـەر ڕەفکەی دانا تا داوا لە کۆمپانیاکانی نەوت بکەن بەئازادی کاری زۆیان بکەن و بەرهەم زیاد بکەن.هەندێ سـەرکردە و کادیری حیزب لە کوسـتن و گرتن دەرباز ببوون و، توانیبوویان بگەنە کوردســـتان تا بچنە ڕیزی ســـەرکردایەتیی لقی کوردســـتان و، جارێکی دیکەش خەریکبوو پەیوەندیی نێوان حکوومەت و ســەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی تێکدەچوو و، شـیوعییەکان لەوێ لەبەینی دوو ئاگردا بوون، لەلایەک ڕاوەدوونانی حکوومەت و لەلایەکی دی ڕاوەدوونانی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، باڵی "ئیبراهیم ئەحمەد- جەلال تـالەبـانی". ئەگەرچی ئیبراهیم ئەحمەد لە گونـدی قەســـرێ کوردســــتان، کە بارەگای بارزانی لە ١٩٧٤ لەوێ بوو، پێیگوتم :"لەوەی دڵنیام ئەوەی دوژمنایەتیی شـیوعییان بکا سـەرەداوێکی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسـتیعمار هەیە"، بەلام دەبێ هەمووجـارێـک لە بەڵگەی نوێ و لە ســــەرەداوی نوێی ئەو پەیوەنـدییە بگەڕێین و، شـیوعییەکان لەو ماوەیەی شـل و پەیتیی پەیوەندیی نێوان حکوومەت و سـەرکردایەتیی کوردی زۆریان کێشە بۆ دروستبوو.

کە حکوومەت داوای کرد ئەو شـیوعییانەی لە کوردسـتانن بدرێنەوە دەسـتی، هەڵوێسـتی مەلا مســــتەفای زۆر شـــکۆمەندانە بوو، ئاخر ئەو متمـانەی بە هـاوکاریی حکوومەت لاوازبوودووچاری کێشـــەی باڵباڵێنی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردســــتانیش ببوو و بەتایبەت لەگەڵ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد- جەلال تاڵەبانیی دواترێ لە ١٩٦٤ جودابوونەوە.

بارزانی دەیویست هەموو نەیارانی حکوومەت لەژێر سەرکردایەتیی خۆی کۆکاتەوە و، بە پـاراســــتنی شــــیوعییەکـانیش جـاوی لەوەی بووپەیوەنـدییەکـانی لەگەڵ دامەزراوەی سۆسیالیست و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی جیهانی باشتر بکا.

ڕاســتییەکەی، بارزانی نەیدەویشــت وەک حیزبێکی سـیاسـیی خاوەن قەوارە هاوکاری لەگەڵ شــــیوعییەکان بکا، بەڵکو دەیویســـت وەک پەنابەر بیانپارێزێ وبە " پەنابەر" ناوی دەبردن، بێ مۆڵەتی خۆیشی قەدەغەبوو چەک هەڵگرن.

بارزانی، ئەوەندەی باوەڕی بە پشـتگرتن و پشـتیوانیی دەرەوە هەبوو ئەوەندەی باوەر بە توانای گەل نەبوو خۆی مافی خۆی بستێنێ و، کەمیشی باوەڕ بەتوانای حیزبەکان هەبوو گەل بۆ تێکۆشـان کۆکەوە و،ئەو دەیویست حیزب و ڕێکخراوەکان هاریکاری دەسەلات و

سـەرکردایەتییەکەی بن، هەر حیزبە و ناوێکی ناشـیرینی لێنابوون، بە حیزبی شـیوعیی دەگوت "حیزبی حوسین ئەلڕەزی"، مەبەستی سەلام عادل بوو.
کە شـەڕ لە نێوان بەعس و بزووتنەوەی وردی هەڵگیرسـایەوە، سـاڵح مەهدی عەماشـی وەزیری بەرگری ئیحای ئەوەی دەدا کە لە مەودای پازدەڕۆژان بزووتنەوەی چەکداریی کوردی کۆتایی پێدێنی و کوردسـتان داگیر دەکا. بەوجۆرە، حکوومەت لە کوردسـتان سیاسەتی "زەویی ئاگرراوی" گرتەبەر، ئیدی دەستی بە سووتاندنی گوند و کێڵگەکان کرد و لە هەموو جێیەک خەلکی دەکوشت.
ئەو کارە بەربەریسـتییانە؛ کوشـتوبڕی شـیوعییەکان و دیموکراتییەکان و گەلی کورد، ڕەنگدانەوەی ئەو قەیرانە قووڵەبوو کە کودەتاجییەکانی تێدا دەژیان. شـیوعییەکان وەک دەستەی سـەربەخۆی خۆبەخش هاتنە ناو ڕیزەکانی شـۆڕسـی چەکداریی کوردستان و، پێویسـتیان بە چەک و جبەخـانە و ئـازووخە هەبوو و، بزووتنەوەی کوردییش بـایی پێویستی نەدەدانی و بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردن.
حیزبی شـیوعی لە کوردسـتان هەر تەنیا ڕیزەکانی ڕێکنەخسـتەوە وبەس،دەسـتی بە فراوانکردنی ڕێکخسـتنەکانی پایتەخت و شـارەکانی دیکەی عێراقش کردبوو. دیسـان پەیوەندیی بە توێژەکانی گەلەوە کردبوو لە کرێکاران و جووتیاران و قوتابیان و توێژی دیکەش. دەنگوباسـی بەرگریی شـیوعییەکان و هێزەکانی پشـتیوانی ورەی خەڵکەکەی بەرزدەکردەوە.
بلاوکراوە و ڕۆژنامە نهێنییەکانی حیزبی شیوعی دەگەیستە زۆربەی شـار و سـارۆچکە وگونـدەکـانی عێراق و، هەزاران کەس گوێیـان لە رادیۆی حیزبی شـیوعیی دەرەوە ڕادەگرتکە بە ئێزگەی "دەنگی گەلی عێراقی" ناسـرابوو، کە ڕووی تاوانە دیکتاتۆرییەکانی هەڵدەماڵی و ، هەواڵی سـەرکوەتنەکانی شـۆڕشـی کوردی و هێزەکانی پشـتیوانیی بلاودەکردەوە.

کودەتای ١٨ایتشرینی دووەمی ١٩٦٣:

کودەتای سەرکردە بەعسییەکان هەر نۆ مانگی خایاند، ئەومانگانەس لەلایەک ئەو ململانێیانەیان بەخۆوە دیت کە کەوتبووە نێوان سەرکردەکانی بەعس و هێزە قەومییەکان و سەرباریش دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕی کوردستان دوای ئەوەی بەعسییەکان ئەو بەڵێنانەیان شکاند کە بە بزووتنەوەی کوردییان دابوو.

لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ عەبدولسەلام عارف و هاوڕێکانی کودەتایەکی سەربازییان بەسەر بەعسییەکاندا کرد کە لەبەر کێشەی نێوانیان داوایان لە مێشیل عەفلەق کردبوو بێ دەسەاتی عێراق وەرگرێ.

حەرەس قەومییەکانی بەندیخانەی نوگرە سەلمان، دوای ئەوەی دەنگوباسی کودەتایەکەی عارف و ئەو زنجیرە دەستگیرکردنانەیان گەیشتێ کە بەسەر ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانیان ڕاگەیشتبوو و، بڕیاریان دابووزۆرترین ژمارەی بەندییە شیوعییەکان، چ مەدەنی و چ سەربازی، بکوژن کە سەرکردەی حەرەس قەومییەکانی بەندیخانەی نوگرە سەلمانیش سەلیم زیبەق بوو و بەنیازبوون دواترێ ڕاکەنە سووریا.

بەڕێوەبەری بەندیخانەکە عەبدولڕەحمان جاسم بوو، ئەو ئەفسەرێکی خانەنشین و مرۆڤێکی چاک بوو و هاوسۆزی گیراوە سەربازییەان بوو. لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی بادییە ڕێککەوتن تا ڕێ لە جێبەجێکردنی ئەو قەسابخانەیە بگرن و، وەک جێبەجێکردنی فەرمانێکی حکوومەتی نوێش، کە ئەحمەد حەسەن بەکرد وەک سەرۆکوەزیر تێیدا مابووەوە، ئیدی هەندێ بەندیوانیان هەنارد ئەو ئۆتۆمۆبیلانە بەتاڵکەن کە ئامادەکرابوون تا دوای قەسابخانەکە بەهۆیانەوە بەرەو سووریا ڕاکەن. ئیدی بەڕێوەبەری بەندیخانە خەریکبوو بە وریایی بە فێڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکردن، دواترێ پەلاماریدان و چەکی کردن و جلەسەربازییەکانی لەبەرکردنەوە و گرتنی و بە پۆلییس ڕەوانەی بەغدای کردنەوە. ئیدی بەندییەکان ئاوا لە قەسابخانەیەک دەربازبوون بەعسییەکان بەتەمابوون بەرپای بکەن.

لێکۆڵینەوە لەسەر تێکدانی سیستەمی دەسەڵات:

هەر چەند مانگێک لەوی مامەوە، برووسکەیەک هات داوای دەکرد ڕەوانەی بەغدام بکەنەوە تا لەسەر ئەرکە فەرمانبەرییەکانم لێکۆڵینەوەم لەگەڵ بکرێ بە تۆمەتی تێکدانی سیستەمی دەسەلات. وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵی پێش لێکۆڵینەوەکە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەسەر کار دەریانکردبووم.

مامۆستا عەبدولڕەزاق زوبێری بەڕێوەبەری چاکسازیی کشتوکاڵییسم لەگەڵدابوو، شەوێک لە بنکەی پۆلیسی بادییە ماینەوە، بە ئۆتۆمۆبیلێکی پۆلیس ئێمەیان بردە سەماوە، لەوێش بۆ بەغدا. کە گەیشتینە گۆڕەپانی ئەمینی شەقامی ڕەشید" ئێستا گۆڕەپانی ڕەسافییە"، سەرباری ئەوەی پڕی سەرباز و پۆلیس بوو، یەک لە گیراوەکان خۆی لە ئۆتۆمۆبیلەکە فڕێدا و ڕایکرد، ئەو پەڕیسووتوان بوو. سەربازەکان دەیان فیشەکیان پێوەنا، بەڵام توانیی بۆی دەرچێ و لە کۆڵانە تەسکەکاندا خۆی بشارێتەوە. لەبەر ئەوە ئێمەیان بردە بنکەی پۆلیسی سەرای، ژووری ڕاگرتنەکە پڕی گیراو بوو و پلەی گەرماس بەرز بوو، بۆیە عەبدولڕەزاق زوبێر بوورایەوە، ئیدی نارەزاییمان پێشەسی پۆلیس کرد و، هەر ئەو شەوی ئێمەیان گواستەوە جێی ڕاگیرانی گستی بەسی سیاسییەکان، هەندێ وەزیری پێشترێ و هەندێ بەڕێوەبەری گشتی ولەوانەش نەقیبێکی دەرمانساز و دکتۆر مەهدی مورتەزا. لە ووریکدا مامەوە مامۆستا ئیبراهیم کوببە و دکتۆر حافز تەکمەچی و عەبدولڕەزاق زوبێر و یونس تائیی ڕۆژنامەنووسی لێبوو.

چونکە دەبوایە ژوورێک بۆپێشوازیی ئەو ئەفسەرانە ئامادەبکرێ کە دوای ئەوەی بە حوکمی گران حوکمدرابوون ڕەوانەی نوگرە سەلمان دەکران، ئیدی ئەوانەی ژووری ئێمە دابەشی سەر ژوورەکانی دی کران. هەردوو بەڕێزان ئەحمەد محەممەد یەحیا و محێدین عەبدولحەمید کەلوپەلەکانیان گواستەمەوە ژوورەکەی خۆیانو، مامۆستا محەممەد حەدیدیش لەوی بوو

بەشی سیاسی پیس و پۆخڵبوو و ئاودەستەکانی گیرابوون و جێیەکە پڕی ئاغزە جگەرەبوو. دوای ئەوەی مۆڵەتم لە بەندییەکان وەرگرت، یەکەم کاری کردم کاری بە کومەڵی پاککردنەوەی بەشەکە بوو و دەبووایە دوو کەسیس بە نۆبەت بەرپرسیاری پاکیی بەشەکە بن، حەوشەکەیان بشووشتایە و فێنککەوەکانیان پڕ ئاو بکردایە و لینەگەڕابان ئاغزە جگەرە فڕێدرێتە سەر زەوی و قوتووی بەتاڵیان بە دیوارەوە بکردایە بۆ ئاغزە جگەرە. من و دەرمانسازەکەی ئەویس هەر شیوعی بوو گیزەرە نەوتییەکەی ئاو گەرمکردنمان چاککردەوە و ئیدی بە ئاوی گەرم خۆیان دەشووشت.

فازڵ بەیاتیی بەڕێوەبەری نیشتەجێکردن لەکاتی چاکردنەوەی حەمامەکە و ڕێکخستنەوەی بەشەکە دیتمانی، ڕاوەستا و گوتی: ئەو بەعسییە گەمژانە بۆ پەنا بۆ ئەسکەنجە دەبەن تا وابکەن خەڵک دانپێدابنێ شـــیوعییە، هەر بـاچـاودێری بکەن و بزانن کێ بەخوایش خۆدەبەخشێ و خزمەتی خەڵک دەکا ئیدی ئەوە بێ ەسکەنجە و دانپێدانان شیوعییە.
دەســەڵاتەکانی کودەتا نەیانوانی هیچ بەڵگەیەکی گەندەڵی و ســەرپێچیی یاسـا بدۆزنەوە تا بەرپرســـەکانی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاســـمی پێ تۆمەتبار بکەن . کە دەســـتەی لێکۆلینەوەی تـایبەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی لێکۆڵینەوەیـان لەگەڵ دەکردم، داوایـان لە وەزارەتی چاکســازیی کشــتوکاڵی کردبوو تا ئەو ســەرپێچییە دارایی و بوەڕێوەبەرییانە ئاشـــکراکەن لە کاتی کارکردنم لەوێ کردوومە، وەڵام هاتەوە: ئێمە هیچ ســـەرپێچییەکی دارایی وبەڕێوەبەریی ئەومان نەدۆزییەوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا ســـەعدون حەمادیی وەزیر چەندین ساڵ لەخزمەت دەرکرێم.
ڕۆژێکیان بۆ لێکۆڵینەوە داوایان کردم، دەســـتەی لێکۆلینەوەکە لە عەقید عەلی کەســـار و هەردوو دادوەر فەیســـەڵ ئەوســـی و وەحید حافز پێکهاتبوون کە هاوڕێی کۆلێژی مافم بوون و، لە هەندێ کاری لێکۆڵینەوەش ، ئەوکاتەی پشکنەری گشتیی وەزارەتی چاکسازیی کشتوکالی بووم، لەگەڵمدا بەشدار ببوون. لێکۆلینەوەکە سەبارەت بە 'تیکدانی سیستەمی دەسـەڵات' بوو، ئیدی تۆمەتەکە بە وەڵامەکەی وەزارەتی چاکسـازیی کستوکاڵی سـەرەوە سرایەوە، مەسـەلەکەی دیکەیان ئەوەبوو کە سـەر بە بزاوتی لایەنگرانی ئاسـتی بوویمە و کتێبی'هاوپەیمانیی نێوان کرێکاران و جووتیاران'ی لینینم پێ گیراوە. نکۆڵیم لەوەی نەکرد ســـەربە بزاوتی لایەنگرانی ئاشـــتیمە چونکە بزاوتێکی مرۆڤایەتییە و کار بۆ پاراســـتنی بەســـەرییەت دەکا لە بەلایەکانی شـــەڕی ئەتۆمی، ڕەتمکردەوە کتێبەکەم هەبووبێ، جونکە ئەوان لەناو دیکتی هەوای نووسـینگەکەی وەزارەتم دۆزیبوویانەوە و، ئەودەمی ئەو کتێبە قەدەغە نەبووە، باشـــە بۆ لەوێی بشـــارمەوە! کەواتە ئەوە دوای کودەتا شـــاردراوەتەوە ئەوکاتەی حکوومەتی نوێ ەو چاجۆرە چاپکراوانەی بە بەڵگەی تاوان داناوە. منیش لە بەیانییەکەی ٨ی ســـوباتی ١٩٦٣ ڕا لە نووســـینگەکەی خۆم دەوامم نەکردووە، بەپێی بەڵگەنامەی بوون ونەبوونی کەلوپەلی ژوورەکەم، کودەتایەکە لە زســـتانێ بووە و ئەو چاپکراوانەش لە هاوینێ و لەکاتی ئیشپیکردنی فێنککەرەوە دۆزراونەتەوە، ئیدی هەژماری کەلوپەل یان پشـــکنین دوای شـــەش مانگ پتر دوای کودەتا کراوە و خەڵکی دیکەش ژوورەکەیان بەکارهێناوە، بۆیە هەبوونی هیچ بەڵگەیەک ناکەوێتە سەرشانی من.
بەڵام دەســتەی لێکۆلینەوە بە تۆمەتی 'تیکدانی سـیسـتەمی دەسـەڵات' و سـەر بە بزاوتی لایەنگرانی ئاشتی و خاوەنداریی چاپکراوی قەدەغە، هەواڵەی دادگای شۆڕشیان کردم. جا

دەستەی لێکۆڵینەوە لێیان پرسیم داخوا لە دەستەیەکی دی، سەبارەت بە حیزبی بوونم، لێکۆلینەوەیان لەگەڵ کردووم، ئیدی بە بەڵێ وەڵاممدایەوە و لەوبارەوە لێکۆلینەوەیان لەگەڵ نەکردم

لەگەڵ کۆتاییهاتنی لێکۆڵینەوە سەرۆکی دەستەکە لێی پرسیم داخوا حەزملێیە لە بەغدا بمێنمەوە، چونکە لێکۆلەنەوە تەواوبووە و ئەگەر وابنووسی ئەوا دەمبەنەوە بەندیخانەی نوگرە سەلمان ئیدی داوامکرد لەبەغدام بهێڵنەوە، ئەویس نووسیی لێکۆڵینەوە هێشتا تەواو نەبووە و، داوای کرد لێرەم بهێڵنەوە بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوە و، گەرامەوە بەشی سیاسیی بەندیخانەی بەغدا.

لەو ماوەیەی لە بەندیخانەی بەغدا بووم دەستەیەکی دیکەی لێکۆڵینەوە ی سەرکردایەتیی هێزی ئاسمانی دیسان بۆ لیکۆڵینەوەی تۆمەتی تەقاندنەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی سەردەمی قاسم هاتن و منیش وەڵامم نەخێر بوو. دەستەکە دیتییان وەڵامەکەی پێشتریم کورتە و منیش واژووم نەکردووە و دەستەکەش باوەریان بە پووچیی تۆمەتەکە هێنابوو.

ڕووداوێکی سەیری بەندیخانەی بەغدا:

ڕۆژێکیا مەئموری بەندیخانە هاتەلام و گوتیدکتۆر عەبدولکەریم هانیی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەردانی بەندیخانە دەکا. ئیدی دەبێ لە ژوورەکان بێنەدەرێ و بۆ پێشوازیکردنی لە حەوشەکەی ڕیزبن. گوتم: بۆ ئێمە قوتابیی باخچەی ساوایانین تا بۆ پێشوازیی وەزیری ڕیزبین؟ بەشی زۆری بەندییەکان وەزیری پێشوون وسەنگی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، ئیدی چۆن بەو جۆرەی پێشوازیی وەزیری بکەن؟ تووڕەبوو دەرگاکەی بەتوندی داخست،، دوای تۆزێک محەمەد حەسەن تائیی بەڕێوەبەری بەندیخانە. کە مرۆڤێکی هێمن و ژیربوو، بەدوویدا هەناردم و پرسیاری ئەوەی کرد چی لەنێوان من و مەئمووری بەندیخانە ڕوویداوە، سکاڵی لە دژەمن کردبوو. جا هەڵوێستەکەی کابرام بۆ ڕوونکردەوە، بەدوای مەئمورکەیدا نارد و پێگوت: "کوڕەکەم، ئەوانە تا دوێنێ وەزیر بووینە، تەمەنناما دەکرد ڕازیبن بمانبینن، ئەوەش مەسەلەیەکی سیاسییە و ڕەنگە سبەینێ ئەوان پێکبێنەوە و هەندێکیان بچنەوە وەزارەت، من پێموانییە وەزیری بەڕێز داو لە محەممەد حەدید یان ئەحمەد محەممەد یەحیا یان محێدین عەبدولحەمید بکا، بەو شێوەیەی داوات لە موکەڕەم تاڵەبانی کردووە، بچنە پێشوازیی، جا ئەگەر وەزیری بەڕێز ئارەزوو بکا سەردانی ئەو بەشە بکا با بەخۆی هەڵبژێری چۆنی دەکا، ئەگەر منیش لەجێی ئەو بوومایە سەردانی ئەوانەم دەکرد و سڵاوم لێ دەکردن. ڕاستییش، وەزیر هاتە بەشەکە و بەژوورەکاندا گەڕا، بەڵام بێ سەلام و کەلام.

لەبەردەم دادگای شۆڕش:

دادگای شۆڕش دادگایەکی نائاسـاییە و حکوومەتە سـەربازییەکان و شـۆڕشـگێڕییەکان پێکیدەهێنن تا دوژمنانی شــۆڕش یان کودەتای پێ دادگایی بکەن، واتە ئەوانەی لایەنگری دەســەڵاتی پێشــتری بووینە. ئەو دادگایەس پێکهێنرابوو لە عەمید عەبدولڕەحمان تکریتیی ســـەرۆکی دادگا و عەقید خالد شـــێخلی و عەقید ئەحمەد مەحموود نعێمی و، داواکاری گشتییش ڕاغب فەخریی مافناس بوو.

ئەوەی خۆشبوو ئەوەبوو کە هەریەک لە حەمید ناسری بەڕێوەبەری گشتیی بەروبوومی خورما و مامۆستا نەعیم بەدەویی بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیجوونە بەردەم ئەو دادگایە و، ئەعیم بەدەوییان ، هەر لەبەر ئەوەی جنێوی بە شــۆڕشـــی کوردی و مەلامســـتەفای بارزانی نەدابوو بە دەســـاڵ کاری قورس بەندکردبوو، لەبیرمە، دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بەندێکی تێدابوو ئەوانەی لەســـەر کێشـــەی کورد حوکمدرابوون ماوەی بەندییەکەیان بۆ بە خزمەت دادەندرا، ئیدی مەســـەلەکەی نەعیم بەدەویم خســـتە بەردەمی ســـامی عەبدوڕەحمانی وەزیری کاروباری باکوور تا بەغەمی بکا و لەبەرانبەر ئەو هەڵوێستە سکۆمەندانەیەی بەرانبەر شۆڕی کورد ڕێزی لێ بگیرێ، بەڵام ئە ڕەتیکردەوە و ئەنجەتیشی ئەوەبوو عارەبە و بڕیاروکو نایگرێتەوە.

لە گرتووخانەکە، عەقید سەلمان حیسانمان لەگەڵدابوو، هەرچەندجاری کەسێکیان ببردبایە دادگای شۆڕش یان ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی، دەنکە حەبێک ڤالیۆمی هێورکەرەوەی دەدایە، دەیگوت؛ پیاوی خراپن، ڕەنگە هەندێ قســـە بکەن و تووشـــی هەڵچوونت بکەن و خۆت لەبیربچێ، ئەو دەنکە هێورکەرەوەیە بخۆ.

ئەو ڕۆژەی بۆ دادگاییکردن داوایان کردم،وەک خووی خۆی بەخۆ و بە دەنکە ڤالیۆمەوە هاتەلام، بەڵام من داوا سـێدەنکم لێکرد، سـەری سـوڕما چونکە سـێ دەنک زۆرە و نابێ بخورێ، گوتم من هەڵناچم و دەمارم ناگیرێ و پێویســـتم بە هێورکەرەوە نییە، بەڵام ئەو سێ دەنکە دەدەمە ئەندامانی دادگا تا هێور ببنەوە وبەرگەی قسەکانم بگرن.

لە ڕۆژی دادگای ڕێکەوتی ســـێشـــەممەی ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٦٤، دادگاییکردنەکە بەســـەرۆکایەتیی عەمید عەبدولڕەحمان تکریتی و خالد شـــێخلی و عەقید حوســـێن عەبدولجەبار لە سەعات دە دەستپێکرد و داواکاری گشتییش ڕاگب فەخری بوو.

_ سەرۆکی دادگا پرسیی: ناوت؟ گوتم موکەڕەم جەماڵ تاڵەبانی

_ تەمەنت: ٤٠ ساڵ.

_کارت: پشکنەری گشتی لە وەزارەتی چاکسازیی کومەڵایەتی.

_ لە کوێ دادەنیشی؟: بەغدا- وەزیرییە.

ئەوجا ڕاغب فەخریی داکاری گشـــتی هەسـتایەوە، ئیدی خوێندنەوەیەکی دووردودرێژی خوێندەوە کە لە ڕاپۆرتی دژیەکی لە دژی من کۆکردبووەوە،کە لە دۆسـیـیە چەندین ساڵەکەی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتیمدا هەبوو. پوختەکەی ئەوەبوو:
تاوانبار یەک لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردسـتانە و، یەک لە شـیوعیی هەرە دەمارگیرەکانی باوەڕی شیوعییەتە و، لە ١٩٤٩حەوت سـاڵبەندیی بە کاری قورسـەوە بۆ بڕاوەتەوە و ئەوجا سێسـاڵیشـی لە دوورخراوەیی بەسـەربردووە. دوای شـۆڕشـی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لایەنگیری عەبدولکەریم قاسـم بووە، وەزارەتی بازرگانی یاسـای ئینحیسـاری تووتنی هەموارکردووەتەوە تا بتوانن بە بەڕێوەبەری گشـتیی ئینحیسـاری تووتنی دامەزرێنن، چونکە پلە وەزیفییەکەی هیی ئەوەی نەبووە. لەسـەردەمی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەکە بە شـیوعییان سـیخناخ بووە کە هەموویان تاوانبار دایمەزراندوون و ئەو فەرمانبەرە قەومییە دڵسـۆزەکانی خاکی نیشـتمانی دەچەوسـاندەوە، وەکچۆن بێ ئەوەی ڕەچاوی هەستی عێراقییە قەومییەکان بکا تووتنی لە وڵاتە شیوعییەکان هاوردووە ئەو لە لایەنگرانی بزاوتی قەدەغەکراوی ئاشـتیی جیهانییە و بڵاوکراوەی شـیوعیی لەلا گیراوە و ، دەسەڵاتەکەی قاسمیش لەسەر شانی خەڵکانی وەک ئەو بنیاتنرابوو و یەک لەو کەسانەیە کە سیستەمی دەسـەڵاتیان تێکداوە. بۆیە، داوا لە دادگای ڕاوەستاوتان دەکەم لەبەر نکۆڵیکردنی لە خاکی نیشـتمان و تێکدانی سـیسـتەمی دەسـەڵات، توندترین سزای بدەن.
دوای تەواوبوونی خوێندنەوەکەی داواکاری گشتی، سەرۆکی دادگا لێیپرسیم:
_تۆ تاوانباری؟ گوتم نەخێر.
_ ئەدی سـەبارەت بەو تۆمەتانەی بەرەوڕووت کراونەتەوە چ دەڵێی؟ لە بەرگرییەکەم وەڵامیان دەدەمەوە بەڵام چەند تێبینییەکم هەیە و دەیانخەمە بەرچاوی دادگای بەڕێزتان.
پارێزەرت هەیە: نەخێر.
دەتەوێ پارێزەرێک بگری؟؟ وەڵاممدایەوە من مافناسـم و چەند ین سـاڵ کاری پارێزەریم کردووە و دەتوانم بەرگری لە خۆم بکەم، کە داواکـاریش مکوڕبوو پـارێزەرێـک بگرم پێمگوت: تۆ مەبەستت لەو سووربوونەت چییە، هەردەتەوێ لە ڕاهی خوای سوودێکت بۆ پـارێزەرێـک هەبێ؟ من، لەخوا بەزیـاد بێ، بەدەسـتی بەتـاڵ و گیرفـانی بەتـاڵەوە لە فەرمانبەری هاتوومەدەرێ، پارەم نییە بیدەمە پارێزەر.
_ سەرۆک : تێبینییەکانت چ بوون؟
_ بەڕێز سـەرۆکی دادگا، داواکاری گشـتی دەڵێ من لە هەرە هاریکارەکانی عەبدولکەریم قاسم بوویمە و دەسەڵاتەکەی ئەو لەسەر شانی هیی وەک من بنیاتنرابوو. پەیوەندیی من

کاتی دەستبەکاربوونەکەی ئاگاداری دەکاتەوە، ئیدی ئەویش فەرمانێکی کارگێڕیی پێ دەردەکا، مادام کاتی دەستبەکاربوونی پێش سەعات دوازدەیە، فەرمانی کارگێڕییەکەی ئاوا دەبێ "پێش نیوەڕۆ دەستبەکار بووە" نەک "پاش نیوەڕۆ"ئیدی فەرمانەکە بەپێی یاسای خزمەت دەرچوو ودکتۆرئەنوەر عەلیی بەڕێوەبەری ناوچەکەش واژووی لەسەر کرد. ڕاستیی کارەکە ئەوەبوو. بەڵام بۆیە ئەو بابەتە لەدادگا ورووژێندرابوو چونکە مونزیر دواترێ بە کوشتنی کەسێک تاوانبار کرابوو گوایە لەسەر ململانێی سیاسی لە کازمیە ئەو کەسەی کوشتووە و فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووبوو و چونکە وکدەتایەکیش ڕوویدابوو و بەڕێوەبەری گشتییس درابووە دادگای شۆڕش، ئیدی هەلپەرستان ئە وەیان بە هەل زانیبوو تا گەواهیم لە دژی بدەن.
دادگا بانگی ئەنوەرعەلیی بەڕێوەبەری ئینحیساری تووتنی بەغدای وەک شایەد کرد. دکتۆرعەلی بەبنەچە عارەب بوو و بە باوکیان دەگوت"عەلی موسڵاوی" بۆ بازرگانی هاتبوونە کەرکووک ولەوێ کیژە تورکمانێکی هێنابوو و چونکە خانەوادەکەس لە گەڕکێکی تورمانان بوون ئیدی ببوونە تورکمان. کە بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەی بەغدام بەجێهێشت تا بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەرگرم، پێم باشبوو لەو پۆستە دامەزرێ، چونکە بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری ئابووریی کشتوکاڵی لە زانکۆی ئەستەمبۆڵ وەرگرتبوو.
دکتۆر ئەنوەر گەواهیی لە دژی دام و گوتی: ئەو تەنیا شیوعییەکانی دادەمەزراند و، کە لێم پرسی ئەدی تۆ کێ دایمەزراندی و ئەرێ تۆ شیوعیی؟
سەرۆکی دادگا پرسیی: ئەو تمەتبارە تۆی دامەزراند؟ گوتی: ئەو هەر سایستەیی خۆمی داومەتێ. سەرۆکی دادگا بەروویدا هەڵشاخا:برۆ دەەوە ئەوە پاداستی چاکەیەتی؟ئەوجا بانگی سەلمان متەوەلیی سەرۆکێتیبینەران کرا، ئەویش باسی کێشەی مونزیر ئەبولعیسی کرد. ئەوجا سەرۆکی دادگا لێیپرسی: تۆۆ حەجی ماڵی خوات کردووە، بە ویژدانەوە پێمان بڵێ هەڵسوکەوتی تۆمەتبار لە فەرمانبەریدا چۆن بووە؟ گوتی بەخوا، بەو ماڵەی حەجم بۆ کردووە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەو بەڕێوەبەرایەتییە بوویمە بەڕێوەبەرێ وەک ئەو پاک و دادپەروەرم نەدیوە. سەرۆکی دادگا گوتی ئێمە باوەر بەو گەواهییە دەکەین.
ئەوجا بانگی عەبدولکەریم مستەفای شایەد کرا. ئەو هەرباسی دامەزراندن و دەستبەکاربوونی مونزیر ئەبولعیسی دەکرد و، گوتی تۆمەتبار تەنیا پشتی بە شیوعییەکان دەبەستا، ئیدی ڕستێک ناوی هێنان زۆربەیان شیەعی نەبووندوای چەند وجوونی شایەدەکان دادگا چارەکە سعاتێکی وچان ڕاگەیاند و، دوایە کە دادگا دانیشتەوە، سەرۆکی دادگا دووپاتیکردەوە دادگا سووره دادپەروەری دەستەبەر بکا و، مافی بەرگریی دایە تۆمەتبار و دەبێ گەواهییەکانیش بژار بکرێن و ئەوانەی لە پاڵنەرێ کەسییەوە یان

هەڵبەستانەوە هاتوون وەلابنرێن. هەرچیی لە دادگایس گوترا هەمووی لەبەرچاو ناگرێ، بەڵکو مکورە هەموو ئەو ستانە لەبەر ڕۆشنایی ڕاستی و یاسا و دادپەروەری بژار بکا.
ئەوجا داوای لێکردم بەرگریی خۆم پێشکەش بکەم، بەڵام داوای کاتم کرد و گوتم تا سێشەممەمەی دادێم بدەنێ تا بەرگرییەکەم بنووسمەوە و بەڵگە بەرگرییەکانمی تێدا بنووسمەوە کۆکەمەوە. سەرۆکی دادگا گوتی کێشەکەی تۆ لەوەی سادەترە کە تەخمینی دەکەی، بۆ ئێستا بەرگرییەکەت پێشکەش ناکەی و کێشەکە کۆتایی بێ؟ بەڵام هەر سووربووم مۆڵەتم بدرێتێ و ئەویش ڕازیبوو.
داوام کرد تاوادەی دادگا بە کەفالەت بەربدرێم، دوای شەن و کەوکردن دادگا بڕیاریدا بە کەفالەتی کەسێکی دەستەبەریی هەزار دینار بکا بەربدرێم بەو مەرجەی لەبەغدا تەچمەدەرێ، بەڵام ڕەشید موسڵحی دادوەری گشتیی سەربازی لەسەر دۆسییەکەی نووسیبووم"بەڕەزامەندیی ئێمە نەبێ بەرنەدرێ". ئیدی دادگا بڕیارەکەی بۆ دادوەری گستیی سەربازی هەنارد تا بە بەردانم ڕازیبێ، بەڵام شایەدێکی دیتبووی گوتی ڕەشید موسڵح دەینەراند و گوڕەشەی دەکرد و جنێوی بە دادگا دەدا چونکە ڕازیبووە بەربدرێم، ئەو ڕازی نەبوو، دوایە زانیم دادگا لە بێتاوانیم دڵنیابوو و، دەیویست لەسەر ئەوەی ئەندامی بزاوتی لایەنگرانی ئاشتیم شەش مانگم بۆ ببڕێتەوە و، کە ئەو ماوەیەشم بە ڕاگیراوی بەسەربردبوو ئەوا یەکسەر ئازادیان دەکردم. بەڵام ئێستا دادوەری گشتیی سەربازی هاتووەتە ناو کارەکە و فشار دەخاتە سەر دادگا تا بەهەر جۆریک بێ حوکمم بدا.
پێموابوو دانیشتنی دادێ هەر بۆ گوێ لە بەرگری گرتنی من و دەرکردنی حوکمەکە دەبێ، بەڵام سەرم سوڕما دادگا داوای شایەدی دیکەی کردبوو و، یەکەم شایەدیش عەلی واسیتیی هەلپەرست بوو، ئەو لەسەردەمی باقر حوسێنیی بەڕێوەبەری پێشترێ ئاڵای شیوعیی بەرزدەکردەوە و لەپێشەوەی ڕێپێوانەکان سەمای دەکرد، ئیدی کردبوویە ئەفسەرئاسایشی بەڕێوەبەرایەتی، ئەرکی ئەفسەر ئاسایشیش دەستەبەرکردنی موڵکی دەوڵەت و ئاسایشی کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتییە، بەڵام عەلی واسیتی خۆی کردبووە دەسەڵاتێکی ئاسایشیی سەر فەرمانبەران. کە من بەڕێوەبەریی فەرمانگەکەم وەرگرت، لەسەر سکاڵای فەرمانبەران لەو ئەرکەم دوورخستەوە و بردمەوە سەر کارەکەی پێشترێ. ساڵح سەبریم کردە ئەفسەر ئاسایش کە مرۆڤێکی سەنگین بوو و هەمووش خۆشیان دەویست، ڕێنمایی ئەوەشم دایە جۆن مامەڵە لەگەڵ فەرمانبەران و سەردانیکەران دەکا و ئیدی جێی ڕەزامەندیی هەمووان بوو.

عەلی واسـیتی بە گێرانەوەی دامەزراندنی مونزیر ئەبولعیس دەسـتی بە گەواهیدانەکەی کرد و گوتی، تۆمەتبار مونزیری وەک خەڵاتی کوشـتنی هاووڵاتی عەبدولئەمیر تەویل دامەزراند، گوتیشـی تۆمەتبار پێشـترێش حوکمدراوە و لە شـیوعییەکان بترازێ کەسـی دیکەی دانەدەمەزراند و، منی لە ئەرکی ئەفسـەر ئاسایشی دوورخستەوە چونکە شیوعی نەبووم، لێرە سەرۆکی دادگا، کە پەیامنێرانی ڕۆژنامان و گوێگرێکی زۆریش لە دادگابوون، گوتی موکەڕەم شیوعییە، بەڵام شـیوعییەکی ئاقڵە، پێیوابووە ئەگەر عەلی واسیتی ئەرکی ئەفسـەر ئاسـایشـی بەدەسـتەوەبێ ناوبانگی شـیوعییەکان خرا دەکا، بۆیە بۆ ڕازیکردنی خەڵکەکە شیوعییەکی دیکەی ئاقڵی لەجێ دانا و دڵی خەڵکەکەی ڕاکێشا. ئەوجا سـەرۆکی دادگا داوای لێکردم بەرگرییەکەم **پێشکەش** بکەم و منیش بەرفریم لەخۆم کرد.

بەرگرییەکەم لەبەبەردەم دادگای شۆڕش:

بەڕێز سەرۆکی دادگا و ئەندامە بەڕێزەکان:
من لەو بەرگرییەمدا ئاماژە بۆ هەندێ بابەت دەکەم کە لە لێکۆڵینەوە و لە دانیشتنەکانی ئەو دادگایەدا لەدژی من ورووژێنراون و، لەو ڕاپۆرتانەشدا کە بەڕێوەبەرییەکانی ئاسایش بەزکراونەتەوە.

هەر لەبەر ئەوەی دژی پەیماننامەی پۆتسمۆث بووم و لە دژی دەسەڵاتی مەلەکیی کونەپەرستی دژەگەل لەگەڵ گەلدابووم، ساڵی ١٩٤٨ گیرام و لە ئەنجوومەنی عورفیی سەرازی حەوت ساڵ حوکمدرام و سێ ساڵیش لەژێر چاودێری و نیشتەجێی زورەملیدابووم. دوای تەواوبوونی بەندییەکەم بۆ "بەدرە" دوورخرامەوە و دوایەش بۆ کفری تا ماوەی ژێر چاودێرییەکەم لەوێ بەسەربببەم، هەتا لە ١٤ی تومموزی ١٩٥٨ گەل و سوپا دژی دەسەڵاتی مەلەکی ڕاپەڕین و منیش گەڕامەوە کەرکووکی جێی لەدایکبوونم و خەریکی پارێزەری بووم.

ئاماژەتان بۆ ڕاپۆرتێک کرد، کە ئەودەمەی لە کەرکووک خەریکی پارێزەری بووم، میوانداریی هەردوو پارێزەر شەریف ئەلشێخ و کامل قەزانچیم کردووە. بەڵێ میواندارییم کردوون چونکە ئەوان هاوپیشەم بوون وهاتبوونە کەرکووک تا لەبەردەم دادگای سزا لەبەرگری کردن لە کرێکارەکانی کۆمپانیای نەوت دا بەشداریم لەگەڵ بکەن کە لە ١٩٤٦ مانیان گرتبوو و پێیشم وا نییە ئاسایش بۆ بەرگریکردنم لە داوایەکی ئاوادا نووسراوی سوپاسگوزاریم بۆ بنێرێ.

هەرچی بابەتی دامەزراندنی عەلی مەحمود فەرەج و عەلی واسیتییە، ئەوا دامەزراندنیان پێش وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەریی گشتییە، بەڵکو پێش دامەزرانیشمە و، مافی ئەوەسم نییە پرسیاری ڕچکە و مەیلی سیاسیی فەرمانبەران بکەم، بگرە هەڵسەنگاندنیشیان لەسەر بنەمای شیاوی و مەرجی یاساییە و دامەزراندنی فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەم یاسایی و دروست بووە.

هەرچی بابەتی مونزیر ئەبولعیسە کە ئێستا ئەو هەمووهەرایەی لەسەر دروستکراوە، ئەو نووسراوەکانی دامەزرانی بە پلەی نووسەر"کاتب" وبە مووچەی مانگانەی ١٣ دینار پێشکەش کرد. مەرجە یاساییەکانی، لەوانەش حوکم نەدرابێ، لەودا هەبوون، کە داشمەزرا هیچ تۆمەتێکی لەسەر نەبوو. کە ئاسایشیش ویستیان بەشێوەیەکی نایاسایی بیگرن، نارەزاییەکم سەبارەت بەوە **پێشکەش**کرد کە ئاسایس ڕێوشوێنە یاساییەکانیان لە گرتنی فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرییەک پێشێل کردووە نەک لەسەر ئەوەی بە کوشتنی کەسێک تۆمەتبار کراوە، چونکە دەبوایە نووسراوێک بدرێتە سەرۆکی بەڕێوەبەرییەکە و تێیدا

داوای جێبەجێکردنی بڕیارێکی دادگایی بۆ گرتنی جێبەجێ بکرێ، تەنیا لەکاتی ڕەزامەندییس بڕیارەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێ، ئەگەر سەرۆکی فەرمانگەکەش ڕەتیکردەوە، ئەوا ئەوکاتە دەگیرێ کە لە فەرمانگەکەی چووە دەرەوە.
بەڕێز داواکاری گشتی ئاماژەی بەوەدا کە من لە نزیکەکانی عەبدولکەریم قاسم بوویمە. بەڵێ ئەو پێشنیاری موتەسەڕیفیی لیوای کەرکووکی بۆ کردم و منیش مەرجی ئەوەم هەبوو کە دەبێ هەموو گیراوەکان و دوورخراوەکان بەربدا تا ئەو ئەرکە قبووڵ بکەم. بەڕێز وەزیری دەرەوەس داوای کرد لە چیکۆسلۆڤاکیا ببمە باڵیۆزی عێراق، ڕەنگە ئەوەش بەئاگاداری یان ئاماژەی عەبدولکەرم قاسم بووبێ، بەلام من لەبەر هۆی تایبەت قبوولم نەکرد و، وەزارەتی ساەوانییەکانیشی خستە بەردەمم، بەڵام من مەرجەکانیم قبووڵ نەکرد و ڕەتمکردەوە.
هەرچی لیژنەکانی پاراستنی کۆمارە، ئەو لیژنانە یەکسەر دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت دامەزران. من لە ١-١-١٩٥٩ دامەزرام و ئەو لیژنانە هەبوون و ئەرکی ئەو لیژنانەش پاراستنی ئەو دامەزراوە حکوومییانە بوو کە هیچ گۆڕانکارییەکیان بەرانبەر هیچ دژەبزاوتێک تێدا نەکرابوو.
هەرچی دامەزراندنی دکتۆ عەلییە ئەو دادگا بەڕێزە دەزانێ ئەو چەندە دژی شیوعییەکان بووە و کەسێکی ئەوەندە سپڵەیە،سەرباری ئەوەی من لە پۆستێکم دامەزراندبووکە دوای پۆستی بەڕێوەبەری گشتی گرنگترین پۆستە ونیسانەی ئەوەیە لەبەی مەیلی سیاسییان جیاوازی لەیوان خەڵکەکە ناکەم، کەچی گەواهییەکی دژی من هەڵبەستا.
بەڕێز داواکاری گشتی باسی ئەوەی کرد کە من داوام لە داواکاری گشتیی دادگای گەل کردووە سزای لەداردان بەسەر عەمید ڕوکن نازم تەبەقچەلی و هاواڵەکانیدا بسەپێنێ. پرسیار ئەوەیە تۆبڵێی داواکاری گشتی ئەرکەکانی خۆی نەزانێ! دوایەش دادها بڕیاری حوکم دەردەکا نەک داواکاری گشتی و ئەوجاس با بڵێ ئەو قسە بێ بنەمایەی لەکوێ هێناوە؟ ئاخر گەواهیدا بەیەک لە هەستەکان دیاریدەکرێن، وەک ئەوەی بڵێ دیتم یان گوێم لێبوو، یان بەڵگەیەکی نووسراوم دیتەوە یان شتێکی لەو بابەتە. تەبەقچەلی، خوای لێ خۆشبێ، برادەرم بوو، من یەکەم کەس بووم لە کەرکووک سەردانم کرد و ڕامگەیاند لەگەڵ شۆڕشدام و، یەکەم کەسیس بووم هارکاریم کرد تا بارودۆخی ئەوێ سەقامگیر بێ. داوایشی لێکردم ببمە سەرۆکی شارەوانیی کەرکووک و بە بە بێلایەنی و پاکیی منیدا هەڵدا، لەبەر هۆی خانەوادەییش ڕەتمکردەوە.
هەچی کۆمەڵەی هاوڕێیەتیی عێراقی- بولگارستانییە، ئەوا ئەو ڕێکخراوانە لە میسر و سووریا و جەزائیر و هیندستانیش هەیە، لە وەزارەتی ناوخۆش مۆڵەتی دراوەتێ و، بە

چاوپۆشـــیش له هەڵوێســـتی حکوومەتەکانیان، له هەوڵی ئەوەیدایە پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەگەڵ گەلان دروست بکا.
ســـەبارەت مەســـەلەی ئەندامیم لە بزاوتی ئاشـــتی، بزووتنەوەیەکی جیهانییە و ئامانجی ئەوەیە مەترسیی شەڕی ئەتۆمی لە دنیا دوورخاتەوە و ئاشتی نێون گەلاندا بەرکەماڵ بێ. ئالێرەدا ســـەرۆکی دادگا قســـەکەی بڕیم و گوتی: ڕێکخراوەکە بی مۆڵەتە، گوتم: من موســـڵمانم ســـوننەم ئەوانەس مۆڵەتیان لە وەزارەتی ناوخۆ نییە "هەموو ئەوانەی لە مۆڵەکەبوون پێکەنین"
ســـەرۆکی بەڕێز هەر ئەوەندە بەســـە ئاماریک بخەمە ڕوو تا بزاندرێ مەترســـییەکانی شـــەڕێکی نوێ چەند زۆرن، نیکیتا خرۆشـــۆڤی ســـەرۆکی دەوڵەتی ســـۆڤیەتی لەبەردەم ئەنجوومەنی ســـۆڤیەتی باڵادا گوتی، کۆگەکراوی چەکە ئەتۆمییەکانی ئەو دەوڵەتانەی چەکی ئەتۆمییان هەیە بای ئەوەیە بڵێین هەر تاکەکەسێکی سەرزەوی هەشتا تەن باروتی پێدادرێ. ئەوەش مانای وایە ئەو دەوڵەتانە هەشتا تەن باروتیان بۆ هەریەک لەوانەی ناو ئەوهۆڵەدان ئامادەکردووە تا لە شـەڕێکدا بەکاری بهێنن کە نە سیر و نە پیوازێکی ئێمەی تێدا نییە. باشـە مافی هەر مرۆڤێک نییە بیر لە دواڕۆژی مرۆڤایەتی و ژیانی کەسـوکار و منداڵەکانی بکاتەوە؟ ئەندامبوونی ئەو ڕێکخراوە تاوان نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەرکی مرۆیی هەموو کەسێکە.
هەرچی واژووی سەر ئەرزوحاڵی سووککردنی سزای لەداردانە، ئەوەیان پلنەرێکی مرۆیی و نیشتمانیی هەبووە و هەر بۆ کەسێکیش داوا نەکراوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی بووە، من لە ململانێ سیاسییەکاندا ڕقم لەو سزایەیە.
سەبارەت بە ئەندامیی پارتی دیموکراتیی کوردستانیش، روونمکردەوە کە ڕۆژێل لە ڕۆژان ئەندامی ئەەو حیزبە نەبوویمە و، بەڕێز داواکاری گشـتییش نەیتوانی بیسـەلمێنێ سـەر بە هیچ حیزبێـک بووبم و، من جوداخوازیش نەبوویمە و خەڵـک دەزانن چەنـدە مکوڕی یەکگرتوویی نیشـتمانی بوویمە. بۆیە، ئەو کارانەی داواکاری گشـتی باسـیکردن بە تاوان داناندرێ، ئیدی داواکارم بڕیاری بێتاوانیم دەربکەن و سوپاس.
دوای چارەسەعاتێک شەن و کەو، دادگا دیسان دانیشتەوە پێچەوانەی ڕێوشوێنی دادگایی، کە دەبێ بەرگریی تۆمەتبار دوا شـتی دادگابێ و ئەوجا دادگا بۆ هەڵسـەنگاندنی بەڵگەکان و لێوردبوونەوەی بەرگریی تۆمەتبـار تەنیـا دەبن و دواترێ بڕیـاری بێتـاوانی یـان تۆمەتباریی دەدەن، کەچی دیســان دەســتیان بە لێپرســینەوە کردەوە لەگەڵم. پێیشـموایە دادگا هیچیان بۆ پاسـاوی تاوانبارکردنم نەدۆزییەوە و، پێشـتریش ئەوەیان نەدەویسـت،

بەڵام ئێستا کەوتبووە ژێر فشاری دادوەری گشتیی سەربازی، ئیدی بەدوای شتێکدا دەگەران منی پێ تاوانبار بکەن و، گفتوگۆیەکانیش بەوجۆرەبوون:

_سەرۆک: تۆ شیوعیی؟ گوتم: نەخێر.

_چوویتە ڕیزی لایەنگرانی ئاشتی؟ بەڵێ لە ١٩٦١.

_ ئامانجەکانی چییە؟ وەک گوتم، دوورخستنەوەی مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕێکی جیهانیی ئەتۆمییە و چارەسەرکردنی کشە نێودەوڵەتییەکانیش بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

_ ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر لە کۆمەڵەی لایەنگرانی ئاستییە، ئێستا لەکوێیە؟

_ وەڵاممدایەوە ئەو سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانە، شتێکی ئاساییە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی بێ.

ئەوجا سەبارەت بە کۆمەڵێ کەسایەتیی نیشتمانی و دیموکراتی و شیوعی دەستی بە پرسیاران کرد. منیش نکوڵیم لە ناسینی زۆربەی ناوەکان کرد.

_ بخاوتی لایەنگرانی ئاشتی برایەتی و هاوڕایی بزاوتی شیوحیی کردووە؟ بەڵێ هەردوو بزاوتەکە، تەنیا لە خەباتی چەپارەکردنی مەترسییەکانی شەڕ و پاراستنی ئاستیی دنیا، هاوڕاهی یەکدیبوون. هەرچی بزاوتی ئاستییە، وەک گوتم، حیزبێکی سیاسی نییە، هەر لەو ناوانەشرا، کە ئێوە باستان کردن، دەردەکەوێ ئەندامەکانی لە بیروڕای سیاسی و توێژی جودای کۆمەڵایەتییشن.

_ ئەو دووە لێکدی جودان؟

_ بەڵێ جوداییەکی زۆریش، حیزبە شیوعییەکان حیزبی سیاسین و کار بۆ بەرپاکردنی سۆشیالیزم دەکەن، هەرچی بزاوتی ئاشتییە بزاوتێکە بەرفراوانییەکی ناوازەی هەیە و دەکرێپیاوێکی ئایین و عەلمانییەک و شیوعییەک و پارێزکارێکی کۆنەپەرستیش کۆکاتەوە و، کرێکار و سەرمایەداریش پێکەوە کۆکاتەوە، واتە هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بەوەی هەیە کە دەبێ مەترسییەکانی شەڕی ئێتۆمی دووربخرێتەوە و ئاشتی پارێزراو بێ.

_ بۆ لایەنگرانی ئاشتی چوونە مووسڵ و، کێ قەسابخانەکەی موسڵی بەرپاکرد؟

_ گوتم ئامانجی لایەنگرانی ئاشتی ئەوە نەبووە کاری توندوتیژی بکەن و، ناسزانم کێ هۆی قەسابخانەکە بووە، بەلام توندوتیژییەکان لە دژبەرانی لایەنگرانی ئاشتیرا دەستی پێکرد.

_ لایەنگرانی ئاشتی لە عێراق لایەنگری وێرانی و مەرگن، تۆش دوای ئەو قەسابخانەیەی مێژوو نەوە دوای نەوە باسی دەکا، بوویە ئەندامی لایەنگرانی ئاشتی. دوایەش تۆ کە بەڕێوەبەری گشتیی چۆن ڕێگە بە کۆبوونەوەیەکی شیوعی دەدەی لە بەڕێوەبەرایەتییەکەت

بکرێ و عەلی مەحموود فەرەج لەو کۆبوونەوەیەدا داوا بکا حیزبی شیوعی لە دەسەڵات ببێتە هاوبەش ؟
ـ پێیم گوت: بەڕێزی دادوەر، تۆ مەسلمانی و پێموابێ لەسەر مەزەبی حەنەفیی. ئەری، هەر بۆ نموونە، ئیسلام و مەزەبی حەنەفی، یان خودی خۆت بەرپرسیاری کارێکی کە حەنەفییەکی موسلمان لە ئەعزەمییە بیکا؟ من نازانم پێچ و پەنای ئەو مەسەلەیە جۆنە و، لایەنگرانی بزاوتی ئاشتیش بزاوتێکی جیهانیی فراوانە و ملیۆنان لایەنگری هەیە و لەوانەش پیاوانی ئایین و زانا و ئەدیب.
هەرچی ئەو کۆبوونەوەیەیە گوایە لە بەڕێوەبەرایەتییەکەم کراوە، ئەگەر ڕاست بێ، شایەدەکان گوتیان لە ئێوارە و دوای دەوام کراوە و منیش ئامادەنەبوویمە و، ئەو ڕووداوە چەند ین ساڵ پێش هاتنە سەر دەسەلاتی ئێوە بووە، کەواتە یاساو دەسەڵاتەکانی ئەودەمی لێی بەرپرسیارن و دەبوا ئەوان ڕێوشوێنیان بەرانبەر بگرتایەبەر، نەک ئێوە، کێشەکەس پەیوەندیی بەمنەوە نییە و ئەو دادگایەش تایەتمەندیی ئەوەی نیە لێیبکۆڵێتەوە.
ـ ئەدی کە مونزیر ئەبولعیس دەستگیر کرا بۆ نوسراوت بۆ وەزارەتی بازرگانی هەنارد؟
ـ گوتم ئەرکی سەرۆکی بەڕێوەبەرییە وەزارەتەکەی لەو جۆرە کارانە ئاگادار بکاتەوە، وەک پێشێلکردنی شکۆی بەڕێوەبەرییەکەم و بەخاندنی شێوازە یاساییەکانیش، ناڕەزاییم لە شێوازی بردنەکەی دەربڕی. من یاساییم و سنووری دەسەڵاتەکانی خۆم دەزانم و، ئەرکی منە داوابکەم ڕێوشوێنە یاسایەکان بگیرێنە بەر و ناڕەزایی بەرانبەر ڕێوشوێنە نایاساییەکان دەربڕم. پێشتریش ژمارەیەک فەرمانبەری قەومیبە فەرمانی دادوەری گشتیی سەرازی گیران، سەرەتا کارەکەیان خستە بەردەممتا ڕزامەندیی بە ڕێوجێی لەسەر بدەم، جونکە ڕاگرتن'گرتن'ی فەرمانبەرێک ڕەنگە کاروبارە فەرمییەکان بشلەژێنێ و داخوا جیی دەوڵەتیشی لە ئەستۆدایە. ئیدی کارەکان بەوپێیە دەکرێن، لەسەر فەرمانەکەم نووسی جێبەجێ بکرێ و ئەوەش شتێکی بەڕێوجێیە. دوای لێکۆڵینەوەش بەریاندان و نووسراوی بەردانەکانیشیان بەڕێوجێ پێشکەشکرد، نووسیم ڕێیان بدرێ دەستبەکاربنەوە و کارەکان بەڕێکی کرانەوە، واتە خەرجکردنی مووچە ڕاگیراوەکانیان ئەو کارەش یاساییە.
ـ کڕینی توونتە بولگارییەکە چییە؟
ـ کە کرامە بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبردنی ئینحیساری توونتن، توون لەکۆگاکان کەمبوو و، حکوومەتیش هاوردەی جگەرەی بیانیی قەدەغە کردبووئیدی جگەرە لە بازاڕەکان کەمبوو و کارگەکان بە نیوەی توانای خۆیان کاریان دەکرد، پێشنیارم بۆ وەزارەتی بازرگانی کرد ڕازیبێ هەندێ توونتی خۆرهەلاتیی هاوشێوەی توونتی عێراقی هاوردە بکەین، دوای ڕەزامەندییش بە پێی ڕێوجێی پێویست کەمکردنەوەمان ڕاگەیاند.

تورکیا و یۆنان و بولگارستان هاتنەپێش و نرخ و نموونەی تووتنی خۆیان پێشکەشکرد، نرخرکانی بولگاریا کەمترین نرخ بوو و نموونەی تووتنەکەیسـیان مەرجی پێویسـتی تێدابووو، بەڕێوەبەرایەتییش لەو مامەڵەیەدا "١٥٠" هەزار دیناری پتر پێبڕا و پارەکەی دایە قیسـتی یەکەمی دامەزراندنی ئەو کارگەی جگەرەیەی لە سـلێمانی بنیاتی نا. ئیدی سەرپێچیی ئەو کارە لە چ دایە و کێ بەو مامەڵەیە ڕازی نەبوو؟

_ مامۆسـتا موکوڕەم تۆ کەسـێکی ئاقڵی، خووی گەلی عێراق نازانی؟ چۆن تووتن لە وڵاتێکی شیوعی هاوردە دەکەی؟

_ بەڕێز سـەرۆکی دادگا، من هەتا دڵنیا نەبووم مەترسـیی بۆ سـەر گەلی عێ نییە ڕازینەبووم ئەو تووتنە هاوردە بکرێ. من بازرگان و پیاوێکی کاری ناسـراوی وەک عەبدوڵڵا لوتفیم هەبوو، کە سـەرمایەدارێکی گەورەی خاوەن کارگەی جگەرەیە. کە نموونەی تووتنەکانیان دامێ جگەرەیەکم دایە عەبدوڵڵا لوتفی و تا داوا تا ئاغزەکەی کێشای، ئیدی عەبدوڵڵا لوتفی، ئەو بازرگانە سەرمایەدارە نەبووە شیوعی، ئیدی دڵنیابووم ئەو تووتنە شـیوعییە هیچ مەترسـییەکی لەسـەر گەلی عێراق نییە "هەرچی لە هۆڵەکەی بوون پێکەنین".

_ بۆ بوویە ئەندامی کۆمەڵەی هاوڕێیەتیی عێراقی- بولگاری؟

_ تا لای دادگای بەڕێزڕوون بێ، تا واس لێکنەدرێتەوە لەخۆشـیی بولگارسـتانە لەبەر مامەڵەی تووتنەکە. من زۆر دوای دەسـبەردان لە ئینحیسـاری تووتن وگواسـتنەوەم بۆ وەزارەتی چاکسـازیی کشـتوکاڵی و بوومە پشـکنەری گشـتی ئەوسـا بوومە ئەندامی ئەو کۆمەڵە و مامۆسـتا محمەد حەدید سـەرۆکایەتیی دەکرد، ئەویش زۆر لەوەی دوورە ببێتە شـیوعی. زۆر کۆمەڵەی هاوڕێیەتییش لە زۆر وڵاتان هەیە و، دوور لەوەی سـیسـتەمی کۆمەڵایەتییان چییە و ئەو کۆمەڵانە پەیوەنـدییـان بە حکوومەتی ئەو وڵاتـانە نییە و کۆمەڵەکان ئامانجیان فراوانکردنی پەیوەندییە لەگەڵ گەلان و ئەوەش لە بەرژەوەندیی عێراقە.

_ پلەی زانسـتیت چی بوو تا وەزارەت یاسـایەکەی هەمواربکاتەوە تا بتوانێ وەک بەڕوەبەری گشتی لەو فەرمانگەیەت دامەزرێنێ و مووچەشت بای ئەوەی نەبووە؟

_ سـەرۆکی دادگای بەڕێز، ئەگەر سـەیرێکی ئەو بەڕێزانە بکەن کە پێش من بەڕێوەبەری گشتیی ئەو فەرمانگەیەبوون دەبینن، بۆ نموونە سەید باقر حەسەنی

کەمە خەڵکێکی دیکەش، ئەوان دووپلەیان سـەرا دانێ تاببنە بەڕێوەبەری گشـتی، ئەوەش بەپێی یاسـای ئینحیسـاری تووتن لە دەسـەڵاتی وەزیردابوو، جا منیش وەک ئەوانەی ئێشـەخۆم، وەزیر دەیتوانی پلەیەک یـان دوو پلەم بـداتێ تـا بێ ئەوەی پەنـا بۆ

هەموارکردنەوەی یاسـا ببردرێ، بکرێمە بەڕێوەبەری گشـتی، بەڵام وەزیر هەربە ڕەقەکاری بۆ ئەوەی مووچەیەکی لە شـایسـتەیی خۆم پترم نەداتێ، نەک بەپێی یاسـای ئینحیسـاری تووتن، بەڵکو بەپێی یاسـای خزمەتی مەدەنیی لە فەرماننگەکانی دی کاری پێ دەکرا، هنای بۆ هەمواری یاسـا بردتا بە بەڕێوەبەری گشـتی و بە مووچەی حەفتا دیناو دایمەزراندم لەجیاتیی ئەوەی دوو پلەم بداتێ و وەک ئەوانیدی بە مووچەی "١٣٠" دینار دامەزرێم. دوایەش من لە دوو بواردا خزمەتم کردووە، لە وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵییش، جا ئەەر دادگای بەڕێز سەیری نمرەکانی دەرچوونی کلێژی مافم بکا، دەبینێ لە هەردوو وانەی یاسـای بازرگانی و یاسـای زەویوزارنمرەی تەواوم بەدەستهێناوە، واتە"١٠٠"نمرە، ئەوە لێزانیی من بوو، دوایەش بۆ سەبارەت بە لێهاتوویی و پاکیی من پرسیار لە شایەدەکان ناکەن؟ لەکاتێکدا هەرایەکتان لەسەر دامەزراندنی مونزیر ئەبولعیس بەرپپاکردووە و لەسەر دەستبەکاربوونی لە فەرمانەکەی"پێش نیوەڕۆ یان پاس نیوەڕۆ"، کە جیاوازیی مووچەکەی تەنیا "٤٠٠" فلسـە، باشـە بۆ پرسـیاری باری ماددیی پێش دامەزران و پاس دامەزرانیشـم، ئەواجا بۆ پرسـیاری هەڵسـوکەوتی فەرمانبەری و ڕەوشتی تایبەتیم ناکەن؟

_ دادوەر وەڵامیداوە:کەس تانە لە هەڵسـوکەوت و ڕەوشـت و پاکیت ناکا، فەرمانگەکەت وەڵامی دادگای داوەتەوە کە هیچ سـەرپێچییەکی دارایی و بەڕێوەبردنت نییە، ئێمە هەموو ئەو شتانە لەبەرچاو دەگرین، ئێستا ڕات بەرانبەر عەبدولکەریم قاسم چییە؟

_ پێمگوت: هەڵسـەنگاندنی هەر کەسـێک لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەگرێتەوە . من ئێستا لە هەڵوێستێکدام پێویستە بەرگری لەخۆم بکەم نەک لە عەبدولکەریم قاسم، ئێستا من لە بارێکدا نیم تا لایەنە چاکەکانی هەڵسەنگێنم، بەڵام دەڵێم ڕێچکەی ئەو دواییانەی لە دەسـەڵاتدا ڕێچکەیەکی دیکتاتۆرییانەی دوور لە دیموکراسـی بوو، ئەوەش بۆ ئەوەبوو تا لە دەسەڵات بەردەوام بێ و بگرە لە مامەڵەی هێزە چەپ و ڕاستڕەوەکانیشدا ئەوی بەوی دادەدا و ئەوی بەویدی دادەدا، ئەوەی سـەیربوو ئەوەبوو هەمووان بەدەنگییەوە دەهاتن و ئیدی دەبێ هەمووس بەرپرسیارییەکەی هەڵگرن.

_ڕات بەرانبەر حیزبی شیوعی چییە؟ ئەو حیزبەی قەسابخانەی دانا و کوشتاری کرد و خەڵکیان بە شـەقامەکاندا ڕاکێشـا؟ ئالێرەدا داواکاری گشـتی هاتە ناو قسـان تا هەندێ تۆمەتی دی بۆ حیزبی شیوعی زیادکا.

_ سـەرۆکی بەڕێز، فیلێکیان هێنابوو تا چەند کوێرێک بزانن چۆنە، یەکیان جووەپێش و دەسـتی لەکلکی دا وتی فیل وەک پەت وایە. ئەوەی دووەمیان دەسـتی لە گوێچکەی دا، گوتی: فیل بە خوانچەی دەچێ.ئەوەی سـێیەمیان دەسـتی لە قاچی دا ، گوتی:فیل وەک

کۆڵەگەی ماڵە. جوارەمیان دەستی لە ورگی دا، گوتی: فیل وەک مەنجەڵە. بەلام کەسیان نەیانتوانی بەدروستی بزانن فیل چییە، چونکە هەموویان کوێربوون.
ئەگەرچی ئامادەبووان تێگەیشتن مەبەستم چییە، کە چی سەرۆک، بێ ئەوەی تیبگا من بە راشکاوی گوتم ئێوە هەمووتان کوێرن و نازانن ڕاستیی حیزبی شیوعی چییە، کەچی ئەویش لەگەل ئامادەبووان پێکەنی.
ئەوجا دادگا بڕیاریدا روانینە کێشەکە نیو سەعات دوابخا ت بڕیاری خۆی بدا، لە دووبارە گوی لە شایەدەکان گرتنەوە و پرسیار لێ کردنەوەم، پێدەجوو دادگا ڕێچکەی خۆی گۆڕیبێ و ملی بۆ فشارەکانی ڕەشید موسڵحی دادوەری گشتیی سەربازی دابێ.
بڕیاری تاوانبارکردن:
تۆمەتبار، موکەڕەم جەماڵ تاڵەبانی، بەڕێوەبەری گشتیی پێشتریی ئینحیساری تووتن و پشکنەری گشتی لە وەزارەتی چاکسازیی کۆمەلایەتی، بەپێی یاسای تێکدانی سیستەم هێنرایە بەردەم ئەم دادگایە، دوای گوێگرتن لە ناوەرۆکی تۆمەتبارکردنەکە و گەواهیی شایەدەکان و ئەو زانیارییانەی لەناو دۆسییەی داوایەکەدان و راپۆرتی وەزارەتیچاکسازیی کشتوکاڵیدەربارەی هەڵسوکەوتی فەرمانبەریی، پاسان گوێگرتنی دادگا لە بەرگریی تۆمەتبار، بەقووڵی گفتوگۆی لەگەڵ کرد. دوای پرسوڕادادگا لەرووی ویژدانەو گەیشتە ئەو بڕوایەی لە کارکردندا پاکە و لەرووی سیاسییەوە بێلایەنە و بەیەکسانی مامەڵەی کەگەڵ فەرمانبەران کردووە بێ ئەوەی جیاوازی لە مەیلی سیاسییان بکا، بۆیە دادگا بڕیدا لەسەر ئەو تۆمەتەی دەربارەی خراکردنی سیستەمی بەڕێوەبەری دراوەتە پاڵی ئازادی بکا دادگا لە ماددەکانی دیکەی تۆمەتبارکردن وردبووەوە، گەیشتە ئەو بڕوایەی چاپەمەنی و بڵاوکراوەی قەدەغەی لابووە و ئیدی بەو پێیە بڕیاریدا توانباری بکا، تۆمەتبار لەبەردەم دادگاشدا دانی بەوەیدا نا کە سەر بە بزاوتی لایەنگرانی ئاشتیی قەدەغەکراوە، ئیدی بڕیاریدا بەپێی ئەوە تۆمەتباری بکا.

بڕیاری حوکم:

له ڕێکەوتی ١٩٦٤/١/٢٢ دادگای شـۆڕش به سـەرۆکایەتیی زەعیم"عەمید" عەبدولڕەحمان تکریتی و ئەندامێتیی هەریەک له زەعیم "عەمید"خالد ڕەشـید شـێخلی و عەقید ئەحمەد مەحمود نعێمی و ڕێدراون بەناوی گەل دادوەری بکەن، پێکهات و ئەو بڕیارەی خوارەوەی دا:

١_ حوکمدانی تاوانبار موکەڕەم جەمال تاڵەبانی بەکاری قورس بۆ ماوەی سێ ساڵ بەپێی مادەی "١٥-١٤-٤"ی مەرسـووم بەو مەرجەی ماوەی دەسـتگیرییەکەی بۆ هەژمار بکرێ.

٢_ حوکمدانیشی به بەندیی توند بۆ ماوەی شەش مانگ بەپێی ماددەی"٤٣- ٣٢"ی یاسای کۆمەڵەکان، ئەو حوکمانه دوای یەک بەسـەریدا جێبەجێ دەکرێن دای تەواوبوونی ماوەی حوکمدانی یەکەمی.

ئەوجا دادگا بڕەیەکی دیکەی بۆ بڕیارەکە زیادکرد که بخرێمه بەندیخانەی بەغدا، دوای ماوەیەک داوایەکم پێشـکەشـی دادگای سـزای گەورەی ناوچەی بەغدا کرد چونکه دادگای شـۆڕش سـیفەتی ئەو تاوانەی دیاری نەکردبوو من لەسـەری حوکمدرابووم، ئەویش بڕیاریدا به تاوانی سیاسیی دابنێ.

جارێکی دیکەش لە بەندیخانەی ناوەندیی بەغدا:

گەڕێندرامەوە بەڕێوەبەریی بەشی سیاسیی بەندیخانە، مەئموورەکە بەپێی بڕیاری دادگا هەناردمییە بەنیخانەی ناوەندی، کەچی ثامر حەمدانی بەڕێوەبەری بەندیخانە، بە هەنجەتی ئەوەی جێیەکی تایبەتی سیاسییانیان نییە، وەری نەگرتم، ئەگەرچی ئەحمەد محەممەد یەحیای وەزیری ناوخۆ و ئیبراهیم کوببەی وەزیری چاکسازیی کشتوکاڵی لەوێبوون. دوای پرسوڕای نێوان هەردوو بەشەکە، بڕیاردرا بەشێوەیەکی کاتی بخرێمە بەندیخانەیەکی ئاسایی لە ژوورێکی تایبەت بە شیوعییەکان هەتا وەک وەزیرەکانی سەرەوە جێیەکم بۆ ئامادەدەکرێ، دوای ماوەیەک ژوورێکی فەرمانگەکە لە تەنیشت ژووری هەردوو وەزیرە حوکمدراوەکە چۆڵ بوو و، کەسوکارەکەم قەرەوێڵەیەک و پێداویستی دیکەیان بۆ هێنام و گواسترامەوە ئەوێندەرێ.

ئیبراهیم کوببە وەزیری ئابووری بوو، لەبەر ئەو ڕێوشوێنە سەرکوتکەرییانەی ئەحمەد ساڵح عەبدیی دادوەریگشتیی سەربازی لە دژی هەندێ کارمەندی چاکسازیی کشتوکاڵی دەیگرتەبەر، دەستی لەار کێشابووەوە، هەگەرچی زۆریشمان ئامۆژگاری کرد لەو بابەتانەدا ئەوەندە بنبڕ نەبێ و ئەو ململانێیە سیاسییانەی نێوان تەرەفەکانی ڕژێم شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەو لەسەر دەستلەکارکێسانەوەکەی هەر سوور بوو و لێی قبووڵ کرا. کە ئێستاش درابووە دادگای شۆڕش بە تێکدانی سیستەمی دەسەڵات و هاوکاریکردنی عەبدولکەریم قاسم تۆمەتبار کرابوو، لە ڕاستیشدا ئەو جۆرە تۆمەتبارکردناە کەرەستەیەک بوو بۆ پاساوی هەڵگەڕانەوە لە شۆڕش. دادگای شۆڕش ئیبراهیم کوببەی بە دەساڵ بەندی و کاری گران سزادابوو و، حوکمدانەکەیشی بە سیاسی داندرابوو ئیدی خرایە بەندیخانەی بەغدا.هەرچی ئەحمەد محەممەد یەحیای وەزیری ناوخۆ بوو، هەمان تۆمەتی ئاڕاستە کرا، هادی ڕەشید چاوشلیش کە کوردی هەولێرێ بوو، بەوەی تاوانبار کرابوو گوایە موفەوەزێکی پۆلیسی گەڕاندبۆوە سەرکار کە لەسەردەمی مەلەکی بەتۆمەتی شیوعیبوون لەکار دەرکرابوو و، ڕەگەزنامەی عێراقییەکیشی دابووە کابرای کە لەبەر شیوعی بوونێ لێیستێندرابووەوە. کە ئەحمەد محەممەد یەحیایان هێنا گەواهیی لەسەر بدا، هەڵوێستێکی جوامێرانەی نواند، ئەستۆپاکیی دایە بریکارەکەی و هەموو بەرپرسیارییەکەی خستە سەر خۆی چونکە ئەو وەزیر بووە و ئەو بەرپرسیاری سیاسەتی وەزارەت بووە و بریکاری وەزیریش فەرمانبەرێکە وەک هەموو فەرمانبەرەکانی دیکە، ئیدی دادگا بریکارەکەی بێتاون کرد و وەزیریشی بە پێنج ساڵ بەندیی کاری قورس سزادا.

ئیبراهیم کوببە و محەممەد یەحیا دوو بەندیی سیاسی بوون لە ژوورێکدا، لەبەر هۆیەکی نازانم چ بوو بەینیان نەبوو، من ئۆباڵەکەی لەبەردوو هۆ دەخەمە ئەستۆی ئیبراهیم

کوببەی؛ یەک ئەو مرۆڤێکی زانــا و پێشـــکەوتنخواز، دەبووایە لەبەر ئەو هەڵوێســـتە جوامێرانەیەی و سەنگینی رەوشتی، دەبووایە محەممەد یەحیای لەهامێز بگرتایە. ئیبراهیم کوببە، نەک هەر بەرانبەر ئەحمەد محەممەد یەحیــای، بەڵکو کە وەزیربوو، بەرانبەر هاوڕییەکانی وەزارەتیشی هەر توند و توورەبوو و لێبووردنی نەبوو.

گواسـترامەوە ژوورێکی تەنیشـتیان، من و ئەحمەد محەممەد یەحیا لە باخچەی بەندیخانە پێکەوە دادەنیشــتین، بەڵوم ئیبروهیم کوببە نەدەهاتە لامان، ئیدی من دەســتێک لە پاش و دەستێکم لەپێش، یان دەبووایە لەو هەڵوێستە شەرماوەرەی نێوانیان بوومایە، کە ئەو پێش بەندیخانە وەزیر و برادەرم بوو، یانیش داوا بکەم بمگوازنەوە بەندیخانەی نوگرە سەلمانی جیابان، کە سەدان شیوعی و دیموکراتیی سەرباز و مەدەنی لەوێ بەند کرابوون.

ڕۆژێک، کامل چادرچی بۆ ســــەردانی ئیبراهیم کوببەی هاتە بەندیخانە و،کە زانیی لە ژوورەکەی تەنیشــتیمە ســەریدا تا ســڵاوێک بکا، ئیدی پێمگوت لەبەر ئەو هۆیەی رەنگە داوای گواســـتنەوەی خۆم بکەم. گوتی هەوڵدە پێکیانبینییەوە، گوتم وەک دەزانی ئەوەیان قورسە.

دوای ماوەیەک، سەرباری هەدانەدانی ئەحمەد محەممەد یەحیای، چونکە بەتەنیا دەمایەوە، داوایەکی نووســـراوم دایە بەڕێوەبەری گشــــتیی بەنـدیخـانەکـان، جونکە ئێمە لەژێر ســەرپەرســتیی دادوەری گشــتیی ســـەربازی بووین. ڕۆژێک، ثامر حەمدانی بەڕێوەبەری بەندیخانە داوای کردم و بڕیاری دادوەری گشـــتیی ســــەربازیی پێڕاگەیاندم کە ئەگەر نەفرەت لە شـــیوعییەت بکەمبە دەرکردنی مەرســـوومێک بەرمدەدا، منیش ڕەتم کردەوە، گوتی ئەگەر بە تۆمەتی شــیەعییەتی بەند نەکرابی، ئیدی بۆ چەندین ســاڵ لە بەندیخانەی سەلمان بەسەردەبەی لەبەر ستێکی پێی تۆمەتبار نەکراوی، بەڵام من بەنووسین نووسیم نەفرەت لە شــیوعییەت ناکەم، ئیدی گواســترامەوە نوگرە ســەلمان، لەوەیشــیان ویســتم کەســوکارەکەم لە هاتووچۆی بەندیخانە بحەســێنەوە ، کە خۆیان هیچیان نەبوو و شــێخ عەتای براشــم، کە پێشــترێ چاوی لێیان بوو، پەیوەندیی بە هێزی پشــتیوانیی شــیوعییان کردبوو لە کوردســتان، هۆی دوەمیشــیان ئەوەبوو دەمویســت لەگەڵ هاوڕێیەکانم بم، جا لەهەر کوێ بن.

دیسان لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان:

کە گەیشتمە بەندیخانەی نوگرە سەلمان، عەبدولڕەحمان جاسم بەڕوەبەری بەندیخانەکە بوو کە وەک پێشترێ باسم کرد، ئەفسەرێکی خانەنشین بوو و، ئێستا خەڵکێکی سەر بە ئاسایش و هەوالگریی سەربازی چاودێریی بەندیخانەیان دەکرد و، هەر ئەوانیش کە بەندییەکان دەگەیشتنە جێ کەلوپەلەکانیان دەپشکنین. ئەگەرچی نارەزاییم دەربڕی گوتم من سیاسیم و مافی ئەوەم هەیە ڕادیۆم هەبێ ڕۆژنامەم بدرێتێ، ڕادیۆیەکەیان لێستاندم، گوتیان ئەو بەندیخانەیە هیی غەیرە سیاسیانە و ئەو کەسەی لە بەندیخانەیەکی دی سیاسییە، کە دەگوازرێتەوە ئەو بەندیخانەیە مافەکانی بەندیی سیاسیی لەکیس دەچێ.

جووم ژوورەوەی بەندیخانە و بەندییەکان پێشوازییان لێکردم، لەوانەش مامۆستا نەعیم بەدەوی وعەبدولڕەزاق زوبێر و ڕافد ئەدیب و دکتۆر قوتەیبە شێخ نووریو دکتۆر عەبدولسەلام باڵەتە و ژمارەیەکی زۆری ئەو ئەفسەرانەی لە بەندیخانەی سەربازگەی ڕەشیدم دیتبوون و ژمارەیە بەندیی خەڵکی کفریش.

بەندییەکان سێ کۆمەڵە بوون. کۆمەڵەی شیوعییەکان و برادەرەکانیان،چ سەربازی و چ مەدەنی. کۆمەڵەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی'پارتی دیموکراتی کوردستان'دەستەیەکی ئایینیی کوردانی لەوی دەستبەسەرکرابوون و، پەیوەندیی ئەو سێ دەستەیەش دۆستانەبوو.

ئەوەی سەیربوو، سەرۆکی کۆمەڵە ئایینییەکە ناوی 'سۆفیان'ی بوو و پێنج فەرزە بانگی دەدا و نوێژیان بە جەماعەت دەکرد، ڕۆکێکی هاوینێ بانگی بەیانیی لەنزیک دەستەی پارتی دیموکراتی کوردستان دا و لەخەوێی هەستاندن. ئیدی ئەوانیش خۆیان لێ توورەکرد و گوتیان خەوی بەیانیانت لەکیسداین. پێیگوتن: ئێوە بە شیوعییەکان دەڵێن بێ دین و ئەوە ساڵێکە لەنزیکیان بانگ دەدەین، نە لێمان تووڕەبووینە و نە ناڕەزاییان دەربڕیوە.

دانی ئێواران، بەندییەکان لە گۆڕەپانی بەندیخانەکە تۆپانێیان دەکرد. سووسەم ببۆ هەندێ بەندی کرد دوو ژووران بۆ وانە پێگوتنەوەی قوتابیان دروستکەن تا ئەرکەکانیان بخوێنن و ئەگەر بەریاندان بۆ تاقیکردنەوە ئامادەبن. شێخی سۆفییانیش هات و تکای کرد بەڵکو ژوورێک بۆ ئەوانیش دروستکەی تا بە ئازادی نوێژی تێدا بکەن، چونکە ئەوانەی تۆپانێ دەکەن نوێژیان لێ تێکدەدەن، ئیدی ژوورێکی نوێژیش بۆ ئەوان دروستکرا.

ڕێوشوێنی بەندیخانە لەگەڵ لەوەی جاران جودابوو، جاران، ئەوانەی دەهاتنە ناو ئەو ڕێکخراوە بەندییەی شیوعییەکان بەڕێوەیان دەبرد، ژیانێکی سۆشیالیستی دەژیان، ئەوان هەر چ خواردن و پارەیەکیان بۆ بهاتبا، تەنیا شتە تایبەتەکان نەبێ، ئەوا ڕادەستی

ڕێکخراوەکەیان دەکرد و لە ژیانی بەکۆمەڵی بەندییەکان بەشـــدار دەبوون و، بەوەش، ئەگەر کەســـوکاریان دواکەون یان لەبەر هەر هۆیەک پێیان نەکری بێنەلایان، لە بەڵای تەنگانەی ژیان دووردەبوون و بەو ژیانەش ڕازیبوون.
بەڵام ئێستا ژمارەی بەندییەکان زۆرە، زۆرتر لەوەی پێشتر باسم کرد، ئێستا لە "١٥٠٠" بەندی تێدەپەڕێ وله لە خوو و دەروون بیروڕای جودا، ئیدی پێویســـتی بە جۆرە ڕێکخســـتنێکی لەبارتر هەیە تـا هەمووان پێی ڕازیبن. ئیدی ڕێکخراوەکە ئـازەخەی بەندیخانەی وەردەگرت و خواردنێکی تا رادەیەک باشـی دەدایە بەندییەکان، چا فرشـتنی بەندیخانەشــی بەڕێوە دەبرد و لە قازانجەکەی جلوبەرگ و پێداویســـتە تایبەتکانی وەک گوێزانی ڕیش تاشـین و پارەی چا کڕینی دەدایە ژمارەیەکی زۆری ئەو ســەرباز و پلەدار و کرێکار و جووتیارانەی ســـەرچاوەی داهاتیان نەمابوو، ڕێیشـــی بەهەندێ گوزەران خۆشـــان دەدا هەندێ کەلوپەلی تـایبەتی وەک خواردنی لە قوتوونراو و پـارە هەڵگرن، لەهەموو خوانێکیشدا هەندێ لە هەژاەکان دەبوونە هاوبەشی هەندێ لە خۆشگوزەرانەکان تا لە هەندێ خواردن لەگەڵیان بەشدار بن کە کەسوکاریان بۆیان دەهێنان. هەر بۆ نموونە، ڕێکخراوەکە بەیانیان نان و شـۆربای دەدایە بەندییەکان و گوزەران خۆشـەکانیش لە یەک خواندا"پێنج کەس" هەندێ پەنیر و خواردنی قوتوویان دادەنا.
ئێوارەیەکیان دەمەقاەیەک لەنێوان بەرپرســی هۆڵێک و ئەســـەرێکی گیراو دروســـتبووکە داوای دەکرد هەموو ئێواران برنج و مەرەگەی بـدرێتێ. ئەوە، بۆ بەنـدیخـانەیەکی دوورەدەسـتی وەک نوگرە سـەلمان، داوایەکی لەدەسـت نەهاتووە و، جونکە جنێویسـی بە ڕێکخراو و بەرپرسەکە دابوو، کابرا لێیدابوو. ئەوەش بووە جێی دڵخۆشیی ئەفسەرەکان و ئامۆژگاریی ئەفســەرەکەیان کردبووبارودۆخی بەندیخانەکەی لەبەرچاوبێ و داوایەک نەکا کە لەدەســـت کەس نایەت جێبەجێی بکا. جا لە دۆخی ئاوادا بنیادەم دەشـــڵەژێ؛ ئەوەیان ماڵەکەی بێ بەخێوکەر بەجێهێشتووە و، ئەوێهێ ژنەکەی دەستی لێ بەرداوە و چووەتەوە ماڵە باوانی. جا لەو کارانەی زۆر ئەستەم بوون ئەوەبوو مەزەەر نوابی شاعیر و تێکۆشەر پێش بەندکردنی کچێکی نیشـــان کردبوو، بەڵام حوکمی هەمیشـــەیی بەســـەردا درابوو، نامەیەکی لە دەزگیرانەکەیەوە بۆ هاتبوو دەیگوت کەسـوکارەکەی ڕازی نین بیسـت سـاڵ چاوەڕێ بکا تا ئەو لە بەندیخانە دەردەچێ. ئیدی ئەو ناچارەنیشـانەکە هەڵوەشـێنێتەوە و خۆی لەو کۆت و بەندە ڕزگار بکا. جا موزەفەر زۆری خەم خوارد، بەڵام ئێمە ورەمان دەنایە بەر و دەمانگوت ئەو گەنجە و ئەو باودۆخەش هەر ئاوا نابێ و درێژە ناکێشــێ و ئەویش لە بەندیخانە دەردەچێ و زەماوەند لەگەڵ کچێک دەکا بەهای قوربانیدانی بۆ گەل بزانێ. یان یەکێکی دیکەیداوایەکی لە دادگای شـــەرعی تۆمارکردووە و داوای تەڵاق دەکا

چونکە مێردەکەی بۆماوەیەکی زۆر حوکمدراوە و کەسـی نییە بەخێوی بکا و خەرجیی دابین بکا، ئیدی گەرەکیەتی لە کۆتوبەندی هاوسـەرییەکەی دەربازبێ و مێرد بە پیاوێکی وا بکا بەخێوی بکا. بەڵام کچ و ژنە وشـیارەکان نموونەی ئەو کەسـانەبوون کە بە روویەکی خۆش و ئارامگرتنەوە بەرگەی ئاسـتەنگەکانی ژیانیان دەگرت و مێردەکانیان هاندەدائارام بگرن و دەیانگوت ئامادەن کاربکەن و منداڵەکانیان بەخێو بکەن.
ڕۆژێکیـان نـامەیەکم لە ژنەکەمەوە بۆ هـات و دەیگوت هەردوو منـداڵە جمکەکەمـان مردوون"کچێک و کوڕێک" کە هێشـتا سـاوابوون. ئیدی ئەو هەواڵەم لە هاوڕێیەکانم شـاردەوە و ئازارەکەم لە ناخی خۆم هێشـتەوە. هاوڕێ ئەحمەد غەفوور بەوەی زانی و ئیدی دڵی دەدامەوە وبە ئارامی و بەرگەگرتنی ئازاری منیدا هەڵدەدا.
من کادیرانی حیزبم فێری ڕۆشنبیریی سیاسی دەکردو، بزاوتێکی دووبەرەکی لەدەرەوەی بەندیخانە پەیدابیوو و یەک لە ئەفسەرە شیووعییەکان بەرپای کردبوو و ئەو بزاوتە دزەی کردە ناو بەندیخانەش و، دەیگوت ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیا و هەڵگرانی کتێبە مارکسـییەکان کۆتاییهاتووە و، ئەوانەی بواری سەربازی بە بەرپاکردنی کودەتایەک دەتوانن بارودۆخەکە بگۆڕن. ئەفسـەرەکان، لەسـەر ئەو قەساخانانەی دژی شـیوعییەکان و هاوکارانی حیزبیان کردبوو، هەرەشـەی تۆڵەسـەندنەوەیان لە بەعسـییەکان دەکرد . منیش پێمدەگوتن : دەبێ وەرچەرخانێک لە ڕێوانی سـیاسـەتی حیزبە عێراقییەکان بکرێ و دەبێ ئاشـتبوونەوەیەک لەنێوان ڕەوتی سـۆشـیالیسـتی و دیموکراتی و ڕەوتی قەومیی ولاتدا بکرێ. باشـە ئەگەر ئێمە بە نۆبەت دەسەڵاتمان لەیەکدی ئەستاند و قەسابخانەی وەک ئەوەمان بۆ یەکدی دانا کە لە١٩٥٩ و ١٩٦٣ روویاندا، ئەرێ چارەنووسـی ولات چ دەبی و، کەینێ کاتی ئەوەمان دەبێ شتێکی بەسوود پێشکێشی ئەو گەلە بکەین.
من باوەڕم بەوەی هەبوو دەبێ ئەو ململانێیە خوێناوییانە ڕاگیرێن و، ڕێیەک بۆ هاوکاریو هاوپەیمانیی نێوان هێزە نیشـتمانی و قەومییە جیاوازەکان بدۆزرێتەوە. ئەوەی سـەیریشـە ئەوەیە ئەو دەستەیەی باوەڕیان بە کودەتای سـەربازی و کوشـتنی بەعسـییەکان هەبوو، یەکەم دەستەبوون خزمەتگوزارییەکانیان خستە بەردەستی ئەو بەعسییانەی دەسەڵاتیان لە عەبدولڕەحمان عارف وەرگرت و، حیزبی شیوعییان بە خائین دادەنا و، سەدام حوسێن خۆی وەڵامدانەوە و گوتی: ئێمە پێوەینە هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی شـیوعی بکەین، باشە ئەگەر پێمانوابێ ئەوان خائینن ئیدی چۆنیان هاوپەیمانی لەگەڵ بکەین؟!
لەو هاوڕێیانەی لە بەندیخانەی سـەلمان بوون عادل سـەلیم و ئەحمەد غەفور و سـامی ئەحمەد و عەزیز سباهی و عەبدولوەهاب تاهیر بوون.

دوای ئەوەی لە بەندیخانە دەرچووم گوێم لە جیابوونەوەی هەریەک لە عەبدولوەهاب تاهیر و سامی ئەحمەد بوو، چونکە حیزب دەیەوێ دانوستان لەگەڵ حیزبی بەعس بکا و بەرەی نیشتمانی لە وڵات دامەزرێنێ، ئەوانە لایەنگریی دەستەی عەزیز ئەلحاج بوون'دەستەی تێکۆشانی چەکداری' و یەکەمین خۆ بەدەستەوەدەری دەسەڵاتی نوی بوون و هەڵپەی ئەوەیان بوو وەک دوو ئەندامی حیزبی بەعس وەریانگرن یانیش ڕێیان بدەنێ خزمەتیان بکەن.

بەعسییەکان لە لەناونردنی شیوعییەکان بەردەوام بوون و هەریەک لە حەمەدەڵلا نەجاڕ و سەلاح ئەحمەدیان ڕەوانەی نوگرەسەلمان کرد تا لە سێدارە بدرێن و ئەو دووەش بە کێشەی موسڵی سەردەمی بزاوتی شەواف تاوانبار کرابوون. حەمەدەڵلا هەوڵیدا لە بەندیخانەی سەماوە ڕابکا، بەڵام نەیتوانی و لە مووسڵ لە سێدارە درا، هەرچی سەلاح ئەحمەدە، توانی لە بەندیخانەی سەلمان ڕابکا، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە سەماوە لەڕێگا لە تینوان مرد.

لە بەندیخانە، عەقید عەبدولڕەحمان قازیشمان لەگەڵدابوو، ئەگەرچی ئەو لە نزیکەکانی بارزانییس بوو، کەچی لەگەڵ شیوعییەکان دەژیا نەک پارتییەکان، باشترینن پزیسکەکانیش هەر لە بەندیخانەبوون، لەوانەش عەقید ڕافد ئەدیبی باسم کرد و ئەو لە بنەماڵەی بابنی کوردی بوو.

ڕۆژێکیان برووسکەیەک لە ڕەشید موسڵحی دادوەری گشتیی سەربازییەوە گەیشتە بەندیخانە و داوای لە هەریەک لە موکەڕەم تاڵەبانی و دکتۆر ڕافد ئەدیب و دکتۆر قوتەیە شێخ نووری ودکتۆر عەبدولسەلام باڵەتە و دکتۆر عەبدولسەمەد نوعمان کردبوو با نەفرەت لە بنەمایەکی شیوعییەت بکەن تا بەربدرێن، ئەو برووسکەیەس نیشانەی گەمژەیی دادوەری سەربازی بوو، هەمووان ڕەتیانکردەوە نەفرەت لە شیوعییەت بکەن، دکتۆر عەبدولسەلام باڵەتە گوتی من نە بە شیوعی بوون و نە بە پارتیبوون تاوانبار نەکراوم من تەنیا لەبەر ئەوەی گیراوم جونکە برای عەقید جەلال باڵەتەیمە، جا ئەگەر نەفرەت بکەم دەبێ بڵێم من برای جەلال باڵەتەی برام نیمە، ئەو برای لە دایک و باوکمە، چۆن برایەتی بە نەفرەت بکەم؟

وەزیری ناوخۆ لەبەندیخانە بەرمەدا:

دووساڵ بەسەر گرتن و بەندکردنمدا تێپەڕیبوو، برووسکەیەکی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشـــتی گەیشـــتە بەندیخانەی نوگرەســـەلمان، ناوەرۆکەکەی ئەوەبوو موکەڕەم جەمال تاڵەبانیی بۆ بنێرن، نەمدەزانی بۆ داوایان کردبووم و بە تەخمینی خۆم ســـەبارەت بە بوونە شـــیوعیی بەرپرســـیارییەکانم لەو حیزبەدا لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا دەکەن، چونکە لەبەردەم دەســـتەی لێکۆڵینەوەی تایبەتی ئەنجوومەنی وەزیران تەنیا لەســـەر تێکدانی سیستەمی بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردبووم:

ئێوارەکەی بردرامە بنکەی پۆلیســی بادییە لە ســەلمان، تا بەرەخســێ و بەرەبەیانی ڕۆژی پاشترێ سەفەر بکەین چونکە بە ئۆتۆمۆبیلێکی شڕی پۆلیس سەفەرەکە دەسەعات پتری دەویســـت، هەرکە گەیەندرامە پۆلیســـی تەســـفیراتیش گواســـترامەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش، لەوێ لە ژوورێیان کردم. لەوێ کۆمەڵێ ئەندامی سوپا و خەڵکی مەدەنیم دیت بە هەوڵی کودەتایەک، بە ســـەرکردایەتیی موقەدەم ڕوکن ســـەلیم فەخری، تۆمەتبار کرابوون. دەزگا ئاســـایشـــییەکان ســـەلیم فەخرییان لەڕێی ئەفســـەرێکی ســـیوعییەوە دانەخۆرەی بەغدا کردبوو کە ئەودەم کاری بۆ ئاســـایش دەکرد. ســـەلیم فەخری لە کوردســـتان لەگەڵ شـــیوعییەکان کاری دەکرد و دانەخۆرەی بەگدا کرابوو تا پەیوەندی بە ژمارەیەک ئەندامانی ســـوپا بکا تا خۆیان بۆ ئەو کودەتایە ئامادەبکەن گوایە بەتەمان بیکەن. ئیدی خۆی و ژمارەیەک داروودەستەکەی دەستگیر دەکرێن و، لە هۆڵێکی بەرانبەر هۆڵی بەعسییەکانیش هەندێ بەعسیی تێدابوو، مورتەزا سەعید عەبدولباقییان لەناودابوو کە بەبنەچەتورکمانی عشیرەتی بەیات بوو، باوکی لە پلەدارەکانی پۆلیسی پاراستنی نەوت بوو، گواسترایەوە حەدیسە و لەوێ خێزانەکەیان بوونە عارەب و، مورتەزا بووە وەزیری دەرەوە و دوایەش وەزیری ئابووری و، ئەوجا باڵیۆزی عێراق لە مۆسکۆ، دواترێ حوکمی بەندکردنی درا و لە بەندیخانەدا مرد.

یەکی دیکەیان نەعیم حەداد بوو کە دواترێ بووە ئەندامی ســـەرکردایەتیی قوتریی حیزبی بەعس و وەزیری لاوان و ســـکرتێری بەرەی نیشـــتمانی و قەومیی پێشـــکەوتنخواز. ئەو دوولایەنەش نێوانیان نەبوو، تەنیا کەسێک نەبێ کە ناوی سەلاح شبیب بوو و سەری لە ژوورەکەمان دەدا تا یاریی پۆکەر لەگەڵ هاواڵەکانی سەلیم فەخری بکا و، نەعیم حەدادیش هەڕەشەی لێ دەکرد و جنێوی پێدەدا چونکە پەیوەندیی بە شیوعییەکانەوە دەکرد.

شـیوعییەکانیان بەشـەو دەناردەلێکۆڵینەوە و دوای چەند سـەعاتێک بەخوێن لێ چۆڕانەوە دەیانهێنانەوە، چونکە دانپێدانان ئەشـــکەنجەیان دەدان، شـــەوێکیان ئەحمەد مەحمود

حەللاقی شـــیوعییـان برد، کە کوردێکی ســـلێمـانی بوو،لە جێی گرتنەکە بە نیوەمری هێنایانەوەبرینەکانیمان شووشت و هیچمان نەبوو برینەکانی پێ پاککەینەوە.
بەعســـییەکـانیشـــیـان دەبردە لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەوانیـان بەجۆرێکی دی ئەشـــکەنجە دەدا،درندەیەک ئەو کارەی دەکرد ناوی "عومەر" بوو و بێ ڕەوســـت بوو و دەســـتدرێژیی سێکسیی دەکردەسەریان. لە ١٩٦٨ پرسیاری عومەرم لە نەعیم حەداد کرد، گوتی هەر لە یەکەم ڕۆژی شـۆڕشـی ١٧ی تەممووز کوشـتمان. منیش لەو کەشـە تۆقێنەرەدا چاوەڕێی چارەنووســـی خۆمم دەکرد و جاوەڕێم دەکرد بزانم لەســـەر چ مەســـەلەیەکلێکۆڵینەوەم لەگەڵ دەکەن.
ڕۆژێکیان بانگکرام تا خۆم بۆ دیدارری ڕەشـید موحسـینی بەڕێوەبەری ئاسـایشـی گشـتی ئامادەکەم، بە جلی خەوەوە چوومە دیتنی، جونکە لە بەندیخـانە جلی مەدەنیمـان نەبوو، پرسـیاری ئەوەی لێکردم داخوا دەســـتەجلێکم هەیە تا بۆ دیداری وەزیری ناوخۆ لەبەری بکەم؟
ڕۆژی دواترێ دەســـتێ جلیان لەماڵەوە لە بەغدا بۆ هێنام و، بردمیانە دیداری وەزیر و منیش نەمدەزانی وەزیر کێیە. ئیحســـان تاڵەبانیی برامم لای بەڕێوەبەری نووســـینگەکەی دیت. کە چووینە ژوورەوە دیتم عەقید ڕوکنســـوبحی عەبدولحەمیدە، ئەوکـاتەی لە کەرکووک مولازم بوو ئەوم دەناســـی. ســـەرباری ئەوەی مەترســـیی بۆ ئەویس هەبوو، چونکە من وەک ســـیوعی ناســـرابووم، کەچی یەکدیمان دەدیت. ســـوبحی هەســـتایەوە و دەســـتی لەملی کردم و داوای لێبووردنی لیکردم لەو شـــتانەی لەو دوو ســـاڵەدا بەســـەم هـاتبوون و گوتی:ئێوە هەڵەتـان کرد و ئێمەیش، لەو وڵاتەیدا کەس نییە هەڵەی نەکردبێ، پێویســـتە ئەوەی چووە لەبیری بکەین، خەبەرم زانی لە بەندیخانەی ســـەلمانی. بەخۆمم گوت دەکرێ من وەزیری ناوخۆبم و مامۆســـتا موکەڕەم لە بەندیخانەی ســـەلمان گیرابێ؟
ئەوجا گوێدانی تەلفۆنەکەی هەڵگرت و پەیوەندیی بە تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیران کرد و پێیگوت: مـامۆســـتـا موکەڕەم لای منە، بەڵام نەمتونیوە نووســـراوەکـانی دەرکردنی لێخۆشـــبوونی بۆ بنووســـم، چونکە من دەمەوێ پێشـــی جێژنێ دەربچێ، هیوادارم نووسراوێک لای خۆتانەوە بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار بنێرن تا مەرسوومەکە دەرکەن.
ســـوپاســـی ئەو ئاوڕدانەوە جوانەیم کردو پێمگوت: حەوت کەســـی خەڵکی کفری لە بەنـدیخـانەی نوگرە ســـەلمـانن وبە حوکمی جیـاواز حەکمـدراون، من کە لەکفری بووم واملێکردن ببنە شیوعی، ئەوەش ڕەوستی باس نییە من لە بەندیخانە بێمەدەری و ئەون لە بەندیخانە بەجێ بهێڵم، گوتی ناوەکانیانم بدەرێ تا بیانهێنم و لەگەڵ تۆ بەریان بدەم. ناوەکانم دایە و داوای لە سکرتێرەکەی کرد برووسکەیەک بۆ بەندیخانەی سەلمان بنێرێ

و داوا بکا بیاننێرنه ئاسایشی گشتی، دوای دووڕۆژیش گەیشتنه ئاسایشی گشتی و ئەوجا نێردرابنه هۆڵێکی فراوانی ڕاگیرانی گشـــتی هەتا مەرســــوومێک به بەردانی هەمووماز دەردەچێ.

ئەوەی سـەیرە، وەک سـوبحی عەبدولحەمید دواتری پێیگوتم، گۆڤارێکی میسـری بەردانی منی ئاوا وێناکردبوو: کاتێ سـوبحی عەبدولحەمید وەزیری ناوخۆ بووە و سـەرێک له بەڕێوەبەرییەکانی سـەر به وەزارەتەکەی دەدا، سـەردانی بەندیخانەی نوگرە سـەلمانی بیابان دەکا که تایبەتی بەندییە شـیوعییەکانه. لەوێ چاوی به موکەڕەم تاڵەبانیی کۆنه برادەری دەکەوێ و، لەناو سەرسوڕمانی بەندی و بەندیوانان، وەزیر و بەندی دەست له ملی یەکدی دەکەن و وەزیر، که برادەرە کۆنەکەی له کۆتوبەندانددا دەبینێ، فرمێسـکان بەردەداتەوە. ئیدی به فڕۆکه هێلیکۆتەرە تایبەتەکەی دەیباتەوە بەغدا و به سـەلامەتی دەینێرێتەوە ناو کەسوکاری.

که له بەندیخانه هاتمەدەرێ، ئیحسـانی برام و شـێخ غالب شـێخ سـاڵح باداوەی پیاوچاکی خزمم و بەڕێز ڕەشاد موفتیەو مرۆڤه باشەی پێشتری نەمدیتبوو، چاوەڕێیان دەکردم و. به ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەمەی گەیاندەوه ماڵەکەمان له وەزیرییه و، باری دارایيمان زۆر خراپ بوو، من و ئیحسانی برام له وەزیفه دەرکرابووین و ماوەی پێویستی خانەنشینبوونیشمان تەواو نەکردبوو و، شـێخ عەتای برامی لەو هەڵوێسـتانەدا فرایامان دەکەوت، گوندی زەردەوی بەجێهێشتبوو و ڕەگەڵ هێزی پشتیوانیی شیوعییان کەوتبوو وببوە سەرکردەیان تا لەدەسـت حکوومەت دەربازبی و نەگیرێ و ئەویش ژنه منداڵەکانی بێ دەرامەت له کەرکووک بەجێهێشتبوو.

له بەغدا، ئێمه و خێزانی ئیحسـان له خانوێکی کرێی گەڕەکی وەزیرییه کۆبووینەوە و بەحاڵ دەمانتوانی کرێی خانووەکه بدەین. خاوەنی خانووەکه خانمی ژنی عەمید ڕەسـمی قامچیی خوالێخۆشـبوو بوو و مرۆڤێکی باشـبوو و دەیزانی بارودۆخمان چەند زەحمەته. نەکا لەڕوو دابمێنین، هەتا ئێمه نەمانگوتبا ئەو بۆ کرێی خانوو نەدەهات. من برایەکەم نووسـینگەیەکی پارێزەریمان کردەوە، چونکه تازەکاریش بووین له بەغدا، هەر ئەوەته و دەمانتوانی کرێیەکەی بدەین، بەڵام بورهان جەلالی خاڵمان دەسـتی به فرۆشـتنی پارچەزەویی چۆلی کردبوو و دایکیشمان بەشی تێدابوو و بۆ کرێدا و کاروباری گوزەران تۆزێک فریامان دەکەوت و پارەیەکیشـی به قەرز داینێ و دایکم، کاتێ گوتیان خانووەکه دەفرۆشـرێ، توانیی به "٤٢٠٠"ینار بیکڕێ، که به خاوەن خانووەکەیسـمان گوت تەنیا به قیست دەتوانین پارەکەی بدەینێ، ڕازیبوو دەوەی به دوو مانگ"٥٠٠" دیناری بدەینێ، وەک پێشتریش ئەگەر قیستەکان دوابکەوتنایه ئەو داوای نەدەکرد.

سەرۆک عارف و کۆبوونەوەی نهێنی ماڵی فوئاد عارف:

ئەو دانوســـــتانانەی لەنێوان حکوومەت و بزووتنەوەی کوردی کران هیچ ئەنجامێکیان نەبوو. حکوومەت پێویستی بەوەی بوو دانوســتان لەگەڵ مەلا مســتەفای بارزانی بکا و ئەو شەڕە ڕاگرێ، تا دەستی بۆ دانوستانی کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان بەتاڵ بێ سەبارەت بە داواکارییەکانی عێراق لەو کۆمپانیایانە و، کۆمپانیایەکانیش ڕکەیان لەســەر هەڵوێستی خۆیان دەکرد بەرانبەر حکوومەتی خۆی وا نیشــــاندەدا خۆ لە ســــەرۆک جەمال عەبدولناســـری نزیک دەکاتەوە و ئیدی وەک چاولێکەریی میســـر، هەندێ بانکی ئەهلی و کارگەی خۆماڵی کرد، گوایە ڕێ پێشکەوتنی سۆشیالیزمی دەگرێتەبەر.

کە جارێکی دی شەڕ لە کوردستان هەڵگیرسایەوە، ئەو کوردانەی لە بەغدا بوون پرس و ڕای ئەوەیان کرد کـارێـک بکەن کورد بگـاتە داواکـارییەکـانی، ئیـدی بـانگێشــــت بۆ کۆبوونەوەیەک کرا لە ماڵەکەی بەڕێز فوئادعارف و نزیکەی "٦٠" کەســـایەتیی ســـەربازیی خانەنشین و مەدەنیی خاوەن بیروڕای جیاواز ئامادەی بوونلەوانەش شیوعی و دیموکراتی و ڕاستڕەو و بگرە بەکرێگیراوانی خۆرئاواش. لە دەســپێکی کۆبوونەوەکەدا، فوئاد عارف جنێوی بەو کەســـە دا ئەوەی لەو کۆبوونەوەیە دەگوترێ بیباتە دەرێ، ئەوجا دەســت بە گفتوگۆ کرا، ڕایەکان لەســـەر ئەوەی کۆک بوون نووســـراوێکی ە کەس بە ناوی هەمووان واژوویان کردبێ بدرێتە حکووموت و تێیدا داوای ڕاگرتنی شـــەڕی کوردســـتان بکەن و داواش بکەن حـکـوومەت بەدەم داوا ڕەواکـانـی کـوردەوە بێ. ڕۆژی دووەم، پێش ئامادەکردنی نووســـــراوەکە، ســــەرۆک عەبدولســــەلام عارف داوای بەڕێز فوئاد عارفی کردبوو تا لە کۆشـــکی کۆماری ببینێ. لە دیدارەکە لێپرســــیبووئەوانەی لە دوێنێ لە ماڵەکەی کۆبوونەوە کێبوون؟ فوئاد عارفیش لە وەڵامدا گوتبووی ئەو دیوەخانێکی هەیە دەیان کەس، تەنیا بۆ گفتوگۆ و قاوەخواردنەوە ســــەری لێدەدەن. ەبدولســـــەلام بانگی ســکرتێرەکەی دەکا تا نەوارەکانی"شریت" بۆ بێنێ کە گفتوگۆیەکانی کۆبوونەوەکە بوو و، گوتی: ئەبو فەرهاد تۆ کەســێکی باشــی و نیەتت پاکە و وادەزانی هەمووکەس وەک تۆیە، شــــەوێ دینێ پێش ئەوەی ئەوانەی لای تۆ کۆببوونەوە بچنەوە ماڵەکانیان دکتۆر قەرەنی دۆغرەمەچی ئەو شـــــریتەی هێنایە هەواڵگریی گشـــتی و، بورهانی حامید بەگی جافیش شریتێکی دیکەی هێنایە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گشتی. ئەوجا فەرمانی گرتنی ئەفسەرە خانەنشینە کوردەکانی دەرکرد، لەوانەش فوئاد عارف، جا ڕەوانەی ناحیەی "عەین تەمر"ی کەربەلای کردن.

ئەوەی ســــەیربوو ئەوەبوو، کە لە ئاســـایشـــی گشـــتی بانگی ڕەشـــید جەودەتی عەمیدی خانەنشـــینیان کردبوو لێیان پرســـیبوو داخوا پارەی بۆ بزووتنەوەی کوردی هەناردووە،

وەڵامەکەی "بەڵێ" بوو، کە گوتیان بۆ؟ گوتبووی من پیاوێکی پیری پەککەوتەم و ناتوانم بجەنگم بۆیە هاریکاریی دارایيم کردوون. جا لەگەڵ ئەوانیدی گیرا. زەید ئەحمەد عوسمانی بەوەی ناســـرابوو پەیوەندیی لەگەڵ هەوالگریی ناوەندیی ئەمەریکا هەیە، لەناو گیراوەکان بوو و، ئەوانە تا مردنی عەبدولســـەلام عارفی لە رووداوەکەی هێلیکۆپتەری لە نیســـانی ١٩٦٥ کە بۆ ســـەردانی پـاریزگـاکـانی بـاســـوور چووبوو، هەر لەوێ مـانەوە. جـا عەبدولرەحمانی برای جێی گرتەوە، کە بەوەی ناســـرابوو وەک عەبدولســـەلامی برای درِ نییە و، عێراقییەکانیش بەگاڵتەوە بەو بژاردەیەیان دەگوت "لەجێی ونبووەکە".

بزووتنەوەی کوردی و شەڕی شیوعییەکان لە چیای هندرێن:

عەبدولڕەحمان عارف ویستی گەرێکی دیکەی دانوستان لەگە کۆمپانیا نەوتییەکان دەستپێکا و، بۆ ڕاگرتنی شەڕی کوردستانیش پێویستی بەوەی هەبوو پەرلەمانێک بێنێتە کایە ڕەزامەندی لەسەر ئەو ڕێککەوتنە نوێیانە دەربڕێ کە لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت واژوویان دەکا و، بۆ ئەو کارەش دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزازی مامۆستای زانکۆی هەڵبژارد.

عەبدولڕەحمان بەزاز لەو ڕۆشنبیرانە بوو کە لە خۆرئاوایان خوێندبوو و پەیوەندییەکی ڕۆحیی پێیەوە هەبوو، یەکەم کاری کردیشی هەوڵی ڕاگرتنی شەڕی کوردستان بوو، ئیدی بەدوای زەید ئەحمەد عوسمانیدا نارد کە لە گرتووخانەی "عەین تەمر" گیرابوو و هەناردی تا پەیوەندی بە مەلا مستەفا بارزانییەوە بکا. مەلا مستەفا ئێستا داواکارییەکانی لەسەر حکوومەت سووکترکردبوو و بە پیادەکاردنی بەڕێوەبەرییەکی لامەرکەزیی عێراق ڕازیبوو بە کوردستانیشەوە لەگەڵ جێبەجێکردنی هەندێ داواکاریی سادە و بەڕێوەبەریی لامەرکەزی هیچ پەیوەندییەکی بە مافە نەتەوەییەکانەوە نەبوو، بەڵکو ڕێوشوێنێکی بەڕێوەبەرییە و زۆر وڵاتی کە هیچ کێشەیەکی نەتەوەییشیان نییە بەکاری دەهێنن. حکوومەت پەیوەندییەکانیلەگەڵ باڵی جەلالتاڵەبانی بەکارهێنا تا فشار بخاتە سەر بارزانی، تا بەوەی دەیخاتە بەردەستی ڕابێ. دەزگا ڕاگەیاندنەکانی حکوومەت ڕایانگەیاند دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆکوەزیران دیدارێکی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی کردووە نەک باڵی بارزانی، ئیدی جەعفەر عەبدولکەریم بەرزنجیی ئامر هێز ناوچەکەی خۆی بەجێدێڵێ و بە هێزەکەیەوە ڕوو لەو ناوچانە دەکا کە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتن، تا پەیوەندی بە باڵەکەی جەلال- ئیبراهیمەوە بکا. دواترێ کە بۆی دەردەکەوێ ڕێککەوتنەکە لەگەڵ بارزانییە، ئیدی دەگەڕێتەوە جێی کارکردنی خۆی.لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٥ عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆکوەزیران بەرنامەی حکوومەتی سەبارەت بە چارەسەری کێشەی کورد ڕایگەیاند کە لە جێبەجێکردنی بەڕێوەبەرییەکی لامەرکەزی تێنەدەپەڕی لەگەڵ هەندێ قەرەبووی دەدرایە کوردان و بارودۆخی کوردستانیش ئاسایی دەکرایەوە. بارزانی، هەرزوو ڕەزامەندیی خۆی سەبارەت بە بەیاننامەکەی حکوومەت ڕاگەیاند کە دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆکوەزیران خوێندبوویەوە. لە ڕێچکەی ڕووداوەکانیشرا دەردەکەوێ بارزانی لەبەر دوو هۆ بە بەیاننامەکە ڕازی بووە، یەکەمیان ئەوەیە نەهێڵێ ئەو هەڵە دەست باڵەکەی ئیبراهیم- جەلال بکەوێ تا لەگەڵ حکوومەت رڕێککەون و ئەو بەیاننامەیە جێبەجێکەن کە ئەودەم هەڵویستی ئەو لاواز دەبێ،دووەمیسیان ئەوەبوو کە بوارێک بۆ لێکتێگەیشتن لەنێوان حکوومەت و کۆمپانیایەکانی نەوت بڕەخسێ.

ڕۆژێک پێش ڕاگەیاندنی بەیاننامەکەی ۲۹ی حوزەیران بە تاکسییەک لە کەرکووک هاتمەوە. دوو ئەفسەر بە جلوبەرگی مەدەنی لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا بوون، یەکیان لە پیشەی پرسیم، گوتم کاسبم، لرە کێشمەکێشێکی نێوانیان کە ئەریَ کۆی "بەعیر" "بیعران"ە یان "ئەباعیر"ە ، چونکە کۆی "کبیر" "کبران" نییە و"اکابر"ە. گوێم لیبوو یەکیان بە ئینگلیزی بەویدیی گوت: "وریابە ئەو کابرایە ڕۆشنبیە و وەک خۆی دەلێ وا نەەیە و کاسب نییە". منیش لە ئینگلیزی تێدەگەمئیدی بە ئینگلیزییە لاوازەکەیێ قسەیان دەکرد و تیگەیشتم کە ئەوان دوای بەیاننامەکەی ۲۹ی حزێران بۆ بەشداریی هەوڵێکی کودەتایی دەچنە بەغدا، هەر هێندەی گەیستمە بەغدا هەواڵم دایە حیزبی سیوعی تا وریابن، چونکە لەگەل ڕاگەیاندنی ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانی هەوڵێکی کودەتای ئەفسەرە قەومییەکان دەدریَ. هەر بەڕاستییش ڕۆژی دووەم عارف عەبدولڕەزاق بە خۆ و بە کۆمەڵێ لە ئەفسەرە قەومییەکان و بە "٥٠" تانکەوە هەلیانکوتایە سەر کۆسکی کۆماری، بەلام هیچ پاڵپشتییەکیان نە لە سەربازانەوە و نە لە جەماوەرەوە دەست نەکەوت، چونکە ئەوان دەیانویست بەهەر جۆرێک بێ شەڕ لە کوردستان ڕاوەستێ. ئیدی عەمید سەعید سلێبی فەرماندەی ناوچەی بەغدا بەرووباندا وەستا و توانی هەوڵەکەیان شکست پێبێنێ و بیانگریَ.

عەبدولڕەحمان بەزاز نەیتوانی ئەو ئامانجانەی بۆیان هاتبوو بەدەستیان بێنێ، ئاخر ئەو، سەرباری لایەنگریی ئەو کوردانەی پەیوەستی خۆرئاواشبوون، وەک بابەعەلیی شێخ مەحمود و زەید ئەحمەد عوسمان و فوئاد عارف و عەلی حەیدەر سلێمان، نەیتوانی چارەسەری کێشەی کورد بکا، چونکە ئەفسەرە قەومییەکان و ئەفسەرە ڕاستڕەوەکان ڕازینەبوون کێشەی کورد لەسەر دەستی کەسێکی وەکعەبدولڕیحمان بەزاز چارەسەر بکریَ، بەزازیش، لەو کەشە گرژەدا، لە پیادەکردنی هەڵبژاردنێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ڕەزامەندیی بەڕێوجێ لەسەر ئەو ڕێککەوتنە نەوتییانە بدا کە گوایە بەنیازە لەگەل کۆمپانیاکانی نەوتی بکا، دەستەپاچەبوو. ئیدی ئەوە بووە هۆی رووخانی حکوومەتەکەی و تاهیر یەحیا وەزارەتی پێکهێنا، کە بەوەی ناسرابوو هاوسۆزی میسرە، ئیدی بارزانی خۆی لێ گرت و مامەڵەی لەگەل نەکرد، هەڕەشەی لە هەموو ئەو کوردانەش کرد کە لە وەزارەتەکەیدا بەشداریی لەگەل دەکەن، بەلام لەگەل هەموو ئەوانەشدا هەریەک لە عەمید ئەحمەد کەماڵ و عەقید فەتاح شالی بەشدارییان کرد و هەریەک لە ئەکرەم حامید جاف و ئیحسان شێرزاد لەژێر فشاری کەسایەتییە کوردییەکانی بەغدا نەجوونە ژێر بار و ڕازی نەبوون بەشداری لە حکوومەتەکەی بکەن.

ئەگەرچی بارزانی وازی لە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردســـتان هێنابوو و بەوەی رازی بوو کورد بەشدارییەکی راستەقینە لە حکوومەتی ناوەندەی بکەن، بەڵام داوای دیارییکردنی سنووری کوردســـتانی بارزانی دڵەڕاوکێی ئەفســـەرە شـــۆڤێنییەکانی وروژاند، لە ئێوارەی ٢٩ی ئازاری ١٩٦٥ هادی خماســـی بەڕێوەبەری هەواڵگریی ســـەربازی کۆڕێکی لە بەغدا پێشکەش کرد و، تێیدا بە توندی هێرسی کردە سەر بارزانی و گوتی: "ئەوەی مەلا مستەفا گەرەکیەتی مانای وایە دەیەوی بەششێک لە عێراق دابڕێ و ئەو بەشە سنوور و قەوارەی هەبێ".

ئەوجا حکوومەتی عێراق دەســـتی بە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن کرد کە نەجمەدین واعیزی موفتیی خاکی عێراق تێیدا بەشداربوو و بەدوویدا دەستەی زانایان فەتوایەکیان دا و "وەک جێبەجێکردنی حوکمی ئیسلام" خوێنی کوردانیان حەڵاڵ کرد.

کە حکوومەت دەستی بە شـەڕ کردەوە یەکەکانی پشتیوانی لە کوردستان لەناو یەکەکانی "پێشـمەرگە"دا دەرکەوتن چەنکە ئەوان پتر پەیوەسـتی گەل بوون و پتریشـیان بەرگری لە مافەکانی ڕەنجدەرانی کورد دەکرد. وەک ڕێکتری و ئازاترین یەکەی "پێشـــمەرگە"ش دەرکەوتن، لە شـــەڕی "هندرێن"شـیوعییەکان وەک جەنگاوەری بەهێز دەرکەوتن و لیوای چواری سوپای عێراقیان شکاند، کە سەعید حەممۆی عەمید ڕوکن سەرکردایەتیی دەکرد و دیارترین ســەرکردەی بەهێزترین لیوا بوو. لە شـەڕێکی لە مایسی ١٩٦٦ ڕوویدا، شـەڕ لەگەل لیوایەک ڕوویدا کە موقەدەم ئیبراهیم کەوســـەر ســـەرکردەی لیوایەکەبوو و تێیدا شـیوعییەکان دەسـتیان بەسـەر بەشـی هەرەزۆری چەکەکاندا گرت و لەوێ شـیوعییەکان وەک هێزێکی چەکداری دەســـتوەشـێن دەرکەوتن. لە شـــەڕێکی دیکەی ناوچەی قەرەداغ پەلێکی شـیوعییەکان دەسـتیان بەسـەر ئەو قەڵایەدا گرتەوە کە یەکەکی هەڵگەڕاوەی سـەر بە جەماعەتی "ئیبراهیم- جەلال" کە بە "باناق" ناسرابوو و دوای شـەڕێکی گەرم دەستیان بەسەر ناوەندی ناحیەکەدا گرت.

دوای شـــەڕی هندرێن، ســـەنگی ســیوعییەکان لای بارزانی و ســـەرکردایەتیی شـۆڕشـی کوردی گۆڕا، کە شـیوعییەکان لە شـەڕێکی بەرەیی برووسـکە ئاسا تێیدا سـەرکەوتن، لە کاتێکدا یەکەکانی سەر بە بارزانیلە شەڕی "زۆزک" شەڕەکەیان دۆراندبوو، ئیدی بارزانی بە وریاییەکی پترەوە مامەڵەی لەگەلشـــیوعییەکان دەکرد و دوای ئەوە هەوڵیدا هێزی جەنگاوەری پشـتیوانی شـیوعییەکان سـنووردار بکا و دەسـەڵاتی حیزب لەناو جەماوەری کوردی کەمکاتەوە.

ئیحسانی برام تۆمەتبار کرا و سەرۆک عارف هاتە ناو کارەکە:

عەقید بەدرەدین عەلی، لەسەردەمی سەرۆک عەبدولسەلام عارف کرابووە موتەسەڕیفی لیوای هەولێر. جا زۆری خراپە لەگەڵ خەلک کرد و بە تۆمەتی پەیوەندی بە بزووتنەوەی چەکداریی کوردەوە، بووە هۆی لەداردانی زۆر کەس، کە خانە نشینیش کرا لە بەغدا بەدەستی چەند کەسێکی نەناسراو غافڵکوژ کرا، بەڵام بۆ برایەکەم بەو کارە تۆمەتبار کرا؟ ڕۆژێکیان لای ئێوارەکەی، لە نزیک ماڵی فوئاد عارف"ئەبە فەرهاد" چاوەڕێی پاسی هاتوچۆ بووم، فوئاد لەژێر چاودێریی بەڕێوەبەرایرتیی ئاسایشدا بوو. ئەبو فەرهاد منی دیت و فەرمووی لێکردم تۆزێک لای دانیشم. لە هەمان کاتیشدا، سەعات سەشی ئێوارە وادەم لەگەڵ هەریەک لە عامر عەبدوڵلا و مەهدی حافز هەبوو. ئیدیگەڕامەوە ماڵەوە و لە دەرگا تووشیان بووم و،ئۆتۆمۆبیلێک هات کە حەسەن جەواد گومەر دەیهاژوا.پێدەچوو هەردوجاودێرەکەی ماڵی فوئاد عارفلەکاتی جوونە ماڵەکەیدا چاودێرییان کردبم، دوایە زانیم ڕاپۆرتێکیان بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایش بەرزکردووەتەوە تێیدا هاتووە: کەسێکی بالابەرزی سەرسپیلە ماڵەکەی فقئاد عارف بوو و چووە ماڵی ئیحسان تاڵەبانی " ئێمە لە خانوێکدا دەژیاین و ماڵەکەس بە ناوی ئەوەوە دەناسرا"، جا لەوێ گەیشتە چەند کەسێک کە باوەڕ وایە ئەوان بەدرەدین عەلیی خوالێخۆشبوویان غافڵکوژ کردبێ، هەوڵماندا بیانگرین، بەڵام ئەوان ئۆتۆمۆبیلەکەی لە کوشتنی بەدرەدین بەکار هێنرابوو بەجێیانهێشت و ڕایان کرد.

پۆلس و ئاسایش هاتن و ئیحسانی برام و سەلاحی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسیان گرت، کە «ڕێکەوت هاتبوو سەردانمان بکا، ئیدی بە تۆمەتی بەشداریی غافلکوژیی بەدرەدین عەلی گیران. چوومە بەڕێوەبەریی ئاسایش لە وەزیرییە و گوتم من موکەڕەم تاڵەبانیم، کابرای بالا بەرزی سەر سپیی لە ماڵەکەی فوئاد عارف هاتەدەرەوە و، منیش هەر لەو ماڵە نیشتەجێم کە ئیحسانی برامی تێدا دەژی و ئەو دووکەسەی لەوێشم دیتن عامر عەبدوڵلا و مەهدی حافز بوون کە بەهیچ جۆرێک پەیوەندییان بە تاوانی کوشتنی بەدرەدین عەلییەوە نییە.[49] وەڵامیان ئەوەبوو: مامۆ، ناوت لەو مەسەلەیەدا نەهاتووە، بۆ خۆتی تێهەڵدەقورتێنی؟

---

[49] _ بەدرەدین عەلی: لە نیسانی ١٩٦٢ کرایە موتەسەڕیف..لە ١٩٦٤ گوستراپەوە و کرایەمەتەسەڕیفی لیوای عیمارە، ئەوجا خانەنشین کرا و گەڕایەوە بەغدا و لە کۆتاییەکانی مانگی ڕەمەزانیناوەڕاستی شەستەکان بەدەستی جەند نەناسراوێک لە گەڕەکی ئەفسەران"زەیوونە" لە ماڵەکەی خۆیدا کوژرا. کە هەواڵی کوژرانەکەیشی گەیستە شاری هەولێرخۆشی دڵی خەلکەکەی داگرت چونکە لەو مەودایەی ئەو موتەسەڕیف بوو" ماوەیەکی تاریک" و ناخۆش ژیان.

ئیحســـــان نزیکەی بیســـت ڕۆژان دەســـتبەســـەر کرا، تا جەن تاڵەبانییەکی خزممان کە پەیوەندییان لەگەڵ ســـەرۆک عەبدولڕەحمان عارف هەبوو، هاتن و داوایان لێکرد فەرمان بدا بەریدەن چونکە هیچ پەیوەندیی بەو مەسەلەیەوە نییە. ئیدی فەرمانیدا لەگەڵ ســەلاحی برادەری بەربدرێن.

حیزبی سشوعی وەک هێزێکی سەرکردە دێتەوە گۆڕەپانەکە:

دۆرانی ســـەربازیی بەرانبەر زایۆنیی دوژمن لە ١٩٦٧ لاوازیی حکوومەتەکانی بۆرژوای بچووکی ئاشکراکرد و نیشانیشی دا چەندە دابراون و دەستەپاچەی ئامادەکردنی گەلانی عەرەبیشـــن بۆ بەرەوڕووبوونەوەی دوژمنان. جەماوەری عارەبیش لەوەی تێگەیش کە دەســـبەســـەرداگرتنی ئازادییەکانی و ڕێ لێگرتنی لە ڕێکخخســـتنی ڕیزەکانی خۆی و ئامادەکردنی گەلی عارەبی بەرانبەر دوژمنان هۆی سەرەکیی ئەو شکستەی بووینە. ئیدی زۆر بە مکوڕی دەســتی بەداوای ئازادیی دیموکراتیی پتر کرد و داوای کرد مافی خۆی لە ڕێکخستنی حیزبی و کۆمەڵایەتی و سەندیکادا بدرێتێ.

لە عێراق، حکوومەتی عەبـدولڕەحمـان عـارف- تـاهیر یەحیـا لە دومنـداریی حیزبە نیشــتمانییەکان بەردەوام بوو و، لەســـەر هەمان ڕێچکەی عەبدولناســری ڕۆیی و، وەک جێگرەوەی حیـانی حیزبیی گـل داوای دەکرد، ڕێکخراوێکی لاوازی دامەزرانـد بەناوی"یەکێتیی ســیســـیالیســتی". تێکەڵ گەلیی "شــعبیة" ئەو ڕێکخراوەش لە هەیوان و بێڵایەکانی کۆشکی کۆمارییان تێنەپەراند و ئیدی بەلاوازی لەدایکبوو تا بەخێرایی بمرێ.

ئەو ڕێوشوێنە سۆشیالیستییانەی حکوومەت تەنانەت حیزبی شیوعییشی خەڵەتاند، لەژێر کاریگەریی خەڵکە ڕاستڕەوەکەی ناو ســەرکردایەتی و نائامادەیی ســەرکردەکانی دیکە لە پایتەخت حیزب بەیاننامەیەکی دەرکرد و هەر بەوەبدەش دەســـتبەردار نەبوو پشــتی ڕێوشـــوێنەکانی حکوومەت بگرێ،ئیدی حکوومەت دوای دۆڕانەکەی شـــەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧، فەرمانی بەردانی ژمارەیەک گیراوی سیاسیی دەرکرد.

ســـەرکردەکانی حیزبی لە کوردســـتان بوون بەیاننامەکەیان ڕەتکردەوە و، هەر خێراش بەیاننامەکەیان کێشایەوە و لێپرسینەوەیشیان لەگەڵ ئەوانەدا کرد کە لەپشت دەرکردنییەوە بوون و دیسان دروشمی رووخاندنی حکوومەتیان بەرزکردەوە، وەکچۆن حیزب دیسان بەرەوڕووی ڕێکخراوە حکوومییەکە بووەوە"یەکێتیی سۆشیالیستی".

لەسایەی ئەو بارودۆخەداحیزبی سیاسـیی بێ مۆڵەت وەک هێزێکی جەماوەریی نەدەکرا بەهەند هەڵنەگیرین و، هاتبووەوە تا ڕۆڵی خۆی لە ژیانی ســـیاســـیی ولاتدا بگێڕێ. بەعسییەکان و، بگرە سیوعییە ڕووخاوەکانی ژێر ئەشکەنجەش پێیانوابووشیوعییەکان، دوای ئەو گورزەی لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەریانکەوت، تا دەساڵی دیکەش وەک حیزبێکی ســیاســی نایەنەوە ســەرەخۆ. بەلام هەندێک ئاماژە دەریانخســت کە حیزب دوو ساڵ دوای ئەو گورزە هاتەوە گۆڕەپان.

دوو ڕووداوی گرنگ ڕایانگەیاند حیزبی شـــیوعی، وەک هێزێکی ســـەنگی خۆی هەیە، گەڕاوەتەوە مەیدانی کاری جەماوەری. یەکەمیان؛ هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراو و ســـەندیکا

حکوومییەکان و، دووەمیان ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەی بەبۆنەی ساڵوەگەڕی هێرشی زایۆنیی ساڵی ۱۹٦۷ حیزبی شیوعی سەرکردایەتیی کرد.

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ڕێکخراو و سەندیکایەکان، شیوعییەکان (۷۰ – ۱۰۰٪)ی دەستە سەرۆکایەتییەکانی قوتابیانیان لە زانکۆکاندا بردەوە، ئەوەش وای لە حکوومەتی عەبدولڕەحمان کرد ئەنجامەکان هەڵوەشێنێتەوە، وەکچۆن لیستی یەکگرتنی پارێزەرانی[50]، شیوعییەکان چالاکانە بەشدارییان تێداکرد، لە سەندیکای پارێزەران بە سەرۆکایەتیی مامۆستا عەبدولوەهاب مەحمود، ئەوانیدیی ڕامالی ولە هەبژاردنەکان بەسەرلیستی سەرۆکایەتیی کۆمار، کە فایەق سامەرایی سەرۆکایەتیی دەکرد و لیستی "کۆنەپەرستان-بەعسییەکان" بەسەرۆکایەتیی موحسین دووری دا سەرکەوت، ئیدی حکوومەت ناچاربو دان بە ئەنجامەکاندا بنێ.

حیزب ڕایسپاردم سەرکردایەتیی هەڵمەتی ئەو هەڵبژاردنە بکەم و، ژمارەیەک پارێزەری شیوعییس هاوکارم بوون و، ئەودەم لە وەزیفە دەرکرابووم و کاری پارێزەریم دەکرد. حیزبیش دەیویست هێزە نیشتمانی و دیموکراتی و قەومییەکان بکاتە بارستاییەکی دەوری لیستێکی عەبدولوەهاب مەحموودی کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ناسراو سەرۆکایەتیی دەکرد.

لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییە چڕانەی لەگەل هێزە دیمەکراتی و قەومییەکان کرا گەیشتینە دروستکردنی لیستێکی حیزبی سیوعی و کۆمەڵێک دیموکراتیی سەربەخۆ بە سەرۆکسیەتیی عەبدولوەهاب مەحمود بوو تییدا بەشداربوون و بزووتنەوەی سۆشیالیستی عارەبی و، حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیستیراکی"باڵی هەواداری سوریا"کە دیارترین کەسایەتییەکانی فوئاد ڕیکابیی ئەمینداری گشتیی پێشتریی حیزبی بەعس لە عێراق و ئەسعەد فرەیح بوون و عەبدولوەهاب مەحمود سەرۆکایەتیی لیستەکەی دەکرد و

---

[50] _ لە هەڵبژاردنی پارێزەران پێنج لیست بەشدارییان کردبوو، ئەوانیش:

آ_ لیستی یەککرتن، عەبدولوەهاب مەحمود سەرۆکایەتیی دەکرد و یەککرتنێک بوو لە شیوعییەکان ە بەعسییەکانی لایەنگری سوریا و بزووتنەوەی ئیستیراکییعەرەبی و، ٤١٣ دەنگی بردەوە.

ب_ لیستی پیشەگەری: عەندولموحسین دووری سەرۆکایەتیی دەکرد و ٢٦١ دەنگی هێنا.

ج_ لیستی قەومیی پیشکەوتنخوازی زەکی جەمیل حافز سەرۆکایەتیی دەکرد وپشتیوانیی قەومییەکان و بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکیی بەدەستهێنا و١٧٦ دەنگی هێنا.

د_ لیستی یەککرتووی پیشەیی کە مەهدی شەمسی سەرۆکی بوو و یەک دەنگی بەدەستهێنا.

ه_ لیستی نەقیبی پارێزەران فائیق سامەراییپاسماوەی حیزبی ئیستیقلال و حیزبی وەتەنیی دیموکراتی و دەستەی عەبدولڕەحمان بەزاز لە پشتی بوون و٢٢٥ دەنگی بەدەستهێنا.لمزید: جعفر عباس حمیدی و اخرون، تاریخ الوزارات العتاقیة فی العهد الجمهری، ج١، خ٣٢٢-٣٢٣.

سەربارى نوێنەرانى ئەو حیزبانەى ناویان هێنرا، هەر یەک لە ناجى یوسف و جیهاد وەنداوى و توفیق ئالوسى و مەهدى حەسەنیى تێدابوو.
لەو هەڵبژاردنەى پێشترى کرابوو قەومییە ڕاستڕەوەکان بە هاوکاریى بەعسییەکان دەستە جەتەیان دوستکردبوو تا لێنەگەڕێن پارێزەرە دیموکراتییەکان بگەنە بنکەکانى هەڵبژاردن و، دەستدرێژییان دەکردنە سەر. من نووسینگەى مامۆستا ناجى یوسفى پارێزەرم کردە بنکەى بەڕێوەبردنى هەڵمەتەکە و لەوەشدا کۆمەڵێک پارێزەرى شیوعى هاوکارییان دەکردم. جا چەند تیمێکم لە پارێزەرە لاوەکان دروستکرد تا پاسەوانیى پارێزەرەکان بکەن ولە دژى دەستدرێژیى لیستەکانى دیکە پارێزگارییان لێ بکەن، بەلام بێ ئەوەى ڕێ لە هیچ کەسێکى لایەنگرانى لیستەکانى دى بگرن و مافى دەنگدانیان پارێزراو بێ. هۆیەکانى گواستنەوەیشمان بۆ پارێزەرە بەتەمەنەکان و بۆ ئەوانەش دابین کرد کە هیچ شتێکیان نەبوو پێى بگەنە بنکەى دەنگدان.
هەڵبژاردنەکان بە ئازادییەکى تەواوەوە کران و هیچ ڕووداوێک بەڕێوەچوونەکەى شلوێ نەکرد و، لیستى یەکگرتن و دوولیستەکەى دى زۆربەى دەنگەکانى پارێزەرانیان ماشییەوە. کە من لە کارى پارێزەریدا تازەکاربووم و ماوەى یاسایى ئەو پیشەیەم تەواو نەکردبوو تا بۆم برەخسێ ببمە ئەندامى دەستەى بەڕێوەبەرى سەندیکا، بۆیە خالید ئەحمەد تەهاى پرێزەر ، کە مرۆڤێکى سەنگینى ناو پارێزەران بوو، دەستنیشان کرا تا لە سەندیکا ببێتە نوێنەرى حیزبى شیوعى.
هەرچى کارە جەماوەرەییەکەى دیکەبوو، ئەو هەستانە جەماوەرییەبوو کە حیزبى سیوعى بەبۆنەى تێپەڕینى ساڵێک بەسەر هێرشى حوزەیرانى ١٩٦٧ى زایۆنیدا پێشەوایى کرد. ڕاستییەکەى حیزبى شیوعى ڕووى لەوەى کرد سوود لە شەرعییەتى یاسایى وەرگرێ تا پەیوەندییەکانى بە جەماوەرى کرێکار و جووتیار و ڕۆشنبیرانەوە فراوان بکا، ئیدى خزییە ناو سەندیکا حکوومییەکان و چالاکییە سەندیکاییەکان و ئەو هاوکارییەى نێوان حیزبەکانى لەو چالاکییانە کەوتەوە، ڕێى کارى هاوبەشى نێوان حیزبەکانى خۆشکرد، ئیدى یەکەم کارى جەماوەریى سیاسیى هاوبەش تێپەڕێنى ساڵێک بوو بەسەر هێرشى دوژمکارانە و جەماوەر بە فراوانى و گەرموگوڕى بەدەم کارەکەوە هاتن و شەقامى ڕەشید پڕببوو و نوێنەرانى حیزبەکان لە بەراییەکەى دەڕۆیشتن"حیزبى سیوعى، بزووتنەوەى سۆشیالستیى عەرەبى، حیزبى بەعسى عەرەبیى ئیشتراکى-باڵى سوریا، دیموکراتە سەربەخۆیەکان" دروشمەکانى بەرزیش کرابوونە وە ڕیسواکردنى ئیستیعمار و زایۆنیزم و حکوومەتە عارەبییە کۆنەپەرستەکان بوون و ڕێپێوانەکەش بەئاشتییانە و سەرکەوتووانە کۆتاییهات.

دوو ڕۆژ پاشترێ، حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی ڕێکخستنی عێراق، هەر بۆ هەمان بۆنە ڕێپێوانێکیان کرد، بەلام دڵنیابوو هاوسەنگییەک لە هێزە جەماوەرییەکاندا هەیە و، پەرەسەندنێکیش لەبەرژەوەندیی یەکگرتنی دیموکراتیدا لە ئارادایە. ئێستا بەعس دوو ڕێی لەپێشدایە، یەکەمیان، ئەگەر بیانەوێ دەست بەسەر دەسەلاتدا بگرن، دەیێ بەرەوڕووی شیوعییەکان ببنەوە، یانیش دەبێهاوکارییان لەگەلدا بکەن.

دیدارێکی نهێنی لەگەڵ ئەحمەد حەسەن بەکرد:

حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی- ڕێکخراوی عێراق، هەلوێستی بەرانبەر هەر کارێکی جەماوەری یان چالاکییەکی سیاسی یان سەندیکایی نەرێنی بوو ئەگەر بە دەستپێشخەریی حیزبی شیوعیی عێراقی بووایە. بگرە لەوەش واوەتر، پشتیوانیی ئەو کوتلەکارییانەی دەکرد دژی کوتلەی دیموکراتی بوون کە حیزبی شیوعی پێشەوایی دەکردن، بەلام دواترێ درکی بەوەی کرد حیزبی شیوعی بە هاوپەیمانیی لەگەلهێزە دیموکراتییە قەومییەکان، گەراوەتەوە گۆڕەپان و بووەتە هێزێکی سیاسیی گەورە و پشتیوانیی جەماوەری هەیە و هێزە پێشکەوتنخواز و نێونەتەوەییەکانیش پشتی دەگرن.
یەک لە ئاماژە ڕوونەکانی ئەوەی حیزبی بەعس، بەهاوکاریی کۆمەلێ ئەفسەری ڕاستڕەوی ناو سوپا و دەرەوەی سوپا، خۆی بۆ کودەتایەکی دژی حکوومەتی عەبدولڕەحمان عارف ئامادەدەکا، ئەو نووسراوەی بەعس بوو کە دەربارەی بارودۆخی خراپی ولات دایانە سەرۆک عەبدولڕەحمان عارف و، لە واژووکردنەکەیدا ژمارەیەک ئەفسەر بەشدارییان کردبوو کە بەوەی ناسرابوون دژی دیموکراتی و شیوعییەکانن و، لەوانەش عەمیدی خانەنشین ڕەشید موسلیحی دادوەری گشتیی سەربازیی دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣.
بەعسییەکان، لە هەلبژاردنەکانی کران و لە هەستانە جەماوەرییەی لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٦٧ کرا هەستیان بە هێزی شیوعییەکان کرد. لەوەی دەترسا، ئەگەر خۆ لە کاری ڕووخاندنی حکوومەتی عارف بدا، بەرەو ڕووی بەرگریی شیوعییەکان ببێتەوە، لە کاتێکدا بەعس نەیتوانیبوو هیچ هێزێکی سیاسی بەلای خۆیدا ڕاکێشێ تا کاتێ دەسەلات وەردەگرێ پشتیوانیی بکا و، لوەش دەترسا ئەوەی لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ڕوویدابوو دووبارە ببێتەوە. ئیدی لەگەل ئەفسەرە گومانلێکراوەکانی ناو ڕیزی کودەتا بوونە هاوپەیمان وەک عەبدولڕەزاق نایف و ئیبراهیم عەبدولڕەحمان داود.
لێرەدا خالێک هەیە و دەبێ لەسەری بوەستین، ئەویش ئەوەیە کە دەزگاکانی ئیمپریالیزم خێرا لە بابەتەکانیان کۆلیەوە، ئاخر حیزبی شیوعی دووبارە لە گۆڕەپانی سیاسی، وەک

هێزێکی سـەرکردەی حیزب و ڕێکخراوە جەمـاوەرییەکـان لە دەوری کۆبووبوونەوە. دەرکەوتەوە و، هێزێکی چەکداریشـی لە کوردسـتان هەبوو و، بەردەوامیش یارمەتیی شـۆڕشـی کوردیی دابوو. جا نەیاری ونارەزایی لە پایتەخت و شـارەکانی دیکەی عێراقدا بەرفراوان ببوو و، جەماوەر خەباتێکی ئەوتۆی دەکرد ڕەنگە ببێتە شـیرێکی سـیاسـیی ڕووخـانـدنی حکوومەت و هێنـانی حکوومەتێکی هـاوپەیمـانیی دژی ئیمپریـالیزم. هەر بەڕاسـتییش، ئەگەر تێکۆشـانی جەمارەر پەرەی بسـەندبا وحکوومەتیش بە زەبری چەک بەرگریی بکردبا، حیزب خۆی بۆ ئەوە ئامادەدەکرد.

حیزبی بەعسـی عەرەبیی ئیشـتیراکی، دوای ئەوەی خۆی بەشـداریی ئەو خۆپیشـاندانە دوورگرت کە هێزە نیشـتمانییەکان لە شـەشـی حوزێران کردیان، بەبۆنەی هێرشـی ٥ی حوزەیران ڕێپێوانیکی لە ٨ی حوزێران سـازکرد کەسـایەتییەکانی سـەرکردایەتییشـیان لەبەراییدا دەڕۆیشـتن وەک ئەحمەد حەسـەن بەکری ڕازگری قوتری و، خەڵکەکە لێکدییان دەپرسی: ئەرێ ئەوە جێگرەوەی چاوەڕوانکراوە؟.

هەر بەڕاسـتییش، ئەو دوو خۆپیشـاندانە تاقیکردنەوەیەک بوون بۆ ئەوەی بزاندرێ داخوا جەماوەر چەندە ئامادەی کارە سیاسـییەکان و شـەڕە نیشـتمانییەکانی دادێیە و، وەکچۆن هەردووکیشـیان بۆ نواندنی هێزبوون و وەڵامێکی حکوومەتیش بوون کە دەیگوت"یەکێتیی سۆشیالیستی"تاکە نوێنەری گەلە.

کەوایە دوو حیزبی سـەرەکی لە گۆڕەپانەکەدا هەن، حیزبی سـیوعیی هێزە دیموکراتی و قەومییە پێشکەوتنخوازەکانی لەدەورە کۆبووبونەوە و، حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکیی ئەفسـەرە گەورەکانی سـوپای ناو کۆشـکی کۆماری و دەرەوی کۆشـکی لە دەورە کۆبووبونەوە تا لە بزاوتێکی کودەتایی سووک و ساناد‌ا حکوومەت بڕووخێنن.

بەڵام بەعس لەوەی دڵنیابوو هـاوسـەنگییەک لە هێزی جەمـاوەریدا هەیە و، ڕەنگە لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانیی دیموکراتی پەرەبگرێ. ئیدی بەعس دوو ڕێی لەپێش بوو؛ ئەگەر بیانەوێ دەسـت بەسـەر دەسـەڵاتدا بگرن، یان دەبێ رووبەڕووی شـیوعییەکان ببنەوە، یانیش دەبێ هاوکارییان لەگەڵدا بکەن.

لە ناوەڕاسـتیحوزێران، واتە دوای ئەو دوو خۆپیشـاندانەی لەسـەرەوە باسـکران، تۆفیق ئالوسـیی پارێزەر پەیوەندیی پێوەکردم، ئەو کەسـایەتییەکی دیموکراتی و برادەری شـیوعییەکانە، گوتی کەسـایەتییەکی سـەرکردەیی گەورەی حیزبی بەعسـی عەرەبیی ئیشتیراکی دەیەوێ لەگەڵم دانیشێ و ئەو کەسەش دکتۆر عیزەت مستەفایە و، پێی باشە دیدارەکە لە خەسـتەخانەی "ڕازی" بێ کە هیی خۆیەتیهاوڕێیانی سـەرکردایەتیی حیزبی شـیوعیم ئاگادارکردەوە، ئەوانیش بە دیدارەکە رازیبون. حیزبی سـیوعی ئاگای لەوەی

هەبوو حیزبی بەعس پلانێکی بەدەستەوەیە تا هاریکاریی گەورە ئەفسەرانی سوپا دەست بەسەر دەسەلاتدا بگرێ.
ڕۆژی دواتری، تۆفیق ئالوسی بۆ نەخۆشخانەی 'ڕازی'یی، لە عەتیفییەی بوو، ڕەگەڵم کەوت. دکتۆر عیزەت مستەفا چاوەڕێی دەکردین. ئیدی تۆفیق ئالوسی پارێزەری بەرێکرد. عیزەت پێیگوتم کە ئەحمەد حەسەن بەکر ویستویەتی بمبینێ، من و بەکر پێشتری یەکدیمان نەدەناسی و دکتۆر عیزەت لە ڕێگا پێیگوتم بەکر دەیەوێ بمبینێ، بۆ نەهێشتنی هیچ گومانێکیش کۆتێکی پزیشکی و گویدانێکی پشکنینی دامێ و، بە ئۆتۆمۆبیلەکەی بردمی، بۆ خەڵەتاندنی پیاوانی ئاسایشی چاودێریی ماڵەکەیان دەکرد، بەکر خۆی کردبووە نەخۆش، چووینە ماڵەکەی.
بەکر، لە ژووری میوانان بەخێرهاتنی کردین، ئەوجا دوو بەدوو دانیستین. بەکر گوتی: من وەک نوێنەری حیزبی سیوعی داوای دیتنی تۆم کردووە. باسی پەیوەندییەکانی پێشتری نێوان حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی و حیزبی شیوعیی عێراقیی کرد و، گوتی: ئەو ماوانەی ڕۆیشتن جیاوازییان هەبوو، ئیدی هاوکاری یەکدی بووین و بەتوندی دژایەتیی یەکدیشمان کرد و، هەندێ ڕووداوی ناخۆش و جێی داخیشمان کەوتە بەینێ، ئەو ماوەیەی هاوکاریی یەکدیمان کرد سەرکەوتن و دەستکەوتی بۆ بزووتنەوەی نیشتمانی هەبوو و هەر چی ئەو ماوەیەی شەڕەملەمان بوو شکستی بزووتنەوەی نیشتمانی و ئازاری جەماوەری پێوەبوو. گوتیشی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم ئەو کێشانەی قوستەوە و نێڵەی دان تا سوودیان لێ وەرگرێ، ئیدی ئیستیعمار و زایۆنیزم و حکوومەتە دیکتاتۆرەکان سوودیان لەو کێشانە وەرگرت. جا ئێمە ئێوەمان لەدەستچوو و ئێوەس ئێمەتان لەدەست چوو، گەلیس لە ڕبردوودا هەردووکمانی لەدستچوو. ئەوجا باسی بارودۆخی ناوچەکەی لە دوای شکستی حوزێرانی ١٩٦٧ی کرد و گوتی: دەبێ گەل، هەرچۆنی بۆی هەڵکەوێ گورزی بەهێز لە بەرژەوەندییەکانی ئیستیعمار و حکوومەتە خائینەکان بدا و ئەو شکستە بکاتە دەستپێکی سەرکەوتن، ئەوجا هاتە سەر باسی حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف و گوتی: بە ئاشکرا خیانەت لە گەل دەکا، لاوازە، بەلام ڕووخاندنی پێویستی بە پاڵێکی بەهێز هەیە و، ئەوەش گران نییە، بەلام دەبێ بیر لەو شتانە بکەینەوە کە دوای ڕووخانی ڕوودەدەن، نابێ ململانێ لەگەڵ یەکدی بکەین و دەبێ وەک پێشتری نەکەین، بەڵکو دەبێ هاوکاربین. ئەوجا گوتی: من نەیاریی حیزبی شیوعی وەک 'دڵۆپی کووپە'ی دادەنێمبەردەوام لێدەدا تا بەرانبەرەکەی لاواز دەکا ئەگەر بەردیش بێ، ڕەنگە خۆیشی نەتوانێ ئەو کارەی بقۆزێتەوە، یتدت خەڵکی دی دەیقۆزنەوە و خۆ هەڵدەدەنە سەر دەسەلات. دوایە داوای کرد لاپەڕەیەکی نوێی پەیوەندی لە نێوان

هەردوو حیزب بکرێتەوە و هاوکارییان لەسەر بنەما نیشتمانی و قەومییە ڕەگازۆیەکان لە نێواندا بێ کە بەرجەستەی بەرژەوەندییەکانی گەلی ڕەنجدەر بکا و، گوتی: با کار بۆ چاکسازیی کارکان بکەین، ڕێیەکی درێژ و ئەستەمی تێکۆشانی هاوبەشمان لەپێشە و زۆریشمان تاقیکردنەوەی پێشتری بەدەستەوەیە. تکای لێکردم ئەو ئارەزووە راستگۆیەی بۆسەرکردایەتیی حیزبی شیوعی بگوازمەوە هیوایشی هەبوو وەلامێکی نەرێنیی بە خێراترین کات بگاتەوە دەستی و، لە پێناوی ئەوەی وڵات لەو بارە خراپە دەربازکەین هەر یەکسەر دەست بە هاوکاریی یەکدی بکەین و دەستکەوتی زیاتر و زیاتر پێشکەشی گەل بکەین. داوایکرد شیوعییەکان لەگۆڕینی دەسەڵات لەگەڵیان هاوکار و هاوبەشبن و پێشنیاریشی کرد سێشیوعی لە حکوومەتی دوای ئەو حکوومەتەی ئێستا بەشداربن و ئەوسێیەش هەریەک لە موکەڕەم تاڵەبانی و دکتۆر محەممەد سەلمان حەسەن و دکتۆر حافز توکمەچی بن.

پێمگوت: بەڕێز باوکی هەیسەم، من بەو دیدارە خۆشحاڵ، بێ سوودیش نابێ ئەگەر سەبارەت بە داهاتووی وڵات بیروڕا بگۆڕینەوە. بەڵام بە ڕاشکاوییەوە دەڵێم هێشتا کارەساتەکانی ١٩٦٣ لە زەینی خەڵکدا ماوە و هێشتا سەدان شیوعی لە بەندیخانە بیابانییەکەی نوگرە سەلمانن و، هەزاران کەس لە خۆیان و لایەنگران و برادەرانیان لە کار و فەرمانەکانیان دەرکراون و شەڕێ پاروونانەکەیان لەگەل دەکرێ. جا ئەگەر ڕێی بۆ خۆش نەکەین و شوێنەوارە دەروونییەکانی ئەو چورتم و بەلایانە چارەسەر نەکەین ناتوانین هیچ جۆرە هاوکارییەک ڕابگەیەنین و هاوڕێیان و جەماوەری لایەنگر و خانەوادەی و خزم و کەسی لێقەوماوان هیچ ئامادەباشییەکیان بۆ قبووڵکردنی ئەو هاوکارییە لەهیکڕایە نییە. بەڵام ئێمە هۆز عەشیرەتێک نین لەپشتی کیشوەرانەوەبین، ئێمە حیزبێکی سیاسیین و بەرژەوەندیی گەل و وڵات لەسەرەوەی هەموو ستێک دادەنێین. ئێمە پێمانوابوو لە ١٩٦٣ کودەتا دژی شۆڕشی ١٤ی تەمموزە، ئیدی دەتمان لە هیچ شتێکی دژی ئێوە نەگێڕایەوە، ئەگەر ئێستاش بگەینە هەمان خەملاندن، دوودڵ نابین لەوەی بەتوندی بەرەوڕووی هەوڵی دەسەڵات وەرگرتنتان بوەستین وگوێش بەو قوربانییانە نادەین کە ڕەنگە لەوەی پێشتریش زیاتربێ، ئەوەش بۆ بەرگری لە بیروباوەڕمان و بەرگری لە ماف و بەرژەوەندییەکانی گەل. بەڵام ئەگەر خەملاندنەکانمان بەجۆرێکی دیکەبوون ئەوا هەموو هەوڵێک دەدەین ئەوی پێشتێ روویداوە بیبوێرین. بەڵام بواردنی ئەو ڕووداوانە و ئەفراندنی کەشێکی دەروونی لای هاوڕێیانمان و ڕەنگە لای هاوڕێیانیشتان و پەیداکردنی کەشێکی گونجاوی هاوکاریی نێوانمان لە داهاتوودا ڕەنگە پێش و پاش وەرگرتنی دەسەڵات بکەویتە سەر ئێوە. دەبێ بەگیانێکی نوێوە مامەلە لەگەل

جەماوەری گەل بکرێ وشوێنەواره ئازاربەخشەی کارەکانی پێشتریێتان چارەسەر بکەن و دەرەنجامەکانیشــی بە تەواوی بســڕنەوه. تەنیا ئەودەمی ڕەنگە کەشــێکی گونجاوی ئەو جۆره هــاوکــارییەی نێوان ئەو دوو حیزبە و ئەو دوو جەمــاوەره دروســــتبێ، وەک فەرمووشــتان هاوکاریی نێوانمان نوێ نییە و پێشـــتری لە بەرەی یەکێتیی نیشــتمانیدا لە ســاڵی١٩٥٧ هاوکاریی یەکدیمان کردووە و کارەکانیشــی بە ســەرکەوتنی شــۆڕشــی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەری دا.

ئەحمەد حەسەن بەکری سوپاسی ئەوەی کردم کە کاوبارەکانمبەدروستی خەملاندووە و بەرژەوەندیی گەل و نیشــتمانم لە ســەرووی بەرژەوەندی و حیســـابێکی دیکە داناوە و، گوتی: ئەگەر ئێمە هەردوو حیزب، هەر لە ســــەرەتاوە، نیەتێکی ڕاســـتگۆی ئەفراندنی کەشێکی هاوکاریی نێوان خۆمان هەبێ، ئەوا دەستەبەر کردنی ئەو کەشە ئەوەندە ئەستەم نییە. بەڵام شــۆڕش؛ هەر شــۆڕشـــێک، دەبێ پێش و پاش هەڵگیرســـانی بەدوای هاوپەیمانەکانیدا بگەڕێ ، بۆیە ئێســتا دەتوانین هاوپەیمانەکانمان دەستنیشــان بکەین و با ناویان لێبنێی هاوپەیمانە ئاســـاییەکان و نەڵێین هاوپەیمانی گریمانەکراو، هەرچی ئێمەین، ئەوا لە ئێســــتاوە ئامادەی هاوکاریین و، ئەو جۆره هاوکارییەس ســــەرەتایەکی باش و یەکلاکەرەوەی ئەفراندنی کەشی لێکنزیکبوونەوەیەکی سیاسیی تەواوی نێوانمانە.

پێمگوت: ئێمە ڕێکخستنەکانمان لە دەسەڵات دەشارینەوە تا دەستی پیاوانی ئاسایشیان نەگاتێ، بەڵام هەرگیز سیاسەتەکانمان لە گەل ناشارینەوە و دوو سیاسەتیشمان نییە یەک نهێنی و یەک ئاشــکرا. ئێوە دەزانن حکوومەتی تاهیر یەحیا ڕقی گەل لە بەرانبەر خۆیدا کەمکاتەوە، ئیدی سەدان بەندی سیاسیی بەردا و، لە ناویشیاندا شیوعییەکان، بەلام ئەوە ســیاســەتی ئێمەی بەرابنەری نەگۆڕیدروشــممان هەر رووخاندنی حکوومەتەکەی تاهیر یەحیایە، پێچەوانەی ئێوە، کە بەیانیان لە کۆشـــکی کۆماری لەگەل عەبدولڕەحمان عارف کۆدەبنەوە و ئێوارانیش لەگەڵ نەیارەکانی کۆدەبنەوە تا پلانی ڕووخاندنی دابنێن. گوتتان ئێوە بەدوای هاوپەیماندا دەگەڕێن بۆ ئەو شۆڕشەتان کە خەریکە بەرپای دەکەن، ئێمەتان وەک هاوپەیمانی ئاســایی دەستنیشــان کردووە، بەلام ئێمە گوێمان لەوەی دەبێ کە دیدار لەگەڵ ئەم و ئەو دەکەن، بۆیە دەمانەوێ نزانین هاوپەیمانەکانی دیکە کێن و، ئەوانە کێن بۆ ڕووخاندنی حکوومەت کارتان لەگەڵ دەکەن؟

گوتی: بێ متمانەیی نا، بەڵکو پاراستن و مەلەی ئاسایشیئەوەمان بەسەرا دەسەپێنێ ئەو کارانە ئاشکرا نەکەین.

گوتم: بەڕێز ئەبو هەیســــەم، ئێمە یاریی پۆکەرتان لەگەل ناکەین تا بڵێین ئەوە کاغەزە شــاراوەکەیە، ئاخر کاغەزێکی خراپ تووســی زیانمان دەکا و رەنگە مایەپووچیشــمان بکا،

وەک دەڵێن ئێوە بەتەمای ڕووداوی مەترسیدار و گرنگن و کاریگەرییەکی بنەڕەتیی لەسەر ڕژێمی حوکم و سیاسەتی وڵات دەبێ. داوادەکەن وەک هاوپەیمانی سەرەکی و ئاسایی هاوکارتان بین. بە تەخمینی من ئێوە هاوپەیمانێکی لە ئێمە بەهێزترو ڕاستگۆترتان دەست ناکەوێ، ئەوەندەی منیش بزانم لەناو حیزب و هێزە سیاسییەکان هێشتا هیچ کەس ڕاینەگەیاندووە هاوکاریتان بکا و، ڕەنە عەمر و زەیدێکتان هاوکار هەبێ، بەلام بە دڵنیاییەوە لەو کەسایەتییە سیاسییانە نین کە ڕابردوویەکی نیشتمانی و باڵا و پاکیان هەبێ، ڕەنگە هاوڕێی ڕێگا بن. لەوانەشە هاوڕێی خراپ بن و ببنە ئامرازێک بۆ ڕاگرتنی شیرش و تێکدانی، پەندەکەش دەڵێ "هاوڕێ پێشی ڕێ"ئەو جۆرە شۆڕشانەش مەوایان لە وڵاتی خۆمان کۆتایی نایەت، بەتایبەت ئەگەر ئێمە و ئێوە هاوپەیمانیمان ڕاگەیاند، بەڵکو ئەو سنوورە دەبڕێ و دەبێتە ڕووداوێکی مەزنی ناوچەکە و، زەنگی مەترسی بۆ هەموو هێزە نەیارەکان لێدەدا، ئەوەش وادەکا ناچاربین هەموو هێزە جیددییەکان و گشتگیرەکانی گەل بۆهەموو ئەگەرێک تەیار و ئامادەکەین و، هەر لە ساتی تتەقینەوەیدا پشتگیریی جیهانیی بۆ دەستەبەر بکەین. بەدڵنیاییشەوە، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان ڕێی ئەو جۆرە شۆڕشانە گوڵڕێژ ناکەن، بەڵکو هەر لەیەکەم ساتیدا بەربینگی دەگرن، جا چەندی ڕیزەکانی شۆڕش پتەو و پاک بن ئەوەندە بە دامەزراوی بەڕێی خۆیدا دەڕوا، جا ئەگەر ئێوەس لە هەڵوێستێکی وەک ئەوەی وەک ئێمە بوونایە ، ئەوا لەبەر هەندێ کاروباری لای خۆتان ڕوونە، پشتگیرییەکی ڕەهاتان نەدەدا.

ئەوجا لێمپرسی هەڵوێستتان بەرانبەر شۆڕشی کورد چییە؟ گوتی ئێمە لەگەڵ بارزانی پێکهاتووین. گوتم: گوتم کەواتە ئێوە بەو زووانە حلوومەت هەر دەرووخێنن، ئێمەی کە پێشەکی پشتیوانیی ڕەهای خۆمان نادەینە ئەو کارەتان، وەک پێیشم وایە بەیاننامەی لەسەر دەرناکەین. ئێمە لەژێر ڕۆشنایی ڕێوشوێنەکانی ئێوەلە چارەسەرکردنی شوێنەوارە خراپەکانی کودەتای شوباتی ١٩٦٣ هەڵوێێستی ورد و دروستی خۆمان دیاری دەکەین.

داوای ناونیشانی نووسینگە و ماڵ و ئەو ژمارەی تەلەفۆنەی لێ کردم کە دەکرێ پەیوەندیی پێوە بکرێ. بەگاڵتەوە گوتمخۆتان ماندوو مەکەن، چونکە ئەوکاتەی بەیانی ژمارە"١" بڵاودەکەنەوە نە لە ماڵەوە و نە لە نووسینگە نامدۆزنەوە. گوتی: بەڵکو تۆ دەبینی کە هاوڕێ و براین و هەر لەیەکەم ساتەوە بەشداریمان دەکەی. بە گاڵتەوە گوتم: تکاتان لێدەکەم شۆڕش لە گەرمای تەمموزێ مەکەن، لە ئاهەنگەکانی شۆڕش هەتاو دەمانبا، تا پاییزێی دوابخەن. گوتی: کاری باش دەبێ پەلەی لێ بکرێ، حکوومەت داهێزراوە، هەر یەک پاڵی دەوێ و ئیدی کارەکان دەگۆڕێن.

ئەوجا داوای لە دکتۆر عیزات مستەفا کر بمگەیەنێتە نووسینگەکەم و ناونیشانەکەیشی بزانێ و، داوای ناونیشانی دکتۆر محەممەد سەلمان حەسەن و دکتۆرحافز تۆکمەچییشی لێ کرد.
ئەوەی لە دیداری ئەحمەد حەسەن بەکرگوترابوو، خستمە بەردەمی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی و، پێی ڕازیبوون و، ئیدی هەندێ ڕێوشوێنی خۆپارێزی بۆ ئەوشتانەی لەهیکرا ڕوودەدەن گیرایەبەر.

کودەتای ١٩٦٨ و دیداری بەکر لە کۆشکی کۆماری:

لە مەودای مانگێکی دوای دیدارەکەم لەگەڵ بەکر و تا تا ڕاگیاندنی ڕووخاندنی حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف و تا بەعسیش دەسەڵاتی وڵاتی وەرگرت، حیزبی شیوعیی عێراقی بە وریاییەکی زۆرەوە هەستی لە گۆڕانکارییانە ڕاگرتبوو کە ڕوویاندەدا و، لە بانگێشتی هاوکاریی جیددیی نێوان دوو حیزبەش زۆری متمانە بە بەڵێنەکانی بەعس نەبوو.

لەڕۆژی کودەتای ڕێکەوتی ١٧ی تەمموز، کە لە ئێزگەی کودەتاچییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو گوێمان لە بەیاننامەکان بوو، لەگەڵ هەندێ لە خزمان لە ماڵەکەی خۆمان لە وەزیرییە دانیشتبووین ، ئەوان خەمێک رووی داگرتبوون، ئاخر هێشتا ئەو ڕووداوە خوێناوییانەیان لە یادەوەریدا مابوو کە لە ١٩٦٣ ڕوویاندا. داوایان لێکردم ماڵەکەم بەجێبێڵم و تا کارەکان ڕوون دەبنەوە لەجێیەکی دی خۆم بشارمەوە. بەڵام گوێم لە بەیاننامەکان ڕاگرت و لەجێی خۆم نەبزووتم. سەیریان بەو هەڵوێستەم هات و پرسییان: "شتێک لەسەر کودەتا و کودەتاچییەکان دەزانی؟؟ گوتم: بەڵێ، ئێستا هیچ مەترسییەکم لەسەر نییە.

لام ڕوون بو ئەحمەد حەسەن بەکرد سەرۆکایەتیی حکوومەت وەردەگرێ، بەڵام لەهیکرا دیتم وەزارەت بە سەرۆکایەتیی عەبدولڕەزاق نایف پێکدێ، ئەو، لە حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف، بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەربازی بوو، بەوەس ناسراوە لایەنگری خۆرئاوایە و بەتایبەتییش بەریتانیا.

دوو ڕۆژ دوای کودەتا، دکتۆر عیزەت مستەفای ببووە وەزیری تەندروستی پەیوەندیی پێوەکردم. داوای لێکردم ، بۆ دیداری سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر، پێکەوە بچینە کۆشکی کۆماری، جوومە وەزارەتی تەندروستی و دوایەش ڕوومان لە کۆشکی کۆماری کرد، پاسەوانەکان نەیانهێشت لە دەرگا بچینە ژوورێ، ئەوان هێشتا وەزیری تەندروستییان نەدەناسی، ئیدی دکتۆر عیزەت خۆی ناساند و لێگەڕان بچینە ژوورێ و بۆ نووسیمگەی بەکری سەرۆککۆمار. بەکرد بە جلوبەرگی سەربازییەوەبوو و کلاشینکۆفێکیشی لە تەنیشت بوو، لە لایەکەی دیکەیشی لەنێوان هەردوو یەلەقۆندا دەمانچەیەکی "٩ ملم"ی جۆری براونینگی دانابوو و، خۆشی و نیگەرانیی هەردووک بە ڕووانەوە دیاربوو. بەکر هەستایەوە و بەگەرمی دەستی لە ملی کردم و گوتی: من لێرە دادەنیش، هیواداربووم بەعسییەک لەلای ڕاستمەوە دانیشێ و شیوعییەکیش لەلای چەپم، دەبێ بڵێین ئەوەی چوو چوو، دەبێ سەیری داهاتوو بکەین. گوتم: سەرۆکی بەڕێز، لێرە سەرۆک قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: من هاوڕێتان بووم، یان دەبی بەو ناوە بانگم بکەی

یان بە ئەبو هەیسـەم. گوتم: هاوڕێ ئەبو هەیسـەم، ئێمە دەزانین ڕابردوو نایەتەوە، بەلام لەبیرکردنی رابردوو تەنیا بە چارەسـەرکردنی شـوێنەوارەکانی ئێسـتا دەبێ، ئەودەمی بە دڵنیـاییەوە و بە ئـارامییەوە لە داهـاتوو دەڕوانین. گوتی: دەبینن، خوایـاربێ، هەموو ئەو شتانە چارەسەر دەکەین، بەکر بە مکوڕییەوە پەلەی لە هاوکاریی هەردوو حیزب دەکرد.

دوای گفتوگۆیەکی درێژی نێوانمـان ڕووم لەو بینـایەی کرد کە کرابووە بنکەی سـەرکردایەتییقوتریی حیزبی بەعس و لە بزیک دەرگای دەرەوەی کۆشـکی کۆماری بوو، هەردو ئەندامی سـەرکردایەتیی قوتی حیزبی بەعس، بەڕێز عەبدولخالق سـامەڕایی و عەبدوڵلا سـەلووم سـامەڕایی لەوێبوون. بە عەبدولخالقم گوت:ئەرێ ئێوە داواتان دەکرد داواتان دەکرد لەگەڵ عەبدولڕەزاق نایف و ئیبراهیم عەبدولڕەحمان داود لەگەڵتان بێنە سـەر دەسـەلات؟ گوتی: ئەوانە هاوڕێی ڕێگان، ناچاربووین لەگەڵ خۆمان بەشداربیان پێ بکەین، بەلام کردارێکی راسـتکردنەوەی کارەکان بەو زووانە دەکرێ و دووردەخرێنەوە. گوتم: باشـە ئەدی ئەگەر ئەوان کارێکی کارڕاتکردنەوەیەکیان کرد، ئەوسـا چی؟ گوتی: چەندرۆژێکە و لادەدرێن. بەلام من بە وریاییەوە قسەم لەگەڵ دەکردن.

ڕوون و ئاشـکرا دیاربوو دەسـەلات بە لادانی نایف- داود تووسـی گەلێ ئاسـتەنگی ئیمپریالیزم دەبێ.

بۆ نایف - داود لە دەسەڵات دورخرانەوە؟

بوونی خەڵکـانێکی وەک عەبـدولڕەزاق نـایفی بەڕێوەبەری هەواڵگریی حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف و عەبدولەحمان داود و دکتۆر ناسر حانی لەڕیزی کودەتاچییەکان، هەزار یەک نیشـانەی پرسـیاری سـەبارەت بە ناوەرۆک و ئاراسـتەی کودەتا دروسـت دەکرد. بەتـایبەتیش کە عەبـدولڕەزاق نـایف پۆسـتی سـەرۆکوەزیرانی وەرگرت و عەبدولڕەحمان داودیش پۆسـتی وەزیری بەرگری، کە ئەو دوو پۆسـتەش دووپۆسـتی هەرەگرنگی حکوومەتە کودەتاییەکانن. پاسـاوی فەرمیی سـەرکردایەتیی حیزبی بەعس ئەوەبوو گوایە عەبدولڕەحمان داود پێش کودەتا نهێنییەکەی بۆ نایفی هاوڕێی باسکردبوو، ئیدی نایف داوای پۆسـتی سـەرۆکوەزیرانی کردبوو، جا بەعس کەوتبووە بەینی دوو بژاردان، یان بە داوایەکەی رازیبی و یانیش پیلانەکەی ئاشـکرا ببی و، ئەوجا شـکسـتی شـۆڕش و ئەو کارەسـاتانەی بەدووایدا دێن. بەڵام پرسـیارێکی دی سـەبارەت ە عەبدولڕەحمان داود هەیە، ئەدی بەخۆیشـی جێی گومان نەبوو؟ باشـە بۆ دکتۆر ناسـر حانیی نزیکخستەوە و دوایەش بەو جۆرە غافڵگۆژ کرا؟

لە ڕۆژانی بەرایی کودەتـا و لەبەردەم پرسـیارگەلێکی ئێمە، سـەرکردایەتیی بەعس پێیدەگوتین بەوزووانە " بزاوتێکی راسـتکردنەوە" دەکا تا لە دەسـەڵاتیان دووربخاتەوە و، هەر بەڕاستییش ئەوکارە لە ٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨دا کرا، واتە سێزدە ڕۆژ دوای کودەتا، وەک منیش بزانم، تەها یاسـین ڕەمەزان لەوان ڕۆژاندا سـەرقاڵی خەڵک گواسـتنەوەی نا ووەزارەتی بەرگری بوو و، ئەفسـەرە بەعسـییەکان یان لایەنگرانی بەعسـیی لە جێیە هەسـتیارەکان دادەنا، نەوەکا نایف بە هاریکاریی دەستەیەک لە ئەفسـەرە ڕاسترەوەکانی برادەری دەستپێشـخەری بکا و "بزاوتێکی راسـتکردنەوە بکا و بەعسییەکان لە دەسـەڵات لادا و خۆی بە تەنیا بمێنێتەوە.

حکوومەت، سەبارەت بەو " بزاوتەی ڕاستکردنەوە"ی عەبدولڕەزاق نایف و داودی هاوڕێی پێ لە پۆسـتەکانیان لابرد، چیی گوت؟ کە داوای ئەو دوەی تێدابوو بۆ لادانی یاسـای ژمارە"٨٠".

ئەگەرچی حکوومەت پاسـاوی بۆ دوورخسـتنەوەیان هێنایەوە، بەڵام خەڵکێکی زۆر باوەڕیان بە ناوەرۆکی بەیاننامەکەی حکوومەت نەکرد و، پێیانوابوو کردارەکە کردارێکی بەعسـیانەی رووتی غایەنیکردنی بەعسـیانەیە لە هاوڕێیان، بەڵام بەیاننامەکە ڕووناکی دەخاتەسـەر ڕاسـتییەکی شـاراوەی ئەو ململانێیەی لەنێوان کۆمەڵە مۆنۆپۆلییەکی نەوتیی بەریتانی و مۆنۆپۆلیی فەرەنسیدا هەبوو و کە ئیمتیازی بەتەنێی بەدوای نەوتدا گەرانی لە

هۆراوەکانی باشـــووری خۆرهەلاتی عێراقی لە حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف بەدەســـتهێنابوو. ئەودەمای حکوومەت ڕێککەوتنێکی لەگەل فەرەنســـا واژووکردبوو و ئیمتیازی بەدوای نەوتدا گەرانی لە مەکامن "هۆراوەکانی حەویزە" و کۆمەڵە دوورگەکانی "مەجنوون"ی دابووە کۆمپانیای "ئیراب"ی فەرەنسی، جا کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی چاوی لەوەی بوو هەموو ئیمتیازەکان هەر بۆ ئەو بێ، بە نیگەرانییەوە هەستی لە پەرەسەندنەکانی پەیوەندیی نێوان حکوومەتی عێراقی و فەرەنســـا ڕاگرتبوو، نەخاســـمە دوای ســـەردانی سەرۆک عەبدولڕەحمان عارف بۆ پاریس و ئەو دەنگۆیانەی گوایە لەوێ دیاری و بەرتیلی وەرگرتووە، جـا کۆمپـانیـای نەوت لەوەی دەترســـا، لە جێیە بەرهەم نەهێنراوەکـانی حکوومەت بەپێی یـاســـای ژمـارە "٨٠"ی ســـالّی ١٩٦١ وەریگرتبوونەوە، کۆمپـانیـا فەرەنسییەکان جێی بگرنەوە.

ئەگەرچی حکوومەتی کودەتای ساڵی ١٩٦٣ ئەو یاسایەی لەسەر ڕەفکەی دانابوو، کەچی ئەوە کاتی بوو، وەک عەبدولکەریم قاســـمیش بەرانبەر هەڕەشـــەکانیکۆمپانیاکانی نەوت گوتی: "ئێوە پێتـانوایە بـارودۆخەکـان لە عێراقـدا دەگۆڕێن، منیشـــدەمەوێ بۆتـان نووپـاتکەمەوە ئەو زنجیرەیە کۆتـایی نـایەت". جـا حکوومەت، بە هـانـدان و دنەدانی پۆلیســـی"ئیراب"ی فەرەناســـی جاوی لەوەی بوو بەشـــی شـــێری لە میراتییەکانی قاســـم بەرکەوێ، ئەو یاسایەی زیندوو کردەوە.

نوکەست دەست نەدەکەوت لەسەر ئەوەی هاورا نەبن کە سێینەی عەبدولڕەزاق نایف و عەبدولڕەحمان داود و دکتۆر ناســر حانی پەیوەندییەکی پتەویان بە خۆرئاواوە هەبوو و، نەخاسمە بەریتانیا. جا سەیر نەبوو نایف داوای جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەی بکا کە لەسەر بنەمای ئەو بەڵێنەی بەشداریی لەە کودەتایەکە کردبوو و ئەویش هەلوەساندنەوەی یاسای ژمارە"٨٠" بوو،بەلام " ئەو زنجیرەیە کۆتایی نایەت"، ئەگەر دوێنێ قاســمی کوشــت، ڕەنگە ئەوڕۆ نایف – حانی بکوژێ و سبەینێش دەسەلاتی بەکر رادا و، هەر ئەوەندەشمان بەسە بەبیرمان بێتەوە ســـەرۆکی کۆمپانیای ئەنگلۆ – فەرەنســـی، لە کاتی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێرانی لە ســـەردەمی دکتۆر موســـەدەق گوتی:"هەوتبوونێکی ناخۆشـــە پیاو بەیانییەکەی لەخەو هەستێ و ببینێ بەشی هەرەزۆری نەوتەکەی لەدەستداوە". کۆمپانیا نەوتییەکان لە هێدمەکەیان واگاهاتن و لەناو ئەفسەرانی سوپای عێراقی بەدوواینموونەیەکی وەک ژەنەراڵ زاهیدیدا دەگەران تا لەکاتی پێویست سەرەکە لە بەرژەوەندیی ئەواندا یەکلا بکاتەوە، بەلام با ببینین شەڕەکە لە بەرژەوەندیی کێ یەکلاکرایەوە.

نایف- داود، پێویســـتیان بە کاتێکی تەواوبوو تا خەڵکی لایەنگری خۆیان لە ناو ســـوپادا لەدەوری خۆیان کۆکەنەوە و "بزاوتێکی ڕاســـتکردنەوە" دژی بەعس بکەن. لە ماجەرای

کارەکانیشـــرا دەردەکەوێ، بەعس، وەک عەندولخالق ســـامەڕایی ئەندامی ســـەرکردایەتیی قەومی گوتی، ئەودەمای واژووی ڕێککەوتنی هاوبەشـــیی دەســـەڵاتی لەگەڵ نایف واژوو دەکرد، پلانی ئەوەیشـی دادەنا هەر لەگەڵ گەیشـتنە دەسـەڵات، بەهەر نرخێک بێ، خۆی و هاواڵەکانی لەناو ببا.

ئەگەر دکتۆرموســـەدەق هەڵویســـتی خراپ بوو و، ئەودەمەی خۆی بۆ شـــەڕی مۆنۆپۆلە نەوتییەکـان هەڵکردبوو، لە هـاوکـاریکردنی لەگەڵ هێزە نیســـتـمـانییەکـانی دیکەی وەک حیزبی"تودە"دا هەڵەی کرد و ژەنەراڵە کۆنەپەرســـتەکانی نموونەی "زاهیدی"ی لە ســـوپا هێشتەوە، ئەوا حیزبی بەعس سوودی لەو هەڵەیەی دکتۆر موسەدەق و هەڵەی قاسمیش وەرگرت و، پێش و پاس کودەتا داوای هاوکاریی لە حیزبی ســـیوعی کرد و بیریشـــی لە لەکۆڵکردنەوەی ئەو خەڵکە کۆنەپەرســـتە ســـەرچڵیکەرانەی ناو ســـوپا، تا لەوەی دڵنیابێ. کاتێ دەچێتە شـــــەڕی خوماڵیکردن لە دژی مۆنۆپۆلەکانی نەوت لە عێراق، کودەتایەکەی زاهیدی لێرەش دووبارە نابێتەوە.

دەتوانین بڵێین: شـــەڕی نەوت بە للەدەســـەڵات لادانی نایف دەسـتی پێ کرد، بەڵام هێشـتا مەسەلەی دیکە لەسەر ڕێی بەعس هەبوون بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی شەڕ و یەکلاکردنەوەی لە بەرژەوەندیی عێراق، کێشـەی کورد و مەسـەلەی بەرەی نیسـتمانی لەو گرنگترین پێداویستییە پێویستانەبوون تا بەیەکڕیزییەکی پتەو بچنە ئەو شەڕەوە.

ئەوجا بەعس ناســـر حانیی وەزیری دەرەوەی لە ١٠ی تشـــرینی دووەمی ١٩٦٨ غافڵکوژ کرد، لە ماڵەکەیدا پەیوەندییان پێیەوە کرد کە سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکرداوای کردووە ببینێ و ئۆتۆمۆبیلێک دێ تا لەماڵەوەڕا بیباتە ئەو دیدارە. هەر بەڕاستییش ئەو ئۆتۆمۆبیلە هات و بردیی، بەڵام پەیوەندیی لەگەڵدا نەما، ڕۆژی دواترێ تەرمەکەی لە "قەناتی جەیش" لە خۆرهەلاتی بەغدا دۆزرایەوە.

ســـەربردەی غـافڵکوژکردنەکەشـــــی ئـامـانجی ئەوەبوو گومـانی ئەوەی بڕەوێتەوە کە کودەتایەکە، لەڕێی ئەو کەسانەوە، پەیوەندیی بە وڵاتە ئیستیعمارییەکانەوە هەیە.

حیزبی سیوعی سەبارەت بە کودەتا چیی گوت:

لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨، لیژنەی مەرکەزیی حیزبی شیوعیی عێراقیکۆبوونەوەیەکی کرد و بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا رای خۆی بەرانبەر کودەتا و دیارترین بابەتە هەرە پێویستەکانی دۆخی سیاسی دەربڕیبوو و حکوومەتی کودەتایشی[51] وەک خوارەوە هەڵسەنگاندبوو:

ئەو خەڵکەی سوپای ئەندامی حیزبی بەعسن یان لەسەر حیزبی بەعس حیسابن و لەگەڵیدا بەشداری دەسەلاتەکەینە، کۆمەڵێ خەلکن لە بیروڕا جودا و بنەمایەکی سیاسیی یەکگرتوویش کۆیان ناکاتەوە، ئەگەر پێکهاتەی دەسەلاتی ئێستا بخەینە لاوە و چاو لەو ڕاستییەش بپۆشین کە بەعس لە دەسەلاتی دەوڵەت چ پێگەیەکی هەیە، ئەوا دەبێ بێتە بن باری ڕەخنە و لێپرسینەوەی بەردەم گەل و هێزە نیشتمانییەکان. شێوەی دەسەلات و ئاراستە گشتییەکەی و چارەسەرییەکانی بۆ کێشەکان، هەمووی لە چوارچێوە و

---

[51] _ گرنگترین ئەو شتانەی لە بەیاننامەکەی حیزبی شیوعی هاتبوو، لەسەر بارودۆخی ناوخۆ و شیکردنەوەی سروشتی کودەتایەکە چڕببووەوە و، دووپاتیکردبووەوە دەبێ ڕێچکەی دەسەلاتی نوێ بگۆڕدرێ و بەدوای ئەو کودەتایانەشدا چووبووەوە کە لە عێراق ڕوویاندابوو و وەهای وەسف کردبوون کە: "دەسەلات هەر سروشتەچینایەتیە بنەڕەتییەکە و سیاسەتە دژە گەل ە دژە یموکراتییەکەی خۆت پاستووە" وەهایشی دانابووچارەسەری سوێنەوارە خراپەکانیئەو ڕژێمانە لەوەیدایە"شێوازەکانی حوکمی دیکتاتۆری و سیاسەتی ستەمکارانە و هەموو پاشەڕۆ و یاسا و دامەزراوە تۆقێنەرەکانی لەناو ببا" بانگەشەی ئەوەیشی کردبوو کە سەرکردە نوییەکان دەبی ڕێچکەیەکی نوێیان هەبێ و " پشت بە پێکهێنانی حکوومەتێکی فرەلایەنیی نیشتمانیی دیموکراتی ببەستێ کە نوێنەری ئیرادەی هێزەهێزە هاوپەیمانەکانی ناو بەرەی نیستمانی بێ، چونکە هەر ئەو بەرەیە ئێستا هێزی تواناداری دەستەبەرکردنی ئامانجە زۆر پێویستەکانە کە گەل داوایان دەکا"و، تا شوێنەوارەکانی رابردوویشوەک باس دەکرێن بە هەموو خراپییەکانیانەوە نەگەڕێنەوە . بەیانەکە باسی ماهیەتی کودەتایەکەی کردبوو لەگەڵ ئەو بارودۆخەی تێیدا دروستببوو وکە هیچ هاوگونجانییەکی فیکری و باوەڕی لەناو ڕریزەکانیدا نەبوو و، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی باڵەکانیکودەتا و دەستبەسەرداگرتنی بەعس. بەیاننامەکە ڕەخنەی لە بەبەعس کردنی دەوڵەت گرتبوو و دامەراندنی "سوپایەکی بیروباوەڕی"، واتە سوپایەکی بەعسی ودەست بەسەرداگرتنی سەرکردایەتیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و سەندیکاکنی کرێکاران، کە لە ئامانجە هەرە بەراییەکانی بەعس بوون. بەیاننامەکە پێیوابوو ئەو دەسەلاتەی ڕژێمی دەسەلات پێشنیاری دەکا"لە ڕاستیدا دەسەلاتێکی نادیموکراتییە و لە جەوهەریشداخوکمێکە بە دەستبەسەرداگرتن و زاڵبوون بەرپایە". ئەو ڕەخنەیەس دەگەڕێتەوە بۆ دیاریکردنی ئەو شێوازی دەسەلاتەی لە داڕشتنی دەستووری کاتیدا هاتووە و هیچ بوارێک بۆ گومان ناهێڵێتەوە و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بە بالاترین دەسەلاتی دەوڵەت دادەنێ ، کە دەستەبەری دانانی سەرۆککۆمار و دانانی سەرۆکوەزیران و وەزیرەکان و رازیبوون بە دەستلەکارکێشانەوەیان و بڕیاری یاسا و نیزامەکانی بەدەستە. ئەوەش وای لە"ح. ش . ع" کرد ڕەخنە لە بنکەی ئەو ڕرژێمەی دەسەلات بگرێ کە "هەتا ئێشتاس هەر نوێنەری دەسەلاتی دیکتاتۆرییەتێکی سەربازیی دژە دیموکراتییە و، دەریشی خست ڕژێمی دەسەلاتدار ئامادە نییە، بێ دانپێدانانی پێشەوایی سیاسیی ئەو، ئازادییەکانی چالاکیی حیزبی هێزەکانی دی دەست کراوە بکا.

"فەلسەفەی" بەعس و بیرۆکەکانی دەخولێتەوە، نەخاسمە لەو شتانەێ پەیوەستی شێوازەکانی دەسەلاتداری و هەلوێستی بەرانبەر دیموکراتین.
دیموکراتی و کێشەی کورد دوو خالی سەرەکیی کێشەی نێوان حیزبی بەعس و حیزبی شیوعی بوون، ئەوەش دوو کۆسپی گەورەی بەردەمی نزیکبوونەوەیان بوون، جا حیزبی شیوعی لەو بارەوە دەلێ: ڕێگای بێ کێشەی بەرەورووبوونەوەی مەترسییەکان و بەرگریکردن لەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون یا پارێزگاریی ئەو دەسەلاتەی هەیە ڕێی ئامادەکاریی سیاسی و چالاکیی سیاسیی بەرفراوانە. واتە ڕێک ڕێگای هاوکاری و بەرەی نیشتمانییکە بە بەرهەلداکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان و چارەسەری کێشەی کورددا دەڕوا.
ئەو باتانەی دەخرانە روو و ئەو چارەسەرانەی حیزبی بەعس دەیخستنە روو، بەرەورووی ئەو هەلوێستانە دەبوونەوە کە حیزبی شیوعی بەرانبەر بەو کێشانە هەیبوون. حیزبی شیوعی پێیوایەە کلیلی چارەسەری کێشەی کوردی ڕاگرتنی شەڕ و دەبێ یەکسەریش، لەگەل سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد دەست بە دانوستان بکرێ تا بگەنە چارەسەرێکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە. چارەسەری ئەو کێشەیەش، سەرباری ئەوەی بۆ حیزبی شیوعی مەسەلەی باوەڕە، ڕێ بۆ دەولەت خۆشدەکا لەبن ئەو بارگرانییە داراییە بێتەدەرێکە ئەو هەلمەتە سەربازییەی سەر کوردستان دەیخاتە سەر شانی و دەکرێ ئەو برە پارەیەی دەگەڕیتەوە بدرێتەوە قەرزەکانی دەرەوە و سووە کەلەکەبووەکانی و ئەو خەرجییانەشی پێ زیاد بکرێ کە بۆ خزمەتگوزاریی گشتی و پەرەپێدانی ئابووری تەرخانکراون، ئەوەش وادەکا یەکەی چەکدارە چەلاوخۆرەکان هەلوەشێنەوە و دەسەلاتی دەرەبەگان برووخێ و چاکسازیی کشتوکالی قوولببێتەوە.
حکوومەت چارەسەرییەکانی بەوجۆرەی خوارەوە دادەنا: خۆ شلکردن بۆ هەندێ داوای ناوچەیی بۆ ئێران تا هەندێ یارمەتیی بارزانی ببێ و، خۆ تەرخانکردن بۆ ڕامالینی شۆڕشی کوردی بەشێوەی پێشترێ و، داوا لە یەکێتیی سۆڤیەت بکرێ خشتەی قەرزەکانی سەر عێراق دانێتەوە و قیستە شایستەکانی دانەوە دوابخا. هەندێ پرۆژەی زیندووی ناو پلانی پەرەپێدان یان لادرێن و یانیش دوابخرێن و هەندێ پرۆژەی خێرا و لێنەکولراوە لەجێیان دابندرێ و لەڕێی کاری هەرەوەزییەوە جێبەجێ بکرێن، جا حکوومەت داوای لە حیزبی شیوعی دەکرد لەو کارانەدا بەشدار بێ و لە ڕیزی هێزە کوردییەکان بکشێتەوە و دەستە چەکدارەکانی "هێزی پشتیوانی" لە کوردستان بکێشێتەوە و هەلیوەشێنێتەوە. وەکچۆن داوای دەکرد نێوانگیریی لەگەل یەکێتیی سۆڤیەت بۆ بکا تا خشتە بۆ قەرزەکانی سەر عێراق دانێتەوە و حیزبی شیوعییس ئەوەی ڕەتدەکردەوە و،

پێوابوو کلیلی چارەسەر ئەوەیە شەڕی کوردستان یەکسەر راگیرێ و لەسەر بنەمای دانانان بە مافی ڕەوا و دادپەروەرانەی گەلی کورد، گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد بکرێ و، بەدەم داواکاریی ئۆتۆنۆمییەوە بچن و بە دڵسۆزییەوە روو لە دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی دیموکراتی بکەن و حکوومەتێکی هەمەلایەن پێکبێنن کە هەموو حیزب و هێزە نیشتمانییەکان تێیدا بەشداربن.

بەعسی سوریا لە لایەنگران دەگەڕێ تا بەعسی عێراق بڕووخێنێ:

پێش ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ پارێزەریم دەکرد، ئەگەرچی بڕیارێکیش لە سەرۆکایەتی کۆمار دەرچووبوو و بڕیاری دەرکردنی پێشتریێ ساڵی ١٩٦٣ هەڵوەشابووەوە و. دەمتوانی بچمەوە سەر کارەکەم پشکنەری گشتی لە وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵی. بەڵام ڕازی نەبووم بچمەوە سەر فەرمانەکەم تا هەموودەرکراوەکان نەچنەوە سەر کار و پیشەکانیان.

کۆنگرەی پارێزەران لە ئەیلوولی ١٩٦٨ لە دیمەشق بەسترا و، داوەتنامەیەکم لە سەرکردایەتیی قەومیی حیزبی بەعسی سوریاوە پێگەیی تا وەک میوان ئامادەی کۆنگرەکە ببم و، منیش داوەتەکەم قبووڵ کرد. ڕۆژێک پێش سەفەرکردنم چاوم بە بەکری سەرۆککۆمار کەوت تا مۆڵەتی سەفەری لێ وەرگرم و مەسەلەی بەندییە لەسەرکار دەرکراوەکانیشی وەبیربێنمەوە. حکوومەت، بێ ئەوەی لێبووردنی گشتی دەربکا، دەستە دەستە بەندییەکانی بەردەدا و، بگرە لەو ماوەی بەندییەی مابووسیان لێی دەبوورین، ئیدی بابەتی بەندی و دەرکراوەکانی کردبووە ماددەیەکی چەندوچوونی هاوکاری کردن.

ئەگەرچی هەردوو ڕژێمەکە دژی یەکدیش بوون، سەرۆک لاریی لە سەفەرەکەم نەبوو. بەڵام داوای لێکردم دەربارەی بارودۆخی عێراقی دوای شۆڕش ڕاستییەکان بڵێم. گوتم: هەر بەڕاستی قسە لەسەر ڕاستییەکان دەکەم ودەڵێم:تا ئێستا سەدان شیوع و دیمەکرات لە بەندیخانەکانن و بە هەزارانی لەبەر هۆی سیاسی لەسەر کار و فەرمانەکانیان دەرکراون، نەگەڕاونەتەوە.گوتی: تۆ لە دیمەشق دەبی و گوێت لیدەبێ یەک بەندییس لە بەندیخانەکان نەماوە و هەموو هاورێکانیشت گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان. گوتم: ئەودەمی دەهۆڵێک دەخەمە بن هەنگڵم و بەدرێژی و پانیی دیمەسقدا دەگەڕێم.

پسووڵەی سەفەرم لە هێڵی ئاسمانییسوریاوە بەدەست گەیستبوو تا دووەم ڕۆژی سەفەری پارێزەرە عێراقییەکان سەفەر بکەم. بڕیارمدا فڕۆکەکەم بگۆڕم و شەوێ لەگەڵ پارێزەرە عێراقییەکان سەفەر بکەم و سەعات یەکی دوای نیوەشەوێ گەیستینە فڕۆکەخانەی دیمەشق و، کە پەساپۆرتەکەم دایە ئەفسەری پەساپۆرتلە فڕۆکەخانە، جووە ژوورێک و دۆسییەیەکی لەگەڵ خۆی هینا و گوتی: بمبوورە قەدەغەیە تۆ بێیە ناو سوریا. گوتم من سەرکردایەتیی قەومیی حیزبی بەعس داوەتی کردووم، چونکە چەند سەعاتێکیش پێشوەخت هاتووم، نەهاتوونەتە پێشوازیم . کاغەزێکی بۆ نووسیم، داوای لیکردم لە مەودای سێ ڕۆژان لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی گستی ئامادەبم و داوای ناونیشانی دیمەسقیشی لیکردم، لە پارێزەرەکانیشم زانی هۆتێلەکان پڕ میوانی کۆنگرەن، ئیدی بڕیارم دا بچمە بلوودان و لە هۆتێلێکی گەشتیاری دابەزم.

بەیانیی ڕۆژی دواتریَ دوو ئەندامی ســـەرکردایەتیی قەومی هاتن و داوای لێبووردنیان لەوەی لە فڕۆکەخانە بەســـەرمهات کرد و گوتیان هەر لەو هۆتێلە جێمان بۆ گرتووی و ئۆتۆمۆبیلێکیشیان خستە بەردەستم و گوتیان لە گەڕانەکانمدا هاوڕێم دەبن.
کە لە دیمەشـــق بووم زانیم هەموو بەندییەکان بەردراون و بەندیخانەی نوگرە ســـەلمانی بیابانیش نەماوە و هەموو دەرکراوەکانیش بانگکراون لە یەکی تشـــرینی یەکەمی ١٩٦٨ڕا بچنەوە ســـەر کار و فەرمانەکانیان. هەرچی ئەوانەی بواری ســـەربازی بوون لە فەرمانی مەدەنی دامەزران.

چەند دیدارێک لە دیمەشق:

بە ئامادەیی ژمارەیەکی زۆری پارێزەرانی عارەبی ولە چەندین ولاتی عارەبی، ئامادەی کۆنگرەی پارێزەرانی عارەب بووم، دیارترین کەسایەتییە سیاسییەکان شەفیق ئەرشیداتی نەقیبی پارێزەرانی عارەب و عەبدولوەهاب مەحمودی نەقیبی پارێزەرانی عێراق بوون.

نورەدین ئەتاسیی سەرۆککۆماری سوریا لە کردنەوەی کۆنگرەکەدا ئامادبوو، وتەیەکی بەخێرهێنانی بۆ میوانان پێشکەش کردئەوجا نەقیبەکانی پارێزەرانی ولاتە عارەبییەکان بە نۆبەتوتەی خۆیان پێشکەش کرد ، لەوانەش نەقیبی پارێزەرانی حەلەبی هێرشێکی توندی کردەسەر دەسەلاتی سوریا و بە دیکتاتۆریەت تۆمەتباری کرد، پێدەچوو لە ئیخوان موسلمین بێ. ئەگەرچی کرابوومە بریاردەری لیژنەی سیاسی، بەلام لەبەر چڕیی ئەو پرۆگرامەی بۆم داندرابوو تا سەردانی ڕێکخراوە کۆمەلایەتی و سەندیکا و کارگە و کێلگایان بکەم و دیداری بەرپرسانیش، نەمتوانی ئامادەی هەموو دانیستنەکان بم، بەلام بەشداریی دارشتنی بریاری تایبەتی پەیوەستی کاروبارە سیاسییەکانی بەیاننامەی کۆتاییم کرد.

دیدارەکانم لەگەل ئەلرەفیق ئەلمەجلی ی ئەندامی سەرکردایەتیی قەومی لە بینایەی سەرکردایەتیی قەومیدا چەندبارە بووەوە و، بەزۆرییس بەسەو بوو، سەیرەکە، یەم گەمژەییەکە، لەوەیدابوو وەهای قسە بۆ دەکردم وەک ئەوەی بەرپرسی یەک لە نووسینگە قەومییەکانی بەغدایان بم. باسی ئەوەی دەکرد چەند ە پێویستە هێزەقەومییەکان یەکبگرن و پلانێک بۆ رووخاندنی دەسەلاتی بەعسی عێراق دابندرێ. جا منیش گویم بۆ دەگرت و بە هەلدانەوەی لاپەرەکانی گۆڤارێکیش خۆم لە بەشی هەرەزۆری قسەکانی گێل دەکرد.

لە کۆتاییدا گوتم: هاورێ، ئێمە حیزبێکی کۆنی عێراقینسیاسەتی سەبەخۆی خۆمان هەیە و بەرژەوەندی ولات و گەلەکەمان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندی و گرنگییەک دادەنێین و ناکرێ درێژکراوەی زنجیرەی یان ئارەزووەکانی هیچ حیزبێکی دیکەی ناوەوە ودەرەوەی عێراق بین. لەبەر رۆسنایی باوەرە نیستمانی و نێونەتەوەییەکانمان لە ناوەوە و دەرەوەی ولات هاوکاریی خەلکانی دی دەکەین.

ئێوارەیەکیان پێیگوتم بەرێز نورەدین ئەتاسیی سەرۆککۆمار سەعات هەستلە کۆشکی کۆماری پێشوازیم لێ دەکا، ئیدی لاوادەی بریاردراو چووینە کۆشک، دیتمان ئەتاسی چاوەرێمانە. پێشوازیی لێ کردین و بەخێری هێنام و وسوپاسی کردم کە لەو بارودۆخەی عێراقدا بەدەم داوەتەکەوە هاتووم و، پرسیاری هاورێیان عەزیز محەممەد و زەکی خەیریی لێکردم و گوتی: هاورێ موکەرەم، هەموو سنوورەکانی ولاتەکەمان بۆ تۆ کراوەیە و، لە هەرکاتێکدا سەردانمان بکە تۆ میوانێکی ئازیزی ئێمەی.

به گاڵتەوە گوتم: هاوڕێی سەرۆک، من وەک هاوڕێ عەزیز محەممەد و زەکی خەیری نیم بەپیادەیی و بە دزییەوە لە سنوور بێمە ژوورەوە، من پەساپۆرتێکی یاسایم پێیە و بێ ڕێگریی حکوومەتیش هاتووم.

کرانەوەی سوور ج سوودیکی هەیە کە من ئاسمانی سوریام بەروودا داخرابێ، جا ئەو کاغەزەم دەرهێنا کە داوای لێ دەکردم سەردانی ئاسایشی گستی بکەم، نیشانیدا چەندی ئەو کارە پێ ناخۆش بووە و، گوتی:ئەوە پاشماوەی پەیمانی بەغدایە. گوتم:گەلی عێراق لەمێژە ئەو پەیماننامەیەی لەناو بیگا ونجڕونجڕ کردووە، ئێوە کەی ئاسەوارە خراپەکانی ئەوپەیمانە لەسەر ولاتەکەتان لادەبەن؟گوتی: هەرگیز دووبارە نابێتەوە.

ئەو سەردانەیان سەردانی شیریکاری بوو، سەرۆک ئەتاسی پێیگوتم، دوای ئەوەی پرۆگرامی سەردانەکەم کۆتایی پێدێ و ئاشنای ئامالەکانی شۆڕس لە سوریا دەبم، جارێکی دی دیدارێکی درێژمان دەبێ.

سەردانی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوی کۆمەلایەتی وسەندیکام کرد و، لەو سەردانانە ژمارەیەک هەڤاڵ پارێزەر لەگەلم بەشداربوون، ئەو ڕێکخراوانە حیزبی بەعس، وەک عێراق، دەستی بەسەردا گرتوون و قەدەغەیە حیزبەکانی دیکە و هێزە نیشتمانیەکان تێیدا بەشداربن. لە یەکێتیی ئافرەتان، بە هێرسێکی ستەمکارانە بۆ سەر هاوبەندیی ژنانی عێراقی و هاو بەندیی ژنانی سوری، بەرەو ڕوومان بوونەوە، کە هەردووکیان حیزبی شیوعیی عێراقی و حیزبی شیوعیی سووری ڕێکیخستوون. لە دوژمنایەتیی یەکێتیی ژنانی سوریا بەرانبەر هاوبەندیی ژنانی سوریا تێدەگەین، بەلام هۆی دوژمنایەتیان بۆ هاوبەندیی ژنانی عێراق لەسەر چییە؟ ئەو هۆیەی ژنە بەرپرسەکانی یەکێتیی ژنانی سوری لەسەر هاوبەندیی ژنانی سوری هێنایانەوە ئەوەبوو هاوبەندی کە هاوبەندی بەشداریی یەکێتییان نەکردووە لەو داوایەی لە یەکێتیی سۆڤیەتیان کردووە تا لەگەل سوریا بەشداریی شەڕی ١٩٦٧ بکا و گوتوویەتی بەرگریکردن لە سوریا ئەرکی گەلی سوریا و سوپای سوریایە و، یەکێتیی سۆڤیەت پشتیوانیی سیاسی و سەربازیی خۆی پێشکەش دەکا تا بەر بە دوژمنداری بگیرێ. جا یەکێتییەکان بە مکوڕییەوە پرسیاری ئەوەی دەکەن، ئەدی ئەوە خیانەت نییە؟

بە سەرۆکییەکێتیی ژنانم گوت: ئەگەر یادگەم خیانەتم لێ نەکا، من لە قورئا خوێندوومەتەوە بەنی ئیسرائیل نەک عارەب، بە موسایان گوتووە"تۆ و خوایەکەت بڕۆن بجەنگن، ئێمە ئەوەتا لێرە دانیستووین". خوشکێ تۆ داوای بەرگری و قوربانیدان بۆ بەرگری لە خاکی سوریا بە خیانەت دادەنێی؟ لە کاێکدا داوا لە یەکێتیی سۆڤیەت دەکەی قوربانی بە مەسەلەی ئاشتیی جیهانی بکا، کە ئەوە کێشەی من و کێشەی تۆ و کێشەی

هەموو گەلانی دنیایە و، کە هەموو مرۆڤایەتی بخەیە بەر مەترسیی شەڕێکی ئەتۆمیی ترسناک وبێی لەجیاتیی سورییایان شەر بکەی، ئەریَ ئەوە نیشتمانپەروەریی بەڕاستییە؟ هاوبەندیی ژنانی عێراقی و سوری دوو بەشی شۆڕشگێڕی ژنانی ئەو دوو ولاتەن. لە ڕێوانی مێژووی تیکۆشانی دووررودرێژی پڕ ئازاریشیاندا دڵسۆزیی خۆیان بۆ کێشەی گەل و نیشتمانیان سەلماندووە. جا دەبیَ بە شێوەیەکی بابەتییانە و دادپەروەرانە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکریَ وکار بۆ ئەوە بکریَ پردێکی هاوکارییان لەگەل دروست بکریَ.

ڕێپێوانێکی "جەیشی شەعبی" لە دیمەشق:

لە کۆتایی دانیشتنەکانی کۆنگرەی پارێزەرانی عارەب، ڕێپێوانێکی " جەیشی شەعبی" کرا و دە هەزار خۆبەخش بەشـــدارییان تێدا کرد. ئەوان تفەنگ و ڕەشـــاش و تۆپی مۆرتەریان پێبوو و داوا لە پـارێزەرانیس کرا بەشـــــداریی ڕێپێوانەکە بکەن، کەچی، پـارێزەرە دیموکراتییەکانی عێراقی و جەزائیریی لێ دەرچێ، کەسیدی بەشداریی نەکرد. لەپێشـەوە، لەگەڵ یوسـف زەعینی سـەرۆکوەزیران و دکتۆر ئیبراهیم ماخۆسـی وەزیری دەرەوە و محەممەد ڕەباح تەویلی وەزیری ناوخۆ و محەممەد ڕەباحی سەرکردەی "جەیشی شەعبی" و کەسانی دی، ڕۆیشتین .

تێبینیی ئەوەم کرد جەماوەری دیمەشق بەخراپی سەیری ئەو"جەیشی شەعبی"یە دەکەن و نەمزانی بۆ، نێردراوی تەلەفزیۆنی سوری داوای لە پارێزەرانی بەشداربووی ڕێپێوانەکەیان کردبوو، گرتەیوکی ڕای خۆیـان بەرانبەر "جەیشـــی شـــــەعبی" تۆمـار بکەن و، ئەوەی سـەیربوو ئەوەبوو کە هەموو بەرپرسـەکان هێرشـیان دەکردە سـەر سـوپای سـوریا و، دەیانگوت گوایە بەبێ شـەڕ بەرزاییەکانی جۆلانی ڕادەسـتی قەوارەی زایۆنی کردووە، جا لەجیاتیی ئەوەی لە هۆیەکانی شـکسـتەکە بکۆڵنەوە و چارەسـەری خەوشـەکان بکەن، دروشـــمی "شـــەڕی ڕزگاریخوازی میللی"یان هێنابووە گۆڕێ، لەجیاتیی ئەوەی تواناکانی گەل و بەگەڕبخەن و ڕێی بۆ خۆشـــکەن تا بتوانن بەشـــدارییەکی کاریگەری هەبێ لە بەرگریی وڵات ســوپـا و توانـا بەرگرییەکـانی بەهێز بکەن و، یەکێتیی گەل و هێزە نیشـتمانییەکانی دسـتەبەر بکەن ئەو دروشـمەی "چەپ"ی نوێی هەندێ وڵاتی ئەمریکای لاتین بانگەشـەیان بۆ دەکرد و، ڕوونیش دیار بوو "جەیشی شەعبی" بەو توانا سنووردار و چەکە سـادانەیەوە نەیدەتوانی لە شـێری داهاتووی قەوارەی زایۆنیدا جێی سـوپا بگرێتەوە، ئەو کارەش ترسـی خسـتبووە دڵی سـوپای سـوریا و ئەویش لای خۆیەوە، دواترێ لە کۆنگرەی حیزبدا رەوایی بەزاند و ئەو باڵەی لە حیزب و دەوڵەتدا لادا تـا دواترێ تا بەسەرۆکایەتیی حافز ئەسەد سەرکردایەتی وەرگرێ.

کە سـەرکردە سـورییەکان ڕای منیان سـەبارەت بە "جەیشـی شـەعبی" پرسـی، هیچ بژاردەیەکم لەبەردەویدا نەبوو، یان دەبووایە بەو سوپایە و بە ئەرکی سەرشانیدا هەڵبدەم و، کە ئەو بیرۆکەیەش باوی ناو سـەرکردە سوریەکان بوو یان دەبوایە ڕاستییەکان بڵێم و، ڕەنگە بەزاندنی سنووری میوانی بێ. ئیدی ڕاسـتی گوتنی بنەما مارکسی- لینینییەکان فێریان کردبووین و ئاشـکراکردنی کەموکووڕییوکان و ڕەخنە لە هەڵەکانیش لەئارادابوو. من ئەوەی دووەمم هەڵبژارد و، گوتم: پەیوەسـتیم وەک میوان بەسـەرمدا دەسـەپێنێ

سـنووری میوانی نەبەزێنم و لە کەموکووڕییەکان بێدەنگبم، بەڵام دڵسـۆزیم بۆ کێشـەی خەباتی گەل لەدژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی هاوپەیمانی ئەوەم بەسـەردا دەسـەپێنێ ئەو کێماسـیيانەی پێموایە هەن بخەمە بەردەمی برایان تە لە ڕێوانی شـۆڕشـگێڕییاندا ئەو کەموکووڕییانە چارەسـەر بکەن و کون و کەلەبەرەکانی ناو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیستمانیی سووریا بگرن.
سـوپایەکانی دنیا، زۆربەی پێکهاتەکەی ڕۆڵەکانی کرێکا و جووتیار و ڕەنجدەرانی دیکەن، بەڵام "جەیسی شـەعبی"دووسـتی لەوەی دی جودایە، یەکەمیان پەیوەندیی بە گەلەوەیە و گەل لەباوەشـی دەگرێ و، گەل سـەرچاوەی هێزی ئەو سـوپایەیە، دووەمیانسـەرهەلدانی سـەرکردایەتیی ئەو سـوپایە لەناو پێشـەنگە شـۆڕشـگێڕەکانی گەل و، دڵسـۆزیی بۆ بەرژەوەندییەکانی و ئامادەیی بۆ قوربانیدان تا گەل و دەسـتکەوتەکانی بپارێزێ. من گومانم لە دڵسۆزیی سـەرکردایەتی نییە، بەڵام ئەوەی ئەوڕۆ سـەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کەسـم نەدیت لە دیمەشـق چەپڵە بۆ ئەو سـوپایە لێبدا، ئیدی دەبێ ناوبڕێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەو سـوپایە و گەلدا هەبێ، دوایەش ئەو دوولە قووڵەی نێوان سـوپای نیزامی و ئەو ئەو سـوپا میللییە چییە؟ پێویسـت وایە سـوپای سـوریا، کە هەر ئاواسـە، سـوپایەکی میللی بێ و لەگەڵ گەل لە کرلێکدابێپاسـەوانی گەل و دەسـتکەوتەکانی بێ و ئەو خۆبەخشانەی "جەیشی شەعبی" لە شەڕی نیشتمانیی دادێدا پشتبەند و هێزی هاریکاری بن کە سـوپا شـەڕێک دەدۆڕێنی مانای وانییە دڵسـۆزی کێشـەی گەل نییە گەل بکرێ، .
دەبێ هەڵسـەنگاندنێکی دروسـت و لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە بۆ دۆڕاندنی شـەڕی جۆلان بکرێ، تا چارەسـەری کەموکووڕییەکانی سـوپا و هۆییەکانی لاوازییەکەی بکرێ. من پێموایە یەک لە هۆیەکانی سکستی حوزێران بەشـێوەیەکی گشـتی ئەوەیە کە حکوومەتە عارەبییە پێشکەوتنخوازەکان نەیانتوانی گەل ئامادە بکەن و بەشێکی زۆری لایەنە نیشتمان پەروەرەکانیان دوورخستەوە و لێنەگەڕان شکۆی بەرگریی خاکی نیشتمانیان پێ ببڕێ و، بەر بە دوژمنکاریی ئیمپریالیزم و زایۆنی بگرن و، شـەڕیان خسـتبووە تەسـکترین چوارچێوە . ئێوارەکەی سـوورییەکان لە تەلەفزیۆنیان دیتم کە ڕاشـکاوانە ڕەخنەم لە هەڵوێستەکانی حکوومەتی سووریا دەگرت.

دیدارێکی گەرم لەگەڵ سەرۆکی سوریا:

جارێکی دییس بانگێشتی کۆشکی کۆماری کرام و لەگەڵ المجلي ی ئەندامی سەرکردایەتیی قەومی چووینە کۆشـکی کۆماری دیتم سـەرۆک نورەدین ئەتاسـی و یوسـف زەعینی سەرۆکوەزیران چاوەڕێمان دەکەن. سەرۆک بەخێری هێنام و بەسەرۆکوەزیرانی ناساندم و داوای لێکردم ماوەی پتر لە سوریا بمێنمەوە تا شارەکانی دیکەی سوریا ببینم و، گوتی: هیوامان وایە پترمان گوێ لە ڕەخنە بنیاتنەرەکانت بێ، دەمانەوێ سـارەکانی دیکەش ببینی تـابزانی حیزب و حکوومەت چەنـدیـان لایەنگیری هەیە کۆمەڵگەی دیمەسـق کۆمەڵگەیەکی بۆرژواییە و لەبەر ڕێوشوێنەکانی شۆڕشیش توێژێکی فراوانی زەرەرمەند بووە، ئیسی سەیر نییە نەرێنییەک لە دیمەشقدا ببینی.

گوتم: هاوڕێی هۆک، دەبێ شـۆڕش، هەر شـۆڕشـێکی میللی، دەربڕی بەرژەوەندیی توێژە فراوانەکـانی گەل بن نەک زیـان بە بەرژەوەنـدیی توێژە فراوانەکـانی بگەیەنن. ئەو شـۆڕشـانەی بەرەو سـەرەوەی چەپرەوی بەلاڕیدا دەچن، ئەوانەن کە پێش پێگەیشـتنیان پەلە لە کارەکـان دەکەن و بێ پـاسـاو زیـان بە بەرژەوەنـدیی توێژێکی فراوانی گەل دەگەیەنن، کە دەبوایە ئەو توێژانە لەو قۆناغەدا هاوپەیمانی شۆڕش بن و لەتەکیدا بن نەک لە دژی بن. بەڵام ئەگەر شـۆڕش بەلای ڕاسـتدا لاڕێ بگرێ، ئەوا بەرگری لە یوێژێکی بەرتەسکی موڵکدار و سەرمایەداران دەکا و بەرژەوەندیی توێژێکی فراوانی گەل پشتگوێ دەخا و زیانی لێ دەدا. هەردوو لاڕێبوونەکەش لەیەک خاڵدا یەکدەگرنەوە، ئەویش زیان گەیاندنە بەرژەوەندیی توێژێکی فراوانی گەلە. ئێمە ئاوا لە مەسەلەی شۆڕش تێگەیشتووین و ، لینین ئاوای فێرکردووین. کە شۆڕش دەستی بە چاکسازیی کشتوکاڵی کرد، زیانی بە چنگێک موڵکدار و دەرەبەگان گەیاند تا داوای ملیۆنان جووتیار دەسـتەبەر بکا و، کە کۆمپـانیـای پێنجینەشـی خۆمـاڵی کرد، ئەو گورزی لە بەرژەوەنـدیی پێنج خـانەوادەی دەوڵەمەنـد دا و لە بەرژەوەنـدیی دەیـان هەزار کرێکـار و کـارمەنـد بوو کە ئەو پێن خانەوادەیە دەیانچەوسـاندنەوە . دەبوایە شـۆڕش دەسـەڵاتێکی هەرەفراوانی لە دیمەشـقی پـایەختـدا هەبووایە، کە سـەرمـایە و پرۆژەی گەورە لێرە چڕبوونەتەوە و خـانەوادە دەرەبەگ و ئەرەستوکراتەکان لێرە دەژین.

ئەوجا باسـی ڕۆڵی بەرەی نیشـتمانیم کرد، ئەو کاتەی حیزبەکان و هێزە نیشـتمانییە پێشکەوتنخوازەکانە ئامادەکردنی بەرفراوانی جەماوەرهاوکاریی یەکدی دەکەن تا بەرگری لە نیشـتمان و شـۆڕش بکەن باسـی گرنگیی هاوپەیمانیی نێوان هەردوو حیزبی سـەرەکیی سـوریام کرد، واتە حیزبی بەعس و حیزبی شیوعیی سـووری. هەوڵیدا ڕەخنە لە حیزبی

شـیوعی بگرێ، بەڵام من گوتم: ئەگەر گوێ لە حیزبی شـیوعی بگرین، ئەوا زۆری ڕەخنە لە کار و کردەوەکانی حکوومەتەکەتان هەیە.
گوتی: ئەوان ڕۆژنامەکەیان بە نهێنی دەردەکەن و ئێمە هیچیان بەرانبەر ناکەین گوتم: بەلام بۆ بە نهێنی؟ بۆ چاپخانەیەکی باشـیان بۆ دابین ناکەن تا ڕۆژنامەکەیان بەە ئاشـکرا دەرکەن؟تـا ئەوانیش لای خۆیـانەوە جەمـاوەری هـاوســـۆزی خۆیـان بۆ خەبـاتی دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنی و کۆنەپەرستان ئامادە و تەیار بکەن
ئەوجا باسی هەڵوێستی ئەوانم بەرانبەر کێشەی کورد لە عێراق کرد و، باسی ئەوەم کرد هەر هەوڵێکی ئاسـتی و دیموکراتیی چارەسـەری کێشـەکە بو "دامەزراندنی ئیسـرائیلێکی دیی ناو دڵی نیشــــتمانی عارەبی" دادەنێن. گوتم: کورد وەک عارەبان، گەلێکی کۆنن، لە دێرزەمـانەوە لەســـەر خـاکی خۆیـان دەژین نەک خـاکی خەڵکی دی، ئەوان دووجـاری چەوسـاندنەوە و سـتەم و جیاوازی هاتوون وئیدی شـۆڕس دەکەن و داوای مافی رەواو دادپەروەریی زەوتکراوی خۆیـان دەکەن، نەک نیشــــتمـانێکیـان لە خـاکی خەلکی دی بۆ دروســـت بکرێ. ئاوان داوای یەکســــانی و ئۆتۆنۆمیی ناو چوارچێوەی کۆماری عێراق دەکەن و داننانیش بەو مافە گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانە. ئێوەش، وەک دەوڵەتێکی ئازادیخواز و وەک حیزبێکی پێشـــکەوتنخواز دەبێ لەگەڵ ئەو مافەدا بن نەک لە دژی.
دوایەش کوردەکانی ســــوریا لە ســـەردەمی داگیرکاریی فەرەنســـاش پتر دووچاری چەوساندنەوە و ڕاگواستن دەبن و، ئەو کارە ستەمکارانەشتان ناو لێدەنێن "دروستکردنی پشـــتوێنەی عارەبیی نێوان خۆتان و تورکیا"، باشـــە بۆ ئەو پشـــتێنەیە هەر لە کوردەکان نەبێ؟ ئەو جۆرە کارنە ناوبانگی سوریا لە عێراق و لە دنیاش خراپ دەکا.
یەسف زعینی سەرۆکوەزیران نکۆڵیی لە هەر چەوساندنەوە و ڕاگواستنێکی کوردان کرد، گوتیشـــــی گوایە تورکوکان هەمیشـــــە پێدزەی دەکەن و ئەوانیش تەنیا ڕێیان لە پێدزە نایاســـــاییە گرتووە. گوتم: چەندین ســـــەدەیە کوردەکانی تورکیا دووچاری خراپترین چەوساندنەوە و کوشتار و ڕاگواستن بوونەتەوە، چەند ڕۆژێک پێشتر سەرۆک ئەتاسی فەرمووی: ســـــنوورەکان بۆ ئێوە کراوەیە، ئەدی بۆ ســـــنوور بۆ ڕاکردوانی دەســـــتی چەوسانەوەی فاشیزمی تورکیش کراوە نەبێ"!
نورەدین ئەتاسی دانی بە ڕوودانی هەندێ لەو شتانەدا نا کە من باسم کردن و بەەرانبەر کوردان کرابوون و گوتی: ئێمە زانیاریی تەواومان لەســـەر کێشـــەی کورد نییە، خۆزگە بەڵگە و زانیاریی فراوانتان دەداینێ، تا لێیانبکۆڵینەوە و بیانخەینە ناو ئەدەبیاتی حیزبمان و بیـانخەینە نـاو ئەو بـابەتـانەی لە کۆنگرەی قووتریی حیزبمـان دەخوێنە ڕوو، زۆریش دڵخۆش دەبین ئەگەر داوەتمان قبووڵ بکەن و لە کۆنگرەی حیزبمان ئامادەبن کە بڕیارە

ئەمساڵ بگیرێ. جا لەوێ ڕایەکانت لەسەر مینبەری کۆنگرە بخەڕوو گوتم: بەسوپاسەوە، بەڵام پێشنیار دەکەم میوانداریی شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بکەن تا ئامادەی دانیشتنەکانتان ببن و گوێتان لێ بگرن و گوێیان لێ بگرن، ئیدی وادەی ئەوەی دا.

سەرۆک ئەتاسی چووە سەر ناوەرۆکی ئەو بابەتەی من بۆی بانگێشتی سوریا کرابووم و، ئەویش هاوکاریی نێوان حیزبی شیوعیی عێراقی و حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی- باڵی سوریا و، کوتلە سیاسییەکانیدیکە بوو تا بە پشتیوانیی سوریا دژی حیزبی بەعسی عێراق راوەستن و دەسەڵاتەکەی برووخێنن. دەمزانی ئەو هەموو گرنگیدانە بە سەردانی سوریام و خۆ کرکردن لە ڕەخنەکانم بۆ سوودوەرگرتن بوو لە تواناکانی حیزبی سیوعیی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی و لە دژی حکوومەتی هەردوو عارفی برا چەکی هەڵگرتبوو و لە هەموو لایەکی عێراقیش، وەک بەهێزترین حیزبی سیاسی، هاتبووەوە گۆڕەپانی کاری جەماوەری. جا دەیانویست لە رووخاندنی حوکمی بەعسی عێراق سوودی لێ وەرگرن. باسی ئەو دیدارانەم نەکرد کە پێش و پاش شۆڕش لەگەڵ سەرکردەکانی حیزب و دەوڵەت لەعێراق کردبوومن، بەڵام ئەو ئاگای لەوەی هەبوو لەگەڵ سەرۆک بەکر پەیوەندییەکی باشمان هەیە.

گوتم : هاوڕێی سەرۆک،لە کاروانی تێکۆشانمان لەعێراق هەندێ کات لەگەڵ حیزبی بەعس نەیاربووین و هەندێجارانیش یاربووین. خوێنێکی زۆر لە نەیارییەکەمان ڕژا، دەستەی دیکە ئەوەیان قۆستەوە و دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت تا هەردوولامان وەک یەک سەرکوت بکەن. جا ئەو کاتەی لە گۆڕەپانی خەبات یەکدیمان نەدیتبا ئەوا لە ژوورەکانی زیندان یەکدیما دەدیت. هاوکاری و هاوپەیمانیشمان سەرکەوتن و دەستکەوتی گەورەی بۆ گەل لێکەوتەوە، جا ئێستا هەموو ئەوانەمان بەباشی بۆ ڕوونبووەتەوە. ئێمە نامانەوێ ئەو کارەساتانەی پێشترێ دووبارە بکەینەوە ئەتاسی قسەکەی بڕیم و گوتی: ئەوان ئەگەر جێ پێی خۆیان توندکرد، وەک یەک لەئێوە و هاوڕێیانی ئێمەش بادەدەنەوە، ئێمە ئامادەی هەموو یارمەتییەکین بۆ ڕووخاندنیان، ئێستاش ئەوە کارێکی گران نییە. پێمگوت: ئەدی ئەگەر ئێوە دوای رووخاندنی ئەوان جێ پێی خۆتان توند کرد، چۆنمان مامەڵە لەگەڵ دەکەن، ئەدی هەر وەک مامەلەی ئێستاتان نابێ لەگەڵ هاوڕێ شیوعییەکانی ئێستای سوریامان؟

ئەوجا پێمگوت: هاوڕێ، خەریکە هەندێ قەناعەت لە عێراق دروستدەبن پێیانوایە دەبێ تەباییەکی نیشتمانی جێی دژایەتییەکی نابابەتی بگرێتەوە. ئێمە بە هەموو توانامانەوە کار بۆ ئەوە دەکەین و، نامانەوێ دەست لە هاوڕێکانتان بەردەین و لەگەڵ نەیارەکانتان ببینە

دۆست. بەڵکو دەمانەوێ بە شێوەیەکی گشتی چارەسەری هەموو نەیارییەکانی نێوام هێزە نیشتمانییەکانی ولات بکەین.ئەو کارەش بە گۆڕانی بەردەوامی ڕێچکەی دەسەڵات و حیزبی بەعس لە عێراق پیادەدەکرێ. ولات زۆری ئاستەنگ و کێشە لەبەردەمدایە و چارەسەرکردنیان پێویستیی بە ئاویزانیی هەوڵی هەموو لایەنە نیشتمانییەکانە و، چارەسەریشیان سوودی بۆ هەمووان هەیە.

حکوومەتی ئێستا، ئەگەر لەسەر ڕێچکەی هەڵەی حکوومەتەکانی پێشتری بڕوا، یان لەسەر ڕێچکەی ١٩٦٣ی خۆی بڕوا و، ڕێی خۆپەرستی و تاکڕەویی دەسەڵات بگرێتەبەر، ئەوا خۆی لە دەرایەک کێشە نوقوم دەکا و لێ هاتنەدەرێی ئەستەم دەبێ و، رووخاندنیشی دەبێتە شتێکی حەتمی و لەوەسدا هەر خۆی سەرکۆنەدەکرێ.

ڕاستییەکەی، خۆم لە گەلێ داوای پشترێ دەکرد و بە هەندێ گوزارشت وەڵامیم دەدایەوە پەیوەندیی بە قسەکانی ئەوەوە نەبوو، جونکە لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی شیوعی بەرانبەر دەسەڵاتی نوێ ڕێکنەدەهاتنەوە. چونکە ئێمەس بەخۆمان نەخسەی سیاسەتی حیزبمان دەکێشین و ناشمانەوی بەپێی ئارەزووی خەلکی دی بەڕێدا بڕۆین.

سەربارى ئەوەی حیزب ئەودەمای لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوو، بەلام دروسمی رووخاندنی دەسەلاتی هەڵنەگرتبوو. حیزبی سیوعی سروستی دەسەلاتی ئەودەمیی هەڵسەنگاندبوو و گوتی: حکوومەتی ئێستا، هێشتا نموونەی دەسەلاتێکی دیکتاتۆریی سەربازیی دژە دیموکراتییە، ئیدی بەو جۆرە هەر حیزبێک بەشدارییحکوومەت بکا لە پاشکۆیەکی سیاسیی حیبی بەعس پتر نابێ و، ئەو پێشوەختە دانی بە پێشەوایی حیزبی بەعسدا ناوە. لە سایەی ئەو دەستووره نوییەیش، هەر لێکحاڵیبوونیک لەگەڵ حیزبی بەعسی دەسەلاتدارلە بەرەیەکی یەکگرتوودا مانای بەیعەتدانە بە پێشەوایی سیاسیی ئەو حیزبە، جا ئەو بەرەیە مانای بەشداریی ححکوومەت بێ یان بێ ئەو بەشدارییەش بێ. بەلام ئەوە مانای وانییە کە تاکە ئەڵتەرناتیڤی ئێستایی نێوانبڕیی تەواوی حکوومەت بێ، یان گەرانەوە سەر دروسمی ڕاشکاوی رووخانی دەسەلات بێ، وەک داوایەکی هەنووکەیی کاتی ئێستا.

لەوەیدا دەردەکەوێ کە هەلوێستم بەرانبەرداوایسەرۆکی سووریا تەوا لەگەڵ سیاسەتی حیزبی سیوعی ڕێکدەهاتەوە. حیزبیش دووپاتیکردەوە کە دەبێ وریای دیاردەی بەشوومزانیی بەعسی دەسەلاتدار بێ.

وەلامم بۆ سەرۆکی سوریا لەهیکرا نەبوو، جەنکە هاوڕێکانی پێیانگوتبوو حیزبەکەمان لە عێراق چ پێگەیەکی سیاسیی هەیە و، چۆنیش حیزبی بەعسی عێراق دلی رادەگرێ و داوای هاوکاریی لێ دەکا. بەلام جارەنووسی هاوڕێکانی عێراقی سەرقاڵی کردبوو، بۆیە تکای لێکردم دەستبەرداری هاوڕێیەکانی نەبین. گوتم: هاوڕێی ئازیز، من پێموابوو دەبێ لەوەیدا

ڕاستگۆبم کە بەروونی باسی سیاسەتی حیزب بکەم بەرانبەرئەو دۆخە نوییەی عێراق، زۆربەی حیزبە سیاسییەکان لە ئەگەری ڕێککەوتنمان لەگەڵ دەسەڵاتی ئێستا دەترسن و، ڕەنگە وابزانن ڕێککەوتنێکی ئاوەها لەسەر حیسابی ئەوان دەبێ.
هەرچی حیزبی شیوعییە بیرۆکەی بێنەوبەردەی لەسەر حیسابی حیزب و توێژە نیشتمانییەکانی دیکە نییە کە بەڕاستی دەیانەوی هاوکاریی لەگەڵدا بکەن. جا ئەگەر بانگەشەی هاوکاریی کرد ئەوا بانگەسە لەسەر بنەمای بەرەیەکی نیستمانی دەکا کە هەموو حیزب و هێزە نیشتمانییەکان تێیدا بەشداربن و، خۆزگە لەو ڕێیەشدا هەماهەنگییەکیان لە نێواندا دەبوو نەکا حیزبی بەعسی دەسەلاتدار، بۆ لاوازکردنی پێگەی حیزبەکانی دی، بەتەنیا بانگێشتی هاوکاریی بکا. ئەوە پێویستی بە هەماهەنگیی نێوانمانە، جا ئەگەرسیاسەتەکانیان لەگەڵ ئێمە ڕێکنەخەن و بەڕێی سیاسەتێکی دیکەدا ڕۆیشتن، ئەودەم ئەوان ئێمە بەجێدێڵن.
تکای لێ کردم تا داوەتی ئامادەبوونی کۆنگرەی حیزبەکەیان قبووڵ بکەم و، ماوەیەکی درێژتر بمێنمەوە تا گفتوگۆی پتر بکەین، بەڵێنی ئەوەم دایە و ڕوخسەتی سەفەرم خواست.

بەکر بەدوای چارەسەری کێشەی کورددا دەگەڕێ:

لەو ستە سەیرانەی لەبیرمە ئەو دیدارەبوو، دوای غافڵکوژکردنی ناسر حانیی وەزیری دەرەوەی پێشتریی، لەنێوان من و سەرکردەکانی بەعس لە کۆشکی کۆماری کرا.
فەریق سەعدون غێدان فەرماندەی ئۆردووی سەربازیی بەغدابوو و، سکرتێری لیژنەی کاروباری باکووربوو کە حیزبی بەعس دایمەزراندبوو و، بنکەکەیشی لە کۆشکی کۆماری بوو. لە ۱۵ی تشرینی دووەمی ۱۹٦۸ تەلەفۆنی بۆ کردم و لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی کۆمار داوای لێکردم بچمە کۆشــکی کۆماری. ئەودەمی عامر عەبدوڵلا و مەهدی حافز لەماڵەوە میوانم بوون و، نەشــماندەزانی ئەو داواکردنە لەبەر چییە. پێیانگوتم: بمێنینەوە تابزانین بۆ بانگیان کردووی؟ گوتم: تا سەعات دە چاوەڕێ بکەن، ئەگەر نەهاتمەوە لەڕێی قەناتی جەیش بەدوامدا بگەڕێن لەوجێی حانی بە کوژراوی دۆزرایەوە.
ئۆتۆمۆبیلە فۆلکس واگۆنە تایبەتەکەم بەڕێکەوتم، لێگەڕان بچمە ناو کۆشــکی کۆماری، چوومە نووسینگەی فەریق سەعدون غێدان، عەونی یوسفی پارێزەر و حوسێن سافیی پارێزەرم لەوێ دیت. پێدەچوو ئەو دووە لە لیژنەی کاروباری باکوور بووبن. دۆسییەیەکیان لەبەردەمی بوو تایبەتی لێبووردنی پلەدارە سەربازییەکانی شۆڕشی کوردی بوو و، مووچکردن و دانەخۆرەکردنێکی ئەوتۆی تێدابوو وایان لێ بکا شۆڕش بەجێبێڵن و لاواز بێ.
لە سەعدونم پرسی داخوا سەرۆک کۆمار بۆ داوای دیتنی منی کردووە، گوتی: پێشنیاری کردووی ببیە ئەندامی لیژنەی کاروبارەکانی باکوور. گوتم: من رازی نیم. گوتی:سەرۆک ئێوەی پێشنیارکردووە. گوتم: بەڵام من لەگەڵ ئەو لیژنەیە رێکناکەوم و رازی نیم.
لەو کاتیدا سەرۆک بەکرد و سەدام حوسین و ساڵح مەهدی عەماش و حەردان تکریتی و هەندێکی دی هاتنە ژووری سوعدون غێدانی. لە کۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتی بووندوای بەخێرهێنانم سەرۆک بەکر لەتەنیستم دانیشت. سەعدون غێدان پێیگوت کە رازی نیمە ببمە ئەندامی لیژنەی باڵای کاروبارەکانی باکوور. بەکر گوتی: بۆ؟ گوتم: سەرۆکی بەڕێز، لە چارەسەری کێشەی کورددا، ئاراستە و بۆچوونی ئێمە لەگەل بۆجوون و ئاراستەی ئێوە جودایە، بوونیسم لە لیژنەیەکی ئاوادا وادەکا ببمە کەسێکی ڕێ لە ڕێوشوێنەکانی بگرێ، کەواتە بوونم چ سوودێکی هەیە؟
پێدەچووسەرکردایەتی لەو ئاستەنگە داراییانەی کۆڵبێتەوە کە سایەی بەردەوامیی شەڕی کوردستان توشی حکوومەت ببوو. سەرۆک بەکرد گوتی: بارزانی دەیەوێ جیابێتەوە. گوتم من سەرم لەوەی سوڕماوە بارزانی بۆ جیابوونەوە لەخۆی دەتەکێنێ، ئەرێ جیابوونەوە شەرمەزاری و تاوانە؟ مافێکی ڕەوای گەلانە.ئەدی عارەب لە دەوڵەتی

عاسمانلی جودانەبوونەوە لەدژیشی هاوکاریی بەریتانیایان کرد؟ ئەگەر گەلێک هەستیکرد بوونە نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەکەی تووشی مەترسی دەبێ. ئەوە گێلییە ئەگەر پەنا بۆ لە فەلاکەت دەرباکردن نەبا و جیانەبێتەوە. ئاخر دوایە ونجڕونجڕ دەبێ و وێران دەبی و خوێنی لەبەر دەڕوا، ئەوجا پێیدەڵێن بەرانبەر ئەو یەکێتییە ســـــوومە کڕنۆش ببا! کێ هۆی دابڕانە، کوردەکـان یـان حکوومەتە حـارەبییە یەک لە دوای یەکەکـان؟ ئەگەر ئازادمان بکەن، پێتان دەڵێین "خوا خێرتان بنووسێ و خواتان لەگەڵ و، جیادەبینەوە"
سەرۆک تووڕەبوو و گوتی: دەتانەوێ جیاببنەوە " یەخەمان بەردەن وجیابنەوە". بە هێمنی گوتم: ئێمە یەخەی ئێوەمـان گرتووە یـان ئێوە؟ ئێوە یەخەمـان بەردەن و جیـادەبینەوە"، ئێمەشئیسراحەت دەکەین و ئێوەش. لێرەدا هەمووان پێکەنین و، سەرۆک ئاوازەی قسانی گۆڕی و گوتی: واژووت لەسـەر پەڕەیەی سپی بۆ دەکەم و بۆ بارزانیی ببە، با پریکاتەوە و من ڕازیم. گوتم: مانای وایە ئێوە بە هیچ شـــتێک ڕازی نین، داوایەکانی بارزانی دیارن، داویەتییە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکان، داوای ئەو لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدایە، جا ئەگەر بەوەی ڕازیبن گفتوگۆ لەســەر ئەو بنچینەیەی دەســتپێدەکا و، منیش ئامادەم بچمە لای بارزانی و هانیدەم لەسەر ئەو بنەمایە لەگەڵ حکوومەتەکەتان دەست بە گفتوگۆ بکا.
ســـەرۆک گوتی: دەتوانی پرۆژەیەکی ئۆتۆنۆمیمان بۆ گەلاڵە بکەی تا لێیبکۆڵینەوە؟ گوتم: بەڵێ.
جا لە مەودای دوو ڕۆژان نووســـراوێکم ئەنجوومەنی ســــەرکردایەتیی شـــۆڕش و تێیدا بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی و نـاوەرۆکی و پەیوەندیی نێوان نـاوچەی ئۆتۆنۆمی و حکوومەتی ناوەندم ڕوونکردبووەوە و، بۆ ســــەرۆکم برد. ڕۆژی دواترێ بانگی کۆشـــکی کۆماریی کردم و داوای لێکرم پرۆژە یاسـای ئۆتۆنۆمی بخەمەڕوو تا لێکۆڵینەوەی لەســەر بکرێ و منیش وامکرد و دواترێ بووە بنەمایەک بۆ گفتوگۆی نێوان حکوومەت و ســـەرکردایەتیی کورد.

حیزبی شیوعی پیلانی "ڕاوی" ئاشکرا دەکا:

ئێوارەی ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠، یەک لە هاوڕێیانی مەکتەبی سیاسی داوای لێکردم نامەیەکی گرنگ و بەپەلە یەکســـەر بۆ ئەحمەد حەســـەن بەکری ســـەرۆکی کۆمار ببەم. نامەکەش کراوەبوو وهەواڵی ئەوەی تێدابو پیلانێکی کۆنەپەرســـتانە لەســـەر رووداوە تا حکوومەت بڕووخێنێ و تۆڵە لە بەعســـییەکان و شـــیوعییەکان بکاتەوە، ســـەعاتیســـفری جێبەجێکردنیشـــی ڕۆژی ١٧ی کـانوونی دووەمی ١٩٧٠یە و، چەرخەی بزوێنەری پیلانەکەش ئەحمەد عەبدوڵلی ڕائیدی خانەنشینە.

چوومە ســـەرکردایەتیی قوتریی حیزبی بەعس، دیتم هەریەک لە عەبدولخالق ســامەرایی و عەبدوڵلا ســـەلوم لەوێندەرێنە. داوام لیکردن پەیوەندی بە کۆشـکی کۆمارییەوە بکەن و بە ســـەرۆک بڵێن هەر ئێســـتا دەبێ بیبینم.کە پەیوەندییان بە کۆشـکی کۆمارییەوە کرد، گوترا ســـەرۆک لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ســـەرکردایەتیی شـــۆڕشـــە و، چەند دەمەترێک لە بنکەی ســـەرکردایەتیی قوتری دوورە. ئیدی داوام کرد یەکســـەر ســـەرۆک ببینم و لەبەر بابەتێکی مەترســـیداریش. بردمیانە حوورێکی کۆشـــک تا داواکارییەکەم بە ســـەرۆک دەگەیەنن.

ســـەرۆک بەکر بە ســـەرسـامییەوە هاتە ژوورەکە، ئیدی نامەکەم دایە و خوێندییەوە بەڵام هیچ نیشـــانەیەکی نیگەرانیم بەڕوویەوە نەدیت. گوتم: هاوڕێ ئەبو هەیســـەم خۆتـان توندکەنەوە، سەری سوڕما، گوتی: چی؟ شتێکی مەترسیدار لەئارادایە؟ دڵنیابووم نامەکەی بەوردی نەخوێندەوە، بەڵکو چاوەڕێ بوو من هەواڵە دروســـتەکەی لەدەســـتی بنێم. گوتم: ئەدی نـامەکەت نەخوێندەوە؟. دیســـــان خوێندییەوە، ئەوجا ڕەنگوڕواڵای گوڕا. گوتم: ســبەینێ ســـەعاتی سـفرە. ســوپاســی کردم و ســوپاســی حیزبی ســیوعیی کرد بۆ ئەو دڵســـۆزییەی بەرانبەر گەل و نیشـــتمان و، گوتی: مادام ئێمە ئەو دووحیزبە هاوکاریی یەکدی دەکەین، کەس ناتوانێ دەست لە شۆڕش بوەشێنێ.

لە پیلانەکەی عەبدولوەهاب شەوافیرا کە دژی حکوومەتەکەی عەبدولکەریم قاسیکردبووی، نۆ کەس ە بەندیخانەی موســـڵ بوون فەرمانی لەســـێدارەدانیان درابوو، بەهەلم زانی تا داوای لێبووردنیان بۆ بکەم. گوتم ئەوانەی فەرمانی لەســـێدارەدانیان دراوە تاکەی لەژێر بەزەیی چەقۆی قەسابیدابن؟ گوتی لە خوای بترازێ کەسی دی ناتوانێ ڕۆحیان بکێشێ.

گوتم:من دەزانم ئێوە لە ســـێدارەیان نادەن، بەڵام دەبنە قوربانیی پیلانێکی ئاوەها. گوتی: دڵنیابە، بە زووانە دەگەڕێنەوە ناو خاووخێزانیان. گوتم: ســـوپاســـتان دەکەم، بەڵام تکام وایە لە موســـڵیان بگوازنەوە و لێبووردنێکی گشـــتییان بۆ دەربکەن. گوتی: ســـبەی

دەگوازرێنەوە و دوای ڕامـاڵینی ئەوپیلانەش لێبووردنیـان بۆ دەردەچێ. جـا دوای چەنـد ڕۆژێک لێبووردنیان بۆ دەرچوو و بەردران.

من گومانم لەوەی نییە کە هەواڵگریی عێراقی، دوای ئەوەی هەواڵی پیلانەکەی گەیشــتێ، کەســـانی خۆی گەیاندە ناو پیلانگێڕان. ئەو دەمای گۆڤاری ئەنواری بەیرووتی، دوای پیلانەکە، دۆسییەیەکی تایبەتی سەبارەت بە وردەکاریی پیلانەکە و ئەو بەڵگانە بلاوکردەوە کە کەوتبوونە دەسـت دەسـتەی لێکۆڵینەوە. من پێموایە زۆربەی بەڵگەکان هەر لە شـەوی دەستپێکردنی پیلانەکە دەستی بەسەردا گیرابوو.

پیلانەکەی ڕاوی وەک سەدام گێڕایەوە:

سەدامی ئەودەمی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بوو، دەڵێ: ئامانجی سەرەکیی پیلانەکە ئەوەبوو عێراق ببەنەوە کاتی پێششۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، ئەوجارەیان ڕوخساری نوێی بەکرێگیراوی نوێ خرابوونە سەر ئەو پیلانە کۆنەپەرستییە، لەوانەش عەبدولغەنی ڕاوی وکۆمەڵێ ئەفسەری دوا ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ خانەنشین کرابوون و ئەوجارەیان شێلگیرانەتر هەوڵی هەندێ ولاتی بێگانە وەگەڕخرابوون و، دڕندانەتر و توندوتیژتریش پشتیوانیی پیلانەکەیان دەکرد، توانای نوی خرابووە بەردەستی پیلانگێڕان. حکوومەتی ئێرانیش وەک بنکەیەکی هەواڵەکردن و بەرەی پێشەوە بەکارهێنرابوو تا بە جیددیەتێکی پترەوە مامەلە لەگەل ڕێچکەکانی کارەکە بکەن. ئەو کارەش هەر بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستەکانی ئیمپریالیزم و ئیستیعمار بوو کە چەندین ساڵ بوو لە بەدیهێنانیان دەستەپاچەبوو، ئیدی ئەو دەستەپاچەییە وای لە ئیمپریالیزم و ئیستیعمار کردبوودڕندانەر و دەستکراوەتر پشتی پیلانگێڕان بگرێ، چونکە درکی بەوەی کردبوو عێراق و بنکە شۆڕشگێڕییەکەی ئەو مەترسییەن کە هەڕیسي لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و مۆنۆپۆلەکان و پرۆژەکانی ئیستیعمار دەگرێ.

دەزگای جێبەجێکاری پیلانەکەهاوپەیمانیی ئەنگلۆ- ئەمریکی و ئەو کۆنەپەرستانە بون کە ویژدانی خۆیان فرۆشتبووە بێگانە و، ئەوەش هەر بۆ یەک ئامانج بوو و ئەویس ڕووخاندنی ڕژێمی دەسەلاتی شۆڕشگێڕی عێراق بوو.

ئەوجا سەدام حوسێن دەڵێ: بەپێی ئەو بۆچوونە، دەبێ پیلانگێڕان بە دڵنیاییەوە شکستی هەموو هەوڵێکی چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کوردیان خستبێتە حیساباتی خۆیانەوە، تا عێراق بەدرێژایی چەندین ساڵ هەر لە پارچەپارچەبوونێکی ناوخۆی ناوچەی باکووردا بێ.

کەسە سەرەکییەکانی پیلانەکە هەریەک لە عەبدولغەنی راوی و سەلمان داودی عەقیدی خانەنشین و عەبدولسەلام دەرگەزلی و عەمیدی روکن محەممەد ڕەشید موحسن جەنابی و عەقیدی روکنی خانەنشین سالح مەهدی سامەرایی و عەمیدی خانەنشین محەممەد فەرەج جاسم وعەقید جابر حەسەن حەداد و و عەبدولغەنی شندالەی ئەندازیار و دکتۆر نیزامەدین عارف و عەقید کەماڵ وراوی و ڕائید ئەحمەد عەبدوڵلا بوون.

هەر لەسەر هەمان ڕێچکەشدا، حیزبی شیوعیی عێراقی ئەو هەوڵەی بردەوە سەر دەستپێکردنی دانوستانی نێوان حکومەت و سەرکردە کوردەکان و ترسی دەزگا خۆرئاواییەکان نەکا دانوستانەکان بگاتە کۆتاییهاتنی ململانێی چەکداری لە کوردستان. ئیدی هێزەکانی سوپای عێراقی دەگوازرێنەوە تا بەرەی خۆرهەلاتی دژی ئیسرائیل بەهێز

بکەن" . حیزبی شـــیوعییش ڕێوشـــوێنەکانی حکوومەتی بەوەی پتەوکرد کە "پیلانەکەی بۆ جەماوەرڕاپگەیاند و ئاشـــکرایشـــی کرد کە پەیوەندیی بە ئیســـتیعمار و زایۆنیزم و کۆنەپەرستانی ئێرانەوە هەیە" و حیزبی شیوعی لەسەر ئەوەی راوەستا کە پێویستە بەرە دروســـتبکرێ و ، چارەســـەرێک بۆ کێشـــەی کورد بدۆزریتەوە و لێبووردنێکی گشـــتی رابگەیەندرێ و، هەموو ئەفسەرەکانیش بگەڕێندرێنەوە خزمەتی سوپا.[52]

---

[52] ـ م ا ع، ملفات الحزب الشیوعی العراقي، رقم الملف ١٤٣٣، منشورات وبیانات، لاحزب الشیوعي العراقي،ناضلی یا جماهیر شعبنا من اجل قطع دابر التامر الرجعي الاستعماري، منشور بخط الید، بغداد، ٢ کانون الثاني ١٩٧٠.

یەڤگینی بریماکۆڤی نێردراوی سیڤیەتی و بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠:

کە دانوستانی نێوان حکوومەتی بەعس و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی دەگەڕا، من پشکنەری گشتی بووم لە وەزارەتی چاکسازیی کشتوکاڵی و، ڕاوێژکاری وەزیریش بووم. ڕۆژێکیان یەڤگینی بریماکۆڤ هاتەلام"دواتریش بووە وەزیری دەرەوەی ڕووسیا" لەگەڵ تەرجومانێک هاتبوو کە ژنی دکتۆر سەلاح خالس بوو ناوی دکتۆر سوعاد محەممەد خزر بوو. بریماکۆڤ پێیگوتم دانوستانیی نێوان حکوومەت و شاندی کوردی گەیستووەتە قۆناغێکی سەخت و، شاندی کوردی ئێستا خۆیان دەپێچنەوە بچنەوە کوردستان، جا پرسیاری ئەوەی لێکردم داخوا دەتوانم شاندی کوردی ڕازیکەم بمێننەوە یان هەندێکیان بمێننەوە تا دانوستانەکان بەردەوام بن؟ چونکە ئەگەر دانوستانەکان بپچڕێن ئەستە جارێکی دی هەردوولا کۆبکرێنەوە.
بریماکۆڤ، لە بەغدا، وەک پەیامنێری ئاژانسی نۆڤۆستیی دەنگوباسی سۆڤیەتی بەدوای ڕێوانی دانوستانەکانی نێوان حکوومەت و کوردەکاندا دەچوو. بەڵام لە ڕاستیدا سەرکردایەتیی سۆڤیەتی ڕایسپاردبوو بەدواداچوون بۆ کێشەی کورد بکا، چونکە سۆڤیەتییەکان لایەنگری ئەوەی بوون کێشەکە بەئاشتی چارەسەر بکرێ.
ڕاستیەکەی، جوومە ناوجەی "کۆشکی سپی"ی شاندە کوردییەکە لەوی دابەزیبون، دیتم هەر بەڕاستی جانتایان دەپێچنەوە تا بگەڕێنەوە و، سەرۆکی شاندەکەش ئیدریسی کوڕی مەلا مستەفا بارزانی بوو. لەڕێی هەندێ گفتوگۆی بابەتیانە بارزانی ڕازیکەم ژمارەیەک ئەندامی شاندەکە بۆ دانوستانی هەندێ بابەتی لەسەری هاوڕا نەبوون بمێننەوە و ئەوانیدی بۆ پرسورای بەڕێز مستەفا بارزانی بچنەوە کوردستان. بریماکۆڤ زۆری دڵ بەو ئەنجامەی خۆشبوو و، دانوستانەکانیس هەر بەڕاستی بەردەوام بوون و ئەندامەکانی دیکە شاندەکەش لەگەڵێشیان هەردوو کوڕی بارزانی، ئیدریس و مەسعود، هاتنەوە و هەردوولا توانییان بگەنە ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و، بەو ڕێککەوتنەش پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێنج وەزیر لە حکوومەتدا بەشدار بوو و ئەوانیش بەڕێزان سامی عەبدولڕەحمان و نوری ساوەیس و نافیز جەلال و ساڵح یوسفی و موحسین دزایی بوون، هەرچی پەیوەندیی نێوان بەعس و حیزبی سیوعی بوو خاڵی جیاوازیان لەسە کۆمەڵێ بابەت لەنێواندا بوو، لەوانەش هەڵوێستی سیاسی و چارەسەری کێشەی فەلەستین و، مەسەلەی بەرەی نیشتمانی و ئازادییە دیموکراتیەکان.

سیاسەتی بەعس دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠:

که ڕێککەوتنی نێوان بەعس و بزووتنەوەی کوردی تەواوبوو، بەعس لە ڕۆژنامەی"الثورة"ی زمانحاڵی خۆی ڕایگەیاند، حیزبی بەعس پابەندی ئەوەی نییە بەرە لەگەڵ حیزبی سیوعی دروست بکا و، ئیدی باس هەر باسی هەردوو حیزبی هاوپەیمان بوو؛ بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەڵام بەعس خۆی بۆ ئەوە ئامادەدەکرد لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت دەست بە دانوستان بکا و هەمان ئەو داواکارییانەیشی هەبێ کە عەبدولکەریم قاسم داوای کردن و دوای ئەویش عەبدولسەلام عارف و پاشانیش عەبدولڕەحمانی برای. کۆمپانیاکانی نەوت لە هەوڵی ئەوەیدابوون ئەو ئاستەنگە داراییانە بقۆزنەوە و وەبەریبێنن کە تووشی حکوومەت ببوو، هەتا ناچاری بکا لەبەرانبەر زیادکردنێکی سنوورداری بەرهەمی وایدەکرد حکوومەت سەروسامانێکی پتری دەستکەوێ تا ئەو دۆخە داراییە قورسەی ئێستای تێپەڕێنێ، وا لە حکوومەت بکا دەستبەرداری داوایەکانی ببێ.

ئەو هەلانەی عەبدولکەریم قاسم کردی و پێش ئەویش دکتۆر موسەدەق لەئیران کردی، ئەودەمەی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت کەوتنە ملە، هوکاریی هێزە شۆڕشگێڕەکانی ولاتیان نەکرد"حیزبی شیوعیی عێراقی و ، حیزبی تودەی ئێران"ژەنەراڵە کۆنەپەرستەکانی هەردوو ولاتیان هێشتەوە، ئیدی خۆیشیان بە کودەتایەکی لە دژیان کرا و بە پاڵپشتی و ڕەزامەندیی کۆمپانیانەوتییەکان، کۆتاییان هات. هەرچی حکوومەتی بەعسی عێراقە، کە دڵنیابوو دانوستانەکان لەگەل کۆمپانیایەکانی نەوت گەیشتووەتە ڕێیەکی ئەوسەری دەرناچێ و خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکانی نەوت تاکە بژاردەی بەردەمیەتی، ئەو جا لە هاوپەیمانیی پارتی دیموکراتیی کوردستان دەترسا و، هەڵوێستی بارزانیی لە ململانێی کۆمپانیاکانی نەوت بۆ روون نەبوو. حیزبی سیوعی، سەرباری ئەوەی هێزیکی گەورەی جەماوەری بوو، دوژمنی جێگیری ئیستیعمار و مۆنۆپۆلەکانی نەوتیش بوو، جا دەبوایە بەعس سوودی لە هەڵەکانی قاسم و موسەدەق وەربگرتایە و ئەفسەرە کۆنەپەرستەکانیان لە سوپا و حکوومەت دووربخستایەوە. ئیدی بە دوورخستنەوەی نایفی سەرۆکوەزیران و ئیبراهیم عەبدولڕەحمان داودی وەزیری بەرگری دەستیپێکرد و، هاوپەیمانیی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکان کرد کە خۆی لە حیزبی شیوعیی عێراقیدا دەنواند، ئەگەرچی هێشتاش بەئامانجی قەوارەبەندکردنی و لاوازکردنی هێشتا شیوعییەکانی دەچەوساندەوە، کەچی داوای هاوپەیمانیی سێ لایەنەی نێوان حیزبی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی عێراقیی کرد و ڕاستییەکەیشی، دانوستانی پێکهێنانی ئەو بەرەیە سەرەتا لەنێوان ئەو سێ حیزبە و سەرباریش چەند سەربەخۆیەکی وەک عەزیز شەریف و عەبدوللەتیف شەواف و هیشام شاوی بەڕێوەچوو.

حیزبی بەعس فشـــاری دەخســـتە ســـەر ســـەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی تا هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ حکوومەتی ســـــای ئێران ببڕێ، لەکاتێکدا ســـــەرکردایەتیی ناوبراو پێیوابوو حیزبی بەعس دەیەوێ لە هەموو لایەنێکی پشـتیوانی دابیماڵێ و دابیبڕێ و ئەوجا دەستی لێ بوەشێنێ. لە دانیشتنێکی جوارقۆڵیی تێیدا ئامادەبووم، عەبدولخالیق سامەڕایی نوێنەری بەعس پێشـــنیاری بۆ پارتی دیموکراتی کوردســـتان کرد هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی شـــا بپچڕێنێ. کڵێشـــەیەکی بنەبڕیشـــی لەو بارەیەوە خســـتەڕوو، بەلام نوێنەری پارتی دیموکرات ئەو کڵێشـــەیەی ڕەتکردەوە، ئەوجا حیزبی شـیوعی کڵێشـــەیەکی هەموارکراوی خســـــتەڕوو کە پارتی دیموکراتی کوردســـــتان ئەوکاتە پەیوەندییەکانی بە ئێرانەوە بپچڕێنێ کە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ جێبەجێکرا، نوێنەری حیزبی بەعس بەو کڵێشیە ڕازیبوو، بەلام نوێنەری بارزانیی سامی عەبدولڕەحمان بوو، لە کۆبوونەوەکە ڕایگەیـاند ئەگەر حیزبی بەعس لەســـــەر ئەو ڕێچکەیەی ئێســـــتای بەردەوام بێ، ئەوا ســـەرکردایەتیی کورد پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی ئێران دەمێنێ، جا ئەو هەڵوێســـتە بنەبڕە وایکرد دانوســـــتانەکانی پێکهێنانی بەرەی نیســـــتمانی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بپچڕێ.

بەڕێوەبەری ئاسایش هەوڵی کودەتا دەدا:

سەرۆک بەکر لە سەردانی پۆلۆنیا و بولگارستان بوو، بە وەزیرەکان ڕاگەیەندرا لە ساتی گەڕانەوەی لە فڕۆکەخانە ئامادەبن بۆ پێشوازیی لە ۳۰ی حوزەیرانی ۱۹۷۳. دوای جاوەروانییەکی درێژپێیانگوتین سەرۆک سەعات و نیوێک دوادەکەوێ، جا ئەوەی ئارەزوو دەکا بچێتەوە ماڵ دەتوانێ بچێ، بەلام ژمارەیەک وەزیر و ئەندامانی سەرکردایەتیی قوتریی حیزبی بەعس، لەبەر دووریی ماڵەکانیان لە فڕۆکەخانە مانەوە.

من و عامر عەبدوڵلا و عیزەت مستەفا و عەبدولخالق سامەڕایی و محەممەد فازڵ لە ئەلقەیەک دانیستبووین، هەریەک لە عامر عەبدوڵلا و عیزەت مستەفا دەربارەی خەلکی "عانە" قسەیان دەکرد، بەلام هەریەک لە عەبدولخالق سامەڕایی و محەممەد فازڵ گرژییەکیان بە ڕووانەوە دیاربوو، دوای ماوەیەک چوونەدەرەوە و لە گۆڕەپانی فڕۆکەخانە پیاسەیان دەکرد و قسەیان دەکرد، ئێمە، ئەودەمی هەستمان بە هیچ نەکرد. بەلام دوایە دۆخەکەمان هێنایەوە بەرچاو.

پێش وادەی دیاریکراو کۆمەڵە گەنجێکی زۆر هاتنە فڕۆکەخانە و پاس هێنابوونی و کراس و شەرواڵیان لەبەردابوو دەمانچەکانیان لەبن شەرواڵەکانیان شاردبووەوە. لە گۆڕەپان و سەربانەکان بلاوبوونەوە و ئەوانەی پاسەوانیی فڕۆکەخانەیان دەکرد بردرانە دەرەوە. دوای ماوەیەک سەدام حوسێنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش پەیدابوو و ، بێ ئەوەی بە هۆڵی پێشوازیدا تێپەڕێ و سلاو لە وەزیرەکان بکا، چووە هۆڵی تایبەت. ئامادەنەبوونی حەماد سیهابی وەزیری بەرگری و سەعدون غێدانی وەزیری ناوخۆ لەکاتی لەعێراق نەبوونی سەرۆک، لەبەر هۆکاری ئاسایشی، شتێکی ئاسایی بوو.

هۆی دواکەوتنی سەرۆک بەکرد ئەوەبوو فڕۆکەکەی لە فڕۆکەخانەی "ڤارنا"ی بولگاریا نیشتبووەوە و، چیکۆڤی سەرۆکی بولگاریاس بەوەی دەزانی، ئیدی هاتبووە "ڤارنا" و، تا فڕۆکەکەی پڕ بەنزین دەکرێ، بۆ خوانی نیوەڕۆ میوانداریی سەرۆک بەکری کردبوو.

کە سەرۆک بەکر گەیستەجێ بەپێی پرۆتۆکۆلی باو پێشوازییەکی فەرمیی لێکرا و، لای پلیکانەی فڕۆکەکە سەدام حوسین پێشوازیی لێکرد، ئەوجا هات و تەوقەی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی سۆڕش و وەزیرەکان و ئەندامانی سەرکردایەتیی قوتریی حیزبی بەعس کرد بێ ئەوەی هیچ شتێک ڕووبدا و، کەژاوە فەرمییەکەیش بە ئاسایی ڕۆیی و ئۆتۆمۆبیلەکەی سەرۆک و سەدام حوسێنیشی لەگەلدابوو. ئۆتۆمۆبیلێک لە پێش ئۆتۆمۆبیلەکەی سەرۆک دەرکەوت دواترێ دەرچوو چوار مووشەکی لە گلۆپەکانی دواوی هەلگرتبوو تا ئەگەر غافلکوژیی سەرۆک و جێگرەکەی سەرکەوتوو نەبوو، لە چوارڕیانی شەمەندەفەری بەغدا-بەسرا بە ئۆتۆمۆبیلەکەی سەرۆکیدا بتەقێنێتەوە. بەلام ئۆتۆمۆبیلەکە

پێش ئەوەی بگاتە ئەو چوارڕیانە، ئۆتۆمۆبیلەکەی سەرۆکی جێگرەکەیسی لەگەڵدابوولایدا و چووە کۆلانێکی خۆڵی دەچووەوە ســـەر کۆسـکی کۆماری و کەژاوەکەی پێشـــوازی بەردەوام بوو و لە نزیک گۆڕەپانی مووزەخانە بڵاوەی کرد.
کە بۆ پیرۆزبایی دەربازبوون لەو هەوڵەی غافڵکوژی چووینە دیداری، ســـەدام حوســـێن گوتی: من لە هەڵوێســـتی ئاوا وەک خۆپارێزییەک لەگەڵ ســـەرۆک ســـوارنابم، بەلام ســـووربونی ســـەرۆک وایکردســـەرکەومە ناو ئۆتۆمۆبیلەکە، وەک خۆپارێزیی هەر نکاوییەکیش بە شـــوفێرەکەم گوت پێچ بکاتەوە و بچێتە ئەو کۆلانەی دەچووەوە ســـەر کۆشکی کۆماری.
پلانەکە ئەوەبووە کە پێش گەیشتنەجێی سەرۆک کەسایەتییە گرنگەکان بگیرێن. هەریەک لە حەماد شـیهابی وەزیری بەرگری و سـەعدون غێدانی وەزیری ناوخۆ و مزهر ئیبراهیم ئەلحەسـەنی سـکرتێری سـەرۆک، بە هەنجەتی پێشـاندانی هەندێ دامەزراوەی خێزانیی لە ناوچەی فەزیلییە بۆ بەرگریی فەلەســـتینی ئامادەکرابوون، پەلکێش کرابوون و لەوێ لە حەسارگەیەکی نهێنیی ژێر زەوی دەستگیر دەکرێن.
سـەری ڕێکخەر و جێبەجێکاری پیلانەکە نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسـایشـی گشـتی بوو. بڕیار وابوو عەبدولخالق ســـامەرایی ببێتە ســـەرۆککۆمار و، نازم گزار لە تەلەفزیۆنەوە چاودێریی جێبەجێکردنی پلانەکەی دەکرد، کە ڕێوڕەسـمی پێشـوازییەکەی بلاو دەکردەوە، کە بە شـکسـتی پلانەکەی زانی بارمتەکانی لەگەڵ خۆی برد و برووسـکەیەکی ئاڕاسـتەی ســـەرۆک بەکر کرد کۆمەڵێک داواکاریی تێدابوو؛ لەوانەش دەســـتپێکردنەوەی شـــەڕ دژی سـەرکردایەتیی کورد. لەگەڵ گەیشتنی برووسکەکە و ئاشکرابوونی پلانی پیلانەکە، چەند یەکەیەکی هێزی تـایبەتی بە هەلیکۆپتەر بردران دوای ئەو ئۆتۆمۆبیلانە کەوتن کە نـازم گزاردارودەستەکەی تیدابوو و بارمتەکانیشیانلەگەڵ خۆ بردبوو و بەرەو سنووری ئێران دەچوون کە لە ئۆردووگایەکدا نزیکەی "١٧٠٠" کەســـی ڕاهێنراوی کورد و عارەبی تێدابوو و بۆ ئەوە ڕاهێنرابوون تـا کـاری تێکدەرانە لە ئێران بکەن.بەلام پێش ئەوەی بگەنە ئەو ســـەربازگەیەهێزە تایبەتەکانی لە کۆپتەرەکان دابەزیبوون گەیشـــتنە ســـەریان. فەریق ســـەعدون غێدان، کە لە نەخۆشـــخانە جوومە ســـەردانی، پێیگوتم: من و فەریق حەماد سـیهاب چاومان بەسـترابووەوەلە کوسـنی پشـتەوەی ئەو ئۆتۆمۆبیلە بووین نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی تیدابوو، ئەو لە کورسیی پێشەوە دانیشتبوو، کە گوێمان لە دەنگی سەربازانی یەکە تایبەتییەکان بوو لە کۆپتەرەکان دەهاتنەخوارێ، بە حەماد شیهابم گوت"برادەران گەیسـتن"، جا نازم گزار ئاوڕێکی لێداینەوە و گوتی: "پێش ئەوەی بمکوژن، دەتانکوژم" ئیدی بە دەمانجەکەی چەند فیســـەکێکی پێوەناین و بریندا‌ربووین. بە حەماد

شیهابم گوت : "خۆت بکە مردوو نەکا فیشەکی دیمان پێوەنێ". بەڵام هەستمکرد حەماد لە ئاوزینگان بوو و سەری بەسەر سانمدا لاربووەوە. هەرکە هێزە تایبەتەکان و کۆپتەرەکان گەیشتن نازم گزار هاتەخوارەوە و ویستی رابکا، بەڵام سەربازەکانی گەیشتنێ و لە عاردییان دا. لێرە گویم لیبوو دەیگوت: "من بەتەنیا ئەو کارەم کردووە و عەبدولخالق پەیوەندیی پێوە نییە" و، جا ئەوانیدیش گیران و بارمتەکان ئازاد کران، مزهر ئیبراهیم ئەلحەسەنی سکرتێر و زاوای سەرۆککۆماریشمان لەگەڵدابوو و، بریندارەکانیان گواستەوە نەخۆشخانەی و گیراوەکانیشیان بردە بەندیخانەیەکی تایبەت.
لەسەرئەوە دادگایەکی تایبەت بە سەرۆکایەتیی عیزەت ئیبراهیم دووری بۆ دادگاییکردنی نازم گزار و داروودەستەکەی دامەزرا، عەبدولخالق سامەڕایی و محەممەد فازڵیشیان لەناودابوو، فەرمانی لەسیدارەدانیان درا، بەڵام عەبدولخالق، بە تکایەکی میشێل حەفلەقی دامەزرێنەری حیزبی بەعس کردبووی، لە مردن ڕزگاری بوو و سازی لەسێدارەدانەکەی کرایە بەندیی هەتاهەتایی و، خرایە بەندیخانەی هەواڵگریی گشتی و، عەبدولخالق گوتبووی گوایە هیچ ئاگای لەو پیلانە نییە و تەنیا محەممەد فازڵ لە فرۆکەخانە سووسەیەکی بۆ کردبوو، عەبدولخالق لەسەر زۆر بابەتان لەگەڵ سەرکردایەتیی بەکر و سەدامی ڕێک نەبوو، لەوانەش مەسەلەی یەکێتی لەگەڵ سوریا.
لەناو پێکهاتەی وەزاری ناوی من و عامر عەبدوڵلاش لەگەڵدابوو، بەڵام لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئێمە نەکرد، چونکە پیلانگێڕەکان دووپاتیانکردەوە ئێمە ئاگامان لەو کارە نییە و ئەوان ناوی ئێمەیان لەو پێکهاتەیە دانابوو گوایە لەگەڵ سەرکەوتنی پیلانەکەدا پێکیاندەهێنا.
پێش چەند ڕۆژێک هەریەک لە فایەق هۆشیار و جەماڵ بابان سەردانیان کردبووم و گوتیان نەجیب بابانی پارێزەر، کە لە نووسینگەی نوری ساوەیسی وەزیری بەکارخستن و نیشتەجیکردن دەچێتە دەرێ، ئاسایشی گشتی دەستبەسەری دەکەن، جا بۆ بەردانی داوای نێوانگیریی منیان کرد. پەیوەندیم بە نازم گزاری بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتییەوە باس نەبوو. بە تەلەفۆن پەیوەندیم بە مزهر ئیبراهیم ئەلحەسەنی سکرتێری سەرۆککۆمارەوە کرد وداوام لێکرد ستیک بۆ بەردانی نەجیب بابان بکا، جا مزهر کە پاش شکستی پیلانەکە دیتم، پێیگوتم، بۆ جێبەجێکردنی داوایەکەتانبە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ نازم گزار کرد وادەیەک بۆ دیدەنی دانێ، جونکە بەرپرسی حیزبیم بوو و، وەک ڕێزێک لەو پەیوەندییە، نەمویست وەک فەرمانێک داوای لێ بکەم، بەڵکو تەنیا تکایەک بێ. نازم گزار گوتی سبەینێ سەعات دە لە نزیک نەخۆشخانەی سەلام یەکدی دەبینین و کەسیس لەگەڵ خۆت مەهێنە چونکە بە ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆم دەچینە ناوجەی فەزیلییە تا هەندێ دامەزراوەی نهێنی ببینین کە لەوێ لە ژێر زەوی بۆ بۆ بەرگریی فەلەستینیمان

دروســـتكردووه. له وادەی دیـاریکراو به ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆم چووم و یـاوەرەکەمم لەگەڵدابوو و لەنزیک نەخۆشـــخانەی ســـەلام بووین. نازم گزار هات و داوای لێکردم ئۆتۆمۆبیلەکەم بنێرمەوە و له ئۆتۆمۆبیلەکەی ئەوا ســـەرکەوم. ئەوجا رووماں له فەزیلییه کرد، لەوێ لەناو بینایەکی ئاســـایی که به پلیکانەکاندا چووینەخوارێ بۆ ئەو دەزگایەی گوایه دروستکراوه، دووکەس هێرشیان کرده سەرم و له زەوییاندام و دەست و چاویان بەســـتامەوە ومنیش هاوارم دەکرد و جنێوم دەدا، له ژووریکەوه گوێم له دەنگی حەماد شیهاب بوو دەیگوت:" تۆیســیان هێنا؟" خســتمیانه ژوورێکی بچووک و دەرگایان لەســەر داخســـتم. ئەوجا ئەوەی روویدا ڕوویدا و دوای ئاشـــکرابوونی پیلانەکه ئەوانییان وەک بارمته برد و مزهر ئیبراهیم له ئۆتۆمۆبیلێکی دیکەدا بوو و هیچ ئازارێکی پێ نەگەیشتبوو.

ڕەتکردنەوەی جەژنانەی سەرۆک بەکر:

دوای ئەوەی حیزبی سیوعی له ١٩٧٢ به دوو وەزیر بەشداریی حکوومەتی بەعسی کرد، بژاردەکه کەوته ســـەر هەریەک له عامرعەبدوڵلای وەزیری دەوڵەت و "من"ی وەزیری ئاودێری.

ســەرۆک بەکر پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ مندا هەبوو، ئەو ڕێز و خۆشـەویستیی بۆ من هەبوو، ســەرباری ئەو پەیوەندییه سـیاسـییه باسـەی له نێوانماندا هەبوو، ئەو باسـی ئەو چاکەیەی مامەکانمی دەکرد که له سـەردەمی عوسـمانلییان بەرانبەر مامەکانی کردبوویان، ئەوکاتەی ڕایانکردبوو و پەنایان بۆ هێنابوون، دەیگوت نزیکەی ساڵێک لەسایەی مامەکانم مابوونەوە، بەلام هەندێ رووداوی ناخۆش لەنێوانمان ڕوویاندا و دوایه دۆســـتایەتی گەڕایەوه نێوانمان.

ســەرۆک ڕاهاتبوو بەبۆنەی جەژنه ئیسـلامییەکان هەزار دیناری پێشـکەشـی وەزیرەکان دەکرد تا تا ببێته پاڵپشـــتی مووچەکەیان بۆ خەرجییەکانی جەژن. له یەکەم جەژنی دوای وەرگرتنی پۆســـتی وەزیریئاودێری له ١٩٧٢، زەرفێکی هەنارد و هەزار دیناری تیدابوو، بەڵام من پارەکەم به نووسراوێکی فەرمیی وەزارەتەوە بۆ ناردەوە و تێمدا نووسی:

بەڕێز سەرۆککۆماری قەدرگران

سـلاوێکی بێ گەرد..به سـوپاسـەوه دیارییەکەتانم وەرگرت که بڕی هەزار دینار بوو، بەڵام دەمەوێ بۆ بەڕێزتانی روونکەمەوه من مووچه له دەوڵەت وەردەگرم و ئەو مووجەەیەش بۆ خەرجیی خۆم و خەرجیی خانەوادەکەم بەسـە، دەوڵەت جخمەتگوزارییه ئاسـاییەکانی بۆ دابینکردووم. خەڵکێکی زۆری تەنگدەســـت هەن تەمەنناى هـاریکـاریی دەســـتی بەخشـــندەییتـانن تـا لەو بۆنەیەدا بیـانگـاتێ، ئیـدی ســـوپـاس و ڕیزم بۆ ئێوه لەگەڵ گەراندنەوەی پارەکه.

گومانی تێدا نییە کە زارگۆی نامەکە دۆســـتانە نییە، بەڵام هەســـتمکرد ئەو کارە ناکرێ بێدەنگەی لێ بکرێ و قبووڵ بکرێ.
دوای چەند ڕۆژێک کە لە نووسینگەکەی لە کۆشکی کۆماری دیتم، لێپرسیم بۆ پارەکەم گەڕاندووەتەوە؟ گوتم: سەرۆکی بەڕێز لە نووسراوەکە هۆیەکەم باسکردبوو، من پێویستم پێی نییە و وەرگرتنیشـــی بە مافی خۆم نازانم. گوتی: برادەرەکانت گلەیی لە کەمیی مووچەکانیان دەکەن. گوتم:ڕاســتییەکەی ئەو مووچەیە سـاڵی ١٩٣٧دیاریکراوە، جا ئەگەر وەزیریک بیەوی وەک وەزیری ئەوســـا بژی، ئەوا کەمە، بەڵام من وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی دەژیم، خەرجیی زیادەم نییە، نە داوەت و نە شەوچەرە، ئیدی بەشم دەکا، ئەگەر هەســتدەکەن مووچەی وەزیرەکان کەمە بۆیان زیادکەن، بۆ لە سـوالکردنمان رادێنن؟ بە توندی گوتی: بۆ ئەوە سواڵە؟من وەک باوکتانم. قسەکەیم بڕی و گوتم: من ئەو برە پارەیە بە دەرۆزە دادەنێم ئەگەر لە باوکیشـــمەوە هاتبێ، تکایە لەگەل من دووبارەی مەکەنەوە. گوتی باشـــە چۆنت دەوێ با وابێ. جا ســـەرۆک کە لەو بۆنانە هەزار دینارەکەی بۆ وەزیرەکـان دەنـارد هەنـدێ دیـاریی رەمزیی بۆ من دەنـارد، وەک بۆینبـاخ و بۆن و پۆستکارتی پیرۆزبایی.... لەگەڵ سلاوی ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆککۆمار.

بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی ١٩٧٣:

هەڵوێسـتەکانی حیزبی شـیوعی لە بەرزنەکردنەوەی دروشـمی رووخاندنی دەسـەڵاتی بەعس و هەسـت راگرتن لە بارودۆخی سـاڵی ١٩٦٨، پشـتی بە شـیکارییەکی دروسـتی بارودۆخە نوێیەکەوە هەبوو لەگەڵ نیساندانی ئامادەیی حیزبی بەعس بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵێ داواکاریی جەماوەر؛ لەوانەش هاوکاریکردن لەگەڵ حیزبی سیوعی و، گرتنەبەری سیاسـەتێکی دژە ئیمپریالیزم. سیاسـەتی حیزبیش لەو ماوەیەدا بە ئاشـکرا دیاربوو کە پێکبەسـتنێکی دیالەکتیکیی نێوان هەردوو دروشـمی"تێکۆشـان" و "هاوکاری" بوو لەسـەر بنەمای نەیاری و ڕەخنە لە هەموو نەرێنی و هەڵەیەکی بەرنامەی بەعس و حکوومەتەکەی. جەختی لەوەی کردەوە دژایەتیی شیوعییەت ناکا و حیزبە نیستمانییەکان ناچەوسێنێتەوە و مافی مرۆڤ پێشـێل ناکا و دووری ڕواڵەتە سـۆڤێتییەکان و دەمارگیریی نەتەوەیی و تایەفییە و پشتیوانی لە هەموو هەنگاوێک دەکا لە بەرژەوەندیی گەلدا بێ.

ئەو هەنگاوانەی حیزبی بەعس لەو ماوەیەدا گرتنیەبەر پاسـاو و خۆشـکردنی سیاسـەتی حیزبی شیوعی بوون. هاتە ناو مەترێزی دژە ئیمپریالیزم و بە گریدانی پەیمانی هاوڕێیەتی و هاریکاری لەگەڵ یەکێتیی سـۆڤیەت و دانپێدانانی بە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی و هاریکاریی بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی و ئاسـتیی دنیا و ڕێوشـوێنی چاکسـازیی کۆمەڵایەتیی لە بەرژەوەندیکریکاران و جووتیاران بوو، دەرگای هاوکاریی لەگەڵ وڵاتە سـۆشـیالیسـتەکان کردەوە و، هەموو ئەو شـتانەش دەرگای هاوکاریی نێوان ئەو دووحیزبەیان خستە سەرپشت.

سـەرباری جیاوازیی تێڕوانینیان سـەبارەت بە کۆمەڵێ بابەت، کەچی لەڕێی گفتوگۆی درێژخایەن و سەختەوە گەیشتنە کلێشەی هاوبەشی ئەو بابەتانەی لەسەری جیاوازبوون، بڕیاری خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکانی نەوت و چوونە مەیدانی ئاشکرای ئیمپریالیزم و کارتلە نەوتیەکانیان کاری بۆ نزیککردنەوەی ئەو دوو حیزبە و واژووکردنی پەیمانی کاری نیشـتمانی کرد و بەرەی نێوانیان لە ١٧ی تەممووزی ١٩٧٣ لەدایکبوو، بەتایبەت کە گەورەترین کۆسپی بەردەمی ئەو هاوکارییە بە دەرکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠و بەشدارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێنج وەزیران لە حکوومەت.

سـیاسـەتی حیزبی شـیوعی بێ کۆسـپ و تەگەرە نەبوو، دوو کێشـەی گرنگ بەرانبەر دۆخەی هەبوو هەڵوێسـتی حیزبیان لاوازکردبوو، یەکەمیان بارودۆخی ناوخۆی حیزبی شیوعی و دووەمیان هەلوێستی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد.

حیزبی شـیوعی کێشـەی ڕەوتی چەپرە و ڕاسـتڕەوی هەبوو لەگەڵ ئەو کوتلەکارییانەی حیزبیان کردە چەند بەش. ڕەوتی چەپڕەو کوتلە هەلپەرسـتەکەی عەزیز ئەلحاج بوو کە

بانگەشـــەی بۆ ئەوە دەکرد نابێ هیچ چەند وچوونێک لەگەڵ حکوومەتی بەعس بکرێ و دەبێ، وەک شێوازی هەرەباشی خەباتی سیاسی، پابەندی تێکۆشانی چەکداری بین. ئەو تێڕوانینەی هەمەپەیوەندییەکی لەگەڵ مارکسیزم – لینینیزم دەپچڕاند، کە هەمیشە نکۆڵی لەوەی دەکاپاڵ بە شۆڕشەوە بندرێ،چونکە شۆڕشەکان، بارتەقای پێگەیشتنی توندیی دژبەرییە چینایەتییەکان،ئەوانیش پەرەدەگرن و گەشە دەکەن.
ئێمە لە فەلسەفە و باوەڕی سیاسیمانەوە فێربووین کە هەر بزووتنەوەیەکی میللی چەندین شێوەی بێ ژمار وەردەگرێ و هەمیشە شێوەی نوێ بۆخۆی دروستدەکا و شێوە کۆنەکان ڕەتدەکاتەوە و گۆڕانکاری یانیش پێکهاتەی نوێ لە یوە کۆن و نوێیەکان دروستدەکا. ئەرکی ئێمەس ئەوەیە چالاکانە بەشداریی دارشتنی شێوازانەی خەبات و کەرەستەکانی بکەین.
کوتلەکەی عەزیز ئەلحاج، هەر لە یەکەم پێکدادانیان بەعس، زۆر رووزەردانە هارەیان کرد و، عەزیز ئەلحاجیش خۆی لەسەر تەلەفزیۆن دەرکەوت تا ڕاپگەیەنێ تۆبەی کردووە و داوایەش بووە بەعسی.
ئەو ڕەوتەی بەهادین نورییش مژدەی هاتنی دەدا، دیوی دووەمی هەمان پارەبوو. هاوڕێ بەهادین، لە ڕێی ماجەرای کاروبارەکانەوە لە لایەنە نەرێنییەکان بترازێ هیچی دیکەی پێشان نەدەدا. ئەو نەرێنییانەش، لە سەستەمی دەسەڵاتی حیزبە بۆرژوازییەکان و بەتایبەت بۆرژوای بچووک، ڕەگاژۆ ببوون. جا لیستێکی درێژی ئەولایەنە نەرێنییانەی هەڵگرتبوو و هەر هەموو ئەو دەستەوتانەی وەلادەنا کە لەمەودای سالانی "١٩٦٨-١٩٧٣"وەدەست هاتبوون و بە جیا لە کاریگەری و تێکۆشانی حیزبی شیوعییش بەدەست نەهاتبوون. ئەو هەمووجۆرە هاوکارییەکی لەگەڵ حیزبی بەعس ڕەتدەکردەوە، هاوڕێ زەکی خەیریش تاڕادەیەک لەسەر هەمان بیروڕا بوو.
هەر لەسەای ئەو ڕێوانەیدا، هاوڕێ بەهادین نوری لەبیرەوەییەکانیدا هەڵوێستی من سەبارەت بە وەڵامدانەوەی بەعس، کە لە هەردوو ڕۆژنامەی هەردوو حیزبدا بڵاوکراوەتەوە و گوتوومە ئەوە شتێکی ئاسایی و پێویستە، بە "خۆدزینەوە" لەقەڵەم دەدا.[53]

---

[53] _ گرنگترین ئەو شتانەی، لەوبارەیەوە، لە بیرەوەرییەکانی بەهادین نوریدا هاتوون "لە حوزێرانی ١٩٧٨ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لیژنەی مەرکەزیی حیزبی سیوعیی عێراقی، بێ ئامادەبوونی سترتێریش کرا .-مەبەستی عەزیز محەممەدی سکرتێری حیزبی شیوعییە- گفتوگۆیەکان توند و دۆخەکە گرژ بوو. ئێمە، دەستەیەک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە، داوامان کرد خێرا سەروبەری پێویست و خێرا بکرێ تا جالاکییەکانی ڕێکخستنی حیزبی و راگەیانن بەردەوام بن. ئەوەس بە ئامادەکردنی چەند ماڵێک بۆشاردنەوەی کادیر و دەزگای جاپخانەی نهێنی. داواسمان کرد وەلامی هەڵمەتە راگەیاندنییەکەی بەعس بدرێتەوە. جا دەنگی بەرانبەر بەرزبووەوە کە پێیوابوو بابەتە سەرەکییەکە تەنیا کارکردنە بۆ پاراستنی هاوپەیمانیی بەرەیی و، هەردوو ئەندامی یەدەگی لیژنەی مەرکەزی،

گومان لەوەیدا نییە کە سەرایی ڕەوتێکی ڕاسترەو لە ڕیزەکانی لیژنەی مەرکەزیی حیزبی شیوعیی عێراقیدا دەرکەوتبوو. ئەوانیش ئەو هاوڕێیانەبوو کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد بەهەر نرخێک بێ دەبێ هاوکاری لەگەل بەعدا بکرێ. جا هاوڕێ عامر عەبدوڵلا دەیویست حیزب پەلکێشی هەڵوێستە هەڵەکانی حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیستیراکی بکا. ئەو هاوپەیمانییەس پێشەکییەک بوو تا حیزبی بەعس بچێتە باری سۆسیالیزمی زانستی.

بابەتی دووەمی کە هەڵوێستی حیزبی سیوعیی لاواز کرد، هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بوو. ئەو حیزبە لەو دانوستانانەی لەگەڵ حکوومەتی بەعسی دەکرد، حیزبی شیوعیی پشتگوێ دەخست، لەکاتێکدا حیزبی سیوعی هەمیشە فشاری دەخستە سەربەعس تا دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بکا و چارەسەرێکی ئاستییانەی کێشەی کورد بکرێ. جا حیزبی سیوعی پێیوابوو چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی نەتەوەیی کورد و کێشەی بەرباویی دیموکراتییوون لە هەموو عێراقدا جمکەن و دیموکراتیەتیش دەستەبەری بنەڕەتیی پیادەکردنی مافی نەتەوەییە و ئەوەش لەسایەی دەست بسەر ئازادیدا گرتن کاری کردەنی نییە.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵیدا تەگەرە بخاتە بەر راگەیاندنی بەرەی نیشتمانی، ئەوەشی بە پێشکەشکردنی رەشنووسێکی پرۆگرامی هاوکاریی نێوان خۆی حیزبی سیوعی کرد و دوورخستنەوەی حیزبی بەعس لە بەرەکە. هەڵوێستی حیزبی سیوعی بەرانبەر پێشنیارەکەی بارزانی نەرێنی نەبوو، بەلام لە بەرانبەردا پێشنیاری ئەوخالانەی خوارەوەی کرد:

١_ فراوانکردنی بنکەی بەرە، تا هەموو حیزب و هێزە نیشتمانییەکانی دیکەش بگرێتەوە، لەوانەش بەعس.

٢_ ئامانجی سەرەکیی ئەو هاوکارییە هاوبەش و دڵسۆزانەیە پاراستنی سەربەخۆیی وڵات وسەلامەتیی خاکەکەی و تێکۆشان بێ دژی پیلانگێڕیی کۆنەپەرستی ئیمپریالیزم لە ناوچەکە.

٣_ پابەندیی چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتییانەی کوردانەی کێشەی کورد.

بەڵام مەلا مستەفای بارزانی سووربوو بەرەکە لەنێوان ئەو دوو حیزبەدا بی و ئامانجی ڕووخاندنی حیزبی بەعس بێ، بەڵام ئەوە وایدەکرد لە بەرەکە دابڕێ.

ڕەنگە خەڵکێک هەبێ بڵێ هاوکاریی نێوان حیزبی سیوعیی عێراقی و حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی لەڕێی چەندوچوونی نێوانیانەوە هاتەکایەوە، ئەوە ڕاست و بە

موکەڕەم تاڵەبانیی تا ئەودەمیوەزیربوو و، بوسرا پرتەو هەڵویستی هەرە لاواز و خۆدزینەوەیان هەبوو. ينظر: بهاءالدين نوري، مذكرات بهاءالدين نوري، دار الحكمة، لندن، ص٤٧٢-٤٧٣.

پاســـاوه. بەعس، کە بەرەیەکی فراوانی دژی ئیمپریالیزمی خۆی کۆمپانیاکانی نەوت دەنواند، کردەوە و کاتێ ئەو کۆمپانیایانەشـــی لە عێراق خۆماڵی کرد و، کە یاســـای کۆمپیانیاینەوتی نیشـــتمانیی جێبەجێ کرد و نەوتی باکووری ڕومێلەی بە هاوکاریی یەکێتیی سۆڤیەت وەبەرهێنا، پێویستی بە پشتیوانییەکی بەهێزی هێزەکانی دژە ئیمپریالیزم هەبوو چ لە ناوخۆ و چ لەناو عارەبان و چ لەنێودەوڵەتییش، حیزبی ســـیوعییش بۆ ئەو پشتیوانییە دەستنیشان کرابوو و، بەعس ئامادەی هەندێ دەست شلکردن بوو و ئامادەش بوو دەرگای گفتوگۆ لەگەل سیوعییەکان بکاتەوە تا بناغەکانی هاوکاریی نێوانیان دابندرێ. شـــیوعییەکان، ئەگەرچی بەعیش ئارەزووی دەکرد، بۆ لایەنگیریی حکوومەت مەرجیان ئەوە نەبوو تێیدا بەشـــداربن، بەڵام داوای هەڵوەشـــاندنەوەی ئەو یاســـایانەیان دەکرد کە ئازادییەکان کۆت دەکا و دەیویســـت دیموکراتییس بەرکەماڵ بێ و، گرتووخانەکان هەڵوەشێندرێنەوە وکێشەی کوردیش بە ئاشتی و دیموکراتی چارەسەر بکرێ و، پەرە بە چاکســازیی کشــتوکاڵی بدرێ تا ڕەگاژۆتر بێ و یاســایەک بۆ خانەنشــینکردنی کرێکاران دابندرێ و، دەســت بە هاوکاریی دامەزراوەی سۆشیالیستیی جیهانی بکرێ، خەبتی دژی ئیمپریالیزم توندتر بکرێ.

بەدەستهێنانی هەموو ئەوانەش بەرەوپێشچوونی شۆڕشی بە ئاشتییانە دەستەبەر دەکرد و، لەڕێی بەدەســـتهێنانی ئەو ئامانجانەش، حیزبی شـــیوعی چەندوچوونی لەگەڵ حیزبی بەعس کرد.

هـاوکاری و هـاوپەیمانیی بۆرژوای بچووک، بۆ چینی کریکار و حیزبە ســـیوعییەکەی، پێویســـتە و لە رووی بابەتییەوە پاســـاوی هەیە و دەبێ بۆ مەودای درێژیش بێ. وەک گوتمان ئەو توێژە بە حوکمی پێگەکەی لە کداری بەهەمهێنانی نێوان بۆرژوا و پرۆلیتاریای جێی ڕاراییە ولەنێوان چەپ و راستدا، لەنێوان پێشکەوتنخوازی و کۆنەپەرستی کە پۆلێن و جیاکردنەوەکەیشـــی هەمیشـــە هەندێ لەتوێژەکانی بەلای ئۆردووگای پرۆلیتاریاد کێل دەکـاتەوە. لەکـاتێکـدا هەنێ توێژی دەدەنە پـاڵ ئۆردووگـایکۆنەپەرســـتی و لەگەل ســـەرمـایەداری ئـاوێتە دەبێ و خزمەتی بەرژەوەنـدییە چینـایەتییەکـانی دەکـا و دژی بەرژەوەنـدییەکـانی جەمـاوەری بەرفراوانی بۆرژوای بچووکە. هەر بۆ نموونە، حیزبی بەعس لە ١٩٧٠ یاسایەکی چاکسازیی کشتوکاڵیی دەرکرد و لە یاسایەکەی ١٩٥٨ بنەبڕترە و، یاســـایەکی تایبەت بە ناوچەی کوردســـتانیشـــی بەدوادا هات و، ئاســـتی هەرەبەرزی موڵکداریی کشتوکاڵیی تارادەیەکی زۆر نزمکردەوە و، ئەو یاسایەس پشتیوانیو لایەنگیریی حیزبی شیوعی عێراقیی بەدەستهێنا، بەڵام لە ماوەی گەرمبوونی ململانێی نێوان ڕاست و چەپی ناو ڕیزەکانی حیزبی بەعس، بەرەی راســتڕەو، بەســەرکردایەتیی ســەدام حوسێن،

بەرەی جەپی وەلانا، کە عەبدولخالق سامەرایی[54] سەرکردایەتیی دەکرد و، ئەوانیدییشی ڕەوانەی بەر پەتی سێدارە کرد. هەر ئەودەمای کە سەرکردایەتیی حیزب بۆ پشتیوانیی دەسەڵاتەکەی خۆی لە سەرۆک عەشیرەت و موڵکدارەکان نزیککردەوە، سەدام حوسێن، کە جووتیارێکی پارێزگای قادسیە لەبەردەمیدا گازاندەی لەوەی کرد کە یاسای چاکسازیی کشتوکاڵیی بۆ بەرژەوەندیی جووتیاران داندراوە، کەچی لە بەرژەوەندیی موڵکداران جێبەجێ دەکرێ، بە کابرای جووتیاری گوت: کێ پێیگوتووی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی بۆ بەرژەوەندیی جووتیار داندراوە؟ جا لە دانیشتنەکەی دەرکرد و پاشان کوڕێکی گەورەترین موڵکدار و سەرۆکی عەشیرەتی جافی، کە فەتاحی کەریم بەگی جاف بوو، کردە ئەمینداری گشتیی کستوکاڵ و چاکسازیی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و کابراس نەیدەتوانێ بچێتەوە ناوچەکە.

54 _ عەبدولخالق سامەڕایی: لە ١٩٣٥ لە سامەڕا لەدایکبووە، لە ١٩٦٨-١٩٧٣ ئەندامی هەردوو سەرکردایەتیی قوتری و قەومیی حیزبی بەعس بووە. بە بەشداریکردنی بزاوتەکەی نازم گزاری ١٩٧٣ تۆمەتبار کرا و شەش ساڵ خرایە زیندان. بە بزاوتەکەی محەممەد عایشی ١٩٧٩ تۆمەتبار کرا و لە سێدارە درا. للمزید: حنا بطاطو، الکتاب الثالث،ص٤٠٢.

چەندوچوونی ڕەوا چییە؟:

چەندوچوون لەوەیدا پوختە دەبێتەوە کە شیوعییەکان واز لەوەی بێنن داوای دەسەڵات بۆ پرۆلیتاریا و جووتیارانی هەژار بکەن. جا ئەگەر لە هەردوولا لە چەندوچووندا هیچیان دەستنەکەوێ، ئیدی چەندوجوون مانایەکی نابێ مەحاڵ دەبێ. لەچەندوچووندا، شیوعییەکان ئازادیی هاندان و کارکردنیان لە دۆخێکی باشتردا دەستدەکەوێ، وەک دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ئاشکرا و گردبوونەوەی حیزبی و چالاکیی حیزبی و جەماوەری. بەڵام، لە سایەی پێکهاتەی جینایەتیی حیزبی بەعس و بەشدارییپێکردنی بۆرژوای کوردی لە حکوومەتدا، کە ئەویش هەر لە پێشکەوتنی شۆڕش دەترسا، بەخشینی ئەو ئازادییە کارێکی ئەستەم بوو. شیوعییەکان، لە چەندوچوونێکی لە سای دیموکراتییەکی بەڕاستیدا بکرێ، ناترسن، چونکە ژیان لایەنگیری ئەوانە و هیچ شتێک ناگۆڕێ. لە بارودۆخێکی دیموکراتییەت نەبێ، ڕەوتە دژبەرەکانی شیوعییانی ناو ریزەکانی حیزبی بەعس پەرەدەستێنن. جا ئەگەر چەنجوچوون دەستەبەر ببێ ڕەنگە حیزبی بەعس، توانای تەواوی جێبەجێکردنی بەرامەکانی بۆ دەستەبەر بێ. ئەویش بە پشتبەستن بە زۆرینەی خەڵکی عێراق و بەکارهێنانی ئەو زۆرینەیەش بۆ پشتیوانیی ڕێوشوێنە پێشکەوتنخوازەکانی دەستی بە جێبەجێکردنیان کردووە و، ۆڕاگریی بەرانبەر ئیمپریالیزم و ، زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکاندا و، دەستەبەرکردنی ئەو هەموو کاروبارانەش لە بەرژەوەندیی حیزبی شیوعیدا بوو.

گومان لەوەیدا نییە حیزبی بەعسی حەرەبیی ئیستیراکی هێندەی حیزبی شیوعی و هێندەی بۆرژواس یەک ڕەنگ نییە.ئیدی هەر دەبووایە دوو دەنگی تێدا بەرزببێتەوە، دەنگێکی نەیاری هاوکاریی شیوعییەکان، بەڵام دەبووایە زۆرینەی جووتیاران و خوازیارانی ئاستیی کوردستان بەدەستبێنن و بێ شیوعییەکانیش بچنە شەڕی خۆماڵیکردنی نەوت. ئەو ڕەوتە نەیدەتوانی بەو ڕێیەیدا بڕوا، جونکە ئەوە پێویستی بەوەی بوو چاکسازیی کشتوکاڵی بۆ بەرژەوەندیی جووتیارە هەژارەکان دەستەبەر بکا و کێشەی کورد چارەسەر بکا و گەلیش بۆ شەڕی خۆماڵیکردن و نێوانبڕیی تەواوی ئیمپریالیزم ئامادە بکا و هاوکاریی کۆمەڵی سۆشیالیستی بکا. ئەو ڕەوتە ڕاستڕەوە دەیویست هاوکار و هاوڕێی بۆرژوای ڕاستڕەوبێ و دژی داواکارییەکانی سەرەوە بێ. ئەو ڕەوتەش برتیبوون لە گەورە پلەدارەکانی سەربازیی پەیوەندییان بە بۆرژوای گەورەوە نەپچڕابوو و پێیانوابوو شیوعییەکان ناتوانن بەرەوڕوویان ببنەوە و، هەرکارێکی بەرانبەریشیان بکرێ ڕێی تێدەچێ پامال بکرێ. هەرچی ڕەوتەکەی دیکەی ریزەکانی حیزبی بەعس بوو، دەیگوت سیوعییەکان لە نووچدانەکانیانەوە شارەزای هەستانەوە بووینە.

هەڵەس لەوەیدا نییە پرۆلیتاریا و بۆرژوای بچووک ببنە هاوپەیمان، بەڵکو هەڵە لەوەیدایە لە پێچ و پەناو بادانەوە توندەکانی مێژوودا تێڕوانینت نەمێنێ. جائەگەر حیزبی سـیوعی تێڕوانینی گشـتیی خۆی بپاراسـتبا و بیتوانیبا،وەک لینین دەڵێ، "دەزووە سـوورەکە ببینێ" ئەوا لە مامەڵەکردن لەگەڵ حیزبی بەعسدا تووشی ئەوەندە نوشوستییە نەدەبوو.

تاقیکردنەوەی بەرەی نیسـتمانی و نەتەوەیی پێشـکەوتنخواز ودوورخسـتنەوەی حیزبی سـیوعی لەو بەرەیە لە سـاڵی ١٩٧٩دا، حیزبی شـیوعیی نەدەخسـتە ناو شـیشـبەندی تومەتباری وەک ئەوەی سـەرکردایەتیی حیزبی لە کۆنگرەی چواری حیزبدا خسـتە ئەو شـیشـبەندەوە. بەڵکو تومەتبار ئەوانەبوون کە ناچارکران بەرە تێکبدەن و خۆیان بخەنە ڕیزی دژبەرانی شیوعییەکان و پێشکەوتنخوازان و، ئەو سیاسەتەش تەنیا بەسەر لاشەی تێکۆشـەرانی شـیوعیدا تێنەپەڕی، بەڵکو بەسـەر ژمارەیەکی زۆری لاشـەی سـەرکردە و کادیرەکانی حیزبی بەعسیشدا ڕۆیی.

قەیرانی ئاو و شکستی دانوستانی دووقۆڵی:

لە هاوینی ١٩٧٣، لەبەر کۆگەکردنی ئاو لە بەنداوی' کیپان'ی تورکیا و بەنداوی 'تەبەقە'ی سوریا ئاوی فورات بەشێوەیەکی مەترسیدار کەمیکردبوو. بەپێی ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکانی پێشتریش دەبوایە بۆ دەست بە بنیاتنانی بەنداوەکانی لای سەوەی ئەو روبارە هاوبەشە ڕەزامەندیی عێراق وەربگیرێ و، بەجۆرێکیس بنیاتبنرێ کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی عێراق و مافە مێژووییەکانی نەگەیەنێ. چونکە ڕێککەوتنێکیش لەنێوان ئەو سێ دەوڵەتەدا نەبوو کە ڕووباری فوراتیان پێدا دەڕۆیی و تا ئاوی ڕووبارەکەشیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەردا دابەس بکا، ئیدی هەردوو حکوومەتی تورکیا و سووریا پێکەوە دەستیان بە کۆگەکردنی ئاو کرد و لە وەرزێکیشدا کە ئاو کەم بوو بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ بەرژەوەندی و مافەکانی عێراق بکەن.

کە حکوومەتی عێراق پۆلیسی نەوتی عێراقی خۆماڵیکرد، حکوومەتی سووریاس دەستپێشخەریی لە خۆماڵیکردنی ئەو بۆڕییە نەوتییانەدا کرد کە بە خاکەکەیدا تێدەپەڕی'تابلاین ٩ هەتاهەردوو بەندەری بانیاسی سوریا و تەرابلوسی لوبنان' و ئیدی داوای بڕیپارەیەکی دەکرد لەو داهاتەی پتربوو کە کۆمپانیای نەوتی عێراقی وەردەگرت. ئەوەش وایکرد ناچار شاندێک لە مورتەزا سەعید حەدیسیی وەزیری دەرەوە و موکەڕەم تاڵەبانیی وەزیری ئاودێری و ژمارەیەک پسپۆڕی بواری نەوت و ئاودێری پێکبهێنرێ.

گفتوگۆیەکانمان، نە لە بواری نەوت و نە لە بواری پشکی ئاوی ڕووباری فورات، هیچ ئەنجامێکی باشیان نەبوو و، شاندی سووریا بە سەرۆکایەتیی عەبدولحەلیم خەدامی جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دەرەوەی ئەودەمی بوو.

پێشتریش، سەدام حوسێنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، بە سەرۆکایەتی شاندێک بۆ ڕێککەوتن لەسەر هەندێ بابەتی گیرخوادوو سەردانی دیمەشقی کردبوو. ئەگەرچی ڕێککەوتنێکی سنوورداری لەگەڵ حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا کردبوو، بەڵام سەرۆکی سوریا لە دواچرکەدا پاشگەز بووەوە. ئیدی کێشەی دابەشکردنی ئاوی فورات هەواڵەی دەستەیەک پسپۆڕی یەکێتیی سۆڤیەت کرا کە سەرۆک حافز ئەسەد داوای کردبوون.

ئەو ڕۆژی بڕیاربوو شاندەکەی عێراق بگەڕێنەوە بەغدا، دیدارێکی سێ کەسی لەنێوان عەبدولحەلیم خەدام و مورتەزا عەبدولباقی و من کرا تا بەیاننامەیەکی هاوبەش سەبارەت بە دیدارەکانمان دەرکەین. خەدام قەڵەم و کاغەزێکی هێنا تا شتێک بنووسێ، گوتی: بەخوا نازانم چ بنووسم! بێگومان شتێک نەبوو پێویستی بە نووسین بێ، جا بە گەپجاڕییەوە وەڵامم دایەوە: بۆ نازانی؟ لەسەر یەکێتیی عارەبی و ڕزگارکردنی فەلەستین بنووسە.

چونکه عارەب کە ناتوانن لەسـەر دابەشـکردنی ئاویش ڕێکبکەون، قسـە لەسـەر یەکێتی و ڕزگارکردنی فەلەسـتین دەکەن. ئەو کێشـانە دەریدەخەن یەکێتیی عارەبی و ڕزگارکردنی فەلەستین چەند دوورەدەستن. کۆبوونەوەکەش بێ دەرکردنی بەیاننامە کۆتایی هات.

دیدارێک لەگەڵ حافز ئەسەد:

لەبەر کێشەی ئاو، پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و سوریا گرژ بوو و، ئێزگە و ڕۆژنامەکانی ئەو دوو وڵاتە هەریەک لە دژی ئەویدیی دەخوێند و، هەرچەندی گەرما داهاتبا و ئاوی فورات کەمی بکردایە گرژیی نێوانیشـــیان پتر دەبوو. بڕیارمدا وەک ناوبژیوان بێمە ناو بابەتەکە و ئەو ســەهۆڵبەندانەی نێوانیان بشـکێنم و وابکەم عێراق بڕی ئاوی پێویســتی دەســـتکەوێ، تا لانیکەم هەندێ چێندراوی هاوینەی پێ ڕزگار بکەین. کە بیرۆکەکەم بۆ ســەرۆک بەکر وســەدام حوسـێن باسـکرد بیرۆکەکەیان پێ باشـبوو و بڕیاریان دافڕۆکە تایبەتەکەی ســەرۆک بەکرم بخەنە بەردەسـت، چونکە دۆخەکە پێویســتی بە ســەفەری مەکووکیی بەپەلەی نێوان بەغدا و دیمەشق و ئەنقەرە هەبوو.

سەفەری دیمەشقم کرد و هەرکە گەیشمەجێیش بەسای عەبدولحەلیم خەدام داوای دیداری سەرۆک حافز ئەسەدم کرد و، ئەسـەد بە دیدارەکە ڕازیبوو و بە یاوەریی خەدام چوومە کۆشکی کۆماری و لە هەمان ژووردا دیتم کە چەند ساڵ پێشترێ نورەدین ئەتاسیم تێدا دیتبوو.

ئەســـەد بەخێری هێنام و گوتی: ئەگەر ئەتۆش داوای دیدارت نەکردمایە من تۆم هەر دەدیت، بۆ ئەوە سوپاسم کرد و گوتم : سەرۆکی بەڕێز، سوریا هەمیشە ئەگەری ئەوەی لەسەرە ئیسرائیل و وڵاتە ئیستیعمارییەکان چەندبارە هێرشی بکرێتەسەر و، لەگەڵ ڕێزم بۆ وڵاتە حارەبییەکانی دیکە، بەڵام عێراق بە حوکمی شـــوێنە جوگرافییەکەی بۆ ســـوریا وتوانا دارایی و ســـەربازییەکەی، تاکە دەوڵەتە بەهانای ســوریاوە بێ ئەگەر بکەوێتە بەر هێرشـی دوژمنان. لەو حاڵەتەشـدا پێویســتە گەلی عێراق بەتەواوی باوەڕی بەوەی هەبێ پێویستە ئەرکی بەرگریکردن لە سووریا جێبەجێ بکا. بەڵام، ئەگەر سووریا وابکا عێراق تێبمێنێ و، زیان لە ملیۆنان خەلکی سـەر ڕووباری فورای بدا، ئەوا ئاسـتەنگی ڕاسـتەقینە بۆ ڕازیکردنیان دروست دەکا تا بۆ بەرگری لە دەسەڵاتی سوریا قوربانی بدەن. ئەو کێشە بچووکانە دەبنە گرێیەک و لێناگەڕێ کێشـــە گەورەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە چارەســـەر بکرێن، بۆیە تکاکارم دەەڵاتی خۆتان بەکاربێنن بۆ گەیشـــتنە چارەســـەرێکی گونجاوی دبەســـکردنی ئاو لەنێوان ئەو دوو وڵاتە، جا کاتی بێ یان هەمیشـــەیی، بەجۆرێک ئەو دەستکەوتانە ببەخشـێتە گەلی سوریا کە ئێوە جاوتان تێبڕیوە و، لە هەمان کاتیشـدا زیان بەو ملیۆنان عێراقییە نەگەیەنێ کە لەسەر ڕووباری فورات دەژین.

ســـەرۆک ئەســـەد گوتی: هاوڕێ موکەڕەم، دەزانن ئێمە، جونکە دەوڵەتی ڕووبەڕووی ئیسرائیلین، بارێکی قورسمان لەسەرسانییە و، بەشێکی وڵاتیشمان داگیرکراوە. لەو داهاتە بترازێ، کە لە کشتوکاڵی سەر ڕووباری عاسی و بەلیخ و هەندێ کەناری فورات دەستمان

دەکەوێ، داهاتێکی دیکەمان نییە وامان لێ بکا خۆراگربین. ئێمە کارەبامان کەمە، دەمانەوێ حەوزەکەی تا ئەو ئاستە پڕکەین کە بەزووترین کات کارەبای پێ بەرهەم بهێنین و، کشتوکاڵی سەر فورات فراوان بکەین. هەرچی عێراقە سامانێکی گەورەی نەوتی هەیە، سەرباری رووباری فوراتیش، رووباری دیجلەشتان هەیە. دەتوانرێ لە دۆڵی دیجلەدا کشتوکاڵ فراوان بکەن و، ڕیمان بدەنێ داهاتێک لەسەر رووباری فورات بەدەستبێنین. چۆنیش دەتانەوی ئاستی گوزەرانی گەلی عێراق بەرزکەنەوە و، دەستوانن بیکەن، ئێمەس دەمانەوێ شتێک پێشکەشی گەلی سوریا بکەین. جا لەو پرۆژانەشمان پتر نییە کە لەسەر'تەبەقە'ی فورات لە دەزگای ئاودێریدا جێبەجێیان دەکەین.
گوتم: سەرۆکی بەڕێز، وەک من بزانم، بەڕێزتان 'عەلەوی'نبەڕێز مەحمود ئەیوبیی سەرۆکوەزیرتان سوننەیە، بەوەش، لە پێکهاتەی حکوومەتدا شتێکتان لە هاوسەنگیی مەزەبی دروستکردووە. ئەوەش مامەڵەیەکی دروستی واقیعی وڵاتەکەتانە و، لای ئێمەش، سێ ملیۆن کەس پتر لە تایەفەی شیعە لە ناوچەی دۆڵی ئەو رووبارەدا و لەچەند شارێکدا دەژین کە لای موسڵمانان پیرۆزن و زۆریشی شوێنەواری مێژوویی لێیە. مەرقەد و مەزاری ئیمامە گەورەکانی لێیە، عەلیی کوڕی ئەبو تاڵیب و حوسێن و عەباسی کوڕی لە نەجەفی پیرۆز و کەربەلان. شاری کووفەی پایتەختی خەلافەتی ئیسلامیی لێیە، ئەو هەموو بنیادەمە و شوێنە پیرۆزەکانایان بۆ کوی بگوازمەوە، بیانبەمە دۆڵی رووباری دیجلە؟، ئەگەر کەسێکی دی ئەو قسەیە بکا، کە ئەوان دەزانن ئێوە عەلەوین، ئەوە کارەکە ئاسان بوو، بەڵام حافز ئەسەدی عەلەوی داوای وێرانکردنی ئەو ناوچەیە بکا، ئەرێ، کە وڵاتەکە هێرشی دوژمنانی دەکرێتەسەرێ، پێشبینیی ئەوەی دەکا عێراقییەکان هەڕاکەن و بێنە هانای؟ شتێکە و جێی باوەڕ نییە. گوتی: با بابەتە هونەرییەکان بکەینە تەرازوو کە لێناگەڕێ بەرژەوەندیی شتاق وڵاتان زیانی لێ بکەوێ. ئیدی ڕێککەوتین بانگی پسپۆرە سۆڤیەتییەکان بکەین، تا بێ ئەوەی زیان بە بەرژەوەندیی هەردوو ولات بگەیەنن راپۆرتێک لەسەر جۆنیەتیی دابەشکردنی ئاوی فورات ئامادەکەن و، دیدارەکە تەواوبوو.

دیدارێک لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی سوریا:

دوای ئەوەی عێراق و ســـوریا و تورکیا پێکهاتن پەنا بۆ پســـپۆرە ســـۆڤێتییەکان ببەن،پســـپۆرە ســـۆڤێتییەکان هاتن و ڕاپۆرتێکی قووڵیان ســـەبارەت بە پڕکردنی هەردوو بەنداوی "کیبان"ی تورکی و "تەبەقە"ی ســووری پێشــکەش کرد، ڕاپۆرتەکە بەجۆرێک بوو کە زیانی بۆ عێراق نەبێ و خســـتەیەکی زەمەنییس بوو بۆ فراوانکاریی کشـــتوکاڵی لە تورکیا و ســـوریا و دوا دابەشـــکردنی ئاو لەنێوانیان، بەڵام هەرســـێ وڵاتەکە لەســـەر ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە و جێبەجێکیردنی پێکنەهاتن. لە هەمان کاتیشدا، پسپۆرە عێراقییەکان بە ڕێژەی دابەســـکردنی ئاو لە نێوان عێراق و ســـوریا ڕازی نەبوون کە ڕێژەی"٤٠٪-٦٠٪"بوو و، پســپۆرە سورییەکانیش لەســەر ڕێژەی بڕیار لەســەردراوی مەودای کۆتایی ســـووربوون و بەو مەرجەی ئەو ڕێژەیە لە ئێســـتاڕا بێ و پابەندی خشـــتە زەمەنییەکەی پڕکردنی بەنداوی تەبەقەش نەبوون و، تورکیاش ڕایگەیاند پابەندی هیچ بڕیارێک نابێ، جونکە هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لە خاکی ئەودا هەڵدەقوڵێن و سەربەستە لەوەی جۆنیان بەکاردێنێ و، پابەندی ئەو مافانە نییە کە ســـوریا و عێراق بەدەســـتیان هێناوە و، ئەو دوو دەوڵەتەش لەســـــەر کەناری ئەو دووڕووبارە نین و بەڵکو ڕووبارەکان پێیاندا تێدەپەڕن. کە دۆخەکە بۆ عێراق تەنگ بوو، هەوڵمدا بڕە ئاوێکی فورات دەستەبەر بکەم کە لە ١٠٠مەتری سێجا کەمتر نەبێ لە چرکەیەکدا و، لە لە کلکەی بەنداوی تەبەقەوە بۆ عێراق بەربدرێتەوە. کە بڕی ســروشــتییش لە هاویندا لەوەی کەمتر بوو بۆیە پێویســتبوو تورکیا ڕازی بکرێ کە بڕە ئاوی دیکە بەرداتەوە تا یارمەتیی عێراق بدا، ئیدی جوومە ئەنکەرە و چاوم بە "جاهید بەگ"ی وەزیری وزە و"بولەند ئەجاوید"ی ســـــەرۆکوەزیران کەوت، تورکەکان ڕازیبوون ئەو بڕە ئاوەی باســـکرا بەردەنەوە بەو مەرجەی ســـووریا ئەو بڕە زیـادەیە گـل نەداتەوە و کۆگەی نەکـا و بۆ عێراقی بنێرێ. هەر ئەو ڕۆژە گەڕامەوە دیمەشق، مونیر ونوسی وەزیری بانداوی فوراتم دیت، دوای ئەوەی ڕاوێژی بە بەرپرسان کردلەســـەر ڕێککەوتنێکی کاتیی بۆ یەک وەرز بوو ڕێککەوتین تا عێراق ئەو ئاســـتەبگانەی هەیەتی تێدەپەڕێنێ. لەکاتی واژووکردنی ڕێککەوتنەکە لەهیکرا پێشەکییەکی دوو لاپەڕەییم دیت هەمووی هێرشـــــکردنە ســــەر حکوومەتی تورکیـابوو کە ئەو بڕە ئاوەم لێیـانەوە دەستکەوتبوو، سورییەکان مەبەستیان ئەوەبوو گرژییەک بخەنە پەیوەندیی نێوان عێراق و تورکیا و، پاشـــانیش بێبەشـــکردنی عێراق لە زیادەیەی تورکیا بەڵێنی بەردانەوەی دابوو، بۆیە ڕازی نەبووم هەتا ئەو پێشەکییە لانەدرێ واژووی بکەم و، گوتم: دەزانن من وەزیری ئـاودێریم، ئەگەر ڕێ بەخۆم بدەم جنێو بە تورکیـا بدەم، ئەوا وەزیری گەیـاندنیش ڕێ بەخۆی دەدا جنێو بە هیندســـــتان بدا و، یەکی دی جنێو بە چین بدا. ئەدی ئەرکەکانی

وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەم چییە؟ دەبێ پێشـــەکییەکە ســـە بارەت بە برایەتیی نێوان هەردوو وڵات بێ، منیش دەرچووی مافم و یاسـای نێودەوڵەتی و دیپلۆماسـیم خوێندووە، ئیدی گرژبوونی دۆخەکە لەگەڵ تورکیـا لە بەرژەوەنـدیی عێراق نییە، ئێمە دەمـانەوێ دانەخۆرەی بکەین تا ئاوەکەی مافی ســـوریا و عێراق بدا، بەڵام وەزیری بانداوی فوڕات لەســـەر هەڵوێســـتەکەی مکوڕبوو. جانتا و کەلەپەلەکانم خســـتبووە ناو ئۆتۆمۆبیل، بەهیوابووم ڕێککەوتنەکە واژوو بکەم و بەرەو فڕۆکەخـانە بچم و بگەڕێمەوە بەغـدا. چوومە باڵیۆزخانەی عێراق، زەنگی تەلەفۆن لێیدا، دیتم ئەوەی پەیوەندی دەکا مەحمود ئەیوبیی ســـەرۆکوەزیرانە و داوای من دەکا. داوایکرد لە نووســـینگەکەی لە ئەجوومەنی وەزیران بمبینێ. گوتم: من جانتاکانم کۆکردووەتەوە و بە فڕۆکەخانەم گوتووە فڕۆکەکەم ئامادەکەن.گوتی: منیش بە فڕۆکەخانەم ڕاگەیاندووە تا یەکتر دەبینین با فڕۆکەکە لەوێبێ، چونکە نـامەوی بە زویربوونەوە دیمەشـــق بەجێبێڵی. ڕازی بووم ببینم و هەرکە گەیشمەجێ لە نووسینگەکەی پێشوازیی لێکردم. بەخێرهاتنی کردم و، گوتی: ئێمە دەزانین تۆ نێردەی ئـاشـــتیی نێوانمـانی نەک نوێنەری حکوومەتی عێراقی، ئێمەش ئەو ناوبژیوانییەمان پێ خۆشـــە و، ڕێزت دەگرین و ڕێ بەخۆمان نادەین هیچ شـــتێک ئەو پەیوەندییەمان شـــلوێ بکا. گوتم: پێتوانییە ئەو پێشـــەکییە بۆ تێمانی من و پەکخســـتنی واژووکردنی ڕێککەوتنەکە بووە؟ گوتی نـا... هەتـا ڕازی نەبین و لێمـان ڕازی نەبی لە دیمەشق مەڕۆ، بەڵام سڵاو لە سەدام حوسێنی برا بکە، ئەو ئێستا دانوستان لەگەڵ تورکان دەکـا تـا بۆڕی نەوت لەجیـاتیی هێڵەکەی ســـووریـا بەخـاکی ئەوانـدا ببـا، ئەرێ ئێمە ڕێککەوتنەکەمان هەر بۆ ساڵێک بوو و، تۆ بڵێی تورکەکان لە ئێمە دڵسۆزتربن؟ گوتم: گومان لەوەیدا نییە ئەگەر نەوتەکەمان بە سووریادا بڕوا و لەسایەی حکوومەت و سوپای سوریادابێ لەوەی پارێزراوترە کە بە تورکیادا بڕوا. بەڵام هەڵوێســـتە توندەکانی بواری نەوت و ئاوتان قەناعەتی ئەوەی لا دوستکردووینەبێ بەدوای ڕێوشوێنی دیکەدا بگەڕێی کە بەخاکی سوریادا نەڕوا تا لەو ئاستەنگانە دەرباز بین. گوتی: سووسەم بۆ وەزیری فورات کردووە ڕێککەوتنەکە واژوو بکا و تۆش چۆنت دەوێ پێشـەکییەکەی ئاوا بنووسە، سـەر سـەر و سـەر چاو هاوڕێ موکەڕەم. سـوپاسـی ئەو دیدارە دۆسـتانەیم کرد و ئەوجا جوومە وەزارەتی فورات. وەزیر داوای لێبووردنی لەوەی کرد کە ڕوویدابوو و دوای دانانی پێشـــەکییەکی کورت ڕێککەوتنەکە واژوو کرا و ئەوجا ئێوارەکەی گەڕامەوە بەغدا و چوومە ســـەرانی ســـەرۆک بەکر و ســـەدام حوســـێن، ســـەدام پرســـیی: ئەو ڕێککەوتنە غەدرێک نییە لە عێراق دەکرێ؟، گوتم: با، بەڵام بارودۆخمان ئێســـتا لەبار نییە، دەبێ بۆ ئەم وەرزە لەو تەنگژەیەی دەرچین. ســـەرۆک بەکرد گوتی: ئێمە پێمان دەکرێ شتێکی پترمان دەستکەوێ؟!.

سەرلەنوی دانوستان لەگەڵسەرکردە سوریاییەکان:

سـەربـاری نـاڕەزایی پسـپۆڕە عێراقیەکـان و خۆگرتنیـان لە ڕاپۆرتەکەی پسـپۆڕە سۆڤێتییەکانی سەبارەت بە چۆنیەتیی دابەشکردنی ئاوی زێی فورات بوو لەنێوان هەرسێ دەوڵەت، بەلام من ڕاپۆرتەکەم خوێنـدەوە و گەیشـتمە ئەو بڕوایەی بێلایەنە و، لێکۆڵینەوەکە زانستی و هاوسـەنگ بوو بۆ بەرژەوەندیی هەرسێ دەوڵەت. هەوڵیشـم دەدا سـەرۆک بەکر و سـەدام حوسـین کە ڕاگەیاندنی رازیبوونمون بە هەموو راپۆرتەکە سوودێکی هەیە نەک وەک سورییەکان بە بژار لێی هەڵبژێرین. لە کۆتاییدا قەناعەتیان هات و دەسـتکراوەیان کردم تا ڕێککەوتنەکە واژوو بکەم کە پێموایە بۆ هەردوولا گونجاو و بەسـوودە و، ئیدی برووسکەیان بۆ وەزارەتی دەرەوەی سـوریا لێدا کە دەسـەلاتی ڕەهام لەو بارەیەوە دراوەتێ. کە من تەنیا کەسـیش بووم باوەڕم بە سـوودی راپۆرتەکە هەبوو ئیدی بەتەنیا جوومە دیمەشـق و داوای دیداری سـەرۆک حافز ئەسـەدم کرد، ڕۆژەکەی پێنشـەممە بوو. گوترا لێرە نییە، پێموابوو داوای لێبووردن لە دیدارەکە دەکا، بەلام ڕۆژی دواترێ واتە هەینی تەلەفۆنێکم لە کۆشـکی کۆمارییەوە بۆ هات و گوتی سـەرۆک ئەسـەد سـەعـات دەی بەیـانی چـاوەڕێم دەکـا. کە چوومە دیـداری داوای لێبووردنی کرد لەو دواکەوتنە لەبەر سەفەری ناکاوی قاهیرە. هەر کە هەواڵی درابوێ لە دیمەشقم یەکسەر بە دیدارەکە ڕازی ببوو. منیش سـوپاسـی ئەوەم کرد و بیرۆکەی قبووڵکردنی راپۆرتەکەی پسپۆڕە سۆڤێتییەکانم خستە بەردەمی تا عێراق و سوریا لە دانوستانی لەگەڵ تورکیایان یەک یەک هەڵویستبن، کە بەتەمایە دوو بەنداوی دیکە لەسەر فورات دروست بکا.

سـەرۆک ئەسـەد گوتی: وەڵلا هاوڕێ موکەڕەم ئەوەندەمان کێشـە و ململانێی بێ مانا لەنێوانداە، خەریکە شـەرم بکەین بەخۆمـان بڵێین عـارەب. ئەوجـا بیـانووی پەلەکردنی پڕکردنی بەنداوی تەبەقەی بەوە هێنایەوە کە زۆریان پێویست بە وزەی کارەبایە و، ئێستا ئەوان کارەبای لە لوبنان دەکڕن. گوتم: ئەگەر کێشـە تەنیا کێشـەی وزەی کارەبا بێ ئێمە ئـامـادەین لەگەڵ کۆمپانیاکانی کـارەبـای لوبنـان ڕێککەوین و ئەو پـارەیەی تێیدەچێ لە وەرزی ئاوکەمی بیدین تا ئەوەدەمەی دەتوانن لەوەرزی بارانێ بەنداوەکە پڕکەن و کارەبا بەرهەم بهێنن. ئەودەمی ئێوە وزەی کارەباتان دەسـتدەکەوێ عێراقیش ایی خۆی ئاوی، لەو ئاوەی لە بەنداوەکە بەردەدرێتەوە، دەستدەکەوێ.

سـەرۆک ئەسـەد گوتی: باشـە من سـووسـەیەک بۆ بەڕێز عەبدولحەلیم خەدام دەکەمتا لەگەڵتـان کۆبێتەوە و لە ئـامـادەکردنی ڕێککەوتنێکی نێوان هەردوو ولات لەوبـارەیەوە لەگەڵتان ڕێککەوێ. جا سوپاسی ئەو بەدەمەوە هاتنەیم کرد.

ســـەعات دوازدەی نیوەڕۆ، بەڕێز عەبدولحەلیم خەدام، هاتە ئەو هۆتێلەی لێی دابەزیبووم و، من ڕەشـــنووســـی ڕێککەوتنەکەم ئامادەکردبوو، خەدام چاوێکی پێدا خســـاند و گوتی: پێموایە ڕێککەوتنەکە هاوســـەنگ و ماقووڵە، بەڵام من لەو ژمارە و گوزارشـــتە هونەرییانە تێناگەم، محەممەد حەیدەری جێگری ســـــەرۆکوەزیرانتان بۆ دەنێرم تا وردەکاریی ئەو ژمارانەتان لەگەڵ بکا، ئەگەر ڕێکیشـــکەوتن ئەوا ســـەعات پێنجی ئێواریێ ئۆتۆمۆبیلتان بۆ دەنێرم تا بەشێوەیەکی فەرمی لە وەزارەتی دەرەوە ڕێککەوتنەکە واژوو بکەن.

محەممەد حەیدەری جێگری ســەرۆکوەزیران، ســەعات یەکی دوای نیوەڕۆ هات و لەســەر دارشـــتنی کۆتایی ڕێککەوتنەکە ڕێککەوتین و دانەیەکی لێ برد تا لەســـــەر کاغەزەکانی پرۆتۆکۆلان چاپی بکا و لە سەعات پێنج لە وەزارەتی دەرەوە واژووی لەسەر بکرێ.

کە بڕیارم دابوو بە ڕێی وســـــکاندیدا بچمە بەیرووت و لەوێش بە فڕۆکە بچمەوە بەغدا، مونیر ونوســـــی وەزیری بەنداوی فورات و دکتۆر نورەدین ڕوفاعیی ڕاوێژکاری هاتنە هۆتێلەکە تا هەتا سنووری لەبنان لەگەڵ بێن. پێمگوتم ڕێککەوتنێکمان کردووە و چاوەڕێی ئۆتۆمۆبیلم تا بچمە وەزارەتی دەەوە و ڕێککەوتنەکە واژوو بکەین. ئەوان ئاگایان لە هیچ نەبوو،بەڵام ئۆتۆمۆبیل نەهات و هیچ وەڵام و داوای لێبووردنێکیشـــــم لەســـــەر واژوو نەکردنی ڕێککەوتنەکە پێ نەگەیی، نە لە محەممەد حەیـدەرییەوە نە لە عەبـدولحەلیم خەدامییەوە. کە پەیوەندیم بە وەزارەتی دەرەوە کرد نکوڵییان لەوەی کرد ئاگایان لە هیچ شـــتێک هەبێ و گوتیان خەدام لە دەرەوەی دیمەشـــقە. لامان ڕوون بوو گۆڕانکارییەک روویداوە و ڕێککەوتنەکە لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق ڕەتکراوەتەوە، بەڵام ڕەوشـتی دیپلۆمـاســـی وای پێویســـــت دەکرد بێنە هۆتێل و دوای لێبووردن لە واژوونەکردنی ڕێککەوتنەکە بکەن. ئەوجا وەزیر و ڕاوێژکارەکەی لەســـــر ســـــنووری لوبنان ماڵئاواییان لێکردم تا هەمان ڕۆژ بگەڕێمەوە بەغدا.

دیدار لەگەڵ سێ سەرۆکوەزارانی تورک:

بەردەوامیی کێشـەی دابەسـکردنی ئاوی فورات لەنێوانهەرسـێ وڵاتی تورکیا و سـوریا و عێراق و نیەتی تورکان لە دروستکردنی چەند بەنداوێکی پێشتریٰ باسمان کرد و، هەر لە مەودای بەردەوامیی کێشەی رووباری فورات چەندین جار سەردانی تورکیام کرد و چاوم بە چەند ین سەرۆک حکوومەتی ئەویٰ کەوت.

بوڵەند ئەجاوید:

بەڕێز بوڵەند ئەجاوید سـەرۆکی حیزبی گەلی کۆماری بوو"جمهورییەت خەڵک پارتسـی"، ئەو پـارتە جەمـاوەرێکی زۆری هەبوو، بەتـایبەت لەو جێیـانەی زۆرینەی خەڵکەکەی تورکبوون. ئەوەش ئەوحیزبە بوو کە عیسمەت ئینۆنۆ کاتی خۆی دروسـتی کردبوو و، تا ئەوکاتەی لە دەسـەڵات مایەوە هەتا سـوپا بە سـەرکردایەتیی سـەرۆک کەنعان ئیڤیرین کودەتای بەسەردا کرد.
ئیوارەکەی گەیشتمە ئەنکەرە و جاهید بەگی وەزیری وزە لە پێشـوازیمدابوو، کە سـەر بە گەلی "لاز"ی بـاکووری تورکیـایە. بەیـانیی ڕۆژی دواتریٰ لەگەڵم هـاتە دیـداری بوڵەنـد ئەجاویدی سەرۆکوەزیران.
بوڵەند ئەجاوید خاوەن ڕۆشـنبیرییەکی خۆرئاواییە و، جەماوەرێکی باشـی لە تورکیا هەیە، دیدارەکەم ڕێکەوتی داگیرکردنی بەشی باکووری دوورگەی قوبروسی کرد کە کەمینەیەکی تورکی لیٰ نیشـــتەجێیە و ســـوپای تورکیا ئەودەمی داگیری کردبوو. وادیاربوو عێراق، لەکاتی داگیرکردنەکەدا، بە بەنزین و ڕۆنی فڕۆکە هاریکاریی تورکیای کردبوو و، منیش ئاگام لەوەی نەبوو. جا وەزیری دەرەوە ئامادەی دیدارەکە بوو و تێبینییەکی لەســـەر کاغەزێک نووســـی و تێیداداوای لە ســـەرۆکوەزیران کردبوو ســـوپاســـێک ئاراســـتەی حکوومەتی عێراق بکا چونکە ســـەدهەزار گالۆن بەنزینی فڕۆکەی دابووە تورکیا. منیش لەبەرئەوەی زمانی تورکیم دەزانی زانیم چ نووســـراوە و، هەر بەڕاســـتییش منەتباریی حکوومەتی تورکیی بەرامبەر ئەو یارمەتییە دەربڕی.
تێبینیی ئەوەم کرد ســـەرۆکوەزیران دڵخۆشـــی و نیگەرانیی پێکەوە بە ڕووانەوە دیارە. دوای بەخێرهێنانم باســـی پاســـاوەکانی داگیرکردنی قوبروســـی کرد و باســـی ئەوەی کرد چۆن قوبروسییە ڕۆمەکان کەمینە تورکەکەیان دەچەوساندەوە.

ویســــتم بخانم ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و بەخشـــینی ئۆتۆنۆمی بە کوردەکانی عێراق چ کاریگەرییەکی لەســـەری هەیە. جا دوای ســـوپاســـی دیدارەکە و میواندارییی باســـی حکوومەتی تورکیا، گوتم: ئێمە دژی هەر جۆرە چەوســـاندنەوەیەکی نەتەوەیی و بنەچەیی و ئـاییینین و لایەنگیری ئەوەین هەمووان بە ئـازادییەکی تەواوەوە بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناڵێین دەستتێوەردانی دەرەکی بۆ چارەسەری کێشەی هەردەوڵەتێک ڕەوایە. لە عێراق کێشەی کورد هەبوو و، کوردەکان، چەندین ســاڵبوو، تووشــی چەوســاندنەوە و ســەرکوتکردن و زوڵم ببوون، نارەزاییشـیان بەرانبەر بەو چەوساندنەوەیە بە هەڵمەتی سەربازی وەڵامدرایەوە، بەڵام حکوومەتی ئێستا درکی بە کرۆکی کێشـــەکە کرد، کە کوردەکان نەتەوەی دووەمی عێراقن، بەڵام لە هەموو مافە نەتەوەییە ڕەوایەکانیان بێبەشـــن. ئیدی، لەو جێیانەی ئەوان زۆرینەن، دانی بە مافە رۆشنبیری و بەڕێوەبەرییەکانیاندا نا و، دانی بەوەسدا نا کە لە هەموو بوارەکاندا هاوسانی برا عەرەبەکانیانن و ئێستا کورد لە حکوومەتی ناوەندی بەشدارن.
ئەجاوید ویســـتی خۆ لە بابەتەکەی پشـــتڕێکا و هەر ئەوەندەی گوت: ئەوە مەســـەلەکی ناوخۆی عێراقە و، حکوومەتی عێراق خۆی بڕیاردەدا چۆنی مامەلە لەگەڵ دەکا، بەڵام ئێمە دژی چارەســـەری ئەو کێشـــانە نیین. نەمویســـت پتر بچمە ناو ئەو بابەتەی لە بەرنامەی ســـەردانەکەم نەبوو، وەک باوەگۆیەکی ئەوەی دان بە کاری ســـەربازیدا نانێین ، گوتی: ئێمەش حەزمان لێ نییە ســـوپای تورکیا ڕۆڵێکی لەوەی پتر لە ســـیاســـەتدا بگێڕێ کە دەســـتوور بۆی داناوە، بۆیە دەمانەوێ ســـپا بە زووترین کات بکشـــێنینەوە و ئەو بارە دارایییەمان لەکۆڵبێتەوە کە ئەو کارە سەربازییە بەملیدا هێناوین.
ئەوجا چوومە ناو کرۆکی ئەو بابەتەی بۆی هاتبووم و، ئەویش بەردانەوەی هەندێ ئاوی بەنداوی کیبان بوو تا پێویستییەکانی وەرزی هاوینی عێراقی پێ دەستەبەر بێ. سەبارەت بەوەی ســـووســـەیەکی بۆ وەزیری وزە کرد، بەڵام "بەڕێز کووکمـان"ی بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئابووریی وەزارەتی دەرەوەی لەوێ بوو، نارەزایی دەربڕی و، روونیکردەوە ولات پێویستی بە بەرهەمهێنانی وە هەیە تا خەرجیی بنیاتنانی بەنداوەکە بدا و قیستەکانی قەرزی بانکی نێودەوڵەتییش بداتەوە.
ئەوجا باسی پەیوەندیی برادەرایەتی و هاوکاریی نێوان تورکیا و عێراقی کرد وگوتی نابێ پەیوەندیی ئەو دوو دەوڵەتە بە دەوڵەتانی دیکەوە ببێتە کۆســـپێک لەبەردەم بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییە کۆنانە. گوتم: بەڕێز ســـەرۆکی وەزیران، عێراق لایەنێک بوو لە پەیمانی ناوەندی"پەیمانی بەغدا"و هەندێ هاوکاریی ســەربازی و ئابووریی دەریە، بەڵام وەک بلقی ســەرئاوبوون و هەر زوو وندەبوون و هیچ شـوێنەوارێکی باشـیشـیان لەســەر ئابووریی

عێراق بەجێ نەدەهێشــت. ڕاســتییەکەیشــی، ئەو بارەی لەبەر بەشــداریی لەو پەیمانەدا دەکەوتە سەرشانی زۆر لەو سوودانە پتربوون کە لێی دەستدەکەوت، ئەرێ تورکیا سوود لە ئەندامێتیی پەیمانی ســەنتۆ و باکووری ئەتڵەســی وەردەگرێ؟ بە زمانی توریی باشــی دەزانم قســەم لەگەڵ دەکرد، ســاتێک کڕبوو و ئەوجا گوتی: بەڕێز تاڵەبانی، تورکیاتان پێ چییە، ئێمە عێراق نیین کە ژمارەی دانیشتووانی دە ملیۆنە و سەروسامانێکی زۆری هەیە و بە پارەی گرانیش کە داهاتی نەوت دەستی دەکەوێ، ژمارەی دانیشتووانی تورکیا خۆی لە چل ملیۆن دەدا و هیچ داهاتێکیشــی نییە، مەگەر ئەو ملیۆن ســەربازەی بەکرێ دراوەتە پەیمانی ســـەنتۆ و باکووری ئەتڵەســـی و، "٦٠٠" کرێکاری بەکرێ دراونەتە ئەڵمانیای خۆرئاوا و لەو دوو جێیەی هەندێ دۆلار مارکمان دەســـتدەکەوێ تا ئەوەی پێ بکڕین کە سکمان تێردەکا، ئەگەر بارودۆخمان وەک بارودۆخی عێراق بووایە، ئێمەش سیاســەتێکی دیکەی جودا لەوەی ئێستامان پەیڕەو دەکرد.

گوتم: دەوڵەتی ســـەرۆک، عێراق، هەتا مافەکانی خۆی لەچنگی کۆمپانیاکانی نەوت دەرنەهێنا، ئەو داهاتەی نەبوو. حکوومەتی عێراقش، لەوەتەی دەســـەڵاتی وەرگرتووە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمپانیاکانی نەوت. سیاسەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆ و پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوبەشی گرتووەتەبەر و، وەک خۆپارێزییەکیش بۆ بەرگریکردنی کۆمپانیاکان دەستی بە هاوکاریی یەکێتیی سۆڤیەت و بنیاتنان و پەرەپێدانی پیشەسازیی ناوخۆ کردووە و، نەوتیس لە باشــووری عێراق وەبەردێنێ، کە لێیشــی ڕوون بوو باری ســیاســی و ئابووریی پتەوە کۆمپانیاکانی نەوتی خۆماڵی کرد. گوتی: ئەگەر گەلێکی وەک گەلی عێراقم هەبووایە، کە بەدەم بـانگێشـــتی کوومەتەوە هــات و "٢٥٪"ی مووچەی فەرمانبەران وکرێکارانی بۆ ســـەرخســـتنی کاری خۆماڵیکردن پێشــکەش کرد، ئەوا منیش بەشـــێوەیەکی دی دەجووڵامەوە. گوتم: لە کـاری خۆمـاڵیکردنـدا گەلی عێراق پشـــتی حکوومەتەکەی خۆی گرت. چونکە حکوومەت، لە خۆماڵیکردنی کۆمپانیاکانی نەوتدا، بەدەم داوای شـــێلگیرانەیگەلی عێراقییەوە هـات. ئەگەر حکوومەت داوای هەر قوربانیەکی دیی لەگەڵ بکردایە تا وڵاتێکی دی داگیر بکا، گەل بە هەموو هێزی بەروویدا رادەوەســتا، گەلی عێراق دەزانی خۆمـاڵیکردن خێروبێرێکی فراوان و گشـــتگیری بۆ وڵات هەیە، بۆیە ئامادەبوو قوربانیی گەورەتر و زۆرتریش بدا. گوتی: ئێمەس پەیوەندیی ســـیاســـی و ئابووریی باسمان لەگەڵ یەکێتیی سـۆڤیەتدا هەیە و، پرۆژەی پیشـەسـازیی گەورەیشمان هەی کە بە هاوکاریی سۆڤیەت دامەزراون.

ئەوجا هاتە ســەر بابەتی تایبەت، پرسـیی داخوا ســەربە هەمان خانەوادەی شـێخ ڕەزای تـالەبـانیم؟ گوتم: بەڵێ ئەو مـامی بـاوکمە. گوتی: شـــاعیریکی گەورەیە. گوتم: یەک لە

نەوەکانی، لە کچەکەیەوە، لە تورکیا دەژی و تورکە. پرســـیاریی کرد، گوتم: "محەممەد راسـخ"ی شـاعیری تورکی بە بنەجە کەرکووکی، کە خاڵی دایکمە، یەک لە کچەکانی شـێخ ڕەزای تاڵەبانیی خواسـتووە و ئەویش"ڕابیعە خانم"ە و کوڕێکی لێی هەیە و ناوی "عومەر ئۆز تورکمەن"ە و ئێستا لە ئەنکەرەیە. ئەو زانیاریی لەسەر "محەممەد ڕاسخ"یش هەبوو. ئەوجا لە وەزیری وزەی دووپاتکردەوە، تا ســـەبارەت بە توانای بەردانەوەی ئەو ئاوەی عێراق پێویستیەتی، کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کارمەندە هونەرییەکانی بەنداوی کیبان بکا، بەو مەرجەی ســـووریا بەڵێن بدا گلی ناداتەوە و لە کلکەی بەنداوی تەبقە بەریدەداتەوە. سوپاسی ئەو گرنگی پێدان و ئەو دیدارەیم کرد.

پرۆفیسۆر سەعدی ئێرماک:

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی تورکی کرا، هیچکام لە دوو حیزبە سەرەکییەکە، حیزبی گەلیی کۆماریی بوڵەند ئەجاوید سەرۆکایەتیی دەکا و حیزبی عەدالەی سلێمان دەمیریل سەرۆکایەتیی دەکا، زۆرینەیەکی گەورەیان نەهێنا، دەبووایە ئەنجوومەن لەو خولەیدا سەرۆکی کۆمار هەڵبژێرێ، ئەگەرچی دەستووری تورکی ئەنجوومەن ناچار ناکا سەرۆکی کۆمار لەناو ئەوانە هەڵبژێرێ کە سەرۆکایەتیی ئەکانی سوپایان کردبوو، بەڵام نەریتە دەستوورییەکان ئەوەی سەپاندبوو کە دەبێ سەرۆکی کۆمار لە گەورە سەرکردەکانی سوپا بێ، بەتایبەتییس ەرۆک ئەرکانەکانی سوپا. چونکە هەردوو حیزبەکەس ڕێکنەکەوتن یەک کاندیدیان بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار هەبێ و چونکە چەند کاندیدێکیش هەبوون ئیدی دەنگدانی ئەنجوومەن چەندجار دووبارەبووەوە بێ ئەوەی هیچ کام لە کاندیدەکان، بەپێی دەستووری تورکی، دوو لەسەر سێی دەنگەکان بەدەستبێنێ تا ببێتە سەرۆککۆمار. جا لەبەر ئەوە ڕێککەوتن حکوومەتێکی غەیرە حیزبی پێکبهێنرێ تا سەرپەرشتیی هەڵبژاردنێکی نوێی ئەنجوومەنی نیشتمانی بکا، تا سەرۆککۆمار هەڵبژێرێ و حکوومەت لەو حیزبە پێکبهێنێ کە زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانی ئەنجوومەن بەدەستدێنێ. ئیدی دەستنیشانکردنەکە کەوتە سەر پرۆفیسۆر سەعدی ئێرماکی سەرۆکی زانکۆی ئەنکەرە ، کە کەسایەتییەکی زانستی و کۆمەڵایەتیی بەڕێزی تورکیابوو. ئیرماک حکوومەتەکەی لە مامۆستایانی زانکۆی تایبەتمەند پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێلایەن لە مەودای شیش مانگدا.

بە فڕۆکەیەکی تورکی لەڕێی بەیرووتەوە چوومە ئەنکەرە، لە ڕێی چوونە ئەنکەرەیدا لە فڕۆکەخانەی ئەدەنە نیشتەوە. دیتم ژمارەیەکی زۆری بەرپرسی مەدەنی و سەربازی لەبەردەم جێی نیشتنەوەی فڕۆکەخانە وەستاون و دەڵێی لە پێشوازیی میوانێکدان. فڕۆکەکە نیشتەوەی وەرزەکەی زستان بوو و منیش پاڵتۆیەک لەبەر و کڵاوێکم لەسەربوو و جانتایەکی دەستیم بەدەستەوەبوو. لە پێشوایکەران تێپەڕیم و ئەوان خەریکبوون لە پلیکانەی فڕۆکە ڕادەمان، دڵنیابوون من میوانە چاوەڕوانکراوەکەم، کەسێک بەدوامدا رایکرد و بە بنزارێکی حارەبیی سوری دەیپرسی داخوا من وەزیرە عێراقییەکەم، بە بەڵێ وەڵامدایەوە. گوتی والی و بەرپرسەکانهاتوونەتە پێشوازیم و ئامادەی بۆ کردن بێن.

جا والی و بەرپرسانی ویلایەت و بەڕێوەبەری پۆلیس و بەڕێوەبەری دەرەک و سەرکردەی سەربازیی ویلایەت هاتنەپێش و بەخێرهاتنیان کردم. پێمگوتن من پێویستم بە تەرجومان نییە چونکە تورکی دەزانم، نزیکەی بیست دەقیقە لە هۆڵی ئەشرەفی فڕۆکەخانە دانیشتین و باسی ژیانی عێراق و تورکیامان کرد، لای پلیکانەی فڕۆکەکە ماڵئاواییان

لێکردم، شەوێ گەیشتمە ئەنکەرە و وەزیری وزە لەپێشوازیم بوو، کە دکتۆرێکی زانستە ئابوورییەکان بوو و مامۆستای زانکۆ بوو.
لە بەیانیی ڕۆژی دواترێ، لە نووسینگەکەی سەردانی وەزیرم کرد، ئیدی گفتوگۆی بەخێرهێنانی ئساییمان لە نێواندا کرا کە لەو بۆنانەدا هەر وایە، ئەوجا بەرەو سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بەڕێکەوتین و چوینە دیداری سەرۆکوەزیران.
پرۆفیسۆر
سەعدی ئێرماک پیاوێکی هێمنی ڕووخۆشەو لە دەیەی حەوتەمی تەمەنیدایەسەروقژ سپی، کە زانیی من بە تورکییەکی باش دەدوێمزۆر دڵخۆش بوو، جا لێیپرسیم داخوا من تورکیی عوسمانلی دەزانم یان تورکیی نوێ، وەزیری وزە پێیگوت من هەردوو زمانی کۆن و نوێ بەباشی دەزانم، ئەوجا قسەی بردەسەر پێویستیی چارەسەرکردنی کێشەی دابەشکردنی ئاو لەنێوان ئەو دەوڵەتانەی ڕووباری فوراتیان پێدا دەڕوا و ئەو دابەسکردنەس دەبێ دادپەروانە بی و بەپێی مافە بەدەستهاتووەکان بێ و بەگوێرە عورف و یاسای نێودەوڵەتی بێ. پرۆفیسۆر ئێرماک هاتە وەلام و گوتی حکوومەتەکەی حکوومەتێکی کاتییە و پەرلەمانی هەڵوەشاندووەتەوە تا هەڵبژاردنێکی نوێ بکرێ، ئەوجا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی دەداتە ئەنجوومەن و ئەندامانی وەزارەت دەچنەوە سەرکاری زانستیی خۆیان لە زانکۆکان. هەر ڕێککەوتنێکیش هەر حکوومەتیک بیکا، دەبێ بەپێی دەستور ئەنجوومەنی نیستمانی ڕەزامەندیی لەسەر بدا، ئەوەش وادەکا حکوومەتەکەی نەتوانی هیچ ڕێککەوتنێکی لەوجۆرە بکا و، گوتی: ئێمە تا مانگی حوزیران دەمینینەوە، لەو ماوەیەی لە دەسەلاتداین ئامادەین هەموو داواکارییەکانی وەرزی داهاتووتان جێبەجێ بکەین، ئەوجا کارەکە بۆ حکوومەتی دادێ بەجێدێلین کە ئەنجوومەنی نیستمانی پێکیدێنێ.
پێش سەفەری تورکیا، تەها یاسین ڕەمەزانی وەزیری پیشەسازی ڕایسپاردم داوا لە سەرۆکوەزیران بکەم لە وەزارەتی بازرگانیی تورکیای دووپاتکاتەوە گرێبەستێکی، بۆ بڕە دارێکی تورکی کرابوو تا بدرێتە کارگەی شقارتەی عێراقی، جێبەجێ بکا، گوتم: دەوڵەتی سەرۆکوەزیران تکایەکی تایبەتم لێتان هەیە. گوتی: فەرموون بە سوپاسەوە. جا داوایەکەی وەزیری پیشەسازیی عێراقم پێگوت، گوێدانی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و پەیوەندیی بە وەزیری تتایبەتمەند کرد و داوای لێتکردخێرا گرێبەستەکە جێبەجێ بکا.ئەو ڕووی لەمن کرد و گوتی: منیش داوایەکی تایبەتیم لە گەورەییتان هەیە. گوتم: زۆر بە خۆشحاڵییەوە. گوتی: لەجیاتیی من سەردانی سەردانی ئیمامی هەرەمەزن ئەبو حەنیفە بکەن. گوتم:بە سوپاسەوە ئەوەی دەکەم، بەلام من بەناوی حکوومەتی عێراقییەوە ڕوو لە گەورەییتان دەکەم و داواتان لێدەکەم سەردانی عێراق بکەن و میوانی بژاردەی ئێمەبن وئیدی بواری

ئەوەتان دەبێ سەردانی هەموو شوێنە پیرۆزەکان و جێگە شوێنەوارییەکان بکەن و لەگەڵ سەرۆککۆمار و جێگرەکەیشی لە بەغدا یەکتر ببینن. گوتی: ئەگەر خودا ئەوەم بە قسمەت بکا. گوتم: داوەتەکە لەرووی پرۆتۆکۆڵییەوە بە شـــێوەیەکی فەرمی لەلایەن ســـەدام حوسێنی هاوپایەتان جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە دووپات دەکرێتەوە و لەڕێی وەزارەتی دەرەوەســـەوە بەدەســـتتان دەگا. گوتی: ئەگەر هەتا دوای هەڵبژاردن بمێنم ئەوا بە خۆشـــحاڵییەوە داوەکە قبووڵ دەکەم. گوتم: بگرە ئەگەر لە دەسەڵاتیش نەمای ئەوا داوەتەکە هەر هەیە و، لەسەرئاستی سەرۆکوەزیران پێشوازیتان لێ دەکرێ، زۆر سوپاسی کردم و بەڵێنی قبووڵکردنی داوەتەکەی دا.

کە گەڕامەوە بەغدا بیرۆکەکەم بۆ سەدام حوسێن باسکرد و، ئەویش پێی باسبوو و گوتی: ئێمە داوەتەکە لەڕێی وەزارەتی دەرەوەرا دووپات دەکەینەوە. منیش ئامادەم ، ئەگەر لە ســەرۆکایەتیی وەزیرانیش نەمێنێ، چۆنت وادە پێداوە ئاوا پێشــوازیی بکەم. بەڕاســتییش، دوای ئەوەی لە سەرۆکایەتیی وەزارەت دەرچوو سەردانی عێراقی کرد و سەدام حوسێن لە فرۆکەخانە پێشوازیی لێکرد و بووە میوانی دەستەبژێری حکوومەتی عێراقی.

وەزیری وزە، ئێوارەی هەمان ڕۆژ، خوانێکی شـێوخواردنی بۆ ڕێزلێنانی من لە هۆتێلێکی گەشتیاریی دەرەوەیئەنکەرە ئامادەکردبوو و پرسیی داوا لاریم لەوەی نییە نەرمین خانمی وەزیری ڕۆشـنبیرییش داوەت بکا، گوتم: ســەرباری ئەوەی کە نایناســم بەڵام بێگومان لاریم لەوەی نییە داوەتی بکەی. گوتی: چۆن نایناســن، کە ئەو ئێوە باس دەناسـێ. گوتم: کێیە؟ گوتی: خانەوادەی نیزامەدین بەگی نەفتچین. گوتم؛ بەو مەرجەی نیزام بەگیشــی لەگەڵ داوەت بکەی، چونکە خزممە و هاوڕێ پۆلمە. ئێوارە گەیستمە دیداریان و ژمارەیەک وەزیری دیکەسم دیت کە هەموویان مامۆستای زانکۆبوون.

دیدارێکی دیکە لەگەڵ بوڵەند ئەجاوید و سەرکردەکانی حیزبەکەی:

مەحمود عەلی داودی باڵیۆزی عێراق ئێوارە خوانێکی لە باڵیۆزخانەی عێراق بۆ بەڕێز بوڵەند ئەجاوید و سەرکردەکانی حیزبەکەی ئامادەکردبوو. تکاا لێکردم منیش بچمم بیانبینم، منیش داوەتەکەم قبوولکرد. باڵیۆز پێیوابوو پارتی گەلی کۆماری هەڵبژاردن بە زۆرینەی ڕەها دەباتەوە و لە چەند مانگی پاشتریش دەتوانێ لەجێی حکوومەتەکەی سەعد ئەرماک حکوومەتی تورکی پێکبهێنێ، جا دەیویست لە ئێستارا پەیوەندیی برادەرایەتیی لەگەڵ پتەو بکا.
لەگەڵ بوڵەند ئەجاوید و جێگرەکەی و سەرکدەکانی حیزبەکەی یەکدیمان دیت و لەسەر کاروبارەکانی دنیا و ناوچەکە و پەیوەندیی عێراقو تورکیاش قسەمان کرد. ئەجاوید گوتی ئێمە دڵنیاین، بەتەنیا یان لەگەڵ هەنێ حیزبی بچووک، دەتوانین حکوومەت پێکبهێنین. هەر لەئێستاشڕا پێوەینە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتە عارەبییەکان پتەو بکەین وبەتایبەتیش عێراق. بەنیازیشین پرۆژەی هەندێ هاوبەش لەنێوان خۆمان و عێراق و ئەڵمانیای یەکگرتوو دامەزرێنین. گوتم: باشە بۆ ئەڵمانیای یەککرتوو؟ گوتی: ئێوە سەرمایەی پێویستی ئەو جۆرە پرۆژانەتان هەیە، بەڵام پێویستتان بە شارەزایی هونەرییە و ئێمەش بە سای ئەو هەزاران کرێکار و هەنەرییانەی لە کارگە و کارخانەکانی ئەڵمانیا کاریانکردووە ئەو شارەزاییەمان هەیە، بەڵام هەردوولامان ئەو تەکنیکە نوێیەمان نییە کە ئەڵمانیا هەیەتی. گوتم: ئێمە ئیستیعمارمان لە دەرگاوە دەرکرد و، قوربانییەکی زۆرمان دا، لێناگەڕێین لە پەنجەرەیرا بێتەوە. ئێستا، تەکنیک وەک هەر کاڵایەکی دی لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێ و، کە کارگە و کارخانەیان لێ دەکڕین ئەوان، برە پارەیەکی دیکەی گواستنەوەی کریکا و پسپۆڕەعێراقییەکان لەگەڵ بیانییەکان دەخەنە سەر بەها و نرخی ئامێر و کەرەستەکان و، جا لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، تا عێراقییەکان بتوانن پرۆژەکە بەگەڕ بخەن و بنۆرەی بکەن، ڕاهێنانیان پێ دەکرێ.

کردنەوەی بەنداوی کیبان و سێیەم دیدار لەگەڵ ئەجاوید:

حکوومەتی تورکی لە ١٩٧٤ داوەتنامەیەکی بۆ حکوومەتی عێراقی هەنارد تا ساندێک بۆ ئاهەنگی کردنەوەی بەنداوی کیبان بنێرێ کە دەکەویتە ویلایەتی دیاربەکری "ئامەد" کوردی. حکوومەت، دکتۆر عیزەت مستەفای ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش و وەزیری تەندروستیی هەڵبژارد. ئیدی تەگەرەکانی بەردەم گەیشتنە ڕێککەوتنێکی دابەسکردنی ئاویمان تاوتوی کرد و دیتمان یەک لە تەگەرەکان"کوکمان"ی بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئابووریی وەزارەتی دەرەوەیە. عیزەت مستەفا لەگەڵ سەدام حوسێنی ڕێککەوت هەندێ دیاریی بدەنێ تا بەلای خۆمانیدا ڕاکێشین. ئیدی قوتوویکی پڕ خشڵی زێڕی هێنا ، تا ئەگەر هەلێک پەیدابوو پێشکەشی بکا.

لە ڕۆژی بڕیاردراو، لە فڕۆکەخانەی موسەنا، سواری فڕۆکەی سەرۆکایەتی بووین و ڕوومان لە ئەنکەرە کرد. لە فڕۆکەخانەی ئەنکەرە، جێگری سەرۆکی وەزیران و وەزیری وزەی حکوومەتەکەی ئەجاوید پێشوازیی لێ کردین و، ڕۆژی دواترێ بە فڕۆکەیەکی تورکی ئێمەیان بردە فڕۆکەخانەی ئەدەنە و لەوێشڕا بە ئۆتۆمۆبیل بەرەو دیاربەکر و ئەوجا قەڵاتییە و دوایەش سەر بەنداوەکە لە کیبان. لە ڕێگا دەستە دەستە خەڵکمان دەدیت بە پاس و لۆری و بەپێیش دەبردرانە جێی ئاهەنگەکە و دروشم و نیشانەی پارتی گەلی کۆمارییان هەڵگرتبوو، بەلام زۆربەیان بە جلوبەرگی پەلاس و جەستەی لاوازیان، هەژارییان پێوە دیاربوو.

لە شوێنی ئاهەنگی نزیک بەنداوەکە، کورسیی داوەتکراوان ڕێکخرابوو و سەکۆیەکیش بۆ خوێندنەوەی وتار داندرابوو. ژمارەیەکی زۆری پۆلیس و دەرەکیش پاسەوانیی جێیەکەیان دەکرد و بەخۆ و بە موتورخەی دەستیانەوە هەزارانیان دابڕیبوو کە ئەرزوحاڵێکی سکالا یان کێشەیەکیان بەدەستەوەبوو و نەیاندەتوانی بگەنە دەسەڵاتە باڵاکان. ئاخر ئەوان، تەنیا ڕۆژانی هەڵبژاردنێ کە بۆ دەنگ لێ وەرگرتنێکی دەیبردنە سەر کورسیی دەسەڵات، ئەو بەرپرسانەیان دەدیت، ئیدی دیتبوویان هەڵەکە هەڵکەوتووە تا ڕاستەوخۆ داوایەکانیان بدەنە سەرۆکوەزیران، کەچی پۆلیس زۆر بە دڵڕەقی لە جێیەکەی دووردەخستنەوە و تەنانەت دەموچاوی هەندێکیان، ئەو کاتەی هەوڵیاندا لە سەرۆک وەزیران نزیکببنەوە و ئەرزوحاڵەکەی بدەنێ، خوێنیشی لێێ دەچۆڕا، ئەو کارەش لەو دۆخەدا ئەجاویدی سەرمەندە کرد و خۆی هەستایەوە تا دەیان ئەرزوحاڵیان لێ وەرگری و بیداتە دەست یاوەرەکانی.

کە ئەجاوید دانیشت،

لای ڕاستی سەرۆک ئەرکانی سوپابوو و لای چەپیشی سەرکردەی هێزی ئاسمانی بوو. دوو کورسییەکەی ئەو تەنیشت و ئەو تەنیشتیان بۆ من و دکتۆر عیزەت مستەفا دەندرابوو و، ئەوجا سەرکردەکانی دیکەی دەوڵەت و حیزب و سوپا و لە پشتیشمانەوە داوەتکراوەکان. ئەجاوید داوای لە دوو سەرکردە سوپاییەکە کرد جێیەکانیان لەگەڵ ئێمە بگۆڕنەوە تا لەتەنیشتی دانیشین و ئەوانیش وایان کرد. چونکە لەگەڵ ئەجاوید پێشتریێ یەکدیمان دەناسی و تورکیشم دەزانی، ئیدی من قسەم دەکردو تەرجومەشم بۆ ئەو و دکتۆر عیزەت مستەفا دەکرد.

ئەجاوید هەستا و وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا سوپاسی برادەرانی تورکیای کرد، ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیای یەککگرتوو، سوپاسی بانکی نێودەوڵەتییشی کرد بۆ ئەو یارمەتییە بەنرخەی لە خەرجی و بنیاتنانی بەنداوەکە پێشکەشیان کردبوو. ئەوەشی بە گرنگترین دەسکەوتی حیزبەکەی و حکوومەتەکەی دانا پێشکەشی گەل کرابێ. ئەوجا وەزیری وزە وتەیەکی پێشکەش کرد و باسی گرنگیی بەنداوەکەی لەرووی ئابوورییەوە کرد، نەخاسمە لە دەستەبەرکردنی قزەی کارەبای تورکیا زۆری پێویست پێیەتی و شوێنەواری ئەو وزەیەس لەسەر پەرەپێدانی پیشەسازی و کشتوکاڵ لە تورکیا. ئەوجا ئاهەنگە هونەرییەکە دەستی پێکرد، چونکە بەنداوەکەس لە ناوچەیەکی کوردی بوو، دوو تیپی شاییی دوو سایییان بە جلی کوردیی ئاسایییەوە پێشکەش کرد و جلەکانیان "شال و شەپک"بوون و جلی ژنەکانیش کوردیی بە نەخشو نیگار بوون و، شاییەکەیان بە سایی و سەمای کوردی و لەسەر ڕیتم و ئاوازی دەهۆڵ و زورنا دەکرد. بە ئاوازە کوردییەکانیان و جلەبەرگ و مۆسیقایەکەیانڕا دیاربوو کوردن. بەڵام من لە ئەجاویدم پرسی: بەڕێز سەرۆک وەزیران.....ئەو جلوبەرگانە جلوبەرگی فۆلکلۆریی تورکینە؟ گوتی: نا، ئەوانە جلوبەرگی ناوخۆن، بەڵام ڕازی نەبوو بڵێ جلوبەرگی کوردییە. سەرۆکی ئەرکانی سوپا گوتی ڕات بەرانبەر وتەکەی سەرۆکوەزیران چییە. گوتم: باشبوو، هەر وڵاتێکیش پەیوەندیی خۆی هەیەو خۆی ئەو پەیوەندییانە هەڵەبژێرێ. بەڵام ئێمە لە عێراق ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیای یەککگرتوو بە دۆست دانانێین بەڵکو بە نەیاریان لە قەڵەم دەدەین و، گەل نیو سەدە خەباتی کردووە تا لەدەستیان دەربازبێ.

کە ئێوارە دەگەڕاینەوە ئەنکەرە ، "کوکمان" تا فڕۆکەخانە لەگەڵمان هات و، لە ڕێگا گوتی: ئێوە سەردانی وڵاتەکەتان کردین، بەڵام سەرتان لە ماڵێکی تورکی نەدا، من داواتان لێدەکەم سەرێک لە ماڵەکەم بدەن کە لەسەر ڕێمانە. ڕازیبووین و جانتایەکەی دکتۆر عیزەتیش ئەو خشڵانەی تێدا بوو کە هێنابوونی و، لە ماڵەکەیدا پێشکەشی ژنەکەی و

کچەکەیمان کرد، ماڵەکەش ڕێکخراو و پاک بوو و دەتگوت دەزانن میوانیان دێ. کووکمان ڕووی دەمی لە ژنەکەی کرد و گوتی: ئەوڕۆ ئاهەنگی جەژنی هاوســـەریمانە و مێردیش لەو بۆنەیەیدا دیارییەک پێشـــکەشـــی ژنەکەی دەکا، بەلام من لەو میوانانەم ئازیزتر نەدۆزییەوە تا پێشکەشی تۆیان بکەم. هیوادارم وەک بە بەهاترین دیاری قبووڵیان بکەی. ژنەکەی گوتی: مایەی خۆشـــحاڵی و بەختەوەریمە کە میوانی ئازیز ســـەردانمان بکەن و، قەتیش ئەو دیارییە بەنرخە لەیاد ناکەم. ئەوجا دکتۆر عیزەت هەســـتایەوە و منتیش تەرجومەم بۆ دەکرد، داوای لێبووردنی لە ژنەی کرد چونکە ئێمە ســـەرقاڵمان کردبوو و ئەو بۆنەیەمان لەبیربردبووەوە و بۆی نەڕیخســـابوو دیارییەکی بێنێ. ەئەرکی خۆمانی دەزانین بەو بۆنەیەوە ئەو دیارییەی پێشـکەش بکەین. ئیدی خشـڵەکانی **پێشـکەش** کرد و، ژنەکە و کچەکە خەریکبوو لە خۆشـــیان بفڕن، لەکاتێکدا "کوکمان"ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، بەلام ســـوپاســـیشـــی کردین و گوتی: ئەوە زۆرە، ئێمە بەو بۆنەیەوە دیارییەکی ڕەمزی پێشـــکەش دەکەین. گوتمان:ڕەنگە ئەو بۆنەیە هەلێکی تەمەن بێ و دووبارە نەبێتەوە تا دیاریی تێدا پێشکەش بکەین، با ئەوە پێشەکیی دۆستایەتیی خێزانە بەڕێزەکەتان بێ. ئەوجا گەڕاینەوە هۆتێل و لەوێشرا بۆ فڕۆکەخانە و گەڕانەوە بەغدا.

لەڕێی گەڕانەوە بەغدامان ڕووداوێکی خۆشمان بەسەرهات، هەرکە هاتینەوە ناو ئاسمانی عێراق فڕۆکەوانەکە پێیگوتین لە پشـــکنینی دەزگای ڕاگرتنی فڕۆکەکە بۆی دەرکەوتووە لەکار کەوتووە، بۆیە ڕەنگە نەتوانێ لەجێی نیشـــتنەوەی فڕۆکەخانەی موســـەنا ڕایگرێ چونکە گۆڕەکەی کورتە، بۆیە دەبێ لە فڕۆکەخانەی نێودەولەتی بنیشێتەوە، کە پرسیشمان داخوا دەتوانێ لەســـەر جێی نیشـــتنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بنیشـــێتەوە؟، گوتی: هەوڵدەدەم، گوتمان: ئەدی ئەگەر نەوەســـتا؟ گوتی: نازانم چ ڕوودەدا، ڕەنگە فڕۆکەکە لە ڕێڕەوەکە بچێتەدرێ و خۆی بە بینـایە دادا. جـا دکتۆر عیزەت ســـەرێکی بـادا و بە ســـاردییەکەوە گوتی:باســـە بە بەڕێوەبەریی فڕۆکەخانە بڵێ با ئاگرکوژێنەوە و ئەمبولانس ئـامـادەکەن و حـاڵەتی نکـاوی لە فڕۆکەخـانە ڕاگەیەنن و فڕۆکە و ئۆتۆمۆبیـل لە ڕێی نیشـــتنەوە دوورخەنەوە. جا بەردەوام لە ئاســـمانی بەغدا دەخولایەوە. دیتمان دەیان ئۆتۆمۆبیلی ئاگەکوژێنەوە و ئەمبولانس و دەیان دکتۆر و برینپێچ و هاوڕێ وەزیرەکانمان بە نیگەرانییەوە جاوەڕێمان دەکەن و، ئێمەس بەســـەر ســـەریانەوە دەفڕین و چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیار دەکەین، بەلام لەسەرەخۆ و ئارام بووین، نزیکەی بیست خولەک لە ئاســـمانی بەغدا ســـووراینەوە، ئەوجا فڕۆکەکە لە جێی نیشـــتنەوە نزیکبووەوە، کە تایەی فڕۆکەکە لە زەویی نیشـــتنەوەی دا و هێدیهێدی هێواش بووەوە و هەســـتمان کرد دەزگای ڕاگرتنەکە بە شێوەیەکی ئاسایی کاردەکا و ئەوجا فڕۆکەک ڕاوەستا و هێشتا مەو دایەکی

دریژشـــمان مابوو بگەینە کۆتیی جێی ڕاوەســـتانێ و کە فڕۆکەکە بەرەو هۆڵی پێشـــوازی پێچی کردەوە، ئۆتۆمۆبیل و دەیان بەرپرس و پزیشـــــک و بەرپرســــــانی فڕۆکەخانە بە هەڵەداوان هاتن پیرۆزبایی بەسەلامەتی گەیشتنەوە و نیشتنەوەمان لێ بکەن.

لەگەڵ سلێمان دیمیریل:

ئەو وەزارەتانەی پارتی گەلی کۆماری پێکیدەهێنان جێگیر نەبوون، چونکە پشتی بە زۆرینەی پەرلەمانیی حیزب قایم نەبوو، ئیدی ناچاردەبوو تا پازدەکورسیی دی لەگەل کورسییەکانی خۆی لێکدا، لەگەڵ دوو حیزبی بچووکی وەک حیزبی" سەلامەتیی وەتەنی" کە حیزبێکی ئیینیی دەمارگیر بوو و "نەجمەدین ئەربەکان " سەرۆکایەتیی دەکرد و حیزبەکە لە بەرنامەی خۆیدا داوای دەکرد دەستووری تورکی بکرێتەوە دەستوورێکی پابەندی شەریعەتی ئیسلامی بێ و ڕژێمی تورکی دەست لەو عەلمانییەتە بەردا کە کەماڵ ئەتاتورک بناغەکانی دامەزراند، هەرچی حیزبەکەی دیکە بوو "حیزبی "نیشتمانی دایک" بوو و "تۆرگۆت ئۆزال سەرۆکایەتیی دەکرد و لەو حیزبە زیدەڕۆیە قەومییانە بوون کە باوەڕیان بە تۆرانیزم هەبوو.

وەزارەتەکەی ئەجاوید لەگەڵ جەمەعاتەکەی ئەربەکان هاوپەیمان بوون و، خودی ئەربەکانیش جێگری سەرۆکوەزیران بوو وتۆرگۆت ئۆزالیش وەزیری کشتوکاڵ بوو. بەڵام هاوپەیمانیی ئەو حیزبە شلۆق بوو، هەوڵی لێکێشانەوەی دەدا"ابتزاز" تا یەک لە دوو حیزبە سەرەکییەکە بتوانن حکوومەت پێکبێنن و، زۆرجارانیش ئەو دوو حیزبە لەنێوان پارتی"عەدالە" و "شەعبی کۆماری" هاتوچۆیان بوو. لە دەنگدانێکی متمانە بەخشین بە وەزارەتەکری ئەجاوید،نوێنەرەکانی ئەو حیزبە متمانەی خۆیان بە حکوومەت کێشایەوە، ئەوەش وایکرد ناچاربێ دەست لە کار بکێشێتەوە. ئەوجا سەرۆککۆمار سەرۆکی حیزبی"عەداله"ی راسپارد وەزارەت پێکبێنێ، جا سلێمان دیمیریل لەگەڵحیزبی"سەلامەی وەتەنی" و "نیشتمانی دایک" ڕێککەوت تا حکوومەتێکی ئیئتیلافی پێکبێنێ و لەو حکوومەتە نوێیەدا هەردوو سەرۆکی ئەو حیزبانە بوونە جێگری سەرۆکوەزیران و ژمارەیەک سەرکردەیشییان بوونە وەزیر.

دەبووایە سەفەری تورکیا بکەم و داوا لە حکوومەتی نوێ بکەم دوای بەگەڕخستنی بەنداوی کیهانی زیانی لە بەرژەوەندییەکانی عێراق دەدا هاوکاریمان بکەن. پێش سەفەری منیش، هەریەک لە ڕەئوف دەنکتاشی سەرۆکی تایەفەی تورکی لە قوبروس وقەشە ماکاریۆسی سەرۆککۆماری قوبروس سەردانی عێراقیان کردبوو و مەکاریۆس وەک سەرۆکی کۆمار بە فەرمی پێشوازیی لێکرابوو و هەرچی دەنکتاشیشە تانیا حیسابی کەسایەتئیەکی سیاسیی بۆ کرابوو، جا تورکەکان قینیان لەو کارەی هەستابوو. کە ڕوخسەتی سەفەرم لە سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر وەرگرت، گوتی: دەمانویست وەزیری دەرەوە رەوانەی تورکیا بکەین تا تێڕوانینی ئێمە سەبارەت بە کێشەی قوبروسو هەڵوێستمان بەرانبەر حکوومەتی قوبروس ڕوونکاتەوە. بەڵام کە تۆ هەر سەردانی تورکیا

دەکەی و بەدڵنیاییەوە ســـەرۆکوەزیران دەبینی، وردەکارییەکانی کێشـــەی قوبروس و سیاسەتی حکوومەتی ئێمەش بەرانبەر کێشەکە دەزانی، ئیدی سیاسەتی ئێمەیان بە باشی بۆ باس بکەن و با دەراویان ڕوون بێ.
کە گەیشـتمە ئەنکەرە، سـەلاحەدین قلیجی وەزیری وزە لە فڕۆکەخانە لە پێشـوازیم بوو؛ ئەو ئەندازیارێکی شـارستانی بوو و پلە بەپلە لە فەرمانە هونەرییەکان و پێگە حیزبییەکان ســەرکەوتبوو تا گەیشـــتبووە ئەو پۆســـتە. ئێوارەکەیە لە وەزارەتیوزە کۆبووینەوە تا تێڕوانینان دەربارەی کێشـــەی پڕکردنی ئەســـتێلکەکان پرســـوڕا بکەین. تورکیا خۆی لە عێراق نزیکدەکردەوە چونکە بانکی نێودەوڵەتی خەرجیدانی بەنداوی قەرەقایای ســـەر فوراتی بە ڕەزامەندیی عێراقەوە بەستابۆوە. لەکاتی دیدارەکە پێیگوتم سبەی بەیانییەکەی، کۆبوونەوەیەکی گرنگی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێ تا بڕیار لەســـەر دواڕۆژی بنکە ئەمریکییەکانی ناو خاکی تورکیای ســـەر تخووبی یەکێتیی ســـۆڤیەت بدەن کە ژمارەیان "٢٢" بنکەیە و، سەرۆک وەزیرانیش سەعات هەستی بەیانی لە ماڵەکەی خۆیدا بۆ چێشت چاوەڕیم دەکا.
ســەعات هەشــت، بە یاوەریی ســەلاحەدین قلیج چوومە ماڵی دەمیریلی ســەرۆکوەزیران، "ئیحســـان ســـەبری جغلیانکل"ی وەزیری دەرەوەش لەوێبوو و پیاوێکی پیری لە بنجڕا ئەفســـەری پۆلیس بوو، تا ئێســـتاس زمانی تورکی هەر بە پیتی عارەبی دەنووســـێ و لەسەرشێوازی عوسمانلیی کۆن. کەسیکیشم لەوی دیت گوتیان تەرجومانە، کە پرسیاریم کرد، ســـەلاحەدین پێیگوتم خەڵکی کەرکووکە. جا بە ســـەرۆکوەزیرانم گوت پێویســـتم بە تەرجومان نییە، چونکە من بە تورکی قسەیان لەگەڵ دەکەم، ئیدی بەڕێیان کرد.
دەمیریل، لەســـەر خوانی نانی بەیانی بەخێرهاتنی کردم و داوای لێبووردنیشـــی لێ کردم جونکە لەبەر ئەو کۆبوونەوە نائاســـاییەی ئەنجوومنی وەزیرانی ڕەنگە درێژە بکێشـــێ، ناتوانێ ئەوڕۆ لە نووســـینگەکەی پێشـــوازیم لێ بکا. کە قســـەش هاتە ســـەرڕێککەوتنی دابەســـکردنی ئاوی فورات، گوتی: ئێمە ئامادەین هەموو داوایەکانی عێراق جێبەجێ بکەین و من ســـەلاحەدین قلیجی وەزیری وزەم دەســـتکراوە کردووە تا لەو بارەیە لەگەڵتان ڕێکبکەوێ. بەڵام دەربارەی ڕێککەوتنی دابەشـــکردنی هەمیشـــەیی ئاوی فورات، ئەوا ئەو ڕێککەوتنە دەکەویتە دوای چارەکە ســـەدەیەک، چونکە تورکیا پێش بنیاتنانی هەردوو بەنداوی قەرەقایا و قەرەبابا ناتوانێ کشـتوکاڵەکەی بەرفراوان بکا و، بەپێی دەســـتووری تورکیش ئەنجوومەنی نیســـتمانی لایەنی تایبەتمەندی بڕیاردانی ڕێککەوتنانە، زۆریش ئەستەمە بۆ هەر حکوومەتێک ئەنجوومەن ڕازیکا بە ڕێککەوتنێک ڕازیبێ کە پەیوەندیی بە نەوەیەکی دیی دوای نەوەی ئێمەوە هەیە. ئەوجا پرســـیی داخوا عێراق بۆ بە بنیاتنانی

بەنداوی قەرەقایا رازی نییە کە تەنیا بەنداوێکی بەرهەمهێنانی وزەیە. گوتم: ئێمە لە داواکارییەکانمان پشت بە دوو شتان دەبەستین، یەکەمیان مافی بەدەستهاتووی دابینکردنی ئاو بۆ ئەو زەوییانەی ئێستا دادەچێندرێن، بپێی عورفی نێودەوڵەتی، نابێ کشتوکاڵتان لەسەر حیسابی کەمکردنەوەی کشتوکاڵی ئێمە بێ. گەلێ بڕیاریش سەبارەت بە ڕووباری هاوبەش لە دادگای دادی نێودەوڵەتی هەیە، یان وەک ەو بڕیارانە پێشتر دراون وەڕووباری 'نیل'ی لەنێوان چەندین دەوڵەت هاوبەشە.
ئەوجا بابەتی قوبروسم کردەوە و گوتم: چەند ڕۆژێک پێش ئێستا ڕەئوف دەنکتاسی سەرۆکی تایەفەی تورکی قوبروس سەردانیعێراقی کرد. دوای ئەویش سەرۆک مەکاریۆس سەردانی عێراقی کرد، ڕەنگە، سەبارەت بە مەغزای ئەو دوو سەردانە، پرسیار لای دۆستە تورکەکانمان دروستبێ؛ دەمیریل بە تووڕەییەوە گوتی: ئێمە سەرمان لەوەی سوڕما چۆن عێراق پێشوازی لە مەکاریۆس دەکا؟ دیسان قسەکەم پێ بڕی و گوتم: چەند هەفتەیە پێش ئێستا، محەممەد ڕەزا پەهلەویی شای ئێران سەردانی تورکیای کرد، دەوڵەتداری سەرۆکوەزیرانیش دەزانێ پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران شلوقیی تێکەوتووە، بەڵام ئێمە سەرمان لەوەی سوڕنەما چۆن تورکیا پێشوازی لە شای دەکا، ئەوەش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: تورکیا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و خۆی بڕیاردەدا پێشوازی لەم یا لەو دەکا. دووەمیان: پەیوەندیی دۆستایەتیی پتەوی نێوان ئێمە و تورکیا متمانەی ئەوەمان لا دروستدەکا کە تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنێکی دی دژی بەرژەوەندییەکانی عێراق بەکارناهێنێ.
هەستی بەو تەنگەتاوییە کرد کە تێکەوتبوو، جا بەداوای لێبووردنەوە قسەی پێ بڕیمو گوتی:داوای لێبووردن دەکەم ڕەنگە نەمتوانیبێ بە وردی گوزارشت بکەم.عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و خۆی بە تەواوی ئازادییەوە بڕیاری سیاسەتی خۆی دەدات ، بەڵام ئێمە مەکاریۆس بە سەرۆکی قوبروس نازانین. گووتم: ئێمە بە سەرۆکی قوبروسی دادەنێین چونکە نە ئێمە هەڵمانبژاردووە و نە ئێوە، بەڵکو گەلی قوبروس هەڵیبژاردووە. کە متمانەیشی لێ دەستێنێتەوە یەکێکی دی هەڵدەبژێرێ، ئەودەمی وەک سەرۆکی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکەین. گوتی: لەسەردەمی مەکاریۆس تورکەکان زۆر دەچەوسێنرانەوە. گوتم: ئێمە دژی ئەوەین هەر دەوڵەتێک هەر گەلێک یان کەمینەیەک بچەوسێنێتەوە، ڕەنگە ئێمە کێشەیەکی ئاڵۆزمان هەبێ، ئەویش کێشەی کوردە، کوردەکان بەدرێژایی چەندینساڵ و لە سایەی حکوومەتەکانی پێشتری دەچەوسانەوە ، تووشی هەلمەتی سەرکوتکردنی سەربازی دەبوون، ڕادەگوێزران و دەگیران و لە سێدارە دەدران.

پرۆژەی نۆکەندی سەرسار:

هەریەک لە سووریا و تورکیا، لەسەر ڕوباری فورات، بەجیددی دەستیان بە دروستکردنی بەنداو و کۆگەی ئاوان کرد. سوریا توانیی سالێک پێش وادەی بڕیاردراو "بەنداوی تەبەقە" دروست بکا و، تورکیاس سالێک لە دروستکردنی بەنداوی کیپانی ویلایەتی دیاربەکر دواکەوت. ئەوەش وایکرد لە هاوینی هەمان ساڵدا دەست بە پڕکردنی هەردوو کۆگەی ئاوەکە بکرێ. تورکیا پلانی ژمارەیەک بەنداوی دیکەی لەسەر ڕووباری فورات دانابوو، وەک "قەرەقایا" و "قەرە بابا_ بەنداوی ئەتاتورک". ئەو بەنداوانەشی بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و ئاودانی رووبەرێکی فراوانی ناوچەی ماردین- سویرچک بوو کە لە "۸۰۰هەزار هێکتار پتربوو- هەر هێکتارێکیش چوار دۆنمە". ئەوەش مانای خەرجکردنی پتر لە سێیەکی سامانی ئاوی زێی فوراتە و سەرباری ڕووبەرە فراوانەکانی سوریاش.

کێشەی ئەودەمی کاتێک دەستیپێکرد کە بێ ئەوەی لەگەڵ عێراق ڕێککەون و خشتەیەکی زەمەنیی پڕکردنی کۆگەکانی ئاو وەها دابندرێ زیان بەو کشتوکاڵانە نەگەیەنێ لە عێراق لەسەر دۆڵی زێی فورات کراون.

سۆڤێتییەکان سەرپەرشتیی دروستکردنی بەنداوی تەبەقەی سووریایان دەکرد و خەرجییان بۆ دابین دەکرد وتورکیاش پارەی ئەوەی نەبوو بەنداوی دیکە دروست بکا. چونکە عێراقیش ئەندامی بانکی نێودەوڵەتی بوو و دەسەڵاتی تێیدا هەبوو. ئیدی بە بانکی ناوبراوی ڕاگەیاندبوو ڕازی نییە هیچ بڕە پارەیەک بۆ بنیاتنانی بەنداو بەقەرز بدرێتە تورکیا. بۆیە تورکیا ئامادەیی خۆنیشاندا بڕە ئاوی پێویست بۆ عێراق بنێرێ تا ئەو ئاستەنگانەی لە دروستکردنی بەنداوان پەیدا دەبێ تێپەڕێنێ. بەڵام نە تورکیا و نە سووریاش دانیان بەو مافە مێژووییە بەدەستهاتووانەدا نەدەنا کە عێراق لە ئاوی فوراتدا هەیبوو. پەڵپ و بیانووی تورکیا ئەوەبوو کە هەر ڕێککەوتنێکی دابەشکردنی ئاو پێویستی بە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورە هەیە" پەرلەمان". ئەو ئەنجوومەنەش ڕەزامەندی لەسەر ڕێککەوتنێک نادا کە پەیوەستی چارەکە سەدەیەک دواتر بێ. هەرچی سووریایە بیانگەی ئەوەبوو کە عێراق ئاوێکی زۆری لە ڕووباری دیجلە هەیە و سوریا کشتوکاڵی سەر زێی فورات فراوان دەکا و عێراق دەتوانێ بچێتە سەر دەشتی دیجلە.

لە بەرانبەر ئەو مەترسییانەی چاویان لە کشتوکاڵ و خزمەتگوزارییە مرۆییەکانی دانیشتووانی سەر زێی فورات زەقکردبووەوە، لەوانەش شاری گەورەی وەک "عانە و راوە و حیللە و کەربەلا و نەجەف و دیوانییە و ناسرییە" و ڕووبەرێکی زۆری مەرەزەی لێ دەکرا و ناوچەیەکی فرانی کرابووە بێستان، عێراق بیری لەوەی کردەوە لەسەر هەردوو ڕێچکە بڕاو تا بەردەوامیی کشتوکاڵ لەو ڕووبەرانەی ناویان هات بپارێزێ؛

یەکەمیان بڕێک لە ئاوی دیجلە بدرێتە فورات، ئەوەش بە لێدانی نۆکەندێکی گەورەی دریاچەی سەرساری دەستکردی، کە ئاوی دیجلەی دەجووەسەرێ، بە فوراتەوە دەبەستەوە و پێیدەڵێن نۆکەندی سەرسار و دەیتوانی لە چرکەیەکدا "١١٠٠" مەتر سێجا ئاو لە دەریاچەی سەرسارەوە ڕەت بکا کە دوای دەریاچەی دەستکردی"سەد ئەلعالی"ی میسر گەورەتری دەریاچەی دەستکردە و، ٨٥ ملیار مەتر سێجا ئاوی تێدایە و، دەتوانرێ نۆکەندێکی دیکەش لەو دەریاچەیەوە بکرێتەوە بۆ سەر دیجلە خۆی و بۆ ماوەی کەم ئاوی بەکاربهێنرێ.

ڕێگای دووەمیش ئەوەبوو لەگەڵ تورکیا و سوریا لسەر دابەسکردنێکی دادپەروەرانەی ئاوی فورات ڕێککەوێ.

کە پۆستی وەزیری ئاودێری درایە من، دەبوایە بەو ڕێیەی سەرەوەدا بڕۆم کە باسکرا. کە لە چۆنیەتیی هەڵکەندنی نۆکەندی سەرسار- فوراتی پارەیەکی زۆری دەویست، کۆڵرایەوە، لە کاتێکدا عێراق، لەبەر ئەو کێشانەی لەگەڵ ئەو کۆمپانیا نەوتییانەی هەبوو کە لەعێراقدا کاریان دەکرد و، دەکرانە سەر گەلی کورد، بەر ئەو هەڵمەتە سەربازییە سەرکوتکردنانەی دە لە تەنگدەستییەکی دارایی درێژخایەندابوو. عیزەت دووریی ئەوکاتە بەرپرسی "عەمەل شەعبی" بوو، پێشنیاری کرد نۆکەندەکە بە کاری هەرەوەزی"عەمەل شەعبی" لێبدرێ و ملیۆنان کەس بەشداریی تێدا بکەن، بەلام ئەو پێشنیارە ساویلکانە بوو، بیری لە حەواندنەوە و ناندانی ئەو ملیۆنان خەلکە نەکردبووەوە و، دیاریس نەبوو جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە چەند ی پێ دەچێ، لە ڕۆژانی کۆتایی جێبەجێکردنی جێبەجێکردنی پرۆژەکە، کە خۆمان بۆ ئاهەنگی جێبەجێکردنی پرۆژەکە و کردنەوەی ئامادە دەکرد، داوەتی عیزەت دووریم کرد، کە ئەودەمی وەزیری ناوخۆ بوو و، سەرۆکی ئەنجوومەنی کشتوکاڵیی باڵاش بوو، تا سەردانی پرۆژەکە بکا و سەیری ئەو کارانە بکا کە کراون. پرسیارم لێکرد ئەگەر بە کاری هەرەوەزی ئەو نۆکەندەت لێدابا چەند ی پێ دەچوو؟ گوتی: هەزار ساڵ.

بنیاتنانی پرۆژەکە بە هاوکاریی حکوومەتی یەکێتیی سۆڤیەت جێبەجێ کرا، کە قەرزێکی بۆ بنیاتنانی پرۆژەکە پێشکەش کرد. یەکێتی سیڤیەت بە هەموو ڕێیەک لە هەوڵی ئەوەیدا بوو کێشەی توند لە نێوان عێراق و سوریا روونەدا. ئاوی فوراتیش یەک لە هۆیەکانی کێشەی نێوانیان بوو. وەک دابی ئەوکاتیش، تێچووی بنیاتنانی پرۆژەکە بە "١٠٠"ملیۆن دیناری عێراقی خەملێندرا و هەر دینارێکیش"٣،٣" دۆلار بوو. بەڵام ڕێککەوتن لەگەڵ سۆڤیەت کرا قەرزەکەی لە شێوەی ئامێر و مەکینەی پێویستی لێدانی نۆکەندەکە بێ و بەشداریی ژمارەیەکی گونجاوی پسپۆڕی سۆڤیەتیی بوارە جیاوازەکانی ئەو کارە، بەو

مەرجەی عێراق خەرجییە نـاوخۆییە پێویسـتەکـان بگرێتە ئەسـتۆ. بەڵام من لەگەڵ سۆڤیەتییەکان هاوڕابووم کە دەکرێ ئەو پرۆژەیە بە دامەزراندنی دامەزراوێکی تایبەتمەند بە هاوکاریی نێوان پسپۆرە عێراقییەکان و سۆڤیەتییەکان جێبەجێ بکرێ.
پرۆژەکە لە مـاوەیەکی پێوانەیی جێبەجێ کرا کە سـێ سـاڵ بوو. وەکچۆن تێچووی پرۆژەکەش دابەزی و تەنیا ٣٥ ملیۆن دیناری تێچوو. ئەوەش دەریدەخا حێراق چەندی زەرەر دەکرد ئەگەر پرۆژەکانی لەڕێی کۆمپانیا بیانییەکانەوە جێبەجی بکردایە.
لە کـاتی کردنەوەی پرۆژەکەدا "نفۆفیکۆف"ی جێگری سـەرۆکوەزیرانی سـۆڤیەت، بە سـەرۆکایەتیی شـاندێک لە ئاهەنگەکە ئامادەبوو. وەک ڕێزێک بۆ هەوڵ و ماندووبوونی پسپۆرە سۆڤیەتییەکان، سەرۆکی پسپۆڕەکان میداڵی ڕافیدەینی پلە دووی جۆری مەدەنیی درایە و، بەڕێوەبەری گشـتیی دامەزراوەکەش ، بەڕێز محەممەد حەبوبی هەمان میداڵی درایە و پسـپۆڕ و ئەندازیارە عێراقییەکانیش میداڵی ئاڵایان درایە و پشـکنەرەکانی پرۆژەکەش خەڵاتێکی داراییان درایە کە کۆی مووچەی ساڵێکیان بوو.

لەگەڵ باباجان غەفورۆڤی ئەکادیمی و بەدەستهێنانی دکتۆرا:

باباجان غەفورۆڤ، کەسایەتییەکی زانستی و کۆمەڵایەتیی ناسراوی یەکێتیی سۆڤیەتە و ئەو خەڵکی کۆماری تاجیکستانە. لە ساڵانی دوای شەڕێ و بۆ بە خێرایی سەرپێخستنەوەی ئابووریی سۆشیالیستی، پۆستی سەرۆکوەزیرانی ئەو کۆمارەی وەرگرتبوو و، ئەو لە خۆرهەڵاتناسە ناسراوەکانە. لە میهرەجانی هەزارساڵەی شاری بەغدا بەشداریی کرد و لێکۆڵینەوەیەکی پڕبەهایسەبارەت بە پەیوەندییە سیاسی و ڕۆحییەکانی گەلانی ئاسیای ناوەڕاستی لەگەڵ بەغدای پایەختی خەلافەتی عەباسییەوە پێشکەش کرد. دواترێ کرایە سەرۆکی پەمانگای خۆرهەڵاتناسیی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکان لە یەکێتیی سۆڤیەتی لە مۆسکۆ بوو و،پەیمانگاش لەوێ بەرانبەر کۆلێژە یان زانکۆ کە کۆمەڵێ زانستی لێ دەخوێندرێ، جا ەو پەیمانگایە گرنگی بە لێکۆڵینەوە خۆرهەڵاتییەکان دەدا و بەشی ئاداب و مێژوو و ئابووریی تێدایە.

لە ١٩٧٠، کە لەسەرداوەتی یەکێتیی کۆمەڵەکانی دۆستایەتی و پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان لەگەڵ گەلانی بیانیدا سەردانی یەکێتیی سۆڤیەتم کردبوو، لە بەرنامەی سەردانەکەمدا بوو سەرێک لە پیمانگای خۆرهەڵاتناسی بدەم. سەردانی پەیمانگایەکەم کرد و لەوێ باباجان غەفورۆڤی سەرۆکی پەیمانگایەکە چاوەڕێی دەکردم؛ باباجان پیاوێکی کورتەباڵای تێکسمراوی ڕەشتاڵەیە و شەپرە لە هەردوو پەلی لای چەپی داوە، بەڵام ئەوە ڕێی لە نیڵەی زیرەکی و چالاکییە زانستییە ئەکادیمییەکەی بواری خۆرهەڵاتناسیی نەگرتووە.

لە نووسینگەکەی پەیمانگای پێشوازیی لێکردم و بە فارسی قسەمان دەکرد و ناوەناوەس بە سایەی تەرجومانێکی ڕووسی و عارەبیی دەزانی. من هەندێ دانراو و لێکۆڵینەوەی خۆمم سەبارەت بە چاکسازیی کاشوکاڵیی عێراق لەگەڵ خۆم هێنابوو، وەک دیارییەک پێشکەشی کتێبخانەی پەیمانگام کردن. دوای ئەوەی کاروبا و چالاکییە زانستییەکانی پەیمانگامان تاوتوێ کرد، غەفورۆڤ گوتی: هاوڕێ تاڵەبانی، زۆر لێکۆڵەری وڵاتانی جیاجیا نامە و لێکۆڵینەوەیان دەربارەی عێراق پێشکەش کردووە. زۆربەیشییان ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەیان بۆ بیروڕایەکانیان کردووەتە پشتبەند کە ئێوە لە چالاکیی زانستی و کرداریتان لەبواری چاکسازیی کشتوکاڵی لە عێراق پێشکەشتان کردووە. ئەگەر ئارەزووس بکەن بێنە پەیمانگایەکەمان، کە ئەو بوارەشتان لەبەردەمدایە، ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەوڕۆ لەگەل خۆتت هێناون بۆ ئەوەی دەشێن ببنە نامەیەک و لێرە لەبەردەم دەستەی زانستیدا بەرگریی لێ بکەن.

پێشنیارەکەیم پێ ماقوول بوو، بەڵام لێکڵینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، بەپێی ئەو ئامار و دراوانەی بەردەوام لە گۆڕاندان، دەبێ هەمیشە نوێبکرێنەوە. گوتم : هاوڕێ گەفورۆڤ

بۆمن جێی شـــانازییە بێمە پەیمانگایەکەتان و ببمە هاوڵێکی خاکەڕای ئەو کۆمەڵە زانا ئەکادیمییە باڵایە.
بەڵام خۆتـان دەزانن لێکۆڵینەوەی زانســـتی، هەرچەنـدی ســـتی نوێی لێ بەدەرکەوێ، پێویســـتی بە نوێکردنەوە دەبێ. جـا ئەگەر ئەو لێکۆڵینەوەیەم وەک نـامەیەکی بەرانبەر ماستەری وڵاتی خۆمان لێ وەربگرن، ئەوا من ئامادەم نامەیەکی نوێی دکتۆرا ئامادە بکەم و لە مەودای دوو ســـاڵانیش ئامادە دەکرێ تا لەبەردەم ئەنجوومەنی زانســـتیدا گفتوگۆی لەســـەر بکرێ. غەفوورۆڤ هەســـتایەوە و کاغەز و قەڵەمێکی دامێ تا داوای وەرگرتنم لەو پەیمانگایە بنووســـم، بەو مەرجەی ئەو بڕوانامەی بەکالۆریۆســـەی لە کۆلێژی مافی بەغدا وەرمگرتووە بۆیان بنێرم و، داواشـی لێکردم لە دادێیەکی نزیکدا سـەرێکی دیکەی پەیمانگا بدەم تا ڕێوشـــوێنە یاســـایی و زانســـتییەکانی وەرگیرانم لە خوێندنی باڵا بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی"کاندیدات"ی بەرانبەر دکتۆرای فەلسەفەیە، تەواو بکەم.
دوای دوو مانگان ســـەفەری مۆســـکۆم کرد و ســـەردانی غەفوورۆڤی ئەکادیمیم کرد و بڕوانامەی پێویسـت و ناونیشـان و بەرنامەی ەو نامەیەشـم دایە کە بەتەبووم پێشکەشـی ببکەم و بەناونیشانی" چاکسازیی کشتوکاڵی و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان لە لادێی عێراقی" بوو. پەیمانگا، کۆتۆفسکیی پرۆفیسۆر ە سەرۆکی بەشی ئابووری و کۆتلۆڤی پرۆفیسۆر و سەرۆی بەشی مێژووی کردنە دوو سەرپەرشتیاری ئامادەکردنی نامەکە. دوای تاوتوێ لەگەڵیاندا و ڕێککەوتن لەســـەر پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە، گەڕامەوە بەغدا تا ســـەرچاوە و ئامار و زانیاریی نوێســـەبارەت بە بابەتی نامەکە کۆکەمەوە، کە لەبەر ســـەرقاڵیم بەو دانوســتانانەی سـەبارەت بە پێکهێنانی بەرەی نیشـتمانیی نێوان حەزبی شـیوعی و حیزبی بەعس کران، کارەکەم دوو ســـاڵی خایاند و لە ١٥ی ئایاری ١٩٧٢ ئەرکی وەزارەتی ئاودێریم درایە و ئەوەش وایکرد نەتوانم نامەکە، وەک ئەوەی بەڵێنم بە مامۆستاغەفورۆڤ دابوو، لەکاتی خۆیدا تەواو بکەم. کە ســـەردانیم کرد گوتم: ئەو قوتـابییە تەوەزەلەتـان نەیتوانی بەڵێنەکەی سـەبارەت بە ئامادەکردنی نامەکە بەجێ بهێنێ، جا داوا دەکا ماوەکەی تۆزیک بۆ درێژکەنەوە. گوتی: بەپێچوانەوە، من شـــانازی بەو قوتـابییەمەوە دەکەم کە چالاکانە بەشـــداریی لە پیادەکردنی ئەرکێکی جوامێرانە و گەورە کردووە و، ئەویس بەرەی نیســـتمانیی وڵاتەکەیەتی و، ئێمە کاری نوێی لە وەرگرتنی ئەرکی وەزارەتی بەرز دەنرخێنین. بەڵێنم دایە کە نامەکە لە ماوەیەکدا تەواو بکەم کە ئەوپەڕەکەی کۆتایی ١٩٧٢ بێ. ئەوجارەیان بەڵێنەکەمم بردەســـەری و، نامەکەم بە زمانی عارەبی و پوختەیەکیش بە زمانی رووسی پێشکەش کرد و تا دابەشی سەر دەستە زانستییەکانی بکەن.

له ۱۹۷۳، که لەسـەردانێکی کۆماری کازاخسـتان بووم، برووسـکەیەکم له پەیمانگای خۆرهەڵاتناسییەوە بۆ هات و داوای دەکرد له پەیمانگا ئامادەبم تا گفتوگۆ لەسەر نامەکەم بکەم، غەفورۆڤیش له پەیمـانگـا نەبوو. بەئەرکێکی زانسـتی چووبووە ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا. لەکـاتی دیـاریکراوی گفتوگۆدا جەمـاوەرێکی زۆری قوتـابییە عێراقییەکانی خوێندنی باڵا ئامادەبوون وەکچۆن پاشـکۆیی ڕۆشـنبیریی باڵیۆزخانەی عێراقی و فازڵ بەڕاکی پاشـکۆی سـەربازییش هاتبوو. له هۆڵێکی دیکەی پایمانگاش کۆبوونەوەی دەسـتەی سـەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی ئاشـتیی جیهانی دەکرا. ئەوانیش هەر هاتنە گفتەگۆیەکە و لەناویشـیاندا مامۆسـتا عەزیز شـەریفی جێگری سـەرۆکی ئەنجوومەنەکە و، کریشـن مینۆنی وەزیری دەرەوەی پێشـتریی هیندسـتان و خانمە مامۆستایەکی زانکۆی هۆڵەندا و کەسانی دیکەش. لیژنەی گفتوگۆ سێزدە مامۆستا بوون؛ حەوتیان زمـانی عـارەبییـان دەزانی و نـامەکەش بە زمـانی عـارەبی بوو، جـا ئیڤـانۆڤـا، خاتوونی دکتۆر، قسـەکانی له عارەبیڕا دەکردە ڕووسـی و له رووسـیشـڕا دەیکردنە عارەبی، لیژنەکە دوای گفتوگۆ، بۆ چەند سـاتێ لەگەل خۆیان دانیشـتن و ئەوجا هاتنەوە ناو کۆبوونەوەکە تا ڕای خۆیان لەسەر نامەکە بدەن. یەک له ئەندااني لیژنەکە قبووڵکردنی نامەکەی بە کۆی ڕا ڕاگەیاند و گوتی باشـترین توێژینەوەیە لەسـەر ئەو بابەتە پێشـکەش کرابێ، چ لەناوەوە و چ لەدەرەوەی یەکێتیی سـۆڤیەت، بە هەوڵە زانسـتی و کردارییەکانی ئەو بوارەی منیدا هەڵدا و گوتیشـی پەیمانگا ئامادەیە بە ڕێککەوتن لەگەل من نامەکە چاپ بکا.

چەند مانگێک پێش کۆچی دوایی، نامەیەکی ناسـکی باباجان غەفورۆڤی ئەکادیمیم پێگەیی، تێیدا گوتبووی: سڵاوی بێگەردم بۆ تۆ و بۆ خانەوادە بەڕێزەکەت، هیوای تەندروستییەکی باش و بەختەوەری و هەموو سـەرکەوتنێکی بواری زانسـتی و کردەنیتان بۆ دەخوازم بۆ پەرەپێدانی زانست و ڕۆشنبیری و، پتەکردنی پەیوەندیی زانستیتان لەگەل خۆرهەڵاتناسە سۆڤیەتییەکان.

که یەکەمجار سەردانی غەفورۆڤم کرد هێشتا ژنم نەهێنابوو، چووە ژوورێکی دیکە و دوو یاریی لەدار دروسـتکراوی میللیی بۆ هینام و گوتی: دیارییە بۆ منداڵەکانت. گوتم:منداڵم نییە، چونکە هێشـتا ژنم نەهێناوە. گوتی: خۆ نابییە ڕەبەن! ژنێ هەر دێنی و منداڵیشـت دەبێ، جا پێیان بڵێ باباجانی مامتان ئەو دیارییانەی بۆ ناردوون. منیش تا ئێسـتا ئەو دیارییانەم هەڵگرتووە. بیرەوەرییەکانی ئەو زانا گەورە و خاکەڕایەی لەگەڵم دادەنیشـت و بە دەنگێکی لەسـەرەخۆی سـەنگین بە فارسـی قسـەی لەگەل دەکردم قەت له بیرەوەریم ناسڕێتەوە ، ناوە ناوە نامەکەی دەخوێنمەوە تا یادگارییەکانی نوێکەمەوە.

که بەشەکانی بەرایی نامەکەم دایە کۆتۆفسکیی مامۆستای سەرپەرشتیار، بەشی یەکەمی لەســـەر گەشـــەی مێژوویی موڵکداریی زەویوزار لە دۆڵی ڕافیدەین"مێزۆپۆتامیا" بوو، کۆتۆفســـکی تێبینییەکی لەبـارەوە دەربڕی و، ئـامۆژگـاریی کردم دوای فراوانکردن و پەرەپێدانی ئەو بەشـەی، بیکەمە نامەیەکی دیکە بۆ بڕوانامەی "دکتۆرای ناووک- دکتۆرای زانســتەکان" هەر لەو پەیمانگەیە. هەر بەڕاســتییش نامەیەکی دیکەم بۆ بەدەســتهێنانی ئەو بڕاوانامەیە پێشکەش کرد و ، بە تەقدیرێکی باڵا قبووڵکرا وبڕوانامەی دکتۆرای ناوکم لەو پەیمانگەیە وەرگرت.

دیدارێک لەگەڵ جێگری وەزیری دەرووەی سۆڤیەت و مشتومڕێکی گرنگ:

لە ١٩٧٤ سەردانێکی یەکێتیی سۆڤیەتم کرد. لەهۆتێل، لیخاچۆڤی بەرپرسی وڵاتانی خۆرئاوای ئەفریقیا ی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤێتیی، پەیوەندییەکی دۆاتایەتیی ئەودەمەمان هەبوو کە ئەو باڵیۆزی وڵاتەکەی بوو لە بەغدا، سەردانی کردم. ڕۆژی دواتریّ لە نووسینگەکەی لە وەزارەتی دەرەوە جوومەوە سەردانی. باسی بارودۆخی عێراقمان کرد و بەتایبەت کوردستان، باسی ئەو بەرپرسیارییە نوێیانەی خۆیشی بۆ کردم کە لە هەندێ وڵاتی دراوەتێ پێشتر هیچی لە بارەوە نەدەزانین. دۆخی کوردستانیس گرژبوو و پەیوەندیی نێوان عێراق و ئێرانیش گرژیی تێکەوتبوو و، کەستییە جەنگییەکانی ئێران بە شەتولعەرەبدا دەسوورانەوە و، تەق و تۆقیش لێرە و لەوێ لەگەل بارزانی پەیدا ببوو. حکوومەتی عێراق ڕەخنەی لە هەڵوێستی سۆڤێتی هەبوو لەسەر ئەو ململانێیە، ئاخر سەرباری ئەوەی پایماننامەی دۆستایەتی و هاریکاری لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا هەبوو، دەقی ماددەیەکیشی دەیگوت ئەگەر وڵاتێکیان تووشی شەڕ بوو، یان کەوتە ژێر مەترسیی شەڕەوە، ئەوا بۆ کاری پێویست دەبێ پرسوڕا بە یەکدی بکەن.

لیخاچۆڤ پێیگوتم جێگری یەکەمی وەزیری دەرەوە زانیویەتی ئێوە لێرەن و، ئەویش پێیگوتووە سەردانی وەزارەتی دەرەوە دەکەم، گوتی ئەگەر لاریتان نەبێ ئارەزوو دەکا بتانبینێ. بە دیدارەکە رازیبوومئیدی بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کرد و پێکەوە چووینە نووسینگەکەی.

کوزینتسۆڤ بەخێرهاتنی کردم و ئەوجا گوتی: پێم باشبوو سوود لەوەی ببینم کە لە مۆسکۆی، تا دەربارەی ئەو گرژییە ترسناکەی لەسەر سنووری عێراق و ئێران دروستبووە و لە کوردستانیش هەیە، پرسورایەکی بکەین. چونکە تۆ کوردی و ئاگات لە وردەکاریی کێشەکە هەیە وسیاسییەکیشی ڕۆڵێکی چالاکت هەبووە لەوەی بارودۆخی وڵات، لەڕێی گفتوگۆوە، بەرەو کۆمەڵێ چارەسەری ناوخۆ ببەی. پێموایە ڕاگۆڕینەوەمان سوودی بۆ هەردوو وڵات دەبێ.

سەبارەت بە کێشەیەی لە ناوچەکەدا هەیە گوێمان لە هەندێ بەرپرسی وەزارەتی دەرەوەی عێراق بووە هەندێ ڕەخنەیان لە هەڵوێستی حکوومەتەکەمان هەیە. ئەوان ئاماژە بە پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاری دەکەن و دەپرسن ئەرێ سۆڤیەت چاوەڕێی چییە؟ چاوەڕێیە بمین و فاتیحە لەسەر گۆڕەکانمان بخوێنێ؟ ئەوان ئاماژە بەو ماددە تایبەتەی پرسورای نێوان هەردوو دەوڵەت دەکەن کە پەیوەستی مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕە،

بەلام ئەوان، پێش ئەوەی کێشە لە کوردستان دروست بکەن پرسوڕایان پێ نەکردین، تۆ بڵێی ئەو مادەیەلەو پەیماننامەیە هاتووە هەر بۆ یەک لایەن بێ!
ئێمە دەزانین بەرپرپاریی کێشـەنانەوە لە ئەسـتۆی ئێرانە، بەڵام نامانەوێ بە ڕاسـکاوی بڵێین: ئێران تۆ لەو بارگرژییە بەرپرسـیاری، جونکە ئێران ئەندامی هاوپەیمانیی ناوەندییە و پێگەیەکی ستراتیژیی بۆ ولاتەکەمان هەیە، ئێمە بەدروستکردنی پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ حکوومەتی شـای ئەو هاوپەیمانییەمان سـرکرد و، نەوت بە ئاگرداکردنیش نە لە بەرژەوەنـدیی ئێمەیە و نە لەبەرژەەنـدیی نـاوچەکەیە و، بیرمـان لە دۆزینەوەی ناوبژیوانییەک کردووەتەوە تا ململانێی نێوان عێراق و ئێران بە ئاشتی چارەسـەر بکەین.
ئیدی باسترین کەسمان بۆ ئەو بابەتە دەستنیشـان کردووە و ئەویش زاهیر سای شـای ئەفغانستانە، ئەو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ شای ئێرانی هەیە و، پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ عێراق هەیە و دۆستی ئێمەشە. بەڵام نامانەوێ ئەو ناوبژیوانی و هاوڕێکییەی نێوان عێراق و ئێران لەسەر حیسابی کوردەکانی عێراق بێ. داوامان لە مستەفا بارزانی کردووە، بۆ پرسـوڕای بابەتەکە، بێتە یەکێتیی سـۆڤیەت، هەموو دەسـتەبەرییەکیشـمان بۆئەوەی کردووە بە سەلامەتی لە کوردستان دەرچێ و بە سەلامەتییش بگەڕێتەوە کوردستان، جا لەرێی ئێران و ئەورووپاوە بێ، یا بەغدا- مۆسکۆ. ڕەزامەندیی حکوومەتی عێراقمان لەسەر ئەو بابەتە وەرگرتووە، بەڵام بارزانی، لەجیاتیی ئەوەی بێتە یەکێتیی سـۆڤیەت و لێرە جاوی بە بەرپرسـانی باڵا بکەوێ، سـاڵح یوسـفی و دارا تۆفیقی بۆ ناردووین، ئێمەش دەزانین ئەو دوو بەرپرسەی پارتی دیموکراتی کوردستان ناتوانن کێشیکان یەکلا بکەنەوە. ڕەنگە بڕیاریشیان لای بارزانی جێبەجێ نەکرێ و، ئەوان لێرە تەنیا جاویان بە بەرپرسانی حیزبیی لە ئاسـتی خۆیـان کەوتووە و نـاتوانن بڕیـاری بنەبڕ بـدەن. ئێمە ڕازیبووین پێشـوازی لە هەردوو کوڕەکەی بارزانی، ئیدریس و مەسـعود بکەین کە ڕەنگە قەناعەتی ئەوان لای بەڕێز مسـتەفا بارزانی سـەنگێکی هەبێ، بەڵام بارزانی رازی نەبوو سـەردانی ولاتەکەمان بکەن. ئەوجا باباجان غەفورۆڤی ئەکادیمیمان نار کە برادەرایەتییکی پتەوی لەگەڵ بارزانی هەیە، بەڵام نەیتوانی ڕازیی بکا، ئێسـتا دەمانەوێ ڕای ئێوە لەو بارەیەوە بزانین.
پێمگوت: ئێمە دەزانین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران حەزیان لە پێشـکەوتنێکی ئاشتییانەی ولاتەکەمان نییە و ناسیانەوێ دیموکراتییەت لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی عێراقدا بەرکەماڵ بێ. چارەسەری ئاستییانەی کێشەی کوردیش بەشێکە لەو وەرچەرخانە دیموکراتییە. ئێران پێویسـتی بە کوردەکانە، بەڵام پێویسـتی بەوەی نییە مافە نەتەوەیی ودیموکراتییەکانیـان بەدەسـتبێنن. ئەو پێویسـتی بەو کەسـانەیە کە دەبنە گرفتی

دەســـتەبەرکردنی ئەو مافانە، جونکە ترســـی لەوەی هەیە. یمە ســـاندێکی حیزبی شـــیوعی ســـەفەری کوردســـتانمان کرد و لە بنکەکەی کوردســـتانی دیدارێکی درێژمان لەگەڵمســـتەفا بـــارزانی کرد. گوتمـــان مـــادام تـــاوانـــای ئەوەی لەئـــارادایە مـــافە ڕەواکـــانی گەلی کورد لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا پیادەبکرێ، با پەنا بۆ چەک نەبا. بەڵام ئەو نەهاتەڕاێێ، پێدەچوو لەژێر فشاری شایدا بووبێ. ئێمە، وەک گوتتان، لەگەڵ چارەسەری کێشەکانی نێوان عێراق و ئێرانین، بەڵام بەو مەرجەی لەســـــەر حیســـــابی مافە ڕەوایەکانی کوردان نەبێ. منیش پێموایە زاهیر شـــــا، بۆ ئەو کارە، کەســـــێکی گونجاوە، بەڵام بەو مەرجەی لە بەراییڕا مافەکانی کورد لەبەرچاو بگرێ و، بارزانیش داوای دەســـــتەبەریی ئەوەی دەکا کوردەکان مـافەکانی خۆیان پیادەبکەن، چونکە متمانەی بەو دەســــــتەبەرییـانە نییە کە حکوومەتی عێراقی ڕایگەیانوون.

کۆزنتســـــۆف گوتی: بـارودۆخی نێو دەوڵەتی بەوجۆرە نییە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە ســـــەرپەرشـــتیی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە بکا کە تایبەتن مافی ئەو نەتەوانەی بە کاری ناوخۆی هەر دەوڵەتێک دادەندرێ.

گوتم: نەگبەتیی کوردان لەوەیدایە لەمێژە لەلایەن سێ حکوومەتەوە دەچەوسێندرینەوە و لەنێوان خۆیان دابەشـیان کردوون، لە هەموو دەوڵەتێکیش کێشـەکەیان بە کێشـەی ناوخۆ دادەندرێ، وەک ئەوەی ئاوها دابەسکردنیان لەسەر داوای خۆیان بووبێ. باشە بۆ کێشەی ڕەشـــپێســـتەکانی باشـــووری ئەفریقیا بە کێشـــەیەکی ناوخۆ دانانـدرێ؟ بەڵام تورکەکان کوردەکان کۆمەڵکوژ دەکەن و مافی ئەوەیشیان نادەنێ بە زمانی خۆیان قسە بکەن، کەچی بە کێشەیەکی ناوخۆ دادەندرێ.

گوتی: تا ئێســتش لەهەوڵی ئەوەین بارزانی ببینین و ســـەبارەت بە هەڵوێســـتمان بەرانبەر دۆخۆ ناوچەکە بەگشتی پرورِایەکی لەگەڵ بکەین.

شەڕی حکوومەت- کورد – شیوعی:

دوای سیاسەتی دوورکەوتنەوە و نێوانبڕیی نێوان حکوومەت و بزووتنەوەی کوردی و هەڵشەقاندنی پەنجەی بەکارهێنانی هێز، حیزبی سیوعی هەوڵیدا دەرووێک بۆ هەڵنەگیرسانی شەڕی نێوان بزووتنەوەی کورد و حکوومەت بدۆزیتەوە، دوو کۆبوونەوەمان لەگەل مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد تا رازییان بکەین بەوەی مادام هیوایەکی چارەسەرکردنی چەندین کێشە هەیە، با پەنا بۆ شەڕ نەبەن. شاندێک بە سەرۆکایەتیی عەزیز محەممەد و کەریم ئەحمەد داود و من پێکهێنرا و هەفتەیەک پێش دەستپێکردنی شەڕ جووینە کوردستان و لە بنکەکەی دیلمانێ لەگەل بارزانی کۆبووینەوە تا بیهێنینە رایێ کە گەلی کورد پێویستە بە پاڵپشتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی عێراقی ئۆتۆنۆمی وەرگرێ.
دوای گفتوگۆیەکی درێژ و دۆستا نە گەیشتینە ئەو رایەی بارزانی سوورە لەسەر ئەوەی جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵێکی دیکە دوابخرێ و، ئەوەش لەژێر فشاری شای ئێراندایە، جونکە سا لەوەی دەترسا جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی باسوور"عێراق" ببێتە هۆی راست بوونەوەیەکی گشتیی جەماوەری کوردی لە ئێران و داواکردنی ئۆتۆنۆمی. بەڕاستییش، بارزانی شاندێکی باڵای بە سەرۆکایەتیی ئیدریس بارزانیی کوڕی ڕەوانەی بەغدا کرد کە حەبیب محەممەد کەریمی سکرتێری پارتی تێیدابوو و لە بەغداس فوئاد عارفی لیوای خانەنشین و وەزیرە کوردەکان تێیدا بەشداربوون. کۆبوونەوەیەکی سێ لایەنی کرا و نوێنەری هەرسێ حیزبەکە تێیدا بەشداربوون حیزبی بەعس و پارتی و حیزبی شیوعی.
شاندی کوردی، بێ ئەوەی ڕوونکردنەوەی هەبێ یان وەڵامێکی ڕازیکەری پسیاری سەدام حوسێن بداتەوە بۆ دەیانەوێ جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمی دوابخەن، لەسەر ئارەزووی بارزانی داوای ساڵێک دواخستنی یاسای ئۆتۆنۆمییان کرد و، دوای پەرتەکردنی کۆبوونەوەکەش وەزیرە کوردەکان پۆستەکانی خۆیان بەجێهێشت و چوونەوە کوردستان ئەوەش نیشانەیەک نێوانبڕی و دەست بە شەڕکردنەوە بوو.
ئەگەرچی شیوعییەکان لەو دیدارەیاندا کە هەر پێش شەڕ دەستپێکردنەوە کرا و، هەردوو کوڕەکەی، بەڕێزان ئیدریس و مەسعود ئامادەی بوون، نەیانتوانی مەلا مستەفا بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕازیکەن، دوای ئەوەی خلیسکابووە پێگەکانی حکوومەتی شای ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەچی شیوعییەکان نیەتی ئەوەیان نەبوو چەکی لەدژی هەڵگرن و بگرە هەر خەریکی ئەوەش بوون فسار بخەنە

سەر حکوومەتی بەعس تا کێشەکە بە ئاشتییانە چارەسەر بکا. بەڵام بارزانی بێ ئەوەی بڵێ لەبەرچی، شـــاندێکی بە ســـەرۆکایەتیی ئیدریس بارزانیی کوڕی هەنارد و داوای دواخستنی جێبەجێکردنی یاسای ئۆتۆنۆمیی دەکرد، کەچی ئاشکرا دیاربوو کە حکوومەتی شـا و دەسـەڵاتی ئەمەریکا دژی ئەوەی بوون بارزانی لەگەڵ حکوومەت ڕێککەوێ و دژی ئەوەش بوون پارتی دیموکراتی کوردســـتان لە ئیئتیلافی حکوومیدا بمێنێتەوە و دژی دەسـتەبەرکردنی ئۆتۆنۆمییش بوون. بەڵام هەڵوێسـتی بارزانیی کە فەرمانی دابوو حیزبی شـیوعیتان لە هەر جێیەکدا دیت لێیاندەن، حیزبی شـیوعیی ناچارکرد بە هەمان شـێوازی بارزانی پێ لێیدان ئەوانیش بەرگری لەخۆیان بکەن. ئەو هەڵوێستەی دژی شیوعییەکانیش لەبەر ئەوەی نەبوو کە شـیوعییەکان ئەو خلیسکانە مەترسیدارەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیـان ڕەتـدەکردەوە، بەڵکو پـارتی دیموکراتی کوردســـتـان لە ١٩٧٢بەوەی ڕازی نەبووشـــیوعییەکان بەشـــداری لە حکوومەتدا بکەن، لەگەڵ ئەوەش پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە ١٩٧٠ڕا بە پێنج وەزیران لەو حکوومەتەیدا بەشدار بوو.

شـەڕەکە ئەوەندەی درێژە نەدایە، هەر خێرا ڕێککەوتنی جەزائیر لە ئازاری ١٩٧٥، لەنێوان عێراق و ئێران مۆرکرا.

بەڵام بۆ حکوومەتی عێراق ڕازیبوو دەســـت لە هەنـدێ خـاکی پڕ نەوت و نیوەی شەتولعەرەب بەردا؟ سەدام حوسێن ئەو کارەی بردەوە سەر کەمیی ئەو جبەخانەیەی لە یەکێتیی سـۆڤیەتڕا دەگەیشـتە دەسـتی. جارێکیان بەقسـەی خۆی ڕایگەیاندبوو کە بایی ئەوەندەیان جبەخانە نەمابوو شـەڕێکی درێژخایەنی پێ بکەن و، سـوپای عێراقیش لە هیچ شەڕێک هێزەکانی بارزانیی نەبەزاندبوو و، ئەو هێزانە زیانێکی زۆریان لێ نەکەوتبوو.

بارزانی هەستی بەوەی کرد لە سووچێک گەمارۆدراوە، ناتوانێ لە یەک کاتدا شەڕی دوو دەوڵەت بکا، برووســـکەیەکی بۆ بەغدا هەنارد و پێشـــنیاری ئەوەی کردبوو دەســـت بە دانوستانێکی نوێ بکرێتەوە، بەڵام دەسەڵاتەکانی عێراق ئەو داوایەیان ڕەتکردەوە.

ئیدی بارزانی، لە وتارەکەی ماڵئاوایی ژیانە پڕ خەبات و سـەرکەوتن و شکسـتەکەیدا، کە لە حاجی ئۆمەران پێشکەشی کرد و، هەرچیی هەیبوو پێشکەشی گەلەکەی کرد، ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاند و، گوتی با هەرکەسە و بچێتەوە ماڵەکەی خۆی، ئەوەی هەواداری منە با لەگەڵم بێتە ئێران، چونکە ئێمە لەوێ دەژیین، ئەوانەی لەگەڵیشـــم هاوڕانین با بفەرموون بڕۆن و بچنەوە بەغدا یان هەرجێیەکی خۆیان پێیان باشـــە، یان با داوای پەنابەری لە وڵاتێکی ئەورووپا بکەن. گوتی: من ئەرکم تەواوبوو.

دیدارێک لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی کۆماری هەنگاریای میللی:

لەســـەر داوەتی "دیکن"ی وەزیری ســامانە ئاوییەکانی کۆماری هەنگاریای میللی لە ١٩٧٥ چوومە هەنگاریا، لەو ماوەیەی لەوێ مامەوە چەندین پرۆژەی ســامانە ئاوییەکانم دیت، چ بەنداو و چ وێستگەی ئاو ناردن و چ تاقیگەی هایدرۆجینیی چارەســەر کردنی کێشــەکانی دەریاچەی باڵاتوونی بە داهاتێکی گەشتیاری و چارەسەریی گەورەی مەجەڕ دادەندرێ. لە زۆربەی ئەو گەڕانانەمدا دیکنم لەگەڵدابوو و، هەنگاریا چاوی لەوەی بوو قۆناغی بەرفراوانی موازەنەی"تا و تا کردن" ئاویی عێراقی بدرێتێ کە یەکێتیی ســۆڤیەت لێکۆڵینەوەی قۆناغی بەرایی کردبوو.

دوای گەڕان و ســـووڕانەکانی دیتنێ، ێوارێ دەچمە دیداری هاوڕێ "شــتوتگاڵ"ی ســەرۆکوەزیران. دیکن و خانمە تەرجومانەکەیشی لەگەڵم هاتن، کە بە ئینگلیزی و تورکی قسەی دەکرد و، بەڕێوەبەری نووسینگەکەی لە دەرگای دەرەوەی ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازیی لیکردین و جا وەژوورکەوتین و بەخێرهاتنی کردم و پرسیاری ئەوەی لێکردم داخوا مەجەڕم چۆن دیتووە و رام لەســـەر ئەو پرۆژانە چییە کە چوومەتە ســـەردانیان. وەهام وەڵامداوە کە ســـەرســـوڕماوی ڕێکخســـتنی کاروبارەکانی وەزارەتی ســامانە ئاوییەکانم و، بەتایبەت ڕێوشوێنەکانی خۆپاراستن لە مەترسیی لافاوی ڕووباری دانووبی دەکرێ لەو بوارەیدا شارەزاییان بگوڕینەوە، چونکە هەردوولامان ترسی لە هەردوو وڵات ترسی لافاوێمان لەسەرە.

سەردانەکەم ڕێکەوتی هەڵگیرسانەوەی شەڕی کوردستانی کرد، سەرۆکوەزیران پرسیاری بارودۆخی کوردستانی کرد و گوتیشی حکوومەتەکەی نیگەرانی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شـــەڕە لە بـاکووری عێراق و ئەو مەترســـیيانەی ڕەنگە لە فراوانبوونی ململانێیەکە بکەوێتەوە و عێراق و ئێرانیش بگرێتەوە جا وڵاتە ئیستیعمارییەکان و بەتایبەتیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیای بەرژەوەندیی ســـتراتیژییان لە ناوچەکەدا هەیە، ئەو کارەی دەقۆزنەوە.

ســـەبارەت بەو مەترســـییانە، منیش هاوبەشـــی نیگەرانییەکەی بووم و، بۆم ڕوونکردەوە حیزبمان چەندی هەوڵداوە لێنەگەڕێ شــەڕ هەڵگیرســێتەوە و، باســی دیدارەکانی مستەفا بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەی بزووتنەوەی گەلی کوردم بۆ کرد و، باســـی ئەوەشـــم بۆ کرد چەندمان هەوڵداوە پارتی دیموکراتی کوردســـتان، سەرباری ئەوەی لە حکوومەتی ئیئتیلافییشدایە، بێتە ناو بەرەی نیشتمانیش.

سەرۆکوەزیران پرسیاری داواکارییەکانی بارزانیی کرد و گوتی داخوا کێشەکە پەیوەندیی بە کەرکووکەوە هەیە؟ گوتم: کەرکووک یەک لە بابەتە ســـەرەکییەکانی ئەودانوســـتانانە

بووه بارزانی لەگەڵ حکوومەتە جیاوازەکانی بەغدای کردووە . بارزانیش، پێشترێ بەتەنیا لەگەڵ حکوومەت لەســەر دواڕۆژی پارێزگای کەرکووک ڕێککەوتبوو. بەرەی نیشـتمانیش پێشنیارێکی گونجاوی بۆ ئەو کێشەیە خستەڕوو، ئەویش ئەوەبوو لیژنەیەکی سێ لایەنی لە حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیسـتیراکی و حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردسـتان ئەو پـارێزگـایە بەڕێوە ببـا ونـاشـــبێ هیچ گۆڕانکـارییەکی دیمۆگرافی و جوگرافی لە پارێزگایەکەدا بکرێ. پێشـدەچی بارزانی چارەســەری ئاشـتییانەی گەرەک نەبێ و، ئەو بۆ هەڵگیرســاندنەوەی شــەڕ لەگەڵ ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تێوەگلابێ و، ئێسـتا داوای دواخسـتنی دەرکردنی ئەو یاسـای ئۆتۆنۆمییەی دەکا کە خۆی لە تاکلایەنە لەســـەر بنەمای بەیـاننامەی ١٩٧٠ لەگەڵ ســـەرکردایەتیی حیزبی بەعس لەســـەری ڕێککەوتووە.

ســـەرۆکوەزیران تێبینییەکی خســـتەڕوو کە جێی ئاوڕلێدانەوەیە، گوتی: دووخاڵ هەن مەترسی دروستدەکەن، یەکەمیان؛ بارودۆخە ئاڵۆزەکەی ناوچەکە و ئەگەری ئەوەی ئێران لەو ململانێیەوە بگلێ، کە ئەوە دۆخەکەی ئاڵۆزتر دەکا. دووەمیان: دوای ئەوەی بارزانی لە ئیئتیلافی حکوومەت دەکشـێتەوە و هەڵوێسـتی لە بەشـداریی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی نەرێنی دەبێ، کێ بە شـێوەیەکی فراوان بەشــداریی تێدا دەکا؟ داخوا حکوومەت ڕێگە بە حیزبی شــیوعی دەدا ڕۆڵی خۆی لەوێ وەرگرێ، کە تاکە حیزبە لە ناوچە کوردییەکاندا جەماوەری هەیە؟ ئێمە گومانمان لەوەی هەیە.

گوتم: تەواو لەگەڵتان هاوڕام، بەڵام بارزانی حیزبی شــیوعیی خســـتووەتە بەردەم دوو بژاردان و سـێیەمیان نییە؛ یان دەبێ لەگەڵ ئەو ڕێککەون و دژی حکوومەتبن و لە بەرەی نیشـــتمانی بکشـــێنەوە و لە حکوومەتیش و بگرە پێش ئەوەی ئەویش لە حکوومەت بکشـێتەوە و ئەودەمی بەتەنێ هەموو جەندوچوونەکان دەکا. یانیش دەبێ بارزانی لەسـەر بنەمای بەرەیەکی سێ لایەنی و لەسەر بنەمای دوورکەوتنەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران ئامادەی هاوکاری بێ و کێشەی کورد نەخاتە تەنگەبەرێکەوە. کەچی پێش دەســـتپێکردنی ســـەرێ حکوومەتیش ئەو فەرمانیدا هێرس بکرێتە ســـەر ڕێکخراو و بارەگاکانی حیزبی شیوعی و بێ هیچ پاساوێکیش، ئیدی حیزب ناچاربوو بەرگری لەخۆی بکا.

گوتی: باسە بۆ بارزانی بە حیزبی شیوعی دەستی بە شەڕ کرد؟ پێمگوت، بەرای من لەبەر دوو هۆ؛ یەکەمیان، حیزبی شیوعی لە کوردستان ڕێکخست و لایەنگر و چەکداری هەبوو، ئیدی ویسـتی دوای یەکلاکردنەوەی حیسـاباتەکانی لەگەل شـیوعییەکان ئەوجا دەسـت بە شەڕی حکوومەت بکا. دووەمیان؛ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران حەزیان لێبوو

دەســـت لە شـــیوعییەکانی ناوچەکە بوەشـــێنن، جا پێش ئەوەی لەگەڵ بارزانی ڕێککەون ئەوکارەیان بکردایە یان دوای ئەوەی لەگەڵی ڕێکدەکەون . بەدڵنیاییشـــەوە ئەو بارودۆخە هەڵوێســـتی بارزانیی لە عێراق لاواز دەکرد و هەڵوێســـتی ســـیوعییەکانیشـــی لە بەرە و ئیئتیلافی حکوومی لاواز دەکرد. ئێمە کلێشـەیەکی گونچاومان پێشـنیار کرد تا بارزانی لە داو و دەهۆی ئێرانی دووورکەوێتەوە، ئەویش بە دامەزراندنی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان و، بەعسیش بەوکارە ڕازیبوو، بە. لام بارزانی ڕەتیکردەوە.
ئەوجا باسی هەوڵەکانی شیوعییانی کرد لە ١٩٧٠بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد دۆخەکەیـان بە چ ئـاقـارێکـدا بردووە و بۆ فراوانکردنی ئیئتیلافی حکوومی و بەرەی نیشـــتمانی لە ١٩٧٣ چییان کردووە و، گوتی: ئێ لەوەی دڵنیاین پێگەیشـــتنی ســـیاســـی حیزبی سیوعی دەبێتە دەستەبەری ئەوەی بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵبن و بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا تێپەڕن و لە وڵاتدا ڕێی ئاشتییانەی پێشکەوتن بگرنەبەر دووبارە بەخێرهاتنی کردم .
ســوپاســی ئەو دیدارە و ئەو گفتوگۆ هاوڕییە ڕاشــکاوە و ئەو پێشــوازی و میوانداریيەی هەنگاریام کرد و بەگەرمیماڵئاوایی لێکردم.

نامەی گەرم لەگەڵ بەکر:

باو بوو هەندێ ئاهەنگی هەندێ بۆنە لەژێر سەرپەرشتیی سەرۆککۆماردا بکرێ، بەزۆرییش عیزەت دووری یان تاها یاسین ڕەمەزان یانخەڵکی دی لەجێی سەرۆک ئامادەدەبوون و، بەزۆرییش وەزیرەکان لەو جۆرە ئاهەنگانە بەشدار نەدەبوون.
وارێککەوت لە نیسانی ۱۹۷٦ئاهەنگێک بۆ ئاهەنگی وەرزشیی کۆلێژی سەربازی کرا، داوەتنامەیەکم پێگەیی تا ئامادەبم، دەسکەوتە ڕۆژی هەینی. ئیدی نەچوومە ئاهەنگەکە. ڕرۆژی دواترێ، وەک وەزیرەکانی دیکە و سەرکردەکانی حیزبی بەعس، ئەو نامەیەی خوارەوەم گەیشتە دەستێ و هەڵجوون و تانە و تەشەری تێدابوو.
لە نامەکەدا هاتبووو؛
بۆ دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانیی بەڕێز
سڵاو و ڕەحمەت و بەرەکاتی خواتان لێبێ
دوێنی هەینی، لە ١٦ی نیسانی ۱۹۷٦، کۆلێژی سەربازی وەک نەریتی خۆی، لە دامەزراندنییەوە لە سەردەمی مەلەکی هەتا ئێستا، ئاهەنگی وەرزشیی سالانەی خۆی گێڕا. ئەو کۆلێژەش هەر بەڕاستی دامەزراوەیەکە دەبێ شانازیی پێوە بکرێ چونکە هەندێ سەرکردەی بەرهەمهێناوە کە بەڕاستی جێی شانازیی گەلی عێراقن. ئەو کۆلێژە، هەموو ساڵێک، دوو بۆنەی هەیە کە پێیان دڵخۆش دەبێ، یەکیان ئاهەنگە وەرزشییە سالانەکەیەتی و، دووەمیان ڕۆژی دەرچوونی دەستەیەک لە ڕۆڵەکانییەتی تا بیانداتە سوپا بەدەست و مستەکەمان و شکۆمەندترین پیشە بکەن. هەر بۆ زانین، قوتابییانی بەشداری ئەو بۆنەیە "٢٤٧٧" قوتابی بوون و ئەوەش، لەوەتەی لە ١٩٢٤ دامەزراوە تا ئەوڕۆ، بەرزترین ژمارەیە تییدا خوێندبێتی. ژمارەیەکی وەک ئەو ژمارەیە هیی ئەوەیە ئاهەنگی بۆ بگێڕی و لە بۆنەکانیدا بەشداربێ.
برایان... کە گەیشتمە ئەوێ و جوومە سەر سەکۆی سڵاکردن کەسم لە دەورەی خۆم نەدیت، نە لە سەرکردەکانی حیزب و نە لە ئەندامانی حکوومەت، لە عوبەیدوڵڵا بارزانیی برا بترازێ، خوا نموونەی زۆرکا، لەهەموویشی خراپتر ئەوەبوو ئاهەنگەکە ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆن دەگوازرایەوە و، جا ئەوکاتەی هاوولاتی لە ماڵەکەیدا لەبەردەم تەلەفزیۆن دانیشتووە و دەبینێ سەرۆکی دەوڵەت بەتەنیا لەو سەکۆ پانەدا دانیشتووە و یەک کەس لە سەرکردەکانی حیزب و ئەندامانی حکوومەت لەو خۆشییەی لەگەڵی بەسدار نین و بەدەم داوەتەکەوە نەهاتوون، پێموانییە ئەوەی لە زەینی دەگوزەرا لای ئێوە شاراوەبێ و نەزانن چییە. ئیدی سەرەتس سەرم سوڕما، لە فەرماندەی کۆلێژم پرسی، سەرسام بووم

که بلیتەکان هەموویان دابەشکراون، ئەو کاتە سەرسوڕمانەکەم نەما و قسەی ساعیرم بیرکەوتەوە:

تکاکارت، ئەوەی مێزەر بەسەربێ....کوا وەک ئەوەش کە پێستی خۆی لەبەربێ[55]

دەساڵی تەواو و بۆ پسانەوە لەگەڵ کۆلێژی سەربازی بووم، ئەگەر خولەکانی یەدەگ و پێک ژیانی'اعاشـة'ی بخەینەسەر، هەموو ساڵێک خولێک یان دوانی دەردەچواند. هەمو ساڵێکیش وەسیی تەخت و ئەندامانی حکوومەت 'خوا لێیان خۆشبێ'، تا دەسەڵاتیان لە عێراق تەواوبوو، هەموویان ئامادەدەبوون و، بگرە ئاهەنگی شێوخواردن و راوە رێوییشیان دەکرد. واباسترە بەراوردێک لە نێوان من و عەبولئیلا بکرێ و، دەڵێم من ئەحمەدم و ڕەچەڵەکم ڕاستترە و دروستتر پەیوەستی فاتیمەی کچی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلام، کە لەگێڕانەوەیەکدا گومان لە ڕەچەڵەکی عەبدولئیلا دەکرێ.

من لەوی بە بازووترم و سەربردەم پتەوترە و خەباتکارترم و لە خزمەتی ئەوگەلەش ڕاستگۆترم.

من لەسەر ڕێچکە و بەها عەرەبی ئیسلامییەکان پەروەردەکراوم و ئەو لە باوەشی جوکی مەنفی[56] و دارودەستەکەی پەروەردەبووە.

من حیزب بۆ ئەو پێگەیەی بەرزکردوومەوە و ئەو بەریتانییەکان بردبوویانە ئەو پێگەیە.

لێتان ناشارمەوە، ئەو کاتەی بە تەنیا لەو ئاهەنگە دانیشتبووم و،دەمویست بزانم بۆ هەمووان نەهاتوون، لە دلی خۆمدا چیم دەگوت. ئیدی یەک لەو دووەم بەبیردا هات: یان فەیرۆزی گۆرانیبێژ و هاوشێوەکانی لە کۆلێژ بەردڵترن و پتر جێی گرنگین' کە من خۆم هەموو دیار و نادیارێک دەزانم و ئاگام لێیەتی'.

یانیش ئەوەی لە ئاهەنگەکەبوو لاژێر چاودێریی ئەو بەڕێوەدەچوو شایانی ئەوەی نییە لە تەنیشتی دانیشن.

نامەکە واژووی بەکری پێوەبوو ڕێکەوتی ١ی نیسانی ١٩٧٦.

خوێنەری بەڕێز دەبینێ کە نامەکە ناوی هەریەکەمانی لەسەرە، ئەگەر گشتگیرکرابا کارەکە ئاسان بوو و ئەوەی گوێی لە فەیروز ڕانەگرتبا نامەکە نەیدەگرتەوە. بەڵام ئەوەی ژیانی هەمووی خۆشی بووە و ئەوەی ژیانی لە ئازار و ڕیی تێکۆشان بەسەربردبوو یەکسان کرابوون، ئەوەش نابێ بێدەنگەی لێ بکرێ، جا بۆ بەرگری لە شکۆی خۆم مێژووی

---

55 _ دێرە عارەبییەکەی دەڵێ: لیس الشفیع الذي یأتیک متزرا مثل الذي یأتیک عریانا..... پێم جوان بوو بە شیعر بیکەمە کوردی'ل-ب'

56 _ جووکی مەنفی: لە سەردەمی مەلەکی ناوی کەسایەتییەک نلاو ببووەوە بە 'جووکی مەنفی' ناسرابوو و کەسێک بوو سواری ئەسپی پێشبڕکێی ئەس سواری دەبوو کە هەندێ خەلک گرەویان لەسەر بردنەوەی دەکرد.

تێکۆشـــانم بڕیارمدا وەڵامی بدەمەوە، جا هر لەو ڕۆژی نامەکەم گەیشـــتە دەســـتێ ئەو نامەیەم بۆ سرۆککۆمار نووسی:

نهێنی و تایبەت

بەڕێز سەرۆککۆماری قەدرگران

سڵاوێکی بێگەرد....زۆر بە داخ و پەژارەوە نامەکەی ئێوەم لە ١٧ی نیسانی ١٩٧٦ بەدەست گەیی و، دەشبێ لەگەل بەڕێزتان سەرڕاست بین و هەموو مافێکتان بدەینێ سەبارەت بە هەســـتی دوێنێتان کە بەتەنیا ئامادەی ڕۆژی ئاهەنگی وەرزشـــیی ســـالانەی کۆلێژی ســـەربازی ببوون، کە شـــانازیی ئێمەش بەو کۆلێژەوە هیچی لە شـــانازیی ئێوەی بەڕێز کەمتر نییە.

من هەمیشـــە لە بۆنەی ئاوای کۆلێژ ئامادەبوویمە، بەڵام دوێنی لەبەر دوو هۆ نەمتوانی ئامادەبم، ئەو کارتی داوەتەی لە نووسـینگەکەم گەیستە دەستم بێ ناو و ناونیسـانی من بوو و خرابووە زەرفێکیش هیچی لەســـەر نەنووســـرابوو و، منیش ئەگەر وەزیریش نەبم لەو دەوڵەتەدا، موکەڕەم تالەبانیم، دووەمیان، جارێک لە ئاهەنگێکی دەرچووانی کۆلێژی سـەربازی ئامادەبووم و، دڵخۆشـبووم کە بانگکرام تا خەلات بەسـەر قوتابییە زیرەکاندا دابەس بکەم، بەڵام ئەوەی ســەیربوو ئەوەبوو کە لیوای خانەنشـین عومەر عەلی و لیوای خانەنشـــین عادل ئەحمەد ڕاغبیش بۆ هەمان مەبەســـت بانگکران، کە ئەو دووە کاتێ سەرکردەی فیرقەبوون، دژی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ڕاوەستان. جا ئەگەر پلەی ســـەربازی، نەک باوەڕی نیســـتمانی و دڵســـۆزی بۆ گەل پێوەری ڕێز و قەدرگرتنێ بن، دەبووایە ئەفســـەرە ئازادیخوازەکان ڕۆژی شـــۆڕش بۆ عەبولئیلا بچەمێنەوە، جونکە ئەو پلەی سەربازیی گەورەتربوو.

سەرۆکی بەڕێز... خۆت دەزانی ئێمە سەردەمی گەنجیمان لەکوی بەسەربرد، لە باوەشی خانمە هونەرمەندانمان بەســـەر نەبرد، نالەی ڕۆلە ئازارچەستەکانی گەلەکەمان وایلێکردین ئاگامان لە دەنگی فەیرۆز هیی دیکەش نەمێنێ، بێدەنگ نەبووین، هەموو شـــتێکمان کردە قوربانی، ئەو هەموو ســـالانەمان لە کونجی زیندانا بەســـەربرد، ئەو هاوڕێیانەی لە ئێمە ئازاتربوون جوونە سـەر داری سێدارە. ئیدی سـەرۆکی بەڕێز بەو جۆرە دەزانێ مێژووی تێکۆشـــانمان ئەگەر لە ئێوە پتر نەبی کەمتر نییە، نە ئێمە لە هامێزی خانمە هونەرەندان پەروەردەبووین و نە ئێوەش لە باوەشـــی مەنفی پەروەردەبوون، ئەو قسـانەی لە ئێوەرا هاتووە هیی ئەوەی نییە ســـەرۆک دەوڵەتیک بیکا کە لە ڕیزی تیکۆشـــەران بووە و نابێ ئاراســـتەی کەســـانێکیش بکری ژیانی خۆیان بۆ بەرگری کردن لە گەل تەرخانکردووە و، خۆیان و کەسوکاریان چەندین دەیە لە مەترسیدا بووینە و ئەوەیان لای ئێمە قابیلی قبووڵ

نییە و تەواو ڕەتیدەکەینەوە لەکەســـی قبووڵ ناکەین لە هەر پۆســـتێکدا بی، جا تکایە بیکێشنەوە و سلاوم قبووڵ بفەرموون.
سەرکردایەتیی حیزب، دوای ئەوەی بۆ سەرۆککۆماری بەڕێزم هەنارد، نموونەیەکی ئەو نامەیەیان دیت. ڕایان وابوو بێدەنگەی لێ بکەم و وەڵامی نەدەمەوە جونکە ئەو مەبەســتی هـاوڕییەکـانی خۆی بووە، بەلام نـامەکـان بە نـاو بۆ **ئێمە** هـاتبوون، بێدرنگیش مـانـای قبووڵکردنی ئەو هەموو تـانووتە بوو، کە هـاوڕێ عەزیز محەممەدیش لێیپرســـیم داخوا دوای ئەو وەڵامە توندە پێشبینیی ج دەکەم؟ گوتم: سەعات دوو لە ڕێگا ڕادیۆم کردەوە تا گوێم لە مەرســـوومی لەکارلادانم بێ لە وەزارەت، بەلام ئەوە ڕووی نەدا، هاوڕێ ڕەحیم عەجینە گوتی: هاوڕێ موکەڕەم هەر لە بەراییرا ڕایهێناون کە هیچ قســـەیەکی زبریان لێ قبووڵ ناکا و، ئەوانیش ڕاهاتوون گوێیان لەو جۆرە وەڵامانەی بێ.
دوای چەند ڕۆژێک، ســـەرۆک بەکر لەگەڵ وەزیری نەوت و بازرگانی بانگی کردین تا ســـەبارەت بەو بابەتانەی ڕەنگە ســـەرۆکی تورکیای ئەودەمی ســـەردانی عێراقی کردبوو، بیورووژێنێ، پێش پرسوڕایان سەرۆک ئاوڕێکی لێدامەوە و گوتی: با بابەتی شـەڕەکەمان بۆ کاتێکی دی بێ. گوتم: ئەگەر بەرگری لە شکۆمەندی پێویستی بە شەڕ بێ، ترسنۆکییە ئەگەر نەیکەی. گوتی: مەبەســـتم تۆ نەبوو. بەگاڵتەوە گوتم: دەزانم، مەبەســـتت حیکمەت عەزاوی بوو. حیکمەت گوتی: ســـەرۆکی بەڕێز، من لە مەغریب بووم و هیچ لەبارەی بابەتەکەوە نازانم. ئەوجا سەرۆک، سەبارەت بەو قسانەی بەرانبەرە منی کردبوون، داوای لێبووردنی کرد.

داوای لەسێدارەنەدانی کەسێک لای سەرۆک بەکر:

شـــەوێکیان، کۆمەڵێ ســـەرۆک عەشـــیرەتی جاف و خانەوادەکانیان لەدەرگایان دام. شپرزەییەکی زۆریان بەڕووانەوە دیاربوو و گوتیان: خۆمان خستووەتە ماڵەکەت تا ژیانی کوڕەکەمان ڕزگار بکەی. سـەڵحی کوڕی عەبدولڕەحمان بەگ حوکمی سـێدارەی بۆ دەرچووە و پێیان گوتووین سـبەی سـەعات حەوتی ئێواریێ لەداری دەدەن. دەرگام بۆ کردنەوە و هێورم کردنەوە و، گوتم ناکرێ بەو سەعاتەی شەوێ لەدەرگای سەرۆککۆمار بدەم و لە خەوێی ڕاسـتکەمەوە، وەک دەڵێن بەیانی خوا کەریمە. مادام کارەکە سـبەی بەیانی نییە هەر ئەوەندەی بێتە کۆشکی کۆماری داوای دیداری سەرۆکی بەڕێز دەکەم و داوای بەزەیی لێ دەکەم تا لێیببوورێ. تۆزێ هێوربوونەوە و جا چوونەوە ماڵەکانیان.

بەیانیی ڕۆژی دواتریێ چوومە دیداری سـەرۆک بەکر، سـەروبەری شـەوێ دینێم بۆ گێڕایەوە و، گوتم: سـەرۆکی بەڕێز، ئەو کوڕە لەناو کۆمەڵگا بەهایەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام سـەر بە خانەوادەیەکی گەورەی سـەرۆکەکانی عەشـیرەتی جافە. ئەگەر لەسـێدارەی بدەن ئەوان هیچیان لێ کەمنابێتەوە و ئەگەر ببوورن ئەوا دڵی سـەدان کەس لەوانە بۆلای خۆتان رادەکێشـن و چاکەتان لەبیرناکەن. گوتی: گوتی باوابێ، مادام تۆداوا دەکەی لێیدەبوورین، ئەوجا داوای یەحیا یاسینی سەرۆکی دیوانی کرد و سووسـەی دایە هەواڵ بداتە بەڕێوەبەرایەتیی بەندیخانە جێبەجێکردنی حوکمەکە ڕاگرن و کۆتوبەندەکەی بکەنەوە، تا مەرسـوومی لێبووردنەکەیان دەگاتێ. ئەوجا گوتم: بەناوی ئێوەوە مژدەیان بدەمێ؟ گوتی: بەڵێ. سوپاسم کرد و ڕوخسەتم خواست.

مەسـەلەی دەرکردنی مەرسـوومەکە چەند مانگان هەروا مایەوە، ئەوجا خانەوادەکەی لەهیکرا زانییان بێ ئەوەی ڕێیان بدەن ببینن فەرمانی لەداردانەکە جێبەجێ کراوە. زۆر لەو هەڵسوکەوتە توورەبووم، لەسـەر سـەفەری دیمەشـقیش بووم بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی ئاوی فورات، کەچی هەواڵم بۆ هات شـێخ تالیب تاڵەبانیی کوڕ میمکم و ژنەکەی فەرمانی لەسـێدارەدانیان بۆ دەرچووە، چونکە تاڵەبانی تەقەمەنیی بۆ ژنەکەی ناردووە لە کەرکووک و، پێشمەرگە ئەو تەقەمەنییانەیان لە تەقاندنەوەی بۆرپیی نەوت بەکارهێناوە.

لە سەفەرێ بەپەلەبووم و لەبەر ڕووداوی لەداردانی سەلاحیش لە سەرۆککۆماریش دڵگیر ببووم، ئیدی بەڕێز عیزەت دووریم ڕاسپارد کێشەکەیان بخاتە بەردەم سـەرۆک و داوای لێبووردنیان بۆ بکا.

ئێوارەی ڕۆژی دواترێ لە دیمەشق هاتمەوە تا تا پرسـوڕا لەگەڵ سـەرۆککۆمار و سـەدام حوسـێنی جێگری ئەنجوومەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بکەم. چوومە کۆشـکی کۆماری، سـەرۆککۆمار و سـەدام حوسـێن و عیزەت دووری لەوێبوون. لە عیزەتم پرسـی داخوا

کێشـــەی کوڕە میمنکەکەم و ژنەکەی بە ســـەرۆک ڕاگەیاندووە؟ گوتی: نە بەخوا لەبیرم چووە. ئەو فەرمانی لەداردانانەی لەو دادگا تایبەتانەوە دەردەچوون کە لە کوردستان دژی کوردان پێکهێنرابوون پێویســـتیان بە ڕەزامەندیی ســـەرۆککۆمار نەبوو، بەڵکو کەی بیانویســـتایە جێبەجێیان دەکردن. گوتم من پشـــتم بە تۆ بەســـتا، ڕەنگە ئێســـتا لەسـێدارە درابن. ســـەرۆک گوێی لێمان بوو و گوتی: چتان لەبەینێیە؟ عیزەت گوتی: ڕایســـپاردبووم تکـا لە ئێوە بکەم لە کوڕە میمکەکەی و ژنەکەی ببوورن کە لە کەرکووک فەرمـانی لەســـێدارەدانیان بۆ دەرچووە و، منیش لەبیرم چووبوو. بەکری ڕووی قســـانی لەمن بوو گوتی: بـاشـــە بۆ بەخۆت پێتنەگوتم؟ گوتم: من زویرم. گوتی بۆ؟ گوتم:کە من بەڵێنی لێبووردنی کوڕەکەیانم بە خانەوادەی جافان دا، بەناوی ســـەرۆکەوە بەڵێنم دانێ نەک بەناوی خۆم، ســـەرباری بەڵێنەکەشـــتان هەر لەســـێدارە درا، جا پێمبڵێن ئەگەر بەتەمان کوڕەمیمکەکەم و ژنەکەی لەسـێدارە بدەن ئەوا ئێســـتا من دەچمەوە دیمەشـق و پەنا بۆ حافز ئەســـەد دەبەم و، نایەمەوە، ئێســـتا خەڵک چیم پێدەڵێن، دەڵێن ناتوانێ تەنانەت خزمەکانیشـــی بپارێزێ چ جای خەڵکەکە. گوتی: هەقی خۆتە و کارەکە بێ ئاگاداریی من کراوە، جونکە ئەو بابەتانە پەیوەندیی بە هاوڕێ سـەدامەوە هەیە، ئەوجا ئاوڕی لە سـەدام دایەوە و گوتی: براکەم دەهەڵســـە، قســـە لەگەل بەرپرسـانی کەرکووک بکە با بەریان بدەن و بیانێرنەوە ماڵەکەیان. ئیدی سـەدام هەسـتا و فەرمانی دانێ یەکســـەر بەرەڵایان بکەن و بەردران. دواترێ دەرکەوت، بـارزانی کۆمەڵێ ســـەربـازی عێراقیی بەدیلی لەلابووە و ڕادەستی دەسەڵاتی ئێرانی کردبوون، ئەوەش وای لە سەدام کردبوو هەموو ئەو کوردانە لو سێدارە بدا کە فەرمانی لەسێدارەدانیان هەبووە.

عیزەت دووری بووەهۆی گواستنەوەم بۆ وەزارەتی گواستنەوە:

کە لە یەکەم ڕۆژی تشـــرینی یەکەمی ١٩٦٨ بڕیاری بردنەوە ســـەرکاری شـــیوعییەکان دەرچوو تا دەســـت بە فەرامنەکانایان بکەنەوە، منیش بە ناونیشـــانی پێشـــترێم، بوومەوە پشـــکنەری گشـــتی لە وەزارەتی چاکســـازیی کشـــتوکاڵی و، ئەودەمای جاســـم عەزاویی ســـکرتێری پێشـــترێی عەبولکەریم قاســـم، وەزیربوو و، چونکە کۆنترین فەرمانبەری ئەو وەزارەتەبووم، داوای لێکردم گەڕانێـک بە هەموو لایەکی عێراقـدا بکەم و ڕاپۆرتێـک سەبارەت بە پرۆژە کستوکاڵییەکان و کارەکانی چاکسازیی کشتوکاڵی **پێشکەش** بکەم، چ کراوە و چییش دەبێ بکرێ. ئەو کـارەم، بە هـاوکـاریی ئەنـدازیـار و هونەرییەکـانی هەر پـارێزگـایەک، کرد. پرۆژەی "مەغیس"ی عیزەت دووری بە "عەمەلە شـــەعبی" جێبەجێی دەکرد تا عەشـیرەتێک لەوێ نیشـتەجێ بکا، یەک لە پرۆژەکان بوو. ڕای ئەندازیارەکانیش وابو ئەو پرۆژەیە لەڕووی هونەرییەوە باش لێنەکۆڵراوەتەوە و سەرناگرێ، جونکە دوای دوو ساڵ کشتوکاڵ دەبێتە "شۆرەکات" وخوێ دایدەپۆشێ و ئەودەمی ئەستەمە دەزگای داشۆرینی بۆ دابندرێ تا خوێ شۆری بکا. ئەوەم لە ڕاپۆرتێکدا تۆمارکرد و داوای ڕاگرتن و لێکۆڵینەوەی ئەو پرۆژەیەم کرد و، ئەوجـا جێبەجێ بکرێ. ئەوە عیزەت دووریی توورەکرد، ئیدی پەیوەندیی نێوانمان ئەوەندە دۆستانە نەبوو، سەرباررری ئەوەی سەرۆک بەکرد جەند جارێک هەوڵیدا ئاسـتمان بکاتەوە، کەجی تاکۆتاییس ئەو ســاردییەی بەینمان هەر مابوو.

کە دەستی بە پرۆژەی ئاودێریی کەرکووک کرد و، ئەو پرۆژەیە "٤٥٠"هەزار دۆنم زەویی پارێزگای کەرکووکی ئاودەدا، پرۆژەکەم خستە بەردەمی ئەنجوومەنی کشـتوکاڵیی باڵا و، عیزەت دووری سەرۆکی ئەنجوومەنەکە بوو، داوام کرد پرۆژەکە بە قۆناغ جێبەجێ بکرێ، قۆنـاغی یەکەم ئـاو بگەیەنـدرێتە ئەو نـاوچـانەی ئێســـتـا بە دیمەکـار داچێنـدراون تـا جووتیارەکان لەو جێگیر ببن کە دایانچاندووە. ئەوەش بۆ حکوومەتی بەعس مانای وابوو جووتیارە کورد و تورکمانەکانی عەشـیرەتی بەیات لەســەر زەوی و لە گوندەکانی خۆیان بمێننەوە، بەڵام بەرنامە و ڕێچکەی بەعس بەحەرەبکردنی کەرکووک بوو و ڕاگواســـتنی کورد و تورکمان و نیشتەجێکردنی عارەب لە کەرکووک.

عیزەت دووری ڕاپۆرتێکی نووســـیبوو گوایە موکەڕەم تـاڵەبـانیی وەزیری ئـاودێری بەئەنقەســـت پاشـــەلی لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە دەکا و دەزانێ نیەتمان وایە ناوجەکە بکەینە عارەب. ئیدی داوای کردبوو بمگوازنەوە وەزارەتێکی دی و بەڕاســـتییش لەهێکرا

دیتم، لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٧٧، گواستراومەتەوە وەزارەت گەیاندن تا جێی عەزیز عەقراوی بگرمەوە.[57]

دوای ئەوەی گواسترامەوە وەزارەتی گواستنەوە، پرۆژەکەی ئاودێریی کەرکووک جێبەجێکرا و، گرێبەستەکانی جووتیارە کوردەکان بۆ ئەو زەوییانە کرابوون کە لەدێرزەمانەوە دایاندەچاندن هەڵوەشێنرانەوە تا بیاندەنە ئەو عارەبانەی لە باشووری عێراقڕا هێنابوویانن.

ئەوجا بڕیارێک لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش دەرچوو، تێیدا هاتبوو یەکەمجار تورکمانەکان و دواتریش کوردەکان لە کەرکوکەوە بگوازنەوە پارێزگای ئەنبار، بەڵام هەڵگیرسانی شەڕی عێراق-ئێران لە ١٩٨٠ لێنەگەڕا ئەو پلانە جێبەجێ بکرێ ، کەچیکردارەکانی ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکان ناوچە کوردییەکانی گرتەوە.

لە وەزارەتی گەیاندن، کە ویستم هێڵی شەمەندەفەری بەغدا – کەرکووک – هەولێر – موسڵ ڕاکێشم و لە کەرکووکیش لقێک ببەمە سلێمانی، حکوومەت بە بیانگەی بێ پارەییراکێشانی ئەو هێڵەی ڕاگرت، لەکاتێکدا هێلی بەغدا – قائیم جێبەجێ کرا.

جێبەجێکردنی میترۆی بەغداس ڕاگیرا. سەدام حوسێن داوایکردبوو دووبارە لێیبکۆڵرێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ تا بۆئەوەی بگونجێ بکرێتە پەناگەیەکی هێرشی ئەتۆمی.

ئەوەندەی لە وەزارەتی گواستنوە بووم، پرۆژەیەکی گرنگم جێبەجێ کرد ئەویش پرۆژەی گواستنەوەی ڕێبوارانی نێوان پارێزگاکان بوو. پرۆژەیەکی سەرکەوتووش بوو، بەلام، لە شەڕی دژی ئێراندا، بۆ گواستنەوەی هێزە سەربازییەکان بەکارهێنرا و ئەو پرۆژەیەش وەلانرا.

---

[57] _عەزیز عەقراوی: لە ١٩٢٤ لەدایکبووە، لە ١٩٤٣ جووەتە کۆلێژی سەربازی و، دوایەش لە ١٩٥٤ چووەتە کۆلێژی ئەرکان. ئەوجا چووە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و، بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە، لە ١٩٧٠ لە حکوومەتی بەعس بووە وەزیری دەوڵەت، ئەوجا بە ڕێنمایی بەعس، بە ئامانجی لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد، حیزبێکی بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراند، دوایە جووە ریزەکانی حیزبی سۆشیالیستی یەکگرتوو و، لە ئایاری ١٩٨١ بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، دوای ماوەیەکی کورت وازی لە حیزب هێنا و چووە لوبنان. لە ١٩٩٨ کۆچی دوایی کرد. للمزید حان لطیف کاظم الزبیدی، المصدر السابق، ص٤٢١.

سەردانەکەی وەزیری گواستنەوەی بەریتانیا:

کە لە ناوەراستەکانی تشرینی دووەم وەزیری گواستنەوە بووم، باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا، هاتەسەردانم. پێیگوتم بەڕێز جۆن هۆرامی وەزیری گواستنەوەی بەریتانی، کە سەر بە پارتی کرێکارانە، سبەی سەردانی بەغدا دەکا و، منەتبار دەبێ ئەگەر بەشێک لە کاتی خۆتانی بۆ تەرخان بکەن و رازین لە دیوانی وەزارەت سەردانتان بکا. وەزارەتەکەی ئێما داوەتنامەی بۆ وەزیرە بەریتانییەکە نەناردبوو تا سەردانێکی فەرمیی عێراق بکا، لەگەڵ ئەوەسدا بە باڵیۆزم گوت من بۆخۆم لە فڕۆکەخانە پێشوازیی لێدەکەم و وەزارەتەکەیسم میوانداریی دەکا و بۆ ڕێزی ئەویش ئێوارەخوانێک دەکەم و لە وەزارەت پێشوازیی لێ دەکەم، باڵیۆزی لە بەرانبەر ئەو گرنگیپێدانەم زۆری سوپاس کردم.
ڕۆژی دواتریێ لە فڕۆکەخانە پێشوازیم لێکرد. گەنجێکی زیرەکی قسەزان بوو، زانیشم سەردانەکەی لەسەرداوای "کۆمپانیای ویمبیی بەریتانی بوو" کە کۆمپانیایەکی بەڵێندەرایەتیی تاایبەتمەندی بنیاتنانی دەزگای گواستنەوەیە"ڕێی ئۆتۆمۆبیل، هێڵی ئاسن، دروستکردنی فڕۆکەخانە". کۆمپانیای ناوبراویش تەندەرێکی دامەزراندنی هێڵی ئانی بەغدا – قایمی پێشکەش کردبوو و، پرۆژەکەش نوێ بوو و شارۆچکەی قائیمی نزیک سنووری سوریای بە بەغداوە دەبەستەوە و، بڕیاریش وابوو سوریا ئەو شارۆچکەیەی بە تۆڕی هێڵی ئاسنی خۆی ببەستێتەوە و، شەمەندەفەرەکان ئەو پەینە فۆسفاتییەی لە " عوکاشات" دەردەهێندرا ببەنە قائیم، کە لەوێ لە کارگەی کیمیاویی بۆ ئەو مەبەستە بنیاتنرابوو خەستدەکرایەوە و دەنێردرایە شارەکانی عێراق و لەڕێی سوریاشەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرا.
بە وەزیرە بەریتانییەکەم گوت ئێمە لە عێراق زانیاری و بۆچوونی جاکمان لەسەر کۆمپانیای ویمبیی بەڵێندەریی بنیاتنان هەیە، جونکە پێشتری ژمارەیەک پرۆژەی لای ئێمە جێبەجێ کردووە، بەلام هەر ولاتە و یاسا و ڕێوشوێنی خۆی هەیە و وەزیر ناتوانێ بەسەریاندا باز بدا. بەلام ئەگەر لە دیاریکردنی تێچووی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا ئەو کۆمپانیایە لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەدا هاوتابوون، ئەوا وەزیر دەتوانێ لەناو کۆمپانیایان ئەو کۆمپانیایەی هەڵبژێرێ کە پێشتریێ پرۆژەی هاوشێوەی بەشێوەیەکی بەردڵ لە عێراق جێبەجێ کردووە.
ئێوارەکەیشی خوانێکی شێوم لە هۆتێلێک بۆ ئامادەکرد کە ژارەیەک بەرپرسی هەردوولا ئامادەی ببوون لەوانەش باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا.
باڵیۆزی بەریتانی، بە بۆنەی هاتنی وەزیری بەریتانی، ئێوارەخوانێکی لە ماڵەکەی بۆ ئامادەکردین و من خۆم لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەت چوومە داوەتەکە.

که جۆن هۆرامی وەزیری بەریتانی گەرایەوە بەریتانیا، نامەیەکی ســـو پاســـگوزاریی سەبارەت بە جوان بەخێرهێنانی بۆ ناردبووم، تییدا هاتبوو: ئازیزم دکتۆر تالەبانیدڵخۆ سم یەکەم هەلی گەڕانەوە لەندەنم بقۆزمەوە تا لە ناخەوە ســوپاســتان بکەم بۆ ئەو یارمەتیی کارەی لەسـەردانەکەمدا بەرانبەر من کردتان و سوودیشی هەبوو. من سوپاسی دیدار و میوانداریيەکەت دەکەمکە بۆ منتان ئامادەکرد و دووبارەس ســوپاســتان دەکەم، هیوادارم زۆری پێ نەچی بتوانم بە دیدارتان بگەمەوە تا دیسان لە ئاوی دیجلەی بخۆمەوە.

دیدارێک لەگەڵ سەرۆکی ئەڵمانیای دیموکراتی:

ســاڵی ١٩٧٨، کە وەزیری گواســتنەوەبووم، داوەتنامەیەکی فەرمیم لە "کلایبەر"ی جێگری ســەرۆکوەزیرانی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتەوە بۆ هات تا ئامادەی پێشــانگای بەهاریی لایزبک بم ، داوەتەکەم قبووڵکرد. لەو سەفەرەیدا پاشکۆی ئابووریی باڵیۆزخانەی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتیی بەغدام لەگەڵ هات و، هاوڕێ کلایبەر لە هاتبووە پێشوازیم.

لە یەکەم ڕۆژی کردنەوەی پێشــانگایەکە، لە بەشــی عێراقی بووم و چاوەڕێی ســەردانی ئەریش هۆنیکەری ســەرۆکی کۆمار و سکرتێری گشتیی پارتی سۆشیالیستی ئەڵمانیای یەکگرتوومان دەکرد تا ســەر لە بەشــەکەمان بدا. کە لەناو بەشــەکانیش دەســووڕایەوە، بەڕێوەبەری پێشانگایەکە تکای لێکردین هیچ دیارییەک پێشکەشی سەرۆک نەکەین، چونکە ئەگەر لەهەر بەشــێک دیارییەک وەرگرێ دەبێ لۆرییەکی بۆ باربکەین. گوتم تکادەکەم بە هاوڕێ هۆنیکەر بڵێی من یەکەمجارە بە دیداری دەگەم و، بۆئەوەی ئەو دیدارەس وەک یادگارییەک بمێنێتەوە دیارییەکی بچکۆلەی ڕەمزیی پێشــکەش دەکەم، کە پێیشــیان گوت، ڕەزامەندیی نیشاندابوو.

هاوڕێ هۆنیکەر ســەردانی بەشــی عێراقی کرد و ســەیرێکی بەرهەمە پێشــیســازییەکان ولێکدانی پارچەکانی سارنجۆک و تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگ و بژــێر و پایسکلی کرد، پێی جوان بوون، ئەوجا بۆ قاوەخواردنەوەیەک دانیشتین و سەر قسانمان سەبارەت پەیوەندیی هەردوو وڵات دامەزراند، ئەوجا دیارییەکی ڕەمزیم پێشــــکەش بە خۆی و "فلیچۆڤ"ی سەرۆکوەزیرانی کرد.

ئەگەرچی لە وەزارەتی ئاودێرییەوە چووبوومە وەزارەتی گواســــتنەوە، بەڵام کە زانییان شــەش ســـاڵ وەک نوێنەری حیزبی شــــیوعی وەزیی ئاودێری بوویمە، ئیدی هەموو گرنگییەکیان هەر لەســــەر بابەتی کشــتوکاڵی و پرۆژە ئاودێرییە گەورەکانی عێراق بوو. سەیریشیان بەوەی دەهات، سەرباری ئەوەی ئەو وەزارەتەم بەجێهێشتووە، هەموو ئامارە وردەکانی کشــــتوکاڵ و بەکارهێنانی ئاو و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای بەنداوەکانم لەبەرە.

ئێوارەکەی، کلایبەر، ئاهەنگێکی شــێوی بۆ ڕێزی شــــاندەکان ئامادەکرد. ئیدی چەندین ســەعاتم لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئەڵمانیای دیموکراتی بەســەر برد. ســەبارەت بە کۆمەڵێ بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی هەردوو وڵات قســەمان کرد. ئەوان دەسکەوتی بەرەی نیشتمانیی عێراقیان بەرز نرخاند، هانی ئەوەیان دەداین نەهێڵین درزی تێبکەوێ و پــارێزگــاریی لیبکەین جونکە بەری ڕەنجێکی دوورودرێژ و پڕ مــانــدووبوونە. ئەوان ئاگایشــیان لە دەســتپێشــخەرییەکانی بەرایی و بەشــدارییە بێ پســانەوەکانم بوو بۆ

سـەرخسـتنی گرێدانی بەرە لە عێراق. ئیدی داوایان دەکرد کار بۆ پاراسـتن وفراوانکردنی بکەم بە جۆرێک، سـەرباری پێکدادانی چەکداریش، پارتی دیموکراتی کوردسـتانیش بگرێتەوە جونکە بەرە باشترین جێیە بۆ چارەسەری هەموو کێشـەکان.

دیدارێک لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ئوردونی:

بۆ بەدەمەوەچوونی داوەتی عەلی شـحێماتی وەزیری گواسـتنەوەی ئوردونی، لە بەهاری ١٩٧٨ سـەردانی ئوردونم کرد. لە فرۆکەخانە خۆی محەممەد دەباسـی وەزیری دارایی پێشـوازییان لێ کردم. لەبەر غافڵگوژکردنی یوسـفی وەزیری راگەیاندنی میسـری و سکرتێری رێکخراو هاریکاریی ئاسیا- ئەفریقییش، پاسەوانییەکی توندیان بۆ دانابووم و ئەفسـەرێکی بە پلەی رائیدی سـەر بە پاسـەوانیی مەلەکی و ئەفسـەرێکی پۆلیس و ئەفسەرێکی ئاسایشی گشتیم بوونە یاوەر.

بەیانیی رۆژی دواترێدیدارێکم لەگەڵ هەردوو وەیر محەممەد دەباس و عەلی شـحێمات سـازدا، قسـەو باس لەسـەر تەواوکردنی رێگای خێرای "رێی عەقەبە – عەممان" بوو، کە بەقەرزێکی عێراق دابووی دروسـت دەکرا. جا ئوردونییەکان وازیان لەوەی بوو تەواوی بکەن و هەتا سنووری عێراقی بهێنن و، چاویشیان لەوەی بوو ئەو قەرزەی هەشت ملیۆن دینارب‌وو برێکیان بۆ زیاد بکرێ.

رۆژی دواترێ، سەبارەت بەو یارمەتییانەی عێراق پێشکەشی ئوردونی کردووە، دیدارێکی تەلەفزیۆنی ئەردنم لەگەڵ کرا و،باسـی ئەو یارمەتییە سـەربازییانەم کرد کە عێراق لە ١٩٧٣ پێشکەشی ئوردونی کردبوو و ئەو هێزە عێراقییەیشی کە لە ئوردون دامەزرابوو تا بەر بە هەر هێرشێکی ئیسرائیلیی چاوەڕوان نەکراو بگرێ و، باسی ئەو یارمەتییانەیشم کرد کە لە جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی ئـابووری و خزمەتگوزاریی ئوردون بەکارهێنراون.

رۆژی سێیەمی سەردانەکەم چووینە سەردانی بەندەری عەقەبە تا چاومان بە بەڕێوەبردن و رێکخستنی بەندەرەکە بکەوێ، چووین سەیری ناوچەی گومرگیی ئازادی ئەوێش بکەین کە بەنیازبوون بەشـێکی بە کرێ بدەنە عێراق. رۆژی دواترێ بە ئۆتۆمۆبیل گەراینەوە عەممان و بەلای ساری مێژوویی کۆنی بەترادا تێپەڕیین کە سەلاحەدین لە شـەڕی دژی خاچپەرستاندا کردبوویە بارەگای خۆی. سـەڵاحەدینیش رێزێکی تایبەتی لای بەرپرسـانی ئوردونی هەبوو و پێچەوانەی سـوورییەکانی بگرە گۆڕەکەیشـیا پشـتگوێ خسـتبوو، کە پرسییشم سـەلاحەدین چۆن توانیبووی ئەو جێیە قایمە لە چنگی خاچپەرستان دەربێنێ و بیکاتە بارەگای خۆی، عەلی شـحێمات گوتی: تەنێ کوردەکان دەتوانن ئەو جێیە داگیر بکەن.

ئێوارەی رۆژی دواترێ، لە سەر پردی "لینبی"ی دەکەویتە سەر رووباری ئوردونی خاکی ئوردون و فەلەسـتینی داگیرکراو لێکدەکاتەوە، سـەرمان لە بەرەی پێشـەوەی بەرانبەر ئیسرائیل دا. بە پێ بەسەر پردەکەیدا رۆیستین هەتا گەیشتینە کۆسپەی ناوەندێی لە داری

دروستکرابوو. لە بەری لای ئوردون یەک خیوەتم دیت کە ژمارەیەک سەربازی تێدابوو و لەبەری لای ئیسرائیلیش ژمارەیەکی لەوان پتر نەبوون و، سەربازە ئیسرائیلییەکان بەرەوڕووومان هاتن و لە بەری ئەودیوی کۆسپەکەی سەلامیان لێکردین و گوتیان "بەخێر بێن گەنجینە"، عەبدولتەواب مەلا حوێشی سەرۆکی دامەزراوەی گواستنەوەی وسکانیی وەزارەتی گواستنەوە بوولە عێراق، وەڵامیدنەوە و گوتی: "بڕۆ هەتیوی کوڕی قۆندەرەی".

محەممەد دەباسی وەزیری دارایی ئوردونی لێی هاتەپێش و گوتی: "عەبدولتەواب تکایە، ئەگەر ئەوڕۆ شەرە جنێوێ بکەین دەبێ سبەینێ بە تۆپان لێکدی بدەین. جا عەبدولتەواب گوتی: ئەدی ڕووبوڕووبوونەوە چییە؟ ئەدی تۆپ لێکدان نییە؟.

لە ڕۆژی کۆتای سەردانەکەمان، موزیڕ بەدرانی سەرۆکوەزیرانی ئوردون لە نووسینگەکەی خۆی پێشوازیی لێ کردین. هەردوو وەزیری ئوردونی، محەممەد دەباس و عەلی شحێمات ئامادەی ئەو دیدارەبوون، بەڕێز موزیڕ بەدران بەخێرهاتنی کردین، ئەوجا باسی ئەوەمان کر عێراق چۆن دەتوانێ سوود لە بەندەری عەقبە و ڕێگاوبانی ئوردن ببینێ و کەلوپەل بگوازێتەوە و چۆنیش دەکرێ کۆمپانیایەکی عێراقی - ئوردنی بۆ گواستنەوەی وشکانی دامەزرێندرێ.

ئەوجا باسی پەیوەندیی نێوان هەردوو ولات کرا، لەگەڵ هەندێ کێشە و کۆسپەی ڕێ لە پەرەپێدانی دەگرن، سەرۆکی وەزیران باسی باسی ئەوەی کرد دەسەڵاتی عێراق قوتابییەکی ئوردونیی لە سێدارە داوە کە لەعێراق دەیخوێند. گوتم: ئەوەندەی من بزانم هەواڵگریی ئوردونی ئەو قوتابییەی خزندبووە ناو ڕیزەکانی حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی، باسە ئێوە ئەوەتان قبووڵە هەواڵگریی عێراقی کەسێکی ئاوا بخزێنێتە ناو دەزگایەکی هەستەوەری ئێوە؟ سەرباری ئەوەی رازی نیمە لەداردانی سیاسی هەبێ، پێموایە ئێوە لەو کارەدا هەڵەتان کردووە. ئەوجا ئاماژەی بۆ هەردوو وەزیرە ئوردونییەکە کرد و گوتی: محەممەد دەباس نیوەی تەمەنی بەعسی بووە و عەلی شحێماتیش هەر ئاوا، لەگەل ئەوەشدا ئێستا ئەوان لە بەرپرسیاریدا لەگەڵمان بەشدارن. گوتم: پایەداریی سەرۆکوەزیران، هەر بۆ زانینتان من ڕۆژێکیش بەعسی نەبوویمە. گوتی: ئێمە باشتان دەناسین، بەڵام من ویستم دووپاتی بکەمەوە تا ئەو رادەیەی ڕقمان لە بەعسییەکان نابێتەوە ئەگەر ڕێکخستنەکانیشیان ئاشکرا بکەین، لەسێدارەیان بدەین.ئەوجا گوتی: دەمەوێ بابەتێکت پێ ڕابسپێرم، ئەویش ئەوەیە کە عێراق بەڵێنی دا لە کۆنگرەی لووتکەی ڕیبات یارمەتیدانێکی دارایی سالانەی ئوردون بورووژێنێ کە چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار دۆلارە و بەسای ئەوەی ئێمە لە وڵاتانی ڕووبەڕووبوونەوەین وم هیچ داهاتێکی داراییشمان نییە تا سوپاکەمانی پێ بەهێز بکەین. کەچی عێراق خۆی لەوەی بێدەنگ کرد

و ئێمەش لای خۆمانەوە بابەتەکەمان نەورووژاند. جا دەمانەوێ ئەو ئەرکەمان بۆ جێبەجێکەی و ئەوەش بەبیر حکوومەتی عێراق بێنییەوە.
گوتم دەتانەوێ بە سیفەتی فەرمی وەڵامتان بدەمەوە یان بەسیفەتی تایبەتی؟ خەندەیەکی کرد و گوتی دەمانەوێ بە هەردوو سیفەتان گوێمان لە وەڵامەکەت بێ.
گوتم: بەو سیفەتەی من وەزیری گواستنەوەم لە عێراق، ئەو بابەتە ناچێتە خانەیبەرپرسیاری و ئەرکەکانی وەزارەتەکەم، بەڵام من ئەو داوایەی پایەداریتان بۆ لایەنە تایبەتمەندە عێراقییەکان بەرزدەکەمەوە، تا بەپێی بەڵێنی کۆنگرەی لووتکە، ئەوەی پێویستە بیانکا.
گوتی: ئەدی بە سیفەتی تایبەتتان؟ گوتم: عێراق بەڵێنی داوە یارمەتیی دارایی بداتە ئەو وڵاتانەی بەرەورووی ئیسرائیلن و، دوێنێ لەسەر پردی لینبی سەردانی پێگەی سەرەکیی رووبەڕووبوونەوەی نێوان ئوردون و ئیسرائیلمان کرد. بەرەورووبوونەوەکە چوار سەربازی ئوردونی بوون و بەرانبەر چوار سەربازی ئیسرائیلی بوون. گومانیشم لەوەی نییە ئەو دووژمارەیەی هەردوولا لە ناوچە چۆلەوانییەی بە تێپەڕینی کات برادەرایەتی پەیدادەکەن و، ڕەنگە چایەش لەگەڵ یەکدی بخۆنەوە. ئەگەر ئێمە لەسەر سنوورەکان بووینایە، ناڵێم بەسەر سنوورەکانمان دادەدا، ڕەنگە ئێمەش بێ بێ کۆی دەوڵەتە عارەبەکاننەتوانین ئەوەی بکەین، بەڵام وەک وڵاتانی بەرەوڕوو، ڕەنگە چوار فیرقەی تەواو پڕ چەککراو لەسەر سنوور دامەزرێنین و ئیسرائیلیش هەر وادەکا و هەردووکیشمان لەترسی یەکدی وادەکەین. ئەرێ عێراق وادەی داوە جوار ملیۆن و نیو دۆلار بۆ پڕچەککردنی چوار سەرباز بدا؟! پێشی دوو ڕۆژان لەگەڵ وەزیرەکەتان سەردانی بەندەری عەقەبەم کرد، هەر لەو دیاردانەڕا دیارە هەردوو لا لە یەکدی دڵنیان، سەرۆکوەزیران پێکەنی و گوتی: ئێمە دەوڵەتێکی چکۆلەین و سامانێکی گەورەمان نییە سوپایەکی گەورەی بەو شێوەیەی دەفەرموون بۆ ڕووبەڕووبوونەوە پێ ئامادە بکەین.
گوتم بە دڵنیاییەوە داوایەکەتان دەگەیەنمە حکوومەتەکەم.ئەوجا ڕوخسەتی ڕۆیشتن و سەفەرم خواست.

هێزەکانی ئاسایش دەوری بارەگاکانی حیزبی شیوعی دەگرن:

لە بەرانبەرئالۆزیی نێوان هەردوو حیزبەکە"بەعس و شیوعی"، کە ئاسایش بارەگایەکانی حیزبی شیوعی و نووسینگەکانی ڕۆژنامەی "طریق الشعب" و گۆڤاری "الثقافة الجديدة" و چاپخانەی "الرواد"ی گەمارۆدا، گومانێک نەما کە دابڕانەکە بەڕاستییە.[58] ئەگەرچی لەسەرداوای سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی نەدەچوومە دەوامی وەزارەت، بەڵام لە بارەگای حیزب و نووسینگەی ڕۆژنامەی حیزب دەوامم دەکرد، تا مافە داراییەکانی کرێکاران و کارگەرانی ڕۆژنامە و چاپخانە یەکلا بکەمەوە و پەرتەیان پێ بکەم. ئەو چەکانەشم کۆکردەوە کە حیزب بۆ پاراستنی بارەگایەکانی لە حکوومەتی وەرگرتبوو و، بەبەرچاوی پیاوانی ئاسایشەوە خستمنە ناو ئۆتۆمۆبیلە "لادایە"کەم و دوامکەوتن تا بزانن ئەو چەکانە دەبەمە کوێ. دیتیان ڕێی بارەگای بەرەی نیشتمانیم گرتووە لە "کەمپ سلێخ" و چەکەکانم ڕادەست کرد کە شازدە تفەنگی کلاشینکۆف بوو و دامنە بەڕێز عەبدولغەفوری نووسیاری بەرەبوو و پسووڵەم لێ وەرگرت.

ئیدی دەوامکردنم لە بارەگای حیزب و نووسینگەی ڕۆژنامە کەڵکی نەمابوو، چونکە بۆ دوو مانگ دەچوو، لەسەر بڵاوکردنەوەی بڕیارێکی کۆبوونەوەی حیزبە شیوعییەکانی وڵاتانی عارەبی ڕەخنەی لە ڕێوشوێنەکانی حیزبی بەعس گرتبوو بەرانبەر حیزبی شیوعیی عێراق، ڕۆژنامە پەکی خرابوو. هەردوو هاوڕێ دکتۆر سەفا ئەلحافز و دکتۆر سەباح ئەلدورە ڕاسپێردرابوون تا لە پاکوپیسکردنی کاروبارەکانی حیزب هاریکاریم بکەن. بەڵام نەیانتوانی ئەوەی بکەن و دواترێ ئاسایش هەردووکی گرتن.

لە سایەی ئەو ڕێوشوێنانە و دەرچوونی مەرسوومێک بۆ دەرکردنی عامر عەبدوڵلای وەزیرە شیوعییەکەی دیکە لە پۆستەکەی و، کە هیچ کام لە سەرۆک و سەدام حوسێنی جێگریشی ڕازی نەبوون چاوم بە یەکێکیان بکەوێ تا قەیرانەکە چارەسەر بکەین، منیش وازم لە دەوامی وەزارەت هێنا. هەر لەو دەمای بولەند ئەجاوید هاتبوو و داوای کردبوو لە وەزارەتی گواستنەوە بمبینێ، ئیدی عەدنان حەمەدانیی وەزیری پلاندانان پەیوەندیی

[58] ـ پایزی ١٩٧٨ هەڵمەتێکی فراوان لە ناوچەی بەغدا کرا و لە هەموو لایەکی وڵاتیش هەڵمەت کرایە سەر ڕێکخستنوکانی "حشع". دوازدە کادیری سەرکردایەتیی شیوعی لە ئەندامانی لیژنەی ناوچەی بەغدا گیران و جواریان لە کاتی لێکۆڵینەوە و ئەسکەنجەدا مردن و ئەوانیدی دوای لێکۆڵینەوە بەردران، بەڵام هەر لەژێر چاودێریی دەزگاکانی ئاسایش مانەوە. هەڵمەیەکە لە پارێزگای نەینەوابە گرتنی هێمنانەی ئەندامانی لیژنەی ناوخۆ دەستی پێکرد و دوایە بەردران، کارەکەش هەر بە بەغدا و نەینەوا نەوەستا و پارێزگایەکانی دیکەی عێراقی گرتەوە و وایکردحیزبی سیوعی لە تەمموزێ دروشمی "ڕووخاندنی ڕژێم" بەرزبکاتەوە. للمزيد: سيف عدنان القيسي، الحزب الشيوعي العراقي في عهد البكر، ص٥٤٣.

پێوەکردم و هەر بۆ نیوســـەعاتێک دەوامی وەزارەت بکەم و پێوازی لە ئەجاوید بکەم. گوتم: پێیبڵێن نەخۆشە. گوتی: من لە نەخۆشیتان تێدەگەم، بەڵام ئەو سوورە یان لە ماڵەوە و یان لە نەخۆشخانە سەردانتان بکا. بەڵام من هەر ڕەتمکردەوە بچمە وەزارەت.

نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی ناوەووە و ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانیی عەرەبی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی جیهانییش دروستکردووە. زۆر لایەنی برا و دۆست، بە زۆر شـــێوە ئەو نیگەرانییەیان دەربڕیوە و، داوایان کردووە چیدی شـــیوعییەکان و هاوالانیان ڕاوەدوونەندرێن و کەشـێکی دروسـتی گێڕانەوەی پەیوەندییە هاوپەیمانییەکانی نێوان ئەو دووحیزبە دروسـتبکرێ و، ئەوەش لەبەر سـووربوونی ئەو لایەنانەیە لەسـەر بەردەوامیی خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و بەرەوپێش چوونە بە یەکڕیزی.

٤ـ هەر بە ڕاسـتییش لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩، وەک نوێنەری حیزبی شـیوعی، دیدارێکم سـەبارەت بە بابەتی دوارۆژی پەیوەندیی نێوان حیزبی بەعسـی عەرەبیی ئیشـتیراکی و حیزبی شـیوعیی عێراقی لەگەڵ کراوە و، هەموو تێڕوانینەکانی حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشـتیراکیم دایە سـەرکردایەتیی حیزبمان و، لیژنەی مەرکەزیی حیزبی شیوعیی عێراقییش، بە نامەیەکی ڕێکەوتی ٩ی شوباتی ١٩٧٩ی لەسەرە، وەڵامی دایەوە و ئەو بنەمایانەی تێدایە کە پێیوایە بۆسـەرکەوتنی هەموو هەوڵێکی مەبەسـتی بێ پەیوەندیی نێوان ئەو دوو حیزبە ئاسـایی بکاتەوە، دەبێ ئەو بنەمایانەی تێدابێ. ئەو بنەمایانەش دەکرێ لەوەیدا کورتبکرێنەوە کە چیدی حیزبی شـیوعی ڕاوەدوو نەندرێ و شـوێنەواری نەسڕێتەوە و کەشێکی تەندروستی پەیوەندیی نێوان جەماوەری هەردوو حیزب بێتەکایەوە و کەشـووهەوایەکی دیموکراتییش بۆ هەموو هێزە پێشـکەوتنخوازە دژە ئیمپریالیزمەکان دەستەبەر بکرێ.

٥ـ سـەرکردایەتیی قوتریی حیزبی بەعسـی عەرەبیی ئیشـتیراکی، لە ٨ی ئازاری ١٩٧٩، وەڵامی نـامەکەی لیژنەی مەرکەزیی حیزبی شـیوعیی دایەوە و، بگرە بێ گفتوگۆ لەسـەرکردنیشـی بەکردار هەموو ئەو بنەمایانەی ڕەتکردەوە کە پێشـنیارکرابوون و، هاوشـانی ئەو ڕەتکردنەوەیەش، هەڵمەتێکی فیکری و سـیاسـی دژی حیزبی شـیوعیی عێراقی، بە هەرچی کەرەسـتەکی بەردەسـت بوو ڕووی لە هەڵکشـان کرد و بەرەش لەو هەڵمەتەدا بەکارهێنرا.

٦ـ سەرباری ڕوونیی ئەو بنەمایانەی نامەکەی لیژنەی مەرکەزیی حیزبی شیوعیی عێراقی خسـتبوویە ڕوو، نوێنەرانی بەعس هێشـتا داوای وەڵامیان لە حیزبی شـیوعی دەکرد. ئەوجارەیان وەڵامی حیزبم بە زارگۆیی برد، کە پوختەکەی ئەوەبوو ئێمە دووپاتیدەکەینەوە دەبێ پێویسـتە بارودۆخ و کەشـێکی گونجاو دەسـتەبەر بکرێ تا بچینە ناو گفتوگۆیەکی جیددی و ڕاشکاوی چارەسـەرکردنی ئەو کێشانەی لەنێوان هەردوو حیزب خراوەتە ڕوو و دەبێ بەپێی ئەو بنەمـایانەی لە نـامەکەی پێشـتـرمـان لە ڕێکەوتی شـوبـاتی ١٩٧٩ لێکۆڵینەوە لە بابەتی پەیوەندییەکانمـان بکرێ و، شـێلگیریی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و

زایۆنیزم و کۆنەپەرستیش لەبەر چاو بگیرێ و، دەبێ جیاوازییە سەرەکییەکانیش پتر لەبەرچاوبن نەک لاوەکییەکان.

٧_ بەداخەوە، هاورێ نەعیم حەداد لەقسەکانیدا بابەتی ئەو رونکردنەوانەی لەبەرچاو نەگرتووە، کە من وەک وەڵامێک گواستمەوە و، مافی بەخۆی داوە تۆمەتی بێ بنەما بداتە پاڵ حیزبی سیوعی و سەرلەنوێ هەڕەشە لە حیزب بکا، کە ئەوەش تەواو پێچەوانەی ئەو هەولانەیە کە بۆ لێکۆلینەوەی کێشەکانی نێوان هەردوو حیزب دەدرێن، تا بگەنە هەڵوێستێکی یەکگرتووی لەگەل هەردوو پەیمانی گرنگی کاری نیشتمانیی بگونجێ، ئەو دوو پەیمانەی هەردوو حیزب هەولێکی زۆریان داوە و کاتێکی زۆری چەند ساڵەیشی بردووە تا دەستەبەری بکەن. وەهاش سەنگ و مەن کراوە کە دوو دەستکەوتی گرنگی گەل و بزووتنەوو نیشتمانییەکەی گەلن و، هەتا ئێشتاش دەکرێ ببنە ئەو بنەمایەی هەردوو حیزب لەوێ بگەنەوە یەکدی و، ئەو پەیمانە هێشتا هەندی ئامانجی تێدایە بەدەست نەهاتوون و دەستەبەرکردنیشیان هەولێکی هاوبەشی هەردوو حیزبی پێویستە. حیزبی سیوعیی عێراقییش ئامادەیە بەتەواوی پابەندی هەر ستێک بێ کە لە گفتوگۆ و بڕیارداندا بەشداری لە ئامانج و بەڵگەنامەکانی پەرەپێدانی ڕێڕەوی گەلەکەمان بکا.

دەستلەکارکێشانەوەم لە وەزارەت:

لە ٢ی ئایاری ١٩٧٩، دەستلەکارکێشانەوەیەکی نووسراوم پێشکەشی ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆککۆمار کرد. بە وەزارەتی گواستنەوەیشم ڕاگەیاند، هەرکە مەرسوومی قبووڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەکەم دەرچوو، ئەوان ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر. سەرباری ئەوەی سەرۆک دەستلەکارکێشانەوەکەی قبووڵ نەکردم و تارق حەمەد ئەلعەبدوڵڵای سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی پەیوەندیی پێوەکردم تا تکای سەرۆکم پێڕاگەیەنێ دەستلەکارکێشانەوەکەم بکێشمەوە و بوارێکی دی بۆ چارەسەری کێشەی نێوان هەردوو حیزب بڕەخسێنین. پێمڕاگەیاند ئەگر کێشەکانی نێوان هەردوو حیزبیش چارەسەر بکرێ، نە لە هیچ دانوستانێک دەبمە نوێنەری حیزب و نە دەبمە وەزیری حیزب لە حکوومەتدا. دەقی دەستلەکارکێشانەوەکەشم ئاوابوو:

بەڕێز سەرۆککۆماری قەدرگران:

سڵاو و ڕێز.... ئێوە لە ١٩٧٢ ئەرکی وەزارەتی ئاودێریتان بەمن سپارد، جەندی لەدەستم هات کارم بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی لەسەرشانمە کرد و، پرۆژەی ستراتیژیی گەورە جێبەجێ کران کە جێی سەرسامیی بەڕێزتان و بەرپرسان بوون و، جێبەجێکارانیش بەرزترین میداڵیان لەسەر وەرگرت و، وەزارەتیش جێبەنجەی لە ئامادەکردنی دەزگای نیشتمانیی لێوەشاوە دیاربوو کە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەرکەوت و، سەدان ملیۆن دیناریشی بۆ دەوڵەت گێڕایەوە. بە داخێکی زۆرەوە دەڵێم، ئەو چالاکییانە بە دڵی ئەو کۆمپانیایانە نەبوومليۆنان دۆلاریان دەماشییەوە و، نمایندە و بەکرێگیراویسیان لە جۆرەها دەزگای دەوڵەت هەیە و، خەریکبوون ڕاستییەکانیان دەشێواند و، توانیشیان دەسەڵاتداران ڕازیکەن لە بەرپرسیاریی وەزارەتی ئاودێری لامدەن، کە ئەرکی وەزارەتی گواستنەوەتان پێ سپاردم، بە هەمان ئاراستەدا ڕۆیستم و خەریکی دروستکردنی دەزگای جێبەجێکار و هونەری بووم و، کارم بۆ چارەسەری ئەو کێشە درێژخایەنانەی گواستنەوە دەکرد کە لەمێژە هەنە.

سەرۆکی بەڕێز:

لەئەنجامی پەرەسەندنی پەیوەندییەکی باشی نێوان حیزبی سیوعی و حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی، بۆمان ڕەخسا بەسداری لە بەرپرسیاریەتی بکەین. هەر لە واژووکردنی پەیمانی کاری نیشتمانیڕا، کە بنەمای هاوبەش و لیکتیگەیشتنی هەردوولای دەربارەی گرنگترین ئامانجەنیشتمانییەکان لەخۆ گرتبوو، ئەو بەشداریکردنە چاوەڕێ دەکرا. ڕاگەیاندنی لەدایکبوونی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو و، چاویشمان لەوەی بوو ئەو تاقیکردنەوەیە ببێتە

نموونەیەک و لە ولاتانی دیکەی عارەبیش چاوی لیٚ بکریٚ. ببیٚتە ئەوزاریٚکی کاریگەری ئامادەکردنی جەماوەر بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانیمان وبەرەورووبوونەوەی دوژمنکاریی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی کۆنەپەرست، بۆ بنیاتنانی عیٚراقیٚکی پیٚشکەوتووی گەشاوە. _سەرۆکی بەریٚز- دەشزانن کە پەیوەندیی بەرەییش، وەک لە دەقی پەیمانی بەرەدا هاتووە، دەبیٚ لەسەر بنەمای هاوکاریی ڕاستگۆیانە و ریٚزی بەرانبەر و هەلی یەکسان بنیات بندریٚ. کەچی ئیٚمە لەو سالانەی دواییدا و لە زۆر بواردا دەماندیت نایەکسانیم بەرانبەر دەکریٚ، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کاری زۆربەی وەزارەت و دامەزراوە فەرمییەکان و کۆلیٚژ و پەیمانگایەکان دەستی بەسەردا بگیریٚ. بەو سیفەتەی وەزیری دەولەتم و نویٚنەری حیزبیٚکی هاوپەیمانیشم، بەشیٚکی ئەو بەرپرسیاریٚتییەم دەکەویٚتە ئەستۆ، وەلامیٚکیشم سەبارەت بە و داوای روونکردنەوانە دەستنەکەوت کە دەربارەی جیاوازیی روونی نیٚوان گەلان و تایەفەکان و حیزبەکان دەکران. لەو سالانەی پیٚشتریش، هەزاران هاوڕیٚمان گیران و ڕاوەدوونران و فشاریان خرایە سەریٚ و ئەسکەنجە دران تا واز لە باوەرە نیشتمانی و کۆمەلایەتییەکانیان بیٚنن و واز لەو حیزبەس بیٚنن کە بەو باوەڕەی پەروەدەی کردوون و، زۆربەی ئەو ڕووداوانەشمان خستووەتە بەرچاوی بەریٚزتان و هاوریٚ بەرپرسەکانتان، بەلام لەجیاتیی راگرتنیان کارەکان پتر تەشەنەیان کرد و بە لەداردانی دەیان هاورێ و برادەری بیٚگوناهمان کۆتاییهات.

سەرباری ئەوەی گفتوگۆیەکانی ئەنجوومەنی وەزیران لە سالانی بەراییی هەر لەسەر کارە بەریٚوەبەری و هونەرییەکان چڕدەبوونەوە، کەچی چالاکیی ئەنجوومەنی وەزیران پەکی خرا و کارەکان لە ئەنجوومەنی دیکەی تایبەت بە ئیٚوە بڕیاریان لەسەر دەدرا، ئیدی هەستمان بەوەی کرد ئیٚمە تەنیا کارگوزاری ئاساییین و ڕیٚمان پیٚنادریٚ لە نەخشەکیٚشیی سیاسەتی ولاتدا بەشداری بکەین و ، هەر ئەوەندەمان لەسەرە بەو بڕیارانە رازیبین کە دوور لەئیٚمە دەدریٚن.

لەمیٚژیشە کۆبوونەوەکانی لیژنەی بالای بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پیٚشکەوتنخواز سڕکراوە و،زۆربەی بنکەکانی بەرەس بوونەتە بەریٚوەبەریی لیٚکۆلینەوە دژی هەندی لایەنی دیکە. سکرتاریەتی بەرەش کراوەتە ئامرازیٚک بیروڕای بەتەنی دراو بەسەرئەوانیدیدا بسەپیٚنیٚ. بگرە بووەتە دەزگایەکی جنیٚو بە لایەنەکانی دی دەدا و، ئەوەش هەلمەتیٚکی ڕاگەیاندنی هەمەجۆی کەرەستەی ڕاگەیاندنی لەگەلدابوو، لەوانەش، دەرکردنی کتیٚبیٚک بەناوی'چەند تیشکیٚک لەسەر بزووتنەوەی سیوعی'ی لە بەریٚوەبەرییەکانی ئاسایش دەرچووە و حیزبی شیوعی وەها ویٚنا دەکا وەک ئەوەی کار بۆ بەرژەوەندیی و زایۆنیزم بکا و، سووک سەیرکردنی ئەو سەرکردە سیوعییانەی تیٚدایە کە قوربانییان بە بەنرخترین

ست داوه و، له ڕێی گەل و باوەڕی نیستمانی ژیانی خۆیان بەخشیوه. لەوەس نشیرینتر ئەوەیه دەستیان بۆ ناوبانگ و شکۆی ژن و خوشک و کچەکانیان بردووه که بێگومان ئابڕوومەندترین ژنن.
بەرانبەر بەو شتانەی له دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەخوێندرینەوه و دەبیندرێن، خەڵک خەریکه پرسیارێکی ڕەوای مەغزای له وەزارەت مانەوەی کەشێکی ئاوای ئێمه دەکەن. ئێمەش، که بەرەوڕووی خانەوادەی هاوڕێ گیراو و حوکمدراوەکانمان دەبینەوه و دەستەپاچەین هاوارەکانیان بگەیەنینه ئێوه یان وەڵامێکی رازیکەرمان بۆ ئازاردیتنیان دەستکەوێ و کەچی له بەرپرسیارێتیشدا هاوبەشین، ئیدی تووشی تێمانێکی گەورە دەبین. تاکه دڵی خۆدانەوەمان ئەوەبوو تا دوا چرکه له پاککردنەوەی کەشه نیستمانییەکه و گەرانەوه سەر ڕێی هاوکاری و هاوشانی لەو بارودۆخه ناسکەدا بەردەوامبین، کەچی ئێمەی دوو وەزیر له هەڵسوکەوتی هەندێ هاوڕێتان دەرباز نەبووین و عامر عەبدوڵلای هاوڕێم قسەی ئەوتۆی وەبەرگوێ دراوه هەڕەشەیه و دەست بۆ ئازادی و شکۆی دەبا.
سەرۆکی بەڕێز، پێشتێ چەندجاران دۆخی پرکێشەی کوردستانمان بۆ باسکردن و تکامان لێکردن هەڵمەتی ڕاگواستن و لەسێدارەدان ڕاگرن و، وریاشمان کردنەوه که چ مەترسییەکیان لێ پەیدا دەبێ، کەچی بەوەی تاوانبار دەکراین که کوردەکان دژی شۆڕش هاندەدەین. هەرچەندی داوای چاککردنی بارودۆخەکەمان بکردایه و، داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێوشوێن و دامەزرا و و دەزگا هەڵاوێردەنمان بکردایه و بمانگوتبا ئازادییەکان بەرکەماڵبن، به لیبرالیزم و هەوڵی پەکخستنی دەزگاکانی دەوڵەت و شۆڕش تاوانبار دەکراین. بەڵام ئێمه پێمانوایه تەنیا دیموکراتی دەتوانی گەل و هێزه نیستمانییەکان وەها ئامادە بکا بەرەوڕووی مەترسییان ببنەوه و ڕێ لەسەر پیلانگێڕیی ئیمپریالیزم و زایۆنیزمی کۆنەپەرست ببڕێ. ڕێوشوێنه هەڵاوێردەکان و بەربە ئازادییەکانی گەل گرتن حکوومەت له گەل دادەبڕێ و کەشێکی خراپ گلەییکردن دروستدەکا، ئیدی دوژمن دەتوانێ به ئاسانی پرۆژه پیلانگێڕییه دوژمنکارانەکانی له ناوچەکەدا جێبەجێ بکا.
بەرانبەر بەو بارودۆخه شڵەژاوە، وای دەبینم که بەشداریمان له سان دانه بەر بەرپرسیاری بێ ئەوەی توانای چاککردنیمان هەبێ، کارێکه ناکرێ لەسەری بەردەوامبین، ئەوەش بەسەرمدا دەسەپێنێداوا بکەم له ئەرکی وەزارەت بمبوورن، تا له بواری دیکه بۆم برەخسێ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەم بکەم.
بەڵگەنامەکانی هەردوو حیزب دووپاتی دەکەنەوه هەموو سەرکەوتنەکانی گەلەکەمان پەیوەستی هاوپەیمانیمان بووه، هەموو ئەو شکستانەی تووشی بزووتنەوەی نیشتمانی بووینه ئەنجامی داروخانیهاوکاری و هاوپەیمانیی نێوان حیزبەکان و هێزه نیشتمانییەکان

بووە و، ئێمە لە داهاتووش هەر کار بۆهاوپەیمانیی هێزە نیشتمانییەکان دەکەین و لەسەر بنەمای دروستی ئەوتۆی بتوانێ گەل ئامادەبکا و ئامانج و ئاواتەکانی بینێتەدی.

لە ١٠ی ئایاری ١٩٧٩ دەستلەکارکێشانەوەکەم قبوولکرا.

هاتنەسەردەسەڵاتی سەدام و هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران:

شەری عێراق و ئێران ئەو کاتی ڕوویدا کە سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر لە دەسەڵات کشایەوە و ڕادەستی سەدام حوسێنی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی کرد. ڕاستییەکەی، سەرۆکایەتیی دەوڵەتلەو دۆخە ئاڵۆزەی هەبوو لەسەرەوەی توانایئەحمەد حەسەن بەکری بوو، نەخاسمە دوای مردنی ژنەکەی و محەممەدی کوڕی و مەزهەری زاوای لە کارەساتێکی پردەکە.

بەڵام ڕادەستکردن و وەرگرتنی دەسەڵات بە بڕیارێکی بەڕێوجێی کۆنگرەی سەرکردایەتیی بەعس نەکرا، کەچی لەجێی ئەوە سێدارە بۆ سازدە ئەندامی سەرکردایەتیی حیزب هەڵبەسترا، لەوانەش عەبدولخالق سامەڕاییئەندامی هەردوو سەرکردایەتیی قەومی قوتری و، محەممەد مەحجوبی وەزیری پەروەردە و ئەندامی سەرکردایەتیی قوتری و، محەممەد عایشی وەزیری پیشەسازی و سەرۆکی یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکاران و، محێ عەبدولحوسێنی سکرتێری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و عەدنان حەمەدانیی وەزیری پلاندانان و لیوا خالد مەحمود سیرەتی سەرکردەی فیرقەی سەربازی و خەڵکی دیکەش و، سەدان کادری بەعیسیش خرانە بەندیخانە یان لە بەندیخانەدا مردن، لەوانەش مورتەزا عەبدولباقی حەدیسیی وەزیری دەرەوە و باڵیۆزی عێراق لە مۆسکۆ و بحەممەد سەبری حەدیسیی باڵیۆزی عێراق لە تاران.

سەرباری ئەوەی سەرکردایەتیی عێرا بەرپرسی هەڵگیرساندنی سەرە لەگەڵ ئێران، باڵام ئێرانیش بەشێکی گەورەی ئۆباڵی ئەو شەڕەی لە ئەستودایە. ئاخر هەر سەدام بوو ڕوحوڵلا خومەینیی بەدەرکردن دا ئەو کاتەی لە نەجەفی پیرۆز پەنابەر بوو و دژی حکوومەتی شا خەریکی چالاکی بوو. ئەوکارە دواترێ شوێنەوارێکی دەروونیی لەسەر خومەینی هەبوو و، خومەینییس دروشمی شۆڕشی ئیسلامیی لە دنیادا بەرزکردەوە و، لە عێراقرا دەستیپێکرد چونکە ژمارەی شیعە لە ناوەڕاست و باسووری عێراق زۆربوو، هەردوو دەوڵەتەکەش دەڵێن ئەوەی دی دەستی بە شەڕێ کردووە، بەڵام شەڕ لە ئەیلوولی ١٩٨٠ دەستیپێکرد و هەشت ساڵ بەردەوام بوو و سەدان هەزار ڕۆڵەی هەردوو گەلی عێراق ق ئێرانی هاڕی.

لای عێراق، هۆیەکانی هەڵگیرسانی شەڕ دەبەنەوە سەرڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی١٩٧٥ی نێوان سەدام حەسێن و محەممەد ڕەزا پەهلەویی شای ئێران، کە لە کۆبوونەوەی لووتکەی ڕێکخراوی وڵاتانی ئۆپێک بەسترا و ڕێککەوتنەکەیشیان دژی شۆڕشی کوردی بوو کە لە

١٩٧٤ دووباره بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی هەڵگیرسابووەوە، ئەویش دوای ئەوەی بەعس خۆی لە جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دزییەوە. مەلا مستەفا ئاسانکاری و یارمەتیی لە والآتانی دراوسێی عێراق وەردەگرت، نەخاسمە ئێران.
کە شۆڕشی ئێرانی سەرکەوت، سەدام حوسێن دیتی بارودۆخەکە لەبارە تا ئەو خاک و ئاوە وەربگرێتەوە کە لە سەردەمی شا و لە ڕێککەوتنی جەزائیر دەستی لێ بەردابوو. دوای ئەوەی ژمارەیەکی گەورەی ئەفسەرانی لایەنگری سای دەرکران و ژمارەیەکی زۆری فیرقەکان هەڵوەشێنرانەوە، چونکە سەرکردە نوێیەکانی ئێران پێیانوابوو چەکدارکردنی گەل لەڕێی پێکهاتەکانی پاسدارانی ئیسلامی بەسە بۆ پاراستنی ئێران، سەدام، لاوازیی سوپای ئێرانی قۆستەوە.
لەوەیدا نیین وردەکارییەکانی شەڕ بگێڕینەوە، بەڵام بووە هۆی دادۆشینی داهاتە دارایی و مرۆییەکانی هەردوو ولات. خۆرئاواش، بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، هانی عێراقیان دەدا لەشەرکردن بەردەوام بێ. جا لەو ڕێوانەیدا خوێنەری بەڕێز دەبەمەوە سەر کاریگەرییە ئابوورییەکانی شەڕی ئێران و داخوا چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی دارایی و ئابووری هەبووە. پێش شەڕێ، فەوزی ئەلقەیسیی وەزیری دارایی لە ئەنجوومەنی وەزیران دەیگوت تێماوە نازانێ ئەو پارەزۆرەی دراوی بیانی لەکوی دانێ، چونکە یەکجار زۆرە. بەڵام شەڕ هەموو پاشەکەوتەکانی عێراقی لووشدا و بووە قەرزداری چەندین ولاتیش، بگرە ولاتێکی بێ داهاتی وەک ئوردنیش.
ولاتانای خۆرئاوا دەیانویست درێژە بە شەڕەکە بدرێ ، تا ئەو دوو دەوڵەتەی سامانە نەوتییەکانی خۆیان خۆماڵی کردبوو، باستر دادۆشن. ڕاستییەکەی، شەڕ سامانی دارایی و مرۆیی ویران کرد و شوێنەوارێکی وێرانەی گەورەی لەهەردوو ولات بەجێهێشت. لەبیرمە، جیسکار دیستانی سەرۆکی فەرەنسا بە ڕۆژنامەنووسانی گوتبوو سەبارەت بە گەیشتنە دەسەلاتی ئیسلامییە ئوسوڵییەکان لە ئێران ، سەرۆکی ئەمویکای گەیاندووەتە ئەو باوەڕەی مەرج نییە خۆرئاوا بەرژەوەندییەکانی ئێرانی بەمانەوەی حکوومەتی شاوە ببەستێتەوە، جونکە دەکرێ لەگەڵ دەوڵەتی نوێیش ڕێکبکەون. خوێنەریش زۆر شتان دەربارەی ڕووداوی "ئێران گێت" دەزانێ ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەنهێنی چەکی دەدایە ئێران و، لەڕێی مانگە دەستکردەکانیشەوە جوولەی سوپای ئێرانی دەدایە سەرکردایەتیی عێراق.
شەڕ بەوەی کۆتاییات کە سەرکردایەتیی ئێران اچارکرا بە بڕیاری ڕاگرتنی شەڕێ ڕازیبی و هەردوولا بکشێنەوە سەر سنووری نێودەوڵەتیی هەردوو ولات. عێراق خۆی بە سەرکەوتووی شەڕەکە دادەنا. بەڕێز خومەینی ڕاگرتنی سەڕی بە "ژەهر خواردنەوە"

وەسفکرد، بەلام راوەستانی شەڕ و کسانەوەی هەردوولا بۆ سنووری نێودەوڵەتییان دەکرێ بە سەرکەوتنی ئاشتیی هەردوو گەلی هەردوو ولاتی دابنێین و. پێشوازییەکی گەرمیشی لێکرا.

یەک لەو ناوچانەی شەڕی لەسەر کرا ئەو ناوچە پڕ نەوتەی هۆڕەکانی نێوان عێراق و ئێران بوو کە پێیدەڵێن "کێڵگەی مەجنون" و ئەو کۆمەڵە دوورگە ڕۆڵێکی گەورەیان لە ڕووخاندنی حکوومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف هەبوو، چونکە ئەو حکوومەتە ئیمتیازی گەران و دەرهێنانی نەوتی دابووە کۆمپانیای "ئیراب"فەرەنسی،[60] ئەوەس کۆمپانیا ئەمریکی و بەریتانییەکانی توورەکرد و، ئیدی ڕەزامەندیی خۆیان دایە کودەتاچییەکانی ١٩٦٨، دەشگوترێ سەدام حوسێن، کە لە قوبروس بە نهێنی لەگەل نوێنەرانی "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- بەریتانیا" کۆبووەوە و دڵنیای کردن، ئەو ڕەزامەندییەی دەستەبەرکرد. ئەوجا بەشداریی هەریەک لە عەبدولڕەزاق نایف بۆ سەرۆکوەزیران و ئیبراهیم عەبدولڕەحمان داود بۆ وەزیری بەرگری و دکتۆر ناسر ئەلحانی بۆ وەزارەتی دەرەوە. بەلام وادیارە سەرکردایەتیی بەعس ئەو کارەی وەک ڕێوشوێنێکی تاکتیکی قبووڵ کردووە تا ڕەزمەندیی ئەو دوو دەوڵەتە بۆ کودەتا وەرگرن و لە سەرکەوتنیشی دڵنیابن. ئەوجا لە حوزیرانی ١٩٧٢ نەوتی عێراق خۆماڵی کرا کە گورزێکی گەورەبوو بەر کۆمپانیا بیانییەکان کەوت و، ئیدی بە هەمووجۆرێک کاریان بۆ لاوازکردنی عێراق دەکرد.

جا کارەکە هەرچۆنێک بێ ئەوەی شەڕی عێواق ق ئێران لەڕووی ئابووری و داراییەوە بەجێیهێشت و ئەوجا لە ڕووی سەربازیشەوە، ئەوا شەڕ هەموو پاشەکەوتەکانی عێراقی لووشدا و، هەموو کارێکی پەرەپێدان لە ٩٨٥ڕا ڕاوەستا و هەموو ئەو توانا داراییە هەواڵەی پێداویستییەکانی شەڕ کرا و، عێراق کە لەشەڕی هاتەدەرێ چەندین ملیار دۆلار قەرزدار بوو، بەڵام هێزی سەربازیی گەیشتبووە هەست فەیلەق، ئیدی بووە یەک لە هێزە گەورەکانی دنیا و گەورەترین هێزی سەربازیی ناوچەکەش.

---

[60] _ چوارەم وەزارەتی تاهیر یەحیا ڕێککەوتنێکی نەوتیی لەگەل کۆمپانیای ئیرابی فەرەنسی کرد و ڕێی پێدا لە ڕووبەرێکی لە دوازدەهەزار کیلۆمەترێ دووجا پتربوو بەدوای نەوتدا بگەڕێ، ڕێککەوتنی کۆتاییش لە ٣ی سوباتی ١٩٦٨ مۆرکرا. للمزید: جعفر عباس حمیدی ،تاریخ الوزارات العراقیة، ج ١٠، ع١٧٠-١٧٥.

یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بۆ هێرشی كردە سەر حیزبی شیوعی؟:

ماجەرای شــەڕی عێراق و ێران گۆڕا و لە بەرەكانی شــەڕ ئیران بووە هێرشــبەر و هەڕەشــەی ئەوەی دەكرد بەســەر ســنوورەكانی عێراق دابدا و بێگومان بە ســنووری كوردستانیشــەوە. جا ژمارەیەكی زۆری كەسایەتییە عەرەب و كوردەكان داوایان لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەكان كرد هەڵویستیان بەرانبەر شـەڕەكە بگۆڕن، جونكە شـەڕەكە گۆڕابوو و ئێستا ئێران خەریكبوو خاكی عێراقی داگیر دەكرد، ئیدی سروشـتی شـەڕەكە بۆ عێراق گۆڕا و لە هێرشــبەرییەوە ببووە بەرگری. ئیدی هێزە نیشــمانییەكان، ســەرباری ئەو دژبەرییانەی لەگەڵ ڕژیمی عێراقدا هەیانبوو، دەبووایە بە هەهەرچیی لەدەســتیان دێ بەر بە داگیركاریی ئێرانی بگرن.

تەنیا هەندێ هێزی كوردی نەبوون كە ئەو هەڵســەنگاندنەیان بۆ ســروشــتی شــەڕەكە هەبووبێ، بەڵكو سـەركردەی دیار و ناسراوی حیزبی شیوعیی عێراقیش بانگەشـەیان بۆ ئەو هەڵویستە دەكرد، لەوانەش زەكی خەیریی ئەندامی مەكتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی، كە لە ڕەوی زۆرینەی ســەركردەكانی حیزب دەرچووبوو و، ئەوان پێیانوابوو شــەرەكە شــەڕێكی دوژمكارانەی عێراقە بۆ ســەر ئێران و كە ئیســتا ئیرانیش لە بەرەكانی شــەڕ لەجیاتیی بەرگری خەریكە هێرس دەبا، ئەوە هیچ شــتێك لە ســروشــتی ســەرەتای شەرانگێزیی شیڕەكە ناگۆڕێ.

لە ساڵی ۱۹۸۳، بەسای عەبدولڕەحمان قاسملووی ئەمینداری گشتیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانی بە هاوكاریی عێراق شەڕی سوپای ئێرانی دەكرد، پەیوەندییەك لەنێوان سەركردایەتیی یەكێتیی نیستمانیی كوردستان و حكوومەت دروستبوو.

حیزبی شیوعیی عێراقی لە كوردستان، لەكاری سیاسی و سەربازیدا، ڕكابەریی لەگەڵ یەكێتیی نیســتمانیی كوردســتان دەكرد، بەڵام خۆی لەهێزەكانی تەكێتی دەپاراســت و نەیدەێشــت بگەنە یەكدی. ئەوكارەش ببووە ڕێگر لێنەدەگەڕا هیچ چارەسـەرێك دووقۆڵیی نێوان یەكێتیی نیشــتمانی و حكوومەتی عێراقی ســەربگرێ، ئیدی پێش ئەوەی لەگەڵ حكوومەت بگەنە یەك، یەكێتیی نیشـتمانیی كوردسـتان هێرشـێكی چەكداری كردە سـەر بارەگاكانی حیزبی شـیوعیی عێراقی لە ناوچەكانی خۆیان و، دەیان ئەندامی لێ كوشـتن وژمارەیەك ئەندام كادیریشــی لێ بەدیل گرتن و دەســتیشــی بەســەر دەزگاكانی ڕاگەیاندنیاندا گرت.

پێدەچێ ئەو کێشە توندەی نێوان هەردوولا، دوژمنداریيەکی هەمیشەیی بێ و هیی سالّی ١٩٦٣ بێ، ئەو کاتەی شیوعییەکان لە هەندی ناوچەی کوردستان کۆبوونەوە، کە لەبن دەستی بزووتنەوەی چەکداریی کورد بوو، تا خۆیان لە دڕندەیی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بپارێزن. شیوعییەکان لەگەڵ هەڵویستی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەوڕوو دەبوونەوە کە نەیاری حیزبی شیوعی بوون، کەچی مەلا مستەفای بارزانی داوای حکوومەتی ڕەتکردەوە و شیوعییەکانی ڕادەست نەکردەوە. کە کوتلەی ئیبراهیم ئەحمەد ەلال تاڵەبانییشلە ١٩٦٤ لە پارتی دیموکراتی کوردستان جودابوونەوە و، چەکیان دژی مەلا مستەفای بارزانی هەلگرت، هەندێ جار و لە هەندێ ناوچە شەڕ لەنێوان ئەو کوتلەیە و دەستە پشتیوانییەکانی شیوعییەکان روویدا. جەلال تالەبانی، لە ڕووی فیکری و سیاسییەوە لەگەل ئەوەی نەبوو حیزبی شیوعی لە کوردستان بێ، جا شەڕەکە، بە دەست تێکەڵکردن لەگەل حکوومەت، لە یەکی ئایاری١٩٨٣ لە ناوچەی پشتئاشان ڕوویدا.

ئەگەرچی ئەو دوو حیزبە لە بەرەی نیشتمانیی نەتەوەیی دیموکراتی "الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية- جوقد"[61] هاوپەیمانی یەکدی بوون، کەچی هێرشکرایە سەر حیزبی شیوعی. ئەو هێرشە پتر لە "١٢٠" سەهید و بریندار و بێ سەروشوێنی لێکەوتەوە.

مەبەستی یەکێتی لەو هێرشەدا ئەوەبووبێ بەر بە داگیرکاریی ئێران بگرێ، یانیش بەسای هاوکاریی حکوومەتی بەغدا دەست بەسەر دەسەلاتی کوردستاندا بگرێ، خەڵک سەریان لەو خێرا بەرەوپێشچوونەی دانوستانەکانی نێوان یەکێتیی نیستمانی و حکوومەت سوڕما. بەلام ئەو دانوستانانە هەر لەناو خودی یەکێتیی نیستمانیدا بێ نەیار نەبوو، چ باڵی ڕاستڕەوی کە دژی سیوعییەکان بوون و چ باڵی چەپی پێیوانەبوو دوژمنایەتیکردنی سیوعی سوودێکی هەبێ.

---

[61] _ بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی:بەرەیەک بوو لە ١٢ی تشرینی دووەمی١٩٨٠ لە دیمەشق دروستبوو بریتیبوو لە هەریەک لەوانەی خوارەوە:

١_ حیزبی شیوعیی عێراقی- عەزیز محەممەد ٢_ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی- جەلال تاڵەبانی ٣_ بزووتنەوەی سۆشیالیستی عەرەبی- جەواد ئەلدوش ٤_ سەرکردایەتیی قوتریی عێراقی حیزبی بەعس – جەبار کوبەیسی ٥ _ پارتی سۆشیالیست- ڕەشید مەجید ٦_ بەرەی ڕزگاریخوازی میللی- هانی حەسەن ئەلنەهر ٧_ دیموکراتە سەربەخۆیەکان- حەسەن ئەلنەهر ٨_ حیزبی سۆشیالیستی کوردستان- مەحمود عوسمان.

چونکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێکخراوی قوتریی عێراقی حیزبی بەعس رازی نەبوون پارتی دیموکراتی کوردستان بێتە ناو بەرەکەوە، حیزبی شیوعی لە ٢٩ی تسرینی دووەمی ١٩٨٠ بەرەیەکی دیکەی دروستکرد وبە بەرەی دیموکراتیی نیشتمانی ناسرا"الجبهة الوطنية الديمقراطية-جود" ، سەرباری پارتی و شیوعی ، حیزبی سۆشیالیستی کوردستان و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانیشی تیدابوو.

ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان سەدام حوسێنی سەرۆکی عێراق و جەلال تاڵەبانیدا کرا، واژووی لەســەر نەکرا و، هەریەکەیشیان ئۆبالەکەی داوێتە ئەستۆی ئەویدی. جەلال تالەبانی دەڵێ ئەو فسارانەی تورکیا خستییە سەر حکوومەتی عێراق لێنەگەڕا ڕێککەوتنەکە واژوو بکرێ و، عێراقیش پێویســتی بە تورکیابوو تا پێداویســتییەکانی شــەڕی لە خاکی تورکیاوە بگاتە دەســـتی. للەکاتێکدا ســـەدام مۆرنەکردنەکەی وەها لێکدایەوە و گوتی: "ئێمە ویســـتمان یەکێتیی نیشــتمانی لە بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمیدا بەشــداربێ، بەڵام دەرچوو جەلال دەیەوێ هەموو دەســـەڵاتی ئەوێی لەبن دەســـتیدابێ و جێ پێیەکمان لە کوردســـتان بۆ نەمێنێ". ئێمەش پێمانوایە هەردوولا ڕاستدەکەن.

یەکەم دیداری دوای دەستلەکارکێشانەوەم، لەگەڵ سەدام حوسێن:

لە بەرایەکانی ۱۹۸۷، دادگای تایبەت، بەتۆمەتی ئەوەی ویستوویەتی ژمارەیەک بەعسیی جیابووەوەبە قاچاغ لە کوردستانەوە بباتە دەرەوەی عێراق، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ خزمێکم دەرکرد، ئەویش پیرۆت فازڵ تاڵەبانیی پارێزەر بوو. ئەو کەسە یەک لە کەسایەتییە دیارەکانی بەرەبابەکەمان بوو و، لەبەر مکوڕیی خانەوادەکەشمان، لە نامەیەکدا داوام لە سەرۆک کرد ڕێی دیدارم بداتێ و، لەو ماوەیەسدا حکوومەت دەستی بە ڕاگواستنی ژمارەیەکی جووتیارانی کورد کردبوو وگوندەکانی دەڕووخاند و کێڵگەکانی وێران دەکرد و سەرچاوەکانی ئاوی کوێردەکردەوە و، زەرداوی گوندی ئیمەش یەک لە گوندە ڕووخێنراوەکان بوو.

لە شەشی ئایاری ۱۹۸۷، تەلەفۆنێکم لە سکرتێری سەرۆک سەدامەوە بۆ هات و سەعات دەی ئەو ڕۆژەی بۆ دیدارەکە دیاری کردبوو و ئۆتۆمۆبیلێکیشی هەنارد تا بمباتە کۆشکی کۆماری.

سەدام حوسین دۆستانە پێشوازیی لەکردم و زۆری بەخێرهێنام. دەستم لێ بە قسان کرد: سەرۆکی بەڕێز بە تکایەک و گازندەیەکەوە هاتووم. خزمێکم لە بەقاچاغ دەرکردنی ژمارەیەک بەعسیی جیابووەوە تێوەگلاوە و هەمووان حوکمی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە. ئەو لەبەر دژایەتیکردنی ئێوە و بۆ خیانەتی هاوکاریی بێگانە ئەو کارەی نەکردووە تا شایانی مردن بێ، بەڵکو لەبەر دۆستایەتیی نێوان خانەوادەکانمان و، نەخەملاندنی ئاقیبەتەکانی ئەوکارەی کردووە و ئێستا داوادەکەم لێی ببوورن.

گوتی من سەرسام چۆن واستە بۆ ئەو جۆرە کەسانە دەکەی، هەوڵی بە قاچاگ دەرکردنی جیابووەوان و پەیوەندی بە هەڵگەڕاوان و پەیوەندی لەگەل ولاتێکی بیگانەی وەک سوریا!

گوتم: ئەو جۆرە لێپرسینەوانە بۆ من دەشێ کە سەری خۆم لە سیاسەتدا سپی کردووە. بەلام گەنجێکی وەک ئەوی ناسارەزای سیاسەت، ئاسان نییە ئەنجامی کارەکانی لێکبداتەوە.

ئەوجا سەدا حوسێن هاتە سەرباسی هەڵویستی حیزبی سیوعی ورەخنەی لەو هەڵویستەی گرت بەرانبەر دوژمنداریی ئێران هەیەتی و، هاوکاریی هەندی هێزی کۆنەپەرست دەکا. ئیدی مەسەلەی ئەو کابرایەم بۆ گێڕایەوە کە ماڵەکەی دزرابوو و دەروجیران و خزم لە دەری کۆببوونەوە و گوناهەکەیان دەخستە سەر ملی خۆی. یەک دەیگوت دەرگای ماڵەکەت قایم نییە، یەک دەیگوت دیواری حەوسەت نەوییە و....تاد. کابرا

گوتی ڕەخنەکانتان قبووڵ دەکەم، بەڵام لێشتان دەپرسم داخوا دزەکە **هیچ** تاوانێکی نییە؟!

جا گوتم: منیش ئەو تێبینییەتان قبووڵ دەکەم، بەڵام ئەدی خۆتان لەو ڕووداوەی هیچ سووچێکتان نییە؟ گوتی: سووجی **ئێمە** لەوەیدا جییە؟ گوتم: من لەناوجەرگەی ڕووداوەکان بووم و شووچی خۆمان و ئێووەش دەزانم.

گوتم: باسی ئەو گوندەی بۆ بەڕێزتان دەکەم کە بەشێکی زۆری ژیانم لەوێ بەسەربردووە و گوندەکەش ناوی "زەرداو"ە و سەدو دەماڵی تێدابوو و مزگەوتێک و قوتابخانەیەکی شەش پۆلی و بیرێکی ئێتیوازی و کستوکاڵێکی ڕێکوپێک. سێ کەسی ئەو گوندەی بە سەربازی خزمەت بەسداریی شەڕی ئێرانیان کرد و لەبەر ئازایەتییان مەدالیای ئازایەتییان وەرگرت و پلەیان کرایە ئەفسەر، گوندەکە ١٦ "نائیب زابت" و "٧٢" "زابت سەف" و سەربازی تێدابوو. ئەو گوندە چوار شەهید و دە بێ سەروشوێنی هەیە، ئیدی لەوەی زیاتر جییان لێ داوادەکرێ و چ مەترسییەکیان لەسەر ئاسایشی ولات هەبووە؟!

گوتی: ڕووخێنراوە؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: بۆ هەواڵت نەدامێ؟ئەگەر دۆخی گوندەکەم بزانیبا و بمزانیبا بۆتۆش چییە هەلاوێردەم دەکرد. گوتم: من مەبەستم تەنیا ئەو گوندە نییە، بەڵکو باسی ئەو ڕێوشوێنە سەیرەی بە گشتی دەکەم. گوتی: **ئێمە** بڕیارمانداوە هیچ بەشێکی نیشتمان، هەتا نەیکەینە خاک، نەدەینە دەست دوژمنی ئێرانی. بۆ نموونە ئەگەر بەسرایان هەڵبژارد و ئەگەر نەمانتونی بەرگریی لێ بکەین، ئەوا پێش ئەوەی بیدەینە دەستیان ئەوا لەگەڵ خاکی ڕاستدەکەین. ئێستاش، ئێرانییەکان کوردستانیان هەڵبژاردووە بیکەنە گۆڕەپانی هێرش، جا ئێمە هەر گوند و شارۆچکەیەکی نەتوانین بیپارێزین تەختی دەکەین. هەرچی گوندەکانی دەوری ئەو شارۆچکانەیەشن کە بڕیارمانداوە بەرگرییان لێ بکەین ڕەنگە گوندەکان زیانیان بۆمان هەبێ، ئەوا لە بەر پێداویستیی شەڕ بڕیارمان داوە بەشێوەیەکی کاتی تەختیان بکەین. گوتم: سەرۆکی بەڕێز ڕێم بدە تا پێتان بڵێم بەو کارەتان گەلی کورد لەدەستدەدەن. گوتی: لەوەی باشترە هەموو عێراقمان لەدەست بچێ، کوردەکانیش گەلی خۆمانن، ئەگەر ئەوڕۆش لێمان تووڕەبن سبەی لەگەڵمان ئاشتدەبنەوە.

گوتم: بەڵام تەنیا دوای لەدەستدانی گەل عێراقتان لەدەستدەچێ.

ئەوجا سووسەیەکی دایە سکرتێرەکەی لێبووردنێک بۆ پیرۆتی پارێزەر و ئەوانەش دەربکا کە لەگەڵی حوکمدراون دەربکا یدارەوە بۆ بکاتە بەندیی هەتاهەتا. گوتم: سەرۆکی بەڕێز من بۆ ئەوە نەهاتووم تاهەتایە لە بەندیی بێلییەوە،هاتووم لەگەڵ خۆمی ببەمەوە. گوتی: ئێستا لە مردنێوە بۆ ژیان و دوایەش لەپشت دەرگای زیندانەوە بۆ دەرەوە. گوتم؛ ئەوە بەڵێنە؟ گوتی: بەڵێ بەڵێنە. گوتم: بەڵێنی مەردان قەرزە. ئەوجا تا دەرگا بەڕێیکردم.

له دیداریکم لەگەڵ سـەرۆک سـەدام حوسـێن، کە لای دەرگای بەڕێی دەکردم، بەڵێنەکەیم بەبیرهێنایەوە. گوتی: ئەوە پێویستی بە بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش هەیە. گوتم: جا چ دەفەرموون، واسـتەیەکتان لە ئەنجوومەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش بۆ بکەم؟ من یاسـاناسـم و دەزانم لێبووردنی تایبەت لە دەسـەڵاتی سـەرۆککۆماردایە و پویسـتی بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتیی شـۆڕش نییە. بە سـکرتێرەکەی گوت: بڕیاری لێبووردنەکەی بۆ دەرکە.

کە چوومەوە ماڵەوەش، خزمێکم هەنارد تا مژدەی ئەوەی بداتێ خوایاربی لە ماوەی هەفتەیەکدا مەرسوومی لێبووردنی بۆ دەردەچێ، بەڵام لەگەڵی هاتەوە ماڵی خۆمان، ئەوان بە تەلەفۆن پێیانگوتبوون بەریدەن و دواترێ مەرسوومی لێبووردنەکەی دەردەچێ.

قسەکانی سەرۆک سەدام حوسیم سەبارەت بە حیزبی سیوعی پاڵپێوەنام داوای دیدارێکی تایبەتی دیکەی لەگەڵدا بکەم، تا تاوتوێی ئەوەی بکەین داخوا ئاستبوونەوەیەکی نیشتمانیی گشـتی و گشـتگیر ڕێی تێدەچێ، تا ڕێ بۆ گۆڕانکارییە دیموکراتییەکانی وڵات بکاتەوە، ئاخر ئۆپۆزسـیۆن چەندی پێویسـت بەوەی بوو ڕاوەدوونان و سـەرکوتکردن و گەڕانەوە ناو چالاکیی سیاسیی پێویست بوو، سەدام حوسێن و بەعسیش، ئەوەندە پێویستیان بەو ئاشتبوونەوەیەی هەبوو تا ئەو شەرە تاقەتپرووکێنەی لەگەڵ ئێران کۆتایی پێبێ، نەخاسمە کە وڵاتانی کەنداو ئاشـکرایان کردبوو چیدی ناتوانن خەرجیی شـەڕێکی درێژخایەنی ئاوەها دابین بکەن و، جا ئەو دیدارە بە مەبەسـتی ئەو ئاشـتەواییە نیشـتمانییە کرا کە دەستەبەر نەبوو.

بەعس بیرۆکەی ئاشتەوایی دەخاتەڕوو:

کە بەڕێز روحوڵڵا خومەینی، لە ١٩٨٤ دوو ملیۆن ئێرانی کۆدەکەینەوە و بەسەرعێراق دادەدەین و شەڕەکە دەبەینەوە و کۆتایی پێدێنین، من بیرۆکەی جێبەجێکردنی ئاشتەواییەکی نیستمانیی گشتیم لە عێراق خستەڕوو. دۆخی بەرەکانی شەڕ شڵۆقبوون. کشانەوە و شکستە سەربازییەکانی سوپای عێراق لە ناوچەی ئەهواز شوێنەوارێکی خراپی لەسەر وەی سوپای عێراق بەجێهێشتبوو. وڵاتە زلهێزەکانیش لە هەوڵی درێژکردنەوەی شەڕەکەیدابوون تا توانا سەربازی و ئابوورییەکانی ئەو دوو دەوڵەتەدراوسێیە دادۆشن کە نەوتی وڵاتەکەیان خۆماڵی کردبوو و،بگرە ئێران، لە ناوچەیەکی دەووبەری کەرکووک دەستی بە بۆردوومانی دامەزراوە نەوتییەکانیش کرد و، ئەو وڵاتا عارەبانەی خەرجیی شەڕیاندابین دەکرد درکیان بەوەی کرد شەڕەکەدرێژە دەکێشێ و شەڕ بەشێکی زۆری داهاتە نەوتییەکانیان دەبا، ئیدی بەدوای ڕێ و چارەیەکدا دەگەڕان بۆ کۆتایی بەشەڕەکەی بێنن، ئەگەر بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی بەعسیش بێ لەعێراق.

ئیدی داوام لێ کرا ناوبژیوانییەک لەنێوان حکوومەت و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا بکەم و، ڕاستییەکەی هەردووڵاش ڕازیبوون و، دەرمخست کە منونێنەری حکوومەت نیم تا گفتوگۆ لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان بکەم، بەڵکو خبەخشانە هاتووم ناوبژیوانی بکەم تا ئاستەواییەکی گشتگیر لە عێراق بەرپابێ و، بەدەنگەوەهاتنی حیزبە کوردستانییەکان و ئەوانیدیش هانیدا کەو کرداری ئاشتەواییە بەردەوام بم.

سەرباری هەڵوێستە باشەکەی حکوومەتی عێراق بەرانبەر ئاشتەوایی نیشتمانی، بەلام هێشتا لە رووخاندنی گوندە سەر تخووبەکانی نێوان حکوومەت و چەکدارە کوردەکانی سەربە حیزبە کوردییەکان بەردەوام بوو و، پاساویشی ئەوەبوو نایەوێ هیچ پارچەیەکی نیشتمان بە ئاوەدانی بداتەدەسەت ئێرانی دوژمن.

پاساوی من، بۆ ئەو بیرۆکەیەی ئاشتەوایی گشتییە، لەوەیدابوو کە کێشەی کورد یەک لەو پەڵپ و بیانووانەبوو دوژمن گرەوی لەسەر دەکرد و، ئاڕاستەیەکی جیهانیی خامۆشکردنی ئاگری شەڕی ناوخۆ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشە ناوخۆییەکانیش هاتبووە گۆڕێ. پێموابوو گەڕانەوەسەر ئەو هاوپەیمانییە نیشتمانییەی لە حەفتایەکانی سەدەی بیستەم و پتەوکردنی بەرەی ناوخۆڕێیە دروست و بێکێشەکەی دەرچوونە لەو تەنگژەیەی وڵاتی پێدادەڕوا و، سنوورێکیش بۆ ئەو بارە ئازارویە دابندرێ کە گەلی کوردی تێدا دەژی.

نامەیەکم بۆ جەلال تاڵەبانی هەنارد و هەرەگرنگی ناوەرۆکەکەی ئەوەبوو: "پێموایە دەبێ پێش هەموو شتێک شەڕ لە کوردستان دوورخەینەوە و، ئازاری گەلەکەمان کەمکەینەوە.

تا گەلەسمان نەبێتە گەلێکی بێ لانەی ئەو دەرک و ئەو دەرکی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بکا، دەبێ کار بۆ ئەوە بکەین کورد بچنەوە سەرخاکی خۆیان و گوندە رووخاوەکانیان بنیات بنرێتەوە.

لە نامەکەی بۆ حیزبی شیوعیم هەنارد، بۆم روونکردنەوە: "هەستی خەڵکەکە لەگەل ئاشتبوونەوەیە و، ئامادەنەبوونی شیوعییەکان لەسەر سانۆی سیاسیی بەغدا بۆسایییەکی دوستکردووە کە توێژی راستڕەو و کۆنەپەرست پڕیانکردووەتەوە و، گفتوگۆش کەشە سیاسییەکەی ناوچەکە دەگۆڕێ و ڕەنگە هەموو پلانەکانی ئیمپریالیزمی، لە هەوڵدایە چاوگەی ململانێ دروستکا، شکست بێنێ و سۆرسە نیشتمانییەکان لە هامێز بکا، تا بێنەوە ناوچەکە و هەبن".

لەهەمانکاتیشدا، نامەیەکم بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی هەنارد، گرنگترین شتی باسمکردبوو ئەوەبوو: "ئێوە سەرباری کێشەی گەلی کورد، کێشەیەکی تایبەتیشتان هەیە، ئەویش کێشەی ئەو بارزانییانەیە کە جەندین جار تووشی پەرتەوازیی و سەرکوتکردن بووینە، ئەو کێشەیەش تەنیا لەناو چارەسەری کێشەی گشتیی کورد و کێشەی دیموکراتیی عێراقە".

سەرباری ئەوەی وەڵامی باشی ئەو نامانەم بۆ هاتەوە کە ناردبوومن. حکوومەت داوای لە حیزبە کوردستانییەکان و حیزبی شیوعی کرد چ ڕێچکەیەکیان بۆ هاوکاری پێ باشە با ڕایگەیەنن، هەرچی حکوومەتیشە، ئەوا لە چوارچێوەی کۆماری عێراق و چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانی، پابەندی ئۆتۆنۆمیی گەلی کوردە و، گوتیشی پابەندی ڕێوانە کۆمەڵایەتییەکە و ئابووریەکەیشی دەبێ. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، وەک بەڵگەی نیازپاکی، داوای کرد شەڕی نێوان هەردوولا ڕاگیرێ. حیزبی شیوعییش داوای کۆمەڵێ ڕێوشوێن و کاری کردەنیی لە حکوومەت کرد، تا بزانرێ کار بۆ کۆتاییهاتنی ڕوالەتەکانی ستەم و زۆرداری و ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و دووپاتکردنەوەی دیموکراتی و پەرەپێدانی دامەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی و ڕاگرتنی شەڕی دژی گەلی کورد، دەکرێ. ڕێوشوێنێکی ئەوتۆش بگیرێتەبەر دڵنیاییەکی سیاسیی بۆ حیزبەکان و ئەو هێزانە تێدابێ کە پەیوەندییان بە گفتوگۆوە هەیە، وەک ڕاگەیاندنی لێبووردنی گشتیی بێ مەرج و بەردانی بەندی و گیراوەکان و، بواریش بۆ جووتیاران برەخسێندرێ بچنەوە سەر گوندەکانیان. شەڕەکەش، دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی ئێران، بەلای بەرژەوەندیی عێراقییەکاندا شکابووەوە و، لەبەر ئەو بارە نوێیەش وای لە حکوومەت کرد بەرانبەر مافەکانی گەلی کورد پێی بجەقێنێ و مل نەدا. سەدام حوسێنی سەرۆکی عێراق بە نالەباری و وەڵامی داواکارییەکانی حیزبە کوردستانییەکان دایەوە و بەئەنجەتی ئەوەی

دەســـتیان لەگەڵ بێگانان تێکەڵە ڕازی نەبوو شـــەڕیان لە دژی ڕاگرێ و، لەبیری چووبوو خۆیشی بە دەست لەدەستی سای ئێران نان و دەستبەرداربوونی بەشێک لە خاک و ئاوی عێراق، توانیبووی لە ١٩٧٥ بەســـەر بزووتنەوەی کوردیدا زاڵ بێ و، حکوومەت پێیوابوو کوردەکان ئێرانییەکانیان هێنابووە ناو هەڵەبجە و ئیدی بە چەکی کیمیایی لێیدا و لەناوی برد. جا بەڕێز جەلال تالەبانی دەیگوت گوایە لەگەڵ ءیرانییەکان لەســـەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ڕێککەوتووە، لەکـاتێکـدا ئێرانییەکـان دوژمنی هەرە ســـەرســـەختی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردین.

لەگەڵ ئەوەســـدا، ســـەدام حوســـێنی ســـەرۆکی عێراق، داوای ڕاگەیاندنی ڕێ و ڕێچکەی ئاشـــەتبوونەوەی دەکرد، تا بی ئەوەی ئامادەی گتوگۆیەکی بنیاتنەر بێ، بڵێ "بەڵێ" یان "نەخێر".

ئەو حیزبانەی پەیوەندیم پێوەکردبوون هەریەک لە، حیزبی شـــیوعیی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی سۆشیالیستی دیموکرات بوون، ئەوان هەموویان هەلوێستیان باش بوو، بەڵام سەرۆک سەدام حوسێن، دەیویست چاوەڕێی کۆتاییهاتنی شەڕێ بکا تا لە لە پێگەی بەهێزییەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکا.

ئێمە پێمانوایە، کە یەکێتیی نیسـتمانیی کوردسـتان هاریکاریی ئێرانییەکانی کرد تا بێنە ناو شارۆچکەکانی "بیارە وتەوێڵە و خوورماڵ ونەوسوود و هەڵەبجە"، کارێکی هەڵەی کردووە و هەزاران قوربـانیی کوردی لێکەوتەوە و، دیـاریش بوو کە حکوومەتی عێراق بەنیـازە کوردســـتان وێران بکا و، تورکەکان لە ١٩١٥ چییان بەســـەر ئەرمەنەکان هێنا، ئەویش گەلی کورد ئاوا لەناو ببا و ڕایگوێزێ.

هەر بەڕاســـتییس دەســـتی بە ڕاگواســـتنی هەزاران خێزانی کورد کرد و، لەو کۆمەڵگا زۆرەملێیانەی نیشتەجێ کرد کە هاوشێوەی ئەو نیستەجێیانەبوونویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام دروستیکردن. سەرباری ئەوەش، جەماوەر هەر پەیوەستی ئەو بیرۆکەیە بوو کار بۆنەهێشـــتنی زۆرداری بکا و بابەتەکان بەرەو چارەســـەرێکی ئاشـــتییانەی دیموکراتی و ئاسەواییەکی هەمەگیر ببا.

دەتوانم دەرەنجامەکانی پەیوەندیکردنی نێوان حکوومەت و بەرەی کوردســـتانی بەوجۆرە کورتکەمەوە[62]:

62 _ بەرەی کوردســـتانی: بەرەیەک بوو لە ١٢ی ئایاری ١٩٨٨ بەناوی"بەرەی کوردســـتانیی عێراقی" دامەزرا وهەریەک لە حیزبی شـیوعیی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردســتان و یەکێتیی نیشـتمانیی کوردســتان و حیزبی سۆشیالیستی کورد و پارتی گەلی دیموکراتیی کوردستانی تدابوو.

یەکەم: چۆنیەتیی گفتوگۆ، دەکرێ گفتوگۆیەکان لەو خاڵەیڕا دەســـتپێبکەنەوە کە لە ١٩٨٣ لەنێوان حکوومەت و یەکێتیی نیستمانیی کوردسـتانیدا ڕاوەسـتابوو، دەشکرێ لەسـەریرا دەستی پێ بکریتەوە.
دووەم: بنەماســـەرەکییەکانی گفتوگۆ ئەوەیە، دەبێ لە کوردســــتان گفتوگۆ جێی شـــەڕ بگرێتەوە و، ئەو هەنگاوەش سەرەتای قۆناغێکی نوێی ژیانی گەلی عێراق بێ.
سێیەم:بە دەرکردنی لێبووردنی گشـتی و بەردانی هەموو بەندی و گیراوە سیاسییەکان و ڕێدانی ئەو جووتیارانەی ڕاگوێزراون بجنەوە گوندەکانیان و یەکسـەر ڕاگرتنی شـەڕ، ڕێ بۆ گفتەگۆ خۆشبکرێ.
چوارەم: ئەو کێشـــانەی دەبێ لە گفتەگۆدا باســـیان بکرێ بریتیین لە ئاســـاییکردنەوەی بارودۆخی کوردســـتان و چۆنیەتیی بەشـــداریکردنی کورد لە حکوومەتی ناوەندی و دامەزراوەکانی و پەرەپێدانی یاســـای ئۆتۆنۆمی و بووژاندنەوەی ژیانی حیزبایەتی و ڕێکراوە سیاسی و سەندیکاییەکان و.....تاد.
لە ماجەرای نێوانگیرییەکەیڕا دیاربوو حکوومەت یەک تۆزیش لە هەڵوێستەکانی پێشتریی کەلی نەدەبوو و، ووریشـــبو لەســـەر ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی کوردســـتانیدا نەکرێ چونکە هـاوکـاریی هەردوو ڕژێمی ســـوری و ئێرانییـان کردووە و، گفتوگۆیەکـانیش ڕاستەوخۆ و لە بەغدا بکرێن و، حکوومەت دیاری بەڕێز جەلال تاڵەبنییشی وەلانابوو.
ئاشکرا دیاربوو حکوومەت دەیەوی حیزبە کوردستانییەکان لێککاتەوە و یەکێتیی نیشتمانی دابڕێ، جا ئەگەر ئەو کێشـانەی لەناو ڕیزەکانی ئۆپۆزسـیۆندا هەبوون، سـەرباری ئەوەی لە بەرەی کوردســـتانیشـــدابوون، بخەینە ســـەر ئەو هەموو کێشـــانە ئەوا دەردەکەوێ دروستکردنی پێکەوە گونجانێک بۆ ئەو هەموو دژیەکییە چەند قورسە.

هەڵوێستی حیزبی سیوعی بەرانبەر گفتوگۆ لەگەڵ بەعس:

سەبارەت بە بابەتە نیشتمانییەکان و بابەتی جارەی خۆ نووسینی گەلی کورد و مافەکانی کەمە نەتەوەکان و بەرکەماڵیی دیموکراتیی ســیاســی و کۆمەڵایەتی، هەڵوێســتی حیزبی سیوعی لە هەڵویستە هەرە روونەکانی حیزبە عێراقییەکان بوو.
لەکاتی خســتنەرووی بیرۆکەی ئاشـتەوایی نیشـتمانیی گشـتگیر لە ١٩٨٨، سـەرباری ئەو هەموو ڕووداوە پڕ مەینەتییەی لە عێراق بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی ڕوویدابوو، عەزیز محەممەدی ســـکرتێری یەکەمی لیژنەی مەرکەزی بـاوەڕی بەوەی هەبوو دەبێ حیزبی سیوعی لەناوجەرگەی ڕووداوەکان بێ، نەک لە پەراوێز و دیوی پشتەوە. پێوابوو پەلکێشـــکردنی حیزبە کوردســـتانییەکان بۆ هاوکاری و بەرگرتنی ئەو داڕووخانەی باری

سیاسی و دەرکردنی ولات لەو تەنگژەیەی سەرکردایەتیی حیزبی بەعس تێیخستووە، پێویستییەکی هەنووکەییە.
حیزبی شیوعییش، مەینەتی کێشەی ناوخۆ و کوتلەکاری و جیابوونەوەی هەبوو و ئەو کێسانەیشی لەوەیرا سەرچاوەیان گرتبوو کە نەیتوانیبوو لە هەنگاوی بەرەو دیموکراتی جوونی عێراق بەردەوام بێ. هەر هەموو ئەو شتانەس کاریگەرییان لەسەر هەڵێنانەوەی هەر هەنگاوێکی بوێرانە هەبوو بتوانی لەو قەیرانەی بینێتەدەرێ و، سەرکردایەتیی حیزبیش ئەو گفتوگۆیانەی سەبارەت بە ئاشتەوایی لەگەڵیدا دەکران، لەترسی پارچە پارچەبوونی دیکە، لە کادیر و ئەندامەکانی خۆی دەشاردنەوە.
چونکە حیزبی سیوعیی عێراقی دووچاری ئەو کوتلەسازی و دابڕانانەی خوارەوە ببوو:
١_ ئەو کوتلەیەی فەخری کەریمی لە دیمەشق دادەنیشت سەرۆکایەتیی دەکرد و، کەوتبووە ژێر فشاری سوورییەکان و ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکانی لەوێبوون تا بەهیچ جۆرێک ئاشتەوایی لەگەڵ حیزبی بەعسی عێراقی نەکا، جا فەخری کەریم هەڕەسەی ئەوەی لە حیزب دەکرد، ئەگەر گفتوگۆ لەگەڵ بەعس بکا، ئەوا جیادەبێتەوە حیزبێکی شیوعیی دیکە دادەمەزرێنێ.
٢_ کوتلەکەی بەهادین نوری، سەرباری بچووکیی کوتلەکەیش کەچی سوورییەکان توانای ئەوەیان بۆ ئامادەکردبوو ڕۆژنامەیەکی جودا لە حیزبی سیوعی دەرکا و هێرش بکاتە سەر سەرکردایەتیی حیزب و بە لادان تاوانباری بکا.
٣_ کوتلەی مینبەر: عامر عەبدوڵڵا و نوری عەبدولڕەزاق حوسین ئەو کوتلەیەیان دامەزراند و ئەو کەسانەی کێشەی سیاسی و تایبەتییان لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعی هەبوو لەدەوری کۆبوونەوە.
٤_ کوتلەکەی زەکی خیری کە پەیوەستی دروشمی ئاگربەست بوو لە کاتی شەڕی عێراق و ئێراندا. زەکی خەیری پێیوابوو سروشتی شەڕگۆڕاوە و لە شەڕێکی شەڕنگێزیی عێراق دەستی پێکردبوو، دوای ئەوەی سوپای ئێران دەستی بە هێرش کرد و سنووری عێراقی بڕی، ئیدی شەڕەکە ببووە شەڕی ڕزگاری. بۆیە پێویستە شیوعییەکان بچنە کانگای شەڕی ڕزگاری و لای حکوومەتی سەدام حوسین بگرن. حیزبیش ئەو هەڵوێستەی بە چەقبەستنێکی بیروباوەڕ و لێکدانەوەیەکی کرچوکاڵی مارکسیزم لینینیزم دانا.
٥_ کوتلەکەی باقر ئیبراهیم: حیزبی سیوعی، بەهادین نوریی ڕاسپاردبوو هەندێ ڕێکخراوی نهێنی بۆ حیزبی سیوعی دامەزرێنێ، بەڵام سیاسەتی لەناوبردنیان بەرانبەر پیادەکرا، ئیدی رایگەیاند لەو کارەدا سەرنەکەوتووە و، عێراقی بەجێهێشت و چووە دەرەوە. جا پەنای بۆنووسینی دووردرێژی بیرەوەرییان برد سەبارەت بۆ "لادانانە"ی

حیزب که لەوەتیی لەگەڵ بەعس دەستی بە گفتوگۆکردبوو ئەولادانانەی لێ پەیدابیوو، واتە ئەو ماوەیەی خۆی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سیوعی بووە و بەشداریی زۆربەی هەڵویست و رووداوەکانی کردووە بێ ئەوەی هەڵوێتێکی پێچەوانەی هەبووبێ.
٦_ ئەگەرچی ئەو ڕێزیکی لای حیزبەکانی بەرەی کوردستانی هەبوو و دەشکرا ڕۆڵێکی ناوازەی لەو ماوە ناسکەی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقدا هەبێ، کەچی ئارا خاچادۆری ئەندامی مەکتەبی سیاسی، پشتی ڕای کوتلەیەکی دەگرت کە لەحیزبی سیوعیی عێراقی هەڵگەڕابوونەوە.
نامەکەی بۆ مەکتەبی سیاسیی حیزبی سیوعیی عێراقیم ناردبوو، بۆی روونکردبوونەوە ئامانج لە گفتوگۆ چییە و گرنگترین شتی لە نامەکەشدا هاتبوو:
"ئەوە خۆ لە حەوت مانگی دەدا لە هەوڵی ئەوەیمە بارودۆخی عێراق بەرەو دەستەبەرکردنی ئاشتەواییەکی نیستمانی ببەم، ئیدی پەیوەندیم بە حیزبەکانی ناو بەرەی کوردستانییەوە کردووە و لەوانەس حیزبی سیوعی، ئێ بەڵکو بەو ڕێز و سەنگەی لای حیزبەکانی دیکەی هەیە کارەکان بەرەو چارەسەرێکی گونجاوی ئەو قەیرانەی وڵات ببا و دەرووێک بۆ ئەو تەنگژەیە بدۆزێتەوە کە عێراقی تێخراوە. بارودۆخی کوردستان، گۆڕەپانی سەرەکیی چالاکییەکانی بەرەی کوردستانی، تا بڵێی ناخۆشە. سەدان هەزار خانەوادەی پەرتەوازەکراوی کورد لە چۆلەوانییان دەژین و برسییەتی و سەرما و نەخۆشی سەری تێناون و، دەشزانن ئەوان بە هەنجەتی هاریکاریکردنی ئەو بزووتنەوەیە ئەوەیان بەسەر هینراوە کە لەکوردستان هەیە. دەی با چاوەڕێکەین بزانین کێ دەروویەکی دەرازبوون لەو دۆخە پڕ مەینەتییەیان بۆ دەدۆزیتەوە کە ئەوانی تیدان! من پێم راست نییە ئەو سەروبەرکردنانەی ئێستا دەکرێن لە کادیرە بنەرەتییەکانی حیزبیان بشارنەوە و لە نێوان ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا بمێنێتەوە. ئێستا ترسی ئەوەی لە ئارادایە هەنگاو بەرەو دەستپێکردنی گفتوگۆیەکی پێش وادە لە هەر لایەوە بنرێ و هەردوولا راستەوخۆ بگەنە یەکدی. راستە کە سەرایی هەندێ پاشەکشە لە هەندی بابەت لە حکوومەت دەرکەوتووە کە لە بەژەوەندیی وڵاتیشن، بەڵام نابێ جاوەڕێی چارەسەری ئامادەکراو لە حکوومەت بکەن، بەڵکو دەبێ تواناتان کۆکەنەوە تا بارەکە ببەنە جێگەی باشتر.
گۆڕەپانی کوردستان، ئەگەرچی گۆڕەپانی سەرەکیی ئێوەیە، بەڵام دوا گۆڕەپانتان نییە، چونکە کێشەکە لە بەغدا نەبێ چارەسەر نابێ. من **هیچ** پاساوێک بۆ دوودڵیی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی نابینمەوەسەبارەت بە قبووکردنی گفتوگۆ، کە تا چاو

هەتەر بكا چارەسەرێكی دی لە ئاسۆدا نەبوو، ڕەنگە هەندێ حیزبی دی لەبەر شلۆقیی بارودۆخیان بەتەنیان گفتوگۆ بکەن، ئەوەش هەڵوێستی ئێوە زۆر لاواز دەکا".
ئەگەرچی، عەزیز محەممەدی سکرتێری یەکەمی لیژنەی مەرکەزی قەناعەتی بەوەی هەبوو لەو بارودۆخەدا **هیچ** بژاردەیەکی دیکە بەدەستەوە نییە بەڵام ئەو، کۆتوبەندی ئەو بڕیارانە بوو کە لە کۆنگرەی چواری حیزبی شیوعیی عێراقی لە ۱۹۸۵دەرچووبوو و ڕەخنەی لەو سیاسەتەی هاوپەیمانی گرتبوو کە حیزب لە کۆنگرەی سێ لەسەری ڕۆیشتبوو، لەکاتێکدا ئەو سیاسەتە مایەی پشتگیریی جەماوەری فراوانی عێراق و بەردڵیی هێزە ڕزگاریخوازی و پێشکەوتنی دنیابوو.
حیزبی شیوعی کۆتوبەندی بڕیارێکی پێشتریی لیژنەی مەرکەزیی حیزب بوو کە دەبوایە گفتوگۆ لە دەرەوەی عێراق بێ و، دەبێ لەگەڵ بەرەی کوردستانیش بێ. لیژنەی مەرکەزی لە ئازاری ۱۹۸۹ کۆبوونەوەیەکی دیکەی کرد و لە بابەتەکەی کۆڵییەوە. هەڵوێستیشی ئەوەبوو کە گفتوگۆلە سنووریکە سایەتییە نافەرمییەکان تێنەپەڕیوە و هیچ شتێکی جیددی و بەرچاویشی دەستەبەر نەکردووە. جەختیس لەسەر ئەوەی کرایەوەکە گفتوگۆ، وەک شێوازێکی تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانمان لەکاتێکدا کە پێداویستییەکان و ڕێخۆشکردنە گونجاوەکانی بەردەست بن، دەبێ بەدەنگەوەهاتنی ئاوات و خواستەکانی گەل و بزووتنەوە نیستمانییەکەمان بێ و دەبێ بە ئاشکرا بکرێ و هەموو لایەنە نیشتمانییەکانیش بگرێتەوە.
ئەو بابەتە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانیش دروستە، کە کێشەی کوردی بە سەرکەوتنی ئێرانەوە بەستابووە وە لە شەڕی عێراق و ئێراندا، ئەو هەڵویستەش تەنیا زیانی بۆکێشەی کورد نەبوو بەس، بەڵکو بەدوای سەربداڕاکردن بوو.
دوای ئەوەی ئێرانییەکان شەڕەکەیان دۆڕاند و ڕازیبوون لە خاکی عێراق بکشێنەوە، هەڵوێستی حکوومەتی عێراقیش گۆڕا.
ئیدی سەدام گفتەگۆی لەگەل دۆڕاوان نەدەکرد و، لەگەل بەرەی کوردستانیشدا نایکا، بەڵکو، وەک دەربڕینی خۆی، گفتوگۆی لەگەڵ "لایەنەکان" دەیکرد، بۆیە داوای لێ نەکردن دان بە دۆڕاویی خۆیاندا بنێن و لە خستنەرووی بابەتەکانیش واقیعی بن.

بۆ گفتوگۆ لەنێوان حکوومەت و بەرەی کوردستانیدا نەکرا؟:

حیزبە کوردستانییەکان لەگەل گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد بوون. حیزبی سیوعیی عێراقییش گفتوگۆی ڕەتنەکردەوە، بەڵام خۆی لەوەی گنخاند هەڵویستی وردی خۆی سەبارەت بە بنەماکانی گفتوگۆ دەربڕێ، و پارتی دیموکراتی کوردستانیش، چونکە ژمارەیەکی زۆری بارزانییان لە ئێران بوون، فشاری ئێران و سوریای لەسەربوو، جونکە ئەو بارزانییانە هێزی دەستوەکەری سەرەکیی پارتی بوون و ئێستاتا وەک بارمتەبوون و، حکوومەتی عێراقیش پێش ڕوونبوونەوەی دەراوی ئەنجامی گفتوگۆیەکان لێ نەدەگەرا بگەڕینەوە زیدی خۆیان. یەکێتیی نیستمانیی کوردستاتان ئامادەیی خۆی بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ دەربڕی تا یەکسەر لە بری بەرەی کوردستانی دەست بە گفتوگۆ بکا و دواتریش لە قۆناغەکانی دی حیزبەکانی دیکەیشی ڕەگەل بکەون.

سەرباری ئەوەی حکوومەت رەزامەندیی لەسەر دەستپێکردنی گفتوگۆ دەربڕی، بەلام یەک هەنگاویشی بۆ جاککردنی بارودۆخەکە نەنا و، ئەو لێبووردنە گشتییەی رایشیگەیاندبوو ئەنجامەکانی سنووردداربوون و، ئەو دەیان هەزار بێتاوانانەی لە کردارەکانی ئەنفالدا گیران و ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵ و پیریان تیدابوو، چارەنووسیان هەر بە نادیاری مایەوە و، دەنگوباسی ئەوەش هەبوو کە ژمارەیەکی زۆری فەرمانی لەسیدارەدان دەرهەق بە کوردان جێبەجێکراوە و هەر لە دادگایەکی بەناو دادگای ئاسایی بەڕێوەبەرییەکانی ئاسایشی کەرکووک و بگرە دوای دەرچوونی بڕیاری لێبووردنیش، ئەو حوکمانە دراون. چارەنووسی هەشت هەزار بارزانیش، کە هەواڵی ئەوە هەبوو گوایە هەموویان کوژراون، هەر بە نادیاری مایەوە و، ئەوانەی لەترسی شەڕ رایانکردبوو و پەنایان بۆ ئێران بردبوو و ئیستا گەڕابوونەوە تا سوود لەو بڕیاری لێبووردنە ببینن، هەموویان دەستبەسەر کران. سەدام حوسێن، لەهەربۆنەیەکی بهاتبا پێش، کینەی خۆی بەرانبەر سەرکردەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی نەدەشاردەوە و، بە مەلا مستەفای بارزانییدا هەڵدەدا جونکە قبووڵی نەبوو کەس پێدرێژی بکاتە سەر پێشەوایی ئەو و، ئەگەر کارێکیشی پێ نەکرێ پەنا بۆ بێگانە نابا تا بۆی بکەن. پێیشیوابوو ئەو سەرکردە نوێیانە، ک داروودەستەی خۆیان دەخەنە ئەو هەلویستەوە، هەر خۆیان کۆتایی بە خۆیان دێنن. پێیشی وابوو حیزبی شیوعی تاکە حیزبی ناویانە کە شانازی بە عێراقیبوونی خۆیەوە دەکا و، ئامادەشە سوود لە شەرعییەت و یاساییبوون وەرگرێ و لە عێراق کاربکا.

هەرچی ئەوانەنە کە دەیانەوێ چاو بە هەڵوێستەکانیاندا بخشێننەوە دەبێ قوربانیدانییشیان قبووڵ بێ، بۆیە پێیوابوو ئەوانە کارەکانیان بەوریک ڕێکدەخەن ترسی بارودۆخێکی دیکەی تیدایە و ئەویس ئەوەی قبووڵ نەبوو.

بەلام پرسیار ئەوەیە داخوا سەدام حوسین داوای دەکرد سەرکردەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی چ قوربانیدانێکیان قبووڵبێ، قبووڵیان بێ کوردستان ویران بکا و کورد لە زۆربەی ناوچەکانی نەهێڵێ و عارەبیان لەجێ نیشتەجێکا؟ یان لە کوشتنی بەکۆمەڵی بە چەکی کیمیایی بێدەنگ بن، یان لە "١٨٢" هەزار کوردی لە کردارەکانی ئەنفالدا بێ سەروشوێن کران بێدەنگ بن، یان چاو لە "٨٠٠٠" بارزانی بپۆشن کە لە پارێزگای هەولێر بردران؟

سەدام حوسین، لە قسەیەکیدا، کوردەکان دەکاتە دوو بەش؛ بەشێکی دژی دەسەڵات ڕاوەستان و، بەشێکی ڕازی نەبوون هاوکاریی بکەن، ئەوەش مانای وایە بەعس نەیتوانیبوو، لە ژمارەیەکی کەمی لە سوود و بەرژەوەندیی تایبەتیان بترازێ هیچی دییان بەلاوە گرنگ نەبوو، هیچ توێژێکی جەماوەری کوردی بەلای خۆیدا ڕاکێشی و، هۆی نوشوستی بەعسیش لە ڕاکێسانی جەماوەری کورددا ئەوەبوو تەنیا خۆی دەسەڵاتداری کوردستان بوو و کەسی دیکەی لەوانە بەشداری دەسەڵات نەدەکرد کە پەیوەندییان بەو جەماوەرەوە هەبوو و، نەیشیتوانی خۆ لەو بیرۆکە شۆڤێنییانە دەربازکا کە بەرانبەر کورد هەیبوون.

حکوومەت، لەجیاتیی ئەوەی هەندێ ورێوشوێنی ئەوتۆ بگرێتەبەر کرانەوەیەک دروست بکا، هێزێکی گەورەی لە ناوچەی پشدەرێ کۆکردەوە تا ئەو عەشیرەتە بەتەواوی ڕاگوێزێ و ساری قەڵادزەش ویران بکا. فەرمانەکانی درابوونە سوپا، فەرمانی نهێنی بوون و ئەگەر سەرایی هەر بەرگرییەک دەرکەوت زۆر بە توندی مامەلەیان لەگەل بکرێ و، سوپا هێرشی کردە سەرهێزی پشتیوانیی شیوعییان لە چیای قەندیل، بەڵام نەیتونی بیگرێ.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، داوای کرد خانەوادەی پێشمەرگەکانی کە پەنایان بۆ ئێران بردبوو بگەڕێنەوە عێراق تا بۆی بلوێ کۆنگرەیەکی دوور لە فشاری ئێرانی ببەستێ، بەڵام حکوومەت بەوەی ڕازی نەبوو.

مەسەلەی گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد هەرگیز کێەیەکی بیروباوەڕیی حکوومەت نەبووە، تا لە بنەما نەتەوەیی و مرۆییەکانەوە بیکاتە دەسپێکی چارەسەر، بەڵکو هەمیشە مەسەلەی هاوسەنگیی هێز بووە. کە ناچاربووە دەستی لە هەندێ شت بەرداوە و کە دەستی خۆیشی دیتووە هەوڵیداوە بەدەستیان بێنێتەوە، گفتوگۆیش لەبەر ئەو هۆیانە نەکرا.

ئەرکی مۆسکۆم:

دوای کۆتاییهاتنی شـــەڕی عێراق و ئێران لە ٨ی ئابی ١٩٨٨، ئەو بارە قورســـەی قەرزی شـەڕ لەسـەر شـانی عێراقی بەجێهێشـتبوو و، هەڵوێسـتی "کوێت"ی ملی بۆ لێخۆشـبوونی قەرزەکانی ســـەر عێراق نەدەدا و، یاریکردنی بە ئاســـتی بەرهەم و نرخی نەوت، وای لە ڕژێمی بەعس کرد ئەو هەڵویستەی کوێت بە دوژمنداری دابنێ.

لە دووی ئابی ١٩٩٠ هێزە جەکدارەکانی عێراق بەسەر کوێتی دادا و، حکوومەتی عێراق لە بەیاننامەیەکی فەرمی ڕایگەیاند دەســـەڵاتی خانەوادەی "ئال ســـەباح" لە کویت ڕووخا. قسەکەری فەرمیی عێراق گوتی، عێراق لەسەر داوای حکوومەتی کاتیی کوێتی سەربەخۆی دوای شۆڕشێکی میللیی خانەوادەی"ئال سەباح"ی گەندەڵی لەسەر کار لادا، چووەتە کوێت تا هاریکارییان بکا.

دوای ئەو بەســـەرردادانە ســـەربازییە، وڵاتانی دنیا بەتوندی نارەزاییان لەســـەر ئەوکارە دەربڕی. لە ٣ی ئابی ١٩٩٠، دوای کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بڕیاری ســـڕکردن و ڕاگرتنی ئەو جەکانە درا کە عێراق لە یەکێتیی ســـۆڤیەتی کڕیبوو و، داوای لێکرد بێ هیچ مەرجێک لە کوێت بکشێتەوە.

دوای ئاڵۆزی دیمەنە نێودەوڵەتییەکە و پاسـەکشـەی ڕژێمی عێراق لەو ملەیەی لە بڕیاری داگیرکردندا دەیکرد، دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجوومەنیئاســایشــی نێودەوڵەتی لە ٢٥ی ئابی ١٩٩٠ی ڕێی بە بەکارهێنانی هێز دەدا تا ئابلووقەی ئابووریی ســـەر عێراقی پێ جێبەجێ بکا، بڕیاری ناردنە مۆسکۆم دەرچوو.

لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٩٠ بە ئەرکێکی دیپلۆماســـیی نافەرمی ڕەوانەی مۆســـکۆ کرام تا گفتوگۆیەک دەربارەی قەیرانی کوێت بکەم. ڕاستییەکەی، کە سەدام حوسێن لە ٢٢ی ئابی ١٩٩٠ دەستپێشـخەرییە ئاشـتییانەکەی ڕاگەیاند و، مەسـەلەی کسانەوە لە کوێتی بەوەی بەستەوە کە دەبێ ئیسرائیلیش لە خاکی فەلەستین بکشێتەوە، ئەوە دەرووێک بوو تا شەڕ لە ناوچەکەدا ڕوونەدا.

ئەرکی من ئەوەبوو کارەکان دوورتریش ببەم و، بەرپرسە سۆڤیەتییەکان بەوەی ڕازیکەم ئەو بابەتەی لە کۆبوونەوەی هەردوو سەرۆک، گۆرباچۆڤی سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت و جۆرج بۆشـی سـەرۆکی ئەمریکا، کە بڕیاربوو لە هێلسـنکیی پایتەختی فینلەندا بکرێ، ئەو بابەتە بخەنە ڕوو و، پێیشـــم گوترا خشـــتەی کارەکانی دیداری هەردوو ســـەرۆک ئەو بابەتەیشـی تێدایە. پەیوەندییە حیزبی و فەرمییەکانی مۆسـکۆم چەقبەسـتەی ئەوەی بوون ئەو کێشـــەیە بدرێتە ئەنجوومەنی ئاســـایس و نەخرێتە بەردەســـتی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی، چونکە سۆڤیەت مافی ڤیتۆی هەبوو و دەیتوانی لە ئەنجوومەنی ئاسایش تەگەرە

بخاته هەوڵە ســـەربازییەکانیویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و،ڕییەکی ئاســـتیانەی لە کویت کشـانەوەی عێراقیش دەســتەبەر بکا و کێشـەی فەلەسـتینیش بخاتە ژێر جاودێریی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی.
بەڵام جۆرج بۆشـی سـەرۆکی ئەمریکا پێکەوەگرێدانی کشـانەوەی عێراق و کشـانەوەی ئیســرائیلی لە خاکە عارەبییەکانی فەلەســتینی بە وا دادەنا خەلاتێک بێ و لەبەرانبەر داگیرکردنی کویت بدرێتە سەدام حوسێنی سەرۆکی عێراقی.
لە دیدارێک لەگەڵ بەڕێوەبەری بەشـی خۆرهەلاتی ناوەڕاسـتی وەزارەتی دەرەوەی سـۆڤیەتی، لە ١٩ی ئەیلوولی ١٩٩٠، واتە دوای دیاری لووتکەی هێلسـنکی، "کاتۆلاشـا" سیاسەتی ولاتەکەی دوای کۆبووەوەکەی لووتکە بەو جۆرە بۆ پوختەکردم:
١_ هەوڵ بدرێ کێشـەکە بەڕێی ئاشـتیانە چارەسـەر بکرێ، ئەویش بە بزواندنی ڕێکخراوەکانی دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و، لەژێر سـەرکردایەتیی دەسـتەی ئەرکانی ئەنجوومەنی ئاسایش نەبێ هیچ ڕێوشوێنێکی توند نەگیرێتەبەر.
٢_ کار بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەولەتی بکرێ بۆ کێشەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست و کەنداو، بەلام ئەگەر عێراق ڕاینەگەیەنێ ئامادەیە لەکویت بکشێتەوە، ئەوا هەوڵەکانییەکێتیی سۆڤیەت سەرکەوتوو نابن.
٣_ ئەگەر هێزی بێگـانە لە نـاوچەکەدا هەبن زیـان بە بەرژەوەنـدییەکـانی دەوڵەتە حارەبییەکان دەگا، جا دەبێ دەوڵەتە حارەبەکان خۆیان کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەم، وەگەرنا لایەنە بێگانەکان ئەو کارەی دەکەن.
هەر لەو ماوەیەیدا کۆنگرەیەکی نوێنەرانی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە مۆسکۆ بەسترا و، نزیکەی "٨٠٠" نوێنەری کوردەکانی کۆمارەکانی ئەرمینیا و جۆرجیا و ئازەربایجان و ڕووسیا ئامادەی ببوون.
جا نوێنەری حیزبی بزووتنەوە کوردییەکانی هەموو لایەکی کوردستانیش ئامادە ببوون و، دوای کۆنگرەکەش بڕیاردرا کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەرەکانی کوردسـتانی لە دیمەشـق ببەسـترێ، تـا هەڵوێسـتێک بەرانبەر ئەو دۆخە نوییەی نـاوچەکە وەرگرن و، جەلال تاڵەبانیش هەر زوو ڕایگەیاند داگیرکردنی کویت مەحکووم دەکا.
ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر داگیرکارییەکەی عێراق بۆ حیزبە کوردییە نەیارەکان شـتێکی ئاسـایی بوو، بەلام کە ڕایگەیەنن لە شـەڕێکدا لەگەڵ هاوپەیمانانداندا، کە کەروبارێکیان لە کاروانەکەیدا نییە، شتێکی ڕاست نییە.
ڕاپەڕینی گەل لە کوردستان:

له ٤ی ئازاری ١٩٩١، ڕاپەڕینێکی میللی، دژی سیاسەتی سەرکوتکەر و سۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی بەعس هەڵگیرسا و هەموو باشوور و باکووریعێراقی گرتەوە، بە کوردستانیشەوە. لەو ڕاپەڕینەدا، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە شار و سارۆچکە و گوند و لادێیەوە لە دەسەڵاتی حکوومەت ڕزگار کران، ڕاپەڕین تەنیا هەندێ کاری خۆکاوی نەبوو، بەڵکو ڕاپەڕینێکی جەماوەری بوو و حیزبە کوردییەکانی ناو بەرەی کوردستانی پلانیان بۆ دانا و پێشڕەوییان کرد. بەرە بانگی ڕادێرا لە شار و سارۆچکەکان و کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان خۆپیشاندان و یاخیبوون لە دژی سیاسەتی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و ڕاگواستنی گەلی کورد بکرێ و، داوای کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بکرێ و دیموکراتی جێی بگرێتەوە.

ڕاپەڕین لە سلێمانی و، بە دیاریکراویش لە کۆمەڵگای زۆرەملێی "خەبات" هەڵگیرسا، کە خۆپیساندانێکی هێمنانە بوو و داوایان دەکرد ببردرێنەوە سەر گوندەکانیان. ئیدی حکوومەت ڕێی پی گرتن و تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد و هاوولاتییەک ، کە ناوی بەختار بوو، سەهید بوو و ئەو یەکەم سەهیدی ڕاپەڕین بوو، بەڵام جەماوەری توورە بەڕێوەبەرییە حکوومییەکان و بارەگاکانی حیزبی بەعس و دامەزراوە ئاسایشییەکانی پامال کرد و دەستی بەسەردا گرتن.

لە ٥ی ئازار شاری ڕانییە ڕاپەڕی و، لە ٦ی ئازار خۆپیشاندان لە ناوچەکانی "ئازادی و خەبات و سەرچنار" کرا و، حکوومەتیش دەیزانی خۆپیشاندان دەکرێ، ئیدی ڕەشاشی لەسەربانی باڵەخانە و جێیە ستراتیژییەکانی شار دانا و قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند، بەڵام جەماوەری ڕاپەڕیو دەستی بەسەر هەموو بارەگایەکاندا گرت و بەرپرسەکانی حکوومەت لە سلێمانی و هەولێر ڕایان کرد.

دوای داڕووخانە خێرایەکانی هێزەکانی حکوومەت لە کوردستان، حکوومەت عەلی حەسەن مەجیدی کردە وەزیری ناوخۆ تا بە دۆخە هەرەسهێناوەکە ڕابگا.

ڕاپەڕینی کوردستان دەرەنجامی ئەو سیاسەتانەبوو کە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق پەیڕەویان دەکرد، سیاسەتی وێرانکردنی ئابووریی کوردستان و دوای ڕووخاندنی گوند و وێرانکردنی کێڵگەکانیشیان، کوردیان لەسەر خاکی باب و باپیرانیان ڕادەگواست.

خەبات و ڕاپەڕینی چەکداری کوردی، تەنیا کاری هێزە چەکدارە کوردییەکان"پێشمەرگە" بووە و جەماوەریش لەو خەباتەدا هاریکاریی دەکردن، بەڵام دوای کەڵەکەبوونی کارە بەربەریستییەکان، ڕاپەڕین هەموو کوردستان و هەمووچین و توێژەکانی گرتەوە.

بارودۆخی دەوڵەت یەکجار شڵۆق بوو، فشار و گەمارۆی بیانیی دەیویست ناچاری بکا مل بۆ داواکارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بدا، کە ئەوە وای لە

حکوومەت کرد داوای لێکحاڵیبوون لە ئۆپۆزسیۆن بکا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خۆی هەڵمەتێکی سەربازیی نوی تەیار دەکرد تا بە هێز دەسەڵاتی حکوومەت بگێڕێتەوە سەر کوردستان.

حکوومەت، بەدەستێکی لکە زەیتوونی هەڵدەشەقاند و بەدەستەکەی دیکەی شمشێرێکی هەڵکێشراو، ئەوەش هەر لەو کاتی بوو کە منیان وەک ناوبژیوان هەنارد تا بانگی کوردان بکەم بۆ دانوستان و لێکحاڵیبوون. لەلایەکی دیکەش هێزە چەکدارەکانی بەو چەکە قورسانە تەیار دەکرد کە ڕێیان دابوێ لە ناوچەی حەرامی میحوەری کەرکووک _ سلێمانی و موسڵ بیانکشێنێتەوە و عیزەت دووری کرابووە سەرپەرشتیاری گشتیی شەڕەکانی بەرەی کەرکووک – سلێمانی و عەلی حەسەن مەجیدیش سەرپەرشتیاری گشتیی بەرەی موسڵ- هەولێر-دهۆک بوو. هێزە کوردییەکانیش، چونکە ئەو فەوجی جاشانەی حکوومەت پێشترێ بۆ شەڕی بەرەی کوردستانی دایمەزراندبوون و دەیان هەزارکەس دەبوون و ئێستا چووبوونە ڕیزی پێشمەرگە، هەر زۆر شڕ و وڕ بوون و ئەو هێزانەش ئەوەندە کاریگەر نەبوون و هەر لەگەڵ یەکەم پێکدادانیان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەت گۆڕەپانی شەڕیان چۆڵدەکرد. هەر ئەوەس بوو کارەکەی بۆ حکوومەت ئاسان کردبوو تا شارەسەرەکییەکانی وەک کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و دهۆک و زۆربەی قەزاو ناحیەکانی سەر بەو شارانەش بگرێتەوە.

گفیوگۆی حکوومەت لەگەڵ بەرەی کوردستانی:

دوای شەڕی کوێت، هەندی هەوڵ درا دانوستان لەنێوان حکوومەت و بەرەی کوردستانی بکرێتەوە. ئەرکی ناوبژی کردنم پێ سپێردرا. هەر بەڕاستییش، ئێوارەی ۲۸ی ئازاری ۱۹۹۱ لەگەڵ هەریەک لە مەسعود بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و، نەوشیروان مستەفای جێگری سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و، کەریم ئەحمەد داودی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی سیوعیی عێراقی و ژمارەیەک سەرکردەی حیزبەکانی دیکە کۆبوومەوە و ڕێککەوتن لەسەر ئەو شتانە کرا:

١_ داوای یەکسەر راگرتنی شەڕ بکرێ.

٢_ بەرەی کوردستانی خۆی ئامادەکا دانوستا لەگەل حکوومەتدا بکا.

حکووەت بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی هێزەکانی عێراق پەیوەندیی بە مەسعود بارزانییەوە کرد، کەچی ئەو هێزانە توانییان سارە سەرەکییەکانی کوردستان داگیربکەنەوە، بەڵام دیتییان دانیشتووانە کوردەکەی تێدا نەماوە و چۆڵن، ئەوەس وایکرد هەڵوێستی بەرەی کوردستانی لە گفتوگۆی حکوومەتدا لاوازبێ و بەپەلەبوون شاندێک بنێرنە بەغدا تا لەسەر بنەماکانی ئاشتبوونەوە ڕێککەون. ساندەکەس پێکهاتبوون لە عومەر فەتاح و فەرەیدوون عەبدولقادری هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوون و فازل مەتنی و جەرجیس حەسەن بارزانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و، دوای جەند ڕۆژێکیش وەفدێکی دی بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی گەیشتەجێ و ئیدی شاندی دانوستانکەر بوونە چوار حیزب و ئەوانیش "پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی یەکێتیی نیشتمانی و حیزبی سۆشیالیستی کوردستان و پارتی گەلی دیموکراتی"بوون. گەیشتنەجێی وەفدەکە هاوکاتی ڕاوەستانی هێرشی عیراقی و ناچارکردنی کشانەوەی بوو لە لە میحوەری سلێمانی و هەولێر، ئیدی وەفدەکە دەیتوانی لە پێگەی هاوسەنگیی هێزەوە گفتوگۆ بکا.وەفدە عێراقییە حکوومییەکەس پێکهاتبوو لە سەرۆکایەتیی عیزەت دووریی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و ئەندامێتیی هەریەک لە عەلی حەسەن مەجیدی وەزیری ناوخۆ و تارق عەزیزی وەزیری دەرەوە و حوسێن کاملی وەزیری بەرگری.

شاندی کوردیی دانوستانکەریش بریتیبوون لە هەریەک لە جەلال تاڵەبانیی سەرۆکی ساند و ئەندامێتیی هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی و ڕەسوڵ مامەند و سامی عەبدولڕەحمان.

لەسەر خشتەی کارەکانینگفتوگۆیش ڕێککەوتن کە بریتی بوو لە:

١_ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان.

٢_ پەرەپێدانی یاسای ئۆتۆنۆمی.

٣_ دیاریکردنی ئەو ناوچانەی دەکەونە ناو ئۆتۆنۆمی.
٤_ ئازادیی دیموراتی و فرەحیزبی ودانانی دەستوورێکی هەمیشەیی و یاسای حیزبەکان.
شاندی کوردی، لە قسەکانی سەدام حوسێنی سەرۆکی عێراق لەکاتی پێشوازی لێکردنیان و، لە ئاسانیی ڕێککەوتن لەسەر خشتەی کارەکان و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی گفتوگۆ لە ڕۆژانی بەراییدا، گەشبین بوو.
ئەو گەشبینییەی جەلال تالەبانی، سەبارەت بە ئەنجامە بەراییەکانی گفتوگۆ لەگەل شاندی حکوومەت، دەربڕی، هیوایەکی بەوەی دروستکرد کە کە ڕەنگە حکوومەت کەفارەتی ئەو گوناهانە بداتەوە کە بەرانبەر کوردە بێتاوانەکەی کردووە، ئیدی مەسعود بارزانیی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و نەوشیروان مستەفای جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیستمانیی کوردستان و ڕەسوڵ مامەندی سەرۆکی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان و سامی عەبدولڕەحمانی سەرۆکی پارتی گەل هاتنە بەغدا و، ئەوجارەیان هەردوولایان حیزبی سیوعییان پشتگوێ خست.
پشتگوێخستنەکەی لەلایەن حکوومەتەوە ڕوون و ئاشکرابوو، ئەویش پەیوەست نەکردنی مەسەلەی دیموکراتی بوو بە مەسەلەی کوردەوە، بەڵام ئەوەی سەیربوو پشتگویخستنەکەی بەرەی کوردستانی بوو، کە حیزبی سیوعی تێیدا ئەندام بوو و ڕۆڵێکی دیاریشی لە پێکهێنانیدا هەبوو و پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ لایەنەکانی بەرە هەبوو، ئەگەر حیزبی شیوعییش لەگەڵ شاندە کوردستانییەکەدا بووایە سوودێکی زۆری لە لێکنزیکخستنەوەی تێڕوانینی ئەو کێشانەی تێڕوانینیان لەسەری جودایە و شاندی کوردییش کێشەکانی چۆن بخاتەڕوو و چۆنیش دانوستانەکان بەڕێوە ببا، ساندی حکوومەتیش ئەوەیان بە ڕوونی بە ساندی کوردی گوت و، گوتیان: "بەڕیوەبردنی کوردستنتان دەدەینێ، چۆنی بەڕێوەدەبەن بیکەن و بەشەکەی دیکەی عێراق بۆ ئێمە لێگەڕێن چۆنمان دەوێ ئاوای بەڕیوەببەین" . جا شاندی کوردی لەوەی دەترسا ئەگەر حیزبی شیوعیی عێراقی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بهێنرێتە ناو باس، ببێتە تەگەرەی گەیشتنە ڕێککەوتنێک دەربارەی کێشەی کورد.
لەگەڵ بەڕێوەچوونی دانوستانەکانیش دەرکەوت شاندی دانوستانکاری حکوومەت لە زۆرخاڵی خرابوونە ڕوو، مل نادا، وەک سووربوونی ساندی کورد لەسەر ئەوەی کەرکووکیش بخرێتەسەر ئۆتۆنۆمی. تارق عەزیز وەڵامیداوە: "ئێمە هەزارساڵە بۆ لەدەستدانی ئەندەلوس دەگریێن، ئێوەس بۆ لەدەستدانی کەرکووک بگریەن". ئەوەش، بۆ شاندی کوردی دانوستانکەر، وەڵامێکی توورەکەر بوو.

دانوســـتاننه‌کان جوار مانگییان خایاند و، شـــاندی کوردی له‌و ماوه‌یه‌یدا توانی دوو نووســـراوی کاری له اشـــته‌ی کاره‌کانی دانوســـتاندابوون، ئاماده بکا؛ ئه‌وانیش ئاســـاییکردنه‌وه‌ی دۆخی کوردســـتان بوو که "١٣"خاڵی تێدابوو و له‌وانه‌ش ده‌رکردنی لێبووردنی گشتیی کوردان و گێڕانه‌وه‌ی فه‌رمانبه‌ر و قوتابییان بۆ فه‌رمانبه‌ری و خوێندن و گێڕانه‌وه‌ی دانیشتووانی ئه‌و گوندانه‌ی ڕاگوێزرابوون و چه‌ندین داوای دیکه‌ش.

به‌ڵام دانوستانه‌کان ئه‌وه‌نده‌یان نه‌خایاند، چونکه ساندی حکوومی زۆربه‌ی ئه‌و داوایانه‌ی ڕه‌تکرده‌وه که شـــاندی کوردی پێشـــکه‌شـــی کردن و، ڕێککه‌وتنه‌که‌ش هه‌ر له‌ســـه‌ر ئه‌و دووخاڵه‌ی باسکران کرا.

وه‌ک وه‌ڵامێکی که‌لله‌ســـه‌قیی حکوومه‌ت له دانپێـدانـانی مـافه ڕه‌واکـانی کوردان، ســـه‌رکردایه‌تیی به‌ره‌ی کوردســـتانیی ده‌ســـه‌ڵاتداری راســـته‌قینه‌ی ناوچه‌که‌بوو، یاســـای ژماره "١"ی ده‌رکرد، که داوای ده‌کرد هه‌ڵبژاردنێکی گشـــتی و راســـته‌وخۆی ئه‌نجوومه‌نی نیشـتمانیی کوردســـتانی عێراق بکرێ"په‌رله‌مان" و، ژماره‌ی ئه‌ندامه‌کانی "١٠٥" ئه‌ندام بن. ئه‌و هه‌ڵبژاردنه‌س له ١٩ی ئایاری ١٩٩٢دا کرا.

به دڵنیاییشـــه‌وه، هه‌ردوو لای دانوســـتانکار، نه‌یانده‌زانی به وردی مامه‌ڵه له‌گه‌ل یه‌کدی بکه‌ن. ؛ حکوومه‌ت یان له ئامانجه‌کانی به‌ره‌ی کوردســـتانی تێنه‌گه‌یشـتبوو یانیش گوێ لێ پشـتڕێ ده‌کرد، چونکه ئه‌وان بۆ ئه‌وه‌ی نه‌هاتبوونه دانوســـتانێ تا ببنه به‌شـێک له ڕژێمی به‌عس، به‌ڵکو بۆ ئه‌وه‌ی هاتبوون تا ببنه به‌شـــێک له عێراقێکی کوردســـتان ئۆتۆنۆمییه‌کی راســـته‌قینه‌ی تێدا هه‌بێ و، له پێناوی دیموکراتیش هـاتبوون. جا حکوومه‌ت، له‌جیاتیی ئه‌وه‌ی له‌وه‌ی تێبگا، خه‌ڵکێکی خســـتبووه ناو شـــانده‌که‌ی خۆی ڕقێکی تایبه‌تیان به‌رانبه‌ر کورد هه‌بوو و وه‌ک تاکیش به‌شـــداریی ئه‌و نه‌هامه‌تییانه‌یان کردبوو که به‌ســـه‌ر کورددا هاتبوون.

شێخ عەتای برا و برادەر و هاوڕێم:

خۆخگەم دەخواست مەرگی نەبینم، بەلام قەدەر قسەیەکی دیکەی هەیە. ئەو لەژیانیشیدا مەزن بوو و لە مردنیشیدا مەزن بوو. ئەو لەپێناو باوەڕە نیشتمانییەکەی بەرگەی گەلێ بەڵا و نەهامەتیی گرت، بەندکرا و دوورخرایەوە، لە سالانی ١٩٦٣- ١٩٦٥، کە سەردەستەی دەستەیەک هێزی پشتیوانیی شیوعییەکان بوو لە کوردستان، وەک قارەمانان جەنگا و، بە دامپێدانانی سەعدون غێدانی ئەودەمی فەرماندەی فەوج بوو، گەورەترین کۆسپی سەر ڕێی بەرەوپێشچوونی ناو کوردستانیان بوو. کە بەرەوپێش هەلمەتیان دەبرد جێی متمانەی هاواڵەکانی بوو و ئەگەر پێویستیشی بکردایە دواکەس بوو کە دەکشایەوە، ئەو پەیوەستی جەماوەربوو و لە هەموو ستێکیس لە دەمی خۆی دەگرتەوە، شێخ حەتای برا و برادەر و هاوڕێم، هەرجەندی هەوڵدەم لەبیری بکەم، چرکەیەکیش لەبیرم ناچێ، زۆرجارانیش کە بەتیا لەگەڵ خۆم دادەنیشم بەبێدەنگی بۆی دەگریەم.

لە ١٩٢٥، لە گوندی زەرداو لەدایکبووە، وەک لە جێیەکی دیکەی ئەو بیرەوەرییانەس باسمکرد، کە لەو ئۆتۆمۆبیلەی دەیبردینە کەرکووک کەوتەخوارەوە خەریکبوو بمرێ. ئەوجاری دایک نەخۆشبوو و ئەویشی لە هامێزێ بوو و بەڕێی چوونە نەخۆشخانەی کەرکووەوەبووین و، شێخ عەتا بە پەرجوو دەربازبوو. ئەوجا سالانی منداڵیی لەو گوندی زەرداوەی لەگەڵ ئێمە بەسەربرد کە هەموومان خۆشماندەویست و خەلکە باشەکەیشیمان خۆشدەویست و ئەوانیش ئێمەیان خۆشدەویست. دواتر چووە قوتابخانەی سەرەتایی لە کەرکووک "قوتابخانەی ئیمام قاسم"، خوێندنی لەوی تەواوکرد تا بچێتە دواناوەندیی "ناوەند"، ئەو لەخوێندنێش لە زیرەکەکان بوو، گەیشتە دواپۆلی ناوەندی لە خوێندنێ. جا بۆ ئەوەی من و ئیحسانی برام خوێندن تەواوبکەین ئەو ناچار قوربانیی بە خوێندنەکەی دا و دەستی لە خوێندن هەڵگرت. کە لە ١٩٤٣یش باوکمان مرد، گەرایەوە گوندی تا بژێویی خێزان دابین بکا و کەشێکی گونجاو بۆ من و ئیحسانی برام دروست بکا تا لەسەر خوێندن جێگیربین.

شێخ عەتا لە بەرایی ئەو کەسانەبوو کە هاتنە ناو ڕیزەکانی حیزبی هیوا، بە خۆی و بە مامۆستا محەممەد قەرەداغیی برادەری چەرخوفەلەکی کاری بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی بوون و ئەڵقەی هۆشیاریی حیزبییان بۆ حیزبی هیوا ڕێکدەخست. هەر خێراش مستەفای کەریم بەگی جاف و شێخ محەممەد نەجیب و شێخ عەبدولوەهاب تاڵەبانی و محەممەد عەلی ئاگای زەنگەنە و شێخ ئەحمەد شاکەلی و ژمارەیەکی زۆری کاسبکار و ڕۆشنبیری کوردیان چووە پاڵێ.

شـێخ عەتا، دوای دەسـتلەکارکێشـانەوەی ڕەفیق حیلمیی سـەرۆکی حیزب، دواکەس بوو وازی لە حیزب هێنا و لەگەڵ کۆمەڵێ کەسایەتیی کوردی، لەوانەش شێخ حەسەنی خانەقا و شـێخ قادر مەنسـووری تاڵەبانی و محەممەد قەرەداغی ، ڕێکخراوێکی بەناوی "هیوای ئازاد" دروسـتکرد و، ڕۆژنامەیەکی نهێنییان بەناوی "شـیلان" دەرکرد، کە شـیلان جێیەکی شـوێنەواریی کۆنی نـاوچەکەیە. کە حیزبی هیوا هەڵوەسـایەوە و "هیوای ئازاد"یش هەڵوەشـێنرایەوە شـێخ عەتا، لەگەڵ ژمارەیەک ئەندامی ئەو ڕێکخراوە، هاتە ڕیزەکانی حیزبی شـیوعیی عێراقی وەهەر لە ڕیزەکانی ئەو حیزبە و دواتریش لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی کوردستان تا دوا ڕۆژی ژیانی پڕ لە تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی خەباتی کرد.
کە عەبدولکەریم قاسـم، بە دنەدانی هەندێ لایەنی کۆنەپەرسـت، لە سـیوعییەکان هەڵگەڕایەوە و هێرشـی کردە سـەریان، ژمارەیەکی زۆری شـیوعییەکانی قەزای کفری گیران و، ئەویش حوکمی بەندکردنی درا و، لەگەڵ ژمارەیەک شـیوعی و برادەرانیشـیان، ڕەوانەی بەندیخانەی عیمارە کران و ئەودەمی، لە وەزارەتی چاکسـازیی کشـتوکاڵی پشـکنەری گشـتیبووم و دەبوایە ئەرکی خۆم بەرانبەر بە خۆی لە بەندیخانە و بەرانبەر خێزان و منداڵەکانیشـیبەجێ بگەیەنم، کە گواسـتبوویانەوە کەرکووک. جا بەشـێکی باشـی مووچە کەمەکەمم جیادەکردەوە و هەندێکیم بۆ دەنارده بەندیخانەی عیمارە و هەندیکیشی بۆ خێزانەکەی لە کەرکووک.
کە لە بەندیخانەش هاتەدەرێ، وەک بەرپرسی ناوچەی کفری، لە ڕیزەکانی حیزبی شیوعی هەر بەردەوام بوو. لە سـاڵی ١٩٤٣ گوندی"زەرداو"ی بەجێهێشـت و چووە پاڵ ئەو سـیوعییانەی لە گوندێکی باکووری شـارۆچکەی کفری کۆببوونەوە و دوایەش یەکەی جەکدارییان بۆ بەرگرتنی کودەتاچییەکانی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ڕێکخست و، سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردیش کردییە سەردەستەدەستەیەکی هێزی پشتیوانیی شیوعییەکان و لەو شەڕانەی لەو جێیانە کردی کە کاری تێدە داکردن، ئازایەتییەکی بێ وێنەی نواند.
لە ١٩٦٥، کە سـەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد، لەگەڵ حکوومەت دەستی بە گفتوگۆکرد، شـێخ عەتـا گەڕایەوە گونـدی زەرداو، بەلام هەر خێرا پەیوەنـدیی نێوان حکوومەت و سـەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد تێکچوو، ئیدی گەڕایەوە پێگە سـەرکردایەتییەکەی لە یەکەکانی هێزی پشـتیوانی، جا لەو ماوەیەیدا حکوومەت ماڵەکەی سـووتاند و چەندین جووتیاریشـی کوشـت، سـەعدون غێدانی فەرماندەی فەوج و لیوا حەماد شـیهاب ئەو کارەیان کرد.
لە سـاڵی ١٩٦٨، کە گفتوگۆ لەنێوان حیزبی شـیوعیی عێراقی و حیزبی بەعسـی عەرەبیی ئیستیراکی دەستپێکرد، کە بەعس بە کودەتایەک گەیشتبووە دەسەلات، دواتریش گفتوگۆ

و دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد دەستپێکرد، تا بە ڕاگەیاندنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ چارەسەرێکی ئاستییانەی کێشەی کورد بکرێ و، هەر لەو ڕێکەوتیدا پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە ناو حکوومەت. بەڕێز شوکری حەدیسیی پارێزگاری کەرکووک، سەرسامی ئازایەتی و ئەقڵی شێخ عەتا بوو. داوای لێکرد ببێتە سەرۆکی سارەوانیی کفری، بەڵام شێخ عەتا ڕەزامەندیی خۆ بە ڕەزامەندییمن و ڕەزامەندیی حیزبی سیوعی گرێدا و، بەو ڕەزامەندییەش سەرۆکایەتیی سارەوانیی کفریی وەرگرت. چالاکییەکی زۆری لو ڕێکخستنی شارەکەدا نواند، کە ئەوەش جێی ڕێزی لایەنە بەرپرسەکان بوو و دیاریی ڕێزگرتنیان پێشکەش دەکرد. لە ماوەی کارکردنیدا، سەدان پارچە زەویی دایە کوردەکان تا خانوو و ماڵی لە کفری لەسەر دروستبکەن.
شێخ عەتا، هەتا ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ لەو کارەی بەردەوام بوو و ڕۆڵێکی کاریگەریشی لە ئازادکردنی شارۆچکەی کفری هەبوو. کە هێزەکانی عێراق، بە هاوکاریی چەلاوخۆرە ئێرانییەکانی بەناو"موجاهیدینی خەلق" هێرشیان کردەوە سەر شارۆچکەکە، شێخ عەتا ڕۆڵێکی سەرکردایەتیی لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزانەدا هەبوو و، دواکەس بوو کە لەژێر فشاری هێزە جەکدارەکانی عێراق لە شارۆچکەکە کشایەوە.
کە زۆربەی هەرەزۆری دانیشتووانەکەش ڕەویان کرد، شێخ عەتاس لەگەڵ ڕەوکردووان چووە شاری "پاوە"ی کوردستان لە ئێران، کە لقێکی تەکیەی تاڵەبانیی تیدایە، دوای گەڕانەوەی خەڵکەکەش، شێخ لە شاری سلێمانی دانیشت، چونکە سوپای حکوومەت ماڵەکەیان لە کفری تالان کردبوو و تێکیشیاندابوو و، ئیدی لەو سارەدا مایەوە کە خۆشیویست و شارەکەی ئەوی خۆشویست و تا دواهەناسەش لە ڕیزەکانی حیزبی سیوعیی عێراقی هەر خەباتی دەکرد.
کە لە ٤ی ئایاری ٢٠٠٠یش بە خوین مەیینی مێشک"جلطة دماغية"کۆچی دوایی کرد، شاری سلێمانی، وەفاداریی خۆی دەرخست و بە گەل و حکوومەتەوە تەرمەکەیان شکۆمەندانە بەڕێکرد، شکۆمەندییەکی شایانی مێژووە پڕ خەباتەکەی و پێگەکەی ناو دڵی جەماوەری بێ.
شێخ عەتای برا و برادەر و هاوڕێم لەناو دل و ویژدان و هەستی من و گەلەکەیدا دەژی، خوا لێیخۆشبێ و لەبەهەستی بەرینی خۆیدا جێی بکاتەوە.

دوا دیدارم لەگەڵ سەدام حوسێن:

لە ١٢ی ئازاری ٢٠٠٢، تەلەفۆنێکم لە کۆشکی کۆمارییەوە بۆ کرا، پرسیاری ناونیشانی ماڵەکەی دەکردم چونکە ئەو سوفێرەی ناونیشانەکەی دەزانی لەوێ نەبوو، ئیدی ناونیشانەکەم دانێ. فەرمانبەرێکی کۆشکی کۆماری هات و دۆسییەیەک بەدەستەوە، پارچە کاغەزێکی تێدابوو و بە دەستوخەتی بەڕێز سەرۆککۆمار لێی نووسرابوو و ئاراستەی عەبد حمودی سکرتێری تایبەتی کرابوو و دەیگوت: "دەمێکە لەگەڵ دکتۆر موکەرەم یەکدیمان نەدیوە، تۆ بڵێی لێمان زویر بووبێ؟ ئەگەر زویربوونەکەی لەسەر هەق بێ، ئێمە ئامادەین ئاشیکەینەوە و ئێستا چاوەڕێینە".
گوتم: هیچ هۆیەکم بۆ زویربوون نییە، بەلام سەرۆک دیوەخانی قاوەخواردنەوەی نییە، جا کەی فەرمانی دیتنی منی دا، من ئامادەم، تکاکارم قسەکانی سڵاویشی بگەیێنێ.
فەرمانبەرەکە ڕۆیی. لە ئێوارەی ١٧ی ئازاری ٢٠٠٢، تەلەفۆنێکم لە کۆشکی کۆمارێرا بۆ کرا و، گوتی، ئۆتۆمۆبیلێک دێ و سەعات هەشتی بەیانی دەمباتە بارەگای سەرۆک و، دیدارەکەس لە سەعات "٨،٣٠" دەبێ.
من، وام خەملاندبوو ئەو دیدارە سەبارەت بەو دوا بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایش دەبی کە بڕیاری پشکنینی هەموو جێیەکی عێراقی داوە و لەوانەس کۆشکەکانی سەرۆکایەتی، بۆ دۆزینەوەی چەکی کۆکوژ یان ئەو بەڵگەنامانەی دەیانباتەوە سەر ئەو چەکانە. سەرۆک بڕیاری ڕەزامەندیی دابووە دەست ئەنجوومەنی نیستمانی تا تا هەڵوێستێکی لەبارەوە وەرگرن و، ئەنجوومەنیس بە کۆی دەنگ بڕیاری ڕەتکردنەوەیان دابوو، جا پێموابوو سەرۆک، هێ لە بڕیاری ئەنجوومەنی نیستمانی، دەیەوێ لەسەر هەڵویستی ئەو بڕیارە پرسوڕایەک بە من بکا.
سەعات هەستی وادەی بڕیاربوو، ئۆتۆمۆبیلێکی پەردەی دادرابووەوە، بە خۆ و بە یاوەرێکی سەرۆککۆمارەوە هات، جووینە پرسگەیەکی تایبەت، جوومە هۆڵێک و کەسێک هات و گوتی من پزیشکم. گوتی تۆ تاکەکەسی، بە فەرمانی سەرۆکی بەڕێز، ناپشکندرێی. بەلام پرسیارێکی تەندروستیمان هەیە، هەست بە هیچ نەخۆشییەک دەکەی؟ گوتم: وەک چ نەخۆشییەک؟ گوتی: بۆ نموونە نەخۆشیی شەکرە، فساری خوێن. گوتم ئەو پرسیارە دەریدەخا تۆ پزیشک نیت، چونکە ئەو نەخۆشییانە ناپەرنەوە. گوتی هیچ نووسراوێک یا ئاگادارییەک دەدەیتە سەرۆکی بەڕێز؟ کاغەزێکم پێبوو هەندێ تێبینیم لەسەر نووسیبوو، گوتم: بەڵێ ئەو کاغەزە. چوو کۆپیی کرد و کاغەزەکەی بۆ هێنامەوە.
بە هەمان ئۆتۆمۆبیل ڕوومان لەوجێی کرد کە سەرۆک دەمبینێ، بەڕییەکدا ڕۆیشتین هەستمکرد ناخۆشە، بەلام لەبەر پەردەکانی بەری دیتنییان گرتبوو هیچم نەدیت. گەیشتینە

کۆشـکێکی سـەرۆکایەتی و، عەبد حمودی سـکرتێری سـەرۆک لە پێشـوازیم بوو. ئیدی بردمییە ئەوجێی سەرک سەدام حوسێنی تێدا دەبینم. لە دەرگا جەند کەسێکم دیت بەڕێز عەبدولتەواب مالا حوێشـی وەزیری پیشـەسـازیی سـەربازییان لە بەرایی بوو. کە من وەزیری گواسـتنەوەبووم ئەو سـەرۆکی دامەزراوەی گواسـتنەوەی وشـکانی بوو، پێشدەچوو لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆک کرابوو بێنەدەرێ. لە دەرگای کۆشک لەگەل عەبدولتەواب سڵاومان لیکدی کرد و چووینە ژوورێ.

کۆشکەکە سادە بوو؛لە بەرایی جوونەژووریێ هۆڵێکی لێبوو بۆ کۆبوونەوان و پێشترێ لە لە تەلەفزیۆن کۆبوونەوەی سـەرۆکم لەگەڵ وەزیران لێ دیتبوو، ئەوجا ئەیوانێکبوو بە هەرچوار سـووچی جێی دانیشـتن هەبوو و هەر سـووچێکیش بە نەخشـی عێراقی و مەغریبی ڕازابووەوە. یاوەرەکە ئاماژەی بۆ کردم تا لە سـووچێک دانیشـم و هەر جەند خولەکێکی برد و سـەرۆک بەخۆ و بە کـاغەزی کۆپیکراوەوە پەیـدابوو. بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم و ئەو کاغەزەی دەخوێندەوە کە لە فەرمانگەی پرسـگە کۆپیکرابوو دەستەواژەی "ئەوە ڕاستییە، ئەوە ڕاستییە"ی دووبارەدەکردەوە، ئاخر ڕوونمکردبووە وە کە ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانی نزیکە هێرش بکەنە سەر عێراق.

سـەرۆک دەسـتی بە قسـان کرد و گوتی: غەریبیمان دەکردی، ئاخر لەمێژە یەکدیمان نەدیوە، پرسـیم داخوا لێمان زویرە؟ ئەگەر لە زویربوونەکەی لەسـەر هەق بی ئامادەین ئاشـتیکەینەوە. گوتم: بەڵێ زویرم و هۆیەکەیشـی دوایە ڕووندەکەمەوە، بەلام ئێوە بەرپرسیارییەکی زۆرتان هەیە و بەتایبەت لەو بارودۆخە ئاڵۆزانەی عیراقی پێدا تێدەپەڕێ، ئیدی کاتی ئەوەتان نییە بێم و قاوەیەکتان لەگەڵ بخۆمەوە. منیس بەر فەرمانتانم کەی بفەرموون من بۆ دیدارتان ئامادەم.

سـەرۆک گوتی: سـەیری ئەو بیروڕایانەتانم کرد کە لەو ڕۆژنامانەی لە لەندەن دەردەچن بڵاوکرابوونەوە، چونکە واقیعبینییەکی زۆریشـیان تێدایە، ئیدی دوو بابەتیان تێدایە ویستم گفتوگۆیەکتان لەبارەیانەوە لەگەل بکەم و ئەوانیش کێشـەی کورد و کێشـەی بارودۆخی ناوچەکە و هەڕەشەکانی ئەمریکایە لە هێرشکردنە سەر عێراق.

ئەوجا، دەربارەی کێشەی کورد، دەستی بە ڕوونکردنەوەی رای خۆی کرد و گوتی: ئەوان داوای سیستەمی فیدراڵی دەکەن، یەک لە هۆکارەکانی رازینەبوونمان بەو کلێشەیە ئەوەیە کە ئێمە نیو سـەدە پترە بانگەشـەی یەککرتنی وڵاتە عارەبییەکان دەکەین و، لەگەڵتان لەسـەر کلێشـەی یەکێتیی عارەبی هاوڕا نەبووین. ئەرێ ماقوولە لەگەڵ ولاتە عارەبییەکان داوای یەککرتن بکەین و لە هەمان کاتیشـدا رازیبین عێراق بکرێتە دوو دەوڵەتدوو گەل؟!

ئێمە لەسـەر کلێسـەی ئۆتۆنۆمی مکوڕبووین و، زۆربەی هێزە سـیاسـییەکانیش پێی

رازیبوون و ئێمەش ئامادەین دەســەڵاتەکانتان لە ئۆتۆنۆمیدا تا ئەوپەڕی فراوان بکەین و، ڕەنگە لە دەســەڵاتەکانی فیدراڵییش پتربێ. ئەوەشــم گوتووە کە ئامادەین دەســەلاتەکانی سەرۆککۆماریش دیاری بکرێ و، یاسای ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشیش هەموار بکرێتەوە و دەســـەڵاتەکانی ئۆتۆنۆمی فراوانتر بکری. من پێموایە دەبێ کڵێســـەیەک بۆ یاســای ئۆتۆنۆمی دابندری و، ســەرباری ئەوەش دابەســکردنی وڵات کێشــەی جیددی بۆ عێراق دروســـت دەکا و بەتایبەتیش بۆ کوردان، خۆشـــتان گوێتان لە دەربڕینەکانی بەرپرســـەکانی تورکیایە و ڕەنگە ئێرانیشـــیان بچێتە پاڵ و دژی قەوارەیەکی کوردین تەنانەت ئەگەر دەستووریسبێ لەناو عێراقیش بێ.
ئالێرە، قسەکانیم بڕی و گوتم: سەرۆکی بەڕێز فەرمووتان نیەسەدەیە پایوەستی دروشمی یەکگرتنن، لەکاتێکدا دروشـــمی حیزبی ســیوعی یەکێتی بوو، ئەرێ لەو نیو ســـەدەیەی هیچتان بۆ یەکگرتن کردووە؟ ئێوە لە ماوەی نیو ســەدەداهیچتان دەســتەبەر نەکردووە و، ڕەنگە نیو سەدەی دیکەش هیچتان پێ نەکرێ، بۆ؟ جونکە دروسمێکی کردەنی و کەتواری نییە.
لە عێراق و ســوریا دوو حکوومەتی کۆماریی حیزبی بەعســی ئیســتیراکی هەیە و، تەنیا سنوورێکی وەهمییش لێکتادەکاتەوە، باشە بۆ یەکگرتنتان نەکرد؟ باشە ئەگەر دروشـمی یەکگرتن لەنێوان هەردوو باڵی بەعس و هەردوو حکوومەتەکەیان دەســتەبەر نەبێ، داخوا یەکگرتنی شانشینی مەغریبیی دووری عێراق و خاوەن نیزامێکی مەلەکی شتێکی واقیعیە؟ باشە ئەگەر حکوومەتە عەرەبییەکانی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتییان جودایە رازی نەبن، دەبێ چەند لەو حکوومەتانە پێویســـت بکا بڕووخێندرین و نیزامی ســـیاســـی و دەســــتووری و کۆمەلایەتییان وەها بگۆڕێ تا لەگەل دروشـــمی یەکگرتن ڕێکبێتەوە؟ بنیادەمیس لە تاقیکرنەوانەوە فێردەبێ کە دروشـــمی یەکگرتن دروشـمێکی پراکتیکی نییە، دەبوایە لە تاقیکردنەوەکانی خۆتانەوە فێربوونایە و بچووبانایە ســــەر دروشـــمێکی لە یەکگرتن پتر کاری کردەنی بوایە. جا ئەگەریەکگرتن لەنێوان وڵاتە عارەبییەکان دەستەبەر نەبێ، کە وڵات و زێدی تاکە نەتەوەی عارەبە، باشە چۆن یەکێتی بەو کڵێشەیەی لەسەری مکوڕن لە ولاتێکدا دەسەتەبەر دەبێ کە دوو نەتەوەی سەرەکی و چەندین کەمە نەتەوە و ئایین و مەزەبی تێدایە؟ ئەو هەموو کڵێشـــانە دەســـتکردی بنیادەمانن تا لە هەر ولاتێکدا کاروبارەکانی پێ بەڕێکەن، کەواتە بنیادەم دەتوانێ ڕوو لە کڵێشــەیەکی دی بکا تا چارەی کێشـــەیەکی وەک کێشـــەی کوردی پێ بکا کە بەرەوڕووی بووەتەوە، ئێمەش لەگەل ئەو کێشــەیەدا تازە نیین، جا ئەگەر کڵێشــەی ئۆتۆنۆمی چارەســەری ئەو کێشــەیەی نەکرد و

بووه هۆی هەندێ ئاڵۆزیی وەک ئەوەی ئێستا ئێمەی تێداین، ئەرێ پێویست نییە بەدوای کلێسەیەکی دیکەدا بگەڕێین ئەو هەموو گرێیانەمان بۆ بکاتەوە؟

سەرۆک گوتی: ئێمە ئامادەین دەسەڵاتەکان ئەوەندە فراوان بکەین لەگەڵیا بتوانن ناوچەکە بە ئاسانی بەڕێوە ببەن و بەو جۆرەی خۆیشیان ئارەزووی دەکەن، بەڵام ئامادە نیین ولات دابەسبکەین و حکوومەتێکیش"تەفلیش" بکەین عێراقییەکان لێیڕاهاتوون.

گوتم: سەرۆکی بەڕێزیەکگرتن شێوەی زۆرە، لە یەکگرتنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ و پتریش کە هەریەکەیان پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی دەکا و بەلام لە کەسایەتیی سەرۆکی دەوڵەتدا یەکدەگرن، وەک ئەو یەکگرتنەی لەنێوان نەمسا و مەجەڕ کرا و، یەکگرتنێکی کە ولاتان لە دامەزراوەکانی لووتکەدا یەکدەگرن و بەڵام هەریەکەیان پرێزگاری لە تەواوی دەسەلاتی نیشتمانیی خۆی دەکا، وەک ئەوەی لە سەدەی نۆزدە لەنێوان هۆڵەندا و لۆکسمبۆرگ کرا و، یەکگرتنیش هەیە کە ولاتەکانی ئەندام دەسەڵاتەکانی دەرەوەیان لەدەستدەدەن بەلام پارێزگاری لە سەربەخۆیی ناوەوە دەکەن، وەک یەکگرتنی یۆگۆسلاڤی. بەڕێزیشتان بە یەکگرتنێک ڕازی نین لە حکوومەتێکی عارەبی و یەکێکی کوردی پێکهاتبێ و، حکوومەتێکی هاوبەشیش لەسەری سەرەوە هەبێ، بەڵکو دەتانەوێ پارێزگاری لە حکوومەتی ناوەندی بکەن. حکوومەتێکی یەکگرتنی لەو جۆرە لە چیکۆسلۆڤاکیان هەبوو و، لەنێوان جیک و سلۆڤاکیا بوو. لەو یەکگرتنەدا سلۆڤاکیا حکوومەتێکی یەکگرتوو بوو، بەلام چیکیا جمکەی نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لەو. دەشکرێ یەکێتییەک لە عێراق دابهێندرێکوردستان تێیدا حکوومەتێکی فیدراڵی بێ و سەربەخۆییەکی ناوەوەی هەبێ، بەلام جمکەی حکوومەتە عارەبییەکەی بەغدا نەبێ، بەڵکو بەشێک بێ لە حکوومەتی ناوەندیی هاوبەش. واتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو دەسەڵاتە دەستووری و یاسایی و بەڕێوەبەری و ڕۆشنبیرییەکانی خۆی بەتەواوی بەڕێوەببا، بەو مەرجەی پێچەوانەی ئەو دەستوورە ناوەندییە نەبی کە لەسەری ڕێککەوتوون و، چاودێرییەکی قەزاییش لەسەر دەستووریبوونی یاساکان هەبێ و،هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمیش لەلایەن پەرلەمانی هەرێمییەوە بکرێ یانیش ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێ و دوایەش لە حکوومەتی ناوەندی بکرێتە جێگری سەرۆککۆمار و لەوێ نوێنەری هەرێمی کوردستان بێ و، وەزارەتێک لە هەرێم پێکبهێنرێدەسەلاتی تەواوی لە هەرێم هەبێ و لەبەردەم پەرلەمانی هەرێمدا بەرپرسیار بێ. هەرچی دەسەڵاتەکانن دەبێ بەو جۆرە دابەش بکرێن:

_ ئەو دەسەڵاتانەی تەنیا هیی حکوومەتی هەرێمن و، ئەو دەسەڵاتانەی هیی حکوومەتی یەکگرتووی ناوەندین و، ئەو دەسەڵاتانەی بە گونجان و ڕێکهاتنی نێوانیان هیی هەردوولایانن. بەڕێزیشتان دەزانن من لەسەرداوایسەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر، لە

ســـالّی ١٩٦٩، کلّێشـــەیەکی ئۆتۆنۆمیم پێشـــکەشکرد و بووە بنچینەی ئەو گفتوگۆیەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی لێکەوتەوە و، یاســـای ئۆتۆنۆمیی پێ دەرچوو. جا ئەگەر ئێستا ئارەزوو دەکەن،ئەوا کلّێشـەیەکیدەسـەڵاتی یەکگرتنی تازە باسـم کرد پێشـکەشـی هەردوولا دەکەم. جا ئەگەر ئەوبیرۆکانەی تێیدا دین قبوول کران ئەوا با ببێتە بنچینەیەک بۆ گفتوگۆیەکی دادیَ کە دەکرێ بە ئاراسـتەی سـەربەسـتیی پتر و یەکێتیی پتر، بەپێی رێککەوتنی هەردوولا، دەوڵومەندتر بکرێ.
سـەرۆک دەریخسـت ئامادەیە لە پرۆژەکە بکۆڵێتەوە و گوتی: ئێمە ئێسـتا ناچینەوە سـەر گفتوگۆ، تا وا لێکنەدرێتەوە لەبەر ئەوەیە کە لەژێر فسار و هەڕەشەی هێرشی دوژمنین و، ئێمە لاوازین.
گوتم: سەرۆکی بەرێز، گەلەکەمان گەلێکی وشیارە ودرک بەوەی دەکا دەزانێ بانگەشەی ئێوە بۆ گفتوگۆ، لەهەر بارودۆخێک بێ، کارێکی ئەقڵانی و حەکیمانەیە. ە مرۆڤ دەکەوێتە بەر هەڕەشەی دوژمنکاران خۆی لە قەڵاکەی قایم دەکا و، بەرایی هەموو ستێکیش دەست بە گرتنی کون و کەلەبەرەکانی دەکا. جا ئێستا سەد و یەک کون و کەلەبەر لە قەڵایەکەمان پەیدابووە، کێشـــەی کورد و کێشـــەی مامەڵەکردن لەگەڵ تایەفەی شـــیعە و کێشـــەی دیموکراتی و کێشەی فرەحیزبی لەئارادایە، جا بانگەشەی گفتوگۆ بۆ جارەسەرکردنی ئەو کێشـــانە پێویســـتن و کارێکی حەکیمانە و ئاقڵانەیە. هێزی دەوڵەتیش بەوەی دەسـتەبەر نابێبەرانبەر بەو کێشانە شێلگیرانە پەیوەستی هەڵویستی توند و سەرکوتکردن بێ، چونکە ئەنجامەکەی لاوازبوونی هەموو لایەنەکانە و لاوازیی وڵاتە و مانەوەی کێشەکەیە، چ جای ئەوەی ئاڵۆزتریش دەبێ، بەلام چارەسـەری ئەو بابەتانە بە شـێوەیەکی ئاشـتییانە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەمووان و پاراستنی وڵاتیش لەبەرانبەر هێرشی بێگانان.
ئالێرەدا، سکرتێرەکەی هات و گوتی گەورەم نانی بەیانی ئامادەیە، بۆ تێشتکردن هەستاین، خوانەکە ئاسـایی بوو. لەسـەر خوانەکەی سـەبارەت بە مامەلردن لەگەل تایەفەی شـیعە دەسـتمان بە قسـان کرد. گوتم: مەرجەعییەتی شـیعەی دنیا لە نەجەفی پیرۆز بوو. ئەبولحەسـەنی ئیسـفەهانی و کاشـیفولغیتا و شـەهرسـتانی و حەکیم، بەلام کە ئەو مەرجەعییەتە بالایەتان وەلانا، ئەویش چووە شـاری "قوم"ی ئێران، باشـە چ حیکمەتێک لەوەیدابوو لەعێراق وەلانرێ، کە شیعە تایەفەیەکن خۆشەویستی و وەفایان بۆ "ئالولبەیت" هەیە، ئێمەش لە نوێژدا دەڵێین "اللهم صل علی محمد و علی آل محمد"، شـیعە سـرووتی ئایینیی تایبەتیان هەیە، وەک پرسـە و کەژاوەی بۆنەکان و بەتایبەت عاشـوورا، کە یادی شـەهیدبوونی ئیمام حوسێنە. هەموو ئایین و مەزەبێکیشسرووتی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە، جارێکیان لە تەلەفزیۆن سـرووتەکانی تایبەت بە موریدانی سـەید ئەحمەد

ڕوفاعیتان پێشاندا کە زەرگ لەخۆدان و شمشێر لە پاڵوو چەقاندنە. باشە شمشێر لە پاڵوو چەقاندن و شمشێر لەسەردانی شیعە چ جیاوازییەکیان هەیە؟ جا قەدەغەکردنی هەر سرووتێک، هەر چ رایەکمان بەرانبەری هەبێ، وانەکا لەبەین بچێ بەڵکو تەواو پێچەوانەیەتی.
باشە حیکمەت لەوەیدا چییە پیاوانی ئایینی شیعە ، بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆیان و ئارەزوی مەرجەعییەتیان، پەیوەستی وەزارەتی ئەوقاف بکرێن ودەستیش بەسەر وەقف و دەرامەتی ئیمامەکاندا بگیرێ؟ دەبوایە بە تەواوی ئازادییەوە سەرپشکتان بکردبان داخوا وەک فەرمانبەرێکی وەزارەتی ئەوقاف کاردەکەن، یان هەر پەیوەستی مەرجەعە ئایینییەکانیان دەبن و، بێ ئەوەی دەست لە کاروباری بیروباوەڕیان وەربدرێ. جا ئەگەر بتانەوێ کلێشەیەکی لێکحاڵیبوون لەگەل یاتەفەی شیعەی عێراق بێننەکایە ولەگەڵ نوێنەری ئێستایان بێ'ئەنجوومەنی باڵا'، ئەوا شاندێکتان لە پایانی ئایینی شیعە و سوننە و بەرپرسانی وەزارەتی ئەوقاف دەنارده دیداری بەرێز محەممەد باقر ئەلحەکیم و داوات لێ دەکرد بگەڕێتەوە عێراق و هەموو دەستەبەرێکیشت دەدایە، کاتێ دەیەوێ، بگەڕێتەوە ئێران. جا ئەگەر دماوەری شیعە لە ڕەوزەی ئایینی وەک مەرجەعی باڵا دوایکەوتن، با وابێ و، ئەگەر ویستیشیان کەسێکی دی هەڵبژێرن ئەوا پەیوەندیی بەخۆیانەوە هەیە. ئێستا موریدانی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و خەڵکی دیکەس ڕێبەری باڵای خۆیان هەڵدەبژێرن، باشە ئەگەر شیعەیش مەرجەعی باڵای خۆیان هەڵبژێرن بۆ نابێ!
سەرۆک گوتی: ئێمە وەک مەزهەب دژی شیعە نیین، خەڵکێکی زۆریشیان لە ڕیزەکانی حیزبەکەماندان و ژمارەیەک شیعەش لە سەرکردایەتیدان، بەلام ئێمە بەرەورووی ئەوانە دەبینەوە کە هەستی ئایینی دەقۆزنەوە و خەڵکی پێ لە دژمان هاندەدەن، جا شیعەبن یان سوننە، کە ئەوانەس هەوڵدەدەن ئەو هەستە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئێمە بەکاربێنن ئێمەش سنوورێکیان بۆ دادەنێین.
گوتم: بەلام دەکرێ ئەو کێشەیەش بە جۆرێکی دی چارەسەر بکرێ.
ئەوجا سەرۆک هاتەوە سەر بابەتی کوردان و، گوتی: عێراق بەرەورووی دوو شەڕی گەورە بووەوە بەشدارییان لە چشتاقان نەکرد. گوتم: ئێ باشە کورد ڕۆڵێکیان لە بڕیاری شەڕ یان ئاشتیدا هەبووە تا هەڵوێستێکی ئەرێنییان هەبێ؟ ئێوەن شەڕتان بەرپاکردووە و کورد هیچ ڕۆڵێکیان لە بەشداری و خۆدوورگرتندا نەبووە. دوای قوربانی لەبەرانبەرچ دا بدەن؟ ئەوەندە بەس نییە پێنج هەزار کەسی بێتاوانیان لە هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی مردن و دووسەد هەزاریشیانلە ئەنفال و هەست هەزار بارزانیش کوژران، ئەوە بەس نییە؟ لەبەر ئەو ڕێوشوێنە ئازاربەخشانە، لەگەڵ کوردەکان مەودایەکی قووڵتان لەنێواندایە،

داخوا چەندیشی پێویست بە کاری خێرە تا ئەو نێوانە پڕکاتەوە؟ سەدام گوتی: کورد گەلی ئێمەن، مێژوویەکی خەباتی دووروودرێژیشیان لەگەڵ ئێمەدا هەیە. ئەوان لە شەڕی دژی ئێمەدا بەپێش سوپای ئێرانی کەوتن، دەبوایە بزانن ئەنجامی ئەو کارەیان چ دەبێ. گوتم: ئێوە رووبەرووی کێشەیەکی هەنووکەیی دیار بوونەتەوە نەک کێشەیەکی مێژوویی. گفتوگۆش لەگەڵ ئەوانەدا دەکرێ و لەگەڵ ئەم واقیعە نەک لەگەڵ مێژوو. لە مێژووی ئیسلامیشدا ڕۆڵی کوردان لاوەکی پەراوێزی نەبووە، بەڵکو هەندێ کات ئەوا لەدژی داگیرکەران سەرکردایەتیی موسڵمانانیان کردووە، ئەرێ ئەوانن کە دەبێ چاویان لەو مێژووەی تێکۆشان بێ یان ئێوە؟ گوتی: ئێمە وەک لەبەرچاوگرتنی ئەو مێژووە تاکە دەولەتین دانمان بە بوونی نەتەوەیی کورددا ناوە. گوتم: لەبەر ئەوان هەر بەڕاستی هەن و بوونی خۆیسیان ڕادەگەیەنن، جا ئەگەر مافە رەواکانی خۆیان دەستکەوێ ئەوا ئەو بوونەیان دەبێتە هۆکاری بەهێزیی عێراق و ئەگەر خراپیشیان مامەلە لەگەڵ بکرێ ئەوا دەبنە هۆی لاوازیی عێراق. ئەگەر لەگەڵیان بجەنگن ڕەنگە لاواز ببن، بەڵام ئێوەش پێوە لاواز دەبن و ولاتیش لاوازدەبێ.

سەرۆک گوتی: ئێمە ئێستا گەیستووینە ئەو قەناعەتەی بەکارهێنانی چەک لەو کێشەیەدا کارەکان ئاڵۆزتر دەکا، بۆیە بڕیارمانداوە توندوتیژی لە چارەسەری ئەو کێشەیە وەدەرنێین.ئەو هەڵوێستیش هەڵقولاوی قەناعەتی خۆمانە نەک ترسی ئەمریکییەکان، کە لەسەر داوای مەسعود بارزانییش بە هێز جووینە ناو هەولێر، دەمانتتوانی بچینە سلێمانییش، ئاخر هەولێر لەناو ناوچەی دژەفڕینە، بەلام سلێمانی پارێزراو نییە، کەچی پەلمان نەهاویشت.

گوتم: سەرۆکی بەڕێز، دەزانن من لەگەڵتانا چەندە ڕاشکاوم، وەک ئەودەمیش گوتم ئەو کارەی هەولێرتان هەڵەبوو و، دژی بەرژەوەندیی عێراق بوو. هەولێر شارێکی ستراتیژییە ولەوی هەردوو لقی ئەو ڕێیە ستراتیژییە دەگەنە یەکدی کە پێیدەگوترێ 'ڕێگای هاملتۆن، بۆیە ئەوەی سوودی لەو کارەتان وەرگرت مەسعود بارزانی نەبوو، بەڵکو پەیمانی ناتۆ بوو. کە داوای بارزانیشتان گەیشتێ تا لە بەدەستهێنانەوەی هەولێر لە دژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یارمەتیی بدەن، وەها دروست بوو ناوبژیتان لەبەینێ بکردبان تا ئاستبینەوە و هەرووک بگەرابوونایەوە هەولێر و دوایەش دۆخەکەتان، دوور لو کاریگەریی پەیمانی ناتۆ یان هەر لایەنێکی دیکەی بێگانە، پەلکێشی گفتوگۆیەکی هەردووکیان و حکوومەت بکردایە. ولاتانی دراوسێی نە دۆستی کوردن و نە دۆستی عارەبانن کێشەی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتیی کوردستان دەقۆزنەوە. منیش کە پار جوومە ناوبژیان ڕاگەیاندنی خۆرئاوا هێرشیان کردمە سەرێ و

گوایە ئەو ناوبژیوانییە بە سووسەی سەدام حوسێنییە. منیش وەڵامم ئەوەبوو" ئەگەر سەدام حوسێن ئەو ئەرکەم شکۆمەند و بۆ وڵات سوودبەخشەم پی بسپێرێ ئەوا بە پەلە خۆی دەگەیەنمێ. بەڵام زۆرم هەوڵدا و نەمتوانی بۆ ئەو کارە رازیی بکەم". مەبەستیشم لەوەیدا ئەوەیە دوژمنان بۆیان گرنگە ئەو کێشەیەی نێوان ئەو دوو حیزبە کوردییە بەردەوام بێ و، ئێوەش لەجیاتیی جارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، نەوتتان بە ئاگرەکەی داکرد.

ئەوجا هاتمە سەر ئەو رووداوە ئازاربەخشانەی لەو دوو دەیەیەی دوایی لە کوردستان روویاندابوو مەبەستم رووداوەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و بارزانییەکان و وێرانکردنی گوند و شارۆچکە و کێڵگەکانی کوردستان بوو و گوتم: مرۆڤ تەمەننا دەکا و پێموایە ئێوەش ئێستا تەمەننا دەکەن ئەو رووداوە کارەساتبارانە هەر روویان نەدابا. ئەوەی ئازاربەخشتریشە ئەوەیە لەسایەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و یاسای ئۆتۆنۆمی روویانداوە. بەڵام، بە هەموو کارەسات و ئەنجامە ئاڵۆزەکانییەوە لە رابردوو روویدا و رابردوویش ناگەڕێتەوە بەڵام دەکرێ تێیانپەڕێنین و چارەسەری شوێنەوارەکانیان بکەین. ئەو دوو حیزبە کوردییە داوایان کرد چارەنووسی ئەو بێ سەروشوێنانە دیاری بکرێ ئەگەر بەڕاستییش لەدەستچووینە ئەوا قەرەبووی کەسوکارین بکرێتەوە. جا ئەوان ئێستا دەیانژمێرن و داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایش دەکەن لە رێککەوتنی نەوت بەرانبەر خۆراک و دەرمان بۆ عێراق بڕەپارەیەکیش بۆ ئەو قوربانییانە تەرخان بکرێ. جا ئەگەر بەڕێزتان ئەوقەرەبووانە بدەن کە سەرباری ئەوەی زۆریشە کەچی دێن بە ملیاران دینار مزگەوت دروستدەکەن ئەرێ بێ پاداست دەبی ئەگەر پارەی دوو مزگەوتان بۆ ئەوانە تەرخان بکەن کە لەو چۆڵ و بەرپایەی نوێژێ دەکەن و ماڵ و کێڵگەیان ویران کراوە و سامان و ئاژەڵیان تالان کراوە و پاسانیش ژمارەیەکی زۆریان لە بیابانی عەرعەر نێژران؟

سەدام حوسێن گوتی: بەو مەرجەی بە شێوەیەکی فەرمی نەبێ. گوتم: با بەشێوەیەکی فەرمی نەبێ و بەناوی هاووڵاتیبوونێکی مرۆیی دەستەیەک لە نوینەرانی کورد دامەزێ و دوایەش خەلکی دی بەشدارییان پێ بکرێ و ئەو کارەی بکەن.

ئەوجا سەدام هاتە سەر باسی هەڵویستی کوردان بەرانبەر هەڕەشەکانی ئەمریکا و گوتی: نێچیروان بارزانیم دیت پێمگوت ئەرکی ئەوە ئەوەبوو خەندەقەکانتان لەتەک سوپا لێدەن و هاریکاریی بکەن نەک بەرانبەر خەندەقەکانی ئێمەیان لێدەن. گوتم: پاییزی چووی، کە سەردانی ناوچەکەم کرد پرسیاری ئەو هێزانەیان لێکردم کە لە هێڵەکانی بەرایی کۆکراونەتەوە، پێمگوتن هەڵویستی ئەو هێزانە بەرگرییە نەک هێرش، بەڵام لێرەولەوێ گوێیان لێدەبێ ئەو سوپایەی تایبەت داندراوە تا قودس ڕزگار بکا، ئێستا خۆی ئامادەدەکا

تا سـلێمانی و هەولێر و دهۆک ڕزگار بکا، هەر ئەوەشـە وادەکا پتریان ترس لە نیەتی حکوومەت هەبێ. ئەوان بۆ خەڵکەکەی رادەگەیەنن دژی هەر هێرشێکی سەربازین بۆ سەر عێراق و،هەر گۆڕین و گۆڕانکارییەکی دۆخی عێراقیش کاری عێراقە و بێ دسـتتێوەردانی بیانی. ئەوان بە ئاسـتییانە کار بۆ گۆڕینی بارودۆخی عێراق دەکەن تا بەرەو دیموکراتی و فرەحیزبی و فیدراڵی بچێ و، داوای دەسـتەبەرییەکی نێودەوڵەتییش بۆ هەر ڕێککەوتنێکی سەبارەت بە کێشەی کورد دەکەن.

ئەو داوایەش هەڵویسـتی حکوومەت لاواز ناکا، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە، ناوبانگ و پێگەی لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بەرزدەکاتەوە. پێشـتریش حکوومەتی عێراق لەبەردەم کۆمەڵەی نەتەوەکان بەڵێنی داوە ڕێز لە مافەکانی کوردان بگرێ. جا ئەو بەڵێنە دەبێتە بەڵێنێکی نێودەوڵەتی و حکوومەتی عێراق، بە ڕەزامەنـدیی کۆمەڵەی نەتەوەکـان نەبێ، ناتوانێ هیچ هەموارکردنەوەیەکی بۆ بکا. ئێستاش دەبینن ئەنجوومەنی ئاسایش دەست لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتان وەردەدا کە دەسـەڵاتی نیشـتمانیی خۆیان هەیە و، دێ و سزایان بەسەردا دەسەپێنێ و داوایان لێدەکا پابەندی بڕیارەکانی بن. باشە چ ڕێ لەوەی دەگرێ حکوومەت لای خۆیەوە دەسـتپێشـخەری بکا و نموونەیەک لەو ڕێککەوتنانەی لەوبارەیەوە دەکرێن بداتە ئەنجوومەنی ئاسایش، تا ببێتە بەڵگەنامەیەکی فەرمیی دڵنیاییەک بداتە کوردان؟.

چوومە سەر هەڕەشەکانی ئەنگلۆ-ئەمریکی دەیانگوت ڕژێمی ئێستا دەڕووخێنین و گوتم: بە دڵنیاییەوە ئەو دەسـەڵاتەی دوای دەسـەڵاتی ئێسـتا دێ، نە نیشـتمانی دەبێ و نە دیموکراتی. جا کێتیش دەزانێ، ڕەنگە داگیرکەران بەرەوڕووی ڕاپەڕینێکی میللی ببنەوە و بەر بە داگیرکاریی بێگانە بگرێ. ئێوە لە پێگەی لاوازییەوە بەرانگژی داگیرکەران دەبنەوە، بەلام بەرگریی جەماوەریش بەتەنیا هەر لە پێگەی لاوازییەوە دەبێ.

جا ئەگەر ئەو دوو هێزە یەکبگرن ئەوا دەکرێ بەر بە داگیرکاری بگیرێ و بشـیبەزێنن. دەسـەڵات گرتنەدەسـتی بەتەنێ مانای وایە پاڵێک بە هێزە نیشـتمانییەکانی دیکەوە بنێی بچنە بەرەی نەیاران و ئەگەر پەیوەستی هەڵویستەکانیشی نەبێ ئەوا دەکرێ لە دژی ڕژێم یەکبخرێن، بەلام ئەو هێزانە لەو پێکهاتە ناجۆرە، خۆیـان بە ئاوگەلە و غەوارە دەهـاتە بەرچاو، جا ئەمریکییەکانیش هەسـتیان بەوەی کردبوو، ئیدی دەیانەوێ ئەو هێزانە بکەنە کوتلە، حیزبە کوردسـتانییەکان و ئەنجوومەنی بالا و ویفاقی نیشـتمانی بۆ بەشـداری و هاریکاری لە گۆڕینی ڕژێم. بەڵام قەناعەتێک هەیە کە ناکرێ هاوگونجانێکیان لەنێواندا دروست ببێ، واتە لەنێوان ئەو پێکهاتەیە و وڵاتە ئیستیعمارییەکان. ئێستا، سـەبارەت بە هێرشـی سـەربازی بۆ سـەرعێراق، ئەمریکی و بەریتانییەکان تەریکن،بەڵام هاوڕاییەکی

عارەبی و نێودەوڵەتی بۆ گەڕانەوەی پشـــکنەرە نێودەوڵەتییەکان و لەناوبردنی چەکی کۆکوژ هەیە. چونکە عێراقیش ئەو چەکـانەی دژی ئێران و کوردەکـان بەکـارهێنـاوە، سـەرباری ئەوەی هەڵوێســتیشـیان بەرانبەر هێرشـی سـەربازی نەرێنییە و ڕەنگە بەرەوڕووی دامـاڵینی چەکی کۆکوژی عێراق نەبنەوە و، ژمـارەیەک دەوڵەتیش هەن ئەو جۆرە چەکانەیان نییە، بەلام ماوە و پارێزگارییی لە سـەربەخۆیی و دەسـەلاتی نیشـتمانیی خۆی کردووە.

سـەرۆک سـەدام حوسـێن گوتی: ئێمە هەرچیمان پێ بکرێ دەیکەین تا شـەڕ لە عراق دوورخەینەوە و، لەگەڵیشت هاورام کە شەڕ لە پێچ و پەنایەکانیدا هۆیەکانی سەرکەوتن و دۆرانی هەڵگرتووە.ڕەنگە بە هەنـدێ داوای نێودەوڵەتی ڕازیبین، بەلام تـا ئەو رادەیەی نەبێتە لەدەستدانی سەربەخۆیی ولات، بەلام ئەگەرلە شەڕێ بترازێ هیچی دیکەمان لەپێش نەبێ، ئەوا لەپێناو سەربەخۆیی و یەکێتیی ولات دەجەنگین.

گوتم: ئێوە لەو دوو شەڕەی پێشترێ بە ڕەسادەتەوە شەڕتان کرد و زۆریشتان قوربانی دا، بەلام دەرەنجامەکەی چ بوو؟ ڕاستە ئازایەتی سیفەتێکی باشی بنیادەمە و، ترسنۆکییش سیفەتێکی ناشیرینە، بەلام لە حالەتێکی وەک ئەوەی ئێستا سیفەتێکی ڕاست و دروستتر هەیە و ئەویش ئەقڵ و حیکمەتە. ئەو دووە وا لە بنیادەمی دەکەن بتوانێ مەترسی لە خۆی و خەلکیش دوورخاتەوە.

ئەگەر بەئازایەتییەوە بچیە شـەڕێ، ڕەنگە سـەربکەوی، بەلام لە حاڵەتێکی ئاوادا ئەگەری سەرکەوتن لاوازە و ڕەنگە ببێتە هۆی شکست و لەدەستدانی هەموو شتێک، جا بە هەموو بـارێکدا دەبێ قوربـانییەکی مەزن بـدەی و، هەنـدی حکوومەت نـاچـاردەبن لە هەنـدێ بارودۆخی جودادا دەست لە هەندێ دەسـەلاتی نیشـتمانیی بەردا و، پەیماننامەی 'برێست لیتۆفیسـک'ی لینین داینا زۆر ڕەق و شـــکۆشـکێن بوو، بەلام جارە نەبوو دەبووایە بۆ چوونەدەرێ لە شـــەڕقبووڵی بکەن. واژووی کرد و دەســـتبەرداربییەکی زۆیدەسـەلاتی دەوڵەتی سۆڤیەتیی بەسـەر ناوچەیەکی فراوانی ولاتەدا تێدا بوو و، بۆئەڵمانیا دەستی لێ بەردا. بەلام دەوڵەتێکی بەتوانـای دامەزرانـد و دواترێ توانیی خـاکەکەی وەرگرێتەوە. ئەوەی ئێستا گەل چاوی لێیەتی دوورخستنەوەی مەترسییەکانی شەڕ و بەلایەکانیەتی و ئەو حیکمەت و عەقڵ بە ترســـنۆکی دانانێ خوداش لە کتێبە پیرۆزەکەیدا دەفەرمێ'و لا تلقوا بـایـدیکم الی التهلکة'، واتە بەدەســـتی خۆتـان خۆتـان بە فەتـارەت مەدەن. ڕەنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رازی نەبێ گورزێکی سەربازی لە عیراق بدرێ، بەلام لە ڕوودانیدا دەکەوێتە بەر ئەمری واقیع.

سەرۆک سەدام حوسێن گوتی: ئێمە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەدەین تا لەگەڵ ئەو وڵاتە عارەبییانە ئاشتببینەوە کە نێوانمان لەگەڵیان تێکچووە و، هەموو هەوڵێکیش دەدەین مەترسیی شەڕ وەلانێین و هاوکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین. بەڵام وەک گوتم، ئەگەر بە سەپاندن شەڕمان بەسەردا بسەپێندرێ، ئەوا قوربانییەکەی هەرچی بێ ناکرێ خۆی لێ لادەین و دەبێ بە ڕەشادەتەوە بیکەین.

کە چاویلکەکانی لەچاوی کردەوە، وامدانا کە ئەوە زەنگی کۆتایی دیدارەکەیە، ئەودەمیش سەعات "١٢:٤٥" هەستامەوە و ئەویش هەستایەوە تا لە دەرگای کۆشک ماڵئاواییم لێ بکا و، پرسیی: داخوا هێشتا لێی زویرم؟ گوتم بەڵێ، من ڕۆژانە بەبەردەم گۆڕستانی ئەو سەربازە بەریتانیاییانەدا ڕەتدەبم کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە عێراق کوژران، گۆڕەکانیان پاک و ڕێکوپێکە. قسەکەی بڕیم و گوتی: ئەە ڕاستە و کارێکی مرۆیی و شارستانییە. گوتم: بەڵام من لە بەڕێزتان دەپرسم داخوا مردووەکانی ئێمە لە مردووەکانی داگیرکەرە بەرریتانییەکان بێجوولەترن؟ چ خەبەرە، مەبەستت چییە؟ گوتم: مەبەستم ئەوەیە کە دەستتان بە ویرانکردنی گوندەکانی کوردستان کرد و لەوانەس گوندەکەی ئێمەی باوکم خوسکەکەم لەوی نێژراون، تەنانەت گۆیستانەکانیش تەختکران. گوتی: داخوا ئەوە بە ئاگاداریی بەرپرسە ناوخۆییەکان بووە؟ گوتم: بە فەرمانی ئەوانیش بووە، ئێوە وای دادەنێن عەتای خوالێخۆشبووی برام پەیوەندیی بە کوردەکانی دوژمنی ئێوەوە کردووە. چۆن پەیوەندییان پێوە نەکا کە ڕێز لە مردووەکانیشی ناگیرێ؟

گوتی: بانگی بەڵێندەرێک بکە و نەخشەیەکی بدەرێ با گۆڕێک بۆ باوکت و خوسکەکەت هەڵبەستێ و بەو شێوەیەس بێ کە تۆ دەتەوێ. ئێمە بە دەسەڵات و بەڕێوەبەری رادەگەیەنین کارئاسانیتان بۆ بکەن و ئێمە هەموو تێچووەکەی دەدەین وداوای لێبووردنیشت لی دەکین لەسەر ئەو کارە. کە لای دەرگاش وەستابووین پرسیاری حاڵوباڵی لێکردم و پێموابوو مەبەستی حاڵوباڵی گوزەرانمە. گوتم: باشم سوپاس بۆ خوا. جا بەگەرمی تەوقەی لەگەل کردم و ماڵئاوایی لێکردم.

ئەوە دوادیدارم بوو لەگەل سەدام حوسێن. تەنیا ئەوکاتی لە کانوونی یەکەم دیتیانەوە لەسەر تەلەفزیۆن دیتم. بەخۆ و بە قژ و ڕیشی چرپیەوە لە کێلگەیەکی دوورەدەست خۆی ساردبووەوە. دووەم جاریش لەبەردەم دادگایسزای تایبەت دیتمەوە و، جاری سێیەمیش ئەوکاتەی پەتی سێدارەیان دەکردەملی و بەهێمنی پێشوازیی لە مردن دەکرد.

پێشنیارێک بۆ سەرۆک سەدام سەبارەت بە یاسای یەکگرتن:

لە ٢١ی ئازاری ٢٠٠٢ نامەیەکم بۆ سەدام حوسێن هەنارد گرنگترین شتی لە نامەکەدا هاتبوو:

سەرۆکی بەڕێزی پایەدار

سڵاوێ بۆندار.... دوای دیداریی بەڕێزتان و دوای ئەوەی مۆڵەتم لێ وەرگرتن پێشنیارێک بخەمە ڕوو کە ڕەنگە جێی ڕەزامەندیی هەموو لایەک بێ و ببێتە بنەما و سەرەتایەک بۆ گفتوگۆیەکی جیددی و بنیاتنەر و خاوەن ئامانج تا تا چارەسەرێکی دروستی کێشەی کوردی بکا کە نزیکەی سەدەیەکە بەرووڕووی عێراق بووەتەوە، ئەو پێشنارە لەو گفتوگۆیەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەیانیی ١٨ی ئازاری ٢٠٠٢ کردمان و بە پشتبەستن بە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٩ و ئەو بیروراڕایانەی ئێوە کە لە ڕۆژنامەی "الثورة"دا هاتووە. شێوەی پەیوەندیی نێوان هەرێم و حکوومەتی ناوەند بەجۆرێکە کە نابێتە هۆی کەرتبوونی گەل و وڵات. حکوومەتی ناوچەیی دەبێتە بەشێک لە حکوومەتی ناوەند و نابێتە جمکەی _ وەک جەڕێزتان فەرمووتان_ هەندێ دەسەڵاتی پێویستی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکە تێدایە کە هەموو لایەنەکان ڕازی دەکا و، وەک بەڕێزتان فەرمووتان ئامانجەکە یەکێتیی وڵات و گەلە وهەرچی دەسەڵاتیشە، دەکرێلەسەری ڕێککەوین.

سەرۆکی بەڕێز، بێ پێچ و پەنا پێتانی دەڵێم، ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی لە بارودۆخی تایبەتدا ڕوویاندا، ترسی کوردەکانی پترکرد و کۆندڕێکی گەورەی خستە بەینی هەردوولا. بەڵام ئەو ڕووداوانە کەوتنە ڕابردوو و ڕابردوویش ناگەڕێتەوە، بەڵام، وەک بۆ پایەداریتانم ڕوونکردەوە، دەکرێ بە قەرەبوو جارەیان بکرێ و ئازاری ئەو خەڵکەی پی کەمکرێتەوە کە بەڵا و نەهامەتییان بەسەرهاتووە و، دەکرێ بە لێبووردەیی هەموو لایەکیش تێپەڕێندرێ و لێنەگەڕێن ئەوکارانە لە دادێدا ڕووبدەنەوە.

زۆرم دڵ بەو دوپاتکردنەوەیەتان خۆشبوو کە لە داهاتوودا هیچ جۆرە توندوتیژییەک بەرانبەر کوردان بەکارناهێندرێ و، خۆزگە ئەو قسەیە لەسەرزاری بەڕێزتانەوە بە ئاسکرا دەکرا، چونکە قسەی ئێوە لای ئەوان سەنگی خۆی هەیە و، نەک هەر ئەو ناوچەیەی دوژمن دەیپارێزی، بەڵکو ڕایگەیەنن کە هەموو کوردستان ناوچەیەکی بێ کێشەیە.

بە ئاشکرا گوتنی هەموو ئەو شتانە و داوای گفتوگۆیەکی دروست بەرپرسانە و بنیاتنەر، بەهیچ جۆرێک بە لاوازیی ئەوەی لێکنادرێتەوە گوایە لەبەر ئەو هەڕەشانەی سەر عێراقە. گەلەکەمان گەلێکی وسیارە و کارەکان پڕ بەپێستی خۆیان هەڵدەسەنگێنێ و ئەو هەنگاوە حەکیمانانەی پێ باشە و چەپڵەیان بۆ لێدەدا. مرۆڤیس کە هەست بە هەڕەشەی هێرشی

دوژمن دەکا، لە بەراییڕا بیر لە گرتنی کون و کەلەبەرەکانی ئەو قەڵایەی دەکا کە خۆی تێدا قایمکردووە.
من، ئێستا ئاسۆیەکی چارەسەری ئەو کێشەیەم لێ دیارە، چونکە مەترسیی هێرشی دوژمنان تەنیا لەسەر عارەبان نییە و هێ لە کوردان بێ و، دوژمنکارانیش دۆستی هیچ لایەک نینە و، ئازادیی گەل و سەربەخۆیی وڵات کراونەتە ئامانج... سڵاو و تکاکاریم دووبارەدەکەمەوە.
شێوەکانی یەکێتی:
١_ یەکێتیی کەسایەتی: ئەوەس یەکێتییەکە تەنیا لە کەسایەتیی سەرۆکی دەوڵەتدایە و، هەموو دەوڵەتەکانی دیکەی ناو یەکێتییەکە لەوانیدی جودان و لە دەسەڵاتی ناوخۆ ە دەرەوەیدا ئازادە، ئیدی ئەو دوو دەوڵەتە سەربەخۆن و دەشکرێ سیستەمی دەستوورییشیان جودابێ. نموونەی ئەوەیش یەکێتیی هۆڵەندا و لۆکسمبۆرگە لە"١٨١٥-١٨٩٠"
٢_ یەکێتیی سەربەخۆیی: ئەوە یەکێتیی دوو دەوڵەت و پترە، کە هێشتا هەر یەکەیان لە هەردوو بواری ناوخۆ و دەرەوەدا سەربەخۆن و هەریەکەیان کەسایەتی و دەسەڵاتی ناوخۆ و دەرەوەی خۆی هەیە و، هەریەکەیشیان دەتوانێ ڕاستەوخۆ بچێتە ناو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەو مەرجەی ڕێککەوتنی یەکێتییەکە لەبەرچاو بگرێ "یەکێتیی هاشمیی نێوان ئوردون و عێراق".
٣_ یەکێتیی ڕاستەقینە: لە چوونەپاڵ یەکدیی دوو دەوڵەت یان پتر پێکدی لەژێر ئاڵا و سایەی پاشایەک یان سەرۆکێک ولە کەسایەتییەکی نێودەوڵەتیی نوێدا دەردەکەوێ کە دەوڵەتی یەکێتیی تاکە دەسەڵاتێکی نیشتمانیی دەرەوەی هەیە و تەنیا خۆیشی مافی نوێنەرایەتیی دیپلۆماسیی هەیە و دەتوانێ بەناوی هەموو یەکێتییەکەوە قسان بکا. هەرچی لە ناوەوەیە، ئەوا هەر دەوڵەتێک لەو دەوڵەتە یەکگرتووانە پارێزگاری لە دەستوور و یاسادانان و حکوومەت و یاسا و سیستەمی سیاسیی تایبەتی خۆی دەکا "یەکێتیی نەمسا و مەجەڕ".
٤_ یەکێتیی ناوەند: لێرە، وڵاتانی ئەندام هەموو دەسەڵاتێکی دەرەوە لەدەست دەدەن. ئەو دەسەڵاتەی تەنیا هیی ناوەندە نەک دەوڵەتەکان و، تەنێ ئەو دەوڵەتەش کەسایەتییەکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتیی هەیە و، مافی نوێنەرایەتیی سیاسیی هەیە و دەتوانێ بەناوی حکوومەتی یەکیتییەوە هەڵسوکەوت بکا. هەرچی دەسەڵاتی ناوخۆیە، ئەوا لەنێوان ئەندامان و دەوڵەتی ناوەندی دابەشدەکرێ، وەهاش دابەشدەکرێ هەر دەوڵەتێکی ئەندامی

یەکێتییەکە سەربەخۆیی دەستووری و یاسادانان و قەزای خۆی هەیە و، دەستووری تایبەت و یاسا و دامەزراوەی نوێنەران و حکوومەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەریی خۆی هەیە.
دەشکرێ لەهەمان دەوڵەتی ئەندام، دەستەیەکی بەرانبەر ئەو دەستەیە و سەر بە حکوومەتی ناوەند هەبێ و کاری تەنیا پەیوەستی کاروبارە گشتییەکانیناو حەو حکوومەتە ناوجەییە بی و خۆی لە کاروبارەکانی ناوخۆی حکوومەتە ناوخۆییەکە هەڵنەقورتێنێ و، بەڕەزامەندیی دەوڵەتانی ئەندامیش نەبێ ناکرێ دەستووری دەوڵەتی یەکێتی هەموار بکرێتەوە. ناشبێ حکوومەتی ناوەند یاسایەک دەرکا پێچەوانەی یاسای یەکێتییەکە بێ.
تێبینییەک: شێوەکانی یەکێتی لە ولاتان بۆتە و کلێشەیەکی سەپێندراو نییە، بنیادەم بۆ کارئاسانیی کاروبارەکانی و بەپێی بارودۆخی واقیعیی هەستپێکرا و دایناون. جا دکرێ شێوە و ڕواڵەت بگۆڕێ تا پتر لەیەک نزیکبنەوە و سەربەخۆترین، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو هاوگونجانییەی لە کۆی گشتیی سیستەمی داننداراودا هەیە و، ناکرێ لەو بنەما و ئامانجانەس دووركەونەوە کە سیستەمەکە بۆ وەدەستێنانیان داندراوە.
سەرۆکایەتیی دەوڵەت: عێراق کۆمارێکی دیموکراتییە و سەرۆککۆمار تێیدا لەڕێی "هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ، هەڵبژاردن لەناو پەرلەمان، ڕاپرسییەکی میلیی گشتی" هەڵدەبژێردرێ.
پەرلەمان: ئەنجوومەنێکی نیشتمانییە و ئەندامەکانی بەپێی یاسا و لەسەر بنەمای هەر نوێنەرێک بۆ "١٠٠٠٠٠ کەس" دادەندرێ، بێ جیاوازیی نەتەوە و ئایین و تایەفە و، ماوەی ئەنجوومەن چوار ساڵ دەبێ و، سەرۆککۆمار دەتوانێ لەبەر ئەو هۆیانەی لەدەستووردا هاتوون ئەنجوومەن هەڵوەشێنێتەوە، بەو مەرجەی ئەنجوومەن دووجاران لەبەر هەمان هۆ هەڵنەوەشێتەوە و، حکوومەتیش لەبەردەمیدا بەرپرسیارە.
دادگای باڵا: بە لەبەرجاوگرتنی ڕێژەی دانیشتوون و پێکهاتەی نەتەوەییان، لەلایەن سەرۆکی دەوڵەتەوە دادەمەزرێن، تایبەتمەندی چارەسەری ئەو کێشە و ململانێیانە دەبێ کە ڕەنگە بکەونە نێوان حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی هەرێم "حکوومەتی یەکێتی و ئۆتونۆمی"، لە دەستووریبوونی ئەو یاسایانەس دەکۆڵێتەوەکە لە حکوومەتی ناوەندەوە یان هەرێمەوە دەردەچن.
دابەسکردنی کار و تایبەتمەندییەکان: هەندێ تایبەتمەندی هەن هیی دەوڵەتن "حکوومەتی ناوەند"، هەندێکیش هەن هیی حکوومەتی خۆجێی کوردستانن و هەندێکیشیان هاوبەشن.
کار و تایبەتمەندییەکانی حکوومەتی ناوەندی: حکوومەتی ناوەندی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنی کاروبارەکانی خوارەوەی هەیە:
١_ نوێنەرایەتییە دیپلۆماسی و کونسوڵی و بازرگانییەکان.

٢_ كاروبارەكانی دامەزراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان و ئاژانسە تایبەتمەندەكان.
٣_ بەشداریی كۆنگرە نێودەوڵەتییەكان و جێبەجێكردنی بڕیارەكانی.
٤_ كاروبارەكانی پەیوەستی شەڕ و ئاشتی.
٥_ گرێدانی پەیماننامە و ڕێككەوتن لەگەل دەوڵەتانی دی و جێبەجێكردنیان.
٦_ ڕێكخستنی گۆڕینەوەی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی بێگانە.
٧_ بابەتەكانی قەرز وەرگرتن و قەرزدانی دەرەوە.
٨_ ڕادەستكەردنی تاوانباران.
٩_ دەركردنی پەساپۆرت و ڤیزا.
١٠_ كۆچ لە ولات و بۆ ولات.
١١_ كاروباری پەیوەستی بێگانان "هاتنە ولات و ئاكنجیبوون و دوورخستنەوەیان".
١٢_ كاروباری ڕەگەزنامە.
١٣_ ئامادەكردنی هێزی سەربازی و ڕاهێنان و خەرجییەكانی.
١٤_ پیشەسازییە سەربازییەكان.
١٥_ دامەزراوەكانی هێزە سەربازییەكان.
١٦_ جێگیركردنی هێزی چەكدار بە پرسورای حكوومەتی خۆجێیی كوردستان.
١٧_ ڕاگەیاندنی حوكمی عورفی و كۆتاییپێهێنانی بە پرسوڕای حكوومەتی خۆجێی.
١٨_ سەرچاوەكانی وزە، لەناویشیاندا وزەی ئەتۆمی.
١٩_ هێڵی ئاسمانی و هێڵی ئاسن و ڕێككەوتنەكانی پەیوەست بەو هێڵانە.
٢٠_ كەشناسی.
٢١_ بەرید و برووسكە و ئەوازارەكانی دیكەی پەیوەندی.
٢٢_ ڕێوبانەكانی یەكێتی و ڕێوبانەكانی خۆجێیی، دوای پرسورای حكوومەتی خۆجێیی.
٢٣_ كاروبارەكانی گومرگ.
٢٤_ سەپاندنی باج، دوای پرسورای حكوومەتی خۆجێی كوردستان.
٢٥_ بانكی ناوەندی.
٢٦_ كاروبارەكانی پارە و سكەلێدانی دراو و دەركردنی بانكەنۆت.
٢٧_ دارایی گشتی.
٢٨_ كاروباری بۆرسەكان.
٢٩_ كاروبارەكانی ئامار.
٣٠_ كاروباری فەرمانبەرانی حكوومەتی ناوەندی و یاساكانی خزمەتی گشتی.
٣١_ مولكەكانی حكوومەتی ناوەندی؛ بەدەستهێنان و بەڕێوەبردن و سەروكاركردنیان.

٣٢_ کاروبارەکانی پۆلیسی نێودەوڵەتی"ئینتەرپۆل" و ڕاوەدوونانی تاوانبارە نێودەوڵەتییەکان بە هاوکاریی هەرێم لەناو سنوورەکەیدا.
تایبەتمەندییە هاوبەشەکان:
حکوومەتی ناوەندی، بە هاوکاریی حکوومەتی هەرێم، ئەرکەکانی هەماهەنگیی سیاسی یەکخستنی سیاسی لەو کاروبارانەی خوارەوەدا دەکا : "سیستەمی کۆمپانیاکان، بانکەکان، ڕێکخستنی هێنا و بردنی کاڵا، باجی دەرامەت، کێش و پێوانە و پێوەرەکان، کردارەکانی دەستەبەری "تآمین" بەهەموو جۆرەکانییەوە، هێڵە ئاسمانییەکانی ناوخۆ و دامەزراندنی فڕۆکەخانە و ڕێکخستنی بزاوتی فڕۆکان و بەڕێوەبردنی فڕۆکەخانەکان، دانانی سیستەمی گشتیی قەزا، یاسای باری شارستانی و بازرگانی و یاسای سزادان و ڕێوشوێنە مەدەنییەکان و تاوان و ئیشوکاری پارێزەری، خاوەندارێتیی ئەدەبی و هونەری و داهێنانەکان و تۆمارکردنیان و ئارمی پیشەسازی و بازرگانی، ڕۆژنامە و چاپەمەنی و ئێزگەکان، حیزب و کۆمەڵەکان، کێشەی مولکداری، کارە تایبەتەکانی ئاڵا و سروودی نیشتمانی و پشووە فەرمییەکان، مەرجەکانی کارکردن لە پیشەی ئازادی زانستی و هونەری، کاروباری کرێکاران و دەستەبەریی کۆمەڵایەتی، چوارچێوەی فێرکاری، شووێنەوار و وشوێنە شوێنەوارییەکان و مووزەخانە و کتێبخانەکان، کاروبارەکانی تەندروستیی گشتی، بەرەزامەندیی حکوومەتی ناوەندی و حکوومەتی هەریم نەبێ، ڕێنەدرێ لە هەرێمەوە و بۆ هەرێم کۆچ بکرێ.
دەسەڵاتەکانی هەرێم:
١_ هەرێم، لەناو سنووری خۆیدا، هەموو ئەو دەسەڵاتانە وەردەگرێ کە نەدراوەتە حکوومەتی ناوەندی.
٢_ هەرێم یاسای تایبەتیی خۆی دادەنێ، بەومەرجەی دژی بنەماکانی دەستوور نەبێ.
٣_ هەرێم ڕێز لە بەندە دەستوورییەکان دەگرێ و یاسا ناوەندییەکان جێبەجێ دەکا.
٤_ هەرێم سەرۆکێکی دەبێ کە جێگری سەرۆککۆماریشە لە حکوومەتی ناوەند، دەبێ کورد بێ و پەرلەمانی هەرێم کاندیدی دەکا و بە مەرسوومێکی سەرۆککۆماری حکوومەتی ناوەد دادەمەزرێ و جێگری سەرۆککۆماریش سەرۆکی هەرێمە و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی دەستوور و یاساکی یەکێتی دەکا.
٥_ ئەنجوومەنێکی نیشمانیی خۆجێی و ئەنجوومەنێکی جێبەجێکردن "وەزارەتێکی خۆجێی" لە هەرێمدا دەبێ.
٦_ بەیاساش کارەکانی"دەسەڵاتەکانی" جێگری سەرۆککۆمار و ئەنجوومەنی جێبەجێکردن و ئەنجوومەنی نیشتمانیی خۆجێی دیاری دەکرێ.

پێشنیاری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ئیئتیلافی :

ئەودەمی کە ئۆپۆزسیۆن لە لەندەن و لە "١٤-١٧"ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ کۆببوونەوە، پەیوەندی بە دوو حیزبەکەی کوردستانەوە کرا"پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی" لەو کۆبوونەوەیەسدا جەلال تاڵەبانی نوێنەری یەکێتی بوو و هۆشیار زێباریی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەری پارتی بوو و، "ویفاقی قەومییش" ئەیاد عەلاویی سەرۆکی بزووتنەوەکە لە کۆبوونەوەکە نوێنەری بوو.

لە ڕێی باڵیۆزخانەی عێراقی لە ئەڵمانیا پەیوەندییان پێوەکرا و داوایان لێکرا، لەجیاتیی ئەوەی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کار بۆ ڕووخاندنی ڕژێم بکەن، ئەو کێشانەی هەن لەگەڵ حکوومەتی بەغدا چارەسەریان بکەن.

وەڵامی حیزبەکان بۆ ئەو دەستپێشخەرییە ئەوەبوو کە پێویستە حکوومەتێکی ئیئتیلافی دامەزرێ و هێزە سەرەکییە بەکارەکان تێیدا بەشدار بن، جا ئەو حکوومەتە لە کێشەکانی وڵات دەکۆڵێتەوە و چارەسەری گونجاویان بۆ دادەنێ. کە پرسیاری چۆنیەتیی پێکهێنانی ئەو حکوومەتەش کرا، وەلام ئەوەبوو کە کەسێکی نیشتمانیی جێی قبوولی هەموو لایەنەکان بێ، ڕاسپێردرێ پەیوەندی بە حیزبەکانەوە بکا، حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی و ویفاقی نیشتمانی و کەسایەتییە نیستمانییەکان، تا بگاتە پێکهاتەیەک بۆ پێهێنانی ئەوحکوومەتە. کە پرسیاری ئەوەیش کرا داخوا کێیان لە خەیاڵدایە بۆ پێکهێنانی ئەو حکوومەتە، وەلام کەسایەتیی نیستمانیی ناسراو دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی بوو، کە ڕێزی لای هەمووان هەیە و بەدڵسۆزییەوە کار بۆ ئەوەی دەکا عێراق لەو قەیرانە دەرکا. کەسایەتییەکەی دیکە بەڕێز ئەدیب ئەلجادر بوو[63]، بەڵام چونکە

---

[63] _ ئەدیب ئەلجادر: لە ١٩٢٧ لە موسڵ لەدایک بووە، لە١٩٤٩ ئەندازەی لە ئەستانبوڵ تەواوکردووە، ئەوجا لە ١٩٥٤ لە بەغدا جووە کۆلێژی بازرگانی و ئابووری. لە ١٩٦٣ بووە سەرۆکی ئەندازیاران و سەرۆکی یەکێتیی پیشەسازیی عێراق و لە ١٩٦٤ بووە وەزیری پیشەسازی. بەوەی ناسرابوو مەیلی نەتەوایەتیی هەیە. لەسەردەمی دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف هاوڕای بڕیارەکانی خۆماڵی بوو، یان وەک بە "یەکێتیی سۆشیالیستی" دەناسرا. دوای کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ گیرا و بە گەندەڵی تۆمەتبار کرا، ساڵی ١٩٦٩ بەردرا، جووە قاهیرە. ئەوجا کرایە بەرپرسی کۆنگرەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و پەرەپێدان" لە ژنێف تا خانەنشین بوو. لە ١٠ی ئازاری ٢٠١٩ لە ژنێف کۆچی دوایی کرد. للمزيد:مازن ابراهيم خليل، اديب الجادر و دوره السياسي و المهني في العراق حتى عام ١٩٩٧، كلية التربية الاساسية، جامعة المستنصرية،٢٠٢١.

نەتەوەییەکی عارەبی سـوننەبوو، شـیعەکان سـڵیان لێ دەکردەوە، بەڵام هیچ پارێزیکیان بەرانبەر موکورەم تاڵەبانی نەبوو.

دوای پەیوەندی بە حکوومەتی بەغداوە ، وەڵام ئەوەبوو کە سـەرکردایەتی لە بابەتی پێکهێنانی حکوومەتێکی ئیئتیلافی دەکۆڵێتەوەولەسـەر ئەوکەسـەی بە نیازن ڕیبسـپێرن ئەو حکوومەتە پێکبێنێ، واتە بەرێز ئەدیب ئەلجادر، هەندێ پارێزی هەیە، چونکە ئەو لەمێژە لەدەرەوەی عێراق دەژی و گومان هەیە پەیوەندیی بە دەوڵەتە ئەوروپییەکانەوە هەبێ، بەڵام هیچ خۆپارێزییەکی لەسەر دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی نییە.

کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ سـەردانی سـلێمانیم کرد و، بە ئامادەبوونی دکتۆر کەمال فوئاد و سـەلاح عومەر ئەلعەلی، چاوم بە جەلال تاڵەبانی کەوت، باسی ئەوەی بۆ کردم چ لە نێوان هەردوولا ڕوویـداوە و، داوای لێکردم ئەگەر حکوومەت ڕازیبێ حکوومەتێکی ئیئتیلافی پێکبێنێ و، ئەگەر ڕاسـپێردرام بۆ پێکهێنانی ئەو حکوومەتە، ئەوا ئەو حیزبانەی لەسـەرەوە ناویان هات هەڵوێسـتیان ئەرێنی دەبێ و هاوکاریتان دەکەن تا وڵات لەو تەنگژەیە دەرچێ، جا داوای ڕای منی لەسەر ئەو بابەتە کرد.

وەڵامی من ئەرێنی بوو، بەڵام دەزگا ئاسـایشـی و سـەرکوتکەرە حکوومییەکان هێشـتا بەدەستی سەرکردایەتیی حیزبی بەعسەوە دەبێ، جا دەستەبەر چییە ئەو سەرکردایەتییە ئەو دەزگایانە دژی یەک لە لایەنەکانی ئەو ئیئتیلافە بەکارناهێنێ؟ گرنگترین شـتێکی لەو وڵاتەیدا نییە دیموکراتی و هەبوونی ئەو دەزگا سـەرکوتکەرە ئاڵۆزانەی دژی ئازادییەکانی گەلە. ئیدی سڵکردنەوەی خۆم سـەبارەت بەوەی دەربڕی کە سـەرکردایەتیی بەعس چۆن ئەو هەموو هەڵوێسـتانەی تێدەپەڕێنێ و بە پێکهێنانی حکوومەتێکی ئیئتیلافی ڕازی دەبێ، چونکە ئەو لەوەی دەترسـێ ئەگەر ئەو حکوومەتە بەپێی تێڕوانینی خۆی بۆ چارەسـەری کێشـەکانی وڵات دەسـتکراوە بکا، ڕەنگە سـەرکردایەتیی لەدەسـت دەربچێ و، پێموایە لە باشترین حاڵەتیشدا کار بۆ بەشداری پێکردنی حیزبە سەرەکییەکان دەکا لە حکوومەتێکی بە سـەرۆکایەتیی خۆی پێکبێ و دەستەبەری ئەوەسـێ تیدابێ کە وەزارەتە سـەرەکییەکان بەدەسـت خۆیەوەبێ لەگەڵ ئەو هەموو دەزگا سـەرکوتکەرەی بە ئەوزاری سـەرەکیی دەست بەسەر دەسەلاتدا کێشانی دادەنێ.

لە دیداری دووەمم لەگەڵ جەلال تـاڵەبـانی، لە کۆتـاییەکانی تشـرینی یەکەم و عەزیز محەممەدی کەسایەتیی نیشتمانی و سکرتێری پێشتری حیزبی شیوعی تێیدا بەشداربوو، زانیمـان کە حکوومەتی نـاوەند خەریکە پەیوەندی بە هەندێ کەسـایەتیی نەتەوەیی سـەربەخۆ دەکا کە لە بنەڕەتدا لەسـەر حیزبی بەعس حسێبن و دەیەوێ لەو حکوومەتەی بە نیازن پێکی بهێنن بەشدارییان پێ بکا.

ئەو ڕێوشوێنەش دوو ئەگەری هەیە دوو ئەگەری هەیە؛یەکەمیان تێکدانی بیرۆکەی ئیئتیلافی نیستمانی بە پێکهێنانی حکوومەتێکی بەعسیی تێیدا بەشداری بە چەند کەسایەتییەکی سەربەخۆ بکا، وەک بەڕێز سەلاح عومەر ئەلعەلی[64] و وەمیز عومەر نەزمی[65] و ڕاگەیاندنی پێکهێنانی "حکوومەتێکی ئیئتیلافی" و، تا بەعسییس تاکە لایەنی دانوستانەکانی پێهێنانی حکوومەتێکی ئیئتیلافی بی کە بەنیازن پێکی بهێنن، بەڵکو بانگێشتکردنی کەسایەتیی سەربەخۆی پشتگیری بەعسن تا بەشداریی ئەو پرسوڕایانە بکەن کە ڕەنگی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوی بکرێن و، پێشتریش، لە دانوستانی نێوان حیزبی بەعس و حیزبی شیوعیی عێراقی، بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی و قەومیی پێشکەوتنخواز هەر وایکردبوو و، تا لە دانوستانەکاندا بەتەنیا نەبێ، کەسایەتیی سەربەخۆی وەک لایەن لە دانوستانەکانی بەرە و حکوومەتی ئیئتیلافی نیشتمانیدا

---

[64] _ سەلاح عومەر ئەلعەلی: لە ١٧ی تەممووزی ١٩٣٨ لەدایکبووە، لە ١٩٦٨ ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی سۆڕس بووە. لە ١٩٦٨-١٩٧٠ وەزیری ڕۆشنبیری و زانیاری بووە. دواتری لە ١٩٧٢-١٩٨١بووە باڵیۆز لە سوێد، ئیسپانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان. کە کە لە ١٩٩١بەشداریی لە دروستکردنی بزووتنەوەی ویفاقی نیشتمانیی عێراقی کرد، هاتە ڕیزی ئۆپۆزسیۆنی دژی ڕژێمی بەعس بوو لە عیراق. بەڵام کێشەی نێوان ئەیاد عەلاوی و سەلاح شێخلی وایلێکرد ئەیاد حەلاوی بەهەندێک سەرپێچیی داوایی و بەڕێوەبردن تۆمەتبار بکا و داوای کرد لە بزووتنەوەکە دەربکری، بەڵام عەلاوی لە ١٧ی شوباتی ١٩٩٢، بڕیارێکی بە هەڵپەساردنی ئەندامێتیی شێخلی دەرکرد و، لە ١٣ی ئایاری١٩٩٢ ئەلعەلی دامەزراندنی کۆبوونەوەی ویفاقی نیشتمانیی دیموکراتیی عێراقیی ڕاگەیاند، کە لەندەنی کردە بارەگای خۆی و ڕۆژنامەیەکی بە ناوی"ویفاق" دەرکرد، بەڵام دوای ٢٠٠٣ هیچ پێگەیەکی سیاسیی وەرنەگرت. للمزید: حسن لطیف الزبیدی، المصدر السابق، ص ٣٤٥- ٣٤٦.

[65] _ ومیض عومەر نەزمی: لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٤١ لە بەغدا لەدایکبووە. باوەڕە بنچینەییە سیاسییەکانی بەرەو ئەوەیان برد نەیاری هەموو ئەو ڕژێمە سیاسییانە بێ کە لە پەنجایەکانڕا حوکمی عێراقیان کردووە و ئیدی بە لەی جودا کەوتەبەر چەوساندنەوەی ئەو ڕژێمانە. بیروڕا بنچینەییەکانی لە باوەڕە جێگیرەکانی بە یەکێتیی عارەبی و دیموکراتی و دادپەروەریی کۆمەلایەتی و فرەحیزبیی سیاسی خۆ دەنوێنێ، سەرباری دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم و تایەفەگەری و خۆسەپێنیی سیاسی. پستیوانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ی کرد کە ڕژێمی مەلەکیی ڕاالخاند و، لە ١٩٦٢ بەسداریی لە دامەزراندنی بزووتنەوەی یەکێتیخوازانی سۆشیالیستەکانی چەپڕەوی عێراقی کرد، کە داوای یەکێتیی عارەبیی و دەستەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەلایەتی و ڕزگارکردنی فەلەستینی دەکرد. لەسەر دەستی ڕژێمی بەعسی بەهۆی کودەتای سەربازیی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەستی بەسەر دەسەڵاتی عێراقدا گرت، گیرا و ئەشکەنجە درا. دوای بەردانیشی ناچاربوو عێراق بەجێبێڵێ هەتا جارێکی دی نەیگرنەوە. لە کۆتاییەکانی ١٩٦٣، دوای ئەوەی بەعس لە دەسەڵات دوورخرایەوە، گەڕایەوە عێراق وخوێندنی لە کۆلێژی مافی زانکۆی بەغدا تەواوکرد و لە ١٩٦٤ دەرچوو. لە ١٩٦٦ چووە مەملەکەتی یەکگرتوو"بەریتانیا" تا لە زانکۆی دۆرهام خوێندنی بالا تەواو بکا. لە ١٠٧٠ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی دۆرهایم وەرگرت. لە ١٩٧٥ لە کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا بووە مامۆستا. ئەوجا لە ١٩٧٦ هەتا ١٩٨٢ بووە سەرۆکی بەشی زانستە سیاسییەکان. دووجاران بۆ سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی عارەبی ، لە ١٩٨٥ و ١٩٨٧، هەڵبژێردراوە. لە ١٩٨٩ش وەک سەرۆکی شکۆ "سرف" هەڵبژێردراوە. لە ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کرد.

بەشــداری پێ کردبوو، کە ئەوانیش بەڕێزان عەبدوللەتیف شــەواف و هیشــام شــاوی و عەزیز شەریف بوون.

نامەکەم بۆ سەدام سەبارەت بە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆن:

کە گەڕامەوە بەغدا، نامەیەکم بۆ سەدام حوسێنی سەرۆککۆمار هەنارد، ئەودەم لەبەردەم دوو بژاردەدا بوو؛ یەکەم: بە بڕیارە نوێیەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەبارەت بە کاری لیژنەکانی پشکنین و گەڕان بەدوای چەکە کۆکوژەکان بوو، ڕازیبێ. دووەم: ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیای ، لەبەر هەڵوێستی لاوازی حکوومەتی هیی دابەسبوونی ناوخۆ بوو و ئەو نابەرابەرییە سەربازییەی بەئاشکرا دیاربوو، هۆکاری شکست و دۆڕانی لە قەد و لۆچەکانیدا شاردبووەوە. لە نامەکەشدا هاتبوو؛ مەرجەکانی ئەو بڕیارەی بەتەمان لە ئەنجوومەنی ئاسایش دەریکەن زۆر ڕەق ق شکۆشکێنە، بەڵام ناکرێ خۆ لە ڕازیبوون لادرێ. پشتریش دۆخێکی لەو شێوەیەی ئەو مەرجە ڕەق و شکۆشکێنانەم هێنایەوە کە پەیماننامەی 'برێست لیتۆفیسک'ی نێوان ڕووسیای سۆڤێتی و ولاتانی هاوپەیمان بوو.جا ڕووسیا لەبەر لاوازیی سەربازیی و لەبەر ئەوەی ئەو شەڕەی ڕووسیای قەیسەری خۆی تێهاویشتبوو هەر لەبنجڕا شەڕێکی یستیعماری بوو، ڕووسیا دەیویست بە هەر نرخێک بێ لەو شەڕەی بێتەدەرێ و، لینین پێیوابوو پێویستە لەو شەڕەی بکشێنەوە.

جا لە نامەکەدا هاتووە:ڕیزبوون و ڕەگەڵکەوتنێکی هەڕەمەکی لە ڕیزەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنیش هەیە و، پێموانییە تاوانبارکردنی لایەک بۆ ئەویدی دی کارێکی دروست بێ و خۆدزینەوەبێ لە بەرپرسیاری و، هەر لایەکیش لەو دۆخەی ئێستا بەرپرسیارە، بەڵام ئەو لایەنەی دەتوانێ واقیعەکە بگۆڕێ و نایکا، ئەوەیان بەرپرسیاریی هەرەگەورەی لەسەرشانە.

ئێستا، دوژمن هەندێ دروشم بەرزدەکاتەوە کە لە ئەرکە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی نیشتمانی بوون، ئەو دروشمانەش بریتین لە: دیموکراتی و فرەحیزبی و حکوومەتی ئیئتیلافی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان و ئایینەکان، بەڵام ئەو دروشمانە جێگرەوەی نیشتمانیی ئەوتۆیان هەیە یەکێتیی ولات و گەل دەستەبەردەکا و ئەو هەلەش لەکیس ئەو دوژمنەی دەبا کە دانەچێرەی لەناوبردنی سەربەخۆیی وڵاتیەتی.

ئێستا گوێم لەوەی دەبێ کە هەوڵی فراوانکردنی حکوومەت لەئارادایە، تا هەندێ خەڵکی تێ بکەوێ کە لەبنجڕا لەسەر دەسەڵات حیسابن، ئەلتەرناتیڤی نیشتمانی دامەزراندنی حکوومەتێکە هەموو ئەو هێز و حیزبانەی تێدابێ کە مێژوویەکی دەوڵەمەندیان لە بەسداریی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی وڵاتدا هەیە و ئێستاش پێویستییەکی نیشتمانیی گۆڕینی بارودۆخەکان هەیە. مانەوەی دەسەڵات و ڕژێم بەو جۆرەی ئێستا هەیە وا لە زۆربەی هێزە سیاسییەکان دەکا کار بۆ گۆڕینی ڕژێم بکەن، ئیدی ئەگەر خۆیشی نەیتوانی ئەوا، بۆ

ئەو گۆڕینە، داوای یارمەتی لە هەر کەسێک بێ دەکا، دوژمنیش زیرەکانە ئەوەی بۆ قوولکردنەوەی ئەو دابەسبوونە دەقۆزیتەوە، کە دەکرێ هەمووان لاواز بکا و ئیدی بۆی دەرەخسێ ئازادیی وڵات غافڵکوژ بکا و گەلەکەشمان بکاتە کۆیلە و، ئیستاش خەریکە کارەکانی بۆدامەزراندنی دەسەڵاتێکی سەربازیی ئەمریکی ڕێکدەخا، کە ئەوەش داوامان لێ دەکا، بۆ شکستپێهێنانی پلانەکانی، خێراتر و زیرەکانەتر بیزووین.
ترستان، لەوەی کارەکانتان لەدەست دەربچێ و گوایە ئەگەر هێزەنیشتمانییەکانی دیکە لە دەسەڵات بەشداری پێبکەن سەرکردایەتیتان لەدەست دەچێ، لەجێی خۆی نییە. ئازر ئەو حیزبەی جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و داوا لەوانیدیش دەکا بەشداری بکەن، ئەوا هێزی ئەوانیش دەخاتە سەرهێزی خۆی و، ئەوەس لاوازی ناکا و بگرە بەهێزیشی دەکا.
دوایەش، دەرمخست کە قبوولکردنی بڕیارەکە، سەرباری مەرجە ڕەق و ناخۆشەکانی، ڕەنگە ڕەوابێ و، کارێکی حەکیمانەشە. گەلیش درک بە راستی و هۆکارەکانی ئەو دەستبەرارییانە دەکا و لێیحاڵییە و، ئەوەی لە پێگەی ئێوە لای گەل کەمناکاتەوە.
سەرباری ئەوەی بڕیارێکی بە کۆی دەنگ لە ئەنجوومەنی نیشتمانی دەرچوو و ڕەتیدەکاتەوە بڕیاری "١٤٤١"[66] قبوول بکا کە لە ئەنجوومەنی ئاسایش دەرچووە. جا ئەگەر ئەوە نواندنێکیش بێ تا دەریخا کە سەرکردە، ئەگەر لێبگەڕێن رای خۆی دەربارەی بڕیارەکە دەربڕێ، لە ئەنجوومەن داناترە، بۆیە ئەنجوومەی بێ ئەوەی بیخەملێنی سەرکردایەتی چیی لە مێشکیدایە، بڕیارەکەی دەرکردووە. بۆیە پێموابوو سەرۆک سەدام حوسێن بە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش رازی دەبێ و ئەوەش جێگرەوەی ئەو بەرەوڕووبوونەوە سەربازییەی بوو کە خۆی لێ لادەدا.
ڕەنگە بۆ مانەوەی لەسەر دەسەڵات مەرجی گرانتریش قبووڵ بکا. لە تاقیکردنەوەی پێشتریش دیاربوو سەرۆک سەدام حوسێن لەبەردەم فشارەکانی وڵاتانی دیکەدا پاشەکشەدەکا،بەڵام دەستبەرداری هیچ شتێک نابێ بۆ هێزە نیشتمانییەکانی دیکە ئەگەر ئەو هێزانە ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە سیناریۆی گۆڕینی ڕژێمدا نەبێ. بەڵام ئەگەر ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێ، ئەوا دەیەوێ لەگەڵیان ڕێککەوێ بەو مەرجەی سەرکردایەتی بەدەسەخۆیەوە بمێنێ.

---

[66] _ بڕیاری ژمارە ١٤٤١ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی لە ٨ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، دواهەلی دەدا عێراق تا پابەندییەکانی داماڵینی چەک جێبەجێ بکا، کە لە بڕیارەکانی پێشتری بە درێژی باسیان کرابوو. جا بڕیارەکە عێراق ئاگادار دەکاتەوە ئەگەر مل بۆ ڕێوشوێنە پێویستەکانی نەدا" دەبێ بەرەورووی ئاقیبەتێکی خراپ ببێتەوە".

لە برۆکسل یان لەندەن، لە مەودای مانگی تشرینی دووەمدا دیداریکی نوێ لە نێوان هێزە ئۆپۆزسیۆنەکاندا دەکرێ و لەوێ لە دۆخی دوای ڕۆیشتنی دەسەلاتی ئێستای عێراق دەکۆڵنەوە. بەلام هێشتا دیار نییە داخوا هەڵوێستی حکوومەت بەرانبەر بڕیاری "١٤٤١" و ئەو بڕیارانەی دیکەی لە ئەمجوومەنی ئاسایش دەرچووینە، بە تایبەت بڕیاری ژمارە "٦٨٨"[67]ی پەیوەست بە ئازادییە دیموکراتییەکان و مافی کەمینەکان و مافی مرۆڤ، چ دەبێ و چەندیش ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی هاریکار بێ.

[67] _ بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان: ئەو بڕیارەیە کە لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ پەسەند کرا، بەتایبەتیش دوای ئەو نامانەی لە نوێنەرانی فەرەنسا و ئێران و تورکیاوە هاتن، نیگەرانیی خۆیان بەرانبەر ئەو سەرکوتکردنوە سیاسییە دەردەبڕی تووسی گەلی عێراق ببوو، بەتایبەتی ئەوانەی لە کوردستانی عیراق بوون. ئەنجوومەن سەرکوتکردنی شەرمەزار کرد و، داوای کرد عێراق، وەک بەشدارییەک لە نەهێشتنی ئەو مەترسییەی هەڕەشە لە ئاشتی و ئەمان دەکا، سنوورێک بۆ سەرکوتکردن دانێ و، ڕێز لە مافە مرۆییەکانی گەلەکەی بگرێ. ئەنجوومەن سووریش بوو دەبێ عێراق لێگەڕێ ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بگەنە ناوچە زیان لێ کەوتووەکان. سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش داوای کرد ڕاپۆرتێکی کرد سەبارەت بەو دانیشتووانە عێراقی و کوردانەی لەبەر سەرکوتکردنەکانی دەسەلاتە عێراقییەکان زیانیان بەرکەوتبوو، تا هەموو ئەو داهاتانەی لەبەردەستدان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان بەکار بهێندرێ. بڕیارەکە داواشی لە عێراق دەکرد هاوکاریی سکرتێری گشتی و ئەو ڕێکخاراوە نێودەوڵەتییانە بکا کە لە هەوڵی هاریکاریی مرۆییدا بوون. بڕیارەکەش بە دە دەنگی ڕازی و سێ دەنگی ناڕازی "یەمەن و زیمبابۆی و کوبا" و دوو ئەندامی دەنگیان نەدا "چین و هیندستان" پەسەند کرا. " فەرەنسا و بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بڕیاری ٦٦٨یان بەکارهێنا تا ناوچەیەکی دژەفڕین بۆ پاراستنی کردارە مرۆییەکانی ناو عێراق دروست بکەن، ئەگەرچی بڕیارەکە بە ئاسکرا ئاماژەی بۆ ناوچەی دژەفڕین نەکردبوو"

یاسای ڕزگارکردنی عێراق یان داگیرکردنی عێراق:

کۆنگرێسی ئەمریکی یاسایەکی بەناوی"یاسای ڕزگارکردنی عێراق"[68] دەرکرد و، پێشبارێک بوو بۆبەسەردادانی عێراق و داگیرکردنی سەربازیی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانە ئیستیعمارییەکانی. دوای نەمانی یەکێتیی سۆڤیەت و دەوڵەتە ئیشتیراکییەکانی دیکەی ئەورووپاش لە ئەنجامی خیانەت و هەڵگەڕانەوەی دەستەیەک لە دنەدەر و هەڵگەراوان و گێڕانەوەی سەرمایەداری بۆ ڕووسیای یەکگرتوو، دەوڵەتە ئیمپریالییەکان شەڕانگێزتر بوون.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پلانێکی ئیستیعماریی لەژێر ناونیشانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە دانا، ئامانجی ئەوەبوو دەست بەسەر سامانەکانی وزەی ئەو وڵاتانەدا بگرێ کە ئەو وزەیەیان تێدایە، سەرەتا لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستەوە کە نەوت و گازێکی زۆریان تیدایە، تا ئەو سەروسامانانە بە هاسانی بگەنە بەندەرەکانی دەریای ڕەش و زەریای هیندی. ئیدی دەسەڵاتی لە جۆرجیا گۆڕی تا نەوتی ئازەربایجان بگاتە بەندەرەکانی دەریای ڕەش و، لە ۲۰۰۱ دەستی بە داگیرکردنی ئەفغانستان کرد تا دەوڵەتێکی لایەنگری خۆی تێدا دامەزرێنێ و کودەتایەکی سەربازییس لە پاکستان و ئەوجا لە ۹ی نیسانی ۲۰۰۳ عیراقی داگیرکرد.

هۆی ڕاستەقینەی داگیرکردنی عێراق و ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەدام حوسێن ئەوەبوو کە سەرۆک سەدام حوسێن مافی گەران بەدوای نەوتی دایە کۆمپانیا ڕووسی و چینی و فەرەنسییەکان و بەشداریی بە کۆمپانیا ئەمریکی و بەریتانییەکان نەکرد و، پێشتریش سەدام لە حوزەیرانی ۱۹۷۲ کۆمپانیای نەوتی عێراقی خۆماڵی کرد.

سەدام، دوای ئەوەی بە ئاستیانە دەسەڵاتی سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکری لەناوبرد، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی خوێنڕێژی سەپاند. ئەو کارەس وایکرد نەیارەکانی ببنە جەندین کوتلە و زۆربەیشییان پەیوەندی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بکەن تا پێکەوە

---

[68] _ یاسای ڕزگارکردنی عێراق: بەیاننامەیەکی کۆنگرێسی ئەمەریکییە، لە دەقەکەیدا هاتووە " دەبێ سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاپشتیوانیی ئەو هەولانەبێ کە دەیەوێ ئەو ڕژێمە لە دەسەڵاتی عێراق لادا کە سەدام حوسێن سەرۆکایەتیی دەکا.... سەرۆک بیل کلینتۆنیش وەک یاسا واژووی لەسەر کرد و، دەقی یاسایەکە بای ئەوە دەکا کە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتیوانییهێزە دیموکراتییەکانی ناو عێراق دەکا. یاسایەکە لە تشرینی دووەمی ۲۰۰۲ باسی ڕێگەدانی هێزی سەربازیی دژی حکومەتی عێراقی کرد. لە پێشکەشکردنی پرۆژە یاسایەکەشدا بنجامین .ا . گیلمان بەشداربوو و کریستۆفەر کۆکسی ئەندامیش چاودێریی دەکرد. پرۆژە یاسایەکەیس بەناوی مافەکانی مرۆڤ به ژمارە "٤٦٥٥" لە ۲۹ی ئەیلوولی ۱۹۹۸پێشکەش کرا. ئەنجوومەنی نوێنەرانیش لە ٥ی تشرینی یەکەم بڕیاری پرۆژە یاسای ۳٦۰-۳۸ ی دا ئەنجوومەنی پیرانیش دووڕۆژ دواترێ بە کۆی دەنگ پەسەندی کرد. سەرۆک کلینتۆنیش لە ۳۱ی تشرینی یەکەمی ۱۹۹۸ واژووی لەسەر یاسای ڕزگارکردنی عێراق کرد.

کار بۆ ڕووخاندنی دەسـەڵاتی سـەدام حوسـێن بکەن. ئیدی لە لەندەن کۆبوونەوە تا بەرنامەیەک بۆ ئەو حکوومەتە دانێن کە دوای حکوومەتەکەی سـەام دێتە سـەرکار، بەلام ویلایەتە یەکگرتووەکانی، بە بەشـدارکردنی نزیکەی "٣٠" دەوڵەت، کردارێکی بەسـەرداداان و داگیرکردنی ڕێکخسـت و، بەڵێنی ئەوەی دابوونێ، بەوەی"پاداشـت بە پێی ماندووبوونە" و، سـوود لە سـەروسـامانی عێراق وەردەگرن، هەموو ئەو سـتانەی پشـتگوێخسـت و پۆل بریمەری باڵیۆزی کردە نوێنەری دەوڵەتی داگیرکە تا بەتەنیا حوکمی عێراق بگێڕێ، ئەوجا ئەنجوومەنێکی حوکمی لە ئۆپۆزسـیۆن دروسـتکرد" کە هیچی بەدەسـت نەبوو"، بریمەر بەپێی ئەقڵگرتنی خۆی ئەو وەزارەتە یـان ئەوێهێی هەلـدەوەسـانـدەوە، کە ئەوەش بەرەوڕووی بەرگریی حیزبی بەعس و بزووتنەوە ئیسـلامییە توندڕەوەکانی کردەوە و، بۆ بە"ڕەگەزیکردن"ی شـەڕ و کەمکردنەوەی زیانەکانی سـوپای ئەمریکا دەوڵەتێکی لە ئۆپۆزسیۆن دامەراند، نەخاسمە لە تایەفەی شیعە و کوردەکان، کە هەردوولایان، لەلایەن ڕژێمی سەدام حوسێنەوە، دووچاری چەوساندنەوە و ستەمێک ببوون گەیشتبووە ئاستی کرداری کۆمەڵکوژی.

بۆ ئەو مەبەستەش پێکهاتەی هێزی ئاسایشیی دامەزراند و لە زۆربەی شارە عێراقییەکان کشـایەوە و خۆی لە سـەربازگە پارێزراوەکان قایم کرد و لێگەران وەک مەسـەلەکە دەڵێ "با ئاگریان هێزمی خۆیان بخوا"، زیانەکانی ئەو شـەڕە ناوخۆیی و تایفییەی لەسـالانی داگیرکاری لە ٢٠٠٦ڕا لەنێوان عێراقییەکان هەڵگیرسـا، بە سـەدان هەارکەس دەخەملێندرێ و ئەوەندە و پتریش لە گرتووخانەکاندا فەرمانی مردنیان بەسەردا جێبەجێ کرا.

ویلایەتە یەکگرتووەکـان، لە ژێر دروشـمی ڕووخـانـدنی دیکتـاتۆری و دامەزرانـدنی دیموکراتی و بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ عێراقی داگیرکرد. ئەو دروشمانەی بوونە جێی گاڵتەجاڕیی عێراقییەکان، چونکە جەماوەری عەرەبو کورد سـاڵی ١٩٩١ ڕاپەڕێنیان بۆ ڕووخاندنی دەسـەڵاتی سـەدام حوسێن کرد و، خەریکبوو لەناویشی ببەن، بەلام ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێی دایە ئەو هەموو چەکانەی بکێشیتەوە کە لەکاتی کشـانەوەی لە کوێت لەژێر گورزی سوپای ئەمریکی بەجێیهێشتبوون و، ئەو چەکانەس بۆ پامالکردنی ڕاپەڕینی عەرەب لە باشوور و کوردەکان لە کوردستان بەکاربێنێ. کەواتە، ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنی گەرەک بوو، بەلام لەسەردەستی گەلی عێراق نا، بەڵکو ڕاسـتوخۆ داگیرکردنی عێراق ولەبەر دیموکراتی و مـافی مرۆڤیش نـا، بەڵکو بۆ دەستبەسەرداگرتنی سامانەکانی عێراق، جۆربۆشی سەرۆکی پێشتریش ڕاست و ڕەوان ئەوەی لەبەردەم کۆنگرێسدا ڕاگەیاند و گوتی: "من زەمینەم بۆ وەبەرهێنەرە ئەمریکییەکان

ڕەخســـاند تا ســـامانەکانیان لە بواری کارەبا و نەوت وەبەربێنن، بەڵام تێکچوونی باری ئاسایش لێناگەڕێ.
کەواتە، بەرکەماڵیی ئاســـایس و ئەو دیموکراتییەی گوایە دەیهێنن، ئامانج لێیان ئەفراندنی کەشــێکی ئاســایشــی بوو بۆ وەبەرهێنەرە ئەمریکییەکان تا ســەرمایەکانیان لە عێراق لە بواری نەوت و کارەبا وەبەربێنن و، عێراقییەکانیش بەردەوام داوای کارەبا و بانزین و غاز بکەن. بەلام ئەگەر ئاســایش ســەقامگیر نەبێ و ئەگەر ئەمریکییەکان ســەرمایەکانیان بەگەر نەخەن ئەوا شـــارەکانی عێراق هەر تاریک دەبن و ئۆتۆمۆبیلەکانی عێراقییانیش چەندین سەعات و ڕۆژ لە ڕیز ڕادەوەستن تا چەند لیترە بەنزینێکیان دەستکەوێ.
ئەو بۆرژوایەی داوای ســـەربەخۆیی و دەســـەڵاتی نیشـــتمانیی وڵاتی دەکرد و داوای دیموکراتی و ئازادیی گەلی دەکرد، دەستی لەو سەربەخۆیی و دەسەڵاتە نیستمانییە بەردا کە ســەدام لەســەریان مکوڕبوو و، داوای ئەو دیموکراتییەتە دەکا کە ســەدام بەری لێ گرتبوون و بووە هۆی رووخانی. دەسەلاتی نیشتمانی و سەربەخۆیی، ئەگەر جەماوەری گەل بەرگرییان لێ نەکا و گەل دیموکراتییەتی نەبێ تاهێزەکانی خۆی پێ تەیار بکا، ئەوا هەردووکیان لەبەین دەچن وەکچۆن لە هەموو حکوومەتەکانی عێراق، لە شـۆڕشــی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨را لەبەین چوون. ئاخر ئەو حکوومەتانەی، بێ دەســـەلاتی نیشـــتمانی و ســـەربەخۆیی، دروشـــمی دیموکراتی بەرزدەکەنەوە دووچاری تووڕەیی گەل دەبن و دەڕووخێن وەکچۆن زۆربەی دەوڵەتەکانی ناوچەکە رووخان.
ویلایەتە یەکگرتووەکان داوا لە حکوومەتەکانی ناوچەکە دەکا، پێش ئەوەی ڕاســـتبەوە و داوای ســەربەخۆیی و دەســەڵاتی نیستمانی بکەن، خێرا بەدەم داوایەکانی گەلەوە بێن و، چاکسـازییان بکەن. مادام ئەو چاکسـازییانەش دەسـتکاریی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم ناکەن، کێشەیان نییە ئەگەر حکوومەتانیش برووخێنن.
ئەوەی ســـەیرە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی عێراقی داگیرکردووە وهەاران کیلۆمەتر لێیەوە دوورەکە هەست دەکا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست لە کاروباری عێراق وەردەدا، دنیا دەهەژێنێ، ئەو وڵاتەی دژی هەبوونی ئیســـتیعمارە لە ناوچەکە. هەوڵم لەگەل ســـەدام حوسێنیش دا تا لەگەڵ ئێران و سووریا ئاشتبێتەوە و ڕێکخراوێک لەو وڵاتانە پێکبێنن کە لەژێر فشار و دوژمنداریی ئیستیعماردان، بەڵام بزاوتی ئیستیعمارییەکان خێراتربوو.
گومانیش لەوەیدا نییە کە عێراقییەکان دەگەنە ئەو ڕاســتییەی ســەربەخۆیی و دەســەڵاتی نیشتمانی و ئازادی و دیموکراتی جمکەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلن و، دەرچوونی هێزە بیانییەکان و بەدەســـتهێنانی ســـەربەخۆیی نیســـتمانی و بەربلاویی دیموکراتی و چارەســەری کێشــەکانی وڵات و، لەســەرووی هەموویشــیانەوە کێشــەی کورد، تاکە ڕێگای

دروســتی جەهنەدەرە لەو گێژاوە. بوونی حکوومەتێکی هەرێمی کوردســتانیش لە ســایەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی دیموکراتیدا لەوەی باشترە لە سایەی داگیرکەردا هەبێ.

ڕزگارکردن یان داگیرکردنی ئیستیعماری؟:

دوای داگیرکردن، ڕۆژنامەی "القاسم المشترک" پەیوەندیی پێوەکردم، کە تەنیا یەک ژمارەی لێ دەرچووبوو، چونکە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی لەڕێی داگیرکردنەوە گەیشتبوونە دەسەڵات، کۆلکەیەکی هاوبەش لەنێوان نەبوو و، دیارترین لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بریتیبوون لە حیزبی شیوعیی عێراقی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعیی کوردستان و حیزبی دەعوەی ئیسلامی و ئەنجوومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی و کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتوو و .....تاد.

حیزبی شیوعیی عێراقی، کە بە هەنجەتی بەشداری لە دامەزراندنی حکوومەت، وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێ سپێردرا، بەشداریی دەسەڵاتی کرد، بەڵام چ حکوومەتێک کە کەسێکی ئیستیعماری حوکمی وڵات دەکا و ئەویش بریمەری باڵیۆزە. وا باشتربوو حیزبی شیوعی، وەک جۆن دژی دیکتاتۆری بوو، ببووایە ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانیی دژە ئیستیعمار و داگیرکەر.

ئەگەرچی حیزبە کوردستانییەکان بەشێکی کوردستانیان ڕزگارکرد و حکوومەتێکی هەرێمییان لێ دامەزراند، بەلام هەر لەژێر هەڕەشەی هێزە سەربازییەکانی سەدام حوسێندا بوو کە لە دەوروبەری شارەکانی کوردستان بوو، ئەوە باسی ئەوەی هەرمەکە کە هەموو جۆرە چەکێکیشی بەکارهێنابوو، لەوانەس چەکی کۆکوژی قەدەغەی نێودەوڵەتی بوون و دژی مەدەنییان بەکاریهێنابوو وەک ئەوەی لە هەڵەبجە و گۆپتەپە و دۆڵی شەهیدان و جێی دیکە روویدا. وەکچۆن سەدام تاوانێکی بەرانبەرپیاو و ژن و منداڵی کورد کرد و لە کردارەکانی "ئەنفال" کۆمەڵکوژی کردن و، کوردیش بە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری ١٩٩١ی تاجی لەسەر خەباتە خەباتەکەی نا کە لە دژی دیکتاتۆری خوێنڕێژی کردبوو. ڕژێمی سەدامیش، لەژێر گورزەکانی جەماوەری عارەبیی باشوور و کوردیی کوردستان، خەریکبوو دابڕووخێ، کەچی ویلایەتە یەکگرتووەکان ، کە ڕێیدا هەموو چەکە قورسەکانی سوپا لە گۆڕەپانی شەڕی کوێت بەجێیهێشتبوو بکێشێتەوە و، بەوەش هاریکارییەکی گەورەی کرد و، دواترێ ئەو چەکانەی دژی شیعەی باشوور و کوردی باکوور بەکارهێنا، سەدامیش سیفەتی "لاپەڕەی غەدر و خیانەت"ی دەدایەپاڵ ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییەی عارەب و کوردان.

ئەو حیزبە عارەبییانەی قوربانییەکی زۆریان دا حیزبی "دەعوەی ئیسلامی"بوو، حیزبی سیوعییس قوربانیی زۆر گەورەی دا و، سەدام لیستی ناوی شیوعییەکانی واژوودەکرد تا لە سێدارە بدرێن و، ناونیشانی لیستەکە ئەوەبوو "چونکە ئەندامی حیزبی شیوعین".

حیزبە کوردستانییەکان، دوای ئەو نوشوستییەی تووسی هات، جارێکی دی هاتەوە مەیدان و گەرایەوە سارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و شارۆچکەکانی سەر بەو شارانە بوون، کە دانوستانیش لەگەڵ حکوومەت سەری نەگرت، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران کرا و، پەرلەمان بڕیاری پێکهێنانی حکوومەتێکی هەرێمیی لە کوردستان دا، تا دوای رووخانی دیکتاتورییەت لەسەر سیستەمی فیدرالی بێ و، ئەو حکوومەتەس نزیکەی دەسالان جالاکیی خۆی بەرێوەبرد تا بە داگیرکردنی ئەمەریکی رژێم رووخا و دەوڵەتێکی لایەنگری ویلایەتە یەکگرتووەکان دامەزرا.
بەرێز مەسعود بازانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنییەکاندا چەند جار گوتوویەتی: 'ئێمە، پێشتریش پەیوەندیمان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان هبووە، بەڵام ئێستا پەیوەندییەکەمان ستراتیژییە'.
سەرکردەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، دوای ئەوەی فێرە بازرگانی بوون و ئیمتیازیان دایە کۆمپانیا بیانییەکانی و پشک و دەلالیی گەورەیان وەرگرت، پێیانوایە پەیوەندیی ستراتیژی لەگەڵ گەورەترین دەوڵەتی ئیمپریالی ، واتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەستەبەرێکی بەهێزی لە دەسەلات مانەوە و پاراستنی ئیمتیازەکانیانە کە جەماوەری کورد داوادەکا سنوورێکی بۆ دابندرێ و چ سامانێکی دەوڵەت و گەلیشیان بردووە بیگەرێننەوە.
کوردەکان بوون هێزەکانی سەدامیان لە پارێزگاکانی کەرکووک و مووسڵ و قەزا و ناحیەکانی پارێزگای دیالە دەرکرد. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مافە رەوایەکانی کوردان لەبەرچاو دەگرێ، با یارمەتییان بدا تا ئەو ناوجانە وەرگرنەوە کە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لێیان دابریوە. هێزە ئەمریکییەکان بوون ئاڵای کوردستانیان لەو جێیانە هێنا خوارێ، وەک رۆژنامەیەکی ئەمریکیش دەڵێ: 'نابێ ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەبەر بەرژەوەندیی چەند ملیۆن کوردێک رووله ملیۆنەها تورک و عارەب وەرگێرێ' . ئەوەش راستییە، ئاخر کە سوپای تورکان کوردان کۆمەڵکوژ دەکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان کڕ و بێدەنگە، لەکاتێکدا پارتی کرێکارانی کوردستانی'پێکەکە'ی لە لیستی دەستە تیرۆریستییەکان داناوە و، ئەگەرچی هەشت تۆن بەڵگەنامەیشی وەرگرتبوو کە ئەوەیان دەسەلماند، کەچی بەهەموو رێیەکیش هەوڵیدا حکوومەتی سەدام حوسێن لە کۆمەڵکوژکردنی کوردان بە چەکی کیمیایی ئەستۆپاک بکا. ئیدی لەبەر کام هۆی دروستە دەبێ کورد هاوپەیمانی ستراتیژیی ویلایەتە یەکگرتووەکان بن؟!
تاکە هەڵوێستی دروست ئەوەیە جەماوەر بۆ خەباتی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دیکتاتورییەت یەکبخرێ و لەپێناوی سەربەخۆیی و دیموکراتی. کە بۆرژوای نیشتمانی لە

زۆربەی ولاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گەیشتنە دەسەڵات، جا لەڕێی شۆڕشێکی میللییەوە بووبێ"جەزائیر" یان کودەتایەکی سەربازیی جەماوەری گەل پشتی گرتبێ"میسر و عێراق"، کە دۆخی دەسەڵاتی بۆ جێگیربوو پێیوابووە لەڕێی دەزگا بەڕێوەبەری و ئاسایشییەکانەوەدەتوانێ سەربەخۆیی ولات بپارێزێ و پشتی لە بەرژەوەندییەکانی جەماوەری گەل کردووە. زۆرجارانیش ئەو دەزگایانەی بۆ سەرکوتکردنی گەلک بەکارهێناوە کاتی داوای دیموکراتی و باشترکردنی باری گوزەران و باری ڕۆشنبیریی کردووە، کە ئەوەس وایکردووە جەماوەر لیی دوورکەوێتەوە و، ئیدی بووەتە پارۆێکی چەوری ئیستیعماری و کۆنەپەرستان.

ئەو بۆرژوایەی لەڕێی سەربەخۆیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەوە کاری بۆ سەربەخۆیی وڵات دەکرد، ئێستا هەردوو شیپانی دەرگای ولاتی بۆ کۆمپانیا بێگانەکان خستووەتە سەرپشت تا بێنسەرمایەگوزاریی تێدا بکەن، ئەوەش وایکرد ئابووریی ناوخۆ بەشێوەیەکی کاتی ببووژێتەوە. کەچی ئەوە بووەهۆی ئەوەی ئابووریی ولات بە ئابووریی وڵاتە ئیستیعمارییەنەوە ببەسترێتەوە کە مەرجی ئەوتۆ دەسەپێنن لە چاکەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان نییە و، بەڵکو لە بەرژەوەندیی خۆیەتی، ئیدی هەرخێرا تووشی ئەو قەیرانە دارایی و ئابوورییانە دەبێ کە لە سەرمایەداریدا درێژخایەنن و، دەشێیەوێ بارگرانیی کێشەکانی بخاتە سەر شانی ئەو وڵاتانە.

جەماوەری کرێکار وجووتیار و کاسبکار و ڕۆشنبیرانی ولاتانی تازە پێگەیشتوو هەردوو تاڵاوی چەوساندنەوەی بۆرژوای ناوخۆ و چەوساندنەوەی مۆنۆپۆلەکانی بێگانەی چەشتووە، بۆرژوای نیشتمانی لەو حاڵەتەدا بوونە دەڵاڵ و نمایندەی کۆمپانیا ئیستیعمارییەکان و، بەلای پتریش دەتی لە بنیاتنانی ئابووریی نیشتمانی بەردا و، ڕووی لە سوودی ئەو مووچە و پۆست و دەڵاڵی و بەشدارییانەی ئەو کۆمپانیایانە کرد. ئیدی گەندەڵیی دارایی و بەڕێوەبەری و کۆمەڵایەتی وڵاتیان تەنییەوە ئەوش بووە هۆی ئەوەی جەماوەر ڕقی لە حکوومەتە ناوخۆییەکان ببێتەوە و لەبیری بچێ خەوش و کەموکوورییەکە لە دزەکردنی مۆنۆپۆلە ئیمپریالییەکانەوەیە کە خۆیان لە هەموو جومگە و لایەکی ولاتانی تازەپێگەیشتوو کوتاوە و دەستیان بەسەر سامانە نیشتمانییەکەیدا گرتووە. ئیستیعمارییەکان، هەتا داواکارییە جەماوەرییەکانی گەل کێشەی بۆ بەرژەوەندیی ئەوان نەبێ، خۆیان وا نیشاندەدەن پشتیوانییان لێ دەکەن، داوا لە حکوومەتەکان دەکەن بەدەم داوایەکانی گەلەوە بێن و، ئەگەر کارەکەش پێویستی کرد ئەو حکوومەتانەی گەل نایانەوێن دەڕووخێنن و، هەموو ئەوەیشیان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی خۆیانە.

هێنری کیســـنجەری وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، کە دوای دەســـتەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی مۆنۆپۆلەکانی نەوت پشـــتی تێکرد، لە ١٩٧٥، بە مەلا مستەفا بارزانیی گوت: "بەڕێز بارزانی، خۆت مەخەڵەتێنە، ویلایەتە یەکگرتووەکان دوژمنی هەمیشەیی نییە و دۆستی هەمیشەییشی نییە، بەڵکو بەرژەوەندیی هەمیشەیی هەیە"[69]. جا ئەو بەرژەوەندییانە بوونە هۆی نوشوستییەکی گەورەی شۆڕشی کوردی، کاتێ سەدام حوسـێن و شـای ئێران لە جەزائیر لەسـەر ئەوەی ڕێککەوتن پێکەوە لە بزووتنەوەی کوردیی کوردستانی عێراق بدەن.
زۆرجاران توورەیی جەماوەی گەل لەو ولاتانەدا خۆکاوانەیە و، ئۆپۆزسـیۆنیش خێرا دەیەوێ سـواری ئەو جالاکیە خۆکاوانە ببی تا بەرژەوەندییەکانی خۆی دابین بکا و، زۆرجارانیش بۆ دەوڵەتە ئیسـتیعمارییەکان دەخوێنێ تا لەو کارەیدا هاریکاریی بکەن و بەڵێنی ئەوەیشیان دەداتێ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان دەستەبەر بکا و، جا بەرژەوەندیی دەوڵەتە ئیسـتیعمارییەکان لەو ولاتانەدا دەکەونە ململانێ، ئەویش ئەو کاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بەهێزترین دەولەتی ئیسـتیعمارییە، کار بۆ ئەوەی دەکا جێی دەوڵەتە ئیسـتیعمارییە لاوازەکان بگرێتەوە لەو کۆلۆنیال و ئەو ولاتانەی پێشـترێ سـەر بەوان بوونە و دوای شـەڕی دووەمی جیهانی سـەربەخۆیی سـیاسـییان وەرگرتووە نەک ئابووری.
ئەو کێشـە کەڵەکەبووانەی لەو وڵاتانەدا چارەسـەرێکیان نییە، وایکردووە ئەو حکوومەتانە لە چارەسەریاندا دەستەپاچەبن، جا ئەوەس وایکردووە حکوومەت لاچن و حکوومەت بێن، بەلام لەوان چاتر نا، تا وا ببەنەمێشـی جەماوەری توورە گوایە داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکەن، یـانیش هێز دژی جەمـاوەر بەکـاردێنن تـا هەر داوایەکیئـازادی و پـاروەنـانێک سەرکوت بکەن. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ناوچەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان تێیدا چالاکە، هەر ئەوە ڕوویداوە یان ڕوودەدا، ئەگەر پێویسـتیس بکا ئەوا بە سـوپا داگیری دەکەن، وەک ئەوەی لە ئەفغانستان و عێراق ڕوویدا و خەریکە لە لیبیاش ڕوودەدا.
کاری دروستی هێزە نیشتمانییەکان لەوەیدایە ئەو جەماوەرە دژی هۆکارە ڕاستەقینەکانی کێشەی گەل تەیار بکەن، واتە دژی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی و دیکتاتۆرییەت ، لەپێناوی سەربەخۆییەکی ڕاستەقینەی ولات و دەسەڵاتی نیشتمانی و دەستەبەرکردنیدیموکراتی بۆ گەل و دابڕینی لە دوژمنان.

---

69 _ ئەو قسـەیە لە بنەڕەتەوە هیی وینسـتون چەرچلی سـەرۆکوەزیرانی بەریتانیایە ، کە دەڵێ لە سـیاسـەتدا نە دۆسـتی هەمیشـەیی هەیە و نە دوژمنی هەمیشـەیی، بەڵکو بەرژەوەندیی هەمیشـەیی هەیە. ئەوەش سـەرەتای پەیڕەوکردنی فەلسەفەی پراگماتیزمە لە سیاسەت، کە هەموو شتێک دەکرێتە قوربانیی سوود و بەرژەوەندی- ل. ب.

لەدایکبوونی حیزب و گەشە و مردنی حیزب:

حیزب وەک بوونەوەری زیندووە، کە پێویستیی هەبوونی دێتەگۆڕێ ئیدی لەدایک دەبێ و کە جەماوەریس بۆ دەستەبەکردنی داواکارییەکانی لەدەوری کۆدەبێتەوە گەشەدەکا و گەورەدەبێ و، جا ئەگەر نوێ نەکرێتەوە و خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێ نەگونجێنێ ئەوا پیردەبێ پیر و کەنەفت دەبێ، پاشان کە پێویستیی مێژوویی هاتەگۆڕێ ئەوا دەمرێ. حیزب و پێشەنگی ڕێکخراوی هەر چینێک، هەرچەندی بانگەشەی ئەوەی بکا کە نوێنەری هەموو گەلە کەچی ئەوە راستییەکە نییە. ئاخر حیزبی بۆرژوایی حیزبی بۆرژوایە و حیزبی کریکاری حیزبی کرێکارییە و کەسیدی نا. ڕەنگە شۆڕش شۆڕشی گەل بێ و چین و توێژە جیاوازەکان بیکەن کە بەرژەوەندییان لە گۆڕینی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەلایەتییەکەدا هەبێ کە نوێنەری چینێکە خۆی سەربەو چینە نییە، بەڵام لەو بەرەیەدا حیزب نوێنەری چینێکە کە سەر بەو چینە نییە و دەربڕی بەرژەوەندییەکانیەتی و، ململانێی نێوان جینەکانیش هەر بەردەوامە بەڵام شێوەیەکی دیکە وەردەگرێ. دەشکرێ هەندێ لە دژبەرییەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەرێی ئاشتی و دیموکراتی چارەسەر بکرێن، ئاخر دیموکراتی ماناو مەدلوولاتی جیاوازی هەیە، بەپێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەکی دیاریکرا و و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەگۆڕێ.ئەو دیموکراتییەتە ڕوو لە فراوانی نیی، بەڵکو بە پێچەوانەوە کرژ و بەرتەسک دەبێتەوە. هەرچەندی شۆڕشیش گەشە بکا و بەرەوپێش بچێ ئەوا، لەناو پێکهاتە شۆڕشگێڕییەکە، دەسەڵاتی چینێک تەسکدەبێتەوە و دەسەڵاتی چینێکی دیکە فراوان دەبێ. ڕەنگە ئەو چینەی بەرژەوەندییەکانی بەرتەسک بووەتەوە، هەوڵدا ئەو دیموکراتییە لە دژی چینەکانی دیکە و لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاربێنێ. ئا لێرەدا، دژبەرییەکان دەبنە دژایەتیی ڕەنگە، چینێک یان دەستەیەکی پێداویستیی مێژوویی وا بخوازێ بە ئاشتییانە لە مەیدانی ململانییەکە بچێتەدەرێ، بێ و هەوڵدا ئەو دژیەکییانە بە شێوەیەکی نائاشتییانە چارەسەر بکا و، زۆرجارانیش بەرەوڕووی گۆڕانی بەرەو باشتری کۆمەڵگا دەبێتەوە. جا لەو ماوەیەدا ئەو حیزبەی نوینەرایەتیی دەکا لەگەڵ مردن دەکەوێتە ملە و پێویستیی مێژووییش وا دەخوازێ گۆڕەپانەکە بۆ ئەو حیزبانە بەجێبێڵێ کە هێشتا لە باری گەشە و پێشکەوتندان.

عێراق و کوردستان، ئێستا لەلایەن دەوڵەتێکی بەهێزی ئیمپریالییەوە روونمان و هەرچەندی حیزبە عێراقییەکانیش هەوڵدەن ناوی"داگیرکردن" بگۆڕن و بیکەنە "ئازادکردن" ئەوا هیچ لە واقیعەکە ناگۆڕێ و، حیزبە عێراقییەکانیش پێگەی جودا و جیاوازیان هەیە، هەندێکیان لە جەنگەی ململانێ نیستمانییەکانی دژی ئیستیعمار و کۆنەپەرستی

لەدایکبووینە و، چالاکانەش بەشـداریی گۆڕینی بارودۆخە سـیاسـی و کۆمەلایەتییەکانیان کردووە، لەو حیزبانەی هێشـــتا ماون حیزبی شـــیوعیی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردســـتان و، حیزبی وەهاش هەیە لە جەنگەی ململانێیە ناوخۆییەکان لەدایکبووە ئەو کاتەی هەندی توێژی گەل، لەلایەن ئەو حیزبانەی بەهەرجۆرێکبێ گەییشتوونەتە دەسەلات، دووچاری چەوســانەوە هاتوون، وەک حیزبی دەعوەی ئیســلامیٔ و ئەنجوومەنی بالاّی شۆڕشی ئیسلامی و هەندی حیزبی ئایینی و عەلمانیی کوردستان و، هەندێ حیزبیش لە ئەنجامی ململانێی فیکری و سـیاسـیی ناو حیزبەکان پەیدابووینە، وەکیەکێتیی نیشـتمانیی کوردســتانی کە لە پارتی دیموکراتی کوردســتان جودابووەوە تا حیزبێکی ســەربەخۆ دامەزرینێ و، حیزبی گۆڕانی لە یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان جودابووەوە و، هەندێ حیزبی لە هامێزیدەســتەودایەرەکانی ئیســتیعمار لەدایکبوون و بۆ رووخاندنی ڕژێمی سـەدام حوسێن بەکارهێنان و حیزبێکی نوێنەری چینی دەرەبەگ بوو و شـۆڕشـی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ڕووخاندی و، پارتی پارێزگارانی کوردســتانی هەرێمی کوردســتان و، وەکچۆن دابرانی بـاری بەڕێوەبەری لە عێراق و دامەزرانـدنی حکوومەتی هەرێمی کوردســـاتـان بووە هۆی دووبڕبوونێکی بە خوایشـــتی حیزبی شـــیوعیی عێراقی و لەدایکبوونی حیزبی سیوعیی کوردستان.
ئەو حیزبانەی گەیشـتنە دەســەلات، چ پێش داگیرکردن و چ دواترێ، پێکهاتە چینایەتی و ســـیاســـی و فیکرییەکەیان گۆڕا، کە پێشـــترێ حیزبی تێکۆشـــەربوون و خەباتیان بۆ ســەربەخۆیی عێراق و ئازادیی گەل و دەســتەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەلایەتی دەکرد، ســەرکردەکانیان لە ماوەی داگیرکاریدا یەکجار دەوڵەمەند بوون و، لە بۆرژوای نیشـتمانی و بۆرژوای بچووکەوە بوونە بۆرژوایەکی بەرژەوەنـدییـان لەگەل کۆمپـانیـا مۆنۆپۆلییە بیانییەکان تێکچڕژا و، ئیدی بوونە دەڵێکی لەبەرانبەر دەلاّلی یان بەشـــداریی قازانج یان بازرگانی، بوونە دەلاّلی بەخشــینی ئیمتیازاتی ئابووری. بۆیە دەســەلاتەکەی بە مانەوەی ئیســـتیعمار و داگیرکەرانەوە بەســـتراوەتەوە، جا بە هەموو ڕێگا و پەڵپ و بیانووێک هەوڵدەدا داگیرکاری بەردەوام بێ تا بەرژەوەندییەکانی پارێزراو بێ و، بە هەناسەبراوییش بەدوای دیموکراتییەکی درۆزنـدا ڕادەکـا کە گوایە بەرژەوەنـدییەکـانی زۆرینەی گەل لە کرێکار و جووتیار و ڕۆشـنبیر و کاسبکاران دەپارێزێ و، هەر ئەوەندەش پێیەوە پابەندە هەتا خزمەتی بوون و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکا و، ئەو کێشـانەی دەکەوێتە نێوان ئەو حیزبـانەش خۆ لەقەرەی بەرژەوەنـدییەکـانی ئیســـتیعمـار نـادا و، تەنیـا هـاتوهـاوارێکی گەرمداهاتنە و لە کرۆکی بابەتەکان نزیک نابێتەوە. ئەو کێشــانەش هەندێ کات لەئەنجامی ئەو کێشـە شـاراوە ئیسـتیعمارییانەی نێوان ئەمریکییەکان و بەریتانییەکان دێتە ئاراوە، کە

بەردەوام دەیانەوێ جێی ئیستیعمارە بەریتانییەکانی لەوان لاوازترن بگرنەوە، ئیدی گرەو لەسەر ئەم حیزب و ئەو حیزب دەکەن.
ئێستا با قسەیەکی هاوڕێیانەی ناو حیزبی شیوعیی عێراقی و حیزبی شیوعیی کوردستانی بکەین. حیزبی شیوعی لە ٣١ی ئازاری ١٩٣٤ دامەزراوە. بو دەسپێشخەریی هاوڕێ فەهد و هاوڕێکانی لە سەردەمێکدا دامەزراوە کە ئیمپریالیزم کەوتبووە ناو قەیرانێکی ئابووریی ئەوتووە ڕەنگە شەڕێکی جیهانیی بۆ دابەشکردنەوەی کۆلۆنیالییەکان لێ بکەویتەوە. لە عێراقیش دەوڵەتیک هەبوو کە دەستوورەکەی دەیگوت عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی پەرلەمانییە. بەڵام سەربەخۆیی هەر ڕواڵەت بوو، ئاخر ئەو وابەستەی پەیماننامەی ١٩٣٠ بوو کە ڕێیدەدا بەریتانیا بنکەی سەربازیی هەمیشەیی تیدا دامەرێنێ و لە حالەتی شەڕ و ئەگەری هەڵگیرسانیشی بۆی هەبوو بێتەوە عێراق.
ئابووریی عێراق و داراییەکەی بە تەواوی سەر بە بەریتانیابوون. مفتەپارەی عێراق ئەسپاردەی بانکەکانی بەریتانی کرابوون تا حکوومەتی عێراقی نەتوانێ لە بنیاتنانی ئابوورییەکی نیشتمانیدا لە ولات بەکاریان بهێنێ. پەرلەمانی، ئەگەر نەشڵێین هەرهەموویان، زۆربەی ئەندامەکانی لە بەکرێگیراوانی ئیستیعمار و هیی خانەوادە ئەرستوکراتی و دەرەبەگەکان بوون. دەستوور پەکی خرابوو و، گەل لە سایەی حوکمی عورفیدا دەژیا و مافە دیموکراتییەکانی گەل پامالّ کرابوون.
حیزبی سیوعی لەو قۆناغەی لە چەندین ئاڵقەی مارکسی پێکهاتبوو کە دواتر بەپێی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم- لینینیزم، کۆکرانەوە، کە ئەودەمی لە کانگای ململانێی فیکری و سیاسیدابوون لەگەل ئەو ئاڵقە مارکسییانەی باوەڕیان بە چاکسازی هەبوو نەک شۆڕشگێڕی.
بەلام چ چاکسازییەکی سایەی حکوومەتێکی لایەنگری ئیستیعماری لە بۆرژوا و خانەوادە ئەرستوکراتەکان و شێخ و ئاغا دەرەبەگەکانی عەشیرەتەکان پێکهاتبوو و، کارەکانیان بەپێی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بەڕێوەدەبرد و کرێکار و جووتیار و بۆرژوای نیشتمانی وڕۆشنبیرە نیشتمانییەکان شوێنەوارێکیان بەو حکوومەتەوە دیار نەبوو. فەهد لە وەلامێ پرسیاری هاوڕێیەکی لەژێر ناونیشانی"حیزبی شیوعی نەک سۆشیالیستی دیموکراتی" بلاوکرایەوە، ئەوەی روونکردەوە کە پێویستە لەو قۆناغەدا، قۆناغی ئیمپریالیزم و ئیستیعمار، حیزبێکی شۆڕشگێڕ هەبێ نەک چاکسازی خواز. بەپێی ئەو هەڵویستە شۆڕشگێڕییانە و تێکۆشانی بێ پسانەوە توانیی حیزب بکاتە حیزبێکی بەهێزی پتەو و، جەماوەرێکی زۆری کرێکار و جووتیار و ڕۆشنبیر و کاسبکار لەدەوری کۆبوونەوە و، لە

ڕاستییشدا ببووە چەتری حیزبە بۆرژوازییە نیشتمانییەکانیش کە بە پارێزەری خۆیان دادەنا لە خەباتی ڕێی سەربەخۆیی تەواو و دیموکراتی.
لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیی بەشێکی زۆری بارگرانیی شەڕەکە کەوتبووە سەر شانی گەلی عێراق، حیزب توانیی جەماوەرێکی بەرفراوانی کرێکاران لەو سەندیکایانە ڕێکخا کە سەرباری تێکۆشانی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکان، هەوڵی دەدا لەڕێی مانگرتن و خۆپیشاندان و پەناگیری زۆربەی مافەکانی خۆی داپچڕێ،حیزبی شیوعی جەماوەری قوتابییانی لە یەکێتییەکی تێکۆشەر کۆکردەوە و، کۆمەڵەی جووتیارانی دامەزراند وهەر بەڕاستی بووە پێشەوای بزووتنەوەی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ڕۆڵێکی دیاری هەبوو و لە قایمکردنی باغەکەیشی بەشداربوو.
سەرباری ئەوەی لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ی دژە شۆڕش و پشتبەستوو بە ئیستیعماری ئەمریکی، گورزیکی قووڵی بەرکەوت، بەڵام تەنیا دووساڵی پێچوو و چاکەی ئەوەی بەرکەوت کە ڕێنوێنیی سیاسەتی بەعس بکا، دوای ئەوەی بەعس خۆی لە خەڵکە بەکرێگیراوەکەی ئیستیعمار پاککردەوە، تا دەگاتە ئەوەی کێشەی کوردی لەسە ڕێی چارەسەری دروست دانا و دان بە ئۆتۆنۆمیی کوردستاندا نرا و یاسای نوێی لە بەرژەوەندیی کرێکاران و جووتیاران بوون داندران و بانگەسەی دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی و حوکمێکی ئیئتیلافی کرا.
لادانی حیزبی بەعس لە ڕێچکە پێشکەوتنخوازییەکەی، نەخاسمە دوای سەرگرتنی خۆماڵیکردنی نەوت، وای لە بەرەی نیشتمانی و دەسەڵاتی ئیئتیلافی کرد لاواز بین و، بەعس بەرەو دیکتاتۆرییەت چوو و دوایەش ئەو دەرەنجامانەی لێکەوتەوە.
کە جیابوونەوەی کوردستان لە دەسەڵاتی دیکتاتوریی دژە گەلی کورد بووە پێداویستییەکی نیشتمانی و لە سایەی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ هەر بە ڕاستی جودابووەوەلقی کوردیی حیزبی شیوعیی عێراقی بووە حیزبی شیوعیی کوردستانی و پەیوەندییەکی پتەوی بە حیزبی سیوعیی عێراقییەوە هەبوو و ئەو حیزبە لە ساڵاکانی دواتریّ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشداربوو.
دوای خیانەتی لادەر و هەڵگەراوەکانی حیزبی شیوعیی سۆڤیەتی و گێرانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بەرەو ڕێگای سەرمایەداری، حیزبی سیوعیی عێراقی و دواتریش حیزبی شیوعیی کوردستانی، لەگەل گەلێ حیزبی سیوعیی دیکە ئایدیۆلۆژیایان گۆڕا و لە سەر ڕێچکەی لینینیزم لایاندا و وەک حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان ڕێچکەی چاکسازییان گرتەبەر و، بگرە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبیش هەوڵی ئەەی تێدا درا ناوی حیزب بگۆڕدرێ

و وشەی شیوعیی لێ لابدرێ و دروشمی "کرێکارانی جیهان یەکگرن" لە ڕۆژنامەی حیزب و ئەدەبیاتەکەی لابدرێ، بەڵام نارەزایی توندی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە لێنەگەڕا ئەو کارە بکرێ، بەلام حیزب هەر لەسەر ڕێچکە چاکسازییەکەی مایەوە و ناوی شیوعیی تەنیا وەک ناوێکی مێژوویی هەڵگرتووە.

حیزبە ســیوعییەکان ئەوکاتەی دامەزران کە ســەرمایەدارییێنایە قۆناغی ئیمپریالیزم و، ئێســتاش ئیمپریالیزمی ســەردەم هیچی لەوەی پێشــترێ جودا نییە، هێندە نەبێ درترە. گەراوەتەوە سەر شەڕەکانی داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی کۆلۆنیالەکان و ولاتەکانی پێشترێ کلکی بوون و بارودۆخەکان دەباتەوە سەر ئەو دۆخەی بە پێش شەڕی دووەمی جیهــان دەچێ، لەگەڵ گۆڕینی دەوڵەتە ئیســتعمــارییە لاوازەکەی جــارانیش بووەتە دەوڵەتیکی ئیستیعماریی بەهێز.

عێراق ئێســتا لەژێر داگیرکاریی ئەمریکادایە و حکوومەتی ئەمریکا فشــار دەخاتەســەر حکوومەتی عێراق تا رازیبێ ســوپای داگیرکەر بە ناوێکی دیکە لە ولاتدا بمێنێتەوە تا پارێزگاری لە ڕســتێک ئیمتیازاتی خۆی بکا. دیموکراتییە ڕواڵەتی و کاتییەکەیش ئەوەندە فراوان نییە تا چینی کرێکار و هاوپەیمانەکانی بتوانن خۆیان لە حیزب و ســەندیکای تێکۆشەر ڕێکبخەن و، بەقەدەر قەبارەی ئێستایشی ڕێ بە حیزبی شیوعیی عێراقی دەدرێ کاربکا، واتە ئەو قەوارەبەندییەی ســەدام حوســین بەرانبەری پیادەی دەکرد. ئەگەر ئەو حیزبە ئێســتا بگۆڕێ و ببێتە حیزبێکی شــۆڕشــگێڕی کــار بۆ کۆتــایی داگیرکــاری ودەستەبەرکردنی دەسەلاتی نیشتمانی بکا، بێگومان دەبێ بە بەرەیەکی دیموکراتییەوە بێ. کەواتە، چینی کرێکار و گەلی عێراق ئێستا پێویستیان بە حیزبێکی شیوعییە نەک سۆشیال دیموکرات، حیزبێکی شۆڕشگێڕی سەرکردایەتیی ئەو جەماوەرە تووڕەیە بکا کە خەباتێکی خۆکاوی دەکەن و، دوژمنی راســتەقینە دەســتنیشــان ناکەن و ئەوەش دیاری ناکەن گەل چیی دەوێ. ئیدی دەبنە پاروێکی بیگرێی ئەو حیزبە بۆرژوایە یان ئەوێهێی ئایینی یان ئەوەی عەلمانی، تا لەســایەی هەبوونی ئیســتیعماردا داوای هەندێ چاکســازی بکا. هەر ئەوەش هۆی راســتەقینەی ئەوەیە کە ئەو دوو حیزبە شــیوعییە نەبوونەتە دوو حیزبی پێشــڕەویی جەماوەری تووڕە بکەن و ئاراســتەی ڕێی دروســتی بکەن. جەماوەرێکی تووڕەی بەخۆکاوی هەڵچووە و بێســرکردەیەکی شــۆڕشــگێڕی خاوەن ڕێچکەیەکی نیشتمانی و چینایەتیی ڕوون بێ. دوو حیزبی جاکسازی خوازی خۆیان بەو سیستەمانەوە هەڵواسیوە کە نازانن چ بکەن، ئەگەر مل بۆ داواکارییەکانی داگیرکەران بدەن دەکەونە بەر تووڕەیی گەل و ئەگەر جەمــاوەری تووڕە کێشــمەکێشــی لەگەڵ کرد و بەرەوڕووی داگیرکەران بووەوە، ئەوا دەســەلات و ئیمتیازاتەکانی لەکیس دەچێ و، ڕەنگە ئەگەر بە

داوای ئیســـتیعمارییەکانیش ڕازیبێ، وەک عەبدولموحســـین السـەعدون خۆی بکوژێ. ڕاکردنی حیزبی ســیوعییش بەدوای جەماوەردا، نەک ســەرکردایەتیکردنی بەرەو ئامانجە نیشـتمانییە دروســتەکان ســوودێکی نییە و، حیزبە ئایینییەکان بەیداغەکەی لەدەســتی دەردێنن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیانی دەقۆزنەوە.

کەواتە، تـاکە ڕێی دروســـت گەڕانەوەیە بۆ جەمـاوەر نەک خۆ هەڵواســین بە چەند کورسییەکی لەرزۆکەوە یان بەستە دینارێکی دەبێتە بەرگرێک لە نێوان ئەو و جەماوەردا.

وانەیەک لە مێژووەوە:

ڕژێمی ئیستیعماری، لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا، لەژێر گورزی شۆڕشەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی، هەرەسی هێنا، بەڵام ئیستیعمار هەر ما وخۆی لەگەڵ ئەو بارودۆخە نێودەوڵەتییەی دوای کۆتایی شەڕ گونجاند. ئەو بارودۆخەس ئەوەبوو کە سیستەمی سۆشیالیستی لە یەک وڵاتەوە گۆڕا و بوو بە سیستەمێکی جیهانیی ڕووبەرێکی زۆری دنیای داپۆشیبوو و، هاوسەنگییەکی نێودەوڵەتیی لە بەرژەوەندیی سەرکەوتنی شۆڕشە نیشتمانییەکان بەرپاکرد. ئیستیعمارییەکان، لەو قۆناغەیدا، شێوازی لە شێوازی وڵاتانی تازە ئازادبوو ئۆیندبازانەتریان گرتەبەر، سیاسەتی قەرز و یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی پەیوەندییان پێیانەوە هێشتبووەوە و گەمارۆی ئابووریی ئەو دەوڵەت و وڵاتانەیبەرەوڕوویی ئیستیعماری نوی ببوونەوە، تا بارودۆخێکی گوزەرانی ناخۆش لەو وڵاتانە دروستکەن و ئۆباڵەکەیشی بخەنە ئەستۆی حکوومەتەکانیان.

هەرەسی سیستەمی سۆشیالیستی لە یەکێتیی سۆڤیەت[70] و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، کەشێکی گونجاوی هێنایەپێش تا وڵاتانی ئیمپریالی لە کاری نەرێنییەوە بێنە سەر کاری ئەرێنی، مەبەستم ڕووخاندنی حکوومەتە نیشتمانییەکانە لەڕێی کودەتای سەربازیی کۆنەپەرستانە و شۆڕشی پێچەوانە و، دوای ئەوەش داگیرکاریی سەربازیی ئیستیعماری و ڕووخاندنی ئەو ڕژێمانەی نەیارن یان دوژمنن و ئەوەش بە هێزی سەربازی بکا و، تا ڕەنگێکی شەرعییەتی نێودەوڵەتییش لە کارەکانی هەڵسوێ ئەو وڵاتانە پەنایان بۆ بەکارهێنانی ئاڵای دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان برد و دەوڵەمەندکردنی ژمارەیەکی پتری سەرکردە نیشتمانییەکان و چەند توێژێکی گەل لەژێر دروشمی دەستەبەرکردنی دیموکراتی و پاراستنی مافی مرۆڤ.

دروشمی پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی ، ئەو سەربەخۆییەی کەوتبووە ژێر فشار و هەڕەشە و هێرشی ئیستیعماری، ئێستا دروشمی دیموکراتی و مافی مرۆڤ بەپێشیکەوتبوو و، زۆربەی ئەو وڵاتانەش پشتیان بە تاک حیزبی دەبەستا و خاوەنی دامەزراوەی بەڕێوەبردن و ئاسایش و سەربازی بوون و پێیانوابوو کە ئەو دامەزراوانە دەتوانن سەربەخۆیی وڵات بپارێزن و، هەرچەندی گەلیش داوای دیموکراتی و ڕێزگرتن و ئازادیی مافی مرۆڤی بکردایە، هەمیشە ئەو گوزارشتەیان دووبارەدەکردەوە کە

---

[70] _ ئاماژەیەکە بۆ کۆتاییهاتنی بوونە یاساییەکەی دەوڵەتی یەکێتیی کۆمارە سۆڤیەتییە سۆشیالیستەکان. ئەو لێکهەڵوەشانەوەیەش لە ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٩١ روویدا، دوای ئەوەی ئەنجوومەنی سۆڤیەتی باڵای یەکێتیی سۆڤیەت ڕاگەیاندنی ژمارە ١٤٢- Hی دەرکرد و تێیدا رایگەیاند دان بە سەربەخۆیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشتریدا دەنێ و، یەکێتیی ولاتە سەربەخۆیەکانی دامەزراند تا جێی یەکێتیی سۆڤیەت بگرێتەوە.

لەبارودۆخێکی بکەویتە بەر هەڕەشەی ئیستیعمار "وڵات پێویستی بە حکوومەتێکی بەهێزە نەک حکوومەتێکی دیموکراتی".

ڕاستە دیموکراتی، بەپێی خوو و نەریتی گەل و قۆناغی پەرەسەندنی شۆڕشی ئازادیخوازی نیشتمانی، چەندین مانای هەیە. ئەو وڵاتانەی درکیان بەوەی کرد سەربەخۆیی نیشتمانی و دیموکراتی دوو جمکەن و ناکرێ لێکبکرێنەوە، دیموکراتییەتی وا لێکداوەتەوە کە دەکرێ بدرێتە گەل و نەدرێتە دوژمنانی گەل، تا ڕووی ئەو دیموکراتییەتەی پێ هەڵماڵن کە وڵاتە ئیستیعمارییەکان بەو ئامانجە بەرزیان کردووەتەوە تا بارودۆخێک بۆ هێزە کۆنەپەرستەکان برەخسێنن خۆیان ڕێکخەن و پردەنە سەربەخۆیی وڵات و دەستکەوتەکانی گەل.

گوزارشتی گەل و دوژمنانی گەل،گوزارشتێکی زۆر ورد و ناسکە، فراوانکردنی بوار دەداتە کۆنەپەرستی تاسیستەم لە ناوەوەڕا داشکێنێ و هەڵیگێڕێتەوە و، تەسکردنەوەیشی وادەکا توێژێکی فراوانی گەل لیی بێبەش بن و وڵاتیش لە چەندین ناوەندی فراوانی هێزە نیشتمانییەکان بێبەش بێ و چینی دەسەڵاتدا پتر و پتر تەریک بێ و، جا ئەو یزانە لەکاتی بێبەشبوون لە ئازادی و سەرکوتکردنیان دەچێتە بەری ئۆپۆزسیۆنی کار بۆ ڕووخاندنی ڕژێمە نادیموکراتییەکان دەکا. لە حاڵەتێکی نەیشتوانێ، لەبەر هەر هۆیەک بێ، گەل ئامادە و تەیار بکا تا ئیرادەی خۆی بەسەر ئەو حکوومەتانەدا بسەپێنێ، ئەگەر ملیشی بۆ ئیرادەی گەل نەدا ئەوا بیڕووخێنێ، ئا لەو کاتی بێ توانایەدا لاریی لەوەی نییە پەنا بۆ هێزە بێگانە دژەگەلەکان ببا، چونکە پێیوایە دەستەبەرکردنی دیموکراسی لەسەر یسابی نەبوونی سەربەخۆیی نیشتمانی وای لێدەکا بتوانێ هێزە نیشتمانییەکان ڕێکخاتەوە و خەبات بۆ وەرگرتنەوەی سەربەخۆیی نیشتمانی بکا، بەلام هەرکەسێکی دەستی بە سەربەخۆیی نیشتمانییەوە گرت ودیموکراتییەتی وەلانا، ئیدی لە ئیرادەی گەل دووردەکەوێتەوە. دەست لە سەربەخۆیی نیشتمانی بەردانیش وڵات تووشی مەترسیی ڕاستەقینە دەکا و دەبێ بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی قوربانییەکی زۆر بدا.

ئەو ڕژێمانەی لەسەر سەربەخۆیی نیستمانی سووربوون و دیموکراتییەتیان وەلادەنا، پێیانوابوو هەرکەسێکی داوای دیموکراتییەت بکا دکی سەربەخۆیی نیشتمانییە و بەکرێگیراوی ئیستیعمارە. ئیدی، مافی ئەوەی دەدایە خۆی توندوتیژی و سەرکوتکردن بە ناشیرینترین شێوە بەرانبەر نەیارەکانی بەکاربێنێ.

ئەو هێزانەشی دیموکراتی دەکەنە دروشمی سەرەکییان و ئەوەندە گرنگی بە سەربەخۆیی نیشتمانی نادەن، ئەو حکوومەتانەی دژە دیموکراتین بە ڕژێمی دیکتاتۆریی سەرکوتکەریان دادەنێ و پێیوایە بەهەرجۆرێک بی دەبێ بڕووخێندرێن بگرە ئەگەر قوربانی بە

سەربەخۆیی دەسەڵاتی نیشتمانییش بدرێ. جا ئەگەرپەیوەستی دەربڕینە دەستووری و یاسـاییە رووتەکان بین و ئەوسا سەیرێکی هەڵویستی هەردوو لا بکەین، دەبینین هەردوولایان لەسەر هەقن.بەڵام راستی رووی زۆرە و بەبێ زانینی ئەو ڕووانەی و تەنها بە سیفەتی راستی ناتوانین حوکمی لەسەر بدەین. ئاخر سەربەخۆیی نیستمانی ئەوەندەی قوربانی لە گەل ویستووە نە دەژمێردرێ و نە هەژماری هەیە. دەبێ گەل بیپارێزێ، بەلام گەلی ڕێکنەخراو ناتوانێ ئەو کارە بکا، تابشتوانی خۆی ڕێکخا دەبێ ئازادیی بدرێتێ، واتە ئازادی بدرێتە هەموو ئەو هێزانەی پاراستنی سەربەخۆیی نیستمانی و بەرژەوەندیی زۆرینەی گەلیان بەلاوە گرنگە. کەواتە، سەربەخۆیی نیستمانی و دیموکراتی دوو جمکەن و لێکدی جودا ناکرێنەوە، لە کۆلۆنیالەکاندا گەل بۆ سەربەخۆیی نیشتمانی خەباتی دەکرد، جا کە ئەوەی دەستدەکەوێ دەبێ خەبات بۆ پتەوکردن و پاراستنی بکا، ئەودەمی پێویستی بە دیموکراتییەتە تا گەلی پێ تەیار بکا و ئەوەس لەڕێی حیزبەکان و کۆمەڵە و سەندیکا و ڕێکخراوەکانەوە دەکرێ، تا سەربەخۆیی پێ بپارێزێ و ڕەوڕەوەی بزووتنەوەی سەربەخۆیی نیشتمانیی، لەبەرژەوەندیی زۆرینەی گەل، پێ بەرەوپێش ببا.

من ئەو شتانەم هەموو لەبەرچاو گرتبوو، داوام لە سەدام حوسێن کرد بانگەشە بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نیستمانیی فراوان بکا تا لە کێشەکانی ولات بکۆڵدرێتەوە و چارەسەری دروستی بۆ بدۆزرێتەوە. داوام لێ کرد چارەسەرێکی ئاستییانەی کێشەی کورد بدۆزێتەوە لەسەر ئەو بنەمایەی گەلی کورد بتوانێ خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدا، داوام لێکرد چارەسەرێک بۆ کێشەی تایەفەی شیعە بدۆزێتەوە، واز لە هەڵویستی دژایەتی و قەدەغەکاری بهێنێ، داوام لێکرد پەیوەندیی برایانە لەگەڵ حکوومەتە حارەبەکان دابنێ و پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دروستکا. مێژووی کۆن و نوییش نموونەی زۆری تێدایە کە دەکرێ لێیان فێربین و خۆمان لەسەرەوەی مێژوو دانەنێین، ئاخر مێژوو بەزەیی پێماندا نایەتەوە، هەر بەڕاستییش بەزەیی بەوانەدا نەهاتووەتەوە کە لێی فێرنەبووینە و، ئەوەی بەزەیی بە گەلەکەیدا نەیەتەوە مێژوو بەزەیی پێیدا نایەتەوە.

ئەلبوومی وێنەکان



الثورة

وزارة جديدة وتغيير ٣ واعفاء ٣ وزراء

من الحزب الشيوعي ووزيران من الشخصيات القومية يشتركون في الوزارة



فلسطين هي الارض الحقيقية





[illegible]

... بكفالة قدرها (٥٠٠) دينار

[illegible]

2012-06-11

2012-06-11



چەند پەڕەیەک لە بیرەوەرییەکانی موکەڕەم تاڵەبانی، وەزیرە شیوعییەکەی ناو حکوومەتی بەعس

بێگومان لاپەڕە و یادەوەرییەکانی ڕۆژانە بەهای خۆیان هەر دەمێنن، بە تایبەتییش ئەو شتانەی توێژەرەکان و ئەوانەی لەسەر کەسایەتیی موکەڕەم تاڵەبانییان نووسیوە، نەیاندیتووە و ئێستا دەتوانن هەموو ئەو شتانەی تێدا هەڵێنجن، کە موکەڕەم تاڵەبانی بە دەستوخەتی خۆی، لە ڕێوانێکی حەفتا ساڵ پتری خایاندووە، نووسیویەتی و تێیدا بیرەوەریی منداڵی و سەرەتای نەشونمای سیاسی و فیکریی خۆی و چوونە ناو کاری سیاسی و پیشەیی خۆی تۆمار کردووە، دوایەش دێتە سەر ساڵانی زیندانیکردنی، کە بەسەر ئەو هاواڵە سیاسییانەشی ڕاگەیشت بیرۆکەی چەپ و شیوعییان هەبوو، تا دەگاتە ئەوەی، وەک نوێنەری حیزبی شیوعیی عێراقی و لە سەروبەندی هاوپەیمانیی بەرەیی "حیزبی شیوعی - حیزبی بەعس"دا لە ١٩٧٣ پۆستی وەزارەتی ئاودێری و دواتریش پۆستی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن وەرگرێ. دواتریش ببێتە گەواهیدەری سەر مەودایەکی هەرە گرنگ و ئاڵۆزی مێژوویی کە عێراقی پێدا تێپەڕیوە و لە بەرایی ١٩٧٩ بە شکستی هاوپەیمانیی بەرەیی و لێکترازانی کۆتایی هات. ڕاستییەکەی، دوای لێکترازانی هاوپەیمانیی بەرەییش، ڕۆڵی موکەڕەم تاڵەبانی کۆتایی نەهات. ئەو، زۆر جاران پێناوی نێوان ڕژێمی بەعس و حیزبە نەیارەکان بوو، چونکە بە هۆی نیازپاکی و خستنەڕووی بابەت و پەنجەخستنەسەر کێشەکان، دوور لە ئاسۆی حیزبی و ئایدیۆلۆژیی خۆی، کەسایەتییەک بوو لای هەموان جێی ڕەزامەندی بوو.

کتێبخانەی ئاشتی ktebxany.ashti ktebxanaa

1 هەولێر - داون تاون سەر ساردەمەنی جیلاتۆ
0750386600

2 نزیك باغی شار - بەرامبەر مزگەوتی شێخ الله
07504478312

ئاوەندی ئاشتی

بێرە سکانی بکە